خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ

# مێژووی کوردستان

دیار غەریب



ناوی پەرتوک: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان
بابەت: مێژوویی
نوسەر: دیار غەریب
تایپ: کارۆخ وەرتی
دیزاین: زانا پشکۆ - گۆران پێنجوێنی
پێداچونەوە: سەردار ستار
چاپخانە: چاپخانەی ئازادی
چاپی یەکەم: پایزی ٢٠١٦
ژمارەی سپاردن:

# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان

ناوەڕۆک


سەرەتا ........ ٧

بەشی یەکەم ........ ٩

جوگرافیای کوردستان

ا. پێگەو هەڵکەوتی کوردستان لە سەر نەخشەی جیهان ........ ١٢

ب. جوگرافیای کوردستان و ڕۆڵی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ........ ١٤

ج. جوگرافیاو دیموگرافیای کوردستان لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ........ ٢٠

یەکەم: جوگرافیای سیاسی و ئیداری کوردستان

١ ـ باکوری کوردستان

٢ ـ رۆژهەلاتی کوردستان

٣ ـ باشووری کوردستان

٤ ـ رۆژئاوای کوردستان

دووهەم: دیمۆگرافیاو پێکهاتەی گەلی کوردستان

١ـ گەلی کورد

٢ ـ پێکهاتەکانی تری کوردستان

بەشی دووهەم ........ ٣٩

چۆن باسی مێژوو بکەین

ا. مێژوو چییە ........ ٤٠

ب. ڕێبازەکانی باسکردنی مێژوو ........ ٤٤

ج. چەمکی باسکردنی مێژووی کوردستان ........ ٤٩

بەشی سێیەم ........ ٥٣

کۆمەڵگای کوردستان لە کۆمەڵگای سروشتیدا

ا. کۆمەڵگای کوردستان لە ڕووی فۆرمی کۆمەلاتییەوە ........ ٦١

ب. باوەڕمەندی لە کۆمەڵگای کوردستان دا ........ ٦٣

بەشی چوارەم ........ ٦٦

کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناخی جیا بوونەوەی چینایەتی و دروستبوونی دەوڵەتدا

ا. گەشەکردنی کۆمەڵگاو پەیدا بوونی دەوڵەت لە باشوری میزۆپۆتامیا

ب. هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەت لە کوردستانداو ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵگای کوردستان

ج. ململانێی شارەستانیەتی دەوڵەت و کۆمەڵگای سروشتی لە کوردستانداو کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان

بەشی پێنجەم ........................................................ ٧٨
کۆمەڵگای کوردستان لە سەردەمی سۆمەرەوە هەتا ئاشنابوون بەئیسلام
ا. فۆرمی دەسەڵاتداری و دەوڵەت لە کوردستاندا.............................. ٧٩
یەکەم: سۆمەری و خانەدانی ئوور
دووهەم: ئەکاد
ب. فۆرمی کۆمەڵگای کوردستان ........................................ ٨٣
١. هۆریەکان
٢. لۆلۆیی
٣. خامازی
٤. ئۆرکیش
٥. کارخار
٦. سیموورم — شیمورم
٧. گۆتی — کۆرتی
٨. ئیلام
٩. کاشی — کاسی
١٠. میتانی
١١. نایری
١٢. سۆباری
١٣. موشکو
١٤. ماردۆ (مارتۆ)
١٥. میلیدی
١٦. ئۆرارتۆ
١٧.ماننا
١٨. ماد (میدیا / مەد/ ئاماد)
ج. باوەڕمەندی و ئایینی کۆمەڵگای کوردستان.................................. ١٠٠
١. زەردەشتی
٢. بوزایی،کریستیانی و هێلینی
٣. مانی
٤. مەزدەک
د. گوزەرانی کۆمەڵگای کوردستان ........................................ ١١٠

بەشی شەشەم ........................................................ ١١٦
کۆمەڵگای کوردستان لەکاتی ئاشنابوون بەئیسلام هەتا سەدەی شازدەیەم
ا. گەشە کردنی ئیسلام و چۆنیتی گەیشتنی بەکوردستان ........................ ١١٩
ب. چەمکی رێکخستنی حوکم و کۆمەڵگا لە ئیسلامدا .......................... ١٢٢
یەکەم: فۆرمی دەسەڵات لەکوردستاندا

١. دەسەڵاتی خەلافەت و سەڵتەنەت لەکوردستاندا
٢. دەسەڵاتە هەرێمیەکانی کوردستان (دیلەمی (بوەیهی)، عەیشانی، هەزبانی شەدادی، ڕەوادی، عەنازی، حەسەن وای، دۆستکی، مەروانی، شوانکارە، فەزڵەوی، لوڕی بچوک، ئەیوبی و ئەردەڵان
دووهەم: فۆرمی کۆمەڵگا لەسەردەمی ئیسلامیەتدا لەکوردستان
ج. باوەڕی و ئایین لە کۆمەڵگای کوردستاندا ........................................ ١٤٢
١. یارسانی
٢. عەلەوی
٣. ئێزیدی
٤. ڕێبازی قادری
٥. ڕێبازی سەفەوی
٦. ڕێبازی نوربەخشی
د. بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان ........................................ ١٦٣

بەشی حەوتەم ........................................ ١٦٦
کوردستان لەیەکەم دابەشبوونەوە هەتا سەدەی نۆزدیەم
ا. بارودۆخی جیهان وناوچەکەو کوردستان پێش پارچەبوونی کوردستان ........ ١٦٧
ب. دابەشبوونی کوردستان و سیاسەتی هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی بەرامبەر بە کورد ........................................ ١٧١
ج. بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستان لە سێبەری دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا ... ١٧٧
١. فۆرمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا
٢. فۆرمی دەسەڵات لە کوردستاندا
٣. گەشەکردنی نوسینی مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی
٤. گەشەکردنی ئابووری و پیشە لە کوردستاندا
٥. گۆڕانکاری دیمۆ گرافیاو ئەتنیکی و ئایینی لە کوردستاندا

بەشی هەشتەم ........................................ ١٨٨
کۆمەڵگای کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا دابە شکردنی بۆ چواربەش
ا. بارودۆخی جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان ........................................ ١٨٩
ب. ڕاپەڕینەکانی کوردستان و دەرئەنجامەکانی ........................................ ١٩٤
یەکەم: ڕاپەڕینەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم
١. میرنشینی بابان
٢. میرنشینی سۆران
٣. میرنشینی بۆتان
دووهەم: ڕەوشی کوردستان و جوڵانەوەی کوردی لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەیەمدا

١. ڕێبازی نەقشبەندی و جوڵانەوەی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخانی کوردستان
٢. گەشەکردنی ئاغای زەوی و سوارەی حەمیدی
٣. گەشەکردنی توێژی خوێندەواری نوێ
ج. مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و مۆدێلی دەوڵەت نەتەوەو کورد ........................ ٢٢١
د. جیهان و کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا دابەشکردنی کوردستان. ٢٢٦
یەکەم: جوڵانەوەی کوردی لە پێش شەڕی یەکەمی جیهاندا
دووهەم: دەرئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی کوردستان

بەشی نۆیەم .............................................................. ٢٩٤
ڕەوشی کوردستان لەدوای دابەشبوون
ا. باکوری کوردستان و تورکیا .................................... ٢٩٦
یەکەم: قۆناخی ساڵانی ١٩٢٤ هەتا ١٩٤٠
دووهەم: قۆناخی ساڵانی ١٩٤٢ هەتا ١٩٧٥
ب. ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران .................................... ٣١٢
ج. ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا .................................... ٣٣٨
د. باشوری کوردستان و ئێراق .................................... ٣٤٨

دەرئەنجام .............................................................. ٤٥٨

## ❖ سەرەتا

هەرلەمنداڵیـەوە حـەزم لەباسـکردن یاخـود گوێگرتـن لـەرووداوە مێژووییـەکان دەکـرد، چیـرۆك وحیکایەتەکانـی بەرئاگردانـی بـە تەمەنـەکان و سەرگوزەشـتەکان منیـان بـۆلای خۆیـان رادەکێشـا، بابەتی ناوچیـرۆك و بەسـەرهاتەکان دەیانخسـتمە جیهانێکـی تایبەتـەوە جیهانێـك کەخەیـاڵ تێیـدا باڵادەسـت بـوو هیـوای زۆریشـی لـەلا دروسـت دەکـردم، زۆرجارحـەزم دەکـرد ببمـە یەکێـك لەپاڵەوانەکانـی نـاو چیرۆکـەکان، بـەڵام چارەنووسـی زۆربـەی پاڵەوانـەکان لەوێنـەی فەرهادوشـیرین، مـەم و زیـن، لاس وغـەزاڵ، محەمـەدو سـیۆێ و چەندینـی تـر دەیانخسـتمە نـاو دوودڵـی و لەخەیاڵمـدا دەمگـوت پێویسـتەپاڵەوانەکانی خەیاڵـی مـن بگەنـە ئامانـج و مـورادی خۆیـان.

هــەر ئەمــە وای کــرد لــە تەمەنێکــی کەمــدا گرنگــی بەخوێندنــەوەی بابەتــە مێژووییــەکان بــدەم بێجگـە لـەو بابەتانـەی لەخوێندنگـە دەیخوێنیـن، خۆشـم هـەوڵ بـدەم بـە دوای مێـژوودا بگەڕێـم، لـەم ڕێگەیـەوە وردەوردە ئاشـناییم لـە گـەڵ مێـژووی جیهـان و کۆمەڵـگای کوردسـتاندا زیاتـر بـوو، هەرچەنـدە ئاشـنایم زیاتـر دەبـوو، پرسـیاری زیاتـرم سـەبارەت بەمێـژوو، ئەمڕۆو ئاینـدە لـەلا دروسـت دەبـوو، مێشـکم زیاتـر ئاڵـۆز دەبـوو، هەندێـك جـار بـە خۆمـم دەگـوت زۆر دوای مێـژوو مەکـەوە ڕەنگـە ئەمـە ببێتـە هـۆکاری نائومێدبـوون بەرامبـەر ئاینـدە! هـۆکاری ئەمـەش ئـەوە بـوو کەهەندێـك جـار گـوێ بیسـتی لەخـۆم گەورەتـر و بـە ئەزمـوون تـر دەبـووم دەیانگـوت؛ ڕۆڵـە کـورد مێژوویەکـی پرشـنگداری نییـە، ئێمـە نەمانتوانیـوە لـە مێـژوودا ڕۆڵێـك ببینیـن، ئیمەی کـورد هەرخەریکـی خۆخواردن بویـن و تایبەتمەنـدی (کەو)مـان هەیـە و لـە گـەڵ کۆمەڵگـەی خۆمانـدا خیانـەت دەکەیـن. هاوکاتـی ئـەوە دەیانگـوت زۆر کـەس هەوڵیـداوە بـەڵام شـتێکیان لـە مێـژوو هەڵنەکڕانـدووە، لێرەدا نموونەیـەك بهێنمـەوە سـودی دەبێـت بـۆ بابەتەکـە؛ لـە پۆلـی دووەمـی ناوەنـدی بـووم لـە سـەردەمی بەعسـدا لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاکاندا بـوو داوام لـە مامۆسـتای وانـەی کـوردی کـرد کـە هەندێـك باسـی مێژوی کوردمـان بـۆ بـکات لـە وەڵامـدا گوتـی دانیشـە (بـە شـێوازێکی تونـد و ناشـیرین) گوتـی کـورد کـەی مێـژووی هەیـە؟! ئـەم بابەتـە زۆر کاریگـەری لەسەردروسـت کـردم قەتیـش لـە یـادم ناچێتـەوە. ئـەم هەڵوێسـت و ئامۆژگاریانـە جارجـار دەیخسـتمە نـاو دوودڵیـەوە بـەڵام لـە ئەنجامـدا کۆڵـم لـە مێـژوو نـەدەدا بـە تایبەتیـش بـەدوای هـەر پەرتـوك و بابەتێکـدا دەچـووم کـە کەمێـك باسـی کوردو کوردسـتانی کردبێـت، گوێـم لـە هـەر کەسـێك دەگـرت کـە باسـی هەندێـك ڕووداوو بەسـەرهاتی کوردەواریـم بـۆ بـکات. لیـرەدا گرنگـە باسـی( کاك خالیـدی حاجـی حەمـە کەریـم)ی خالـۆزای باوکـم بکـەم چونکـە ئـەو کەسـایەتیە(رەوانی شـادبێت) رۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو لـە هاندانـی منـدا بـۆ خوێندنـەوەو بـە تایبەتیـش خویندنـەوی مێـژووی کـوردو کوردسـتان کاك خالیـد سـاڵی١٩٨٣خوێندنی لـە زانکـۆی موسـڵ تـەواو کـرد، خـۆی ئەندامـی رێکخسـتنە نهێنییەکانـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان بـوو. ماڵـی ئێمـەو ماڵـی حاجـی فەریقـی بـرای کاك خالیـد پێکـەوە دراوسـێ بویـن لەسـلێمانی، کاك خالیـد کەدەهاتـەوە بۆسـلێمانی زیاتـر لەماڵـی حاجـی فەریـق دەبـوو، هانـی ئێمـەی دەدا بۆخویندنـەوە. یەکـەم پەرتوکیـش کـە لەسـەرمێژووی کوردوکوردسـتان خوێندمـەوە ئـەو پێشـکەشـی کـردم کەپەرتوکـی (قـەڵای دمـدم)ی

عارەبی شەمۆ بوو، بەداخەوە کاک خالید لەڕەشبگیریەکەی ۱۹۸۵\۱۰\۱۷دا لە سلێمانی دەسگیرکراو بێسەرو شوێن کرا دوای ڕاپەڕین زانرا کە لە حامیەی سەربازی سلێمانیدا گوللەباران کراوە. هەرلێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەکاک ئەحمەد کوڕە جوتیاری تێکۆشەرو نوسەرو باوکی هاوڕێم (هەردەوان) بکەم کە لە دوای ئەنفال وکیمابارانی کوردستان کردینی بە هاوبەشی پەرتوکخانە نهێنیەکەی خۆی و چەندین پەرتوکی گرینگی بۆ پەیدا کردین، لە وانەی کەبیرم ناچێتەوە مێژووی کۆماری کوردستان بوو. دیارە ئەو کاتە لە پەرتوکخانەی فەرمی و بە ئاشکرا هەموو پەرتوکێك پەیدا نەدەبوو لە بەرئەمە هاوکارییەکەی کاک ئەحمەد زۆر سودی بە من گەیاند.
ئاشنابوونم بەبیروبۆچونی ڕێبەرعەبدوڵڵا ئۆجالان بەتایبەتی ئەو لایەنەی کە تایبەت بوو بە شیکردنەوەی مێژوو، کۆمەڵگاو هەڵسەنگاندنی تاکە کەسەوە زیاتر هانی دام بۆ ناسینی مێژوو، دەکرێت وەکو وەرچەرخانێکیش لە هەڵوێست و تێگەی مندا بۆ ژیان و کۆمەڵگا هەڵسەنگێندرێت چونکە پێشتر زۆر بە سادەیی و ڕووکەشانە سەیری ژیانی کۆمەڵگاو مێژووم دەکرد، لایەنی شیکاری و قاڵبونەوەم کەم بوو، دەکرێت وەکوو خولیایەکی فێربوون و کۆکردنەوەی زانیاری باسی لێ وەبکرێت، بەڵام تێزی ڕێبەر ئۆجالان فێری قاڵبوونەوەو شێوازی شیکردنەوەی مێژوو و کۆمەڵگای کردم، فێری ئەوەی کردم کە مێژوو بکەمە مامۆستا بۆ تێگەیشتن لە ئەمڕۆ و کارکردن بۆ بونیادنانی ئایندەیەکی گەشتر هەر ئەمش بووە هۆکاری ئەوەی لە زۆرخولی ڕۆشنبیری ئەکادیمیای فکری و فەلسەفیدا کۆڕ و سیمینارو وانە پێشکەش بکەم ئەو کۆڕو سیمینار و وانانەش بوونە یارمەتیدەرم بۆ قاڵبونەوەیەکی زیاتر. زۆرجاریش لە لایەن هەڤاڵ و هاوڕێ و دڵسۆزانمەوە داوای ئەوەم لێکرا کە ئەو وانانە بکەمە پەرتوك و بڵاویان بکەمەوە بەڵام کات ئەو دەرفەتەی نەدەدا هەتا لەم دواییەدا هەندێك دەرفەتم بۆ دروست بوو بەشێك لەقاڵبوونەوە و وانەکانم لەم پەرتوکەدا کۆکردەوە.
ئەم پەرتوکە ڕەنگە لە ڕووی زانیاری و بابەتەوە زۆر شتی نوێ پێشکەشی پەرتوکخانەی کوردی و مێژووی کوردستان نەکات، بەڵام لەڕووی تێزو هەڵسەنگاندنەوە شتی نوێی تێدایە، چونکە بەڕوانگەیەکی جیاوازتر لە روانگەی باو، مێژوو گێراوەتە دەست و قسەی لە سەر کراوە، هەر بۆ ئەوەش سەرەتا هەڵوەستەیەکم لە سەر ئەو تێزە کردووە کە پەیڕەوم کردووە. بە هیوام بەم کارەم توانیبێتم خزمەتێکی بچوك بە مێژووی گەلەکەم و پەرتوکخانەی کوردی و مرۆڤایەتی کردبێت. بێگۆمان هەتا دوا ڕادە هەوڵمداوە واقعی بم و نە نکۆڵی لە گەلەکەم بکەم و نە پەردە بدەم بە سەر کەموکورتیەکانیشدا، هەر ئەمەش وای کرد بگەمە ئەو ئەنجامەی کە کوردو کۆمەڵگای کوردستان ڕۆڵێکی گرینگیان بینیوە لە بەرەو پێشەوەچونی ڕەوڕەوەی مێژوو و پاراستنی بەهاکانی مرۆڤایەتیدا.داوا لە هەموو خوێنەرێکی بەرێزیش دەکەم هەر سەرنج و ڕەخنەو پێشنیارێکی هەبوو بۆم بنێرن، منیش بەسنگێکی فراوانەوە لێیان وەردەگرم.

# بەشی یەکەم
# جوگرافیای کوردستان

جوگرافیا یاخود ئەردنیگاری لە جیهانی ئەمڕۆماندا بووە بە بابەتێکی زۆر بە بایەخ و نیوەی زیاتری شەر و ناکۆکیەکانی جیهانیش لەسەرجوگرافیاو خاوەنداری زەوی و ئاو و ئاسمانە. کاتێك دەڵێین ئەمڕۆ وەهای لێهاتووە، بە واتای ئەوە ناڵێین کە لەڕابردوودا بەو شێوەیە نەبووە، بێگومان زەوی و زار وجوگرافیا، ئاوو سەرچاوە ئاوییەکان لە ڕابردووشدا بونەتە جێگەی مشتومڕو کێشەیان لێ کەوتۆتەوە بەڵام دەبێت راشکاوانە بڵێین کە لەم سەردەمەدا جوگرافیا کراوەتە چەکێکی سیاسی و ئەمەش وایکردووە کە جوگرافیا زیاتر ببێتە هۆکاری کێشەو ئاڵۆزی، ئەم وەرچەرخانەش لە ناوئاخنی چەمکی فەلسەفی و ژیانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا شاراوەیە. چونکە جوگرافیای کردووە بە رەگەزێکی سەرەکی ناساندن و ناسنامەی نەتەوەیەك، بە واتایەکی تر هەر نەتەوەیەك ئەگەر جوگرفیایەکی تایبەتی نەبێت ئەوا ناکرێت وەکو نەتەوە بژمێردرێت، تەنیا بەمەشەوە نەوەستاون بەڵکو گەورەیی جوگرافیا، سنوری دەریایی و بوونی سەرچاوەی زەنگینی وزەی سروشتی یان کردووە بە پێوەر بۆ بەهێزی یان بێ هێزی، مەزنی یان بچوکی هەر نەتەوەیەك، لەمانەش زیاتر ئەوەیە لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا ناکرێت خاوەنداری جوگرافیایەك بۆ دوونەتەوە یان زیاتر بگەڕێتەوە بەڵکو هەر جوگرافیایەك یەك خاوەنی هەیە هەرئەوەش وای کردووە کە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدان کە جوگرافیاکەیان فراوان بێت، سنوری دەریایی هەبێت، ئەگەر بکرێت زۆربێت، دەست بەسەر سەرچاوەی وزە سروشتیەکاندا بگرن بیخەنە دەستی خۆیانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوبەش لەجوگرافیایەکەدا پەسند ناکەن، بێگومان ئەگەر هەندێك لە سەرخۆو هێدی هێدی بە خۆماندا بچینەوە دەبینین ئەم چەمکانە کاریگەری لە سەر هەموومان هەیە، هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتانی سەردەست لە کوردستاندا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نکۆڵی لە هەبوونی جوگرافیای کوردستان بە گشتی یاخود بەشێکی زۆری دەکەن، هەر ئەمە وای کردووە بەشی زۆری کۆمەڵگای عەرەب تورك وفارس ناخوازن وشەی کوردستان ببیستن و پێیان وایە ئەو وشەیە وڵاتەکەیان پارچە دەکات و بچوکی دەکاتەوە. بێگومان هەر ئەو چەمکەیە وایکردووە زۆربەی تاکەکانی کوردیش لە خەیاڵی خۆیاندا جوگرافیای کوردستان زۆر فراوان دەکەن و دەیگەیەننە سەر دەریای خەزەر(قەزوین)، دەریای رەش، دەریای سپی و کەنداوی (عەرەب و فارس) هاوکات زۆربەی تاکەکانی کوردیش لە ناخیاندا پێکهاتە نەتەوەییەکانی تری کوردستان وەکوو میوانێکی بەرێز سەیر دەکەن نەك وەکو هاوبەش لە نیشتماندا، بێگومان ئەمەش ناکۆکی و ململانێیەکان لەسەر جوگرافیا قوڵترو چڕتر دەکاتەوە. ڕەنگە ئەو پرسیارە بێت بە مێشکماندا کە ئایا لە ڕابردوودا وەها نەبووە؟ یان لە ڕابردوودا چۆن مامەڵە لە گەڵ جوگرافیادا کراوە یان دەبێت چۆن مامەڵە لە گەڵ جوگرافیادا بکەین؟ بە دڵنیاییەوە لە ڕابردووشدا کێشە لە سەرجوگرافیا دروست بووە، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا نەبووە بۆ نمونە کاتێك ئیمپراتۆرییەك دروست بووە، ناسنامەی گەل و پێکهاتەکانی ناو ئەو ئیمپراتۆریەتە نەشاردراونەتەوە، هاوکات هەرچەندە سنوری خێڵ و تیرە و هۆزەکان یان گوندەکان دیاربوون بەڵام ناسنامەی ئەو پێکهاتانە بە تەواوی نەبەستراوە

بە جوگرافیایەکەوەو دەبینین زۆر هەرێمی جوگرافیای کوردستان هەیە لە خێڵێك یان تیرەیەك زیاترتێیدا دەژین و تێکەڵاون، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین هەتا سەدەکانی حەڤدەو هەژدەی زایینی جێگۆرکێی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە وێنەی خێڵ، تیرەو ئەتنیك لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر باو بووە لەکاتێکدا خێڵێك یا خود پێکهاتەیەك لە ناوچەیەکدا ژیابێت و ناوچەکەیان توشی کەم ئاوی بووبێت یان توشی روداوی سروشتی بووبێت یان بەهۆی هێرش و ناکۆکیەوە یا ن بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەوە یاخود هەر هۆکارێکی تربێت شوێنی خۆیان بەجێ دەهێڵاو ڕوویان لە جێگەی تر دەکرد و هەندێك جار لە ڕێگەی دانوستاندن، هەندێك جاریش لە ڕێگەی پێکدادانی بچوکەوە شوێنی نوێیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە و نیشتەجێ بوون هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کە زەوی و ئاو بە موڵکی خوداو ئیمپراتۆرییەت پێناسە دەکرا نەك بە موڵکی خەڵك، لە بەر ئەمە نەدەکرا هەتا دوایی دەست بە سەر پارچەیەك جوگرافیادا بگیرێت و خەڵکی تری لێ بێ بەش بکرێت بەڵام لە گەڵ گەشەکردنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا، لە رۆژهەڵاتی ناوینیشدا سەرەتا تاپۆی زەوی زار و پاوانی گوندو خێڵەکان وەکوو دیاردەیەك دەرکەوت، دواتریش تاپۆکردنی جوگرافیا لە سەر نەتەوەیەك بووە دیاردەو ئەمەش لەگەڵ خۆیدا بۆ جوگرافیایەکی لە وێنەی رۆژهەڵاتی ناوین گەلێك کیشەی خولقاند.کەچوارچێوەی چەمکی پەرتکە و زاڵبە و پەیمانی (سایکس ـ پیکۆ)دا فۆرمیلە بوو.هەر بۆیە کاتێك باس لە بابەتەی جوگرافیا دەکەین گرنگە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ جوگرافیا بکەین ڕێبەر عەبدوڵلائۆجالان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بابەتیدا رەخنەی لەچەمکی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بۆ جوگرافیا گرتووە پێی وایە دەبێت جوگرافیا نەکرێتە پێوەرێك بۆ هەبوونی ناسنامەی نەتەوەیەك نمونەش بۆ ئەمە دێنێتەوە و دەڵێت کورد سەرەڕای ئەوەی نکۆڵی لە جوگرافیاو ناسنامەکەی دەکرێت بەڵام لە واقعدا وەکو نەتەوەیەك بوونی خۆی سەلماندووە هاوکاتی ئەمە چەمکی جوگرافیای هاوبەش لە جێگای جوگرافیای تاك نەتەوەوە ئەتنیك بە کار دێنێت و دەڵێت؛ دەکرێت چەند پێکهاتە لە سەرجوگرافیایەك پێکەوە بژین وخاوەنداری لەوجوگرافیایە بکەن لەم روانگەیەوە سەیری جوگرافیا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەکەم ئەو جوگرافیایەی لێرەدا من وەکو جوگرافیای کوردستان باسی لێوەدەکەم ئەو جوگرافیایە کە لە ئەمرۆدا بەرێژەیەکی بەرچاو کورد تێیدا دەژی و تاڕادەیەك ناوی کوردستانی بەسەردا براوە رەنگە بە لای بەشێکی تاکەکانی کوردەوە غەدر لە کورد بکەین، بەلای تاکەکانی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگای ئەم جوگرافیاوە زیادەڕۆیی هەبێت. بە دڵنیاییەوە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەوجوگرافیایەی باسی دەکەم بیکەمە ناسنامە بۆ کورد چونکە دڵنیام لەم جوگرافیایەدا تەنیا کورد ناژیو تەنیا موڵکی کورد نییە، بەڵکو سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم جوگرافیایە هاوبەشن لە خاوەنداری کردنیدا هەربۆیە لێرەدا هەوڵدەدەم باسی پێگەو هەڵکەوتەی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان بکەم. دواتر باس لە رۆڵی ئەم جوگرافیایە لە مێژوودا بکەم و دوای ئەمە باس لە جوگرافیاو دیمۆگرافیای ئەمڕۆی کوردستان بکەم.

## أ. پێگەو هەڵکەوتەی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان

بەهۆی ئەو تێگەیەی کە باسمان کرد لەلایەك، لەلایکی ترەوە بە هۆی ئەوەی کە کورد لەم سەردەمەدا نەبووە بە خاوەنی دەوڵەت، کوردستان ناسنامەیەکی فەرمی وەرنەگرتووەو سنورەکەشی دیارنییە، ئەمەش وای کردووە کە تێڕوانینی جیا جیا بۆ کوردستان هەبێت، بۆ نمونە؛ بە تێڕوانینی دەوڵەتی ئێراق، کوردستان هەرێمێکی ئۆتۆنۆم یان تایبەتەو لە هەر سێ پارێزگای هەولێر دەهۆك و سلێمانی پێکدێت. ئەم هەرێمەش بەشێکە لە جوگرافیای ئێراق و ئێراقیش بەشێکە لە نیشتیمانی عەرەب. بە تێڕوانینی دەوڵەتی ئێرانیش کوردستان تەنیا ئوستانی (پارێزگای)سنەیەو ئەویش هەرێمێکی ئیدارییەو لە سنوری دەوڵەتی ئێراندایەو بەشێکە لە جوگرافیای ئێران، ولیێ جیا نابێتەوە بە پێی ئایدیۆلۆژی دەوڵەتی تورکیاو دەوڵەتی سوریا جوگرافیایەك بەناوی کوردستانەوە بوونی نییە!! بەڵام بەپێی راستیە مێژووییەکان کە لە بەشی دواتردا باسیان دەکەین و بە پێی راستی واقعی ئەمڕۆی جیهانیش جوگرافیایەکی بەرفراوان هەیە لە رۆژهەڵاتی ناویندا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن.

بەو پێیە دەتوانین بەمشێوەیە باس لە پێگەو هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان بکەین؛ کوردستان هەرێمێکی جوگرافیاییە دەکەوێتە ناو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوینەوە، رووبەرەکەی(٤٥٠-٥٠٠) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت. لەشەڕی چاڵدێراندا لەساڵی ١٥١٤دا بووە دووبەش، بەشی ڕۆژئاوای کەوتە ژێر دەستی عوسمانیەکانەوەو بەشی رۆژهەڵاتیشی لەژێردەستی سەفەویەکاندا مایەوەو دواتر لە ساڵی ١٦٣٩داو لە پەیمانی قەسری شیریندا ئەو دابەش بوونە لەلایەنی هەردوو دەوڵەتەوە بووە فەرمی و دانی پێدا نرا. لەسەدەی بیستەمیشدا بەپێی پەیماننامەی لۆزان لە١٩٢٣\٧\٢٤و پەیمانی ئەنقەرەوە لە١٩٢٦\٦\٥دا لە لایەنی هێزە باڵادەستەکانی جیهانەوە دابەش کرا بەسەر هەرچوار دەوڵەتی تورکیا، ئیران، ئیراق، سوریا و سنورەکەشی لە چوارچێوەی نەخشەی نوێی جیهاندا لە برۆکسل دارێژرا. واتە ئیسماعیل بێشکچی گوتەنی کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیە نەك کۆلۆنیەکی هەرێمی یان ناوچەیی. بە هەرحاڵ ئەوە بابەتی ئەم بەشەی نوسینەکەمان نییە، لەم بەشەدا زیاتر گرنگی بە پێگەو هەڵکەوتەی جوگرافیای ئەم جوگرافیایە دەدەین، سنوری جوگرافیای کوردستان لە باکورەوە لەگەڵ سنوری ئەرمەنستاندا تێکەڵاو دەبێت لە ناوچەکانی ئەرزنجان ئەرزرۆم و سێواس لە گەڵ سنوری تورکیاو هەرێمی دەریای رەش تێکەڵ دەبێت و لەقۆچگرییەوە بەرەو مەرش و دیلۆك و ئەنتاکیا لە رۆژئاوا نزیکی دەریای سپی دەبێتەوە، لەوێوەو تێپەری سنوری لازقیە و حەلەب و رەقە و دێرەزوور دەبێتەوە لە سوریاو لە باشوریشدا لە شەنگال و موسڵەوە بەرەو مەخمور کەرکوك و خورماتو چیای هەمرین هەتا مەندەلی و بەرەو جەسان درێژ دەبێتەوە و لەم هەرێمانەشدا لەگەڵ سنوری ئێراقدا لێکدەدەن و لەباشورەوە کە بەرەو ڕۆژهەڵات هەنگاو بنێن لە خوار ئیلامەوە بەرەو باشوری

ڕۆژهـەڵات لەگـەڵ خوزسـتان و لوڕسـتاندا تێکـەڵ دەبێـت و بـەرەو باکـوری ڕۆژهـەڵات بڕۆیـن لـە سـنوری کرماشـان و بەشـێکی سـنە بـەرەو هەمـەدان لـە گـەڵ فارسـدا تێکـەڵ دەبێـت و لـە باکـوری ڕۆژهەڵاتـی پارێـزگای سـنەوە بـەرەو پارێـزگای ئورمییە(ئازەربایجانـی ڕۆژئاوا)لـە گـەڵ ئازەربایجانـدا تێکـەڵ دەبێـت و هەتـا سـنوری ئازربایجانـی سـۆڤێتی درێژ دەبێتـەوە. بەپێـی هێڵەکانی پانـی و درێژی، کوردسـتان دەکەوێتـە نێـوان هێڵەکانـی پانـی(٣٣-٤١)ی باکـوری گـۆی زەوی و هێڵەکانـی (٣٦-٤٩)ی ڕۆژهەڵاتـی گرینیـوژ بـە هـۆی هەڵکەوتـەی جوگرافیـای کوردسـتان لـەم ناوچەیـەدا بوونـی زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس و تـۆرۆس لـە هەرێمەکـەدا، کوردسـتان یەکێکـە لـەو هەرێمـە جوگرافیایانـەی جیهـان کـە چـوار وەرزی سـاڵی هەیـە. واتـە سـاڵێك لـە کوردسـتان چـوار وەرزە، نـە وەکـو هەرێمـە کەمەرەیـی و نزیـك دەریاییـەکان یـەك وەرزە، نەوەکـو ناوچەکانـی جەمسـەری باکـور و باشـوردوو وەرزە. جیـاوازی لەئاسـتی بـەرزی و نزمـی پلـەی گەرمـا لـە کوردسـتاندا زۆرەو جیاوازییەکـی زۆر هەیـە لـە نێـوان بەرزتریـن پلـەی گەرمـاو نزمتریـن پلـەی گەرمـای وەرزە جیاوازەکانـدا. بـۆ نمونـە لـە هاوینـدا لـە باشـوری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان (ناوچـەی ئیـلام و دەوروبەری)لـە باشـوری کوردسـتان لـە گەرمیـان کەرکـوك و هەولێـر و لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە ناوچـەی جەزیـرە و لـە باکـوری کوردسـتانیش لـە مێردیـن ئامـەد .... پلـەی گەرمـی هەندێـك جار(٤٥)پلـەی سـەدی تێپـەر دەکات لـە ناوچەکانـی باکـوری ڕۆژهـەڵات و سـەرهەد لـە باکـور پلـەی گەرما(٣٠)پلـە تێپـەر نـاکات لـە وەرزی زستانیشـدا نزمتریـن پلـەی گەرمـا لـە باکـوری ڕۆژهـەڵات و لـە سـەرهەد دەگاتە(١٥)پلـەی سـەدی لـە ژێـر سـفرەوە، ناوچەکانـی تریـش نزیـك دەبنـەوە لـە سـفری سـەدی ئـەم هڵکەوتـە جوگرافیایـە وای کـردوە کـە لـە هەرێمـە جیاوازەکانـی کوردسـتانداو لـە وەرزی جیاوازەکانـی دا زۆرجـۆر بەروبومـی سروشـتی خۆڕسـکانە بڕوێـن. دەرەفەتـی چاندنـی بەروبومـی جۆراوجۆریـش هەیـە هاوکاتـی ئەمـە هەبوونـی سـەرچاوەی زۆری ئـاوی شـیرین دەرفەتـی ژیانـی زیاتـر کـردووە. لەگـەڵا ئەمانـەدا بـە هـۆی نزیکـی لـە دۆڵـی (ریف)کـە بـە کەنـاری نیلـدا درێـژ بۆتـەوەو ئەفریقیـاو ئاسـیای لـە ڕێـگای نۆکەنـدی سویسـەوە پێکـەوە بەسـتۆتەوە، هـاوکات نزیکـی لـە ئەنـادۆڵ و قەفقاسـیاوە کـە ڕێـگای پێکـەوە بەسـتنەوەی ئاسـیاو ئەوروپـا ئەفریقـاو ئەروپایـە، لـە گـەڵ ئەوەشـدا بـە هـۆی ئـەوەی دەرگای سـەرەکی یـە بـۆ ئەوروپـا و ئەفریقـا بـەرەو ئاسـیا گرنگـی ئـەم جوگرافیایـەی لـە هەمـوو بوارێکـدا زیاتـر کـردووە.

بـە هـۆی پانـی و بەرینـی ئـەم جوگرافیایـەوە ڕۆژهەڵاتـن و ڕۆژئاوابـوون لـە نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا نزیکـەی کاتژمێرێـك مـاوە دەکەوێتـە نێوانیانـەوە زووتریـن خۆرهەڵاتـن لـە ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـن لـە نزیـك خـورەم ئابـادو بروجـەرد کـە نزیکەی(٣,٢٠)سـێ کاتژمێـر و بیسـت خولـەك پێـش گرینویـژ دەکەویـت و درەنگتریـن خۆرهەڵاتنیـش لـە ناوچەکانـی مـەرەش و نزیـك دەریـای سـپین لـە باکـور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـە دوو کاتژمێـر و بیسـت خوڵـەك دەکەویتـە پیـش گرینویـژەوە یاخـود کاتژمێرێـك دوای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە. جوگرافیـای کوردسـتان بەشـێکی زۆری زنجیـرە چیاکانـی زاگرۆسـەو بەشـێکی چیاکانـی تۆرۆسـیش دەکەوێتـە سـنوری کوردسـتانەوە

بەرزترین لوتکە چیای کوردستانیش (ئاگری)یە کە بەرزییەکەی (٥١٦٨م)بەشێکی جوگرافیای کوردستانیش دەشتی بەپیتن لەوێنەی دەشتی هەران وجزیرە لە باکور و رۆژئاوا دەشتی هەولێر گەرمیان و شارەزور لە باشور و ماهی دەشت و سۆما لە رۆژهەڵات. بەشێکی جوگرافیای کوردستانیش گردۆڵکەن و هەندێکیشی بەرەو بیابان بوون دەچن بەتایبەتی لەباشوری کوردستاندا ڕێژەی باران بارین لە نێوان (٣٠٠ملیم)لە ناوچە کەم بارانیەکان بۆ(٢٠٠٠ملم)لە ناوچە شاخاوییەکان و زۆر باراناویەکانیشدایە. ڕووباری فورات درێژترین ڕووبارە لە کوردستاندا کە درێژییەکەی(٢١٧٠)کم ەیەو ودەریاچەی ئورمیە گەورەترین دەریاچەی کوردستانە کە ڕووبەرەکەی(٦٠٠٠)کم و قوڵیەکەی لە نێوان(٦-١٥)م دایەو ئاوەکەی زۆر سوێرە و ئێستا لە ژێر هەڕەشەی وشکبووندایە. دەریاچەی(وان)یش ڕووبەرەکەی(٣٧٦٥)کم و قوڵیەکەی لە هەندێك جێگا دەگاتە(١٠٠م)و ئەمیش ئاوەکەی سوێرە بەڵام دەریاچەی زرێبار کە ڕووبەرەکەی(٧٧)کم و ئاوەکەی شیرینەو کەوتۆتە نزیك شاری مەریوانەوە. ئەم تایبەتمەندییانە دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی داوە بە جوگرافیای کوردستان هەربۆیە لە دێرزەمانەوە وەکو بەهەشت یان بەهەشتی سەرزەمین بەناوکراوە.

## ب-جوگرافیای کوردستان و ڕۆڵی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا

ناوی کوردستان وەکو زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی زایینی، ئەویش دوای ئەوەی کە سوڵتان سنجاری سەلجوقی کە لە نێوان ساڵانی(١١١٧-١١٥٧)حوکمی کردووەو بەشی زۆری جوگرافیای کوردستان کەوتۆتە دەستی سەلجوقیەو سوڵتان سنجار هەرێمەکانی(هەمەدان-دینەوەر-کرماشان-شارەزور-شەنگار)وەکو هەرێمێکی تایبەت بە ناوی هەرێمی چیاکان یان هەرێمی کوردستانەوە ڕێکخستووەو لێرەوە ناوی کوردستان کەوتۆتە ناو قاموس و نەخشەسازییەوە. بەپێی گێڕانەوەی (حەمەدوڵڵای مستەوفی قەزوینی) سوڵتان سنجار شا (سلێمان)ی برازای دەکاتە فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە. بە پێی هەمان سەرچاوە باج و پیتاکی ساڵانەی ئەم هەرێمە ٢ ملیۆن دیناری زێڕ بووە. وەکو لەپێکهاتەکەیدا دیارە ئەم هەرێمە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو پێنج شارو ناوچەی ئەو سەردەمەی کوردستانی لە خۆگرتووە. ئەمەش دەکرێت بەراوردی بکەین بە ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان لە ئێراقدا، یاخود ئوستانی کوردستان لە ئێراندا کە هیچ کام لەم دوو هەرێم و ئوستانە گوزارە لە هەموو کوردستان ناکەن.

ئەوەی لێرەدا پێوستە گرنگی پێبدەین ئەوەیە کە نزیکەی (٩٠٠)ساڵ پێش ئێستا لە لایەن سوڵتانێکی بەرەگەز تورك و بە ئاین موسڵمانەوە هەرێمێکی ئیداری بە ناوی کوردستانەوە دانی پێدانراوەو دروستکراوە، هەروەها لە بەڵگەو نەخشەکانی ئەعلامی عوسمانلیدا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئاماژە بۆ جوگرافیای کوردستان کراوە، بەڵام ئێستا

بەشێکی زۆری دەسەڵاتدارانی تورك كە خۆیان بەموسڵمان دەزانن، كوردو كوردستان پەسەند ناكەن، هاوكاتی ئەمانە دەبێت بە وریایەوە مامەڵە لە گەڵ ئەم ناونان و سنور دیاریكردنەدا بكەین، چونكە هەندێك وای بۆ دەچن كە پێش سوڵتان سنجار ناوی كورد و كوردستان بوونی نەبووەو ئەمە داهێنانی سوڵتان سنجار بووە. هەندێكیش ئەم هەرێمە دەكەنە بەڵگەو دەڵێن كە سنوری كوردستان زۆر تەسك و بچوك بووە، كورد دەخوازن سنوری خۆیان فراوان بكەن، دیارە نامەوێت بكەومە ناو ئەو گفتوگۆ نابەجێیەوە، چونكە چاوێك بە مێژوودا بخشێنین دەزانین لەم جوگرافیایەدا سنوری كێ تەسك كراوەتەوە. ئایا ئەوە عەرەب نەبووە لە نیوە دورگەی عەرەبەوە هاتۆتە كوردستان و كورد جێگەی كردۆتەوە؟ ئێستا لە زۆرجێگەدا بوونەتە زۆرینەو خاوەن ماڵ؟ ئایا ئەوە فارس نەبوون لە باشوری ئێرانەوە بەرەو زاگرۆس هاتوون و ئێستا بەشێكی زۆری كوردستان بووە بە نشینگەی فارس؟ ئایا ئەوە تورك نەبوون لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون و لە جوگرافیایەكی فراوانی كوردستاندا نیشتەجێ بوون و ئێستا بوونەتە خاوەن ماڵ لە زۆربەی كوردستانداو دان بەبوونی كورد و كوردستاندا نانێن؟ ئایا كورد لە دەرەوەی پەیوەندی و كۆچی سروشتی یان لە ژێر زۆری دەسەڵاتە ناكوردییەكاندا، كەی چۆتە دەرەوەی سنوری جوگرافیای ئەم هەرێمە؟ واتە ئەوانەی كە باس لە گەورەكردنی سنووری جوگرافیای كوردستان دەكەن، بۆ خۆیان دەزانن، كە ئەگەر پشت بە بەڵگە مێژووییەكان ببەستین ئەوا ئەوان زۆر قەرزار دەبنەوە. هەربۆیە بە پێویستی دەزانم كە باس لە چەند بەڵگەی مێژوویی لە سەر كوردستان و كورد بكەم.

**یەكەم**: مێژوونوسی كورد محەمەدئەمین زەكی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨)لە پەرتوكی كوردو كوردستاندا دەڵێت رەنگە وشەی كورد لەزمانی ئاشورییەوە وەرگیرابێت، كە لەسەردەمی كۆندا وشەی (كاردۆ و كورد)یان بە واتای بەهێز و پاڵەوان بەكار هێناوەو لە هەندێك سەرچاوەشیاندا گەلی چیاكان بەو ڕەنگە بە ناوی دەكەن.

**دووەم**: بەشێكی زۆری نوسەرو مێژوونوس و سیاسەتمەداری تری كورد لە سەرچاوە سۆمەری، بابلی، ئاشوری، یۆنانی، فارسی و ئەرمەنییەكاندا گەڕاون و گەلێك نمونە دێننەوە بۆ ناو لێنانی كوردو كوردستان كە لێرەدا بەشێكیان باس دەكەم. هەندێك نوسەر پێیان وایە وشەی كورد لە گوردی فارسیەوە هاتوە كە لە شانامەدا بە واتای پاڵەوان بەكارهاتووە هەندێك نوسەری نەژادپەرستی تورك دەڵێن وشەی كورد لەو (كرتەكرتە)ی ژێرپێی مرۆڤەوە هاتووە كە كاتێك بەسەر بەفردا دەڕوات دروست دەبێت، هەر بۆیە دەڵێن كورد توركی شاخاوین.

پادشای لاكەش ئاداد نارارى كە لە(٢٤٠٠پ.ز)پاشا بووە لەنوسینێكدا باسی هۆزی(كارد)ی كردووە، هەندێك دەڵێن ڕەنگە ناوی كورد لێرەوە هاتبێت. ا(كەمیل سین)ی پادشای ئەكادیش لە ساڵی (٢٢٠٠پ.ز) دا لەفەرمانێكدا كە لە سەرخشتە قوڕینەكان دۆزراوەتەوە، ئەمیر (وەردنەنر) ی كردووە بەحاكمی ناوچەی (كردە) كەوتۆتە نزیكی كرماشانی ئێستاوە، ژمارەیەك نوسەر پێیان وایە ناوی كورد لێرەوە هاتبێت. (شوبی لكمە)ی پادشای (هیتیت)یش لەنوسراوەكانیدا

لەساڵی(١٣٧٠پ_ز)باسـی هۆزێـك دەكات بـە نـاوی (گـردەGurde )و دەڵێـت ئـەم نـاوە لـە نـاوی خوداوەندەكەیانـەوە هاتـووە كەپێیـان گوتووە(گیـر یـان گـر). هەروەهـا ئاشـورییەكان لـە هەندێـك نوسراویانـدا نـاوی ناوچـەی (كاردا)و هۆزی(كورگیـە)و كورتـی و ماددیـان بەكارهێنـاوە بـۆ گەلـی ئـەم ناوچەیـە. ئەرمەنەكانیـش كاردۆخ، كارداك، كوردۆئیـن و كوردۆچیـغ یـان بۆئـەم ناوچەیـە بـەكار هێنـاوە. (هیـرۆدت)ی یۆنانـی میدیـای بەكارهێنـاوە، گەزنەفـۆن(٤٢٧ـ ٣٥٥پ.ز) كـە دكتـۆری سـوپای یۆنانـی لایەنگـری كورشـی بچـوك بـووە دژی داریـوش و دوای شـكانی سـوپاكەیان و كوژرانـی فەرماندەكەیـان ئـەو بـووە بـە فەرمانـدەی سـوپاكە لەكاتـی گەڕانـەوەدا(٤٠١پ.ز)، گەڕانەوەكەیانـی بەنـاوی ئاناباسـیس كـە باسـی گەشـتی سـوپا (١٠٠٠٠) كەسـیەكەی كـردووە، كردوویەتـی بەپەرتـوك، لـەو بـاس كردنـەدا باسـی گەلـی(كاردۆ)دەكات لـە دەورووبەری(وان)كـە زۆر كێشـەیان بـۆ دروسـت كـردووە دەڵێـت پادشـای(كاردۆ)یەكان نـاوی (ئەرونتـاس )بـووە. نوسـەری ئەسـكەندەرنامە (ئارسـتۆ ولسـن) كاتێـك بـاس لـە ڕووبەرووبوونـەوەی داریـش و ئەسـكەندەر دەكات دەڵـێ دارویـش شەسـت هـەزار سـەربازی لـە پشـت بـووە ئـەم هێـزەی لەناوچـەی (كارداك)جێگیـر كردبـوو. هەروەهـا دەڵـێ ئـەم هـۆزە لـە باشـوری دەریاچـەی وان نیشـتەجێ بـوون. لـە سـەردەمی دواتـردا یۆنانیـەكان نـاوی میزۆپۆتامیـان بـۆ ئـەم ناوچانـە بـەكار هێنـاوە. هەرچـی عەرەبەكانـن لەكۆنـدا ناوی(بـلاد مابیـن نهریـن) و (بـلاد الرافدیـن) كـە بـە واتـای وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبـار و وڵاتـی دوو چـەم دێـت بـەكار هێنـاوە. هەروەهـا نـاوی هیـلال الخصیـب یـان بـەكار هێنـاوە كـە بـە واتـای هیلالـی بـە پیـت دێـت. بێگومـان ئـەم ناوانـە دەتوانرێـت وەكـو بەڵگـە بـۆ رەگـو ریشـەی نـاوی كـورد و كوردسـتان لـە مێـژووی كۆنـدا پشـتیان پـێ ببسـترێت.

**سێیەم**: لـە مێـژووی نوێشـدا زۆر نمونـە هـەن كـە بـاس لـە راسـتی كـوردو كوردسـتان دەكـەن و دەكرێـت چەنـد نمونەیـەك بـاس بكەیـن: لـە چەنـد سـەرچاوەیەكی مێژوویدا بـاس لـە هەبوونی(جابانی كوردی)دەكرێـت كـە یەكێـك بـووە لەهاوەڵانی(ئەسـحابە)ی پەیامبـەری موسـوڵمانان و(مەیمونـی) كـوڕی نوسـەرێكی دیـاری كۆمەڵـگای موسـوڵمانانە. " دكتۆرمسـتەفا جـەواد نامیلكـەی دكتۆراكـەی لەسـەر كـوردە (جـاوان )یەكانـەو بەناوی(جابـان القبیلـە المنسـیە الكوردیە)نوسـیوەو مامۆسـتا هـەژار كردویەتـی بەكـوردی "دیـارە هەبوونـی كەسـایەتیەك بـە پاشـناوی كـوردی لـە سـەردەمی پەیامبـەری موسـوڵماناندا ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی كـە نـاوی كـورد دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی پێـش دەركەوتنـی ئیسـلام. (ئەبـو حەسـەن علـی بـن محەمـەد مەدائنـی)(٧٥٤_٨٤٠)ز كـە نوسـەرێكی بـە ناوبانگـی سـەردەمی ئیسـلامە وەكـو یەكـەم نوسـەر بـە نـاو دەكرێـت كـە باسـی كـوردی كـردووە، ئەویـش لـە پەرتوكی(قـلاع الاكـراد)دا بـاس لـە هاتنـی ئیسـلام بـۆ كوردسـتان و شـەڕ و پێكدادانـی قەڵاكانـی كـورد دەكات. دیـارە لـەم پەرتوكـەدا زۆر گرنگـی بـە كـورد دراوە، بـەڵام بـە داخـەوە ئـەم پەرتوكـە نەمـاوەو لـە ناوچـووە یاخـود لەنـاو بـراوە. بەڵام(ئەبوحەسـەن احمـد بـن یەحیـا )كـە خوێنـدكاری مەدائنـی یـەو لـە(٨٩٠ز )دا كۆچـی دوایـی كـردووە، زۆر زانیـاری لـە سـەر ئـەم پەرتوكـە لـە نوسـینەكانی خۆیـدا بـڵاو كردۆتـەوە.

تەبەری(١) کۆچکردوو لە ٩٢٣ز دا کە یەکێکە لەنوسەرە دیارەکانی دونیای ئیسلام لە زۆرجێگەدا باسی کوردی کردووە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رەنگە ناوی کورد لە یەکێك لە دەستەواژە کۆنەکانی پێش زایینەوە هاتبێت و لە دوای زایینی بە شێوەی کورد فۆرمی وەرگرتووە و لە گەڵ هاتنی ئیسلام و عەرەب و تورك بۆ ئەم جوگرافیایە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمەوە ئیتر وشەی گەل (شعب)خەلك و ئوستان بوونەتە مۆرێکی سەردەم و ناو لێنانی هەرێمی کوردستان لە لایەنی سوڵتان سنجارەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سوڵتان سنجار لە ژێر کاریگەری ئاسیادا بووەو لە ناوەڕاستی ئاسیاشدا وشەی(ستان)وەکو پاشناو بۆ ناولێنانی وڵات بە ناوی گەلێکەوە زیاد دەکەن لەوێنەی تورکەمەنستان، هیندستان، پاکستان، تاجیکستان و هتد کوردستانیش نمونەیەکە لەو نمونانە. ئەم ناولێنانەش بە واتای وڵاتی کورد دێت. لێرەدا گرنگە باسی ئەوەش بکەین کە بەڵگە مێژوویەکان سەلماندوویانە کە پێش سوڵتان سنجار ناوی کوردستان وەکو وڵات بە کارهاتووە . بەڵگەی ئاشکراش ئەوەیە کە مێژوو نوسی ئەرمەنی (مادتیۆس ئۆرهاتیسی) کە خەڵکی روهایە و لە سەدەی یازدەیەم و دووازدەیەمدا ژیاوە. کاتێك باسی روداوەکانی (روها)ی ساڵی ١٠٣٠-١٠٣١)ز دەکات. لەزاری سەرکردەیەکی کوردەوە دەگێڕێتەوە کە "کوردستان لە دۆخێکی ئاڵۆزدایە " واتە وشەی کوردستانی بەکارهێناوەو ئەو مێژووەش پێش سوڵتان سنجارە بە نزیکەی سەدەیەك.

(١) تەبەری لەجێگەیەکدا لە زمانی ئەردەوانی پاشای ئەشکانیەوە، ئەردەشێری پابەگان بەدانیشتوی ناو ڕەشماڵی کورد بەناو دەکات و پێی دەڵێت کە لە ڕەشتی خۆی لایداوە. لەجێگەیەکی تردا دەڵێت کورد دەچنەوە سەر عەرەب و لەنەوەی (سەعسەعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعد)ن و دەچنەوە سەر غەسانیەکان. تەبەری و فەیروزئابادی نوسیویانە کورد دەچنەوە سەر کوردی کوڕی عەمرۆی کوڕی مۆزیقیاو لەوێوە دەچنەوە سەر یەعروبی کوڕی قەحتان و لەوێوە دەچنەوە سەر سامی کوڕی نوح. لە شوێنێکی تردا دەڵێت کورد دەچنەوە سەر ئەسفەندیارو مەنوچەهری فارس. عەلی کوڕی حسێن مەسعودی نوسەر لە پەرتوکی (مروج الزهب) دا جارێک کورد دەباتەوە سەر ئەوانەی کە بەدێو ناوبراون و لەگەڵ کەنیزەکەکانی حەزرەتی سولەیماندا دەستیان تێکەڵ کردووەو کاری سێکسیان ئەنجامداوە. لە جێگەیەکی تردا دەڵێت کورد لە پاشماوەی ئەو کەسانەن کە رزگاریان بوو لەوەی بکرێنە قوربانی و دەرخواردی مارەکانی سەر شانی زوحاک بدرێن. هەر ئەم نوسەرە لە پەرتوکی (التنبیە و الاشراق)دا دەڵێت کورد لەنەوەی سەعسەعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعدن و دەچنەوە سەر غەسانیەکان. لە جێگەیەکی تردا دەڵێت کورد لە نەوەی ئەسفەندیارو مەنوچەهرن. فیردەوسیش لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت کورد لەنەوەی ئەوانەن کە رزگاریان بووە لەوەی ببنە قوربانی بۆ مارەکانی سەر شانی زوحاک.

ئـەم جوگرافیایـەش وەکـو پێشـتر باسـمان کرد هـەر لە سـەرەتاوە بە کوردسـتان نەنـاسراوە بەڵکـو ناوی جیاجیـای لێـنراوە دیارتریـن ئـەو ناوانـەی کـە هەتـا ئێسـتا ماونەتـەوە گۆتـی، میتانـی و ماددەکانـە کـە ئەمـەی دواییـان وەکـو پێشـینانی کـورد سـەیریان دەکرێـت و کـوردو زۆربـەی مێژوونوسـی گەلانـی تریـش ئەمەیـان وەکـو راسـتیەك پەسـند کـردووە. "بەپێـی لێکۆڵینـەوە زانسـتی و ئەرکۆلۆژییـەکان ئـەم جوگرافیایـە رۆڵێکـی سـەرەکی هەبـووە لـە قۆناخـە جیاجیاکانـی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا لـە بەشـەکانی داهاتـودا تیشـکی دەخەینەسـەر".لە دوای سـوڵتان سنجاریشـەوە هەتـا مێـژووی نـوێ چەندیـن نوسـەری بـە ناوبانگـی جیهانـی گرنگیـان بـە جوگرافیـای کوردسـتان وکۆمەڵـگای کوردسـتان داوەو کردوویانـە بـە بابەتـی لێکۆڵینـەوەو بەدواداچونـی خۆیـان. لێـرەدا ئامـاژە بـە چەنـد نمونەیـەك دەدەم.

ئیبن ئەسـیری جـەزری کـە لـە(١١٤٠ـ١٢٣٢ز) ژیـاوەو مێژوونوسـێکی ئیسـلامە لـە پەرتوکی(الكامـل فی التاریـخ)دا باسـی چەندیـن بەسـەرهاتی کـورد دەکات. خـۆی لـە موسـڵ ژیـاوەو باسـی سـەردەمی سـەڵجوقیەکان دەکات. سـەبتی ئیـبن جـوزی کۆچکـردوو لـە سـاڵی ١٢٥٦ز لـە پەرتوکـی (مـراە الزمـان)دا زۆر بـەوردی باسـی شـەڕی مەلازگـردی کـردووە، باسـی لـە رۆڵـی کـورد لـە بزوتنـەوەی (بەساسـیری)دا کـردووە. هەروەهـا باسـی لـە یاخیبوونـی ئیبرهیـم یەنـال لـە توغـرول بـەگ و رۆڵـی کـورد لـە هاوکاریکردنی(یەنـال)و باسـی لەرۆڵـی کـوردی ئەرمینیـا دژی رۆم کـردووە. رەشـیدالدین فزاللـە هەمەدانـی کۆچکـردووە لـە سـاڵی ١٣١٨ز دا مێژوونوسـێکی سـەردەمی مەغۆلـەو لەپـەر توکـی (تاریـخ المغـول)دا چەندیـن جـار وشـەی کوردسـتانی بـەکار هێنـاوە. مارکـۆ پۆلـۆی گەڕیـدەی ئیتاڵـی کـە لـە ١٣٢٣ز دا کۆچـی دوایـی کـردووە سـاڵی ١٢٧١ز دا گەشـتێك بـۆ رۆژهەڵاتـی ناویـن دەکات و لـە گەشـتەکەیدا باسـی کـوردو کوردسـتانی کـردووە. حەمەدوڵـلای مسـتەوفی قەزوینـی کۆچکـردووە لـە سـاڵی (١٣٨٨ز) دا لـە پەرتوکی(نزهەالقلـوب)دا باسـی کوردسـتانی کـردووەو دەڵـێ کوردسـتان لـەو سـەردەمەدا لە(١٦)ناوچـەی ئیداریـی پێکهاتبـوو ئەوانیـش بەمشـێوەیە بەنـاو دەکات ١_الانـی _(هانێ)٢_ئەلیشـتەر کـە پێشـتر ئاتەشـگەبووە ٣_ بەهار(ناوەنـدی ئـەو هەرێمـە بـووە کـە سـوڵتان سـنجار دروسـتی کـردووە و دەکەوێتـە نزیـك هەمەدانـەوە) ٤_حفتیان٥_دەربەندتـاج خاتـون٦_ دەربەنـدی زینکی٧_دیزەبیل٨_دینەوەر٩_سـوڵتان ئابـاد چەمچەمـاڵ لـە چیـای بێسـتون کـە سـەدەی ١٤سـوڵتان (محەمەدخودابەنـدە)ی نـاسراو بە(ۆسـجاتۆ)بونیادی نـاوە ١٠_شـارەزوور کـە زور بـن زوحـاك بونیـادی نـاوە ١١_کرماشـان کـە پێشـتر (کرمسـین)ی ناوبـووە ١٢_کەرەندوخوشـان کـە دوو گونـدی مـەزن بـوون ١٣_کەنـگاوەر کـە بـە کۆشـکی دزان ناسرابـو ١٤_ماهـی دەشـت ١٥_هەرسـین ١٦_وەسـتام. دیـارە ئـەم ناوچانـەش بەشـی زۆری دەکەونـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئـەو ناوچانەیـە کـە پێشـتر سـوڵتان سـنجار وەکـو کوردسـتان بەنـاوی کـردووە.

ئیـبن فەزڵـلای عەمـری کۆچکـردوو لـە سـاڵی ١٣٤٨ز هەرێمـی چیاکانـی بـە وڵاتـی کـوردان ناودێـر کـردووە و نـاوی نـاوە (چیاکانـی کـورد)و هەتـا بیسـت هەرێمـی ئـەم ناوچەیـە دەژمێرێـت. ئیـبن بەتوتـە (١٣٠٣-١٣٧٧)ز لـە پەرتوکـی گەشـتەکەیدا بـۆ شـنگال دەڵـێ گەیشـتینە شـاری شـەنگار کـە

شـارێکی فرەمیـوەو دارو درەختـی زۆرە سـەرچاوەی ئاویشـی زۆرەو لـە دیمەشـق دەچـێ دواتـر دەڵـێ خەڵکـی شـەنگال کـوردن و دەسـت بـڵاوو ئـازان. ئیـبن خلدونـی کۆچکـردوو لـە(١٤٠٥)ز دا چیـای حەمریـن کـە پێشـتر بە(بارما)ناسرابـوو بـە چیـای کـوردی نـاو بـردووە. یەعقوبـی مێژوونوسـیش هەرێمـی چیاکانـی بـە هەرێمـی کـوردە دڵڕەقـەکان نـاو بـردووە. ئیـبن حەوقـەل(٢) یـش چیاکانـی بـە هـەواری زسـتانەوە و هاوینەهـەواری کـورد ناودێـر دەکات.

فارقـی کۆچکـردوو لـە(١١٧٦ز) کـە مێژوونوسـێکی خەڵکـی فارقینـە و باوکـی بەرپرسـی دارایـی (حسـن کیف)بـووە لـە دەوڵەتـی مەروانیـدا. ئەمیـش لـە پەرتوکـی (تاریـخ ئامـەد و میافارقیـن) کـە بە(مێـژووی فارقی)نـاسراوە بـاس لـە میرنشـینی مەروانـی و سـەردەمەکەی دەکات. هەبەتـوڵا شـیرازی بانگخـوازی فاتمـی کۆچکـردوو لـە(١٠٧٧ز) لـە بیـرەوەری خۆیدا"السـیرە موەئیـد فـی الدیـن" بـاس لـە دەنگوباسـی هەنـدێ لـە میـرە کوردەکانـی بەساسـیری دەکات.

شـەرەفخانی بەدلیسـی(١٥٤٣- ١٦٠٣ز) کـە میـری بەدلیـس بـوو شـەرەفنامەی سـاڵی ١٥٩٦ز نوسـیوەو تێیـدا باسـی لـە مێـژووی ماڵـە میرانـی کـورد بەگشـتی و بەدلیـس بـە تایبەتـی دەکات و پەرتوکەکەشـی بـووە بـە سـەرچاوەیەکی بەهـادار بـۆ رۆژهەڵاتناسـەکان و هەتـا لـە رێگایـەوە کۆمەڵـگای کوردسـتان بناسـن شـەرەفخان یەکـەم نوسـەرە کـە سـنوری جوگرافیـای کوردسـتانی دیـاری کـردووە و دەڵـێ ! سـنوری کوردسـتان بـە هێڵێکـی راسـت لەسـەر خەلیجـی فارسـەوە تـا بڕانـەوەی مەڵاتیـە و مـەرەش دەچـێ. لای باکوریيـەوە وڵاتانـی فـارس، ئێرانـی عەجـەم و ئازەربایجـان و ئەرمەنسـتانی گـەورە و بچـوك، باشوریشـی ئێرانـی عەجەمـەو هەتـا سـنوری دەریـای سـپی دەچـێ. (مـەلا مەحمـودی بایەزیـدی سـاڵی ١٨٥٨-١٨٥٩) شـەرەفنامەی کـردووە بـە کـوردی و دەستنوسـەکەی لەپەرتوکخانـەی لینینگـراد و پارێـزراوە. ئەولیـا چەلەبـی گەڕیـدەی تورکیـش کـە لـە(١٦٨٢ز)دا کۆچـی دوایـی کـردووە لـە گەشـتنامەکەی خۆیدا(کەساڵی ١٦٣٠ لەکوردسـتاندا گـەڕاوە) باسـی کوردسـتان دەکات و ناوچەکانی ئـەرزەرۆم - وان - هـەکاری - دیاربەکـر – جزیـرە - ئامێـدی – موسـل – شـارەزوور و ئـەردەلان بـە کوردسـتان پێناسـە دەکات و ریـچ ، باسـیلی نیکتیـن. مێنۆرسـکی. مێجەرسـۆن، ئەدۆمنـس ورۆزفێڵـد لـە دیارتریـن رۆژهەڵاتنـاس و کەسـایەتیەکانن کـە لـە سـەر کـورد و کوردسـتان لێکۆڵینەوەیـان ئەنجامـداوەو بابەتیـان نوسـیوە.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٢) ئیبن حەوقەل دەڵێت کورد دەچنەوە سەر کوردی کوڕی ماردی کوڕی عەمرۆ.

## ج-جوگرافیاو دیمۆگرافیای کوردستان لەرۆژگاری ئەمڕۆدا

لـە بڕگـەی پێشـتردا باسـمان لـە جوگرافیـای سروشـتی و ڕیشـەی ناولێنانـی کوردسـتان کـرد لـەم بەشـەدا هەوڵـدەدەم بـاس لـە جوگرافیـای سیاسـی ئیـداری و دیمۆگرفیـای کوردسـتان لەئەمـڕۆدا بکەم، جارێکـی تـر ئـەوەی کـە پێویسـتە سـەرنج بدرێـت ئەوەیـە کـە ئـەو زانیاریانـەی لێـرەدا باسـیان لێـوە دەکـەم بەشـی زۆری مەزەنـدە کـراون یـان بەراوردکاریـن، یـان زانیـاری دەوڵەتانـی سەردەسـت و بـاڵا دەسـتن لـە کوردسـتان و جیهانـداو زانیارییەکانیـان بـە تـەواوی جێـگای بـاوەڕی نییـە چونکـە هەمیشـە خواسـتویانە کـورد و کوردسـتان بچـوك بکەنـەوە هاوکاتـی ئەمـە کۆمەڵـگای کوردسـتانیش لـە زانیـاری و سـەرژمێری سـودمەند نەبـووە و زیانمەنـد بـووە، ئەمـە وای لێکـردووە کـە زانیـاری تـەواو نەداتـە ئـەو لایەنانـەی کـە خواسـتویانە زانیـاری لەسـەر کۆبکەنـەوە، ئەمـەش وای کـردووە کوردیـش بێتـە هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی زانیـاری بـە راسـتی لـە سـەر کۆنەکرێتـەوە بـە هەرحـاڵ لێـرەدا هەوڵمانـداوە کـە زیـادە رۆیـی نەکەیـن و زانیـاری دراوەکان و بـەراوردو مەزندەکانمـان نزیکبیـن لـە راستیەوە بابەتیکـی تـر کـە دەبێـت بـە سـەرنجەوە تێـی بڕوانیـن ئەوەیـە کـە دیمۆگرافیـای ئەمـڕۆی کوردسـتان بـە بـەراورد بـە سـەدەکانی ڕابـردوو زۆر گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە، ئەمـەش وای کـردووە کـە بەشـێك لـەو جوگرافیایانـەی کـە پێـش سـەد سـاڵ یاخـود ٧٠ساڵ مۆرکـی کوردسـتانیان پێـوە بـووە، لـە ئەمـڕۆدا ئـەو مۆرکـە زۆر کاڵبۆتـەوە. نمونەشـمان بـۆ ئـەوە لـە باشـوری کوردسـتاندا بـەدرە، جەسـان، شـارەبان وناوەنـدی شـاری موسـڵە، لـە رۆژهـەڵات هەمـەدان و لـە باکـور ناوچەکانـی رۆژئـاوای مـەرەش قۆچگـری و دیلۆکـە، کـە هەتـا نیـوەی یەکەمـی سـەدەی ڕابـردوو بەشـی زۆری دانیشـتوانەکانیان کوردبـوون و مۆرکـی کوردیـان پێـوە بـوو، بـەڵام لـە ئەمـڕۆدا ڕێـژەی کـورد بووەتـە کەمینـە لـەو ناوچانـەدا. بـە هەرحـاڵ دەکرێـت بەمشـێوە بـاس لـەم بابەتـە بکەیـن؛

**یەکەم** :جوگرافیای سیاسی و ئیداری کوردستان

وەکـو لـە بڕگـەی (ا)ی بەشـی یەکەمـدا باسـمان کـرد ڕووبـەری خاکـی کوردسـتان بـە نزیککراوەیـی نزیکـەی (٤٥٠-٥٠٠)هـەزار کیلۆمەتـر چـوار گۆشـەیە. ئـەم ڕووبـەرە لـە ڕووبـەری ئەمـڕۆی ئێـراق و سـوریا و سـەرجەم وڵاتانـی عـەرەب لـە ئاسـیادا گـەورە تـرە بێجگـە لـە شانشـینی سـعودیە هەروەهـا لـە رووبـەری تورکیـا بەبـێ کوردسـتان گەورەتـرە واتـە ئەگـەر کوردسـتان قەوارەیەکـی سـەربەخۆو جیاکـراوە بوایـە لـەو دەوڵەتانـەی کـە سەردەسـتن لـە سەرکووردسـتان ئـەوا دەبـووە چوارەمیـن وڵاتـی رۆژهەڵاتـی ناویـن لـە ڕووی جوگرافیـاوە لـە دوای سـعودیە، ئیـران و میـسر ئـەم جوگرافیایـە بـە تەنیـا کـوردی تێـدا نـاژی بەڵکـو کـورد زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی پێکـدە هێنێـت، لـە گـەڵ کـورددا نەتـەوەو پێکهاتـەی تـر لـە کوردسـتاندا دەژیـن و لـە بڕگەکانـی ئاینـدەدا باسـیان دەکەیـن. هاوکاتـی ئەمـە کوردیـش تەنیـا لـەم کوردسـتانەدا نـاژی بەڵکـو لـە جەندیـن جوگرافیـاو وڵاتـی تـردا دەژی و لـە داهاتـودا ئاماژەیـان پێدەکەیـن. جوگرافیـای کوردسـتان لـەڕووی سیاسـی و ئیداریـەوە دابەشـکراوە بـە

سەر هەرچوار دەوڵەتی تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریادا هەرلەبەر ئەمەیە دەگوتریت کوردستان چوار پارچەیە، هەندێك نوسەرو سیاسەتمەدار دەستەواژەی کوردستانی تورکیا، کوردستانی ئێران، کوردستانی ئێراق و کوردستانی سوریا بەکار دەهێنن. بێگومان بێشکچی گوتویەتی ئەمانە هیچ جێگە بۆ کوردستانی کورد ناهێڵنەوە هەندێکی تر وشەکانی کوردستانی باکور، کوردستانی رۆژهەڵات، کوردستانی باشورو کوردستانی رۆژئاوا بەکار دەهێنن. هەرچەندە لەم ناو لێنانەدا دان بە هەبوونی کوردستاندا دەندرێت و ناسنامەی کوردستان و دەوڵەتانی سەردەست لەیەکتر جیادەکرێنەوە، بەڵام لێرەشدا کوردستان وەکو چوار کوردستان سەیردەکرێت و ئەمەش وادەکات دۆزی کورد وەکو چوار دۆز سەیربکریت و لە یەکتریان دابڕن ئەمەش کوردو دۆزەکەی لاواز دەکات، هەربۆیە من لێرەدا دەستەواژەی باکور، رۆژهەڵات، باشور و رۆژئاوای کوردستان بەکار دەهێنم و کاتێك باس لەگشتی کوردستان بکەم تەنیا کوردستان بەکار دەهێنم واتا کوردستان و دۆزی کورد وەکو یەك دۆز و وڵات دەگرمە دەست و لەیەکتریان دانابڕم.

١ ـ باکوری کوردستان

لەشەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ بەدواوە کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانییەوە، لەدوای پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣و ئەنقەرەی ١٩٢٦ بەفەرمی بووە بە بەشێك لە کۆماری تورکیا ڕووبەرەکەی نزیکەی(٢٢٥-٢٦٠) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت، واتا روبەرەکەی نزیکەی نیوەی روبەری هەموو کوردستانە. ڕووبەرەکەی دەوروبەری سێ یەکی ڕووبەری تورکیایە. لە زمانی فەرمی تورکیادا بەشێکی بە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و بەشێکی بە باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و بەشێکیشی بە باشوری رۆژئاوای ئەنادۆڵ دەناسرێ. بەپێی سەرژمێری فەرمی عوسمانی کە لە ئەرشیفی سۆڤێتیدا پارێزراوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە رێژەی کوردی موسڵمان لە هەرێمەکانی دیاربەکر، ئەلعەزیز، وان، بەدلیس، ئەرزەرۆم و سێواس ٧٩٪ی دانیشتوان بووەو ڕێژەی ١٥,٥٪ی ئەرمەنی بووەو خەڵکی تریش ٤,٥٪ دانیشتوانیان پێکهێناوە. لەو سەرژمێریەدا باس لەوە کراوە کە کوردی مسوڵمان (٣,٠٤٠,٨٩١) کەسن. واتا کوردی ئێزیدیشیان نەخستۆتە سەر ئەم ژمارەیە، خۆ ئەگەر کوردی ئێزیدی بخرایەتە سەر ئەم ژمارەیە، ئەوا ڕێژەکە ٨٠٪ ی تێپەڕ دەکرد. بەڵام بەپێی سەرژمێری ئینگلیزەکان لەو سەردەمەدا ژمارەی کورد(١,٨٨٧,١٠٣)کەس بوون و رێژەی ٦٩٪ی دانیشتوانیان پێك هیناوەو ئەرمەن لە ٢٤٪ و مەسیحی ٧٪ دانیشتوانیان پێك هێناوە. بەڵام بەپێی پەرتوکی زەرد رێژەی کورد ٧٣,٥٪ی دانیشتوانی هەرێمەکە پێکدێنێت و ژمارەکەشی (٢,٦٦٩,٣٨٦)کەس بووە و ئەرمەنەکان لە ١٨,٥٪ی دانیشتوانیان پێکهێناوەو ڕێژەی ٧,٥ ٪یش خەڵکیتر بوون ئەم سێ سەرچاوەیە ئەو راستیەمان پێ دەڵێن کە رێژەی کورد لە باکوری کوردستاندا بەلای کەمەوە لە٧٠٪ی دانیشتوانی پێکهێناوەو ژمارەکەشی لە(٢) ملیۆن کەمتر نەبووە و لە گشتی تورکیاشدا خۆی لەسێ ملیۆنداوە. ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێن لەکاتی دروستبوونی کۆماردا، کورد زیاتر لە سێ یەکی رێژەی دانیشتوانی

تورکیـای پێکهێنـاوە. ئـەوەی سـەرنج ڕاکێشـە ئەوەیـە بەپێـی سـەرژمێری سـاڵی١٩٥٥ ی تورکیـا، کـە هێشـتا سیاسـەتی ئاسیملاسـیۆن نەگەیشـتبووە هەمـوو گونـدو ناوچەکانـی کوردسـتان، زیاتـر لـە(١,٥) ملیـۆن هاوڵاتـی لـە تورکیـا هەبـوون کـە تەنیـا کوردیـان زانیـوەو زمانـی تورکیـان نەزانیـوە بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی لـە تورکیـادا نکۆڵـی لـە کـورد دەکرێـت و لـە کاتـی سـەرژمێرییدا ئامـاژە بـۆ ناسـنامەی نەتـەوەی ناکرێـت، ناتوانرێـت بەتـەواوی ژمـارەی کـورد لـە تورکیـادا دیـاری بکرێـت. بـەڵام بەپێـی ئـەو ڕاسـتیە زانراوانـەو ئـەو سیاسەتانەشـی کـە دەوڵەتـی تورکیـا بەڕێـوەی بـردووە بـۆ تواندنـەوەو ریشەکێشـکردنی کـورد، دەکرێـت بگوترێـت لـە رۆژگاری ئەمڕۆمانـدا زیاتـر لـە ٢٠ملیـۆن کـورد لـە تورکیـادا دەژیـن و رەنگـە ئـەم ژمارەیـە بگاتـە زیاتـر لە٢٥ملیۆنیـش چونکـە سـەر ژمێـری فەرمـی تورکیـا لـە سـاڵی ٢٠١٥ دا ٧٦ملیـۆن بـوو. ئەگـەر سـێ یەکـی ئـەم ژمارەیـە کـورد بێـت ئـەوا دەوروبـەری ٢٥ ملیـۆن دەکات. خـۆ ئەگـەر ئـەوە ڕەچـاو بکەیـن کـە خێزانـی کـورد منداڵیـان زیاتـر دەبێـت لـە خێزانـی تـورك ئـەوا رەنگـە ئـەم رێژەیـە بـە سـودی کـورد زیـادی کردبێـت. بـەڵام کاتێـك سیاسـەتی ئاسیملاسـیۆن و ئینتیگراسـیۆن لـە بەرچـاو بگریـن، ئـەوا رەنگـە هاوکێشـەکە بـە سـوودی تـورك تـەواو ببێـت و ئەمـەش لـە گۆرەپانـی کرداریـدا دەبینیـن. هەربۆیـە گوتـم لـە ئێسـتادا زیاتـر لە(٢٠)ملیـۆن کـورد لـە تورکیـادا دەژیـن یـان هاوڵاتـی تورکیـان بێگومـان ئـەم ژمارەیـەش هەمـووی لـە کوردسـتاندا نیشـتەجێ نییـن. بەهـۆی ئـەو سیاسـەتەی لـە سـاڵی (١٩٢٤)وە دەوڵەتـی تورکیـا لـە چوارچێـوەی یاسـاکانی چاکسـازی رۆژهـەڵات لەسـاڵی (١٩٢٥)یاسـای نیشـتەجێکردنی بـەزۆری سـاڵی (١٩٢٦)و یاسـا تایبەتەکانـی (یاسـای ژمـارە (١٨٨٤)ی ١٩٣٥/١١/٢٥ کـە تایبـەت بـووە بـە گۆڕینـی دیمۆگرافیـای دێرسـیم و دەوروبـەری) گرنگـی نـەدان بـە کوردسـتان ژمارەیەکـی زۆری کـورد بـە ناچـاری چوونەتـە مەترۆپۆڵەکانـی تورکیـا یـان بردراونەتـە ناوچەکانـی تـری تورکیـا، هەربۆیـە ئێسـتا دەگوترێـت ئەسـتەنبوڵ گەورەتریـن شـاری کوردنشـینە، چونکـە زیاتـر لـە سـێ ملیـۆن کـوردی تێـدا دەژی. بـە گشـتیش مەزەنـدە دکرێـت یـەك لەسـەر سـێی کـورد لـە شـارەکانی تورکیـا و ئەوروپـا بژیـن و تەنیـا دوو لـە سەرسـێی گەلـی کـورد لـە کوردسـتان بـژی.

بەپێـی سیسـتمی ئیـداری ئەمـڕۆی تورکیـا لـە کـۆی (٨١) پارێـزگای تورکیـا، کـورد لـە (٢٥)پارێـزگای رۆژهـەڵات و باشـوری رۆژهەڵاتـی تورکیـا هەتـا نزیکـی دەریـای سـپی زۆرینـەی دانیشـتوان پێکدێنێـت یاخـود بـە رێژەیەکـی زۆر تێیـدا نیشـتەجێن و ئـەوەش ئـەو جوگرافیایـە کـە هەتـا سـاڵی ١٩١٥لـە دەوڵەتـی عوسـمانییدا بـە کوردسـتان دەنـاسراو لـە یەکەم(ئەنجومەنـی مەزنـی گـەل) کـە بـە دەستپێشـخەری مسـتەفا کەمـال لە١٩٢٠\٤\٢٣لـە ئەنقـەرە دروسـت بـوو نوێنەرانـی ئـەم هەرێمانـە کە(٧٢)نوێنـەر بـوون لـە کـۆی (٢٣٣) نوێنـەری هەمـوو ئەنجومـەن، پێیـان دەگوتـرا نوێنەرانـی کوردسـتان. ئـەو پارێزگایانـەش لـە(٢٠٦) قەزاو(٥٤٥-١٢)گونـد پێکهاتـوون کـە رێـژەی٧٠٪ زیاتـری قـەزاو ناحیـەو گوندەکانیـش کوردنشـینن. رووبـەری ئـەم پارێزگایانـە پێکـەوە (٢٦٧,٣٥٤)کیلومەتـری چـوار گۆشـەیە، بێگومـان هەندێـك ناوچـەی تـری کـوردی لـە سـنوری پارێزگاکانـی ئەنتاکیـە و عوسـمانیە و ئەدەنـە بونیـان هەیـە و ئەگـەر ئەوانـەش بخرێتـە سـەر سـنوری ئـەم ناوچانـە ئـەوا رەنگـە

رووبەرەکەی(٢٧٠هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە تێپەر بکات بەڵام بێگومان بەهۆی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیاوە بەشێکی زۆری پارێزگا کانی ڕۆژئاوای رووباری فورات لە وێنەی دیلۆك، گرگوم(مەرەش)، سەمسور(ئەدیامان) و قۆچگیری(سێواس) و لە باکورەوە پارێزگاکانی ئەرزرۆم، ئەرزنجان و ئەردەخان لە ئێستادا رێژەی کورد زۆرتێیاندا کەمبوەتەوە. ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایانە بەپێی سەرژمێریساڵی (٢٠٠٠)ی تورکیا کە(٦٤,٢٥٢,٠٠٠)کەس بووە، (١٤,٥٠٣,٧٠٨) کەس بووە. بەپێی سەرژمێری یاخود ژماردنی دەگدانی سەرۆك کۆماری ٢٠١٤\٨\١٠کە ژمارەی دانیشتوانی (٧٤)ملیۆن بووە مەزدە دەکرێت ژمارەی دانیشتوانانی ئەم هەرێمە(١٧)ملیۆن بێت. بەگوێرەی هەمان سەرژمێری پێدەچێت کەزیاتر لە (٦)ملیۆن کورد لەشارەکانی تورکیا بژین. سنوری ئیدارەی پارێزگاکانی باکوری کوردستان بەمشێوەیە:

ئامەد؛ شارێکی دێرینی کوردستانەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەم بەرلەزایین. لەسەردەمی ئاشورییەکانداو بەتایبەتی لەساڵانی (١٣٠٠پ.ز) بەئامێد یان ئامێدا ناسراو بووەو دواتر بەئامەدی ڕەش ناسرا چونکە زۆربەی بیناسازییەکانی بەبەردی ڕەش کە لەچیای (قەراجداغ) ئانیبوون دروست کرابوو. دواتر لەسەردەمی ئیسلام وعەرەبدا بەدیاری بەکر ناسراو پاشان بووە دیاربەکر. ئێستا لەناوچەماوەری کورددا بەئامەد دەناسرێت و لەلای دوڵەتیش ناوی (دیاربەکر) ە. ئامەد لەناو کوردا بەپایتەختی کودستانی گەورە دەناسرێت. لەسەردەمی دروستبوونیەوە هەتا ئێستا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەمێژووی کوردستان وگەلی کوردا. لەسەدەی یازدەیەمدا ماوەیەك پایتەختی مەروانیەکان بووە. ئامەد بەشورا گەورەکەی کەلەدوای شورای چینەوە بەمەزنترین شورا دادەنرێت و بەپردی دە دەرگاو شوتی گەورە بەناوبانگە. ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی(٢٠٠٥) (١,٣٦٢,٧٠٨)کەسەو (١٣)قەزای هەیە کەئەمانەن؛ بیسمل، سامکوس یان(چێرموگ)، چنار، چنگوش، پیران(دیجلە)، ئەگل، ئەرخەنی، هێنێ(هانی)، کارازێ، پاسور(قوڵپ)، لیجە، فارقین(سیلفان) و حەزرۆ. (١٨٤٤)گوندیش لەسنوری ئەم پارێزگایەدا هەیە.

ئاگری؛ شارێکی دێرینەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی هۆریەکان ولەسەردەمی ئۆراتۆییەکاندا رۆڵی گرنگی بینیوەو بە(قەرەکۆسە)ش دەناسرێت. شاری ئاکری ناوەکەی لەچیای ئاکری وەرگرتوەو بەهۆی گڕکانەکەیەوە بەئاگری ناسراوە ئەم شاروناوچەیە لەساڵی ١٩٢٧هەتا١٩٣٠أ دا ڕۆڵێکی ناوەندی بینی لەتێکۆشانی گەلی کوردا. ئەم پارێزگایە ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری (٢٠٠٥) (٥٢٨,٧٤٤)کەسەو حەوت قەزای هەیە کەبریتین لە: پاتنۆس، تۆتاك، هامور، ئەلەشکریت، تاشلیچای، دیادین، بایەزید. لەسنوری ئەم پارێزگایەدا (٥٦٨) گوند هەیە، کەبەشێکی زۆریان لەلایەنی دەوڵەتەوە خاپورکران.

بەدلیس؛ (بەتورکی دەگوترێت بتلیس) ناوی لەفەرماندارێکی ئەسکەندەرەوە دێت کەناوی (بەدلیس)بووەو قەڵایەکی لەوناوچەیەدا دروست کردووە، ئەم ناوچەیە لەسەردەمی ئۆرارتۆدا رۆڵی زۆربووە. شاری بەدلیس لەهەزارەی دووەمی زایینی رۆڵێکی ناوەندی بینیوە لەڕووی ئایین و ئیدارییەوە، بەتاییبەتی لەسەدەی (١٥و١٦)داو لەسەردەمی بنەماڵەی شەرەفخانی

بەدلیسیدا رۆڵێکی زۆردیاریان هەبوو. ئەم پاێزگایە ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥، (٣٨٨,٦٧٨)کەس بووەو شەش قەزای هەیە؛ تاتوان، موتکی، هیزان، گورویماك، خەلات و عادل جەواز هەروەها(٣٣٧)گوندیشی هەیە.

چەولیك؛ هەتا ساڵی ١٩٣٦ بە(چاپاکچور )دەناسرا لەوساڵەدا کرایە پارێزگا وناوی کرا بە(بینگۆڵ)، تورکەکان دەڵێن ئەو ناوە بەهۆی زۆری دەریاچە (گۆل)ی بچوك لەوهەرێمەدا ناو نراوە، چونکە بەتورکی بە دەریاچە دەڵێن گۆل. بەڵام تێڕوانینێکی تر هەیە کەدەڵێت ئەوناوە لەوەوە هاتووە کە ئەو ناوچە گوڵی زۆری تێدایەو هەمیشە بۆنی گوڵی لێ دێت و بەکورمانجی ژوورینیش بە گوڵ دەڵێن گول، ناوی ناوچەکەش (بێن گول)ە کە بەواتای بۆنی گوڵە. ئەم پارێزگایە حەوت قەزای بەناوەکانی گەنج، سۆلهان، کارلی ئۆفا، ئاداکلی، یایلە دەرە، کغی و یەدی سو هەیەو (٣١٨)گوندیشی هەیە. بەپێی هەمان سەرژمێر، ژمارەی دانیشتوانی (٢٥٣,٧٣٩) کەسە.

دێرسیم؛ شارێکی مێژوییە لەباکوری کوردستان وناوەندی عەلەویگەریداو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ناوەندی میرنشینی چەمشگەزەك بووەو لەسەردەمی کۆماری تورکیاشدا ڕووبەڕووی کۆکوژی گەورە بوەتەوە، بەتایبەتی لەساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ دا. حەوت قەزای بەناوەکانی چەمشگەزەك (مەلکشی)، خۆزات، مێزکر، قسلە (نازمیە)، پولور( ئاڤاچوخێ -زەرەنك)، پێرتەگە و پلەمۆریە هەیەو (٣٧١) گوندیشی هەیە. دێرسیم ناوەندەکەی پێشی دەگوتریت (مامەکیا)، بەڵام لەدوای سەرکوتکردنی بەرەنگاربونەوەکانی سەید رەزاو چەماوەری ناوچەکە لەساڵانی ١٩٣٧و ١٩٣٨ دا دەوڵەتی تورکیا ناوەکەی گۆڕی بە(تونج ئەلی )بەواتای دەستی ئاسنین لەمەشدا مەبەستی ئەوەبوو کەبەدەستی ئاسنین ئەو دەرگا بتەوەی کوردیان شکاند(چونکە دێرسیم، بەزمانی هەرێمەکە بەواتای زیو و قایم دێت. بەپێی سەرژمێری ساڵی( ٢٠٠٥ )ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (٩٣,٥٨٤)کەسە.

دیلۆك؛ یان دوولوك ئەم ناوە لە ناوی قەڵای دیلۆکەوە هاتووە کە کەوتۆتە باکوری شارەکەو گردێکیش لە باکوری قەڵاکە هەیە ناوی (کورد تەپە)یەو دەوڵەوتی تورکیا ناوی ئەو تەپەیەی کردە تورك تەپەو ناوی دیلۆکیشی گۆڕی بە (غازی ئەنتاب). ئەم شارە یەکێکە لە شارە گەورەکانی باکوری کوردستان و تورکیاو شارێکی پیشەسازیە. ئەم شارە نۆ قەزای هەیە بە ناوەکانی: کەلە (ئەرەبان)، ئیسلاحییە، گرگامێش (کارکامش)، بێلقیس (نزیب)، کۆمرلحە (نورداخ)، تخ بشار (ئۆغوز عەلی)، چن چن (چین گڤە)، ئالێ بان(شەهید کامل)، مەژماخۆر(شاهین بەی). (٤٩٤) گوندیشی هەیە. بە پێی هەمان سەرژمێری، ژمارەی دانیشتوانی (١,٢٨٥,٢٤٩)کەسن.

خەرپوت؛ (ئەلعزیز یان ئەلازیغ) ئەم پارێزگایە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای چەمی فوراتەوەو ناوی خەرپوت لە قەڵای خەرپوتەوە هاتووە. دە قەزای هەیە؛ مباران(ئاریجاك)، ئالەجەکایا(خولامان)، مادەن، سیڤرجی، باسکیل، کەبان، پاڵۆ، کۆڤانجیلەر، قەرەقۆچان و ئاخن) بە پێی هەمان ژمارەی دانیشتووانی (٥٦٩,٦١٦)کەسە.

ئەلیح (باتمان)؛ ئەم پارێزگایە نوێیەو ناوچەیەکی زەنگینە بە نەوت. پێنج قەزای بە ناوەکانی

قوبین(بەشیری)، کەرجۆس(کەرجوش)، حەسکیف(حەسەن کێف)، حەزۆ(قۆزلوك)، قابل جەوز(ساسۆن) هەیەو (٢٦٩) گوند لە سنوری ئەم پارێزگایەدا هەیە. بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە ٤٥٦،٧٣٤ کەسە.

ئەردەخان(ئەردەهان)؛ ساڵی ١٩٩٢ بووە بەپارێزگاو دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی باکوری کوردستانەوە. پێنج قەزای بە ناوەکانی گۆلە، چلدر، هاناك، دامال، پۆسۆڤ هەیەو ٢٣٧ گوندیشی دەکەوێتە سنوری ئەم پارێزگایەوە و بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی ١٣٣،٧٥٦ کەسە.

ئەرزنجان؛ شارێکی مێژوویيەو کەوتۆتە سەر رێگای ئاوریشم و لە سنوری ئەم پارێزگایەدا هەشت قەزا هەیە بە ناوەکانی؛ تەرجان، ئۆتلوك بەلی، چایرلی، ئۆزملو، کەماح، گێرجانس(رەفاحیە)، ئیلیچ، کەمالیە هەیەو ٥٣٤ گوندیش دەکەونە سنورییەوە. بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتووانی ئەم پارێزگایە ٣١٦،٨٤١ کەسە.

ئەرزروم؛ گەورەترین شاری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەو لە بناری چیای پاڵاندۆك هەڵکەوتووە، مەزەندە دەکرێت (٤٩٠٠پ.ز) دروست کرابێت. لە سەردەمە یەك لەدوای یەکەکانی مێژوودا رۆڵی هەبووە. پێشتر ناوی ئەرزەن بووەو دواتر وەردەوەردە بووە بە ئەرزرۆم. ئەم پارێزگایە (١٠٣٧) گوندی هەیە و ١٨ قەزاشی هەیە کە ئەمانەن؛خنس، قەرەچۆبان، چات، تەکمان(تاتۆس)، قەرەیاز(گۆگس)، ئاسقەلە، ئیلیجا، پاسنلەر، کۆپروکۆی، خۆراسان، تۆرتوم، نارمان، پازاریۆلو، ئیسپر، ئوزو دەرە، ئولتو، شەن قایا، ئۆلور. بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ سەرژمێری ئەم پارێزگایە (٩٣٧،٣٨٩) کەسە.

ئیدر ( ئخدر)؛ دەکەوێتە رۆژهەڵاتی چیای ئاگری و لە سەر سنوری ئەرمەنستانەو شارێکی مێژوویە و شوێنەواری سەردەمە کۆنەکانی تێدایە لە وێنەی "هۆری - ئۆرارتو - ئیسکیت - و بیزەنتی و ئیسلامی سێ قەزای هەیە بە ناوەکانی (ئۆزلوجە - قەرەقۆینلو - ئارالق ) و (١٥٧) گوندیشی هەیە و بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ سەرژمێری ئەم پارێزگایە (١٦٨،٨٣٤) کەسە.

مەلەدی(مەڵاتیا)؛ شارێکە لە کۆنەوە لە سەر رێگای بازرگانی بووە، (١٠٠٠پ.ز) کۆمەڵە خەڵکێك لەم ناوچەیە ژیاون پێیان وتراوە میلیدی، دەگوترێت ناوی شارەکە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە. (١٣) قەزای هەیە : دۆغان شەهر - پوتورگە - دۆغان یۆل - قەلە - بەتاڵا گازی - ئاغچەداغ - یەشیل یورت - یازیهان - دارەندە - حەکیم خان - ئارگوڤان - قولنجاك - ئارەپ گر - بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (٨٥٣،٦٥٨) کەسە.

مێردین(ماردین)؛ شارێکی کۆنەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئاشوورییەکان، قەڵایەکی لێ بووە بە قەڵای (مارد) ناسراوە، دەگوترێت ئەم ناوە بۆ ئەو خەڵکە دەگەڕێتەوە کە هەزارەی دووەمی پێش زایین لەو هەرێمە ژیاون. فارسەکان ناوەکەیان کردووە بە (ماردە)، بیزەنتیەکان ناویان ناوە (ماردیا) و عەرەب ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ ماردین کوردیش پێی دەڵێت (مێردین) لە ئێستادا زۆر شوێنی مێژوویی تێدایە. ئەم پارێزگایە (٩) قەزای هەیە

کـە ئەمانـەن: کەربۆران(دارگەچیـت)- دێـرك - کۆسەر(قۆسـەر-قزڵ تەپـە)- شـەمرەخ (مـازی داغ)- میدیـاد- نسـێبین - مەهسـەرتێ(ئۆمەرلی) - ستەور(سـاڤور)- ڕشـمل (یەشـیلی)، هەروەهـا (٥٦٨) گوندیـش دەکەونـە سـنوری ئـەم پارێزگایـەوەو بەپێـی سـەرژمێری سـاڵی ٢٠٠٥ ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم پارێزگایـە (٧٠٥,٠٩٨) کەسـە.

مـوش؛ مێـژووی ئـەم شـارە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی ئۆرارتوویيـەکان و بـە توتنـی موشـی بۆنـدارو بەڕیشـاڵ بـە ناوبانگـە. ناوەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هۆزێـك کـە لەهـەزارەی یەکەمـی پێـش زایینـدا لـەو هەرێمـە ژیاون و بـە پێـی بەڵگـەی ئاشـووریەکان ناویـان موشـکۆ یـان موسـکۆ بـووە. (٥) قـەزای هەیـە کـە بریتیـن لـە؛ حەسـکۆی - قۆرقـوت - بوڵانـق - گمگم(وارتـۆ) - مەلازگـرت. (٣٦٠)گوندیـش دەکەونـە سـنوری ئـەم پارێزگایـەوە، بەپێـی سـەرژمێری سـاڵی ٢٠٠٥ ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم پارێزگایـە (٤٥٣,٦٥٤) کەسـە.

قـارس؛ ئـەم هەرێمـە ساردترین ناوچـەی کوردسـتانەو دەکەوێتـە سـنوری ئەرمەنستانەوەو ژیـان لـەم هەرێمـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ (٨٠٠٠.پ.ز) و ٧ قـەزای بـەم ناوانـە هەیـە؛ کاغزمـان - سـاری قامـش - دیگـۆر - سـەلیم - ئـاق یاقـا - ئارپاچـای - سوسـوز - (٣٨٢) گوندیشـی هەیـەو بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی ٢٠٠٥ ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم پارێزگایـە (٣٢٥,٠١٦) کەسـە.

ڕەهـا (ڕوهـا) یاخود(ئۆرفـا)؛ ئـەم شـارە یەکێکـە لـە کۆنتریـن شـارەکانی جیهـان و لـە رۆژهەڵاتـی ئـەم شـارە شـوێنەواری (خـەراب ڕەشـك) هەیـە کـە بـە کۆنتریـن شـوێنەواری نیشـتەجێبوونی مـرۆڤ دادەنرێـت و لـە ئێسـتادا لـە ژێـر لێکۆڵینەوەدایـە، مێـژووی نوێـی شـارەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی خانەدانـی ئـۆر، هەربۆیـە هەندێـك نوسـەرو لێکۆڵـەر بـە ئۆرفـا بـە نـاوی دەکـەن. ئـەم شـارە دەکەوێتـە دەشـتی (حـەران)ەو جێگـەی ژیانـی پەیامبـەر ئیبراهیـم بـووەو لەبـەر ئەمـە بـە شـاری پێغەمبـەران دەناسرێـت. ئـەم پارێزگایـە دە قـەزای هەیـە، کـە ئەمانـەن: کانـی غەزالان(ئاقچـە قـەڵا) - پرسـوس (سروج) - هەواگ(بـۆز ئۆڤـا)- سـەری کانی(جەیـلان پنـار) - خەلفەتـی - هـاران - جورنـێ ڕەش(حیلـوان) - سیوێرەك(سـێوەرگێ - سـیڤەرەك)- بێرەجـوگ (بیرەجـك) - وێرانشـار. ئـەم پارێزگایـە (١٠٧٨) گونـدی لـە خۆگرتـووە، بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی ٢٠٠٥ ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم پارێزگایـە (١,٤٤٣,٤٢٢)کەسـە.

سەمسـور(ئادیامان)؛ پێشـتر لـە سـەردەمی عوسـمانیدا نـاوی (حەسـەن شـور) بـووە رەنگـە نـاوە کوردییەکـەی هـەر لـەو نـاوەوە هاتبێـت بـە شـێوێنەوارەکانی چیـای نەمـرود بـە ناوبانگـە. (٨) قـەزای هەیـە، کـە ئەمانـەن: بێسـنی (بەسـنە)- چێلیـکان - ئالدوش(گەرگـەر) - سەرگۆل(گۆلباشـی) - کۆلیـك (قەحتـا) - سەمیساد(سامسـان) - سـنجق - تـوت. (٣٩٥) گونـد دەکەونـە سـنوری ئـەم پارێزگایـەوە. بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی ٢٠٠٥ ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم پارێزگایـە (٦٢٣,٨١١) کەسـە.

سێرت(سـیرت)؛ لـە سـەردەمی ئیسـلامدا بـە نـاوی (سـعرت) رۆڵـی دەردەکەوێـت و نـاوی ئێستاشـی هـەر لـەو نـاوە عەرەبییـەوە هاتـووە. شـەش قـەزای هەیـە کەئەمانـەن: تیلـۆ ( ئایدینلـەر) - هەوێل(بایـکان) - دهـێ (ئـەرۆ)- مسریـج (کـوردەڵان -کـورت ئـالان) -خسـخێر(پەرواری)-

شێروان(کوفرا - شیرڤان). ئەم پارێزگایە (٢٧٤) گوندی هەیە بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانەکەی (٢٦٣,٦٧٦)کەسە.

شڕناخ؛ ئەم شارە لە نزیکی چیای جودییەوەیەو بە شاری نوح دەناسرێت، دەگوترێت ناوەکەی لە (شاری نوح)ەوە هاتووە شەش قەزای بە ناوەکانی - ئەلکێ - بیت و شەباب - جزیر (جزرە) - باسێ (گوچلوقۆناخ) - هەزەخ (ئیدل) - سلۆپی -قلەبان(ئولودەرە) هەیە، (٢٣٠) گوندیشی هەیەو بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (٣٥٣,١٩٧) کەسە.

وان (ڤان)؛ شارێکی دێرینەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هۆری و میتانییەکان و لە سەردەمی ئۆرارتۆشدا ڕۆڵی هەبووە. لەو سەردەمەدا ناوی (توشبا) بووە دواتر ناویان کردووە بە (واین) کە دەگوترێت ناوی کەسایەتێکی ئۆرارتۆ بووەو ئاشوریش ناوەکەیان گۆڕیوە بە (نایری). ئەم شارە بە پشیلەی تایبەت کە هەر چاوێکی ڕەنگێکەو بە گۆلی وان بەناوبانگەو شوێنی مێژویشی زۆرە. (١١) قەزای هەیە : موکس (باخچە سەرای) - ئەلباك(باشقەڵا)- بایز ئاغا (ئەبەخ - چاڵدێران) - شاخ (ساتاخ - چەتاخ) - ئەرتەمێتان(ئەدرەمید)-- ئەردش( ئەرجش) - وەستان (گەڤاش) - پایزئاوا (خاوەشۆر - گورپنار) - بێگری (مورادییە) - ئەبەخێ (قەرقەلی - ئۆزالپ) - سێرێ (مەحمودیە). (٥٧٨)گوندی هەیە و بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی (٨٧٧,٥٢٤) کەسە.

جۆلەمێرگ (هەکاری - خاکاری)؛ جۆلەمێرگ ناوەندی پارێزگای هەکارییەو ناوی هەکاری لە میرنیشینی هەکارییەوە هاتووە ئەم پارێزگایە دەکەوێتە سەر سێ سنوری باکور، ڕۆژهەڵات و باشورو ناوچەیەکی شاخاوییە سێ قەزای بە ناوەکانی گەڤەر (یوکسەك ئۆڤا) - شەمزینان (شەمدینلی) و چەلێ (چکۆرجا) هەیەو (١٢٧) گوندی هەیە بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانەکەی (٢٣٦,٥٨١) کەسە.

مەرەش(گرگوم)؛ سنوری باکور و ئانادۆل و دەریای سپی پێکەوە دەبەستێتەوە زۆربەی دانیشتوانی کوردی عەلەوین و دەوڵەت زۆرکاری لەسەرکردووە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی و لە ساڵی ١٩٧٨ کۆمکوژییەکی مەزنی لە شارە ئەنجامداو بەهۆیەوە کۆڕەویەکی مەزن لەو هەرێمە ڕوویدا. (٩) قەزای بە ناوەکانی : پازارجك، (کورد)تورك ئۆغلو - ئاندرن - چاغلایان جەرت - نورهەق - ئەلبستان - ئەکین ئوزو - ئاڤشین - گۆکسون :(٤٧٦) گوندیش لەم پارێزگایە هەیە بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (١,٠٠٢,٣٨٤)کەسە.

قۆچگری( سێواز- سێواس): سنوری باکوری ڕۆژئاوای کوردستانە لە گەل ئەنادۆڵ بەرەو دەریای ڕەش لە سەدەی بیستەمدا بە ڕاپەرینی قۆچگری دەناسرێتەوە. (١٦) قەزای هەیە: قۆیلحسار - سوشەهری - زارا (قۆچگری) - کامیل ئاوا (ئیمرانلی) - هافیك -یلدزئەلی - شارقشلە - گەمەرەك - کانگال - گورون - دیڤرخی - دۆغان شار - گۆل ئۆڤا - ئالتون بایلە - ئوڵاش - ئاکینجیلەر. ( ١٢٣٥) گوند لە سنوری ئەم پارێزگایەدا هەیە. بە پێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی (٧٥٥,٠٩١) کەسە.

کلیس؛ دەکەوێتە سەر سنوری رۆژئاوای کوردستان لە نزیکی عەفرین سێ قەزای هەیە - ئەلبەیلی - پۆلات ئەلی موسا بەیلی، ( ١٣٦) گوندی لە خۆگرتووە بە پێی سەر ژمێری ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی (١١٤,٧٢٤) کەسە.

٢ ـ رۆژهەڵاتی کوردستان

لەکاتی دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوییەوە لە ساڵی (١٥٠١) بە دواوە ئەم بەشەی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانی سەفەوییەوە لە دوای شەڕی چاڵدێران و دواتر لە پەیمانی قەسری شیرینی (١٦٣٩) دا بووە بەشێك لەو دەوڵەتە. لە سەدەی بیستەمیشدا، دوای داڕشتنەوەی سیستەمی جیهانی لە ژێر دەستی دەوڵەتی ئێراندا مایەوە، نزیکی ئەم بەشەی کوردستان لە فارس و دەوڵەتی ئێران و مانەوەی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە ژێر حوکمرانی ئێراندا ، وەهای کردووە کە زیاتر تێکەڵاوی لە گەل کولتوری ئاریانی بپارێزێت و کاریگەریش بێت بە سیستەمی دەسەڵاتداری ئێران. ئەم بەشەی کوردستان لە رووی جوگرافیاو ژمارەی دانیشتوانەوە دووەم بەشی کوردستانە.
ئەگەر تەنیا هەر چوار ئوستان (پارێزگای) کوردستان - ئورمیە - کرمانشان - ئیلام حساب بکەین (١٢٥) هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە خۆ ئەگەر پارێزگاکانی (خورەم ئاباد) لۆڕستان و بەختیاری (شهر کورد) و ناوچە کوردییەکانی کوهکیلۆییە و بویر ئەحمەد (یاسوج) کە زۆربەی زۆری ئەو سێ پارێزگایەش کوردی لوڕن لەگەڵ ناوچە کوردییەکانی پارێزگای هەمەدان وەکوو (ئەسەد ئاباد- تویسرکان - نەهاوەند و مەلایر) بخەینە سەری ئەوا ڕووبەرەکەی (١٧٥) هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە دەبێت.
بەڵام بە هۆی ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران گرتوویانەتە بەر بۆ سەرکوتکردن و کۆنترۆڵکردنی گەلانی ئێران، لە بن ناوی پان ئێرانیزم و شیعەگەراییدا تا ڕادەیەك دابڕانێکی لە نێوان کورد بوون و لوڕبوونی بەشێك لە لوڕەکاندا دروست کردووە . بێگومان لاوازی جوڵانەوەی کوردی و قەتیسمانەوەی لە هەندێك جوگرافیای داریکراودا لە سەدەی بیستەمدا، دەرفەتی زیاتری داوەتە دەوڵەتی ئێران کە ئەو سیاسەتانە جێبەجێ بکات. هەربۆیە لە ئێستادا بەشێك لە مێژوونووسە پان ئێرانییەکانی ناو لورستانیش لوڕ و کورد لەیەکتری جیا دەکەنەوە ئەمە لە کاتێکدایە کە لوڕستان وەکوو زێدی هەرە دێرینی کوردان و لوڕیش هەتا سەردەمی بالولی مایی و بابا سەرهەنگی دەودان خۆیان بە ڕزگارکەر و نوێکەرەوەی ئایین و کەلتووری کوردان دەزانن. لێرەدا پێویستە باس لەوەش بکەین کە کورد لە ئێراندا تەنیا لە کوردستان ناژی بەڵکوو لە رۆژهەڵاتی ئێران لە خۆراسان و لە باکوری ئێرانیش دەژی. بە گشتی لە کۆی (٣١) ئۆستانی ئێران (٤) پارێزگای ئیلام و کرماشان و کوردستان و ئورمیە کوردستانە و هەر سێ پارێزگای لوڕەستان خوڕەم ئاباد و بەختیاری (شهر کورد) و کوهگیلویە و بویرئەحمەد

(یاسوج) لوڕن و بەشێکیش لە هەمەدان و خوزستانیش کورد و لوڕن. شێروان و قوچان لە خوراسان زۆربەی کوردن. بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٧ی ئێران کە ئێران (٧١,٢٤٣,٠٠٠)کەس بووە. ژمارەی کوردو لوڕ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا لە نێوان (١٥-١٧)ملیۆن کەس دەبێت. سنوری ئیداری رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەم شێوەیەیە:

کوردستان (سنە - سەنەندەج)؛ ئەم شارە مێژووییەکی دێرینی هەیەو ناوەکەشی لە قەڵایەکی مێژووییەوە هاتووە کە ناوی (سنە) بووە و لە کۆندا (دەژ) یاخۆد (دژ) بە واتای قەڵا بەکار هاتووە لە بەر ئەمە بووە بە سەنەندەژ و بە تێپەڕبوونی کات بووە بە سنە. ڕووبەرەکەی (٢٨,٢٣٠) کیلۆمەتری چوار گۆشەیە، لە سەدەی سێزدەیەمەوە هەتا سەدەی نۆزدەیەم پایەتەختی میرنیشینی ئەردەڵان بووە. لە ئێستادا حەوت شارستان (قەزا)ی هەیە کە بریتین لە- مەریوان - بانە - سەقز - دیواندەرە - قروە - کامیاران و بیجار.

کرماشان (کریمیسین)؛ یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان و ئێران لە سەردەمی کۆندا بەکریمبسین ناسراوە. لە سەردەمی شاهەنشاهی ئێراندا خواستیان ناوی بکەن بە کرمانشا بەڵام نارەزایی خەڵکی لێکەوتەوەو کۆماری ئیسلامیش ناوەکەی گۆڕی بۆ باختەران، بەڵام ئەویش سەری نەگرت و ئێستا بە کرماشان دەناسرێت. شارێکی گەورەو پیشەسازییە رووبەرەکەی (٢٤,٤٣٤) کیلۆمەتری دووجایە. لە ئێستادا (١٠) شارستانی هەیە: پاوە - جوانڕۆ - سەرپێڵ زەهاو - قەسری شیرین - گەیلانی غەرب - ئیسلام ئابادی غەرب - هەرسین - سەحنە - کەنگاوەر - سونقور.

ئیلام؛ مێژووییەکی دێرینی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیلامییەکان کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەو ناوچانە باڵادەست بوون، لە ئێستادا شەش شارستانی هەیە: ئەیوان - شیروان وچەرداوڵ - میهران - دهلۆران - ئابدانان و دەرەشار. رووبەرەکەی (١٩,٠٨٦) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی سەرژمێری.

ئورمیە (ئازەربایجانی غەربی)؛ دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان و بە باخی میوە بە تایبەتی سێو بە ناوباگە رووبەرەکەی (٤٣,٦٦٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەم پارێزگایە (١٣) شارستانی هەیە: تکاب - شاهین دژ - میاندوئاو - بۆکان - مهاباد - سەردەشت - پیرانشار (خانێ)- شنۆ - نەغەدە - سەڵماس - چاڵدێران - ماکۆ.

خورەم ئاباد (لوڕستان)؛ دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئیلام و کرمانشانەوە بەشی زۆری دانیشتووانەکەی لوڕ و لەکن و لە کۆندا بە لوڕستانی بچوك ناسراوەو ناوەندەکەی خوڕەم ئابادەو دەگوترێت ئەم ناوەی لە خورەمی هاوڕێی مەزدەك و خوڕەم ئاینەکانەوە وەرگرتووە. رووبەرەکەی (٢٨,٥٥٩) کیلۆمەتری چوار گۆشەیە. (٨) شارستانی هەیە: کۆهدەشت - پل دۆختەر - دلفان - سلسە - بروجەرد - دوو روود - ئەزنا - ئەلیگودەرز.

شار کورد؛ ( چوارمەحال و بەختیاری) ئەم ناوچەیە پێشتر بە لوڕستانی گەورە ناسراوەو لە سەدەی (١٢)هەم هەتا سەدەی (١٧) هەم حکومەتی فەزڵەوی و هەزار ئەسپ حوکمیان

کـردووە، لـە ئێسـتادا بـە پارێـزگای چـوار مەحـاڵ و بەختیـاری دەناسرێـت و ناوەندەکـەی شـاری کـوردە گەلـی ئـەم هەرێمـە لـوڕی بەختیاریـن، ئـەم پارێزگایـە پێنـج شارسـتانی هەیـە - کوهڕەنـگ ( چـل کـورد) - فارسـان - ئـەردل - بروجـن و لـوردگان.
یاسـوج : (کوهکیلویـەو بویـر ئەحمـەد)؛ ئـەم پارێزگایـەش بەشـی زۆری کـوردی بەختیاریـن و ناوەندەکـەی (یاسـوج)ە چـوار شارسـتانی هەیـە - کوهگیلویـە و بویـر ئەحمـەد - دەنـا - گـەچ سـاران -.

### ٣ ـ باشوری کوردستان

ئـەم بەشـەی کوردسـتان هەتـا شـەڕی یەکەمـی جیهـان بەشـێك بـوو لـە دەوڵەتـی عوسـمانی و بەشـی هــەرە زۆری دەکەوتــە نــاو ویلایەتــی موســڵەوە، بەشــێکی کەمیشــی دەکەوتــە ســنوری ویلایەتــی بەغـدادەوە. کێشـەی ئـەم هەرێمـە هاوشـێوەی باکـوری کوردسـتان هەتـا سـاڵی (١٩٢٦) بـە تـەواوی یەکلایــی نەبووبــووەوە، لــەو ســاڵەدا بەتــەواوی یەکلایــی بــووەوەو بــوو بــە بەشــێك لــە دەوڵەتــی نوێـی ئێـراق. رووبـەری ئـەم بەشـەی کوردسـتان ئەگـەر بـە تـەواوی شاروشـارۆچکەکانی کوردسـتان یەکلایـی بکەینـەوە ئـەوا نزیکـەی (٨٦,٢٦٩) کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە، ئـەم رووبـەرەش سـەرجەم سـنوری هـەر چـوار پارێـزگای کەرکـوك - هەولێـر - دهـۆك - سـلێمانی و ژمارەیـەك قـەزاو ناحیـە لــە پارێزگاکانــی موســڵ - ســەڵاحەدین - دیالــەو کــوت لەخــۆ دەگرێــت، بــەڵام لــە ئێســتا تەنیــا پارێزگاکانـی هەولێـر و دهـۆك و سـلێمانی وەکـوو سـنوری هەرێمـی کوردسـتان لەلایەنـی دەوڵەتـی ئێراقـەوە دانـی پێدانـراوە، ئەمـەش نزیکـەی نیـوەی جوگرافیـای باشـوری کوردسـتانە کـە ڕووبەرەکـەی نزیکـەی (٤١)هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە، واتـە زیاتـر لـە (٤٤)هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـەی خاکـی باشـووری کوردسـتان ناکەوێتـە نـاو سـنووری هەرێمـی باشـووری کوردسـتانەوەو بەناوچەکانـی کێشـە لەسـەر لەدەسـتووری ئێراقـدا ناوبـراون، کـە بەسـتراونەتەوە بـە ماددەی ١٤٠ ی دەسـتوورەوە. وەکـوو پێشـتر باسـمان کـرد رووبـەری باشـوری کوردسـتان نزیکـەی (٨٦,٢٦٩) کـم و دانیشـتوانەکەی (٨,٥٦٩,٦٤٧) کەسـە بـەڵام هەمـووی نەکەوتۆتـە چوارچێـوەی هەرێمـی کوردسـتانەوە ئـەو سـنورە ئیدارییــەی هەتــا ئێســتا وەکــوو هەرێــم دانــی پێدانــراوە (٤١,٩٣٩) کــم و دانیشتوانەکەشــی بــە پێــی ئامـاری وەزارەتـی بازرگانـی ئێـراق لـە سـاڵی(٢٠١٣)دا (٥,١٦٩,٦٤٧) کـەس بـووە ئـەو شـارو شـارۆچکانەی کـە نەکەوتوونەتـە سـنوری هەرێمـەوە و لـە لایەنـی ئێراقـەوە بـە کوردسـتان حسـاب ناکرێـت ڕووبەرەکەیـان (٤٤,٣٣٠) کـم و دانیشتوانەکەشـی (٣,٤٠٠,٠٠٠) کەسـەو ئەمـە جگـە لـەو کوردانــەی کــە لــە ناوەنــدی شــارەکانی بەغــداد - موســڵ - دیالــەو - تکریــت و ســامەڕا و ناوچــە ئێراقێکانــی تــر دەژیــن  کــە ژمارەیــان بەلایەنــی کەمــەوە یــەك ملێــون تێپــەڕ دەکات بــەم پێیــە دەکرێـت بگوترێـت ژمـارەی کـورد لـە ئێراقـدا لـە نێـوان (٧،٥ بـۆ ٨)ملێـون کـە دەبێـت“. سـنوری ئیـدارەی باشـوری کوردسـتان بـەم شـێوەیە.

هەولێر ؛پایتەختی هەرێمی کوردستانە، یەکێکە لە کۆنترین ئەو جوگرافیایانەی کە بە درێژایی (٨٠٠٠) ساڵی ڕابردوو جێگەی ژیان بووە، دەگوترێت تەمەنی ژیان لە هەولێر (٨٠٠٠) ساڵە و تەمەنی شارو قەڵای هەولێریش (٥٠٠٠-٦٠٠٠)ساڵ دەبێت. چەند تێڕوانینی جیاواز لە سەر ناوو مێژووکەی هەیە . لە لای عەرەب و ئاشورییەکان بە (ئەربیل) دەناسرێت بە تێڕوانینی ئاشورییەکان (ئەربیل) ئەربائیلۆوە هاتووە کە بەواتای چوار خوداوەند هاتووەو واتا شاری چوار خوداوەند. هەندێك دەڵێن ئەربیل لە(ئاربێل)ەوە هاتووەو ئەوەش بە واتای ئەرزی بێل چونکە پێشتر شارەکان بە ناوی خوداوەندەکانیانەوە دەناسران و (بێل یان بەعل) خوداوەندی باکوری میزوپۆتامیا بووەو ئەم شارەش جێگەی ئەو خوداوەندە بووە، هەر بۆیە بەشاری بێل ناسراوە. ئەم شارە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو بە شاری هۆلاکۆ بەزێن دەناسرێت، چونکە هێزی هۆلاکۆی مەغۆل چەندین جار لە سەدەی سێزدەیەمدا هەوڵدەدا کە ئەم شارە داگیر بکات بەڵام ناتوانێت داگیری بکات هەروەها ئەم شارە بە قەڵاو منارەکەیدا دەناسرێتەوە. لە سنوری پارێزگای هەولێردا حەوت قەزا هەیە: دەشتی هەولێر (بنەسلاوە) - کۆیە - شەقڵاوە - سۆران (دیانا) - چۆمان - ڕەواندز - مێرگەسور بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٠(مەبەست لەو ژمارەیەیە کە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٠ ی ئێراقدا پشتی پێ بەستراوە، چونکە لە ئێراقدا لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە پرۆسەی ئاماری سەرتاسەری ئەنجام نەدراوە) ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (١,٥٣٢,٠٨١) کەسە.

سلێمانی؛ وەکوو شار، شارێکی نوێیەو لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە لە ساڵی (١٧٨٤) دا دروست کراوە. لەسەر ناونانەکەشی چەند تێروانینێك هەیە هەندێك دەڵێن بە هۆی پێوەندی توندوتۆڵی ئیبراهیم پاشای بابان و سلێمان پاشای والی بەغدادەوە ئیبراهیم پاشا ناوی سلێمانی لەم شارە نوێیە ناوە، هەندێك دەڵێن بە هۆی دۆزینەوەی مۆرێك لەکاتی بناغەدانانی شارەکەدا کە ناوی (سلێمان)ی لە سەر بووەو هەندێکیش ئەوە بە ناوی سلێمان پاشای قانویی بە ناو دەکەن. سلێمانی شوێنەواری نیشتەجێبوونی (٦٠٠٠) ساڵی تێدا دۆزراوەتەوەو لە مێژووی دێرین و نوێدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لەکۆندا بەشێك بووە لە شارەزوور. لەم دووسەد ساڵەی دوایدا ڕۆڵی دیاری هەبووە لە تێکۆشانی گەلی کورددا، ئەمەش وایکردووە کە ڕووبەرووی زۆر هێرش و توندوتیژی ببێتەوە لە لایەنی دەسەڵاتە جیا جیاکانەوەو لە بەر ئەمەش بە شاری هەڵمەت و قوربانی ناسراوە. ئەم شارە پایتەختی میرنیشینی بابان و حکومەتی شێخ مەحمود بووەو لە ئێستادا (١٣) قەزای هەیە: هەڵەبجە (لە ساڵی ٢٠١٤ دا حکومەتی هەرێم بڕیاریدا کە هەڵەبجە بکاتە پارێزگا، بەڵام هەتا ئێستا دامەزراوەو سنووره ئیداریەکەی بەتەواوی دیاری نەکراوە)- هەڵەبجەی تازە - سەید سادق - پێنجوێن - کەلار - کفری - دەربەندیخان - قەرەداغ - چەمچەماڵ - چوارتا - دوکان - ڕانیە و قەڵادزێ. بە پێی ئاماری ٢٠١٠ ژمارەی دانیشتوانەکەی (١,٧٨٤,٨٥٣) کەسە ئەم پارێزگایە دەکەوێتە سنوری ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە.

دهۆك؛ یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەدهۆکی ڕەنگین دەناسرێت، بە هۆی

جوانی جوگرافیاکەیەوە. پارێزگایەکی نوێیەو لە ساڵی ١٩٦٩دا بووە بە پارێزگاو پێشتر قەزایەکی سەر بە موسڵ بوو. لە سەدەکانی ڕابردووشدا گوند بووەو کەوتۆتە سنوری میرنیشینی بەهدینانەوەو سەر بەئامێدی بووە. لە ئێستادا قەزاکانی زاخۆ - ئامێدی - سێمێل - ئاکرێ - بەردەرەش و شێخان دەکەونە سنوری ئەم پارێزگایەوە بە پێی ئاماری ساڵی (٢٠١٠) ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (١,٠٧٢,٣٢٤) کەسە.

کەرکوك؛ شارێکی دێرینی کوردستانەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین و ماوەیەك پایتەختی (گۆتی)یەکان بووە. قەڵاکەی لەسەردەمی گۆتیەکاندا دروستکراوە. بەنەوت بەناوبانگە. پێکهاتەیەکی دیمۆگرافی دەوڵەمەندی هەیەو لەگەڵا کورد دا ، تورکمان ، عەرەب ، ئاشوری ، کلدانی و ئەرمەنی تێدا دەژین. بە هۆی زەنگینیەکەیەوە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێراق هەوڵیانداوە لەکوردستانی دابڕن و لەم پێناوەشدا هەموو جۆرە سیاسەتێکی نەژادپەرستیان لەم پارێزگایەدا بەڕێوە بردووە. لە ئێستادا بە فەرمی ناکەوێتە ناو سنوری هەرێمی کوردستانەوە. بە پێی دوا ئامار ژمارەی دانیشتوانەکەی (١,٣٢٥,٨٥٣) کەسە قەزاکانی - دوبز - تاوق - حەویجە - دەکەونە سنوری پارێزگای کەرکوکەوە.

قەزاکانی - شەنگار - تل کیف - قەرەقوش (حەمدانیە) - تەلعەفەر - لە سنوری پارێزگای موسڵدا و چەندین ناحیەی ئەم پارێزگایە دەکەونە سنوری جوگرافیای کوردستانەوە. بە پێی هەمان سەرچاوە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ (٣,١٠٦,٩٤٨) کەس بووەو یەك لەسەر سێ زیاتری ئەم ژمارەیە بریتیە لە کورد.

قەزای خورماتوو لە پارێزگای تکریت و قەزاکانی خانەقین - شارەبان و مەندەلی لە پارێزگای دیالەو بەدرەو جەسان لە پارێزگای کوت دەکەونە سنوری باشوری کوردستانەوە.

### ٤ ـ رۆژئاوای کوردستان

ئەم بەشەی کوردستان هاوشێوەی باشوری کوردستان تا سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی دەکەوتە سنوری دەوڵەتی عوسمانییەوە. دوای شەڕ هاوشێوەی باشوری کوردستان لە تورکیا دابڕاو خرایە سەر دەوڵەتی تازە دروستکراوی سوریا. رۆژئاوای کوردستان بە سەر پارێزگاکانی حەسەکەو رەقاو حەلەبدا دابەش بووەو ژمارەیەك کورد لە دیمەشقی پایتەختی سوریاش لە کۆنەوە دەژین. بەپێی ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە شارو شارۆچکە کوردستانییەکان لە بەردەستدایە رووبەری رۆژئاوای کوردستان نزیکەی (٢٥) هەزار کیلۆمەترچوار گۆشە دەبێت، ژمارەی دانیشتوانی لە (٣) ملیۆن کەس زیاترە(ڕووبەری سوریا ١٨٥,١٨٠ کیلۆمەتری چوار گۆشەیەو بەپێی ڕاگەیەندراوی دەوڵەت لە ٢٠١٣ دا ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٢,٤٥٧,٣٣٦ کەسە). هەتا ئێستا دەوڵەتی سوریا بە فەرمی کوردستان و کوردی لە سوریا پەسەند نەکردووەو بەشێکی زۆریشی بە هاوڵاتی پەسەند نەکردووە، بەڵکو یان وەکوو بیانی پێناسەی کردوون یان

**وەکوو بێ ناسنامە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. سنوری ئیداری رۆژئاوای کوردستان لە کۆی ١٤ پارێزگای سوریا دەتوانین بەم شێوەیە باسی بکەین:**

**پارێزگای حەسەکە : بەشی زۆری پارێزگاکە کوردە و حەسەکە ناوەندی پارێزگاکەیەو نزیکەی ٤٠ ٪ کوردەو ئەوانەی تر عەرەب - ئاشوری - سریانی و پێکهاتەی ترن. قامیشلۆ گەورەترین قەزای سەر بە حەسەکەیە و بۆ کورد وەکوو ناوەند و پایتەختی رۆژئاوایەو رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە زیندوو ڕاگرتن و پێشخستنی گیانی کوردایەتی ئەدەب و هونەری کوردیدا (دێرك) یش وەکوو قەزایەکی گرنگ رۆڵی هەیە لە رۆژئاوای کوردستاندا. گرکێ لەگێ - عامودێ - تربەسپی - درباسیەو - سەری کانی لە شارۆچکە دیارەکانی رۆژئاوای کوردستانن. لە ئێستادا ئەم شارو شارۆچکانە لە چوارچێوەی کانتۆنی جزیرەدا خۆیان رێکخستووە. ژمارەی ئەم هەرێمە لەملیۆنێك زیاترە.**

**عەفرین؛ قەزایەکی مەزنی سەر بە پارێزگای حەلەبەو دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای حەلەبەوەو لە ئێستادا وەکو کانتۆنێکی سەربەخۆ خۆی رێکخستووەو پێنج ناحیەو زیاتر لە ٤٠٠ گوند دەکەونە سنووری ئەم کانتۆنەوە. ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ئێستادا ملیۆنێك تێپەڕ دەکات.**

**عەزاز؛ قەزایەکە دەکەوێتە نێوان عەفرین و کۆبانیەوەو پێکهاتەکەی هەمەڕەنگەو ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانەکەی کوردە.**

**کۆبانێ؛ قەزایەکی سەر بە حەلەبەو لەئێستادا وەکو کانتۆنێك خۆی رێکخستووەو ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٤٠٠ هەزار کەسن.**

**گردی سپی(گرێ سپی) شارەدێیەکی مەزنەو سەر بە پارێزگای ڕەقەیەو لە ئێستا وەکو بەڕێوەبەرێتیەکی خۆسەر خۆی رێکخستووە لە ناو کانتۆنی کۆبانیدا. ئەم هەرێمەش ناوچەیەکی کوردستانیە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی کەمەری عەرەبیەوە لە ئێستادا رێژەی دانیشتوانی کورد تێیدا بەبەراورد بە عەرەب کەمینەیەو رێژەیەکی بەرچاو تورکمانیش لەم ناوچەیە دەژین. لەناوەندی پارێزگاکانی دیمەشق، حەلەب و ڕەقە ژمارەیەکی بەرچاو کورد دەژین.**

**دووەم: دیمۆگرافیاو پێکهاتەی گەلی کوردستان**

**کوردستان وەکوو خاکێکی زەنگین و پێگەیەکی تایبەت و تەنیا نەبۆتە لانکە بۆ گەلی کورد ، لە گەڵ ئەوەی لانکەی گەلی کوردو مرۆڤایەتی بووە ، هاوکات بووەتە ئارامگەو جێگەی ژیان بۆ زۆر گەل و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەش وایکردووە ببێتە جێگەی چاو تێبڕینی زۆر دەسەڵات و ئیمپراتۆرییەت لەمێژوودا. ئەمەش وایکردووە کە کوردستان وەکوو موزائیکێکی گەلان بێت و شانبەشانی گەلی کورد چەند گەل و پێکهاتەی تر لە سەر ئەم خاکە بژین. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە گەلی کوردیش بە هۆی ئەو بارودۆخەی تێیدا ژیاوە ، تەنیا لە سنوری جوگرافیای کوردستاندا ناژی بەڵکو بە هۆکاری جیاجیا بەشێکی گەلی کورد پەڕاگەندەی**

ناوچـەی جیـا جیـا لـە دەرەوەی کوردسـتان بـوون و لێـرەدا کەمێـك تیشـك دەخەینـە سـەر ئـەم لایەنـەی کۆمەڵـگای کوردسـتان .

## ١ ـ گەلی کورد

بەپێـی لێکۆڵینـەوەی شوێنەوارناسـیەکان، گەلـی کـورد گەلێکـی رەسـەنی ئـەم جوگرافیایەیـە، بەردەوامـی هـۆری، گۆتـی، میتانـی، ئۆرارتـۆ و مادەکانـە. واتـە گەلێکـی ئـاری نـەژادەو بەشـێکە لـەو گەلانـەی کـە وابەسـتەی زەوی و کشـتوکاڵ بـوون . لـە ڕووی زمانـەوە بەشـێکە لـە خێزانـی ئێرانـی کـە ئەمـەش خێزانێکـە لـە نـاو گەلـی (ئـاری)دا کـە لـە ئەمـڕۆدا بـە گەلانـی هینـدۆ ئەورووپیـش دەناسرێـن (بـە پێـی تێڕوانینـی هەندێـك لـە مێژوونوسـان بـە واتـای ئـەو گەلانـە دێـت کـە لـە نێـوان هیندسـتان و ئەورووپـا دەژیـن). فارسـی، بەلوجـی، ئـازەری، مازەتـی و گیلەکـی لـەو زمانانـەن کـە دەکەونـە نـاو خێزانـی ئێرانیـەوە. بەپێـی لێکۆڵینـەوە زمانەوانییـەکان، زمانـی کۆنـی کـورد زمانی(مـاد)ەکان بـووە، دواتـر زمانـی ئاڤێسـتاو ئینجـا پەهلـەوی و لـە ئێستاشـدا زمانـی کـوردی چەنـد زاراوەی هەیـە ، بـەڵام زۆربـەی نوسـەران و ئەدیبـان رای جیاوازیـان هەیـەو بـە تـەواوی یـەك ناگرنـەوە لـە سـەر چۆنیەتـی ناولێنـان و پۆلێنکردنـی زمـان و زاراوەی کـوردی. بـۆ نمونـە :
شـەرەفخانەی بەدلیسـی زمانـی کـوردی وەکـو سێ زاراوە بـاس دەکات و بـاس لـە کرمانـج و کەلهـور و لـوڕ دەکات . محەمـەد ئەمیـن زەکـی بەگیـش بـاس لـە سێ زاراوە دەکات و بـە کرمانجـی ڕۆژهـەڵات، کرمانجـی ڕۆژئـاوا و کرمانجـی باشـوری ڕۆژئـاوا باسـیان لێـوە دەکات . مامۆسـتا محەمـەدی مەردۆخـی بـاس لـە چـوار زاراوە دەکات و بـەم شـێوە ریزیـان دەکات، کرمانـج، گـۆران، لـوڕ و کەلهـوڕ . شـێخ محەمـەدی خـال چـوار زاراوە دەژمێریـت و بـەم ڕنگـە پۆلینـی دەکات: کرمانجـی سـەروو؛ (بۆتانـی، بادینـی، هـەکاری، بایەزیـدی، شـەمزینی). کرمانجـی خـواروو؛ سـۆرانی، بابانـی، موکریانـی و ئەردەڵانـی. زازا ، لـوڕی (بەختیـاری، لەکـی و فەیلـی). تۆفیـق وەهبـی بـەم شـێوەیە بـاس لـە زمانـی کـوردی دەکات؛ کرمانجـی سـەروو (بایەزیـدی، بۆتانـی، ئاشـیتانی، هـەکاری، بادینـی) کرمانجـی خـواروو (موکـری، سـۆرانی، سـولەیمانی ،سـنەیی)- لـوڕی (بەختیـاری، لەکـی ، فەیلـی ، کەلهـوری ، مامەسـێنی) – گـۆران ؛ باجەلانـی، کاکەیـی، زەنگنـەو هەورامـی - زارا. تۆفیـق وەهبـی هـەردوو کرمانجـی وەکـو یـەك زاراوە بـاس دەکات. فـواد حەمـە خورشـید چـوار زاراوە دەژمێریـت و کرمانجـی سـەروو، کرمانجـی ناوەڕاسـت (موکـری، سـۆرانی، ئەردەڵانـی، سـلێمانی، گەرمیانـی) کرمانجـی خواروو (لـوڕی، بەختیـاری، مامەسـێنی، لـەك، کەڵهـوڕ)، گۆرانـی (هەورامـی، باجەلانـی، زازایـی). دیـارە ئـەم بابەتـە لێکۆڵینـەوەی زۆری پێویسـتە و تەنیـا بـە بریـار ناتوانرێـت ئـەم بابەتانـە یـەك بخەیـن، وەکـو هەندێـك نوسـەرو ڕووناکبیـر باسـی لێـوە دەکـەن. بـە پێـی تێگەیشـتنی مـن و هەڵسـووکەوتم لـە گـەڵ زارە کوردییەکانـدا باشـترین پۆلێنکـردن، یاخـود نزیکتریـن پۆلێنـی زاراوەکان بـۆ واقعـی ئەمـڕۆی کوردسـتان ئـەوەی فـواد حەمـە خورشـیدە کـە دەکرێـت دەوڵەمەندتـر بکرێـت؛ کرمانجـی سـەروو

(بادینـی ، بۆتانـی ، شـەمزینانی ، ئاشـیتایی ، بایەزیـدی ، مێردینـی ، رۆئاوایـی)- کرمانجـی ناوەڕاسـت (لێـرەدا پێگـەی جوگرافیـای لەبـەر چـاو گیـراوە) {موکریانـی، سـۆرانی ، ئەردەڵانـی ، بابانـی (سـڵێمانی) و (گەرمیانـی)} هەندێـك بـۆ ئـەم زاراوەیـە دەڵێـن کرمانجـی خـواروو، بـەڵام لێـرە بـە دواوە منیـش کرمانجـی ناوەڕاسـت بـەکار دەهێنـم. کورمانجـی خـواروو (لـوڕی، بەختیـاری، مامەسـێنی، لـەك، کەلهـوری- (فەیلـی) ) زاراوەی چوارەمیـش وەکـوو گۆرانـی (کورمانجکـی) بـە نـاو بکەیـن زاراوەکانـی ( هەورامانـی، باجەلانـی، زازایـی ) لـە خـۆی دەگرێـت. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە لـە زاراوەی کرمانجـی سـەروو و گۆرانیـدا نێـر و مـێ جیادەکرێنـەوە، بـەڵام لـە زاراوەکانـی کرمانجـی ناوەڕاسـت و خـوارووودا نێـرو مـێ لـە یەکـتری جیـا ناکرێتـەوە.

دابەشـبوونی گەلـی کـورد بـە پێـی زاراوەکان بـەم شـێوەیە، بەشـی زۆری گەلـی کـورد بـەزاراوەی کورمانجـی ژوروو قسـە دەکـەن، زۆربـەی باکـوری کوردسـتان و کـوردی قۆنیـاو ناوچەکانـی رۆژهـەڵات لـە ئۆرمیـە بـۆ سـەرەوەو کـوردی خوراسـان، رۆژئـاوای کوردسـتان بـە گشـتی و ناوچـەی بەهدینـان و بەشـێکی پارێـزگای موسـڵ ، وەکـوو شـێخان شـەنگال و کوردانـی زوومـار و قەفقاسـاو لوبنـان بـەم زاراوەیـە قسـە دەکـەن. کورمانجـی ناوەراسـت لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە ڕەنگـە سـێیەم زاراوە بێـت، بـەڵام لـە رووی سیاسـی و ئەدەبیاتـەوە زاراوەی دوویەمینـی کوردسـتانە، ناوچەکانـی موکریانـی و ئەردەڵانـی و بەشـێکی پارێـزگای کرمانشـان کـە جافـن لـە رۆژهـەڵات و بەشـی زۆری پارێـزگای هەولێـر و پارێـزگای سـڵێمانی و کەرکـوك و گەرمیـان و کەمێـك لـە پارێـزگای دهـۆك و موسـڵ لـە باشـور بـەم زاراوەیـە دەپەیڤـن ، دەکرێـت بڵێیـن نزیکـەی چارەکێکـی خەڵکـی کوردسـتان بـەم زاراوەیـە دەپەیڤـن .

کورمانجـی خـواروو، بەشـی زۆری پارێزگاکانـی کرمانشـان، ئیـلام، لوڕسـتان، بەختیـاری، کوهگیلۆیـە و بەشـێکی کەمـی هەمـەدان لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بەشـێکی جەمـاوەری باشـور لەگەرمیـان لـە ناوچەکانـی خانەقیـن، مەندەلـی، بـەدرەو جەسـان و بەغـداد بـەم زاراوەیـە قسـە دەکـەن. ئەگـەر سـەرجەم لـوڕ وەکـو کـورد حسـاب بکرێـن، ئـەوا ئـەم زاراوەیـە دەبێتـە دووەم زاراوەی کـوردی و دەتوانیـن بڵێیـن چارەگێکـی کـورد زیاتـر بـەم زاراوەیـە قسـە دەکـەن. زاراوەی چـوارەم کـە (گۆرانـی) یـە لـە ناوچەکانـی دێرسـیم ، چەولیـك و باکـوری ئامـەد و بەشـێکی خارپـوت و روهـا لـە باکـوری کوردسـتان، لـە ناوچـەی هەورامانـی باشـور و (کاکەیـەکان) کـە لـە گەرمیـان ، کەرکـوك ، هەولێـر، سـڵێمانی بـە رێژەیەکـی کـەم هـەن ، شـەبەك کـە لـە موسـڵ و دەوروبـەری هـەن بـەم زاراوەیـە دەئاخفـن. هەروەهـا هەورامانـی رۆژهـەڵات و بەشـێك لەکوردەکانـی قەزویـن و کوردەکانـی هایـمان لـە نزیـك ئەنقـەرە بـەم زاراوەیـە دەئاخفـن.

بـە پێـی پێوەرەکانـی زمانناسـی و ڕەگ و ریشـەی زمانـی کـوردی؛ زمانـی کوردی، بـە تایبەتـی زاراوەی گۆرانـی نزیکتریـن زمانـە بـۆ زمانـی ئاڤێسـتاو هەربۆیـە بەشـێك لـە زمانناسـان گەیشـتوونەتە ئـەو بیروڕایـەی کـە زمانـی ئاڤێسـتا زمانـی خەڵکـی کوردسـتانە هـەر بـە پێـی ئـەو لێکۆڵینەوانـە زاراوەی گۆرانـی و لـوڕی کۆنتریـن زاراوەی کوردیـن، چونکـە هـەم نزیکـترن بـە زمانـی ئاڤێسـتا هـەم نزیکـترن

بە زمانی پەهلەوی کە زمانی سەردەمی پارت و ساسانیەکان بوو بۆ نوسینەوە وەك زمانی کوردی بە ناو دەکرێت. زاراوەی کورمانجی ژووروو لەڕووی تەمەنەوە لە پلەی دووەمدا دێت و زاراوەی کورمانجی ناوینیش نوێترین زاراوەی کوردییە و مێژووەکەی کەمترە لە هەزار ساڵ.

وەك پێشتر باسمان کرد، گەلی کورد زۆربەی زۆری لەسەر خاکی خۆی دەژی و سەرەڕای چەوساندنەوەو ستەمی زۆری دەسەڵاتداران، بەڵام گەلی کورد وابەستەی خاکی خۆی بووە و بە جێی نەهێڵاوە. ئەمەش هۆکارێکبووە بۆ ئەوەی کە توانیوێتی کولتور فەرهەنگی خۆی بپارێزێت. ئەم ڕەوشە بە تایبەتی لە ناو ئەو کوردانەدا بە روونتر دەبینین کە کۆچیان پێکراوەو لە کوردستانیش دورکەوتونەتەوە ئەوەتا ئەو کوردانەی لە خوراسان و ئەنادۆڵی ناویین دەژین، دوای سەدان ساڵ ژیان لە ناو میللەتانی تردا توانیویانە فەرهەنگ و زمانی خۆیان بپارێزن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بە کورتی باسی ئەو کوردانە بکەین کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین.

أ ـ کوردی خوراسان: هەندێك پێیان وایە ئەو کوردانە هەر لە زووەوە، لە سەردەمی مادو ئیسکیتەکانەوە لەم ناوچانە دەژین. نمونەش بۆ ئەمە (ئەبوموسلیمی خوراسانی) دێننەوە کە نزیکەی (١٢٥٠) ساڵ پێش ئێستا لەم ناوچانە بووەو زۆربەی مێژوونوسان وەکوو کورد باسی دەکەن هەندێکیش کوردانی خوراسان بەو سیاسەتەوە دەبەستنەوە کە شاە عەباس پەیڕەوی کرد لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم و کوردێکی زۆری عەلەوی لە باکوری کوردستانەوە برد بۆ ئەم ناوچانەو بۆ ئەوەی سنورێکی ئەتنیکی و مەزهەبیان پێ دروست بکات لە گەڵ تورکمانەکان لە رۆژهەڵاتی ئێران. ئەم کوردانە نزیکەی (٢،٠٠٠،٠٠٠) کەس دەبن و وەکوو ئایین عەلەوین و بە زاراوەی کورمانجی سەروو قسە دەکەن.

ب ـ کوردانی باکوری ئێران و قەزوین: سەبارەت بەم کوردانەش تیۆری هاوشێوەی کوردانی خوراسان هەیە. بەڵام بەڵگەی زیاتر بەدەستەوە هەیە لەسەر کوردی ئەم ناوچانە. بەشێکیان لە کۆنەوە لەوهەرێمە دەژین و کوردە دەیلەمیەکانن کە لەسەدەی دەیەم و یازدەیەمدا رۆڵ و کاریگەریان لەسەر دونیای ئیسلام زۆر بووەو دواتر بڵاو بوونەتەوە بە ناوچەکانی تری کوردستاندا، ئەم کوردانەیان بەزاراوەی کورمانجکی دەپەیڤن و عەلەوین. هەرچی بەشەکەی تریانە ئەوانەن کە نادرشای ئەفشاری لە ساڵی (١٧٣٠) بە دواوە کۆچی پێکردوون و بردوونییەتە ئەو ناوچانەو لەوێ جێگیری کردن و ئەم کوردانە بەهەورامی و کەلهوڕی قسە دەکەن.

ج ـ کوردی ئەنادۆڵ: ئەم کوردانە بەشێکیان لە سەردەمی فەتحی ئەنادۆڵدا چوونەتە ئەو هەرێمانەو بەشێکیان لەدوای دابەشبوونی کوردستان و سەردەمی عوسمانیدا چوونەتە ئەو هەرێمانەو لە دەورووبەری قۆنیا دەژین ئەوانیش هەتا ئەم دوایانە زمانی خۆیان کە کورمانجی ژووروو بووە پاراست بوویان و بەڵام لە ئێستادا بەرەو لاوازی دەچێت .

د ـ کوردی هایمان: کوردی ئەم هەرێمە لە سەدەی هەژدەیەمدا چوونەتە ئەم ناوچانە لە بنەڕەتدا کوردی ناوچەی کەرکوك و گەرمیانن و بە هۆی نەخۆشی وپەتا و قات و قڕی سەدەی هەڤدە و هەژدە زۆر هۆز و تیرەی کورد جێگۆڕکێ دەکەن، ئەمانیش لە هۆزی شێخ (بزێنی)

بـوون و رووده‌كه‌نـه‌ باكوری كوردسـتان و ماوه‌یـه‌ك لـه‌ نێـوان ره‌هـا و ئامـه‌د جێگیـر ده‌بـن و پاشـان روو ده‌كه‌نـه‌ هایـمان لـه‌ نزیكـی ئه‌نقـه‌ره‌. زاراوه‌ی ئـه‌م كوردانـه‌ (هه‌ورامانی)یـه‌ ئه‌مانیـش چه‌نـد هـه‌زار كه‌سـێك ده‌بـن.

ه ـ كـوردی قه‌فقاسـیا: به‌شـی زۆری ئـه‌م كوردانـه‌ بـه‌ هـۆی تێكـه‌ڵاوی جوگرافیـای كوردسـتان و قه‌فقاسـیاوه‌ نیشـته‌جێی ئـه‌و ناوچانـه‌ بـوون، به‌شێكیشـیان له‌كاتـی شـه‌ڕی یه‌كه‌مـی جیهانیـدا كۆڕه‌ویـان كـردووه‌و په‌نایـان بردۆتـه‌ بـه‌ر ئـه‌و ناوچانـه‌. زۆربه‌یـان لـه‌ ناوچه‌كانـی نێـوان ئه‌رمه‌نسـتان و ئازه‌ربایجانـدا ده‌ژیـن و له‌سـاڵی (١٩٢٣)دا لـه‌ لایه‌نـی یه‌كێتـی سـۆڤیه‌ته‌وه‌ وه‌كـوو ناوچه‌یه‌كـی ئۆتۆنـۆم دانیـان پێدانـراو ناوچه‌كه‌یـان بـه‌ كوردسـتانی سـور ناسرابـوو، شـاری (لاچیـن) ناوه‌نده‌كـه‌ی بـوو. بـه‌ڵام لـه‌ سـاڵی (١٩٣٠) دا ودوای ڕێككه‌وتنـی سـۆڤیه‌ت و توركیـا دژی ڕاپه‌رینـی ئاگـری، كورده‌كانـی ئـه‌م ناوچه‌یـه‌ش بڵاوه‌یـان پێكـراو ئۆتۆنۆمیه‌كه‌شـیان لێسـه‌ندرایه‌وه‌. لـه‌ ئێسـتادا ئـه‌م كوردانـه‌ لـه‌ وڵاته‌كانـی ئه‌رمه‌نسـتان ، ئازه‌ربایجـان ، گورجسـتان ، كازاغسـتان و ڕووسـیا ده‌ژیـن و به‌شـی زۆریـان لـه‌ سـه‌ر ئایینـی ئێزیدیـن و بـه‌ زاراوه‌ی كرمانجـی ژوریـن ده‌پیڤـن و بـه‌ پێـی مه‌زه‌نـده‌ ژماره‌یـان به‌شـێوه‌یه‌كی گشـتی نزیكـه‌ی ملیۆنێـك ده‌بێـت .

و- كـوردی لوبنـان – ئـوردون – یه‌مـه‌ن – میـسر – سـودان و لیبیـا: كـوردی ئـه‌م وڵاتانـه‌ له‌سـه‌رده‌می سـه‌ڵاحه‌دینی ئه‌یوبـی و ده‌وڵه‌تـی ئه‌یوبیـدا روویـان لـه‌و ناوچانـه‌ كـردووه‌و به‌شـداری ده‌سـه‌ڵاتی سیاسـی و ئیـداری بـوون و لـه‌ سـه‌رده‌می عوسمانیه‌كانیشـدا ئـه‌م پرۆسـه‌یه‌ بـه‌ شـێوه‌یه‌كی كه‌مـتر بـه‌رده‌وام بـووه‌، هه‌ندێكیشـیان لـه‌ لایه‌نـی ده‌وڵه‌تـی عوسـمانلیه‌وه‌ كۆچیـان پێكـراوه‌ بـه‌ تایبه‌تـی ئـه‌و كوردانـه‌ی لـه‌ لیبیـا ده‌ژیـن. كوردانـی ئـه‌م وڵاتانـه‌ لـه‌ ئێسـتا زۆربه‌یـان ته‌نیـا ڕه‌گ و ریشـه‌یان بـۆ كـورد ده‌گێڕنـه‌وه‌ بـه‌ڵام به‌شـێكی كوردانـی لوبنـان هێشـتا زمـان و فه‌رهه‌نگـی كوردیـان پاراسـتووه‌. جێـگای ئامـاژه‌ پێكردنـه‌ كـه‌ ژماره‌یه‌كـی كـه‌م كـورد لـه‌ ئه‌فریقیـای باشـوریش ده‌ژیـن، ئه‌مانـه‌ش وه‌كـو ده‌ركه‌وتـووه‌ لـه‌ سـه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مـدا چوونه‌تـه‌ ئـه‌و ناوچه‌یـه‌و هه‌ندێكیـان زمـان و فه‌رهه‌نگـی كوردیـان پاراسـتووه‌.

مێژوونـوس "مه‌سـعودی " كۆچكـردوو لـه‌ ( ٩٤٣ ز)دا، لـه‌ په‌رتووكـی (مـروج والزهـب) دا بـاس لـه‌ چه‌ندیـن هـۆزی كـورد ده‌كات كـه‌ لـه‌و سـه‌رده‌مه‌دا ژیـاون و له‌وانـه‌ جه‌لالـی، گاوانی(جاوانـی)، هه‌زبانـی، شـازنجان و هـۆزی (ده‌بابـڵا) كـه‌ لـه‌ شـام ژیـاون. لـه‌ په‌رتووكـی ( الارشـاد والتنبیـه) دا باسـی هه‌ندێـك هـۆزی تریـش ده‌كات.

### ٢ ـ پێكهاته‌كانی تری كۆمه‌ڵگای كوردستان

لـه‌ كوردسـتاندا گه‌لانـی ئه‌رمه‌نـی ، ئاشـوری ، سـوریانی ، كلدانـی ، ئـازه‌ری ، توركـمان ، تـورك ، عـه‌ره‌ب ، چیچـان و چه‌ركـه‌س بـه‌ ژمـاره‌ و رێـژه‌ی جیـا جیـا ده‌ژیـن. گه‌لانـی ئه‌رمه‌نـی ، ئاشـوری سـوریانی و كلدانـی مێژوویه‌كـی دووهـه‌زار سـاڵ زیاتـر یـان پێكـه‌وه‌ هه‌یـه‌ وه‌كـوو ئه‌تنیـك ڕه‌گ

و ریشـەیان جیـاوازە بـەڵام لـە رووی ئایینیـەوە لـە سـەر ئایینـی کریسـتیانی بەڕێـوە دەچـن. ئـەم پێکهاتانـە لـە باشـور، باکـور و رۆژئـاوا دەژیـن. گەلـی (ئازەری)یـش مێژوویەکـی کۆنـی لـە گـەڵ گەلـی کـورددا هەیـەو لـە هەمـان نـەژادن بـەڵام ئـازەری بـە هـۆی تێکەڵاویـان لـە گـەل تـورك و تورکمانـدا زمانەکەیانـدا گـۆردراوە لـە ئێسـتادا بـە زمانـی ئـازەری قسـە دەکـەن و ئـەم پێکهاتـە لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە پارێزگاکانـی ئۆرمیـە و کوردسـتان و کرمانشـان و هەمـەدان بـە رێـژەی جیا جیا دەژیـن لـە رووی ئایینیـەوە بەشـی زۆریـان موسـڵمانی شـیعەن و کەمێکیـان (یارسـانن).

گەلـی فـارس لـە هەمـان نـەژادی کـوردەو مێژوویەکـی دووردوورودرێـژی هاوبـەش هەیـە لـە نێـوان کـورد و فارسـدا. لـە سـەر ئایینـی ئیسـلام و شـیعەی دوازە ئیمامـی دەڕۆن لـە ئێسـتادا سـنورێکی جوگرافیـای هاوبـەش لـە نێـوان کـورد و فارسـدا نییـە بـەڵام لـە زۆربـەی شـار و ناوچەکانـی کوردسـتاندا بـە هـۆی فەرمانبـەری دەوڵەتـەوە رێژەیـەك فـارس دەژیـن. گەلـی تـورك و تورکمانـی مێـژووی ئـەم دوو گەلـە لـە کوردسـتاندا دەگەڕێتـەوە سـەردەمی سـلجوقیەکان واتـا نزیکـەی (١٠٠٠) سـاڵە. تورکـەکان لـە باکـوری کوردسـتاندا لـە گـەڵ کـورددا تێکەڵـن و بەشـی زۆریـان موسـڵمانی سـوننەی حەنەفیـن. تورکمانـەکان لـە باکـور رۆژئـاوا و باشـور لـە گـەڵ کـورددا دەژیـن و دەکرێـت بڵێیـن پێکهاتـەی ژێردەسـت و چەوسـاوەی قەومـە تورکـەکان بـوون، زمانیـان لـە گـەڵ تورکـی نزیکـی یەکـە، بـەڵام ئەمـان بەشـی زۆریـان لـە سـەر ئاینـزای شـیعە بەڕێـوە دەچـن و لـە باکـور هێندێکیـان عەلەویـن، ژمارەیەکیشـیان لـە باشـور سـونین. بەشـێکی تـورك و تورکـمان بـە ڕەگـەز دەچنـەوە سـەر کـورد یـان عـەرەب، بـەڵام بـە هـۆی بالادەسـتی عوسـمانیەکانەوە بـۆ ماوەیەکـی دوور و درێـژ ئاسـیمیلە بـوون. گەلـی عـەرەب لەکوردسـتاندا مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ دوای هاتنـی ئیسـلام وبەشـی زۆریـان ئیسـلامی سـونین وکەمێکیـان لەکوردسـتاندا شـیعە مەزهەبـن ئـەم پێکهاتـە لەباکـور لەناوچەکانـی روهـا، ئادیامـان، باتمـان، سـێرت، مێردیـن، ئەلیـح ودیلـۆك دەژیـن و لەبەشـێکی زۆری ناوچەکانـی رۆژئـاواوی کوردسـتان وناوچـە سـنوریەکانی باشـورو رۆژهەڵاتیـش دەژیـن.

پێکهاتەکانـی چیچانـی و چەرکەسـی لەهەندیـك ناوچـەی رۆژئـاواو باکـوری کوردسـتان بەژمارەیەکـی کـەم دەژیـن، سروشـتی ئـەم پێکهاتانـە دەوڵەمەنـدەو لـەڕوی زمـان، فەرهەنـگ و بـوارە جیاجیاکانەوە کاریگەریـان لەسـەر یەکترکـردووە، لێـرەدا دەبێـت ئەوەشـمان لەبیرنەچێـت کەهەتـا سـاڵانی پەنجاکانی سـەدەی رابـردوو رێژەیەکـی کەمـی دانیشـتوانی کوردسـتان جولەکـە (یەهـودی )بـوون، بـەڵام دوای دروسـبوونی دەوڵەتـی ئسرائیـل، بەبڕیـاری دەوڵەتـە سەردەسـتەکانی کوردسـتان جوونـەوە بـۆ ئیسرائیـل.

# بەشی دووەم
# چۆن باس لەمێژوو بکەین

ئاشـكرايه كەلـەم سـەردەمەی ئێمـەدا زۆركەسـی چاكیـان لـێ هەڵكـردووەو باسـی مێژوودەكـەن، دەوڵـەت و هێـزە جیاوازەكانیـش زۆر گرنگـی بەمێـژوو دەدەن، ئەوانـەی مێژووییكـی باشـیان هەیـە هەوڵـدەدەن مێژووەكەیـان بەگەلانـی تربناسـێنن، ئەوانەشـی كەلـەم بـوارەدا هـەژارن، هەوڵـدەدەن بەهەرشـێوەیەك بێـت مێژووییـێك بۆخۆیـان دروسـت بكـەن. هەردەوڵـەت، كۆمەڵـەو زانایەكیـش لەڕوانكـەی خۆیانـەوە باسـی مێژوودەكـەن. ڕەنگـە ڕووداوەكانـی دوو مێژوونـوس هـەر یـەك ڕووداوبـن، بـەڵام هەریكەیـان بەشـێوەیك باسـی دەكات و قسـەی لەسـەردەكەن. لێـرەوە منیـش دەمەوێـت لەروانگـەی خۆمـەوە كەپشـت ئەسـتورە بەتێـزی ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئـۆج ئـالان، باسـی مێـژووی كۆمەڵـكاو نیشـتمانی كوردسـتان بكـەم. واتـە نامەوێـت باسـكردنێكی نەریتـی و بـاو بێـت. هـەر بۆیـە سـەرەتا دەمەوێـت لەسـەر ئـەو ڕێبـازو شـێوازە قسـە بكـەم كـە پەیـڕەوی دەكـەم.

## أ. مێژووچی یە ؟

وەكـو پێشـینان دەڵێـن، ئـەم هەویرە ئاو زۆردەكێشـێت، چونكە ئەم پرسـیارە پرسـیاری تریش لەگەڵ خۆیـدا دێنێـت. وەكـو ئایا مێـژوو ئەوەنـدە هەڵدەگـرێ كەگرنگـی پـێ بدرێـت و قسەوباسـی لەسـەر بكەیـت؟ ئایا مێـژوو نابێتـە هـۆكاری مانـەوەو قەتیـس مانـەوە لەڕابـردودا؟ یاخـود دەتوانرێـت مێـژوو بكرێتـە بنەمـا بـۆ بونیادنانـی ئاینـدە؟ ئەمانـەو چەندیـن پرسـیاری تـر بیرمەنـدان ودونیابینیەكانیـان دابەشـكردووە بەسـەر زۆر گـروپ ودەسـتدا. لـەم دووسـەدەی دووایشـدا ئـەو پرسـیارەی چووەسـەر كـە ئایـا دەتوانیـن مێـژوو وەكـو زانسـت بەدەسـتەوە بگریـن؟ لەروانگـەی زاستیەوە سـەیری بكەیـن؟ یـان ئەگـەر ئـەم كارەشـمان ئەنجامـدا كام بابـەت، كارو دیاردانـەن كەدەچنـە خانـەی مێـژووەو دەبێـت وەكـو مێـژوو حسـابیان بۆبكرێـت. دیـارە لەنـاو گەلـی كـورددا زۆركـەم قورسـایی دراوەتـە سـەر نوسـینەوەی مێـژوو؟ ئەگرحیكایەتەكانـی بەرئاگـردان و حەیـران، لاوك و هـۆرەو مەقامەكانمـان نەبونایـە، رەنگـە زۆربـەی لایەنەكانـی ژیانـی كۆمەڵگاكەمـان بەشـاراوەیی مایەتـەوە، هەرچەنـدە لەئێستاشـدا بەشـێكی زۆری شـاراوەیە بـەڵام ئـەو فەرهەنگـە زارەكیانـەی كـورد بەشـێك لەمێـژوو، راسـتی كۆمەڵگاكەمانیـان لـە فەوتـان پاراسـتوە. هەربۆیـە زۆر لەمێژوونوسـان دەڵێـن كۆكوژیەكانـی ئەنفـال، هەڵەبجـە، دێرسـیم و گەلـی زیـلان تەنیـا كۆكوژیەكـی جەسـتەیی نەبـووە، بەڵكـو قڕكردنێكـی كولتوریـش بـوو، چونكـە بەهـەزاران گونـدو دەیـان هـەزار كەسـانی بەتەمەنـی گونـدەكان لەناوبـران، كەهەریەكێكیـان گەنجینەیەكـی حیكایـەت و بەسـەرهات و فەرهەنگـی كۆمەڵـگا بـوون. ڕەنگـە ئەمـەش هۆكارێكـی نەنوسـینەوەی مێـژوو بێـت لەلایەنـی كـوردەوە، واتـە بەهێـزی فەرهەنگـی حیكایـەت و گۆرانـی گوتـن بوونەتـە هـۆی ئـەوەی بەمڕەنگـە گـوزارە لـە ڕوداوەكانـی ژیانـی خـۆی بـكات، بـەڵام بەشـێكی هۆكارەكەشـی بگەڕێتـەوە بـۆ هێـرش و داگیركاریەكانـی دەرەوە، كەزۆرجـار پەلامـاری شـتومەكە بەرجەسـتەكانیان داوەو ئەمـەش كـوردی هاندابێـت كەلـە دڵ و دەروونـی خۆیـدا خۆشـی و ناخۆشـیەكانی بپارێزێـت و لەرێـگای چاندوهونـەرەوە گـوزارەی لـێ بـكات. بەهەرحـاڵ

هـۆكارەكان هەرچـی بـن، ئـەم ڕەوشـە لەئێسـتادا تاڕادەیـك تێپەڕكـراوە. دەكرێـت شـەرەفخانی بەدلیسـی میـری میرنشـینی بەدلیـس وەكـو سـەرقافڵەی مێژوونوسـانی كـورد دابنێیـن، كەهەسـتاوە بەنوسـینەوەی مێـژووی كوردسـتان و لـەدوو توێـی پەرتوكەكەیـدا كەبەنـاوی (شەرەفنامە)لەسـالی (١٥٩٦) نوسـیویەتەوە. هـاوكات دەبێـت مەسـتورەخانی ئەردەڵانی(مـاە شـەرەفخانی كوردسـتانی)ی بەشـانازیەوە بـاس بكەیـن كـە نزیكـەی دووسـەدە پێـش ئێسـتا وەكـو یەكـەم ژنـە كـورد مێـژووی میرنشـینی ئـەردەڵان دەنوسـێتەوە . ئەمـەش نـەك تەنیـا بۆكـورد، بەڵكـو بـۆ گەلانـی تریـش لەوسـەردەمەدا دەسـكەوتێكی گرنـگ و بەبایـەخ بـووە (مەسـتورەخان لەسـاڵی ١٨٠٥ لەسـنە لەدایـك دەبێـت و لەسـالی ١٨٤٧ دا لەسـلێمانی كۆچـی دوایـی دەكات).

بابێینـەوە سـەر سـەرەتای بابەتەكـەو پرسـیار بكەیـن، ئایـا مێژووچیـە؟ ئایـا دەكرێـت هەمـوو ڕوداویـك بخرێتـە خانـەی ڕوداوی مێژووییـەوە، ئایـا دەتوانیـن وەكـو زانسـت سـەیری مێـژوو بكەیـن؟ بەشـێكی كۆمەڵـگا پێیـان وایـە مێـژوو باسـكردنی شـتی خەیـاڵ و بێسـودە، كات بەفیرۆدانـەوەو مێـژوو وا لەمـرۆڤ دەكات هـەر لەڕابـردوودا بمێنێتـەوە. ئەمـەش وا لەمـرۆڤ دەكات ببێتـە مرۆڤـی خەیاڵـی یـان دۆگماتیـك و هەربۆیـە دەڵێـن دوای كڵاوی بابـردوو و شـتی ڕابـردوو مەكـەون. یاخـود دەڵێـن ئـەو نانـە نانـە ئەمـڕۆ لەخووانـە: ئەمـەش بـەو واتایـە دێـت كـە تـۆ لەڕابـردوودا هەرچیەكـت كردبێـت و هەرچـی بوویبێـت، ئـەوە زۆرگرنـگ نیـە، بەڵكـو ئـەوە گرنگـە كەئێسـتا كێـی و چـی دەكەیـت؟ بێگومـان ئـەم پەنـدو قسـانە ئەگـەر لایەنێكـی ڕاستیشـی هەبێـت؟ بـەڵام ناتوانێـت بەتـەواوی گـوزارە لـە ژیـان و گوزەرانـی مـرۆڤ بـكات، چونكـە مـرۆڤ پێویسـتی بەئەزمـون و پاشـخانی عەقڵـی كۆمەڵـگا هەیـە. هەرئەمـەش وای كـردووە كـە پێشـینانی كـورد دەڵێـن: یـان زانـا بـە یـان پرسـابە.

ئەگـەر مـرۆڤ گرنگـی بـە مێـژوو نـەدات، ئـەوا تەنیـا ڕۆژانەیـی دەژی و ئـەوەش ژیانـی مـرۆڤ بـێ واتـا دەكات. دیـارە شـەرەفخانی بەدلیسـی هەسـت بـەم ڕاسـتیە دەكات و لـەم بـوارەدا بۆشـایی دەبینـێ، هەربۆیـە دەسـتی كـردووە بەنوسـینی(مێژووی ماڵـە میرانـی كوردسـتان). ئەوەتـا لەپێشـەكی پەرتوكەكەیـدا دەڵـێ: ئەوانـەی لەبـازاڕی وتـاردا گەوهـەر فـرۆش و دوڕناسـن و ئەو مێژووناسـانەی كە توتـی نـاو شەكەرسـتانی چیـرۆك و دەنگوباسـن. تائێسـتا ڕێگـەی خۆیـان نەخسـتۆتە ناو كوردسـتانەوەو باسوخواسـی گەڕناسـان و سەرناسـانی كوردیـان بەسـەردەمی نوسـینەوەدا ڕانەبـردووەو ئـەو مێـژووە پـڕ لەشـانازی و خۆشـەی (كەلـە چێـژو بەرامـەدا برەوبەری هەنگویـن و گەزۆشـە) بەداخـەوە لەوانەوە دیـاری نەبـووەو كەوتۆتـە بـەر پێـواری بەهیـچ ئاوایـەك دەسـت و دەمیـان لـێ نزیـك نەكردۆتـەوە. هەربۆیـە منـی بـێ تیـن وتـوان وبـێ دەسـت و زوان، كەوتمـە سـەرئەو خەیاڵـەی كـە بەئەنـدازەی وزەو توانـای خـۆم لەبـاس و خواسـی گـەورە پیـاوان و خـاوەن نـاوان و سـەرداران وخونكارانـی كـوردو كوردسـتان كۆبكەمـەوەو ئـەوەی لەپیـاوە پیـرە ژیرەكانـی ڕاسـت و بـێ درۆوە بیسـتومە، بینوسـمەوەو نـاوی لـێ بنێـم (شـەرەفنامە).

لێـرەدا هەسـت بـەوە دەكەیـن كە(٤٠٠)سـاڵ زیاتـر پێـش ئێسـتا شـەرەفخان دەركـی بەوەكـردوە كـە مێژوونـوس و نوسـەرانی تـر زۆرگرنگـی بەكـوردو كوردسـتان نـادەن، هەروەهـا ئـەو ڕاستیەشـی

هەست پێکردووە کەئیتر پێویستە چیرۆك و سەرگوزەشتەکان بنوسرێنەوە. لەمەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە شەرەفخان زۆر بەوریایەوە سەیری مێژووی کردووەو کاریگەربوە بەتێڕوانینەکانی میرخواند (محەمەد کوری خواندشای کوڕی محمود خاوەنی پەرتوکی(ڕەوزە الصفا ) کەدەڵێ: خویندنەوەی مێژوو بەهرە بەپیاو دەبەخشێت و بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت:

١-مێژوو زانستە بۆمرۆڤ
٢-ئاگاداری و خویندنەوە، ئاودەنگی وخەمڕەوینە
٣-ڕێگەی دوور بۆ پیاو نزیك دەکاتەوە، کۆسپ و دژواریش لەڕێ لادەدا(لێرەدا نەمویستووە دەقەکە بگۆڕم و بەئەمانەتەوە هەڵسوکەوتم کردووە، ئەگەر نا پێویستە لەو شوێنانەی کە وشەی پیاو بەکار هاتووە، مرۆڤ بەکار بهێندرێت"نووسەر").
٤ - ڕاست ودرۆ لێك جیادەکاتەوەو ناڕەوا لەڕەواش دەبژێری.
٥ - هەڵسەنگاندن و بەراوردی تێدایە، زانایان گوتویانە ئەزمون پیاوان زانا دەکا ، تاقیکردنەوەیان بە لقێك لە دە لقی زانست زانیوە. پیاو بەمێژوو خوێندنەوە زۆر فێری لێکدانەوەو توێژینەوە دەبێت و ئەزموون وەردەگرێت
٦ - مێژووزان کەمتر کاری بەپرسیاری لای ئەم و ئەو دەبێ ، چونکە لەرێگەی مێژووەوە دەتوانێ لەشتەکان بڕوانێ و راستیەکان بزانێ.
٧ - گەورە پیاوان کەرووبەرووی کاری قورس و زخمەت دەبنەوە، دەتوانن لەڕێگەی خوێندنەوەی مێژووەوە خۆیان ئارام بکەنەوەو کوڵی دڵیان دامرکێننەوە.
٨ - مێژوو ناسین ، ژیری و وریایی بۆپیاو و زیاد دەکات و ئاڕاستەی راوێژو بیری ڕاستی دەکات
٩- ئەوانەی ئاگاایان لەمێژووە، هەمیشە پشود درێژو لەسەر خۆن.
١٠ - سەرداران و زۆرداران لەبەسەرهاتی رابردووانەوە ، باڵادەستی و دەسەڵاتی خودایان دێتەوە بیرو ئیتر لە خۆبایی نابن. هەرلەم ڕوانگەیەشەوە دەبێ: لەهەرەتی جوانی و بەهاری ژیانمدا، لەدوای ئەوەی کەدەستی راست و چەپی خۆم ناسی ولە خوێندەواریدا هێز و پێزم پەیدا کرد وهەزارەو دوولایی زانستیە رواڵەتی و نهێنیەکانم یەکلا کردەوە و هەرچی بۆدونیاو دینم پێویست بوو لەهەر شتەی زۆر شتم زانی و بەسەرڕاستی و کارامەیی کەوتمە سەر کاروباری دیوان: لەو سەروبەندەدا هەتا لافاوی وەڕزی ڕوی تێدەکردم، بەخوێندەوەی چیرۆکەکان و دیرۆکەکان بەرم دەگرت . هەرجارێ تەم و مژی پەژارەو کەسەرم بەسەردا دەهات، بەسروەی بیرەوەری روداوی رابردوان دەرم دەکرد. هەرکاتێك کزەو سۆزی ساردو سڕی نائومێدی نیازی وابوایە بەلامدا تێپەرێ، بەپێداجونەوەی سەرگوزەشتەی میرو مەزنەکانی پێشو خۆم سەرگەرم دەکرد. تاوام لێهات لەو هونەرە جوانەدا بومە بژاردەو دەم وپڵ رەوانێکی وەها کەدنەی دام و هێنامیە سەر ئەو بڕواو بیرە کەبەپێی توانا منیش جەند گەوێك بخەمە ئەو زنجیرەوە.
بێگومان ئەم وتانە ئەگەر هی هەر مێژوونوس و نوسەرێکی تربوایە کە لەدەرەوەی کوردستان

بکرایە، ئەمڕۆ بەزێڕ دەنوسرایەوەو لەهەمو زانکۆو پەیمانگاکان دا باسی لێوە دەکرا. جونکە زۆر پێش گۆتەو هیگڵ ومارکس مێژووی وەکو زانست پێناسە کردوەو بەپێویستێکی ژیانیشی بینیوە بۆمرۆڤ. مێژووی کردۆتە پێوەرێك بۆ ژیری، ئەزمون و کردەوەی مرۆڤەکان. بۆ خۆشی پەیڕەوی لەم ڕێگایە کردووە. بێگومان هەر ئەم تێگەیەیە کەوای لە گۆتەی مێژوونوس و بیرمەندی ئەڵمانی کردووە بڵێ: بێوستە هەر مرۆڤێك مێژووی سێ هەزارساڵی خۆی بزانێت. ئەگەرنا نەزانە. هەر ئەمەشە وای لەسوقرات کردووە هانی خوێندکارەکانی بدات پرسیار بکەن و لەو ڕێگایەوە بەدوای نەزاندراوەکاندا بگەڕێن وخۆیان بناسن. دیارە(ڕێبەرعەبدوڵڵا ئۆج ئالان) یش لەم ڕوانگەیەوە ئەوەندە گرنگی بەمێژوو دەدات و پێشی وایە تەنیا ناسینی سێ هەزارساڵ وەکو گۆتە دەڵێ بەس نیە بۆ(خود ناسین) و بەتێڕوانینی ئەوپێوستە مرۆڤ لەمێژووی گەردوون و مرۆڤایەتی بکۆڵێتەوە هەتا خۆی بناسێت. هەرئەوەش وەهای لێکردووە کەبڵێ: مێژوو بناسین لەئەمڕۆ تێدەگەین و دەتوانین ئایندەش بونیاد بنێین. هەروەها دەڵێ: مێژوو مامۆستای ئێستاو ئایندەیە. لەم تێڕوانین و هەڵویستانەوە بیرۆکەیەکی وەهامان لا پەیدا دەبێ کەمێژوو گرنگەو پێویستمان بەزانینی مێژوو هەیە. بەڵام پێویستمان بەوەڵامی ئەوپرسیارەش دەبێت کەئایە کامانەن ئەو دیاردەو ڕوداوانەی کە دەبنە مێژوو. مێژوونوسی بریتانی (ئەدەوارت هالیت کاڕ"١٨٩٢-١٩٨٢") لەپەرتوکی (مێژوو چیە؟)دا دەڵێ: مێژوو لەجەستەی ڕاستیە تەتەڵە کراوەکان پێکدێت. ڕاستیەکان لەبەڵگەنامەکان و نوسینەکاندا چنگ مێژوونوس دەکەون، مێژوونوسیش کۆیان دەکاتەوەو دەیانباتەماڵەوەو لێیان دەنێت. لێرەدا ڕۆڵی بەڵگەنامەکان و مێژوونوسەکە لەباسکردنی مێژوودا هەیەو ڕەنگە زۆر روداوی مێژوویی نەبوونە بەڵگەو باس نەکرێن، لەبەر ئەمە مێژووناسان لێی نانێن و گرنگی پێ نادەن، ئەمەش کێشەیەکی مێژووە لە ئەمڕۆدا. (مستەر گراد-گریند )کەنوسەریکی سەدەی نۆزدەیەمە، دەڵێ: ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ڕاستیەکانە، ئەمەی لە(پەرتوکی سەردەمە سەختەکاندا) گوتووە. واتا پێی وایە ئەوەی نوسراوەتەوە یاخود دەنوسرێنەوە کوزارە لەڕاستیەکان دەکەن. ئەمەش تێڕوانینێك بووە لەسەدەی نۆزدەیەمدا پەسندبووە، بەڵام لەئەمڕۆدا ڕووبەڕووی پرسیار بۆتەوە، چونکە مەرج نیە ئەوانەی نوسرابێتنەوە هەمووی ڕاست بن یان گوزارە لەهەموو ڕاستیەکان بکەن! (گرۆسە)ی ئیتاڵی پێشنیاری بۆئەوە کرد کە فەلسەفەی مێژوو بونیاد بندرێت، لای ئەو ئەرکی مێژوونوس تۆمارکردن نیە، بەڵکو هەڵسەنگاندنە، دواتر (بێری)هاتوو گوتی (مێژوو)زانستێکە، نەزیاترەو نەکەمترە، واتە مێژووی وەکو زانست پێناسە کرد. ڕۆشنگەرەکانیش قسەیان لەسەر مێژوو کرد لەسەدەی هەژدەیەمداو هاتن یاساکانی مێژوو و یاساکانی سروشتیان هاوتاکردو یەکسانیشیان کردن. هیگڵ بە پێچەوانەی ڕۆشنگەرەکانەوە مێژوو و سروشتی لێك جیاکردەوە، مێژووی بەپێشکەوتووخوازو سروشتی بەپێشکەوتو نەخواز دانا . ئینگلیزەکانیش تیۆری ئەزمونی زیندەگیان بۆمێژوو بەبنەما وەرگرت. (رانکە)ش دەڵێ: ئەرکی مێژوونوس ئەوەیە کەبەسادەیی باس لەوە بکات کەلەواقعدا رویداوەو دژی بەئاکارکردنی مێژووە. هەرچەندە کات بەرەو پێشەوەچوو لایەنگرانی مێژوو و لێکۆڵەرەوانی

مێـژوو زیادیانکـرد، هەتـا کار گەیشـتە ئـەوەی مارکـس لەچوارچێـوەی ماتریالیزمـی مێژووییـدا مێـژوو وەکـو زانسـتێك پێناسـە بـکات و کۆمەڵێـك پێـوەرو بنەماشـی بۆدیـاری کـرد. ئـەوە زیاترلەسـەدەو نیوێکـە خوێنـدەوەو نوسـینەوەی مێـژوو ڕێچکەیەکـی زانسـتی وەرگرتـووە.

## ب. ڕێبازەکانی باسکردنی مێژوو:

لـە بڕگـەی پێشـوتردا باسـمان لەوەکـرد کەمێـژوو چیـەو ئایـا چـۆن سـەیری مێـژوو بکەیـن؟ لـەم بڕگەیـەدا دەمەوێـت قورسـایی بدەمـە سـەر ئـەوەی کەئایـا ڕێبازەکانـی باسـکردنی مێـژوو چەنـدن و چۆنـن؟ لەلێکۆڵینـەوەو بەدواداچوونـی باسـە مێژوویەکانـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کەمێژوونوسـان دوو ڕێبـازی سـەرەکیان گرتۆتەبـەر بـۆ گێڕانـەوەی مێـژوو، یاخـود قسـەکردن لەسـەرمێژوو. ڕێبـازی یەکـەم: گێڕانەوەیـە، ڕێبـازی دووەمیـش: شـیکاریە. دیـارە ئـەم دوو ڕێبـازەش هاوشـێوەی فەلسـەفە لەنـاو ململانێدابـوون و لەئێستاشـدا پەیڕەوانـی ئـەم دوو ڕێبـازە هەرلایەنـەی خـۆی بەڕاسـت دەزانێ. لایەنگرانـی گێڕانـەوە، پێیـان وایـە ئەرکـی مێژنـووس تەنیـا تۆمارکردنـی ڕوداوەکانـەو گەیاندنێتـی بەخوینـەر یـان گوێگـر، هەروەکـو (رانکە)دەڵـێ: ئەرکـی مێژوونـووس ئەوەیـە کەبەسـادەیی بـاس لـەوە بـکات کـە لەواقعـدا ڕویـداوە. واتـا پەیڕەوانـی ئـەم ڕێبـازە ڕوداوەکان هەڵناسـەنگێنن، بەڵکـو تەنیـا تۆمـاری دەکـەن یاخـود باسـی دەکـەن. چونکـە پێیانوایـە ئـەم ڕێبـازە دەتوانێـت ڕاسـتیەکان بگەێنێـت، بەپێچەوانــەوە ئەگــەر هەڵسـەنگاندن بـۆ مێــژوو بکرێـت، ئـەوە لەڕاسـتی و واقـع دووردەکەوێتـەوە. ئەمـەش وای لێکـردوون هەوڵبـدەن لەڕێـگای نوسـین یـان گێڕانـەوەی زارەکیـەوە تۆمـاری ڕوداوەکان بگەیننـە دەوروبـەر. دیـارە بەهـۆی لاوازی توانـای شـیکردنەوەو هەڵسـەنگاندن لـەلای مـرۆڤ، ئـەم ڕێبـازە ڕەگـو ریشـەی کۆنـترە، هـاوکات بەهـۆی سـادەیی و سـەرنج ڕاکێشـی ئـەم ڕێبـازەوە هەتـا ئێسـتاش بـرەوی هەیـەو بەشـێك لەمێژوونوسـان و زۆربـەی جەماوەریـش پەنـا بـۆ ئـەم ڕێبـازە دەبـەن و هەوڵـدەدەن کـە لـە ڕێـگای ئـەم ڕێبـازەوە بـاس لـەرووداو و دیـاردەکان بکـەن. بەپێـی تێپەربوونـی کاتیـش گۆڕانـکاری بەسـەر ئـەم ڕێبـازەدا هاتـوە، بۆنمونـە: مرۆڤایەتـی لەسـەرەتای هەوڵدانـی بۆتۆمارکردنـی ڕوداوەکانـدا، پەنـای بـۆ ئەفسـانە بـردووەو هەوڵیـداوە لەڕێـگای گەورەکـردن و لێکچوانـدن و خەیاڵەکانیـەوە گـوزارە لـەرووداو و دیـارەکان بـکات و داسـتانەکانی ژیانـی بگێرێتـەوە. ئەمـەش لەداسـتانەکانی گلگامـش، مەهابەهاراتـاو ڕامایانـای هینـدی، ئەلیـادەو ئۆدیسـای هۆمیرۆسـی یۆنانیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. لێـرەدا مـەرج نیـە پاڵەوانـی ڕوداوەکان و ڕوداوەکان سەداسـەد گـوزارە لـە ڕوداوێکـی واقعـی بکـەن. یـان مـەرج نیـە پاڵەوانـی ڕوداوەکان وەکو خۆیـان لەداسـتان و چیرۆکەکـەدا ڕەنگیاندابێتـەوە، ئـەوەی لـەم شـێوە نوسـین و گێڕانـەوەدا زاڵـە، لێکچوانـدن و گەورەکـردن و تێکەڵاوکردنـی ڕاسـتی و خەیاڵـە، هەربۆیـە ناکرێـت بەبـێ لێکۆڵینـەوەو لێکدانەوەیەکـی بـاش بگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کەئـەو داسـتان یـان ئەفسـانەیە گـوزارە لـەکام ڕوداو و سـەردەم دەکات. لەقۆناخێکـی تـردا، مرۆڤـەکان پەنایـان بردۆتـە بـەر گێڕانـەوەی ئاسـایی ڕوداوو و

دیاردەکان و ئەمەشیان ناوناو چیرۆك یان حیکایەت. لەم حاڵەتەدا چیرۆکنوس یان حیکایەتخوان زیاتر لەواقع نزیك دەبێتەوەو هەوڵدەدات باس لەڕوداو، دیاردەو واقعێکی بەرجەستە بکات. لێرەدا ئسلوب و لێهاتوویی چیرۆکنوس یان حیکایەتخوان ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەگەیاندنی مەبەستەکەدا. چیرۆکەکانی شیرین و فەرهاد، مەم و زین، لاس و غەزال، عەدول و دارویش و سیامەندو خەجێ و چەندین چیرۆکی تری ناو کۆمەڵگا نموونەن بۆ ئەم شێوە باسکردنە دەتوانین تۆمارەکانی دەوڵەت و میرەکانیش بە شێوەیەکی ئەم ڕێبازە دابنێین، کە لە ئێستادا نموونەی زۆرەو دەسەڵاتەکان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی تۆمارەکانیانەوە کارو پرۆژەو ڕوداوەکانیان بگوازنەوە بۆدوای خۆیان و لەم بوارەشدا نمونەمان زۆرە. دیارە لەو تۆمارانەشدا خواستی فەرمانڕەواکان بەبنەما وەرگیراوەو ئەوەی خواستی ئەوانی لەسەرنەبوبێت تۆمارنەکراوە.
کۆی شێوەو نمونەکانی ئەم ڕێبازە هەوڵیانداوە روداوەکان بگوازنەوەو تابلۆیەك لەلای وەچەی دواتر دروست بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەیاڵ، هەستی مرۆڤەکان و خواستی دەسەڵاتداران تێکەڵ بەگێڕانەوەکان دەبێت. ناکرێت هەمویان وەکو واقع و راستی پەسەندبکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە پێیان وایە ئەو مێژووی نوسراوەتەوە گوزارە لەڕاستیەکان دەکات، ئەوە ئەمانە وەکو راستی وەردەکرن.
ڕێبازی دووەم شیکاریە: پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە تەنیا روداوەکە تۆمارناکەن و باسی ناکەن. بەڵکو شییدەکەنەوەو هەڵیدەسەنگێنن، دواتر تۆماری دەکەن. وەك مێژوونوسی بریتانی (کار) دەڵێ؛ مێژوو لەجەستەی راستیە تەتەڵە کراوەکان پێکدێت، هەربۆیە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە مێژوویان خستە ناو پۆلێنی زانستەوەو هەوڵیاندا بنەماو پێوەر بۆ شیکارو تەتەڵەکارییەکان دابنێن. هەرچەندە هیگڵ. بێری و گرۆسە هەوڵیاندا کە چوارچێوەی زانستی و فەلسەفی بۆ دابنێن ، بەڵام مارکس ئەم ئەرکەی جێبەجێکرد. مارکس لەروانگەی ژێرخانی ئابوورییەوە مێژووی شیکردەوەو پێناسەی کردو پێوەری بۆدانا. ئەو چواچێوەیەی مارکس دایڕشت هەتا ئێستا وەکو پەیڕەوێکی زانستی لەزانکۆکاندا بەبنەما وەردەگیریت. هەربۆیە گرنگە لێرەدا بەکورتیش بێت باس لەم ڕێبازو چوارچێوەیە بکەین کە مارکس وەکوو ماتریالێزمی مێژووی ناودێر کرد.
مارکس مێژووی کۆمەڵگای وەکو ململانێی چینەکان بەناوکرد. پێی وابوو ئەوە ململانێی چیەنەکانە مێژوو دروست دەکات. لەهەمانکاتدا پێی وابوو کە گۆڕانکاری لە ژێرخانی کۆمەڵگادا واتا گۆڕانکاری لەبەرهەم و دەستی کار وئامێرەکاندا دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە ناو کۆمەڵگادا. بە واتایەکی تر مارکس باوەڕی بە تیۆری پێشکەوتنی ڕاستە هێڵی کۆمەڵگا هەیەو پێی وایە بە تێپەڕکردنی کات کۆمەڵگا پێشدەکەوێت. لەگەڵ ئەمەدا مارکس کۆمەڵگاو سروشتی هاوشێوە گرتۆتە دەست و پێی وابووە کە لە ڕێگەی یاسای (نەفی نەفی)یەوە کۆمەڵگای نوێ کۆمەڵگای کۆن لە ناو دەبات و خۆی لە سەر ئەو بونیاد دەنێت. لەسەر ئەو بنەمایانەش هاتووە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابەش کردووە بە سەر پێنج قۆناغداو بەم جۆرە ڕێکیخستوون:

١- کۆمۆنەی سەرەتایی
٢- کۆیلەداری
٣- دەرەبەگایەتی (فیودالّی)
٤- سەرمایەداری
٥- سۆسیالیزم وکۆمۆنیزم

وەکوپێشتر باسمان کرد، ئەم ڕێبازە هەتا ئەمڕۆ زۆربەی ناوەندەکانی جیهان و جولآنەوە شۆڕشگێڕو کۆمەڵایەتیەکانیش پشتی پێ دەبەستن. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆتەوەو هەوڵدان هەیە بۆپێداجوونەوەی ئەم ڕێبازەو گەڵاڵەکردنی فۆرمی نوێ. ڕێبەرعەبدوڵلا ئۆجالان وەکو بیرمەندو مێژووناسێك کەپێشتر پشتی بەرێبازی مارکس دەبەست لەشیکردنەوەی مێژوودا، لەم ساڵانەی دواییدا تێزێکی نوێی گەڵاڵەکرد، لەم پەرتوکەدا پشت بەم تێزە بەستراوە، چونکە من پێم وایە ئەم تێزە نوێکردنەوەی زانستی مێژووە بەپێی ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین. هەروەکو چۆن فیزیای نیوتن بۆ شیکاری دیاردە سروشتیەکان هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش تاکە ڕێبازبوو، بەڵام لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە. وردەوردە فیزیای کوانتۆم جێگەی گرتەوە. دەکرێت بڵێین لەسەردەمی ئەمڕۆشدا زانستی مێژووی ئۆجالان شوێنی زانستی مێژووی مارکس دەگرێتەوە. بۆ ئەوەی مەبەستەکە باشتر روون ببێتەوە دەتوانین روونکردنەوەیەکی بەمشێوەیە بخەینە ڕوو:

١-ڕێبەر ئۆجالان مێژوو وەکو کۆی دیاردەو ڕووداوەکانی گەردوون و کۆمەڵگا پێناسە دەکات، واتە مێژووی گەردوون و کۆمەڵگا لەیەکتری دانابڕێت و بەتەواوکەری یەکتریان دەزانێت، هەرلە بەرئەمەش گەردوون و سروشت بە سروشتی یەکەم و گەردوونی یەکەم پێناسە دەکات و مرۆڤیش وەکو گەردوونی دووەم یاخود سروستی دووەم پێناسە دەکات. ناسینی هەردوو گەردوون دەکاتە مەرج بۆتێگەیشتن لەمێژوو.

٢- ڕێبەر ئۆجالان هاوشێوەی(فرناندبراول) پێی وایە مێژوو و کۆمەڵناسی دەبێت تێکەڵی یەکتربکرێن و ناکرێت لێك جیابکرێنەوە. چونکە مێژووی کۆمەڵگابوون کۆمەڵگای ئەمڕۆی بەرهەمهێناوە، هەربۆیە کاتێك بخوازین کۆمەڵگا باش شیبکەینەوە دەبێ باش لە مێژوو تێبگەین، بۆ ئەوەی لە مێژووش تێبگەین، دەبێت کۆمەڵگابوون بە باشی تێبگەین.

٣- ڕێبەر ئۆجالان مێژوو وەکو بەسەرهاتی دەوڵەت و میرەکان ناخوێنێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە سەیری مێژووی کۆمەڵگا ناکات و پێی وایە مێژووی دەسەڵات و دەوڵەت بەشێکی بچوکی مێژووە، بەڵام زۆر لە ڕادەی خۆی گەورەتر کراوەو گەیشتۆتە ئاستێك وەکو سەراپای مێژوو سەیری دەکرێت، ئەمەش وەکو لادان دەبینێت. لەجێگەی ئەمە گرنگی بەبنەمای دروستبوونی

زهنیەتـی کۆمەڵـگا بـوون و فۆرمـە کۆمەڵایەتیـەکان دەدات و ئەمـە وەکـوو بناغـەی تێگەیشـتنی مێـژووی ڕاسـت پێناسـە دەکات.

٤- ڕێبـەر ئۆجـالان مێـژوو وەکـوو دیاردەیەکـی وشـك و بـێ گیـان نابینـێ، بەڵکـو مێـژوو وەکـو دیاردەیەکـی زینـدوو و خـاوەن کاریگـەری دەبینێـت و دەڵێـت؛ مێـژوو چەکێکـە بـەردەوام کار دەکات، چەکێکـی کارای پـڕ لـە فیشـکە کـە بـەردەوام پەنجەیـەك لـە سـەر پەلەپیتکەکەیەتـی، لێـرەدا گرنگـی و کاریگـەری مێـژوو لـە سـەر سـات بـە سـاتەکانی ژیـان بـاس دەکات و پێـی وایـە دەکرێـت ئـەم ڕەهەنـدە بـە ئەرێنـی یاخـود نەرێنـی بـەکار بهێنرێـت و بتەقێندرێـت. هـاوکات ئـەو پێـی وایـە بـە پێـی تۆمـارو زانیارییـەکان و گەشـەکردنی توانـای شـیکاری مـرۆڤ، دەتوانرێـت خوێندنـەوەی نـوێ بـۆ مێژوو بکرێـت و ئەنجامـی جیـاوازی لـێ دەربخرێـت. واتـا مـەرج نییـە ئـەو تۆمـارو ئەنجامانـەی لەئەمـڕۆ بـۆ ڕووداو و دیاردەیـەك وەکـوو ڕاسـتی سـەیری بکرێـت ، هەتـا هەتایـە بـەو شـێوەیە بمێنێتـەوە .

٥- ڕێبـەر ئۆجـالان مێـژووی کۆمەڵـگا لەسـەر بنەمای(نەفـی نەفـی) شـیی ناکاتـەوە، واتـا لەسـەر بنەمـای تێـز و دژە تێـز سـەیری نـاکات، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای (تێـز و دژە تێـزو کۆتێـز) کۆمەڵـگاو مێـژوو شـی دەکاتـەوە. بـە واتایەکـی تـر پێـی وایـە لـە ئەنجامـی ململانێـی کـۆن و نوێـدا ئـەوەی دروسـت دەبێـت کـۆی هەردوووکیانـە لەناوئاخنـی یـەك تێـزدا، نموونـەش بـۆ ئەمـە دێنێتـەوە کـە هەتـا ئەمـڕۆ لـە کۆمەڵـگادا بـە شـێوازی جیـا جیـا، کۆیلایەتـی، دەرەبەگایەتـی و سـەرمایەداری و فۆرمـی خێـڵ و هـۆز لـە نـاو یەکـتردا ژیـان دەکـەن.

٦- ڕێبـەر ئۆجـالان وەکـو مارکـس لەسـەر بنەمـای پێشـکەوتنی ڕاسـتەهێڵانە مێـژوو ناخوێنێتـەوەو شـی ناکاتـەوە، هـاوکات وەکـو ئەوانـەش سـەیری نـاکات کـە پێیـان وایـە مێـژوو خولانەوەیـە لەنـاو بازنەیەکـی داخـراوداو خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە. واتـا وەهـا بیـر ناکاتـەوە کـە مێـژوو هەمیشـە بەرەو پێشـەوە دەڕوات، وەهـاش بیـر ناکاتـەوە کـە مێـژوو هەمیشـە خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە. بەڵکـوو پێـی وایـە لەگـەڵ بەرەوپێـش چوونـی کاتـدا، مێـژوو بەشـێوەیەکی ئیسـپرینگی یـان حەلەزۆنـی دەگۆڕێـت. واتـە مـەرج نییـە کاتێـك بەرهـەم و دەسـتی کار و ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان گۆڕانکاریـان بەسـەردا هـات گۆڕانکاریـی پێشـکەوتووخوازانە ڕوو بـدات، ڕێبـەر ئۆجـالان ڕۆڵـی فکـر و هێزەکانـی گۆڕانـکاری بـە یەکلاکـەرەوەو سـەرەکی دەبینێـت و دەڵێـت ئەوانـن کـە ئاڕاسـتەی گۆڕانکارییـەکان دیـاری دەکـەن، واتـە گۆڕانکارییەکانـی ژێرخانـی ئابـووری وەکـوو هـۆکاری زەمینـە خۆشـکەر دەبینـێ بـۆ گۆڕانـکاری و دەڵێـت ئـەم فاکتەرانـە گۆڕانـکاری دەکەنـە ناچـاری، بـەڵام شـێوازی گۆڕانکارییەکـە ناچـاری نابێـت، بەڵکـو هێـزە گۆڕانخـوازەکان ئاڕاسـتەکەی دیـاری دەکـەن و ئـەوە بـژاردەی ئەوانـە. لێـرەدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە ناکرێـت سـەردەمی کۆیلـەداری بەسـەردەمێکی پێشـکەوتوتر

لەسەردەمی کۆمەڵگای سروشتی بەناو بکرێت، هەروەکو مارکس ناودێری دەکات. لەسەردەمی نوێشدا ئەگەر ئەم بەراوردە بکەین روداوی هاوشێوە دەبینین، بۆنموونە؛ دەکرێت بپرسین ئایا دەتوانین گۆڕینی رژێمی پادشایی لەئێران بەرەو کۆماری ئیسلامی وەکو گۆڕانکارییەکی سەرتاپا پێشکەوتوخوازانە سەیربکرێت ؟ ئایا دەکرێت گۆڕینی رژێمەکانی میسر، تونس، یەمەن و لیبیا وەها بپێوین؟ یاخود دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگاو دەوڵەتانە ناچاربوون کەبەم شێوەیە بگۆڕێن؟ یان ئەوە هێزەکانی گۆڕانکاریخوازبون بڕیاریان لەسەر ئەوجۆرە گۆڕانکاریانەدا؟ بێگومان ئەوە هێزەکان بوون بڕیاریان لەسەرئەوجۆرە گۆڕانە داو گۆڕانکاریەکانیش ناتوانرێت هەمولایەن و رەهەندەکانی بە پێشکەوتوخواز بەناو بکرێت. رێبەر ئۆجالان لێرەدا تیشك دەخاتە سەر کەموکورتیەکی تری تێزی پێشکەوتنی ڕاستەهێڵانەی مارکس و دەڵێ ئەو تێزە لەئەنجامدا مرۆڤەکان لەتێکۆشان دووردەخاتەوە، چونکە پێیان وایە کاتێك گۆڕانکاری لە ژێرخانی ئابوری گۆمەڵگادا ڕوویدا، ئەوا پێشکەوتنی گۆمەلگاو سەرخان لەگەڵ خۆیدا دەبێتە ناچاری گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا دێنێ، ئەمەش دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەو باوەڕەییەی کەتێکۆشان هەبێت یاخود نەبێت ژیان بۆخۆی دەگۆڕێت.

٧- ڕێبەر ئۆجالان مێژووی کۆمەڵگا پێکەوە دەگرێتە دەست و سەرەڕای جیاوازیەکان، لێکیان دانابڕێت و پارچە پارچەی ناکات، هاوکات زانستی مێژوو لەگەڵ زانستەکانی تردا وەك هەبوونێکی گشتگیرانە دەبینێت و لە یەکیان دانابڕێت.

٨- ڕێبەر ئۆجالان هاوشێوەی مارکس کۆمەڵگا پۆلێن ناکات و ڕەخنە لەو شێوازە پۆلێنکردنەی مارکس دەگرێت، پێی وایە ناونانی قۆناخی یەکەم لەژیانی مرۆڤدا بە کۆمۆنی سەرەتایی لەگەڵ ڕاستی ئەو قۆناخەدا ناگونجێت، هەروەها گرنگی نەدان بەو قۆناخەو بەباشی شی نەکردنەوەی، پێویستە بە کەموکورتیەکی سەرەکی مارکس دەبینێت و دەڵێت هەر ئەمە وای کردووە مارکس بگاتە هەندێك ئەنجامی هەڵە، بۆ نموونە: مارکس مێژووی کۆمەڵگا وەکو ململانێی نێوان چینەکان ناودێر دەکات. ئەمە لەکاتێکدایە کە کۆمەڵگابوون بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان، مێژووەکەی بۆ (٢٠٠،٠٠٠) ساڵ زیاتر پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام ململانێی چینەکان مێژۆکەی بۆ (٥-٦)هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. واتە کۆمەڵگا تەمەنێکی زۆرزۆری بەبێ هەبوونی چین بەڕێوە بردووە، ئیتر چۆن دەبێت مێژووی کۆمەڵگا وەکو مێژوو و ململانێی نێوان چینەکان پێناسە بکەین. هەروەها ئەو پێناسەیەی کە بۆ ئایینی کردووە وەکو ئەفیونی گەلان بە ناوی دەکات، وەکو هەڵەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەبینێت، ئەو پێی وایە ئایین بەشێکە لە فەرهەنگ و کەلەپووری کۆمەڵگاکان. هاوکات جیاکردنەوەی قۆناخەکانی دواتر و هەر یەکە وەکو سەردەم و قۆناخێك بە ناوکردنی، بە کەمو کورتی دەبینێ. چونکە پێی وایە ئەو قۆناخانە جیاوازییەکی ریشەیی لە نێوانیاندا نییە. ئەوەی دەگۆڕێت تەنیا ناوی دەسەڵاتدارەکانە.

لەبەرامبەر ئەمەدا قۆناخەکانی مێژووی کۆمەڵگا وەکو سێ قۆناخ ناودێر دەکات. ئەو قۆناخەی کە مارکس بۆ کۆمۆنی سەرەتایی بەناوی دەکات، ئەم وەکو کۆمەڵگای سروشتی بەناو دەکات. قورساییەکی زۆریشی داوەتێ و تێگەیشتنی لەم قۆناخە وەکوو مەرجی تێگەیشتن لە کۆمەڵگابوون و مرۆڤ دیاری کردووە، چونکە مرۆڤ لەم قۆناخەدا بوو بە مرۆڤ و کۆمەڵگابوونی پێکهێناوە و سروشتی ژیاوەو. چوار قۆناخەکەی تریش وەکو قۆناخی پلەداری بە ناوی دەکات. قۆناخی سێیەم وەکو کۆمەڵگای دیموکراتی بە ناو دەکات.

٩- لەگەڵ ئەمانەدا ڕێبەر ئۆجالان پێیوایە مێژووی نوسراو، ئەو مێژووەیە کە دەسەڵاتداران نوسیویانەتەوە، لەبەر ئەمە مۆرکی ڕەگەز، چین، توێژ، نەتەوە، شارستانی، ئایین و ئاینزا سەردەستەکانی پێوە ، بۆیە دەبێت لە کاتی شیکاری و خوێندنەوە و نوسینەوەی مێژوودا خۆمان لەم کاریگەرانە بپارێزین .

## ج . چەمکی باسکردنی مێژووی کوردستان

باسمان لەوەکرد کە شەرەفخانی بەدلیسی زۆر بەگرنگی سەیری مێژوو دەکات، دواتریش بەشێك لە نوسەرو روناکبیران و سەرکردەکانی کورد گرنگیان بە مێژووداوەو تاڕادەیەك هەوڵ وتەقەلای خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی ناوی کورد بە درەوشاوەیی بمێنێتەوە. مەستورە خانی ئەردەڵان (١٨٠٥-١٨٤٧)، مەلا مەحمەودی بایزیدی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨)، محەمەد عەلی عەونی (١٨٩٧-١٩٥٣)، حسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٤٧)، مەلا محەمەدی مەردۆخی و مەلا جەمیلی رۆژبەیانی (١٩١٢-٢٠٠٢) لەپێشەنگەکانن و جێگای دڵخۆشیە کە لەئەمڕۆدا بەدەیان نوسەری دیارمان هەیە لەهەر لای کوردستان قەڵەمی خۆیان لەم بوارەدا تاوداوە. بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانیە ئەوەیە کە بەشێکی نوسەران تەنیا پشت بە بەڵگەو نوسراوە فەرمیەکان دەبەستن، یان لەسەرچاوە رۆژئاوایەکانەوە سەیری مێژوو و گۆمەڵگای کوردستان دەکەن. لەمەش بەئازارتر ئەوەیە کە لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە سەیری مێژوو دەکەن. یاخود لەروانگەی ئەمڕۆوە ڕۆژگارە کۆنەکان شیدەکەنەوە. ئەمانە وایان کردووە بەشێکی کۆمەڵگای ئێمە هێز لەمێژوو وەرنەگرن و هاوشێوەی رێبەر ئۆجالان باسی کردووەو دەڵێ مێژوو وەکو چەکێکە هەمیشە کەسێك دەستی لەسەر پەلەپیتکەیەتی و دژی کورد بەکاری دەهێنی. ئەمە وای کردووە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان گەلی کورد وەکو گەلێکی بێ مێژوو سەیردەکەن. بێگومان ئەرکی مێژوونوسان و سەرکردەکانە کەئەم شێواندنە ڕاست بکەنەوە. بۆئەوەی تێگەکانیش ڕاست بکرێنەوە، پێویستە هۆکارەکانی ئەو شێواندنە بزانین و چارەسەریان بکەین و لەڕوانگەیەکی راست و بابەتیانەوە سەیری مێژووی خۆمان و دەورو بەرمان بکەین و شیکاری بکەین. بێگومان بەشی زۆری نوسەرانی مێژووی کوردستان هەوڵیانداوە چارەسەری ئەو

ڕەوشـانە بکـەن، بـەڵام بەکاردانـەوە هەڵسـوکەوتیان کـردووە، ئەمـەش نەبۆتـە هـۆی چارەسـەرکردنی بابەتەکـە. هەربۆیـە لـەم نوسـینەدا دەمەوێـت لەسـەربنەمای ئـەو پێوانانـەی کەرێبەرئۆجـالان بـۆ باسـکردنی مێـژوو دیـاری کـردووە، مێـژووی کوردسـتان و کۆمەڵـگای کـورد تـاوو تـوێ بکـەم، لـەم پێناوەشـدا سـەرەتا دەمەوێـت هەندێـك لـەو تێگانـەی سـەیری مێـژووی کـوردو کوردسـتانی پـێ دەکرێـت بـاس بکـەم و لایەنـە هەڵـەو کەموکورتەکانـی یـان چەوتەکانـی راسـت بکەمـەوە:

**یەکەم:** لەسـەدەی هەژدەیـەم و نۆزدەیەمـدا رۆژهەڵاتناسـە ئەوروپاییـەکان تێگەیەکیـان بڵاوکـردەوە سـەبارەت بـە مێـژووی کـوردو وایـان نیشـاندابن کەئێمـەی کـورد گەلێکـی هینـدۆ ئەوروپاییـن و لەباکـوری رۆژهەڵاتـی ئەوروپـاوە هاتوینەتـە کوردسـتان و ئـەم هاتنـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ (٢-٣) هەزارسـاڵ پێـش زایـن، ئێمـەش ئەمەمـان هەتـا ڕادەیـەك پەسـند کـردووە. بـەڵام لـە ئەمڕۆدا بەهـۆی بەڵگـە مێژوویەکانـەوە ئـەوە سـەلمێندراوە کـە گەلـی کـورد گەلێکـی نیشـتەجێی ئـەم خاکەیـەو لەجێگەیەکـی تـرەوە نەهاتـووە. واتـە ئـەو تێگەیـەی پێشـتر ڕاسـت نیـە. ئەمـەش ئـەو گومانـە دروسـت دەکات کـە ئـەو تێگەیـە خۆرسـك نەبێـت و ئاماجـی سیاسـی لـە پشـتەوە بووبێـت. چونکـە رۆژهەڵاتناسـەکان کەدەچونـە هەرناوچەیـەك بەبەرنامـەو لەپێنـاوی خزمەتـی وڵاتەکانـی خۆیانـدا کاریـان دەکـرد بۆئەمـەش هەوڵیـان دەدا زەمینـەی گۆمەڵایەتـی بۆئامانجەکانیـان دروسـت بکـەن. هەمووشـمان ئـەوە دەزانیـن کەدەوڵەتانـی رۆژئـاوا بەهـۆی جیـاوازی ئایینیـەوە لەکۆمەڵـگای رۆژهەڵاتـدا نەخـوازراو بـوون. واتـا زەمینـەی کۆمەڵایەتیـان لاوازبـوو لەنـاو ئـەم کۆمەڵگایانـەدا. بۆئـەم مەبەسـتە هەوڵیانـداوە سـوود لەناکۆکـی نێـوان گەلانـی ناوچەکـە وەربگـرن یـان ناکۆکـی لەنێوانیانـدا دروسـت بکـەن و زەقـی بکەنـەوە. ئەوەتـا دەبینیـن سـودیان لەچیـاوازی ئاینـی عـەرەب وجولەکـە، تـورك و ئەرمـەن و جیـاوازی نەتەوەیـی نێـوان تـورك و عـەرەب بەباشـی وەرگرتـووە. بـەڵام لەسـەدەی هـەژدەو نۆزدەیەمـدا بەهـۆی باڵادەسـتی چەمکـی ئومەتگەرایـی لەنـاو گەلـی کـورداو هەبوونـی پەیوەنـدی بـاش لەنێـوان گومەڵـگای کـوردو عـەرەب، کـوردو فـارس و کـوردو تورکـدا ئـەوان نەیاندەتوانـی زۆرسـود لەگەلـی کـورد وەربگـرن. دیـارە پێگـەو شـوێنگەی کوردسـتان و گەلـی کوردسـتان لەناوجەرگـەی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و لەنێوانـی ئـەو گەلانـەدا بـووە هـۆکاری ئـەوەی بیـر لەچەکـی تـر بکەنـەوە کەبـەکاری بهێنـن. بۆئەمـە هاتـن ئـەو چەمـك و تێگەیـان لەنـاو رۆشـنبیرو نوسـەرانی کـورددا پەرەپێـدا. ڕەنگـە ئـەو پرسـە بکرێـت کـە ئایـا ئـەم چەمـك و تێگەیـە چـی کاریگـەری لەسـەر کۆمەلـگای کـوردو تاکـی کـورد هەیـە؟ ئەگـەر بەباشـی سـەرنج بدەین هەسـت بەکاریگەریەکـەی دەکەیـن. بۆنمونـە ئـەم تیۆرییـە سـایکۆلۆژی یاخـود بارێکـی دەروونـی وەهـای لـەلای بەشـێکی زۆری تاکـی کـورد دروسـت کـردووە کەخـۆی وابەسـتەی ئەوروپـا ببینـێ، هەمیشـە حـەز لەئەوروپـا بـکات، بەخەیالـی شـکۆی ئەوروپـاوە بـژی، خـۆی بەتاکێکـی رۆژهەڵاتـی ناویـن نەبینـێ! خەڵکـی ئـەم جوگرافیایـە بەبچـوك ببینـێ. وابەسـتەبوون و پابەنـدی بەخـاك و بەهاکانـی کوردسـتان و ناوچەکـەوە لاواز بێـت. بـەم شـێوەیە وردە وردە تـاك وکۆمەڵگایەکیـان دروسـتکردووە

کەلە ڕەگوڕیشەی خۆی دادەبڕێت و ناکۆکە لەگەڵ ئەو گەلانەی کە بە هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین و چاوی لەئەوروپایە. ئەم رەوشە لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا هەتا ئاستێك کاریگەری هەیەو ئەگەر بەویژدانەوە قسە بکەین، ئەوە دانی پێدادەنێین. ئەمە بۆخۆی یەکێکە لەو هۆکارانەش کەزۆرگرنگی بەشوێنەوارو بەهاکانی وڵاتەکەمان نادەین، چونکە بەهی خۆمانی نازانین. هەروەها ئەمە خاڵێکەو هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەشی زۆری تاکی کورد خۆی لاواز دەبینێت لەبەرامبەر تاك و کۆمەڵگاکانی تردا. چونکە پێی وایە خاوەنی مێژوویەك نییە کە باسی بکرێت و شانازی پێوە بکات. هاوکاتی ئەوە بەهۆی ئەم تیۆری و تێگەیەوە دەسەڵاتدارانی گەلانی ناوچەکە لە وێنەی عەرەب، تورك و فارس ئێمەیان بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان بینیوەو پێیان وابووە کە گەلی کورد موسڵمانی راست نییەو داردەستی ئەوروپایەو ئەمەشیان کردۆتە بنەمای تیۆری دەسەڵاتداری خۆیان. هەر ئەم هۆکارەشە لە ئەمڕۆشدا جاربەجار بە ئیسرائیلی دووم ناوزەدمان دەکەن. ئەم رەوشە ناچارمان دەکات کە هەرچی زووە هەوڵبدەین خۆمان و کۆمەڵگاکەمان لەژێر کاریگەریی ئەم تیۆرییە رزگار بکەین و زانستی شوێنەوارناسی لە رۆژگاری ئەمرۆماندا یارمەتیمان دەدات.

**دووەم:** بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێمەو سەرجەم کۆمەڵگاکان لە ئەمڕۆدا مێژوو لەڕوانگەی دەوڵەتەوە سەیر دەکەن و مێژوو، ناسنامەو ڕاستینەی گەلان دەبەستنەوە بە هەبوون یان نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە. ئەم تیۆرییەش مێژوویەکی دوو سەدساڵەی هەیەو پێش ئەم مێژووە، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەوڵەت و میللەتان پێکەوە نەبستراونەتەوە و ئامانجی ئەم تیۆرییەش سوود وەرگرتنە لە ناکۆکی نێوان میللەتان و زاڵکردنی هەندێك میللەت و فەرهەنگ بە سەر هەندێکی تردا. گەلی کوردیش لەبەرئەوەی لەم ماوەیەدا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەمیشە هەست بە لاوازی دەکات. هێزە دەسەڵاتدارە ناوچەیی و جیهانیەکانیش سوودیان لەم لاوازییەی وەرگرتووە، دیارە پێویستە مێژوونوسان و رۆشنبیرانی کورد زۆر گرنگی بە تێپەڕاندنی ئەم تێگەیەش بدەن. ئەویش کاتێك دەبێت کە گرنگی بە مێژووی خۆمان بدەین. شوێنەوارناسەکان سەلماندوویانە کە ئەم جوگرافیایە لانکەی مرۆڤایەتیە، کۆمەڵگاو جوگرافیاکەمان رۆڵێکی سەرەکیان بینیوە لەگەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. هەرئەمە وایکردووە کە گۆردن شێلد ناوی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەباکوری کوردستان ناوە (لەمێژوودا چی ڕوویداوە)و زۆر سەرسوڕمانی خۆی دیاری دەکات و دەڵێ لەم ناوچەیەدا شتگەلێك ڕوویانداوە کە لەهیچ جێگەیەکی تری دونیا روینەداوە. لەسەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوانەش رێبەرئۆجالان دەڵێ ئێمە لەمێژوودا شاراوەین، مێژووش لەئەمڕۆی ئێمەدا شاراوەیە. مەبەستی لەوەیە کە زۆر ڕاستی مێژوویی هەیە بەهۆی ونبونی شوێنەوارەکانەوەو بەهۆی لکاندنی مێژوو و دەوڵەت پێکەوە بەشاراوەیی ماونەتەوەو هەتا ئەمڕۆ ئاشکرا نەبوون، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری راستیە شاراوەکانی مێژووش لەسەرئەم جوگرافیایەن و ئەم جوگرافیایەش زێدی کوردەو گەلی کوردیش

لەئەمـڕۆدا بـێ دەوڵەتـە، ئـەوا ڕاسـتینەی گەلـی کوردیـش لەمێـژوودا شـاراوەیە. گومانـی تێدانیـە ئەرکـی سـەرەکیمان ئاشـکراکردنی ئـەو ڕاسـتیانەیەو ئاشکرابوونیشـان تـاك و گۆمەڵـگای کـورد لـەو بـارە دەروونیـە رزگار دەکات کەئەمـڕۆ تێیـدا دەژی.

**سێیەم**: بەهـۆی ئـەوەی گەلـی کـورد لەسەدسـاڵی ڕابـردوودا رووبـەڕووی سـتەم و پارچەکـردن و نکۆڵیکـردن بۆتـەوەو بەشـێك لەنوسـەرو دەزگاکانـی دەوڵەتانـی سەردەسـتی سـەر کوردسـتان هەوڵیانـداوە کـە وانیشـان بـدەن کـورد خاوەنـی مێژوویەکـی پرشـنگدار نییـە. هەروەهـا لەبەرئـەوەی لەڕوانگـەی چەمکـە باڵادەسـتەکانی سـەردەمەوە ڕابـردووی کـۆن و نوێـی خۆمـان هەڵسـەنگاندووە، هەمیشـە لایەنـە نەرێنیەکانـی مێـژووی کـورد لەوێنـەی ناپاکـی، دووبەرەکـی، شـکان و خۆبەدەسـتەوەدان زەقکراوەتـەوەو لایەنـە باشـەکانی کۆمەڵـگای کوردسـتان لەوێنـەی ڕاپەریـن، گیانبەختکـردن، خۆنەویسـتی و مرۆڤدۆسـتی گرنگیـان پێنـەدراوە، ئەمانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی تـاك و گەلـی کوردسـتان لـە مێـژوو و راسـتی خـۆی دووربکەوێتـەوە. هەربۆیـە پێویسـتە لەباسـکردنی مێـژووی کـوردو کوردسـتاندا گرنکـی بـەو بەهایانـە بدەیـن کـە ئـەم گەلـە کـە لـە مێـژووی کـۆن و نوێدا خولقاندوویەتـی، دیـارە ئەمـە بـەو واتـا ناڵێـم کـە تەنیـا بێیـن پەسـنی خۆمـان بدەیـن و بەشـان و باڵـی خۆمانـدا هەڵبدەیـن و کەموکورتـی خۆمـان نەبینیـن، بەڵکـو شـیکارێکی راسـت بـۆ مێـژووی خۆمـان بکەیـن و لەڕاسـتی و کەموکورتیەکانیشـی ئەزمـوون وەربگریـن، دوای ڕەچاوکردنـی ئـەم خاڵانـە، ئـەوا دەتوانیـن دوور لـە دەمارگـرژی و ڕەگەزپەرستی، هەروەهـا دوور لەخۆبەکـەم زانیـن و نکۆڵـی لەخۆکـردن بـاس لەمێـژووی خۆمـان بکەیـن.

# بەشی سێیەم

# کوردستان لەسەردەمی کۆمەڵگای سروشتیدا

بەپێی لێکۆڵینەوە مێژوویی و شوێنەوارناسیەکان، مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٧ ) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا، بێگومان ئەمەش تەنیا مەزەندەیەو بەڵگەیەکی دڵنیاکەرمان بەدەستەوە نیە کە ئەم مێژووە یان تەمەنە بەمسۆگەری باس بکات. بەڵکو ئەم مەزندە، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیە لەو ئێسکە پەیکەرانەی مرۆڤ کەدۆزراونەتەوە. هەتا ئێستا ژمارەیەك ئێسکە پەیکەری مرۆڤ دۆزراونەتەوە کە تایبەتن بە قۆناخی ژیانی سروشتی مرۆڤ. واتە لەسەرەتای پەیدابوونیەوە هەتا (٤٠٠٠_٣٠٠٠) پ ز واتە هەتا ئەو قۆناخەی کەئیتر کۆمەڵگای پلەداری وچینایەتی پەیدا دەبێت. دێرینترین ئەو ئێسکە پەیکەرانەی دۆزراونەتەوە، پەیکەری کوڕو کچێکن کەلەساڵانی ١٩٧٩و ١٩٩٠ دا لەدۆڵی لێفارس لەئەسیوپیا دۆزراونەتەوەو ئێستا بە(لوسی و رامیدۆ) دەناسرێت. ئەم دوو ئێسکە پەیکەرە مێژووی ژیانیان دەگەڕێتە وە بۆ (٣،٥-٤)ملیۆن ساڵ پێش ئێستا. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەوە دەرکەوتووە ئەو مرۆڤانە هاوشێوەی مرۆڤی ئەمڕۆبوون و لەسەر پێ ڕۆیشتوون و باڵایان ١٢٠ سەنتیمەتر بووەو قەبارەی سەریشیان (٥٠٠)سەنتیمەتر سێجا بووە. لەڕێگەی بەراوردکاری ئەم نمونانە لەگەڵ نمونەکانی دوای ئەمان، واتە ئەوانەی کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ٢ ملیۆن یاخود ملیۆنێك ساڵ پێش ئێستا، شوێنەوارناسان پێیان وایە ڕەنگە تەمەنی مرۆڤی سەرەتا بگەڕێتەوە بۆ(٧) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا.

دیارە قسەکردن لەسەر وردەکاری گەشەکردنی مرۆڤ و ئەو قۆناخە ئەرکی سەرەکی ئەم پەرتوکە نییە، لەبەرئەوە زۆرناچمە ناوییەوە، تەنیا ئەو شتانەی کەپێویستن بۆ بابەتەکەمان باسی لێوە دەکەین. بەپێی بەڵگە مێژوویی و شوێنەوارناسیەکان خوارووی ئەسیوپیاو تەنزانیاو ئەو ناوچانەی ناوەڕاستی ئەفریقیا کە نزیکن لەهێڵی کەمەرەیی زەوییەوەو ناوچەی ئاودارو شێدارن، مەڵبەندی پەیدابوونی مرۆڤی سەرەتایین، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لەرێگەی دۆڵی (ڕیف) کە لەرۆژهەڵاتی (نیل)ەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو باکورو هەتا فەلەستین و لوبنانیش دەڕوات و لەوێوە بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهان بڵاو دەبێتەوە. دیارە هێڵی ریف لەگەڵ کەوانەی زێڕین (هیلالی بەپیت) بەیەك دەگەن و کوردستان کەبەشێکە لە جوگرافیای هیلالی بەپیت ورۆڵی سەرەکی دەبینێت لەبڵاوبوونەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە زانستی ئەرکۆلۆژی (شوێنەوارناسی) سەلماندویەتی کە ناوچەی هیلالی بە پیت، کە زنجیرە چیاکانی لوبنان، تۆرۆس و زاگرۆس و بنارەکانیان دەگرێتەوە، رۆڵی سەرەکی بینیوە لە گەشەسەندی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا، واتە لەکۆمەڵگابووندا. زۆربەی زاناو لێکۆڵەرەوەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە لەماوەی (٢٥٠-٢٠٠) پ.ز مرۆڤ هەنگاوی بەرەو کۆمەڵگابوون هاویشتووەو ئەم هەنگاوەش لەسەر ئەم جوگرافیایە بووە. وەکو دەزانرێت کوردستانیش بەشی زۆری و سەرەکی ئەم جوگرافیایەی پێکهیناوە. زۆربەی ئەو شێنەوارو بەرهەمانەی کە گوزارە لەم قۆناخ و راستیە دەکەن لە ئەشکەوت و چەم و دۆڵەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە. ئەشکەوتەکانی شانەدەر، هەزارمێردو زەرزی باشترین نمونەن. لێرەدا بەپێویستی دەبینم کەباس لەچەند نمونەی شوێنەواری

ئـەو سـەردەمە لـە کوردسـتاندا بکـەم:
**یەکـەم** :شـانەدەر، ئەشـکەوتێکە دەکەوێتـە سـنوری قـەزای مێرگەسـورەوە لـە پارێـزگای هەولێـر، نزیکـەی (٧٠٠م)لەئاسـتی رووی دەریـاوە بـەزە. درێـژی دەرچـەی ئەشـکەوتەکە (٢٥م)ەو بەرزییەکەی (٧م)ەو قوڵاییەکـەی (٤٠م)ە، لەناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەمدا لێکۆڵینەوەی لەسـەر ئەنجـام دراوە. (٩) پەیکـەری مرۆڤـی نیاندەرتاڵـی تێـدا دۆزراوەتـەوە کە (٦)دانەیـان بـۆ(٦٠-٠٠٠)پ،ز دەگەڕێنـەوەو (٣) پەیکەریشـیان بـۆ نزیکـەی (٥٠-٠٠٠)پ.ز . ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە لـەدوو سـەردەمی جیاجیـادا ژیـان لـەم ئەشـکەوتەدا هەبـووە. شـانەدەر یەکـەم ئەشـکەوتە کـە شـوێنەواری دووکاتـی جیـاوازی گوزەرانـی مرۆڤـی تێـدا دۆزرابێتـەوە، ئـەو پەیکەرانـەی کەدۆزراونەتـەوە، (٢)دانەیـان ژن بـوون، (٢) دانەیـان منداڵ بـوون و (٥) دانەشـیان پیـاو بـوون.
**دووەم**: هەزارمێـرد، کۆمەڵـە ئەشـکەو تێکـە لـە چیـای بەرانـان لـە باشـوری ڕۆژئـاوای سـلێمانی و لــەم ئەشــکەوتانەدا بەرهەمــی ژیانــی مــرۆڤ و ئێســکی ئاژەڵــی ماڵــی وکێــوی دۆزراونەتــەوەو مێژووەکەیــان دەگەڕێتــەوە بــۆ (٤٠٠٠٠پ،ز).
**سێیەم**: زەرزی، ئـەم ئەشـکەوتە دەکەوێتـە ناوچـەی چەمـی ڕەزانـەوە لـە ڕۆژئـاوای سـلێمانی و لـەم ئەشکەوتەشـدا شـوێنەواری ژیانـی مـرۆڤ دۆزراوەتـەوە، مێـژووی ئـەو شـوێنەوارو بەرهەمانـە دگەڕێنـەوە بـۆ پێـش (٢٥٠٠٠پ،ز).
**چوارەم** : لەچیـای شـەنگالیش نمونـەی ئێسـکی مـرۆڤ، ئێسـکی ئاژەڵـی ڕاوکـراوو بـەردی ڕاوکـردن دۆزراوەتـەوە.
دیـارە ئەمانـە ژمارەیەکـی کەمـن لـە ئەشـکەوتەکانی کوردسـتان، زۆربـەی ئەشـکەوتەکانی کوردسـتان هەڵکۆڵینیـان بـۆ نەکـراوە ئەگـەر هەڵکۆڵینـی شوێنەوارناسـیان بـۆ بکرێـت، ڕەنگـە چەندیـن نمونـەی دەوڵەمەنـد بدۆزینـەوەو مێـژووی مرۆڤایەتـی و ئێمـەش شـانازیان پێـوە بکەیـن، ئـەم نمونانەمـان تەنیـا بـۆ ئـەوە هێنایـەوە کـە وەکـو گەواهـی بـن لەسـەر ئـەوەی جوگرافیـای کوردسـتان لانکـەی مرۆڤایەتییـە. ئەمـەش ئەوپرسـەمان لـەلا دروسـت دەکات کەبۆچـی جوگرافیـای زاگـرۆس و کوردسـتان بوونـە لانکـەی مرۆڤایەتـی؟ ئەگـەر بوونـە لانکـەی مرۆڤایەتیـش سـوودی چـی بـووە؟ وەکـو هەندێـك کـەس دەڵێـن چـی لـەو مێـژووە بکەیـن؟ ئـەو نانـە نانـە ئەمـڕۆ لـە خوانـە؟ ئەمـڕۆش ئێمـە دووریـن لــەو ئاســتەی بتوانیــن ڕۆڵێکــی پێشــەنگ بۆمرۆڤایەتــی ببینیــن؟ بەدڵنیاییــەوە وەڵامدانەوەیەکــی ڕاسـت بۆئـەو پرسـانە پێویسـتە. لەسـەرەتادا گرنگـە بزانیـن بۆچـی هیلالـی بەپیـت، کـە زاگـرۆس و کوردسـتان بەشـی سـەرەکی پێکدێنـن بوونـە لانکـەی مرۆڤایەتـی؟ لەوەڵامـدا دەتوانیـن ئـەم چەنـد هـۆکارە بژمێریـن.
١-هیلالــی بــە پیــت درێژکــراوەی دۆڵــی ریفــەو نزیکــە لــە دۆڵــی ریفــەوە، ئەمــە دەرفەتــی بــۆ مرۆڤـەکان دروسـت کـردووە لـە ئەنجامـی جوڵـەی مـرۆڤ و گەشـەی ژیـان و گـەڕان بـە دوای ژینگەی باشـتردا، ئاشـنای ئـەم جوگرافیایـە بـن،
٢- جوگرافیــای زاگــرۆس و کوردســتان بەهــۆی ئــەو شــوێنگەی هەیانــە، دوورو نزیکــی لەهێڵــی

ئەکواتۆرو جەمسەرەکانەوەو دوورونزیکی لەدەریاوە، خاوەنی کەش و هەوایەکی چوار وەرزیە، ئەوەش باشتر دەرفەتی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخولقینێ، وەك لەو ناوچانەی گەرمن و یەك وەرزین وەکو ناوچە کەمەرەییەکان، یان وەکو ئەو ناوجانەی ساردنو هەمیشە شێدارن و دوو وەرز دەژین وەکو باکوری ئەوروپا و ڕووسیا و ناوچە قوتبیەکان.

٣- هەبوونی ئەشکەوتی زۆر لەچیاکانی کوردستاندا، کەدەتوانێت مرۆڤ لەسەرمایەی زستان و گەرمای هاوین بیان پاریزێ. هەروە ها مرۆڤ دەتوانیت لەرێگەی ئەم ئەشکەو تانەوە ژانی بە کۆمەڵ پەرەپێبدات و خۆشی لەگیانە وەری درندە بپارێزێت .

٤- هەبونی سەرچاوەی زۆری ئاوی شیرینو بەرهەمی روەکی یارمەتی دەرەکی سەرەکی تر بووە بۆگەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەم هۆکارە بوونە زەمینە بۆ گەشە کردی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکانی کوردستاندا ، ئەم قۆناخە لەزمانی شۆینەوارناسی و مێژوودا بەچاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی ناوەڕاست یان پالۆلەتیك و مەزۆلەتیك دەناسرێت و مرۆڤ لەم قۆناخەدا توانیویەتی گەورەترین شۆڕش ئەنجام بدات، کەئەویش شۆڕشی کۆمەڵگابوونە، هەڵبەتە کەدەڵێین شۆڕشی کۆمەڵگابوون، تەنیا بەو واتایە ناڵێین کە مرۆڤ بەکۆمەڵ ژیاوە، بێگومان ئەمەش لایەنێکی گرنگیەتی و لەکوردستاندا دیارترین نمونەمان هەیەو نیشانماندا، بەڵکو کۆمەڵگا بوون گوزارە لە گەشەکردنی هزو هەستی مرۆڤ دەکات، لەو قۆناخەدا هزو هەستی پێکەوە ژیان مرۆڤ دەخولقێ، ئەمە ئەو بابەتەیە کە ئەمڕۆ زاناکان و کۆمەڵناسەکان لەڕێگەیەوە پێناسەی لایەنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەکەن و دەڵێن مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو بەبێ کۆمەڵگا ناژی، رێبەر(ئۆج ئالان)یش دەڵێت، مرۆڤ یان کەسایەتی بەرهەمی دیرۆکە، واتە لەم قۆناخەدا هەست و نەستی کۆمەڵگابونی تاك و کۆمەڵگابون دەخوڵقێ، هاوکاتی ئەمە لەم قۆناخەدا مرۆڤ هەست بەخۆی دەکات وئەزموون لە ژیانی خۆی وەردەگرێت و فێری ئاگرکردنەوە بووە (ئەمەش لەدەوربەری(١٥٠)هەزار)ساڵ پێش ئێستا و لە(٥٠ -٤٠) ساڵ پێش ئێستا فێری زمانی ئیشارەت و زمانی دەنگدار بووە، فێری بەکارهێنانی بەرد بووەو لەپێویستی ژیانی خۆیدا بەکاری هێناوە، هەربۆیە ئەم قۆناخە بەقۆناخی بەردین دەناسرێت، هەر لەم قۆناخەدا فێری راوکردن و گۆشت خواردن بووە. ژیانی قلان کەسەرەتایترین فۆرمی رێکخستنی کۆمەڵایەتیە، لەم قۆناخەدا دروست بووە. لەرووی باوەڕداریەوە، مرۆڤ هەموو شتەکان وەکو شتی زیندوو دەبینێت و(ئانیمیزم) باڵادەست بووە بەسەرهزرو هەستی مرۆڤدا، لەچاخی بەردینی ناوەڕاستیشدا کە دەکرێت وەکو قۆناخێکی گواستنەوە بەناوی بکەین لەنێوان چاخی بەردینی کۆن و نو ێداو لەنێوان (١٥٠٠٠-١٢٠٠٠) پ.ز گوزەراوە، مرۆڤ فێری بەکارهێنانی بەردی جۆراو جۆربووەو لەڕاوکردن و خۆپاراستندا بەکاری هێناوە. زمانی سامیەکان(سیمیتیك) پەیدا بووەو ناو لەگیانەوەران نراوە و وخاوەنداری (کولتوری جل وبەرگی سادە لە چەرمی نێچیر پەیدادەبێت)ئاژەڵ یاخود ئاژەڵداری دەستی پێ کردووە. تەوتەمیزم کە پیرۆزکردنی دیاردەکانی سروشتە پەیدا بووە. بێگومان ئەم روداوو بەسەرهاتانە کەمێژووەکەیان دەگەڕێتەوە

بۆ دەیان هەزار ساڵ پێش ئێستا، بوونە بناخە بۆ ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ. ئەگەر ئەو شۆڕشە ڕوی نەدایە، ئەوا مرۆڤایەتی نەیدەتوانی بگاتە ئەمڕۆ. هەربۆیە بەشی زۆری شوێنەوارناسان ئەم ڕوداوانە بە یەکەم شۆڕشی ژیان بەناو دەکەن و ناوی دەنێن شۆڕشی کۆمەڵایەتی. ئێمەی کوردو کوردستانی ئەو شانازییەمان بۆدەگەڕێتەوە کەجوگرافیاکەمان و پێشینامان بوونەتە جێگەو داهێنەری ئەم شۆرشە. هەرئەم شۆرشەش بوو کە بووە زەمینە بۆ شۆڕشێکی مەزنتر لەسەر ئەم جوگرافیایە، ئەویش شۆڕشی نیۆلیتیك بوو، کەتییدا مرۆڤایەتی هەنگاوی تری لەبواری گەشەپێدانی ژیاندا نا.

لێرەدا بەکورتی باس لە داهێنانەکانی سەردەمی (نیۆلیتیك ) یش دەکەم:




١-مرۆڤ کشتوکاڵ دەدۆزێتەوەو پەرەی پێدەدا.

٢- ژیانی نیشتەجێبوونی دەرەوەی ئەشکەوت پەرەپێدەداو گوند دروست دەکات.

٣- پەرە بەماڵیکردنی ئاژەڵ دەدات.

٤- بەرد بەشێوەیەکی پێشکەوتوو بەکار دێنێ و دەفرو پێویستی ژیانی لێ دروست دەکات.

٥- فێری قوڕکاری دەبێت و خشت و کوپە و گۆزە دروست دەکات.

٦- فێری کاری هاڕین – تەون – چنین و – دروستکردنی پۆشاك دەبێت.

٧- فەرهەنگی خوداوەندی دایك جێگیر دەبێت.

٨- زمانی (ئاریانی ) و ئۆراڵی پەیدا دەبێت .

٩- پەیوەندی ژیان لەسەر بنەمای خوێن، پەیوەندی جڤاکی پرەنسیپی ئەخلاقی کۆمەڵگا هەیەو فۆرمی گەورەتر لە قلان دروست دەبێت، کە لە ئەمڕۆدا دەکرێت وەکو تیرە بەناو بکرێت .

١٠- منداڵ لەسەر ناوی دایك دەناسرێتەوەو هێشتا ڕۆڵی باوك لە دروستبوونی منداڵدا دەرنەکەوتووەو خێزانی تاك دروست نەبووە.

١١- لـه كۆتایـی سـەردەمی نیۆلیتیکدا (مـس) دەدۆزرێتـەوەو بـۆ دروسـتکردنی ئامێـری بەرهەمهێنان و پێویسـتی بـە کار دەهێندرێت.

١٢- سـەردەمی نیۆلیتیـك کەنزیکـەی(٠٠٠- ١٢پ.ز)لەبنـاری زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس و میزۆپۆتامیـای سـەروو سـەری هەڵـداوە، لـە(٧٠٠٠پ ز) لەباکـوری ئێـران نیشـانەکانی دەرکەوتـوون. لـە (٥٠٠٠پ ز) لەکوێسـتانەکانی تورکەمەنسـتان و لـە (٤٠٠٠پ ز) لەهینـد، چیـن، یۆنـان و دۆڵـی نیـل نیشـانەکانی دەرکەوتـووەو لـە(٣٠٠٠پ ز) لەڕێگـەی گـەرووی بیرینگـەوە تێپـەڕی ئەمریـکا بـووە. ئەمـەش لـە مێـژووی کۆمەڵـگادا بـەدووەم شـۆڕش و قەڵەمبـازی مێژوویـی بەنـاو دەکرێـت و وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد ئـەم جوگرافیـاو کۆمەڵگایـە چەندهـەزار سـاڵێك مرۆڤـی گـۆش کـردووەو پـەرەی پێـداوە ، دواتـر دەسـکەوت و بەرهەمەکانـی وەکـو فەرهەنگێـك بـڵاو بۆتـەوە. دیارتریـن ئەوشـوێنەوارانەی گـوزارە لـەم قۆناخـەی ژیانـی مـرۆڤ دەکـەن، ئەمانـەن لەکوردسـتاندا:

١- خـەراب رەشـك (گۆبەکلـی تەپە)مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ(١٢٠٠٠پ.ز)و (١٥کم)دەکەوێتـە باشـوری رۆژهەڵاتـی شـاری (روهـا)ی باکـوری کوردسـتانەوە. لە(٢٠)پەرسـتگای بازنەیـی پێکهاتـووەو لەسـەر ڕووبەری(٨٠٠٠)مەتـری دووجـا دروسـتکراوە هەتـا ئێسـتا (٤)پەرسـتگای هەڵدراوەتـەوە. سـاڵی(١٩٩٤-١٩٩٥)دۆزراوەتەوەو دەسـت بەپشـکنینی کـراوە. شۆێنەوارناسـی ئەڵمانـی(کلاوس شـمیدیت) سەرپەرشـتی پشـکنینەکەی کـردووە. پایەکانـی پەرسـتگاکان قورسـاییان لەنێـوان (٢٠-٥٠) تـەن دەبێـت و لەبـەرد دروسـتکراون. عەمبـاری دانەوێڵـەو گۆشـتی هەڵگیـراوو ئێسـکی ئاژەڵـی کێویـی لەکاتـی پشـکنیندا لـەم ناوچەیـەدا دۆزراوەتـەوە. شـمیدت دەڵـێ؛ ئـەم شـوێنە مەڵبەنـدی پەرسـتن بـووەو لەجیهانـی کۆنـدا جێگـەی حـەج کردنـی ئایینـی بـووە. لەبـواری خانووبـەرەوە بەکۆنتریـن شـوێنەوار دەناسرێـت.

٢- نیڤالـی چوری(نەوالـی چـۆری): مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بۆهـەزارەی دەیەمـی پێـش زاییـن. سـەرەتای هەشـتاکان دەسـت بەپشـکنینی کـراوەو زانـای ئەڵمانـی(ە. هادیپتـمان) پشـکنینی بۆکـردووە. (٥) جێگـەی نیشـتەجێبوونی مرۆڤـی تێـدا دۆزراوەتـەوە. گرنگترینیـان باڵاخانەیەکـی (١٤×٦)مەتـر دووجـا بـووە، کـە بـە بـەرد دروسـتکراوە. دووخانـوو کەبازنەییـن و قەبارەیـان ١٢مەتـر دووجایـە دۆزراونەتـەوە. دوو ژووری چوارگۆشـەی (٩)مەتـر دووجـای تێدادۆزراوەتـەوە. لەنـاو ژوورەکانـدا جێگـەی دانیشـتن و پاڵکەوتنیـش هەیـە. لەچـوار دەوری باڵاخانـەو خانووەکانـی سـتوون هەیـەو لەسـەر یەکێکیـان وێنـەی مـرۆڤ بەبـەرزی (٢م)دروسـتکراوە. لێـرەدا جەسـتەی(ژن) دۆزراوەتـەوەو سـەری بـێ جەسـتەش دۆزراوەتـەوە هەروەهـا سـەری ڕم و پێداویسـتی نانکردنـی تێـدا دۆزراوەتـەوە.

٣- شـوێنەواری چـای ئونـو: مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ (٩٠٠٠پ.ز)و دەکەوێتـە ناوچـەی ئەرغەنـی لـە رۆژئـاوای ئامـەد، تەرمـی (٥٠٠)مـرۆڤ لێـرە دۆزراوەتـەوە کەسـەریان لەجەسـتەیان کراوەتـەوەو بەجیـا نێـژراون. لەچاڵێکـی تـردا شـاخی مانـگا بەکۆمـەڵ دانـراوەو پەڕۆیـان تێـوە پێچـاوەو ئاماژەیـە بۆچنینـی قومـاش و دروسـتکردنی پۆشـاك. ئامـرازی لە(مس)دروسـتکرار دۆزراوەتـەوە (بـرادوای)

پشـكنینی بۆكـردووەو دەڵـێ لەهیـچ شـوێنێكی جیهـان ، ژیـان هێنـدەی بنـاری زنجیـرە چیاكانـی تـۆرۆس و زاگـرۆس واتادارنابێـت.



شوێنەواری چای ئونو ٩٠٠٠پ.ز

٤- شـوێنەواری یەبـرودی: لەنزیكـی( عەفریـن)ی رۆژئـاوای كوردسـتانەو (ئەلفرێـد ڕۆسـت)ی ئەڵمانـی سـاڵی١٩٣٠ بەڕێكـەوت هەندێـك شـتی لێـرە دۆزیوەتـەوەو دواتـر سـاڵانی (١٩٨٧ - ١٩٨٩) دەسـت بەپشـكنینی كـراوە، ئـەم شـوێنەوارە لەدۆڵی(ئەسـكەفتا)یە. لێـرە ئەشـكەوتی (دوو دەربیـە)ش هەیـە كە(١٣كم)لەباشـوری شـاری عەفرینـە، پەیكـەری مرۆڤـی نیاندەرتـاڵ و پێداویسـتی تـری ژیانـی لـێ دۆزراوەتـەوە.

٥- چەرمـۆ: لەرۆژهەڵاتـی چەمچەماڵـەو لەسـەر ڕووربەرێكی(١٣٠٠٠-١٤٠٠٠)مەتـر دووجـا دروسـتكراوەو مێژووەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ (٦٧٥٠پ.ز)و لەبـواری كشـتوكاڵدا بەكۆنتریـن شـوێنەوار دەناسرێـت و خانووەكانـی بـە بـەردو قـوڕ دروسـتكراون، جێگـەی پەرسـتنی سـەرەتایی هەبـووە، دەفـرو ئامرازەكانیـان سـەرەتایی بـوون و پاشـماوەی ئاژەڵـیماڵـی و هەڵگرتنـی دانەوێڵـەی زۆرە. شـوێنەواری نزیكـەی (٢٠- ٣٠)خانـوی تێـدا دۆزراوەتـەوە. بەپێـی ئەوبەڵگانـەی دۆزراونەتـەوە نزبكـە( ٤٠٠سـاڵ)ژیانی تێدابـووەو پێدەچێـت نزیكـەی(١٥٠- ٢٠٠) كەسـی تێـدا ژیابێـت. خانوەكانـی بەشـێكیان بازنەییـە، بـەڵام بەشـی زۆریـان لاكێشـەیی و چوارگۆشـەن. لێـرە شـوێنە واری دانەوێڵـە چانـدن، عەمبـاری هەڵگرتنـی دانەوێڵـە. ئامێـری هاڕینـی دانەوێڵـە، ئامـرازی درویْنـە، ئێسـكی ئاژەڵـی ماڵـی و دەفـری دروسـتكراو لەقـوڕ دۆزراونەتـەوە.

٦- شـوێنەواری مەتـارە: لەنزیكـی كەركوكـەو مێژووەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ (٥٠٠٠)پ.ز خانووبـەرەو گڵكاری وكشـتوكاڵ تێیـدا گەیشـتۆتە ئاسـتێكی پێشـكەوتو تـر.

٧- تەلحەلەف(جـۆزان): نزیكـی سـەریكانی رۆژئـاوای كوردسـتانەو مێژووەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ (٤٩٠٠- ٤٣٠٠)پ.ز. لـەم سـەردەمەدا مـس دۆزراوەتـەوەو ئەمـەش قۆناخێكـی تـری لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە كـە بەقۆناخی(چاخـی مسـین)دەناسرێت و نمونـەی ترمـان هەیـە لـە كوردسـتان.

٨- ئەرپەچـی و تەپەكـورە: دووشـوێنەواری نزیـك موسـڵن و مێژووەكەیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ (٤٠٠٠) پ.ز.

**٩- لە گوندی شەمشارەی نزیك ڕانیە(ئێستا لەژێر ئاوی دوكاندایە). لەكورد عەلی ئاغا لەسەرزێی گەورە نمونەی دەفرەكانی چەرمۆ دۆزراونەتەوەو لە چەتاڵ هیوك لە باكوری كوردستانو ئەرمەی فەلەستینیش لەم نمونانە دۆزراونەتەوە.**

**لە ناوچەی (كەریم شار)لە نزیك چەمچەماڵ، لە (زاوی چەمێ) لە نزیكی ئەشكەوتی شانەدەر، لە نێوان هەولێرو موسڵیشدا بەڵگە دۆزراونەتەوە كە ئاماژەن بۆ سەرەتای هەوڵدان بۆ چاندن و ماڵیكردنی ئاژەڵ، چونكە لەم جێگایانە بە ڕێژەیەكی كەم ئێسكی ئاژەڵی ماڵیكراوو دانەوێڵەی چێندراو دۆزراونەتەوە.**




**بێگومان هەتا ئێستا مێژووناسان و شوێنەوارناسان شوێنێكی جیهانیان نەبینیوە كەهاوشێوەی بنارەكانی چیاكانی زاگرۆس و تۆرۆس شوێنپەنجەی مرۆڤی سەرەتایی پێوە دیاربێت. هەر ئەمەیە وای لە گۆردن شێلدی نەمساوی كردووە. دوای لێكۆڵینەوەكانی باكوری میزوپۆتامیاوئێراق بەسەرسوڕمانەوە ناوی لێكۆڵینەوەكانی بنێت "لە مێژوودا چی ڕویداوە!" هەرئەمەش بووەتە هۆی لێدوانە سەرنجراكێشەكەی "برادوای" كاتێك چای ئونو دەپشكنێت و دەڵێت: لە هیچ شوێنێكی جیهان، ژیان هێندەی بنارەكانی كەوانەی چیاكانی تۆرۆس - زاگروس واتادار نابێت. هەرئەمەش وا لە ڕێبەر ئۆجالان دەكات پشتیوانی لە تیۆری فرناندبراودەل دەكات سەبارەت بەوەی كە مێژوو و كۆمەڵناسی پێوستە بكرێنە یەك و كۆمەڵناسی درێژترین ماوەش دەپەژرێنێت و بە سۆسیۆلۆژیای ئازادی ناودێری دەكات. لێرەدا براودەل سۆسیۆلۆژیای تاك و كۆمەڵگا بەسەر سێ قۆناخدا دابەش دەكات. سۆسیۆلۆژیای كاتی خولقاندن كە ڕێبەر ئۆجالان بە سۆسیۆلۆژیای ئازادیشی بەناو دەكات، ئەم سۆسیۆلۆژیایە باس لەو بنەما زهنی و كۆمەڵناسییەی تاك و كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەكات كە لەكۆمەڵگای سروشتیدا دروستبووەو گوزارە لە ئافراندنی باری سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی مرۆڤ و كۆمەڵگا دەكات. ڕێبەر ئۆجالان دەڵێ؛ ئەگەر نەتوانین سۆسیۆلۆژیای ساتە وەختەكانی خولقاندن تێبگەین. ناتوانین لەراستی سۆسسۆلۆژیای مرۆڤ و كۆمەڵگا تێبگەین. بێگومان ئەم قۆناخەی سۆسیۆلۆژیای تاك و كۆمەڵگاش لەم جوگرافیایەی ئێمەو لەناو كۆمەڵگای ئەم جوگرافیایەدا خولقاوە. گومانی تێدا نیە ئەمە هۆكارێكی سەرەكی بەقوڵی ڕۆچونی ڕەگ و ڕیشەی پێوانە كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگای كوردستانە. هەرلەبەر ئەمەشە**

ڕێبەرئۆجـالان دەڵــێ: سۆسـیۆلۆژیای بونیادنـان کەبـاس لـەو دیاردانـە دەکات کەلـە سـەردەمی دەسـەڵات و دەوڵەتـدا دروسـت بـوون و سۆسـیۆلۆژیای پـۆز یتیڤیـزم کـە بـاس لـە و کۆمەڵناسـیە دەکات کـە ڕوداوە سـەردەمیەکان دەیخولقێنـێ، ناتوانـن بەتـەواوی کۆمەڵـگا شـی بکەنـەوەو مـرۆڤ لـە ڕێگەیانـەوە ناتوانـێ بگاتـە حەقیقـەت. چونکـە هەروەکـو ڕێبـەر ئۆجـالان دەڵـێ هـەر شـتێك لـە سـەرەتاکەیدا شـاراوەیە. دیـارە بەبـێ ناسـینی سـەرەتای کۆمەڵگابـون وبنەماکانـی ناتوانیـن لـە ئەمـڕۆی تـاك بـوون و کۆمەڵگابـوون تـێ بگەیـن، بەتایبەتـی لـە کوردسـتاندا.

بابەتێکـی تـر کـە گرنگـە لـەم بەشـەدا باسـی بکەیـن ئەوەیـە کەبپرسـین، پەیوەنـدی ئـەم بابەتـە بـەرۆژگاری ئەمڕۆمانـەوە چییـە؟ یاخـود پەیوەنـدی ئـەم شـتانە بەخـودی مێـژووەوە چییـە؟ ئاشـکرایەو لەژیانـی ڕۆژانشـماندا سـەلمێندراوە کەمرۆڤێـك یاخـود کۆمەڵگایـەك ماوەیەکـی زیاتـر پەیـڕەوی لەکۆمەڵێـك داب ونەریـت بـکات، ئـەوە بەئاسـانی گۆڕانـکاری بەسـەر ئـەو دابونەریتەیـدا نایـەت و جـا ئیـتر ئـەو داب و نەریتـە باشـبێ یاخـود خـراپ. هەروەکـو چـۆن پێشـینانی خۆمـان دەڵێـن خوویـەك گرتـت بەشـیری، تەرکـی ناکـەی تـا پیـری! پێشـینانی (عەرەب)یـش لـەم بـوارەدا دەڵێن:(علـم فـی صغـر، کنقـش علـی حجـر) ئەمانـەش دەمانگەیەنێتـە ئـەو دەرئەنجامـەی کەدەسـت بـەر نەدانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان لـە زۆربـواری ژیانـی کۆمەڵایەتـی، دەگەڕێتـەوە بۆئـەم تایبەتمەندیـەو زۆر مانـەوەی لەکۆمەڵـگای سروشـتیدا. لێـرەدا جێگـەی خۆیەتـی ئامـاژە بۆئـەوە بکـەم کە(بەختیارعەلـی) یـش لـە شـاری مۆسـیقارە سـپیەکاندا بەجوانـی گـوزارەی لـەم بارودۆخـەی مـرۆڤ کـردووە، ئەوەتـا لـەو کاتـەدا کەپاڵەوانـی ڕۆمانەکـە، جەلادەتـی کۆتـر لەکارەسـاتی کۆکـوژی ڕزگاری دەبێـت، بۆئـەوەی نەناسرێتـەوە هەوڵـدەدات مۆسـیقا لەبیـر خـۆی بباتـەوە، بـەڵام زۆر ڕووبـەڕووی زەحمەتـی دەبێتەوە، دوای هەوڵدانێکـی زۆر دان بـەوەدا دەنێـت کـە لەبیرخۆبردنـەوە زەحمەتـترە لەفێربـون. بەتایبەتـی بـۆ ئـەو تایبەتمەنـدی و بوارانـەی کەتێکـەڵ بەهەسـت و نەسـتی مـرۆڤ و کۆمەڵـگا دەبێـت. لێـرەوە ئـەو تابلۆیەمـان بـۆ دروسـت دەبێـت کـە ئەمـڕۆو مێـژووی کۆمەڵگاکەمـان وابەسـتەی یەکتریـن. ناسـینی مێـژووی ژیانـی کـۆن، کار ئاسـانیمان بـۆدەکات هەتـا لـە ئەمـڕۆ تێبگەیـن.

هــەر ئەمانــە دەمانخاتــەوە ســەر راســتەڕێگای مێــژوو و پێــمان دەڵێــت کەپێویســتە لەکۆمەڵــگای سروشـتی و کۆمەڵـگای پلەداریشـدا، مێـژووی کۆمەڵـگا لـە بیرنەکەیـن و تەنیـا کاروچالاکی دەسـەڵات و دەوڵـەت وەکـو مێـژوو نەبینیـن و کۆمەڵناسـیش تەنیـا وەك بەرهەمـی دەوڵـەت و دەسـەڵات نەبینیـن. هەرئەمـەش بـەرەو ئەوەمـان دەبـات کـە لـەڕووی فۆرمـی کۆمەڵایەتـی و باوەڕمەندیـەوە کۆمەڵـگای کوردسـتان تاوتـوێ بکەیـن.

## أ - کۆمەڵگای کوردستان لەڕووی فۆرمی کۆمەڵایەتیەوە

بەگشـتی باسـمان لـەوە کـرد کـە کۆمەڵـگای سروشـتی و مـرۆڤ دوو قەڵەمباز یاخـود شۆڕشـی مەزنیان ئەنجامـداوە، ئەوانیـش شۆڕشـی بەکۆمەڵگابـوون و شۆڕشـی کشـتوکاڵی سـەردەمی نیۆلۆتیکـە. لێـرەدا

ئـەوەی مەبـستمانە باسـی بکەیـن باسـکردنە لـەو فۆرمـەی کـە مـرۆڤ و کۆمەڵـگا بۆخۆیانـی دروسـت دەکـەن و دەخـوازن لەڕێگەیانـەوە گـوزارە لەخۆیـان بکـەن. واتـا دەکرێـت بڵێیـن بـاس لەناسـنامەی سـەرەتایی تـاك دەکەیـن لـەڕووی کۆمەڵایەتیـەوەو بـاس لـە فۆرمـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگاش دەکەیـن کـە شـێوەی سـەرەتایی خۆڕێکخسـتنی کۆمەڵگایـە. بەپێـی زانیاریـە مێـژووی و شوێنەوارناسـیەکان. لەبەشـی ڕابردووشـدا باسـمان لێوەکـرد، یەکـەم فۆرمـی کۆمەڵایەتـی مـرۆڤ و کۆمەڵـگا (قـلان)ە. ئـەم فۆرمـە پێکهاتەیـەك بـووە لەکۆبونـەوەی ژمارەیـەك لەنێـوان (٢٠- ٣٠) کەسـدا بـووە. ئـەم مرۆڤانـە لەسـەر بنەمـای پەیوەنـدی خوێـن یـان پێویسـتی ژیـان لـە وێنـەی خۆپاراسـتن و دابینکردنـی ژیـان، پێکـەوە ژیـاون. واتـە مـەرج نییـە پەیوەنـدی تاکەکانـی ئـەم کۆمەڵـەو فۆرمـە تەنیـاو تەنیـا پەیوەنـدی خزمایەتـی و خوێـن بێـت، بـەڵام پەیوەندی(خوێن)یـش یەکێکـە لـە هۆکارەکانـی پێکـەوە بـوون، بـەڵام ئـەم پەیوەندییـە هەسـتی پێنەکـراوەو نەکەوتۆتـە پێـش پەیوەندییـە ژیانـی و کۆمەڵایەتیەکـەوە، چـو نکـە مرۆڤـەکان لـەو سـەردەمەدا نەگەیشـتونەتە ئـەو ئاسـتەی کـە ڕۆڵـی پیـاو لـە منداڵبوونـدا بزانـن و باوکـی منـداڵ دیـار نەبـووەو ئـەوەی کەدیاربـووە تەنیـا دایکـی منـداڵ بـووە، ئـەوەش وەکـو سروشـتێکی تایبـەت بـەژن بیـنراوەو نەکراوەتـە هـۆی پەیوەنـدی تایبەت یاخـود جیـاکاری. هەرئەمەش یەکێـك بـووە لـە هۆکارەکانـی پیـرۆزی و گرنـگ بینینـی ژن. بەواتایەکـی تـر لـەم کۆمەڵـەدا پەیوەنـدی مرۆڤـەکان پێکـەوە پەیوەندییەکـی سروشـتی و لەسـەر بنەمـای پێویسـتی ژیانـی بـووە. کـە دەتوانیـن بەمشـێوەیە وێنـای بکەیـن:

لـەم هێڵکاریـەدا ئـەوە دەبینیـن کـە پەیوەنـدی تاکەکانـی کۆمەڵـگا لەگـەڵ یەکتریـدا پەیوەندییەکـی سروشـتی و هاوسـەنگەو هیـچ پێوەرێـك نەبووەتـە هـۆکاری لاسـەنگکردنی پەیوەندییـەکان. لـەم ڕێگەیـەوە هەرتاکێکـی کۆمەڵـگا گـوزارە لەناسـنامەی خـۆی دەکات و کۆمەڵـگاش شـێوەی خـۆی دیـاری دەکات. لەسـەردەمی نیۆلۆتیـك و شۆڕشـی کشـتوکاڵیدا، بەتایبەتـی لەسـەرەتاکەیەوە، ئـەوەی دەبینرێـت ئەوەیـە کەژمـارەی مرۆڤـەکان زیـاد دەبـن و کۆمەڵـەکان هەنـگاو بـەرەو بنـارەکان دەنێـن و شانبەشـانی کشـتوکاڵ، خانـوو بۆخۆیـان دروسـت دەکـەن و شـێوە سـەرەتاییەکانی گونـد دروسـت دەکـەن. لـەم قۆناخـەدا زیادبوونـی ژمـارەی مرۆڤـەکان و گەڕانـی زیاتـرو ئاشـنابوونی قلانـە نزیکـەکان بەیەکـتر بناخـەی فۆرمێکـی مەزنـتر دادەڕێژێـت کـە لـە ئەمـرۆی کـوردەواری خۆمانـدا دەکرێـت وەکـو (تیـرە) بەنـاوی بکەیـن. چـۆن لـە ئەمـڕۆی کۆمەڵـگای ئێمـەدا چەنـد خێـزان بنەماڵەیـەك پێکدێنـن، چەنـد بنەماڵـە تیرەیـەك پێکدێنـن، ئـەوا ئەگـەر قـلان وەکـو کۆبوونـەوەی خێزانێکـی گـەورە یـان بنەماڵەیەکـی ئەمـڕۆ سـەیربکەین، ئـەوا ئەوفۆرمـەی لەنزیکبوونـەوەی چەنـد قلانێـك لـە یەکـتر دروسـت بـووە یـان لەزۆربوونـی ژمـارەی قلانێکـەوە دروسـت بـووە یـان لـە ئەنجامـی هەردووکیانـدا درووسـت بـووە، دەتوانیـن نـاوی بنێیـن (تیـرە)ی سـەرەتایی. ئـەوەی لەپەیوەنـدی ئـەم تیرانەشـدا ڕۆڵـی هەبـووە، جارێکـی تـر پەیوەندیـە ژیانیـەکان بـووە. لەگـەڵ ئەمانـەدا ڕۆڵـی ژن زیاتربـووەو پیـرۆزی تێـدا بینـدراوە، لەنـاو ئـەم تیـرە سەرەتایانەشـدا تاکـەکان و قلانـەکان خاوەنـی ناسـنامەی خۆیـان بـوون و کۆمەڵـگاش فۆرمێکـی مەزنـتر و فراوانـتری بەخـۆی بەخشـیوە. لـە گـەڵ تێپەڕبونـی

کاتـدا پێشـەنگی تیـرەکان وێنـەی خوداوەندیشـان وەرگرتـووە، ئەمەیـە لەگـەڵ خۆیـدا فەرهەنگـی دایکـە خوداوەنـدی هێنـاوە. دەتوانیـن بەمشـێوەیە هێڵـکاری بـۆ فۆرمـی کۆمەڵایەتـی تیـرە بکەیـن: واتـە لەنێـوان تاکەکانـی تیـرەو قلانەکانـی نـاو تیـرەدا پەیوەندیەکـی هاوسـەنگ هەیـەو کاری لەسـەر دەکرێـت. هاوکاتـی ئـەم پەرەسـەندنە لـەڕووی فۆرمـی کۆمەڵایەتیـەوە، ئابـووری پـەرە دەسـەنێ و پیشـەی جۆراوجـۆر پەیـدا دەبـن، بـەڵام پیشـەو پیشـەکەران بەتـەواوی لـە نـاو پەیوەندیەکـی هاوسـەنگدان و جیـاکاری لـە سـەر بنەمـای پیشـە لـە کۆمەڵگادا دروسـت ناکرێـت. یاخـود کار لەسـەر بنەمـای کاری مـاڵ و کاری دەرەوە لـە نێـوان ژن و پیـاودا دابـەش نەکـراوەو ئەویـش دەکرێـت بـەم هێڵکاریـە ڕوون بکرێتـەوە:

## ب - باوەڕمەندی لەکۆمەڵگای کوردستاندا

باسـمان لـەوە کـرد کـە باوەڕمەنـدی یەکێکـە لـەو لایەنانـەی ژیانـی تـاك و کۆمەڵـگا کـە بناخەکـەی لەکۆمەڵـگای سروشـتیدا دارێـژراوە. لێـرەدا گرنگـە پێناسـەیەکی ڕاسـتی باوەڕمەنـدی بکەیـن. باوەڕمەنـدی بریتیـە لەلایەنـی ڕووحـی و میتافیزکـی ژیـان، بریتیـە لەکـۆی ئـەو لایەنـە مۆراڵیانـەی کـە مـرۆڤ لەهـەر قۆناخێکـی ژیانـدا پەنـای بۆ دەبـات و دەبێتە سـەرچاوەی مـۆراڵ و پڕکردنـەوەی لایەنە رۆحیەکانـی. واتـە بـاوەڕو باوەڕمەنـدی بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە ژیـان، بـەڵام لەهـەر سـەردەم و قۆناخێکـدا مـەج نیـە هەمـان شـێوەو مەغـزای هەبێـت، بەڵکـو لەهـەر سـەردەمێکدا بەپێـی ئـەو سـەردەمە شـێوە دەگرێـت. هەندێـك جـار دەگوترێـت باوەڕمەنـدی لـەو لایەنـەی ژیـان و زهینەتـی تـاك و کۆمەڵـگا دەکۆڵێتـەوە یـان گـوزارە دەکات کـە لـە ئەنجامـی نەبوونـی توانـای شـیکردنەوەی دیاردەکانـەوە پەیدادەبێـت، یاخـود لـە ئەنجامـی گرنگـی دیاردەیـەك بۆژیانـی مرۆڤـەوە پەیدادەبێت. ئەمـە وا لـە مـرۆڤ دەکات لـە ڕێـگای ئـەو دیـاردە یاخـود بابەتـەوە هەسـت بـە ئاسـودەیی بـکات و لەکاتـی تەنگانـەدا پەنـای بـۆ ببـات. بۆنمونـە لەسـەرەتای ژیانـەوە مـرۆڤ هەسـتی بـە زیندویـی شـتومەکەکانی دەوروبـەری کـردووەو ئەمـە لەئەمـڕۆدا بە(ئانیمیزم)بەنـاو دەکرێـت. ئـەم باوەڕیـە لەنـاو کۆمەڵـگای کوردیـدا هەتـا ئەمـڕۆش بەردەوامـی هەیـە. لەگـەڵ تێپەڕبونـی کات و پەرەسـەندنی ژیـان و ئەزمونـدا دەبینیـن پیـرۆزی دایـك وەکـو سـەرچاوەی ژیـان دەردەکەوێـت و لـە قۆناخـی نیۆلۆتیکـدا فەرهەنکـی (خوداوەنـدی دایـك )گەشـە دەکات و ئـەم فەرهەنگـە هەتـا ئێسـتا بەشـێوەیەك لـەلای بوزایـی و کۆنفۆشیۆسـیەکان پارێـزراوە. بەپێـی سـەرچاوەو زانیاریـە شوێنەوارناسـیەکان کیبەڵـە یاخـود قیبلـە، نیـن هۆرسـاك یاخـود نیـن خۆرسـاك و ئاناهیتـا نوێنەرایەتـی خوداوەنـدە ژنیـان کـردووە لـە کوردسـتان و چیاکانـی زاگرۆسـداو هەرئەمانـەن دواتـر لەسـەردەمی شـەڕی خوداوەنـدەکان و شـەڕی پیـاوو ژنـدا لەمیتۆلۆژیـای سـۆمەری، بابلـی و ئاشـورییەکاندا ڕەنگـی داوەتـەوەو نـاوی لەوێنـەی (ئینانـا، عەشـتار، تیامات)یـان پێـدراوە. لێـرەوە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە دەتوانیـن بڵێیـن مرۆڤایەتـی لـە کوردسـتاندا قۆناخەکانـی گەشـەکردنی بـاوەڕی و ئایینـی گوزەرانـدووە،

قۆناخی یەکەمی ئەم باوەڕییەش ئانیمیزمەو قۆناخی دواتری کە لەخوداوەند بوونی ژن و دواتر تەوتەومدا خۆی ڕێکدەخات، لەلای ئاریانەکان کە پێشینانی کوردن بە میتراییزم دەناسرێت، واتە بەشوینکەوتوانی (میترا)ناسراون. لەلای ئاریانەکان (میترا) خوداوەندی رۆژ و روناکی بووە، هەندێك دەڵێن خوداوەندی ئاگرو روناکی بووە. هەربۆیە هەتا ئێستاش ئەوانەی نەیاری کوردن بە ئایینی کوردی کۆن دەڵێن ئاگرپەرست و ئەم دەستەواژەیە بۆ(فارسەکان)یش بەکاردێنن. ئەم خوداوەندە لەلای هیندییەکان دواتر وەکو (میهر)خۆی دەپارێزێت. لەلای ئاشورییەکان وەکو (ئاسورا) ڕەنگدەداتەوە. لەزەردەشتییشدا وەکو"میهر" ڕەنگیداوەتەوە کەبەیەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەهورامەزدا دادەنرێت و بەخشندەیی و لێبوردەیی دەگەیەنێت، دەتوانین لێرەدا هەندێك لەبنەماو باوەڕییەکانی کۆمەڵگای سروشتی کوردستان کە لە میتراییدا کۆ دەبێتەوەو هەتا ئەمڕۆ ڕەگو ڕیشەی ماوە بەمشێوە یە باسیان بکەین.

١- کۆمەڵگای کوردستان باوەڕیان بەکۆمەڵێك پیرۆزی هەبووەو ئەو پیرۆزیانە وەکو خوداوەند بەناو دەکرێن و گرنگترین یاخود مەزنترین خوداوەندیان (میهر- میترا) یەو خوداوەندی (رۆژ، روناکی یان ئاگرە) و هەموو خەسڵەتەکانی خودای تێدایە.

٢- میتراییەکان، میهر وەکو مەردێکی دلێرو ئازا دەبینن و چەکێکی تایبەتی هەیە کە بریتییە لە(ئێزمیهر) و بەدەستیەوە دەگرێت. ئەم چەکە گورزێکە سەد تیخ و سەدگرێی هەیە.

٣- ژمارەی حەوت لە لای میتراییەکان پیرۆزییەکی گەورەی هەیە. چونکە پێیان وابووە کە جیهان لە حەوت ئاسمان، حەوت چینی زەوی، حەوت کۆمەڵی ئەستێرە، حەوت پایەو حەوت دەرگاو تاق لەپەرستگادا پێکدێت. پلەی ئاینیشیان لەپەرستگادا حەوت بووە، کە ئەمانەن؛ قەلە رەشکە، هاوسەر، سەرباز، شێر، ئایندار، پەیکی خۆر ، پیر".

٤- میترایی خۆر لەلایان پیرۆزەو دەیپەرستن، هاوکات میهرابەو پەرستگەی میترایی، ئاگروئاو بەپیرۆز دەزانن.

٥- میترایی دژی فرە ژنین.

٦- میترایی دروشمیان ڕەوشتی بەرزو ئاکار باشیە.

٧- ئاین یان باوەڕی میترایی نهێنی خۆی دەپارێزێت و (موغ - ماگ )کەزانای ئاینین کاری پەرستن و پاڕانەوە جێبەجێ دەکەن، واتا رێ ورەسمی ئاینی کاری ماگەکانە.

٨- پلەی (پیر) لای میترایی دواپلەی ئاینیە.

٩- ڕەنگی ئاڵی ئاسۆی بەیانیان و دوای خۆرئاوابوون بە (ئێزد میهر)دەزانن.

١٠- هەنار میوەیەکی پیرۆز بووە لەلایان، مانگا ئاژەڵێکی پیرۆز بووە.

١١- (هۆما) شەرابی پیرۆزی میتراییەکان بووەو پێش ئەوەی قوربانی پیرۆز بکەن ، ئەم شەرابەیان رژاندووە.

١٢- مار واتای ژیانی بەخشیوە لەلای میتراییەکان.

١٣- سیمورغ، باڵندەی پیرۆز بووەو کردوویانە بەسیمبۆل بەسەر داری پیرۆزی (موغ)ەکانیانەوە

کـردووەو دەگوترێـت (تاوسـی مەلـەك) ی ئێزیـدی گـوزارە لـەم باڵندەیـە دەكات.

لێـرەوە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە کۆمەڵـگای کوردسـتان خاوەنـی بـاوەری تایبـەت بەخـۆی بـووەو پێـوەرو بنەماکانـی ئـەو باوەڕداریـە لەئێستاشـدا رەنگدانەوەیـان لـە نـاو هەسـت و نەسـت و زهنیەتـی تـاك و کۆمەڵـگای کوردسـتاندا هەیـە.

# بەشی چوارەم
# کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناخی جیابوونەوەی چینایەتی و دروستبوونی دەوڵەتدا

وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد، مرۆڤایەتـی لـە لانکـەی کوردسـتاندا فێـری گـرۆگاڵ بـوو، گەشـەی کـردو هەنـگاوی بـەرەو ژیانێکـی نـوێ دەنـا. ئـەو بەرهەمـە فکـری، ژیانـی و ئابوورییانـەی مرۆڤایەتـی لـەم جوگرافیایـەدا خولقاندبـووی، هـاوکات ئەمـە زیادبونـی ژمـارەی مرۆڤـەکان و ئامرازەکانـی ژیـان و بەرهەمهێنـان دەرفەتـی ژیانێکـی نوێیـان دروسـت دەکـرد. ئەگـەر گونجاوبێـت، دەتوانیـن بڵێیـن گەشـەکردنی ژێرخانـی ژیانـی، فکـری و ئابـووری ببـووە فاکتەرێکـی کاریگـەر بـۆ فشارخسـتنە سـەر سـەرخانی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگا. شانبەشـانی ئـەو فشـارە ناوخۆییـە، ئـەم بارودۆخـە کۆمەڵـگای کوردسـتانی ڕووبـەڕووی بارودۆخێکـی نـوێ کردبـووەوە. ئـەم بارودۆخـە چەنـد ئەگەرێکی خسـتبووە بـەردەم کۆمەڵـگای کوردسـتانەوە. یـان بـە پشـت بەسـتن بەبەهـا ژیانـی و کۆمەڵایەتیەکانـی خـۆی وەرچەرخانێکـی مـەزن ئەنجـام بـدات و بەردەوامـی بـە پێشـەنگایەتی خـۆی بـدات، ئەمـەش پێویسـتی بـە ڕێبەرایەتـی و پێشـەنگایەتیەکی بەهێـز هەبـوو کـە بـاوەڕی بەخـۆی و بـە کۆمەڵـگاو بـە بەهـا کۆمەڵایەتیـەکان هەبێـت. یـان لەسـەر بنەمـای زیـادە بەرهـەم و جیـاکاری کۆمەڵایەتـی وەرچەرخانێـك دروسـت بـکات و پێشـەنگایەتی بـۆ سیسـتەمێکی نـوێ بـکات و ژیانێکـی نـوێ لەسـەر بنەمـای لاسـەنگی کۆمەڵایەتـی هاوشـێوەی ئـەوەی لـە خـوارووی میزوپۆتامیـا دروسـت بـوو بونیـاد بنێـت، یاخـود پێشـەنگایەتی لەدەسـت بـدات و لەنێـوان دووانـەی بەرخـۆدان و پاشـکۆیەتیدا بـژی. ئـەوەی لەمێـژوودا دەیبینیـن، ئەوەیـە کـە کۆمەڵـگای کوردسـتان بـژاری سـێیەمی پەیـڕەو کـردووە. ئـەم هەڵوێسـتەش هەتـا ئێسـتا مۆرکـی لەبەشـتیکی زۆری ژیانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان داوە. بێگومـان خوێندنەوەیەکـی بابەتـی و دور لـە دەمارگیـری نـەژادی یـان نکۆڵیکارانـەی پێویسـتە. هەتـا ئێسـتا بەشـێکی زۆری کۆمەڵنـاس و مێژووناسـەکان وەرچەرخانـی کۆمەڵـگای سروشـتی بـۆ کۆمەڵـگای دەوڵـەت و چینایەتـی بەهەنگاوێکـی پێشـکەوتووخوازانە لەقەڵـەم دەدەن. لـەم روانگەشـەوە سـەیری مێـژووی کۆمەڵـگاکان دەکـەن و چەنـدە فۆرمـی دەوڵـەت و دەسـەڵات گەشـەی کردبێـت ئەوەنـدە کۆمەڵـگا بـە پێشـکەوتوو لەقەڵـەم دەدەن، بەپێچەوانـەوە چەنـدە ئـەو هەنـگاوە نەندرابێـت، یـان لاوازنرابێـت ئەوەنـدە کۆمەڵگایـان بـە پاشـکەوتوو دانـاوە. هەربۆیـە زۆر بـێ ڕەحمانـە هێـرش دەکەنە سـەر کۆمەڵـگای سروشـتی و بـە بەربـەرو هـۆڤ یـان دڕنـدە بەنـاوی دەکـەن. کۆمەڵـگای کوردسـتانیش بەشـێك لـەم هێـرش و هەڵسـەنگاندنانەی بەرکەوتـووە. هەنـگاو نەنانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان بـۆ کۆمەڵـگای چینایەتـی و پلـەداری وەکـو کەموکورتیەکـی سـەرەکی دەبینـن. بـەڵام ئەگـەر کۆمەڵـگاو بەهـا مرۆییـەکان بکەینـە پێـوەر، دەبـێ وەهـا بیرنەکەینـەوە، بەپێچەوانـەوە دەبێـت خۆشـحاڵ بیـن کەکۆمەڵگاکەمـان هەنـگاوی بـۆ سیسـتمیکی بەوشـێوەیە نەنـاوە. بێگومـان ئەمـە بـەو واتایـە نیـە کەکۆمەڵـگای کوردسـتان بژاریکـی باشـی دیـاری کـردووەو هەنگاوەکانـی راسـت بـوون. دەکرێـت بڵێیـن لـەوەدا ڕاسـت بـووە کەهەنـگاوی بۆکۆمەڵـگای دەوڵـەت و پلـەداری نەنـاوە، بـەڵام لـەوەدا هەڵەبـووە کـە نەیتوانیـوە وەرچەرخانێکـی دیموکراتیانـە و پشـت بەسـتوو بەهاوسـەنگی ژینگـەی، کۆمەڵایەتـی ئەنجـام بـدات. هەرئەمانـەش وای کـردووە پێشـەنگایەتی لـە دەسـت بـدات و پەراوێـز ببێـت و لەمێـژوودا بشاردرێتەوە هێنـدەی بەرخودانەکەشـی، چەمکـی خۆبەدەسـتەوەدان و ناپاکـی و

بەکرێگیـراوی و خیانـەت لەنـاو کۆمەڵـگادا پەیدابێـت . ئەمـەش باتەتێکـە کـە هەڵوەسـتەی تایبەتـی لەسـەردەکەم. بەهەرحـاڵ کاتێـك رووداوە مێژوویـەکان تاوتـوێ دەکەیـن دەبینیـن کۆمەڵگای کوردسـتان وردەوردە پێدەنێتـە نـاو قۆناخێکـی نـوێ وە ، بـەڵام سروشـتی نابێـت . ئەمـەش چەنـد پرسـیارێکمان لـەلا دروسـت دەکات ، ئایـا کۆمەڵـگای کوردسـتان و باشـوری میزۆپۆتامیـا چـۆن گەشـەیان کـرد؟ ئایـا بۆچـی دەو ڵـەت لەباشـوری میزۆپۆتامیا دروسـت بـوو لەکوردسـتان و باکـوری میزۆپۆتامیـاو دروست نەبـووی؟ ئایـا کاریگـەری کۆمەڵـگای باشـوری میزۆپۆتامیـا و دەوڵـەت لەسـەر کوردسـتان چـی بـوو ؟ بەپێچەوانـەوە کاریگـەری کۆمەڵـگای کوردسـتان لەسـەر باشـوری میزۆپۆتامیـا چـی بـوو.


## أ. گەشەکردنی کۆمەڵگاو پەیدابونی دەوڵەت لە باشوری میزۆپۆتامیا

تێڕوانینـی جیاجیـا هەیـە لەسـەر پێکهاتـەی جیۆلۆجـی باشـوری میزۆپۆتامیـا، (دی مـۆرگان) شوێنەوارناسـی فەڕەنسـی کـە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا لەسـەر ئیـلام و کەنـداو لێکۆڵینـەوەی ئەنجامـداوە، دەڵـێ: لەچاخـی بەردینـی کۆنـدا سـنوری کەنـداو لەسـەر ڕووبـاری فـورات لەهیـت بـووەو لەسـەر ڕووبـاری دیجلـە لەسامەڕا بـووە. بەهـۆی قوڕولیتـەی هـەردوو رووبارەکـەوە هـەر (١٠٠)ساڵ زیاترلە(٢کـم) پاشەکشـەی کـردووەو بەمشـێوەیە گەیشـتۆتە سـنوری ئـور لەسـەر ڕووبـاری فـورات و میسـان(کاراکس) لەسـەر رووبـاری دیجلـە لـە هـەزارەی چوارەمـی پێـش زاینـداو بەڵگەشـی بۆئەمـە ئەوەیـە کـە دەگوترێـت ئەسـکەندەر (کاراکـس)ی لـە دووری(٢,٥کم)لەسـنوری کەنـداوەوە دروسـتکردووە، بـەڵام ئێسـتا ١٨٠کـم دوورە لەکەنـداوەوە، هەروەهـا دەگوترێـت (ئور)لـە سـەردەمی خۆیـدا بەنـدەری هەبـووە. لیزاوفالکـۆن کـە دوو زانـای جیولۆجـی تـرن و لـە سـاڵی ١٩٥٠ دا ئاماژەیـان بـۆ ئـەوە کـردووە کەتیـۆری (مـۆرگان) ڕاسـت نییـەو (٥٠٠٠) سـاڵە سـنوری کەنـداو نەگـۆڕاوە. بـەڵام پێـش ئـەو دیرۆکـە، بەهـۆی قورسـی قوڕولیتـەی رووبارەکانـەوە، زەوی رۆچـووەو ئـاوی کەنـداو هەڵکشـاوە، بـەڵام دواتـر کشـاوەتەوە جێگـەی خـۆی. (نوتـزڵ)ی شوێنەوارناسـی ئەڵمانـی دەڵـێ: سـاڵانی (١٤٠٠٠- ١٣٠٠٠)پ ز کۆتایـی بـە چاخـی سـەهۆڵبەندانی چـوارەم هاتـووە. ئەمـەش وایکـردووە ئـاوی دەریـاو زەریـاکان جارێکـی تـر بـەرز ببنـەوەو هەڵکشـێن بـەرەو ژوورو زۆر جێگـە کـە وشـکانی بـوو بەئـاو داپۆشـرێت. (چونکـە نوتـزڵ دەڵـێ بەهـۆی سـەهۆڵبەندانەوە ئـاوی زەریـاو دەریـاکان بـۆ خـوار (١٠٦)م لەئاسـتی ئێسـتای دابەزیـوە، بـەڵام توانـەوەی سـەهۆڵەکان ئاسـتی ئـاوی بـەرز کـردەوە، کەنداویـش قووڵیەکـەی (١٠٠م )و بـەم شـێوەیە پڕبوەتـەوە لـە ئـاو). دەڵێـت ئـەو کاتـە ئـاو هەتـا ئـور هاتـووە، لەنێـوان (٥٠٠٠- ٣٠٠٠ پ.ز) داو دواتـر ئـاو کشـاوەتەوە جێگـەی ئێسـتای و ئەمـەش وەکـو لافـاوی نـوح بەنـاو دەکات. بەهـەر حـاڵ هەمـوو تیۆرییـەکان لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە باشـوری میزۆپۆتامیـا هەتـا هـەزارەی پێنجەمـی پێـش زایـن دەرفەتـی ژیانێکـی جێگیـری سـەقامگیری تێدانەبـووە. زانسـتی شـوێنەواریش ئـەم ڕاسـتیەمان بۆدەسـەلمێنی. ئەوەتـا دەبینیـن کۆنتریـن شـوێنەوارەکانی باشـوری میزۆپۆتامیـا تەمەنیـان ناگاتـە (٥٠٠٠پ ز)، بەڵکـو لـەو مێـژووە نوێـترن. بەڵام

شوێنەواری لەمانە بەتەمەنتر دەبینین لە ناوەڕاستی میزۆپۆتامیادا، بۆ نمونە؛ صەوان لە باشوری سامەڕاو لەرۆژهەڵاتی دیجلە کە مێژووەکەی بۆ (٦٠٠٠پ.ز)دەگەڕێتەوە، حەسونە کە ٣٥کم دەکەوێتە باشوری موسڵەوەو لە رۆژئاوای دیجلەدایەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٨٠٠پ.ز) و سامەڕاش مێژووەکەی بۆ(٥٠٠٠پ.ز) دەگەڕێتەوەو تەل حەلەف(٤٩٠٠- ٤٣٠٠پ.ز). ئەمانە ئەوەمان نیشان دەدەن کە باشوری میزۆپۆتامیا خۆراکی خۆی لەناوەڕاست و باکوری میزۆپۆتامیا وەرگرتووەو گەشەی کردووە. هەرجەندە لە باکوری میزۆپۆتامیا ئەزمونی ژیان و ئامرازەکانی ژیان و بەرهەمهێنان گەشەیان کردووە. مرۆڤەکان لەشوێنی لە بارتر گەڕاون بۆگەشەدان بەژیانیان، هەروەکو چۆن ئەشکەوت گوزارە لەشێوەی ژیانی کۆمەڵگا دەگات لەچاخی بەردینی کۆندا، گوندە سەرەتاییەکان گوزارە لەژیانی کۆمەڵگای نیۆلۆتیك دەکەن. مرۆڤەکان لەجێگەو شێوازی نوێی ژیان دەگەڕان. لەباری و گونجاوی جوگرافیای میزۆپۆتامیای خواروو بۆگەشە پێدانی بەرهەم و مەزنکردنی گوندەکان، دەرفەتی ژیانێکی نوێیان زیاتردەکرد. هاوکاتی ئەمانە ڕۆڵی ڕاهیبەکان لە ئافراندنی زهنیەتی نوێی کۆمەڵگاو خوداوەندی نوێی کۆمەڵگادا ڕووی ئاڕاستەی گۆڕانکاری و نوێگەریەکەی بەرەو دەوڵەتو دەسەڵاتداری ئاڕاستە کرد. واتا لە باشوری میزۆپۆتامیا فۆرمی کۆمەڵگاو ژیان گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی بەسەردا هات، بەڵام ئەم گۆڕانکاریە لەسەر بنەمای پێداویستیەکانی کۆمەڵگا نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای پێداویستی و بەرژەوەندی کۆمەڵێکی کەم ئەنجام درا، کەدەیانخواست دەست بەسەر ئیرادەی سیاسی و بەرهەمی کۆمەڵگادا بگرن، ئیتر لێرە بەدواوە بەڕێوەبەر لەکۆمەڵگا دادەبڕێت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگادا نامێنێت، بەڵکو لەسەر بنەمای دامودەزگاو سنوری جوگرافیا دەبێتە بەپرس یان پادشا، جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی دروست دەبێت و مرۆڤەکان خۆیان دەکەنە ناوەندی گەردوون و ئیتر گەردوون وەکو دیاردەیەکی زیندو نابینرێت. هەر ئەمەیە ڕێبەر ئۆجالان بەلادانی کۆمەڵایەتی ناوی دەبات. ئیدی دەوڵەت هەوڵ دەدات هەموو گروپ و تیرە جیاوازەکان بخاتە ناو فۆرمەکەی خۆیەوەو بەشێوازی جیاجیا هەوڵدەدا، هەربۆیە بەدڕندانەترین شێواز هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵگا سروشتیەکان و هێرشەکانی خۆی وەکو بابەتێکی پێشکەوتوخوازی و بەرخۆدانی تیرەو خێڵەکان وەکو دیاردەو بابەتێکی پاشکەوتوخوازی بەناو دەکات. ئەم ڕەوش و هەڵوێستە هەتا ئەمرۆ بەردەوامی هەیە. دەتوانین بڵێین ئیدی کۆمەڵگای باشوری میزۆپۆتامیا دەبێتە کۆمەڵگایەك کە خاوەنی دووفۆرمە، یەکەم فۆرمی کۆمەڵگایە کەتیرەو هۆزەکانە، دووەم فۆرمی دەوڵەتە، دەوڵەتی خانەدان و پادشا – خوداکانە. بەڵام فۆرمی دەوڵەت فۆرمی باڵادەست بووەو هەمیشە لە هەوڵی تواندنەوەی فۆرمی کۆمەڵگادا بووە، فۆرمی کۆمەڵگاش لەبەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەدا بووەو خواستویەتی خۆی بپارێزێت و جاربەجار هێرشی کردۆتە سەر ناوەندەکانی دەوڵەت، جونکە وەکو هەڕەشە بینویەتی بۆسەرخۆی. دەتوانین لێرەدا بە هێڵکاری ئەم گۆڕانکاریە نیشان بدەین:

| لەکۆمەڵگای سروشتیدا | لەکۆمەڵگای دەوڵەت دا |
|---|---|
| ١-ژیان یەك فۆرمی هەیە و ئەویش لەسەر هاوسەنگی دروست بووە تەنیا فۆرمی کۆمەڵگایە | ١-ژیان دوو فۆرمی هەیە، ئەوانیش فۆرمی کۆمەڵگا کە لاواز دەبێت و فۆرمی دەوڵەتیش کە لە سەر بنەمای لاسەنگی ژنیگەیی، رەگەزی و چینایەتی دروست بووەوە |
| ٢-هێڵکاری لە رووی ژینگەوە | ٢-هێڵکاری لە روو ژینگەوە |
|  |  |



| لەکۆمەڵگای سروشتیدا | لەکۆمەڵگای دەوڵەت دا |
|---|---|
| ٣- هێڵکاری لە رووی رەگە زییەوە | ٣- هێڵکاری لە رووی رەگە زییەوە |
|  |  |





| لەکۆمەڵگای سروشتیدا | لەکۆمەڵگای دەوڵەت دا |
|---|---|
| ٤-هێڵکاری لە رووی دابە شکردنی کارو پیشە وە | ٤-هێڵکاری لە رووی دابە شکردنی کارو پیشە وە |
|  |   |







لێرەوە دەبینین کە لەکۆمەڵگای پلەداری و دەوڵەتدا مرۆڤ خۆی لەژینگە دابڕیوەو خۆی کردۆتە ناوەندی ژینگەو لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی نێوان هەموو پێکهاتەکانی گەردووندایەو لەسەر بنەمای زیندوویی ژینگەو گەردوون نا، بەڵکو لەسەر بنەمای گەردوون بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستبووە هەڵسوکەوتی لە گەڵدا دەکات. لەڕووی ڕەگەزی وپێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە سەیربکەین، دەبینین لەکۆمەڵگای دەوڵەتدا پیاو لەسەر بنەمای خۆ کردنە ناوەند، پەیوەندی خۆی و ژن و پێکهاتەکانی تر رێك دەخاتەوەو ئیتر ژن و پیاو دوو پێکهاتەی یەکتر تەواوکەر نین، بەڵکو پیاو ناوەندی هەموو ژیانەو ژن و پێکهاتەکانی تر لاوەکین، لەسەر بنەمای دابەشکردنی کارو پیشەش سەیری کۆمەڵگا بکەین، وەکو لە هێڵکاری خاڵی چوارەمدا دیارە، لە

کۆمەڵگای سروشتیدا، پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان کاروپیشەکاندا هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگای دەوڵەتدا لاسەنگی دروست دەکرێت و هەر قۆناخێك خاوەن پیشەیەك هەوڵ دەدات خۆی بکاتە ناوەندو ژیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی خۆی رێکبخاتەوەو ئەو گۆڕانکاریانەشی کە لەدەسەڵاتەکاندا ڕوو دەدات، تەنیا ئەم لایەنەیە، نەك جەوهەری لاسەنگیەکان.

## ب. هۆکاری درووست نەبوونی دەوڵەت لە کوردستانداو ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵگای کوردستان

زۆربەی ئارکۆلۆژەکان و دیرۆك زانەکان گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە مرۆڤایەتی لەکوردستاندا دووشۆڕشی مەزنی ئەنجامداوە، کە شۆڕشی کۆمەڵگابوون و شۆڕشی کشتوکاڵ یاخود نیۆرۆتیکە. بەمشێوەیەش لەسەرەتای کۆمەڵگابوونەوە کە زۆربەی زانایان دەیگێڕنەوە بۆ(٢٥٠- ٢٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستاو هەتا نزیکەی (٤٠٠٠- ٣٠٠٠) پ ز، واتە (٦٠٠٠- ٥٠٠٠) پێش ئێستا پێشەنگایەتی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووەو لێرەوە کەلەپوورو بەرهەم و داهێنانەکانی مرۆڤ سەریان هەڵداوەو بڵاوبوونەتەوە. بەڵام لە(٦٠٠٠) ساڵ پێش ئێستاوە وردە وردە پێشەنگایەتی لە دەستدەدات و پێشەنگایەتی دەکەوێتە دەستی باشوری میزۆپۆتامیاوە. لەماوەی (٦٠٠٠-٥٠٠٠) ساڵ پێش ئێستادا دامەزراوەی دەوڵەت لەباشووری میزۆپۆتامیا جێگیردەبێت و ئیتر دەوڵەت و ئەو جوگرافیایە خواستیان لە جێگەی پێشەنگایەتی، حوکمی مرۆڤایەتی و جیهان بکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کەئایا بۆچی دەوڵەت لە کوردستاندا دروست نەبوو، ئایا گومان هەیە لەوەی کە کوردستان و میزۆپۆتامیای ژووروو لانکەی مرۆڤایەتی وشۆڕشەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی بن؟ ئایا وەکو هەندێك باسی دەکەن جوگرافیای کوردستان بەرتەسك بوو، دەرفەتی دروستکردنی شاری تێدا نەبوو؟ ئایا لەکوردستاندا ئەوەندە بەهەم زیاد نەبوو کە بتوانێت بناغەی دەوڵەت دروست بکات؟ بۆچی ئەم برسیارانە دەکەم، چونکە بەشێکی زاناکان دەڵێن لە باشوری میزۆپۆتامیادا بەرهەمی زۆر کەڵەکەبوو، ژمارەی مرۆڤەکان زۆر زیادیان کرد، ئەمەش کۆمەڵگای ناچارکرد کە بەرەوسیستمێکی تر هەنگاو بنێن و ئەو سیستەمەش دروستکردنی شارو دەوڵەت بوو. واتە وەکو لەبەشی پێشووتردا باسمان کرد، دروستکردنی کۆمەڵێك لاسەنگی بوو لە پێناوی چارەسەریدا.

ئەگەر سەیری ئەمڕۆی کوردستان بکەین، کە کەش و هەوای زۆر لە (٦٠٠٠-٥٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا گەرمترو وشکترەو نالەبارترە بۆ کشتوکاڵ و چاندن ونیشتەجێبوون، بەڵام دەبینین چەندین (شار) لەکوردستاندا هەیە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ملیۆنێکی تێپەڕ کردووە. هەتا گوندەکانی کوردستان تێك نەدرابوون، بەشی شارەکانیش بەرهەمیان دەهێناو لە ئێستاشدا ئەگەر گرنگی بەئاودێری بدرێت لە کوردستاندا، ئەوا بەرهەمی چاندن و کشتوکاڵی کوردستان بەشی رۆژهەڵاتی ناوین دەکات، جا دەبێت لەوسەدەمەدا چەندە توانای هەبوبێت؟! جوگرافیای کوردستانیش

بەشی ئەوەی کردووە کەشاری گەورەی تێدا دروست بکرێت، چونکە لە سەردەمە کۆنەکانیشدا هیچ شارێك لەسەرەتاوە ژمارەی نەچۆتە سەدان هەزار، واتە ئەگەر کێشە بەرهەمی زیادەو هەبوونی جێگە بۆ دروستکردنی شارو ئەزموون بێت، ئەمانە لەکوردستانیش هەبوون، دەتوانین هەبوونی بەرهەمی زیادەو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوا وەکو دوو هۆکار بۆدروستکردنی ژینگەی مەزنترو سیسمی نوێی ژیان بەناو بکەین ، ئەم دووهۆ کارەش لە کوردستانیش و لە باشوری میزۆپۆتامیاش لەئاستی جیاوازدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەو دوو هۆکارە نەبوونەتە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی دەوڵەت و شار، لێرەدا گرنگە کەباسی شارو دەوڵەت دەکەین، وەکو گەورەبوونی ژینگە نا، بەڵکو وەکو سیستمی ژیان و بەڕێوەبەرێتی سەیری بکەین هەربۆیە گرنگە لێرەدا بەکورتیش بێت بەراوردێك لەنێوان مۆدیلی ژیانی گوندو ژیانی شاردا بکەین:

١- لەبیناسازی گونددا زۆر گرنگی بەحەوشەو شورا(دیواری بەرز)ی مەزن نەدراوە، ئەم مۆدیلە هەتا سالانێکی کەم پێش ئێستاو پێش خاپورکردنی زۆربەی گوندەکانی کوردستان لە زۆربەی کوردستاندا دەبیندران، بەڵام ئێستا لەگوندەکانیشدا گرنگی بە حەوش و شوراو دەرگای قایم دەدەن کە ئەمە سیستمی خانوبەرەو بیناسازی شارە. لێرە قسەمان لەسەر رێکوپێکی خانووبەرە نیە، قسەمان لە سەر هۆکاری ئەو شێوازە دروستکردنەیە. پرسەکە ئەوەیە کە ئایا بۆچی لەگونددا خانووەکان دەرگای قایم و دیواری بەرزیان نەبووە، بۆچی لە شارەکاندا پەنا براوەتە بەر ئەو شێوە بیناسازیە؟ ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە کە لەگونددا بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگا زۆربەی یەکتری دەناسن و باوەڕیان بەیەکتر هەبووەو ژیانی هەرەوەزی لەنێوانیاندا هەبووە، پێوستیان بەوە نەبینیوە گە ئەوەندە شتی خۆیان قایم بکەن و بیشارنەوە، بەڵام لەشاردا بەهۆی کەمی یەکتر ناسینەوە، متمانە بەیەکتری و متمانە بەدەدەرەوەش کەم بووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی حەوشەی گەورە بۆخانوەکانیان بکەن و شوراش بەدەوری شاردا دروست بکەن. واتە باری کۆمەڵایەتی و دەروونی جەماوەر کاریگەری لەسەر شێوازی بیناسازی هەبووە. ئێمە ئەگەر بارودۆخی شارەکانی کوردستان لە سالانی (٥٠- ٦٠)ی سەدەی رابردوو بێنینەوە بیری خۆمان، دەبینین کەزۆربەی شارەکانی کوردستان تایبەتمەندی گوندبونیان لە پێشتربووە، خەڵك باوەڕی بەیەك هەبووە، دەرگای خۆی لە بەرامبەر دراوسێی قایم نەکردووە. بەڵام بەداخەوە لە ئەمڕۆدا ژیانی گۆندەکانیشمان مۆرکی مۆدیلی شاری وەرگرتوە. واتا دکرێت نیشینگەی گەورەتر لەو گوندە سەرەتایانەش دروست بکرێت و شێوازی خانوبەرە باشتر بکرێت، (کە نمونەی (تەلەحەلەف)مان لە رۆژئاوای کوردستان هەیە. کەگوندێکی مەزن بووەو مۆدێلی شاری وەرنەگرتووە) بەڵام تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی گوندو کۆمەڵگای سروشتی تێدا بپارێزرێت. دیارە لەبەرئەوەی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا ڕەگو ریشەی زیاترەو ڕۆچۆتە خوارەوە، لەبەرئەوە گوندە گەورەکانی کوردستان وەرنەچەرخاون بۆشار.

٢- لە بەرئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەگوندا هەرەوەزو هاوبەش بووە، کڕین و فرۆشتن بەبەرهەمەکانەوە نەکراوە، ئەم کارە وەکو شەرم و شورەیی بیندراوە، لەبەرئەوە دوکان و بازاڕ

وەکـو کارێکـی لەڕێگـەلادان سـەیرکراوەو بەکارێکـی بـاش نەبینـدراوە. هەروەهـا بەهـۆی تونـدو تۆڵـی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیـەوە، لەگونـددا کـەس بەبـێ جێـگا نەدەمایـەوە، هەرکەسـێکی نامـۆش بهاتایەتـە گونـدەوە لـە ماڵانـدا دەحەوێندرایـەوە، بـەڵام لـە شـاردا دوکان و بـازاڕ کارێکـی ئاسـاییە. کەسـیش ئامـادە نیـە خەڵکـی نامـۆ بحەوێنێتـەوەو لەبەرئەمـە کاروانسـەراو ئوتێـل دروسـت دەکـەن. لـەم بوارانەشـەوە سـەیری بکەیـن. هەتا(٥٠-٦٠)سـاڵ پێـش ئێسـتا لـە زۆر ناوچـەی کوردسـتان شـت گۆڕینـەوە باوبـوەو فرۆشـتن زۆرکـەم بـووەو لـە شـارەکانی کوردستانیشـدا دوکان و بازاڕیـش کەمبوون و ئوتێـل نەبـووە یـان زۆرکـەم بـووەو خەڵـك خاوەنـداری لەکەسـانی نامـۆو نەشـارەزاکردووە . بـەڵام ئەمـڕۆ ئـەم بـوارەش لاوازبـووە. دیـارە ئـەم لایانـەش هۆکارێکـی تربـووە هەتـا کۆمەڵـگای کوردسـتان بنەمـاو کۆڵەکەکانـی مۆدیلـی شـارو دەوڵەتـی پـێ پەسـند نەبێـت وپەنـای بۆنەبـات.

٣- بەهـۆی باڵادەسـتی بـاوەڕی ئانیمیسـت وکاریگـەری کولتـوری دایـك لەکۆمەڵـگای کوردسـتاندا، مرۆڤـەکان بەشـێوەی سروشـتی سـەیری پەیوەنـدی خۆیانـوو سروشـت و خۆیـان خوداوەندیـان کـردووە، هەربۆیـە مرۆڤـەکان بـە پێوسـتیان نەبینیـوە کەهیـج کەسـێك یـان دامەزراوەیـەك ببێتـە ئاڵقـەی پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و خوداوەنـدو باوەڕیەکـە. هەربۆیـە دەبینیـن لـە کۆمەڵـگای سروشـتیدا کـە بناخەکـەی لـە کوردسـتاندایە، زەمینـەی دروسـتبونی راهیبـەو زیگۆرات(پەرسـتگای گشـتی) کـەم بـووەو ئـەوەش وایکـردووە راهیبـەو زیگـۆرات لـە میزۆپۆتامیـای خـواروو پەیـدا بـبن و ببنـە داینەمـۆی دروسـتکردنی زهنیـەت یۆتۆپیـای ژیانـی نـوێ و مۆدیلـی خۆیـان دروسـت بکـەن. ئـەم دیاردەیـە هەتـا ئێسـتاش لەبەشـێك لـە گوندەکانـی کوردسـتاندا، ئەوانـەی کـە عەلـەوی، ئێزیـدی و یارسـانن پەسـند ناکرێـت و خەڵکـی گونـد لەنـاو ماڵـی خۆیانـدا جـەم و کۆبونـەوەی ئایینـی دروسـت دەکـەن. کاتێـك لـەم بابەتەنـەوە لـە مێـژووی (٥٠٠٠)سـاڵی مۆدیلـە جیاجیاکانـی دەوڵـەت و ژیانـی شـار ورد بینـەوە، هەسـت بـەوە دەکەیـن کەکۆمەڵـگای کوردسـتان لەبەرچـی پەنـای بۆئـەو بژادەیـە نەبـردووە. کۆمەڵـگای کوردسـتان ئـەو بژاردەیـەی بـەلادان و دوورکەوتنـەوە لـە پیرۆزیەکانـی کۆمەڵـگا بینیـوە. لـە بەرامبـەر ئەمـەدا هەوڵیـداوە مۆدێلـی خـۆی دروسـت بـکات. ئەمـەش لـە بەشـی داهاتـودا بـاس دەکەیـن.

## ج . ململانێـی شارستانیەتی دەوڵـەت و کۆمەڵگای سروشـتی لـە کوردسـتانداو کاریگەریەکانـی لەسـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان

گەشـەکردنی کۆمەڵـگای کوردسـتان لەناوخـۆداو قوتبوونـەوەی سیسـتمێکی نوێـی ژیـان لەتەنیشـتیداو هێرشـە ڕاستەوخۆو ناڕاسـتەوخۆکانی بۆسـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان، دوو فاکتـەری سـەرەکی و فشـار دروسـتکەر بـوون بۆسـەرکۆمەڵگای کوردسـتان، زۆربوونـی فشـارەکان، گۆڕانـگاری دەکـردە ناچـاری. ئەزمـون، گەشـەکردنی بیـرو هۆشـیاری، ئابـوری و بەرهـەم و زۆربوونـی دانیشـتوان لـە ناوخـۆدا بزافـی بەئاڕاسـتەی گۆڕانکاریـدا دروسـت دەکـرد، پەیوەنـدی کۆمەڵـگای کوردسـتان و دەوروبـەری

و ئـەو سیسـتمانەی لەباشـوری میزۆپۆتامیـا دروسـت بـوون کاریگـەری ناڕاسـتەوخۆی لەسـەر تاکەکانـی کۆمەڵـگا دروسـت دەکـردو سـەرنجی رادەکێشـان، ئەرێنـی بێـت یـان نەرێنـی. لەگـەڵ ئەمانـەدا هێرشـەکانی ئـەو دەوڵەتانـە بۆسـەر کوردسـتان فشـارێکی تـری دروسـت دەکـرد. زۆربـەی کۆمەڵـگای کوردسـتان گۆڕانکاریـان وەکـو پێویسـتیەك دەبینـی. بـەڵام مۆدێلـی باشـوری میزۆپۆتامیایان بەچارەسـەر نەدەبینـی. بـەڵام کەسـانێکیش هەبـوون تامـەزرۆی ئـەو ژیانـە دەبـوون و پێـی کاریگـەر دەبـوون. لـەڕۆژگاری ئەمڕۆشـماندا دیـاردەی بـەو ڕەنگـە دەبینیـن. ئەوەتـا بەشـێکی کۆمەڵـگای ئێمـە کەوتونەتـە ژێـر کاریگـەری کۆمەڵـگای رۆژئـاواوەو بەشێکیشـی ڕووبـەرووی دەبێتـەوە. لـەم ململانـێ و بێنـەو بـەردەدا، هـەم کۆمەڵـگای کوردسـتان دەیخواسـت مۆرکـی خـۆی لـە سیسـتمی نوێـی باشـوری میزۆپۆتامیـا بـدات. هـەم سیسـتمی باشـوری میزۆپۆتامیـا هەڵیـدەدا کۆمەڵـگای کوردسـتان وەك خـۆی لێبـکات. بێگومـان چانـدو پێوانەکانـی کۆمەڵـگای سروشـتی و فۆرمـی کۆمەڵـگا لـە سیسـتمی باشـوری میزۆپۆتامیـادا رەنگدانـەوەی دیـارو ئاشـکرایەو دەکرێـت لەبەشـەکانی تـرداو بەپێـی پێویسـت ئاماژەیـان پـێ بکەیـن. ئـەوەی لێـرەدا جێگـەی مەبەسـتمانە، کۆمەڵـگای کوردسـتانە. بـۆ ئەمـەش ئەڵتەرناتیـف و کاریگەریەکانـی ململانێکـە لەسـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان، لەچەنـد خاڵێکـدا کـورت دەکەینـەوە:

١- لـەڕووی فۆرمـی کۆمەڵایەتیـەوە، لەبـەر توندوتۆڵـی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکان، زەمینـەی چینایەتـی لەنـاو کۆمەڵـگای کوردسـتاندا کـەم بـوو. یـان دەتوانیـن بڵێیـن نزیـك بـوو لەنەبوونـەوە، لەبەرئەمـە کۆمەڵـگای کوردسـتان ئامـادە نەبـوو هەنـگاو بـەرەو خانەدانـی و کۆیلـەداری بنێـت. زۆربونـی ژمـارەی مرۆڤـەکان و زیادبوونـی پەیوەنـدی ژیانـی بنەماڵـەو تیـرە جیـاوازەکان لەگـەڵ یەکتریـدا. زەمینـەی فۆرمێکـی کۆمەڵایەتـی و ژیانـی نوێـی دروسـتکرد کـە لەئەمڕۆی کوردستانیشـدا بـە خێـڵ دەناسریـت و لەکۆمەڵـگای عەرەبیشـدا بـە (عەشـیرەت) دەناسرێـت. دواتریـش یەکێتـی و هاوپەیمانـی لـە نێـوان خێڵەکانـدا دروسـت دەبـوون لەسـەر بنەمـای پێویسـتی ژیانـی و ئاسایشـی (مـەرج نەبـوو کـە پەیوەنـدی نێـوان تاکەکانـی خێڵێـك پەیوەنـدی خوێـن بێـت، ئەمـە بـۆ هاوپەیمانەکانیـش هەروەهـا بـوو). بـەو هاوپەیمانیـەش وەکـو ئێـل (یـان هەندێـك دەڵێـن هـۆز) و لـە عەرەبیشـدا بـە قەبیلـە دەناسرێـت. واتـە فۆرمـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگای کوردسـتان و بەشـێکی تـر لەکۆمەڵگاکان لەتیـرەوە هەنـگاوی نـا بـۆ خێـل و لوێشـەوە بـۆ (ئێل)هـۆز. واتـە لەکاتێکـدا لە باشـوری میزۆپۆتامیـا دەوڵەتـی خانـەدان لـە هەڵکشـاندابوو، لـە کوردسـتان و ئـەو ناوچانـەی تایبەتمەنـدی سروشـتیان لـە پێشـبوو، فۆرمـی خێـڵ و هـۆز (عەشـیرەت و قەبیلـە ) فۆرمـی کۆمەڵـگاو ئیـرادەی سیاسـی بـوو. ئـەم فۆرمـەی کۆمەڵـگای کوردسـتان بـە تێپەڕبونـی کات و هەتـا گەیشـتۆتە ئەمـڕۆ گۆڕانـکاری زۆری بەسـەردا هاتـووە، واتـا ئـەو فۆرمـەی ئەمـڕۆ بەنـاوی خێـڵ و هـۆزەوە هەیـە، هەمـوو تایبەتمەندیەکانیـان هاوشـیوەی خێـڵ و هۆزەکانـی سـەرەتا نیـن. گومانـی تێدانیـە ئـەو خێـڵ و هۆزانـەی سـەرەتاش خـاوەن هەمـان تایبەتمەنـدی قـلان و تیـرە سـەرەتایەکانی سـەردەمی نیۆلۆتیـك نەبـوون. ئـەوەی لەئەنجامـی لێکۆڵینـەوە مێژوویەکانـەوە دەسـتمان دەکەوێـت، ئەوەیـە کەلـە خێـڵ

و هـۆزی کوردستانیشـدا رۆڵـی پیـاو دەردەکەوێتـە پێـش، بـەڵام ژنیـش بەتـەواوی بـێ ڕۆڵ ناکرێـت. پەیوەنـدی سـەرەکی خێـڵ و ئەندامانـی خێـڵ، یـان سـەرۆکی هـۆزو هاوپەیمانەکانـی لەسـەر بنەمـای خزمایەتـی نیـە، بـەڵام لەسـەر بنەمـای کۆیلایەتیـش نیـە، بەڵکـو لێهاتوویـی کەسـەکە رۆڵـی هەیـە لەدیاریکردنـی سـەرۆکی هـۆزدا. لەسەرەتاشـەوە سـەرۆکایەتی خێـڵ و هـۆزەکان بەمیـرات نەبـوون، بەڵکـو بەدیـاری کـردن بـووە. تاکەکانـی خێـڵ پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی و مەعنەویـان لـە گـەڵ یەکـتردا هەیـەو لەهـەر جێگەیـەك بـن خۆیـان بەئەندامـی خێڵـی خۆیـان دەزانـی و خۆیـان بـە بەرپـرسیار دەبینـی لـە بەرامبـەر جێبەجێکردنـی چانـدو پێوانەکانـدا. تیـرەو خێـڵ لـە نـاو هـۆزدا ئۆتۆنۆمـی خۆیان هەیـەو لەکاروبـاری ناوخۆیانـدا سـەربەخۆن و بەرامبـەر (هۆز)یـش خۆیـان بـە بەرپـرس دەبینـن. سـەرۆکی خێـڵ و هۆزیـش رۆڵێکـی مەعنەویـان هەیـەو لەڕێگـەی کاریگەریـی مەعنـەوی و ئیقناعـەوە سـەرۆکایەتی دەکـەن، نـەك لەسـەر بنەمـای هێـزو تۆقانـدن. نموونـەی ئـەم جـۆرە خێـڵ و هۆزانـە هەتـا ئەمـڕۆش لـە کوردسـتاندا بونیـان هەیـە. بـۆ نموونـە بەشـێکی خێڵەکانـی کوردسـتان ریـش سـپیان هەیـە و دوای کۆچـی دوایـی ریـش سـپیەکەیان ، کەسـەدیارەکانیان کۆدەبنـەوە و کەسـێکی تـر دیـاری دەکـەن بۆجێگەکـەی. بـەڵام هەندێـك خێـڵ و هـۆز هـەن ئاغایـان هەیـەو سـەرۆکی خێـڵ بەمیـرات دەمێنێتـەوە، ئـەوە ئـەو خێـڵ و هۆزانـەن کەزیاتـر کاریگەربـوون بەسیسـتمی دەسـەڵات و دەوڵەتـی خانـەدان. یاخـود دەبینیـن هەندیـك خێـڵ، ژن سـەرۆکایەتیان کـردوون لـە وێنـەی (قـەدەم خێـر)، خانـزادی میـری سـۆران و قەرەفاتـم، بـەڵام هەندێـك عەشـیرەت (خێـڵ) ئـەوە بەشـورەیی دەزانـن. دیـارە ئەمـەش بۆهەمـان هـۆکار دەگەڕێتـەوە. خاڵێکـی تـر کەگرنگـە لێـرەدا باسـی بکەیـن ئەوەیـە کەفۆرمـی خێـڵ و هـۆز لـەو سـەردەمەدا وەکـو ئەڵتەرناتیفـی فۆرمـی دەوڵـەت بـووەو هەمیشـە خـۆی لـە دەوڵـەت پـێ باشـتر بـووەو نزیکبوونـەوەی لەدەوڵـەت وەکـو کەمبوونـەوەی ئازادیەکانـی بینیـوە. بـەڵام لەئەمـڕۆدا زۆربـەی خێڵـەکان ئـەم تایبەتمەندیەیـان ونکـردووەو بوونەتـە خاڵـی لاوازی کۆمەڵـگاو لـە رێگایـەوە دەوڵـەت تاکـەکان دەسـتەمۆدەکات. ئەمـەش بەتێپەڕبوونـی کات و لاوازبونـی خێـڵ لەبەرامبـەر دەوڵـەت پەیـدا بـووە. بەگشـتی دەتوانیـن بڵێیـن کۆمەڵـگای کوردسـتان فۆرمێکـی نوێـی خولقانـدو ئـەو فۆرمـەی پۆشـی و هەتـا ئێسـتاش بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان دەیپارێزێـت.

٢- لـەڕووی باوەڕیـەوە وەکـو پێشـتر باسـمانکرد کۆمەڵـگای کوردسـتان وەکـو بەشـێك لەکۆمەڵگای(ئاریـان) لەسـەر بـاوەڕی ئێزدانـی (میترایـی) بـوو. کـە باوەڕییەکـی سروشـتی و ئانیمیسـتە. ململانێـی بـاوەڕی سروشـتی یـان ئانیمیزمـی کۆمەڵـگای کوردسـتان و ئایینـی ڕاهیبەکانـی باشـوری میزۆپۆتامیـا، گۆڕانگاریـی لەشـێوازی پەرسـتن و ناوەڕۆکـی بـاوەڕی میتراییەکانـدا دروسـتکرد. کۆمەڵـگای کوردسـتان نەیدەخواسـت بچێتـە سـەرئاینی ڕاهیبـەکان، لەبەرامبـەر ئەمـەدا ئانیمیسـتی و میتراتیـزم بەتـەواوی وەڵامـی ئـەو قۆناخـەی نەدەدایـە، لەبـەر ئەمـە پێشـەنگ و پیرەکانـی میتراییـەکان کـە بە(مـوغ - مـاگ ) دەنـاسران، هەوڵیانـدا شـێوەی نـوێ ببەخشـنە باوەڕیەکەیـان و فۆرمـی نوێـی بۆبدۆزنـەوە، هەتـا بتوانـن هـەم ئاییـن و باوەڕیـی خۆیـان پـەرە پێبـدەن، هـەم لەبەرامبـەر چەمـك و بـاوەڕی راهیبەکانـدا خۆیـان بپارێـزن. ئەمـەش دەکرێـت وەکـو دوو قۆنـاخ سـەیریی بکەیـن.

قۆناخی یەکەم کە موغەکان رۆڵی سەرەکیان تێدا بینی، قۆناخی دووەم کە زەردەشتەکان رۆڵی سەرەکیان تێدا بینی.

**قۆناخی یەکەم:** لەم قۆناخەدا کە لەنێوان ساڵانی (٤٠٠٠- ٢٠٠٠)پ.ز بەردەوام بوو، لەم قۆناخەدا موغەکان چەمکی(کاست)کە بریتیە لە دابەشکردنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پلەی ئایینی و بەم شێوەیە پیرۆزییەکیان دایە خۆیان و ڕۆڵی خۆیان لە پەرستن و پەیوەندی بەستن بەخوداوە بەرز کردەوە. کارەکەیان گەیاندە ئەوەی کە تەنیا موغەکان دەتوانن هۆرەو سروتی ئایینی و پاڕانەوە ئەنجام بدەن و هەر هاوڵاتییەکی تر پێویستیان بەموغەکان بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو رێوڕەسمانە. کۆمەڵگاشیان بەسەرحەوت پلەی ئاینیدا دابەش کرد، وەکو پێشتر باسمان کرد: قەلە رەشکە، هاوسەر، سەرباز، شێر، ئایندار، پەیکی خۆر، پیر، ئەم بەشانەی کۆمەڵگا هەریەکەو رۆڵێکی هەیەو هیچ بەشێك دەست لەکاری بەشێکی تر وەرنادات و پرۆسەی هاوسەرگیریش لە نێوان دوو بەشدا ئەنجام نادرێت. لەگەڵ دەرەوەشدا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام نادەن. ئەم چەمکە دواتر لەناو ئایینە ئاریانیەکاندا ڕەنگیدایەوە، ئەوەتا لە ئاینەکانی هیندستان لەوێنەی هیندۆسی، بوزایی، سیخی، جینی و لەئاینەکانی یارسانی، ئێزیدی و عەلەویدا رەنگدانەوەی هەیە. دیارە لەم قۆناخەداو بەم میتۆدە موغەکان توانیان بەشێك لەبەهاکانی کۆمەڵگاکەیان بپارێزن و خۆیان ڕادەستی ئایینی ڕاهیبەکان نەکەن، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ئەم میتۆدەش کاریگەریی نەماو دەرهاویشتەی نەرێنی لەکوردستاندا زیادی کرد، ماگەکان دەبوونە چینێکی سەردەستی ئایینی و پێگەی مەعنەوی خۆیان ون دەکردو تاکەکانی کۆمەڵگاش بەدوای پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕوحیەکانیاندا دەگەڕان و ئەمەش وای دەکرد کەبەشێکی ڕووبکەنە ئایین و باوەڕییەکانی دەرەوە. بەشێکیشیان بەدوای چارەسەری تردا بگەڕێن. ئەمەش بووە سەرەتای قۆتاخێکی نوێ لەڕووی باوەڕییەوە.

**قۆناخی دووەم:** ئەم قۆناخە بە قۆناخی زەردەشتیەکان دەناسرێت کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٦٠٠)پ.ز . دیارە زەردەشت بە واتای ئەو کەسەی کە لەگەڵ خۆیدا فەڕو بەرەکەت دێنێت. واتە زەردەشت ناوی کەسێك یان ڕێبەرێك نەبوو، بەڵکو لەقەب و ئاوەڵناوی ئەو کەسانە بوو کە دەیانخواست لەبواری بیرو باوەڕدا ڕیفۆرم و گۆڕانکاری ئەنجام بدەن و کۆمەڵگا لەو بارودۆخە ڕزگار بکەن. بێگومان زەردەشت لە ناو کۆمەڵگای ئێمە وەکو تاکە کەسێك ناسراوە، بەڵام زەردەشت بۆخۆی نازناوی کەسە پێشەنگ و پیرەکانی کۆمەڵگای (ئاریان)ە، ئەوانەی خواستویانە ریفۆرم لە ئایینی میترایدا(ئێزدانی)ئەنجام بدەن. هەروەکو چۆن لەناو عەرەبدا (نەبی و ڕەسول) بەکارهاتووە بۆ پێشەنگە ئایینیەکان، لەناو کۆمەڵگای ئاریانیشدا بەو کەسە چاکانەیان گوتووە زەردەشت. زەردەشتیش تەنیا یەك زەردەشت نەبووەو چەندین زەردەشت هەبوون. سەرەتای زەردەشتی دەگەڕێتەوە بۆ(٢٠٠٠ پ.ز)و دوا زەردەشت (سیمیار)ە کەلەسەردەمی ماددەکاندا ژیاوەو ئەمڕۆ زەردەشت بەو دەناسرێتەوە، زەردەشتەکان هەوڵیانداوە ریفۆرم لە پێوەرو کاستەکانی ماگەکاندا ئەنجام بدەن و لایەنی سروشتی باوەڕی

و دیالەکتیکـی دوانـەی خێـر و شـەڕیان بەبنەمـا گرتـووە. بـەم شـێوەیەش توانیویانـە ورەو هێـز ببەخشـنەوە بـە کۆمەڵـگاو دەکرێـت بـاوەڕی زەردەشـت و فۆرمـی خێـڵ و هـۆز وەکـو پارێزبەندیـی سـەرەکی کۆمەڵـگای کوردسـتان بـۆ قۆناخێکـی دوورو درێـژ بەنـاو بکەیـن.

٣- لـەرووی ژیانـی ئابـووری و بەرهەمهینـان و پیشـەوە، گونـدی مـەزن بونیـاد نـران، کشـتوکاڵ و ئاودێـری و شـوانکارەیی و ئاژەڵـداری پەرەیـان سـەند. هەرچەنـدە ئاسـن لەلایەنـی میتانیەکانـەوە دۆزراوەتـەوەو بۆماوەیـەك سـودی زۆریـان لـێ وەرگرتـووە بـۆ چـەك و ئامێـرە جـۆراو جـۆرەکان، بـەڵام پیشـەی دەسـتی وەکـو کارێکـی لاوەکـی دەبیـنراو تەنیـا بۆدابینکردنـی پێداویسـتیەکانی خۆیـان ئـەو پیشـانەیان دەکـردو زۆربـەی کات لەماڵـدا ئەمجامیانـداوە، هەربـەو شـێوەیەش رسـتن و چنینیـان پـەرە پێـداوەو فـەرش، بـەڕە، جاجـم و جـل وبەرگیـان دروسـت کـردووە. ئـەم کولتـووورە هەتـا ئێسـتاش لەهەندێـك جێگـەی کوردسـتان هـەر بـاوی مـاوەو گرنگـی پـێ دەدرێـت.

٤- بەهـۆی ئـەوەی کۆمەڵـگای کوردسـتان پێشـەنگایەتی لەسـەربنەمای بەهـا مرۆییـەکان لەدەسـتدا، هـاوکات ئامـادە نەبـوو لەسـەربنەمای لاسـەنگی و جیـاوازی ژینگەیـی، رەگـەزی و چینایەتی پێشـەنگی بـکات، وەکـو کۆمەڵـگا بەرخـۆدان و خۆپاراسـتن بـووە پیشـەی سـەرەکی و مۆرکـی لەژیانـی کۆمەڵـگای کوردسـتاندا. بـەڵام لەنـاو کۆمەڵـگاداو لەقۆناخـە جیاجیاکانـدا کەسانێك دەرکەوتـوون کـە خواسـتویانە ببنـە کۆپـی هێـزە داگیرکـەرەکان و بۆئـەوەش دەسـتی خۆیـان لەگـەڵ ئەوهێزانـەدا تێکـەڵ کـردووەو ناپاکیـان لـە کومەڵگاگـەی خۆیـان کـردووەو ئەنکیـدۆی داسـتانی گلگامێـش و هەرباکوسـی سـەردەمی مـاددەکان دیارتریـن نمونـەی ئەوسـەردەمەن.

بەگشـتی دەکرێـت بڵێیـن قۆناخـی تێپەڕبوونـی کۆمەڵـگا لەکۆمەڵـگای سروشـتیەوە بـۆ کۆمەڵـگای پلـەداری و دەوڵـەت، سـەرەڕای ئـەوەی لادانێکـی کۆمەڵایەتـی و ژیانـی بـوو ، هێرشـێکی مەزنیشـی بۆسـەر کۆمەڵـگای سروشـتی دەسـت پێکـردو لـەم هێرشەشـدا کوردسـتان بەشـی شـێری بەرکـەوت. لەلایـەك هەوڵـی لەناوبـردن و توانـەوەی کۆمەڵگاکـەی دراوە لـە نـاو کۆمەڵـگای دەوڵەتـدا، لەلایەکـی تـرەوە نکۆڵـی لـە رابردووەکـەی و بەرخۆدانـە دوورو درێژەکـەی کـراوەو هەوڵـدراوە ژیـان و مێژووەکـەی بـێ واتـا بکرێـت، هەرئەمـەش هۆکارێـك بـووە بـۆ ئـەوەی بەشـێکی مێژوونـوس ولێکۆڵـەری کوردیـش گرنگـی مێـژووی کۆمەڵـگای کوردسـتان نەزانـن.

# بەشی پێنجەم
# کۆمەڵگای کوردستان لە سەردەمی سۆمەرەوە هەتا ئاشنا بوون بەئیسلام

لـەم بەشـەدا هەوڵـدەدەم بەشـێوەیەکی کـورت کرۆنۆلۆژیـای مێـژووی ئـەو قۆناخـە لەکوردسـتاندا بـاس بکـەم، ئەومێـژووەش بەچـوار بـەش دەگرمـە دەسـت: یەکـەم: فۆرمـی دەسـەڵاتداری و دەوڵەتـە هێرشـکارەکانی سەرکوردسـتان. دووەم: فۆرمــی کۆمەڵــگای کوردســتان. ســێیەم: باوەڕمەنــدی و ئاینەکانــی کوردســتان. چـوارەم: گـوزارەی کومەڵـگای کوردسـتان لەبـوارە جیاجیاکانـدا.

## أ. فۆرمی دەسەڵاتداری و دەوڵەت لەکوردستاندا

لێـرەدا دەمـەوێ بـاس لـەو دوڵـەت و دەسـەڵاتانە بکـەم کـە لـەم ماوەیـەدا لـە ململانێدابـوون لەگـەڵ کوردسـتانداو داگیریـان کـردووە یـا هەوڵــی داگیرکردنیانــداوە یاخــود توشــی گێرمــەو کێشـەبوون لەکوردسـتاندا. بەهـۆی دەوڵەمەنـدی فەرهەنگـی و پێگـەی جیۆسـتراتیژی کوردسـتان و گرنگـی لـەڕووی ئابـوری و سیاسییەوە کـە ئەڵقـەی بەسـتنەوەی هەرسێ کیشـوەری ئاسـیا، ئەفریقیـاو ئەوروپایـە، هەمیشـە بۆتـە جێگـەی چـاو تێبڕینـی ئـەو دەوڵـەت و دەسـەڵاتانەی کـە خواسـتویانە ببنـە هێـزی جیهانگیـری. هەروەهـا بەهـۆی هەبوونـی پاشـخانێکی گـەورەی بەهـا کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقیـەکان لـە کوردسـتاندا، هەمیشـە هێـزە جیهانگیـرەکان کۆمەڵـگای کوردسـتانیان بـە مەترسـی بینیـوە بۆسـەر خۆیـان و پێیـان وابـووە کـە ئەگـەر کـوردو کوردسـتان هەسـتنەوە، ئـەوا بەواتـای هەسـتانەوەی بەهـا کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقیەکانـی کۆمەڵگایـەو بەدیوێکـی تـردا سـنور بـۆ هەوڵـە پاوانخوازیەکانـی ئـەوان دادەندرێـت.

**یەکەم: سۆمەریەکان و خانەدانی ئور:**

هەرچەنـدە لـەم سـاڵانەی دواییـدا زانسـتی سـۆمەرۆلۆژی پـەرەی پێـدراوەو لێکۆڵینـەوە لـە سـەر دەقـە سـۆمەریەکان لەهەڵکشـاندایە، بـەڵام هێشـتا رەگ و ڕیشـەی سـۆمەریەکان ڕوون نەبۆتـەوە. گومـان لـەوەدا نیـە کەدەوڵەتـە شـارەکانی سـۆمەر کاریگـەری گەلانـی چیـاو شۆڕشـی کۆمەڵایەتـی و کشـتوکاڵی کوردسـتانی بەسـەرەوەیە، بـەڵام لـەڕووی رەچەڵەکـەوە هێشـتا نەتوانـدراوە بسـەلمێندریت کـە ئـەم دەوڵەتـە شـارانە بەردەوامـی یـان درێـژە پێـدەری کۆمەڵـگای کوردسـتان و گەلـە زاگرۆسـیەکانن. دیارتریــن شــوێنەوارەکانیان شــارەکانی :

١ -ئـوروك (وەرکا): دەکەوێتـە باکـوری رۆژئـاوای شـاری (ناسریـە)ی باشـوری ئێراقـەوە. ئـەم شـارە بەکۆنتریـن شـاری سـۆمەر دادەندرێـت و مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ(٣٨٠٠پ.ز) و بەشـاری ئینانـا دەناسرێـت و لێـرە نوسـین و وێنـەی بزمـاری دۆزراوەتـەوە. دەگوترێـت نـاوی (ئێـراق) لێـرەوە هاتـوە

.

٢- ئەریـدۆ: دەکەوێتـە باشوری(سـەماوە)وە لـە باشـوری ئێراقـی ئەمـڕۆداو بـە یەکێـك لەشـارە دێرینەکانـی سـۆمەر دادەنرێـت. ئەنکـی دروسـتی کـردووەو لـەڕووی پیرۆزییـەوە لـەدوای (نیپـور) ەوە دێـت. لـە ئێراقـی ئەمـڕۆدا (تـل أبـو شـهرین) ی پـێ دەڵێـن . لێـرەدا شـوێنەواری ژیانـی گونـدو

باژێـر دۆزراونەتـەوە.
٣- نیپور(نفـر): ئـەم شـارە پایتەختـی ئایینـی سـۆمەر بـووە. نزیکـەی (٣٠٠٠) پ.ز دروسـتکراوە. دەکەوێتـە باشـوری رۆژهەڵاتـی بابلـەوە. بەهـۆی ئـەوەی کـە (فـورات) ڕێـڕەوی خـۆی گۆڕیـوە ئـەم شـارە بـووە بـە چۆڵەوانـی. ئەمـەش لـە داسـتانەکانی شـیوەن بۆنیپـورو نەفـرەت لـە ئـاگادەدا ڕەنگیدانــەوە.
٤-ئـور (تـل أملقیـر): مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ (٢٧٠٠پ ز). (٥٠کـم) دەکەوێتـە خـوارووی رۆژهەڵاتـی (ئـوروك)ەوە. تەختـی خانەدانـی (ئور)بـووە. ئـەم شـارەش بەهـۆی گۆڕانـی ڕێـڕەوی (فـورات)ەوە بـووە بەچۆڵەوانـی. دەگوترێـت ئیبراهیـم لێـرەوە چـووە بـۆ ڕوها(ئورفـا).
٥- لەگـەش (تللـو): دەکەوێتـە پارێزگای زیقارەوە، لەنزیك(شـەترە)ی باشـوری ئێراقـە، (٥٠٠٠٠) تابلۆی نـوسراوی لـێ دۆزراوەتـەوە، کەباسـی ژیانـی سـۆمەرییەکان دەکات و مێژووەکەیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ (٣٠٠٠پ.ز).
٦- کیـش (تـل الاحیمـر): (٢٠کـم ) دەکەوێتـە خـوارووی رۆژهەڵاتـی (بابل)ەوە، (٢٣) پاشـای سـۆمەری هەتـا (٢٣٥٠پ.ز) لـەم شـارەدا حوکمیـان کـردووە، لـەم سـاڵەدا لەلایەنـی سـارگۆنی ئـەکادەوە داگیرکـراوە.
٧- سـبار (تـل أبوحبـە): (٣٢کـم) دەکەوێتـە خـوارووی رۆژئـاوای بەغـدادەوە، پەرسـتگەی خـودای (رۆژ)ی لێبـووە. (١٣٠٠٠)تابلـۆی نـوسراوی لـێ دۆوزاوە تـەوە.
مـاری (تـل حریـری)، لارسـا (سـنکرە)، أومـا (جوفـە)، اداب(بسـمایا) و اکشـال (لاراك) چەنـد نمونەیەکی تـری دەوڵەتـە شـارەکانی سـۆمەرن کـە لەنێـوان(٣٠٠٠-٢٠٠٠)پ ز رۆڵیـان هەبـووە. ئـەم دەوڵەتـە شارانەی سـۆمەر هەریەکەیـان سـەربەخۆیی خـۆی لـەرووی سیاسـی، ئیـداری و ئایینییـەوە هەبـووە. بـەڵام کاتێـك خانەدانـی ئـەکاد ئیمپراتۆریەتـی (ئەکاد)یـان دروسـتکرد، هەمـوو شـارەکانی سـۆمەریان خسـتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە. سـۆمەرییەکان بەشـێکی زمانەکەیـان دەچێتـەوە سـەرهۆرییەکان کەبەپێشـینانی کـورد دەناسرێـن و لـە خیتابـی (نێرومـێ)دا جیاوازیـان نەکـردووە، بـەڵام ئـەکاد، بابلـی و ئاشـوری جیاوازیـان لەنێـوان (نێرومـێ)دا کـردووە، لەبەرئـەوەی بابەتـی باسـەکەمان مێـژووی کوردو کوردسـتانە، بـە فراوانـی باسـی سـۆمەرو ئـەو دەوڵەتانـە ناکەیـن کـە لـەدەرەوەی کوردسـتان دروسـت بـوون، تەنیـا گرنگـی بـەو لایەنانەیـان دەدەیـن کەپەیوەنـدی بەباسـەکەی ئێمـەوە هەیـە. کۆنتریـن بەڵگـەی نوسـینی سـۆمەرییەکان دەگەڕێتـە بـۆ (٣٥٠٠پ.ز)کـە بریتیـە لـە(١٠٠٠) نـوسراوی سەرخشـتی قوڕیـن و بەڵگـەی ئابوریـن و لـە شـاری ئـوروك دۆزراونەتـەوە. ئـەوەش نوسـینی وێنەییـە، وەکـو دیـار دەبێـت سـۆمەریەکان سـەرەتا بەوێنـە نوسـیویانەو (٢٠٠٠) وێنەیـان هەبـووە. لەناوەڕاسـتی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز وێنەکانیـان کـردووە بـە( ٨٠٠) وێنـە. لەسـەرەتای هـەزارەی دووەمـدا پ.ز کردوویانـە (٥٥٠)وێنـە. دواتـر نوسـینیان گۆڕیـوە بـۆ نیشـانە (ڕەمز)و دواتـر کردوویانـە بەدەنگ(واتـا هەردەنگێـك نیشـانەیەکیان بۆدانـاوە). هـەرە دوایـی نوسـینیان کـردووە بەبزمـاری کـە تێکەڵەیەکـە لـە نیشـانەو دەنـگ. ئـەم نوسـینانە سـەرەتا لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە دەنـوسرا، بـەڵام دواتـر گـۆڕدرا بـۆ

لەچەپەوە بۆ ڕاست (واتە هاوشێوەی لاتینی). نوێترین بەڵگەی سۆمەری کەماوەتەوە بەزاراوەی ژنان ناسراوەو پێی دەڵێن(ئەمەسال)و دەگەڕێتەوە بۆ(١٥٠پ.ز)، نوسەرەکەی(بیل أدنا)یە کە یاریدەدەری ڕاهیبێك بووە. وەکو دیارە ئەم زمانە هەتا ساڵی(٥٠ز) لەلایەنی ڕاهیبەکانەوە بۆ تۆمارکردنی رۆژمێری بەکارهاتووە. لەزمانی سۆمەریدا جیاوازی لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا کراوە. لەزمانی سۆمەریدا حەوت زاراوە هەبووەو هەرچینێك یان پێکهاتەیەك زاراوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبووە، لەوێنەی زاراوەی پادشایان، زاراوەی راهیب، زاراوەی بازرگان و زاراوەی ژنان. بازرگان و گەڕۆکی ئیتاڵی (بیترۆ دیلاڤالی) کەلە ساڵی(١٦٢١ز) سەردانی (پەرسە پۆلیسی) کرد، نوسینێکی دۆزیەوەو لەگەڵ خۆیدا بردیەوە بۆ ئیتاڵیاو شتی لەبارەوە نوسی. دواتر لەساڵی ١٧٦٥دا زانای ئەڵمانی (کارستن نیبوو) هەستا بەبڵاو کردنەوەی سێ دەقی بزماری، یەکێکیان (٤٠) نیشانەی تێدابوو، هەوڵیدا شی بکاتەوە. دوای ئەم زانای شوێنەوارناس (مۆنتێر) لە ساڵی (١٧٩٨ز)دا سەلماندی کە نوسینەکانی پەرسەپۆلیس وەکو ئەو زمانەیە کە(زەند ئاڤیستا) ی پێ نوسراوەو دواتر سەلماندی کە یەك دەقە، بەڵام بەسێ زمان نوسراوە. هەر هەمان ساڵ زانا (کروتفند) توانی بەشی یەکەمی ئەو نوسینە شی بکاتەوە، ئەمە بووە سەرەتای شیکاری نوسینی بزماری. دواتر (برنوف و لاسن) توانیان بەشەکانی تری دەقەکە شیبکەنەوەو هەندێك هەڵەی (کرو تفند) راست بکەنەوە. ساڵی(١٨٥٧) دوای ئەوەی چەند دەقێك وەکو تاقیکردنەوە لەلایەنی چەند شوێنەوارناسێکەوە بەهەمان شێواز شی کرانەوەو هەمان ئەنجام دەرچوو، زانستی (ئاشورناسی ) دامەزرا، کە بەفەرمی بۆ لێکۆڵینەوەی دەقەکانی میزۆپۆتامیایە.

ئەوەی لە نوسینە بزماریەکانی سۆمەری و ئەکادو بابل و ئاشوریەوە دەرکەوتووە، ئەو دەوڵەتانە زۆر سودیان لە باکوری میزۆپۆتامیا وەرگرتووە، هەربۆیە لەڕێگای ئەفسانەوە خواستویانە ئەو ناوچانە دەستەمۆ بکەن. ئەفسانەی گلگاش و ئەنکیدۆ دیارترینە نمونەیە. لەم ئەفسانەیەدا گلگامش کەپادشای شەشەمی (ئوروك)ەو نزیکەی(٢٦٥٠پ.ز) حوکمی کردووە، ئەنکیدۆی چیایی بەهۆی راوچی و کچێکەوە دەستەمۆ دەکات و دەیباتە لای خۆی. دوای ئەوەی زۆرانبازی دەکەن و گلگامش سەردەکەوێت، دەبنە هاوڕێ. دواتر گلگامش و ئەنکیدۆ پێکەوە دەچن بۆ دارستان و دێوی دارستان کە (هەمبابا) یە دەکوژن. دواتر (گای ئاسمان )یش کەلەسەر داوای (ئینانا)، ئانۆ دەینێرێت بۆکوشتنی گلگامش، بەڵام لەلایەنی گلگامش و ئەنکیدۆوە دەکوژرێت. دوای ئەم ڕوداوانە ئەنکیدۆ هەست بەپەشیمانی دەکات کەدارستانی بەجێ هێڵاوەو بووە بە هاوڕێی گلگامش و (هەمبابا)و گای ئاسمانی کوشتووەو بەئازارەوە دەمرێت. دیارە ئەمە بەشێك لەدەقی ئەفسانەکەیە، دەگوترێت ئەم چیرۆکە گوزارە لەهێرشی سۆمەریەکان دەکات بۆسەر گەلانی زاگرۆس و سود لەناپاکی ئەنکیدۆ وەردەگرن بۆ لە ناوبردنی گەورەی گەلانی زاکرۆس کە بە(دێو) وەسف کراوەو ناوی هەمبابا بووە، (گا)ش لەلای گەلانی زاگرۆس پیرۆز بووە، بەڵام لەو چیرۆکەدا وەکو نوێنەرایەتی و نیشانەی ترسێنەر نیشاندراوەو گلگامش و ئەنکیدۆ هەردووکیان لەناوی دەبەن و ئەمە بەواتای سەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی و پیرۆزی سۆمەر

بەسـەر کۆمەڵـگای سروشـتی و پیرۆزییەکانیـدا دێـت. هەرئەمـەش وایکـردووە کەدواتـر ئەنکیـدۆ هەسـت بـە پەشـیمانی بـکات. بـەڵام دوای چـی؟! هەرلەچیرۆکـی گلگامشـدا بـاس لـەوە دەکرێـت کەئینانـا دووپارچـە (بوکو)و(مکـو) وەکـو دیـاری دەدات بەگلگامـش، گلگامـش ونیـان دەکات و دواتـر ئەنکیـدۆ دەچێـت بـۆ دونیـای ژێرزەمیـن بـۆ ئـەوەی بـۆی بێنێتـەوە، بـەڵام ناتوانێـت بگەڕێتـەوە، گلگامـش داوا لە(ئەنکـی) دەکات هـاوکاری بـکات، ئەنگـی هـاوکاری دەکات ورۆحـی ئەنکیـدۆ دەگەڕێنێتـەوە و گفتوگۆیـەك لەسـەر ژیـان ومـردن لـە نێوانیانـدا دروسـت دەبێـت، کـە تێیـدا گلگامـش تێـدەگات هەردەبێـت بمرێـت. دەگوترێـت تـرس لەمـردن لێـرەوە هەڵقـوڵاوەو ئەمـە لەچیرۆکـی پێغەمبەرانـدا، لەچیرۆکـی (ئیدریـس )دا دووبـارە دەبێتـەوە، لـەم چیـرۆك و بەسـەرهاتانەوە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە لەسـەردەمی دەوڵەتـە شـارەکانی سـۆمەرو خانەدانـی ئـوردا ململانـێ لەنێـوان باشـوری میزۆپۆتامیـاو گەلانـی زاگرۆسـدا بەتـەواوی یەکلایـی نەبۆتـەوە، سـەرەڕای باڵادەسـتبوونی شارسـتانی سـۆمەر، بـەڵام گەلانـی زاگـرۆس سـەربەخۆیی خۆیـان دەپارێـزن.

**دووەم : ئەکاد** (٢٣٧١- ٢٢٣٠)

بنەماڵەیەکـی بەڕەچەڵەك(سـامی)ن و شـاری (ئـەکاد) دەکەنـە پایتەختـی خۆیـان کـە دەکەوێتـە باشـوری بەغـدادەوەو لـە نزیـك مەحمودیـەو نزیکـی بابلـە. بـەڵام شـوێنەوارەکەی نەدۆزراوەتـەوە. لەنێـوان (٢٣٥٠-٢١٥٩)پ.ز ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـووە لەباشـورو ناوەڕاسـتی میزۆپۆتامیـاو زاگرۆسـدا. سـارگۆنی ئـەکادو نـارام سـینی نـەوەی سـارگۆن لەدیارتریـن پادشـاکانیانن. سـارگۆن توانـی هەمـوو باشـوری میزۆپۆتامیـا بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوەو (نـارام سـین )یـش توانـی بەسـەر (لۆلۆ)یەکانـی (زاگـرۆس)دا سـەربکەوێت و لەچیاکانـی قـەرەداخ تابلۆی سـەرکەوتن بۆخۆی دروسـت بکات. کەئێسـتا بەدەربەنـدی گاور دەناسرێـت. ئـەکادەکان لەگـەڵ گەلانـی زاگرۆسـدا هەمیشـە لەنـاو پێکدادانداب‌وون و لـە سـاڵی (٢١٥٩پ.ز) لەلایەنـی گۆتیەکانـەوە کۆتاییـان پێهاتـوە. زمانـی ئـەکادی جیـاوازی لەنێـوان نێرومـێ دا دەکات و ماوەیەکـی درێـژ زمانـی دیبلۆماسـی بـووەو دوواتـر بـووە بەدووبەشـەوە: بابلـی و ئاشـوری. کـە بابلـی بـووە بـە زاراوەی جزیـرەی عەربـی و ئاشـوریش زاراوەی کەنعانـی، فینقـی، ئارامـی و عیبریـە. لەسـەدەکانی (١٣و١٤)پ.ز زمانـی ئەکـەدی بـووە بەزمانـی زانسـت و دیبلۆماسـی زۆربـەی وڵاتانـی ئەوسـەردەمەو لـە سـەدەی (٩ پ.ز)دا بـووە بەزمانـی (ئۆرارتـۆ)و لەوێـوە دەگاتـە هیتیـت و یۆنانیـەکان. لـەدوای ئەکادیـەکان لەسـاڵانی(٢٠٠٠-٥٥٠)پ.ز گەلـی کوردسـتان ڕووبـەڕووی (بابـل ) لـە باشـورەوە، (ئاشـور) لەباشـوری رۆژئـاواوە، لیـدی و هیتیـت لـە رۆژئـاواوەو خالیـدی (کـە بەپێشـینانی ئەرمەنـی دەناسرێـت) لـە باکـورەوە دەبـووەو لـە نـاو ململانێدابـووە لـە گەڵیانـداو دوای ئـەم قۆناخـەش لەنێـوان (٥٥٠-٣٣٠)پ.ز کوردسـتان کەوتـە ژێردەسـتی پارسـە ئەخمینیەکانـەوە. دوای ئـەم قۆناخـەش (٣٣٠-٢٥٠) پ.ز لەژێـر دەسـتی یۆنانیەکانـدا بـووە. لـە (٢٥٠پ.ز -٢٢٦ز) کوردسـتان دەکەوێتـە ژێردەسـتی پارتـەکان و لـەم ماوەیـەدا گاریگـەری ئەرمەنـی و رۆم و یۆنانیەکانیـش هەیـە . لـە (٢٢٦-٦٤١)ز کوردسـتان دەکەوێتـە ژێـر دەسـتی ساسـانیەکانەوە.

## ب: فۆرمەکانی کۆمەڵگای کوردستان

وەکو لەبەشی ڕابردوودا باسمان کرد، کومەڵگای کوردستان سیستەمی دەوڵەت و شاری هەڵنەبژارد، بەڵکو فۆرمی خێڵ و هۆزی پەرەپێداو لەڕێگای ئەم فۆرمەوە خۆی بەڕێوە دەبردو پەرەی بەژیانی خۆی دەدا. بەڵام بەهۆی ئەو ململانێیەی لەنێوان هەردوو سیستەمدا هەبوو جارجار کوردستان دەکەوتە ژێر دەستی ئەو هێزە دەرەکیانەو هەندێك جاریش بەسەربەخۆیی دەژیاو هەندێك جاریش خێڵ و هۆزە کوردستانیەکان دەستیان بەسەر ناوچەکانی دەوروبەریاندا دەگرت. گومانی تێدا نیە کە کۆمەڵگای کوردستان و فۆرمەکانی ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە گەیاندنی مرۆڤایەتی بە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بەڵام لەبەر ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان و گۆڕانکاری لە زمانی نوسیندا ڕۆڵی کۆمەڵگای کوردستان بەشاراوەیی ماوەتەوە. چونکە ئەو هێزانەی لەدوای زایینەوە باڵادەستبوون لەلایەك زمانی نوسین و تۆمارەکانیان گۆڕی، لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە خۆیان مەبەستیان نەبووبێت وەریان نەگێڕاوە بۆ زمانی سەردەم و ئەگەر توانیبێتیان لەناویشیان بردووە، هەروەکو چۆن مستەفا کەمال لەسەدەی بیستەمدا بۆ دابڕینی کۆمەڵگای تورکیا لە عوسمانی و ڕۆژهەڵات شێوازی نوسینی گۆڕی و هەرشتێك بە فلتەری ئەودا تێپەڕ نەبوایە، وەریان نەدەگێڕاو دەیانخستە سەر ڕەفەکانی مێژوو یان لەناویان دەبرد. ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کەکەسێکی وەکو ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان دەڵێ: مێژوو لەئەمڕۆماندا شاراوەیەو ئێمەش لەمێژوودا شاراوەین. بەڵام وەکو کوردەواری دەڵێ: بەری ڕۆژ بەبێژنگ ناگیرێت. یاخود پێشینان دەڵێن شەو چەندە درێژ بێت هەرڕۆژدەبێتەوە. لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا بەهۆی گەشەسەندنی زانستی شوێنەوارناسیەوە، گەلێك ڕووی شاراوەی کومەڵگای کوردستان دەردەکەوێت و گومان نیە کەزۆر زیاتریش دەربکەوێت، ئەم نوسینەش بەپشت بەستن بەو دۆزینەوانە نوسراوە.

**١- هۆرییەکان:**

بەپێی بەڵگە دۆزراوەکان، لەساڵانی (٦٠٠٠-٤٠٠٠)پ.ز لەباکوری میزۆپۆتامیادا ژیاون و ڕۆڵیان لە بەدامەزراوە بوونی نیۆلۆتیکدا هەبووە. سۆمەرییەکان وەکو قەومێکی بەڕەچەڵەك هۆری سەیردەکرێن. ئەم کۆمەڵەیە بەسەرچاوەی زۆربەی ژیارو سارستانیەکانی ناوچەکە دادەنرێن و وەکو کوردانی سەرەتایی دەبینرێت. عەرەب پێیان دەڵێن (حوریین) یاخود (حۆری) و دەگوترێت ناوی (حۆری )ی بەهەشت لەم قەومەوە وەرگیراوە. شوێنەوارەکانی ئورکیش، نامار(نامرو) لەنزیك دیالەو ئەربەخا هەبوونی ژیاری ئەوان دەسەلمێنێت.

**٢ ـ لۆلۆیی:**

یاخود لۆلۆبی، ئەم گروپە لە باشوورو ناوەڕاستی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاون و هەتا سەرەتای سەدەی بیست وسێیەم لەپێش زایندا ڕۆڵی بەچاویان هەبوو لەململانێ لە گەڵ سۆمەرییەکان و ئەکادەکاندا. هەتا لە سەردەمی نارام سین (٢٢٩١- ٢٢٥٥)پ.ز تێکدەشکێن و بۆماوەیەك ئەکادەکان باڵادەست دەبن بەسەر ناوچەکانیاندا. چیاکانی قەرەداغ، بەمۆو شاهۆ سنوری بەرخۆدانی ئەوان بووە لەبەرامبەر ئەکادەکان، هەربۆیە (نارام سین )دوای سەرکەوتن

لـه چەنـد جێگـەی ئـەو زنجیـرە چیایانـە تابلۆیـی سـەرکەوتن بۆخـۆی دروسـت دەکات. لـوڕ، لـەك و کەلهـوڕ وەکـو نـەوەی لۆلۆییـەکان سـەیردەکرێن. (ئانـو بانینـی ) دیارتریـن رابـەری لۆلۆییـەکان بـوو).

٣ ـ خامازی:

پێـش سـەردەمی ئەکـەدەکان لەناوەڕاسـت و باکـوری میزۆپۆتامیـا باڵادەسـت بـوون، بـەڵام هەتـا ئێسـتا مێـژووی سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنیان نازاندرێـت. بەپێـی سـەرچاوەکان دەگوترێـت ڕەنگـە گونـدی (خەمـزە)ی شـارباژێر یـان ناوچـەی سـیروانی خـواروو ناوەندەکەیـان بووبێـت. (خاتانیـش ) لـە دیارتریـن پادشـاکانیان بـووە، کـە لەدەوروبـەری (٢٥٠٠پ.ز) حوکمـی کـردووە. (زیزی)یـش پادشـایەکی تریـان بـووەو هاوسـەردەمی پادشـا (ئیـرکاب دامـۆ) ی شـاری (ئێبـلا) بـووە کـە حوکمداری رۆژهەڵاتـی دەریـای ناوەراسـت و ناوچەکانـی (حمـص وحەمـا) بـووە و لەسـاڵانی (٢٢٥٠پ.ز) دا ژیـاوەو حاکـم بـووەو نامـەو دیـاری بـۆ (زیـزی) نـاردووە. لەداسـتانی سـۆمەری (ئێنمێـر کارو ئاغـا ئاراتتـا) دابەمشـێوەیە باسـی خامـازی دەکرێـت؛

زەمانی زوو، نە مار هەبوو نە دووپشك ..

سە گی کێوی و گورگ نەبوون..

ترس و سام نەبوون.

مرۆڤ ركا بەری نەبوو

زەمانی زوو وڵاتی شوبور و خامازی هەبوون

وڵاتی سۆمەری فرە زمانیش..

وڵاتە مەزنەکەی خاوەن ڕێسا پیرۆزە تایبەتەکانی فەرمانڕەوایی

وڵاتی ئوری-وڵاتی ئەکاد - ئەو وڵاتەی هەموو شتێکی شیاوی تێدابوو

وڵاتی مارتو (رۆژئاوای ئێراق و جزیرە) ئەمین و دڵنیا بوو..

٤ـ ئۆرکیش:

ناوەندەکـەی دەکەوێتـە گـردی (مـۆزان)ی نزیکـی عامـودەی رۆژئـاوای کوردسـتان و گردی (شـەرمۆڵە) ش بەشـێك بـووە لـەو وڵاتـە. لـە گـردی (مـۆزان) سـەدان پارچـەی دروسـتکراو دۆزراوەتـەوە کـە مـۆری (تۆپکیـش )یـان لەسـەربوە ، کـە نازنـاوی (ئێنـدان)ی ئۆرکیـش بـووە. هەروەهـا پاشـماوەی (تیـش ئاتـاڵ) تیشـاری دۆزراوەتـەوە کـە نزیکـەی سـێ سـەدەی کۆتایـی هـەزارەی سـێیەم لەپێـش زایینـە حوکمیـان کـردووەو هاوسـەردەمی ئەکـەدی و دۆسـتی ئـەوان بـوون. شـاری ئۆرکیـش جێگـەی خوداوەنـد (کۆماربـی)ی خوداوەنـدی هـۆری بـووە، کـە (خوداوەنـدی ئاسـمان) بـووەو تارئـام ئاگادێـی کچـی نـارام سـین شـاژنی ئۆرکیـش بـووە. ئـەو گـردەی کـە دۆزراوەتـەوە(٢٧م) بـەرزەو روبەرەکـەی ٢،١ملیـۆن مەتـر سـێجایە. هـەر لەسـنوری فەرمانڕەوایـی ئۆرکیـش لـە بـەراك (تـل بـەراك) قەڵایـەك دۆزراوەتـەوە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ئـەکادی، لەکۆنـدا بـە (نـاگار) نـاسراوە. شـوێنەوارناس (مالـوان) لـە سـاڵانی (١٩٣٧- ١٩٣٨)دا پشـکنینی بـۆ کردو (پەرسـتگای چاو)ی دۆزیـەوە، کەمێژووەکەی بـۆ هـەزارەی چوارەمـی پێـش زاییـن دەگەڕێتـەوە.

**٥ـ كارخار:**

شـوێنەوارەکانی دەکەوێتـە ناوچـەی گەرمیانـەوەو هەندێـك کـەلاری کـۆن بەشـوێنەواری ئـەم وڵاتـە دەزانـن. کیسـاری (تیشـاری- تیشـاتاڵ) لەبەناوبانگتریـن فەرمانڕەواکانـی بـووەو لەسـەردەمی پادشـای ئـور (شـولکی )(٢٠٩٤- ٢٠٤٧)دا ژیـاوە. کارخـار نزیکـەی سـێ سـەدە ڕۆڵـی هەبـووە لەناوچەکـەدا.

**٦ـ سیمورم-شیمورم:**

ئـەم وڵاتـە ناوەندەکـەی دەکەوێتـە نزیکـی پـردێ (ئاڵتـون کۆپـری) لـە باکـووری کەرکـوك. (ئیـدی سین و زابازونـا) لەبەناوبانگتریـن فەرمانڕەواکانـی بـوون، کـە بـاوك و کـوڕ بـوون. لـە ناوچـەی رانیـەو سـورداش شـۆینەواریان دۆزراوەتـەوە. مێژووەکەیـان دەگەڕێتـە وە بـۆ ناوەڕاسـتی هـەزارەی سـێیەم لـە پێـش زایینـدا. بـەردی غەریـب هەڵەدنـی کـە بەردێکـەو نوسـینی لەسـەر هەڵکۆڵـراوەو لەلایەنـی فەرماندەیەیکـی پێشـمەرگەی یەکێتـی نیشـتمانیەوە دۆزرایـەوەو لـەدوای ڕاپەڕینـەوە ڕادەسـتی مۆزەخانـەی سـلێمانی کـرد، بـاس لـەم وڵاتـە دەکات.

**٧ـ گۆتی:**

(٢٢١٠- ٢١١٦)پ.ز: تێڕوانینـی جیاجیـا لەسـەرماوەی فەرمانڕەوایـی و ڕۆڵـی گۆتـی هەیـە، بەپێـی نـوسراوی تۆمـاری لیسـی پادشـایانی سـۆمەر، کـە چەنـد وێنەیەکـی لـێ دۆزراوەتـەوە. هەتا سـەردەمی (ئیسن-لارسا) بـاس لـەوە دەکـەن کـە گۆتـی ٩١ سـاڵ حوکمیـان کـردووە، بـەڵام هەندێکـی تریشـیان دەڵێـن گۆتـی (١٢٥)سـاڵ لەوڵاتـی دوو ڕووبـاردا حوکمـی کـردووە. گۆتیـەکان لـە ناوچـەی کەرکـوك (ئارباخـا) فەرمانڕەواییـان کـردووە. دوای شـارکالی شـاری کـوڕی نـارام سین دەسـتیان بەسـەر وڵاتـی ئـەکاددا گرتـووە. دەسـەڵاتی گۆتـی لەلایەنـی ئۆتۆخێـگال ی پادشـای (ئـوروك )ەوە دوای حـەوت سـاڵ شـەڕکردن لـە باشـوری میزۆپۆتامیـا کۆتایـی پـێ هات. بـەڵام هەتـا سـەردەمێکی درێژتر لـە ناوچەکانی خـۆی فەرمانڕەواییەکـەی بـەردەوام دەبێـت. بەپێـی رۆژمێـری پادشـایانی ئـەکادو بنەماڵـەی سـێیەمی ئـور نزیکـەی (١١٥)سـاڵ لەنێـوان کۆتایـی حوکمـی شـارکالی شـاریی کـوڕی نـارام سـین و سـەرەتای حوکمـی ئوتۆخێگالـدا هەیـەو ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنی کەگۆتیـەکان ڕەنگـە (١٢٥)سـاڵ حوکمـی باشـوری میزۆپۆتامیـان کردبێـت. بـەڵام هەندێـك بەڵگـە بـاس لـەوە دەکـەن کەگۆتیـەکان سـاڵی (٢١٥٩پ.ز) ئەکادیـان گرتـوە ، ئەگـەر ئەمەیـان ڕاسـت بێـت ئـەوە رەنگـە کەمـتر لەسەدساڵ حوکمـی میزۆپۆتامیایـان کردبێـت. بەپێـی نـوسراوە ئەکادیمیـەکان، (نـارام – سـین ) لەکۆتایـی دەسـەڵاتداری خۆیـدا لەگـەڵ (گۆتی)یـەکان کەوتۆتـە شـەڕەوەو لەئەنجامـدا دەسـەڵاتی ئـەکاد بەسـەرناوچەکانی گۆتیـدا کۆتایـی پێهاتـووە. بەپێـی (یاکوبسـون) کـە سۆمەریناسـێکی دانیمارکیـە، (ئانریداوازیـر)ی پێشـەوای گۆتیـەکان دوای ئـەوەی بـە سـەر (نـارام – سـین)دا سـەردەکەوێت، دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر مێزۆپۆتامیـادا بـڵاو دەکاتـەوەو شـاری پیـرۆزی سـۆمەرییەکان (نیپـور) یـش دەخاتـە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیـەوەو پارچەیـەك نوسینیشـی وەکـو بەڵگـە لـەوێ نوسـیوە، کـە نوسـەرە ئەکەدیمیەیـکان بەئەکەدی بۆیـان نوسـیوە. بەپێـی هەمـان سـەرچاوە گۆتیـەکان خاوەنـی سـوپایەکی پۆشـتەو رێـك و پێـك نەبـوون و چەکـی سـادەیان هەبـووەو لەرۆژگارێکـی سـەرەتایی و کـەم کشـتوکاڵی و دوور لەشارسـتانی ژیـاون،

ئـەم بارودۆخـەی گۆتیـەکان بـووە هـۆی ئـەوەی {شـارکالی شـاری(٢٢٥٥- ٢٢٣٠)پ.ز}ی کـوڕی نـارام سـین (٢٢٩١- ٢٢٥٥) پ.ز بتوانێـت خـۆی کۆبکاتـەوەو  رووبـەرووی گۆتیـەکان ببێتـەوەو ( سـارلاگاب) ی پێشـەوای گۆتیەکانـی بگرێـت و کۆتایـی بەدەسـەڵاتی گۆتیـەکان لەمێزۆپۆتامیـای خـوارووو بهێنێـت. بـەڵام دوای مردنـی شـارکالی شـاری لەبـەر میراتگـری ئـاژاوە کەوتـەوە نـاو ئـەکادەکان.

بەپێـی نوسـینی ناوەڕۆکـی پادشـایانی سـۆمەر. لەوکاتـەدا کـەس بەکـەس نەبـووەو کـێ پاشـابووە دیارنەبـووە. ئـەم رەوشـە دەرفـەت بـۆ (ئەلـۆ لۆمیـش )ی پێشـەوای گۆتـی دروسـت دەکات و دەسـت بەسـەر ناوچـەی میزۆپۆتامیـای خـوارودا دەگرێـت و ئـەکاد وەکـو خانەدانێکـی هەرێمـی دەمێنێتەوە. بەپێـی سـەرچاوە سـۆمەرییەکان گۆتیـەکان پادشـایان نەبـووە، بەڵکـو پێشـەوایان هەبـووەو پێشـەوا یـان فەرمانـدە سـەربازییەکانیش بۆماوەیەکـی دیاریکـراو هەڵبژێـردراون. بەپێـی بەڵگـەو ناوەڕۆکـی لیسـتی پادشـایانی سـۆمەر کەلسـیتی نـاوی گۆتیەکانیشـی تێکـراوە، پێشـەواکانی گۆتـی بەمشـێوەیە پێشـەواییان کـردووە .




یەکـەم  پێشـەوا ئیمتـا سـێ سـاڵ حوکمـی کـردووە، دووەم  پێشـەوا هەتـا حەوتـەم هـەر یەکـی شـەش سـاڵ حوکمیـان کردووە(ئیـن ماباکـش پێـش ئـەوەی مـاوەی پێشـەوایەتی خـۆی تـەواو بـکات دەمرێـت)

هەشتەم  پێشەوا (یارلاگاب ) ١٥ساڵ حوکمی کردووە

نۆیەم   هەتا دوازدەیەم  هەریەکەو  سێ ساڵ حوکمیان کردووە

سیازدەیەم هەتا شازدەیەم هەریەکەو کەمتر لەدووساڵ حوکمیان کردووە

هەڤدەیەم هەتا نۆزدەیەم هەریەکەو حەوت ساڵ حوکمیان کردووە

نوسراوێـك لـە (ئومـا) کەدراوسـێی (لاگاش)ە دۆزراوەتـەوە، مێـژووی سـەڵتەنەتی (سـیوما)ی پێشـەوای نۆزدەیەمـی گۆتـی پێوەیـە. ئۆتۆخێـگال پاشـای ئـورك سـودی لەگۆڕینـی پێشـەوایانی گۆتـی وەرگرتـووەو دوا پێشـەوای گۆتـی کەنـاوی (تیریـکان ) بـووە ، تەنیـا (٤٠)رۆژ فەرمانـڕەوا بـووە، ئیـتر ئۆتۆخێـگال کۆتایـی بەدەسـەڵاتەکەی هێنـاوەو دوای دەسـتگیرکردنی دەیکوژێـت. ئـەم شـەڕەش لەسـاڵی (٢١٠٩پ.ز)دا دەبێـت. بـەڵام لەسـاڵی (٢١٠٨پ.ز) ئۆتۆخێـگال دەمرێـت و ( ئـۆر- نامـۆ)ی

حاكمـی ئـور دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت.
٨ـ ئیلام :
(٢٧٠٠ - ٥٣٩)پ.ز پایتەختـی ئـەم وڵاتـە (سـوس )شـوش بـووە کـە بەعیـبری واتـای خاکـە بـەرزەکان دەدات و یەکـەم دەقـی نوسـینی کـۆن لێـرە دۆزراوەتـەوە. هەندێـك ئەمـان وەکو کۆڵۆنیەکی سـۆمەری و بابـل سـەیردەکەن و هەندێکیـش وەکـو وڵاتێکـی سـەربەخۆ. لەلایەنـی کۆرشـی ئەخمینیـەوە کۆتاییـان پێهێـنراوەو خراوەتـە سـەرئیمپراتۆری ئەخمینـی.
٩ـ کاشی - کاسی -کاسیت:
کۆمەڵـە هۆزێکـن لەچیاکانـی لوڕسـتانەوە بـەرەو میزۆپۆتامیـا دێـن. بەپێـی ئـەو بەڵگانـەی دەسـت کەوتـون مـاوەی رۆڵ و فەرمانڕەواییـان لـە (١٦٨٠پ.ز)ەوە دەسـت پێـدەکات و لەساڵی (١٥٩٦پ.ز) بابـل داگیـردەکات و ٣٦ پشـت لـە بابـل حوکـم دەکـەن و لـەو سـەردەمەدا بابـل و باشـوری میزۆپۆتامیا زیاتـر دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری ژیانـی ئەمانـەوە. لەسـاڵی (١١٥٧پ.ز)دا لەلایەنـی ئیلامیەکانـەوە کۆتایـی بەدەسـەڵاتیان لـە بابـل هێـنراو کشـانەوە بـۆ چیـاکان و ناوچەکانـی باکـور.
دەگوترێـت کاسـیەکان لـەو هـۆزە سـەرەتاییانەن کە(ئەسـپ)یان بەکارهێنـاوەو ماڵیانکـردووەو لەسـەنەدە بابلیەکانـدا باسـیان دەکرێـت. (گانـداش) دامەزرێنـەری زنجیـرەی پێشـەوایانی (کاسـی) بـووەو هاوچەرخـی (سـاموئیلونی) کـوڕی (حامورابـی)ی پاشـای بابـل بـووە. سـاڵی ١٧٤١پ.ز واتـە نۆیەمیـن سـاڵی حوکمـی سـاموئیلونی شـەڕ لەنێـوان پادشـای بابـل و کاسـیەکاندا دروسـت بـووە، کـە (گانـداش ) سـەرۆکایەتی کـردوون، لەئەنجامـدا بابـل دەکەوێتە دەسـتی گانداشـەوەو هەتـا ١٧٢٦حوکم دەکات، دواتـر ئاگۆمـی گـەورە (١٧٢٥- ١٧٠٤) حوکـم دەکات. گاشـی تـی لیاشـی یەکـەم (١٧٠٤- ١٦٨٣ )، ئاوشـی (١٦٨٢- ١٦٧٤)، ئابـی راتـاش ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەیـەم، ئورشـی گرومـاش لەکۆتایـی سـەدەی حەڤدەیەمـی پ.ز بـوون. گوایـە ئاگومـی دووەم دوای کشـانەوەی هیتیتـەکان لەبابـل لەسـاڵی ١٥٩٥ پ.ز بەتـەواوی بـووە بەحاکمـی بابـل، لـەدوای ئاگۆمـی کاسـیەکان هێـدی هێـدی هاوشـێوەی بابلـەکان دەبـوون و لەنیشـتمانی خۆیـان دادەبـڕان، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی ئاشـوریەکان لەسـەدەی سیازدەیەمدا لەڕێگـەی دیالـەو کەرکوکـەوە پەیوەنـدی بابـل و چیایـان بـڕی، کاسـیەکان لـە ١١٧١پ.ز کۆتایـی بەدەسـەڵاتیان دێـت ، بـەڵام خـاوەن و رێـزو پێگـەی خۆیـان دەبـن.
١٠ ـ میتانـی (١٦٠٠-١٢٥٠): دەتوانرێـت وەکـو نـەوەی هۆرییـەکان لە باکـوری میزۆپۆتامیا بەناوبکرێن. پایتەختەکەیـان (واشـۆکانی) بـووە کـە دەکەوێتـە ناوچـەی سـەری کانـی لەڕۆژئـاوای کوردسـتان. ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـووە لەگەشـەپێدانی مرۆڤایەتیـداو ئاسـن و برونزیـان دۆزیوەتـەوەو بەکاریـان هێنـاوە. لەگـەڵ هیتیـت، فیرعەونەکانـی میـسرو ئاشـوریەکاندا لەنـاو ململانـێ و دانوسـتاندابووە، رێکەوتنـی ئاشـتی لەگـەڵ میـسردا کـردووەو نەفرەتیتـی شـاژنی میـسر لەمیتانیەکانـە. لەلایەنـی ئاشـوریەکانەوە کۆتایـی بەدەسـەڵاتیان دێـت. لەسـەدەی پازدەیەمـەوە میتانـی دەسـت بە سەرئاشـوردا دەگـرن، بـەڵام پادشـای ئاشـور، ئاشـور ئۆبالیتـی کـە لەسـەدەی سـیازدەیەمی پ.ز حوکمـی ئاشـوری دەکـرد، سـەربەخۆیی بەدەسـتهێناو دواتـر کۆتاییـان بەدەسـەڵاتی میتانـی هێنـا.

**١١ـ نایری (نەهری):**

ئەمانە گەلی ئاویشیان پێ دەگوتن و لەسەدەی دوازدەیەمی پ.ز دا ڕۆڵیان هەبووەو بەڵگە ئاشوریەکان باسیان دەکەن. لە باشورو ڕۆژئاوای گۆلی وان ژیاون، دواتر بوونەتە بەشێك لەوڵاتی ئۆرارتۆ.




**١٢ـ سۆباری (سۆبارتۆ ـ زۆبارتۆ):**

ئەم گەلە لەنێوان گولی ئورمێ و گۆلی (وان) دا بوون، لەساڵانی ١١٠٠پ.ز بەدواوە باسیان دە کرێت. هەندێك زێباری ئەمڕۆ دەبەنەوە سەر ئەو گروپە.

**١٣ـ موشکو (موسکۆ):**

گەلێکن لە ناوچەی موش و چەولیکی ئەمڕۆ ژیاون و دەکرێت وەکو بەشێك لە بەردەوامی میتانی سەیریان بکرێت، لەسەدەی دوازدەو سەدەی یازدەیەمی پ.ز زاییندا رۆڵیان هەبووە. ئەمانیش لەلایەنی تیگلات پلاسەری پادشای ئاشوری یەوە کە لەنێوان (١١١٤-١٠٧٦)پ.ز حوکمی ئاشوری کردووە کۆتایی بەدەسەڵاتیان هەتووە. ڕەنگە ناوی (موش ) لەمانەوە هاتبێت.

**١٤ـ ماردۆ (مارتۆ- مارت – مەرد):**

ئەم وڵاتەش لە (١٠٠٠پ.ز)دا لە ناوچەی جزیرەو رۆژئاوای ئێراق و دەشتی حەران خاوەن رۆڵ بووەو لەداستانەکەی سۆمەری (ئێنمێرکارو ئاغا ئاراتتا) کەپێشتر باسمان کرد، باسی لەم وڵاتە کردووەو بەمارتۆ ناوی بردووە، لەهەندێك بەڵگەی تردا بە (ماردۆ – مارد- مەرد) ناو دەبرێت و باس لەوە دەکرێت کە کەسانی ئەم ناوچەیە پاڵەوان بوون، بۆیە بەم شێوەیە ناوبراون و ناوی (ماردین )یش لەم چاوگەوە هاتووە. لەسەدەی دەیەمداو دوای ئەوەس سەردەمی ئاشوری سێیەم هەڵکشا ئەم هەرێمە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئاشوریەکانەوە.

**١٥ـ میلیدی :**

(١٠٠٠پ.ز ): ئەم کۆمەڵە لە بەڵگە ئاشوریەکاندا باسکراون و کەوتونەتە ناوچەی مەلەدی (مەلاتیە)ی ئەمڕۆوەو بەهەرێمێکی ناو سنوری ئاشوریەکان بەناو کراوەو دیارە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری خۆی بووە .

**١٦ـ ئۆرارتۆ:**

(٨١٧-٦١٥) پ.ز: وڵاتێکـە دەکەوێتـە باکـورو رۆژئـاوای گۆلـی (وان)ەوەو بەمیراتگـری نایـری و سۆبارتۆ دەناسرێـن، پایتەختەکەیـان (توشبا)بووە کـە لـە کەنـاری گۆلـی واندایـەو ڕۆڵێکـی بەرچاوی هەبـووەو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی هاوشـانی ئاشـوری، لیـدی و بابـل بـووە. ماوەیـەك هاوشـانی دەوڵەتـی (مانـاو مـاد) بـووەو لـە سـاڵی (٦١٥پ ز) دا دەبێتـە بەشـێك لـە فیدراسـیۆن و هاوپەیمانـی (مـاد)، هەندێـك دەڵێـن بەهـۆی هێـزەوە لەلایەنـی مـادەوە کۆتایـی پێهاتـووەو کۆنـتڕۆڵ کـراوە، بـەڵام بەڵگـەو شـوێنەواری شـەڕ کـە ئـەوە پشـت ڕاسـت بکاتـەوە لەبەردەسـتدا نییـن. هەندێکیـش دەڵێـن لەئەنجامـی دانوسـتاندنەوە بەشـداری فیدراسـیۆنی مـاد بـووە. سـاردۆری لـە بەنـاو بانگتریـن پادشـاکانی بـووە کـە لـە بەڵگەکانـی ئاشـوری وئۆرارتۆییەکانـدا باسـیکراوە. لـەڕووی ئەتنیکیـەوە ئـەم کۆمەڵـە وەکـو تێکەڵەیـەك لەنـەژادی کـوردو ئەرمەنیـش سـەیر دەکرێـن.




**١٧ـماننا:**

لەسـەرەتای سـەدەی هەشـتەمی پ.ز قەڵایـەك لەلایەنـی (مینـوا)ی پادشـای ئۆرارتـۆوە لەنزیـك شـاری میانـدواوی ئێسـتا دروسـتکرا، ئامـاج لێـی پاراسـتنی ئـەو ناوچانـە بـوو کەتـازە خسـتبوویە ژێردەسـتی خۆیـەوە. هەتـا سـەردەمی (ئارگیشـتی یەکـەم)ی پادشـای ئۆرارتـۆ ئـەم ناوچەیـە لـە ژێـر دەسـتی ئۆرارتـۆدا بـووەو لەسـاڵەکانی ٧٧٠و٧٧٤و٧٧٢پ.ز هاوکاری (ئارگیشـتی)بوون دژی ئاشـوریەکان. بەڵام دوای ماوەیەکـی کـەمماننـا لـە ئۆرارتـۆ جیابویـەوە. لـە سـاڵانی( ٧٥٠-٧٤٣) سـاردووری دووەمـی پادشـای ئۆرارتـۆ هێرشـی کـردە سـەر(ماننا) بـەڵام سـەرکەوتو نەبـوو. بەهـۆی ئـەوەی لەگـەڵ تیـگلات پلاسـاری سـێیەمی پادشـای ئاشـوریدا لـە شـەڕدابوو. ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی کە(ماننـا) ببێتـە وڵاتێکـی هاوشـێوەی ئاشـورو ئۆرارتـۆ. سـەردەمی( ئیرانـزو ) کـە لـە سـاڵی ٧١٨پ.ز کۆچـی دووایـی کـرد بەسـەردەمی خۆشـگوزەرانی (ماننـا) دەناسرێـت. لـەم ماوەیـەدا ماننـا رۆژهەڵاتـی گۆلـی ئورمـێ

و باشوری گۆلی ئورمێ هەتا ئاوی زێی مەزنی لەخۆوە دەگرت و پایەتەختەکەی لە حەسەنلو (نزیك سەقزی ئێستا) بووە. ئەو گەنجینانەی کە لە(زیوێ)ی ڕۆژهەڵات دۆزراونەتەوە، ئاماژەن بۆپێشکەوتنی پیشەگەری و هونەرمەندی خەڵکی ئەم ناوچەیە. شێوازی بەڕێوبەرایەتی ئەم هەرێمە هاوپەیمانی خێڵەکان بووەو هەر خێڵێك سەربەخۆیی خۆی هەبووە، بەڵام وابەستەی پەیمانی هاوبەشیش بوون. نوسراوە ئۆرارتۆیەکان (ماننا) یان بە (مانا- نی ئابانی) ناوبردووەو نوسراوە ئاشوریەکانیش بە (مات مانانی )ی ناوی بردووە. ئەنجومەنێکی راوێژکاری پیاوە ڕیش سپییەکان و پادشا پێکەوە وڵاتیان بەڕێوە دەبرد. ئەم وڵاتە دواتر وەکو ماددی ڕۆژئاوا یاخود مادی ئەترۆپاتن ناسراو بووە بناخە بۆدروستبونی کۆنفیدراسیۆنی مەزنی مادد و بووە بەشێك لەو هاو پەیمانیەی دژی ئاشوریەکان دروست بوو. پایەتەختیماننا (ئیزیرتو) بوو. {دوای مردنی ئیرانزو ( ئازا )ی کوڕی دەبێتە پادشا. بەڵام (بەگراتو)ی فەرمانڕەوای ئوئیشدیش لەبەرامبەری ڕاوەستاو بەهاوکاری چەند حاکمێکی تر لەناویان برد، سارگۆنی ئاشوری هێرشی کردەسەر (بەگراتو) و لەناوی بردو (ئولوسونو)ی کوڕی دووەمی ئیرانزوی کردە پاشا. ئەمیش ماوەیەکی کورت دوای ئەمە لەگەڵ (روسای) پاشای ئۆرارتۆ ڕێککەوت و دژی ئاشوری وەستایەوە، بەڵام سەرنەکەوت و بەناچاری خۆی رادەستی سارگۆن دەکات . لەم سەردەمەدا دیۆکی مانایی دەردەکەوێت کە هیرۆدت باسی دەکات}.




**١٨ـ ماد (میدیا-مەد-ئامادا ):**

(٧٠٠-٥٥٠)پ.ز: هەتا نوسینە (مێخیەکان)بزمارییەکان شی نەکرابوونەوە، زانیاری لەسەر وڵاتی (ماد) کەم بوو، تەنیا هەندێك لەو چیرۆك و سەرگوزەشتانەی کەلەناو کۆمەڵگادا هەبوو بەکورتی ئاماژەیان بۆ ناوی (ماد) تێدابوو، ئەویش زۆر ڕوون نەبوو. تەنیا ئەوەی لای ئێمەی کورد دروست کردبوو کە (ماد)ە کان دەبنە پێشینانی ئێمەو شانازیمان پێوە دەکردن. نەورۆزو کاوەی ئاسنگەریش دوو ڕووداوی یان دیاردەی ناو میتۆلۆژیای کوردبوون کەلە ڕێگەیانەوە گەلی

کـورد خواسـتویەتی مـاد لـە یـادەوەری خۆیـدا بهێڵێتـەوە. لەگـەڵ ئەمانـەدا هەندێـك بەسـەرهاتی کـورت کـە لەلایەنـی نوسـەرانی ئێرانیـەوە باسـکراوە، بەتایبەتـی چیرۆکەکانـی شـانامەی فیردەوسـی کـە هەوڵیـداوە مێـژووی کۆنـی ناوچەکـە بکاتـە مێـژووی ئێـران و فـارس. هـاوکات (هێـرۆدت )مێـژوو نوسـی یۆنانـی کـە بـە باوکـی مێـژوو دەناسرێـت و لەسـەدەی پێنجەمـی پ.ز ژیـاوەو ماوەیـەك لـە ئاسـیای بچـوك، فینیقیـە، میـسرو بابـل ژیـاوەو دەگوترێـت ڕەنگـە سـەرزەمینی (مـادو پرس)یشـی بینیبێـت. لـە (٤٢٥پ.ز) کۆچـی دوایـی کـردووە، لەنوسـینەکانیدا باسـی لـە مـادو مێـژووی مـاد کـردووە. ئـەم نوسینەو بەڵگانـەش بەتـەواوی نەکەوتبونـە دەسـتی گەلـی کوردو خوێنـەری کوردەوە . بـەڵام لـەم دواییانـەدا ڕۆژ بـە ڕۆژ بەڵگـەو نـوسراوو زانیاریـەکان زیاتـر دەبـن و بەشـێك لـەو مێـژووە دەکەوێتـە بـەر ڕوناکـی و ئاشـکرا دەبێـت. لەئێسـتادا ژمارەیـەك بەڵگـە کەوتونەتـە بەردەسـت کـە بەشـێکیان هـی ئاشـوریەکانن و پێکدێنـن لـە،

١- ئـەو نامانـەی بـۆ خـودا نـوسراون: ئـەو نامانـەی بـاس لـە لەشکرکێشـی سـارگۆنی دووەم بۆسـەر (ئۆرارتـۆ) دەکـەن لەسـاڵی (٧١٤پ.ز)دا پەیوەنـدی راسـتەوخۆی بەمێـژووی مـادو کـوردەوە هەیـە.

٢- سـاڵنامەکان: بەسـەرهاتی لەشکرکێشـی سـاڵانەی پادشـاکانە، کـە لەبـەر رۆشـنایی راپۆرتـە سـەرەتاییەکاندا ڕێکدەخـران، ئەمانـەش بەکورتـی بـاس لـەرووداوەکان دەکـەن و لایەنگریـان پێـوە دیـارە.

٣-نوسراوە گشتییەکان: باس لە لەشکرکێشی پادشایەك دەکەن لەچەند چێگاو کاتی جیاوازدا.

٤- سـەرکەوتننامەکان: بـاس لـە ئەنجامەکانـی ئـەو شـەڕانە دەکـەن کـە ڕویانـداوەو زیاتـر گرنگـی بەلایەنـی سـەرکەوتن دەدەن و زۆر گرنگیـان بـەوردەکاری نەداوە، هەندك نوسـینیش هـەن کە ڕاپۆرتی نوێنـەرو سـیخوڕەکانن و ئەمانـەش سـودیان هەیـە بـۆ ناسـینی مێـژووی مـاد. هەندێـك سـەرچاوەی بابلیـش وەکـو مێـژووی (گـد) کەبـاس لـە رووداوەکانـی سـاڵانی (٦١٦ - ٦١٠) پێـش زاییـن دەکات ومێـژووی (وابونیـد) کـە بـاس لەڕووداوەکانـی ناوەڕاسـتی سـەدەی شـە شـەمی پ.ز دەکات. هەروەهـا نـوسراوەی پادشـاکانی بابـل و هەنێـك لـەو روداوانـەی بەنیـگار گوزارەیـان لـێ کـراوە بۆلێکۆڵینـەوەی مێـژوو (مـاد) گرنـگ و بەکەڵکـن. هەندێك لەوبەشـەی تـەورات کەپـێ ی ئەڵێـن !(نـوسراوی پاشـایان) باسـی لەسـەردەمی (مـاد) کـردووە ، بـەڵام دیـارە کـە دەسـتکاری کـراوە، لەگـەڵ ئەمانـەدا نـوسراوەو هەڵکۆڵینەکانـی داریوشـی یەکـەم و هەندێـك گێرانـەوەی دەمی(زارەکـی) باسـیان لەمـادەکان کردووە، بێجگـە لـە نوسراوەکانـی هێـرۆدت، لەئێسـتادا کۆمەڵێـك نوسـینی یۆنانـی تـر کەوتونەتـە بەردەسـت و بـاس لـە ماددەکانیـش دەکـەن، لەوێنـەی؛ ،هکاتـی میلتـی، هـارون لامپسـاکی و دیۆنیـس میلتـی کەلەبـارەی داریوشـی یەکەمـەوە شـتیان نوسـیوە، کانـت لیدیائـی کەلەبـارەی (مێـژووی لیدیـا)ەوە نوسـیویەتی، (هیلانیـك)ی نوسەرومێژوونوسـیش دروسـتبوونی (مـاد) ی بەسـتۆتەوە بـە نـوسراوەی قارەمـان و ئەفسـانەکانی یۆنانـەوە، هەروەهـا (کتسـیاس کینـدی) کەنوسـەرێکی تـری یۆنانیـەو بۆخـۆی پزیشـك بـووەو لەسـاڵی (٤١٤پ.ز) ئێرانیـەکان بـە دیلیـان گرتـووەو بردویانـە بـۆ دەربـاری داریوشـی دووەم و دواجاریـش لـە دەربـاری ئەردەشـێری دووەمـدا بـووەو مـاوەی(١٧) سـاڵ لـە ئێـران بـووەو

لـه سـاڵی (٣٩٨پ.ز) نێـردراوه بـۆ ئەسـپارتەو لـه وێـوه جۆتـەوه بـۆ وڵاتـی خـۆی و پەرتوكـی (پرسـیكا)ی نوسـیوه كـه زیاتـر بـاس لەمێـژووی هەخامەنشـینەكان دەكات و (ئینديـكا) شـی نوسـیوه كەبـاس لـه مێـژووی هیندسـتان دەكات. گرنگـە باسـی ئـەوەش بكەیـن كـه (كەزنەفـۆن)ی یۆنانـی لـه باسـی ده هـەزار كەسـەكەیدا باسـی مـادەكان دەكات و مێژوونوسـی بابـل (بـروس) و ژمارەیـەك مێژوونوسـی ئەرمەنـی لەوانـە (موسـی خورنـی) كـه لـه سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا ژیـاوه. باسـی مادیـان كـردووەو دەكرێـت ئەوانـه هەمویـان بكرێنـه بابەتـی چەندیـن لێكۆڵینـەوەی فـراوان لـه سـەر(ماد) هەتـا بـه تـەواوی ریشـەو نـەژادی مـادەكان و چۆنیتـی فەرمانڕەواییـان و گوزەرانیـان بزانیـن. دیـاره لـەم نوسـینەدا ناتوانیـن تیشـك بخەینـه سـەر نوسـین و تێڕوانینـی هەمـوو نوسـەرەكان و نوسـینەكانیان و بەراوردیـان بكەیـن، چونكـە بابەتەكەمـان بەتەنیـا (مـاد) نییـەو وەكـو دەڵێـن ئەمـه هەویرێكـه ئـاوی زۆر دەكێشـێ و نوسـین و پەرتوكـی تایبەتـی پێویسـته بەهیـوام مێژوونوسـان و لێكۆڵەرەوەكانمـان ئەمـه بكەنـه ئەركێكـی سـەرەكی خۆیـان. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجه ئەوەیـه كەجـاران بەڵگـەو سەرچاوه كـەم بـوو، بـەڵام ئێسـتا بەڵگـەكان و سـەرچاوه كان زۆربـون و زیاتریـش دەبـن. زیادبونـی بەڵگـەكان چەنـده سـودی هەیـەو دڵ خۆشـكەرن ، ئەوەنـدەش بابەتەكـه ئاڵۆزدەكـەن، چونكـه هەمـوو بەڵگـەكان هاوشـێوەنین و زانیـاری و تێڕوانینـی جیاوازیـان تێدایـە. ئەمـەش گومـان دەخاتـه سـەر راسـتیەكانیش، هەربۆیـە بەدواداچـون و لێكۆڵینـەوەو بـەراوردكاری گرنگـە، هەتـا بتواندرێـت راسـت و ناراسـت لـه یەكـتر جیابكرێنـەوه. بۆنمونـه هەتـا ئێسـتا ئێمـه وەهـا فیربویـن كـه یەكـەم جـار مـاد لـه سـاڵی (٧٠٠پ.ز)دا دامـەزراوه، بـەڵام بەپێـی زانیاریەكانـی هێـرۆدت و بەشـێك لـەو بەڵگانـەی تـر، ڕەنگـە مـاد لـه سـاڵی ٧١٥یـان ٧٢٧پ.ز دروسـت بوبێـت. هەروەهـا هەتـا ئێسـتا ئێمـه وەهـا فێـر بویـن كـه كـه (مـاد ) بەهـۆی خیانەتـی هەرباكۆسـەوه لەناوچـوه، هەرچەنـده هێـرۆدت و گەلێـك بەڵگـەی تـر ئـەوه پشـت ڕاسـت دەكەنـەوه، بـەڵام (بـروس)ی مێژوونوسـی (بابلـی) هـۆكاری بونـی (كـۆرش ) بەفەرمانڕەوای (مـاد و پـارس) بۆكۆچـی دووایـی ئیسـتیاك و نەبوونـی كـوڕی ئیسـتیاك بـۆ شـوێنگرەوەی باوكـی دەگەڕێنێتـەوەو هەروەهـا شـیاوی كـۆرش وەكـو زاواو نـەوەی ئیسـتیاك(كۆرش (ئامـی تیـدا)ی كچـی ئیسـتیاك لەخـۆی مـاره دەكات و هاسەرەكەشـی كـه بۆجێگـەی ئیسـتیاك دانرابـوو نـاوی (ئاسـپیتام)بوو كوشـتی)و لێهاتویـی دەگێڕێتـەوه. یاخـود وەكـو چیـرۆك و ئەفسـانەی كـوردی هەتـا ئێسـتا ئێمـه فێربویـن كـه كاوەی ئاسـنگەر نوێنەرایەتـی كـورد دەكات و ئەژدەهاكیـش نوێنەرایەتـی پادشـای ئاشـور (سـین شاریشـكون) كـه نـاسراو بـوو به(سـاراك) دەكات. بـەڵام بەپێـی ئەفسـانەو چیرۆكـی ئێرانییـەكان، (كاوه) یـان بـه (كـۆرش)ی ئەخمینـی وێنـا كـردووەو ئەژدەهاكیـش بـه (ئیسـتیاك)ی پادشـای میدیـا دەچوێنـن. ئەمانـەو گەلێـك نمونـەی تـر.

سـەرەڕای زانیـاری جیـاواز، زۆربـەی سـەرچاوەكان ئامـاژه بـۆ ئـەوه دەكـەن كه(مـاد) هۆزگەلێـك بـوون لـه دەوروبـەری ئەكباتانـا، كەشـۆینەكەی نزیكـی هەمەدانـی ئەمڕۆیـەو لەسـەدەكانی نۆیـەم وهەشـتەمی پ.ز خاوەنـی فۆرمـی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی خۆیـان بـوون و خۆیـان خۆیـان بەڕێـوەردووەو ماوەمـاوه بـاج وخەراجیـان داوه بـه دەوڵەتـی ئاشـوری و مـاوه مـاوه كـه كەوتونەتـه




ناو ململانێ وشەڕەوە لە گەڵیدا. لەبەڵگەنامەکانی (شەمس نەسری سێیەم)ی پاشای ئاشوریدا کە ساڵی (٨٣٧پ.ز) هێری بردۆتە سەرچیاکان، ئەوکاتە بە وڵاتی پارسواو ئامادییەکان ناسراوبووە، هاتووە کە(٢٧) میرو پاشا لەو ناوچە چیاییانە حوکمیان کردووەو بە ئاماد - -ماد ناودەبران. لەسەردەمی دیاکۆ(دیۆکۆس)دا فیدراسیۆنیکی تۆکمە دروست دەکەن و ئەمەش ئەمڕۆ وەکو سەرەتای مێژووی کوردی لەلایەنی بەشێکی رۆشنبیرو کۆمەڵگای کوردستانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە دەکاتە (٧٠٠ساڵ پ.ز). هیرۆدت ، دیاکۆ بەکەسێکی ڕەوشت چاك، دادپەروەرو یەکسانیخواز وەسف دەکات و دەڵێت بەو شێوەیە ناوی دەرکردبوو. ماوەیەك دەست لە بەرپرسیارێتی هەرێمەکەی بەردەدات. ئەمەش بەبیانوی ئەوەی کە دەرفەتی کاروباری تایبەتی خۆی نیە. هیرۆدت باس لەوەش دەکات کەبەرپرسیارێتی لە وڵاتی (ماد) لەلایەنی خەڵك و گەورەپیاوانەوە دیاری دەکرا.{ هێرۆدت باس لە (دیاکۆیماننا)ش دەکات کەکوڕی پاشای ماناکانەو بارمتەیە لەلای ئۆرارتۆییەکانو دواتر ئۆرارتۆ لەڕێگای دیاکۆوە (٢٣) ناوچەو قەڵایان لەوڵاتی مانناو ماد بە دەست هێناوە، پاشان ساڵی(٧١٥)پ.ز سارگۆنی ئاشوری هێرش دەکاتە سەر دیاکۆو بەدیلی دەگرێت و خۆی و خێزانەکەی دوور دەخاتەوە بۆ شاری هامات (حمص) لە سوریا. هەندێك ئەم دیاکۆیەو دیاکۆی ماد بە یەك کەسێتی دەزانن و دەڵێن دیاکۆ دواتر لە سوریاوە هاتۆتەوەو خۆی ڕێکخستووە}.بەپێی گێرانەوەی هیرۆدت: دوای ماوەیەك لەدەست بەردانی دیاکۆ لەبەڕێوەبردنی ناوچەکە، رەوشتی خەڵك خراپ دەبێت، لە بەرئەمە داوا لە دیاکۆ دەکەن کە ببێتە پاشای هەموو هەرێمەکان، ئەویش لەساڵی (٧٠٨یان ٧٠٠پ.ز) دەبێت و هەتا(٦٥٥پ.ز) حوکم دەکات. دوای مردنی دیاکۆ فراوەرتیش هەتا (٦٣٣پ ز) فەرمانڕەوابوو. هەندێك فراوەرتیش بەکوڕی دیاکۆ لە قەڵەم دەدەن. بەپێی هەمان گێڕانەوە، فراوەرتیش لە شەڕی ئاشوریەکاندا تێکدەشکێت و دەکوژرێت، ئەمەش بەهۆی هاوکاری (سکای - ١سکیت) ە کانەوە بۆ ئاشوریەکان بووە، کە گەلێك بوون لە دوروبەری دەریای خەزەرەوە هاتونەتە ناوچەکەو ئیتر لەو مێژووەوە هەتا(٦١٥پ.ز) وڵاتی ماد بە وەکالەت لەلایەنی (سکای) یەکانەوە بەڕێوە دەبرا، بەڵام فۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری خۆیان پاراستوەو کیاکیسار (هۆخشتر)ی کوڕی فراوەرتیش جێگەی باوکی دەگرێتەوەو باج دەداتە (سکای یەکان)، هەتا

لەساڵی(٦١٥پ.ز) بەرپرسانی (سکای) بانگێشتی خواردن دەکات و هەمو فرماندەکانیان دەکوژێت و سوپاکەشیان لەناو دەبات. هەمان ساڵ سنوری خۆی بەرفراوان دەکات و هەتاماننا و ئۆرارتۆ دەخاتە ناو هاوپەیمانیەکەیەوەو داگیریان دەکات. (جونکە لەوسەروبەندەدا ئاشوریەکان لەگەڵ(بابل)دا لەشەڕدا بوون و مانناو ئۆرارتۆ لەوکاتەدا وەکو هاوپەیمانی ئاشوری بون) بەم کارەی کیاکسار خۆی وەکو هاوپەیمانی بابل نیشاندا. بابلەکان لەو ساڵەدا هەتا کەرکوکیان خستە ژێردەستی خۆیانەوەو داواتر خواستیان هێرش بکەنە سەر شاری پیرۆزی ئاشوریەکان (ئاشور)بەڵام سەرنەکەوتن و بەرەو تکریت پاشەکشەیان کردو هەتا ساڵێك بەگەمارۆدراوی مانەوەو (ساراك )ی پادشای ئاشوری دەیخواست لەناویان ببات. لەهاوینی (٦١٤پ.ز) هێزەکانی ماد توانیان کەرکوك بگرن و شاری پیرۆزی (ئاشور)یشیان لەرۆژهەڵاتی دیجلە گرت و ئیتر پێشەنگایەتی شەڕ لەدژی ئاشورییەکان کەوتە دەستی کیاکسارو ماددەکانەوە. لەم سەرو بەندەدا پادشای ئاشوری لە هەوڵی کۆکردنەوەی هاوکاریدابوو لە ئارامییەکانی سوریاو گەمارۆی سەر بابل کۆتایی پێ دێنیت و دەگەڕێتەوە بۆ پایتەختی خۆی (نەینەوا). لەم کاتەدا کیاکسارو نەبو بەلاسەری پاشای بابل رێککەوتنیان مۆر کردو بۆ پتەوکردنی هاوپیمانێتیەکەش کیاکسار(نامی تیس)ی کچی دایە نەبوخەزنەسری کوڕی نەبو بەلاسەر. هەروەها کیاکسار توانی هاوپەیمانی پارسەکان و (ئالی بی) کە هەرێمێك بوو دەکەوتە نزێك کرماشانی ئەمڕۆوەو ماوەیەك (تالتە) پادشایان بوو، بۆ خۆی قازانج کردوو بوونە بەشێك لە وڵاتەکەی.

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان هێزە هاوپەیمانەکان لەبەهار هەتا هاوینی ٦١٢ پ.ز سێ شەڕی مەزن لە دەورووبەری شورای نەینەوا ئەنجام دەدەن و دواتر لە مانگی تەباخ (ئاب)ی ٦١٢ پ.ز دا بە هۆی تاکتیکی کۆکردنەوەی ئاوی دیجلەو بەردانەوەی بە سەر شاردا، شورەکانی شار دەڕوخێنن و بەم شێوەیە دەتوانن بچنە ناو شارەکەوەو دەسەڵاتی ئاشورییەکان تێکدەشکێنن و



نەخشەی ئیمپراتۆریەتی پارس "سەدەی شەشەم پ.ز"

(ساراك) یش خۆی فرێدەداتە ناو ئاگری کۆشکەکەیەوەو کۆتایی بە ژیانی دێت. بەم شێوەیە سەردەمێکی نوێ بۆ گەلانی ناوچەکە دەست پێدەکات. لە ڕێگەی کردنەوەی ئاگر لە سەر

لوتەکـە چیـاکان هەواڵـی سـەرکەوتنیان گەیانـدە هەمـوو ناوچـەکان و پەیامـی ڕۆژێکـی نوێیـان دەدا . هـەر بۆیـە هەتـا ئێسـتا، سـاڵانە گەلـی کـوردو گەلانـی ناوچەکـە نـەورۆز پیـرۆز دەکـەن و ئاگریـش وەکـوو سیمبوڵی سـەرکەوتن دەبینـن. جێگـەی ئامـا ژە پێکردنـە، ئاشـورییەکان بـە هـاوکاری فیرعونییـەکان و بـە سـەرکردایەتی (ئاشـور بالیتـە)ی بـرای ئاشـور بانیپـال و مامـی سـاراك هەتـا سـاڵی ٦٠٥ پ.ز لـە حـەران و فەلەسـتین بەرخۆدانیـان کـرد. بـەڵام لـە ئەنجامـی هێرشـی هاوبەشـی (مـاد و بابـل)دا کۆتایـی بـەو پاشـماوەیەی ئاشـورییەکان هێنـدرا. سـاڵی ٦٠٥ پ.ز نەبـو بەلاسـەر دەمرێـت و نەبوخەزنەسـەری کـوڕی لـە قـەڵای (کارکمیـش) ئاشـوری و میسرییەکانـی تێکشـکاند.
بەپێـی ڕێککەوتنـی (مـاد و بابـل)، ئاشـور و حـەران و بەشـی زۆری باکـوری میزۆپۆتامیـا بـەر (مـاد) کـەوت و سـوریاو فەلەسـتین بـەر بابـل کـەوت. سـەرچاوەکان بـاس لـەوە دەکـەن کە(مـاد)ەکان زیانیان بـە خەڵکـی ئاسـایی ئاشـوری و شـارەکانی تـر نەگەیانـدووەو ژمارەیەکـی کەمیشـیان لـێ دەسـتگیر کـردوون. هەندێـك لـە سـەرچاوەکان هـۆکاری ئەمـە دەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەوەی کـە لـە وڵاتـی (مـاد) کۆیلـەداری پـەرەی نەسـەندبوو. لەبـەر ئەمـە زۆر گرنگیـان بـە کۆیلـە نـەدەداو خەڵکیـان نەدەکـردە کۆیڵـە. هەندێکیـش هـۆکاری ئەمـە دەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەوەی کـە بەشـی زۆری لەشـکری مـادەکان لـەو خێـڵ و هۆزانـە بـوون کـە ڕووبـەڕوووی فشـار و چەوساندنەوە ببـوون و ئامانجیـان ڕزگاربـوون بـووە لـە دەسـەڵاتی ئاشـوری، نـەك تاڵانکـردن، ئەمـەش وایکـردووە کـە خەڵـك نەکـەن بەکۆیلـە. بـە هەرحـاڵ هۆکارەکـەی هەرچـی بێـت ئـەو دیاردەیـە نموونەیەکـی جوانـە لـە مێـژووی پێشـینیانی کـورددا. دوای کۆتایـی هێنـان بەدەسـەڵاتی ئاشـوری، (ماد)بـووە وڵاتێکـی فـراوان و لـە ڕۆژئـاواوە گەیشـتە سـنوری لیدیـاو لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو کەنـداوی فـارس و وڵاتـی کاسـپی لـە ڕۆژهەڵاتـی دەریـای خـەزەر و سـنوری باشوریشـی بابـل بـوو. لـە سـاڵی ٥٩٣ پ.ز دا کیاکسـار بـە هـۆی ناکۆکـی لـە گـەڵ پادشـای ئیسـکیتەکانەوە بـە تـەواوی کۆتایـی بـە پادشـایی ئیسـکیت دێنـێ. سـاڵی (٥٩٠-٥٨٥پ.ز) شـەڕێکی مـەزن لـە نێـوان کیاکسـار و (ئالیـات کـوری سـادیات) ی پادشـای لیـدی دروسـت دەبێـت و مـاوەی پێنـج سـاڵ لـە نزیـك ڕووبـاری قـزل ئیرمـاق (هالیـس) شـەڕ دەکـەن. کەسـیان سـەرنەکەوتن، پاشـان بەهـۆی خـۆر گیـران و ناوبژیوانـی نەبوخەزنـەسر و (سیسـنس)ی فەرمانڕەوایـی کاپادۆکیـا پەیمانـی ئاشـتیان مـۆر کـردو ڕووبارەکـە بـووە سـنوریان و (ئارنیـس)ی کچـی پادشـای (لیدیـا)ش درایـە ئیسـتیاك (ئیـخ تۆیگۆ-ئەژدەهـاك)ی کـوڕی کیاکسـار. هـەر ئـەو سـاڵە وااتـا ٥٨٥پ.ز کیاکسـار کۆچـی دوایـی دەکات و ئیسـتیاك دەبێتـە فەرمانـڕەوای مـاد.
کیاکسـار لەسـاڵی (٦١٠پ.ز)دا وڵاتـی پـارس و ئەنشـان (ئەنـزان)ی دایـە دەسـتی کەمبۆجیـەی باوکـی کـۆرش و دواتـر ئیسـتیاك کچێکـی خۆشـی کەلەماندانـای خوشـکی ببـووی دەدا بـە کەمبۆجیـەو کۆرشـی لێدەبێـت، لەسـەردەمی ئیسـتیاکدا وڵاتـی (مـاد) فراوانـتر دەبێـت، بەشـێوەی سـەتراب وڵات ڕێکدەخـەن کـە هەرێمـی سـەربەخۆن و خۆیـان بەڕێـوە دەبـەن و ناوەنـد دەسـت وەرناداتـە کارو باریانـەوەو تەنیـا باجێکـی سـاڵانەی زۆر کـەم دەدەنـە ناوەنـد. هـاوکات کێشـەی ناوخۆیـی دروسـت دەبێـت و لـە ئەنجامـی ئـەو کێشـانەدا سـاڵی (٥٥٠پ.ز) کۆرشـی کچـەزای ئیسـتیاك و هەرباکـۆس

کەفەرمانـدەی سـوپای (ماد)بـوو کۆتاییـان بەدەسـەڵاتی ئیسـتیاك هێنـاو کـۆرش دەبێتـە فەرمانـڕەوای وڵات و خانەدانـی ئەخمینـی (هەخامەنشـی) دروسـت دەکات، بەمشـێوەیە کۆتایـی بەفەرمانڕەوایـی (ماد)دێـت، بـەڵام بەهـۆی تێکـەڵاوی مـادو ئەخمینیـەکان و هەبوونـی ئەزموونـی (مـاد)ە کان لـە فەرمانرەوایـی و فەرمانداریـدا، هەتـا سـەردەمی داریوشـی یەکـەم (٥٢١پ.ز) مـادەکان هـەر ڕۆڵـی سـەرەکیان هەبـووە لەبەڕێوەبردنـدا، دواتریـش هەرچەنـدە لەنـاو دەسـەڵات و ئیمپراتۆریەتـدا ڕۆڵـی مـادەکان پاشەکشـەی کـرد، بـەڵام توانیـان فۆرمـی کۆمەڵایەتـی و خۆبەڕێوەبـەری خۆیـان بپارێـزن، بەتایبەتـی مـادی ئەترۆپاتـن یـان مـادی ڕۆژئـاوا کـە هەتـا سـەردەمی یۆنانیەکانیـش خۆیـان بەڕێوەدەبـردو خاوەنـی سـەربەخۆیی ناوخۆیـی خۆیـان بـوون.



نەخشەی ئیمپراتۆریەتی پارس لەسەردەمی پێنجەم پ.ز

لەڕابـردوودا هەمیشـە بـێ ئەزموونـی و لـێ نەهاتوویـی ئیسـتیاك بـۆ فەرمانڕەوایـی و خەریـك بوونـی بـە ڕابـواردن و ناپاکـی هەرباکـۆس وەکـو هـۆکاری سـەرەکی کۆتایهاتنـی فەرمانڕەوایـی مـادەکان دیـاری دەکـرا. هێـرۆدت و کتسـیاس بـاس لـەوە دەکـەن کـە هـۆکاری خیانەتـی هەرباکـۆس ئەوەیـە کـە ئیسـتیاك زۆرتونـد بـووە لـە گـەڵ هەرباکۆسـداو کوڕێکـی کوشـتووەو گۆشـتەکەی دەرخـواردی هەرباکـۆس داوە. یاخـود هیـرۆدت دەڵـێ ئیسـتیاك لـە گـەڵ مەزنـە پیاوانـدا توندبـووە. هەروەهـا دەڵێـت ئیسـتیاك زۆر گوێـی لـە ئامـۆژگاری موغـە زەردەشـتیەکان دەگرت، هـەر ئەوانیـش ئامۆژگاریان کـرد بـۆ ئـەوەی ڕێگـە بە(کورش)بـدات بچێتـەوە وڵاتـی (پـارس)، ئیسـتیاکیش ڕێگـەی پێـدا. ئەویـش کەچـووەوە وڵاتـی پـارس دەسـتی بەیاخـی بـوون کـرد، بەهـۆی ئەمـەوە ئیسـتیاك موغەکانـی خنـکان و ئەمـەش ترسـی لـەلای پیاوانـی ئایینـی و گـەورە پیـاوان دروسـت کـرد، لەکـەڵ ئەمانەشـدا بـاس لـەوە دەکرێـت کـە بەهـۆی (ئارنیـس)ی کچـی پادشـای لیدیـاوە کـە هاوسـەری ئیسـتیاك بـوو، ڕۆڵ وکاریگـەری لیدیایـەکان لەنـاو (مـاد) رووی لـە زیادبـوون دەکـردو ئـەوەش گەورەکانـی (مـاد)ی نیگـەران کردبـوو. ئەمـەش بـووە هـۆی هەڵگەڕانـەوە لەئیسـتیاك، بەپێـی ئـەو سـەرچاوانەی هەتـا ئێسـتا کەوتونەتـە بەردەسـت و بـاس لـە کۆمەڵـگای (مـاد) و فەرمانڕەوایانـی دەکـەن، بەتایبەتـی فەرمانرەوایـی ئیسـتیاك، دەکرێـت هـۆکاری کۆتایهاتنـی فەرمانرەوایـی (مـاد) لـەم چەنـد خاڵـەدا

کۆبکەینــەوە:

١- ســەرچاوەکان ئاماژەیــان بۆئــەوە کــردووە کــە کۆمەڵــگای مــادو ئەو فۆرمــەی کە دروســتیان کردبوو فۆرمێکــی کۆمەڵایەتــی بــوو، کۆمەڵــگا لەســەربنەمای تیــرە، خێــڵ، هۆز(کــە فیدراســیۆنی خێڵەکانــن)و گونــدەکان خــۆی رێکخســتبوو، پەیوەنــدی کۆیلایەتــی و چینایەتــی پــەرەی نەســەندبوو. فەرمانــڕەواو ســەرۆك لەلایەنــی مەزنانــی خێــڵ، هــۆز و گونــدەوە دیــاری دەکــران و پەیوەنــدی نێــوان فەرمانــڕەواو کۆمەڵــگا پەیوەندییەکــی سروشــتی بــووەو لایەنــی بیرۆکراتــی و دەســەڵاتداری نەبــووە بەلایەنــی ســەرەکی. بــەڵام لەگــەڵ بەرفراوانبوونــی وڵات و تواناکانــی (ماد)ەکانــدا، ئــارەزووی دەســەڵاتداری و زەنگیــن بــوون و دەسکەوتی تایبــەت رووی لەزیــاد بــوون کــردو ئەمــەش ناکۆکــی لــە نێــوان ســەرۆك و مەزنــە پیــاوەکان و فەرماندارانــی ســوپادا دروســت کــردو، بەپێــی ئــەو زانیاریانــەی لەبەردەســتدان ئیســتیاك رێگــری لــەم هەوڵانــە کــردووەو نەیخواســتووە فەرمانــداران و مەزنەپیــاوان دەســکەوتی تایبــەت بۆخۆیــان ببــەن و خەڵکــی بکەنــە کۆیلــەو ئــەو شــوێنانەی دەیگــرن تاڵانــی بکــەن. ئەمــەش نیگەرانــی فەرمانــداران و راوێژکارانــی لێکەوتۆتــەوە. هــەر ئەمــەش هــۆکارە بۆئــەوەی کــە هیــرۆدت دەڵــێ ئیســتیاك لەگــەڵ مەزنەکانــی (مــاد)دا توندوتیــژ بــووە. لــە ئەنجامــدا دەتوانیــن بڵێیــن کەلێنێــك لەنێــوان ســەرۆك و ئــەو پێکهاتەیــەدا دروســت بــووە.

٢- وەکــو هیرۆدت باســی کردووە، ئیســتیاك زۆر گوێــی لەئامۆژگاری (ماگ)ەکانی زەردەشــتی گرتووەو ئەوانیــش دژی پەیڕەوانــی ئایینــی کــۆن بــوون و بەشــێکی زۆری فەرمانــدەو بەرپرســانیش لایەنگــری ئایینــی کــۆن بــوون و ئــەوەش هۆکارێکــی تــر بــووە بــۆ دوورکەوتنــەوەی بەشــێك لەفەرمانــدارو ڕیــش ســپیان لەئیســتیاك و هەوڵیانــداوە کــە ناکۆکــی بخەنــە نێــوان ئیســتیاك و (ماگ)ەکانــی زەدەشــتیەوە، کاتێــك (مــاگ)ەکان رێنمایــی ئیســتیاك دەکــەن بــۆ ئــەوەی رێگــە بــە کــۆرش بــدات بچێتــە وڵاتــی پــارس و کــۆرش ناپاکــی دەکات، ئیســتیاك تــوڕە دەبێــت وســزای ماگــەکان دەدات بەخنــکان، ئەمــە دەبێتــە هــۆی ئــەوەی ئیســتیاك پشــتیوانی پیاوانــی ئاینیــش لەدەســت بــدات و فەرمانــدەو بەرپرســەکان ســوود لــەم بارودۆخــە وەردەگــرن و ئیــتر ئیســتیاك لاواز دەبێــت.

٣-بەهــۆی بەرفراوانبوونــی وڵاتــی مــاددەوە، ئــەو هــۆزو خێڵانــەی کەلەگــەڵ مــاددا بــوون لەململانێــی ئەوەدابــوون کەخۆیــان باڵادەســت بــن لەناوەنــدی مــادداو ململانێــی ســەرەکیس دەکەوێتــە نێــوان (لیدیا)یــی و (پارس)ەکانــەوە. چونکــە ئــەم دووهــۆزە یــان خێڵــە یــان گروپــە بەهــۆی ئــەوەی دوورتــر بــوون لەژیانــی چیــاو زیاتــر تێکــەڵاوی ژیانــی دەشــت بــوون، کــراوە تربــوون بــۆ وەرچەرخانــی دەســەڵاتداری. خــۆ خزاندنــە نــاو ناوەنــدی (ماد)یشــیان بەڕێــگای گەیشــتن بــە ئامانجەکانیــان دەبینــی، ئەمــەش بــووە هــۆکاری ئــەوەی کــە (لیدیا)یــەکان ســوود لــە پێگــەی (ئارنیــس)ی هاوســەری ئیســتیاك وەربگــرن و هەوڵبــدەن لــەو رێگایــەوە پایەکانــی دەســەڵاتی خۆیــان بچەســپێنن. لەبەرامبــەر ئەمــەدا (پــارس)ە ئەخمینیەکانیــش خۆاســتیان ســوود لــەو خزمایەتیــە وەربگــرن کــە لەنێــوان خانــەوادەی کــۆرش و ئیســتیاکدا هەیــەو خۆیــان وەکــو یــەك نــەژادو ڕەچەڵــەك بەنــاو بکــەن و هەســتی (مــاد)ەکان لــەدژی (لیدیــا ) یــەکان بــەلای خۆیانــدا رابکێشــن.

٤- دوای زیاتـر لـە (٦٠)سـاڵ فەرمانڕەوایـی بـەردەوام و فراوانبوونـی قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی مـاد، ئیـتر (ماد)یـش لەبـەردەم تاقیکردنەوەیەکـی مەزنـدا بـوو، یـان دەبوایـە ببێتـە کۆپییەکـی ئاشـوریەکان و سیسـتمی ئیپراتۆریـەت و کۆیلـەداری پەیـڕەو بـکات، یـان دەبوایـە سیسـتمێکی نـوێ دابهێنێـت و بتوانێـت لـە ڕێگەیـەوە کێشـەی ئابـووری، بـاوەڕی و دەسـەڵات چارەسـەر بـکات، ئەگـەر یەکێـك لـەو دوو هەنـگاوە نەنێـت، ئـەوا دەبێـت خـۆی بداتـە دەسـتی چارەنـوس. ئـەوەی لە هەڵوێسـتی ئیسـتیاکدا دەبینرێـت، ئەوەیـە کـە ئامـادە نیـە ببێتـە کۆپـی پاشـا ئاشـوریەکان، هەوڵیـش دەدا ڕووبـەرووی کێشـە ناوخۆیـی و هێرشـە دەرەکیـەکان ببێتـەوە بـەڵام ئـەو شـێوازەی دەیگرێتـە بـەر چـارە ئامێـز نییـەو کێشـەکانی زیاتـر دەکات، بەواتایەکـی تـر ئیسـتیاك نەیتوانیـوە لـە کەسـێتی خۆیـدا ئەڵتەرناتیـف بخولقێنـێ و بـەو شـێوەیە خـۆی ڕووبـەرووی چارەنـوس کـردەوە.

٥- خاڵێکـی تـر کەگرنگـە باسـی بگەیـن و پرسیاریشـە لـەلای زۆربـەی تاکەکانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان، ئەویـش ئەوەیـە کـە بۆچـی (هەرباکـۆس) بۆخـۆی نەبـووە سـەرۆکی (مـاد)؟ مـادام دەیزانـی ئیسـتیاك توانـای وڵات بەڕێـوە بردنـی نییـە (بەپێـی گێڕایەوەکانـی رابـردوو)، بۆچـی خـۆی نەدەکـردە سـەرۆکی مـادد و بـووە هـاوکاری (کـۆرش ) ودەسـەڵا تـی گواسـتەوە بۆ(کـۆرش )و پارسـەکان؟ ئەمـە خاڵێکـی بەئـازاری کـوردەو پێشـتر نمونەکـەی (ئەنکیدۆ)مـان بـاس کـرد. دیـارە هەڵوێسـتی هارباکۆسـیش زۆر جیـاواز نییـە لـەوەی ئەنکیـدۆ، لـە کاتێکدا چـاوی لە دونیـای دەرەوەو دەسـەڵات و ئـارەزووی خۆیەتی و حـەز بـە دەسـەڵاتی ڕەهـا دەکات، ئـەو هێـزە لـە خۆیـدا نابینـێ خـۆی سەرکێشـی کودەتایەکـی بـەو شـێوەیە بـکات، چونکـە هـەم لـە نـاو بەڕێوەبـەری (مـاد)دا خـاوەن ئـەو هێـزە مەعنـەوی و سیاسـی و کۆمەڵایەتییـە نییـە. هـەم زەمینەیەکـی بـەم شـێوەیە تۆکمـە لـە نـاو مادەکانـدا نابینـێ، واتـا هەسـت بـەوە دەکات کـە مـادەکان کـراوە نییـن بـۆ سیسـتەمێکی دەسـەڵاتداری جینایەتـی. لەبەرامبـەر ئـەوەدا هەسـت بـە هەوڵەکانـی پارسـەکان و لیدیـاکان دەکات کـە دەخـوازن ببنـە فەرمانـڕەوای مـاد. ئەویـش پارسـەکانی پـێ باشـترەو خـۆی ڕادەسـتی ئـەوان دەکات و دەکەوێتـە خزمەتـی ئەوانـەوە. بـە پێـی گێڕانـەوەی هێـرۆدت هەرباکـۆس لـە لایەنـی کۆرشـەوە کرایـە حاکمـی لیدیـاو هەرباکۆسـیش یۆنانـی گـرت و دەسـەڵاتی کۆرشـی گەیانـدە لوتکـەو دواتـر لـە ئەنـادۆڵ مایـەوەو نەیدەخواسـت بگەڕێتـەوە بـۆ وڵاتـی (مـاد)و زەوی و زارێکـی زۆری داگیـر کـردو هـەر لـەوێ مایـەوە. بـە واتایەکـی تـر هەرباکـۆس ئیـتر ڕووی ئـەوەی نەبـوو بگەڕێتـەوە نـاو کۆمەڵـگای خـۆی. بێگومـان هـۆکاری تریـش هـەن ڕەنگـە بـاس نەکرابـن ، بـەڵام دەکرێـت ئەوانـە وەکـوو هـۆکارە سـەرەکیەکان دابنێـن و بەمشـێوەیە سـەردەمێکی زێڕیـن لـە ژیانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان پـەردەی بەسـەردا درا.

لـە دوای کۆنفدراسیۆنی هۆزەکانـی مـاد، لـە سـاڵی (٥٢٢پ.ز)دا فراوەرتیـس کـە بـە خشـتریتای دووەم ی خانەدانـی کیاکسـار دەناسرێـت، سـەرکردایەتی شۆڕشـێکی مەزنـی کـرد لـە بەرامبـەر (دارویشـی یەکـەم)ی پاشـای ئەخمینـی، دانیشـتوانی مـاد ، پـارت و هیرکانیـە پاڵیان پێـوەداو دوای کەوتـن. خەڵکی ئەرمەنسـتانیش پشـتیوانیان کـرد بـەڵام دوای ئـەوەی داریـوش توانـی دەسـەڵاتی خـۆی لـە پـارس و بابـل بچەسـپێنێت هێزێکـی مـەزن دەباتـە سـەر فراوەرتیـس و لـە ئەنجامـی ڕووبەڕوبوونـەوەدا

فراوەرتیس شکاو رووی کردە شاری (رەی) و هاوکاری لە پارت و هێرکانەکان خواست، بەڵام هاوکارییەکانی پێنەگەیشت و دواتر لەوێ تێکدەشکێت و دەگیرێ و ڕادەستی داریوشی دەکەن، دوای لوت و گوێ کردنی، داریوش لە ئاکباتانا دیکاتە نیشانەی تیرو دواتر سەری دەبڕن و هەڵیدەواسن. دوای دامرکانەوەی ئەو ڕاپەرینە داریوش کۆکوژییەکی زۆر لە وڵاتی (ماد) ئەنجام دەداتن بەشێکی زۆری موغەکان، ئەوانەی کە لایەنگری (ماد)ە کانن دەکوژن و لە ناویان دەبەن. دوای فراوەرتیس کۆمەڵگای (ماد) بێدەنگ نەبوون {چیتران تخمە} خۆی کردە پاشای (ماد) و هەوڵی دا شکۆ بۆ (ماد) بگێڕێتەوە، بەڵام لەشکری (پارس و ماد) بە سەرکردایەتی (تهاسپ دای)ی (ماد)ی هێرشیان کردە سەری تێکیان شکاندو لە ناویان برد. بە پێی بیرو ڕای لێکۆڵەران هەتا ئەم سەردەمە، واتا سەردەمی داریوش و تێکشکانی ڕاپەرینەکانی (ماد) ، (ماد) وەکوو ناوەندو وڵاتی یەکەم بوو لە ناو ئیمپراتۆریەتی هەمخامەنیشیدا، بەڵام ئیتر (پارس) بە تەواوی بووە ناوەندو ماد پێگەی خۆی لە دەستدا. بەڵام بەشێك لە فەرماندەو بەرپرسەکانی (ماد) لەناو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەدا هەر ڕۆڵیان هەبوو، بەڵام خزمەتی هەمخامەنشینەکانیان دەکرد. بەشی زۆری کۆمەڵگای مادیش کشانەوە بەرەو گوندو ناوچەکانی چیاو هەوڵیانداوە فۆرم و راستینەی خۆیان بپارێزن. بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەڵگەی تەواو لەبەردەستدا نیە، ناتوانین زۆر بە وردەکاری لە سەر ئەم قۆناخە قسە بکەین. لەم قۆناخەدا تا رادەیەك سوود لە هەندێك لە نوسراوەکانی پادشایانی پارس لە وێنەی داریوش و نووسینی نوسەرە یۆنانییەکانی وەکوو گەزەن فۆن و نووسەری ئەرمەنی (موسی خۆرنی) وەردەگرین. بەپێی ئەو سەرچاوانە. هەتا سەرەتای سالانی زایین ناوی ماد بۆ هۆزەکانی بەشێکی کوردستان بەکاردێت، بەتایبەتی (ماد)ی (ئەترۆپاتن). ئەم ناوچەیە لە ئەمڕۆدا بەشێکی زۆری دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوردستانەوەو بەشێکیشی بە (ئازەربایجان)دەناسرێت. ئەم ناوەش لە (ئەترۆپات)ی سەرکردەی مادەکانی رۆژئاواوە وەرگیراوە کە لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی و سەلوقیە یونانیەکانی دوای ئەسکەندەردا فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیان کردووەو پێشەوای ماددەکان بووەو توانیوێتی خۆی و گەلەکەی لە هێرشی ئەسکەندەر و یۆنانیەکان بپارێزێت و بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم هەرێمە سەربەخۆیی خۆی پاراست.

بە پێی گێڕانەوەی گەزەنەفۆنیش، بەشێکی کۆمەڵگای کوردستانی ئەو کاتەی کە ئەو بە خۆی (١٠)هەزار سەربازەکەی یۆنانەوە بە شکاوی لە شەری کوروشی بچوك دژی ئەردەشیری دووەم کشانەوە، بە کاردۆخی بە ناو کردووەو ئەرمەنەکانیش کوردۆ ئینیان بە کاربردووە. بە پێی سەرچاوە بابلیەکانیش هەتا سەردەمی زایینی لۆلۆیی لە ناوچەکانی باشوری زاگرۆس ژیاون. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناخی دوای (ماد)ەوە جار بەجار لە رێگەی بەرخۆدان و شەڕەوە فۆرمی خۆی پاراستووە، بەڵام زۆربەی کاتەکانی لە رێگەی دورخستنەوە لە ناوەندەکانی شارستانی و بەشداری نەکردن لە فۆرمی دەسەڵاتدا فۆرمی خۆی و باوەڕی خۆی پاراستووە. بێگومان ئەگەر بەم شێوەیەش نەبووبێت نەدەگەیشتە ئەمرۆ.



شوێنەواری کۆماکەنە(نەمرود) لە ئادیامان

## ج. باوەڕمەندی و ئایینی کۆمەڵگای کوردستان

وەکو لەبەشی رابردوودا باسمان کرد ئایین یاخود باوەڕمەندی کۆمەڵگای (ئاری)کە کۆمەڵگای کوردستانیش بەشێك بوو لەو کۆمەڵگایە باوەڕی میترایی بوو. کە(ئێزدانی یان ئەزدانی) یش دەناسرێت و هەتائێستاش ڕەگوو ڕیشەی لە ناوکۆمەڵگای کوردستاندا هەیە، بەتایبەتی لەناوپەیڕەوانی یارسانی (عەلی ئیلایی ، ئەهلی حەق، کاکەیی، عەلەوی)، ئیزیدی و شەبەك دا زیاترپارێزراوەو پەیرەوانی ئەم باوەرییانەش پێیان وایە کە ئێزدانی سەرچاوەی ئایینەکەی ئەوانە. دوای ئەوەی ئەم باوەرییە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتداو زۆربوونی کاریگەری (موغەکان ) و ململانێیان لەگەڵ باوەڕمەندی راهیبەکانی سۆمەردا گۆڕانکاری بەسەردا هات و تایبەتمەندی کاستی وەرگرت و بەپێی پێویستی کۆمەڵگا نوێ نەکردەوە. (زەردەشتەکان) هەوڵیاندا ریفۆرمی نوێ و بەپێی قۆناخی نوێ لەم باوەرییەدا بکەن، دەکرێت (سیمیار) وەکوو دوا زەردەشت لە ڕیزبەندی ئەو زەردەشتانەدا بەناو بکەین کە لەهەزارەی دووەم و یەکەمی پ.ز دا هاتوون و لەو پێناوەدا کاریان کردووە. واتا چۆن ئایین و باورەی ڕاهیبەکانی سۆمەر لە رێگای ئیبراهیم و پەیامبەرەکانی دوای ئەو هەتا (محەمەد)کە دوا پەیامبەری رێبازی ئیبراهیمی بوو، گەیشتە ئەو قۆناخەی کە ئیسلام لێی دروست بوو. میترایی یان ئێزدانی لە رێگای زەردەشتەکانەوە هەتا دەگاتە سیمیار گەیشتە قۆناخێکی نوێ، کە بە ئایینی زەردەشتی و زەندە ڤێستایی دەناسرێت و زیاتر لە هەزار ساڵ بووە ئایین و باوەڕی گەلانی ئاریایی لە رۆژئاوای هێندوستانەوە هەتا باکوری میزۆپۆتامیا. بەڵام زەردەشتیش بە قۆناخی جیا جیادا تێپەڕ بووەو کۆمەڵگای کوردستان هەرچەندە هەتا هاتنی ئیسلام بەشی زۆری زەردەشتی بوون ، بەڵام ئایینەکانی بوزا، کریستیانی بیرۆکەی هێلینی یۆنانی، صابئە، مانی، مەزدەك کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگای کوردستان کردووە. هەوڵدەدەین لەم بەشەدا تیشکێك بخەینە سەر ئەو باوەری و ئاینانەو کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگای کوردستان.

١ـ زەردەشتی:
ڕەگوڕیشـەی زەردەشـتی دەگەڕێتـەوە بـۆ میترایـی. (زەردەشـت)یش پەیامبـەری گەلـی ئاریانـە. زەردەشـت وەکـو وشـە بـە واتـای ئـەو کەسـەی کە(تیشـکی رۆژی لێدەبارێـت و دەدرەوشـێتەوەو لـە گـەڵ خۆیـدا خێـر و بەرەکـەت دێنـێ). بەپێـی لێکۆڵینـەوەو بەدواداچونـەکان، گەلێـك زەردەشـت هەبـوون و لـە دوای (٢٠٠٠پ.ز)هەوڵیانـداوە لـە بیـرو بـاوەرو رێسـاکانی میتراییـدا ریفـۆرم ئەنجام بـدەن. دواتریـن زەردەشـتەکان کـە لـە ئەمـڕۆدا زەردەشـتی بەناوەوەکـراوەو پێـوەی دەناسرێتـەوە، نـاوی خـۆی (سـیمیار)ە و پیرشـالیاری زەردەشـتی لـە (ماریفەتنامـە) کەیـدا باسـی دەکات و دەڵـێ لـە ئۆرمیـە لـە دایـك بـووە پاشـان چـووە بـۆ ئەفغانسـتان و لـە شـاری بەڵـخ جێگیـر بـووە. بـەڵام هەندێکیـش پێیـان وایـە ئـەو (بەڵـخ)ی کـە بـاس دەکرێـت (بەڵـخ)ی ئەفغانسـتان و رۆژهەڵاتـی ئێـران نییـە بەڵکـو بەڵخـی هەورامانـە، چونکـە هـەر لـە ژیاننامەکەیـدا بـاس دەکرێـت کـە چۆتـە چیـای ئاویـەر کـە لـە سـنەیەو نزێکـی هەورامانـەو. دایکـی نـاوی دەغدۆیـەو باوکـی نـاوی (پورشاسـپ) ە و نازنـاوی بنەماڵەکەیـان (ئەسـپێنتمان) بـووە کـە واتاکـەی سـپی رەگـەزە. بـە پێـی سـاڵنامەی سـەلوقی یۆنانـی دەگوترێـت زەردەشـت لـە نێـوان (٦٣٠-٥٥٣)پ.ز، (٦٢٨-٥٥١)پ.ز یـان (٦١٨-٥٤١) پ.ز ژیـاوەو دەگوترێـت (زەنـد)ی بـە زمانـی ئارامـی نووسـیوەتەوە، بـەڵام لێکۆڵینەوەکانـی ئـەم دواییـە دەری دەخـەن کـە زۆر پێشـتر لـەو سـەردەمە ئامۆژگاریەکانـی زەردەشـت لـە نـاو گەلـدا بـڵاو بـووەو ڕەنگـە بـە زمانـی بزمـاری نوسرابێتـەوە (چونکـە هەتـا سـەدەی حەوتـەم پ.ز زمانـی بزمـاری وەکـوو زمانـی بـاو بـووە لـە وڵاتـی ئاریانـدا)، بـەڵام هەتـا ئێسـتا هیـچ نموونـەو بەڵگەیەکـی ئـەو سـەردەمە نەکەوتۆتـە دەسـت، تەنیـا ئـەو وێنەیـە نەبێـت کـە بەزمانـی ئارامـی نـوسراوەو دەگوترێـت لەسـەردەمی دارویشـدا لـە کۆتایـی سـەدەی شەشـەمی پ.زدا نوسراوەتـەوە. هەندێـك بۆچوونیـش هەیـە بـاس لـەوە دەکـەن کـە زەدەشـت خەڵکـی ( باکتریـا) یاخـود رۆژهەڵاتـی وڵاتـی ئاریانـە کـە دەکاتـە ئەفغانسـتانی ئەمـڕۆ، بـەڵام بـەو پێیـەی کـە (مـاد)ەکان پێڕەویـان لـە زەردەشـتیەت کـردووەو شـوێنەواری زەردەشـتی لـە کوردسـتان زۆرە، زۆرینـە بـۆی دەچـن کـە زەردەشـت لـە کوردسـتاندا لـە دایـك بـووە و ژیـاوە بیـرو بۆچوونـی خـۆی بـڵاو کردۆتـەوە، زەردەشـت بـاوەڕی بـە دوانـەی چاکـەو خراپـە هەیـەو ئەهورامـەزدا خوداوەنـدی چاکەیـەو ئەهریمەنیـش خوداوەنـدی خراپەیـە. هەربۆیـە زۆرکـەس زەردەشـتیەت وەکـو ئاییـن سـەیرناکەن، بەڵکـو وەکـو فەلسـەفەیەك سـەیری دەکـەن. بەپێـی بیـرو بـاوەری زەردەشـتی ئەهورامـەزدا شـەش فریشـتەی هەیـە کـە( ئەشمەسـپەندان) یشـان پـێ دەگوترێـت. بەخۆیـەوە دەبنـە حـەوت وپێیـان دەگوترێـت جاویدانـی پیـرۆز (بەواتـای نەمـران )و هـاوکاری زەردەشـت دەکـەن. پەرتوکـی پیـرۆزی زەردەشـت ئافێسـتایەو جێگـەی پیرۆزی زەردەشـتی ئاتەشـگەیەو سـێ ئاتەشـگەی مەزنیـان هەیـە.

**یەکەم**: ئـازەر گەشسـپ؛ ئاتەشـگەی پاشـاو جەنگاوەرانـەو لەرۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـووە. بەواتـای ئاگـری ئەسـپی بەهێزیـش دێـت و بەتەختـی حەزرەتـی سـلێمانیش نـاسراوە. ئـەم ئاتەشـگەیە شـوێنی بەیـەك گەیشـتنەوەی ئاگـرو ئـاوو ئاشـتبونەوەیانەو کەوتۆتـە شـاری تیـکاب لەرۆژهەڵاتـی کوردسـتان.

مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ (٣٠٠پ.ز). ئاگـری پیـرۆزی ئـەو ئاتەشـگەیە بەبـێ کوژانـەوە نزیکـەی (١٠٠٠) سـاڵ درەوشـاوەتەوە. هەندێـك پسـپۆر پێیـان وایـە زەردەشـت لێـرە لەدایـك بـووە. گەورەتریـن جێگـەی پەروەردەبـووە. لەسـەردەمی پارتـەکان و ساسـانەکاندا پاشـاو جەنـگاوەر لـەم ئاتەشـگەیە تـاج و بەربرسـیارێتی خۆیـان پیـرۆز کـردووە. لەسـاڵی (٦٢٤ز ) داو لەهێرشـی هیراکلیۆسـی ئیمپراتـۆری رۆمـادا ڕوخـاوە. ڕووبەرەکـەی (١٢٤٠٠٠م) دووجایـە. بەپێـی بۆچونـی زەردەشـتیەکان ئـەم جێگەیـە ناوەنـدی ئافراندنـی گـۆی زەوی و وزە بەخشـینە.

**دووەم** : ئاتەشگەی ئازەر فەربیغ ، ئەمەش ئاتەشگەی (موغ)موبەدەکانە.

**سێیەم** : ئاتەشگەی ئازەر بەرزین میهر ئاتەشگەی جوتیارو پاڵە بووە .

زەندئاڤێسـتای پەرتوکـی پیـرۆزی زەردەشـتی لەسـێ بـەش پێکهاتـووەو هەربەشـەش (٧)بەرگـە کەبەمشـێوەیە؛

**یەکەم**: گاتاکان کەسرودەکانی خودی زەردەشتن.

**دووەم**: دادەکان کەباس لەداد، یاسا، زانست، هونەرو پیشەکانی سەردەم دەکات.

**سێیەم**: بابەتەکانی شایست و ناشایست و نوێژو پەرستنە.

باوەڕی زەردەشتی کۆمەڵێك بنەمای هەیە کەدەکرێت بەم شێوەیە باسیان بکەین:

**یەکەم**: باوەڕبوون بەدوانەی چاکەو خراپە، ڕوناکی و تاریکی، ژیان و مردن.

**دووەم**: بیری چاك - وتەی چاك - کرداری چاك ئامۆژگاری و دروشمی بووە.

**سێیەم**: سێ رۆژ رۆژو دەگـرن ، ئەمـەش ئەوسێ رۆژەیـە کـە بەمنداڵـی زەردەشـت دزراوەو خراوەتە نـاو خۆڵـە مێشـەوەو شـاردراوەتەوە. دواتـر دۆزراوەتـەوەو دەرهێنراوەتـەوە. ئـەو سـێ رۆژ ڕۆژوو گرتنـە بۆیادکردنـەوەی ئێـش و ئازارەکانـی زەردەشـتە.

**چوارەم**: مانـگا لای زەردەشـت پیـرۆز بـووەو قوربانـی کردنـی مانـگای بەکارێکـی خـراپ وەسـف کـردووە. جونکـە لـەو کاتـەی کەزەردەشـت دزراوە، مانـگا شـیری خـۆی داوەتـێ و بـەو هۆیـەوە ژیـاوە.

**پێنجەم**: (خـودا)ی زەردەشـت تـوڕە نیـەو تۆڵەسـتێنیش نیـەو سـزای کـەس نـادات ، بەڵکـو بەخشـندەیەو لەسـەرخۆیە.

**شەشەم** : لای زەردەشت مرۆڤ بەندەی خودا نیە، بەڵکو هاوڕێ و هاودەمی خودایە.

**حەوتەم**: بەپێـی بیـری زەردەشـت قوربانـی لای ئێـزدان پەسـند نیـەو هاوشـێوە ی بەرتیـل سـەیر دەکرێـت.

**هەشتەم**: هاوسـەری بەپیـرۆز دەزانێـت و وەچەخسـتنەوەی زۆر بەبەردەوامـی ژیـان دەزانێـت. جیابوونـەوە بەناپەسـند دەزانێـت. کوڕوکـچ ئـازادن لەهەڵبژاردنـی هاوسـەردا دەتوانـن بەبـێ رەزامەنـدی خانـەوادە ژیانـی هاوسـەری پێکـەوە بنێـن.

**نۆیەم** : فرەژنی بەتاوان دەزانێت.

**دەیەم**: پێی وایە ژن و پیاو لەناو گوڵی رێواسدا خوڵقێندراون.

**یازدەیەم**: ژن هاوشێوەی پیاو لەبواری ئاین، بەڕێوەبردنی ژیاندا خاوەن مافە.
**دوازدەیەم**: چاندن لای زەردەشت پیرۆزەو هانی چاندنی دەدات.
**سیازدەیەم**: ڕوناکی پیروزەو کڕنوشی بۆدەبەن و کڕنوش بۆ (خۆر، مانگ، چرا)دەبەن، زەردەشت لەلای یارسانیەکانیش پیرۆزەو ئەوکەسەیە کە ڕوحی خودای تێدا جێگیربوە.
**چواردەیەم**: سروتی ئاینی زەردەشتی (هۆرە) بووە.

بێگومان بەهۆی ئەو داگیرکارییانەی کوردستان رووبەڕووی بۆتەوەو هەوڵی دەسەڵاتداران بۆ گونجاندنی زەردەشتی لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانیاندا، بیرو باوەڕەکانی زەردەشت و زەردەشتی بە تەواوی نەگەیشتۆتە ئەمڕۆ. ئەوەی هەیە کۆکراوەو نوسینەوەی (زەند ئاڤێستا)یە کەلەلایەنی پارسەکانەوە نوسراوەتەوەو دواتر لەلایەنی ساسانیەکانەوە ڕێکخراوەتەوە. ئەوانیش بەپێی تێگەیشتن، خواست و بەرژەوەندی خۆیان هەستاون بەم کارەو ناکرێت وەکو کارێکی ڕەسەن سەیری بکەین.

بەپێی سەرچاوەکانی پارسی و لێکۆڵینەوەکان، داریوشی یەکەمی پادشای هەخامەنشی لە خانەوادەی کۆرش نیە، بەهاوکاری ئەو جولەکانەی کە لەلایەنی ئاشوری و بابلەکانەوە راکوێزرابوون و هێنرابوونە وڵاتی مادەوە، سەرکەوت بەسەربنەماڵەی کۆرش و مادەکانداو توانی ئەو راپەڕین و سەرهەڵدانانەی کە گئۆماتای موغ و فراوەرتیسی ماد پێی هەستان سەرکوتیان بکات. بەپێی سەرچاوەکان دەگوترێت لەو سەردەمەدا زیاتر لە(٧٠٠٠٠) کەس کۆکوژ کراون. کەبەشێکی زۆریان (ماك - موغ) بوون. لێکۆڵەران ئەم بەسەرهاتە وەکو رێککەوتنی(جولەکەو داریوش) بەناودەکەن، کەئامانجی جولەکەکان گەڕانەوە بووە بۆ وڵاتی خۆیان و سەربەستکردنیانە لە ژیان و گوزەرانیاندا. داریوشیش ئامانجی گەیشتنە تەختی دەسەڵاتەو هەردوولاشیان لەڕێگای ئەم پەیوەندی و رێککەوتنەوە گەیشتنە ئامانجەکانیان. کوشتنی(موغ)ەکان و کۆکوژی مادەکانیش ڕێگای لەبەردەم دەکردنەوە بۆ ئەوەی کە باوەڕی زەردەشتی بەگوێرەی خۆیان دابرێژنەوەو بینوسنەوە. لەبەر ئەمە گومان لەسەر بەشێکی زۆری زەند ئاڤێستا هەیە.

وەکو دیارەو لە ئامۆژگاری و پەیامەکانی زەردەشتدا دەردەکەوێت، ئەوهەوڵیداوە ئەو لادانەی لەمیترایيدا رویداوە، راستی بکاتەوەو بەپێی سەردەم باوەڕی و سروشت لێکتر نزیك بکاتەوە. لەدیارترین ریفۆرمەکانیشی ئەوەبوو کەهەوڵیداوە مرۆڤ و خوداوەندی خۆی زیاتر لێك نزیك بکاتەوەو مافی داوە بەهەموو مرۆڤەکان هۆرە بۆخۆیان بخوێنن و جیاوازی لەنێوان بەشەکانی کۆمەڵگادا نەهێڵێت. هەروەها هەوڵیداوە مرۆڤ و ئاژەڵ. مرۆڤ و سروشت لێك نزیك بکاتەوە، چونکە بینیمان لەقۆناخی (٤٠٠٠-١٠٠٠)پ.ز مرۆڤ و خوداوەند، مرۆڤ و ئاژەڵ، مرۆڤ و ڕووەك، ژن و پیاو زۆر لە یەکتری دوورکەوتبونەوەو جیاوازی لەنێوانیاندا دروست کرابوو. بەحوکمی ئەوەی (سیمیار) بۆخۆی (پیری موغان )بووە. توانیویەتی ئەم کارە بەسەرکەوتویی ئەنجام بدات. واتە دەکرێت بگوترێت زەردەشت لەسەردەمی خۆیدا مەزنترین ریفۆرمی لەباوەڕی مرۆڤەکاندا ئەنجام داوە.

پارسـەکان دوای کۆکـوژی (مـوغ)ەکان، هەسـتان بـە ڕێکخسـتنەوەی ئامۆژگاریەکانـی زەردەشـت و پەرتوکـی پیرۆزیـان کـردە (زەنـد ئاڤێسـتا) واتـە (ئاڤێسـتا) یـان بـۆ زەنـد زیادکـرد، کەئەویـش ئەویاسـایانەیە کەلـە زانسـت ، یاسـا ، دیـاردەی شایسـت و ناشایسـتەکان دەکۆڵێتـەوە. ئیـتر نـاوی پەرتوکـی پیـرۆزی زەردەشـتیەکان بـووە (زەنـد ئاڤێسـتا)و نازنـاوی مرۆڤـی ئاینـی زەردەشـتیش بـووە مۆبەد(پێشـتر مـوغ بـوو)و گـەورەی ئەوانیـش پێیـان دەگوتـن (مۆبـەدی مۆبـەدان). واتـا دەتوانیـن بڵێیـن زەردەشـتی لـە بیروباوەڕییەکـی کۆمەڵگاییـەوە ئیـتر بـووە ئایینـی دەوڵـەت. ڕەنگـە لێـرەدا پـرس بکرێـت کـە ئایـا لەسـەردەمی( مـاد)دا زەردەشـتی نەبـووە ئاینـی دەوڵـەت؟ ئەمـە پرسـیارێکە لەجێگـەی خۆیدایـە. بـۆ وەڵامەکەشـی دەکرێـت بڵێیـن لەقۆناخـی (مـاد)دا جومگەکانـی دەسـەڵات وەکـو ئـەوەی لای هەخامەنیشـنەکان دروسـت نەبـوو بـوو. پێگـەی بـاوەڕی زەردەشـتی و موغەکانیـش بەهێزبـوون، لەبەرئەمـە تاڕادەیـەك زەردەشـتی سـەربەخۆیی خـۆی پاراسـتبوو.

ئایینـی زەردەشـتی لەسـەردەمی ئەسـکەندەورو سـەلوقیەکاندا زیانـی مەزنـی بەرکـەوت. ئەویـش بەهـۆی ئـەوەی یۆنانیـەکان دەیانخواسـت بیـرو بـاوەڕی خۆیـان جێگیـر بکـەن. دواتـر لەگـەڵ بوزایـی ، کریسـتیانی و مانـەوی مەزدەکیەتـدا ڕووبەڕووبویـەوە، بـەڵام هەتـا هاتنی ئیسـلام و سـەدەی یازدەمی زاینیـش زەردەشـتی ئایینـی بەشـێکی زۆری کۆمەڵـگای کوردسـتان بـوو. لەسـەردەمی ئیسـلامیەتدا بـاس لەچۆنیەتـی بەرەنـگاری گۆڕانکاریەکانـی زەردەشـتیەت دەکەیـن. بـەڵام گرنگـە لێـرەدا بـاس لـەوە بکەیـن کـە ساسـانیەکانیش هەنگاوێکـی هاوشـێوەی پارسـەکانیان هاویشـت و لەسـەردەمی وەهرانـی یەکەمـدا کـە کـوڕی شـاپوری یەکـەم بـوو و لـە سـاڵی ٢٧٣ دا بـووە پاشـا، لەلایەکـەوە (مانی)یـان کوشـت، لەلایەکـی تـرەوە ئایینـی زەردەشـتیان سـەرلەنوێ کۆکـردەوەو کردیانـە ئاینـی دەوڵـەت وئیـتر بەشـە سـەرەکیەکانی پەرتوکـی پیـرۆز پشـتگوێ خـران و (ئاڤێسـتا) بـووە بەشـی سـەرەکی و پەیـڕەوی لـێ دەکـرا.

٢ـ بوزایی، کریستیانی و هێلینی

ئایینەکانـی بوزایـی و کریسـتیانی و بیرۆکـەی هێلینـی، ئـەو بیرۆکـەی و باوەرییانـە بـوون کەلـەدەرەوەی کوردسـتان پەیدابـوون، بـەڵام کاریگەرییـان لەسەرکوردسـتان و کۆمەڵگاکـەی هەبـوو. بوزایـی کەئاینێکـی کۆمەڵـگای هینـدی بـوو لەسـەدەی شەشـەمی پ.ز سـەری هەڵـدا، ئـەم ئاینـە بەنـاوی ریبەرەکەیـەوە (بـوزا)ە وە دەناسرێـت. دوای بڵاوبونـەوەی لـە هیندسـتاندا، کاریگـەری لەسـەر ئەفغانسـتان و ئێـران و کۆمەڵـگای کوردسـتانیش کـرد، بـەڵام نەیتوانـی ببێتـە ئاینێکـی کاریگـەرو جێگـەی زەردەشـتی بگرێتـەوە، یـان ببێتـە خاوەنـی پەیڕەوکارانێکـی زۆر. هاوکاتـی دەرکەوتنـی کاریگـەری بوزایـی لەسـەر کۆمەڵـگای ئاریانی و کوردسـتان. کۆمەڵگای کوردسـتان ڕووبەڕووی شـاڵاوی یۆنانیـەکان بویـەوە، ئەوانیـش لەگـەڵ خۆیانـدا چەمکـی هێلینیـان هێنابـوو، کەدەیانخواسـت بەسـود وەرگرتـن لـە بەهاکانـی رۆژهـەڵات، بیروباوەڕیەکانـی خۆیـان بـڵاو بکەنـەوەو باڵادەسـتی بکـەن. لـە سـەردەمی ئەسـکەندەرو یۆنانیەکانـدا کۆمەڵـگای کوردسـتان توشـی هەڕەشـەیەکی مـەزن بوونـەوە، چونکـە تەنیـا لـەڕووی ئیـداری و سیاسـیەوە داگیرنەکـران، بەڵکـو ئـەو داگیرکـەرە نوێیـە لەهەوڵـی

ئەوەدابـوو بـاوەڕی و ئاینـی کۆمەڵـگا بگۆڕێـت. تاڕادەیـەك توانیـان کاریگـەری خۆیـان دروسـت بکـەن. بـەڵام ئـەم فکروچەمکـە نەبـووە جێگـەی سـەرنجی بەشـی زۆری کۆمەڵـگاو سـنوردارمانەوە. لـەدوای زایینـی عیسـاو هەوڵدانـی لایەنگرانـی عیسـا بۆخۆبڵاوکردنـەوە، لەکۆتایـی سـەدەی یەکەمـی زایینـی و سـەرەتای سـەدەی دووەمـدا کاریگـەری کریسـتیانی لەناوچەکـەو کوردسـتان گەشـەی کـرد. بەشـێکی پێکهاتەکانـی ئـەم سـەرزەمینە باوەشـیان بۆکریسـتیانی کردەوە. ئاشـوری، سـوریانی، ئەرمەنی و کلدانـی و بەشـێك لـە کوردەکانیـش چونـە سـەر ئـەم ئایینـەو بەرێبـازی گەیشـتنە حەقیقەتیـان زانـی. بـەڵام دوای ئـەوەی لـە سـاڵی (٢٧٦ز )دا دەوڵەتـی ساسـانی ئاینـی زەردەشـتی کـردە ئاینـی فەرمـی و ئایینەیەکانـی تـری سـنوردارکرد. لەبەرئـەوە ئایینـی کریسـتیانی سـنوردار بـوو، دوای ئـەوەی لەنیـوەی یەکەمـی سـەدەی چوارەمـی زاینیـدا، ئیمپراتـۆری ڕۆمـای ڕۆژهـەڵات. قۆسـتەنتین چـووە سـەرئاینی کریسـتیانی و ئاینەکەشـی کـردە ئایینـی فەرمـی دەوڵـەت، بەهـۆی شـەڕو ناکۆکـی نێـوان دەوڵەتـی ساسـانی و ڕۆمـاوە، لـەو جێگانـەی کوردسـتان کـە لـە ژێردەسـتی ساسـانیەکاندا بـوو. دەرفەتـی پەیڕەوکردنـی کریسـتیانی کەمـتر بویـەوە. جێگـەی ئامـاژە پـێ کردنـە، کـە ئەو سـەردەمە بەشـی زۆری کوردسـتان لـە ژێـر دەسـتی ساسـانیەکاندابوو.

٣ـ مانی (٢١٠-٢٧٦):

یەکێـك لـە نەجیبزادەکانـی ئێـران بـووە، بەگوێـرەی دەق و سـەرچاوە بەردەسـتکەوتووەکان، دایکـی کەنـاوی (مەریـەم)ە لەرەگـەزی خانەدانـی ئەشـکانی بـووە، لەکاتـی لەدایکبوونـی (مانـی)دا ئەشـکانیەکان حوکمـی ئێرانیـان کـردووە. (فاتێـك)ی باوکـی خەڵکـی هەمـەدان بـووەو ماڵـی خـۆی بردۆتـە گوندێکـی میشـان(ئەمڕۆی پێـی دەگوترێـت ئەمـارە - میسـان) لەناوچـەی بابـل و پەیوەنـدی لەگـەڵ کۆمەڵـەی (موغتەسـیلە ـ صابئـە) پەیـدا کـردووە، کـە یەکێکـە لەلـق و پۆپەکانـی گنۆسـتیکە. مانـی لـەم ناوچەیـە (میشـان) لەدیـك بـووە. بەشـێکی لێکۆڵـەرەوەکان ڕەچەڵەکـی مانـی دەبەنـەوە سـەر(کورد). (مانـی) بەمنداڵـی لەسـەر ڕێبـازی (موغتەسـیلە) بـووەو بـەم ڕێبـازە پەروەردەکـراوە. بـەڵام کـە گـەورە دەبێـت ئـاگاداری لەسـەر ئایینەکانـی {زەردەشـتی -کریسـتیانی مەزهەبی گنۆسـتیکە بەتایبەتـی ڕێبـازی (ئیبنودەیسـان) و (مەرقییـون)} بەدەسـت دێنێـت . ئەمـەش وای لـێ دەکات لـە موغتەسـیلە جیابێتـەوە دووربکەوێتـەوە. دەگوترێـت فریشـتەیەك بەنـاوی (خـاوەن و هۆگر)گـرێ کوێـرەو ڕەمـزی ژیانـی بـۆ ئاشـکراکردووەو ڕاسـتیەکانی خـودای خسـتۆتە بەردەسـتی و خـۆی بەفارقلیت(دڵنەوایکەر)بەنـاو کـردووە، کەمەسـیح باسـی لەهاتنـی کـردووە. مانـی دەڵـێ: لەهـەر دەورانێـك پێغەمبـەران حیکمـەت و ڕاسـتەقینەیان لەلایەنـی پـەروەردگارەوە بۆخەڵـك هێنـاوە. (بوزا) لـە هینـد (زەردەشـت )لـە ئێـران و عیسـا لـە ڕۆژئـاواو سـەرئەنجام مـن کـە "مانـی" پێغەمبـەری خـودای (هـەق)م، کرامـە ڕاسـپاردەی بڵاوکردنـەوەی ڕاسـتی وراسـتە قینـەکان لەخاکـی (بابـل)دا لـە چامەیەکـدا کەبەپەهلـەوی هۆنیویەتـەوە دەڵـێ !" مـن لەسـەر زەوی بابلـەوە هاتـووم، هەتـا بانگـەوازی هـەق لەهەمـوو جیهانـدا بـڵاو بکەمـەوە." دەکـرێ بڵێیـن سریانـی زمانـی زگماکی(مانـی) یـە، بـەڵام بەزمانـی ئێرانیـش هەنـدێ نامیلکـەی نوسـیوە. پەرتوکـی " شـاپورەگان" ی بەپەهلـەوی

ساسـانی نوسـیوه. کۆمەڵـێ سرودی بەپەهلـەوی ئەشـکانی نوسـیوه. پەرتوکـی" کێفلایـە"ی لەسـەر ژیانـی خـۆی نوسـیوه. لەپەتوکـی نهێنییەکانـدا باسـی گەلێـك بابـەت دەکات و باسـی لەبۆچوونەکانـی ئیبنودەیسـانیش کـردووه. لـە نامیلکـەی (کـوان) دا سـەرهەڵدانی دێـوەکان و هێرشـیان بۆسەرئاسـمان و چەندیـن ئەفسـانەی بـاس کـردووه. لـە پەرتوکی(پراگماتایـا)دا نامیلکـەی (کـوان)ی تـەواو کـردووه. لـە پەرتوکـی (یاسـاو رێسـاکاندا) رێوشـوێنی ئەرکـی ئەخلاقـی و حیکمەتـی کردارییانـەی چینـی هەڵبـژاردان و نیوشـاگانی دیـاری کـردووه. ئـەم پەرتوکانـەی بەسریانـی نـوسراون، بـەڵام وەرگێڕدراونەتـە سـەرزمانی پەهلـەوی. مانـی کۆمەڵگاکـەی دەکات بەپێنـج بـەش یاخـود چینـەوە! بەشـی یەکـەم؛ ١٢پێغەمبـەر (فەریسـتەگان). بەشـی دووەم؛ ٧٢ کەسـی ئۆسقۆف(ئێسپەسـەگان). بەشی سـێیەم؛ ٣٦٠ پیر(وەهێسـتەگان). بەشـی چـوارەم؛ هەڵبژاردەکان(وێزیـدەگان ). بەشـی پێنجـەم؛ بیسـەران (پەهلەونیوشـاگان) ئـەم دووبەشـەی دوایـی لەژمـارەدا سـنوریان بـۆ نەبـوو.
مانـی لەفکـری خۆیـدا لەژێرکاریگـەری مەسـیحی، زەردەشـتی، بـوزاو گنۆسـتیکەی یۆنانیـدا بـووە. سیانەی(باوکی مەزنایەتـی، دایکـی زینـدووان و یەکـەم مـرۆڤ)ی لەژێـر کاریگەریـی کریسـتیانیدایە. بـاوەڕی بەدۆنـادۆن لەژێـر کاریگەریـی (بوزا)دایـە و بـاوەری (میهـری زمـان میهـری دەسـت و میهـری دڵ )ی لەژێـر کاریگـەری زەردەشـتدایە. لـەرووی فەلسەفیشـەوە زۆر کاریگـەری یۆنانـی لەسـەربووە. مانـی زۆربـەی بیـرو بۆچوونەکانـی لەڕێگـەی تابلـۆوە دەربڕیـوەو نیگارکێشـێکی بەتوانابـووەو ئـەم توانایەشـی لـە چینـەوە هێنـاوە.
حیکمەتـی کردارییانـەی مانـەوی لەسـەر حـەوت ڕێسـا یاخـود (حـەوت میهـر دامەزرابـوو. کەچواریـان سـەبارەت بـوون بەکاروبـاری مەعنـەوی. بیروبـاوەڕ و سـێیەکەی تـر دەگەڕانـەوە سـەر ئـاکارو کـرداری مرۆڤـەکان ئـەو سـێ میهـرەش میهـری زمـان (خۆپاراسـتن لەقسـەی دزێـوو کوفـراوی). میهـری دەسـت (خۆپاراسـتن لەهـەرکار یـا کردەوەیـەك کـە نـوورەکان توشـی خەسـارمەندی بـکات)و میهـری دڵ (خۆپاراسـتن لەداوێـن پیسـی و ئاواتـی چەپەڵ)بـوون. ئـەم میهرانـە حوکمەکانیـان سـەبارەت بەچینـی هەڵبـژاردان و چینـی سـەران جیاوازبـوو . هەڵبـژاردەکان نەدەبـوو کارو پیشـەیەك هەڵبژێـرن کەتوخمـەکان زیانەنـد بـن یـان بکەونـە شـوێن کاروبارێکـی ئەوتـۆ کەسـامان و حەسانەوەی دنیایـی و تەسـەلی بەدواوەبێـت. خواردنـی گۆشـتی ئـاژەڵان و دروێنـەی گژوگیـاو لێکردنـەوەی بـەری رووەك قەدەغـە بـوو. (مانـی پێـی وابـوو تروسـکەی تیشـك لەرووەکـدا حەشـاردراوە). شەرابیشـیان بەحـەرام دەزانـی. نەدەبـوو لەماڵیانـدا پترلـە خواردنـی رۆژێـك و جـل وبەرگـی سـاڵێك هەبێـت. دەبـوو بـە ڕەبەنـی بژیـن و بەمەبەسـتی بڵاوکردنـەوەی پاکـی و شـێوەی بژێـوی سـاکار بەناوچـەو هەرێمەکانـی جیهانـدا بکەونـە گەشـت و گـەڕان. چینـی بیسـەران (نیوشـاگان) ئـەم رێسـا دژوارە نەیدەگرتنـەوەو دەیانتوانـی سـەرقاڵی کاروپیشـەی ئاسـایی رۆژانەیـان بـن و گۆشـتیش بخـۆن، بـەو مەرجـەی بەدەسـتی خۆیـان ئاژەڵەکەیـان نەکوشـتبێ. دەیانتوانـی زەماوەنـد بکـەن. دەبوایـە بەشـێوەیەك بژیـن کـە زۆر گرنگـی بـە دونیـا نـەدەن. ئـەم چینـە دەبـوو خۆراکـی کەسـانی هەڵبـژاردە دابیـن بکـەن، ئەوگیایـەی کەدەیانخـوارد بۆیـان کۆبکەنـەوەو بۆیـان بخەنـە سـەریەك و بچنـە خزمەتیـان و لەسـەرچۆك

پێشکەشیان بکەن. لەبەرامبەردا هەڵبژادەکان لەخودا دەپاڕانەوە ئەو گوناهەی کە نیوشاگان بەهەڵکەندنی ئەو گیایە توشی بوون بیانبەخشێ. زەکات دان، رۆژوو گرتن و نوێژکردن، ئەرکی تێکڕای چینەکانی خەڵك بوو. هەر مانگێك حەوت رۆژ بەرۆژوو دەبوون و لەشەوو رۆژێکدا چوارجارنوێژیان دەکرد. پێش نوێژ کردن بەئاو دەستنوێژیان هەڵدەگرت، ئەگەر ئاو نەبووایە، بەخاك و شتی تر تەیەمومیان دەکرد. لەنوێژدا (١٢)جار دەچوونە سوژدە (کڕنوشیان دەبرد) هەڵبژاردان دووشەممەو نیوشاگان یەکشەممەیان بەپیرۆز دادەنا. پەیڕەوانی مانی هەبوونی هەفتەیان سەلماندبوو. خێرو خێرات ئەرکی سەرشان بوو. بەڵام خۆیان دەپاراست لە نان وئاودانە کافر. چونکە ئەم کارەیان بەهۆکاری چەپەڵ بوونی وردە تروسکەی تیشك دەزانی کە لە نان وئاودا بوونی هەیە. بەڵام جل وبەرگ، دراوو ئەو شتانەی کە وردە ترووسکەی تیشکیان تێدانیە دەیاندایە کافرانیش بەپێی سەردەمی مانی. پەیامبەر هەڵگری ئەم تایبە تمەندیانەیە " فەرمانڕەوایی، حیکمەت، سەرکەوتن ، باوەڕ، پاکی، ڕاستەقینە، بڕوا، سەبر، ڕاستی، چاکە ،دادو تیشك.

بەپێی گێڕانەوەی مانی لە پەرتوکی(کێفلایە)دا، دوای سەفەرەکەی بۆهیندو گەڕانەوەی بۆ ئێران. دەڵێ؛ چوومەلای شاپورشا{ شاپوری یەکەم ، کوڕی ئەردەشێری پابەگانی دامەزرێنەری ساسانی بوو (٢٤٢ -٢٧٢ )ز حوکمی کردووە}و ئەوزۆربەرێزەوە وەریگرتم و مۆڵەتی گەشت و گەڕانی لەوڵاتی خۆیا پێ بەخشیم. هەتا تۆوی وشەی ژیان بپرژێنم و بچێنم. بۆئەمە چەند ساڵێکم بەخت کرد. لەوڵاتی پارت هەتا ئادیب و ئەو وڵاتانەی کە دراوسێی دەوڵەتی رۆمن سەفەرم کرد. بەپێی هەندێك گێڕانەوە گوایە شاپور بۆماوەی (١٠) ساڵ ئایینەکەی (مانی) قەبوڵ کردووەو دواتر لە وڵات دەری کردووەو چووە بەرەو ئاسیای ناوەڕاست و هیندو چین و دوای کۆچی دوایی شاپور مانی توانیویەتی بگەڕێتەوە بۆ ئێران. هۆکاری دوورخستنەوەی (مانی)یش بۆ ڕقەبەرایەتی (موغ)ە زەردەشتیەکان و سەرنەکەوتنی (مانی ) لەچاککردنەوەی منداڵێکی نەخۆشی (شاپور) دەگەڕێتەوە. بەڵام زۆربەی لێکۆڵەرەوان پێیانوایە ئەم چیرۆکەو دوورخستنەوەی(مانی) لەلایەنی شاپورەوە راست نییەو (شاپور) هەتا مرد رێزی (مانی) زۆر دەگرت و (هۆرمزدی یەکەم)ی کوڕی شاپوریش کەدوای بووە شاو هەتا ٢٧٣ ز حوکمی کرد ڕێزی لە (مانی) دەگرت . بەڵام لە سەردەمی (وەهرانی یەکەم)ی کوڕی شاپوردا کەدوای هورمزدی برای بووە پادشا گلۆڵەی (مانی) کەوتە لێژی و (مانی) دایە دەست پیاوانی ئایینی زەردەشتی. یەعقوبی لەم بارەیەوە دەڵێ؛ دانیشتن و کۆبونەوە بۆباسکردنی گفتوگۆی گشتی پێکهات و مانی لەگەڵ مووبەدان مووبەد کەهەم دادوەر بوو، هەم رکابەر کەوتە دەمەتەقێ. بەپێی ئەم گێڕانەوەیە مانی بەلادان لەدین مەحکوم کراو خرایە بەندیخانەو ئەوەندە ئەشکەنجە کرا، هەتا ماڵئاوایی لەژیان کرد. بەپێی گێڕانەوەیەکی رۆژهەڵاتی (مانی ) چوارمێخەی کێشراوەو دواتر کەوڵ کراوەو سەریان بڕیوەو کایان کردۆتە کەوڵەکەیەوەو لەدەروازەی شاری (گوندی شاپور) هەڵیانواسی و ئەو دەروازە بە(بابی مانی ) ناسرا. ئەم روداوە لە ساڵی (٢٧٦ز) دابووە.

مانەوییـەکان بۆبیـرەوەری ڕۆژی شـەهیدبوونی پەیامبەرەکەیـان. ڕۆژێکیـان بەنـاوی (جەژنـی بێـما) دیـاری کـرد. لـەم جەژنـەدا سـەکۆیەکی بەرزیـان دادەنـا کەنیشـانەی ئامادەبوونـی مامۆسـتا بـێ .(بێـما) لەیۆنانـی دا بەواتـای سـەکۆدێت. دوای(مانـی) سیسـینۆس (سیسـین یـان سـیس ) کـە یەکێـك بـوو لـە قوتابیەکانـی مانـی، بەپێـی وەسـیەت و دیاریکردنـی ڕێبەرەکـەی بـووە خەلیفـەی تێکـڕای مانەوییەکان. لەبابـل دادەنیشـت کەلـەو ڕۆژە بـەدواوە بـوو بەناوەنـدی دەسـەڵاتی ڕێبەرایەتـی مانەوییـەکان. پـاش ئـەوەی کـە (سـیس) لەخاچـدرا، (ئینابـووس ) بـووە ریبـەر و ئاینەکەیـان لـە وڵاتـی ڕۆم لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا پـەرەی گـرت. (ئاگووسـتین) کەقەشـەیەکی بەناوبانگـی کرسـیتیانیە بۆمـاوەی نـۆ سـاڵ پەیـڕەوی لـەم ئایینـە کـردو دواتـر هەڵگەڕایـەوەو زۆر بەتونـدی هێرشـی بردەسـەری. کریسـتیانەکان زۆر لـە ئایینـی (مانـی) ترسـابوون. لەبەرئەمـە زۆر ناووناتـۆرەی خراپیـان پێـوە نـان.

٤ ـ مەزدەکی :

ئـەم ئایینـەش بەنـاوی ڕێبەرەکەیـەوە دەناسرێـت، بـەڵام ژیانـی ڕێبەرەکـەی و چۆنێتـی سـەرهەڵدانی جێگـەی مشـتومڕێکی زۆرە. بەپێـی تەبـەری مـەزدەك کـوڕی (بامـداد)ەو ئێرانیـەو لەمازەریـا لەدایکبـووە. (دینـەوەری) دەڵـێ لە(ئیسـتەخر) لەدایـك بـووەو نوسـەری (تبـصرە ألعـوام) تەورێـز بـە زێـدی مـەزدەك دادەنێـت. بەپێـی" یەعقوبـی، تەبـەری و نوسـەری پەرتوکـی نهایـە " مەزدەکـی بەردەوامـی ئایینـی (مانی)یـەو (زەردەشـت) ناوێـك کـە کوڕی(خـووەرەگان)ی خەڵکـی (پەسـا) بـووە دایمەزرانـدووە. هـاوکات (مـەلالاس) دەڵـێ لەسـەردەمی (دیۆکلێسـین)دا لـە ڕۆمـا کەسـێکی شـوێنکەوتەی (مانـی ) بەنـاوی " بوونـدۆس" دەرکـەوت کـە تێڕوانینەکانـی لەکـەڵ (مانـی )دا بەتـەواوی یەکـی نەدەگرتـەوە. هەندێـك لـە لێکۆڵـەرەوان پێیـان وایـە ئـەو بوونـدۆس و زەردەشـتە هەمـان کەسـن سـەرەتای مەزدەکی داهێنـاوە، دواترمـەزدەك ئـەم ئایینـەی فـراوان کـردو جیبەجێـی کـرد. لەبەرئەمـە ئاینەکـە بەنـاوی مەزدەکـەوە نـاسرا. لای مـەزدەك هاوشـێوەی لای (مانـی ) خـودای خێـرو شـەڕ لەیـەك ئاسـتدانین، بەڵکـو خـودای خێـر سـەرکەوتووەو پێوسـتە خـودای خێـرو روناکـی بپەرسترێت. ئـەم ئایینـە بەئایینی ڕاسـت (دروسـت )نـاسراوە. مـەزدەك هاوشـێوەی مانـی پێکهاتەکانی تیشـکی بەپێنـج توخـم دیـاری نەدەکـرد ، (مانـی دەیگـوت تیشـك لـە بۆشـایی ئاسـمان، سروەی بـا، رووناکـی ، ئـاو و ئاگر پێـك دێـت)، بـەڵام مـەزدەك سێ توخمـی دەژمـارد؛ ئـاو ، ئاگـر و خـاك. گۆشـت خـواردن لای مـەزدەك قەدەخەبـوو چونکـە خوێنڕشـتنی لـێ دەکەوێتـەوە. ئـەوەش دەبێتـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم ڕزگاری روحـەکان. مـەزدەك لەگـەڵ یەکسـانیدابوو لەهەمـوو بوارێکـدا. ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی تۆمەتبـار بکرێـت بـە بـەد ڕەوشـتی.

مـەزدەك وێنـای خـودای خـۆی وەهـا دەنەخشـاند کـە لـە سـەرتەختێك لەجیهانـی بـاڵادا دادەنیشـێت و چوارهێـز لەخزمەتیـدان: هێـزی جیاکـەرەوە (وریایـی)، هێـزی فـام هێـزی بیرگـە (زەیـن )و هێـزی شـادومانی. مـەزدەك پێـی وابـوو ڕێـگای ڕزگاری مـرۆڤ گۆشـە نشـینی و چلـە کێشـانەو مـەرج ئەوەیە مـرۆڤ هۆگـری و تامەزرۆیـی خـۆی سـەبارەت بـە دوونیـای روون کـەم بکاتـەوەو خـۆی لەوشـتانە بپارێـزێ کەئـەم نێـوان و پەیوەندیـە خۆشـتر دەکات. لەبەرئـەوە خواردنـی گۆشـتیان قەدەخەکـردووەو

لەبابەتـی نـان و خوانـەوە هەمیشـە پەیـڕەوی ڕێسـایەکی دیاریکراویـان دەکـردو خۆیـان برسـی دەکـرد. بەپێـی گێڕانـەوەی شەهرسـتانی، مـەزدەك فەرمانـی دەکـرد کەهاوەڵەکانـی نەفسـی خۆیـان بکـوژن، هەتـا ڕزگاریـان بێـت و گیـرۆدەی تاریکایـی نەبـن داوای دەکـرد خۆیـان لـە دژایەتـی قینـە بـەری و خوێنڕێــژی دووربخەنــەوە. مــەزدەك پێــی وابــوو نایەکســانی، هــۆکاری ســەرەکی ڕق و ناخۆشەویسـتی و نەسـازان و نەحەوانەوەیـە، هەربۆیـە دەبـوو نایەکسـانی بنەبـڕ بکرێـت. بۆئەمـەش مـەزدەك دەیگـوت؛ خوداوەنـدگار هەمـوو کـەل و پـەل و پێویسـتییەکی بەڕێوەچوونـی لـەڕووی زەوی خسـتۆتە بەردەسـتی کۆمەڵانـی خەڵـك، هەتـا مرۆڤـەکان بەشـێوەی یەکسـان لەبەینـی خۆیانـدا بەشـی بکـەن، بەجۆرێکـی وەهـا کەکـەس لەکـەس دەوڵەمەندتـر نەبێـت. نایەکسـانی و نابەرامبـەری لەدونیـادا دەگەڕێتەوەسـەر زۆرملـێ و سـتەمی ئـەو کەسـانەی کەویسـتویانە ئاواتەکانیـان لەسـەر حسـێبی خەڵکانـی دیکـە دامرکێنـن و دەسـتیان بـردووە بـۆ گیرفانـی غەیـری خۆیـان. بـەڵام لەڕاسـتیدا هیـچ بـۆی نیـە شـوری لـێ هەڵکێشـێ و زیاتـر لەوانـی تـر مـاڵ و داخـواز و ژنـی هەبـێ. کەوایـە دەبـێ لەسـامانداران وەرگیرێتـەوە و بدرێتـە هـەژاران، هەتـا لـەم ڕێگایـەوە دووبـارە یەکسـانی لـەم جیهانـەدا سـەقامگێر ببێتـەوە. ژن و داخـواز دەبـێ وەکـو ئـاو، ئاگـر و لەوەڕگا بەهاوبەشـی و یەکسـانی بگاتـە دەسـتی هەمـووان. ئەمـە کارێکـی خێـرە کەخواوەنـد فەرمویەتـی و چاکـەی گـەورەو هـەرە باشـی لەسـەر دەداتـەوەو جگـە لەتێکـڕای ئەمانـەش، دەسـتگیرۆیی خەڵـك ڕاسـپاردەی لەسـەرەو خـودا کەیفـی پـێ سـاز دەبێـت.

مـەزدەك هەمیشـە جەختـی لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە کـە ئادەمیـزاد دەبـێ کاری چـاك بـکات و کوشـتن و زیـان گەیانـدن بەکەسـانی تـر قەدەغـە بـووە، گوتویەتـی دەبـێ مـاڵ میوانگربێـت، میـوان لەهـەر تیـرەو هۆزێـك بێـت، نابـێ درێغـی لـێ بکـرێ. تەنانـەت دەبـێ لەگـەڵ دوژمنانیـش بەنەرمـی و دلۆڤانـی هەڵسـوکەوت بکرێـت.

بەپێــی گێڕانەوەکانــی (فیردەوســی وســەعالبی) لەســەردەمی فەرمانڕەوایــی کواد(قوبــاد) (٤٨٨-٥٣١) دا وشکەسـاڵی و قـات وقـڕی دروسـت بـووەو مـەزدەك سـوودی لـەم دەرفەتـە وەرگرتـووەو توانیویەتـی خـۆی لە(قوبـاد) نزیـك بکاتـەوەو کاریگـەری لەسـەردابنێ و کۆمەڵێـك یاسـاو فەرمانـی پـێ دەربـکات کـە خزمەتـی جەمـاوەر بـکات و چارەسـەری ئـەو بارودۆخـە بـکات. بـەڵام ئـەو یاسـاو ڕێسـایانە لەسـەر حسـابی خانـەدان و دەوڵەمەنـدەکان بـوو، ئەمـەش نیگەرانـی ئـەو چیـن و توێژانـە بەرامبەرقوبـادو مـەزدەك دروسـت دەکات. هەربۆیـە دووجـار کودەتـا بەسـەر(قوباد)دا دەکرێـت، بـەڵام لـە کۆتاییـدا قوبـاد دەتوانێـت بگەڕێتـەوە سـەرتەختی فەرمانڕەوایـی. دواجـار پیـاوە ئایینـە زەردەشـتیەکان و بەرپـرس و دەوڵەمەنـدان هەوڵـدەدەن قوبـادو مـەزدەك لەیەکـتری دووربخەنـەوەو هەوڵـدەدەن ئـەو نەهامەتـی و ناڕەحەتیانـەی ڕووبـەڕووی قوبـادو وڵات دەبێتـەوە ببەسـتنەوە بـەو یاسـاو ڕێسـایانەی کـە لەبـواری کۆمەڵایەتـی و ئیداریـدا بەهـۆی مەزدەکیەکانـەوە دەرکـراوە. هەتـا وای لـێ دێـت قوبـاد ڕازی دەکـەن بـەوەی کەپێـش مردنـی دەسـەڵاتەکەی بگوازێتـەوە بـۆ خـەسرەو (ئەنەوشیروان)ی کـوڕی (٥٣١-٥٧٩)ز، کەکـوڕە بجوکـی بـوو. ئەمەشیان بـۆ ئـەوە کرد هەتا دەسـەڵات

نەکەوێتە دەستی (کاوس)ی کوڕە گەورەی کەباوەڕی بەمەزدەکی هەبوو. ئەمەش نیگەرانی لای (کاوس ومەزدەکیەکان دروست کردو ئەوەبوو زۆرهەوڵیاندا کە پێش لەم بابەتە بگرن. بەڵام لەئەنجامی پلانێکی بۆدارێژراو لەلایەنی خەسرەو و موبەدە زەردەشتیەکان و کریستیانەکانەوە، زۆربەی ڕێبەرانی مەزدەکی بانگێشت کران بۆ گفتوگۆیەکی ئایینی و ئیداری کەقوباد بۆخۆی سەرپەرشتی دەکرد، لەناکاودا ژمارەیەك لە دست و پێوەندی (خەسرەو) هەڵدەکوتنە سەریان هەموو مەزدەکیەکان دەکوژن. ئیتر لێرە بەدواوە مەزدەکیەت بووە ئایینێکی قەدەغەو (خوڕەم )ی هاوڕێی مەزدەك کە دەگوترێت هاوژینی مەزدەکیش بووە، سەرپەرشتی مەزدەکیەکانی کردو توانی کۆیان بکاتەوە، هەربۆیە دواتر بە(خوڕەم دینان)یش دەناسران، ئەم ئایینەو باوەڕییە کاریگەری لەسەرکۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی هەبوو. هەرچەندە نەیتوانی بەتەواوی سەر بکەوێت و ئەو بۆشاییە فکری، باوەڕی و سیاسیەی لەو قۆناخەدا هەبوو پڕی بکاتەوە، بەڵام دەکرێت وەکو شۆڕشێکی فکری و باوەڕی بەناو بکرێت.

## د. گوزەرانی کۆمەڵگای کوردستان

قۆناغی سۆمەر هەتا ئاشنابوونی کۆمەڵگای کوردستان بەئیسلام، ماوەیەکی درێژە. لەبڕگەکانی (أ، ب، ج) بەشێوەکی گشتی باسمان لەفۆرمی دەسەڵات، فۆرمی کۆمەڵگاو ئەوئایین و ئایدیانە کرد کەکاریگەرییان لەسەرکۆمەڵگای کوردستان دروست کرد. لەم بەشەدا دەمەوێت باس لەشێوازی گوزەرانی کۆمەڵگای کوردستان و ئەو کۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا بەسەریدا هات بکەم.

ئەوەی دەبینرێت لەم ماوەیەدا کۆمەڵگای کوردی زۆربەی زۆری لەگوندو چیاکاندا دەژی و بەژیانی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن و پێداویستیە ژیانیە سەرەتاییەکانی خۆیان لەجلوبەرگ وخۆراك، خۆیان دابینی دەکەن. ئەو شارانەی لەکوردستاندا دروست بوون نەیانتوانیوە سەرنجی بەشی زۆری کۆمەڵگا بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و لەڕووی ژیانیەوە کاریگەرییان کەم بووە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان. پیشەی ناو شارەکان لەجۆری مسگەریی، دوکانداری، ئاسنگەری، زێڕەنگەری و بازرگانی بەشی زۆری بەدەستی پێکهاتەکانی ئاشوری، جولەکە، ئەرمەنی و سریانیەوە بووەو کورد بەرێژەیەکی زۆرکەم کەوتۆتە ناو ئەو کارانەوە. ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لەشێوازی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان، بەتایبەتی کورددا روونەدات. هەرئەمەش هۆکارە بۆئەوەی کە ئەو بوارانەی کەتایبەتە بە ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە مۆرکی کوردی پێوەبێت، بەڵام بوارەکانی ترکەمترمۆرکی کوردی پێوەیەو مۆرکی گەلانی وەکو ئەرمەن، ئاشور، سریانی، کلدانی و جولەکەی پێوەبێت. کۆمەڵناسان بتەوبوونی پەیوەندی مرۆڤ و رووەك یان مرۆڤ و ئاژەڵ وەکو هۆکارێك دەبینن بۆپاراستنی تایبەتمەندیە سروشتیەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگاو کەمتر ئاڵودەبوون بەدیاردە دەستکردەکانەوە، مرۆڤ دەتوانێت ئەم راستیە لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا لەناو رەشماڵ و هۆزە شوانکارەکانی کوردستاندا بەڕوونی ببینێت،

ڕاسته لـەم مـاوه درێـژەدا کۆمەڵـگای کوردسـتان تەنیـا لەسـەردەمی (مـاد)دا توانیویەتـی لەهەمـان کاتـدا خاوەنـی فۆرمـی کۆمەڵـگاو فۆرمـی ڤەرمانڕەوایـی بێـت، لەکاتەکانـی تـردا خەڵکانـی تـر فەرمانڕەواییـان کـردووه، بـەڵام بەهـۆی ئـەو تایبەتمەندیـە ژیانیانەی خۆیـەوه توانیویەتـی تایبەتمەندی خـۆی و فۆرمـی خـۆی هەتـا ئاسـتێت بپارێزێـت. ئەوەتـا دەبینیـن فۆرمـی خێـڵ وهـۆز لەکوردسـتاندا خۆیـان پاراسـت و بێگومـان هەروەکـو چـۆن لەکاتـی ململانێی سـۆمەرەکاندا خێـڵ و هۆزی کوردسـتان تـا ڕادەیـەك لەناوەڕۆکـە سـەرەتاییەکەی خۆیـان دوورکەوتنـەوەو مۆرکـی پیاوسـالاری و خانەدانیـان وەرگـرت. لەقۆناخـی دواتریشـدا ئـەم تایبەتمەندیانەیـان زیاتـر قـوڵ بویـەوه، لەگـەڵ ئەمەشـدا لـەم قوناخـەدا هاوشـێوەی گەلانـی تـر، ناسـنامەی گەلـی کـورد وەکـو گـەل گەشـە دەکات و لەسـاڵانی زایین بـەدواوه ئەمـە روونـتر دەبێتـەوه. واتـە هـۆزە کـوردەکان ئیـتر لەفۆرمێکـی کۆمەڵایەتـی مەزنـترو فراوانـتردا خۆیـان دەبیننـەوه. ئەمـە ئـەو قۆناخەشـە کـە زمـان و ناسـنامەی گەلانـی ئاریانـی ڕوونـتر دەبێتـەوەو هـەر گەلـەو دەبێتـە خاوەنـی زمـان و ناسـنامەی خـۆی. دەسـکەوتێکی تـری کۆمەڵـگای کـوردی لـەم قۆناخـەدا گەشـە پێدانـی ئەسـتێرەناسـی و رۆژمێـری کوردییـە. کۆمەڵـگای کـوردی زۆربـە وریایـی حسـابی ئەسـتێرەیان کـردووەو شـەوو رۆژیـان ژمـاردووه. لـەدوای (بابـل) یەکانـەوه دەکرێـت وەکـو کۆنتریـن گـەل دیـاری بکرێـت کەسـاڵ ورۆژی ژمـاردووه. بـەڵام دیـاره ئەمـە لـە گێڕانـەوەی دەماوەدەمـدا ماوەتـەوەو هەتـا ئـەم ساڵانەی دوایـی نەکەوتۆتـە نـاو تۆمارەکانـەوه، بۆیـە زۆر گرنگـی پـێ نـەدراوه. ئەگەرنـا کـورد لـە(٧٠٠پ.ز)ەوه سـاڵی ژمـاردووه، واتـە لـەو کاتـەوەی کەفیدراسـیۆنی (مـاد) بۆیەکـەم جـار لەسەردەسـتی (دیاکـۆ)دا دامـەزراوه. هەرچەنـدە هەندێـك تێڕوانینـی جیـاواز هەیـە سـەبارەت بەسـەرەتای سـاڵی کـوردی. هەندێـك مێـژووی سـەرکەوتنی (مـاد) بەسـەر ئاسـوردا (٦١٢ پ.ز) وەکـو سـەرەتای سـاڵنامەی کـوردی حسـاب دەکـەن، بـەڵام بەشـی زۆری دامەزراندنـی (مـاد) وەکـو سـەرەتای سـاڵنامەی کـوردی حسـاب دەکـەن و سـەرکەوتن بەسـەر ئاسـوردا وەکـو جەژنـی ئـازادی (نـەورۆز) بەنـاو دەکـەن. بێگومـان ئەمـەی دووەم راسـتتره، چونکـە ناکرێـت گەلێـك مێـژووی خـۆی لەسـەر بناغـەی ڕوخاندنـی دەسـەڵات و گەلێکـی تـر بنوسـێتەوه. هـاوکات بـەم کاره ئێمـە ئـەو مێـژووەی پێشـتر هەمـان بـووه نکۆڵـی لـێ دەکەیـن. بـەو پێیـە ڕاسـتتر وایـە ئێمـە سـاڵی (٢٧١٤) وەکومێـژووی سـاڵنامەی کـوردی بنوسـین، نـەك (٢٦٢٦). ئـەم سـاڵنامەیە چیـمان پـێ دەڵـێ؟ بەبـەراورد بەسـاڵنامەی جیهانـی رۆژئـاوا (٢٠١٤ ز) مێـژووی جیهانـی عـەرەب و ئیسـلام (١٤٣٤مانگـی و ١٣٩٣هەتـاوی ) کۆچـی، دەردەکەوێـت کـە گەلـی کـورد خاوەنـی داهێنـان و مێژوویەکـی دێریـن تـره لـەو مێژووانـەو ئەمەشـی راسـتی ئـەم گۆمەڵگایـە دەردەخـات. لایەنێکـی تـری سـاڵنامەی کـوردی گرنگـە، ئەوەیـە کـە سـەرەتای سـاڵی لەگـەڵ سـەرەتای بەهـاردا دیـاری کـردووەو نـاوی مانگەکانیشـی بەپێـی وەرزو کاتەکانـی دانـاوه. مانگەکوردییـەکان لەگـەڵ بورجـی ئەسـتێرەکانیشـدا گونجـاون. دەتوانـن سـەیری ئـەم خشـتەیە بکـەن .

| مانگی زایینی | | مانگی کوردی |
| --- | --- | --- |
| ٣/٢١ هەتا ٤/٢٠ | یەکەم مانگی ساڵ، هاوکات یەکەم مانگی بەهارەو ٣١ ڕۆژە | خاکەلێوە، نەورۆز، ئاڤدار(ئادار) |
| ٤/٢١ هەتا ٥/٢١ | دووهەم مانگی ساڵ و دووهەم مانگی بەهارەو ٣١ ڕۆژە | گوڵان، بانەمەڕ ، ئاڤرێل |
| ٥/٢٢ هەتا ٦/٢١ | سێیەم مانگی ساڵ و سێیەم مانگی بەهارەو ٣١ ڕۆژە | جۆزەدان |
| ٦/٢٢ هەتا ٧/٢٢ | چوارەم مانگی ساڵ و یەکەم مانگی هاوینەو ٣١ ڕۆژە | پوش پەڕ، تیرمە |
| ٧/٢٣ هەتا ٨/٢٢ | پێنجەم مانگی ساڵ و دووهەم مانگی هاوینەو ٣١ ڕۆژە | خەرمانان، تەباخ |
| ٨/٢٣ هەتا ٩/٢٢ | شەشەم مانگی ساڵ و سێیەم مانگی هاوینەو ٣١ ڕۆژە | گەلاوێژ |
| ٩/٢٣ هەتا ١٠/٢٢ | حەوتەم مانگی ساڵ و یەکەم مانگی پایزەو ٣٠ ڕۆژە | ڕەزبەر |
| ١٠/٢٣ هەتا ١١/٢١ | هەشتەم مانگی ساڵ و دووهەم مانگی پایزەو ٣٠ ڕۆژە | گەڵارێزان، خەزەڵ وەر، جوتمە |
| ١١/٢٢هەتا ١٢/٢١ | نۆیەم مانگی ساڵ و سێیەم مانگی پایزەو ٣٠ ڕۆژە | سەرماوەز، مژدار |
| ١٢/٢٢ هەتا ١/٢٠ | دەیەم مانگی ساڵ و یەکەم مانگی زستانەو ٣٠ ڕۆژە | بەفرانبار، بەرفانبار |
| ١/٢١ هەتا ٢/١٩ | یازدەیەم مانگی ساڵ و دووهەم مانگی زستانەو ٣٠ ڕۆژە | ڕێبەندان، سەبات |
| ٢/٢٠ هەتا ٣/٢٠ | دوا مانگی ساڵە و سێیەم مانگی زستانەو ٢٩ڕۆژەو چوار ساڵ جارێك دەبێتە ٣٠ ڕۆژ | ڕەشەمێ |

بێگومان سەیری ئەم خشتەیە بکەین هەست بەسەلیقەی کۆمەڵگای کوردو تێکەڵبوونی لەگەڵ سروشتدا دەکەین و گرنگیشە ئێمەی کورد نەیەڵین ئەم ساڵنامەیە بمرێت و زیندووی بکەینەوە. خاڵێکی تر کە گرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردستان سەرەڕای پاراستنی بەشێکی ناوەڕۆکی باوەڕی زەردشتی و ئێزدانی خۆی، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانگارییانەی پارسەکان و ساسانیەکان لەزەردەشتیدا ئەنجامیانداو بەهۆی ئەو کاریگەرییانەی ئایینەکانی تر لەکوردستاندا دروستیان کرد، دەتوانین بڵێین بەشێکی پێوانەکانی زەردەشتی وەکو خۆی نەمابوون. بەشێك لەچینی سەردەست و شارنشینە کوردەکان دەچوونە سەرپەیڕەوی ئایینی جولەکە، کریستیانی و مانەوی وبەشێکیش هاوشێوەی دەسەڵات زەردەشتیان پەیڕەودەکردو ئەمەش کاریگەری لەسەر خەڵکی ڕەش و رووتیش دەکرد. بۆچی ئەم لایەنە باس دەکەین، چونکە دەمانەوێت وێنایەکی نزیکی ئەوەی هەبووە دروست بکەین، نەك تەنیا پەسنی کورد بدەین. بۆنمونە لەوسەردەمەدا کۆمەڵگای ساسانی پەیڕەوی زەردەشتیان دەکرد، بەڵام فرەژنی لەناو دەسەڵاتدارانی ساسانیدا هەبوو، هێشتا هاوسەری ناویەك خێزان لەناو خانەدانی ساسانیدا باوی مابوو، پیاوانی ئایینی زەردەشتی بوون هاوکاری ئەو دەسەڵاتەیان کرد بۆ لەناوبردنی مانی و مەزدەك. بەپێی یاسای ساسانی (٥) جۆر هاوسەرگیری هەبووە کە یەك جۆریان هاشێوەی هاوسەرگیری ئەمڕۆیەو ژن و مێرد پەیوەستی یەك دەبوون و بەو ژنانەیان دەگوت (ژنی سەرتۆپ) و بەجۆرەکانی تریان

دەگوت (قەرەواش) کە وەکو کەنیزەك وابوون، پیاوێك توانیویەتی لەیەك ژنی سەرتۆپ زیاتر بێنی و چەند ژنی قەراوشیش بێنێ ئازادە. پیاوان توانیویانە ژن بگۆڕنەوە، یان ژنی خۆیان بدەنە دەستی پیاوی ترو لەلای بژی. میراتی نەدراوە بەو کچانەی کەشویان کردووە، مەگەر باوك پێشتر وەسیەتی کردبێ و ئەو کچانەشی شویان نەکردووە نیوەی براکانیان وەرگرتووە. بێگومان ئەم نەریتانە لەگەڵ راستی زەردەشتیدا ناگونجێ، بەدڵنیاییەوە ئەم یاساو رێساو نەریتانە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای کوردیش هەبووە. سەرەڕای ئەمانە دەگوترێت لەوسەردەمەدا ژن هەتا ئاستێك ئازادی هاوسەرگیری و ژیان و گوزەرانی هەبووە. گومانی تێدا نیە کە مانی و مەزدەك ئەم قەیرانانەیان بینیوە، بۆیە هەوڵیانداوە گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەنجام بدەن. سەرنج بدەین هەردوو کەسایەتیەکەش زۆرگرنگیان بەپەروەردەی نەفس و خۆدابڕین لەژیانی دنیایی و تێرکردنی ئارەزووەکان داوەو هەوڵیانداوە یەکسانی دروست بکەن و کۆتایی بەو جۆرە هاوسەرگیرییەش بهێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون ئەوەی جێگەی سەرنجە هەردووکەسایەتیەکەش لەخەبات و تێکۆشانی خۆیاندا پشت بەکوردستان و چیاکانی دەبەستن، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کەلایەنگرانیان لەم هەرێمانە زۆربوون و دەرفەتی پەیڕەوی باوەڕیەکانیان زیاتر بووەو ناڕەزایی بەرامبەر دەسەڵات و فەرهەنگ و باوەڕییەکەی لەناو کوردەکاندا زیاتربووە.

بابەتێکی تر کە گرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان کوردو پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگادا لەم ماوەیەدا هەبووە. ئێمە پێشتر باسمان لەوەکرد کەلەم قۆناخەدا وردە وردە ناسنانەوەی گەلان دروست بوون و ئیتر فۆرمی تیرە، خێڵ و هۆز نەیدەتوانی بەتەواوی گوزارە لە ئیرادەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکهاتەکان بکات. هەربۆیە ئەو خێڵ و هۆزانەی لە نزیکی یەکترەوە دەژیان و تایبەتمەندی کولتوری و زمانی و ژیانیان نزیکی یەکتربوون، هەوڵی ئافراندنی فۆرمێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتریان دەداو ئەمەش لەو سەردەمەدا بەگەل وخەڵك ناسران. بەڵام هەتا ئەو کاتە فۆرمی دەوڵەت مۆرکی گەلی وەرنەگرتبوو، ئەو دەوڵەتانەی هەبوون مۆرکی خانەدان یاخود هەرێمی پێوە بوو. بۆنمونە دەوڵەتی مەزنی ساسانی مۆرکی بنەماڵەی ساسانیەکانی پێوەبوو. دەوڵەتی حیرەو یەمەن مۆرکی شارو ناوچەیان پێوە بوو. دەوڵەتی هەزبانیەکان کەباپیرانی ڕەوادییەکان و سەلاحەدینی ئەیوبین و لەنێوان هەولێرو ئەردەبلیدا حوکمیان کردووە، مۆرکی خێڵ و خانەدانیان پێوە بووە. خێڵی (کورد)ی جابانی کە لەگەرمیانی ئەمڕۆوە بەرەو بابل دەژیان خاوەنی هەرێمی ئیداری خۆیان بوون و بەناوی (جابان)یەکانەوە دەناسران عەرەبەکانی مەککە بەناوی قورەیشەوە دەناسران.

ئەم جیابوونەوانەو فۆرمە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان دەکرێت لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە وەکو ڕەوشێکی نوێ پێناسە بکرێت. چۆن دەوڵەت فۆرمی خۆی لەدەوڵەتی شارەوە، بەرەو دەوڵەتی پاشا- خوداوندکان و دواتر دەوڵەتی ئیمپراتۆریەت گۆڕی، کۆمەڵگاش پەرەی بەناسنامەی خۆیداو فۆرمی نوێی دروست کرد. ئەوەی مەبەستی باسەکەی ئێمەیە ئەوەیە کەئیتر کوردستان بووە سەرزمینی ژیانی کۆمەڵگای کوردو ژمارەیەك گەل یان پێکهاتەی تر کەناسنامەی تایبەتی خۆیان

هەبـوو. لـەم ماوەیـەدا كـورد هاوژیانـی فـاس (پـارس)، پـارت، ئەرمەنـی، ڕۆم، سریانـی، ئاشـوری، كلدانـی و عـەرەب و تاڕادەیـەك یۆنانیـەكان و جولەكـەی كـرد. هەرچەنـدە ناوەنـدی ئەمـڕۆی كوردسـتان و چیـای زاگـرۆس نشـینگەی سـەرەكی كـورد بـووەو پێكهاتەكانـی تـر ژمـارەو ڕێژەیـان بەبـەراورد بەكـورد كەمـتر بـووە، بـەڵام لـەو سـەردەمانەدا جوگرافیـای گـەلان سـنوردار نەكرابـوو. كـورد هەتـا سـەر دەریـای خـەزەرو كەنـداوی (فـارس - عـەرەب) و دەریـای سـپی و ئەنـادۆڵ و بابـل وحەلـەب بەرێژەیەكـی زۆر نیشـتەجێ بـوون. وەكـو باسـمان كـرد لەئازەربایجانـی ئەمـڕۆدا هەتـا پێـش هاتنـی ئیسـلام كـورد زۆرینـە بـووەو حوكمـدار بـووە. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن كـورد لەجوگرافیایەكـی فراوانـتر لـەوەی ئەمـڕۆ كەپێـی دەوترێـت كوردسـتان ژیـاوەو ئـەو جوگرافیـای ئەمـڕۆش پێـی دەگوترێـت كوردسـتان لـەڕووی دیموگرافیـاوە دەوڵەمەندتربـووە.

ئـەوەی سـەرنج ڕاگێشـە كـوردو گەلانـی تـری ناوچەكـە سـەرەڕای تایبەتمەنـدی جیاوازیـان، زۆربـەی سـەردەمەكان لـە نـاو ئاشـتی و ڕێـز لەیەكـتر گرتنـدا ژیـاون. خاڵێكـی تركەسـەرنج ڕاكێشـەو ڕەنگـە ببێتـە جێگـەی پرسـیار، ئەوەیـە كەبۆچـی گەلـی كـورد هاوشـێوەی گەلانـی ئەرمـەن، رۆم ، ئاشـوری، سریانـی ، كلدانـی ئامێـزی بۆئایینـی كریسـتیانی نەكـردەوە؟ یـان بۆچـی نەبـووە پەیـڕەوی مانـەوی یـان مەزدەكـی یـان جولەكـە؟ گومانـی تێـدا نیـە كـە هـۆكار زۆربـوون و لایەنـی بابەتـی و خـودی هەیـەو ڕەنگـە نەتوانیـن هەمـووی بـەوردی دیـاری بكەیـن. بـەڵام دەكرێـت هەندێـك خاڵـی سـەرەكی بـاس بكەیـن.

١- گەلـی كـورد خـۆی بەخاوەنـی ئاییـن و باوەڕییەكـی سـەردەمی و پیـرۆز زانیـوە، كەزەردەشـتی یـە، پێـی وابـووە كەدەتوانێـت لـە ڕێگـەی ئـەو باوەڕییـەوە لایەنـی ڕوحـی خـۆی ئاسـوودە بـكات و گـوزارە لـە ناسـنامەی خۆشـی بـكات، بـەڵام ئـەو گەلانـەی تـر ئایینـە كۆنەكانیـان لەدەسـتچوو بـوو، هەربۆیـە پێویسـتیان بەئاییـن و خـودای نـوێ هەبـوو، ئیـتر ناچـار مابـوون لەنێوانـی زەردەشـتی و كریسـتیانیدا یەكێكیـان هەڵبژێـرن. لەبـەر ئـەوەی لـەو سـەردەمەدا بەشـی زۆری ئـەو قەومانـە (بێجگـە لەرۆمـە بیزەنتیـەكان) لەژێـر دەسـتی پارتـە ئەشـكانیەكان و ساسـانیەكاندا بـوون و ئەوانیـش پەیڕەویـان لەئایینـی زەردەشـتی دەكـرد، ئەوانیـش پەیـڕەوی كردنیـان لەئایینـی كریسـتیانی پـێ باشـتر بـووە لەزەردەشـتی. چونكـە پێیـان وابـووە كەلەڕێگـەی ئشـەو ئایینـەوە دەتوانـن زیاتـر ناسـنامەی خۆیـان بپارێـزن.

٢- لەبەرئـەوەی ئایینـی كریسـتیانی لەنـاو فینقیـەكان دەركەوتبـوو و بـە بەردەوامـی یەهـودی دەناسرا. كـوردو پەیڕەوانـی كریستیانی خۆیـان لـەدوو نـەژادی جیـاواز دەبینـی، ئەمـەش دەرفەتـی نزیكبوونـەوەی كەمـتر دەكـرد. بەپێچەوانـەوە ئاشـوری ، كلدانـی ، ئاشـوری و سریانـی خۆیـان بـە بەشـێك لـەو نـەژادە دەبینـی ، لەبەرئەمـە پێیـان وابـوو (كریسـتیانی ) ڕێـگای چارەسـەری ئەوانـە .

٣-پێدەچـێ كریسـتیانی كەمـتر لەگـەڵ تایبەتمەنـدی كۆمەڵـگای كوردسـتان یەكانگیـر بووبێـت، چونكـە كۆمەڵـگای كـوردی زیاتـر گوندنیشـین بـووەو بەكشـتوكاڵ و ئاژەڵدارییـەوە خەریـك بـوون، ئایینـی كریسـتیانی زیاتـر هەسـتی شارنشـین و چینـی ناوەنـدو پیشـەكارانی دەبزوانـد.

٤- لەگەڵ ئەمانەشدا دژایەتی دەسەڵاتی ساسانی و موبەدەکانی زەردەشتی هۆکاریکی تربوون بۆ کەم بڵاوبوونەوەی کریستیانی و مانەوی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا .
خاڵێکی تر یاخود لایەنێکی تری کۆمەڵگای کوردستان کەگرنگە باسی لێوە بکەین، زمان ونوسینە. کۆمەڵگای کوردستان بەپێی زانستی زمانناسی لەدوای مادەکانەوە تایبەتمەندی زمانی خۆی وەرگرتووە، کەلەئەمڕۆدا پێی دەڵێن زمانی (ماد) و دواترپەهلەوی کۆن بووەو لەدوای زایینەوە شێوەی ئەمرۆی وەرگرتووە، کەبەپێ بەراوردی زمانەوانی لە نێوان زمانی پەهلەوی کۆن کەئاڤێستای پێ نوسراوەتەوەو زمانی کوردیدا. نزیکترین زاراوەی کوردی (هەورامی و کرمانجکی)یە. هەربۆیە شارەزایان پێیان وایە دێرینترین زاراوەی کوردی ئەم دووشێوە زارەی کوردین، بەبەراوردی زمانی ئاڤێستاو زمانە زیندووەکانی ئەمڕۆ، دەردەکەوێت کە نزیکترین زمان و زاراوە، زمانی کوردیە، بۆیە بەشی زۆری شارەزایان پەهلەوی کۆن وەکو کوردی بەناو دەکەن، بەڵام دواتر بەهۆی باڵادەستی فارس و گۆڕانکاری لەبنەماکانیدا بەدروستکردنی پەهلەوی نوێ، ئەوزمانەیان کردە بناخە بۆ زمانی فارسی. هەرچی سەبارەت بەنوسینە، بەپێی ئەو بەڵگەو شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە. سەرەتا لەکوردستاندا هێرۆگلۆفی بەکار هێنراوە، دواتر لەسەردەمی سۆمەییەکاندا نوسینی بزماری سۆمەری و ئۆرارتۆیی بەکارهاتووە. لەدوای مادەکان نوسینی ئارامی بەکارهاتووە. لەسەردەمی پارت و ساسانیەکاندا پەهلەوی کۆن و نوێ بەکار هاتووە.

وەکو ئەنجام باس لەم قۆناخەی ژیان بکەین لە کوردستاندا دەگەینە ئەم ئەنجامانە

١- کوردستان و کۆمەڵگاکەی رۆڵی پێشەنگایەتیان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەدەستداو ئیتر پێشەنگایەتی تێپەڕی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بوون .

٢- کۆمەڵگای کوردستان هەوڵێکی زۆری داوە کە بەهاکانی کۆمەڵگای سروشتی بپارێزێت و بۆ ئەمەش قوربانی زۆری داوە.

٣- لە ئەنجامی گەشەکردنی ناوخۆی و ململانێ لەگەڵ دەرەوەدا بەرخۆدان و داستانی مەزن لەکوردستاندا تۆمار کراون، بەڵام مەیلی ناپاکی و خۆبەدەستەوەدانیش لەچینی سەردەستی کوردستاندا گەشەی کردووەو چەمکی لاساییکردنەوەی دەرەوەو لەخۆدوورکەوتنەوە یان بیانی بون گەشەی کردووە.

٤- کۆمەڵگای کوردستان توانیوێتی فۆرمی کۆمەڵایەتی خۆی بەرفراوان بکات و نوێی بکاتەوە.

٥- کومەڵگای کوردستان لەڕووی زهنیەتەوە، ئایینی خۆی خولقاندووەو پێوەی پابەند بووە.

٦- هەرچەندە لە هەندێك قۆناخدا شارو شارستانیەتی دروستکردووە. بەڵام دەستی لەژیانی گوند بەرنەداوەو ئەمەش وای کردووە کە جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی قوڵ نەکاتەوە.

٧- بەهۆی پابەندبوونی بە ژیانی گوندەوە توانیوێتی زیاتر پابەند بێ بەبەهاکانی ژیانی سروشتیەوەو بیانپارێزێت، بەڵام توشی داخرانیش بووە.

# بەشی شەشەم
# کۆمەڵگای کوردستان لەکاتی ئاشنابونی بەئیسلام هەتا سەدەی شازدەیەم (یەکەم دابەشبونی کوردستان)

کەباسی پەیدابونی ئیسلام، یاخود چۆنیەتی گەیشتنی بە کوردستان دەکرێت، پێویستە بەکورتیش بێت باسیکی بارودۆخی سەردەمی پێش پەیدابونی ئیسلام بکەین. واتا کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی، ئەگەر بەساڵنامەی کوردیش باسی بکەین ئەوە لە کۆتایی سەدەی سیازدەیەم و سەرەتای سەدەی چواردەیەمی کوردی دەدوێین. لەم سەردەمەدا رۆژهەڵاتی ناوین کە ناوەندی جیهان و پێشکەوتن بوو لەژێردەستی هەردوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ئیمپراتۆریەتی رۆمای رۆژهەڵاتدا بوو. رۆژهەڵاتی جیهانیش سەرەڕای هەبوونی ئیمپراتۆریەتی چین، چەندین دەسەڵات و دەوڵەتی هەرێمی هەبوون. لەرۆژئاوای دونیاش ئیمپراتۆریەتی رۆمای رۆژئاوای لە کاتە لاوازەکانی خۆیدا دەژیاو سەردەمی دەسەڵات ناوچەییەکان بوو. بێگومان لەرۆژهەڵاتی ناوینیشدا دەسەڵاتی هەرێمی لەکوردستان و عەرەبستان و میسر هەبوو، حەبەشەش نمونەیەکی دەسەڵات بوو لە ئەفریقیا. ئەوەی جێگەی سەرنجە، دەسەڵاتە ئیمپراتۆریەتەکان لەسەردەمی پوکانەوەدا بوون و ئیتر توانای هەڵکشانیان نەمابوو. دەسەڵاتە هەرێمیەکانیش لەهەوڵی گەشەکردن و بەدەستهێنانی ئازادی زیاتردا بوون. گەلانیش لەهەوڵی گەشەپێدانی فۆرمی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بوون و دەیانخواست بەسود وەرگرتن لە پێشکەوتنەکان و ئەو بارودۆخەی دەسەڵاتەکان تێیدا دەژیان، ئامانجەکانیان بپێکن. واتا لەم سەروبەندەدا ململانێ لە نێوان هێزی گەلان و دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆرییەت و دەسەڵاتە ناوچەییەکاندا هەبوو، هاوکات ململانێ لەنێوان دەسەڵاتە هەرێمی و دەسەڵاتە ئیمپراتۆریەتەکاندا هەبوو. ئەمەش بارودۆخێکی نائارامی دروست کردبوو. ئەوەبوو شەڕ لەنێوان ساسانیەکان و دەوڵەتی حیرەی عەرەبی دروست بوو، باڵادەستی ساسانی بەسەر یەمەن و حەبەشەدا کەم بویەوە. ململانێ لەنێوان روماو ئەرمەنەکاندا زیادی دەکردو کاریگەری روما لەسەر میسرو شام کەم دەبویەوە. دورگەی عەرەبیش بەتایبەتی مەککەو مەدینە وەکو دوو دەوڵەتە شاری سەربەخۆ کەدەسەڵاتەکەیان بەدەستی خێڵە عەرەبەکانەوە بوو، گەشەیان دەکردو سودیان لەپێگەی جوگرافیای خۆیان وەرگرتبوو، کە نە ساسانی، نە ڕۆم و نە حەبەشە لەو سەردەمەدا نەیانتوانی باڵادەستی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن و شکانی هێرشی حەبەشیەکان بۆسەرمەککە لەساڵی ٥٧١.ز دا، کە بەساڵی فیل دەناسرێت و هێرشەکەشیان بەهێرشی فیل دەناسرێت و ساڵی لەدایك بوونی پەیامبەری موسوڵمانان (محەمەد)ە، ئاماژەن بۆ ئەم ڕاستیە. واتا دەکرێت بڵێین پەیامبەری موسڵمانان لە بارودۆخ و کاتێکدا لەدایك بووەو گەورەبووە، کەسیستەمی سیاسی جیهان و ناوچەکە بەقەیرانێکی مەزندا تێپەڕ دەبوو. کۆمەڵگای عەرەب بەگشتی و مەککەو مەدینەش بەتایبەتی لەناو سەربەخۆییەکی ناوچەیی و پەرتەوازەدا دەژیان و خێڵ و بازرگانە عەرەبەکان لەهەوڵی پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان و گەشەپێدانی دەسەڵاتەکانیاندا بوون. لەو قۆناخەدا کومەڵگاکان گەشەیەکی فکری و ئابوریان بەخۆیانەوە دەبینی، زمانی ئەدەب و نوسین گەشەی دەکرد. بەتایبەتی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا زمانی هۆنراوە لە ئاستێکی بەرزدا بوو. هاوکات بازرگانی گەشەی دەکرد. زانستی ئەستێرەناسی پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە

بینیبـوو. ئەمـەش وای کردبـوو کـە گەلانـی دونیـا بـەدوای فریادڕەسـێکدا دەگـەڕان و ئەستێرەناسـان پێیـان وابـوو لـەو سـەردەمەدا فریادڕەسـێك لەدایـك دەبێـت. لـەو سەردەمەشـدا پەیامبەرێتـی ڕێـگای ڕزگاری بـوو، یـان بەشـێوەیەکی تـر باسـی بکەیـن پەیامبـەران دەبوونـە فۆیادڕەسـی کۆمەڵـگاکان. هەربۆیـە لەنـاو بەشـێکی زۆری کۆمەڵگاکانـدا ئـەم بیرۆکەیـە بـڵاو دەبوویـەوە. بێگومـان پەیدابوونـی مـەزدەك لەکۆتایـی سـەدەی پێنجەمـی زایینـی و سـەرەتای سـەدەی شەشـەمی زایینیـدا هەوڵێـك بـووە بۆچارەسـەرکردنی ئـەو قەیـران و ئاڵۆزیـە، بـەڵام بەهـۆی چەندیـن هـۆکاری بابەتـی و خـودی کەپێشـتر باسـمان لەهەندێکـی کـرد، ئـەو نەیتوانـی ئەوبۆشـایە ڕوحـی، فکـری و سیاسیە پڕبکاتـەوەو سـەرکەوتوبێت. لەبەرئـەوە دوای مـەزدەك قەیرانـەکان کەڵەکەتـر بـوون. واتـە دەکرێـت بڵێیـن لەکەسـێتی مەزدەکـدا کۆمەڵـگای ئاریـان یاخـود کۆمەڵـگای زاگـرۆس خـۆی تاقیکـردەوەو خواسـتی پێشـەنگایەتی پێهەڵگرتنێکـی نـوێ بـکات و کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـش لـەو ئاڵـۆزی و قەیرانانـە ڕزگار بـکات، بـەڵام سـەرنەکەوت. هەرئـەم هۆکارەیـە سـەلمانی فارسـی و جابانـی کـوردی هانـدەدا بچـن بـەدوای ئەوپەیامبـەرەدا بگەڕێـن کـە چاوەڕوانـی دەکـەن. جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە لەسـەرەتای سـەدەی حەوتەمـی زایینـدا، ئەستێرەناسـەکان ئەوەیـان بڵاودەکـردەوە کـە لەوڵاتـی شـام و دەوروبەری پەیامبـەری نـوێ پەیدادەبێـت. پێشـتریش پەیمابـەر عیسـاس ئامـاژەی بـۆ هاتنـی پەیامبەرێـك لـەدوای خۆیـەوە کردبـوو. هەربۆیـە سـەلمانی فارسـی سـەرەتا ڕوو لـە شـام دەکات و دواتـر نـاوی (محەمـەد) دەبیسـتێت لەدورگـەی عەرەبـی دەچێـت بـۆ لایـی و بـاوەڕ دێنـی کـە ئـەو (واتـا محەمـەد) ئـەو پەیامبەرەیـە کـە چاوەڕوانـی دەکرێـت.

کوردسـتانیش ئـەو کاتـە بەشـی زۆری لەژێردەسـتی ساسـانیەکاندابوو، بەشـی باشـوری ڕۆژئـاواو ڕۆژئـاوای، واتـا ناوچەکانـی کۆبانـێ، عەفریـن، ڕوهـا، دیلـۆك و مـەرەش و دەوروبـەری لەژێردەسـتی ڕۆمانەکانـدا بـوو. بـەڵام لەئەنجامـی شـەڕی مەزنـی سـاڵی (٦٢٤ز)ی نێـوان ساسـانی و ڕۆم بەسـەرۆکایەتی خـەسرەو ئەبەرویـز(زاڵ) و هیراکلیـوس (هەرقـل)، ساسـانیەکان گورزێکـی مەزنیـان بەرکـەوت و سـاڵی ٦٢٨ پایتەختـی ساسـانیەکان کەوتـە دەسـتی قەیسـەری ڕۆمـاوە کـە (تیسـفۆن ) بـوو لەخـوارووی بەغـداد. خـەسرەو یـش بەهـۆی ڕاپەرینـی ناوخـۆو ململانێـی دەسـەڵاتەوە لەناوبـرا. ئـەم سـاڵەش هاوکاتـی سـەرکەوتنەکانی ئیسـلام بـوو لـەدوای ڕێککەوتنـی حودەیبیـەو ماوەیەکـی کـەم پێـش سـەرکەوتنی تەواوەتـی ئیسـلام بـوو بەسـەر قورەیشـدا. دوای ئـەوەی خـەسرەو ئەبرویـز لەناوچـوو، هەتـا سـاڵی ٦٣٢ واتـە لـە مـاوەی چـوار سـاڵدا، (١٠)پادشـای ساسـانی گـۆڕدران، کەدواترینیـان یەزگـردی سـێیەم بـوو کـە سـاڵی ٦٣٢ز بـووە پاشـاو ڕۆسـتەم سەرلەشـکری بـوو، توانـی تاڕادەیـەك ئێـران یەکبخاتـەوەو بەشـێك لەخاکەکـەی لەدەسـتی ڕۆمـەکان دەرهێنایـەوە. ڕۆمەکانیـش دوای ئـەو پاشەکشـەی ڕووبـەرووی بوونـەوە، توشـی بارودۆخێکـی ئاڵۆزبـوون. شـەڕی ئـەم دوو دەوڵەتـەو سیسـتەمەکەیان کەسـتەم و زۆرداریـان بەبنەمـا دەگـرت، دابڕانێکـی زۆری لەنێـوان ئـەو دەسـەڵاتانەو گەلانـی ناوچەکـەدا دروسـت کردبـوو. دەتوانیـن بڵێیـن گەلـی کـورد زیاتـر لـە سیسـتمی ئـەو دوو دەوڵەتـە دابڕابـوو. هەربۆیـە دەکرێـت بڵێیـن ئـەم ڕووداوانـە هیـوای گەلانـی بـۆ ئـازادی

زیاتر کرد. لەم بارودۆخەدا ئیسلام وەکو بانگەوازییەکی خودایی لەنیوە دوورگەی عەرەبەوە بانگی رزگاربوونی لەستەم کردو هەنگاوی بەرەو شام و ئێراق و کوردستان نا. کەدەتوانین لەچەند تەوەرێکداباسیان بکەین.

## أ. گەشەکردنی ئیسلام و چۆنێتی گەیشتنی بەکوردستان

باسکردنی ئیسلام و چۆنێتی سەرهەڵدانی و بنەماکانی بابەتێکە بۆخۆی چەندین پەرتوك و نوسینی پێویستە، لەبەرئەوە ئێمە زیاتر گرنگی بەو لایەنانەی دەدەین کەپەیوەندی بەکوردو کوردستانەوە هەیە.

وەکو باسمان کرد پەیامبەری ئیسلام لەباوردۆخێکی بابەتی زۆرئاڵۆزو قەیراناویدا لەدایکبوو، گەشەی کرد. بارودۆخی جیهان و ناوچەکە ژانی لەدایکبوونێکی فکری سیاسی، کۆم ڵایەتی و باوەڕی نوێی گرتبوو. عەرەب و قورەیش و بنەماڵەی هاشمیش لەڕەوشیکی هاوشێوەدابوون. لەلایەك قەیران و کێشە باوەڕی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان گەیشتبووە لوتکە، لەلایەکی ترەوە لەڕووی توانای شەڕ، بازرگانی و ئەدەبی گەیشتبوونە ئاستێك کەبەپێگەی خۆیان رازی نەبوون و عەرەب ئیتر لە شانازی بۆخۆی دەگەڕاو قورەیشیش دیارترین قەبیلەبوو کە دەیخواست ڕابەرایەتی ئەو شانازی و ڕابوونە بکات. بنەماڵەی هاشمیش وەکو بنەماڵەیەکی خاوەن پێگەی ئایینی و سیاسی لەناو قورەیشدا، کە لەوکاتەدا پێگەی سیاسی خۆی لەدەست چووبوو، دەیخواست پێگەی خۆی بگەڕێنێتەوە. هاوکاتی ئەمانە لەڕووی باوەڕو ئایینەوە لەناو ئەتنیك و پێکهاتە(سامی)یەکاندا تەنیا عەرەب ڕوویان لەئایینی تاك خودایی نەکردبوو. ئاشوری، سریانی، کلدانی و فینقی هەتا ئیسرائیلی کەلەپێکهاتەی (حام) دەژمێردرێن و نزیکی عەرەبن خودای ئاسمانیان دەپەرست و دەستیان لەبت پەرستی بەردابوو. ئەم بارودۆخەش عەرەبی خستبووە ناو ڕەوشێکی ناهەمواروە. چونکە لەڕێی ژمارەوە عەرەب لەوپێکهاتانەی تر زۆرتر بوون، لەڕووی فکری و ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە خۆی لەو پێکهاتانەی تر بەکەمتر نەدەزانی، هەربۆیە لە هەوڵی تێپەڕکردنی ئەوبارودۆخەدا بوون. پەیامبەری موسەڵمانان (محەمەد) یش وەکو کەسایەتیەك لەمنداڵییەوە زۆر ئێش و ئازاری چەشتبوو، کەسایەتیەك بوو کەلەناو زەحمەتیدا مەزن ببوو. ئەمە ئەو توانایەی لەلا دروست کردبوو کە خۆی ئامادە ببینێت بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو قۆناخە بداتەوەو پێشەنگایەتی بنەماڵەی هاشمی و قورەیش وعەرەب بکات بۆ ڕابوون و یەکگرتن لە دەوری خودایەکی تاك وتەنیا کە (ئەڵڵا)یەو کۆمەڵێك یاساو ڕێساو پێوانەی لەچوارچێوەی قورئان و فەرموودەکانی خۆیدا خستە بەردەم کۆمەڵگا، کە لەو کاتەدا دەیتوانی قەیران و کێشەکانی کۆمەڵگای عەرەب هەتا ڕادەیەك چارەسەر بکات و ئەم هەنگاوانەشی لەنێوان ساڵانی ٦١٠ز هەتا ٦٣٢ز) هەڵناو توانی بەشی زۆری نیوە دوورگەی عەرەب بخاتەژێر ئاڵای ئیسلامەوە.




سەرکەوتنی ئیسلام لەنیوەدوورگەی عەرەبدا هاوکاتی ئاڵۆزی و شەڕوپێکدادانی ساسانی ورۆمەکان بوو. ئەو پەیامانەشی کەئیسلام لەو کاتەدا بانگەوازی بۆ دەکرد لەوێنەی یەکتاپەرستی، ئازادی، ئاشتی، یەکسانی گەلان و جیاکاری نەکردن لە نێوان گەلان و خێڵ و پێکهاتە جیاوازەکاندا، ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێك نەریتی پاشکەوتوو لەناو هەندێك خێڵی عەرەبدا لە وێنەی زیندەبەچاڵکردنی کچان، گۆڕینەوەی هاوسەرو بە سوور دانی ژنان (پیاوان ژنی خۆیان بۆ ماوەیەك دەدایە پیاوانی تر) هەروەها ڕەتکردنەوەی بت پەرستی. هەروەها بانگەوازیکردنی (محەمەد) بۆ پاشای ساسانی، قەیسەری ڕۆم، پاشای حەبەشە ومیسر هەتا دەست لەستەم بەربدەن و بچنە سەر ڕێگای حەق و ئایینی ئیسلام پەسند بکەن. ئەم بارودۆخە کەش و هەوایەکی گونجاوی بۆبڵاوبوونەوەی ئیسلام دروست کرد.

دوای ئەوەی ئیسلام بەمشێوەیە دەنگی دایەوە، سەرنجی گەلانی بن دەستی ناوچەکەی بەلای خۆیدا راکێشا. هاوکاتی ئەمە چینی سەردەستی عەرەب و بەشی زۆری خێڵە عەرەبەکان دەرکیان بەوەکرد کە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام هیچ سوود وەرناگرن، بەپێچەوانەوە لەبەشداریکردن لە ئیسلامدا زۆر دەسکەوتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵاتیان دەست دەکەوێت. لەبەرئەمە بەشێکی زۆری خێڵ و سەرکردە عەرەبەکان ئیتر کەوتنە کێبەرکێ بۆ بەشداریکردن لە ئیسلامدا. لەم قۆناخەدا پەیامبەری موسوڵمانان کۆچی دوایی کرد. کۆچی دوایی پەیامبەر لە ساڵی (٦٣٢ز)دا لەلایەك موسوڵمانانی توشی شۆك و دڵەڕاوکە کرد، چونکە پەیامبەر قورساییەکی روحی ومەعنەوی زۆری هەبوو. ئەمە بووە هۆی ساردبوونەوەو پەشیمان بوونەوەی کۆمەڵێك خەڵك، بەتایبەتی ئەوانەی کەخاوەنی باوەڕی بەهێز نەبوون. لەگەڵ ئەمەشدا ناکۆکی لەناو موسوڵماناندا دروست بوو لەسەر جێنشینی. ئەوەبوو بەشێك پێیان وابوو (ئەنسار)ەکانی مەدینە مافی ئەوەیان هەیە ببنە جێنشین، چونکە هەم لەدایکەوە خزمی پەیامبەرن، هەم بەهۆی ئەوانەوە ئیسلام سەرکەوتووە. هەندێکی تریش پێیان وابوو کە ئەو مافە هی موهاجرەکانی مەککەیە، چونکە ئەوان لەسەرەتاوە لەگەڵ پەیامبەردابوون و زەحمەتی زیاتریان بینیوەو

ئـەوان لەپێشـترن بـۆ ئـەو ئەركـە. ئـەو ناكۆكیـە بەهـۆی كاریگەریـی یـارو هاوڕێیەكانـی پەیامبـەرەوە بەسـوودی موهاجرەكانـی مەككـە كۆتایـی هـات. بـەڵام لەنـاو ئەوانیشـدا دوو بۆچوونـی پەیـدا بـوو، هەندێـك پێیـان وابـوو كـە (ئەبوبەكـر) هاوڕێـی منداڵـی پەیامبـەرەو یەكـەم (پیـاو) بـووە بـاوەڕی بـە پەیامبـەر هێنـاوەو كاتێكیـش پەیامبـەر نەخـۆش بـووە بـە ئەبوبەكـری گوتـووە بچـۆ پێـش نوێـژی بكـە بـۆ موسـوڵمانان. لەبەرئـەوە مافـی ئەوەبێتـە خەلیفـە. بەشـێكی تـری موسـوڵمانان پێیـان وابـوو (عەلـی) پێویسـتە ببێتـە خەلیفە(جێنشـین) چونكـە لەخانـەوادەی پەیامبـەرە، لەمنداڵیـەوە لـەلای پەیامبـەر مـەزن بـووە، یەكـەم كەسـە لـە تەمەنێكـی منداڵیـدا بووەتـە موسـوڵمان و بتپەرسـتی نەكـردووە. ئـەم بارودۆخـە تاڕادەیـەك گەشـەی ئیسـلامی بۆماوەیەكـی كاتـی راوەسـتاند. لەئەنجامـدا هەمـووان رێككەوتـن لەسـەرئەوەی ئەبوبەكـر ببێتـە جێنشـین و ئەبوبەكـر بـووە جێنشـین. ئەبوبەكـر هەتـا سـاڵی (٦٣٤ز) واتـە دووسـاڵ دوای پەیامبەرجێنشـینی كـردو كۆچـی دوایـی كـرد. كاری سـەرەكی رزگاركردنـی ئیسـلام وعـەرەب بـوو لـە پەرتەوازەیـی و تاڕادەیەك لـەم ئامانجەیدا سـەركەوت و ڕووی عـەرەب و ئیسـلامی ئاڕاسـتەی كۆمەڵگاكانـی دەرەوەی عـەرەب كـردو تاڕادەیـەك عـەرەب ئیسـلام بـۆ (فەتـح) ئامـان كـرد، بـەڵام تەمەنـی بەشـی ئـەوەی نەكـرد كەئامانجەكانـی بپێكـێ. دوای ئەبوبەكـر لەئەنجامـی راوێـژو ڕا گۆڕینـەوەدا (عومـەری كـوری خەتاب)بـووە جێنشـین و ئـەم بۆمـاوەی (١٠) سـاڵ واتـا هەتـا (٦٤٤ز)جێنشـینی كـرد. (عومـەری كـوڕی خەتاب)یـش كەسـێك بـوو بەجەنـگاوەری خـۆی ناوبانگـی دەركردبـوو. ڕەنگـە هـۆكاری سـەرەكی بـۆ ئـەوەی لـەو كاتـەدا ئـەو كرایـە جێنشـین ئـەم تایبەتمەندیـەی بووبێـت. چونكـە دوای ئـەوەی ناوبانگـی ئیسـلام بڵاوبویـەوە، ئیـتر رۆم و ساسـانی ئیسـلامیان بۆخۆیـان وەكـو هەڕەشـە دەبینـی، بەتایبەتـی رۆمـەكان چەندجـار هەوڵـدەدەن سـنور بۆهەوڵەكانـی ئیسـلام دابنێـن. ئەمـەش دەبـووە هەڕەشـە لەسـەر ئاینـدەی ئیسـلام و عـەرەب. ئـەم بارودۆخـەش عومـەری كـوڕی خەتابـی دەخسـتە بـەردەم ئەركێكـی قورسـەوە.

عومـەری كـوڕی خەتـاب، لـەم بارودۆخـەدا بەنـاوی جیهـاد لەرێـگای خـوداو فەتحـی ئیسـلامیدا سـوپایەكی مەزنـی كۆكـردەوە، لەسـەر بنەمـای پەیمانـی خـوداو پەیامبـەری ئیسـلام بـۆ ڕازیكردنـی خـوداو بەدەسـتهێنانی بەهەشـت جەنگاوەرەكانـی ئامادەكـرد. هـاوكات ئـەوە ئاشـكرا بـوو كـە دەبنـە خاوەنـی دەسـكەوتی مـادی زۆر لەكاتـی سـەركەوتندا. سوپاكەشـی بـەدوو ئاڕاسـتە جوڵـە پێكـرد، بەشـێكیان بەئاڕاسـتەی ئێـراق بـوو بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ساسـانیەكان كـە بەسـەركردایەتی سـەعدی كـوڕی ئەبـی وەقـاس بـوو، بەشێكیشـیان بەئاڕاسـتەی وڵاتـی شـام و باكـوری میزۆپۆتامیـا بـوو بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕۆمـەكان بەسـەركردایەتی ئەبوعوبەیـدەی جـەڕاح، كـە دواتـر خالیـدی كـوڕی وەلیـد بەشـێكی ئەركەكـەی تـەواو كـرد. هـەردوو هێزەكـە لەنێـوان سـاڵانی(٦٣٦-٦٤٢)ز سـەركەوتنی گەورەیـان بەدەسـتهێنا. سـەعدو سـوپاكەی توانیـان لەجەنـد شـەڕێكی ڕووبـەڕوودا سـوپای ئێـران تێـك بشـكێنن و كۆتایـی بەدەسـەڵاتی ساسـانیەكان بهێنـن و باشـورو رۆژهەڵاتـی كوردسـتان و بەشـی زۆری ئێـران بخەنـە ژێردەسـتی خۆیانـەوە. خالیـد و سوپاكەشـی توانیـان وڵاتـی شـام و بەشـێكی زۆری باكـورو رۆژئـاوای كوردسـتان بخەنـە ژێردەسـتی خۆیانـەوە. بـەم شـێوەیە لەدەیـەی چـوارەم و

پێنجەمی سەدەی حەوتەمی زایینی بەدواوە زۆربەی خاکی کوردستان بوو بە بەشێك لەدوڵەت و وڵاتی ئیسلام. ئاشکرایە کەگەڵێك پرسیار لەسەرچۆنیەتی گەیشتنی ئیسلام بە کوردستان و مامەڵەی ئیسلام لەگەڵ کورد داو بەرخوردی کورد لەگەڵ ئیسلامدا، لەناو کۆمەڵگاو ناوەندە رۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، هەروەها پرسیار لەسەر کاریگەریەکانی ئیسلام و عەرەب لەکوردستاندا هەیە. هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی بابەتی، ئەوەندەی بابەتەکە دەرفەتم بدات قسە لەسەر ئەم بابەتانە بکەم هەتا دەگەینە پارچەبونی کوردستان لەسەر دەستی عوسمانلی و سەفەویەکاندا. بۆئەم مەبەستەش لەسەرچەمکی رێکخستنی کۆمەڵگاو دەسەڵات و سەردەمە مێژوویەکان وچۆنێتی بڵاوبوونەوەی باوەڕی ئیسلام لەکوردستان و کاردانەوەکانی کۆمەڵگا هەڵوەستە دەکەم.

## ب. چەمکی رێکخستنی کۆمەڵگا لە ئیسلامدا

ئیسلام وەکو ئایینێکی ئاسمانی و یەکتا پەرست، بەپێی (قورئان) و فەرمودەکانی پەیامبەرخۆی رێکدەخات. یەکێك لەو بابەتانەی هەر لەسەرەتاوە ئیسلام گرنگی پێداوە، بابەتی رێکخستنی کۆمەڵگاو ئیدارەکردنی کۆمەڵگایە. بەپێی پێوەرەکانی ئیسلام، مرۆڤ جینشینی خودایە لەسەرزەوی، ئەمەش لەچەندین ئایەتدا باسکراوە ، بۆنمونە؛ لە ئایەتی ٦٩ لە سورەتی (ئیسرا) دا هاتووە: "لقد کرمنا بنی ئدم وحملنهم فی البر و البحر ورزقنهم من الگیبت وفچلنهم علی کپیر ممن خلقنا تفچیلا"، ئەم پەیامە پیرۆزکردنی مرۆڤە بەرامبەر گیانەوەرەکانی تر، بەواتایەکی تر بەناوەندکردنی مرۆڤ و لاوەکی کردنی گیانەوەرەکانی ترە. بێگومان مرۆڤ ئەمە وەکو دەسکەوتێك بۆخۆی و پاداشتێك دەبینێ لەلایەنی خوداوەندەوە. بەڵام ئەم پەیامە بەدیوێکی تردا پایەو پێگەی زیندەوەرانی تر کەم و لاواز دەکات. بەواتایەکی تر ئەم پەیامە ئەو لادان وشکانەوەی کە لەکاتی دروستبوونی دەوڵەت وشاردا دروست بوون قوڵتری دەکاتەوە. لە جێگەیەکی تردا لە قورئاندا هاتووە: "إنا جعلنا إنسان خلیفە فی الارچ" لەڕوانگەی ئەم ئایەتەشەوە مرۆڤ جێنیشینی خودایە لەسەر زەوی، بەمەش ڕەوایی لەئایین و خودا وەردەگرێ و حاکم بەوەکالەتی خودا حوکم دەکات لەسەرزەوی و ڕەوایی لە خودا و شەریعەتەوە وەردەگرێت. بەم پێیە ئەوەی بەناوی ئیسلامەوە حوکم بکات، ئەوا دەبێتە وەکیلی خوداو بەناوی شەریعەتەوە حوکم دەکات. ئەم دوو بابەتەی باسمان کرد دەستی مرۆڤ ئاوەڵا دەکات بۆ ئەوەی لەناو گەردووندا خۆی بکاتە ناوەندو زیندەوەرانی تر و گەردوون بەگشتی وەکو تەواوکەرو لاوەکی ببینێت، ئەمەش وا دەکات بەمافی خۆی ببینێت چۆن سوودیان لێ وەر بگرێت و هاوسەنگی گەردوون و ژینگە لەبەرچاو نەگرێت. مرۆڤی دەسەڵاتداریش لەناو کۆمەڵگادا خۆی بکاتە ناوەندو بە مافی خۆی بزانێت کە چۆن حوکمی مرۆڤەکانی تر بکات. لەلایەکی ترەوە هەرچەندە ئیسلام هەوڵیداوە بابەتی ژن و پیاو چارەسەر بکات، بۆ ئەمەش هەندێك هەنگاوی ناوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەچەندین جێگە لە قورئان و فەرمودەکانی پەیامبەری ئیسلامدا باس

لەوە دەكرێت كە پیاوان لە ژنان بەهێزترن، یان ژن وەكو ناموس پێناسە دەكرێت، یاخود دوو ژن بە پیاوێك دەژمێردرێت لەكاتی گەواهیدان و میرات دابەشكردنداو ئەو مافەش دراوە بە پیاو كەهەتا چوار هاوسەری هەبێت. ئەمەش ئەو دەرفەتەی داوە بەپیاو خۆی بكاتە چەقی ژیان و ژن وەكو بوونەوەرێك كە بۆ خزمەتی پیاو دروست بووە ببینێت. ئەمە ئەو بابەتەیە كە رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان بە شكاندنەوەی دووەم ناودێری كردووە. شكاندنەوەیەكی زۆر قوڵیشە چونكە بەناوی خوداوە ئەنجام دەدرێت.

هاوكاتی ئەمە ئیسلام كۆیلایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ پەسند ناكات، بەم پێیە دەخوازێت مرۆڤەكان هاوشان بكات و رێگە لەچەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بگرێت. ئەمەش بابەتێكی گرنگە كە لەڕێگەیەوە ئیسلام خواستویەتی ڕێگە لە دڕندەیی مرۆڤ بەرامبەر هاوڕەگەزەكەی خۆی بگرێت.

ئیسلام جیاوارییەكانی نێوان فۆرمی دەسەڵات و فۆرمی كۆمەڵگای بینیوەو یەكسانی و هاومافی فۆرمە كۆمەڵایەتیەكانی پەسند كردووە. هەربۆیە كۆمەڵگای لەسەر دوو فۆم رێكخستووە. فۆرمی دەسەڵاتی لەسەربنەمای دەسەڵاتی جیهانی ئیسلام كە خۆی لەخەلافەت و سەڵتەنەتدا دەبینێتەوە. لێرەدا خەلیفە، نوێنەری خودایە لەسەرزەوی و رێبەرایەتی كۆمەڵگا دەكات لەبواری ئایندا، هاوكات خەلیفە نوێنەری خودایە. سوڵتانیش كە دەسەڵاتداری یەكەمە لەناو ئیمراتۆریەتی ئیسلامداو ڕەوایەتیەكەی لە ئایینەوە وەردەگرێت، نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دونیایی دەكات. سوڵتانیش دەوڵەتەكەی و دەسەڵاتەكەی دابەش دەكات بەسەر هەرێم و دەسەڵاتدارە هەرێمیەكاندا. ئەویش لەسەر بنەمای ئەو مافەی لە قورئانەوە وەریگرتووە.{قورئان دەڵێ؛ (فلاتزكوا انفسكم هو اعلم بمن أتقی) بەواتای ئێوە خۆتان پێ باشتر نەبێت و خۆتان نەپاڵێون، ئەو (واتە خودا) دەزانی كامەتان شایستەترن. هەر لەم بارەیەوە پەیامبەری ئیسلام بەئوسامەی ئەشعەری دەڵێ " ئێمە بەرپرسیاری نادەینە كەسێك كەچاوی لەپۆست و بەرپرسیاری بێت و داوای بكات چونكە بەرپرسیاری تەكیلفە نەك تەشریف}. بەواتایەكی تر دوو فۆرمی دەسەڵات هەیە لە مۆدێلی ئیسلامدا، دەسەڵاتی جیهانی و دەسەڵاتی هەرێمی. ئەگەر بەراوردی بكەین بەئەمڕۆ دەكرێت دەوڵەتی ئیسلامی هاوشێوەی نەتەوە یەكگرتووەكان سەیر بكرێت، بەڵام بەدەسەڵات و رەوایەتیەكی زیاترەوە. دەوڵەتە هەرێمیەكانیش هاوشێوەی ئەو دەوڵەتانە سەیر بكەین كەلەرۆژی ئەمڕۆماندا هەیە، بەڵام لەسەربنەمای نەتەوە دروست نەبوون، بەڵكو لەسەر بنەمای جوگرافیاو ڕەوایی وەرگرتن لە خەلیفەو سوڵتان دروست دەبوون، لەو دەوڵەتانەدا نكۆڵی لەناسنامەی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاكان نەدەكران.

هەرچی فۆرمی كۆمەڵگایە سەربەخۆیە لەفۆرمی دەوڵەت، دەوڵەتەكان ناتوانن ببنە سنورو پۆشاك بۆفۆرمی كۆمەڵگاكان. بەپێچەوانەشەوە ناكرێت فۆرمێكی كۆمەڵایەتی بكرێت بەبەرگی فۆرمێكی دەوڵەتیدا. لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام هەوڵیداوە سیستمی خۆی رێكبخات و ژیانی كۆمەڵایەتی پێكهاتە جیاوازەكانی ناوكۆمەڵگای موسوڵمانانیش رێك بخات. بۆ ئەمەش هاتووە

فۆرمێکـی جیهانـی بـۆ کۆمەڵـگای ئیسـلام دروسـتکردووەو نـاوی لێنـاوە ئوممەتـی ئیسـلام یـان ئوممەتـی محەمـەد. ئـەم پێکهاتـەو فۆرمـە فۆرمـی بـاڵای کۆمەڵـگای موسـوڵمانانەو موسـوڵمان بـوون مەرجـی بوونـە ئەندمـی ئـەم کۆمەڵگایەیـە، واتـە مـرۆڤ لەهەرجێگەیەکـی جیهـان بێـت بـەڵام بـاوەڕ بـە ئیسـلام بهێنێـت ئـەو کاتـە دەبێتـە ئەندامێـك لەئوممەتـی ئیسـلام. لەژێـر چەتـری ئوممەتـی ئیسـلامدا فۆرمـی کۆمەڵایەتـی قـەوم میللـەت، هـۆز، خێـڵ و تیـرەو بنەماڵـە دانیـان پێدانـراوەو رێزیـان لـێ دەگیرێـت. پەیوەنـدی ئـەم فۆرمانـەش، پەیوەنـدی ژیانـی و فەرهەنگیـەو هیـچ کامەیـان یەکـتری رەت ناکەنـەوە. هەرلەسـایەی فۆرمـی ئوممەتـی ئیسـلامدا فۆرمـی ئایینزایـی و تەریقەتـی دروسـتبوون، ئـەم فۆرمانــەش شـرۆڤەی ئاییـن و رێبازەکانـی پەرسـتن بەبنەمـا دەگـرن و فۆرمـە کۆمەڵایەتـی و دەوڵەتیـەکان ناکەنـە سـنوورو پۆشـاك بۆخۆیـان. وەکـو سـوننەگەرایی، شـیعەگەرایی، قـادری، نەقشـبەندی و رەفاعـی و هیتـد.

ئـەوەی ئێمـە باسـی دەکەیـن لایەنـە تیۆریەکـەی حوکمەکانـی ئیسـلامە بۆرێکخسـتنی کۆمەڵـگاو دەسـەڵات، بێگومـان دەکرێـت لەسـەر ناوەڕۆکەکـەی و لەسەرجێبەجێکردنەکەشـی قسـەمان هەبێـت، کەئـەو بابەتـی سـەرەکی ئـەم باسـە نیـە. ئـەوەی دەمانەوێـت لێـرەدا باسـی بکەیـن. کاریگەریـی ئـەو فۆرمانەیـە لەسـەرکۆمەڵگای کوردسـتان و چۆنیەتـی خـۆ ڕێکخسـتنی کۆمەڵـگای کوردسـتانە لـەم سـەردەمەدا.

## یەکەم : فۆرمی دەسەڵات لە کوردستاندا:

وەکـو ئاماژەمـان پێـدا لەسـەردەمی ئیسـلامدا فۆرمـی دەسـەڵاتداری دووئاسـتی هەبـوو، ئاسـتی گشـتی و ئاسـتی هەرێمـی و لێـرەدا بـاس لەهـەردوو ئاسـتەکە لـە کوردسـتاندا دەکەیـن.

١ـ دەسەڵاتی خەلافەت و سەڵتەنەت لەکوردستاندا:

لـەدوای سـالی ٦٤٢ە وە بەشـی زۆری کوردسـتان کەوتـە ژێردەسـتی ئیسـلامەوە. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بەخاڵێکـی گرنـگ بکەیـن، ئەویـش ئەوەیـە کـە ئیسـلام لەماوەیەکـی کورتـدا توانـی خـۆی فـراوان بـکات و کۆتایـی بەدەسـەڵاتی ساسـانی بهێنیـت و دەسـەڵاتی رۆمەکانیـش سـنوردارو لاواز بـکات وجوگرافیـای کوردسـتان و ئێـران بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوە. ئەمـەش ئـەو پرسـەی وروژانـدووە کەئایـا هـۆکاری زوو بـڵاو بوونـەوەی ئیسـلام و گەیشـتن بەکوردسـتان چـی بـوو؟ ئایـا کۆمەڵـگای کوردسـتان پێشـوازی ئیسـلامی کـرد یـان ڕووبـەڕووی بوویـەوە؟ ئەگـەر پێشـوازی کـردووە ئـەوا بۆچـی بـاس لەکوشـتارگەو ئەنفـال دەکرێـت کەسـوپای ئیسـلام لەکوردسـتاندا ئەنجامیـداوە؟ خۆئەگـەر ئیسـلامیان قەبـوڵ نەکـردووە، ئـەوا چـۆن ئیسـلام لـەو مـاوە کورتـەدا توانیویەتـی دەسـت بەسـەر کوردسـتاندا بگرێـت؟

لەبڕگـەی گەشـەکردنی ئیسـلام و چۆنیەتـی گەیشـتنی بـە کوردسـتاندا تیشـکمان خستەسـەر چەنـد خاڵێکـی سـەرەکی. لەلایـەك باسـمان لـەوە کـرد کەبانگەوازەکانـی ئیسـلام و دەسـکەوتەکانی لەنیوەدورگـەی عـەرەب دەنگدانەوەیەکـی لەناوکۆمەڵگاکانـدا دروسـت کردبـوو. ئەمـەش سـەرنجی

خەڵکی کوردستانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بوو. بەشێکی کۆمەڵگاکان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کەئیسلام دەتوانێت لە ستەمی دەسەڵاتەکان رزگاریان بکات. بەشێکی کۆمەڵگای کوردیش ئەو هیوایەی لەلا دروست دەبێت. هاوکاتی ئەمە بەهۆی ستەمی دەسەڵاتی ساسانی و رۆمەوە، پەیوەندی ئەو دەسەڵاتانەو کۆمەڵگای کوردستان زۆر لاواز ببوو. زۆربەی کۆمەڵگای کوردستان حەزیان بە ڕوخان و نەمانی ئەو دەسەڵاتانە دەکرد، نەك هەوڵبدەن بیانپارێزن. دەتوانین بەراوردی بکەین بەرۆژگاری ئەمڕۆمان، ئەوەبوو لەدوای پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان دابڕانێکی زۆر لەنێوان کۆمەڵگای کوردو شیعەو دەسەڵاتی ئێرقدا دروست بوو. کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان رژێمی بەعس و ئەمریکاو رۆژئاواوە لەسەر مەسەلەی داگیرکردنی کووەیت لەلایەنی ئێراقەوە لە ١٩٩٠\٨\٢دا ، کوردو شیعە وەکو رزگارکەر لەهێزە هاوپەیمانەکانیان دەڕوانی و هەرئەمەش وایکرد شەڕێکی جدی بەرامبەر هێزی هاوپەیمانەکان نەکەن و ئەوان زوو سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بەڵام کاتێك ئەمریکا خواستی پرۆژەکانی خۆی بەسەر گەلانی ئێراقدا بسەپێنێ ئیتر کاردانەوەو شەڕ لەدژی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەناو ئێراقدا پەرەی سەند. هەربۆیە لەوسەردەمەشدا سوپای ساسانی و رۆم نەیانتوانیوە زۆر بەرەنگاری سوپای ئیسلام ببنەوە. بەڵام کە ئیسلام کەوتۆتە ناو کوردستان و ناوچە کوردیەکانەوە تاڕادەیەك شەڕو بەرەنگاری دروستبووەو ئەو کوشتارگەو ئەنفالەشی کەباس دەکرێت لەو سەردەمەدا بەسەر کوردستاندا هاتووە لەناوچەکانی شارەزوور، جزیرە، مێردین و هەکاری و هەورامان ئاماژەن بۆئەوەی کەبەشێکی کۆمەڵگای کوردستان لەناوچەکانی خۆیاندا ڕووبەڕووی سوپای ئیسلام بوونەتەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەرەنگاربونەوەکان ناوچەیی بوون و سوپای ئیسلامیش سوپایەکی مەزن و سەرکەوتوو بووە، بەشێکی کۆمەڵگای سەردەستی کوردستانیش باوەشیان بۆئیسلام کردۆتەوە، ئەو بەرەنگاریانە شکستیان هێناوە. لێرەدا ئەو هەڵوێستە دەبینرێت کە بەشی زۆری کۆمەڵگای کوردستان خۆشحاڵ بوون بەوەی سوپای ئیسلام لەسیستەمی دەسەڵاتداری ساسانی و ڕۆم رزگاریان بکات، بەڵام ئامادە نەبوون کەژیان و باوەڕی خۆیان بگۆڕنەوە بەئیسلامیەت و لە ئەنجامی ئەمەدا پێکدادان لەنێوان کۆمەڵگای کوردستان و سوپای ئیسلامدا دروستبووە، لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەم واقیعە دەبینین لەئێراق و باشوردا، وەکو باسمان کرد کۆمەڵگای ئێراق و کوردستان زۆربەی پێشوازی هێزی هاوپەیمانانی کرد و خۆشحاڵ بوون بە ڕوخاندنی رژێمی سەدام، بەڵام بەشی زۆری کۆمەڵگا ئامادە نەبوو بەهاو پێوانەکانی خۆی بگۆڕێتەوە بەبەهاو پێوانەکانی ئەمریکاو رۆژئاوا و ئەمرۆش دەبینین چی پێکدادانێکی لێ کەوتۆتەوە .

ئەم بارودۆخە وایکرد کە دەسەڵاتی خەلافەت لەقۆناخە جیاجیاکاندا سیاسەتی جیاواز بەرامبەر بەکوردو کوردستان پەیڕەو بکەن. لەم ماوەیەدا، واتە لەنێوان ساڵانی (٦٤٢ - ١٥١٤) ز دا دەسەڵاتەکانی خەلافەتی ڕاشدین (٦٣٢-٦٦١)ز ، خەلافەتی ئەمەوی (٦٦١-٧٥٠)ز ، خەلافەتی عەباسی (٧٥٠-١٢٥٨). مەغۆل (١٢٥٠-١٣٥٥)ز .تەتار (١٣٥٥-١٤٥٠) قەرەقۆینلەر (١٤٦٠-١٤٠٤) و

ئاق قۆینلەر(١٤٦٠-١٥٠٨)ز حوکمی بەشی زۆری کوردستانیان کردووە. لەدوای شەڕی مەلازگرتی ساڵی ١٠٧١ز یەوە دەتوانین بڵێین کوردستان بەگشتی لەلایەنی خەلیفەو سوڵتانی ئیسلامەوە حوکم کراوە.
لەسەردەمی خەلافەتی راشیدین و بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفە عومەردا کوردستان بووە بەشێك لەجیهانی ئیسلام. دوای ئەوەی کوردستان بووە بەشێك لەجیهانی ئیسلام، بەگوێرەی پەیامی ئیسلام، کۆمەڵگاکەی سێ ڕێگایان لەبەردەمدا بوو، یەکەم ڕێگا ئەوەبوو کەببنە موسوڵمان و بەو شێوەیە دەبوونە بەشێك لە ئوممەتی ئیسلام، بەو پێیەش دەبوونە خاوەن ماف و ئەرك. دووەم ڕێگا ئەوەبووە کەلەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە کەزەردەشتی بوو (لەسەرەتادا کە ئیسلام هاتە کوردستان ئایینی زەردەشتی وەکو ئایینی ئاسمانی و خەڵکەکەشی وەکو ئەهلی کتاب پەسند کردووەو بەکافری نەزانیون، هەر لەبەر ئەمە ڕێگەی پێداون کە لەسەر باوەڕی خۆیان بڕۆن و جزیە بدەن بەدەسەڵاتی ئیسلامی)، بەڵام لەم کاتەدا پێویست بوو هاوشێوەی کریستیان و جولەکەکان (جزیە)بدەنە دەسەڵاتی ئیسلامی. ڕێگای سێیەمیش ئەوەبوو کە ڕووبەرووی ئیسلام ببنەوەو شەڕ بکەن و لەم حاڵەتەشدا سەروماڵیان بۆسوپای ئیسلام حەڵاڵ دەبوو. بەپێی ئەو بەڵگانە گەیشتوونەتە ئەمڕۆو ئەو ڕوداوانەی ڕوویانداوە بەشێکی کەمی کۆمەڵگای کوردستان لەو قۆناخەدا دەچنە سەر ئایینی ئیسلام. کەئەمانە دوو جۆر بوون، یەکەمیان ئەوانەبوون کە ئاگاداری دونیای دەرەوە بوون و ئیسلامیان وەکو چارەسەر بینیوە بۆ کێشەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگاکەیان و هەندێکیان لەوێنەی جابانی کوردی خۆیان چوون بەدوایدا گەڕاون. بەشێکیشیان لەچینی سەرەوەی کۆمەڵگای کوردی بوون، یان دانیشتووی شارو دەشتەکان بوون و لەڕوانگەی بەرژەوەندی ژیانی خۆیانەوە هەنگاویان ناوە(لێرەدا دەبێت وەها بیر نەکەینەوە کە هەموو دانیشتوانی پێدەشتەکان و شارەکان بوونەتە موسوڵمان، بەڵکو ئەوانەی کەبوونەتە موسوڵمان زیاتر لەوان بوون و کوردی کۆچەر و دانیشتوی چیاکان بەدەگمەن لەسەرەتاوە بوونەتە موسوڵمان). بەشی زۆری کۆمەڵگاش ئایینی خۆی پاراست و جزییەی دایە دەسەڵات(عەبدولڕەقیب یوسف دەڵێت هەتا سەدەی یازدەیەم بەشی زۆری کورد ئایینی خۆی پاراستووەو نەبووە بەموسوڵمان)، بەشەکەی تریشی خواستی بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە، واتە نە بووە موسوڵمان و نە ئامادەبوو جزیە بداتە دەسەڵاتی ئیسلام. لەئەنجامدا لەسەردەمی خەلیفە عومەردا ڕووبەرووی سەرکوتکردن بوونەوەو ئەمەیە کە ئەبوحەسەن عەلی بن محەمەد مدائنی (٧٥٤-٨٤٠)ز لە پەرتوکی (قلاع الاکراد)دا باسی کردووەو ژمارەیەك مێژوونوسی ترباسی دەکەن و بەپێی ئەو نوسینانە لەناوچەکانی خانەقین، کرماشان، شارەزوور، هەورامان، هەکاری و جزیرە کوشتارێکی زۆر ئەنجامدراوەو زیاتر لە (٤٠٠٠٠) کچ وژنی کورد (٣) کراون بەجاریەو دەسکەوتی شەڕو ئەنفال کراون. دوای ئەم کردەوانە بەرخۆدەرانی کورد پەنا بۆ خۆحەشاردان دەبەن و هەندێکیشیان جزیە دەدەن. لەم کاتەدا خەلیفە عومەریش لەلایەنی ئەبو مەرجانەی(٤) فەیروزیەوە بەخەنجەر هێرش دەکرێتە سەری و بەقورسی بریندار

دەکرێـت، ئەویـش پێـش ئـەوەی کۆچـی دوایـی بـکات، بەبـێ ئـەوەی بیـرو بۆچوونـی عەلـی کـوڕی ئەبـی تاڵـب و لایەنگرانـی وەربگرێـت، کەپاڵێـوراوە بـۆ خەلیفەیەتـی، عوسـمانی کـوڕی عەفـان کـە یەکێکـە لەسـەردارەکانی قورەیـش و دەوڵەمەنـدە بەڕاویـژ لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکیـدا دیـاری دەکات بۆجێنشـینی، ئەمـەش ئاڵـۆزی و لاوازی دەخاتـە نـاو دەسـەڵاتی خەلافەتـی ئیسـلامیەوە. لەبەرئەمـە لـەم قۆناخـەدا تاڕادەیـەك بـێ دەنگـی بـاڵ بەسەرکوردسـتاندا دەکێشـێ و ئەمـەش دەرفـەت بۆکـورد دروسـت دەکات کەژیـان و ئاینـی خـۆی بپارێزێـت، لایەنگرانـی عەلـی و خەواریجەکانیـش (دیـارە ئـەم گروپـە سـەرەتا لایەنگـری عەلـی بـوون و بەخەواریـج نەدەنـاسران، دوای ئـەوەی عوسـمانیان کوشـت و (عەلی)یـش لەژێرفشـاری معاویـەو عائیشـەدا هەڵوێسـتی لەبەرامبـەر نیشـاندان و بڕیاریـدا لێپرسـینەوەیان لەگەڵـدا بـکات لەسـەر کوشـتنی عوسـمان، ئەوکاتـە ئەوانیـش دژی عەلیـش ڕاوەسـتان و ئیـتر بەخەواریـج ناوبـران )کـە کوفـەو ئێراقیـان بۆخۆیـان کردبـووە ناوەنـد ڕۆڵیـان هەبـووە لـەو نەرمیـەدا چونکـە ئـەوان بۆخۆیـان نـاڕازی بـوون لـە دەسـەڵاتی خەلیفـەو بـەدوای ئەوانـەدا دەگـەڕان کـە لەدەسـەڵاتی خەلیفـەو ئیسـلامی ئـەو سـەردەمە نـاڕازی بـن، دەکرێـت ئەمـە وەکـو سـەرەتایەکیش بـۆ لێکنزیکبوونـەوەی کـوردو لایەنگرانـی عەلـی لێکبدرێتـەوە. دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ٦٥٦ز دا عوسـمانیش لەلایەنـی خەواریجەکانـەوە کـوژراو عەلـی بـووە خەلیفـە، لەلایـەك سیاسـەتی عەلـی نـەرم بـوو لەلایەکـی تـرەوە بەهـۆی ناکۆکـی ناوخۆیـی لەنـاو دەسـەڵاتدا نەیادەپەرژایـە سـەر کـوردو کوردسـتان، لێـرەوە دەتوانیـن بڵێیـن کـە لەسـەردەمی خەلافەتـی راشـدیندا سـەرەڕای ژمارەیـەك شـەڕو پێکـدادان و کۆمەڵکـوژی، کـە لەسـەردەمی خەلیفـە عومـەردا بەڕێـوە چـووە، ژیـان گوزەرانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان ئاسـایی بویـەوەو بەشـی زۆری گەلـی کوردسـتان شـێوەی ژیـان و بـاوەڕی خۆیـان پاراسـت.

(٣) لەنوسـینێکدا کە لەسـەر پێسـتە بەهەورامی نوسـراوەو لەناوچەی شـارەزوور دۆزراوەتەوە، مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ زیاتـر لـە هـەزار سـاڵ پێـش ئێسـتا، ئامـاژە بـۆ هێرشـی عـەرەب دەکات و نوسـراوە

ئاتران کوژان هورمزان ڕمان
وەیشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکاری عەرەب کرنە خاپوور
کناڵە یاڵە هەتا شارەزوور
ژن و کەنیکا وەدیل بەشینا
مەرد ئازا کەفتن وەناو هۆنینا
ڕەوشت زەرتوشت مانەوە بێکەس
هورمز بەزیکا نیکا وە هیچ کەس

لـە سـەردەمی خەلافەتـی ئەمەوییـدا کـە لەنێـوان سـاڵانی (٦٦١-٧٥٠)ز حوکمیـان کـرد، بەهـۆی ئـەو جیاکارییـەی کـە لەنێـوان عـەرەب و میللەتانـی تـردا دەیانکـرد، کەبەخەڵکـی ناعەرەبیـان دەگـوت (مەوالـی)، بەواتـای لایەنگـر یـان شـوێنکەوتوو، مەبەستیشـیان لـەو خەڵکانـە بـوو کـە بووبوونە ئیسـلام بـەڵام عـەرەب نەبـوون. واتـە ئەوانەیـان بـە ئیسـلامی ڕاسـت و تـەواو نەدەزانـی و بـە لایەنگـری عـەرەب و شـوێنکەوتەی عەرەبیـان لەقەڵـەم دەدان، ئەمـەش کاردانـەوەی زۆری لەنـاو کۆمەڵـگا نـا عەرەبەکانـدا دروسـتکردبوو، بەتایبەتـی کـوردو ئێرانیـەکان. هاوکات بەهـۆی هەڵوێسـتیان لەبەرامبەر بنەماڵـەی عەلـی و کۆکـوژی کەربـەلاوە کەتییـدا ئیمامـی حسێن و هاوەڵەنیـان لەناوبـردن ناکۆکـی زۆر لەنێـوان بنەماڵـەی دەسـەڵاتداری ئەمەویـدا لەلایـەك و لایەنگرانـی عەلـی و حسێن، بنەماڵـەی عەبـاس و خەواریجـەکان و کۆمەڵێـك بنەماڵـەو گروپـی تـردا پـەرەی سـەند. لـەم ماوەیـەدا ئەمەوییـەکان پەنایـان دەبـردە بەرجێگیرکردنـی نوێنـەری خۆیـان لەناوچەکانـی وەکـو کوردسـتانداو لەڕێگـەی دەسـەڵات و توانـای مادیشـەوە دەیانخواسـت خەڵکێکـی زیاتـر بـۆلای خۆیـان رابکێشـن. پێگـەی تایبەتیشـیان دەدا بـەو کەسـانەی کەئامـادەن خزمەتـی ئـەوان بکـەن. هەرچەنـدە ئـەو سیاسـەتەیان بەڕێـوە بـرد بـەڵام ئەمەوییـەکان نەیانتوانـی گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی لەکوردسـتاندا دروسـت بکـەن. بـە پێچەوانـەوە سـۆزو هەسـتی کۆمەڵـگای کوردسـتان ڕووی لـە نەیارانـی ئەمەویەکان دەکـرد. بەهۆی سیاسـەتی (مەروانـی کـوڕی محەمـەد)ی دواخەلیفـەی ئەمەویـەوە، نارەزایـی گروپـە نەیـارەکان زیاتـر بـوون و بنەماڵـەی عەباسـی مامـی پەیامبـەر بەپێشـەنگایەتی (ئیبراهیـم ئیـمام -عەباسـی سـەفاح - ئەبوجەعفـەری مەنسـور) خۆیـان رێکخسـت و سـودیان لەنارەزایـی گەلانـی ناعـەرەب، لایەنگرانـی عەلـی و خەواریجەکانیـش وەرگـرت. دیارتریـن ئـەو کەسـانەش ئەبـو موسـلمی خوراسـانی(٥) بـوو. لـە ئەنجامـدا کۆتاییـان بەدسـەڵاتی ئەمـەوی هێنـاو بنەماڵـەی عەباسـی لەنێـوان سـاڵانی (٧٥٠ - ١٢٥٨)ز حوکمـی ئیسـلامیان گرتەدەسـت.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٤)عومـەری کـوڕی خەتـاب لەلایەنـی باوکـی مەرجانـەی فەیروزیـەوە بەخەنجـەر لەکاتـی نوێژدا دەپێکرێـت. فەیـروزی بەڕەچەڵـەک ئێرانیـەو لەشـەڕی رۆمـدا لـە ئەحـواز بەدیـل دەگیرێـت و دەبێتـە مەسـیحی. دواتـر کەوتۆتـە دەسـتی عەرەبـەوەو کەسـێکی دەسـت ڕەنگیـن بـووە. دەگوترێـت بەپلانـی هورمـزان کـە ئەویـش لەشـەڕی ساسـانیەکاندا بەدیـل گیـراوە عومـەری کوشـتووە. دواتـر هەردووکیـان کـوژران و بکوژەکانیشـیان لەلایەنـی عوسـمانی کـوڕی عەفانـەوە ئـازاد کـرا.

عەباسـیەکان لەبەرئـەوەی بەهـاوکاری مەوالیـەکان و گروپـە ناڕازیەکانـی نـاو عـەرەب ببوونـە دەسـەڵاتدار، لەسـەرەتاوە لەهەوڵـی ئـەوەدا بـوون کەجـێ پێـی خۆیـان قایـم بکـەن، بـۆ ئەم مەبەستە لەلایـەك لەناوەنـدا دەیانخواسـت دەسـەڵاتی خۆیـان بچەسـپێنن، بـۆ ئەمـەش گومانیـان لەهـەر کـەس و گروپێـك بکردایـە یـان لەناویـان دەبـرد یـان پەراوێزیـان دەخسـت. ئـەوەی کەلەگـەڵ ئەبو موسـلیمی خوراسـانی، بەرمەکیـەکان، ئەهلـی بەیـت و لایەنگرانـی عەلـی و حسـێن و خەواریجەکانـدا ئەنجامیانـدا لـەو پێنـاوەدا بـوو. لەلایەکـی تـرەوە لەدەسـەڵاتە هەرێمیەکانـدا نەرمایيـان دەنوانـدو ئەمـەش وایکـرد لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی "٧٥٠ ــ ٨٥٠" دا توانیـان دەسـەڵاتی خۆیـان فـراوان بکـەن و بگەنـە وڵاتـی پشـتی ڕووبـارەوە لـە ناوەڕاسـتی ئاسـیا. ئەمـەش گەلێـك قـەوم میللەتـی تـری بـە ئیسـلام ئاشـنا کـرد. یەکێـك لـەو میللەتانـە تـورك بـوو.

بەهـۆی فراوانبوونـی جوگرافیـای ئیسـلام و کـەم ئەزموونـی عـەرەب بـۆ بەڕێوەبـردن و پێداویسـتی سیسـتەم بـە ئەزموونـی گەلانـی خـاوەن ئەزمـوون لـە بەڕێوەبردنـداو هەبوونـی ئەزموونێکـی زۆر لـە وڵاتـی ئێرانـدا، لەسـەدەی نۆیەمـەوە وردە وردە ڕۆڵـی فارسـەکان لەنـاو دەوڵەتـی عەباسـیدا ڕوو لەزیادبـوون دەکات و ڕۆڵــی عەرەبــەکان لەناوەنــددا کەمتردەبێتــەوە. هەرلــەم قۆناخــەدا بەهــۆی کۆچکردنـی تورکـە کانـەوە بـۆ ناوچەکـە و موسـوڵمان بوونیـان. ڕۆڵـی تـورك لەبەرەکانـی شـەڕدا هەڵدەکشـێ.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٥) ئەبوموسـلیمی خوراسـانی نـاوی خـۆی (بەهـزادان کـوڕی وەنـداد هورمـزد)ە و کەسـێکی بەنـەژاد کـوردەو پشـتیوانی عەباسـیەکان دەکات و ڕۆڵــی زۆر دەبێـت لەسەرخسـتنی عەباسـیەکاندا. ئەبـو موسـلیم هەندێـک پێیـان وایـە لـە شـاری (مـەرو) لەدایـک بـووە و هەندێکیـش دەڵێـن لەئەسـفەهان لەدایـک بـووەو بەشـێک لەمێژوونوسـانی ئێرانـی بەکـوردی نازانـن و دەڵێـن فارسـە. لەکاتـی دەسـت بەسـەریدا (ئیبراهیـم ئیمـام) ی عەباسـی دەناسـێت و دوای ئازادبوونـی بەرێنمایـی ئـەو دەچێتـە خوراسـان و لەقەبـی خوراسـانی پێـوە دەکـەن. لەسـاڵی ٧٤٧ز دا ڕاپەریـن لەخوراسـان لـەدژب ئەمەویـەکان دەسـت پێـدەکات و ڕەنگـی ڕەش بـۆ ئـاڵاو جلەکانـی هەڵدەبژێرێـت لەبـەر ئەمـە پێیـان دەگوتـن جـل ڕەشـەکان. هەڵبژاردنـی جلـی ڕەش بـۆ دوو هـۆکار دەگێڕنـەوە، یەکـەم لەبەرئـەوەی تۆڵـەی هـەردوو کوڕەکـەی (زەیـد و یەحیـا) وەربگرێتـەوە، دووەم گوایـە جلـی ڕەش شـکۆو سـامێکی تایبەتـی هەیـە. ڕاپەرینەکـەی ئەبوموسـلم بـووە بناغـەی سـەرکەوتنی عەباسـیەکان و هەتاسـاڵی (٧٧٥ز)ئەبوموسـلیم فەرمانـڕەوای خوراسـان و ڕۆژهەڵاتـی وڵاتـی ئیسـلام بـوو. گوایـە ڕەچەڵەکـی خـۆی بردۆتـەوە سـەر بنەماڵـەی عەبـاس و ئەمـەش دڵـی (ئەبوعەباسـی سـەفاح)ی خەلیفـەی عەباسـی و ئەبوجەعفـەری مەنسـوور بـرای خەلیفـەی لـێ کرمـێ دەکات وگومانـی لـێ دەکـەن کـە هەوڵـی بوونـە خەلیفـە بـدات، لەبەرئەمـە ئەبوجەعفـەری مەنسـوور بانگـی دەربـاری خەلیفـەی دەکات و بـە فێـڵ چەکـی دەکات و دەیکوژێـت. دوای ئەبومسـلم ژمارەیـەک لەلایەنگرانـی هەوڵـدەدەن تۆڵـەی وەرگرنـەوە. بـەڵام سـەرناکەون.

هاوكات بەهۆی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی خەلافەت و دەوڵەتی ئیسلامەوە، ئیتر نەدەتوانرا دەوڵەت وەكو ڕابردوو لەیەك ناوەندەوە بەڕێوە ببرێت لەبەر ئەمە لەم قۆناخەدا پەرە بەدەسەڵاتە هەرێمیەكان درا. لەم قۆناخەدا لەكوردستانیشدا كۆمەڵێك كەسایەتی و خانەدان دروست بوو بوون (بەشێكیان لەو كوردانە بوون كەببونە ئیسلام و گوێڕایەڵی ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلام بوون، بەشێكیشیان لەو نوێنەرە عەرەب و نا كوردانەبوون كە لەلایەنی دەوڵەتی ئیسلامەوە لەكوردستان جێگیركرابوون و جێگەی خۆیان لەناو كۆمەڵگادا كردبووەوە) كەدەیانتوانی ببنە حوكمداری هەرێمی و وەڵامی ئەو قۆناخە بدەنەوە. ئیتر لەم قۆناخەدا چەندین دەوڵەتی هەرێمی لەكوردستاندا دروست دەبێت.
دوای روخاندنی خەلافەتی عەباسی لەلایەنی مەغۆلەكانەوە لەساڵی (١٢٥٨ز)دا ئەودەسەڵاتانەی لەكوردستاندا دروست كران هاوشێوەی مەغۆل، تەتەر، قەرە قۆینلەر و ئاق قۆینلەر خاوەنی فۆرمێكی زۆرجیاوازتر نەبوون و لەناو ئاڵۆزی و هەوڵدان بۆ خۆبەناوەند كردندا كۆمەڵێك كوشتارگەیان لەكوردستان و ناوچەكەدا دروست كرد. بەڵام نەیانتوانی ناوەندێتی پێش بخەن و ئەمەش دەرفەتی بۆ دەسەڵاتە هەرێمیە كورییەكان زیاتركردو بەردەوامیان بەخۆیاندا.

٢ - دەسەڵاتەهەرێمیەكانی كوردستان :

دوای ئەوەی بەشێكی كورد دەبنە موسوڵمان، وەكو پێشتر باسمان كرد دەرفەتی ئەوەیان زیاتردەبێت كەپێگەی زیاتریان هەبێت لە ناو دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامدا. هەوڵدەدەین باس لەژمارەیەك كەسایەتی وخانەدان بكەین كە لەسەدەی دەیەمی زاینیەوە رۆڵ و شوێنیان دیاربووە لە ناو دونیای ئیسلامدا:

أـ كوردە دەیلەمیەكان (بوەهیەكان):

ڕۆڵ و پێگەی دەیلەمیەكان لەسەدەكانی شەشەم و حەوتەمی زایینییەوە گەشەی كردووە. كەلەچیاكانی ئەلبورزەوە لە گەیلانەوە شۆڕبوونەتەوە سەر دەریای خەزەرو بەرەو ناوەوەی كوردستان و میزۆپۆتامیا هاتوون. هەربۆیە بەشێكی نوسەران ئەم پێكهاتەیە بەكورد نابینن و بەئێرانی سەیریان دەكەن. بەڵام كاتێك لێكۆڵینەوە بكەین، بۆمان دەردەكەوێت كەپێش ئیسلام لەباكوری سەرچاوەكانی ڕووباری دیجلەوە هاتوون بەرەو ئەم ناوچانەو لەپەرتوكی پیرۆزی زەردەشتیەكاندا باسی جێگەی دیلەمان (كەپاشتربوون بەدەیلەمان) دەكات و سەرچاوەی دیجلە بە شوێنی سەرەكی ئەوان دادەنێ نەك چیاكانی كەناری خەزەر. ئەرشیفەكانی (كەنیشتی كریستیانی) كەهی سەردەمی مەسیحیەتی ئەربێلا (ئەربیلی ئێستا)ن، سەرزەمینی دەیلەمان بەباكوری سنجار دادەنێ و پێی دەڵێ؛ (بێت دەیلەمایە)، بنەماڵەی بوەیهی كەلەساڵانی (٩٣٢ - ١٠٦٢) حوكمێكی بەرفراوانیان كرد، لە ئەنادۆڵەوە هەتا رۆژهەڵاتی هیند بەدەستی ئەوانەوەبوو. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (پەنا خەسرەو ) كە ناسراو بوو بە (عدود ألدولە) ولە نێوان (٩٤٩-٩٨٣) حوكمی كرد توانیان سەربە خەلیفەی عەباسی نەوی بكەن و دەسەڵاتی دنیایی لێ وەربگرن. هەربۆیە

نزیکەی سەد ساڵ فەرمانڕەوایی ڕاستەقینەی دەوڵەتی ئیسلامی لەدوای عەرەب وفارسەکان کەوتە دەستی کوردە دەیلەمیەکان. ئەبو فیدای مێژوونوسی کورد لە(التواریخ القادمە)دا کوردو دەیلەمیەکان دەکاتە رۆڵەی یەك نەتەوە. نمونەش بۆناوی گەورەکانی بوەیهی دێنێتەوە، وەکو شەرەف الدولە شێرزیل (٩٨٣-٩٩٠)ز کە بەواتای (شێردڵ )دێت. پێدەچێت هەربەم هۆیەوە بێت کوردەکانی دێرسیم و بینگۆل و ئەوانەی بەزاراوەی کرمانجکی قسە دەکەن، پێیان دەگوترێت دملی و زاراوەکەشیان نزیکترین زمان و زاراوەیە بۆ ئەو گروپانەی کە لەئێستادا لەچیاکانی ئەلبورز نیشتەجێن و بەپاشماوەی دەیلەمەکان دەناسرێن و هەردوولاش لەسەرپەیڕەوی عەلەوی و یارسانی دەڕۆن، کەهەمان ئایینی دەیلەمیەکانە، چونکە دەیلەمیەکان بەفەرهەنگ لەسەرپەیڕەوی ئایینی ئێزدانی بوون و بە ناویش پەیڕەوی شیعەی عەلەویان دەکرد. بەڵام لەکاتی فەرمانڕەواییاندا جگە لە مەرداویجی پاشای زیاری و ماکانی پاشای کاکەوەیهی کە دەیانخواست ئیسلام لەڕیشەوە دەربهێنن، بەگشتی فەرمانڕەوایانی بوەیهی دەستیان لەکاروباری ئایین وەرنەداو خەلیفەی سونیان لەجێگەی خۆی هێڵایەوە. حوکمڕانی بنەماڵەی بوەیهیەکان لەلایەنی سەلجوقیەکانەوە کۆتایی پێ هێنراو ئیتر دوای بوەیهیەکان رۆڵی تورکەکان لەناو خەلافەتی عەباسیدا زیادی کردو بوونە فەرمانڕەوای ناودەڵەت.

باوەندییەکانی خوارووی دەریای خەزەر (٦٦٥-١٣٤٩)ز، زیاریەکانی تەبەرستان و گورگان(٩٢٧-١٠٩٠)ز، گەرگەرییەگانی ئازەربایجان و باکوری ئێران (٩١٦-١٠٩٠)کە بەموسافیری یان سالاریش ناسراون : شوانکارەکان و کاکەوەیهیەکانی ناوەندی باشوری ئێران (١٠٠٨-١١١٩)ز لەو بنەماڵەو خانەوادە دیلەمیانەن کە رۆڵیان بینیوە و فەرمانڕەوا بوون.

ب ـ عەیشانی (٩١٢-٩٦١) :

ئەم میرنشینە لەسەردەمی عەباسیەکاندا لە ناوچەی شارەزوور لەلایەنی عەیشانیەکانەوە دروست دەکرێت. نزیکەی نیو سەدە فەرمانڕەوایی شارەزوور و دەوروبەری دەکەن و لەلایەنی بوەیهیەکانەوە تێکدەدرێت.

ج ـ هەز بانی (ئەدیابین) :

ئەم هۆزە کوردە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆسەدەی سێیەمی پێش زایین و لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا رۆڵیان هەبووەو لەباشوری زاگرۆسەوە هاتونەتە ناوچەکانی هەولێر هەتا ئازەربایجان و خاوەن رۆڵ وپێگە بوون و ناوەندەکەیان هەولێر (ئەربیل) بووە. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لەسەدەی یەکەمی پ.ز دا زۆربەی دنیشتوانی (هەولێر) کەناوەندی(هەزبانی) یەکانە دەچنە سەرئایینی جولەکەو هاوکاری (یەهودا و سامیرا)یان کردووە لەبەرامبەر هێرشی رۆمەکان لەساڵانی (٦٧ - ١٧پ.ز) بۆ سەر ئەو ناوچە جولەکە نشینانە. لەسەدەی چوارەمی زاینیشدا ئەدیابین دەچنە سەرئایینی مەسیحیەت. تۆمارەکانی کەنیسەکانی ئەو سەردەمە گەواهیدەری ئەوکاتەی کوردن. دیارە ناوە کوردییەکەی هەزاوەندە(هەزەوان)ە بەڵام بەعەرەبی بووە بەهەزەبان و بە لاتینی بووە بەئەدیابین. هەزبانیەکان ناوی ئەربێلا دەگۆڕن بۆ(هازا)،

بـەڵام ساسـانیەکان ناوەکـەی دەگـۆڕن بۆ(نۆتـار ئەرتەخشـیر) و کاتێـك ئیسـلام هاتنـە ناوچەکـەوە، ناوەکەیـان کـرد بـە ئەربێـلا.

هەزبانیـەکان، لەسـەردەمی ساسـانیەکاندا رۆڵ وپێگـەی خۆیـان تاڕادەیـەك لەدەسـتدا. بـەڵام لەسـەردەمی عەباسـیەکاندا وردە وردە رۆڵ وپێگـەی پەیداکـردەوەو کۆتایـی سـەدەی دەیـەم و سـەرەتای سـەدەی یازدەیەمـدا میرنشـینی هەزبانـی لەناوچـەی هەولێـر دروست دەکەنـەوەو لـەوێ نیشـتەجێ دەبـن ، بـەڵام هەتـا سـاڵی (١٠٢٩ز)رۆڵیـان زۆردیارنیـە. لـەم سـاڵەدا ئەبوهیجـای ،عیسـای کـوڕی دەبێتـە میـرو هەتـا سـاڵی (١٠٤٦ز) فەرمانـڕەوا دەبێـت و ئەمیـش لەلایەنـی برازایەکیـەوە دەکـوژرێ . دوای ئـەم میر(سـالار) بەپشـتیوانی عەقیلیەکانـی موسـڵ بـووە فەرمانـڕەواو سـاڵی (١٠٤٩ز ) ئەبوحەسـەنی  کـوڕی موسـای هەزبانـی بـووە میـرو دواترئەبـو عەلـی بـرای لەسـەرکاری لادەبـا. بـەڵام دواتربـووە گوێڕایەڵـی سـەلجوقیەکان.

د ـ شەدادی  (٩٥١-١٠٧٥ ) ز :

ئـەم میرنشـینە لەلایەنـی (محەمـەد کـوڕی شـەداد) سـەرۆکی بنەماڵـەی شـەدادی کـوردی یـەوە لەناوچـەی ئـاران (ئازەربایجانـی رۆژئـاوا- باکـوری رۆژهەڵاتـی کوردسـتان) دروسـت دەکرێـت. شـەدادی بەشـێکن لـە هـۆزی هەزبانـی. (محەمـەد) سـوودی لەبارودۆخـی نالەبـاری عەباسـی وەرگرت کـە لەبـن کاریگەریـی بوەیهیـدا بـوون. بوەیهیەکانیـش کەتـازە باڵادەسـت ببـوون لەناوخەلافەتـدا نەیاندەخواسـت دوژمـن بۆخۆیـان دروسـت بکـەن. بێجگـە لەمـە (محەمـەد) سـوودی لـەوەش وەرگرتبـوو کـە (مەرزەبانـی یەکـەم )ی میـری سـالاریان کەفەرمانـڕەوای ئازەربایجـان و ئـاران بـوو لەلایەنـی بووەیهیەکانـەوە دەسـتگیرکرابوو.

ئـەم میرنشـینە شـاری دوویـن (دبیـل )پایتەختـی بـوو. میـر فەزڵـون ( ٩٨٥-١٠٣٠ز) دیارتریـن فەرمانڕەوایـان بـووە. دوای ئـەم (موسـا)ی کـوڕی و دواتر(لەشـکری) بونەتـە فەرمانـڕەوا. ئەبـو ئەسوارشـاور (١٠٤٩-١٠٦٧) فەرمانڕەوایەکـی تـری دیـاری ئـەم میرنشـینەیەو دوای ئەمیـش میرفەزڵونـی کوڕی ئەبـو ئەسـوار دەبێتـە فەرمانـڕەواو سـاڵی ١٠٧٥ز لەلایەنـی نیـزام الملـك و مەلیـك شـای سـەلجوقیەوە لەکاردەخرێـت و لـە بەغـداد بەدیلـی دمرێـت. دوای ئـەم رووداوە میرنشـینەکی بەشـێوەیەکی زۆر لاواز دەمێنێتـەوەو هەتـا سـاڵی (١١٩٨)ز بـەردەوام بـووەو بەڵگـەش بۆئەمـە سـکەی پارەیـە کـە نـاوی (کەیکاوسـی کـوڕی مەحمـودی کـوڕی شـەداد)ی لەسـەر هەڵکەنـدراوە. هـەرە دوایـی لەلایەنـی تەتەرەکانـەوە لەنـاو بـراون.

٥ ـ رەوادی   (٩٥٤- ١٠٧٦) :

ئـەم میرنشـینە لەلایەنی(محەمـەد حسـێن رەوادی)یـەوە دامـەزراوە. ئـەم بنەماڵەیـەش سـەربە هـۆزی (هەزبانی)یـن و لەناوچـەی ئازەربایجـان حوکـم دەکـەن. بنەماڵـەی سـەڵاحەدینی ئەیوبـی لـەم بنەماڵەیـەن. سـاڵی (٩٥٦ز) میرمحەمـەد کۆچـی دوایـی دەکات و (حسـێن)ی کـوڕی دەبێتـە جێنشـینی. سـاڵی (١٠٥٨ز) هسـوزانی کـوڕی مەملانـی ڕەوادی دەبێتـە میـری ڕەوادی و لەلایەنـی سـەلجوقیەکانەوە کۆتاییـان پێهاتـووە .



نەخشەی دەوڵەتەکانی ڕەوادی و شەداوی

و ـ میرنشینی عەننازی (شازنجانی) (٩٥٩-١١١٧ )ز :

ئەبوفەتح محەمـەد کوڕی عەننـازی کـوردی سـەرۆکی هـۆزی (شـازنجانی) گـەورە، ئـەم میرنشـینەی دامەزرانـدووە. سـەرەتاکەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کاتـەی کـە لەسـاڵی (٩١٥ ز) دا بووەیهیـەکان پۆسـتی جێگـری (بریکار)یـان لـە ناوچـەی حەلـوان (سـەرپێڵ زەهـاو) و ڕێـگای خۆراسـان دایـە (ئیبن و ئەبـی شـەوکی کـوردی) کـە لـەو بنەماڵەیـە بـوو. ئەوانیـش ئـەم بارووددۆخەیـان بـە دەرفـەت زانـی بـۆ فراوانکردنـی فەرمانڕەوایـی و قەڵەمـڕەوی خۆیـان. بـەڵام ناکۆکیـان لـە گـەڵ حەسـەن وای (٩٥٩-١٠١٥) لاوازی کردبـوو. ئەبـو فەتـح دوای رووخانـی حەسـەن وای دەسـەڵاتی خـۆی فـراوان کـردو ناوچەکانـی "حەلـوان - دینـەوەر - قەرەمێسـین - شـارەزوور - داقـوق - سـامیخان - خانەقیـن -- بەندێجیـن - دسـکەرە "گرتـەوە. دوای ئـەم ئەبـو شـەوك کـە نـاسراو بـوو بـە حیسـام الدولـە هەتـا (١٠٤٦ ز ) حوکمـی کـردوو دوای ئـەم (موهەلهیلـی) کـوڕی ئەبـو فەتـح حوکمـی گرتـە دەسـت. لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکاندا لاواز بـووە. لـە ساڵی (١١٠١)ز دا میـر (سـەرخاب) بـۆ ماوەیـەك قـەڵای (خەفتیـکان)ی گرتـەوە هەتـا سـاڵی (١١١٧ز) حوکمـی کـرد.

ز ـ حەسەن وای (٩٥٩-١٠١٥)ز :

لـە لایەنـی حەسـەن وای کـوڕی حسـێن سـەرۆکی (بەرزیـکان)ی شـارەزوورییەوە دامـەزراوە. حەسـەن وای لـە لای بوەهیەێـکان کاری دەکـرد. فەرمانڕەوایـی حەسـەن وای لـە هەمەدانـەوە هەتـا نەهاوەنـد، دینـەوەر و شـارەزوور درێـژ دەبـووەوە. بەشـێکی زۆری باشـورو ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ژێـر فەرمانڕەوایـی حەسـەن وای دا بـوو. دواتـر (٩٧٩) بەدرەدینـی کـوڕی بـوو بـە جێنشـینی و لـە لایەنـی پاسـەوانەکانیەوە کـوژراوە. دوای ئـەم کوڕێکـی و دواتـر نـەوەی حەسـەن وای بۆتـە جێنشـینی. ئـەم

میرنیشینه لە لایەنی بوەهێکانەوە کۆتایی پێهات. ( شمس الدولە)ی بوەیهی کۆتایی پێهاتووە.

ح ـ دۆستکی (٩٣١-٩٩٠)ز :

ئەم دەوڵەتە لەلایەنی دۆشتك (دۆستیك ) کەلەخانەدانی حەمیدی (حەمودی ) بووە دامە زراوە . ناوەندەکەی لە(ئامەد) بووە. ساڵی ٩٥٨ دۆستك دەمرێت(حسێن)ی کوڕی کە دواتر بەئەبو عەبدوڵڵا دەناسرێت و خەلیفەی عەباسی (القادربالله) نازناوی (باز ئەبوشوجاع )ی پێ دەبەخشێ، دەبێتە جێگری باوکی . (باز )دەسەڵاتی خۆی فراوان دەکات و هەتا جزیرەو موسڵ دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. ساڵی (٩٩٠ز)بۆجاری سێیەم کێشە لەنێوان فەرمانرەوای موسڵ و بازدا دروست دەبێت و باز هێرش دەکاتەسەر موسڵ بەڵام لەکاتی شەڕدا لەئەسپەکەی بەردەبێتەوە و دەکوژرێت و سەری دەبڕن. لاشەی (باز) بەدەروازەی ئیمارەی موسڵدا هەڵدەواسن و سەرەکەشی پێشکەشی (حەمدانیەکان) دەکەن و دەینێرن بۆ بەغداد. باز ساڵی ٩٦٨ز سکەی پارە بەناوی خۆیەوە لێداو رەزامەندی خەلیفەی بەغداشی بۆ وەردەگرێت. شاری شاباز (عادل جەواز) دروست دەکات، مەلیك عادلی ئەیوبی ناوەکەی دەگۆڕێت.

خ ـ مەروانی (٩٩٠-١٠٩٥)ز :

ئەم دەوڵەتە بەردەوامی دەوڵەتی دۆستکیە، دوای کوشتنی(باز)، ئەبوعەلی حەسەن کوڕی مەروان کە خوشکەزای (باز)ە کرایە جێنشینی، دوای ئەوەی لەشکری حەمدانیەی تێکشکاند، چووە (ئامەد)و دەوڵەتی مەروانی دامەزراندو ساڵی(٩٩٧ز) بەناپاکی دەکوژرێت و ئەبو سەعیدی برای دەکرێتە جێنشینی. ساڵی (١٠١١)ز شیروەی کوڕی ماسە کە خاوەنی قەڵای(ئاتاخ)بوو، هاوکات دۆستی ئەبوسەعید بوو، داوەتی دەکاو بەنامەردانە دەیکوژێ. لەدوای ئەم ئەحمەدی کوڕی مەروان کەناسراوە بە(مەلیك عادل ناصرالدولە) هاتە سەر حوکم و لە نێوان ساڵانی (١٠١١-١٠٦١)ز حوکمی مەروانی کرد. لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دوای ئەم نصرالدولەی کوڕی ئەحمەد (١٠٦١-١٠٨٠)فەرمانڕەوایی کرد. پایتەختی نصر لەمیافارقین بوو، ناکۆکی لەگەڵ مەعیدی برایدا هەبوو کە لەئامەد دادەنیشت. دوای کۆچی دوایی نصر، مەنصوری کوڕی بووە فەرمانڕەوا. بەڵام لەلایەنی فەخرالدولەی عەباسی و جگەرمژی(٦) فەرمانداەی لەشکری موسڵ تێکدەشکێندرێت و بەدیل دەگیرێت و لەجزیرە بەندی دەکەن، هەتا لەساڵی (١٠٩٥ز) دا کۆچی دوایی دەکات و ئەم دەوڵەتەش کۆتایی پێ دێت.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٦) شمس الدولە جگەرمژ: کوردێکی جزیرەیە، لەبنەماڵەی بەنی وەهاب بووەو لەلای پاشای دۆستکی خزمەتکار بووە، کەسێکی ئازاو بەجەرگ بووە. پاشای دۆستکی پایەو دەسەلاتی داوەتێ. بەڵام ئەو لێی هەڵگەڕاوەتەوەو جووەتە پاڵ فخر الدولەی عەباسی و موسڵی بۆخۆی داگیر کردووە.

مەروانیـەکان زۆر ڕۆڵـی گرنگیـان بینیـوە لەمێـژووی خۆیانـدا. هەوڵیانـداوە پەیوەندیەکـی دۆسـتانە لەگـەڵ سـەلجوقیەکاندا دابمەزرێنـن و خۆیـان لەشـەڕی ئەوانـە دووربگـرن. بەتایبەتـی دوای ئـەوەی کاریگەریـی سـەلجوقی لەسـاڵی ١٠٤١ز بـەدواوە لەسـەرخەلیفەی عەباسـی زیـادی کـرد. هاوکاتـی ئەمـە خواسـتویانە سـوود لـەوان وەربگـرن بـۆ کەمکردنـەوەی فشـاری ڕۆمـەکان لەسـەر خۆیـان، جونکـە ڕۆمـەکان دراوسـێی ڕۆژئـاوای مەروانـی بـوون. سـەلجوقیەکانیش بـەدوای فەتـح بـۆ ئیسـلام و شـوێنی ژیانێکـی باشـتر بۆخۆیانـدا دەگـەڕان. دوای ئـەوەی ئامانجەکانیـان یەکانگیـر بـوو، هـاوکاری یەکتریـان کـرد بـۆ (فەتـح)ی ئەنـادۆڵ و ئەوەبـوو لەسـاڵی (١٠٧١ز دا و لەشـەڕی(مەلازگرت)دا توانیـان ئەنـادۆڵ بـەڕووی ئیسـلامدا بکەنـەوە. ئـەم دوڵەتـە لەلایەنـی سـەلجوقیەکانەوە کۆتایـی بەدەسـەڵاتیان دێـت و پاشـان شـاماران لـە (١١٠٠ز ) بـەدواوە جێگـەی مەروانـی دەگرنـەوە.

چ ـ حکومەتی شوانکارە : (١٠٣٥-١٣٥٥) ز:

ئـەم دەوڵەتـە لەباشـوری زنجیـرە چیـای زاگـرۆس لەلایەتـی ئەمیـر فەزلەوییـەی کـوڕی عەلـی کـوڕی حەسـەنی ئەیوبییـەوە دامـەزراوە. هـۆزی شـونکارە لەپێنـج تیـرەی گـەورە پێکهاتبـوون و نەبـەردو زیـرەك بـوون.

ع ـ فەرمانڕەوایانی لوڕی گەورە (فەزلەوییەو هەزار ئەسپ) :

بەپێـی گێڕانـەوەی شـەرەفخانی بەدلیسـی: لەمەڵبەنـدی (مانـرود) گوندێـك هەبـووە نـاوی (کـورد) بـووە، لەنزیـك ئـەو گونـدە دەربەندێـك هەبـووە بەلـوڕی پێیـان گوتـووە (کول)لەنـاو ئـەو دەربەندەش شـۆنێك هەیـە پێـی دەڵێـن ((لـوڕ)). لەبەرئـەوەی بنەچـەی ئـەو هـۆزو تیرانـە لـەو شـوێنە بـووە، نـاوی خۆیـان نـاوە (لـوڕ) گوایـە ئـەم باسوخواسـە لـە (٩١٢ز) دا بـووە، ناوچـەی (لـوڕ) لەلایەنـی دووبـراوە بەنـاوی (بـەدرو ئەبومەنسـور)ەوە بەڕێوەبـراوە. دواتـر بەهەرێمـی بـەدر گوتـراوە لوڕسـتانی گـەورە کەدەکاتـە ناوچەکانـی بەختیـاری و گیوکیلوەوبویەرئەحمـەدی ئەمـڕۆ، بـە هەرێمـی ئەبومەنسـوریش گوتـراوە لوڕسـتانی بچـوك کەناوچەکانـی لوڕسـتان و بەشـێك لەهەمـەدان وئیلامـی ئەمـڕۆی گرتۆتەوە. ئەبوتاهیـر کـوڕی محەمـەد کـوڕی ئەبوحەسـەنی فەزڵـەوی لای ئەتابـەگ سـینقور کاری کـردووە. سـاڵی (١١٥٥ز)بەنـاوی سـینقورەوە لوڕسـتانی داگیرکـردووەو دواتـر ئـاڵای سـەربەخۆیی تێـدا هەڵکـردووەو هەتـا (١١٦٠ز) حوکمـی کـردووەو پاشـان کۆچـی دوایـی کـردووە. دوای ئـەم (هـەزار ئەسـپ)ی کـوڕی جێگـەی دەگرێتـەوەو دەوڵەتەکـە بەرفـراوان دەکات، هەربۆیـە بەهـەزار ئەسـپ دەناسرێـت. ئەبوتاهیـر خـۆی بەئەتابـەگ رادەگەیەنێـت، بـەڵام ئەمـان زرئەتابەگـن، جونکـە ئەتابەگـی ڕەسـەن ئەوانەبـوون کەلایەنـی خەلیفـەوە پارێـزگاری سنوریان پێدەسـپاردن و پادشـایانی سـەلجوقی منداڵیـان پـێ بەخێـو دەکـردن. ئەبـو تاهیـر جگـە لـە هەزارئەسـپ چوارکـوڕی تریشـی هەبـوو (بەهمـەن -عیمادەدیـن پەلهـەوان -نەسرەتیـن ئیـل واکـوش -قـزڵ ئەتابێـگ ). لەسـەردەمی هـەزار ئەسـپدا (٢٧) هـۆزی کـوردو چەنـد هـۆزی عـەرەب لەژێـر فەرمانڕەوایـی هەزارئەسـپدا دەبـن . هـۆزە عەرەبـەکان عوقەیلـی و هاشـمی دەبـن و کوردەکانیـش : ١-ئەسـتەرکی ٢- مەماکۆیـە ٣- بەختیـاری ٤- جوانەکـی ٥- بـێ دانیـان ٦- زامەدیـان ٧- عەلانـی ٨- لـووت وەن ٩-بتوەنـد ١٠- پوازەکـی

١١- شنوەند ١٢- راكی ١٣- خاكی ١٤- هارونی ١٥- ئەشكی ١٦-كۆیی ١٧-لێراوی ١٨- مۆیی ١٩- بەحسەفودی ٢٠- كەمانكە شنی ٢١- مووماستی ٢٢- ئۆمەكی ٢٣- تەوابی ٢٤- گراوی ٢٥- مەدیجە ٢٦- ئاكورد ٢٧- كۆلارد

هەزار ئەسپ لەساڵی (١٢٥٧ز)كۆچی دوایی كردووە. واتا تەمەنێكی درێژی بردۆتەسەرو دوای ئەم (توكلە )ی كوڕی بوو بەپادشا. توكلە هاوكاری (هۆلاكۆ )ی كردووە بۆگرتنی بەغداد، بەڵام پەشیمان بۆتەوەو هۆلاكۆش هێرشی كردۆتە سەری و دەسگیری كردووەو سزای كوشتنی بەسەردا سەپاندووەو لەتەورێز دەیكوژن. پیاوەكانی توكلە تەرمەكەی دەدزن و دەیبەنەوە گوندی (زەردە) بەخاكی دەسپێرن. ئەم دەوڵەتە هەتا (١٤٢٣ز)بەردەوام دەبێت. دوای ئەم (ئەلپ ئەرگونی) برای توكلە دەبێتە فەرمانڕەوای لوڕستان و دوای مردنی توكلە (١٥) ساڵ فەرمانرەوایی دەكات. دواتر (یوسف شاو عیمادەدین پەهلەوان)ی كوڕی فەرمانڕەوایی دەكەن. یوسف شا بەفەرمانی (ئەبقاخان )ی كوڕی هۆلاكۆ دەبێتە فەرمانڕەوای لوڕستان. جونكە یوسف لایەنگری ئەبقاخانی كرد بەرامبەر (بوراق خان)ی برایدا. ئەمیش ساڵی (١٢٨٥ز) كۆچی دوایی دەكات و ئەفراسیاب و ئەحمەدی لەدوای خۆی بەجێهێڵاو ئەفراسیاب بووە جێنشینی باوكی، بەڵام كەسێكی بەفیزو سەرەرۆ بووەو لەساڵی (١٢٩٦ز) دا بەدەستی (غازی خان)ی مەغۆلی كوژراوە. دوای ئەم (ئەحمەد)ی برای دەبێتە فەرمانڕەواو بەكەسێكی باش و ئاكار چاك ناسراوەو (٣٨)ساڵ فەمانڕەوایی دەكات، هەتا لە ساڵی (١٣٣٢ز)دا دەمرێت. دوای ئەم یوسف شا دەبێتە فەرمانڕەواو شەش ساڵ فەرمانڕەوایی دەكات. بەرێكوپێكی حوكم دەكات . دوای ئەم ئەفراسیاب ئەحمەد كوری یوسف شا دەبێتە فەرمانرەواو ئەم لەسەردەمی تەیموری لەنگدا، فەرمانرەوا دەبێت و لەسەردەمی شا حسێن و غیاسەدین كەئامۆزای یەكن ، وەڵات پەرتەوازە دەبێت و ساڵی (١٤٢٣ز) كۆتایی بەم دوڵەتە دێت.

غ ـ فەرمانڕەوای لوڕی بچوك :

دوای لێكدابڕانی لوڕستانی گەورەو بچوك لەیەكتر، لەساڵی ١١٥٥ز دا شوجاعەدین كوڕی خورشید لەلایەنی حوسامەدین شوهلی ئەفشارییەوە (ئەفشاریەكان بەتێڕوانینی هەندێك كوردن و بەتێڕوانینی هەندێكی تر دەچنەوە سەرتوركە سەلجوقیەكان) دەكرێتە فەرمانڕەوای بەشێك لە لوڕدستانی بچوك. دواتر هەتا ساڵی (١٢٢٤ز) فەرمانڕەوایی دەكات و لەكۆتایی ژیانیدا هۆشی لەدەست دەداو پاشان دەمرێت. دوای ئەم سەیفەدین رۆستەمی كوڕی نورەدینی برای دەبێتە فەرمانڕەوا. (دەوڵەت خاتون) خێزانی عیزەدین محەمەدی فەرمانڕەوای لورستان، دوای مردنی هاوسەرەكەی لە (١٣١٦ز) دەبێتە فەرمانڕەوای ئەم هەرێمە. بەڵام زۆر درێژە ناكێشێت و دەسەڵات ڕادەستی براكەی دەكات. كەئەویش( عیزەدین حوسێن)ە. ئەم فەرمانڕەواییە هەتا سەردەمی شاعەباس بەبەهێزی بەردەوام دەبێت. شاعەباس ساڵی ١٥٩٩ز هێرشی كردە سەر(شاوێردی كوڕی محەمەد) كەفەرمانڕەوای لوڕستان بوو، تێكی شكاندو كوشتی، دوای ئەمە فەرمانڕەوای لوڕستانی بچوك لاواز بوو، كەوتە ژێر فەرمانی شاهانەی ئێرانەوە. (جێگەی باسە

کـە شـا عەبـاس و شـاوێردی ژن بـە ژنیـان کردبـوو، خوشـکی شـاعەباس خێزانـی شـاوێردی بـوو، خوشـکی شـاوێردیش خێزانـی شـاعەباس بـوو). هەتـا لەسـاڵی ١٩٢٨ز دا غـولام ڕەزاخانـی سـەرۆکیان ماوەیـەك دژی (ڕەزاشـا )ی ئێـران رادەوەسـتێ، بـەڵام لەکۆتاییـدا خۆیـان ڕادەسـتی دەسـەڵاتی ئێـران دەکـەن.

ف ـ فەرمانڕەوایی ئەیوبی (١١٧٢-١٢٥٠) ز :

ئـەم فەرمانڕەوایییـە لەلایەنـی یوسـف سـەلاحەدین کـوڕی نەجمەالدیـن ئەیوبـی ڕەوادییـەوە دامـەزراوە. ئـەم خێڵـە هەندێـك بـە (ڕەوەندیـش ناویـان دەبـەن و بنەچەیـان دەچێتـەوە سـەر شـادی کـوڕی مـەروان و دەچنـەوە سـەر شـەدادییەکان. وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد ئـەم دوو هـۆزە لەهەزبانیەکانـن و لەنێـوان هەولێـرو ئازەربایجانـدا ژیـاون. ئەمیرجەمالەدیـن بەهـرۆز کەخزمەتکاری شـادی بـووەو دواتـر چووەتـە لای مەلیکشـای سـەلجوقی و بـووە بەوالـی بەغـدادو ئەویـش (شـادی) دەکاتـە بەربرسـیاری قـەڵای تکریـت، دوای شـادی ، نەجمەدینـی کـوڕی دەبێتـە بەرپرسـیاری قەڵاکـەو ئەسـەدالدین شـێرکۆی بـرای هـاوکاری دەبێـت، دواتـر بەهـۆی ئـەوەی شـێرکۆ پیاوێـك دەکوژێـت والـی بەغـداد دەریـان دەکات و ئەوانیـش دەچنـە موسـڵ و لای عیـماد الدیـن زەنکـی و ئەویـش نەجمەدیـن دەکاتـە فەرمانـڕەوای بەعلەبـەك و دوای مردنـی عیمادالدیـن نورەدیـن زەنکـی کـوڕی جێگـەی دەگرێتـەوەو ئەویـش شـێرکۆی بـرای نەجمەدیـن دەکاتـە سەرلەشـکری شـاری (حمـص). ئەمـەش دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی کـە ئەسـتێرەی بەختیـان بکرێتـەوە.

شێرکۆ دوای ئـەوەی لەچەندیـن شـەڕدا خـۆی دەسـەلمێنێ، سـەرکردایەتی سـوپای دەدرێتـێ بـۆ گرتنـی میـسرو لەسـاڵی ١١٧٩دا میسردەگرێـت و دەکرێتـە وەزیـری خەلیفە(عـازدی فاتمی)میـسر. لەهەمـان ساڵداو دوای(٦٥) ڕۆژ شـێرکۆ دەمرێـت. سـەلاحەدین کـە یارمەتیـدەری مامـی بـوو، دەچێتـە جێگـەی. نورەدیـن زەنکـی (١١١٧-١١٧٣)ز ژیـاوەو سـاڵی ١١٥٥ بـووە بەفەرمانـڕەوا، سـەلاحەدین(١١٣٧-١١٩٣) وەکـو جێنشـینی شـێرکۆی مامـی پەسـند دەکات. دوای کۆچـی دوایـی نورەدیـن و خەلیفـەی فاتمـی، سـەلاحەدین ئیـتر بەتـەواوی دەبێتـە فەرمانـڕەوای شـام، میـسر، یەمـەن و بەشـێکی باشـورو ڕۆژئـاوای کورسـتان. سـەلاحەدین لەفەرمانڕەوایەتـی خۆیـدا بەکەسـێکی وریـاو عـادل نـاسراوە، لەشەڕیشـدا کەسـێکی بوێـرو بەبەرنامەبـووە. توانـی دوای نزیکـەی سەدسـاڵ خـاچ پەرسـتەکان لـە (قـودس )دەربـکاو قـودس بخاتـەوە ژێـر فەرمانـی ئیسـلام. لەسـاڵی ١١٩٣دا لەشـام کۆچـی دوایـی دەکات و هەرلـەوێ بەخـاك دەسـپێردرێت. دوای سـەلاحەدین، عوسـمانی کـوڕی کـە بەمەلیـك عەزیـز دەنـاسرا، لەگـەڵ ئەبوبەکـری بـرای کـە بەمەلیـك عـادل دەنـاسرا بوونـە فەرمانـڕەواو عەلـی کـوڕی سـەلاحەدین کەبەمەلیـك ئەفـزەل دەنـاسرا لەشـام ڕووبـەڕووی عوسـمان بویـەوە. بـەڵام سـەرنەکەوت و لەفەرمانڕەواییـان لابـرد. سـاڵی ١١٩٦مەلیـك عەزیـز دەمرێـت، دوای ئـەم ئامۆزاکـەی کەکـوڕی ئەبوبەکـر بـوو موسـای ناوبـوو، بەمەلیك ئـەشرەف دەنـاسرا بـووە فەرمانـڕەواو هەتـا ١٢٣٧ حوکـم دەکات. لەسـەردەمی مەلیـك موعەزەمـی کـوڕی مەلیـك صاڵحـداو لەسـاڵی (١٢٥٠ز) خاچپەرسـتەکان هێرشـیان کـردە سـەر میـسر، هـەر چەنـدە لەشـەڕدا تێکشـکان، بـەڵام دوای لەخۆبایـی بوونـی مەلیـك

موعـەزەم مەمالیکـەکان لەناویـان بـردو کۆتاییـان بەدەسـەڵاتی ئەیوبـی هێنـا.




ق ـ فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان :(١١٦٨- ١٨٦٧) ز :

بەگوێـرەی میرشـەرەفخانی بەدلیسـی، فەرمانڕەوایـی ئەردەڵانیـەکان دەچێتـەوە سـەر بابـا ئـەردەڵان، هەندێکیـش دەڵێـن نـاوی قوبـاد ئـەردەڵ بـووەو بـە ڕەچەڵـەك دەچێتـەوە سـەربنەماڵەی (ئەحمـەد مەروانـی – ناصروالدولـە)ی فەرمانـڕەوای ئامـەد. دوای هەڵوەشـانەوەی فەرمانڕەواییەکەیـان لەسـاڵانی ( ١١٠٠ز) بـەدواوە بەرەوشـام دەڕۆن و دواتـر بـەرەو شـارەزوور کـۆچ دەکـەن و بابـا ئـەردەڵان لێهاتویـی خـۆی سـەلماندووەو توانیویەتـی فەرمانڕەوایـی ناوچەکـە وەربگرێـت و لەسـاڵی (١١٦٨ز)دا لەزەڵـم قـەڵاو قایمـکاری دامەزرانـدووەو مـاوەی ٤٢ سـاڵ فەرمانڕەوایـی کـردووە. دوای بابـا ئـەردەڵان، کلۆڵـی کـوڕی دەبێتـە فەرمانـڕەوا. ئەحمەدبەگـی هەڵۆخـان (١٦١٠-١٦٣٦)دیارتریـن فەرمانـڕەوای ئـەردەڵان بـووە کـە توانیویەتـی لەنێوان شـا عەبـاس وعوسـمانیەکاندا سـەربەخۆیی خۆی بپارێزێـت و بەشـی زۆری ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتان هەتـا جزیـرەی بۆتـان بخاتـە ژێر دەسـتی خۆیـەوە. لەسـاڵی (١٥٦١ز) پایتەختیـان گواسـتۆتەوە بـۆ مەریـوان، دوای ماوەیـەك گواسـتویانەتەوە بـۆ پڵنگیـان و دواتـر گواسـتویانەتەوە بۆ(حەسـەن ئـاوا)و دوایـین جـار لەسـاڵی (١٦٣٦ز)دا لەسـەردەمی (سـلێمان خانـی کـوڕی میر عەلەمەدیـن تەیمورخانـی ئـەردەڵان) کـە بەپشـتیوانی شـاصەفی بـووە بـە میـر، پایتەختـی میرنشـین گوازراوەتـەوە بۆ(سـنە). میرنشـینی ئـەردەڵان لەسـەردەمی خـان ئەحمـەد خانـدا مەزهەبـی شـیعەی کـردە نەریـت و لەگـەڵ شـاکانی سـەفەویی ئێرانـدا ژن و ژنخوازیـان دەکـرد. لـەدوای پەیمانـی قـەسری شـیرین لەسـاڵی ١٦٣٩داو دیاریکردنـی سـنوری هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانلی و سـەفەوی ئەمارەتـی ئەردەڵانیـش پارچـە دەبێـت و بەشـێکی دەکەوێتـە ژێردەسـتی

عوسـمانی و ئـەو بەشـەی دواتـر دەبێتـە بەشـێك لـە میرنشـینی بابـان.
ئەمـەو شـەرەفخانی بەدلسـیی بـاس لەچەندیـن میرنشـین و دەوڵـەت وخانەدانـی کـوردان دەکات کـە لـە سـەدەکانی سـیازدەیەمی زایینـی واتـە دوای روخانـی خەلافەتـی عەباسـی و شـاڵاوەکانی مەغـۆل و تەتـەرەکان دروسـت بـوون و زۆریـان هەتـا سـەردەمی عوسـمانی وسـەفەوی فەرمانڕەواییـان کـردووەو بەشـێکیان توانیویانـە لـەدوای پارچەبوونـی کوردستانیشـەوە قەڵەمـڕەوی خۆیـان بپارێـزن و هەتـا ڕادەیـەك مۆرکـی خۆیـان لەوقۆناخانـە داوە. ئێمـە لێـرەدا تەنیـا ناویـان دێنیـن و لـە دوای پارچەبوونـی کوردسـتان. بـاس لەژمارەیـەك لـەو مینشـین و دەڵەتانـە دەکەیـن.
فەرمانڕەوایـی هـەکاری لە(شەنبۆ)شـیان پێگوتـووەو ناوچەکانـی جۆلەمێـرگ هەتـا وانـی گرتۆتـەوە. فەرمانڕەوایـی جزیـرە کـە بەختیە(بۆهتـی) و عەزیزان(ئازیزان)یشـی پێگوتـراوە. فەرمانڕەوایـی حەسـەن کێـف کەبە(مەلەکان)یـش نـاسراون. فەرمانڕەوایـی چەمشـگەزەك کـە لەناوچـەی دێرسـیم و قۆچگـری باکـوری رۆژئـاوای کوردسـتان بـووەو سـێ لقـی لـێ بۆتـەوە؛ مجەنکـورد، پەرتـك وسـوقمان. فەرمانڕەوایـی مەرداسـی کەئەویـش سـێ هەرێمـی هەبـووە کـە ئەگیـل، پاڵـۆو چەرمیـگ بـوون. فەرمانڕەوایـی ساسـۆن (حـەزۆ) کـە حـەزۆ، موکـس و ئەسپارود(ئەسـبایرد)ی دەگرتـەوە. فەرمانڕەوایی(کلـز، کلیـس). فەرمانڕەوایانـی شـێروان کـە کفـرا، ئـەروە و کرنـی (کرتـی - کورتـی) لەخـۆ دەگـرت. فەرمانڕەوایانـی دەرزینـی، گـردکان عیتـاق و تەرجیـل. فەرمانڕەوایـی سـوێدی. فەرمانڕەوایـی سوهران(سـۆران). فەرمانڕەوایـی بابـان، موکـری و فەرمانڕەوایـی برادۆسـت کـەدوو بـەش بـوون؛ ئەشنۆ(شـنۆ) و سـۆما. فەرمانڕەوایـی مەحمـودی. فەرمانڕەوایـی دونبوڵـی - زەرزا - فەرمانڕەوایـی ئەسـتۆنی - فەرمانڕەوایـی داسنێ(تاسـنێ) کـە لـە ناوچـەی شـێخانی ئێزیـدی بـووە. فەرمانڕەوایـی کەلهـوڕ کـە لەپڵـنگان (پاڵەنـگان)، دەرەتەنـگ و ماهیدەشـت پێکهاتـووە. فەرمانڕەوایی بانـەو فەرمانڕەوایانـی تـەرزا. فەرمانڕەوایـی کوردانـی گـۆران کەچواربەشـن؛ سـیا مەنسـور، چەکنـی، زەنگنـەو پازۆکـی.
بێگومـان ئەمـەی کەئێمـە باسـمان کـرد ناتوانێـت گـوزارە لەهەمـوو ئـەو سـتاتۆو قەوارانـە بـکات کـە کـوردان دروسـتیان کـردووە یاخـود ئـەو رۆڵـەی کـە کـورد لەنـاو دەسـەڵاتی خەلافـەت و سـەڵتەنەتی ئەوسـەردەمەدا بینیوێتـی، یـان ئـەو رۆڵـەی کـە لەگۆڕانکارییەکانـی دەسـەڵاتدا بینیوێتـی. بـەڵام دەکرێـت ئـەم بـاس و نمونانـە ببنـە زەمینـەو ژێرخانێـك بـۆ لێکۆڵینـەوە لەڕۆڵـی کـورد لـەو سـەردەم و قۆناخـەدا. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجی ئێمەیـە ئەوەیـە کـە ڕۆڵـی کـورد لەنـاو فەرمانڕەوایـی گشـتی ئـەو سـەردەمەدا ئەگـەر هاوتـای عـەرەب، فـارس و تـورك نەبێـت زۆر کەمـتر نییـە. هـاوکات ئـەو قۆناخانـەی کەکـورد رۆڵـی لەدەسـەڵاتی خەلافەتـدا زۆر بـووە، وەکـو سـەردەمی بوەیهیـەکان و ئەیوبیـەکان سـەردەمی پرشـنگداربوون لەفەرمانڕەواییـداو خزمـەت زیاتربـووە لەسـتەم، کرانـەوە بـەڕووی پێکهاتـەو فەرهەنگـە جیاوازەکانـدا زیاتربـووەو چەوسـاندنەوە کەمـتر بـووەو هەندێـك مێژوونـوس و شـاهید حـاڵ بـاس لـەم راسـتیانە دەکـەن. هەروەهـا کـورد ڕۆڵـی زۆربـووە بـۆ گۆڕانـکاری و وەرچەرخـان. لەگـەڵ ئەمانـەدا لەسەرئاسـتی هەرێمـی ئـەو دەوڵەتـە هەرێمیانـەی

کەکورد دروستی کردوون لەرووی ژمارەوە زۆر زیاترن لەوەی کەگەلانی تر دروستیان کردوون. بەڵام لەبەرئەوەی سەدەی ڕابردوو چەمکی دەوڵەت نەتەوە باڵادەست بوو، مێژووش بەو چەمکە نوسرایەوەو ڕێکخرایەوە، دەبینین لەمێژووی نوێدا باسی ئەو واقعەی کوردان ناکرێت و هەندێکیشیان دەشێوێنن و دەیکەنە ماڵی گەلانی تر، دیارە کاتێك باسی ئەمە دەکەین، بەو واتایە باسی ناکەین کە هەبوونی دەوڵەت وەکو دیاردەیەکی باش ببینین، بەڵکو بۆ ئاماژەکردنە بەو واقعەی کەبۆ گەلانی تر وەکو سەروەری سەیر دەکرێت ، بەڵام نکۆڵی لەوەی کورد دەکرێت.

دووەم: فۆرمی کۆمەڵگا لە سەردەمی ئیسلامدا لەکوردستاندا

کۆمەڵگای کوردستان وەکو کۆمەڵگای دایك و لانکەی کۆمەڵگای سروشتی، لەقۆناخەکانی پێش دەرکەوتنی ئیسلامدا هەوڵیداوە کۆمەڵگای سروشتی و فۆرم و پێوانەکانی بپارێزێت. هەروەکو چۆن سەرچاوەی کانی هەمیشە لە هەوڵی خاوێنکردنەوەو نوێکردنەوەی ئاوەکەیدایەو چەندە لەخوارەوە لێڵ ببێت، سەرچاوە خاوێنی دەکاتەوە، کۆمەڵگای کوردستانیش هەمیشە لەهەوڵی خاوێن ڕاگرتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا تێکۆشاوە. لەسەردەمی ئیسلامیشدا ئەوەی سەرنجڕاکیشە، ئەوەیە کۆمەڵگای کوردستان پەرەی بەم لایەنەی خۆیداوە. هەرچەندە بەشێك لەخانەدان و زانایانی کوردستان و سوارچاکانی کورد هەوڵیانداوە لەناوفۆرمی دەسەڵاتدا ڕۆڵ ببینن و کاریان لەسەر ئەم لایەن و بوارە کردووە. بەشی زۆری کۆمەڵگا هەوڵیانداوە گەشە بەفۆرمی کومەڵایەتی خۆیان بدەن و ناسنامەی کۆمەڵگایی خۆیان بپازێزن. دیارە لەم بوارەدا سودیان لەچەمکی ئیسلام بۆ فۆرمی کۆمەڵکا وەگرتووە. ئەو فۆرم و چەمکانەی کە لە پەیامەکانی قورئان و فەرموودەکاندا هاتووە، وەکو؛ خودا کۆمەڵگای لەگەلان و هۆزە جیاوازەکان دروست کردووە بۆئەوەی یەکتر بناسن و خودا جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکاندا ناکات و ئەوەی خوداپەرستی خۆی باشتر بکات ئەوە چاکترینی مرۆڤەکانە. بەم پێیە نەناسینی ناسنامە کۆمەڵایەتیەکان و جیاوازی خستنە نێوانیان و بەرزکردنەوەی ناسنامەیەك لەسەر حسابی ناسنامەکانی تر، پێچەوانەی پەیامی خودایە. بێگومان ناوەڕۆکی ئەم پەیامە لەگەڵ پێوەری کۆمەڵگای سروشتیدا یەکدەگرێتەوە، هەربۆیە کورد باوەڕی بەم پەیامە هێناوەو لەلایەك فۆرمی کۆمەڵایەتی خۆی پاراستووەو گەشەی پێداوە، هەمان کات چەمکی فۆرمی گشتی ئیسلام کە ئوممەتە بەهەندی وەرگرتووەو بەرجەستەی کردووە.

دەبینین کۆمەڵگای کوردی فۆرمی بنەماڵە، تیرە، خێڵ و هۆزی پاراستووە، هەرچەندە لەهەندێك بواردا گۆڕان بەسەر ئەم فۆرمەدا هاتووە. بۆ نمونە پێشتر زۆربەی خێڵ و هۆزە کوردەکان (ڕیش سپی) یان هەبوو، یاخود پیرو باواو سان (کە لەکۆندا بەواتای سەرۆك یاخود مەزنی ناوچەیەك یاخود خێڵ بەکار هاتووە) بەڵام لەو سەردەمەدا بەهۆی تێکەڵاوی زیاتر لەگەڵ عەرەب و تورکدا، بەشێکی خێڵ و هۆزە کوردەکان بوونە خاوەنی بەگ، خان، میر یان ئەمیر و پادشا، واتا دەستەواژەو فۆرمی نوێی کۆمەڵایەتی خزاونەتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. کە

بەگ و خان لەگەڵ فەرهەنگی تورکدا هاتووە، پاشا کاریگەری فەرهەنگی ساسانی یەو ئەمیر و میریش لەگەڵ فەرهەنگی عەرەبدا هاتووە، ئەمانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی تیرەو خێڵ و هۆزە کوردەکان بکەونە ژێرکاریگەریی ئەو جۆرە پێکهاتانەی ئەو گەلانەی ترەوە. ئەوەتا لەو سەردەمەدا دەبینین تیرەو خێڵ و هۆزە کوردەکانیش بەشێکیان دووردەکەونەوە لەکشتوکاڵ و ئاودێریی و زیاترگرنگی بە بەشداریکردن لەشەڕو ململانێیەکاندا دەدەن و بەمەش لەکاراکتەری ڕەسەنی خۆیان دوور دەکەونەوە. سەرەڕای ئەمەش دەبینین ئەم پێکهاتانەی کۆمەڵگا بەشێکی باشی فەرهەنگی کۆمەڵگایان پاراستووە.

لەگەڵ ئەمەدا، دەبینین سەردەمی ئایینە ئاسمانیەکان هەمان ئەو سەردەمەیە کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و فۆرمی کۆمەڵگا بەرفراوانتر بوو، ئیتر میللەت یان قەوم بووە ناسنامەی فراوانتری کۆمەڵگاو دەبووە چەترێك بۆ تیرە، خێڵ و هۆزە لێك نزیکەکان. ئەم هەنگاوە لەناو کۆمەڵگای کوردیشدا هاویشتراوە، ئەوەتا دەبینین و باسمان کرد لەکاتێکدا ئیسلام و قورئان بۆ عەرەب بوونە پەیام و هاوکاری بۆ دورستبونی ناسنامەی قەومی و خۆ قەتیس نەکردن لەناو ناسنامەی خێڵ و هۆزەکاندا. خێڵ و هۆزە کوردەکان لەپێش ئیسلامدا بگرە پێش زایینیش هەنگاویان بۆ بە گەل بوون یان بە قەوم بوون ناوەو ناسنامەی کوردبوون لەهەستی زۆربەی خێڵە کوردەکاندا جێگیربووە. کوردەکان شانازییان بەکوردبوونی خۆیانەوە کردووە. ڕەنگە هەندێك ڕەخنەی ئەوە بکەن کەبۆچی کورد بەناوی کوردەوە کاری نەکردووە، بۆ نمونە بڵێن بۆچی دەوڵەتی بۆخۆی دروست نەکردووە؟ یان بڵێن کورد خزمەتی خەڵکی تری کردووە؟ بێگومان ئەم پرسیارو رەخنانە هەرچەندە پێوستیان بە بەدواداچوون هەیەو پێویستە وەڵامی تێرو تەسەل بدرێنەوە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کەئەو پرسیارانەو ئەوانەشی کە ئەو پرسانە دەکەن لەژێر کاریگەریی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەو ئەتنیکیدان. ئەو چەمکەش یاخود ئەو مۆدیلە هەتا دوو سەد ساڵ پێش ئێستا لەهیچ جێگەیەکی دونیا نەبووبوو بە مۆدێل. تەنیا جولەکە دەوڵەتی لەسەر بنەمای ئەتنیکی و قەومیەت دروستکردووە، ئەویش هەمیشە ڕووبەڕووی کۆکوژی بوونەتەوە. دیارە نابێت ڕەخنە لەوە بگرین کە کورد باوەڕی بەیەکسانی و هاوتایی ناسنامە کۆمەڵایەتیەکان هێناوەو نەیخواستووە خۆی بسەپێنێ بەسەر کومەڵگای تردا. چونکە ئەوە پێوەرێکی مرۆیی و دیموکراتیەو لەهەموو سەردەمێکدا کۆمەڵگاکان بەپشت بەستن بەو بەهایانە بەردەوامیان بەخۆیانداوە. ئەوەی کە دەبێت ڕەخنە بکرێت بەشی دووەمی بابەتەکەیە. ئەویش ئەوەیە کە کورد لەکاتی باوەڕهێنانی بەچەمکی ئوممەت کە فۆرمێکی کۆمەڵایەتی نوێ بوو، وەکو چەترێك بوو بۆ کۆکردنەوەی فۆرم و پێکهاتەی گەلان و خێڵ و هۆزە جیاوازەکان لەسەربنەمای پێوەرە ئایینەکانی ئیسلام، هاوکات گرنگی بە فۆرمە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی نەداوەو خستویەتیە پلەی دووەم و سێیەمەوە. تەدبیری خۆ پاراستنی نەبووە! کاتێك چەمکی ئوممەت بەتەواوی جێگەی خۆی گرت، چەمکی (گەل)قەوم لەناو کورددا کاڵبوویەوە. ئەم ڕەوشە لەسەدەی بیستەمیشدا ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئەوەبوو کاتێك چەمکی سۆسیالیستی و ئەنتەرناسیونالیستی گەشەی کرد

لەکوردستاندا، کوردبوون و کوردایەتی جارێکی تر لاواز بوون، سۆسیالیستە کوردەکان گرنگیان بە ناسنامەی نەتەوەو پێکهاتەی خۆیان نەدەداو ئەمەیان وەکو شەرم و دواکەوتوویی دەبینی. ئەم تێگەو هەڵوێستە لەلای سەرکردەو فەرمانڕەوا کوردەکانیش لەسەردەمی گەشەکردنی ئیسلام لەکوردستاندا دەبینین. جێگەی ئاماژە پێکردنە کاتێك باسی ئەم لایەنە دەکەین، بەو واتایە باسی ناکەین کەکورد هەڵەی کردووە، بەڵام ئەو فەرمانڕەواو سەرکردە عەرەب، تورك و فارسانەی ئاینیان خستوتە خزمەتی خۆیانەوە، کارێکی باشیان ئەنجامداوەو بانگەشەی ئەوە بکەین کە پێویستە لێرە بەدواوە ئێمەش وەها بکەین! ئەگەر ئەوەی کورد هەڵەبێت، ئەوا ئەو کەس و لایەنانەی لەژێر ناوی ئیسلام و ئوممەتگەراییدا قەومی خۆیان بەرزکردۆتەوەو قەوم و پێکهاتەی تریان بچوك کردۆتەوە، ئەوە ئەوان نەك هەڵەیان کردووە بەڵکو تاوانیان ئەنجامداوەو پێویستە ئێمە تاوانی بەو شێوەیە نەکەین، بەڵام ڕێگا نەدەین خەڵکانی تریش ئەم تاوانە ئەنجام بدەن.

## ج :باوەڕو ئایین لەکۆمەڵگای کوردستاندا

ئیسلام وەکو ئاینێکی یەکتاپەرست و جیهادی و فەتحکار، هەمیشە لە هەوڵی خۆ فراوانکردندابووە، دەسەڵاتدارانی ئیسلامیش لەئاستی جیاجیادا هەوڵیانداوە لەکاتی فەتحکردنی هەر ناوچەیەکەدا تەنیا وەکو دەسەڵاتێکی سیاسی نەچن، بەڵکو کاریان کردووە بۆ ئەوەی ئایین، باوەڕی نەریت و دابە کۆمەڵایەتیەکانیشیان بگۆڕن. کوردستانیش وەکو وڵات و کۆمەڵگا ڕووبەڕووی ئەم سیاسەتە بوویەوە. لەم بەشەدا هەوڵدەدین هەڵوەستە لەسەر ئەو گۆڕانکاری و ململانێیانە بکەین کەلەم بوارەدا لەکوردستاندا ڕویاندا. ئەمەش بە دوو قۆناغ باس دەکەین، یەکەم قۆناخی هاتنی ئیسلام هەتا سەردەمی ئیمام غەزالی، قۆناخی دووەم سەردەمی ئیمام غەزالی هەتا سەدەی شازدەیەم.

**قۆناخی یەکەم :**

هەرچەندە لەسەرتاوە ئیسلام وەکو پەیامێکی ئاسمانی و ڕزگارکەر خۆی ناساندو خواستی بەو شێوە بچێتە هەموو وڵاتەکانەوە. هەر بۆیە ناویان لەشەڕەکانیان نا جیهاد یان غەزو کە بەواتای شەڕی پیرۆزەو سەرکەوتنەکانیشیان ناونا (فەتح)بەواتای کرانەوە یاخود کردنەوە، کە لەمەشدا مەبەستیان لەکردنەوەی ئەو ناوچانە بەڕووی پەیامی ئیسلامدا بوو. کاتێك کوردستانیشیان (فەتح) کرد خواستیان بەپێی حوکمی ئیسلام هەڵسوکەوت بکەن و لەرابردوودا کەمێك باسی ئەمەمان کرد. لەم قۆناخەدا ئیسلام ئایین و باوەڕی زەردەشتی قەدەغە نەکردبوو، وەکو ئاینێکی ئاسمانی سەیری زەردەشتیان دەکرد، هەر بۆیە دەرفەتی ژیانیان دەدایە زەردەشتیەکان، بەڵام بەو مەرجەی کە جزیە بدەن. ئەم هەڵوەستەیە دەرفەتێکی بۆ کۆمەڵگای کوردستان دروست کردبوو کەئایین دێرینی خۆی بپارێزێت. هەر بۆیە هەتا سەدەی دوازدەیەم (٧) بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردستان لەسەرئایینی زەردەشتی بەڕێوە دەچێت.

ئیسلامی سوننی وەکو ئایینی دەسەڵاتدار کاریگەریی لەسەربەشێکی کۆمەڵگا دروست کرد، ئەویش بەچەند ڕێگایەك بوو. دیارە بەشێکی کۆمەڵگا بەتایبەتی لەچینی سەردەست، ئەو

کوردانـەی دەشـت نشـین وشارنشـین بـوون و بەرژەوەندیـان لەگـەڵ دەسـەڵاتدا یەکانگیـر دەبـوو، یـان ئەوانـەی ئیـتر زەردەشـتیان وەکـو پەیامێکـی ئاسـمانی کـە بتوانێـت لایەنـی ڕوحـی و ژیانیـان تێـر بـکات بۆخۆیـان نەدەبینـی و پەیوەندییـان لەگـەڵ جیهانـی دەرەوەدا زیاتـر بـوو، پێیـان وابـوو کەئیسـلام دەتوانێـت وەڵامـی کێشـەکانیان بداتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامێزیـان بۆئیسـلام کـردەوە، بەشـێکی ئـەو چیـن و توێـژەش بەهـۆی ئـەو ئیمتیـازو دەسـکەوتانەی کەلەئیسـلامبوون دەسـتیان دەکـەوت بوونـە موسـوڵمانی سـوننی. دیـارە نوێنەرەکانـی دەوڵەتـی ئیسـلامیش لەبـواری پـەروەردەو بانگەوازیـدا کاریگەرییـان لەسـەر بەشـێکی کۆمەڵـگا کـردووەو دەسـەڵاتیش پەنـای بۆئـەم ڕێبـازەش بـردووەو لەزۆربـەی ناوچەکانـدا کەسـانی باوەڕپێکـراوی خـۆی دەکـردە ناوەنـد بـۆ بڵاوکردنـەوەی پەیامـی ئیسـلام. هاوکاتـی ئەمـە، بەتایبەتـی لەسـەردەمی عەباسـیەکانداو دوای ئـەوەی فـارس، بوەیهـی و تورکـەکان باڵادەسـتبوون لەنـاو دەسـەڵاتی ئیسـلامدا، دەسـەڵاتەکان نەرمیـان زیاتـر دەنواند لەکوردسـتان و جێگـە نزیکەکانـی ناوەنـدی خەلافەتـداو زیاترخۆیـان سـەرقاڵ کردبـوو بـە فەتحـکاری ناوچـە دوورە دەسـتەکانەوەو کوردیـش دەیتوانـی سـوود لـەم دەرفەتـە وەربگرێـت. هەربۆیـە وەکـو پێشـتر باسـمانکرد هەندێـك سـەرکردەو سـوارچاك لەهەرێمەکانـی خۆیانـدا سـودیان لـەم دەرفەتـە وەرگـرت و ڕۆڵیـان بینـی لەنـاو دەسـڵاتی ئیسـلامدا، هەندێکیـش لەنـاو دەسـەڵاتی گشـتی خەلافەتـدا ڕۆڵیـان بینـی و ئەمـەش زەمینـەی گەشـەکردنی سـوننیگەرایی پەرەپێـدەدا. هەربۆیـە لـەم قۆناخـەدا بەشـێکی کۆمەڵـگای کوردسـتان وردە وردە دەبنـە موسـوڵمانی سـووننی. بـەڵام دەکرێـت بڵێیـن ڕێژەیەکـی کەمـن بەبـەراوەد بەزەردەشـتی.

لـەم قۆناخـەدا بەشـێکی تـری کۆمەڵـگای کوردسـتان بەگـروپ و کۆمەڵـەی تـر کاریگـەر بـوون. بەتایبەتـی لەسـەردەمی ئەمەوییەکانـدا، لەلایەکـەوە بەهـۆی سیاسـەتی جیـاکاری ئەمەویەکانـەوە کـە جیاوازیـان دەخسـتە نێـوان عـەرەب و قەومەکانـی تـرەوە. لەلایەکـی تـرەوە ئیسـلامیان بـەرەو خانەدانـی و پاشـایەتی بـرد، ئەمانـە کاریگەریـی نەرێنـی کـردە سـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان، ئەوانەشـی ئیسـلامیان پـێ پەسـندبوایە، روویـان لەگروپـە ئۆپۆزسـیۆنەکان دەکـرد، نـەك لەدەسـەڵات. لـەو کاتەشـدا عەباسـیەکان، لایەنگرانـی عەلـی و حسـێن (شـیعە) کەدواتـر بـوون بەچەنـد لقێك{جەعفـەری (دوازدە ئیمامـی)، ئیسـماعیلی(حەوت ئیامـی)، زەیـدی و فاتمـی} و خـەوارج ڕۆڵـی ئۆپۆزسـۆنیان دەبینـی. دوای ئـەوەی عەباسـیەکان بوونـە حاکـم، ئیـتر یەزیدیـش پەیدابـوون کەخۆیـان بـە لایەنگـری بنەماڵـەی ئەمـەوی و یەزیـدی کـوڕی معاویـە دەزانـی.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٧) مامۆسـتا عەبدولرقیـب یوسـف لەپەرتوکـی (حـزارە الدولـە الدوسـتکیە فـی کردسـتان الوسـتی) بـە بەڵگـەی مێژووییـەوە ئەمـەی سـەلماندووە. گەڕیـدەو شـاعیری نـاسراوی فـارس نـاسر خـەسرەو(١٠٠٣-١٠٨٨) لەسـەفەرنامەکەی خۆیـدا ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە هەتـا کەهەتـا سـەدەی پێنجەمـی کۆچـی لەڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا ئایینـی زەردەشـتی پەیـڕەو دەکـرا)

بێگومـان ئـەم گروپانـەش هـەر یەکـەو بەپێـی توانـاو کاریگـەری خـۆی کاریـان لەسـەرکۆمەڵگای کوردسـتان کـردو بەشـێکی کۆمەڵـگای کوردسـتان لەرێگـەی ئـەم گـروپ و کۆمەڵانـەوە بوونـە موسـوڵمان. ئەوانـەی لـە ڕێگـەی ئـەم گرپانـەوە بوونـە موسـوڵمان، تاڕادەیـەك توندڕەویـان پێـوە دیاربـوو، هـۆکاری ئەمـەش ئەوەبـوو کـە لەلایەکـەوە بەنـاوی ئیسـلامەوە دەچەوسـانەوە یاخـود دەچەوسێندارانەوە. لەلایەکی تریشەوە ئیسلامیان لـەو گرپانـە وەرگرتبـوو کـە دەیانخواست ئیسلام وەکـو ئـەوان تێگەیشـتوون جێبەجـێ ببێـت و کاردانـەوە بەشـرۆڤەکانیانەوە دیاربـوو. دیـارە ئـەم ڕەوشـە هەتـا ئەمـڕۆ کاریگـەری لەسـەرکۆمەڵگای کوردسـتان هەیـە، ئـەم گـروپ و مەیلانـەش هەتـا سـەردەمی ئیـمام غەزالـی دەکرێـت بڵێیـن ئەگـەر لەئیسـلامی سوننی کاریگەرییـان زیاتـر نەبـوو بێـت ، ئـەوا هێنـدەی ئـەوان کاریگەرییـان لەسـەرکۆمەڵگای کوردسـتان دروسـت کردبـوو.

هاوکاتـی ئـەم ڕەوتانـە، هەندێك کەسایەتی لەئێـران و کوردسـتاندا دەرکەوتـن کەدەیانخواست ئایینی ئێرانـی و کوردسـتان نـوێ بکەنـەوەو فۆرمێکـی نوێـی پـێ ببەخشـن. بـۆ نمونـە بابەکـی خورەمـی کـە لەساڵانی(٨١٥-٨٣٧)ز دا هەوڵیـداوە ئایینـی خورەمـی زینـدوو بکاتـەوە، کـە بەبەردەوامـی مەزدەکـی دەناسرێـت و مـاوەی (٢٠) سـاڵ زیاتـر لەبەرامبـەر خەلافەتـی عەباسـیدا شـەڕوبەرخۆدانی کـردووەو لەناوچـە چیاییەکانـی ئازەربایجـان و ئەرمەنسـتان (کەهەتـا ئەوکاتـە زۆربـەی دانیشـتوانەکەی کـورد بـوون) خۆیـان قایـم کـردووەو ئاڵاکەیـان سـوربووە. هەرچەنـدە تێڕوانینـی جیـا هەیـە لەسـەر بابـەك، بـەڵام هەندێـك دەیبەنـەوە سـەر ئەبوموسـلی خوراسـانی و بەکـوردی دادەنێـن و دەڵێـن کـوڕی متەهـەری کـوڕی فاتمـەی کچـی ئەبوموسـلمە. لـەدوای جاویدانـی کـوڕی شـەهرەك سـەرۆکایەتی راپەرینـی خورەمیەکانـی کـردووە. بـەڵام سـهل کـوری سـنبات ئەمیـری ئەرمەنسـتان ناپاکـی لـێ دەکات و ڕادەسـتی ئەڤشـینی تەبـەری فەمانـداری خەلیفـە (معتەصـەم)ی دەکات. دواتـر خەلیفـە دەسـتەکانی بابـەك دەبڕێـت و هەڵیدەواسـن.

هەروەهـا کەسـانی وەکـو بالولـی مائی(کەنـاوی خـۆی عومـەری کـوڕی لەهـەب)ە (٨) لەسـەدەی دووەمـی کۆچیـدا لـە لوڕسـتانەوە دەخوازێـت ئایینـی کـوردان زینـدوو بکاتـەوە. بـاوە سـەرهەنگی دەودان کـە(٣٤٤ك =٩٣٥ز) لەکێـوی شـاهۆ لەدایکبـووەو خواسـتویەتی ئایینـی کـوردی نـوێ بکاتـەوە و دەڵـێ؛

سەرهەنگی دەودان سەرهەنگی دەودان

ئەز کە نامێمەن سەرهەنگی دەودان

چەمی ئێرمانان مەگێلم نەهەردان

مەکۆشم پەرێ ئایینی کوردان

کەلێـرەدا مەبەسـتی ئەوەیـە ئـەو سـەرهەنگی دەودانـەو بەچـەم و هەردانـدا دەگەڕێـت و تێدەکۆشـێ بۆئاییـنی کـوردان. دوای ئەمانیـش شاخۆشـێنی لوڕسـتانی کـە(١٠١٥ز) لەدایـك بـووەو بـاوە ناوسـی جـاف کـە (١٠٥٥ز) لەدایـك بـووە. هەربـۆ هەمـان مەبەسـت هەوڵیانـداوەو کاریگەریـی زۆریان لەسـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان کـردووە. هـەر ئـەم هەوڵانـە بوونـە ژێرخـان بۆئایینـی یارسـانی(عەلەوی، عەلی

ئیلاهی، ئەهلی حەق، کاکەیی) و ئێزیدی و زۆر دیدو بۆچونی ترکە هەتا ئەمڕۆ لەکوردستاندا بوونیان هەیە.

قۆناخی دووەم:

ئایین و باوەڕی لەکوردستاندا لەدوای سەردەمی ئیمام غەزالیەوە(١٠٥٥-١١١١)ز، هاوشێوەی ئایین لەناوچەکانی تری دونیاو بەتیبەتی جیهانی ئیسلامی هەنگاوی بۆ قۆناخێکی نوێ دەنا. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلەسەدەی دەیەم و یازدەیەمدا ئیسلام گەیشتە لوتکەی فراوانی خۆی. ئاستی گفتوگۆی فکری و مەزهەبی لەجیهانی ئیسلامیشدا زۆر گەشەی کردبوو، ئەوەبوو لە دونیای سوننەدا هەر چوارمەزهەبی حەنەفی (ئەبوحەنیفە نوعمان بن سابت ٧٠٠-٧٦٨ز)، مالیکی کوڕی ئەنەس (٧١٠-٧٩٥)ز، شافعی (محەمەد ئیدریس شافعی ٧٦٧-٨٢٠)ز وحەنبەلی (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ٧٨٠-٨٥٥ز) نەیاندەتوانی وەڵامی زاناو صۆفی و عارفەکان بدەنەوە. هەربۆیە لەلایەك مەزهەبە شیعیەکانی(جەعفەری دوازدە ئیمامی، ئیسماعیل حەوت ئیمامی، زەیدی و فاتمی) گەشەیان دەکرد. هەروەها زانای وەکو فارابی (٨٧٠-٩٥٠)ز و ئیبن سینا(٩٨٠ - ١٠٣٧) فەلسەفەی ئەفلاتۆن و ئەرستۆیان شرۆفە دەکردو خوێندنەوەی نوێیان بۆدەکرد و دواتریش ئیبن روشد (١١٢٦ - ١١٩٨) ئەرستۆی کردە بەرباس و دەیخواست لەقاڵبی رزگار بکات و بیکاتە بنەما بۆ هەنگاوی نوێ لەرووی فکری و باوەڕیەوە.

هەرلەم سەردەمانەدا کەسانی وەکو مەنسوری هەلاج (٩) کە بانگی ئەوەی دەکرد کە حەق لەناخی مرۆڤ خۆیدایەو دروشمەکەی (ئەنا حەق)بوو، عەینولقوزانی هەمەدانی (١١٣١ز کوژرا) و شەهابەدین سوهرەوەردی (١٠) دەرکەوتن، پێشتریش باسی کەسانی وەکو بالولی مایی، سەرهەنگی دەودان و شاخۆشێنی لوڕستانی و باوە ناوسی جاف مان کرد. ئەم کەسایەتیانە هەر یەکەیان بە شێوەیەك و لە ڕوانگیەیەکەوە لەهەوڵی نوێکردنەوەی ئایین و باوەڕی خەڵکدابوون. هاوسەردەمی ئەم باوردۆخە ناوخۆییە، جیهانی ئیسلام ڕووبەڕووی هێرشی دەرەکی خاچ پەرستەکان و پارچەبوونی خەلافەت بووبووەوە. ئەوەبوو لەسەدەی یازدەیەمدا ئیدی لەمیسر فاتمیەکان سەربەخۆبوون و خەلیفەی خۆیان هەبوو، مەزهەبی شیعەی فاتمیان پەیرەو دەکرد. هەروەها بزوتنەوە باتنیەکانی حەسەن صەباح و ئیسماعیلیەکان گەشەیان کرد.

---

(٨) سوود لەپەرتوکی («یارسان» لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی ـ دینیە سەبارەت بەکاکەیی) لەنوسینی ئەیوب ڕۆستەمی، وەرگیراوە.

(٩) مەنسوری هەلاج: ناوی حسێنی کوڕی ئەبو مەنسوری محەمەدی بیزاوی هەلاجە، کە لەساڵی ٨٥٥ز لە شاری بەیزای فارس لەدایکبووەو ساڵی ٩٢٣ز بەتۆمەتی هاوتا پەیدا کردن بۆ خودا کەوڵ کراو پارچە پارچە کرا.

(١٠) سوهرەوەردی: خەڵکی شەهرەوەردی نێوان شارەزوورو بیجاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو بەهەڵە دەگوترێت سوهرەوەرد. ئەم کەسایەتیە بۆخۆی کورد بووەو داهێنەری فەلسەفەی ئیشراقەو لەساڵی ١١٩١ز لە حەلەب لەسێدارە دەدرێت.

ئـەم ڕەوشـە خەلافەتـی عەباسـی و ئیسـلامی سـوننی خسـتبووە بـەردەم تاقیکردنەوەیەکـی چارەنوسسـازەوە. یـان ئەوەبـوو کرانەوەیەکـی سـەردەمیانەی بکردایـەو گۆڕانکارییەکانـی لەئامێـز دەگـرت، یـان بەپێچەوانـەوە ڕێـگای سـەرکوتکردن و خـۆ داخسـتنی بـەڕووی گۆڕانکاریـدا دەگرتەبـەر و پێشـی لـەو گـەڕان و لێکۆڵینەوانـە دەگـرت. ئـەوەی کەخەلافـەت کـردی ڕێـگای دووەم بـوو. ئەوەبوو لەبواری زانست و ئایینیشەوە زانایانی ئایینی بە ڕێبەرایەتی ئیمام غەزالی(١٠٥٥-١١١١) ڕێگایـان لەبـەردەم اجتهـاد و داهێنانـی فکـری و ئایینـی گـرت و دەرگایـان داخسـت. فەتـوای ئەوەیاندا کـە ئیـتر قورئـان و فەرمـوودەی پەیامبـەر پێویسـتە شـڕۆڤە نەکرێـت و هـەر چـوار ئیـمام حەنەفـی، مالیکـی، شـافعی و حەنبەلـی هەمـوو بوارەکانیـان شـڕۆڤە کـردووەو پێویسـتە تەنیـا پەیـڕەوی لەمەزهـەب و ڕێبازەکانـی ئـەوان بکرێـت. زانسـتی خـودا ناسیشـیان لەبەرنامـەی خوێنـدن و زانسـتەکان دەرهێنـاو بەمشـێوەیە قسـەکردنیان لەسـەر خـوداو گـەڕان بـەدوای حەقیقەتـدا قەدەغـە کـرد. ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئەوەنـدە زانـاو کەسایەتی مەحکـوم بکرێـن و لەنـاو ببرێـن. هـەر لـەم قۆناخـەدا پەیڕەویکردنـی زەردەشـتی و زەدەشـتایەتی و فەلسـەفەکانی یۆنانیـان قەدەغەکـرد، چونکـە زەردەشـتی و فەلسـەفەی یۆنانیـان بەمەترسـی دەبینـی بۆسـەرئایین و بـاوەری خۆیـان. لـە لایەکـی تـرەوە لەڕێـگای دەسـەڵاتی تورکـە سـەلجوقیەکانەوە لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی یازدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی دوازدەیەمـدا هەوڵیانـدا بزوتنـەوەی ئیسـماعیلی، فاتمـی و دەسـەڵاتە هەرێمیـەکان سـەرکوت بکـەن.

بێگومـان ئـەم هەنگاوانـە گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی لەجیهانـی ئیسـلام و ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا دروسـتکرد. جیهانـی ئیسـلامی بـەڕووی کرانـەوەی ناوخۆیـی و دەرەکیـدا داخسـت. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کەجیهانـی ئیسـلام و ڕۆژهەڵاتـی ناویـن وردە وردە لەپێشـەنگایەتی کردنـەوە بۆجیهـان، هەنـگاو بـەرەو پاشـکۆ بـوون بنێـت. دیـارە ئەگـەر ئـەو گۆڕانکاریانـە بۆجیهانـی ئیسـلام لەیـەك لایەنـەوە زیانبەخـش بـوو بێـت، ئـەوا بۆکـورد لـەدوولاوە زیانبەخـش بـوو، چونکـە ئایینـی کـوردان قەدەغەکـرا. دیـارە هەتـا ئـەو سـەردەمە سـەرەڕای ئێـش و ئـازار و چەوسـاندنەوە، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کـە زەردەشـتی بەتـەواوی قەدەغـە نەبـوو، کۆمەڵـگای کـوردی دەیتوانـی پەیـڕەوی لـێ بـکات. بـەڵام دوای ئـەم گۆڕانکاریانـە، ئیـتر ئـەوەی زەردەشـتی بـوو، پێویسـت بـوو ئایینـی خۆیـان بگـۆڕن و چونکـە قەبـوڵ نەدەکـرا کـە ئیـتر زەردەشـتی بـن. زەردەشـتی بوونیـان بەواتـای مردنیـان بـوو. ئـەم ڕەوشـە گەلـی کـوردی خسـتە نـاو بارودۆخێکـی ئاڵـۆزەوە، لەدەرەتانێـك دەگـەڕا بۆئـەوەی خـۆی لـەم بارودۆخـە رزگاربـکات. چونکـە هەتـا ئـەو سـەردەمە وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد بەشـی زۆری کۆمەڵـگای کوردسـتان لەسـەرئایینی زەردەشـتی دەڕۆیشـتن. ئـەم بارودۆخـە وای کـرد کـە زانـاو پیـرو ڕێبەرانـی کـورد هەوڵبـدەن چارەسـەرێك بۆئـەم رەوشـە بدۆزنـەوە. ئەمـەش بـووە بناغـە بـۆ ئاینەکانی یارسـان (عەلـەوی، ئەهلـی حـەق، عەلـی ئیلاهـی، کاکەیـی) و ئێزیـدی و شـەبەك وتەریقەتـی قـادری و نوربەخشـی. ئیـتر لەسـەدەی دوازدەوە ئایینـی کۆنـی کـوردان بـووە ئاینێکـی قەدەغـەو گەلـی کـورد لەژێـر نـاوی مەزهـەب و تەریقەتـی ئیسـلامی یـان نزیکـی ئیسـلامیداو بەپۆشـاکێکی نوێیـەوە خواسـتی

بنەما سەرەکیەکانی ئایین و باوەڕی خۆی بپارێزێت. کەدەکرێت بەمشێوەیەی خوارەوە بەکورتی باسیان بکەین:

١- یارسانی :

بۆ ئەم بابەتە سودم لەپەرتوکی (مێژووی فەلسەفەی سەرئەنجام )ی تەیب تاهیری و وپەرتوکی (یارسان )ی ئەیوب رۆستەمی چەند نوسین و بەدواداچوونی فەلەکەدین کاکەیی و حەمەئەمین هەورامی، چەند نوسین و بەدوادا چونی تایبەت بەعەلەوی وەرگرتووە. هەروەها سوودم لەچەندین کەسایەتی کاکەیی، ئێزیدی و عەلەوی وەرگرتووەو. بەپێی بەراوردی بنەماکانی یارسان، عەلەوی، ئەهلی حەق، عەلی ئیلاهی و کاکەیی گەیشتومەتە ئەو قەناعەتی کە یەك ڕیشەیان هەیەو ئەویش ئایینی ئێزدانی (میترایی)یە. واتە بەردەوامی میترایی و زەردەشتین و ڕێبەرانی یارسانی بناخەیان داناوە. لەناوخۆیاندا هەمویان یارسانین و ڕێبەرانی یارسانی بە پێشەنگ و ڕێبەری خۆیان دەزانن، وەکو ئاینێکی سەربەخۆ پێناسەی خۆیان کردووە، بەڵام لەبەر بارودۆخ و ڕەوشی ئەوکاتەی کوردستان و دونیای ئیسلام، زۆربەی کات خۆیان وەکو مەزهەبێکی ئیسلام و لایەنگری(عەلی)نیشانداوە. بەمشێوەیەش توانیویانە خۆیان لەکوشتن رزگار بکەن و بەشێك لە بناغەو نەریتی ئایینی و کومەڵایەتی خۆشیان بپارێزن. بێگومان لەم پرۆسەیەدا موتوربەیەکیان لەئایینی کۆنی کوردی و ئیسلامی شیعە دروستکردووە، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی کە لەهەندێك سەردەمدا ئەم باوەڕییانە وەکو ئایینی سەربەخۆ ناسراون و هەندێك جاریش وەکو لقێکی ئیسلام خۆیان پێناسەکردووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەکرێت یارسانی و لقەکانی وەکو ئایینی نوێ و ریستۆرەکراوی کورد سەیر بکرێت. بەتێپەڕبوونی کات لەهەر ناوچەیەکدا شێوەیەکی وەرگرتووەو ناوێکی وەرگرتووە، بۆنمونە لەرۆژهەڵاتی کوردستان و لەهەندێك ناوچەی کرماشان و ئازەربایجان بەناوی یارسانیەوە ماونەتەوە، لەهەندێك ناوچە بەئەهلی حەق و عەلی ئیلاهی ناویان دەرکردووە، لەباشوردا بەکاکەیی ناسراوەو لەباکوری کوردستانیش بەعەلەوی ناسراون. دەتوانین بڵێین لەسەدەی دوازدە بەدواوە هەتا کۆتایی سەدەی شازدەیەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردستان لەسەرئەم ئایینەو لقەکانی بوون، بەشی زۆری رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دەگاتە ئازەربایجانی ئەمڕۆ، لەباشوریش لەرۆژهەڵاتی موسڵ هەتا ناوچەکانی هەولێر، کەرکوك، شارەزوور و گەرمیان بەشی زۆری لەسەرئەم ئایینە بوون. لە باکوری کوردستانیش لە ناوچەکانی چەولیك، موش، ئەرزرۆم، ئەرزنجان، دێرسیم، قۆچگری هەتا مەرەش و دیلۆك بەشی زۆری پەیڕەوی ئەم باوەڕییەیان کردووە.

ئەگەر بێینە سەر باسی یارسانی وەکو ناوو ناوەڕۆك و سروتەکانی، ئەوا زۆربەی لێکۆڵەر لەم ئایینەو باوەڕمەندانی ئەم ئایینەش پێین وایە کە وشەی(یارسان) بەواتای (یاری سان)دێت. واتا ئەوانەی هاوڕێیەتی (سان)پەسند دەکەن. وەکو پێشتریش باسمان کرد لە کۆمەڵگای دێرینی کورددا (سان) بەواتای پێشەنگ و رێبەر هاتووەو بەو واتایە بەکارهاتووەو هەتا ئەمڕۆش لەهەورامان و هەندێك ناوچەی کوردستان وشەی (سان) بۆ کەسی بە ئەزمون و گەورەی

خانـەوادەکان یـان وەکـو لەقـەب بەکاردێـت. سـەرەتای ئـەم ئایینـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بیرۆکەکانـی بالولـی مایـی کـە لەنـاو کـورددا بەباڵوڵـی دانـا نـاسراوەو لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی هەشـتەم و نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆیەمـی زاییـنیـدا ژیـاوە. بابـا سـەرهەنگی دەودان، شاخۆشـێنی لوڕسـتانی و بـاوە ناوسـی جـاف تەواوکـەری ئـەم بیرۆکەیـە بـوون. بـەڵام (سـان سـەهاك)ی بەرزنجـی چوارچێـوەی پێـداوەو شـێوەی ئەمـڕۆی وەرگرتـووە. یارسـانەکان سـان سـەهاك وەکـو پەیامبـەر یاخـود وێنـەی خـودا دەبینـن و پەرتوکەکەشـیان نـاوی (سـەرئەنجام)ە و بەزمانـی کـوردی هەورامـی نوسراوەتـەوە. جێگـەی کۆبوونـەوەی یارسـانەکان پێـی دەگوترێـت جەمخانـە، یـان ماڵـی جـەم. سـەبارەت بـەوەی کـە لـە رۆژهـەڵات پێیـان دەڵێـن ئەهلـی حـەق، چونکـە ئـەوان پێیـان وایـە سـەردەمێك دێـت کەهەمـوو ئایینەکانـی دونیـا کۆتاییـان دێـت، تەنیـا ئـەوان دەمێننـەوە، لەبەرئەمـە دەڵێـن ئێمە(ئەهلـی حـەق) یـن. ئەوانەشـی کەپێیـان دەڵێـن عەلـی ئیلاهـی، ئەمـە دەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەوەی کـە عەلـی وەکـو خودا دەبینـن و پێیـان وایـە خـودا چۆتـە جەسـتەی عەلیـەوە. ئەوانەشـی کەپێیـان دەڵێـن کاکەیـی، گوایـە لـە بەرئـەوەی وەکـو بـرا سـەیری یەکـتر دەکـەن و هـەر یەکەیـان ئـەوی تـر بەبراگـەورەی خـۆی دەزانێـت بۆیـە بەیەکتریـان گوتـووە کاکـە، ئەمـە بـووە بەهـۆی ئـەوەی پێیـان بگوترێـت کاکەیـی. هەچـی (عەلەوی)یـن هـۆکاری نـاو لـێ نانەکەیـان دەگێڕنـەوە بـۆ ئـەوەی کـە لایەنگـری (عەلـی)ن. یارسـانەکان پێیان وایـە کەهـەر ماوەیـەك ڕێبەرێـك دێـت بـۆ ئـەوەی مرۆڤایەتـی بـەرەو کاری ڕاسـت ئاڕاسـتە بـکات. هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە بەشـی زۆریـان پێیـان وایـە کـە لـە پێنـج خولـدا یاخـو دەورەدا یارسـانی گەڵاڵـە بـووەو فۆرمـی وەرگرتـووە. ئێمـە دەتوانیـن سـەردەمەکانی یارسـانی بەمشـێوەیە بـاس بکەیـن:

**یەکەم** : بالولی مایی (باڵوڵی دانا)

بەپێـی پەرتوکـی (سـەرئەنجام) نـاوی (عومـەری کـوڕی لەهـەب)ەو یەکـەم کەسـە هەوڵیـداوە ڕێگەوڕچـەی یارسـان بـڵاو بکاتـەوە. لەناوەڕاسـتی سـەدەی دووەمـی کۆچیـدا لـە لوڕسـتان لەدایـك بـووە. هـەر لەسـەرەتای لاوییـەوە دوای زانسـت و عیرفـان کەوتـووە. کەسـێکی دانـا بـووەو زۆر پەنـدی ژیانـی هەیـەو هەتـا ئێسـتاش لـە زۆر ناوچـەی کوردسـتان پەنـدە ژیانیەکانـی وێـردی سـەر زمانـی خەڵکیـن. دواتـر کاری کـردووە بـۆ داهێنانـی ڕێوڕچەیەکـی ئایینـی کـە تایبەتمەنـدی ئایینـی کۆنـی تێدا پارێـزراو بێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لەزێـدی خۆیـەوە چووەتـە هەورامـان. بـۆ خوێندنیـش لەگـەڵ چەنـد یارێکیـدا دەچێتـە بەغـدادو لای ئیـمام (جەعفـەری صـادق)(٨٣ - ١٤٨ك) ئیمامـی شەشـەمی شـیعەکان خوێندویەتـی. باڵـوڵ بـە ئاشـکرا تێڕوانینـی خـۆی دەربڕیـوەو بەهـۆی ئـەوەی کـە لای هارونەرەشـید خەلیفـەی عەباسـی سـکاڵایان لەسـەر تۆمـار کـردووە، بڕیـاری کوشـتنی دراوە، ئەمـەش بەتاوانـی گومڕابـوون و بـێ بـاوەڕی. لەسـەر راسـپاردەی ئیـمام جعفـر خـۆی کـردووە بەشـێت هەتـا شمشـێر لەسـەر گەردنـی دوور بخاتـەوە. دوای رزگاربوونـی خـۆی دەگەیەنێتـەوە هەورامـان و چـووە بۆ(کرماشـان – کرمسـین) هـەر بۆیـە لەنـاو کۆمەڵـگای کوردیـدا هەندێکیـش پێـی دەڵێـن بالوولـی شـێت. دەرویـش نـەورۆزی سـۆرانی لەکەلامـی خۆیـدا زۆربەباشـی پێناسـەی (باڵـوول )

دەکات. باوەنجومـی لوڕسـتانی. بـاوە لـوڕەی لوڕسـتانی ، بـاوە ڕەجەبـی لوڕسـتانی و باوەحاتـەم لەیـارە دیارەکانـی (بالوولـن)

دوای باڵووڵـی دانـا، بـاوە سـەرهەنگی دەودان رۆڵـی پێشـەنگی دەبینـێ. بـاوە سـەرهەنگ لەسـاڵی(٣٢٤ك= ٩٣٤ز) لەدەوروبـەری کێـوی شـاهۆ لەدیـك بـووەو کەسـێکی زیـرەك بـووەو پێشـتر باسـمانکرد کەخواسـتویەتی ئایینـی کـوردان زینـدوو بکاتـەوە. بـاوە سـەرهەنگ یارێکـی زۆری هەبـووە، لەوانـە (بـاوە قەیسـەری هەورامـی، بـاوە سـەرنجی کەلانـی، بـاوە گەرچکـی هەورامـی، دایـە تەورێـزی هەورامـی)

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـم کـە بەکورتیـش بێـت بـاس لـە ڕۆڵـی ژن بەکـەم لەنـاو ئـەم ئایینـەدا. ئـەم ئایینـە لـەو ڕوانگەیـەوە کـە پشـت بـە فەرهەنـگ و کەلەپـووری کۆمەڵـگای کـورد دەبەسـتێت، گرنگـی بـە ژن داوە، یاخـو دەکرێـت بڵێیـن کـە ژن ڕۆڵـی گرنگـی تێـدا بینیـوە. لەسـەردەمی بـاوە سـەرهەنگی دەودانـەوە رۆڵـی ژن بەڕوونـی دەردەکەوێـت. لـەو قۆناخـەدا (دایـە تەورێـز) وەکـو ژنێـك دەبێـتە یەکێـك لەوحـەوت تەنـە پیـرۆزەی یارسـان کـە هـاوڕێ و هاودەمـی ڕێبـەرن. واتـە یەکێتـە لەهەوتەنـی پیـرۆز لەگـەڵ بـاوە سـەرهەنگدا. ئیـتر لـەو قۆناخـە بـەدواوە هەمیشـە لەهـەر خولێکـدا ژنێـك بووەتـە یەکێـك لـە حـەوت تەنـی پیـرۆز. دوای دایـە تەورێزیـش لەخـول و دەورەکانـی تـری یارسـانیدا ژنانـی وەکـو (دایەخەزانـی سـەرگەتی، ڕێحانـە خانمـی لوڕسـتانی، لیزاخانمـی جـاف، جەلالـە خانـم، خاتـوو دایراکـی ڕەمزبـار) دەرکەوتـوون کـە ڕۆڵیـان هەبـووە لەکۆمەڵـگای یارسـاندا. دایـە تەورێـزی هەورامـی شـاعیر، عـارف و تەنبورژەنێکـی دیـار بـووە. ئـەم ژنـە سـەرەتای سـەدەی چوارەمـی کۆچـی لەدلیـك بـووەو لەناوەڕاسـتی ئـەو سـەدەیەدا کۆچـی دوایـی کـردووە. ئەمـەش نمونەیەکـە لەهۆنراوەکانـی دایـە تەورێـز:

جەم پەی راسانەن جەم پەی راسانەن

یاران یاوەران جەم پەی  راسانەن

هەرکەس نێوەکە کەرۆ  ئاسانەن

جەم پەی رۆشنی رێك خاسانەن

واتـە یـاران جـەم بـۆ خەڵکانـی ڕاسـت و چاکـەکارە، ئـەوەی بیەوێـت لەوێـدا چاکـە بـکات کارێکـی ئاسـانە، چونکـە جـەم ڕۆشـنکەرەوەی دڵـی خواناسـان و چاکـە کارانە.

دوای باوەسـەرهەنگ، شاخۆشـێنی لوڕسـتانی کـە بەموبـارەك شـا دەناسرێـت ڕێبەرایەتـی ئـەم باوەڕییـە دەکات، بەپیـێ پەرتوکـی سـەرئەنجام (موبـارەك شـا) کـوڕی جەلالـە خانمـی کچـی میـرزا ئامانـی حاکمـی لوڕسـتانەو سـاڵی (٤٠٦ك = ١٠١٥ز) لەدایـك بـووەو بەبـێ بـاوك لەدایـك بـووە. بەپێـی بـاوەڕی یارسـان، جەلالەخانـم رۆژێـك بەرامبـەر بەخـۆر دانیشـتووە، تاڵـە دەزوویـەك لەتیشـکی خـۆر جیابوەتـەوەو لەسـەر زەوی نیشـتۆتەوەو بەدەمیـدا چۆتـە نـاو سـکیەوە، لەئەنجامـی ئـەوەدا سـکی پـڕ بـووەو شاخۆشـێن لەدایـك بـووە. جەلالـە خانـم لـەم بارەیـەوە دەڵـێ؛

کاکە ڕەیا    سواری دانا

یەحوکمێ ئاما جە هەفت ئاسمانا
خەڵکی لوڕستان بە زۆڵش مزانا
واتـە لەئەنجامـی حوکمێکـی ئاسـمانیەوە دووگیـان بـووە. کەچـی خەڵکـی لوڕسـتان بەزۆڵـی دەزانـن. شاخۆشـێن هەرلەمنداڵییـەوە ئـەم نازنـاوەی وەرگرتـووە، چونکـە خـۆی ناوی(موبـاوەك شـا)بووە. لەهەمـەدان خوێندنـی تـەواو کـردووە، بەپێـی تێکسـتی پیـرۆزی یارسـان لەتەمەنـی(٣٢) سـاڵیدا رۆحی خودایـی تێـدا جێگیربـووە. بابـا تاهیـری هەمەدانـی، بابـا فەقـێ لوڕسـتانی، بابا بوزورگـی لوڕسـتانی، پیرشـالیاری هەورامـی(١١)، کاکـە ڕەدا، هندۆلـە، خوبیـار، حەیـدەر، قـازی نەبـی سـەرگەتی، پیرخـدر، لیزاخانمـی جـاف و ریحـان خانـم لەیـارە دیارەکانـی شاخۆشـێن بـوون. بەپێـی فەلسـەفەی یارسـان و بـاوەڕی دۆنـادۆن، شاخۆشـێن پێشـتر(مەولاعەلی= ئیـمام عەلی)بـووە. بەپێـی پەرتوکـی سـەرئەنجام شاخۆشـێن سـاڵی ٤٦٧ك = ١٠٧٤ز لەتەمەنـی (٦١) سـاڵیدا لەگـەڵ ژمارەیـەك لەیارەکانیـدا لەنزیـك رووبـاری گاماسـپ دەبـن، بەمەبەسـتی مەلەکـردن دەچێتـە نـاو ئـاوی رووبارەکـەوەو ئیـتر نایەتـە دەرەوەو غەیـب دەبێـت.
باوەناوسـی جـاف یـان باوەناوسـی سـەرگەتی بەپێـی زۆربـەی سـەرچاوەکان لەسـەدەی پێنجـەم و شەشـەمی کۆچیـدا ژیـاوە. نـاوی خـۆی (ئیبراهیـم ئەحمـەد)ەو مەزارەکەشـی لەسـەرگەتە لەهەورامان. کـوڕی پیاوێکـی نـاودارە. (دایەخـەزان)ی سـەرگەتی زۆر دژی باوەنـاوس بـووە، بـەڵام دواتـر بـووە بە(یار)ێکـی نزیکـی و دەبێتـە یەکێـك لـە حـەوت تەنـەکان.
بەگشـتی ئـەم قۆناخـە لەمێـژووی یارسـاندا دەتوانیـن وەکـو قۆناخـی گەڵاڵەبوونـی بیـرو بـاوەڕو بنەماکانـی یارسـانی بەنـاو بکەیـن، چونکـە هەتـا ئـەم قۆناخـە ئایینـی زەردەشـتی بەتـەواوی قەدەغـە نەکـراوە، ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە ڕێبەرانـی ئـەم باوەڕییـە لەچوارچێـوەی گشـتیدا کار بکـەن و خۆیـان نەخەنـە نـاو چوارچێوەیـەك یـان قاڵبێکـەوە. هـەر بۆیـە ئەمەمـان وەکـو قۆناخێـك بەنـاو کـرد.
**دووەم**: سان سەهاکی بەرزنجی:
نـاوی سـوڵتان ئیسـحاقی بەرزنجییـەو کـوڕی شـێخ عیسـای بەرزنجییـەو دایکـی ناوی(خاتودایـراك)ە. لەپەرتوکـی سـەرئەنجامدا دەگوترێـت سـاڵی (٥٣٨ك - ٦٣٨ك)بەرامبـەر(١١٣٣-١٢٣٠)ز ژیـاوە. لەنـاو یارسـانیەکاندا بـە سـان سـەهاك دەناسرێـت. ئایینەکـەش بـە نـاوی ئـەوەوە دەناسرێـت. سـەرەتا لای باوکـی خوێندوویەتـی و دواترچووەتـە لای مـەلا ئەلیاسـی شـارەزووری. بەپێـی سـەرئەنجام دایکـی خەڵکـی (حەلـوان)ە و کچی(حسـێن بەگـی جەڵد)بـووە، ئەدمۆنـز دەڵـێ دایکـی کچـی میر محەمـەدی سـەرۆکی جـاف بـووە، لـە تەمەنـی پیریـدا شـێخ عیسـا لەسـەرداوای سـێ ئەولیـا خواسـتویەتی.

(١١) پیرشـالیاری زەردەشـتی یـان پیرشـالیاری یەکـەم خاوەنـی کتێبـی پیرۆز(ماریفەتنامـەی پیـر شـالیار)ە.

سان سەهاك دواتر چووەتە بەغداد و شام و بووە بە مەلاو دواتر حەجی کردووەو گەڕاوەتەوە بۆناوچەکەی خۆی. لەتەمەنی(٢٩)ساڵیدا چووەتە هەورامان لە(پەردیوەر)ی نزیك دەودان نیشتەجێ بووەو دەستی بە ڕێکخستنەوەی ڕێبازی یارسان کردووە. گۆڕی سان سەهاك هەر لەو گوندەیە. دەگوترێت سان هاك بەهۆی براکانیەوە کە ژمارەیان(١٢)ە یەو لەژنی یەکەمی شێخ عیسا بوون کە لەفاتمەخانی شێخ خالیدی کاژاو بوون، بەرزنجەی بەجێ هێلاوەو ڕووی کردۆتەوە هەورامان. لەکاتی چوونی بۆ هەورامان لەئەشکەوتی (نەوێ) لەشکری چیچك هێرش دەکەنە سەریان. سان سەهاك بە (داوود)ی هاوڕێی کە داوودی دەلیلیشی پێ دەڵێن، دەڵێ؛ مشتێك خۆڵ لەژێر ڕاخەرەکەم دەربێنە بەناو لەشکری دوژمندا بیوەشێنە. (داود) خۆڵەکە دەپرژێنێت و دونیا ڕەش دەبێت. وەکوتر لەکاتی دروستکردنی خانوو لە (پەردیوەر) پیر میکایل دەودانی ڕێگەی لێ دەگرێت، ئەویش بە (داود)دەڵێ سواری دیوارەکە ببەو بڕۆ، ئەویش سوار دەبێت و دەڕوات، بەئاوی سیروان دەڵێ بووەستە، دەوەستێت. دواتر لەگەڵ پیر میکایل لەسەر رووباوەکە دادەنیشن و سان سەهاك دەست دەکات بەئاوەکەداو ماسیەکی بۆ دەردەخات و دەڵێ بیخۆ بەڵام ئێسکەکەی مەشکێنە، دوای ئەمە ماسیەکی تر سەردەردێنێ و داوا دەکات هاوسەرەکەی بۆ زیندوو بکاتەوە، ئەویش بۆی زیندوو دەکاتەوەو دەخاتەوە ناو ئاوەکە. بەم شێوەیە پیرمیکایل باوەڕی پێ دێنێ و دەبێتە یاری. سان سەهاك لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لەو سەردەمەدا ژیاوە کەزەردەشتی قەدەغە دەکرێت و ڕێگای ئیجتهاد و گەڕان بەدوا زانستدا سنووردار کراوەو هێرش لەسەر باوەڕی و ئیمان و کۆمەڵگای کوردستان و خۆ بەڕێوەبەرێتیە هەرێمیەکان هەیە، ئەمە ئەرکی ئەوی قرستر کردووە. هەر بۆیە هەستاوە بە ڕێکخستنی ڕێساکانی یارسانی. هەر ئەمەش وایکردووە کە یارسانی بەناوی ئەوەوە بناسرێت.

١- ڕازی (یار)ێتی فێری خەڵك دەکات.

٢- یاران و لایەنگرانی خۆی کردووە بەپازدە بەشەوە. هەربەشێك ئەرکێکی تایبەتی هەیە "حەوت تەن، حەوتەوانە، حەوت خەلیفە، چل تەن، حەفتاودوو پیر، یارانی قەوەڵتاس، حەوت خادم، حەوت حەوتەوان، چل چل تەن، نەودو نۆ پیرەی شاهۆ، شەست و شەش غولامی کەمەر زێڕین، هەزارویەك بەندەو خواجەوێنە، پێوەن بەندە، پەیوەر هەزاربەندە"

٣- (جەم)ی ڕێکخستووەو فەرهەنگی گوێزشکاندنی داهێناوە.

٤- سێ ڕۆژی دیاری کردووە بۆ ڕۆژووگرتن و دیاریکردنی جەژن.

٥- سروتە ئایینەکانی دیاریکردووەو خوێندنی شیعرو ژەنینی تەمبووری کردووە بە نەریت لەکاتی سروتەکاندا. بەفەرمانی ئەو ڕەوشتە ئاینیەکانی یارسان وەکو" تەڵقینی مردوو، خۆشتن، قوربانیکردن، دەستگیربوون ... هتد" بەشیعرو هۆنراوەی کوردی ڕێکخراوە.

٦- بەپێی بیرو باوەڕی یارسانەکان، حەزرەتی عەلی دەرکەوتەی تەواوی خودایەو ڕوحانیەت و جەستەی تێدایەو بە (میهر عەلی ) ناودەبرێت.

**٧- لای یارسـانەکان عەلـی نمونـەی ئازایەتـی و دلێرییـەو ئەسـپ وچەکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە کەدڵـدڵ و زولفقـارە.**

**٨- ژمارەی حەوت لای یارسانەکان تایبەتەو زۆربەی ئەڵقەکانی لەسەر حەوت رێکخستووە.**

**٩- یارسـانەکان میهرابـەی داوودو جەمحانـە لەگـەڵ خۆروئاگـردا بـە پیـرۆز دەزانـن. پێیـان وایـە ڕوحـی عەلـی چووەتـە ناوخـۆرەوە.**

**١٠- یارسانەکان فرەژنی بەکارێکی خراپ دەزانن.**

**١١- یارسان درۆکردن، خیانەتکردن، سوێندی درۆ و دزیکردن بەتاوانی گەورە دادەنێن.**

**١٢- یارسان رێبازێکی نهێنیەو درکاندنی نهێنی ئایین بەتاوانی گەورە دادەنرێت.**

**١٣- پیـر لای یارسـانەکان یەکێکـە لەپایـە ئاینیـەکان و لەسـەر هـەر کەسێکی یارسـان پێویسـتە سـەری خـۆی بسـپێرێت بـە (پیر)ێـك.**

**١٤- دیمەنـی سـووری ئاڵـی ئاسـۆی بەیانیـان پێـش دەرکەوتنـی خـۆرو دیمەنـی پرشـنگەکانی دوای خۆرئاوابـوون بە(ئێزمیهـر) دەزانـن. پێیـان وایـە شـەوو رۆژ بەفەرمانـی (عەلی)یـەو چەرخـی شـەووڕۆژی پـێ دەڵێـن.**

**١٥- تێڕوانینیـان بۆدروسـتبونی دونیا بەمشـێوەیە: سـەرەتاهیج شـێك نەبـووە، (مـەولا = خـودا ) دوڕ بـووەو لەنـاو دەریادابـووە، بەهـۆی گێـژاوی ئـاوەوە هاتۆتـە دەرەوەو دونیـای دروسـتکردووەو خـۆی نـاو نـاوە (خاوەنـکار) و ٧٢ هـەزار سـاڵ بەتەنیـا لەکەنـاری دەریـادا بـووە. پاشـان جوبرەئیـل، میکایـل و ئیسرافیلـی بـۆ هـاو ڕازی خـۆی دروسـتکردووە. دواتـر لەخۆڵـی کێـوی (سـەرەندیل) و لەشـێوەی (مەولاعەلـی)دا مرۆڤـی دروسـتکردووە.**

**١٦- یارسـان پێیـان وایـە خـودا بەدرێـژای ژیـان حـەوت جـار خـۆی دەخاتـە جەسـتەی مرۆڤـەوەو هەرجارێکیـش چـوار فریشـتەی لـە گەڵـدا دەبێـت.**

**١٧- یارسـان باوەڕیـان بـە فەلسـەفەی دۆنـادۆن هەیـە، واتـە گیـان نامرێـت و ئـەوەی دەمرێـت جەسـتەیەو گیـان لەجەسـتەیەکەوە دەچێـت بـۆ جەسـتەیەکی تـر، هەتـا هەزارویـەك جـار دەچێتـە جەسـتەوەو دوای ئـەوە دەچێتـە دونیـای نەمرییـەوە. بەپێـی فەلسـەفەی دۆنادۆنـی یارسـان چـوار جـۆر دۆنـادۆن هەیـە؛ نەسـخ = کاتێـك کاری مـرۆڤ بـاش بێـت گیانەکـەی دەچێتـە مرۆڤێکـی تـرەوە. مەسـخ = کاری مـرۆڤ بـاش نەبێـت گیانـی دەچێتـە جەسـتەی گیانەوەرێکـەوە. رەسـخ = گیانـی مـرۆڤ دەچێتـە نـاو ڕووەکـەوە. فەسخ = ئەگـەر کاری مـرۆڤ زۆرخـراپ بێـت، ئـەوا گیانـی دەچێتـە نـاو جەسـتەی گیانـەوەری جـزودارەوە لەوێنـەی مـارو دوپشـك.**

**١٨- دوای سـێ ڕۆژ رۆژوو جـەژن دەکـەن و خواردنـی جـەژن تایبەتـەو بریتـی یـە لـە( گۆشـتی کەڵەشـێر بەکـوڵاوی، برنـج و شـیرینی) ئەمـەش بـۆ یـادی ئـەو خواردنەیـە کـە سـان سـەهاك دوای سـەرکەوتنی بەسـەر لەشـکری( چیچـك)دا خواردوویەتـی.**

**١٩- جەم لای یارسان بریتی یە لەکۆبوونەوە و سروتی ئایینی یارسانی .**

**٢٠- قوربانی دەبێت تەمەنی لەشەش مانگ کەمتر نەبێت وساغ بێت.**

٢١- سـمێڵ پیـرۆزەو نابێـت کـورت بکرێتـەوە. هـۆکاری ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگێڕنـەوە کـە ئـەو سێ دەروێشـەی لـە شـەڕی (چیچـك)دا هاوکاری(سـان سـەهاك)یان کـردووە سـمێڵیان درێـژ بـووە. هەروەهـا پێیـان وایـە هـەر تاڵێکـی مـووی سـمێڵ پەریـەك خـۆی پێـوە هەڵواسـیوەو ئەگـەر ئـەو تاڵـە مووانـە ببـڕن، ئـەوا ئـەو پەریانـە دەکەونـە خـوارەوە، لەبەرئەمـە نابێـت ببیـڕن.

٢٢- خواردنـی سەرخۆشـکەر حەرامـە. تەنیـا لـەو کاتانـەدا ڕێگـە پێـدراوە کـە بەرژەوەنـدی دیینـی تێدابێـت.

٢٣- هەرکەسێکی یارسانی دەبێت هەموو شەوێك پێش خەوتن تۆبە بکات.

٢٤- سەرسـپاردن: پەیوەنـدی نێـوان کەسـێکی یارسـان و دووپێشـەوای ئایینـە و یەکێکیـان پیـرەو ئـەوی تـر دەلیلـە. سـان سـەهاك پیـر میکایڵـی کردبـووە پیـری خـۆی و داوودی کردبـووە دەلیـل. لەئایینـی یارسـانیدا (ژن)پێگەیەکـی گرنگـی هەیـەو لەهەمـوو دەورێکـدا ژنێـك لەنـاو حەوتەنـی پیـرۆز کـە یارانـی سـەرەکی ڕێبـەرن هەیـەو سـان سـەهاك ئەمـە دەکاتـە بنەمایەکـی سـەرەکی یـان ڕێسـا. پێشـتر نـاوی چەنـد ژنێکـمان هێنـا. لەسـەردەمی سـان سەهاکیشـدا خاتودایراکـی ڕەمزبـار کـە دایکیشـێتی دەبێتـە یەکێـك لـە یارانـی حـەوت تـەن. وەکوتـر لەبۆنـەو کارەکانـدا ژن وپیـاو پێکـەوە مەراسـیم دەکـەن و هـۆرە یـان (قـەول) دەڵێـن. وەکوتـر زمـان زۆر لایـان گرنـگ بـووە. هەربۆیـە پەرتـوك وسروتـە ئایینەکانیـان بەکـوردی گوتـووەو نوسـیوە. هەروەکـو چـۆن باسـمان کـرد کـە بـاوە سـەرهەنگ باسـی نوێکردنـەوەی ئایینـی کـوردان دەکات و سـەید فەرزیـش کـە عارفێکـی یارسـانیە دەڵـێ :

لەوز عەرەبمان گێلانە دەوران

کەردمان کەڵام وە لەوز گۆران

واتە زمانی عەرەبیان وەرگێڕایە سەرقەول و کەلامی گۆرانی(کوردی).

لەئێسـتادا دەورەی سـێیەمی یارسـانی هەیـە کـەدوای دەورەی باڵـوڵ و سـان سـەهاك دێـت و بـەدەورەی (سـەید براکـە) دەناسرێـت و سـاڵی ١٨٧٢ز لەگونـدی توتشـایی ناوچـەی گـۆران هاتۆتـە دونیـاوەو چـل تـەن لـەدەوری کۆبوونەتـەوەو ئێسـتاش شـوێنکەوتوانی لەسـەر ڕێبازەکەیـان دەڕۆن. بەگشـتی لـە کۆمەڵـگای یارسـانیدا تاڕادەیـەك بیـرو باوەڕیـە ئێزدانیەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی و ئاریانـی پارێـزراوە. هەروەهـا هەوڵـدراوە فۆرمـی کۆمەڵـگاو هاوسـەنگی کۆمەڵایەتـی لەسـەر ئاسـتی ڕەگـەز، پیشـە، گـەردوون لەبەرامبـەر فۆرمـی دەسـەڵات و ئـەو لاسـەنگیانەی کـە دروسـتی کـردوون بپارێزێـت. بەتایبەتـی تاڕادەیەکـی بـاش پێگـەی ژنـی پاراسـتووەو ئەمـەش لەژیـان و سروتـە ئایینیەکان و ڕۆڵـی ژن لەنـاو ئـەو کۆمەڵگایانـەدا دەردەکەوێـت. لەگـەڵ ئەمانـەدا ئـەم ئایینـە توانیویەتـی هونەرو کەلەپـووری کـوردی، بەتایبـەت هونـەری میوزیـك و گۆرانـی گوتـن بپارێزێـت. ئەویـش بـەوەی کـە ڕێبەرانـی ئـەم ئایینـە بـۆ خۆیـان میوزیـك ژەن بـوون و گۆرانیـان گوتـووە. بابەتێکـی تـر کـە زۆر گرنگـە ئەوەیـە کـە لـە یارسـانیدا گرنگـی دراوە بـە زمانـی کـوردی، ڕێبەرانـی ئـەم ئایینـە بـە کـوردی شیعرو بابەتیـان نوسـیوەو قەولەکانیـان و مەراسیمەکانیشـیان بەکـوردی بـووە. پەرتوکـی پیرۆزیشـیان،

سەرئەنجام، بەکوردی نوسراوە.

۲- عەلەوی :

وەکو پێشتر باسمانکرد پێم وایە کەعەلەوی لقێکی یارسانیەو پەرتوکی سەرئەنجام و ڕوداوەکان زۆر بەڵگە دەدەن بەدەستەوە. چونکە زۆر لەیارەکانی سان سەهاك بڵاو بوونەتەووە هەندێکیان چوونەتە ناوچەی ئەردەبیل و تەبریز، هەندێکیان چونەتە ئەنادۆڵ و لەکاتی چوون و هاتن و جێگۆڕکێشدا لەبەر نهێنی بوون ناوی خۆیان گۆڕیوە، بەڵام بەرنامەو ناوەڕۆکی ئایینیەکەیان هەروەکو یەکن. بەڵام لەبەر ئەوەی کە یارسانی پشتیبە فەرهەنگی کۆمەڵگاو ئایینی ئێزدانی کۆن و زەردەشتی بەستووە، ئەوا یارەکانی سان سەهاك چوونەتە هەر جێگەیەك بە پێی تایبەتمەنی ئەو جێگەیە هەڵسوکەوتیان کردووە. هەر بۆ ئەمە لەناوچەی ئازەربایجان و ناوەوەی ئەنادۆڵ گرنگیان بەزمانی ئازەری و تورکمانی داوە، لەباکوری کوردستان و باکوری ئێرانیش بە زاراوەی کورمانجی ژووروو و زاراوەی کرمانکی(دملی) سروتەکانیان گوتووە. بەڵام لەلای عەلەویەکانی باکوری کوردستان لەم سەدساڵەی دواییدا بەشی زۆری سروتەکان بوونەتە تورکی یان تورکمانی، کە ئەمەش بەهۆی باڵادەستی تورك و قەدەغەکردنی زمانی کوردیەوە ڕوویداوەو دیاردەی ئەم سەدساڵەی دواییە. لەئێستادا عەلەوی دوو ڕێبازیان هەیە، پیر سوڵتان عەبداڵی و بەکتاشی. عەلەوی پیرسوڵتان عەبداڵی عەلەوی ڕەسەنن و زۆربەی لێکۆڵەرەوان دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە بە بابا ئیسحاق دادەنێن. بەپێی سەرئەنجام سان سەهاك و یارانی سودیان لە بارودۆخی ناوچەکانی سێواس و مەڵاتیە وەرگرتووەو لەسەدەی سیازدەیەمداو لەساڵانی (۱۲۳٦-۱۲٤٦ز)دا شۆڕشیان دژی غیاسەدین کەیخەسرەوی دووەم ئەنجامداوەو ئەم شۆڕشە هەتا سەردەمی شێخ سەفیدەین و دواتریش بەردەوام دەبێت. عەلەوی بەتایبەتی لەسەردەمی قەرەقۆینلەرداو لەساڵانی ۱٤٤۷ز بەدواوە زیاتر گەشەدەکەن. هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی ئەو گەشەکردنە بەردەوام بووەو بوونەتە لایەنگری دەوڵەتی سەفەوی.

دوای ئەوەی لەشەڕی چاڵدێراندا بەشێکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی عوسمانی سوونە مەزهەبەوە، عەلەوی ڕووبەڕووی جیاکاری بوونەوەو ئەمەش وایکرد کە شاقوڵی بابا لەسەرەتای سەدەی شازدەیەمدا بەپشتیوانی سەفەوی دژی عوسمانیەکان ڕا بوەستێ. لەو قۆناخەدا عەلەویەکان بە قزڵ باشیش دەناسران، چونکە هێزە عەلەویەکان دەسماڵی سووریان دەبەست بەسەریانەوە. هەر بۆیە لە ئێستاشدا بەعەلەوی پیر سوڵتان عەبدالی دەگوترێت قزڵ باش. ڕێ و ڕەسم و سروتەکانی عەلەوی قزڵ باش یان پیرسوڵتان عەبدالی لەناوەڕۆکدا هەمان ڕێ و ڕەسمی یارسانین، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم کە دووبارەیان بکەمەوە. سیاسەتی دەوڵەتی سەفەوی کە لەدوای دروستکردنی دەوڵەتی سەفەوی شیعی دوازدە ئیمامیان کردە ڕێبازی خۆیان، بووە هۆی ئەوەی کە دابڕان لە نێوان عەلەوی و دەوڵەتی سەفەویدا دروست بێت(لەکاتی خۆیدا هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکەین). ئەمەش وایکرد کە عەلەویەکانی باکوری کوردستان و ئەنادۆڵ

بەتەنیا ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی ببنەوە. عوسمانیەکان بینیان بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کورد، ئازەربایجان و تورکمان ڕویان لەعەلەویگەری کردووە، هەستان بەهەوڵدان بۆدەستوەردانە ناو عەلەویگەرییەوە. ئەمەشیان لەڕێگەی حاجی بەکتاشەوە (١٢) ئەنجامدا. ئەم ڕێبازەش لەناوەڕۆکدا کارکردن بوو لەسەر دروستکردنی ڕێبازێکی عەلەوی وابەستەی دەوڵەتی تورك یاخود گونجاو لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا.

٣- ئێز یدی :

ئەم ئایینە لەسەردەستی شێخ عودەی کوڕی مسافیری هەکاریدا (١٠٧٢-١١٦٢)ز گەڵاڵە کراوە. کەلەناو ئێزیدیدا وەکو ڕێبەر دەناسرێت و بە (شێخ ئادی) دەناسرێت. لەگوندی(بیت فاز) ی بعلبك لەشام لەدایکبووە. سەبارەت بەناوی ئێزیدی بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە. ئەوانەی باوەڕیان بەیەك ڕیشەیی کوردو ئێزیدی هەیە، پێیان وایە ناوی ئێزیدی لەباوەڕبوون بە(ئێزدان) ەوە هاتووەو هەر لەم ڕوانگەیەوە بەخۆیان دەڵێن ئێزدایی یان ئێزدانی. بەڵام هەندێك وشەی یەزیدی بەکار دەهێنن بۆ ئێزیدیەکان. ئەم تێگەیە زیاتر لەناو نوسەرانی عەرەب و ئەو ئێزیدیانە بڵاوە کە خۆیان بەعەرەب دەزانن، یاخود ڕیشەی کورد ئێزیدی بەیەك ڕیشە نازانن. هەندێك لەنوسەرانی عەرەب ئەم ناو لێنانە دەکەنە بەڵگەو گوایە ئەمانە لایەنگری خانەوادەی ئەمەویی بوون و بۆئەمە بەناوی یەزیدی کوڕی معاویەوە ناوی خۆیان کردووە بە یەزیدی. هەندێکیش دەڵێن ئەمان شوێنکەوتوی (یەزیدی کوڕی ئەنەسی خەوارج) بوون، لەبەرئەوە بەیەزیدی دەناسرێن. من پێم وایە کەئەمە دوورە لەڕاستیەوە. چونکە کە بەڕەگو ڕیشەی ئێزیدیدا بچینە خوارەوەو سەیری داب، نەریت، سروتی ئایینی و قەولەکانیان بکەین ئەو ڕاستیە دەبینین کە ئێزیدی گوزارە لەڕەسەنایەتی کورد دەکەن. ڕەنگە هاوشێوەی یارسانەکان بۆخۆ پارێزی پەنایان بردبێتە بەر گوتەی بەو ڕەنگە. بەڵام ئەمە بەواتای عەرەب بوون و یەزیدی بوونیان نایەت. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە شێخ ئادی بەڕەگەز عەرەب بووە، بەڵام تێکەڵاوی کورد بووەو لەناو کوردا خۆشەویست بووەو ئەویش سودی لەپێگەی خۆی وەرگرتووەو توانیویەتی هاوشێوەی یارسانی بەپشت بەستن بە بنەماکانی ئایینی کۆنی کوردی و رووکەشێکی نزیك لەمەزهەبێکی ئیسلامیەوە، ئاینێکی نوێ بخولقێنێ و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بووە. شێخ ئادی هاوڕێ شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە، لەبەر ئەمە شێخ قادری گەیلانی لەلای ئێزیدیەکان پێگەیەکی تایبەتی هەیە.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٢)حاجی بەکتاش: ناوی محەمەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی موسای خۆراسانیە کە لەنیشاپور لەدایکبووەو دواتر رووی کردۆتە ئەنادۆڵ و لەسوپای یەنی چەریدا لایەنگری بۆخۆی پەیداکردووە. بەهۆی سوپاوە ڕێبازەکەی بڵاودەکاتەوەو دەوڵەتیش کارئاسانی بۆ دەکات و ئیتر دەبێتە مەزهەبێکی دەوڵەت و بەو شێوەیە بەشێکی عەلەوییەکان بۆلای دەوڵەتی عوسمانی ڕادەکێشێت. لەگوندی بەکتاشی لەنێوان قۆنیاو قەیسەری کۆچی دوایی کردووە.

دوای شێخ عودەی، شێخ حەسەن کە نەوەی ئەم بنەماڵەیەیە پەرە بە بیرو باوەڕەکە دەدات و خۆی وەکوو ئایین ڕادەگەێنێت، لەبەڕامبەردا فەرمانڕەوای موسڵ (بەدرەدین لولو) کەشیعە بووە هێرش دەکاتە سەریان و کۆکوژیەکی مەزن لە ناو ئیزیدیەکاندا ئەنجام دەدات و(شێخ حەسەن)یش دەگرن و دەیخنکێنن. ئەمەش ڕێککەوتی ساڵی (١٢٥٤ز) بووە.

پەرتوکی پیرۆزی ئەم ئایینە (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش)ە جیلوە باسی سیفەتەکانی ئێزدان لە دەسەڵات، ڕەوشت، عیلمی غەیب، لەگەڵ بەڵێنەکانی ئێزدان بۆ پاداشتی چاکەو خراپە، دەکات. (مەسحەفا ڕەش)یش باس لە دروستبوونی سروشت، ئادەم وحەوا و هاتنە خوارەوەی (تاوسی مەلەك) دەکات. دەستنوسی ئەم دوو پەرتوکە لە بەرلینی ئەڵمانیا پارێزراوە. بە پێی بیرو وباوەڕی ئێزیدی (تاوسی مەلەك) ئەو فریشتەیە کە مرۆڤی فێری ژیان کردووە، بەڵام ئیسلام ناویان ناوە شەیتان و نەفرەتیان لێکردووە. لە بەر ئەمە بە هەردوو وشەی (شەیتان و نەفرەت) ناڕەحەت دەبن. ئەم ئاینە لەپەیڕەوو نەریتدا وەکو بەردەوامی میترایی و زەردەشتی یە، هەبوونی کاست، باوەڕبوون بە ئێزدان هەڵۆو مار (تاوسی مەلك و مار) و گەلێك بواری تر کە هاوشێوەی یارسانیەکان پەیڕەوی دەکەن گوزارە لەم راستیە دەکات. بەڵام بەشێکی زۆری ئێزیدی بە هۆی ئەوەی لە مێژوی کۆنداو بە پێی (قەول)ی ئێزیدی (٧٢)جار ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی(فەرمان)بوونەتەوەو زەردەشتیش قەدەغە بووەو هۆکارێك بووە بۆ کۆمەڵکوژ کردنیان، لەبەر ئەمە نکۆڵی لە زەردەشتی بوونی خۆیان دەکەن، بەڵام ئێزدای بوونی خۆیان دەپارێزن.

بە پێی ڕۆژژمێری ڕۆمی کۆن یەکەم ڕۆژی چوارشەممەی نیسان، بە پێی ڕۆژژمێری نوێ چوار شەمەی دوای ١٣/نیسانی هەر ساڵێك پیرۆزەو جەژنی ئافراندنی دونیایەو لای ئێزیدی دەبێتە سەری ساڵی نوێ. بە پێی میتۆلۆژیای بابلیش ئەم ڕۆژە ڕۆژی ئافراندنی دونیایەو ئەو ڕۆژەیە کە ماردۆك بە سەر تیامەدا سەردەکەوێت. بە پێی بۆچوونی زەردەشتیەکانیش ئەم ڕۆژە ، ڕۆژی لە دایك بوونی زەردەشتە. وەکوتر ڕۆژانی (٦ هەتا ١٠/١٣) هەر ساڵێك جەژنی لالەشەو حەج دەکەن و بە جەژنی (جما) دەناسرێت. مانگی ١٢ی هەر ساڵێکیش (٣) ڕۆژ ڕۆژوو دەگرن، بەپێی باوەڕی ئێزیدی هەر ڕۆژێك بە (١٠) ڕۆژ دەژمێردرێت. ڕۆژووی تایبەتیشیان هەیە و (٨٠) ڕۆژە و ساڵانە بە دوو بەش دەگیرێت. بە پێی باوەری ئیزیدی (٧) پلەی ئایینی یان کۆمەڵایەتی هەیە.

**یەکەم**: میر: لەوەچەی (شێخ ئادی)ین و خاوەنی بەرزترین دەسەڵاتی ئایینی و دونیایین، میر هەتا ئەمرێت هەر بە میری دەمێنیتەوەو لە کاتی چۆڵ بوونی جێگەکەیدا لە خانەوادەی میر کەسێکی تر دیاری دەکەن.

**دووەم**: شێخ: ئەم کاستە لە سێ بنەماڵە پێك دێن، بە ناوەکانی (شەمسانی- ئادانی- قاتانی) هەر بنەماڵەیەك کاری خۆی هەیەو تەنیا لەناو خۆیاندا ژن و ژنخوازی دەکەن و بنەماڵەکان لەگەڵ دەرەوەی شێخ و ناو شێخەکانیشدا نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئایینی دەکەن. بابە شێخ لە خانەوادەی (شەمسانی)هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە سەرۆکی مەجلسی روحانی و دەسەڵاتی ئایینی

بەڕێوە دەبات. ئەرکانی ئایینی بۆ خەڵك ڕوون دەکاتەوەو لە کاتی پێویستدا لەگەڵا مەجلسی روحانی فەتوا دەردەکات. میریش لە بابەتی ئایینیدا پرس و ڕای پێدەکات. ڕیش ناتاشێ، مەی ناخواتەوە، بە مردنی یاخود بە بڕیاری میر لە ئەرکەکەی لادەبرێت، ئەو کاتە شێخەکان کۆدەبنەوەو کەسێکی تر لە بنەماڵەی شەمسانی هەڵدەبژێرن، بنەماڵەی (ئادانی) ئەرکیان خوێندنە. خوێندن بۆ گروپەکانی تر قەدەغەیە. پێویستە هەر ئێزیدییەك شێخێکی هەبێت، بۆ ئەوەی کاتێك کۆچی دوایی کرد کفن و دفنی بکات و بیشوات و تەسلیم بە گۆڕی بکات. هەر کەسێك شێخەکەی مرد دەبێت بچێتە لای میر بۆ ئەوەی شێخێکی تری بۆ دیاری بکات.

**سێیەم**: پیر : ڕیش سپی خەڵکەو بەناوخەڵکدا دەسوڕێتەوە. خێرو سەقەی دەدەنێ و نەخۆش دەبەنە لای بۆ ئەوەی دوعایان بۆبکات.

**چوارەم** : فەقیر : کەسێکە کەخۆی لەژیانی دونیا دادەبڕێت و خۆی بۆ خزمەتی ئایین تەرخان دەکات. هەرکەسێك دەتوانێت ببێتە فەقیر بەمەرجێك خۆی بۆ تەرخان بکات، ئەوکاتە میر بەرگی فەقیری (خەرقە) دەکاتە بەری. خەرقە هەتا بەتەواوی نەدڕێت ناگۆڕدرێت. نابێت بیشۆن و ئەگەر ئەسپێشی تێبدا نایکوژن. فەقیر کاتێك مرد بە بەرگەکەیەوە دەیخەنە گۆڕەوە. ئەگەر سەرپێچی لەڕێنمایی و بنەماکانی ئایین بکات، ئەوا بەرگەکەی لەبەردادەکەنن، سەرو ڕیشی دەتاشن و لەناو خۆیان دەری دەکەن. ئەگەر ئەرکی خۆشی بەباشی جێبەجێ کرد ئەوا هەموو چینەکان ڕێزی لێ دەگرن.

**پێنجەم**: قەوال : هەڵگری (مەلەك تاوس)ەو بەدێهاتەکاندا دەگەڕێت. سرودی ئایینی دەچڕێ و لەبۆنە ئایینیەکاندا دەف لێ دەدات. پاککردنەوەی جێگە پیرۆزەکان ئەرکی پیرۆزە لەلای فەقیر. خێرو سەدەقە کۆدەکاتەوە. لەئێسادا قەوال و مورید دەتوانن ژن و ژنخوازی لەنێوانیان خۆیاندا بکەن. ڕیش و سمێڵ ناتاشن.

**شەشەم**: کوچەك : مردوو شۆرن و چارەنوس دەدۆزنەوە. خزمەتی مەزارە پیرۆزەکانی شێخان و شەنگار دەکەن. هەر ئێزیدییەك لەژێرچاودێری بابا شێخ دا دەتوانێت ببێتە کوچەك و لەژێر سەرپەرشتی (مجێور)دا کاردەکەن. (مجێور)(کوچەك)ێکی ڕەبەن و خۆ تەرخانکەرەو هەتا مردن ئەم کارە دەکات.

**حەوتەم**: مورید : چینی گشتی ئێزیدییە. دەبێت شێخ وپیریان هەبێت. خێرو سەدەقە دەدەنە شێخ و پیرەکەیان و ئامۆژگاریان لێ وەردەگرن. هەر ئێزیدیەك دەتوانێت (کریف)ی لەناو ئیسلامدا هەبێت. ئەوانیش دەبنە برای یەك و بەرپرسیار دەبن بەرامبەر بەیەکتر. ئێزیدی هاوشێوەی یارسانی (قەول)و پەرستن و پەرتوکەکانیان بەکوردین. بەڵام بە کورمانجی ژووروون. ئێزیدی جلی شین لەبەرناکەن و کاهو ناخۆن. ئێزیدی لەسەدەی سیازدەیەمەوە هەتا سەدەی شازدەیەم ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانیان پێکهێناوە، ناوچەکانی موسڵ، جزیرە لەباکورو ڕۆژئاوای مێردین، باتمان بەرەو سەرحەدو ئەرمەنستان بەشێکی زۆری ئێزیدی بوون، بەڵام لەئێستادا ئەو ژمارەیە کەمبۆتەوە. پەرستگای پیرۆزی ئێزیدی لە(لالەش)ەو جێگەی بەرخۆدانیشیان شەنگارە.

ئەگـەر بەشـێوەیەکی بـاش لەناوەڕۆکـی ئـەم ئایینانـە وردبینـەوە، ئـەوا دەبینیـن لەناوەڕۆکـدا زۆر نزیکـی یەکـترن خاڵـی هاوبەشـیان زۆرەو خاڵـە هاوبەشەکانیشـیان زۆربـەی دەچێتـەوە سـەر ئایینـی ئێزدانـی (میترایـی و زەردەشـتی) ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە لەوقۆناخـەدا ئیـتر کۆمەڵـگای کـوردی بـەو شـێوەیە توانیویەتـی ئاییـن و بیـرو بـاوەڕی خـۆی بپارێزێـت. هاوکاتیـش دەبینیـن بەهـۆی ئـەو قۆناخـە دژوارو سـەختانەی پێیـدا تێپەڕبـوون بەشـێك لەنەریـت و تایبەتمەنـدی عەلـەوی (شیعەگەرایی ) و ئیسـلامیەتیان وەرگرتـووە. ئەمـەش ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە ڕێبـەر عەبدوڵلائۆجـالان دەڵێـت: ئـەو کاتـەی ئاییـن دەبێتـە ئایینـی دەسـەڵات، مەزهـەب و تەریقـەت دەبنـە ڕێبـازی گـوزارە لەخۆکردنـی پێکهاتـە جیـاوازەکان. دیـارە گەلـی کوردیـش لـەم پێنـاوەدا پەنـای بـۆ ئـەم ڕێبـازە بـردووە. هاوکاتـی ئـەم ئایینانـە، لەکوردسـتاندا ئـەو سـەردەمە ڕێبازەکانـی قـادری، نوربەخشـی و عەلـەوی سـەفەوی بڵاوبۆتـەوەو کاریگەریـان لەسـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان هەبـووە.

٤- ڕێبازی قادری :

شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی کـە بە(غـەوزی گەیلان)یـش دەناسرێـت ڕێبـەری ئـەم ڕێبـازەو داهێنەرێتـی. شـێخ عەبدولقـادر خەڵکـی گەیلانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەو لەبەغـداد خۆێندویەتـی. لەنێـوان سـاڵانی (١٠٧٧-١١٦٦)زدا ژیـاوە. واتـە لەوسـەردەمەدا ژیـاوە کەلەلایـەك گـەڕان و لێکۆڵینەوە لـە زانسـت، فکـرو حەقیقـەت زۆربـووەو لەلایەکـی تریشـەوە ڕێگـە لەداهێنـان گیـراوە. دیـارە لـەم سـەردەمەدا چـۆن گـەلان بـەدوای چارەسـەری کێشـەکانیاندا دەگـەڕان. زانایانیـش لەچارەسـەری دەگـەڕان بـۆ ئـەم بارودۆخـە. ئیـتر بەشـێکی زانایـان وازیـان لەشـرۆڤەی ئاییـن و کارکـردن لەسـەر داهێنانـی مەزهەبـی نـوێ هێنـا. لەجێگـەی ئـەوە دوای داهێنانـی ڕێبـازی پەرسـتن و سـۆفیگەری کەوتـن. شـێخ عەبدولقـادر یەکێـك لـەو زانایەنبـوو کەپێشـەنگایەتی کـرد لـەم بـوارەدا. هەرئەمـەش وایکـرد کـە زوو کاریگـەری بەوڵاتانـی جیهانـدا بـڵاو ببێتـەوەو زووش بگاتـە کوردسـتان. مـەزاری شـێخ عەبدولقـادر لەبەغـدادە ئـەم ڕێبـازە لەڕێگـەی عەبدولعزیـزی کـوڕی شـێخ و ئەبوبەکـری کوڕەزایـەوە کەچوونەتـە ئاکـرێ بـە کوردسـتاندا بـڵاو بۆتـەوە. ڕەنگـە بەهـۆی دۆسـتایەتی شـێخ عەبدولقـادر و شـێخ ئـادی ئێزیدیـەوە کـوڕو کورەزاکـەی ناوچـەی (ئاکرێ)یـان هەڵبژاردبـێ بۆنیشـتە جـێ بـوون. چونکـە لـەو کاتـەدا ئێزیدیـەکان زۆرینـەو باڵادەسـت بـوون لـە ئاکـرێ و دەوروبـەری.

بەپێـی ئـەم ڕێبـازە زیکـرو خواپەرسـتی ئاشـکراو بەکۆمـەڵ بێـت خێـری زیاتـرە، هەربۆیـە بانگـەوازی دەکات کـە نوێـژەکان بـە کۆمـەڵ و لەمزگـەوت بکرێـن. هەفتـەی دوو ڕۆژیـش (ڕۆژانـی سـێ شـەممەو هەینـی) زیکـری بەکۆمـەڵ ئەنجـام بدرێـت. لـەم ڕێبـازەدا دەروێشـی ڕێبـازی پاکبونەوەیـە. کـە پێویسـتە دەروێـش بجێتـە لای شـێخ و تۆبـە بـکات و ڕێنماییەکانـی شـێخ پێکبێنێـت. بەپێـی ئـەم ڕێبـازە ژن ناتوانێـت ببێتـە ڕێبـەرو پێشـنوێژ (١٣). سیسـتمی پەرسـتن و پەروەردەیـان جیایـەو لەناویەکـدا نییـن. مزگـەوت جێگـەی پەرسـتنەو تەکیـە جێگـەی شـێخ و بەروەردەیـە هەتـا سـەدەی نۆزدەیـەم بەشـی زۆری موسـوڵمانی سـوننەی کوردسـتان لەسـەر ئـەم ڕێبـازە دەڕۆیشـتن. بـەڵام دوای بـڵاو بوونـەوەی نەقشـبەندی ئـەم ڕێبـازە لەکـزی داو لەئێسـتادا لـە ڕۆژهـەڵات و بەشـێکی باشـوری

**کوردستاندا کاریگەری خۆی پاراستووەو شێخانی بەرزنجە، تاڵەبان و کەسنەزان ڕێبەرایەتی ئەم ڕێبازە دەکەن لە کوردستانداو پێشتر شێخ ئیدریسی بەدلیسی و خانەوادەی شێخ تەهای نەهری لەسەر ئەم ڕێبازە بوون، بەڵام دواتر جوونەتە سەر ڕێبازی نەقشبەندی. بنەماڵەی شێخ محمودی بەرزنجی قادرین و بنەماڵەی بارزانی لە شێخانی نەقشبەندن.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٣) بەپێی ئەم ڕێبازە فەرمانڕەوا دەبێت هەم ڕێبەری دونیا هەم ڕێبەری ئاخیرەت بێت و زانایانی ئایینی دەبێت ڕێگای راستی نیشان بدەن. شێخ عەبدولقادری گەیلانی: (٤٧١- ٥٦٠ک) (١٠٧٧- ١١٦٦ز): (کوڕی سەید نورەدین ئەبوسالح موسا جەنگی دۆستی کوڕی سەید عەبدوڵڵای کوڕی سەید یەحیایەو بە یازدە پشت دەچێتەوە سەر ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمام عەلی. بە ناوی باوکیدا دیارە کە کوردەو بۆچوونێک هەیە کە لەکوردە دەیلەمیەکان بێت. دایکیشی ناوی (فاتمە)یەو بە (ام الخیر ) ناسراوەو لەتەمەنی شەستساڵیدا شێخ عەبدولقادری هێناوەتە دونیاوە. دایکی کچی ئەبی عەبدوڵڵای سومعی یەو دەچێتەوە سەر ئیمامی حسێن. مینۆرسکی پێی وایە شێخ عەبدوالقادرخەڵکی گەیلان غەربی رۆژهەڵاتی کوردستانەو لەدایک و باوکەوە کوردە. بەڵام هەندێک نوسەری تر ئەم بۆچوونە رەتدەکەنەوە. شێخ عەبدوالقادر هاوەڵی جاگیری کوردی (کۆچکردوو لە ٥٩٠ک)، شێخ تاج العارفین ئەبو وەفای کورد (کۆچکردوو لە ٥٣٠ک)، شێخ عودەی کوڕی موسافیری هەکاری (ڕێبەر ئێزیدیەکان) و شێخ ئەبو محەمەد عەبدالڕحمن کوڕی شوعەیبی کوردی بووە. ٢٧ کوڕو ٢٢ کچی هەبووە. عەبدوڵڵا، محەمەد، ئیبراهیم، سالح، موسا، عیسا، عەبدالجبار، عەبدالعزیز، یەحیا، عەبدالرزاق و عەبدالعزیز ڕۆڵیان بنیوە لە بڵاوکردنەوەی ڕێباوەکەی لەکوردستاندا. شمس الدینی کوڕی عبدالعزیز دەچێتە ناوچەی شەمزینان و لەوێ ڕێبازەکە بڵاو دەکاتەوەو ناوچەکەش بەناوی ئەوەوە ناو دەنرێت شەمزینان. تاڵەبانی ، کەسنەزانی و سۆڵەیی کە سێ بنەماڵەی شێخی قادرین خۆیان دەبەنەوە سەر عبدالرزاق. شێخانی بەرزنجەش دەچنەوە سەر شێخ موساو شێخ عیسا (ئەم دووشێخە کوڕەکانی شێخ عەبدولقادر نین، بەڵکو کوڕی سەید بابەعەلی هەمەدانین) کەدەبنە کوڕەزای شەهابەدین یوسف کوڕی سەید مەنسوری کوڕی سەید عەبدالعزیز کوڕی سەید عەبدوڵڵای کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیمام موسای کازم و لەبەرزنجە جێگیر دەبن. شێخ موساو شێخ عیسا بەهۆی ئەو ئاڵۆزییەی لە رۆژئاوای ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهۆی هاتنی مەغۆل و ڕاپەرینی عەلەوییەکانەوە دروست دەبێت ڕوو دەکەنە بەرزنجەو لەو ناوچەدا جێگیر دەبن. شێخ موسا فاتمەی کچی شێخ خالیدی کاژاو دەکاتە هاوسەری خۆی، پاش ماوەیەک شێخ موسا لە ناوچەی ئاغجەلەر دەکوژرێت و شێخ عیسا تەرمی براکەی دەباتەوە بۆ بەرزنجەو فاتمەی براژنیشی مارە دەکات و دوازدە کوڕی لێی دەبێت. عبدالکەریم، محەمەد، سادق، میرەسور، ویسال ادین، ئیسحاق، کەمالەدین، جەمالەدین، عەباس، بایەزید، حەسەن و حسێن. ئەم بنەماڵەیە هەرچەندە بۆ خۆیان عەلەوین، بەڵام دواتر دەچنە سەر ڕێبازی قادری و رۆڵیان زۆرە لەبڵاوکردنەوەیدا. دوای شێخ عیسا، عبدالکەریمی کوڕە گەورەی دەبێتە جێنشینی باوکی و دواتر بایەزیدو حەسەنی کوڕەزای و عیسای ئەحدەبی کوڕی حسێن و عەبدول سەییدی کوڕی عیسای ئەحدەب و سەید قەلەندەری کوڕی سەید عەبدولسەیدو سەید عەبدالڕەسولی کوڕی سەید قەلەندەر و سەید عەبدول سەیدی دووەمی کوڕی عەبدالڕسول و دواجار بابەڕەسولی بەرزنجی (٩٧٠- ١٠٥٧ک)کوڕی عەبدالسیدی دووەم دەبێتە جێنشین. بابەڕەسوڵ (١٩)کوڕی هەبووە. سەید محەمەد نۆدێ کە کوڕەزای بابە رەسوڵەو کوڕی (عەلی)یە، ڕۆڵی مەزن دەبینێ لەبڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەداو لەگوندی نۆدێ جێگیر دەبێت.

### ٥- ڕێبازی سەفەوی:

**ئـەم ڕێبـازە صۆفیگەرییـە لەلایەنـی شـێخ سـەفیەدینی ئەردەبیلیـەوە داهێـنراوە. شـێخ سـەفیەدین خەڵکـی (کۆیـە)ی سـەربە هەولێـرەو لەنێـوان سـاڵانی (١٢٧١-١٣٥١)ز دا ژیـاوە. هەندێـك مێژوونـوس ڕەچەڵەکـی دەبەنـەوە بـۆ سـەر بابـا عەلـی هەمەدانـی کەدەبێتـە باپیـرە گـەورەی شـێخ عیسـای باوکـی سـوڵتان ئیسـحاقی یارسـانی.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

ئەویـش (٥) کـوڕی دەبێـت (شـێخ ئیسـماعیل ولیانـی)(١٠٨١- ١١٥٨ك) یەکێکـە لەکوڕەکانـی و ناوبانگێکـی زۆری پەیداکـردووە. لەقازانقایـە لەدایکبـووە، باپیـرەی سـەیدەکانی قازانقایـە، دێلێـژە، کەسـنەزان، خـاوێ، گۆپتەپـە، قەرەچێـوار، کانـی خاکـی، هەشـەزێنی و کانـی کـەوە. دوای کۆچـی دوایـی باوکـی دەبێتـە جێنشـین و بنکـەی خـۆی دەگوازێتـەوە بـۆ (گونـدی ولیـان)ی ناوچـەی قـەرەداغ، چـوار کوڕەکـەی تـری شـێخ محەمـەد {شـێخ حەسـەن گڵەزەردەیـی ، شـێخ عەلـی کۆسـەی دۆڵ پەمـوو، شـێخ ئەحمـەد غەزایـی و شـێخ محەمـەدی میـری سـوور} وابەسـتەی شـێخ ئیسـماعیلی برایـان بـوون، شـێخ ئیسـماعیل بەنوێکـەرەوەی هـەزارەی دووەم دادەنرێـت لەقادریـدا. بەهـۆی کاریگـەری ئـەوەوە زۆر کـەس لەکاکەیـی و ئەهلـی حـەق دەبنـە موسـوڵمان و بـە پێشـەنگی سـۆڵەیی و کەسـنەزانی دادەنرێـت و دوای ئـەو شـێخ عەلـی کوسـەی دۆڵ پەمـوو دەبێتـە جێنشـین و سـەرەتای شـێخانی سـۆڵەیی دەسـت پـێ دەکات و شـێخ مارفـی نـۆدێ بەردەوامـی بـەم ڕێبـازەدا. شـێخ محـێ الدیـن کەرکوکـی (١١٣٣- ١١٩٤ك) کەسـنەزانی دادەهێنـی وەکـو لـەم هێڵکارییـەدا روون کراوەتـەوە

شێخ ئیسماعیل ولیانی

| | | |
|---|---|---|
| کەسنەزانی | سۆڵەیی | |
| محی الدین کە رکوکی | عەلی کۆسە دۆڵ پەموویی | |
| عەبدالسمد گڵەزەردەیی | مەعروف نودێ | |
| سەید حسێن قازانقایە | کاک ئەحمەدی شێخ | |
| سەید عەبدولقادر قازانقایە | حسێن قەرەچێوار | |
| عەبدالکریم شاە کەسنەزانی | حسین چرچەقەڵا | |
| عەبدولقادری دووەم (مهاجر) | محەمەد خانیلە | عەبدالقادر قەمچی ڕەش |
| سەید حسێن کەسنەزانی | هادی هاشمی | محەمەد تاهیر حسێن |
| عەبدالکریم کربچنە کەسنەزانی | | |
| محەمەد عەبدولکەریم کەسنەزانی | | |
| نەهرو محەمەد | | |

لەئێستادا ئەم بنەماڵانەی شێخانی قادری لەکوردستاندا هەن

١ـ بنەماڵـەی شـەمزینانی (ئـەم بنەماڵـە لـەدوای سـەید بەهـای نەهـری شـەمزینانیەوە بەشـی زۆریـان بوونـە بەقشبەندی)

٢ـ بنەماڵـەی تاڵەبانـی کەلـە ناوچـەی تاڵەبانـی نزیـک کەرکوکـن، بـەڵام لەئێسـتادا لەکۆیـە، کفـری و بەشـێکی زۆری باشـورو هەندێکیـش لەرۆژهـەڵات بڵاوبوونەتـەوە

٣ ـ بنەماڵەی بریفکانی لەبەهدینان

٤ـ بنەماڵەی زەنبیل، ناوەندەکەیان لەگوندی زەنبیلی نێوان بۆکان و سەقزە

٥ـ بنەماڵەی شێخ بەهادین کەفراوی لەناوچەی وان و بەدلیسی باکوری کوردستان

بەپێـی بەڵگـە مێژووییـەکان بنەماڵـەی شـێخ سـەفیەدین لەسـەر مەزهەبـی سـوننی بـوون، بـەڵام بەهـۆی تێکەڵاوییـان لەگـەڵ یارسـانیەکان و چوونـی بـۆ پەردیـوەر کـە ناوەنـدی یارسـانیەکان بـووە، ڕێبازێکـی تایبەتـی بۆخـۆی داهێنـاوە. هەندێـك لەنوسـەران وای بۆدەچـن کەئەویـش بووبێتـە یەکێـك لە(یار)ەکانـی یارسـانی و لەسـەررێنمایی یارسـانەکان چووەتـە ئەردەبیـل و ئیـتر بەئەردەبیلـی نـاسراوە. بێگومـان لـەو سـەردەمەدا بەشـێکی زۆری ئەردەبیـل کـورد بـوون و ناوچەکەش بەشـی زۆری یارسـانی بـوون. دوای خـۆی کـوڕو نەوەکانـی پەرەیان بەرێبازەکـە داوەو گۆڕانکاریشـیان تێداکـردووە، زنجیرەی ڕێبازەکـەی بەمشـێوەیە ڕۆیشـتووە{بەدرەدین، سـەدرەدین، عەلـی (خواجـە عەلـی سیاپۆش)، ئیبراهیم (شـێخ شـا)، جونەید(سـوڵتانی ئەردەبیـل)، حەیـدەر، شـا ئیسـماعیل}. تەیمورلەنـگ بووەتـە موریـدی (خواجەعەلـی سیابۆش) و ناوچـەی ئەردەبیـل دەکاتـە وەقفـی شـێخ سـەفیەدین و دیلـە ڕۆمەکانیـش ئـازاد دەکات و ڕادەسـتی (خواجـە عەلی)یـان دەکات و ئەمـەش زەمینـەی کاری سـەفەوییەکان زیاتـردەکات و بەشـی زۆری دیلەکانیـش دەچنـە ریـزی موریدەکانـەوە. لەسـەردەمی (جیهـان شـای) قەرەقۆینلـەردا فشـار دەخرێتـە سـەر شـێخ جونەیـدو ئەویـش ئەردەبیـل بەجـێ دێڵـێ و دەچێتـە ئامـەدو لەگـەڵ خوشـکی (حەسـەن ئـوزون)ی سـەرۆکی ئـاق قۆینلـەر زەماوەنـد دەکات. دواتـر لەگـەڵ قەرەقۆینلـەردا ڕێکدەکەوێـت و دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەردەبیـل و دەبێتـە هێزێکـی کاریگـەر. دوای شـێخ جونەیـد حەیـدەری کـوڕی موریدەکانـی وەکـو سـوپایەکی بـاش پـەروەردە دەکات و کڵاوی سـوور دەکەنـە سـەریان، ئیـتر بـەکڵاوی حەیدەریـش دەناسرێـت و پێیـان دەڵێـن (قـزڵ بـاش) و عەلـەوی بوونیـان یاخـود شـیعە بوونیـان لێـرەوە یەکلایـی دەبێتـەوەو ڕێبازەکانـی حەیدەرییـە دادەنـێ. لـەم کاتـەدا قەرەقۆینلـەرلاواز دەبـن و ئـاق قۆینلـەر وەکـو هێزێکـی سـوننی بەهێزدەبـن. حەیـدەر لەسـاڵی (١٤٧١ ز) دا هێـرش دەکاتـە سـەر ناوچەکانـی ئـاق قۆینلـەر، تێکدەشـکێت و ناوچەکەیـان هەمـووی کەوتـە دەسـتی ئـاق قۆینلـەرو خـۆی و سـوڵتان عەلـی کوڕەگەورەکـەی دەکوژرێـت و خێزانەکەشـی دەکەوێتـە دەسـت و شـوو دەکات بەفەرماندەیەکـی ئـاق قۆینلـەر. بـەڵام موریدەکانـی (ئیبراهیـم و ئیسـماعیل)ی کـوڕی دەشـارنەوەو دەیانبـەن بـۆ ناوچەکانـی گیـلان و مازنـدەران و هەتـا سـاڵانی (١٤٩١-١٤٩٢)ز لـەو نـاوە دەبـن و بـاش خۆیـان ئامـادە دەکـەن و دواتـر لەسـاڵی ١٤٩٩ز شـا ئیسـماعیل خـۆی وەکـو شـا ڕادەگەیەنێـت و لەسـاڵی (١٥٠٢)ز تەبرێـز دەگرێـت و دەوڵەتـی سـەفەوی ڕادەگەیەنێـت. هەتـا (١٥٢٤) حوکـم دەکات. لـەم ماوەیـەدا سـەفەوێتی لەسـەربنەمای شـیعەی دوازدە ئیمامـی ڕێکدەخاتـەوەو دەیکاتـە ئایینـی دەوڵـەت و دەسـەڵات. واتـە دەکرێـت بڵێیـن ڕێبـازی سـەفەوی لەسـەرەتاوە هەتـا سـەردەمی شـا ئیسـماعیل گەلێـك گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە. لەسـەرەتاوە ڕێبازێکـی تەسـەوفی عیرفانـی کۆمەڵایەتـی سـوونی نزیـك لـە یارسـانی بـوو، دواتـر لەسـەردەمی شـێخ حەیـدەردا دەبێتـە ڕێبازێکـی عەلەوی(قزڵباشـی حەیـدەری)، لەسـەردەمی شـا ئیسـماعیل و دەوڵەتـی سەفەویشـدا دەکرێتـە ڕێبـازی شـیعەی دوازدە ئیـمام و دەبێتـە ئایینـی دەسـەڵات. بەمـەش بەتـەواوی لـە ناوەڕۆکـە تەسـەوف و کۆمەڵایەتیەکـەی دوور دەکەوێتـەوە. ئەمـەش پارچەبوونێکـی لـە نێـوان شـیعەکان یاخـود عەلەوییەکانـدا دروسـتکرد. کـوردی عەلـەوی

جارێکـی تـر هەوڵیانـدا ئایینەکـەی خۆیـان بپارێـزن، واتـە هەوڵیانـدا عەلەویگەریـی وەکـو خـۆی بێڵنـەوەو بیپارێـزن لـەو ڕەوتـە سـەفەویە نوێیـە. بـەم هۆیـەوە بەشـی زۆری کۆمەڵـگای عەلـەوی ناوەڕۆکـی باوەڕیەکـەی خۆیـان پاراسـت، بەشـێکی کەمیـش لەگـەڵ سـەفەویدا مانـەوە. بەشـی زۆری تورکـمان و ئـازەرەکان بوونـە پەیـڕەوی سـەفەوی. ئەمـەش کاریگەرییەکـی لەسـەرگۆڕینی ئاییـن و بـاوەری ناوچەکـەو کوردیـش کـرد.

٦-نور بەخشی :

بناخـەی ئـەم ڕێبـازە لـە لایـەن (محەمـەد کـوڕی عەبـدوڵا)ی موسـەوی خوراسـانی کـە لەنێـوان سـاڵانی (٧٩٥-٨٦٩)کۆچـی بەرامبـەر (١٣٩٣-١٤٦٥)ز دا ژیـاوە، دامـەزراوە. سـەید محەمـەد دەچێتـە سـەردانی شـاری هـەرات و لای خواجـە ئیسـحاقی فەتلانـی دەخوێنـێ و خواجـە لەسـەر ڕێبـازی (کوبرەویە)بـووە، بەهـۆی خـەون بینینـەوە نازناوی(نوربەخش)دەداتـە سـەید محەمـەدو خەرقـەی (سـەید باباعەلـی هەمەدانی)دەخاتـە سەرشـانی و لەنـاو موریدەکانیـدا شـاهیدی بـۆ دەدات کـە سـەید محەمـەد مەهـدی زەمانـە. سـەید محەمـەد هـەرلای خواجـە دەمێنێتـەوە هەتـا سـاڵی (١٤٢٤ز) کـە شـارۆخ میـرزا هێـرش دەکاتـە سـەر نوربەخشـیەکان و خواجـە ئیسـحاق و دووکوڕەکـەی دەکـوژن. ئیـتر سـەید محەمـەد دێتـە کوردسـتان و خەڵکـی زۆر بـاوەڕی پێدەکـەن و لێـی کۆدەبنـەوە. هـۆکاری سـەرەکی بـۆ ئـەوەی کـە بەخێرایـی کاریگەریـی لەکوردسـتاندا بـڵاو دەبێتـەوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو بابـەت؛ یەکـەم: سـەید محەمـەد لەگـەڵ یارسـانیەکاندا پەیوەنـدی بـاش بـوو. دووەم: بـاوەڕی بـە پیـرۆزی ڕووناکـی هەبـوو. کەئەمـە بنەمایەکـی ئایینـی کۆنـی کـوردان بـوو. (شـارۆخ میـرزا) لەڕێگـەی بەرپرسـانی کوردسـتانەوە دەسـتگیری دەکات و دەینێرێتـە سـولغان لەنزیـك تەبرێـزو بەدەستبەسـەری دەژی هەتـا دەمرێـت. ئـەم ڕیـازە هەتـا ماوەیـەك دواتریـش کاریگـەری لەسـەر بەشـێکی کۆمەڵـگای کوردسـتان هـەر بـەردەوام دەبێـت. بـەڵام هێـدی هێـدی کاریگـەری لەکوردسـتاندا کـەم دەبێتـەوە. لەئەنجامـدا دەبینیـن مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١١٠٠-١٥٠٠) لـەڕووی ئاییـن، مەزهـەب، تەریقـەت و بیـرو بـاوەڕەوە سـەردەمێکی نوێیـە بـۆ کۆمەڵـگای کوردسـتان و گۆڕانـکاری ڕیشـەیی دروسـت دەبێـت. لەلایـەك زەردەشـتی بـەرەو ئاوابـوون دەچێـت. لەلایەکـی تـرەوە ئیسـلامیەت بەهـەردوو ئایینزاکـەی شـیعەو سـوننیەوە گەشـە دەکات، لەلایەکـی تـرەوە ئاییـن وئاینـزای نـوێ بەناوەڕۆکـی فەرهەنگـی کۆنـی کـوردو روخسـاری جیـاوازەوە دەردەکـەون و گەشـە دەکـەن. ئـەم قۆناخـە قۆناخێکـە کەتێیـدا لـەڕووی باوەڕییـەوە ئیـدی هێـدی هێـدی خـودای کـورد دەگۆڕدرێـت، لەئێـزدان و ئەهورامـەزداوە بـەرەو (ئـەڵا) یـان بـەرەو مەولاعەلـی تاوسـی مەلـەك. هەنـگاو دەنێـت. چەمکـی دووئالیزمـی خوداوەنـدی باشـەو خراپە(هاوتایـی خـودای باشـەو خراپـە)، دەگۆڕێـت بۆچەمکـی یەکتاپەرسـتی (ئـەڵا). پەیامبـەر لەزەردەشـتەوە دەگۆڕێـت بـۆ محەمـەد، سـان سـەهاك، شـێخ ئـادی و عەلـی. پەرتوکـی پیـرۆزی کـوردان لەزەندئاڤێسـتاوە بـەرەو قورئـان، سـەرئەنجام، جیلـوە، مەسـحەفا ڕەش گـۆڕا. چەمکـی ئامـۆژگاری ئایینـی گـۆڕا بـۆ چەمکـی فەرمـان و پاداشـت لەبەرامبـەر باشـەو سـزا لەبەرامبـەر خراپـەدا. پەیوەنـدی مـرۆڤ و خوداوەندەکـەی لـە هاوڕێیەتیـەوە بـەرەو سـەردار و

بەندە هەنگاوی نا. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە هاوسەنگی نێوان ژن و پیاو گۆڕا بەرەو لاسەنگی و تاڕادەیەك ڕۆڵی ژن بەرەو دواوە چوو. لەجێگەی پیر، سان، موغ و بابا(باوە)، پێشەنگانی ئایینی گۆڕان بەرەو سان، پیر، دەلیل، شێخ، میر، سەید و مەلا. چەمکی حەرام و حەڵاڵ، فەرزو سوننەت، جێگەی باشەو خراپەو خێرو ناپەسندی دەگرتەوەو ئەمەش گۆڕانکاری ڕیشەیی لەزهنیەتی تاك و کۆمەڵگادا دروست دەکرد. لەڕووی زمان و فەرهەنگی جلو بەرگ و ژیانەوە، کاریگەری زمانی عەرەبی و فەرهەنگی ژیان و جل و بەرگیان بەرەو پێش دەچوو، پۆشاکی عەرەبی و پێوانەکانی ژیانیان لەکوردستاندا پەرەی دەسەند. سەرەڕای هەوڵدانی یارسان و ئێزیدی بۆپاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی و ئایین و فەرهەنگی کوردی، بەڵام باڵادەستی زمان و فەرهەنگی عەرەبی بەبۆنەی قورئانەوە وایدەکرد کە بەشێکی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیری کورد پەنا بۆ زمانی عەرەبی ببەن لەنوسینەکانیانداو لەم بوارەدا نمونەمان زۆرن، وەکو؛ مێژوونووسان ئەبوفیدا، ئیبنو ئەسیر، ئیبن شەرداد، ئیبن خەلەکان، ئەبوحەنیفەی دینەوەری و ئیبنی موتەیبەی دینەوەری، بیرمەند عاریفی وەکو سوهرەوەردی و بەدیعوزەمانی هەمەدانی، توێژەر ئیبنو فەزلان و موسیقاناس سەفیولدینی ئورمێی و محەمەد خەتیبی ئەربیلی و مۆسیقا ژەنان ئیبراهیم و ئیسحاقی موسڵی و زەریاب. ئەندازیارو بیناساز مونیس، ماتماتیکزان و ئەستێرەناس محێدین ئەخلاتی. ئینسکلۆپیدیازان ئیبنی نەدیم و چەند کەسی تر کە ئێرە جێگەی نابێتەوە بۆ ناو هێنانیان و ئەمانەش بەشی زۆریان وەکو عەرەب یان ئێرانی ناسێندراون.

## د- بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان

لەسەرەتای ئاشنابوونی کوردستان بەئیسلام هەتا سەدەی شازدەیەم، بۆ گۆمەڵگا ماوەیەکی زۆر ئاڵۆزو هەڵگری ئاڵوگۆڕبوو. لەڕووی ئاینییەوە باسمان کرد کەچۆن گۆڕانکاریەکان ڕوویاندا. لەڕووی دەسەڵات و فۆرمی کۆمەڵگاوە گۆڕانکارییەکان لەوانەی بواری ئایینی و باوەڕی دابڕاو نەبوون و کەمتر نەبوون و تاڕادەیەکیش ئاماژەمان بۆکردن. بابەتێکی تر کە کاریگەریی لەسەرکومەڵگای کوردستان و ژیانی کۆمەڵایەتی هەبوو، جگە لەئایینی و دەسەڵات و فاکتەرە ناوخۆییەکان، ئەو ئاڵوگۆڕە دیموگرافیانە بوون لەم قۆناخەدا روویاندا. لەلایەکەوە لەسەدەی حەوتەم بەدواوە عەرەب لەڕێگەی ئیسلامەوە بەرەو کوردستان هەڵکشان و ڕۆژبەڕۆژ دەسەڵات و ژمارەیان زیادی کردو لەزۆر جێگەی کوردستاندا بوونە پێکهاتەیەکی بەرچاو لەڕووی ژمارەوە. لەسەدەی نۆیەم بەدواوەش واتە لەساڵانی (٨٠٠ز) بەدواوە ئیتر کۆچە بێ ژمارەکانی خێڵە تورکەکان بۆ ئێران و کوردستان کاریگەری زۆری لەسەر کوردستان و کۆمەڵگاکەی هەبوو. لەڕووی جوگرافیاو دیمۆگرافیاوە هاتنی عەرەب وای کرد لەناوچەکانی خوارووی کوردستان، لەباشورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوو باکوردا کورد کەم ببێتەوەو بکشێنەوە بەرەو چیاکان یان بتوێنەوە لەناو عەرەبدا. بۆ نمونە هەتا سەردەمی ساسانیەکان بەشی زۆری دانیشتوانی بابل و شوێنی بەغدادی پایتەختی ئێراق و میسان و عەبەدان لەسنوری ئێران و ئێراق، هەروەها

تکریت، موسڵ بەرەو حەلەب و هاتای و دیلوك زۆربەی کورد نشین بوون و بەرێژەیەکی کەم گەلانی تری لەوێنەی فارس، کلدانی، ئاشوری، سریانی و ئەرمەنی تێدا ژیاون، بەڵام لەدوای هاتنی ئیسلامەوە دەبینین رێژەی کورد کەم دەبێتەوەو زۆربەی ئەو ناوچانە عەرەب تێیدا دەبێتە زۆرینە. هاوکاتی ئەمە کۆچ و ڕەوی خێڵە تورکەکان و قەڵەمڕەوی ئەوان وایکرد ناوچەکانی ئازەربایجان (بەرۆژهەڵات و رۆژئاواو ئازەربایجانی سۆڤێتیشەوە) مۆرکی کوردی کەم ببێتەوەو ئیتر گەلێکی تر لەم ناوچانە لەدایك ببێت یان بخوڵقێندرێن کەئەویش ئازەرییە، کەبەنەژاد کوردن و ئاریانین و بەزمان و فەرهەنگ بوونەتە تورك. ناوچەکانی میزۆپۆتامیای ژووروش لەباکوری کوردستان تورك بنە هاوبەش و باڵادەست بەسەرخاکی کوردستانەوە. هاوکاتی ئەمانە کاریگەری و رێژەی فارس، ئەرمەن و گەلە کریستیانەکان و جولەکەکان بەرەو کەمی چوو لەکوردستاندا، واتە ئەم قۆناخە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جوگرافیای کوردستان کرد، جوگرافیای ژیان و گوزەرانی گەلی کوردی بچوك کردەوە، لەسەر خاکی کوردستانیش هاوبەشی ترمان بۆزیاد بوو. بێگومان ئەم barودۆخە پێویستە لەڕوانگەیەکی نەژادی و دەوڵەت نەتەوەوە سەیری نەکەین بەڵام وەکو بابەتێکی ئاسایی سەیری نەکەین. هاتنی هەردوو گەلی عەرەب و تورك بۆ کوردستان وەکو دوو گەلی کۆچەرو شەڕکەر، کاریگەریی لەسەر ژیانی خێڵ و تیرە کوردەکان کرد. بەو ئاڕاستەیەی کەزیاتر بەشەڕو خۆپاراستن و شوانکارەییەوە خەریك بن و تاڕادەیەك لەم سەردەمانەدا لایەنی سوارچاکی و شوانکارەیی لەکوردستاندا گەشە دەکات بەبەراورد بە چاندنی و کشتوکاڵ و ژیانی نیشتەجێبوون توشی هەژاندن دەبێت و لەم قۆناخەدا شارە دێرینەکانیش رۆڵیان کەمتر دەبێتەوەو گوندو قەڵا بچوکەکان رۆڵیان دەردەکەوێتە پێش. بەپێی هەندێك سەرچاوەی وەکو(ئیبن موتەیب)ی دینەوەری لەهەندێك جێگەی کوردستان پیشەکاری وەکو ئاسنگەری و مزگەری لەکوردستان و لەناو کورددا پەرەدەسەنێت، ئەم پیشەیە پێشتر وەکو پیشەی ئەرمەن، ئاشوور، سریان و جولەکەکان بوو. ئەمەش رەنگە بەهۆی پێویستی ئەو قۆناخەوە بێت کە ڕۆڵی ئاسن و مس زیاتربوو، بەڵام ئەرمەن و پێکهاتەکانی تر کە وەستای ئەم جۆرە کارانەبوون فریای ئەوەندە کار نەدەکەوتن یان ڕەنگە بۆ هەمووکارێك ئەوانیان بەجێی باوەڕی نەزانیبێت. ئەم گۆڕانکارییانە لەژیانی خێزانی و بەیوەندی ژن و پیاویشدا گۆڕانکاری دروست کرد. ئیتر رۆڵی پیاو زیاتر دەردەکەوتە پێش. هەرچەندە کۆمەڵگای کوردی و ژنی کورد لە ڕێگەی باوەڕی یارسانی - عەلەوی و ئێزیدییەوە هەوڵیاندەدا ئەم هاوسەنگیەی ناوکۆمەڵگا بپارێزن و کاریگەریشی هەبوو، ژنی بەتوانایش لەو قۆناخانەدا دەرکەوتن لەناو یارسانەکاندا، بەڵام ئەو ژنانەش و باوەڕییەکەشیان لەژێر هەڕەشەدا بوون و ڕێگەیان پێ نەدەدرا کەبەئاشکرا گوزارە لەو بیرو باوەڕەی خۆیان بکەن و لەلایەکی تریشەوە هەموو سەکۆ و مینبەرەکان لەخزمەتی ئەو لاسەنگیەدا بوون، کە باوەڕی نوێ دروستی دەکردو وردە وردە کاریگەری زیادی دەکرد.

لەڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆیەوە نەبینی، کۆمەڵگا

بەشی زۆری گوندنشین بوو، یان کۆچەر بوو و بەژیانی کشتوکاڵ و شوانکارەییەوە خەریك دەبوون. ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ بەهێزکردنی توانای خۆڕاگری لەبەرامبەر ئەو شاڵاوە فەرهەنگی و سیاسییەی کەڕووبەڕووی دەبویەوە. لەگەڵ ئەمەدا کۆمەڵگای کوردی و کوردستان هەتا ڕادەیەك کاریگەریی فەرهەنگ و زمانی عەرەب و تورکی لەسەر دروست ببوو. ئەمەش وایکرد کە بەشێکی زۆری نوسەرو زانایانی کورد بەزمانی عەرەبی یان فارسی شت بنوسن. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی زمانی کوردی هەبوو. هاوکات لەرووی فۆرمی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگەوە ئەم کاریگەرییانە بەڕوونی دەبینین. بۆنمونە؛ پێشتر لەناو کورددا وشەی پیر، سان، بابا، کەی، کەیبانۆ بۆ پێشەنگ و ڕێبەرانی کۆمەڵگا بەکار هاتووە، وشەکانی ماگ و مۆبەد بۆپێشەوا ئایینیەکان بەکارهاتووە. بەڵام لەگەڵ باڵادەستبوونی ئیسلام بەسەرکوردستاندا جێگەیان بۆمیر، شێخ سەید، مەلا، بەگ، خان، حاجی، سوڵتان و پاشا چۆڵ کرد.

خاڵێکی تر کەگرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کەلەم قۆناخەداو بەتایبەتی لەسەدەکەنی(١١و١٢) زاینیدا نوسین و ئەدەبیاتی کوردی گۆرانی بەپیتی ئارامی سەرهەڵدەدات و بابا و دایە پێشەنگەکانی یارسانەکان ڕۆڵی سەرەکیان لەم بوارەدا بینیوە، چونکە سروتە ئاینیەکانی خۆیان بە زاراوەی گۆرانی نوسیوەو بابا تاهیری هەمەدانی و دایە خەزانی سەرگەتی لە پێشەنگەکانی ئەم ڕەوتەن. لەسەدەی (١٣و١٤) بەدواوەش نوسینی کوردی بەزاراوەی کورمانجی سەروو سەریهەڵداوەو گەشەی کردووە. لەم بوارەشدا ڕێبەرانی ئێزیدی لەوێنەی شێخ ئادی و شێخ حەسەن ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە. دواتر ئەم ڕەوتە لەلایەنی کەسانی وەکو عەلی حەریری ، عەلی بەردەشانی و مەلا ئەحمەدی جزیری زیاتر گەشەیان پێ دا.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

٦ـ بنەماڵەی شێخ فەهیم ئارووسی لەناوچەی هەکاری

٧ـ بنەماڵەی سەندۆڵان لەناوچەی پشدەر

٨ـ  بنەماڵەی شێخ مستەفای کۆکەیی لەگوندی قزقەڵای نێوان مەهابادو میاندوئاو

٩ـ شێخ عەلی دەرگا شێخانی لەگوندی دەرگا شێخانی لەباشوری شاری بانە

١٠ ـ بنەماڵەی چوێسە، گوندێکی ناوچەی شلێرەو سەربەقەزای پێجوێنە

١١ ـ بنەماڵەی شێخ سەلامە سوورە لەشاری سنە

١٢ ـ بنەماڵەی خالیسی لەپاوەی هەورامانی ڕۆژهەڵات

١٣ـ بنەماڵەی شێخ بابەسەعید دانیشتوی گوندی غەوساوای شاری بۆکان

١٤ـ بنەماڵەی شێخ حەسەنی دۆڵاو لەناوچەی ڕەوانسەر لەگوندەکانی (دۆڵاو وخانیلەو تەمتەم) نیشتەجێن

بۆ پەراوێز؛ شێخ جاگیری کوردی کۆچکردوو لە (٥٩٠ك)، ئەبو وەفای کوردی ناسراو بەتاج العارفینی کۆچکردوو لە (٥٣٠ك)، عەممار یاسر بەدیسی کۆچکردوو لە (٥٨٢ك)، شێخ ئەبو تاهیری کوردی (مورشیدی شێخ ئەحمەدی جام ژەندەبیل)، شێخ عەلی کوردی هاوچەرخ و هاوڕێی عومەر شەهابەدین سوهرەوەردی. کاك ئەحمەدی شێخ (١٢٠٧- ١٣٩٥)و شێخ عەبدالرحمن خالیسی تاڵەبانی (١٢١٢- ١٢٧٥)ك لەشێخ و کەسە ناودارەکانی ئیسلامین کە کوردن.

# بەشی حەوتەم
# کوردستان لەیەکەم دابەشبوونەوە هەتا سەدەی نۆزدەیەم

## أ-بارودۆخی جیهان، ناوچەکەو کوردستان پێش پارچە کردنی کوردستان

دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی لەلایەنی مەغۆلەکانەوە لەساڵی ١٢٥٨ز هەتا سەرەتای سەدەی شازدەیەم، واتە هەتا (١٥٠٠) کوردستان و ناوچەکە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نوێ بوونەوە. مەغۆلەکان(١٢٥٠-١٣٥٥) بەسەرۆکایەتی هۆلاکۆ، تەتارەکان بەسەرۆکایەتی تەیمورلەنگ (١٣٥٥-١٤٥٠)ز، قەرەقۆینلەر(١٤٠٤-١٤٦٠)و ئاق قۆینلەر (١٤٦٠-١٥٠٨) هێرشیان کردە سەر ناوچەکەو داگیریان کردو هەر یەکەو بۆ ماوەیەك حوکەمی ناوچەکەیان کرد، هاوکاتێکی سەربازی وسیاسی بوو. زیاتر هێرش بوو بۆسەربەرهەمە زانستی و رۆشنیریەکانی ناوچەکە. مێژوو نوسان باس لەوە دەکەن کە بە دیان هەزار پەرتوك لە بەغداو ناوەندەکانی تری ناوچەکەدا لەناوبراون. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی کردە سەر ژێرخانی زانستی و رۆشنبیری ناوچەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێزانە هۆیان زۆرگرنگیان بەزانست و رۆشنبیری نەدا. دیارە ئەم رەوشە بووە تەواوکەری ئەوهەوڵانەی کەئیمام محەمەد غەزالی دابووی کەلە بن ناوی باراستنی ئیسلام دا داخرانێکی لەزهن و بیر کردنەوە کۆمەڵگای رۆژ هەڵاتدا دروست کرد .

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەدەکانی "١٣،١٤،١٥" تەنیا کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین و جیهانی ئیسلام نا، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەقۆناخێکی تاریکدا تێپەڕ دەبن، هەربۆیە ئەو سەردەمانە بەسەردەمی تاریك ناوزەد دەکرێن. سەرەڕای ئەم ناولێنانە بەڵام مرۆڤایەتی و ژیان ڕانەوەستاو لەهەڵی داهێنان و نوێگەریدا بوو. لەبەرئەوەی ئایین و باوەڕمەندی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەرێکخستن و شێوەپێدانی ژیانی کومەڵگاو شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، دەبینین لەو سەردەمەدا هەم لەڕۆژهەڵات و دونیای ئیسلامدا، هەم لەرۆژئاواو دونیای کریستیانیدا هەوڵی جیاجیا هەیە بۆ ئەنجاندانی ڕیفۆرم و نوێگەری لەحوکمەکانی ئاییندا. لەدونیای ئیسلامدا قوڵبونەوەی جیاوازیەکانی نێوان سوننیگەرایی و شیعەگەرایی لەلایەك و دروستبوونی تەریقەتوکان لەلایەکی ترەوە مۆرکی خۆیان لەم قۆناخە دەدەن و هەوڵدەدەن ئەو بۆشاییەی کەبوونی هەیە لەڕووی باوەڕی، زانستی، سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە پڕی بکەنەوە. لەدونیای کریستیانیشدا لەلایەك ناکۆکی نێوان ئارسۆدۆکسەکان و کاسۆلیکەکان قوڵ دەبووەوە، لەلایەکی ترەوە لە سەدەی پازدەیەم و شازەیەمدا پرۆتستانتی وەکو ئاییینزایەکی نوێ و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆکریستیانی سەریهەڵدا. ئەم بارودۆخەی باسمان کرد لەناو هاوسەنگیەکدا لەنێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا بەڕێوەدەچوو. واتە نە ڕۆژهەڵات و نە رۆژئاوا نەیاندەتوانی جڵەوی پێشەنگایەتی بگرنە دەست.

وەکو پێشتر باسمان کرد لەم قۆناخەدا زۆر گروپ و دەوڵەت دروست بوون و خواستیان جڵەوی بارودۆخەکە بگرنە دەست. لەوێنەی مەغۆل، تەتار، قەرەقۆینلەر و ئاق قۆینلەر، بەڵام لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبوون. هەرلەم قۆناخەدا چەندین دەوڵەتی کوردی (یان بەڕێوەبەری هەرێمی لەکوردستان) هەن لەوێنەی هەکاری، بەدلیس، لوڕستانی گەورەو لوڕستانی بچوك، ئەردەڵان، حەسەنکێف، چەمشگەزەك و داسنێ هەبوون، بەڵام ئەوانیش نە لەڕووی فکری و

باوەڕییەوە نەلەڕووی مۆدێلی ئیداریەوە شتێکی نوێیان نەئافراندو لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا خۆیان دەگونجاند. هەر لەم زەمینەیەدا دوو گروپ یاخود دوو کۆمەڵەی تر هەبوون کە بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاندو بەسوود وەرگرتن لەو ململانێ و کێبەرکێی ئایینزاو تەریقەتەی هەبوو، بەهێواشی ڕەگی خۆیان داکوتاو توانیان بۆ ماوەیەکی درێژ، کە هەتا ئێستاش کاریگەری هەیە، مۆرکی خۆیان لەشێوەگرتنی باوەڕی و ژیانی کۆمەڵگای ناوچەکەو کوردستان بدەن. ئەوانیش سەفەوی و عوسمانیەکان بوون. کە پێویستە بە کورتی قسەیان لەبارەوە بکەین.

سەفەوییەکان، وەکو پێشتر لەبواری تەریقەت و مەزهەبی نوێدا باسمان کردن، ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆشێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی کە لە(١٢٧١-١٣٥١ز)ژیاوە. شا ئیسماعیلی(١٤٤٧-١٥٢٤) کوڕی شێخ حەیدەر لەساڵی (١٥٠١)دا بەپشت بەستن بەباوەڕی و موریدەکانی سەفەوی دەوڵەتی سەفەوی ڕادەگەیەنێت. ئەوەی لێرەدا کرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە دەوڵەتی سەفەوی هاوشێوەی سەلجوقی، قەرەقۆینلەر، ئاق قۆینلەر یان عوسمانلی نیە کە لەسەر بنەمای خانەدانێك و پشت بەستن بەعەشیرەتێك یان چەند عەشیرەتێك دروست بووبێت. بەڵکو پشتی بە پەیوەندی ئایینی و مەزهەبی بەستووره، واتە ئایدیۆلۆژی و لایەنە ڕوحیەکەی ئایینزایەو ئەویش ئایینزای شیعەیە، هێزی ماددیشی شوێنکەوتوان و موریدانی ئەم ئاییزایەن. خاڵێکی ترکە گرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە شێخ سەفیەدین و ڕێبازەکەی شیعەی دوازدە ئیمامی نەبووە . بەڵکو ڕێبازێکی سوننی تایبەت بەخۆی بووە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە لەگەڵ یارسانەکانیشدا، دوای سەدساڵ لەکۆچی دوایی شێخ سەفیەدین و لەسەردەمی شێخ جونەیدو شێخ حەیدەری کوڕی شێخ جونەیددا مۆرکی عەلەوی دەکەوێتە سەر ڕێبازەکەیان و هەتا ئەو کاتە وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی کاردەکەن و خۆیان ڕێکدەخەن. بەڵام لەسەردەمی (شا ئیسماعیل)دا وەرچەرخانێکی ڕیشەیی ئەنجام دەدەن. ئەویش ئەوەیە کەئیتر وەکو فۆرمێکی ئایینی نا. بەڵکو وەکو فۆرم و دامەزراوەی دەوڵەت خۆیان ڕێکدەخەن. هاوکات لایەنی ئایدیۆلۆژیەکەشیان لەعەلەوی قزڵباشیەوە هەنگاو بەرەو شیعەی جەعفەری دوازدە ئیمامی دەنێ.

ئەم کارەکتەرەی دەوڵەتی سەفەوی لەلایەك و لەناوچوونی شێخ حەیدەری باوکی شا ئیسماعیل و علی براگەورەی بەدەستی ئاق قۆینلەری سوننی مەزهەب و هەڵگرتنی دایکی شا ئیسماعیل لەلایەنی فەرماندەیەکی ئاق قۆینلەرەوە ڕق و کینێکی زۆری لەلای شائیسماعیل و موریدەکانی دروست کردبوو، ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەت و مامەڵەیان هەبوو لەگەڵ خەڵکی سوننی مەزهەبدا. بەڵام وەکو پێشتر باسمانکرد هەتا ئەوسەردەمە بەشی زۆری کۆمەڵگای کوردستان نەبووبوونە موسوڵمانی سوننی {بەشێکی زۆری یارسانی (عەلەوی - عەلی ئیلاهی - کاکەیی - ئەهلی حەق ) بوون بەشێکی بەرچاویش ئێزیدی بوون بەشە کەمەکەی سوننی بوون}. ئەوانەشی بووبوونە موسڵمانی سوننە، زۆربەیان لەچینی سەردەست و پێدەشتەکاندا بوون. هاوکاتی ئەمانە، هەتا ئەو کاتە دابڕانێکی زۆر لەنێوان کوردی یارسان، ئێزیدی و موسڵماندا نەبوو، هەرچەندە

لەڕوی ئایینەوە گۆڕانکاری رویدا بوو، بەڵام لەروی فەرهەنگ و دابونەریت و زمانەوە هاوبەش بوون و ئەمەش دەرفەتی گونجان و سازانی دروست دەکرد. ئەم هۆکارانە بوونە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەفەوی و شا ئیسماعیل لە ماوەیەکی کورتدا هەموو کوردستان بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. ئەوەبوو ساڵی (١٥٠٨)ز کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاق قۆینلەر لە(ئامەد) هێناو هەتا ساڵی (١٥١٠) سنوری دەوڵەتی سەفەوی گەیشتە سەر کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. دەسەڵاتی سەفەوی هەتا ساڵی (١٧٢٢ز) بەردەوام بوو، دوا شای سەفەوی شا حسێن بوو کە لە نێوان (١٦٩٤-١٧٢٢)ز حوکمی کردو ئیتر دەسەڵاتی ئێران هەتا ساڵی (١٧٣٠) کەوتە دەستی ئەفغانەکان و محەمەد شا (١٧٢٢-١٧٢٥) و ئەشرەف شای ئەفغانی (١٧٢٥-١٧٣٠) حوکمیان کرد. دواتر ئەفشاریەکان حوکمی ئێرانیان کرد، نادر شا (١٧٣٠-١٧٤٧)، عەلی قولی میرزا ئەفشاری (١٧٤٧-١٧٤٨)و شارۆخی ئەفشاری نەوەی نادرشا کە تەنیا خۆراسانی بە دەستەوەبوو لە ساڵی (١٧٤٨-١٧٦٠)و دوای ئەوان کەریم خانی زەند (١٧٥٢-١٧٧٩) حوکمی کردو دوای ئەویش ململانێ لە نێوان زەندیەکان و قاجاریکاندا هەتا ساڵی ١٧٩٦ دا بە سوودی قاجاری شکایەوەو سەردەمی قاجاری لە ئاغا محەمەدخانەوە دەستی پێکرد کە لە ساڵی (١٧٨١-١٧٩٨) حوکمی کردووەو بە ئەحمەد شای قاجاری لە ١٩٢٥/١٢/١٢ دا کۆتایی پێهات. دەسەڵاتی قاجاریەکان هەرچەندە لەناوەڕۆك لەڕووی کاراکتەرەوە بەتەواوی هاوشێوەی سەفەوی نەبوو، بەڵام لەسیاسەت و مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگاو پێکهاتەکانیدا سیاسەتێکی هاوشێوەی پەیڕەو کرد.
دەوڵەتی عوسمانی جیاواز لە دەوڵەتی سەفەوی، لەسەر نەریتی خانەدانی دروست بوو. ڕەگ و ڕیشەی ئەم خانەدانە دەگەڕێتەوە بۆ خێڵێکی تورك بە ناوی (کندوز ئەلب)ەو سەرۆکەکەیان ناوی(سلێمان شاه) بووە. لە کۆتایی سەدەی دوازدەیەمداو لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا دێنە کوردستان و ناوچەکە. لەسەرەتای سەدەی سێزدەیەمدا دەخوازن بچنە ئەوبەری فوراتەوەو بەرەو حەلەب و کەنارەکانی رۆژهەڵاتی دەریای سپی بچن، بەڵام ژمارەیەکیان لە ئاوی فوراتدا دەخنکێن، (شا سلێمان)ی سەرۆکیشیان لەناو ئاوی فوراتدا دەخنکێت. (مەزارگەکەی لە نزیك رووباری فورات بوو، لەساڵی ٢٠١٥ دا گوازرایەوە بۆ رۆژئاوای کۆبانێ). دواتر بەشێکی خێڵەکەی بە سەرۆکایەتی دویداری کوری سلێمان شا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا. بەڵام بەشێکی تری خێڵەکەی بە سەرۆکایەتی (ئەرتغرول)ی کوڕی سلێمان شا پێشڕەوی دەکات و دەچێتە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و لەوێ جێگیر دەبێ. ئەرتەغرول لە دەوروبەری ساڵانی (١٢٥٠)دا هاوکاری سولتانی سلجوقی دەکات و لە دژی جەلالەدین خوارەزم شای تورکستان لە ناوچەی قۆنیا شەڕ دەکات. سوڵتان عەلائەدینی سەلجوقیش ئەو ناوچانە پێشکەشی ئەرتەغرول دەکات. دوای ئەرتەغرول (١٢٨٨) عوسمانی کوڕی دەبێتە سەرۆکی خێڵەکەو لەساڵی١٢٩٩ دا ئیماراتی عوسمانی ڕادەگەیەنێت. دواتر لە سەردەمی کوڕ و نەوەکانیدا وەردە وردە سنوری خۆیان فراوان دەکەن و لە سەردەمی سوڵتان محەمەددا کە تورك بە (محەمەد فاتح) بانگی دەکەن لە ساڵی ١٤٥٣ز دا ئەستەنبوڵ دەخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، ئیتر ئەنادۆڵ هەتا ئەستەنبوڵ دەبێتە سنوری

دەسەڵاتی ئەوان. لە سەردەمی سوڵتان سەلیمداو لە ساڵی ١٥١٤دا بەشی زۆری کوردستان و لە ساڵی ١٥١٦ دا وڵاتی شام و لە ساڵی ١٥١٧شدا میسر بوونە بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی و دوای ئەوەی سوڵتان سەلیم میسری گرت، دوایەمین خەلیفەی عەباسی (متەوەکل عەلی اللە) دەبینێ و ڕاسپاردەکانی خەلافەتی لێ وەردەگرێت و خۆی بەخەلیفەی ئیسلام ڕادەگەیەنێت و دەبێتە یەکەم خەلیفەی عوسمانی (نۆیەم سوڵتانی عوسمانی یە لە کۆی (٣٧) سوڵتانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان کە هەتا ساڵی ١٩٢٤ بەردەوام بوو، عەبدولمەجیدی دووم خەلیفەی عوسمانی بوو، مستەفا کەمال لە ١٩٢٤/٣/٣ دا سیفەتی خەلیفەیەتی لێ وەرگرتەوەو کۆتایی بە دەوڵەتی عوسمانی و خەلافەت هێنا.

ئەم دوو دەوڵەتە هەرچەندە لە شێوازی درووستبوون و گەشەکردنیانداو لە ئایدیۆلۆژیایاندا جیاواز بوون، بەڵام هەردوولایان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای ئایینی دەیانخواست پاوانی خۆیان زیاد بکەن و خۆیان ڕێك بخەن. بەڵام هەر یەکەیان ئایینزایەکی هەڵبژاردبوو. شا ئیسماعیل دەرکی بەوەکرد کە تەنیا لە ڕێگەی چەمکی عەلەویگەراییەوە ناتوانێت دەوڵەتێکی بەهێز بۆخۆی دروست بکات، چونکە عەلەویگەرایی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەپێشەو بنەماکانی لەگەڵ دەسەڵاتدا ناکۆکن و یەکناگرن، ئەوا پەنای بردەبەر شیعەی دوازدە ئیمامی کە ئیمام جەعفەری صادق بناغەکەی دانابوو، لە بنەماکاندا شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دیاریکردبوو، کە بریتیە لە ویلایەتی فەقێ. لەم شێوازەدا ڕێبەری ئایینی دەبێتە خاوەنی هەموو دەسەڵات و بڕیارێك.

عوسمانیەکانیش مەزهەبی سووننی حەنەفیان هەڵبژارد. ئەم هەڵبژاردنەی تورکەکانیش جێگەی تێڕامانە، چونکە تورکەکان لەئێران و کوردستاندا ئیسلامیان ناسی، بەڵام مەزهەبی فارسەکان و کوردەکانیان بۆخۆیان هەڵ نەبژارد. بەڵکو ئەوان چوون مەزهەب حەنەفیان هەڵبژارد کە ڕێگەیان پێ دەدات ببنە خەلیفە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ڕێگەی مەزهەبی شافعی، یان عەلەوی و شیعەگەراییەوە نەیاندەتوانی ببنە خەلیفەی ئیسلام. چونکە لەم ڕێگەیەوە دەیانتوانی حوکمی جیهانی ئیسلام بکەن. عوسمانیەکان لە شێوازی بەڕێوەبردندا لەسەر چەمکی سوننیگەرایی دەچوون و خەلیفەی موسوڵمانان خاوەنی دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی بوو.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشترە ئەوەیە کە هەم سەفەویەکان، هەم عوسمانیەکان بەڕەچەڵەك تورکن و دەچنەوە سەر یەك فەرهەنگ، بەڵام هەر گروپێکیان مەزهەبێك بۆخۆیان هەڵدەبژێرن. بەڵام لەڕووی زمانەوە سەرەتا هەردوولایان پشتیان بە عەرەبی بەست، دواتر سەفەویەکان قورساییندایە فارسی، عوسمانیەکانیش قورساییاندایە سەر زمانی عوسمانی کە تێکەڵەیەکە لەزمانی ناوەڕاستی ئاسیا، عرەبی و کوردی.



نەخشەی میرنشینەکانی کوردستان لەسەدەی 16دا

## ب-دابەشکردنی کوردستان و سیاسەتی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی

کوردستان بەهۆی شوێنگە جوگرافیەکەیەوە هەمیشە گرنگی زۆری هەبووەو هەیە بۆ ئەو هێزو گروپانەی بخوازن لە جیهان و ناوچەکەدا باڵادەست بن. ئەم تایبەتمەندییە وایکرد هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی چاوی تێ ببڕن و هەوڵبدەن بیکەنە بەشێك لە قەڵەمڕەوی خۆیان. ئەمەش ململانێ و کێ بڕکێی لە نێوانیاندا دروستکرد. سەفەویەکان بە هۆی ئەو باروودۆخەی کە باسمان کردو زووتر گەشەکردن و نزیکیان لە ڕووی جوگرافیاوە لە کوردستان (چونکە پایتەختی سەفەوێکان سەرەتا تەبرێز بوو)، توانیان زووتر دەست بە سەر کوردستاندا بگرن و بە شێوەیەکی سروشتی وەکوو بەشێك لە وڵاتی خۆیان دەبینی. عوسمانیەکانیش کە نیازی خۆ فراوانکردنیان هەبوو، پێشتریش خاوەنی ئەزموون و کاری هاوبەش بوون لەگەڵ کورددا، لە وێنەی هاوکاری نێوان مەروانی و سەلجوقێکان بۆ کرانەوەی ئەنادۆڵ و هەروەها ئەیوبیەکان و زەنکیەکان بەرەو میسر، هەربۆیە دەیانخواست خۆیان بگەیەننە کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش بە دوو شێوە هەوڵیاندەدا، لە لایەك گرنگیان بە پەروەردەی ئاینی دەداو خوێندنگەی ئاینیان دەکردەوە، هەتا لە ڕێگەیەوە بتوانن ئایدۆلۆژیاو ئاینزاکەی خۆیان بڵاو بکەنەوە لە لایەکی تریشەوە دەیانخواست پەیوەندی لە گەڵ فەرمانڕەواو میرانی کوردستان دروست بکەن . ئەمەش ململانێیەکەی چڕتر کردەوە ، بە تایبەتی کاتێك کە سەفەوێکان گەیشتبوونە ئەنادۆڵ و ئیتر دەبوونە مەترسی بۆ سەر عوسمانییەکان.

سەفەویەکان بە پشت بەستن بەو سەرکەوتنە خێرایانەی بە دەستیانهێناو نزیکی فەرهەنگی کوردستان و سەفەویەکان لە یەکترەوە، پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە هەرچی زوو میرو

فەرمانڕەواکانی کورد بە تێکرایی بچنە سەر ئاینزای شیعەو لەم پێناوەشدا توندوتیژیان بەکارهێنا. لەبەرامبەردا زانای ئایینی و فەرمانڕەوایانی کوردستان دەیانخواست خۆیان لە گەڵ دەسەڵاتی سەفەویەکاندا بگونجێنن، بۆ ئەم مەبەستە کەسایەتیەکی لە وێنەی شێخ ئیدریسی بەدلیسی(١٤٥٢ـ ١٥٢٠) کە هەتا ساڵی (١٥٠٨) لە خوێندنگەی ئاق قوینلەر دەرسی دەگوتەوەو دوای لەناوچوونی ئاق قوینلەر، دەچێتە لای شا ئیسماعیل و دەخوازێت ڕێگەی پێبدات لە کاری خۆیدا بەردەوام بێت و خزمەتی ئایین بکات. بە پێی زۆر سەرچاوە شێخ ئیدریس هەتا ساڵی ١٥١١ لە گەل شا ئیسماعیلدا هەوڵیداوە، بەڵام ڕێك ناکەون. ئەمەش وا لە شێخ ئیدریس دەکات کە ڕوو بکاتە دەرباری عوسمانیەکان. لەم ماوەیەدا سوڵتان سەلیم دەسەڵاتی عوسمانی دەگرێتە دەست و دەخوازێت هەنگاو بەرەو کوردستان بهاوێژێت.

لەلایەکی ترەوە زۆربەی فەرمانڕەواکانی کوردستان باڵادەستی شا ئیسماعیل و سەفەوییەکان پەسەند دەکەن و لەسەرەتادا ڕووبەرووی نابنەوە بەڵکوو هەوڵیانداوە رازی بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی (١٥١٠)دا شازدە سەرۆك هۆز و میری کورد دەچنە شاری (خۆی) بۆ لای شا ئیسماعیل و داوای لێدەکەن لە گەڵیاندا نەرم بێت و ڕێك بکەوێت، بەڵام شا ئیسماعیل دەست بە سەریان دەکات و لە جێگەی ئەوان کەسانی نزیکی خۆی و بەگی تورك دەکاتە فەرمانڕەوای هەرێمەکانیان. (محەمەد ئۆستاجلو)ش دەکاتە فەرمانڕەوای باکوری کوردستان و ئەرمەنستان. دواتریش بەو مەرجە سەرۆك هۆز و میرە کوردەکان بەردەدات کە ئەو فەرمانڕەوایانەی شا ئیسماعیل داینـاون پەسەندی بکەن و گوێ ڕایەڵیان بن. ئەمەش ساردی لە نێوان ئەو میرانە و شا ئیسماعیلدا دروست دەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا سوڵتان سەلیم پەیمان دەدات بە شێخ ئیدریس کە ئەگەر کورد هاوکاری بکەن لە بەرامبەر سەفەویەکاندا، ئەوا ئەویش ماف و ئازادی کوردەکان لەناوخۆدا پەسند دەکات و دەست لە کاری ئایینی و دنیایان وەرنادات. بۆ ئەم مەبەستە شێخ ئیدریس دەکاتە بریکاری خۆی بۆ ڕێککەوتن لە گەڵا میرو سەرۆك هۆزە کوردییەکاندا. دواتر شێخ ئیدریس دەگەڕێتەوە کوردستان و بە هاوکاری میر (شەرەف)ی بەدلیس کار دەکات بۆ ڕێککەوتنی کورد و عوسمانی. دوای ماوەیەك لە هەوڵ وکۆششکردن ژمارەیەك میری کورد (هەندێك سەرچاوە باس لە ٢٠ میر دەکەن، هەندێکیش باس لە ٢٨ میر دەکەن) ڕازی دەکەن بۆ پەیمان بەستن لە گەڵ عوسمانیدا. میرەکان لە ناو خۆیاندا ڕێکدەکەون و مەرجی خۆیان ئامادە دەکەن و شێخ ئیدریس و محەمەد ئاغای ساسۆن دەیبەن بۆ لای سوڵتان. بە پێویستی دەبینم لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ چەند بەندێك لە پەیمانی نێوان میرە کوردەکان و سوڵتان سەلیم(لە نێوان ١٥١٢ـ ١٥٢٠ دا سوڵتان بوو، بووە یەکەم خەلیفەی عوسمانی)ی عوسمانیدا ڕابکێشم

١- لە کاتی ڕوودانی شەڕدا لە نێوان عوسمانی و سەفەویدا، پێویستە میرە کوردەکان بەهەموو هێزی خۆیانەوە بەشداری لە شەڕدا بکەن و دژی سەفەوی بوستنەوە

٢- میرە کوردەکان ساڵانە یەك جار باج دەدەنە سوڵتانی عوسمانی

٣- هەر کاتێك میرانی کورد ڕووبەرووی هێرشی دەرەکی بوونەوە، عوسمانی پشتیوانیان دەکات

و دەیانپارێزیت

٤- میرانی کورد لە کاروباری ناوخۆی خۆیاندا سەربەخۆن

٥- لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان میرە کوردەکاندا لە ناو یەك میرنیشیندا یان لە کاتی ڕوودانی کێشە لە گواستنەوەی دەسەڵاتدا، سوڵتان دەست وەردان ناکات. ئەگەر داواشیان لێکرد، ئەو کاتە پێویستە بێ لایەنی بپارێزێت و پەیڕەوی لە داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردستان بکات

٦- لەکاتێکدا (میر)ێك لە فەرمانی سوڵتان دەربچێت، سوڵتان بۆی هەیە هێرش بکاتە سەری و لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکات. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشە کە لەم ڕێکەتنەدا هاوسەنگیەك دروست کراوە لە نێوان فۆرمی دەسەڵاتی جیهانگیر کە عوسمانی خواستویەتی نوێنەرایەتی بکات. لەگەڵا فۆرمی دەسەڵاتی هەرێمی لە کوردستاندا. هاوکات جەخت لەوە کراوەتەوە کە دەبێت عوسمانی ڕێز لە داب و نەریتی کوردان بگرێت. پێشتر زۆربەی نوسەران و سیاسەتمەداران شێخ ئیدریسیان بە خیانەت و ناپاکی تۆمەتبار دەکرد، گوایە کوردی خستۆتە خزمەتی عوسمانیەوە. بێگومان ئەو هەڵسەنگاندنانە یان لەبێ ئاگاییەوەیە لە بارودۆخی ئەو کاتانەی کوردستان و ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە. یان لەژێر کاریگەری چەمکی دەوڵەت نەتەوەدا هەڵسووکەوت کراوەو دۆستایەتی گەلان و پێکهاتە جیاوازەکانی پێ هەرس ناکرێت. ئەگەرنا وەکو باسمان کرد ئەو سەردەمە بە گشتی ئایدۆلۆژی ئایین باڵا دەستەو فۆرمەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگاش بە پێی ئاینزا شێوەیان وەردەگرت. دەکرێت بپرسین و ڕەخنە بگرین کە بۆچی کورد یان شێخ ئیدریسی بەدلیسی نەیانتوانی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە عوسمانی و سەفەوی پڕیان کردەوە. کە ئەمە بابەتێك نیە تەنیا پەیوەست بێت بە شێخ ئیدریس و میرانی ئەو سەردەمەوە، بەڵکو بابەتێکە کە پەیوەستە بە داب و نەریت و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە. کە تایبەتی جڤاکییەو هەرێمی بوونی لە پێشەو چاوی لەوە نییە فەتحی ناوچەو هەرێمی تر بکات، هاوکات لە گەڵا بیرو باوەڕی خۆیدا ڕاستگۆیەو خزمەتی دەکات، نەك بیرو باوەڕ بکاتە ئامراز و بەکاری بهێنێت. هەربۆیە دەبینین بەشی زۆری کوردی موسڵمانی سوونە پەیڕەوی لەمەزهەبی شافیعی دەکەن، کە بەپێی ئەو مەزهەبە تەنیا عەرەب دەتوانن ببنە خەلیفەو ڕێبەری ئایینی ئیسلام. لەم رێککەوتنەدا شێخ ئیدریس و میرە کوردەکان خواستوویانە تایبەتمەندی کۆمەڵگاو دەسەڵاتە هەرێمێکانی خۆیان بپارێزن و بتوانن ئازادانە پەیڕەوی لە بیرو باوەڕی خۆیان بکەن. وەکو دەرکەوت سەرەتا خواستویانە لەگەڵا شا ئیسماعیلدا هەمان پەیمان ببەستن، بەڵام شا ئیسماعیل پێشوازی بیر و بۆچوونەکەی نەکردوون و خۆسەپاندنی بە بنەما وەرگرتووە، بەڵام سوڵتان سەلیم لێزانانە هەڵسوکەوتی کرووەو داخوازیەکانی کوردەکانی پەسەندکردووە. لەئەنجامیشدا هەم سوڵتان سەلیم هەم شێخ ئیدریس و میرە کوردەکان قازانجیان کردووە. چونکە لەئەنجامدا سوڵتان سەلیم قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عوسمانی فراوانکردووە، توانیشی هەڕەشەی سەفەوی لە ڕۆژهەڵاتەوە لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. بەمەش دەستی کرایەوە هەتا بەرەو ئەوروپا و باکوری ئەفریقیا هەنگاو بنێ توانیشی زەویەکانی خۆی زۆر فراوان بکات. میرە کوردەکانیش توانیان

دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن و شێخ ئیدریس دەرفەتی بۆ دروست بوو کە بیرو باوەڕی خۆی بڵاو بکاتەوە

بەڵام ئەوەی کە پێویستی بە هەڵوەستەکردن و ڕەخنەکردن هەیە ئەوەیە کە کاتێك سوڵتان دەخوازێت کەسێك بکاتە میری میران و نوێنەری سوڵتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەرەخانی فەرماندەی سەفەوی، داوا لە میرە کوردەکان دەکات کە کەسێك لەناو خۆیاندا دیاری بکەن، بە گوێرەی سەرچاوەکان دەگوترێت میرە کوردەکان رازی نەبوون کە یەکێك لە ناو خۆیاندا هەڵبژێرن. سەرئەنجام سوڵتان سەلیم (محەمەد بیقلی) دەکاتە فەرماندەی گشتی و میری میران. گرنگە ئێمەی کورد لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستە بکەین. هۆکاری چییە میر، بەگ و ئاغای کورد ئامادەن سازش لەگەڵ دەرەوەدا بکەن، بەڵام ئامادە نیین لە ناوخۆدا ڕێککەوتن و سازش بکەن! بێگومان سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ پێکهاتەی تردا، لەسەر بنەمای ڕاست کاری خراپ نییە، بەڵکو کارێکی باشە. بەڵام لەوە باشترو لەپێشتر سازان و ڕێککەوتنی ناوخۆییە، کە هەتا ئەمڕۆش لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا ئەم کێشەیە هەیەو ئاستەنگە لەبەردەم دروست نەبوونی سەکۆیەکی نەتەوەیی کە بتوانێت سەرجەم مەیل و هێزەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە. وەکو باسمان کرد ڕێککەوتنی شێخ ئیدریس و میرە کوردەکان لەگەڵ سوڵتان سەلیم بەگوێرەی ئەوکات و بارودۆخە بژارێکی گونجاو بووە ـ بەڵام لەبەر نەبوونی تەبایی و نەسازانی میرە کوردەکان پێکەوە، لەئەنجامدا ئەوەی قازانجی ستراتیژی کرد عوسمانیەکان بوون و کورد کەمتر قازانجی کردو بەشێك لە میرە کوردەکان دواتر بوونە نێچیرێکی ئاسان بۆ دەوڵەتی عوسمانی. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوئەنجامەی کەرێککەوتن و دەسکەوتی کاتی بەواتای گەرەنتیکردنی سەرکەوتنی یەکجاری و ستراتیژی نیە. ئەوەتا لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە کورد لەشەڕدا دەسکەوت بەدەستدێنێ، بەڵام لەسەرمێزی گفتوگۆ لەدەستی دەدات. لەو سەردەمەشدا ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی سەیری ڕێککەوتنەکە بکەین، بۆ کورد دەسکەوتێکە، بەڵام لەبەر نەبوونی تەبایی و یەکریزی ناوخۆیی و هاوکات کورتبینی و روخسار بینی ڕێبەرانی کورد، کورد نەیتوانی خاوەنی تەگبیربێت لەبەرامبەر ئەگەری جیاوازداو ئەمەش ڕوویداو کورد زیانی بەرکەوت.

لەسەر بنەمای ئەو مەرجانە ڕێکدەکەون و سوڵتان لە ١٥١٤/٢/٢٨ دا هێزی خۆی کۆدەکاتەوە بەرەو کوردستان ڕێدەکەوێت. رۆژی ١٥١٤/٧/١٣ هێزی سوڵتان دەگاتە چاڵدێران و هەتا ئەو ناوچانە ڕووبەڕوی ناڕەزایی و پێکدادان نابێتەوە. بەپێچەوانەوە هێزی بەشێکی زۆری میرە کوردەکان دەچنە پاڵ سوپای سوڵتان سەلیم. دەگوترێت سوپای عوسمانی کەگەیشتە جاڵدێران ژمارەکەی نزیکی (٢٠٠)هەزار کەس بووەو بەهۆی ڕێککەوتنی عوسمانی و کوردەوە، شا ئیسماعیل زوو هەستی بەجموجۆڵی سوپای عوسمانی نەکردووەو خۆی بۆبارودۆخێکی وەها ئامادە نەکردبوو. لەکاتێکدا شا ئیسماعیل هەواڵی هێرشی عوسمانی دەبیستێت، ئەو بۆخۆی چووتە ناوچەی سنە (ئەردەڵان). هەتا دەگەڕێتەوەو هەوڵدەدات سوپا ئامادە بکات، کات درەنگ دەبێت و سوڵتان

سـەلیم بەشـێکی زۆری جوگرافیاکـەی ئـەوی تێپـەڕ کـردووە. بـەو پەلەپەلـەش تەنیـا دەتوانێـت (٢٥) هـەزار کـەس کۆبکاتـەوەو بچێتـە ڕووبـەڕووی سـوپای سـوڵتان سـەلیم. لەئەنجامـدا سـوڵتان سـەلیم و سـوپاکەی بەهـاوکاری بەشـی زۆری میـرە کـوردەکان شـا ئیسـماعیل و سـوپاکەی تێکدەشـکێنن و هەتـا (تەورێـز)ی پایتەختـی سـەفەوی دەگـرن. ئـەم ڕووداوە بـە شـەڕی چاڵدێـران بـە ناوبانگـە، کـە ١٥١٤/٨/٢٣ ڕوویـداوەو لـە ئەنجامـی ئـەو شـەڕەدا کوردسـتان دابـەش دەبێـت بەسـەر دوو دەوڵـەت و هێـزدا، بەشـی زۆری کوردسـتان کـە باکـوری کوردسـتان و بەشـی ڕۆژهـەڵات و باشـورە دەکەوێتـە دەسـتی عوسـمانی و بەشـەکەی تریـش کـە بەشـی خـوارووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و باشـوری کوردسـتان بـووە لـە دەسـتی سـەفەویدا ماوەتـەوە.

لـەم شـەڕەدا(محەمەد ئۆسـتاجلو)ی نوێنـەری شـا ئیسـماعیل و بەرپرسـی باکـوری کوردسـتان و ئەرمەنسـتان دەکوژرێـت. بـەڵام شـا ئیسـماعیل دوای ماوەیەکـی کـورت هێزێکـی مـەزن لـە موریـدو لایەنگرانـی کۆدەکاتـەوەو عوسـمانییەکان دەشـکێنێت و هەتـا نزیکـەی (ئامـەد) دەگرێتـەوەو قەرەخان(کـە فەرماندەیەکـی بـە توانـای سـەفەویەکانە) دەکاتـە بەرپرسـی کوردسـتان و ئەرمەنسـتان، ئەویـش زیاتـر لـە ساڵێك (ئامـەد) گەمـارۆ دەدات، بـەڵام بـۆی ناگیرێـت. ئیـتر سـنورەکانی کوردسـتان دەبنـە مەیدانـی شـەڕ و ململانێـی سـوپای عوسـمانی و سـەفەوی، هەتـا سـاڵی ١٦٣٩ کـە تێیـدا ڕێککەوتـن لـە نێـوان عوسـمانی و سـەفەویەکاندا ئەنجامـدراو سـنوری نێـوان هـەردوولا بـە فەرمـی لـە لایـەن هـەردوولاوە دانـی پێدانـراو ئەمجـارە بەفەرمـی کوردسـتان کرایـە دوو بـەش. بەشـی زۆری کـە بەپێـی جوگرافیـای ئەمـڕۆ پێکدێـت؛ لـە باکـوری کوردسـتان، باشـوری کوردسـتان و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، کەوتنـە دەسـتی عوسـمانیەکانەوەو بـە کوردسـتانی عوسـمانی نـاسراو بەشـی کەمیشـی کـە پێکدەهـات لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمـان بـووە بەشـێك لـە دەوڵەتـی ئێرانـی سـەفەوی و بـە کوردسـتانی ئێـران نـاسرا. ئـەم ڕێککەوتـن و پەیمانـە بـە پەیمانـی (قـەسری شـیرین) هاوکاتـە بـە پەیمانـی (زەهاو)یـش دەناسرێـت.

بابەتێکـی تـر کـە سـەرنج ڕاکێشـەو جێگـەی تێڕامانـە، ئەوەیـە لـە ڕێککەوتنـی کـوردو عوسـمانیدا هەروەهـا لـە ڕێککەوتنـی قـەسری شـیرینی نێـوان عوسـمانی و ئێرانـدا، مـاف و ئازادییەکانـی گەلـی کـورد ڕەچـاو کـراوە. ئەوەتـا لـە ڕێککەوتنـی کـورد و عوسـمانلیدا گوتـراوە هەر کاتێك سـولتان دەسـت وەربداتـە نـاو کێشـەیەکی میرنیشـینێکی کوردیـەوە، ئـەوا پێویسـتە داب و نەریتـی ئـەو میرنیشـینە ڕەچـاو بـکات. لـە پەیمانـی قـەسری شیرینیشـدا هاتـووە کـە هـەردوو دەوڵـەت پابەنـد دەبـن بـە پاراسـتنی مافـی ئـەو هۆزانـەی کـە کۆچـەرن و گەرمیـان و کوێسـتان دەکـەن و هاتووچونەکانیـان دەکەوێتـە سـەر سـنوور و ئەمدیـو و ئەودیـو دەکـەن. ئـەم بابەتـە ئـەوە نیشـان دەدات کـە لـەو سـەردەمەدا سـەرەڕای مـاف و پێوەرەکانـی دەوڵـەت، گرنگـی بـە مـاف و ئازادییەکانـی کۆمەڵـگاش دراوە. ئـەم پێـوەرەش زۆر لـەو پێوەرانـە پێشـکەتووترە کـە لەسـەدەی بیسـتەمداو دوای پارچەبوونـی کوردسـتان گیرایـە بـەر بـۆ پارچەکردنـی کوردسـتان. چونکـە بـە هیـچ شـێوەیەك مافـی گەلـی کـورد ڕەچـاو نەکـراو خێـزان، تیـرە و هـۆزە کـوردەکان لـە یەکـتری دابڕێنـدران.

قۆناخـی (١٥١٤ هەتـا ١٦٣٩) لـەڕووی سیاسـیەوە قۆناخـی یەکـەم دابەشـبوونی جوگرافیـای کۆمەڵـگای کوردسـتان بـوو لـە سـەردەمی نوێـدا. سـەرەتا بـە کـرادری و لـە ڕێگـەی شـەڕو هێـزەوە دابەشـکرا، دواتـر بـووە واقعێکـی سیاسـی و یاسـایی و ڕێککەوتـن لەسـەر سـینگ و جوگرافیـای کوردسـتان کـرا. قۆناخـی دوای سـاڵی ١٦٣٩ هەتـا کۆتایـی سـەدەی هەژدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەم ئـەو دوو دەوڵەتـەو هێزەکانـی تریـش لەچوارچێـوەی ئـەم واقیعـەدا هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵا کوردسـتان و کـورد کـردووە. گرنگـە لێـرەدا بـە کورتیـش بێـت بـاس لـە سیاسـەتی ئـەو دوو دەوڵەتـە بەرامبـەر کـوردو کوردسـتان بکەیـن.

دەوڵەتـی سـەفەوی کـە بەشـێکی زۆری کـوردو کوردسـتانی لەدەسـت دەرچووبـوو، لـە هەوڵـی ئەوەدابـوو قەرەبـووی زیانەکانـی بکاتـەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە لایـەك پەنـای بـۆ ڕاکێشـانی کـوردی یارسـانی و عەلـەوی دەبـرد، لـە لایەکـی تـرەوە هەوڵیـدا سـوود لـە ناکۆکـی نێـوان میـرە کـوردەکان و عوسـمانی وەربگیرێـت. لەگـەڵ ئەمانەشـدا دەسـتی لـە توندوتیـژی خـۆی بەرنـەداو دەیخواسـت بـەم سیاسـەتانە جارێکـی تـر بـاڵ بەسـەر کـوردو کوردسـتاندا بکێشـیت. ئەوەبـوو بەشـێکی زۆری کوردەکانـی ناوچـەی چەمشـگەزەك و دێرسـیم و سـەرحەدی بـە لای خۆیـدا ڕاکێشـا، لەشـەڕی عوسـمانیدا سـوودی لێوەرگرتـوون و بەشـێکی زۆری ئـەو کوردانەشـی لـە لایەنـی شـا عەباسـی سـەفەوی (١٥٨٨-١٦٢٩)یـەوە گوێزرانـەوە بـۆ ناوچـەی خۆراسـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئێـران، ئەمەشـی بـە ئامانجـی دروسـتکردنی پەرژینێکـی شـیعەیان عەلـەوی بـوو لـە نێـوان دەوڵەتەکـەی و تورکمانەکانـی ئاسـیای ناوەراسـت، کـە سـوننی مەزهـەب بـوون. لـە لایەکـی تـرەوە سـودیان لـە ناکۆکـی نێـوان (شـەرەف)خانی میـری بەدلیـس و عوسـمانی وەرگـرت و ماوەیەکـی زۆر داڵـدەی میرانـی بەدلیسـیاندا. ئەمیرخانـی لـەپ زێڕیـن، سـەرۆکی هـۆزی برادۆسـت یەکێـك بـوو لـەو میـرە کوردانـەی کـە زۆر هـاوکاری سـەفەویەکانی کـردو لەڕێگـەی ئەمـەوە دەسـتکەوتی گرنگیـان بـە دەسـتهێنا. هـاوکات کوردانـی شـارەزوور، ئـەردەڵان، کرماشـان، لوڕسـتان و ئیـلام زۆر هـاوکاری سـەفەوێکانیان کـرد. بـەڵام لـە بەرئـەوەی سـەفەویەکان لەسـەر بنەمـای ئایدۆلـۆژی وشـك هەڵسـوکەوتیان دەکـرد، ناکۆکـی کەوتـە نێـوان میـرە کـوردەکان و سـەفەویەکانەوە. ئەمـەش وای کـرد لـە سـەردەمی شـا عەباسـدا ئـەو ناکۆکیانـە بگاتـە لوتکـەو ئەوەبـوو شـا عەبـاس میرنیشـینەکانی لوڕسـتان ، ئـەردەڵان و برادۆسـتی بـە دڕەندەتریـن شـێوە سـەرکوت کـر،د ئـەم سیاسـەتە لـە سـەردەمی نادرشـای ئەفشـاری (١٧٣٠-١٧٤٧)و سـەردەمی قاجارێکانیشـدا بـەردەوام بـوو. ئەمـەش وای کـرد زۆربـەی میرنیشـینە کوردەکانـی سـنوری دەسـەڵاتی ئێرانیـان لـە نـاو بچـن و ڕاسـتەوخۆ لـە لایەنـی ناوەنـدەوە بەرێـوە ببرێـت ، یـان زۆر لاواز بـن و سـنوردار بـبن.

هەرچـی دەوڵەتـی عوسـمانی یـە هەڵوێسـت و مامەڵـەی جیاوازتـر بـوو. وەکـو بەردەوامـی ئـەو سیاسـەتەی لـە سـەردەمی پێـش شـەڕی چاڵدێـران هەڵسـوکەوتی کـرد. لـە لایـەك هەوڵیـدەدا ناکۆکـی نێـوان میـرە کـوردەکان بـۆ سـودی خـۆی بـەکار بهێنێـت، لـە لایەکـی تـرەوە هەوڵیـدەدا ناکۆکـی خـۆی و میـرە کوردەکان کـەم بکاتـەوەو ئـەو میرانەشـی کـە لـە دژی عوسـمانی هەڵوێسـتیان

نیشانداوە ئاشتیان بکاتـەوەو ڕایانکێشـێتە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە. لـەم سیاسەتەشـدا بەرامبـەر میرانـی چەمشـگەزەك کـە عەلـەوی بـوون و میرانـی بەدلیـس کـە دوای شـەڕی چاڵدێـران و لـە سـەردەمی (محەمـەد بیقلی)یـدا دژی سیاسـەتی عوسـمانی ڕاوەسـتان، سـەرکەوتن. بـەم شـێوەیە عوسـمانی توانـی هەاوسـەنگییەك لەنێـوان دەسـەڵاتی خـۆی و دەسـەڵاتە هەرێمەکانـی کـورددا دروسـت بـکات و ئەمـەش پاراسـتنی بـەرەی ڕۆژهەڵاتـی بـۆ مسـۆگەر کـرد. هەروەهـا هێـزی پێبەخشـی بـۆ چوونـی بـۆ ئەوروپـا و دورگـەی عەرەبـی و باکـوری ئەفریقیـا. هەروەهـا ئـەم بارودۆخـە دەرفەتـی بـۆ عوسـمانی و شـێخ و زانـا ئایینەکانـی سـوننی لـەو سـەردەمەدا خـۆش کـرد کـە پـەرە بـە خوێندنگـەی ئایینـی سـوننی بـدەن و بـرەو بـە سـوننیگەرایی بـدەن لـە کوردسـتاندا. ئـەم بارودۆخـە تـا ڕادەیـەك بـە پێچەوانـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوو، هەربۆیـە لـەم ماوەیـەدا واتـا لـە نێـوان سـاڵانی (١٥١٤-١٨٠٠) زۆربـەی میـرە کوردەکانـی ژێـر دەسـتی عوسـمانی دەسـەڵاتی خۆیـان پاراسـت و خۆیـان بەڕێـوە دەبـرد. میرانـی بۆتـان ، موکـس ، هـەکاری ، بەدلیـس ، بەهدینـان ، سـۆران و بابـان نموونـەی ئـەو میرانـەن لـەو قۆناخـەدا.

## ج- بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستان لە سێبەری دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دا

ئـەم قۆناخـە، واتـە سـاڵانی(١٥١٤-١٨٠٠) قۆناخێکـە زۆرتریـن گۆڕانـکاری لەکوردسـتاندا ڕوویـداوەو دەکرێـت بگوترێـت کۆمەڵـگای ئەمـڕۆی کوردسـتان، زۆرتریـن خەسـڵەتەکانی لـەم قۆناخـەوە وەرگرتـووە. هەرچەنـدە باسـمان لەوەکـرد کەمامەڵـەو هەڵسـوکەوتی عوسـمانی و ئێرانیـەکان بەرامبـەر بەکـورد و کوردسـتان لەڕووخسـاردا جیـاواز بـوو، بـەڵام لەناوەڕۆکـدا هـەردوو دەوڵـەت وەکـوو ئەندازیـاری کۆمەڵایەتـی کاریگـەری خۆیـان لـە سـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان دانـاوەو لـە ئەمڕۆشـدا بـە ئاشـکرا هەسـت بـەو کاریگەریانـە دەکەیـن. لـەم بەشـەدا هەوڵـدەدەم بـە کورتـی بـاس لـەو کاریگەریانـە بکـەم و سـەرنج ڕاکێشـمە سـەر گۆڕانکارییـەکان.

### ١- فۆرمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا

وەك پێشـتر باسـمان کـرد فۆرمـی کۆمەڵایەتـی (خێـزان، بنەماڵـە، تیـرە، خێـڵ، هـۆز) لـە کوردسـتاندا ڕەگ و ڕیشـەیەکی قوڵـی هەیـە. لـە هـەزارەی یەکەمـی زایینـدا فۆرمـی قـەوم بـوون یـان میللـەت بوونیـش لـە کوردسـتاندا گەشـەی کـردو بـە هاتنـی ئیسـلام بـۆ کوردسـتان فۆرمـی (ئوممەت)یـش وەکـو فۆرمێکـی کۆمەڵایەتـی و ئایینـی لـە کوردسـتاندا گەشـەی کـرد. ئـەوەی کـە لـەم قۆناخـەدا هەسـتی پێدەکرێـت ئەوەیـە بەرخۆدانـی فەرهەنگـی کۆمەڵایەتـی میترایـی (ئێزدانـی)و زەردەشـتی کـە لـە بەرخۆدانـی یارسـانی (عەلـەوی، عەلـی ئیلاهـی، ئەهلـی حـەق، کاکەیـی) و ئێزیدیـدا گـوزارەی لـە خـۆی دەکـردو لـە ناوەڕۆکـی کۆمەڵـگای کـوردی موسڵمانیشـدا خـۆی دەپاراسـت، بـە تـەواوی ڕووی لـە کـزی کـرد. واتـە ئـەو فەرهەنگـەی کـە ڕەگـو ڕیشـەی لەنـاو کۆمەڵـگای کوردسـتاندا داکوتابـوو و سـەرچاوەی لـە کۆمەڵـگای سروشـتی و بـاوەڕی ئێزدانـی و زەردەشـتی وەردەگـرت و

هەتا پێش سەردەمی عوسمانی و سەفەوی بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی پاراستبوو، تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو نەمان چوو. بۆ نموونە لەم قۆناخەدا خێزانی کوردستان زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی چەمکی خێزانی ئیسلامیەوە، هەر لەم قۆناخەدا تیرە، خێڵ و هۆزە کوردەکان لەدوولایەنەوە کەوتنە ژێر کاریگەریەوە. لەلایەکەوە بۆ خۆ پاراستن خۆیان لەدەسەڵات دابڕی، هاوکاتی ئەمە خۆشیان لە پێشکەوتنەکانی سەردەم دابڕی، ئەمەش وایکرد تاڕادەیەك گۆشەگیر بن، بەڵام ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان بپارێزن. بە پێچەوانەوە بەشێکی ئەم پێکهاتەیە زیاتر دەستەمۆی دەسەڵات بوو، بەڵام ئەو بەشەی خێڵەکانیش کە بوونە هاوکاری دەسەڵات و دەستەمۆبوون، فەرهەنگێکی نامۆیان پەرە پێدا، ئەویش مامەڵەکردن بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خێڵ و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان لە گەل دەوڵەتەکاندا. ئەوەتا لە ئەمڕۆشدا دەبینین کە بەشێك خانەدان و خێڵە کوردیەکان لەسەر ئەم سیاسەتە دەڕۆن. لەگەڵ ئەمەدا دەتوانین بڵێین لەم قۆناخەدا کاریگەری عەقڵیەتی دەسەڵات و پیاوسالاری زیادی کردو تایبەتمەندی دیموکراتی کۆمەڵایەتی و ڕەنگی ژن لەناو کۆمەڵگادا بەرەو لاوازی و کاڵبوونەوە دەچوو. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەی کوردستان تایبەتمەندی جیاوازیان لە تایبەتمەندیە ڕەسەنەکانی خۆیان هەڵگرت.

لەلایەکی ترەوە فۆرمی میللی کورد لەڕووی چەمکو شێوەی ژیانەوە تا ڕادەیەك گەشەی کرد، بەڵام ئەم فۆرمە نەبووە ئەڵتەرناتیفی فۆرمی بنەماڵە، تیرەو خێڵ. واتا فۆرمی میللەت یان قەوم لە کوردستاندا نەبووە ئیرادەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تەنیا وەکو چەمکێکی فەرهەنگی و زمانی گەشەیەکی سنورداری بە خۆیەوە بینی، لە بەرامبەر ئەمەدا چەمکی ئوممەتگەرایی گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. لەم قۆناخەدا ئوممەت وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی خۆی چەسپاندووەو تا ڕادەیەك لە زهنیەتی تاك و کۆمەڵگای کوردستاندا جێگەی بەفۆرمی خێڵ و قەوم لەق کرد. ئەم چەمکەش لەڕێگەی هەردوو مەزهەبی سوونی و شیعەی دوازدە ئیمامی و تەریقەتی قادرییەوە گەیشتە ئامانج.

٢- فۆرمی دەسەڵات لە کوردستاندا:

لەم قۆناخەدا هەردوو دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانی رۆڵی فۆرمی دەسەڵاتی سەروویان دەبینی، بە شێوەیەکی گشتی باسمان لەم دوو دەسەڵاتە کرد. هەرچی دەسەڵاتی هەرێمیە کە لەقۆناخی پێشتردا، واتا لەسەردەمی عەباسی ودوای عەباسییەکاندا خۆی لە دەوڵەتی هەرێمیدا دەبینیەوە کە لەلایەنی دەسەڵاتی خەلیفەوە دانیان پێدانرابوو، لەدوای عەباسیەکانیش دەسەڵاتە هەرێمیەکان لە شێوەی میرنیشینی ناوچەییدا گەشەیان کرد، بەڵام دەبوو خۆیان لە هێرشی مەغۆل و تاتار وخێڵە تورکەکان بپارێزن. لەقۆناخی دوای دابەشبوونی کوردستان، میرنیشینە کوردەکان ناچار بوون لەگەڵ یەکێك لە دەسەڵاتەکانی عوسمانی یان ئێرانی ڕێك بکەون و دانیان پێدابنرێت. هەر دەسەڵاتێکی کوردی هەرێمی ئەگەر ڕەزامەندی یەکێك یان هەردوو

دەوڵەتـی وەرنەگرتبێـت، نەیدەتوانـی ژیانـی خـۆی بـەردەوام بـکات. بێگومـان پێشـتر باسـمان کـرد کـە هەلومەرجـی دانیشتوانـان لـە لای عوسـمانی نەرمـتر بـوو. ئەمـەش وایکـرد کـە میرنیشـینە کوردەکانـی سـنوری دەسـەڵاتی عوسـمانی زیاتـر دەرفەتـی ژیانیـان هەبێـت. ئـەوەی لـەم قۆناخـەدا سـەرنج ڕاکیشـە بەبـەراورد بـە سـەردەمی عەباسـی و سـەلجوقیەکان، کـورد لەنـاو دەسـەڵاتی ناوەنیـدا ڕۆڵـی کەمـتر بۆتـەوەو هاوشـێوەی ئـەو سـەردەمانە کـورد لەنـاو دەسـەڵاتی عوسـمانی و سـەفەویدا ڕۆڵـی نەبینیـوە. بێگومـان ئەمـە بـەو واتایـە ناڵێیـن کـە کـورد هیـچ ڕۆڵـی نەبـووە، بەڵکـوو ئـەوەی مەبەسـتمانە بیڵێیـن ئەوەیـە کەپاشەکشـەیەك هەیـە لەسـەر ئاسـتی گشـتی، ئەمـەش ڕەنگـە کاریگـەری نەیارێتـی هـەردوو دەسـەڵاتی عوسـمانی و ئێرانـی بێـت بـۆ یەکـتر، کـە زەمینـەی ئـەو نەیـاری و دژایەتیـە ئەتنیکـی و مەزهەبیـە لـە کەسـایەتی کـورددا ئەوەنـدە ڕەگـی دانەکوتابـوو. کـورد خـۆی بـۆ هـەردوو لا تـا ڕادەیـەك بـە کراوەیـی هێڵابـووەوە ئەمـەش وایدەکـرد کـە کـورد نەتوانـێ ڕۆڵـی سـەرەکی ببینـێ لـەو ململانێیـەدا هەروەهـا دەسـەڵاتداری ئـەو دوو دەوڵەتـەش بـاوەڕی تەواویـان بـە کـورد نەبێـت هەتـا ڕۆڵێکـی وەهـا ببینـن.

جیـاواز لەمانـە بەهـۆی کاریگـەری شـێوەو ناوەڕۆکـی فۆرمەکانـی دەسـەڵات لـە نـاو ئیسـلام، تـورك و فارسـدا. لـەم قۆناخـەدا فۆرمەکانـی (میـر) کـە لـە ئەمیـری عەرەبـی و ئیسـلامیەوە هاتـووە، (شـێخ) کـە دەسـتەواژەیەکی عەرەبیـەو لـە نـاو عەرەبـدا تایبەتمەنـدی ئایینـی نییـەو تەنیـا لایەنـی کۆمەڵایەتی هەیـە، لەنـاو کـورددا بـە تـەواوی جێگیـر بـوون و هـەردوو تایبەتمەنـدی ئاییـن و دەسـەڵاتگەریان لـە خۆیانـدا کۆکردۆتـەوە. شانبەشـانی ئەوانـە فۆرمـی بـەگ و خانـی تورکەکانیـش لـە نـاو فۆرمـی دەسـەڵاتە هەرێمیەکانـدا جێگـەی خۆیـان گـرت.

سـەرەڕای ئـەوەی کـە پێشـتر باسـمان کردبـوو کـە دەوڵەتـی سـەفەوی توندوتیـژ بـوو بەرامبـەر میـرە هەرێمیـەکان، بـە تایبەتـی ئـەو میرانـەی کـە لـە سـەر مەزهەبـی ئـەوان نەبـوون، یـان دەسـەڵاتی ڕەهـای ئەوانیـان پەسـەند نەدەکـرد، نموونەشـمان لـەم بـوارەدا هێنابـووەوە، گرنگـە لێـرەدا جارێکیـتر سـەرنجی خوێنـەری بـۆ ڕابکێشـین، ئەوەبـوو هەرچەنـدە میرانـی لوڕسـتان و ناوچـەی لوڕسـتان لـە ڕووی مەزهەبـی و باوەڕیـەوە نزیکـی سـەفەوی بـوون و لـە بـواری سیاسەتیشـدا هاوکاریـان بـوون، بـەڵام لەبەرئـەوەی تایبەتمەنـدی کۆمەڵایەتـی و ئیـداری خۆیـان دەپاراسـت و تـا ڕادەیەکیـش تایبەتمەنـدی یارسـانی (عەلـی ئیلاهـی و ئەهلـی حـەق)ی خۆیـان دەپاراسـت ، شـا عەباسـی سـەفەوی هەتـا زاڵ نەبـوو بەسـەریاندا دەسـتی لێبەرنـەدان و لـەم ڕێگەیەشـەوە وردەوردە لـە بـاوەڕی خۆیـان دووری خسـتوونەتەوەو بـەرەو شـیعەگەریی بـردن و لـە ڕووی ئەتنیکیشـەوە بـەرەو فـارس بوونـی ڕاکێشـان و لـە کـورد بوونـی دورخسـتنەوە. خـۆ ئەگـەر باسـی میرانـی ئـەردەڵان بکەیـن، ئـەوا زەحمەتـی زیاتریـان بینیـوە، کـە ئەوەنـدە کەوتوونەتـە ژێـر فشـارەوە، ناچـار بـوون لـە سـەردەمی خـان ئەحمـەد خانـدا مەزهەبـی خۆیـان بگـۆڕن بـۆ شـیعەو لەگـەڵ سـەفەویەکاندا ژن و ژنخـوازی بکـەن. بـەڵام ئـەوەی کـە زۆر جێگـەی تێڕامـان و گرنگـی پێدانـە، بەرخـۆدان و بەرەنگاربوونـەوەی ئەمیرخانـی لـەپ زێڕینـە. خانـی لـەپ زێڕیـن کەسـەرۆکی عەشـیرەتی برادۆسـت بـوو، لـە کۆتایـی

سـەدەی  شـازدەیەمدا، بەتایبەتـی لەسـەردەمی (شـاعەباس )دا (١٥٨٨-١٦٢٩) ڕۆڵـی زۆری بینیـوەو هـاوکاری (شـا عەبـاس)ی کردووەو ڕووبـەڕووی عوسـمانیەکان بۆتـەوە. ئەمەش وا دەکات (شـاعەباس) خەڵاتـی بـکات و زۆریـش ڕێـزی لـێ بگرێـت، بـەڵام کاتێـك دەبینـێ ئەمیرخانـی لـەپ زێریـن لەقـەڵای (دمـدم)دا پایـەی خـۆی بەهێـز دەکات، گومانـی لـێ دەکات. دواتـر کـە شـاعەباس دەخوازێـت بەشـێك لـە تورکمانـە سـوننی مەزهەبـەکان بهێنێتـە ئـەو ناوچەیـە، بـەڵام خـان پەسـندی نـاکات، ئەمـە دەبێتـە هـۆی دڕدۆنـگ بوونـی شـاو بڕیـار دەدات کەهێـرش بکاتـە سـەر خانـی لـەپ زێریـن بەپێـی گێڕانەوەی عەرەبـی شـەمۆو هەندێـك سـەرچاوەی تـر زیاتـر لەسـاڵێك خـان لەقـەڵای دمدمـدا بەرەنـگاری دەکات و خـۆی و گەلەکـەی دەپارێزێـت، بـەڵام دوای ناپاکـی بەکـری مەرگـەوەر، سـەرچاوەی ئـاوی قـەڵا ئاشـکرا دەبێـت و ئەمـەش وادەکات کـە خـان و جەماوەرەکـەی توشـی زەحمەتـی بـبن و لەئەنجامـدا سـەرجەم ئەوانـەی لەقـەڵادا دەبـن بـە ژن و بیـاوو منداڵـەوە بڕیـاردەدەن کـە بەرخۆدانێکـی بەکۆمـەڵ بکـەن و هەموویـان شـەهید دەبـن. ئـەو چالاکیـە بووەتـە داسـتانێکی مـەزن و بەداسـتانی قـەڵای دمـدم دەناسرێـت و سـەربەزییە بـۆ کۆمەڵـگای کـوردی . هاوکاتیـش سـتەم وسیاسـەتی سـەفەوییەکان نیشـان دەدات.

بابەتێکـی ترکـە شـایانی ئامـاژە پێکردنـە لـەم قۆناخـەدا (کەریـم خانـی زەنـد)ە. کەریـم خانـی زەنـد کەسـەرۆکی خێڵـی زەندییەکانـەو لەناوچەکانـی کرماشـان و ئیـلام و گەرمیانـی باشـوری کوردسـتان بـڵاو بوونەتـەوە. دوای ئـەوەی دەسـەڵاتی سـەفەوییەکان لەناوچـوو لـە سـاڵی ١٧٢٢داو ئەفغانیـەکان و پاشـان ناردرشـای ئەفشـاری هەتـا ١٧٤٧حوکمیـان کـرد، کەریـم خـان کاریگەریـی خـۆی زیادکـردوو لـەدوای ناردشـا، کەریـم خـان توانـی هەمـوو ئێـران بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوەو لەسـاڵانی (١٧٥٢-١٧٧٩)دا حوکمـی هەمـوو ئێرانـی دەکـرد. بـەڵام کەریـم خـان وەکـو پاشـاکانی تـری ئێرانـی نەکـردو پاشـناوی شـاهانەی بۆخـۆی دانەنـاو نـاوی خـۆی نـا (وەکیلـی ڕەعایـا) واتـە نوێنـەری خەڵـك. لەسـەردەمی کەریـم خانـدا بەگەواهـی مێژوونووسـانی ئێرانـی و بیانـی کەریـم خـان دەسـەڵاتێکی سـتەمکاری دروسـت نەکردبـوو، بـەڵام دوای خـۆی کوڕەکانـی نەیانتوانـی بەردەوامـی بـەو شـێوە بەڕێوەبەرێتییـە بـدەن.

٣- گەشەکردنی نوسینی مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی

ئـەو بارودۆخـەی لـەم قۆناخـەدا دروسـت ببـوو، هەروەکـو چـۆن لـەڕووی ئیدارییـەوە لەبەشـی عوسـمانیدا دەرفـەت زیاتـر بـوو، لـەڕووی نوسـین و ئەدەبیاتیشـەوە دەرفـەت بـۆ کـوردی بەشـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەبارتـر بـوو. لەکوردسـتانی بندەسـتی ئێـران و بەشـی خـوارووی باشـووری کوردسـتان کەلەبـن کاریگەریـی دەسـەڵاتی ئێراندابـوو، پێـش ئـەو قۆناخـە ئەدەبیاتـی کـوردی گۆرانـی تێیـدا گەشـەی کردبـوو، ئەدەبیاتـی کـوردی تاڕادەیـەك لەگەشـەکردن ڕاوەسـتاو بـەرەو کـزی چـووو، دیـارە ئـەم بارودۆخـە پەیوەسـت بـوو بـەو وەرچەرخانـەی لەبـواری بیروباوەڕیشـدا لـەم هەرێمانـەدا ڕوویانـدا. ئەوەبـوو بەشـێکی زۆری کـوردی ئـەو هەرێمانـە دەبوونـە شیعەو لەیارسـانی و زەردەشـتی

دوور دەکەوتنەوە، بەشێکیشی ڕوویان لە سوونیگەری کرد لە باشووری کوردستاندا، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەبوو لەسەر ئەدەبیاتی کوردی گۆرانی. هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی کە لەسەدەکانی ١٦هەتا سەرەتا سەدەی نۆزدەیەم نوسینی کوردی گۆرانی بەرەو کەمی بچن و یان لەئێستا کەم بەردەست دەکەون. سەرەڕای ئەوەش هەندێك لەبەرهەمی شاعیران و نوسەرانی وەکو سەیدی هەورامی کۆچکردوو لە ١٥٢٠ز، مەحزونی کە لەنێوان سالآنی(١٧٥٤ـ ١٧٨٩)کاتبی کۆشکی خەسرەوخانی ئەردەلآن بووە، خانای قوبادی کۆچکردوو(١٧٦٠ز) لەلەندەن ماون.

لەبەرامبەر ئەمەدا لە کوردستانی بن دەستی عوسمانیدا ڕەوشێکی پێچەوانە دەبینین، لەبەشی باکوری کوردستاندا نوسین و ئەدەبیاتی کوردی گەلێك پێشدەکەوێت، دیارە ئەدەبیاتی کورمانجی ژوورین پێشدەکەوێت. وەکو مامۆستا مارف خەزنەدار باسی دەکات، بەشێك لەبەرهەمی ئەو سەردەمی نوسەرەکانمان، بەدەستنووسی لە پەرتوکخانەکانی ئەڵمانیا، ڕووسیاو بریتانیا دەست دەکەون، هەر لەم بارەیەوە مامۆستا مارف خەزنەدار دەڵێت: ئاگۆست ژابا کە ناسراوە بە ئەلیکساندەر ژاباو کۆنسوڵی ڕووسیا بوو لە ئەرزرۆم لەسەدەی نۆزدەیەمدا(٧٤) دەستنووسی کوردی پاراستووەو لێکۆڵاینەوەشی لەسەریان کردووە. دەستنووسی شیعرەکانی مەلا پەرێشان کە لەنیوەی دووەمی سەدەی چواردەمی زایینی و سەرەتای سەدەی پازدەیەمدا ژیاوە، مەلا ئەحمەدی جزیری کە پێشەنگی ئەم کاروانە دەبینرێت لە ئەڵمانیا پارێزراون. مەلائەحمەدی جزیری بەبۆچوونی مامۆستا عەلادین سەجادی لەدەوروبەری سالآنی(١٤٠٧- ١٤٨١ز)دا ژیاوە، دیوانێکی شیعری زۆر دەڵەمەندی هەیە، هەروەها مەلا ئەحمەدی باتێ کە خەڵکی هەکارییەو لە نێوان سالآنی (١٤١٧- ١٤٩٠) ز دا ژیاوەو خاوەنی مەولودنامەی کوردی و چیرۆکی زەمبیل فرۆشە، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەگەشەپێدانی ئەدەب و هۆشیاری لەناو کۆمەڵگای کوردستانداو هەنگاوێکی بوێرانەی ناوە کاتێك مەولودنامەی کردووە بەکوردی. دەکرێت ئەمە وەکو سەرەتایەك ببینرێت بۆ بیرکردنەوە لەوەرگێڕانی دەقە ئاینیەکانی ئیسلام و سروتەکانی(١٤) ، چونکە هەتا سەردەمانێك دوای مەلا ئەحمەدی باتێ، بە تێڕوانینی زۆر مەلاو زانای ئایینی وەرگێڕانی دەقەکانی ئایین حەرام بووەو پێویست بووە تەنیا بەعەرەبی بخویندرێن. هاوکات چیرۆکی زەمبیل فرۆش بووەتە وێردی سەرزمانی زۆربەی کۆمەڵگای کوردستان و گۆرانی بێژەکانیش. عەلی تەرەماخی دوای سەدەیەك هەستاوە بە نوسیەنی سەرفی عەرەبی بەکوردی، ئەمەش هەنگاوێکی تر بووە بۆ فێربوونی عەرەبی و نوسینی کوردی. دوای ئەوانیش مەلا یونسی هەڵکەتەینی کە(١٧٨٥ز) کۆچی دوایی کردووە، هەوڵیداوە قوتابخانەی ئایینی بکات بە کوردی و بۆ ئەم مەبەستەش(تەصریف، زەرف، تەرکیب) بەکوردی نوسیوەتەوە.

---

(١٤)لەم بوارەدا پێش مارتن لۆسەر هەنگاوی ناوە

فەقێی تەیران کە لە ساڵانی (١٥٩٠-١٦٦٠)ز دا ژیاوە، بەهەردوو بەرهەمەکەی (شێخی سەنعان و بەردەرەش) دوو شاکاری گەورەی تۆمارکردووە. هاوکات عەلی حەریری (١٠١٠-١٠٨٠ ك) کە دەکاتە (١٦٠٠-١٦٦٨)ز ژیاوەو هاوسەردەمی عەلی بەردەشانی بووە. دیوانی هەردووکیان نەماوە، بەڵام بەشێکی زۆری نوسەرو ئەدیبانی سەدەی هەژدەیەم باسیان دەکەن. هەر لەم سەردەمەدا ئەحمەدی خانیٰ (١٦٥١-١٧٠٦)کە لە بایەزید لەدایکبووەو ژیاوەو لەلایەك هەوڵیداوە منداڵانی کورد فێری زمانی شیرینی کوردی بکات، بۆ ئەمەش نوبەهاری نوسیوە.

وەکو نوسەرێك و بیرمەندێکی کورد شۆڕشێکی مەزنی دروستکردووە. ئەحمەدی خانیٰ لەلایەك بەچیرۆکی مەم و زین خواستویەتی بارودۆخی ئەوسەردەمەی کوردستان لە هەموو بوارێکدا شیبکاتەوە. هەم تەکانێك بەبیری نەتەوەیی کوردبدات. هەربۆیە بەپێشەنگی بیری نەتەوەیی کورد دادەنرێت و هەرخۆشی مەرامی خۆی لەنوسینی (مەم و زین )دا باس دەکات و دەڵێت؛

شەرحا دلی خۆ بکەم فەسانە
زین و مەمێ بکەم بەهانە
هاوکات لەجێگەیەکی تردا دەڵێ؛
گەردێ هە بوویا مە سەر فرازەك
صاحب کەرەمەك سوخەن نەوازەك
نەقدێ مە دبوو ب سککە مەسکوك
نە دما وە هەبێ ڕەواج و مەشکوك
گەردێ هەبوویا مە ئیتفاقەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك
رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژمە را دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تە حصیل دکر مە عیلم و حیکمەت
تەمیز دبوو ن ژ مەم مەقالات
مومتاز دبوون خودان کەمالات

دیارە لەم چەند دێڕە هۆنراوەیەدا ئەحمەدی خانیٰ ڕەخنەی لەنەبوونی سەرکردەو پێشەنگی خەمخۆری میللەت کردووەو هاوکات رەخنەی لەنەبوونی رێککەوتن و پەیمان لەنێوان کوردانـدا کردووەو پێی وابووە کە ئەگەر سەرکردەی بەتواناو خەخمۆرمان هەبێت و یەکگرتووبین، ئەوا دەمانتوانی ئایین و دەوڵەتی خۆمان تەواو بکەین و (رۆم ، عەرەب و عەجەم) یش غولامیان بۆدەکردین. هەر لەو ڕوانگەیەوە فەرهەنگی نوبەهاری نوسیوە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری زمانی کوردی بکات. هەرلەم قۆناخەدا شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤١-١٦٠٣)زدا بۆجاری یەکەم وەکو کوردێك هەستا بەنوسینەوەی مێژووی کوردستان و لەساڵی (١٥٩٦)ز دا شەرەفنامەی نوسی

کەمێـژووی میـر، خێـڵ و کۆمەڵـگای کوردسـتانە بەزمانـی فارسـی نوسـیویەتی. شـەرەفنامە بەهـۆی گرنگـی و زەنگینیـەوە بووەتـە بەڵگەیەکـی گرنـگ لەسـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان، ئەمـەش وایکـردووە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زۆر زمانـی زینـدووی جیهـان. فارسـی بوونەکـەی لەگرنگـی کـەم ناکاتـەوە. ئەمـەش جـاری یەکەمـە لەمێـژووی نوێـدا کـورد هەوڵـدەدا خـۆی مێـژووی خـۆی بنوسـێتەوە (١٥). مەلامەحمـودی بایەزیـدی کـە لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا ژیـاوەو هاوسـەردەمی میـری بۆتـان بـووە، ئەحمـەدی کـۆر کەلەنیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا ژیـاوە توانیویانـە بەردەوامـی بـەو ڕێچکەیـە بـدەن.

هەرلـەم سـەردەمانەدا لەباشـووری کوردسـتانی عوسـمانیدا زاراوەی کورمانجـی خـواروو گەشـە دەکات و دوو فاکتـەر رۆڵیـان هەبـووە لەگەشـەکردنی کورمانجـی خـوارووداْ یەکـەم؛ میرنشـینی ئـەردەڵان و زاراوەی گۆرانـی بـەرەو لاوازی دەچـوو، میرنشـینی بابـان گەشـەی دەکـردو بۆجـاری یەکـەم میرانـی بابـان لەکۆتایـی سـەدەی هەژدەیەمـدا بڕیارنـدا کەزمانـی کـوردی (زاراوەی کورمانجـی خـواروو شـێوەی سـلێمانی )بکەنـە زمانـی فەرمـی میرنشـین و ئیـتر ئـەم زمانـە جێگـەی زمانی فارسـی، زاراوەی هەورامـی یـان گۆرانـی گرتـەوە کـە هەتـا ئەوکاتـە باڵادەسـت بـوون. هـۆکاری دووەم؛ هەوڵـی کەسـانی ئایینـی لەوێنـەی شـێخ مارفـی نـۆدێ کەلـە سـاڵانی (١٧٣٥-١٨٣٨)ژیـاوەو هەسـتاوە بـە ئامادەکردنـی پەرتوکـی (ئەحمـەدی ) بۆفێربوونـی زمانـی عـەرەب لەڕێگـەی هۆنـراوەوە. کـە بـەم شـێوەیە دەسـت پـێ دەکات؛

(رأس)سەرە . (عین)چاوە

(بدن) قالب . (أسم) ناوە

جبین و جبهە تەوێڵە

مکرو کید و حیلە فێڵە

بەوشـێوەیە بـەردەوام دەبێـت. هەروەهـا مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی شـاوەزووری کـە لەسـاڵانی (١٧٧٦-١٨٢٧)ز ژیـاوەو رێبـەری تەریقەتـی نەقشـبەندی بـو،و بەشـێك لەنامـەو نوسینەکانی بەکـوردی نوسـیوەو مەلاعەبدولکەریمـی مـودەڕس لەپەرتوکـی (یـادی مـەردان)دا کۆیکردۆتـەوەو بـڵاوی کردۆتـەوە. ئەمانـەش بوونـە بنەمـا بـۆ دەرکەوتنـی هەرسـێ شـاعیرو نوسـەری بەتوانـا کـە بـە سـێ کوچکـەی بابـان دەناسرێـن؛ نالـی (١٧٩٧-١٨٥٦ز) کـە خـۆی نـاوی مەلاخـدری ئەحمـەدی میکایلیـە. سالم؛ کـە نـاوی خـۆی عەبدولڕەحـمان ئەحمەدبەگـی سـاحێبقڕانەو لەنێـوان سـاڵانی (١٨٠٠- ١٨٦٦ز) دا ژیـاوە.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٥) لێرەدا دەبێـت ئـەوە لەبیـر نەکەیـن کـە لەهـەزارەی یەکەمـی زایینیـدا کـورد خاوەنـی شـانامەی کـوردی بـووە، ئێسـتاش ئـەم شـانامەیە کەوتۆتـە بەردەسـت و بەشـێوەی ئەفسـانەو چیـرۆک بـاس لەرابـردووی کـوردو گەلانـی دراوسـێ دەکات. بەپێـی هەندێـک بۆچـوون شـانامەی فیردەوسـی فارسـی، فیردەوسـی لەڕێگـەی خێزانەکەیـەوە کـە کوردبـووە لەشـانامەو چیرۆکەکانـی شـانامەی کـوردی وەرگیرتـووەو کارەکتەرەکانیـان گۆڕیـوە یاخـود کردویانـن بەفارسـی.

**كـوردی؛ نـاوی خـۆی مسـتەفا ئەحمـەد بەگـی سـاحێبقڕانەو لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٠٩- ١٨٤٩ز) ژیـاوە. مـەلای جەبـاری(١٨٠٦ـ١٨٧٦)، سـەید یاقـۆ(١٨٠٨ـ١٨٨١)، حاجـی قـادری کۆیـی(١٨١٧ـ ١٨٩٧) (کـە بەشـاعیرو پێشـەنگی بیـری نەتەوەیـی لـە کورمانجـی خـواروودا دەناسرێـت لـەم سـەردەمەدا دەردەکەوێـت)، مەحـوی(١٨٣٠ـ١٩٠٤)، شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی(١٨٣٥ـ ١٩٠٩)، وەفایـی(١٨٤٤ـ ١٩١٤)، سـالمی مەردۆخـی(١٨٤٥ـ ١٩٠٩)، مەجـدی(١٨٤٩ـ١٩٢٥)، حەریـق(١٨٥١ـ ١٩٠٧) و عەبدوڵڵابەگـی مهابادی(ئەدەب)(١٨٥٩ـ١٩١٢)وەکـو بەردەوامـی ئـەو هێڵـەن.**

**گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە هـەر لـەم قۆناغـەدا مەسـتوورەخانی ئەردەڵانی(١٦)(مـاە شـەرەفخانی کوردسـتانی (١٨٠٥-١٨٤٧ز)ژیـاوە. مەسـتورەخان خێزانـی خەسرەوخانـی نـاکام جێگـری ئەمانوڵاخانـی ئەردەڵانـی باوکـی بـووە، دوای کۆچـی دوایـی میـرو تێکجونی بـاری گوزەرانیـان دەچێتە سلێمانی و دیوانـە (٢٠٠٠٠)بەیتـە شـیعرییەکەی و پەرتوکـی مێـژووی ئـەردەڵان دەنوسـێت، دەکرێـت وەکـو یەکـەم مێـژوو نوسـی ژن نـەك تەنیـا لەکوردسـتاندا، بەڵکـو لەناوچەکـەدا بەنـاو بکرێـت. هـەر لـەم قۆناخـەدا چیرۆکـی دەماودەمـی کـوردەواری گەشـەی کـردووەو لەڕێگـەی هـۆرە، حەیـران، لاوك و دەنگبێژیـەوە بوونەتـە ماڵـی کۆمەڵـگا. دەروێشـی عەبـدێ و عـەدول، لاس و غـەزال، شـیرین و فەرهـاد، ئەسـمەر و مامـەر، محەمـەدو سێوێ و..... چەنـد نمونەیەکـن لـەو چیرۆکانـە کـە بوونەتـە وێـردی سـەر زمانـی کۆمەڵـگای کـوردی.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٦) مەسـتوورە خانـی ئـەردەڵان: لەسـنە لەدایـک بـووە، کچـی ئەبوحەسـەن بەگـی کـوڕی محەمـەد ئاغـا بـووە، دایکـی لەبنەماڵـەی میـرزا عەبدوڵـڵای وەزیـر بـووە. بنەماڵـەی باوکـی لەدەوڵەمەنـد و دەسـت ڕۆیشـتووەکانی شـاری سـنە بـوون و قـادری بـوون. سـاڵی ١٨٢٩ ژیانـی هاوسـەری لەگـەڵ خەسـرەو خانـی نـاکام پێکـەوە دەنێت. خەسـرەو خـان ڕۆشـنبیر و شـاعیر بووەو سـەرەڕای جێنشـینی باوکـی بـووە، کەسـێکی وریـاو هۆشـیار بـووەو لەقەبـی شـیعری نـاکام بـووەو لەتەمەنـی ٢٩ سـاڵیداو لەسـاڵی ١٨٣٥ دا کۆچـی دوایـی دەکات. دواتـر مەسـتوورە بەهـۆی نالەبـاری بارودۆخـی ئەردەڵانـەوە دەچێتـە سـلێمانی و لـەوێ کۆچـی دوایـی دەکات. مەسـتوورە دیوانێکـی شـیعری (٢٠٠٠٠)بەیتـی هەیـە کـە (٤٦٢) بەیتـی بـە کـوردی نوسـیوەو ئـەوەی تـری بـە فارسـی نوسـیوە. هەروەهـا مەسـتوورە مێـژووی میرنشـینی ئـەردەڵان، موجەمەعـی ئودەبـا کـە بیۆگرافیـای شـاعیرانی کـوردەو (رسـالە شـەرعیات) کـە باسـی بنچینەکانـی عەقایـد و ئەحکامـی ئیسـلام دەکات نوسـیوە. گۆڕەکـەی لەگـردی سـەیوانە لـە سـلێمانی. ئەمـەش بەیتێکـی مەسـتوورەیە:

گرفتارم وەنازی چاوەکانی مەستی فەتانت…….. بریندارم بەنیشی سینەدووزی تیری موژگانت

٤-گەشەکردنی ئابووری و پیشە لە کوردستاندا :
کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی ئەوەی کە داهێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی کشتوکاڵە، لەناخیدا پیشەکانی ژیانی سروشتی ڕەگی داکوتاوەو زەوی و ئاوو کەشە لەبارەکەشی ئەم دەرفەتەی زیاتر بۆ ڕەخساندووە. هەربۆیە زەمینەی پیشەکانی تر لەکوردستاندا کەمەو کۆمەڵگای کورد ئەگەر دەرفەتی هەبوویێت زیاتر بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك بووە. لەم ماوەیەشدا بەهۆی ئەوەی کە تاڕادەیەك خۆبەڕێوەبەری میرە کوردەکان پەرە دەسێنێ لە کوردستانی ژێر دەستی عوسمانیدا، ئەمەش دەرفەتی پەرەپێدانی پیشەکاری ڕەخساندووە، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێراندابووە هەرچەندە زەمینە کەمتر بوو بێت، بەڵام زەمینە لەبارتر بووە بە بەراورد بەقۆناخی ڕابردوو کە کوردستان کەوتبووە ژێر هێرشی مەغۆل، تەتەر، قەرەقۆینلەر وئاق قۆنیلەرەوە. ئەم بارودۆخە وا دەکات کە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و کاری پیشەی دەست لەوێنەی چنین، ڕستن، گڵکاری، بیناسازی، ئاسنگەری و مسگەری لەکوردستاندا گەشە دەکات. ئێستاش شوێنەوارو بەرهەمی دەستی هەیە کە لەوسەردەمانەدا دروستکراون. لەڕێگەی بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکانیشیەوە پێگەیەکی بۆخۆی دروست کردبوو. هەرلەم سەردەمانەدا بازرگانی لە کوردستاندا گەشە دەکات و میرنشینی بابان لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. تاڕادەیەك پیشەکاری دروستکردنی چەك لەڕێگەی ئاسنگەرییەوە گەشەی کردو هەرئەمە بووە بناخە بۆ ئەوەی لەسەدەی نۆزدەیەمدا میرانی سۆران، بۆتان و بابان تۆپ و چەکی پێشکەوتوو دروست بکەن.
ئەوەی جێگەی سەرنجە جولەکە، ئەرمەن، ئاشوری و سریانیەکان لەکاری پیشەکاری زێڕو زیو و بازرگانیدا ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە.

٥- گۆڕانکاری دیمۆگرافیا، ئەتنیکی و ئایینی لە کوردستاندا
دەکرێت ئەم قۆناخەی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان بە دووەم قۆناخی کۆڕانکاری لەدیمۆگرافیا، پێکهاتەی ئەتنیکی و باوەڕمەندی بەناو بکەین. پێشتر باسمان لەوەکرد کە لەسەرەتای هاتنی ئیسلام و کۆچی عەرەب و تورکەکان بۆکوردستان هەتا سەدەی سیازدەیەم، واتە لە نێوان سەدەی حەوتەم و سیازدەیەمی زایینیدا گۆڕانکاری ڕیشەیی یەکەم رویداو لەو رێگەیەوە کۆمەڵگای کوردستان ئاشنای دوو ئەتنیکی تربوو، کەخاوەنی تایبەتمەندی جیاواز بوون لەکۆمەڵگای کوردستان. هاوکات ڕووبەڕووی هەژموونی ئاینێکی نوێ بویەوە، کە ئەویش بنەماکانی جیاوزبوو لە بازوەڕیە ئارییەکانی خۆی. ئەمەش کاریگەری لەسەر بەشێکی کۆمەڵگا دروستکرد. پێشتر باسمان لەوەکرد کە هەتا ئەو سەردەمانە نزیکەی نیوەی کۆمەڵگای کوردستان ببوونە ئیسلام. هاوکات بەهۆی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و زمانی کوردییەوە بەشێك لەو هۆزو گروپە عەرەب و تورکانەی دەهاتنە کوردستان دەبوونە کورد. بەواتایەکی تر کاریگەری دوولایەنەیان لەسەریەکتر هەبوو. لەسەدەی شازدەیەم بەدواوە، دوای ئەوەی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا ئازەری

وەکوئەتنیکێکی نوێ ڕۆڵی زۆربوو، لەبواری زمانەوانیشەوە ئەدەبیاتی فارسی ڕۆڵی زۆرگەشەی کرد، لەڕووی ئایین و بیرو باوەڕیشەوە شیعەگەریی و شیعەی جەعفەری یاخود دوازدە ئیمامی گەشەی کرد. ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە لەڕووی ئەتنیکیەوە ئازەری بەتەواوی لە کورد دابڕێن و لەڕووی ئایین و بیروباوەڕەوە ئەو ئازەریانەی کە زەمینەی عەلەوی گەری و قزلباش بوون و بەشێکی زۆریشیان یارسان بوون، ئیتر بەشی هەرە زۆریان ببنە پەیڕەوکاری شیعەگەرایی. کوردی لوڕ، لەک وکەلهوڕ کەزۆربەیان یارسانی بوون بەهۆی فشارو ستەمی دەسەلاتەوە زۆربەیان بوونە شیعەو پەیڕەوانی یارسانی تییاندا کەم بوویەوە. کوردی ناوچەی موکریان و ئەردەڵان و شکاک و جەلالییش لەبن ناوی بەرخۆداندا لەبەرامبەر شیعەگەرایی زیاتر ڕوویان لەسوونیگەری کرد. بەمشێوەیە لەم هەرێمانەشدا یارسانی، زەردەشتی و قزلباشی عەلەوی بەرەو نەمان چوون. ئیتر کاتێک هەنگاومان بۆسەدەی نۆزدەیەم دەنا، تاڕادەیەک کۆمەڵگای کوردستان ڕەنگێکی نوێ کە نزیک بوو لەوەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمانی گرتبوو.

لەبەشی کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا هەرچەندە لەڕووی ئیداری و خۆبەڕێوەبەرییەوە بارودۆخ باشتربوو، بەڵام بەهۆی باڵادەستی و هەژموونگەرایی ئەتنیکی تورک و زمانی عوسمانیەوە، کاریگەریی تورک لەسەر کۆمەڵگای کورد زیاتر دەبوو، بەواتایەکی تر بە بەراورد بەڕابردوو ئاسیملەبوونی کوردەکان بەرەو تورکبوون زیاتر بوو بە بەراوورد بە ئاسیلەبوونی تورک بۆ کورد. هاوکات بەهۆی باڵادەستی ئایینزای سوننەوەو شێوازی پەروەردەی عوسمانییەکانەوە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، هاوکات ئەو فەرمان و هێرشانەی کراونەتە سەر ئێزیدیەکان، بەشی زۆری کۆمەڵگای کوردی ئەم هەرێمە ڕوویان لەئایینزای سوونە کرد، دیارە ناوچەکانی خانەقین، مەندەلی و بەدرەو جەسان زۆربەی کات لەژێر کاریگەریی ئێراندا بوون، لەبەرئەوە بوونەتە شیعە. لەبەرامبەر(عەلەوی) یشدا ئەو سیاسەتەی عوسمانیەکان گرتیانەبەر لەڕێگای (حاجی بەکتاش)ەوە بۆموتوربەکردنی عەلەوی لەگەڵ دەسەلاتدا تاڕادەیەک سەرکەوت و ئیتر بەشێکی زۆری عەلەوی کە کورد بوون یان تورک بوون، بوونە لایەنگری دەسەلات و لەناوەڕۆکی خۆیان دوورکەوتنەوەو بەشێکیشیان ڕوویان لەئایینزای سوونەکردو بەمشێوەیە بەشی زۆری کۆمەڵگای ئەم پارچەیەی کوردستان چوونەسەر ئایینزای سوونە و یارسانی ، عەلەوی و ئێزیدی زۆرکەم بوونەوە .

لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین لەنێوان سەدەکانی (١٦هەتا ١٩ز)دا گۆڕانکاری ڕیشەیی لەئاین و بیرو باوەڕی کوردستاندا دروستبوو. لەڕووی دیمۆگرافیاشەوە گۆڕانکاری ڕوویانداو ئیتر دەبینین دیمۆگرافیای کوردستان گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا هاتووەو بەشێکی جوگرافیا سنووریەکانی کوردستان مۆرکی کوردیان پێوەنەما یان زۆرلاوازبوون. بۆنمونەی ئەمەش دەکرێت باس لە هەمەدان، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ، ناوچەکانی کوت لەئێراق و ناوچەکانی سێواس، مەرەش و ئەرزنگان لەباکوری کوردستان.

دەکرێت لێرەدا باس لەگۆڕانکاری نشینگەی خێڵەکانیش بکەین. بەهۆی ئەوەی لە وسەردەمانەدا

مـاوه مـاوه شـەڕی خێڵایەتـی ڕوویانـداوە، یـان نەخۆشـی و دەرد بڵاوبۆتـەوە یـان ناكۆكـی لەنێـوان دەسـەڵاتی هەرێمـی میـرەكان یـان دەسـەڵاتی ناوەنـدو خێڵەكانـدا دروسـت بـوون، یاخـود بەخـۆی تایبەتمەنـدی ژیانـی كۆچـەری خێڵەكانـەوە، بەشـێك لەخێڵـەكان پەرتەوازەبـوون یـان بـڵاو بوونەتـەوەو هەرئــەوەش هــۆكارە بۆئــەوەی كــە دەبینیــن هەندێــك خێــڵ بەشــێكی لەباكــورەو بەشــێكی لــە باشـورە یـان جێگـەی تـرە، نمونەشـمان بۆئەمـە خێڵـی بەرازیـە كەبەشـێكی لـە شـارەزوورە، بەشـێكی لەڕوهایـەو بەشێكیشـی لەرۆژئاوایـە. یـان خێڵـی شـێخ بزێنـی كـە بەشـێكی لەكەركوكـە و بەشـێكیان لەروهـاو بەشـێكیان لەنزیـك ئەنقـەرەن، ئەمـەش بابەتێكـی تـرە كـە كاریگەریـی لەسـەردیمۆگرافیای كوردسـتان و كۆمەڵـگای كوردسـتان كـردووە.

# بەشی هەشتەم
# کۆمەڵگای کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا دابەشکردنی بۆ چواربەش

## أ-بارودۆخی جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان

دوای ئـەوەی سـەدە تاریکـەکان و شـەڕە ئایینـی و ئایینزاییەکانـی ئەوروپـا ژیانـی کۆمەڵـگای لـە ئەوروپـا خستە بـەردەم مەترسیەکی مەزنەوە، بەتایبەتیش شـەڕی(٣٠) ساڵەی سـاڵانی(١٦١٨ - ١٦٤٨) کـە بـووە هـۆکاری لەناوچوونـی سـێیەکی دانیشـتوانی ئەوروپـا، ئـەو گەشـەکردنەی لەبـواری فکـری کۆمەڵایەتـی، زانسـت و تەکنەلۆژیـادا بەرهـەم هاتـن، کۆمەڵێـك ریفۆرمـی لەسیسـتمی دەسـەڵاتی بریتانیـادا لەسـەدەی حەڤدەیەمـدا دروسـتکرد. بـەدوای ئەویشـدا لەسـەدەی هەژدەیەمـدا شۆڕشـی فەڕەنسـا کـە لەسـاڵی ١٧٨٩دا ڕویـداو سیسـتمی حوکمڕانـی پاشـایەتی گـۆڕی، ئابـووری ئەوروپـا گەشـەی کـرد. ئەمانـە بوونـە سـەرەتایەکی نـوێ بـۆ خۆڕێکخسـتنەوەی ژیـان و سیسـتەم. چونکـە ئـەو گۆڕانکاریانـە لەگـەڵ خۆیانـدا وەرچەرخانێکیـان لەبـواری ئابـووری، پیشەسـازی و سیسـتمی جوگرافیـدا بەدیهێنـا، کـە دواتـر بـە شۆڕشـی پیشەسـازی ناسـێندرا. ئـەم وەرچەخانـە بـووە هـۆی ئـەوەی ناوەندی شارسـتانی و سیسـتەم لەرۆژهەڵاتـی ناوینـەوە بگوێزێتـەوە بـۆ ئەوروپـا، هاوکاتـی ئەمـە رۆژهەڵاتـی ناویـن لەنـاو کێشـەکانی خۆیـدا دەتلایـەوەو هـەردوو دەسـەڵاتی عوسـمانی و قاجـاری (میراتگـری سـەفەوی) نەیانتوانـی نـە وەرچەخانێـك ئەنجـام بـدەن لەسیسـتمی حوکمڕانـی و بەڕێوەبەرێتـی خۆیانـدا. هێـزە کۆمەڵایەتیەکانـی ناوچەکـەش لـەو ئاسـتەدا نەبـوون بتوانـن ئـەو سیسـتمانە تێپـەڕ بکـەن و کۆمەڵـگا بـەرەو ئاسـۆیەکی نـوێ ببـەن، ئەمـەش وایکـرد کـە ئیـتر دەسـەڵات و بەشـێکی کۆمەڵـگای رۆژهەڵاتـی ناویـن چاویـان لەرۆژئـاوا بێت و ببنە پاشـکۆو چاولێکـەری رۆژئـاوا. لەبەرامبەر ئەمـەدا بەشـێکی کۆمەڵـگاش لەپێنـاوی پاراسـتنی بەهـاو فەرهەنگـی ناوچەکـەدا کەوتنـە بەرخـۆدان لەبەرامبـەر شـاڵاوە نهێنـی و ئاشـکراکانی هێـزە رۆژئاواییـەکان. لـەم قۆناخـەدا، واتـە لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـەوە هەژمـوون و باڵادەسـتی بریتانیـاو فەڕەنسـا سـنووری ئەوروپـای تێپەڕانـد. لەڕێگـەی کۆمپانیـای هینـدی رۆژهەڵاتـەوەو کردنـەوەی نۆکەنـدی سـوێس لەنێـوان دەریـای سـپی و دەریـای سـووردا ڕێـگای ڕۆژهەڵاتیـان بـۆ خۆیـان کورتکـردەوەو دەیانخواسـت لەڕێگـەی باڵادەسـتی پیشەسـازی و بازرگانیـەوە جیهـان بخەنـە ژێـر دەسـەڵات و هەژموونـی خۆیانـەوە. هـاوکات لەڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی نوێنەرانـی خۆیـان لەنـاو کۆمەڵـگا جیاجیاکانـدا بەنهێنـی و بەئاشـکراو لەبـن نـاوی مسـێونەر یـان مـژدە دەرەکانـەوە کـە ئامانجیـان بڵاوکردنـەوەی ئایینـی کریسـتیانی و فەرهەنگـی ئەوروپـی بـوو، دیانخواسـت فەرهەنگـی خۆشـیان بکەنـە فەرهەنگێکـی جیهانـی . یەکێـك لـەو ناوچانـەش کـە ڕوویـان تێکـردو گرنگبـوو بەلایانـەوە، زەمینـی هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێرانـی بـوو . هەچەنـدە بەهـۆی گەشەسـەندنی ڕێـگای ئـاوی و دروسـتکردنی نۆکەنـدی سوێسـەوە ڕۆڵـی ئـەم جوگرافیایـە لـە بازرگانیـدا کـەم بووبوویـەوە، بـەڵام بەهـۆی نزیکییـان لەڕووسـیای قەیسـەری و هەوڵەکانـی ڕووسـیای قەیسـەری وەکـو زلهێزێـك بۆزیادکردنـی هەژموونـی خـۆی لەجیهـان و ناوچەکـەداو گەیشـتنی بـە ئـاوە گەرمـەکان، ئـەم ناوچایـە گرنگـی بـۆ هەردوولایـان هەبـووە. هـەر لایەنـەی دەیخواسـت کاریگـەری خـۆی زیاتربـکات. لـەم بـوارەدا ڕووسـیاش لەهەوڵـی بەردەوامـدا بـووە، ئەمـەش ململانێیەکـەی چڕتـر کردۆتـەوە.

شانبەشـانی ئـەم بارودۆخـە کەناوچەکـەی ڕووبـەڕووی ململانێیەکـی دژوار کردبـووەوە هـەردوو دەسـەڵاتی عوسـمانی و ئێرانـی لەناوخـۆی وڵاتەکانـی خۆشـیاندا ڕووبـەڕووی بارودۆخێکـی نـوێ دەبوونـەوە، دەسـەڵاتی ئـەو دوو دەوڵەتـە ئیـدی لەلایەنـی کۆمەڵگاکانیانـەوە بـە ڕەوا نەدەبیـنران و بەشـێکی پێکهاتەکانـی کۆمەڵگاکانیـان ڕووبـەڕووی دەسـەڵاتەکانیان بوونـەوەو داوای ئازادیـان دەکـرد. بۆنموونـە لەرۆژهەڵاتـی ئەوروپـا، لەنەمسـا، یۆنـان و بولگاریـا لەلایـەك و لەمیـسر لەسەردەسـتی محەمەدعەلـی پاشـای میـسرداو لەعەرەبسـتانی سـعودیەش لەسەردەسـتی وەهابیەکانـدا لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا عوسـمانیەکان ڕووبـەڕووی شـکان بوونـەوەو سـنووری دەسـەڵاتیان تەسـك دەبـووەوەو ئەمـەش لەلایـەك دەسـەڵاتی عوسـمانی دەترسـاندو لەلایەکـی تریشـەوە خەڵکانـی تریشـی هانـدەدا بۆئـەوەی هەوڵبـدەن کاریگەریـی عوسـمانی لەسـەر خۆیـان کەمبکەنـەوە، یـان ئەگـەر بتوانـن سـەربەخۆ بنـب. هەرچـی دەوڵەتـی ئێـران بـوو، قاجاریـەکان کەدەسـەڵاتەکەیان لـەدوای کۆچـی داویـی کەریـم خانـی زەنـد(١٧٥٢-١٧٧٩)ە وە لەرێـگای (ئاغـا محەمـەد خـان شـای قاجـەری) ەوە هەڵکشـاو لەسـاڵی (١٧٨١)ەوە هەتـا سـاڵی ١٩٢٥(١٩٢٥\١٠\٣١) کـە تـاج لەئەحمەدشـای قاجـاری سـەندرایەوە، بـەردەوام بـوو. ئەمانیـش لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـداو لەسـەردەمی فەتـح عەلـی شـای قاجـاری (١٧٩٨-١٨٣٤) لەلایەکـەوە هەوڵیانـدەدا دەسـەڵاتی خۆیـان جێگربکـەن، لەلایەکـی تریشـەوە لەهەوڵـی ئەوەدابـوون خۆیـان لەهێـرش و هەژموونـی ڕووسـیا بپارێـزن. ئێـرن لەشـەڕی سـاڵانی (١٨٠٤ - ١٨١٣ز) لەگـەڵ ڕووسـیادا کـە بـە پەیمانـی گوڵسـتان(١٨١٣ز)کۆتاییهات، ئـەم پەیمانـە لەناوچـەی گوڵسـتانی قەرەبـاغ ئیمزاکـرا. تێیـدا ئێـران شـکاو بەپـێ ئـەم پەیمانـە ئێـران و ناوچەکانـی (باکـۆ - کەنجـە - شـیروان - قەرەبـاغ - تاڵیـش لەسـەردەریای قەزویـن - جۆرجیـاو داغستان)یشـی لەدسـتداو بوونـە موڵکـی ڕووسـیاو هـاوکات دەریاوانـی لەئـاوی دەریـای قەزویندا بـووە مافـی ڕووسـیاو تەنیـا ڕووسـیا بـۆی هەبـوو کـە بۆمەبەسـتی سـەربازی بـەکاری بهێنـێ. ڕێگـەی بازرگانـی ئـازاد لەنێـوان هـەردوو وڵاتـدا کرایـەوە بەمەرجێـك گومرگـی ٥٪ زیاتـر نەخرێتـە سەرشـت و مەکـی دەرەکـی. دواتریـش بەهـۆی هاندانـی بریتانـەوە ئێـران خواسـتی لـەم ڕێککەوتنـە پەشـیمان ببێتـەوەو لەسـاڵی ١٨٢٦دا هێرشـی کـردە سـەر سـوپای ڕووسـیا لەباکـوری ڕووبـاری ئـاراس، سـەرەتا هەندێـك دەسـکەوتی بەدەسـتهێنا، بـەڵام دواتـر زۆرخـراپ تێکشـکاو بەناچـاری لـە ١٨٢٨\٢\٢٢دا ڕێکەوتنێکـی تـری لەگـەڵ ڕووسـیادا ئیمزاکـرد، کـە بـە ڕێککەوتنـی (تورکـمان چـای) دەناسرێـت و تێیـدا قاجارییـەکان هەمـوو بەندەکانـی ڕێککەوتنـی گوڵسـتانیان پەسـند کـردو یەریڤـان و هەندێـك ناوچـەی تریشـان لەدەسـتدا. دەسـەڵاتی قاجـاری بەهـۆی ئـەو ڕێککەوتـن و سازشـانەی لەگەڵ ڕووسـیا ئەنجامیـدا لەلایەکـەوە، لەلایەکـی تریشـەوە بەهـۆی پەیماننامـەی دووقۆڵـی مانگـی ١١ی ١٨١١ەوە کە لەگـەڵ بریتانیـا لەسـەردەمی جۆرجـی سـێیەمدا مۆریکـرد، توانـی خـۆی بپارێزێـت، بـەڵام ڕۆژبـەڕۆژ کاریگـەری هـەردوو دەوڵەتـی ڕووسـیاو بریتانیـا لـە وڵاتەکەیانـدا زیاتـر دەبـوو.

بارودۆخـی ئـەم دوو دەوڵەتـە، واتـە عوسـمانی و قاجـاری دەرفەتـی بـۆ بریتانیـا، فەڕەنسـاو ڕووسـیا خۆشـکرد کـە باشـتر دزە بکەنـە نـاو کۆمەڵـگاو دامـودەزگای ئـەو دەوڵەتانـەوە. ئـەوەی گرنگـە لێـرەدا

ئامـاژەی پێبکرێـت ئەوەیـە کـە هـەردوو دەسـەڵاتی ناوچەکـە بـۆ مانـەوەی خۆیـان پێویسـتیان بـە هـاوکاری دەرەکـی هەبـوو، ئیـتر توانایـان نەمابـوو لـە سـەرپێی خۆیـان ڕاوەسـتن و بـڕۆن. لەبەرامبەریشـدا ئـەو دەوڵەتـە زلهێزانـەش (بریتانیـا، ڕووسـیاو فەڕەنسـا) کەنامۆبـوون بەناوچەکـەو ئاییـن و فەرهەنگیـان جیـاواز بـوو، هەسـتیان بـەوە دەکـرد کـە ڕاسـتەوخۆ ناتوانـن ناوچەکـە بەڕێوەببـەن و پێویسـتیان بەدەسەڵاتی هەرێمـی لاوازو دەسـتەمۆ هەبـوو ، هەتـا بتوانـن ناڕاستەوخۆ بینـە باڵادەسـت، ئەمـەش وایـدە کـرد کـە ئەوانیـش مانـەوەی هـەردوو دەسـەڵاتی (عوسـمانی و قاجـاری )یـان بەشـێوەیەکی لاواز پـێ باشـتر بوویـێت، لـەوەی کـە لەناوبچـن یـان بەهێزبـن. بـۆ ئەمـە لەلایـەك لەهەوڵـی پەیـمان بەسـتنداببوون لەگـەڵ ئـەم دوو دەوڵەتـەدا، لەلایەکـی تریشـەوە لەهەوڵـی زەمینـە خۆشـکردندا بـوون بۆخۆیـان لەنـاو گەلانـی ناوچەکـەدا. دەتوانیـن بـەم شـێوەیە بـاس لـە سیاسـەتی ئـەو دوەڵەتانـە بەپێشـەنگایەتی بریتانیـا لەگـەڵ هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی و قاجـاری و گەلانـی ناوچەکـەدا بکەیـن:

**یەکـەم** : لەڕێگـەی ئـەو پەیـمان و ڕێککەوتنـە ئابـووری، سیاسـی و سـەربازیانەی لەگـەڵ هـەردوو دەوڵەتەکـەدا ئەنجامیانـدا لـە سـاڵی ۱۸۰۸ز بـەدواوە، هەتـا سـاڵی ۱۸۸۰، زەمینەیـان بۆخۆیـان لەنـاو هـەردوو دەوڵەتـدا دروسـتکردو پێگـەی خۆیـان لەنـاو دامودەزگاکانـی ئـەو دەوڵەتانـەدا دروسـتکرد. سیسـتمی پـەروەردەی خۆیـان بونیادنـا، سیسـتمی سـوپاکانی عوسـمانی و قاجارییـان گـۆڕی، پێگـەی ئابـووری خۆیـان بەهێزکـردو مۆدێلـی ئابـووری خۆیـان خزانـدە نـاو سیسـتمی ئـەو دوو دەوڵەتـەوە. بابەتـی حوکمکردنیـان لەڕێگـەی دەسـتوورەوە کـردە بابەتێکـی دامەزراوەکانـی هـەردوو دەوڵـەت و هەوڵەکانـی سـوڵتان سـەلیمی سـێیەم (۱۷٦۱-۱۸۰۸)، سـوڵتان مەحمـودو سـوڵتان عەبدولمەجیـد لەسـاڵانی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـداو هەوڵەکانـی قاجارییەکانیـش لـەم سـەردەمەدا لەژێـر ئـەو کاریگەرییانـەدا بـوو.

**دووەم**: ئـەو دەوڵەتانـە لەڕێگـەی جێگیرکردنـی سیسـتمی پـەروەردەی خۆیانـەوە وردە وردە کاریـان بۆ هەڵوەشـاندنەوەی سیسـتمی پـەروەردەی بـاوی ناوچەکـە کـرد، کـە سیسـتمی پـەروەردەی حوجـرەی ئیسـلامی بـوو و لەژێـر چاودێـری زانایانـی ئایینـی ئیسـلامیدا بەڕێـوە دەچـوو، بەمـەش زەمینەیـان بـۆ نەوەیـەك دروسـت دەکـرد کـە بەفەرهەنـگ و زانسـتی ڕۆژئـاوا گەشـە بـکات و پـێ بـگات.

**سێیەم** : لەڕێگـەی هانـدان بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی (یەنـی چـەری) (۱۷) و پەیڕەوکردنـی سیسـتمی نوێـی سـەربازی و پێشکەشـکردنی ئەزمـوون و چـەك و پێویسـتی سـەربازی بـەو دوو دەوڵەتـە، تاڕادەیـەك لەناوسـوپاو سەربازیشـدا پێگەیـان بۆخۆیـان دروسـت دەکـرد.

**چـوارەم** : لەڕێگـەی هانـدان بـۆ پەیڕەوکردنـی سیسـتمی ئابـووری بـازاڕو ریفۆرمـی ئابورییـەوەو ئەنجامدانـی وەبەرهێنـان و خسـتنە بـازاری کاڵاکانـی خۆیـان لـە بازاڕەکانـی ئـەم دوو دەوڵەتـەدا بـە گومرگێکـی کەمـەوە کـە وەکـو لەڕێککەوتنـی گولسـتانی نێـوان ڕووسـیاو قاجاریـدا دیاریکـراوە، ٥٪ ی تێپـەڕ نەکـردووە، ئەمـەش بـووە هـۆکاری لاوازبوونـی بەرهەمـی ناوخۆیـی وابەسـتەکردنی بـازاڕی ناوچەکـە بـە بـازاڕی خۆیانـەوە. ئەمـەش کاریگـەری ئـەو دەوڵەتانـەی لەناوچەکـەدا بـەرەو پێشـەوە

بـرد.

**پێنجەم** : هەمیشـە هەوڵیانـداوە بۆقوڵکردنـەوەی ناکۆکـی نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتـە هەتـا بتوانـن بەردەوامـی بەسیاسـەتی خۆیـان بـدەن.

**شەشـەم**: ئـەو دەوڵەتانـە هەوڵیانـدەدا پەیوەنـدی لەگـەڵ گـەل و پێکهاتـە جیاوازەکانـی ناوچەکـەدا دروسـت بکـەن، هەتـا بتوانـن بیانکەنـە زەمینـە بـۆ سیاسـەتی خۆیـان و لـە هـەر کاتێکـدا پێویسـتیان پێیـان بێـت لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی عوسـمانی و قاجاریـدا بەکاریـان بهێنـن. لـەم بوارەشـدا سـوودیان لەچەمکـی نەتـەوە دەوڵـەت وەردەگـرت، کـە تـازە لەئەوروپـا گەشـەی دەکـردو لەڕێگەیـەوە هەرگەلێـك دەیخواسـت دەوڵەتێـك بۆخـۆی دروسـت بـکات. ئەمەبـوو لەلایەکـەوە ڕووسـیا لەهەوڵـی دابڕانـی تورکـمان و ئـازەری و بەشـێکی ئەرمەنـی و ئاسـوریەکاندابوو لەئێـران و لەسـەر ئەرمـەن و ئاشـورییەکانی سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانیش هەمـان سیاسـەتی بەڕێـوە دەبـرد، لەلایەکـی تـرەوە بریتانیـاو فەڕەنسـا کاریـان لەسـەر عـەرەب، ئاشـوری، کلدانـی، سریانـی، کـورد، قیبتیەکانـی میـسرو سـۆدان و ئەمازیغەکانـی بیابانـی گـەورەی لیبیـا، جەزائیـرو مەغریـب دەکـرد. بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان پەنایـان بـۆ ڕێبـازو شـێوازی جیـاواز دەبـرد. لەئێرانـدا جیـاوازی نەتەوەییـان بـۆ دابڕانـی تورکـمان، ئـازەری عـەرەب و کـورد بـەکار دەهێنـاو پێیـان وابـوو بەمشـێوەیە دەتوانـن ئـەو نەتەوانـە لەنەتـەوەی فارسـی سەردەسـت دابـڕن و ناکۆکیـش لەنێـوان ئـەو نەتەوانەشـدا دروسـت بکـەن و ئەوانیـش سیاسـەتی لەسـەربکەن، ئـەم سیاسـەتەش دواتـرو لەسـەدەی بیسـتەمداو لەپەیمانی(سـایکس پیکـۆ)ی سـاڵی ١٩١٦دا بـووە سیاسـەتێکی فەرمـی و ئاشـکرا. هـاوکات بۆدابڕانـی ئەرمەنیـەکان و ئاشـوریەکان فاکتـەری ئاینیـان بەکاردەهێنـا. لەزەمینـی دەوڵەتـی عوسمانیشـدا بەرامبـەر عـەرەب و کـورد سیاسـەتی جیـاوازی نەتەوەییـان بەکارهێنـاو هەوڵیانـدا لـەو ڕێگەیـەوە کەلێـن لەنێـوان عـەرەب و کـورد لەلایـەك و تـورك لەلایەکـی تـرەوە دروسـت بکـەن. هەوڵیشـیان دەدا جیـاوازی ئایینـی بەرامبـەر ئەرمەنـی، ئاشـوری سریانـی، کلدانـی قیبیتـی و ئەمازیغـەکان و کـوردی ئێزیدیش بـەکار بهێنـن. بەمشـێوەیە لەلایەکـەوە جیـاوازی نەتەوایەتـی، لەلایەکـی تریشـەوە جیـاوازی ئاییـن و ئایینزایـان قوڵکـردەوەو ئەمانـەش بوونـە هـۆکاری پێکدادانـی نێـوان نەتەوەکانـی ئـەم ناوچانـەو هـەردوو دەسـەڵاتی نەخۆشـدا.

بەمشـێوەیە ئـەو هێزانـە زەمینـەی کارو ژیانـی خۆیـان پەرەپێـداو هێـدی هێـدی دەبوونـە حوکمڕانـی ڕاستەقینە بـەڵام بـە ناڕاسـتەوخۆ. لەبەرامبـەر ئەمـەدا هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی و قاجـاری لـەم چوارچێوەی کـە لەخـوارەوە باسـی دەکەیـن سیاسـەتیان بەرامبـەر زلهێـزەکان و گەلانـی خۆیـان کـرد؛.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٧) یەنـی چـەری: بەشـێکی سـەرەکی و خـاوەن کاریگـەری بـوو لەسـوپای عوسـمانیداو لـەو منداڵانـە دروسـت دەکـرا کـە لـە گەلانـی ناموسـڵمان وەکـو دەسـکەوت کۆکرابوونـەوەو پەروەردەکرابـوون. بـۆ یەکـەم جـار لەلایەنـی سـوڵتان (ئۆرخـان)ەوە کرابوونـە سـوپایەکی تایبـەت و لەسـەدەی هەژدەیەمـدا ببوونـە خـاوەن دەسـەڵاتی ڕەهـا.

**یەکەم** : خواستیان لەڕێگەی ئەو ڕێککەوتن و پەیوەندیانەی کە لەگەڵ زلهێزەکاندا ئەنجامیانداو لەسەری دەڕۆیشتن، تەمەنی خۆیان درێژ بکەنەوە، تاڕادەیەك سیستەمەکەشیان بگونجێنن لەگەڵ سەردەمەکەدا. هەر لەم پێناوەدا وەکو باسمان کرد لەبواری پەروەردە، سەربازی، ئابووری و سیاسی دا زنجیرەیەك گۆڕانکاریان ئەنجامدا.

**دووەم** : لەترسی لەدەستدانی خاك و هەژموونی خۆیان، هەوڵیاندا هەژموونی خۆیان زیاتر بکەن و بۆئەم مەبەستە تەگبیری جۆراو جۆریان وەرگرت.

**سێیەم** : بەهۆی کاریگەری چەمکی نەتەوە دەوڵەت و سیاسەتی زلهێزەکان لەناوچەکەدا، هێدی هێدی لەئێران چەمکی پان ئێرانیزم و فارسگەرایی، لەدەوڵەتی عوسمانیشدا چەمکی پان ئیسلامیزم و تۆرانیزم گەشەی دەکرد.

**چوارەم** : ئەو بارودۆخە جیهانی و ناوچەییە کاریگەری لەسەرگەلانی ناوچەکە دەکردو ئەمەش لەلایەك لەبەرامبەر ئیسلامی دەسەڵاتدا تەریقەت و ڕەوتی جیاجیا دروست دەبوون، لەبەرامبەر چەمکی دەسەڵاتی ناوەندیدا هەوڵدان و گەڕان بەدوای دەسەڵاتی هەرێمی و نەتەوەییدا سەریان هەڵدا.

ئەم بارودۆخە نزیکەی سەدەیەك تەمەنی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری درێژ کردەوە. بێگومان ئەگەر دەستێوەردانی دەرەکی نەبوایە. ڕەنگە ئەم هەرێمە بیتوانیایە کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و مۆدێلێکی تایبەت بەخۆی بئافرێنێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەدا دەتوانین بەمشێوەیە باس لەبارودۆخی کوردستان بکەین.

لەبەرئەوەی کە پێشتر هەردوو دەسەڵاتی قاجاری و سەفەوی لەڕێگەی دەسەڵاتەوە خۆیان سەپاندبوو، ئەو ڕوداوانەی سەرەتاو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم نەبوونە هۆی دابڕان و پێکدادانێکی بەرچاوی نێوان کوردو دەسەڵاتی قاجاری. چونکە پێشتر لەساڵانی (١٥٠٠-١٧٢٣) سەفەوییەکان زۆربەی میرو خێڵە کوردەکانیان سەرکوت کردبوو، لەبەشەکانی ڕابردوودا باسمان لە هەندێکیان کرد. بەڵام کرنگە لێرەدا بەکورتیش بێت باس لە (کەریم خانی زەند) بکەین کە لە ساڵانی (١٧٥٢-١٧٧٩) دا حوکمی زۆربەی خاکی ئێرانی کردووە. بەڵام لەبەرئەوەی کە کورد لە خاکی عوسمانیدا خاوەنی سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆیانبوون و لەڕێگەی ئەو بارودۆخەوە گەشەیان بەکشتوکاڵ و ئاودێری، بازرگانی، پیشەسازی دابوو. تاڕادەیەك فێرببون کەسەربەخۆ بژین. بەڵام کەعوسمانی خواستی هەژموونی خۆی زیادبکات و سیستمی ئیداری گۆڕی، ئەمانە لەلایەك کاردانەوەی لەلای کوردەکان دروست دەکرد، لەلایەکیشە ترسی لەدەستدانی ئازادییەکانی لەلا دروست دەکردن. ئەمەو هەوڵی میرەکوردەکان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکانیان بوونە هۆکاری تێکچوونی ئەو پەیمانەی کە لە نێوان میرە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرابوو. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا شەڕی میرە کوردەکان و دەسەڵاتی عوسمانی هێنا، کەکورد بەشۆڕشەکانی کوردی ناوزەد دەکەن و دەوڵەتی عوسمانیش بەیاخی بوون (عصیان )یان بەناو دەکات. لێرەدا بەکورتی باس لەو ڕوداوانە دەکەین و دواتر هەڵیاندە سەنگێنین؛

## ب ـ ڕاپەڕینەکانی کوردستان و دەرئەنجامەکانی

**یەکەم:** ڕاپەڕینەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم

ئـەو بارودۆخـە جیهانـی و ناوچەییـەی کـە باسـمان کـرد بوونـە هـۆکاری ئـەوەی کـە هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی و قاجـاری لەلایـەك هەوڵیانـدەدا خۆیـان لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە نێودەوڵەتـی و هەرێمیـە بگونجێنـن، لەلایەکـی تریشـەوە لەهەوڵـی ئەوەدابـوون کـە گۆڕانکاریەکانـی ناوخـۆی وڵاتەکانیـان کۆنـترۆڵ بکـەن. بەتایبەتیـش ئـەو سیاسـەتەیان لەکوردسـتاندا بەڕێـوە دەبـرد. بەتایبەتـی ئـەو سیاسـەتە لەلایەنـی دەوڵەتـی عوسـمانیەوە بەڕێـوە بـرا، هاوکاتـی ئەمـە گەشـەکردنی چەمکـی نەتەوەگەرایـی بوونـە هـۆکاری ئـەوەی کـە زەمینـەی دوورکەوتنـەوەی نەتەوەکانـی لەیەکـتر دروسـت دەکـرد. گەلـی کوردیـش بەهـۆی ئـەوەی لەڕابـردوودا خاوەنـی میرنشـین و بەڕێوەبەرێتـی بـووە لەناوچەکانـی خۆیـدا. زۆربـەی کات پەیوەندیەکـی نـەرم لەنێـوان دەسـەڵاتی ناوەنـدو میـرە کوردەکانـدا هەبـووە، هەربۆیـە میرەکوردەکانیـش لەلایـەك لەهەوڵـی ئەوەدابـوون کـە سـنووری فەرمانڕەوایـی خۆیـان بەرفـراوان بکـەن، لەلایەکـی تریشـەوە لەهەوڵـی ئەوەدابـوون دەسـەڵاتەکانی خۆیـان بپارێـزن. ئەمـەش وایکـرد کـە لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـەوە پەیوەندیەکانـی میـرە کـوردەکان و دەسـەڵاتی عوسـمانی بـەرەو خراپـی بچێـت و ئـەوەش کۆمەڵێـك جوڵانـەوەو بەرخۆدانـی لێکەوتـەوە. کـە لێـرەدا باسـیان دەکەیـن:

١ ـ میرنشینی بابان:

بناخـەی ئـەم میرنشـینە لەلایەنـی فەقـێ ئەحمـەدی دارەشـمانە کـە لەخێڵـی نورەدینیـە لەسـەدەی شـانزەیەمدا دانـراوە. فەقـێ ئەحمـەد لەپشـدەردا بەکەسـایەتی ڕێکوپێـك و چاکەخـواز و دادپـەروەر نـاسرا بـووە. دوای کۆچـی دوای فەقـێ ئەحمـەد (ماوەند)ی کـوڕی جێگـەی دەگرێتەوە، ئەویش لەسـەر ڕێبـازی باوکـی دەڕوات و کاریگـەری زیاتـر دەبێـت و ناوبانگـی هەتـا شـارباژێر بـڵاو دەبێتـەوە. دوای ئەمیـش (سـلێمان بەگـی کـوڕی ماوەنـد) جێگـەی دەگرێتـەوەو لەسـەدەی حەڤدەیەمـداو دوای ئـەوەی لەسـاڵی ١٦٣٩ز کوردسـتان پارچـە دەکرێـت و ناوچەکانـی شـارباژێر، شـارەزوور و پشـدەر کەپێشـتر دەکەوتنـە ژێـر فەرمانڕەوایـی میرانـی ئەردەڵانـەوە، لەژێـر فەرمانڕایـی ئەردەڵانـدا نامێنـێ، ئەمـە وایکـرد کـە سـلێمان بـەگ لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی حەڤدەیەمـدا میرێتـی خـۆی ڕابگەێنێـت و قەڵاچولانـی کـردە پایتەختـی خـۆی. سـاڵی ١٦٩٤ سـەفەوییەکان بـە هـاوکاری ئەردەڵانیـەکان هێـرش دەکەنـە سـەری و ئەویـش خـۆی دەداتـە پـاڵ عوسـمانیەکان و دوای سـلێمان بـەگ، بەکربەگـی کـوڕی جێگـەی دەگرێتـەوەو ئەویـش لـە سـاڵی ١٧١٥ دا لەشـەڕدا دەکوژرێـت. ئـەوەش وا دەکات هەتـا سـاڵی ١٧٣٠ز ڕاسـتەوخۆ ئـەم میرنشـینە لەلایەنـی عوسـمانیەکانەوە بەڕێـوە ببرێـت. هەرلـەم ماوەیـەدا بۆماوەیـەك ئـەم ناوچەیـە دەکەوێتـە ژێـر دەسـتی ئەفغانەکانـەوە کەحوکمڕانـی ئێرانیـان دەکـردو هەتـا سـاڵی ١٧٤٣ مـاوە مـاوە دەکەوتـە بـەر هێرشـی ئێرانیـەکان و ئەمـەش وادەکات کـە بابانیـەکان بکەونـە ژێـر هەژموونـی ئێرانـەوە. دوای تێپەڕبوونـی ئـەو بارودۆخـە سـلێمان پاشـا بۆمـاوەی (١٤)

ساڵ میرێتی دەکات، بەڵام عوسمانیەکان لەساڵی ١٧٦٣دا هێرش دەکەنە سەری و لەساڵی ١٧٦٥ز دا لەخەودا دەکوژرێت و ئیتر میرنشینەکە دەکەوێتەوە سنوری دەسەڵاتی عوسمانیەوە. ساڵی ١٧٨٢ ئیبراهیم پاشا دەبێتە میری بابان و ئەویش پایتەختی میرنشینەکەی لەقەڵاچوالانەوە دەگوازێتەوە بۆ سلێمانی ( کەخۆی بناخەی شارەکە دادەنێ لەساڵی ١٧٨٤)داو هەتا لەساڵی ١٧٨٩ز دا عەبدولرەحمان پاشا (١٨) دەبێتە میری بابان و پچڕپچڕ هەتا ١٨١٣ ز فەرمانڕەوایی دەکات و دوای ئەم مەحمود پاشای کوڕی دەکرێتە میرو هەتا ساڵی ١٨٢٧ فەرمانڕەوایی کردو دوای ئەو سولەیمان پاشای برا بچوکی تەختی لێ داگیر دەکات و ئەویش هەتا ١٨٣٨ حوکمی کردو دوای ئەیش ئەحمەد پاشای کوڕی سولەیمان پاشا بووە دواپاشای بابان کە لەساڵانی (١٨٣٨-١٨٤٧) ز حوکمی کردو لەم ساڵەدا لایان بردو عەبدوڵڵا پاشای برایان لەجێگەی کردە فەرمانڕەوای سلێمانی و هەتا ساڵی ١٨٥١ لەم ئەرکەدا بوو، لەم ساڵەدا بەتەواوی کۆتایی بەدەسەڵاتی بابانیەکان هات لەسلێمانیداو ئیتر فەرمانڕەوایەکی تورکیان کردە فەمانڕەوای سلێمانی.

عەبدولڕەحمان پاشای بابان بەهۆی ئەوەی کە ناکۆکە لەگەڵ والی بەغدادا، والی بەغدادو عوسمانی کاریان کرد بۆ لادانی عەبدولڕەحمان پاشاو دانانی ئیبراهیم پاشای ئامۆزای لەجێگەی کەئەمە بۆجاری سێیەمی بوو ببێتە میری بابان و فەرمانڕەوای ئیبراهیم پاشا درێژەی نەکێشا، عەبدولڕەحمان پاشا بۆ جاری دووەم بویەوە بە میرو ئەمجارە عەلی پاشای والی بەغداد داوای هاوکاری لێ دەکات بۆسەرکوتکردنی وەهابیەکان لەبەسرە (کە ئەوکاتە دەستیان بەسەر بەسرەدا گرتبوو) عەبدولڕەحمان پاشاو هێزەکەی رۆڵی زۆر دەبینن لەسەرکەوتنی والی بەغدادا. بەڵام جارێکی تر لەساڵی ١٨٠٥دا ناکۆکی لەنێوان والی بەغداد و عەبدولڕحمان پاشا دروست دەبێت و لەئەنجامدا والی بەغداد بەسوپایەکی مەزنەوە هێرش دەکاتە سەر عەبدولڕەحمان پاشاو لەدەربەندی بازیان میری بابان دەشکێنێ و خالید پاشای برای ئیبراهیم پاشا دەکەنە میرو عەبدولڕەحمان پاشاو لایەنگرانی پەنا دەبەنە بەر ئێران و بۆجاری سێیەم بەهاوکاری ئێرانیەکان لەساڵی ١٨٠٦دا بووەوە بەمیری بابان. هەتا ساڵی١٨٠٨ز لەکفری و ساڵی ١٨١٢ز لەناوچەی بازیان ڕووبەڕووی والی بەغدادو عوسمانیەکان دەبێتەوە، بەڵام لەهەردوو ڕووبەڕووبوونەوەکەدا تێکدەشکێت و لەهەردووجارەکەدا خالیدپاشای ئامۆزای کە برای ئیبراهیم پاشا بوو کرایە میری بابان، بەڵام عەبدولڕەحمان پاشا بە هاوکاری ئێرانیەکان دەسەڵاتی دەگرێتەوە دەست و هەتا لەساڵی ١٨١٣ز دا کۆچی دوایی دەکات.

میرنشینی بابان لەسەردەمی عەبدولرەحمان پاشاو دواتر لەسەردەمی مەحمود پاشای کوڕیدا سەرەڕای کێشەو ململانێیەکانی ناو بنەماڵەکەیان و دابەشبوونیان بۆ دووبەرە کە هەر بەرەی لایەنگری یەکێك لە دەسەڵاتەکانی عوسمانی و قاجاری بوون، توانیان گەشە بە پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵ، وێژەو نوسینی کوردی بدەن. لەو سەردەمەدا، واتە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا سلێمانی و میرنشینی بابان وەکو ناوەندێکی گرنگ رۆڵ دەبینن و هەر لەم

سـەردەمەدا زمانـی کـوردی (کورمانجـی خـوارووی شـێوەی سـلێمانی) دەکرێتـە زمانـی فەرمـی میرنشـینەکە، ئەمـەش وا دەکات رۆڵێکی بەرچـاو ببینێـت لەگەشـەکردنی ئـەدەب و وێـژەی کوردیـدا. هـەر لـەو سـەردەمەدا سـلێمانی دەبێتـە ناوەنـدی هـەردوو تەریقەتـی قـادری کەشـێخ مارفـی نۆدێـی باپیرەگـەورەی شـێخ مەحمـود ڕێبەرایەتـی دەکـرد و تەریقەتـی نەقشـبەندی کەمەولانـا خالیـد ڕێبەرایەتـی دەکـرد، هـەر لـەم سـەردەمەدا سـنوری دەسـەڵاتی بابانـەکان فـراوان بـوو و هەندێـك جارهەتـا نزیـك موسـڵ و بادینـان و بەغـداد کاریگەرییـان هەبـوو. ئەمـەش دەسـەڵاتی عوسـمانی و والـی بەغـدادی ترسـاندووەو لەبەرئـەوە هەمیشـە هەوڵیانـداوە سـوود لـە ململانـێ و ناکۆکیـە خێزانیەکانیـان وەربگـرن و کۆنترۆڵیـان بکـەن و ئـەو شـەڕو پێکدادانـەی کـە لەسـەردەمی عەبدولڕەحـمان پاشـا لەساڵانی ١٨٠٥و ١٨٠٦ و ١٨١٢ لەنێـوان بابانـەکان و عوسـمانیەکان ڕویانـدا، بـۆ ئـەو هـۆکارە دەگەڕێتـەوە. هەرچەنـدە دوای کۆچـی دوایـی عەبدولڕەحـمان پاشـا شـەڕوئاڵۆزییەکان کـەم بویـەوە، بـەڵام عوسـمانیەکان لەمەحمـود پاشـای کوڕیشـی نیگـەران بـوون هـەر ئەمـە وای کـرد هـاوکاری سـولەیمان پاشـای بـرای بکـەن بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر تەختـدا بگرێـت ئەوەبـوو لـە ١٨٢٧ دا تەختەکـەی لـێ داگیـر کـردو هەتـا سـاڵی ١٨٣٨ز حوکمـی کـردو دوای ئەویـش ئەحمـەد پاشـای کـوڕی سـولەیمان پاشـا بـووە میـر بـەڵام عوسـمانیەکان لەویـش ڕازی نەبـوون لەسـاڵی ١٨٤٧ دا ناچاریـان کـرد واز لەمیرێتـی بهێنێـت و عەبدوڵـڵا پاشـای برایـان خسـتە جێگـەی، دوای ئەمـە ئیـتر بابانـەکان سـەروەری خۆیـان لەدەسـتدەدەن و دوای پەیمانـی ئەرزرۆمـی دووەم کـە لـە سـاڵی ١٨٤٧ز دا لـە نێـوان عوسـمانی و قاجاریەکانـدا مۆرکـراو بابەتێکـی سـەرەکیان سـنوردارکردنی بابانەکان بـوو، هـەردوولا ڕێککەوتـن کـە کۆتایـی بـەو مرینشـینە بهێنـن و لەسـەر ئـەو بنەمایـە سـاڵی ١٨٤٧ز ئەحمـەد پاشـا لەمیرێتـی لابـراو کۆتایـی بـە سیسـتمی میرێتـی بابـان هێـنرا. بـەڵام عەبدوڵـڵا پاشـایان کـردە فەرمانـڕەوای سـلێمانی و ئەویـش هەتـا سـاڵی ١٨٥١بـەردەوام بـوو. ئەمـەش کۆتایـی دەسـەڵاتی بابانـەکان بـوو. سـەبارەت بەسـەربەخۆیی و گەشـاوەیی میرێتـی بابـان، شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی دەڵـێ:

(١٨) عەبدولڕەحـمان پاشـا کـوڕی خالیـد پاشـای بابانـە کـە لەسـەدەی هەژدەیەمـدا پاشـای بابـان بـووەو ئەویـش کـوڕی بەکربـەگ بـووەو ئەویـش کـوڕی سـلێمان بەگـی مـەزن بـووە. عەبدولڕەحـمان پاشـا لـەدوای خـۆی شـەش کـوڕی بەجـێ هێڵا (مەحمـود —سـلێمان —عوسـمان —حسـێن —یوسـف —عەزیـز) و سـێ براشـی بەجێهێـڵا کـە ئەحمـەد، عەبدوڵـڵا و عومـەر بـوون. لـەدوای عەبدولرەحـمان پاشـا مەحمـودی کـوڕی بـووە پاشـا، بـەڵام ناکۆکـی هەبـوو لەگـەڵ هـەردوو مامەکەیـداو زۆر کات پێکـەوە هەڵیاننەدەکـردو عوسـمانیەکانیش سـودیان لـەم ناکۆکیانـە وەرگـرت بـۆ لاوازکردنـی میرنشـینەکە. نوێنـەری کۆمپانیـای هینـدی ڕۆژهەڵاتـی بریتانیـا کلۆدیـۆس جیمـس ریـچ (١٧٨٧-١٨٢١) لەگەشـتەکەیدا بـۆ کوردسـتان کەسـاڵی١٨٢٠ کەبەشـی زۆری لەسـلێمانی بەسـەر دەبـات، دەڵـێ؛ مەحمـود پاشـا گوتویەتـی نـاوی هۆزەکـەی ئێمـە کورمانجـەو بنەماڵەکەشـمان بەبەیـە. بـەم پێیـە بێـت لـەو سـەردەمەدا لـەو هەرێمەشـدا وشـەی کورمانـج بۆکـورد بـەکار هاتـووە.

لەبیرم دێ سولەیمانی کە داروملولکی بابان بوو
نەمەحکومی عەجەم نەسوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەرقاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عە سکەری نەبوو ڕێ بۆ مەجلسی شا
سەدای مۆسیقەو نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریت بازی لەدەوری کانی ئاسکان بوو

ئـەوەی لەمیرنشـینی بابانـدا دەبینرێـت، بەهـۆی ئـەوەی کـە ناوچەیەکـی سـنوری نێـوان عوسـمانی و قاجارییـەو بەتـەواوی لەژێـر کۆنترۆڵـی هیـچ لایەکیانـدا نیـە، بـەڵام هـەردوولاش هەمیشـە دەسـتیان تێـوەرداوەو لەهەوڵـی ئەوەدابـوون کـە کاریگەریـان لەسـەری هەبێـت. ئـەم بارودۆخـە دەرفەتێکـی بـۆ میرنشـینەکە دروسـتکردبوو کـە تاڕادەیـەك سـەربەخۆ بـژی، بـەڵام بەهـۆی ناکۆکـی خێزانـی لەنـاو خانەدانـی بابانەکانـداو ڕاکێشـانی دەسـتی دەرەوە بۆنـاو ململانێیـەکان و نەبوونـی سـتراتیژو بیرۆکەیەکـی ڕوون و ئاشـکرا کـە لەسـەری کار بکـەن و ناکۆکـی تەریقەتەکانیـش لەسـنوری دەسـەڵاتی بابانەکانـدا بوونەتـە هـۆکار بۆئـەوەی کـە نەتوانـن بگەنـە ئامانجەکانیـان و ئـەو دەسـەڵاتانە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاریـان بهێنـن و کـە کاریـان پێیـان نەمـا ، ئەوکاتـە بەتـەواوی کۆتاییـان پێهێنان.

**٢ـ میرنشینی سۆران:**

بناخـەی ئـەم میرنشـینە لەسـەدەی دوازدەیەمـی زاینیـدا لەڕەواندوز دانـراوە، دواتـر پایتەختەکـەی دەگوازرێتـەوە بۆهەریـر، لەمـاوەی تەمەنیـدا چەندجـار هـەوراز و نشـێوی بینیـوەو پایتەختەکـەی لەنێـوان رەوانـدوز و هەریـردا هاتوچـۆی کـردووە، سـوڵتان سـلێمانی قانونـی لەسـاڵی ١٥٣٤ز دا هێرش دەکاتـە سـەر ئـەم میرنشـینەو عیزەدیـن شـێری میـری سـۆران دەکوژێـت و عەلـی بەگـی ئێزیـدی دەکاتـە میـری سـۆران و میرنشـینەکەش دەلکێنێـت بەهەولێـرەوە. بـەڵام دوای ماوەیـەك بنەماڵـەی سـۆران فەرمانڕەوایـی دەگێڕنـەوە بۆخۆیـان، ئەویـش دوای کوشـتنی عەلـی بـەگ لەروداوێکـی گومانـاوی کـە بۆسـە بـۆ عەلـی بـەگ دانرابـوو. ئـەم میرنشـینە لەسـاڵی ١٧٣٠بـەدواوە بـووە بەشـێك لەسـنوری فەرمانڕەوایـی بابانیـەکان. لەکۆتایـی سـەدەی هەژدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا ئوغوزبـەگ میـری سـۆران بـوو، ئوغوزبـەگ لەسـاڵی ١٨٠٣دا کۆچـی دوایـی دەکات و لـەدوای خـۆی شـەش کـوڕ بەجـێ دێڵـێ و مسـتەفا کـوڕە گەورەیەتـی، ئـەم کوڕانـە سـنوری دەسـەڵاتی باوکیـان لـە نێـوان خۆیانـدا دابـەش دەکـەن و مسـتەفا دەبێتـە فەرمانـڕەوای ڕەوانـدوزو ناوچـەی باڵەکایەتـی، بەهـۆی ناکۆکـی و ململانێـی نێـوان براکانـەوە لەسـاڵی ١٨١٣ز دا مسـتەفا بـەگ دەسـت لەمیرێتـی بـەر دەدات و محەمـەدی کـوڕی لەجێگـەی ئـەو دەبێتـە میـر. میـر محەمـەد (١٧٧٤-١٨٣٧) لەنـاو بەشـی زۆری گەلـی کـورددا بـە (پاشـای گـەورە) دەناسرێـت و ئێزیدیـەکان و ئەوانەشـی نەیـاری بـوون

بە(میری کوێر) ناویان بردووە، کەسێتییەکی فراوانخوازی هەبووەو هەر لەسەرەتای بوونی بەمیر هەوڵیداوە مام وبراکانی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، لەم کارەیدا سەرکەوتوو بووەو لەساڵی ١٨١٧ز بەدواوە ناوچەکانی هەریر، خۆشناوەتی و هەولێر دەخاتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوە. هاوکات گرنگی بەبواری کشتوکاڵ داوەو خواستویەتی لەڕێگەی گشتوکاڵ و ئاودێری و باج وەرگرتنەوە ژێرخانی ئابووری خۆی بەهێزبکات، لەگەڵ ئەمەدا گرنگی بەپیشەسازی چەك و تەقەمەنی دەداو سوود لە ئەزمونی دەرەوە وەردەگرێت و لەم بوارەدا وەستا رەجەب کە وەستای چەك دروستکردنە ڕۆڵێکی دیاری هەیەو بەپێی سەرچاوەکان (٢٢٠ ) تۆپ و ژمارەیەکی زۆر تفەنگ و دەمانچەو خەنجەر دروست دەکات. هێزێکی شەست هەزار کەسی پێکەوە دەنێت و لەساڵی ١٨٢٦ بەدواوە سوود لەلاواز بوونی بابانەکان و ململانێی نێوان عوسمانی و قاجاری و شەڕی قاجاری و ڕووسیا وەردەگرێت و سنوری دەسەڵاتی خۆی فراوان دەکات و سنوری دەسەڵاتی دەگەیەنێتە ناوچەی شێخانی ئێزیدی، بەهدینان و هەتا سنوری جزیرەی بۆتان دەچێت. ئەم بارودۆخە وادەکات کەوالی بەغداد (عەلی رەزا)و سوڵتانی عوسمانی وەکو هەڕەشەیەك بۆ سەر خۆیانی دەبینن. جێگەی ئاماژەیە هەتا ساڵی ١٨٣١ عوسمانیەکان لەپێناوی لاوازبوونی بابانەکاندا چاوی خۆیان لەفراوانبوونی دەسەڵاتی میری سۆران دەگرت و ئەمەش دەرفەتی بۆ میر محەمەد زیاتر دەڕەخساند، بەڵام فراوانبوونە زۆرەکەی ترسی لای ئەستەنبوڵ و بەغداد دروست کردو ئەمەش وایکرد کە لەلایەك لەڕێگەی والی بەغدادەوە خواستیان سەرکوتی بکەن، بەڵام پێیان نەکرا، لەلایەکی ترەوە هەوڵیاندا ناکۆکی ئایینی لە نێوان میرو کوردی ئێزیدیدا دروست بکەن، کەپێشتر تا ڕادەیەك بەهۆی کۆنەقین و ئەو شێوازەی کە میر محەمەد گرتیە بەر بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەناوچەی ئێزیدیدا، کەپەیڕەوی لە توندوتیژی و سەندنی باجی زۆرکرد، زەمینەی ناکۆکی خولقا بوو. لەساڵی ١٨٣٥دا بەسوود وەرگرتن لەناکۆکی ناوخۆیی و بەبیانوی ئەوەی کەمیری سۆران پێکهاتەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێزیدی دەچەوسێنێتەوەو باجی زۆریان لێ وەردەگرێت و گوێ بەدەسەڵاتی سوڵتان و خەلیفە نادات، بە هاوکاری بریتانیاو فەڕەنساو لەیەك کاتدا عوسمانی و قاجاریەکان لە دوولاوە هێرشیان کردە سەر میرمحەمەد. هێزی عوسمانیەکان (محەمەد رەشید پاشا)ی سەرۆك وەزیری عوسمانی بوو کە سوپایەکی(١١٠-٠٠٠) کەسی هێنایە سەر میر، سوپای قاجاریش پێکهاتبوو لە(٢٠-٠٠٠) سەرباز کە لەرۆژهەڵاتەوە بە سەرۆکایەتی شازادە(قارەمان میرزا) هێرشیان کرد. سەرکردەی هێزەکانی میرمحەمەد (محەمەد باس) بوو، محەمەد باس لەبەرامبەر سوپای عوسمانیدا شەڕی نەکرد، هەرچەند میر فەرمان دەردەکات، بەڵام ئەو شەڕ ناکات. بەپێی گێڕانەوەی حسێن حوزنی موکریانی شەڕ نەکردنی لەشکری ڕەواندوز بەهۆی فتوای(مەلا محەمەدی خەتێ)وە بووە کە لەوکاتەدا موفتی ئەمارەت بووەو مەلایەکی بەناوبانگ بووە، گوایە گوتویەتی شەڕکردن لەگەڵ خەلیفەی موسوڵماناندا حەرامەو ئەوەی شەڕ بکات تەڵاقی دەکەوێت ـ بەڵام هەندێك سەرچاوەو بنەماڵەی مەلا محەمەدی خەتێ و خەڵکانێکی بەئاگا لەڕوداوەکان دەڵێن فەتوایەکی بەو ڕەنگە

لەلایەنی مەلا محەمەدەوە نەدراوە. بەڵکو هۆکاری ئەو شەڕ نەکردنە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە (محەمەد باس) ی فەرمانداری لەشکری میری سۆران پێی وابووە ناتوانن بەرەنگاری ئەو دوو هێزە ببنەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەنهێنی لەگەڵ (محەمەد رشید پاشا)ی سەرۆك وەزیری عوسمانیدا پەیوەندی دروست دەکات و پەیمان دەدات کەشەڕ نەکات و هەوڵبدات کەمیر محەمەد ڕازی بکات بەوەی خۆی بەدەستەوە بدات، بەو مەرجەی لەمیر ببورن. دوای ئەوەی کە میر دەبینێ لەشکرەکەی شەڕناکات و سوپای عوسمانی داوای لێ دەکەن خۆی بدات بەدەستەوەو بەڵێنی دەدەنێ کەلێی خۆش دەبن. میر خۆی ڕادەستی محەمەد رەشید پاشا دەکات. ئەویش دەستی بەسەر سامانەکەیدا گرت و لەشکرەکەی بڵاوە پێکردو ماوەیەك ڕەسوڵی برای میریان لەجێگەی دانا، بەڵام حاکمێکی عوسمانی کردە فەرمانڕەوای ڕاستەقینەو(میر محەمەد)یشی بردە ئەستەنبوڵ بۆلای خەلیفەو نزیکەی دووساڵ لەئەستەنبوڵ دەمێنێتەوە، دواتر سوڵتان ڕێگەی پێ دەدات کە بگەڕێتەوەو بێتەوە بەمیری ناوچەکە، بەمەرجێك پەیڕەوی یاساو ڕێساکانی ئەوان بکات. لەکاتی گەڕانەوەیدا والی بەغداد (عەلی رەزا) نارەزایی خۆی نیشان دەدات و داوا لە سوڵتان دەکات کەڕێگە نەدات میر بگەڕێتەوەو دەڵێت ئەم جارە میرمحەمەد بێتەوە بەمیر بۆمان چارەسەر ناکرێت و مەگەر سوڵتان بۆخۆی بێت چارەسەری بکات، چونکە پێشتر سەرۆك وەزیر چارەسەری کردو بەکەسی تر چارەسەر نەکرا، ئەمجارە سەرۆك وەزیریش پێی چارەسەر ناکرێت. لەبەر ئەوە سوڵتان فەرمان دەردەکات بۆ میر محەمەد، کە هێشتا لەڕێگای ترابزۆن و سێواسدایەو پێی دەڵێ پێش ئەوەی بچیتە ڕەواندوز بچۆ بۆ بەغداد، دڵسۆزی و گوێڕایەڵی خۆت بۆ والی بەغداد نیشان بدە. میر وەڵامی سوڵتان دەداتەوە کەئەوە پەسند ناکات و ئەو پێشتر حیسابی بۆعەلی رەزا نەکردووە، ئێستاکە بەدیداری سوڵتان شادبووە، چۆن حساب بۆ عەلی ڕەزا دەکات. بەگوێرەی سەرچاوەکان سوڵتان بۆ جاری دووەم فەرمان دەنێرێت و هەمان داوای لێ دەکات، هاوکات فەرمان بەو هێزە دەکات کە هاوڕێیەتی میر دەکەن، دەڵێ ئەگەر ئەمجارەش میر سوور بوو لەسەر بڕیاری خۆی ئەوا بیکوژن و بیخەنە تورەکەیەکەوەو دەمی ببەستن و بیخەنە ناو ئاوەوە. بەهۆی ئەوەی کە میر بۆ دووەم جاریش سور دەبێ لەسەر هەڵوێستی خۆی، ئیتر میر بەوشێوەیە دەکوژن. دوای ئەوە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٤٦ دا کۆتایی بەدەسەڵاتی (رەسول)یش دێنن و رەسوڵ دەچێتە بەغدادو لەوێ نیشتەجێ دەبێ.

لەم ململانێ و بەرخۆدانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەوەی میر محەمەد توانیویەتی فەرمانڕەوایی خۆی فراوان بکات و بۆماوەیەك دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا بڕوات و زۆر قەڵای بتەوی دروستکردووە بەشێکیان لەئێستادا ماون، بەڵام میر زیاتر پشتی بەهێز بەستووە بۆ فراوانکردنی فەرمانڕەوایی خۆی و لەبواری فکری و سیاسیەوە شتێکی نوێی نەئافراندووەو کاریگەری دەسەڵاتی ئایینی بەسەریدا زاڵ بووە. ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئێزیدی و کریستانەکانداو نەیارانیشی لەم بارودۆخە سودمەند بوون. هەروەها لەچاودێری بارودۆخی سیاسیدا یان شارەزا نەبووە یان زۆر بەوریایی هەڵسوکەوتی

نەکردووە. ئەوەتا لەیەك کاتدا شەڕی دوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری کردووەو خۆی لەشەڕی لایەکیان نەپارستووە، ئەمەش بووەتە خاڵێکی تری لاواز بۆ میر محەمەدو ئەمارەتەکەی.
لەمیرێتی سۆراندا ڕۆڵی ژنان بەرچاوو دیار بووە، بەتایبەتی ژنی وەکو خانزاد (١٥٥٥-١٦١٥) لەم میرنشینەدا دەرکەوتووە، کە خێزانی میر سلێمان بووەو دوای ئەوەی میر سلێمان لەلایەن والی بەغدادەوە دەکوژرێت، خانزاد دەبێتە میر و پایتەختەکەی لە هەریر بووە. بەپێی مێژووناسان خانزاد توانیویەتی هەتا لەژیاندا بووە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو فەرمانڕەوایی بکات، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئەو ناوچەیە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەر ماوە. ئەوەتا لەسەردەمی پادشایەتی ئێراقیشدا، فاتمەخان لەلایەنی خەڵکی ڕەواندوزو دەوروبەرییەوە دیاری دەکرێت بۆئەوەی نوێنەرایەتیان بکات لە ئەنجومەنی (ئەعیان)ی ئێراقدا کە وەکو ئەنجومەنی سیناتی ئەمڕۆی ئەمریکا بوو، بەڵام لەبەرئەوەی یاسای ئێراقی لەوسەردەمەدا ڕێگا نادات ژن ببێتە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە، ئەوە پەسند ناکەن کە فاتمەخان ببێتە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە.

٣ـ میرنشینی بۆتان :

ئەم میرنشینە مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەسەر دەستی بنەماڵەی (عەزیزان یاخود ئازیزان) دا لە شاری جزیرە کە لەکۆندا پێیان گوتووە جزیرەی ئیبنو عومەر دامەزراوە. لەسەدەی حەڤدەیەمدا ڕۆڵی زیادبووەو میر شەرەفخانی یەکەم لەمیرە دیارەکانی بووەو سەرەتایەکی نوێی بۆ میرنشینەکە دەست پێکردووە. دوای ئەو ئەمیر محەمەدخان، ئەمیرشەرەفخانی دووەم، مەنسورخان، ئیسماعیل خان، مستەفاخان و عەبدوڵلاخان کەدەکاتە باوکی میر بەدرخانی بۆتان و دواترینیشیان میر بەدرخانی بۆتان بووە کە لەساڵی ١٨٢١داو لە تەمەنێکی گەنجیدا دەبێتە میری بۆتان. بەپێی هەندێك سەرچاوە بەدرخان بەگ ساڵی ١٨٠٣ز لەدایك بووەو بەقسەی عەبدولڕەحمان بەدرخانی کوڕی میر، میر لەساڵی ١٨٠٦دا لەدایك بووە. میر بەدرخان لەکۆشکی (بورجابەڵەك )ی جزیرە دانیشتووە و فەرمانڕەوایی کردووە. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان میر ژمارەیەکی زۆر ژنی هێناوە لەژیانیدا، بەڵام لەکاتی کۆچی دواییدا چوار هاوسەری هەبووەو لەهاوسەرەکانی (٢١)کوڕو ١٩کچی) هەبووە. لەکوڕەکانی؛ ئەمین عالی بەدرخان، میقداد مدحت بەدرخان، عەبدالرحمان و کامیل بەدرخان ناودارترینیان بوون و نەفیسە، فەخریە، سامیە ، ساریەو فاتمەش هەندێك لەکچەکانی میرن.
بەدرخان بەگ لەساڵی ١٨٢٦ز ەوە دەستی کرد بەخۆ تاودان بۆ فراوانبوون، سەرەتا هەستا بەدابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی بەسەر جەماوەرداو تەنیا بە موڵکانەی ٣٪ کە ئەوە ڕێژەیەکی زۆر کەم بوو بۆ ئەو سەردەمە، بەتایبەتی بە بەراورد بەموڵکانەی عوسمانی. دووکارگەی بۆدروستکردنی جەك و ئامێری کشتوکاڵی لەجزیرە دروستکرد. پەیوەندی خۆی لەگەڵ میرو خێڵە کوردو ئەرمەن، جولەکەو ئاشوریەکاندا پەرەپێدەدا. چەند راوێژکارێکی ئەرمەنی هەبوو، وەکو دۆمیستیهان مانکولیان، ئوجانسی شالکترین و میر مارتو. میر گرنگی بەخوێندنداو خوێندنگەی

کـردەوەو خوێندڤانـی کـوردی دەنـاردە دەرەوە بۆخوێنـدن و فێربوونـی پیشەسـازی چـەك و هونـەری شـەڕ دوای ئـەوەی هەوڵەکانـی میـری سـۆران لەلایەنـی دەسـەڵاتی عوسـمانیەوە کۆتایـی پـێ دێـت، میـر لەسـاڵی ١٨٣٥ز دا بۆجـاری یەکـەم سـەربەخۆیی خـۆی رادەگەیەنێـت، بـەڵام لەسـاڵی ١٨٣٧ز دا خـۆی ڕادەسـتی عوسـمانیەکان دەکات و بەرگـەی هێرشـی عوسـمانیەکان ناگرێـت. مێژوونوسـان و شـیکەرەوەکان دەڵێـن رەنگـە ئـەم هەوڵـەی میـر خۆتاقیکردنەوەیـەك بووبێـت و ئامادەکاریـەك بووبێـت بـۆ هەوڵەکانـی دواتـری . دواتـر لەساڵانی ١٨٣٨هەتـا ١٨٤٢ میـر بەدرخـان هـاوکاری سـوپای عوسـمانی دەکات بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو میـرو دەسـەڵاتانەی سـەرپێچی فەرمانـی عوسـمانی دەکـەن. لەساڵ ١٨٣٨ز دا دژی (سـەعیدبەگ)و سـاڵی ١٨٣٩دژی ئیبراهیـم پاشـای کـوڕی محەمـەد عەلـی پاشـای میـر لەنزیـك دیلـوك (عەنتـاب)و لـەدژی بـەدوەکان کاتێـك هێرشـیان کـردە سـەربەغداد ئەمـەش بەواتـای ئـەوەی کـە حاکمـی ناوچـە یەکـە .

لەسـاڵی ١٢٥٨کۆچـی کـە دەکاتـە سـاڵی ١٨٤٢ز میـر بەدرخـان بـەگ لـە رێـگای پەیمانـی پیـرۆزەوە توانـی بەشـێکی زۆری خێـڵ و تیـرە کـوردەکان و میـری هـەکاری میـر نوراللە، میـر ئیسـماعیلی ئامێدی، میـر شـەریفی بەدلیـس، عەبـدال خـان ومحەمـەد خـان میریـی موکـس یـەك بخـات، کـە ئـەم پەیمانـە بـە یەکـەم پەیمانـی نەتەوەیـی دەناسرێـت. میـر سـکەی پـارە لێـدەدا، کـە لـە دیوێکـی نـاوی میـر نـوسراوەو کەدیوەکـەی تـر سـاڵی (١٢٥٨ك) نـوسراوە ، کەدەکاتـە سـاڵی ١٨٤٢ز. هـەردوو میسـیۆنەری ئەمریکـی {م.م ڕایـس و برات}کـە لەسـاڵی ١٨٤٦ز چوونەتـە میرنشـینەکەو بـۆ مـاوەی چـوار هەفتـە ماونەتـەوە، بـاس لـەوە دەکـەن کـە ئارامـی و ئاسـایش لـە ناوچەکـەدا هەبـوەو ئەوانیـش ڕووبەڕووی هیـچ کێشـەیەك نەبوونەتـەوەو خەڵکـی میرنشـینەکەش میـری خۆیـان خۆشویسـتووە. ئـەم بارودۆخـە دەسـەڵاتی عوسـمانی سـەخڵەت دەکات و دەخـوازن سـنورێکی بۆدابنێـن ئیـتر چەنـد جارێـك شـەڕو پێکدادانـی بچـوك ڕوودەدات لەنێـوان میـری بۆتـان و عوسـمانیەکانداو چەندیـن جاریـش دیالـۆك دەکـەن و مـەلا مەحمـودی بایەزیـدی لەدانوسـتاندنەکاندا نوێنەرایەتـی میـر دەکات. بـەڵام ناگەنـە ئەنجـام و سـەرئەنجام عوسـمانیەکان بەسـەرۆکایەتی عوسـمان پاشـا لەسـاڵی ١٨٤٧ز هێزێکـی (٠٠٠-٤٥)کەسـی دەنێرنـە سـەر میـری بۆتـان {ئـەم سـوپایە (٠٠٠-٣٠) سـەرباز و (٠٠٠-١٥) بەکرێگیـراو و ٤٠ تـۆپ دەبێت}لەکاتـی هێرشـی عوسـمانیدا یـەزدان شـێری ئامـۆزای میـر فەرمانـداری سـوپای جزیرەیـەو لەسـەر میراتگـری میرنشـین هەندێـك نیگەرانـی هەیـەو عوسـمانیەکان ئـەم بارودۆخـە دەقۆزنـەوەو پەیمانـی پـێ دەدەن کەئەگـەر هاوکاریـان بێـت لەکپکردنـەوەی بەدرخـان بەگـدا، ئـەوا ئـەو واتـە یـەزدان شـێر دەکەنـە میـری بۆتـان، بەمشـێوەیە یـەزدان شـێر شـەڕ نـاکات و جزیـرە دەدات بەدەسـتەوە. هـەردوو کارگـەی چەکیـش دەکەوێتـە دەسـتی عوسـمانیەکان. بەدرخـان بـەگ مـاوەی هەشـت مانـگ لەقـەڵای هـەورەخ بەرخـۆدان دەکات و دواتـر خـۆی دەدات بەدەسـتەوە. بەدرخـان بـەگ لـە ١٨٤٧/٨/١٢زدا خـۆی دەدات بەدەسـتەوەو لـە ١٨٤٧/٨/١٩ز دەیبەنـە ئەسـتەنبۆڵ و لەوێشـەوە لەگـەڵ (صالـح بـەگ و ئەسـعەد بەگی)بـرای و خێزانەکانیـان ڕەوانـەی دورگـەی (کریـت) ی یۆنانـی دەکرێـن و مـاوەی ١٠سـاڵ لـەوێ دەمێنێتـەوە، لەوماوەیـەدا زۆر هـاوکاری عوسـنانیەکان

دەكات و رۆڵی باشی بینیوە لەچارەسەركردنی ئاژاوەی نێوان كوردو كریستیانەكاند.ا ئەمە بووە هۆكار سوڵتان لێبووردنی بۆدەربكات و لەساڵی ١٨٥٨گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ و دوای ماوەیەك لەسەر داوای خۆی چووە شام و هەتا كۆتایی ژیانی لەوێ بوو ، كە لەساڵی ١٨٦٩ز دا ژیانی سپاردو لەئارامگای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەگەڕەكی ڕوكنەدیین نێژرا.

بنەماڵەی بەدرخانیەكانی میری بۆتان هەتا نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم رۆڵێكی بەرچاویان هەبوو لەتێكۆشانی نەتەوەیی گەلی كورداو پێشەنگی رۆژنامەگەری كوردبوون كە میقداد مدحت و جەلادەت بەدرخان لەم بوارەدا پێشەنگایەتیان كردووە. هەروەها لەدروستكردنی كۆمەڵەو رێكخراوی كوردیدا رۆڵی پێشەنگیان هەبووە و بەشداری چالاكیان هەبووە لەدروستكردنی كۆمەڵەی تعاون و تەرەقی كورد (١٩٠٨/٩/١٩و جەمعیەتی تەعالی كوردستان لە ١٩١٨/١٢/٣٠دا.

عوسمانیەكان هەوڵدەدەن ناكۆكی دەخەنە نێوان میری بۆتان و نەستوریەكانی هەكارییەوەو بابەتی باج و سەرانە دەبێتە كێشە لەنێوانیاندا. لەئەنجامدا میر هێزو توندوتیژی بەكار دێنێ بۆسەركوتكردنی ئاشوریەكان و سەپاندنی دەسەلاتی خۆی بەسەریاندا . دوای ئەمە دەكەنە هۆكارێك بۆسەركوتكردنی میر و بەم بیانووەش هاوكاری لەبریتانیاو ڕووسیا وەرگرت. دوای ئەوەی هەوڵەكانی میر بەدرخان كپ دەكرێتەوە عوسمانیەكان یەزدان شێر دەكەنە میری بۆتان، ئەویش هەتا ساڵی ١٨٥٦ز میرایەتی دەكات، بەڵام بەهۆی دروستبونی ناكۆكی لەنێوان یەزدان شێر و عوسمانیەكاندا لەلایەك ، لەلایەكی تریشەوە عوسمانیەكان هەوڵیاندەدا سیستمی سیاسی و ئیداری خۆیان بگۆڕن و كۆتایی بەسیتمس میرو بەگە ناوچەییەكان بهێنن و لەلایەك لەساڵی ١٨٥٨بڕیار لەسەر یاسای موڵكایەتی دراو ئیتر زەوی تاپۆ دەكراو لەموڵكی گشتی دەردەكراو بەشێكی دەبووە موڵكی دەوڵەت و ئەوەی تریش دەبووە مۆڵكی ئەو كەسانەی كەبەناویانەوە دەكرێت و تاپۆی رەش دروستكرا .لەلایەكی ترەوە لەساڵی ١٨٧٩ز دا و لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا سیستمی و ویلایەت و سنجەق و قەرا دروستكراو بەو پێیە سیستمی ئیداری رێكخرایەوەو ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی كەكۆتایی بەدەسەڵاتی (یەزدان شێر)یش بهێنن. ئەمەش كۆتایی سەردەمی میر نشینی بوو لە كوردستاندا .

ئەگەر بەگشتی ئەو سەردەمە هەڵسەنگێنین دەبینین كە كۆمەڵگای كوردستان و ناوچەكە لە هەوڵداندان بۆ دەستپێكردنی سەردەمێكی نوێ، بەڵام نە چینی سەردەستی كورد نە دەسەلاتی ناوچەكە ئامادەگی ئەوەیان تیدا نییە كەپێشەنگایەتی نوێگەریی بكەن، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی ململانێیەكانیان بكەوێتە خزمەتی هێزە هەژموونگەراكانەوەو نە چینی سەردەستی كوردی توانی بگاتە ئاماجی خۆی نە دەسەلاتی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاری توانیان خۆیان بپارێزن و بكەونە سەرپێی خۆیان. ئەو بارودۆخە لەكوردستان و ناوچەكەداو بەرەو پێشەوە چوونی چەمكی دەوڵەت نەتەوە لە ئەورپاو دروستبونی هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا لەساڵی (١٨٧٠و ١٨٧١)دا زەمینەی بارودۆخێكی نوێی دروستكرد. لەكوردستاندا میرەكان

نەبوونە وەڵام بۆ گەلی کوردو ناوچەکە، بەڵام داخوازی گەلی کوردو گەلانی ناوچەکە کۆتاییان پێ نەهات و لە هەڵکشاندابوون. ئەو ریفۆرمەو هەوڵانەی عوسمانی و قاجاری بەیارمەتی بریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا ئەنجامیاندا ئەو دەوڵەتانەی لەقەیران و کێشە رزگاری نەکردو عوسمانی و قاجاریەکان هەستیان بەوە دەکرد کە ئیتر لەبەرمبەر ئەو زلهێزانەدا سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدەدەن، هەربۆیە بیریان لە گۆرینی سیاسەتی خۆیان دەکردەوە.

**دووەم:** ڕەوشی کوردستان و جوڵانەوەی کوردی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا

وەکو پێشتر باسمانکرد لەسەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا جوڵانەوەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی گەشەی کردبوو، هەبوونی میرنشینە کوردیە ئۆتۆنۆمەکانیش درفەتیان بۆ وەها جوڵانەوەیەك لەبارترکردبوو، هاوکات کردنەوەی خوێندنگە لەسەر بنەمای سیستمی رۆژئاوایی لەشارە گەورەکاندا زەمینەی زیاتری بۆ ئەو توێژە دروستکرد، لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا کۆتایهێنان بەمیرە کوردەکان و دەست بەسەرداگرتنی کورەکانیان لەلایەنی سوڵتان و پاشاکانی عوسمانی و قاجارییەوەو پەروەردەکردنیان، هەوڵدانی ئەو ناوەندانە بوو بۆئەوەی لەڕێگەی ئەوخانەوادانەوە کۆنترۆڵی کوردستان بکەن. ئەم بارودۆخە زمینەی دروستبوونی توێژێکی نوێی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا دروستکرد، کە وردەوردە گەشەیان کردو کاریگەرییان زیاد دەبوو. ئەم توێژە، توێژی نوێخواز بوون و لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەڕووی کردارییەوە جێگە دەست و پەنجەیان دەرکەوت. ئەم توێژە لەبەر ئەوەی لەلایەك بەهەستی نەتەوەیی کاریگەر بوون و ئەوجیاکارییانەشیان دەبینی کە دەسەڵات پەیڕەوی دەکات لەبەرامبەر نەتەوەکاندا. هاوکات لەخۆێندنگە رۆژئاوایەکاندا فێر ببوون و کەوتبونە ژێرکاریگەریی چەمکی دەوڵەت نەتەوەی رۆژئاواوە، لەبەر ئەوە چارەسەرییان لەو مۆدیلەدا دەبینیەوە، تێگەو بۆچوونەکانیشیان خزمەتی ئەو مۆدیل و چەمکەی دەکرد. لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی لەباوەشی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا مەزن ببون و بەشی زۆریان لەبنەماڵە بەناوبانگەکانی کوردستان بوون، زۆربەیان نەیاندەتوانی خۆیان لە کاریگەریی دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتەو چینی سەردەستی کورد رزگار بکەن، ئەمەش خاڵی لاوازی ئەو تۆێژە نوییەبوو، هەربۆیە وەکو لە ئایندادا باسی دەکەین نەیانتوانی ببنە وەڵام بۆ داخوازی گەل و قۆناخەکە. هەر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا چینێکی تر یاخود توێژێکی تر کەدواتر بوونە چین گەشەیان کردو جێگەی میرەکانیان گرتەوە ئەو توێژەش بریتی بوون لەشێخانی تەریقەتی نەقشبەندی. بەهۆی کاریگەری ئەم رێبازەوە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و تێکۆشانی گەلی کوردستان، لێرەدا بەکوردتی باسی چۆنێتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی لە کوردستاندا دەکەین.

**١ ـ ڕێبازی نەقشبەندی و جوڵانەوەی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخان:**

ئەم رێبازە لەسەردەستی شێخ محەمەد بەهادین نەقشبەندی بوخاری (١٣١٨_١٣٨٩)ز دا

داهێـنراوە، ئەویـش سـەرچاوەی خـۆی دەباتـەوە سـەر ئەبویوسـفی هەمەدانـی (١٠٤٩_١١٤٩ز).
بەپێـی بیروبۆچوونـی سـۆفیگەریی، ئـەم رێبـازە سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەبوبەکـری صدیـق.
ئـەم رێبـازە لەسەردەسـتی شـێخ محەمـەد بەهادیـن نەقشـبەندیدا چوارچێـوەی بـۆ دانـراوەو نـاوی نەقشـبەندی وەرگرتـووە. لەسـەدەی پازدەیەمـدا لەسەردەسـتی شـێخ عوبەیدوڵـڵای ئەحـرار (١٤٠٤-١٤٩٠)و موریدەکانیـدا لەوێنـەی ئەحمـەد فـاروق، ئـەم رێبـازە گەیشـتۆتە ئێـران و تورکیـا.
لەسەردەسـتی مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندیدا ئـەم رێبـازە گەیشـتۆتە کوردسـتان و لەکوردسـتانەوە بەتورکیـا، ئێـران و بەشـێکی ئەفریقیـاو مالیزیـاو ئەندەنوسـیادا بـڵاو بۆتـەوە.
مەولانـا خالیـد (١٧٧٦-١٨٢٧ز)، هەندێـك پێیـان وایـە سـاڵی ١٧٧٩ لـە دایـك بـووە، نـاوی خالیـد کـوڕی حسـێنەو لەتیـرەی میکایەڵـی جافـە. دایکـی نـاوی فاتمەیـەو لەسـاداتی پیرخدرییـە. نـاوی تیرەکەیـان دەگەڕێتــەوە بــۆ (پیرمیکایــل) کەیەکێــك بــووە لەئەولیــاو چاکەکانــی رۆژگارو نــەوەی خەلیفــەی سـێیەمی موسوڵمان(عوسـمان)ەو سـاڵی ٧٣٨کۆچـی، هاتۆتـە ئـەو ناوچـەو بـۆ بانگکردنـی خەڵـك بۆسـەر ڕێـگای ئیسـلام و لەدێـی دەودان جێگیـر بـووەو گۆڕەکـەی لەوێیـە. دوای خـۆی نەوەکانـی چوونەتـە قـەرەداغ و مەولانـا خالیدیـش لـەو نەوانـە کەوتۆتـەوە. لەقـەرەداغ لەدایـك بـووەو لەتەمەنـی حـەوت سـاڵیدا لەقـەرەداغ خسـتویانەتە بەرخوێنـدن و لـەوێ قورئانـی خەتـم کـردووەو پەرتوکـی تەسریـف زنجانـی، عەواملـی جوڕجانـی و موحـەڕڕی فقهـی شـافعی خوێنـدووە. کـە گـەررە بـووە چووەتـە سـلێمانی و لەمزگەوتـی عەبدولڕحـمان پاشا(شـێخ باباعەلـی) خویندوویەتـی و دواتـر لەخورمـاڵ لای مەلاجەلالـی خورماڵـی و پاشـان دەچێتـە سـنەو لـەلای شـێخ محەمـەد قەسـیمی کـوڕی شـێخ ئەحمـەدی مەردۆخـی مامۆسـتای مزگەوتـی دارولئیـمان و موڵەتـی مەلایـی وەردەگرێـت. دواتـر دەچێتـە لای مەلامحەمـەدی باڵـەك کەنـاسراوە بەئیبنـول ئـادەم وخەڵکـی رۆسـتێیە. مەولانـا خالیـد لەتەمەنـی ٢٢ سـاڵیدا دەبێتـە مامۆسـتاو بەئەرکـی دەرس گوتنـەوە لەمزگەوتـی عەبدولڕحـمان پاشـا بەقەرمانـی عەبدولڕحـمان پاشـا دادەمەزرێـت. لەسـاڵی ١٨٠٥ز دا دەچێـت بـۆ حـەج و سـەردانی مەککـەو مەدینـە دەکات. ئـەم سـەردانەی لەڕێگـەی موسـڵ و شـامەوە دەکات و لەڕێـگای خۆیـدا لەشـام سـەردانی شـێخ محەمـەد کەزبـەری و شـێخ مسـتەفای کـوردی دەکات و مۆڵەتـی گێڕانـەوەی فەرمـودەی پەیامبەریـان لـێ وەردەگرێـت و رێبـازی قادریـش لەسـەر دەسـتی شـێخ مسـتەفای کوردیـدا وەردەگرێـت. لەشـامەوە بـەرەو مەدینـە دەڕوات. بەگوێـرەی گێڕانـەوە، لەمەدینـە کەسـێکی باشـی بینیـوەو بەمەولانـای گوتـووە پەلـە مەکـە، کەچویتـە مەککـەو کەسێکت بینـی لەنزیکـی کەعبـە کارێکـی ناگونجـاوی ئەنجامـدا، خـۆت سـەغڵەت مەکـەو کردەوەکـەی بەپەلـە ڕەت مەکـەوە، بەڵکـو لەڕێگـەی ئـەوەوە بەمەبەسـتی خـۆت بگەیـت. کاتێـك مەولانـا دەچێتـە مەککـە. لەڕۆژێکـی هەینیـدا سـەردانی کەعبـە دەکات، لەبەرامبەرکەعبـە دادەنیشـێت و قورئـان دەخوێنێتـەوە، پـاش ماوەیـەك سـەرهەڵدەبڕێ و دەبینـێ کەسـێك پشـتی داوە بەکەعبـەوەو ڕووی کردۆتـە مەولانـا، مەولانـا لەدڵـی خۆیـدا گوتویەتـی ئـەو کابرایـە بۆچـی بـێ ئەدەبـی دەکات و پشـتی کردۆتـە کەعبـە، لەکاتێکـدا ئـەو وەهـا بیـر دەکاتـەوە، کابـرا بانگـی لـێ ئـەکاو ئەڵـێ تـۆ نازانـی کـەوا حورمەتـی مـرۆڤ لای

خـودا لەحورمەتـی کەعبـە زۆرتـرەو، ئیـتر بۆچـی رەخنـە لـەوە دەگـری کـەوا مـن پشـتم لەکەعبـەو ڕووم لەتۆیـە! ئاخـۆ لەمەدینـە ئامۆژگاریـان نەکـردی؟ ئیـتر مەولانـا دەچێتـە لای داوای هـاوکاری لـێ دەکات و پێـی ئەڵـێ کەرێگـەی نیشـان بـدات، ئـەو کابرایـە پێـی دەڵـێ رێـگای تـۆ لێـرە نیـە، بەڵکـو لەهیندسـتانە، لەبـەر ئەمـە مەولانـا دوای تەواوکردنـی ئەرکـی حـەج دەگەڕێتـەوە بـۆ سـلێمانی و دەسـت دەکاتـەوە بەوانـە گوتنـەوە.

رۆژێـك دەروێشـێك کـە نـاوی (محەمـەد)ەو نـاسراوە بەمیـرزا رەحیموڵـڵاو یەکێکـە لەموریدەکانـی شـاە عەبدوڵـڵای دەهلـەوی، دەچێتـە لای مەولاناخالیـد لەمزگەوتـی عەبدولڕحـمان پاشـاو داوای لـێ دەکات رێگـەی پـێ بـدات بمێنێتـەوە، مەولانـاش رێـگای پێـدەداو دوای ماوەیـەك پێـی ڕادەگەیەنێـت کەلەسـەر ڕاسـپاردەی شـاە عەبدوڵـڵا هاتۆتـە لای و داوای لـێ دەکات هاوڕێیەتـی بـکات بۆچوونـە هیندسـتان و مەولانـا بڕیـار دەدا کەلەگەڵیـدا بچێـت. مەولانـا خالیـد دەچێتـە دەلهـی وماوەیـەك لـەلای شـاە عەبدوڵـڵا دەمێنێتـەوەو مۆڵەتـی هـەر پێنـج رێبـازی نەقشـبەندی، قـادری، سـوهرەوەردی، کوبـرەوی و چەشـتی دەداتـێ و دواتـر دەگەڕێتـەوە بـۆ کوردسـتان و بەگشـتی سـەفەرەکەی نزیکـەی دووسـاڵ دەخایەنێـت. دوای ماوەیەکـی کـورت مانـەوە لەسـلێمانی کەخالیـد پاشـای کـوڕی ئەحمـەد پاشـا فەرمانـڕەوای سـلێمانی دەبێـت، مەولانـا دەچێتـە بەغـداد و پێنـج مانـگ لەمەرقـەدی شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی (لێـرە عوسـمان سـیراجەدین دەناسـێت) و دواتـر دەگەڕێتـەوە بۆسـلێمانی و لـەم کاتـەدا عەبدولرحـمان پاشـا بووەتـەوە بەمیـری بابـان و ئـەم گەڕانـەوە ڕێکەوتـی سـاڵی ١٨١١زیـە. ئیـتر لەسـلێمانی دەسـت دەکات بـە بڵاوکردنـەوەی رێبـازی نەقشـبەندی. لـەدوای نزیکـەی دووسـاڵ ناوبانگێکـی زۆر پەیـدا دەکات و ژمارەیەکـی زۆر موریدوخەلیفـەو لایەنگـر پەیـدا دەکات، ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو کـە سـلێمانی لـەو کاتـەدا ناوەنـدی رێبـازی قـادری بـوو، هـاوکات ململانێـی زۆر لەنێـوان عەبدولڕەحـمان پاشـاو خالیـد پاشـای ئامۆزایـدا هەبـوو. لـەم کاتـەدا بەهـۆی ئـەو بارودۆخـەوە لەسـاڵی ١٨١٣ز دا بڕیـار دەدات سـلێمانی بەجـێ بهێڵێـت و بچێتـە بەغـداد و هەتـا سـاڵی ١٨١٦لـە بەغـداد دەمێنێتـەوە. لـەم ساڵەدا لەسـەر داوای مەحمـود پاشـای بابـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـلێمانی و مەحمـود پاشا(خانەقا)ی مەولانـای بۆدروسـت دەکات و هەتـا ١٨٢٠/١٠/٢٥ لەسـلێمانی دەمێنێتـەوەو لـەو بـەروارەدا جارێکـی تـر سـلێمانی بەجـێ دێڵـێ و دەچێتـەوە بەغـدادو هەتـا لەسـاڵی ١٨٢٣ز لەسـەر داوای موریدانـی (شـام) لـە هاوینەهـەواری هەورامانـەوە لەڕێگـەی دێـرەزوورەوە دەچێـت بـۆ شـام و هەتـا لەسـاڵی ١٨٢٧ز لـە شـام کۆچـی دوای دەکات و لەگەڕەکـی ڕوکنەدیـن بەخـاك دەسـپێردرێت. مەولانـا خالیـد بەنەخۆشـی تاعـون دەمرێـت. مەولاناخالیـد بەپێـی گێڕانـەوەی مـەلا عەبدولکەریمـی مـودەڕس سـێ هاوسـەری هەبـووە، بـەڵام بەگوێـرەی (ریچ)چـوار هاوسـەری هەبـووە، بـەڵام ئەوانـەی بەڵگەیـان لەسـەرە سـێ ژنـە. یەکـەم خزمـی خـۆی بـووە و کچـی یوسـف ئاغـای میکایەڵـی بـووە. پـاش کۆچـی دوایـی مەولانـا بەماوەیـەك کۆچـی دوایـی دەکات. دوای گەڕانـەوەی لەهیندسـتانەوە بۆسـلێمانی لەگـەڵ ژنێکـی تـردا ژیانـی هاوسـەری پێکـەوە نـاوە کـە لەبنەماڵـەی حەیـدەری بـووەو لەبەغـداد هێناویەتـی. سـێیەم ژنیشـی لەغـەززە هێناویەتـی و خوشـکی

سەید ئیسماعیل غەززەیی بووە. لەژنی یەکەمی چوار کوڕی هەبووە (عەبدولڕەحمان، بەهادین، شەهابەدین و نەجمەدین). لەخوشکەکەی سەید ئیسماعیلی غەززەیی کچێکی بووە. شەهابەدینی کوڕی لەڕێگای چوونە شامداو لەساڵی ١٨٢٣ز دا لەڕوها کۆچی دوایی کردووە. عەبدولڕەحمان و بەهادین لە تەمەنی ٦ساڵی و ٥ساڵیدا لەشام هەر بەنەخۆشی تاعون بەماوەیەکی کورت پێش باوکیان کۆچی دوایی دەکەن، نەجمەدینیش دوای کۆچی دوایی مەولانا لەدایك دەبێت و لەساڵی ١٨٥٤ز کۆچی دوایی دەکات.
بەپێی بۆچوونی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس، مەولانا دووبرای هەبووە، یەکێکیان لەخۆی گەورەتر بووە، ناوی (حەمەخان) بووە، ئەوی تر ناوی مەحمود بووەو بووەتە خەلیفەی مەولاناو بە (مەحمود صاحیب) ناسراوەو بەپێی گێڕانەوەی ریچ برایەکی تریشی هەبووە ناوی (یوسف)بووەو فەرمانڕەوای پشدەر بووە. خۆشکێکیشی هەبووە. مەولانا خالید ٣٤ خەلیفەی کوردو ٣٣ خەلیفەی لە نەتەوەکانی تر هەبووە. هەروەها (٤٨)مەنسوبی لەمەلاو مامۆستا ناوداره کوردەکان هەبووەو (٣٧)مەنسوبی لە نەتەوەکانی تر هەبووە. لەگەڵ ئەوانەدا (٠٠٠-٢٠)موریدی هەبووە. مەولانا خالید (١٨)پەرتوك وناميلكەی لەسەر زانستی تەسەوف و تەفسیرو ئادابی تەسەوف نوسیوە. نوسینەکانی بەزمانەکانی فارسی، عەرەبی وکوردی بوون، دیوانێکی شیعری هەیە بەهەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی نوسیوێتی.
مەولانا خالید پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، وەسیەت دەکات کە شێخ ئیسماعیلی هەنارانی ببێتە جێنشینی ڕەهای خۆی، دوای ئەو شێخ عەبدولڵای هیراتی و دوای ئەویش شیخ عەبدولفەتاح ئاکرەیی ببێتە جێنشین. دوای کۆچی دوایی مەولانا خالید شێخ ئیسماعیل هەنارانی دەبێتە جێ نشینی، بەڵام (٢٤)رۆژ دوای مەولانا ئەویش بەنەخۆشی تاعون دەمرێت. شێخ عەبدولڵا هیراتیش ساڵی ١٨٣٠ز کۆچی دوایی دەکات و شێخ عەبدولفەتاح دەبێتە جێنشین و هەتا ١٨٤٣ز بەردەوام دەبێت. لەو ساڵەدا لەسەر بڕیاری سوڵتانی عوسمانی لای دەبەن و شێخ مەحمود صاحبی برای مەولانا دەبێتە جێنشین و هەتا ١٨٦٧ز جێنشین دەبێت و کۆچی دوایی دەکات. هەندێك دەڵێن مەولانا لەدوای شێخ ئیسماعیل هەنارانیەوە گوتویەتی شێخ محەمەد ناصح ببێتە جێنشین، ئەویش دوای شێخ ئیسماعیل بەچەند رۆژێك دەمرێت. هەروەها شێخ ئیسماعیلی غەززی کەژنبرای مەولانا بووە، وەکو کەسی چوارەم دیاریکراوە، بەڵام ئەمیش لەسەردەمی جێنشینی عبدالفتاح ئاکرەیدا لەساڵی (١٨٣١ز) دا کۆچی دوایی دەکات. لە کوردستان شێخ عوسمان سیراجەدین(١٧٨١-١٨٦٧) (١٩)، رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەبڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبازەداو پەیوەندیەکی بتەویش لەگەڵ عوسمانیەکاندا دادەنێت و کۆتایی بەو ئاڵۆزیانە دێنێ کە لەنێوان دەسەڵاتی عوسمانی و شوێنکەوتوانی نەقشبەندیدا هەیە. بێجگەلەشێخ عوسمان سیراج دینی یەکەم و جێنشینە کانی ، سەید تەهای نەهری کە دووەم جێنشینی مەولانا خالید بووە لەکوردستانداو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری شەمزینانی کوڕی سەید تەها نەهری و نەوەکانی کاریگەرییان زۆربووە وشێخانی بارزانیش لە جێنشینانی ماڵی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرین.

**لەئێستادا ئـەم بنەماڵانـە لەدیارتریـن شـێخەکانی نەقشـبەندین لەکوردسـتاندا**

**١ـ خانەقای نەهری شەمزینان**

**٢ـ خانەقای بورهانی کە لە نزیك بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە**

**٣ـ بنەماڵەی سەیدانی زەنبیل لە نێوان بۆکان و سەقز کە لەسەر هەردوو رێباز دەڕۆن**

**٤ـ شێخانی چەمپاراو کە نەوەی شێخ مەلا قادری چەمپاراون لە رۆژئاوای بانە**

**٥ـ شێخانی بارزان**

**٦ـ شێخانی بجێل کە بەشێخانی سورچی دەناسرێن**

**٧ـ بنەماڵەی دۆزەخدەرە کەلەباکوری رۆژهەڵاتی سەقزن**

**٨ـ بنە ماڵەی سیری، سیری گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی سیوەیل**

**٩ـ بنەماڵەی غەیاسی لە شاری سنە**

**١٠ـ بنە ماڵەی شەهبازی لەسنە**

**١١ـ بنە ماڵەی دیانەت لە سنە**

---

(١٩) شـێخ عوسـمان سـیراجەدین بیـارە: کـوڕی خالیدئاغـای کـوڕی مەحمـود ئاغـای کـوڕی عەبدوڵـڵا ئاغـای کـوڕی سـەید محەمـەد دەروێشـی کـوڕی سـەید تاهیـری کـوڕی سـەید جومعـە ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێـت لەبڵاوکردنـەوەی رێبازەکـەدا. سـەید جومعـە لەسـاداتی نعێـم بـووەو لەناوچـەی هەمرینـەوە چۆتـە تەوێڵـەو دایکـی شـێخ عوسـمان نـاوی (حەلیمە)یـەو کچـی فەقـێ ئەبوبەکـرە. شـێخ عوسـمان حـەوت هاوسـەری هەبـووەو شـەش کوڕیشـی هەبـووە. دوانیـان بـەلاوی مـردوون. بـەڵام ئەوانـی تـر بوونەتـە جێنشـین و مەنسـوبی باوکـی خۆیـان. محەمـەد بەهادیـن (١٨٣٧-١٨٨٢)کـوڕە گـەورەی بـووە، عەبدولڕەحمـان ئەبووەفـا (١٨٣٨-١٨٦٩)، عومەرزیائەدیـن (١٨٤٠-١٩٠١) و ئەحمـەد شـمس الدیـن (١٨٥١-١٨٩١). محەمەدبەهادیـن دوای کۆچـی باوکـی دەبێتـە جێنشـین و براکانـی دەبنـە شـوێنکەوتوی. لـەم کاتـەدا عەبدولرەحمانـی بـاوک بـرای دەمرێـت. دوای محەمـەد بەهادیـن. عومـەر زیائەدیـن دەبێتـە جێنشـین لـەم ماوەیەشـدا ئەحمـد شـمس الدیـن کەبـاوک برایەتـی دەمرێـت. عەلـی حوسـامەدین (١٨٦٢-١٩٤٠)ی کـوڕی محەمـەد بەهادیـن لەگـەڵ عومـەر زیائەدینـی مامیـدا ناکـۆک دەبێـت و بـارەگای خـۆی دەباتـە تەوێڵـە، ئەمـە لەکاتێکدایـە کەمامـی لەبیارەیـە، بـەڵام کاریگەریـی هێنـدەی مامـی نابێـت. دوای عومـەر، محەمـەد نجـم الدیـن ی کـوڕی عومـەر (١٨٦٢-١٩١٩)دەبێتەجێنشـین و دوای ئـەو محەمـەد عەلادیـن کـوڕی عومەرزیائەدیـن (١٨٦٤-١٩٥٣)دەبێتـە جێنشـین و ئـەم پێشـتر شـێخایەتی (محەمـەد نەجـم الدیـن)ی بـرای پەسـند دەکات و خانەقـای دووڕووەی پێدەسـپێرن لەرۆژهـەڵات و دوای کۆچـی دوایـی براکـەی دێتـەوە بیـارەو دەبێتـە جێنشـین و هەتـا ١٩٥٣/٣/٢١ شـێخایەتی دەکات. لەسـەر وەسـیەتی محەمـەد عەلادیـن، محەمـەد عوسـمان سـیراج الدینـی دووەم کەکـوڕی خۆیەتـی (١٨٩٥-١٩٩٧/١/٣٠) دەبێتـە جێنشـین و بەشـێخ عوسـمانی دوو ڕووە دەناسـرێت. مەولانـا خالیـدی بـرای هـاوکاری دەکات.

پەیڕەوانی نەقشبەندی پێیان وایە ئیمان ئەوئیمانەیە کە لەسەر دڵ هەڵبکۆڵدرێت و نەقش بگرێت، بۆیە پێیان دەڵێن نەقشی یاخود نەقشبەند. لای نەقشبەندییەکان پەرستن و ئیمانداری دووبەشە، بەشی یەکەم ئەصلیاتە (ریشەییە) و بریتییە لەباوەڕبوون بە خودا، پەیامبەرانی و پەرتوکەکانی. بەشی دووەم (فەرعیاتە) واتە لقەکانە کەبریتییە لە شەهادەت و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نوێژ، رۆژوو، زەکات و حەجە. واتە لای ئەمان باوەڕبوون ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. لەبەرئەوەی پێیان وایە پەرستنی ڕاست ئەو پەرستنەیە کە لە سەردڵ نەقشی گرتووە، هەربۆیە پەرستنی بەدڵ و بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە بەڕاستتر دەزانن و پێیان وایە ئەوانەی لەکاتی پەرستندا دەنگ بەرز دەکەنەوە بۆخودای ناکەن، بەڵکو بۆ خەڵکی دەکەن، هەروەها پێیان وایە پەرستن کە بەدڵ بوو، بەتاك بێت یاخود بەکۆمەڵ هەمان واتای خۆی هەیەو خودا پەسندی دەکات. هاوکات پێیان وایە زیکرکردنیش بەبێ دەنگ راستترە، هەربۆیە خۆدابڕین و خەڵوەت بەرێبازی گەیشتن بەڕاستی دەبینن، نەك زیکری ئاشکراو دەنگ بەرزکردنەوە. لای نەقشبەندییەکان مزگەوت (کەپێی دەڵێن خانەقا) جێگەی شێخەو جێگەی دەرس گوتنەوەو پەرستن و زیکرکردن و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانە. واتە جیاوازن لەقادری کەمزگەوت و تەکیەی شێخ لەیەکتری جیادەکەنەوە، لای نەقشبەندی مورید دەبێت پەیڕەوی لەڕێنمایی شێخەکەی بکات و هیچ ئیرادەیەکی تری مرۆڤ بەسەرخۆیەوە پەسند نەکات. لە نەقشبەندیدا ژن دەتوانێت ببێتە شێخ و لەئێستادا شێخی بجێل (شێخی سورچی ژنە)، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەقادریدا ئەم دەرفەتە نەدراوە بە ژن. لەنەقشبەندیدا شێخ دەبێت بەکاری کۆمەڵگاو ئایینەوە خەریك بێت و نەکەوێتە ناو دەسەڵاتەوە. ئەرکی شێخ رێنماییکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتە، نەك خۆی ببێتە دەسەڵات یان پاشکۆی دەسەڵات. لەنەقشبەندیدا هەرکەسێك بەتوانابێت دەتوانێت ببێتە ڕێبەری تەریقەت، چونکە شێخایەتی بەپشتاوپشت نیە، مەولانا خالید بۆخۆی نمونەیەکەو دیاریکردنی جێنشینەکانیش ئەوە دەسەلمێنن، بەڵام لەئێستادا زۆربەی شێخەکانی نەقشبەندیی بوونەتە پشتاوپشتو بنەماڵە ئەمەش لادانە لە ڕێبازەکە.

نەقشبەندی لەڕێگەی مەولاناخالیدەوە نوێبوونەوەیەك بەخۆیەوە دەبینێ، لەبەر ئەمە لەدوای مەولانا خالیدەوە بەنەقشبەندی خالیدی موجەددی دەناسرێت. ئەم ڕێبازە یاخود نوێبوونەوەیە وەکو رێبازێکیش کە مۆرکی کوردو کوردستانی پێوەیە دەناسرێت. وەکو باسمان کرد لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا قەیران و کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و تەسەوفیش لەقوڵبوونەوەدا بوون. زانایانی ئایینی وەکو کەسانی پێشەنگی کۆمەڵگا بەدوای ڕێگا چارەدا دەگەڕێن، ئەوەتا لەدورگەی عەرەبی وەهابیەت کە رێبازێکی سەلەفی توندڕەوە پەیدا دەبێت و گەشە دەکات. لەئێران و بەشێکی کوردستان ئایینی بەهایی دەردەکەوێت. لەکوردستانیش مەولانا خالید ڕێبەرایەتی نوێبوونەوەی نەقشبەندی و تەریقەت دەکات و دواتر ڕێبازەکەی کاریگەریی بەجیهانی ئیسلامدا بڵاو دەبێتەوە. لەبەرئەوەی ئەم رێبازە میانڕەوی پێوە دیارەو گرنگی بەتەسەوف دەدات و خیتابی خەڵکی هەژاردەکات زوو

لەنـاو کومەڵـگای کوردسـتان و ناوچەکـەدا بـڵاو دەبێتـەوە، هـاوکات بەهـۆی ئـەوەی کەمەولانـا خالیـد بەشـێك لەهۆنـراوە ونوسـین ونامەکانـی بەکـوردی دەنوسـێت و گرنگـی بـە ناوماڵـی کـوردی دەدات لەنـاو کـوردا بایەخـی پـێ دەدرێـت و هەندێـك پێیـان وایەکـە مەلانـا دەخوازێـت دەوڵەتێکـی کـوردی دروسـت بـکات و خـۆی ببێتـە سـەرۆکی ئـەو دەوڵەتـە، هەربۆیـە خەڵکانێـك بەمـە خۆشـحاڵ دەبـن و هەندێـك کەسـیش لـەم سـۆنگەیەوە دژایەتـی دەکـەن. هەرئەمـەش هـۆکارە بۆئـەوەی کـە عوسـمانیەکانیش دڵـی لـێ کرمـێ دەکـەن و کاتێـك لەبەغـداد دەبێـت سـوڵتان فەرمـان دەنێرێـت بـۆ والـی بەغـداد و دەخوازێـت چاودێـری مەولانـا خالیـد بـکات و زانیـاری لەسـەری بنێرێـت بـۆ ئەسـتەنبۆڵ. ئـەم بارودۆخـەو ئـەو ڕەوشـەی کـە لەسـلێمانی دەگـوزەراو مەولانـا خالیـد نەیتوانـی چارەسـەری بـکات، وای لـێ دەکات داوای مەحمـود پاشـای بابـان بۆگەڕانـەوە بۆ سـلێمانی پەسـدناکات و بڕیـار دەدات بچێـت بـۆ شـام. بەپێـی بەڵگەکانـی میرانـی بابـان و ئـەو نامانـەی لەنێـوان مەولانـا خالیـدو میرانـی بابانـدا ئاڵوگـۆڕ کـراوە، مەولانـا خالیـد زۆرهەوڵیـداوە پاشـاکانی بابـان ڕێکبخـات و لەنـاو خۆیانـدا یەکگرتووبـن، هـاوکات خواسـتویەتی جیـاوازی ڕێبازەکـەی لەگـەڵ قادریەکانـدا نەبێتـە هـۆی ئـاژاوەو شـڵەژانی میرنشـینەکە، بـەڵام کـە ئەمـەی بـۆ نەچۆتـە سـەر، بڕیـار دەدات سـلێمانی بەجـێ بێڵێـت و دەچێتـە بەغـدادو دواتریـش چووەتـە شـام. هـاوکات مەولاناخالیـد هەتـا لەژیانـدا بـووە ڕێگـەی نـەداوە کـە خەلیفەکانـی ڕوو لەدەسـەڵات بکـەن و بۆخۆشـی ئـەوەی نەکـردووە. ئـەو هەڵوێسـتەی لەنامەکانـی و ڕێنمایەکانیـدا بـۆ سـەید تەهـای نەهـری و خەلیفەکانـی تریـدا بەڕوونـی دەردەکەوێـت. واتـە ئـەوەی بەڕاسـت نەزانیـوە کـە ڕێبازەکـەی تێکەڵـی دەسـەڵات بـکات. هـەر ئەمـەش هـۆکار بـووە کـە عوسـمانی، قاجـاری و بریتانیەکانیـش بەگومـان و وریاییـەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـەن. هەتـا هـەر لایـەك گومانـی ئـەوەی بخاتەسـەر کـە بـۆ لایەکانـی تـر کار دەکات. دوای کۆچـی دوایـی مەولاناخالیـد، وەکـو باسـمان کـرد ئەوکەسانەشـی کـە دیاریکردبـوون بـۆ ئـەوەی بـبن بەخەلیفـەی ڕەهـا، زوو لەژیـان دەرچـوون. ئەمـەش وایکـرد لـە ساڵانی ١٨٣١بـەدواوەو لەسـەردەمی عەبدولفەتـاع ئاکرەییـەوە ئیـتر ناوەندێتـی ڕێبازەکـە بەرەو لاوازی بچێـت و هەرخەلیفەیـەك لەناوچەو هەرێمێـك خـۆی وەکوناوەنـد ببینـێ و ئـەم بارودۆخـە لەلایـەك زەمینـەی بۆخەلیفـەکان دروسـتکرد کـە هەریەکەیـان چیـان پـێ ڕاسـت بێـت وەهـا هەڵسـوکەوت بکـەن، لەلایەکـی تـرەوە دەسـەڵاتەکان، بەتایبەتـی دەسـەڵاتی عوسـمانی هەوڵبـدات دزەبکاتـە نـاو ڕێبازەکـەوەو ڕێبەرانـی ئـەم ڕێبـازە بـەلای خۆیـدا ڕابکێشـێت. هەندێـك لـە ڕێبەرانـی ئـەو ڕێبـازە بانگێشـت دەکات بـۆ ئەسـتەنبوڵ. ئەوەتـا هـەر ئـەم بارودۆخـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کەسـوڵتانی عوسـمانی بتوانێـت بەفەرمانێـك لەسـاڵی ١٨٤٣ دا شـێخ عەبدولفەتـاح ئاکرەیـی لەخەلیفەیەتـی مەولانـا لاببـات و شـێخ مەحمـود صاحبـی بـرای مەولانـا بکاتـە خەلیفـە، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە مەولانـا بۆخـۆی عەبدالفەتاحـی دیـاری کردبـوو کـە ببێتـە خەلیفـەی سـێیەمی. ئـەم گۆڕانکارییـە لەلایەکـەوە شـکۆی ڕێبازەکـە دەشـکێنێ، چونکـە دەسـەڵات دەسـت وەردەداتـە ناوییـەوە، لەلایەکـی تریشـەوە زەمینـەی ئـەوە دروسـت دەکات کـە شـێخەکانی تریـش کـوڕ و براکانیـان بکەنـە خەلیفـەی خۆیـان. هەروەکـو دواتـر لـە سـەید تەهـای نەهـری و شـێخ

عوسـمانی سـیراجەدینی هەورامانیشـدا دەردەکەوێـت.
ئـەم بارودۆخـەی ڕێبـازی نەقشـبەندی کەلەلایەکـەوە لەگەشـەکردندابوو، لەلایەکـی تـرەوە دەسـەڵات دەسـتی تێـوەر دەدا، بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە دووچەمکی سیاسـیش لەناو ئـەم ڕێبازەدا گەشـەبکات. پێـش ئـەوەی باسـی ئـەو دوو چەمکـە بکـەم، گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە هـۆکاری لادانـی عەبدولفەتـاح ئاکرەیـی لەخەلیفایەتـی مەولانـا خالیـد، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە عەبدولفەتـاح ئاکرەیـی ئامـادە نەبـووە بـۆ دەسـت تێکـەڵ کـردن لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانیدا، بـەڵام نەشـیتوانیوە هەمـوو خەلیفـەو شـێخەکان کۆنتـرۆڵ بـکات. دەوڵەتـی عوسـمانیش توانیویانـە سـوود لـەو بارودۆخـەو ئـەو پەیوەندیانـەی کـە لەگـەڵ ژمارەیـەك لەشـێخ و خەلیفەکانـی نەقشـبەندیدا دروسـتی کـردوون وەربگرێـت. هـەر ئەمەشـە دەبێتـە هـۆی ئـەو دوو هەڵوێسـتیە یـان دوو چەمکیـە. بابێینـەوە سـەر باسـکردنی هـەردوو چەمکەکـە؛ چەمکێکیـان پێـی وابـوو کـە لەڕێگـەی سـازش و سـازانەوە لەگـەڵ دەسـەڵاتەکاندا دەتوانـن ئایینەکەیـان و کۆمەڵـگاش بپارێـزن، کەشـێخ مەحمـود صاحـب، شـێخ عوسـمان سـیراجەدین لەسـەر ئاسـتی گشـتی و کوردسـتان نوێنەرایەتـی ئـەم چەمـك و هێڵەیـان دەکـرد. چەمکـی دووەم پێـی وابـوو لەڕێگـەی ڕووبەڕووبوونـەوەی دەسـەڵاتەوە دەتوانـن ئاییـن و کۆمەڵـگا بپارێـزن و لەسـەر ئـەو بنەمایـەش بەشـێك لەشـێخ و خەلیفەکانـی مەولاناخالیـد دەسـتیان بەشـۆڕش کـرد. شـێخ شـامیلی داغسـتانی، شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری و شـێخ سـەلامی بارزانـی پێشـەنگایەتی ئـەم چەمکەیـان کـرد. ئـەم بارودۆخـە وایکـرد کـە لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە شـێخەکان بەگشـتی و شـێخانی نەقشـبەندی بەتایبەتـی ببنـە چینێکـی نـوی کەخاوەنـی دەسـەڵاتی ئایینـی و دونیایـی بـوون و ڕێکخسـتنیان هەیـەو هەریەکـەو بەگوێـرەی چەمکـی خـۆی ڕێبەرایەتـی جەمـاوەر بـکات. دیارتریـن جوڵانـەوەش کـە لـەو قۆناخـەدا بـە پێشـەنگایەتی ڕێبەرانـی ئایینـی ئەنجـام دەدرێـن ئەمانـەن:

**یەکەم**: جوڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری :

شـێخ عوبەیدووڵـڵا کـوڕی سـەید تەهـای نەهـری (سـەیدتەهای یەکـەم)و سـاڵی ١٨٣٠ لەدایـك بـووە. دوای کۆچـی دوایـی باوکـی لەسـاڵی ١٨٥٣و محەمـەد صالحـی مامـی لەسـاڵانی شەسـتەکانی هەمـان سـەدەدا، دەبێتـە شـێخ و لەسـەر خانەقـای نەهـری دادەنیشـێت. شـێخ عوبەیدوڵـڵا لـە باکـور، باشـورو ڕۆژهـەڵات موریـدی هەیـەو خولیـای ئـازادی کـوردو دەوڵەتێکـی کـوردی دەکەوێتـە سـەرییەوە. شـەڕو ململانێـی نێـوان ڕووسـیاو عوسـمانی و ڕووسـیاو ئێـران لەسـاڵانی ١٨٧٨و١٨٧٩ بەدەرفـەت دەزانێـت بۆگەیشـتن بەئامانجەکانـی خـۆی. ئەرەتـا هەوڵـدەدات خەڵکـی کوردسـتان کۆبکاتـەوە و یەکیـان بخـات. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـاڵی (١٨٨٠)دا کۆبوونەوەیەکـی فـراوان ڕێکدەخـات و نوێنـەری زۆر جێگـەی کوردسـتانی تێیـدا بەشـدار دەبـن و ڕێکخراوێـك یاخـود کۆمەڵەیەکیـش بەنـاوی (یەکێتـی کـوردان) دادەمەزرێنـێ. ئـەم کۆمەڵەیـە یەکـەم هەوڵـە بـۆ دروسـتکردنی ڕێکخـراوو کۆمەڵـەی سـەردەمیانە لەکوردسـتاندا. دوای ئـەوەی شـێخ عوبەیدوڵـڵا خـۆی ئامـادە دەکات، لەمانگـی ئەیلولـی ١٨٨٠دا دەسـت بەچالاکـی خـۆی دەکات و ناوچـەی موکریانـی ڕۆژهـەڵات دەگرێـت و پاشـان وەردە

وەردە سنوری فەرمانڕەوایی خۆی فراوانتر دەکات . کاتێك عوسمانی و قاجارییەکان هەست بەمەترسی ئەم هەوڵە دەکەن، ڕێکدەکەون و بەپشتیوانی ڕووسیا گەمارۆی شێخ عوبەیدوڵڵا دەدەن و لەحوزەیرانی ١٨٨١دا شێخ دەستگیر دەکەن و لە ١٨٨٢/١٢/٢٣دا دووردەخرێتەوە بۆمەدینەو لە ١٨٨٣/١٠/١٢ لەمەدینە گۆچی دوایی دەکات و شێخ عەبدوالقادری کوری (١٨٥٧-١٩٢٥) جێگەی باوکی دەگرێتەوە بەشداری لەدروستکردنی ڕێکخراوەکانی تەعاونی کوردستان (١٩٠٨)و تەعالی کوردستان (١٩١٨)دا دەکات و دەکرێتە سەرۆکی هەردوو ڕێکخراوەکە. بەڵام دواتر بەشداری جوڵانەوەی هاوبەشی تورك وکورد بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال دەکات و ماوەیەکیش دەیکەنە سەرۆکی ئەنجومەنی گەلی تورکیاو لەکاتی ڕاپەرینەکەی شێخ سەعیددا لەساڵی ١٩٢٥. بە تۆمەتی ئەوەی کەپەیوەندی لەگەڵ جوڵانەوەکەدا هەیە لەگەڵ دکتۆرفواد (کەناسرابوو بە بەرخۆ) و کوڕەکەی خۆی و ژمارەیەك کەسایەتی تری کوردا لە ١٩٢٥/٥/١٤ لە ئەستەنبوڵ دەگیرێن و دەبرێنە ئامەد و دای دەرۆژ بریاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت و لە١٩٢٥/٥/٢٧ دا لە دەروازەی چیا لەبەردەم شورای ئامەد لەسێدارە دەدرێن.

دوای ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، گەلی کوردی ئەو ناوچەیە لەلایەنی دەسەڵاتی قاجارییەوە چەوسێنرانەوە، کاربەدەستانی حکومەت فشاری زۆریان دەخستە سەر کوردە نیشتمانپەروەرەکان. ئەوفەرمانڕەوایانەشی لەلایەنی دەسەڵاتی ناوەندەوە دیاری دەکران کورد نەبوون. ئەمە بووە هۆی ئەوەی هۆزی (دەشت) بەسەرۆکایەتی (حەسۆ بەگ و بەدربەگ) ی کوڕانی حەسەن بەگ کە لەزینداندا گیانی لەدەستدا، لەدژی حاکمی ئۆرمێ (میر جیهانسۆز میرزا) دەستیان بەجوڵانەوە کردو لەماوەیەکی کەمدا ڕاپەرینەکەیان گەیشتە ناوچەی سابڵاغ (مهاباد) وسەردەشت و حاکمی ناوچەکە (عیززەتوڵڵا خان)ی فارسیان ناچار کرد شار بەجێ بهێڵێ و ڕاپەریوەکان هەڕەشەشیان لەشاری (ورمێ)ش کرد. دەسەڵاتدارانی ئێران نەیانتوانی ڕاپەرینەکە سەرکوت بکەن و هەتا بەناچاری ناصرەدین شا (١٨٣١_١٨٩٦) لەساڵی ١٨٨٧دا داواکارییەکانیانی بەسند کردو حاکمی شاری سەردەشتی گۆڕی و ئەحمەد بەگی موکری لەجێگەی داناو دواتریش فەرمانڕەوای ئورمێی گۆڕی و کەسایەتیەکی خەڵکی شاری کردە حاکم

**دووەم**: جوڵانەوەی شێخانی بارزان:

پێش ئەوەی باسی جوڵانەوەی بارزان بکەین، گرنگە تیشکێك بخەینە سەر شێخانی بارزان و بارزانیەکان، چونکە ڕەگو ڕیشەی بارزانیەکان پرسیاری زۆری لەبارەوە دەکرێت و قسەی زۆری لەسەر دەکرێت. کاتێك ڕمانەوێت قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین ئەوە دەبینین کەلەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە تاڕادەیەك ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام پێش ئەومێژووە ڕوون نیەو تێڕوانینی جیای لەسەرە. بەتێروانینی مام خان شێروانی کەلێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و مێژوویی لەسەربارزان تاساڵی ١٩٧٤ ئەنجامداوەو لەپەرتوکێکدا بەناوی (بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیەکان) بڵاوی کردۆتەوە، ڕەگ و ڕیشەی بارزانیەکان دەگێڕێتەوە بۆمیرانی ئامێدی، کەیەکێك لەکوڕانی

میرێکی ئامێدی بەناوی مەسعودەوە لەلایەنی براکەیەوە دەردەکرێت و ئەویش دەچێت لەناو زێباریەکاندا دەمێنێتەوەو دواتر نەوەکانی دەچنە گوندی بارزان و ئیتر بەبارزانی ناودەردەکەن. ئەم تێڕوانینە لەلایەنی مەسعود بارزانی و بەشێك لەبارزانیەکانەوە پشت ڕاست دەکرێتەوە. بەڵام لەلایەنی زۆر مێژوونوس و لێکۆڵەرەوە ئەو تێڕوانینە پشت ڕاست ناکرێتەوە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە لەسەدەکانی ١٧و ١٨دا و لەمێژووی میرانی ئامێدیدا چیرۆکێکی بەو ڕەنگە بوونی نییە. ئەیوب بارزانی و فەرید ئەسەسەردو هەندێك نوسەری تر جەخت لەوە دەکەنەوە کەبارزانیەکان سەر بە خێڵی زێبارن، وەکو گوند خەڵکی گوندی بارزانن و دوای گەشەکردنی شێخایەتی و تەکیەی بارزان ئیتر ناوی شێخانی بارزان زاڵ دەبێت بەسەرلایەنی خێڵایەتیانداو بۆ ئەوەش پشت بەو هۆنراوەیە دەبەستن کەشێخ عبدوالسلامی گەورە (یەکەم) لە ساڵی ١٨٤٢ ز نوسیویەتی لە ٩٥ بەیتی شیعری پێکهاتووەو لە کۆتاییدا خۆی ناساندووە و دەڵێ: لەڕووی سۆفیگەرییەوە خالیدیم، لەڕووی خێڵەوە زێباریم و لەڕووی گوندەوە بارزانیم. دیارە ئەم بۆچونەیان نزیکترە لەڕاستییەوە، چونکە هەتا ئێستاش شێخەکان بەناوی گوندەکانیانەوە دەناسرێن نەك خێڵەکانیان، بۆنمونە شێخانی بیارە بەناوی جاف و هەورامانەوە نا ناسرێن، بەڵکو بەناوی بیارە، تەوێڵەو دوو ڕووەوە کەجێگەی تەکیەو خانەقاکانیان بوون دەناسرێن. شێخانی بجێل بەناوی خێڵی سورچیەوە ناناسرێن، بەڵکو بەناوی گوندەکەیانەوە دەناسرێن. شێخانی لۆلان بەناوی گوندی لۆلانەوە دەناسرێن نەك خێڵ و هۆزی برادۆستەوە. شێخانی نەهری و پیران، بەرزنجەو تاڵەبان یش هەر بە هەمان شێوەن. ئەوەی بارزانیەکان لە شێخەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە توانیویانە پەیوەندی شێخ و مورید زاڵ بکەن بەسەر پەیوەندی ئەو موریدانەو خێڵەکانیان و بەمشێوەیە شێخانی بارزان سنوری گوندیان تێپەڕکردووەو تۆڕێکی کۆمەڵایەتی نوێیان دروست کردووە کە بنەماکەی تەریقەتە، بەڵام شێوەکەی هاوشێوەی خێڵە. لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە نوێیەدا پەیوەندی نێوان تاکەکان خزمایەتی نیە، بەڵکو تەریقەت و بیرو باوەڕە. هەربۆیە مەرج نیە هەرکەسێك بووبێتە موریدی شێخانی بارزان خەڵکی گوندی بارزان بێت و پەیوە ندی خوێنی و خزمایەتیان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ شێخانی بارزاندا هەبێت، هەروەها مەرچ نیە هەرچی مرۆڤی ئەوان بێت و لەخێڵی ئەوان بێت، بووبێتە موریدی شێخانی بارزان. هەروەها مەرج نیە هەرکەسێك لە گوندی بارزان دانیشتبێت، بووبێتە موریدی شێخانی بارزان. چونکە لەگوندی بارزاندا ژمارەیەکی زۆر جولەکەو مەسیحی بوونیان هەبووەو وەکو گوندنشین بارزانین، بەڵام نەبوونەتە موریدی شێخانی بارزان. هەروەها کە سانی تری زێباری لەگوندی بارزان هەبوون بەڵام هەموویان نەبوونەتە موریدی شێخی بارزان و بەشداری تۆڕە نوێیەکەی بارزانیەکان نەبوون. بەپێچەوانەوە زۆر کەس لەخێڵەکان و گوندەکانی دەوروبەری ناوچەکە لەوێنەی شێروانی، مزوری، گەردی، دۆڵەمەڕی و ئەرگوشی بوونە موریدی بارزانیەکان و خۆیان لەخێڵ و گوندەکانیان دابڕیوەو دڵسۆزی و پەیوەستبوونی خۆیان بەشێخی بارزان و بارزانیەکانەوە نیشانداوە. هەندێکیش پێیان وایە ڕەگو ڕیشەی بارزانیەکان جولەکەیەو لەمەشدا پشت بەوە

دەبەستن کە لەگوندی بارزان و دەوروبەری جولەکە ژیاون، هەروەها پەیوەندی توندوتۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەتی پەیوەندی خانەوادەی مەلامستەفای بارزانی و دەزگاکانی هەواڵگری ئیسرائیل دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ڕەگوڕیشەی بارزانیەکان جولەکە بن. بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نیە کە ئەمە پشت ڕاست بکاتەوە. بەهەر حاڵ ناسینی ڕەگو ڕیشەی هەر کەس و کۆمەڵەیەك گرنگە، بەڵام زانستی کۆمەڵناسی و مێژووی کۆمەڵگا ئەوەیان دەرخستووە کە ڕەنگە دوای چەند پشتێك پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان یاخود کەسایەتیەکان گۆڕانکاری ڕیشەییان بەسەردا بێت. بۆ نمونە، شێخ ئادی ئێزیدی کە عەرەبە، بەڵام لەناو کورددا خاوەن جێگەو پێگەیە. ئەو شێخ و بنەماڵانەی باسمان کردن، بەشێکی زۆریان ڕیشەی خۆیان دەبەنەوە سەر ئیمامەکانی شیعە یان خەلیفەکانی ئیسلام، بەڵام لە ئەمڕۆدا خۆیان بە کوردێکی خاوێن دەزانن. ئەوەی هەتا ئێستا زیاتر نزیکە لە ڕاستیەوە، ئەوەیە کە شێخانی بارزان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە سەر بە خێڵی زێبارن. هەروەکو چۆن مەولانا خالید لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە سەر بە تیرەی میکایەڵیە لەهۆزی جاف. گومانیشی تێدا نیە کەناکۆکی نێوان ئاغاکانی زێبار و شێخانی بارزان بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە. وەکو دەزانرێت هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ئاغاکانی زێبار لەزۆر ناوچەی بادینان باڵادەست بوون، بەڵام بەهۆی بەهێزبوونی پێگەی شێخانی بارزانەوە وردەوردە ڕۆڵی ئەوان کەم بوویەوە، ئەمەش وایکرد کەململانێ و پێکدادان لەنێوانیاندا ڕوو بدات.

با بێینەوە سەر ئەو بەشەی مێژووی شێخانی بارزان کەدیارە. ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عەبدولڕەحمان کەدەگوترێت لە نێوان ساڵانی (١٨٢٠-١٨٢٥)دا تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە. شێخ عەبدولڕەحمان لەساڵی ١٨٦٥ کۆچی دوایی کردووەو نازانرێت کە لەسەردەستی کام شێخدا مۆڵەتی وەرگرتووە، بۆچوونێك هەیە کە لەسەردەستی سەید تەهای نەهری کە ئەویش خەلیفەی مەولانا خالیدە، ڕێبازەکەی وەرگرتووە. دوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولڕەحمان، هەرچەندە کوڕێکی هەبووە بەناوی مەحمود بەڵام موریدەکانی عەبدولسەلامی کوڕی مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا محەمەدیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ببێتە جێنشینی شێخ. واتە شێخایەتیەکەیان لەباوکەوە بۆ کوڕ نەگواستۆتەوە. ئیتر هەتا ساڵی (١٨٨٤) شێخ عەبدولسەلامی یەکەم دەبێتە شێخی ئیرشادو لەوکاتەدا شێخ عەبدولسەلام و خێزانەکەی لە گوندی (ئاستێ)ی نزیکی بارزان دەژین. لەبەربچوکی گوندەکەیان و گونجاوی ومەزنی گوندی بارزان، شێخ عەبدولسەلام بنکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆ گوندی بارزان. لەبەڵگەو نوسراوەکاندا دیارەو ئاشکرایە کەشێخ عەبدولسەلام ڕێبازەکەو مۆڵەتی لەشێخانی نەهری وەرگرتووە. شێخ عەبدولسەلام بۆخۆی کەخۆی دەناسێنێ وەکو عەبدولسەلام کوڕی مەلا عەبدوڵلای کوڕی مەلا محەمەد دەناسێنێت و چەندین دەستنوسی هەیە. هەروەها خۆی بۆ تەسەوف تەرخان دەکات و دەخوازێت وەکو هەژارێك بژی، نانی گەنم ناخوات، بەرهەمی گیایی دەخوات و گۆشت ناخوات، ڕێگەنادات هاوسەرەکانی خشڵ و زێر لەخۆیان بدەن و موڵکداری زەوی لەخۆی قەدەغە کردووە. هەتا وای لێ هاتووە

ناوی خۆی ناوە (غەوز) کەئەمەش نیگەرانی لەلای شێخەکانی نەهری دروست دەکات، چونکە پلەی غەوز بەرزترە لە پلەی شێخایەتی و ئەمەش بەو واتایە دێت شێخ عەبدولسەلام خۆی لەمورشیدەکانی خۆی کە شێخانی نەهرین پێ گەورەتر بووە، بەڵام شێخ عەبدولسەلام هەوڵدەدات ئەونیگەرانیانە بڕەوێنێتەوە. هەرئەم نیگەرانیەو جیاوازییەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بارزانیەکان چالاکانە بەشداری ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدڵڵای نەهری نەکەن.

سەرکوتکردنی جوڵانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەرفەت بۆ شێخایەتی بارزان دروست دەکات کەئیتر سەربەخۆ هەڵسوکەوت بکات و خۆی وابەستەی ناوندێکی تر نەبێنێ، ئەو سەردەمەش لەشێخایەتی بارزاندا ڕێکەوتی شێخایەتی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمە (١٨٣٧-١٩٠٢) کەلەساڵی ١٨٨٤ە وە دەبێتە جێنشینی باوکی. شێخ محەمەد لەسەر ڕێبازەکەی باوکی بەردەوام دەبێت و ئیتر خەڵکانێکی زۆر لە خێڵی زێبارو خێڵەکانی دەوروبەر ڕوو لەشێخی بارزان دەکەن و کار دەگاتە ئەوەی بەشێك لەچینی سەردەستی ناڕازی ناو ئەوخێڵانەش ڕوو لەشێخی بارزان دەکەن و ئەمەش شکۆی شێخی بارزان بەرزدەکاتەوەو شکۆی ئاغاکانی زێباری و برادۆستی و شێخانی نەهری کەم دەکاتەوە، هەربۆیە لە ساڵی ١٨٩٥دا پێکدادان لەنێوان ئەو لایەنانەو شێخی بارزاندا دروست دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە شێخایەتی بارزان گورزی مەزنی بەرکەوت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرگەی گرت و سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، قوررسایی زیاتربوو لەناوچەکەدا. دوای کۆچی دوایی شێخ محەمەد، سەلامی کوڕە گەورەی بووە جێنشینی و لەساڵی (١٩٠٢-١٩١٤) شێخایەتی کرد، کەدواتر بەشێخ سەلامی دووەم ناسرا. شێخ سەلام لەساڵانی سەرەتای شێخایەتی خۆیدا خواستی کارەکانی شێخەکانی پێش خۆی تەواو بکات و هەستا بە دروستکردنی تۆڕێك یاخود پێکهاتەیەکی کومەڵایەتی ئایینی نوێ بەناوی بارزان، واتە لەو سەردەمەدا شێخایەتی بارزان دەبێتە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و لەپێکهایەکی ئایینی نەرمەوە دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بتەو. هەر لەم سەردەمەدا جامانەی سوور وەکو سیمبۆلێك بۆ شێخایەتی و پێکهاتە نوێیەکە دەردەکەوێت. ئامانج و کارەکانی شێخ سەلام عوسمانیەکانیش دەترسێنێت. لەبەر ئەوە دەخوازن ڕێگری لێ بکەن و دەستەمۆی بکەن بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی١٩٠٣دا بۆ ماوەیەك دەیگرن و دواتریش لە ساڵی ١٩٠٩دا شەڕو پێکدادان لە نێوان شێخ سەلام و عوسمانیەکاندا دروست دەبێت. هەرچەندە عوسمانیەکان بەزەبری هێز دەچنە ناوچەکەوە، بەڵام شێخ سەلام خۆی نادات بەدەستەوەو ماوەیەك دەچێتە باکورو ماوەیەکیش دەچێتە ڕۆژهەڵات لەلای سمکۆی شکاك دەمێنێتەوە. ساڵی ١٩١١ کۆنگرەی سەرۆك خێڵ و شێخە کوردەکانی بەهدینان بەسەرۆکایەتی سێخ محەمەد نوری قادری ئەنجام دەدرێت و شێخ سەلامیش بەشداری تێدا دەکات. لەو کۆنگرەیەدا یاداشتێکی شەش خاڵی ئیمزا دەکەن، ئەم خاڵانەی لەخۆ گرتووە؛ ١- زمانی کوردی لەقەزاکانی"دهۆك،زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ"بکرێتە زمانی فەرمی. ٢- بەڕێوەبەرو فەرمانبەرەکانی ئەو ناوچانە کوردی بزانن. ٣- باج وەکو خۆی بمێنێتەوەو سیستەم نەگۆڕێت و حکومەت پارە

خـەرج بـكات بـۆ دروسـتكردنی مەكتـەب. ٤- دادگاییكـردن و حوكـم بەپێـی شـەریعەتی ئیسـلام بێـت. ٥- بـاج بەگوێـرەی شـەریعەتی ئیسـلام بێـت و ئـەو باجانـەی بـەو شـێوەیە نیـن لابرێـن. ٦- قـازی و موفتیـەكان سـەر بەمەزهەبـی شـافعی بـن. والـی موسـڵ كـە لـەو كاتـەدا محەمـەد فـازڵ داغسـتانی بـوو، بەتونـدی وەڵامـی داخوازیوكانـی سـەرۆك خێڵەكانـی دایـەوەو هێرشـی كـردە سـەر ناوچـەی بـارزان و بـارزان و چەنـد گوندێكـی تـری وێـران كـرد. شـێخ سـەلام پاشەكشـەی كـرد بـۆ چیـاو چەندیـن جـار بـە شێوەی پارتیزانـی هێـرش دەكاتـە سـەر ئـەو هێـزەی كـە لەبـارزان مۆڵـی خواردبـوو. هەروەهـا هێـرش دەكاتـە سـەر ئـۆردوگای ئاكـرێ. پـاش ماوەیـەك نـازم پاشـا بـووە والـی بەغـداد، ئـەم لەگـەڵ كـورددا نـەرم بـوو. لێبوردنـی بـۆ شـێخ دەركـردو بەهـەزار لیـرە قەرەبـووی كردنـەوە. بـەڵام پـاش ماوەیـەك و لەسـاڵی ١٩١٣ داو بەگەڕانـەوەی ئیتحادیـەكان بارودۆخەكـە ئاڵـۆز بوویـەوە. داواكانـی سـەرۆك خێڵـەكان و شـێخ سـەلامیان بـە داوای سیاسـی لەقەڵمـدا. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەزۆرە ملـێ دەسـتیان كـرد بەناونوسـینی خەڵـك و سـەرژمێركردنی ئـاژەڵ و لـە ئەنجامـدا لەمانگـی ١٩١٤/١ دا عوسـمانیەكان لەموسـڵەوە سـوپایەكیان بـردە سـەر بـارزان و گەمـاڕۆی بارزانیـان دا. بـەڵام بارزانیـەكان توانیـان گەمارۆكـە بشـكێنن و بچنـە ڕۆژهـەڵات. دوای ماوەیـەك و هـەر لەسـاڵی ١٩١٤دا دەگەڕێتـەوە باشـورو لەماڵـی صۆفـی عەبدوڵـڵا كـە دۆسـتێتی دەمێنێتـەوە، ئەویـش دەیـدات بەدەسـتەوەو لەگـەڵ محەمـەد ئاغـای هیشـتی، عەبـدی ئاغـای مـزوری ژووروو، عەلـی كـوڕی محەمـەد ئەمینـی بـاب سـیفی دەسـتگیر دەكرێـت و لەموسـڵ لەلایەنـی سـلێمان نەزیفـەوە كەوالـی موسـڵ بـوو، بڕیـاری لەسـێدارەدانیان بەسـەردا دەسـەپێندرێت و لـە ١٩١٤/١٢/١٤دا لەسـێدارە دەدرێـن. بەمشـێوەیە سـەروەرییەك بۆخـۆی و ڕێبازەكـەی تۆمـار دەكات دوای ئـەم شـێخ ئەحمـدی بـرای دەبێتـە شـێخی بـارزان (٢٠). شـێخ ئەحمەدیـش لەسـەرڕێبازەكەی شـێخ سـەلام بـەردەوام دەبێـت، هەتـا سـاڵی ١٩٦٩كۆچـی دوایـی دەكات . دوای كۆچـی دوایـی شـێخ ئەحمـەد ئیـتر شـێخایەتی بـارزان قورسـایی خـۆی لەدەسـت دەدات و بەهـۆی گەورەبوونـی پێگـەی مەلامسـتەفا بارزانیـەوە، وەكـو سـەرۆكی جوڵانـەوەی كـوردی لـەو سـەردەمەدا، ئیـتر كاریگەریـی ئـەو لەسـەر بارزانیـەكان بـووە كاریگـەری پلەیـەك و میراتگرانـی شـێخ ئەحمەدیـش نەیانتوانـی یەكێتـی ناوخۆیـان بپارێـزن و ئـەوە قورسـایی شـێخانی بارزانـی كـەم كـردەوە .

**سێیەم**: شێخ سەعیدی حەفید:

كـوڕەزای كاك ئەحمـەدی شـێخی ڕێبـەری تەریقەتـی قادریـەو باوكـی شـێخ مەحمـود بەرزنجیـە لەسـاڵی ١٩٠٩دا لـە بـەر چالاكبونیـان لەنـاو جوڵانـەوەی كـوردی و ڕێكخـراوی تعاونـی كوردسـتاندا.

---

(٢٠) (شـێخ محەمـەدی بـارزان پێنـج كـوڕی دەبێـت؛ شـێخ سـەلامی دووەم ، شـێخ ئەحمـەد، محەمـەد سدیق، شـێخ بابـۆ و مسـتەفا) مـەلا مسـتەفا بچوكتریـن كـوڕی باوكێتـی و پێـش ئـەوەی لەدایـك ببێـت باوكـی كۆچی دوایـی دەكات).

لەگەڵ شێخ ئەحمەدی کوڕی و شێخ مەحمود دا دەبرێنە موسڵ و لەوێ بەپلانێك شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی دەکوژرێن و ئەمەش پێگەی بنەماڵەکەیان لەجوڵانەوەی کوریدا بەهێزتر دەکات. شێخ سەعید کەسێ:ی رۆشنبیر و وشیار بووەو دەستی هۆنراوەشی هەبووە. ئەمەش پارچەیەکە لەهۆنراوەکانی کە بۆ لاواندنەوەی شێخ مستەفای برای گوتویەتی:

مردنه بێ تۆ ژیانم ، زەلیله بێ تۆ عیزەتم
دەردە خۆراکم بەبێ تۆ ژەهری مارە شەربەتم
تۆش وەکو من قوڕ ئەپێوی گەر بزانی عیللەتم

**چوارەم**: مەلا سەلیمی بەدلیسی(٢١):
وەکو کەسایەتیەکی ئایینی لەبەدلیس لەساڵی ١٩١٣دا سەرۆکایەتی جوڵانەوەیەك دەکات لەدژی عوسمانیەکان. مەلاسەلیم دەتوانێت پشتیوانی بەشێك لە سەرۆك خێڵەکان بەدەست دێنێ و لەگەڵ زانا ئاینیەکاندا فەتوا دەرەکەن کەبەپێی شەرع نابێت زانا ئایینیەکان، ئیمام و قازێتی و موفتێتی پەسند بکەن، لەبەر ئەوەی خەلافەتی عوسمانی بە پێچەوانەی ئیسلام و شەرعەوە کاردەکات. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە حکومەت هەڵبکوتێتە سەر ماڵی مەلاسەلیم بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن و بینێرن بۆ بەدلیس. جەماوەر کەپێی دەزانن هەڵدەکوتنە سەر جەندرمەکان و مەلاسەلیم رزگار دەکەن. لە ١٩١٤/٣/٢٠ دا مەلاسەلیم و هێزەکەی دەچنە ناو بەدلیسەوەو بەدلیس دەگرن و هەتا ١٩١٤/٤/٧ تورك سوپایەکی مەزن رێکدەخەن و هێرش دەکەنە سەر بەدلیس و کوردەکان تێکدەشکێنن و مەلاسەلیم و سێ هاوڕێی پەنا دەبەنە بەر کۆنسڵگەری ڕووسیا. بەڵام شێخ شەهابەدین و نۆ سەرکردەی تری جوڵانەوە کە لە ١٩١٤/٥/٧ لەسێدارە دەدرێن شەڕی جیهانی دەستی پێکرد لەوێ مایەوە. لەکاتی دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تورکەکان هێرشیان کردە سەر کۆنسڵخانەو مەلا سەلیمیشیان کوشت.

---

(٢١) مەلاسەلیم: دانیشتوی ناحیەیی (خیزان)ی سەر بە بەدلیسەو لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی بووەو لەجێنشینانی بنەماڵەی (غەوزی خیزان)ی بەناوبانگ بووە، لەبنەماڵەی شێخ عەلی بووە. ساڵی ١٨٩٤ز لەگەڵ شێخ عەبدولقادری نەهری و حاجی موسا بەگی خوەینلی بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید دوور دەخرێنەوە بۆ مەدینەو هەتا ساڵی ١٨٩٦ بەفەرمانێك لێبوردنیان بۆ دەردەچێت و دەگەڕێنەوە. مەلا سەلیم لەمەدینەو مەککە پەیمان دەدا بۆ سەربەخۆیی کوردان تێبکۆشێت خۆی و لایەنگرانی لە ساڵی ١٩٠٨ز لقێك بۆ کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردستان لەبەدلیس دەکەنەوەو هانی خەڵکیانداوەو داوای لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمیان بۆ کورد کردووە.

ئەگـەر بـە گشـتی ئـەم جوڵانەوانـەو ڕێبازەکەیـان هەڵسـەنگێنین، دەبینیـن لەچارەکـی کۆتایـی سـەدەی نۆزدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا تاڕادەیەکـی زۆر سـەرۆکایەتی جوڵانـەوە کوردییـەکان کەوتونەتـە دەسـتی ڕێبـەرە ئاینیـەکان و نەقشـبەندیەکانیش ڕۆڵـی بەرچاویـان هەیـە لـەم جوڵانەوانـەدا. ئەمـە لەلایـەك هەسـتکردنی ئـەو ڕێبـەرە ئاینیانـە بـە بەرپرسـیارێتی بەرامبـەر کۆمەڵـگا نیشـان دەدات، بـەڵام لەلایەکـی تـرەوە دەرچوونـە لەڕێنمایەکانـی ڕێبەرەکەیـان کـە دەیگـوت خۆتـان بەدەسـەڵاتەوە خەریـك نەکـەن، هەروەهـا شـکانە کانیشـیان کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر کۆمەڵـگاو پێگـەی خۆشـیان دروسـتکردو بـووە هـۆکاری ئـەوەی بەشـێکی زیاتـر لەشـێخ و بنەماڵـە ئایینیـەکان لەگـەڵ دەوڵەتـدا سـازش بکـەن. هاوکاتـی ئەمـە دەبینیـن بەشـی زۆری شـێخایەتیەکان لـە توانـاو باوەڕییـەوە دەگوازرێنـەوە بۆمیـرات و پشتاوپشـت. لەلایەکـی تـرەوە بەهـۆی ئـەو ململانێیـەی لەنێـوان قـادری و نەقشـبەندییەکاندا هەیـە گەلێـك خـو و نەریتـی یەکتر دەگـرن. بۆنمونـە لەئەمڕۆدا دەبینیـن زۆربـەی موریدەکانـی شـێخانی نەقشـبەندی هاوشـێوەی موریدانـی قـادری زیکـر و پەرسـتن دەکـەن. ئەمـەش لەپێنـاوی ئـەوەدا کـە خۆیـان بسـەلمێنن بـۆ دەوروبـەر.

٢ ـ گەشەکردنی ئاغای زەوی و سوارە(فیرقە)ی حەمیدی :

بابەتێکـی تـر کـە گرنگـە لێـرەدا باسـی بکەیـن ئەوەیـە کـە لەگـەڵ هەڵوەشـانەوەی میـر نشـینە کوردەکانـداو لاوازکردنـی هەژموونـی خێڵـە کـوردەکان، دەوڵەتـی عوسـمانی پەنـای بـۆ دوو جـۆر سیاسـەت بـردو ئامانجـی لـەم سیاسـەتە دروسـتکردنی شـێوازێکی نوێـی وابەسـتەکردنی کۆمەڵـگای کـوردی بـوو، بـۆ ئـەوەش هەوڵـی ئافراندنـی دووتوێـژی نوێـی دا، ئـەو دوو توێـژەش ئاغـای زەوی (خـاوەن زەوی) و فیرقەکانـی حەمیدیـە بـوون. ئەوەبـوو لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولمەجیـددا لەسـاڵی ١٨٥٨ز دا یاسـای موڵکایەتـی دەرکـراو لەبەغـدادو باشـوری کوردسـتانیش لەسـاڵی ١٨٦٩داو لەسـەردەمی مدحـت پاشـادا جێبەجـێ کـرا. گوایـە لەڕێگـەی ئـەم یاسایەوە چاکسـازی دەکـەن، بـەڵام بەمشـێوەیە ئـەو زەوییانـەی پێشـتر لەسـنوری میرنشـین و گوندەکاندا لەژێـر چاودێری میـرە کوردەکان و خێڵەکانـدا بـوو، بەشـێکیان کـردە زەوی دەوڵـەت و بەشێکشـیان لەسـەر نـاوی ئـەو کەسـانەی کەپەیوەندیـان لەگـەڵ دەوڵـەت باشـە تاپۆکـردو ئەوانیـان کـردە بەرپرسـیار لەکۆکردنـەوەی بـاج. سـوڵتان عەبدولحەمیدیـش لەسـاڵی ١٨٧٩ دا بڕیاریـدا کـە ئیـدارەی وڵات سـەرلەنوێ ڕێکبخاتـەوەو پەیکەرێکـی نوێـی دیاریکـرد، کـە بـە هۆیـەوە ئیـتر دەرفەتـی بـۆ حوکمڕانـی میرنشـینی نەهێڵایـەوەو سیسـتمی ویلایـەت، سـنجەق، قـەزاو گونـدی دامەزرانـدو ئیـتر بەو پێیـە وڵاتـی بەڕێوەبرد. بەمشـێوەیە توێژێکـی نوێیـان دروسـت کـرد کەدواتـر لەڕێگـەی زەوییـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ جەمـاوەردا هەبـوو، واتـە لەڕێگـەی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیـەوە بەکومەڵـگاوە نەبەسـترابووەوە، لەبەرئەمـە هەمیشـە بـۆ خۆپاراسـتن پشـتی بەهێـزی دەوڵـەت و دەسـەڵات دەبەسـت و ئەمـەش دەرفەتـی زیاتـری بـۆ دەوڵەت دروسـتکرد کـە سیاسـەتی خـۆی بسـەپێنێت. {لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە هەندێـك سـەرۆك خێـڵ لەکوردسـتاندا پێیـان دەگوترێـت ئاغـا، ئەمانـە بەشـێکیان ئاغـا نییـن، بەڵکـو سـەرۆك

خێڵـن و بەکاریگەریـی دەسـەڵات و ئاغـاکان ئـەو ناوەیـان بەسـەردا سـەپاوە}. ئـەم ئاغایانـە بـۆ لێدانـی جوڵانـەوەی کـوردی و جوڵانـەوە پێشـکەوتوخوازەکان ڕۆڵێکـی نەرێنیـان بینـی و هـەر بەشـێك لـەم ئاغایانـەش دواتـر بوونـە زەمینـە بـۆ دروسـتبوونی فیرقەکانـی حەمیدیـە .

فیرقـەی حەمیدیـە کـە وەکـو ڕێبازێکـی تـر دەوڵـەت پشـتی پـێ بەسـت، لەسـاڵی ١٨٩١ دا لەلایەنـی سـوڵتان عەبدولحەمیـدەوە بڕیـاری دروسـتکردنی دراو. هەربۆیـە ناویشـی لێنـرا فیرقـەی حەمیدیـە. بەهـۆی ئـەو بۆشـاییە سیاسـی، ئیـداری و سـەربازییەی لەکوردسـتاندا هەبـوو، کوردیـش هێـزی نامـۆو نیزامـی پەسـند نەدەکـرد. سـوڵتان ئـەم یاسـایەی بـۆ ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات، بەتایبەتـی بـۆ کـوردەکان دەرکـرد. سـەرەتا وەهـا باسـکرا کـە ئـەم هێزانـە لەخەڵکـی ناوچەکـە دروسـت دەکرێـن و ڕۆڵـی بـۆ لیـس و هێـزی ئامـادە دەبینـن بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی ناوچەکانـی خۆیـان و ڕاسـتەوخۆ لـە ژێـر سەرپەرشـتی سـوڵتاندا دەبـن. بەپێـی یاسـاکە هـەر تیـپ (فیرقـە)ی ژمارەیـان لەنێـوان (٨٠٠-١٠٠٠) کەسـدا دەبـوو. لەسـاڵی ١٨٩٩دا ژمـارەی ئـەم تیپانـە گەیشـتە (٦٢)تیـپ. ئیبراهیـم پاشـای میللـی و مسـتەفا پاشـای میـران دوو فەرمانـدەی دیـاری ئـەم تیپانـە بـوون، کـە لەنـاو کـورددا بەسـوارەی حەمیدیـەش دەناسـران. بەپێـی یاسـاکە هـەر سـەرۆك خێـڵ یـان ئاغایـەك بتوانێـت ئەوەنـدە کـەس کـۆ بکاتـەوە، ئـەوا پێداویسـتی دەدەنـێ بـۆ دروسـتکردنی تیپەکـەو فەرماندەیەکـی سوپاشـی دەدەنـێ هەتـا هـاوکاری بـکات لەڕاهێنـان و فێرکردنـی ئەندامانـی تیپەکـەدا. بەشـێکی زۆری سـەرۆك خێـڵ و ئاغـاکان ئەمەیـان بـۆ خۆیـان وەکـو دەرفـەت بینـی بۆخـۆ بەهێـز کـردن و پێیـان وابـوو بەمشـێوەیە دەتوانـن ڕێگـە لـە هاتنـی سـوپای تـورك بگـرن بـۆ ناوچـە کوردیـەکان و خۆشـیان بەهێـز بکـەن و ناوچەکانـی خۆیـان بپارێـزن. بـەڵام دواتـر دەرکـەوت کـە سـوڵتان ئـەم هێـزەی بـۆ بەهێزکردنـی خـۆی و مەرامـی تـر دروسـتکردووە. ئەوەبـوو لەسـاڵانی (١٨٩٤-١٨٩٦)فەرمانـی بـەم هێـزە کـرد کـە ئەرمەنـەکان سـەرکوت بکـەن و بەشـێکی ئـەم هێزانـە بەشـدارییان لـە سـەرکوتکردن و کۆکـوژی ئـەو کاتـەی ئەرمەنەکانـدا کـرد. (بەشـێکی ئـەو هێزانـە بەشـداری ئـەو سـەرکوتکردنەیان نەکـردو هەڵوێسـتیان نیشـانداو مـەلا سـەلیم بەدلیسـی و هاوڕێکانـی کەسـانێك بـوون کـە بەتونـدی ڕەخنەیـان لـەم سیاسـەتە گـرت، هەربۆیـە دوورخرانـەوە بـۆ مەدینـە) ئەمـەش وایکـرد کـە کەسـانی نیشـتمانپەروەری کـورد بکەونـە گومـان لـەم هێزانـەو دواتـر ئەوانـەی لەنـاو ئـەو هێزانـەدا مانـەوە وەکـو (جـاش)ی سـەردەمی نـوێ سـەیریان دەکـرا. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن یەکەمیـن پـرۆژەی جـاش و گوندپارێـز لـەو سـەردەمەدا بناخـەی دانـرا. ئەوەتـا ئێسـتاش لـە باکـوری کوردسـتان لەبـن نـاوی (گوندپارێـز)داو لەڕۆژهـەڵات لەبـن نـاوی بەسـیج و لـە باشـوریش لەڕابـردوودا لەبـن نـاوی تیپـی سـوارە (فەوجـی فرسـان) دا پرۆسـەی جاشـایەتی بەڕێـوە دەبـرا یـان دەبرێـت.

ئیبراهیـم پاشـای میللـی کـە یەکێـك بـوو لەنەوەکانـی (ئەیـوب پاشـا)ی هـۆزی میللـی و هۆزەکەیـان لەباشـووری ئامـەدەو هەتـا ناوچـەی جزیـرەو دەشـتی حـەران بـڵاو بووبوونـەوە، دەیخواسـت لەڕێگای هـاوکاری بریتانیەکانـەوە دەوڵەتێکـی کـوردی دروسـت بـکات. ئەوەتـا کاتێـك (مـا-رك سـایکس) ی بریتانـی وەکـو پسـپۆڕێك سـەردانی ناوچەکـەی کـردووە، ئەوپێـی دەڵـێ؛ پشـتیوانیتان لەشـێخی

کووەیـت کـرد بـۆ راگەیاندنـی سـەربەخۆیی، بۆچـی پشـتیوانی لەمنیـش ناکـەن؟ منیـش هەمـان هەڵوێسـتم دەبێـت، ئێمـەی کـورد ئامادەیـن لەگەڵتانـدا کاربکەیـن و ئامـادەم لەگەڵتـان بێـم بـۆ بریتانیـا هەتاکـو هەڵوێسـتی خۆمـان بـۆ پاشـای بریتانیـا ڕوونبکەمـەوە(٢٢). بـەڵام دیـارە دەخوازێـت لەژێـر چەتـری سـوارەی حەمیدیـدا کار بـۆ ئـەم ئامانجـەی بـکات. دوای هاتنـە سەردەسـەڵاتی تورکـە ئیتحادیـەکان، هەوڵیانـدا کـە ئیبراهیـم پاشـاو ئەوانـەی لایەنگرییـان بـۆ سـوڵتان عەبدولحەمیـد هەبـوو لەناویـان ببـەن. لـەم کاتـەدا ئیبراهیـم پاشـا بەفەرمانـی سـوڵتان چووبـوو بـۆ شـام، هەتـا لەوێـوە بچێـت بـۆ حیجـاز بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو خێڵـە عەرەبانـەی کـەدژی راکێشـانی هێڵـی شـەمەندەفەری شـام و حیجـاز بـوون. ئیتحادییـەکان دەخـوازن ئیبراهیـم پاشـا لـە شـام لەناوببـەن، بـەڵام بریتانـی و فەرەنسـیەکان ئـاگاداری دەکەنـەوەو ئەویـش هەندێـك لـە کەسـە نزیکەکانـی خـۆی دەنێرێـت بـۆ وێرانشـار بـۆ لای کوڕەکانـی هەتـا خۆیـان ئامـادە بکـەن بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی ئیتحادیـەکان و خۆشـی دەگەڕێتـەوە، ئیتحادیـەکان هێزێکـی مـەزن ڕەوانـەی ناوچەکـە دەکـەن. وێرانشـاریان وێـران کـردو ئیبراهیـم پاشـایان تێکشـکاندو خێڵەکانـی دەورو بەریـان بـڵاوە پـێ کـرد. ئەویـش خواسـتی بـەرەو چیـای شـەنگال بچێـت و جارێکـی ترخـۆی کۆبکاتـەوە، بـەڵام لـە گونـدی (صفـا)ی باکـوری شـاری حەسـەکە بەنەخۆشـی کۆچـی دوایـی کـردو دواتـر کوڕەکانـی خۆیـان دا بەدەسـتەوەو خرانـە زیندانـەوە.

٣ ـ گەشەکردنی توێژی خوێندەواری نوێ:

هاوکاتـی ئەمانـە، وەکـو لـە سـەرەتاوە باسـمان بارودۆخـی میرنشـینە کوردییـەکان لـە کۆتایـی سـەدەی هەژدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا کـە گەشـانەوەی پێـوە دیـار بـوو، دواتـر ئەوسیاسـەتەی کـە هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی، قاجـاری و دەوڵەتانـی بریتانیـا، ڕووسـیاو فەرەنسـا لـە سـەرناوچەکە بەڕێوەیـان بـردو کاریگەربوونـی لاوانـی کـورد بەپێشـکەوتن و گۆڕانکارییـە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان، لەچارەکـی کۆتایـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا توێژێکـی ڕۆشـنبیرو چالاکوانـی سیاسـی نـوێ دەرکەوتـن. ئـەم توێـژە لـە ژێـر کاریگەرییەکانـی ئەحمـدی خانـێ، نالـی، سـالم، کـوردی، مەسـتورەخان و مـەلا مەحمـودی بایەزیـدی، فەقـێ تەیـران و عەبدولڕەحیمـی مەولـەوی و چەنـد نوسـەرو رۆشـنبیری پێـش خۆیانـدا مـەزن بـوون. لەوانـە وەفایـی کـە نوسـەرو یـاوەری شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری بـوو، بەشـیعرو نوسـینەکانی گەنجینەیەکـی گـەورەی بـۆ بەجـێ هێڵاویـن. حاجـی قـادری کۆیـی کەلـە سـاڵانی (١٨١٧-١٨٩٧)ژیـاوەو بەمامۆسـتای نـەوەی نوێـی هۆنـراوەو وێـژەی نەتەوەیـی دەناسرێـت و دوا سـاتەکانی ژیانـی لەئەسـتەنبوڵ بەسـەربردو هـەر لـەوێ کۆچـی دوایـی کـرد. حاجـی قـادر لەبـواری کۆمەڵایەتـی و داکۆکیکـردن لەژنیـش خـاوەن هەڵوێسـت و وتـەی خـۆی بـووە،

(٢٢) لـە (کوردسـتان لەسـەردەمی دەوڵەتـی عوسـمانیدا لەناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە تـا جەنگـی یەکەمـی جیهانـی)ی عەبدوڵـڵا عەلیاوایـی لا ٢٤٣ وەرگیـراوە.

بۆ نمونە لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ:

بۆچی فەرمویەتی نەبی ئەمین اتلب العلم و لو بالصين

نێرو مێ لەو حەدیسە فەرقی نیە گەرمەلا نەفی فەرموو دینی نیە

هەروەها مەلای گەورەی کۆیە، مەلا محەمەدی کۆیی (١٨٧٦-١٩٤٣) هاوشێوەی حاجی قادر بانگی کۆڕانکاری دەکات و یەکەم کەسە لەکۆیە کە ساڵی (١٩٢٦) کچی خۆی دەخاتە مەکتەب و لەگەڵ کوڕاندا دەرسی پێ دەخوێنێ. ئەویش لە کۆپلەیەکی خۆیدا دەڵێ:

ژنیش وەك موزەکەرە عەینەن ئەویش بەشەرە

چاو لادانی لەسەرە هەردوو لەیەك حوكمدان

حاجی تۆ فیق (پیرەمێر) (١٨٦٧-١٩٥٠) یەکێکی ترە لەو رۆشنبیرانەی کە لەکۆتایی سەدەی نوزدەیەم هەتا دامەزراندی دەوڵەتی تورکیا لە ئەستەنبوڵ دەبێت و رۆڵی دیاری هەبووە لەچالاکیە سیاسی و رۆشنبیریەکانی ئەستەنبوڵدا. دواتریش لەباشوری کوردستاندا دەبێتە سەرقافڵەی جوڵانەوەی ڕۆشبیری و خوێندنی کوردی و پەرەپێدانی وێژەی کوردی. رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەزیندووکردنەوەی پەندی کوردی و پەرەپێدانی. هەروەها رۆڵی بینی لەگەشە دان بەئازادی ژن لەشیعرو ئەدەب و خوێندندا. ئەمەش دوونمونەیە لەبەرهەمەکانی:

ئەبێ بەخشندە مل کەج کا لەڕاستی موچە خۆری خۆی

سوراحی سەر فرودێنێ لەبۆ پیاڵە کە تێیکا بۆی

کە ئاو داری لەسەر سەری گرتووە ، ئەزانێ چی تیایە

لەلای نەنگە کە پەروەردەی نوقم کا گەورەیی وایە

هەروەها دەڵێ:

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن

زینەتی باغ و تەرەقین رەونەقی دەستەی گوڵن

تازە ئیمە تێگەیشتوین دایکی چاکی خۆێندەوار

نەسلی وا دێنێتە مەیدان قەومەکەی پێ بێتەکار

خۆزگە من ببمە درەختێ بۆ قوتابخانەی کچان

ئەو کچانەی وا دەخوێنن ببمە سێبەر بۆ ئەوان

میقداد مدحت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان و مەلامحەمەدی مەردۆخی و چەندین کەسی تر لەو قۆناخەدا دەرکەوتوون. هەروەها لەو سەردەمەدا ژنانی ڕۆشنبیر و چالاکیش دەرکەوتوون. لەوێنەی میهرەبان خاتوون (١٨٥٨-١٩٠٥)ی کچی مەلا حسێنی بەرواری کەدەستی نوسین و ئەدەبی هەبووە. ئامینە خانی خێزانی شەریف پاشای خەندان (بابان) کە هەتا ساڵ ١٩٠٨لە ئەستەنبوڵ وەکو ژنیکی چالاك کاردەکات و دواتر کە رێکخراوی ژنانی کورد لە ئەستەنبوڵ دروست دەبێت، ئەو لە پاریس دەبێت و دەیکەنە سەرۆکی فەخری (ساڵی ١٩٠٨بە

هـۆی ئـەوەی شـەریفە پاشـا دەبێتـە باڵوێـز دەچێتـە پاریـس)، ئەنجـوم خـان کـە بزیشـکەو کچـی مسـتەفا پاشـای یامولکیـەو یەکێکـە لەژنـە چالاکەکانـی ئـەو سـەردەمەو دواتـر دەبێتـە بەڕێوەبـەری رێکخـراوی ژنـان لـە ئەسـتەنبوڵ. قەرەفاتـم کەلەشـەڕەکانی قـرم و ئەزرۆمـدا وەکـو سـەرکردەیەکی جەنـگاوەری ژن دەرکەوتـووە سـەرۆکایەتی نزیکـەی (٥٠٠)سـەربازی کـردووە لەشـەڕدا قارەمانـی بـێ وێنـەی نوانـدووەو ئەمـەش بووەتـە هـۆکار کەبێتـە چیرۆکـی سـەر زمانـی خەڵـك. عادیلەخانـی خێزانـی وەسـمان پاشـای جـاف (١٨٥٧ - ١٩٢٥)ز یەکێکـی تـرە لـەو ژنانـەی کـە لەوسـەردەمەدا دەرکەوتـووەو رۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە لـە سـەرۆکایەتی هـۆزی جـاف و ناوچەکەیانـدا. دوای کۆچـی دوایـی وەسـمان پاشـای جـاف خـۆی بووەتـە سـەرۆکی هـۆزی جـاف و راسـتەوخۆی بەڕێوەی بـردوون و یەکـەم ژنیشـە کەلەسـەردەمی عوسـمانیدا بـووە بەقایمەقـام. لەسـاڵی ١٩٠٩بووەتـە قایمەقامـی هەڵەبجـە.

## ج . مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و مۆدێلی دەوڵەت نەتەوەو کورد

نیـوەی دووەم سـەدەی بیسـتەم گۆڕانکاریەکانـی ئاڵۆزتـرو خێراتـر کـرد. چونکـە لـەم قۆناخـەدا لـە ئەوروپـا کـە سەردەسـتی خـۆی بەسـەر دونیـادا سـەپاندبوو، مۆدێلـی دەوڵـەت نەتـەوە بـەرەو جێگیـر بـوون دەچـوو، هـاوکات دروسـتبوونی هـەردوو دەوڵـەت نەتـەوەی ئەڵمانیـا و ئیتاڵیـا ململانێـی هێـزە ئەوروپییکانـی لەنـاو خۆیانـدا چـڕ کـردەوە بـۆ دابەشـکردنی دونیـا. پەیدابوونـی ئەڵمانیاوئیتاڵیـا وەکـو دوو زلهێـز و هەوڵەکانـی هەردوولایـان بـۆ خـۆ فراوانکـردن ، هاوسـەنگیەکانی ڕابـردووی لاسـەنگ کـرد. هـاوکات جوڵانـەوەی زایۆنیـزم (ماسـۆنیەت) (٢٣) کەسـەرەتا خـۆی وەکـو بزوتنەوەیەکـی ڕۆشـنگەری و زانسـتی و مرۆیـی نیشـاندا لەهەوڵـی خۆفراوانکردنـدا بـوو. جوڵانـەوەی جولەکەکانـی جیهانیـش لەڕێگـەی ئـەم بزوتنـەوەوە هەوڵیانـدەدا خۆیـان بخزێننـە نـاو هەمـوو بوارەکانـی ژیـان و هەمـوو کونجێکـی دونیـاوە. ئـەم دوو هەوڵـەش ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان لەسـەر کۆڕانگارییـەکان بەگشـتی و لەناوچەکـەی ئێمـەدا بەتایبەتـی هەبـوو. چونکـە لەلایـەك ئەڵمانیـەکان دەیانخواسـت خۆیـان بکەنـە جێگـرەوەی بریتانیـاو فەڕەنسـاو بـاڵ بەسـەر ناوچەکـەدا بکێشـن، بۆئەمـەش دەیانخواسـت سـوود لەناکۆکـی و ململانێـی نێـوان هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمامی و قاجـاری لەگـەڵ ئـەو هێزانـەی تـردا وەربگـرن. لەلایەکـی تـرەوە دەیانخواسـت سـوود لـە هەوڵەکانـی جولەکـە وەربگـرن، کەدەیانخواسـت وڵاتێـك بۆخۆیـان دروسـت بکـەن. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چاویـان بڕیبـووە دووجێگـە. یەکـەم؛ فەلەسـتین بـوو، دووەم ناوچـەی حـەران بـوو.

ئیتاڵیـا هـەر دوای دروسـتبونی دەوڵەتـە یەکگرتووەکـەی بەزەبـری هێـز باکـوری ئەفریقیـای بەگشـتی و لیبیـای بەتایبەتـی کـردە ئامانـج و خواسـتی بـەو شـێوەیە خـۆی فـراوان بـکات. هەرچـی ئەڵمانیایـە جیاوازتـر هەڵسـوکەوتی کـرد، خواسـتی هاوتەریبـی جوڵانـەوەی زایۆنیـزم هەڵسـوکەوت بـکات. لەبـەر ئـەوەی ئەڵمانیـا وڵاتێکـی پیشەسـازی مـەزن بـوو، خاوەنـی سـەرمایەیەکی زۆربـوو، هـاوکات ژمارەیەکـی زۆر جولەکـەش لەئەڵمانیـا دەژیـان و سـەرمایەی جولەکـە بەشـێکی گرنگـی سـەرمایەی

**ئەڵمانیـای پێکدەهێنـا، ئامانـج و داخـوازی ئەڵمانـەکان و زۆربـەی جولەکـەکان یەکیاندەگرتـەوە. لـەو سەردەمەشـدا ئەڵمانیـاو ڕووسـیا دوو ناوەنـدی سـەرەکی جولەکـە بـوون و جولەکەکانـی بریتانیـا لەپلـەی سـێیەمدا دەهاتـن. وەکـو ڕەوتـی جولەکەکانیـش بەشـێکیان پێیـان وابـوو لـە ڕێگـەی دەوڵەتـی نەتـەوەوە دەگەنـە ئامانجەکانیـان، بەشـێکیش پێیـان وابـوو سۆسـیالیزم ئـەو ڕێگەیەیـە کەدەیانگەیەنێتـە ئامانجەکانیـان. کارل مارکـس و هاوڕێکانـی لـەو کەسـانە بـوون دەیانخواسـت جیهـان بـەرەو سۆسیالیزم ببـەن و هیوایـان بەستبووەوە بـە کۆمۆنـەی پاریـس (١٨٧١ز)کـە هاوکاتـی دروستبونی دوو دەوڵـەت نەتـەوەی ئەڵـمان و ئیتاڵیـا بـوو. بـەڵام سـەرنەکەوتنی کۆمۆنـەی پاریـس و سـەرکەوتنی دەوڵـەت نەتـەوەی ئەڵـمان و ئیتاڵیـا چەمکـی دەوڵـەت نەتـەوەی لـەلای زایۆنیـەکان پەرەپێـداو ئیـتر بەشـی زۆریـان کەوتنـە هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی هەرچـی جولەکەکانـی جیهانـە ڕێکبخـەن و ئاڕاسـتەیان بکـەن بـۆ دروسـتکردنی دەوڵـەت نەتـەوەی جولەکـە.**

**یەکێـك لەهەنـگاوە سـەرەتاییەکانیان بەئاڕاسـتەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـوو. دوای ئـەوەی لـە (١٨٧٨/٧/٣) دا ئەڵمانیـاو عوسـمانیەکان ڕێکەوتنیـان مـۆر کـرد، کارو چالاکـی جولەکەکانیـش لەنـاو دەوڵەتـی عوسـمانیدا زیـادی کـرد، هەتـا لەسـاڵی ١٨٩٠بـەدواوە بناخـەی ڕێکخسـتنی تورکـە لاوەکان یـان ئیتحادیەکانیان(جەمعیەتـی ئیتحـادو تەرەقـی)(٢٤) دامـەزران. کەئامانجیـان دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی تـورك نـەژاد بـوو. ئامانجـی جولەکـەکان لـەم هەنـگاوە ئەوەبـوو کـە زەمینـەی دەوڵەتـی نەتـەوە لەرۆژهەڵاتـی ناوینـدا دروسـتبکەن، چونکـە هەتـا ئـەو سـەردەمە زەمینـەی دەوڵەتـی نەتـەوە لـەم ناوچـەدا نەبـوو، جولەکـە ئەوەیـان دەزانـی کـە ئەگـەر ئـەو زەمینـە دروسـت نەبێـت، ئەواقسـەکردن لەسـەر دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی و ئایینـی بـۆ جولەکـە هیـچ زەمینەیەکـی نابێـت.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٢٣) ماسـۆنیەت (زایۆنیـزم): سـەرەتا لەسـەردەمی شـارلی دووەم، پاشـای ئینگلتـەرادا لـە دەوروبـەری (١٧٧٠)ز دا دادەمەزرێـت. ئەمـەش بەرامبـەر کڵێسـاکانی کاسـۆلیکی ئەوروپـاو دادگاکانـی ئەنگیزاسـیۆن بـوو. هەندێـك پێیـان وایـە ماسـۆنیەت درێژکـراوەی ڕێکخـراوی «هێـزی شـاراوە» یـە کـە سـاڵی (١٧٤٤) لەلایەنـی « هیـرۆدس ئەکریـا ، حیـرام ئەبیـود و موئـاب لامـی « یـەوە بـۆ تیرۆرکردنـی مەسـیحیەکان دروسـت بـوو، دواتـر لەلایـەن (ئـادەم وایزهاویـت )ەوە کە مەسـیحیەکی ئەڵمانـی بـوو سـەرلەنوێ ڕێکخرایـەوە. (مەتزینـی ) ئیتاڵـی دوای وایزهاویـت بەڕێکخـەرەوەی ماسـۆنی دادەنرێـت، وتاربێـژی شۆڕشـی فەڕەنسـا میرابـۆ ـ جـان جـاك رۆسـۆ ـ ڤۆڵتێـر ـ ئەلبێـرت مایـك کەجەنەڕاڵێکـی ئەمریکـی بـوو ـ لیـۆن بلومـی فەڕەنسـی کەپەرتوکێکـی بـڵاو کـردەوە لەسەر(هاوسـەری)و گەلێـك شـتی ئابڕووبـەری تێدابـوو ـ کودیرلـوس ـ کارل مارکـس ـ جرجـی زەیـدان ـ جەمالەدیـن ئەفغانـی ـ محەمـەد عەبـدە ـ عەبدولڕەحـمان کەواکبـی لەسـەرەتادا ئەندامـی کۆمەڵـەی ماسـۆنی بـوون. چونکـە ماسـۆنیەت دەیگـوت ئیمـە کۆمەڵەیەکـی خێرخوازیـن و چاودێـری و پشـتیوانی هـەژاران دەکەیـن و لەگـەڵ پێشـکەوتنخوازی و گۆڕانکاریدایـن. ڕێکخسـتنی ماسـۆنی لەسـێ چیـن پێکدێـت و هەرچینـەی چەنـد پلەیەکـن و بەگشـتی (٣٣)پلەیـە. چینـی یەکـەم سـەرەتاییەکانن و خەڵکـی ڕەشـۆکن. چینـی دووەم شـازادەکان و کەسـانی زانـاو خـاوەن پێگـەن کەئەمانیـش چەندیـن پلەیـان هەیـە، چەرچـل و بەلفـۆر لـەم چینـە بـوون. چینـی سـێیەم لوتکـەی پلەکانـەو گەردوونیـان پـێ دەگوترێـت و ڕێبەرەکانـی جولەکـەی زایۆنـی لـەم چینـەن و هێرتـزل نمونەیـە.

**(رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان دەڵێ پرۆژەی دەوڵەت نەتەوە، پرۆژەیەکی زایۆنیزمەو ئامانج لەو پرۆژەیە ئەوەبوو کەدەرفەت بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك بۆ خۆیان بڕەخسێنن). بێگومان ئەوە ئاشکرایە کەگەشەکردنی چەمکی تۆرانیزم، لەگەڵ خۆیدا گەشەکردنی چەمکی میللیگەرایی گەلانی تریشی دەهێناو ئەمەش ڕویدا. هاوتەریبی ئەمە جولەکەکان دەیانخواست لەڕێگەی جوڵانەوەی زایۆنیزم (ئەوکاتە وەکو جوڵانەوەیەکی پێشکەوتوخواز دەناسرا) پەیوەندی لەنێوان جیهانی ڕۆژهەڵات و رۆژئاوادا بتەو بکات و ناوەندی ئەو پەیوەندیانەش ببێتە هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیاو عوسمانی، بۆئەمەش سودیان لەتوانای ئابووری، زانستی و ڕێکخستنی جولەکەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا وەرگرت. ئەوەبوو لەرێگەی ئەم هەوڵانەوە لەدوای ساڵی ١٨٩٠ه وە هێدی هێدی ئەڵمانیا بووە جێگرەوەی بریتانیا بۆ دەوڵەتی عوسمانی و چەندین پەیمانی ستراتیژی ئابووری، سیاسی و سەربازی لەنێوانیاندا مۆرکراو بەو پێیە بەرنامە داڕێژرا کە لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەرەوە بەرلین، ئەستەنبوڵ، بەغداد، بەسرە، شام و حیجاز پێکەوە ببەستن و هێڵی بازرگانی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. هاوکات ئەڵمانیا هەستا بەناردنی ئەفسەری پسپۆر بۆ ریکخستنەوەی سوپای عوسمانی و لەڕووی سیاسیشەوە هەنگاو بەهەنگاو ئەو دوو دەوڵەتە دەبوونە هاوپەیمانی ستراتیژی. جولەکەکان دوای ئەوەی تۆوی خۆیان چاند، هەوڵیاندا کەخۆشیان ئامادە بکەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی جولەکە. ئەوەبوو لەساڵی ١٨٩٧زدا بەپێشەنگایەتی تیۆدۆر هیرتزل لە(بازل)ی سویسرا یەکەمین کۆنگرەی جولەکەی جیهانیان ئەنجامداو لەم کۆنگرەیەدا بڕیاریاندا کە کار بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك بۆخۆیان بکەن.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٢٤)جوڵانەوەی ئیتحادو تەرەقی و تۆرانیەت: سەرچاوەی ئەم رێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی تۆرانیەت کە سەرەتا لەلایەنی (زیاْ گۆك ئەڵپ)ی کورد نەژادو جولەکەیەکی روسی بەناوی (ئەسارۆس)ەوە بناخەکەی دادەنرێت و ئەوان فکری نەژادپەرستی تورکیان پەرەپێداو پێیان وابوو کە دەبێت ئایین و نەتەوە لەیەکتری جیابکرێنەوە. دواتر لەلایەنی(موئیزکۆهین) کە جولەکە بوو، پەرەی پێدراو پەرتوکێکی بەناوی (تۆران) بڵاو کردەوەو جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێت سەرجەم گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکرێنە تورك. تۆرانیەکان بۆچونێکیان هەیە بەناوی (رۆژ) کەدەڵی: زمانی تورکی دایکی زمانەکانەو شارستانی تورك پێش ئیسلام سەرچاوەی هەموو شارستانیەکانە. جوڵانەوەی ئیتحادو تەرەقی لەسەربنەمای بیرو بۆچوونی ماسۆنیەت و تۆرانیەت دروستبوو. سەرەتا لەلایەنی (ئیمانوئێل قەرەسو) کەجولەکەیەکی ئیسپانی بوو، ئەندامی بنکەی(ریزورتای مەکەدۆنی) ماسۆنی سەلانیك بوو، بناخەی دانرا، ئەم کەسە نۆینەری سەلانیك بوو لەپەرلەمان. سەرەتا ساڵی ١٨٩٠لەناو (کۆمەڵەی ئازادی پەروەری عوسمانیدا)خۆیان رێکخستبوو ئەم کەسە نۆینەری سەلانیك بوو لەپەرلەمان. سەرەتا ساڵی ١٨٩٠لەناو (کۆمەڵەی ئازادی پەروەری عوسمانیدا)خۆیان رێکخستبوو، دواتر لەساڵی ١٩٠٧دا بەناوی (ئیتحادو تەرەقی) خۆیان ڕاگەیاندو لە ١٩٠٨/٧/٢٣دەسەڵاتیان گرتە دەست. هەتا کۆتایی شەڕی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨دا خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهابوون لەناو دەوڵەتی عوسمانیداو بەتورکە گەنجەکانیش دەناسران. لەسەردەمی فەرمانڕەواییاندا هەرسێ جەنەراڵ (ئەنوەرپاشا – جەمال پاشا – تەلعەت پاشا) وەکو سێ کوچکەی ئەو کۆمەڵەیەو دەسەڵات دەناسران.

بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریاندا کە هەوڵبدەن سوڵتان عەبدولحەمید رازی بکەن بەوەی کە جێگەیان بۆ تەرخان بکات و ڕێگەیان بدات کە جولەکەکانی جیهان لەوجێگەیە کۆ بکەنەوەو دەوڵەتی خۆیانی تێدا دروست بکەن. هەرچەندە هەوڵیاندا لەم بوارەدا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی سوڵتان عەبدولحەمید رازی بکەن. ئەمەش ئەو قەناعەتەی لەلای جولەکەی جیهان و ئەو ڕێکخراوانەی کەوابەستەیانن لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا دروستکرد کە سوڵتان عەبدولحەمید ڕێگرو ئاستەنگە لەبەردەم پرۆژەکەیاندا کەدروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە بۆ تورك و بۆ جولەکەش، هەرئەمە بووە هۆکاری ئەو کودەتایەی کە بەناوی مەشروتیەتی دووەم لە (٢٣-٧-١٩٠٨) ئەنجامیانداو جڵەوی دەسەڵاتیان لە (٢٥)عەبدوالحەمید (٢٦) وەرگرت و لە ١٩٠٩/٣/١٣دا بەتەواوی لەسوڵتانێتیان دەرکردو (محەمەد رەشاد) یان خستە جێگەکەی کەهیچ دەسەڵاتێکی نەبوو. لەبەرامبەر ئەوسیاسەتەی کەماسۆنیەت و سەرمایەی ئەڵمان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا پەرەیان پێداو هەوڵیاندەدا ئەم کاریگەرییانە تێپەڕی ئێرانیش بکەن. بریتانیاو فەڕەنساو ڕووسیا لەلایەك هەوڵیاندەدا کاریگەریی خۆیان لەناوەندەکانی دەسەڵاتدا بپارێزن و بەتەواوی لەناونەچن، لەلایەکی تریشەوە هەوڵیاندەدا لەڕێگەی گەلانی ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیەوە کار بۆ پرۆژەکانیان بکەن، لەئێرانیشدا هەوڵیاندا لەڕێگەی بزاڤی مەشروتیەتی ساڵانی ١٩٠٥هەتا ١٩١١ه وە کاریگەریی خۆیان لەدەسەڵاتدا بپارێزن. لەگەڵ خانەدانەکانی عەرەبیشدا هەوڵیاندەدا کۆمەڵگای عەرەب لەعوسمانی دابڕن و ئەم پرۆژەیەیان سەرەتا لەمیسر گەشە پێداو ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٨٠وە میسریان لەعوسمانی دابڕی، لەنیوە دورگەی عەرەبیشدا لەگەڵ خانەوادە گەورەو خاوەن کاریگەرییەکانی وەکو هاشمی و ئال سعودو بەهاوکاری کەسایەتی ئەفسانە ئاسای (لۆرانس)ی عەرەب خواستیان دورگەی عەرەبی و ئێراق و شامیش لە عوسمانی دابڕن. بێگومان بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ ئیدارەی عوسمانیدا، بەرامبەر هەوڵەکانی ئیتاڵیا بۆ دەستبەسەردا گرتنی لیبیا و باکوری ئەفریقیاش هەڵوێستی جدیان نیشان نەدا. لەلایەکی ترەوە لەهەوڵی دابڕینی کورددا بوون لەدەوڵەتی عوسمانی و بۆ ئەم مەبەستەش پشتیان بە تیۆری ئەوروپی بوونی نەژادی کورد دەبەست و دەیانخواست لەم ڕێگەیەوە کەلێنێك لەنێوان تورك و کورددا دروست بکەن، چونکە دەیانبینی تەنیا لەڕوانگەی جیاوازی نەتەوایەتیەوە ناتوانن کورد بەتەواوی لەتورك دابڕن و پەیوەندی دێرینەی کوردو تورك لەلایەك و قاڵبوونەوەی کۆمەڵگای کوردی لەناو چەمکی ئوممەتگەراییدا، ڕێگربوون لەسەرکەوتنی پرۆژەکانیان لە کوردستاندا.

هاوکاتی ئەم سیاسەتە، بریتانیاو فەڕەنساو ڕووسیا هەوڵیاندا لەڕێگەی پەیماندان بە ئاشوری، کلدانی، سریانی و ئەرمەنەکان بەوەی کە دەوڵەتیان بۆ دروستبکەن، ئەو گەلانە زیاتر بەلای خۆیاندا رابکێشن، بەمەش یەکێتی و دۆستایەتی نێوان ئەو گەلانەو هەردوو گەلی تورك و کورد تێکبدەن. ئەوەبوو پەیمانیاندا ئەرمەنەکان کە دەوڵەتێکیان بۆ دروست بکەن هەتا شارەکانی وان، بەدلیس، ئەرزرۆم، ئەرزنجان، ئاگری و موش لەخۆی بگرێت، کەئەمەش ناڕەزایی توندی لەلایەن تورك و کوردەکان دروست کرد. هەروەها پەیمانیاندا بە ئاشورییەکان کە لەناوچەی ئورمێ و

**هەکاری دەوڵەتێکیان بۆ دروستبکەن، ئەمەش بووە هۆکاری تێکدانی پەیوەندی ئاشوری لەگەڵ کوردو تورکدا. کە دواتر ئەم سیاسەتانە پێکدادانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەرمەن و ئاشوریەکانی لێکەوتەوەو کۆکوژی ئەرمەنەکان و تاڕادەیەك سەرکوتکردنی ئاشوریەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. شانبەشانی ئەم ڕەوشە کە لەسەر گۆڕەپانی عوسمانی بەڕێوە دەچوو، ئێرانی قاجاری بەهۆی کاریگەرییەکانی دەرەوەو گۆڕانکارییەکانی ناوخۆوە شڵەژابوو، چین و توێژە جیاوازەکانی ئێران، بەتایبەتی پیشەکاران، رۆشنبیران و زانایانی ئایینی ناڕازی بوون لەسیاسەتی دەرەوەی ئێران. کە لە ژێرکاریگەریی بریتانیاو ڕووسیادابوو، هاوکات ناڕازی بوون لەسیاسەتی ئابووری و بازرگانی ئێران. بەتایبەتی ئەو هەنگاوانەی کەلە ساڵی ١٨٩٧دا حکومەتی ئێران هەڵیهێناو گەلێك ئیمتیازی دا بەکۆمپانیای (تالبوت) ی بریتانی و بازرگانی ئێرانی خستەژێر کۆنترۆڵی ئەم کۆمپانیاوە. دیارە ئەم هەنگاوەش لەژێر فشاری بریتانیادا بوو، هەتا ئێرانیش هاوشێوەی عوسمانی ڕوو نەکاتە ئەڵمانیا. ئەمەش لەلایەك بازرگانی بۆ بریتانیا قۆرخ دەکرد، لەلایەکی ترەوە بەرهەمی ناوخۆیی لەناودەبرد، چونکە کاڵاکانی دەرەوە لەناو ئێراندا یەکجار گومرگ دەکرا، بەڵام کاڵا ناوخۆییەکان لە هەموو شارێك گومرگ دەکراو ئەمەش کاریگەری لەسەر بەهاکەی هەبوو. دیارە ئەم بارودۆخە دابڕاو نەبوو لەکاریگەریی ململانێیەکانی هێزە مەزنەکان و هەرلایەنەی دەیانخواست بارودۆخەکە بەلای خۆیاندا بشکێننەوە. بەڵام بەهۆی زۆری کاریگەریی بریتانیاو ڕووسیاوە لە ئێرانداو بەهێزی پۆتانسیالی ناوخۆیی ئێران بۆگۆڕان و کاردانەوەی ئەو پۆتانسیالە بەرامبەر دەستێوەردانە دەرەکییەکان ئەم ململانێیە زوو یەکلایی نەبویەوە. ئەوەبوو ئەو مەشروتیەتەی کە لە ناو دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨دا بە پێشەنگایەتی ئیتحادییەکان و بەپشتیوانی ماسۆنیەت و ئەڵمانەکان ئەنجامدرا. لە ئێران لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی درێژدا بەکاریگەریی بریتانیاو ڕووسیا ئەنجامدرا، بەڵام بەپۆتانسیالێکی ناوخۆیی زیاترەوە. ئەوەبوو سەرەتا لەساڵی ١٨٩٦دا بەڕاپەڕینی توتن دەستی پێکردو ساڵی (١٩٠٥) مگفرالدین شا (١٨٩٦-١٩٠٧ز) ناچارکرا کە دەستور پەسند بکات و لە ١٩٠٦/٨/١٤دا یاسای هەڵبژاردن داڕێژراو ساڵی ١٩٠٧ ئەنجومەنێکی پێنج کەسی لە زانایانی ئایینی پێکهێنرا بۆ پێداچوونەوەی ئەو یاسایانەی کە دەردەچوون،**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٢٥) سوڵتان عەبدولحەمید: لە (١٨٤٢/٩/٢١)دا لەدایکبووە. لەتەمەنی یازدەساڵیدا بووە دایکی مردووەو باوەژنی بەخێوی کردووە. لە (١٨٧٦/٨/٣١)دا بووە بە سوڵتان و چووەتە جێگەی موورادی پێنجەم کەبرای بوو. ماسۆنیەکان لەبن ناوی ئەوەی کەشێت بووە موورادی برایان لەدەسەڵات دوورخستەوە. رۆژی ١٨٧٨/٧/٣رێککەوتنی لەگەڵ ئەڵمانیا ئەنجامدا. لە ١٩٠٨/٧/٢٣ دا دەسەڵاتی سنوردار کرا لەلایەنی ئیتحادیەکانەوەو رۆژی ١٩٠٩/٣/١٣لە دەسەڵاتیان دوورخستەوەو لە ١٩١٨/٢/١٠ دا کۆچی دوایی کرد).

(٢٦) (مەشروتەی یەکەم لەسەردەمی عەبدولمەجیدی باوکی عەبدوالحمید (١٨٣٩-١٨٦١)دا راگەیەندرا، بەڵام کاتێك عەبدولحەمید لەساڵی ١٨٧٦دا دەسەڵاتی گرتە دەست، پاش ماوەیەك کۆتایی بە مەشروتیەت هێناو میدحەت پاشاو ئەوانەی ماسۆنی بوون و رۆڵیان لەو پڕۆسەیەدا هەبوو لەدەسەلاتی دوورخستنەوە).

هەر لەو ساڵەدا مگفرالدین شا کۆچی دوایی کردو (محەمەد عەلی شا)ی کوڕی بووە جێنشین و ئەویش لە ساڵی١٩١١دا لەدەسەڵات دوورخرایەوە و ئەحمەد شای کوڕی (١٩١١-١٩٢٥) خرایە جێگەی و بەمشێوەیە ململانێیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ئێران هەتا ساڵی ١٩٢٥بە تەواوی یەکلایی نەبویەوەو لەناو هەوسەنگی قورسایی ناوخۆو کاریگەریی بریتانیاو فەڕەنساو ڕووسیا لەلایەك و ئەڵمانیا و لایەنگرانی لەلایەکی ترەوە بەڕێوە دەچوو.

لەگەڵ ئەم سیاسەتانەدا لەسەرئاستی گشتی جیهان، بریتانیاو فەڕەنسا لەهەوڵی ئەوەدابوون لۆبی جولەکە بەلای خۆیاندا رابکێشن و هاوپەیمانی لۆبی جولەکەو ئەڵمانیاو عوسمانیەکان تێکبدەن. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرهەموو ئاست و گۆڕەپانەکان لەهەوڵدابوون. بەمشێوەیە جیهان و کوردستان پێیان نایە ناوسەدەی بیستەمەوە.

## د. جیهان و کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا دابەشکردنی کوردستان

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم چەند ئاماژەیەکی لەگەڵ خۆیدا زەقکردەوە. یەکەم: ململانێی زلهێزە جیهانیەکان لەسەر پاوانکردنی جیهان گەیشتبووە ئاستێك کە هەموو کاتێك ئەگەری دروستبوونی شەڕ لە نێوانیاندا هەبوو، هەر ئەمەش هۆکاربوو کە کوشتنی شازادەی نەمسا لەلایەنی لاوێکی سربیەوە بووە هۆی بەرپابوونی شەڕ. دووەم: جوڵانەوەی ئازادی گەلان و چین و توێژە بندەستەکان هاوتەریب پێشدەکەوت و گەشەی دەکردو ئیتر مافی گەلان و مافی چین و توێژە بندەستەکان پێویست بوو ڕەچاو بکرێن و نەدەکرا فەرامۆش بکرێن، هەر ئەمەش وایکردبوو کەجوڵانەوەکانی گەلان، جوڵانەوە سۆسیال دیموکراتە چەپەکان، ئانارشیست و فێمینیستەکان و هەروەها دەوڵەتە زلهێزەکانیش دروشمی بەدیهێنانی مافی گەلانیان کردبووە دروشم بۆخۆیان. هەرئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی کە لەبەرنامەی سۆسیالیستەکاندا مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان بەمافێکی ڕەوا ببینرێت و بانگەشەی بۆ بکرێت. "ودرۆ تۆماس ویسلن" (١٩١٣-١٩٢١)ی سەرۆکی ئەمریکاش لە ژێر ئەو کاریگەریانەدا بەیاننامە (١٤)خاڵیەکەی لە١٩١٨/١/٨دا ڕاگەیاندو داکۆکی لەمافی ئەو نەتەوانە کردبوو کە لەژێر دەستی عوسمانیدا بوون. سێیەم : مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە زەق کرایەوەو ئیتر بووە مۆدێلێك کە دەبوو جێبەجێبکرێت، جونکە هەموو لایەك داکۆکیان لێ دەکرد. هەرچەندە ئەم بابەتانە کاریگەرییان لەسەر هەموو پێکهاتەکانی ناوچەکە دروستکردبوو، بەڵام هەرپێکهاتەیەك لەئاستی جیاوازدا پێی کاریگەر بوو.

گەلی کورد بەهۆی ئەوەی دابەش ببوو بەسەرهەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا. هەروەها هەتا ئەو کاتە تایبەتمەندیە ناوچەییەکان خەسڵەتێکی زاڵی هەبوو، لەگەڵ ئەمانەدا کاریگەری چەمکی ئومەتگەرایی لەسەرگەلی کورد زۆربوو، گەلی کورد کەمتر بەچەمکی دەوڵەت نەتەوە

کاریگەربوو. بێگومان ئەمە بەو واتایە ناڵێم کە کورد داخوازی نەتەوەیی و ئارەزووی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبووە یان گەشەی نەکردووە. لەهەڵوێستی بەدرخان بەگ و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئیبراهیم پاشای میللی، شێخ سەلامی بارزانی، مەلاسەلیمی بەدلیسی و زۆربەی رێبەرە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەدا داخوازی نەتەوەیی دەبینیرێت. لەهەندێکیشیاندا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەدیهێنانی ئەو داخوازییانە ببەستن بە دروستکردنی قەوارەیەکی کوردییەوە. بەڵام چەندە ئەم قەوارە وەکو دەوڵەت نەتەوەیەك شێوە دەگرێت، یاخود چەندە سیستمی خەلافەت و سەڵتەنەت و ئوممەتگەرایی رەتدەکەنەوە، ئەوەیان جێگەی پرسیارە؟ وەکو لەئەنجامی تێکۆشانەکانیشدا دەبینرێت بەشی زۆری کۆمەڵگای کوردستان لەو سەردەمەدا نەگەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کەخەلافەت و سەڵتەنەت و ئوممەتگەرایی بەلاوە بنێت و مۆدێلی تر لە جێگەی دابنێ. ئەم واقعە لەجوڵانەوە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیشدا دەبینین. واتە دەکرێت بڵێین کۆمەڵگای کوردی هێشتا نەبوو بووە هەویرێکی شێلدراو و ئامادە بۆ دروستکردنی دەوڵەت نەتەوەی کورد. ڕەنگە هەرئەمەش هۆکاری سەرەکی بێت بۆ پەراوێزخستنی کورد لەهاوکێشەکانی سەدەی بیستەمدا، نەك هۆکاری تر. لێرەدا بەکورتی باس لە بارودۆخی کوردستان و جوڵانەوەکانی دەکەین لە پێش شەری جیهانی یەکەمدا ؛

**یەکەم**: جوڵانەوەی کوردی لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانیدا

پێشتر باسمان لەوەکرد کە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەپێکهاتەی چینی سەردەستی کوردا رویدا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆڵی سەرەکی کەوتە دەستی کەسانی ئایینی و لەم بوارەشدا باسمان لەچەند جوڵانەوەیەك کرد کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بە ڕێبەرایەتی کەسایەتیە ئایینیەکان ئەنجامدران. لێرەدا گرنگە باسی ئەوەش بکەین کە دوای ئەوەی جەعفەر ئاغای شکاك لەتەبریز لەساڵی ١٩٠٥ز دا لەلایەنی رژێمی ئێرانەوە لەسێدارەدرا، سمکۆی برای کەوتە نارەزایی دەربرین بەرامبەر سیاسەتی ڕووسیاو ئێران کە دەیانخواست ناوچەکانیان بدەن بەئاشورییەکان و ئەمەش جوڵانەوەیەکی لێ پەیدابوو کە هەتا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەردەوام بوو. هەر لەم قۆناخەدا لەناوچەی سێرت خێڵەکانی بنجار بەسەرۆکایەتی (بەشاری چەتۆ) لەساڵی ١٩٠٦ دا ڕاپەرینیان ئەنجامداو حکومەت هێرشی کردە سەریان، بەڵام سەرنەکەوت و بەشار پەنا بۆ چیاکان برد هەتا لەساڵی ١٩٠٨ دا ڕاپەرینەکە تاوی سەندو ناوچەکانی ئامەدیشی گرتەوە. دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی بەسەر ڕاپەڕینەکەدا سەربکەوێت. دەستی کرد بەسوتاندنی ناوچەکان و وێرانکردنی گوندەکان. بەشاری چەتۆ هەوڵیدا یارمەتی لەڕووسیاو بریتانیەکان وەربگرێت، بەڵام سەرنەکەوت و دواتر خۆی شاردەوەو جوڵانەوەکەی کپ بویەوە. هەرلەم قۆناخەدا بەشێکی زۆری خێڵە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات و لەژێر دەستی عوسمانیشدا بەشداری جوڵانەوەی مەشروتیەتیان کردو هەوڵیاندا لەڕێگەی گۆڕانکاری و چەسپاندنی یاساو دەستوورەوە ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. هەندێکیشیان لەوێنەی شێخ سەلام

بارزانی، ئیبراهیم پاشای میللی، بەشاری چەتۆ، مەلاسەلیمی بەدلیسی، شێخ شەهابەدین، داوود خانی کەلهوڕو عەلی خانی لوڕستانی بە جیاو لەڕێگەی خۆیانەوە هەوڵیاندا ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەستەبەربکەن. (داوود خانی کەلهورو عەلی خانی لورستانی ) هاوکاری سالارالدولە یان گرد (برای محەمەد عەلی شای قاجاربوو. دوای لابردنی محەمەد عەلی شا لەتەخت لەساڵی ١٩١١دا، سالارالدولە داوای تەختی شاهانەی کردو ناوچەکانی سنەو کرماشانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو خۆی وەکو شا راگەیاندو نازناوی ئەبوفەتح شای قاجاری لەخۆی نا. ئەو دژی مەشروتیەکان بوو، پەیمانیدا بەکوردەکان کە باجیان لێ وەرنەگرێت و مافی زیاتریان بداتێ) هەربۆیە داوودخان وعەلی خان هاوکارییان کردو لەپێناوی ئەودا لە ١٩١٢/٥/١٩دا (یبریم خان) ی پێشەوای ئەرمەنی و یەکێك لەپێشەواکانی شۆڕشی دەستوریان کوشت. بەڵام هەوڵەکانی سالار الدولە سەرنەکەوت و کۆتایی بەهەوڵەکانیان هات.

هاوتەریبی ئەم هەوڵانە، رۆشنیرو توێژی نوێی سیاسی کورد لەڕێگەی خەباتی سیاسی هاوبەش یان سەربەخۆوە دەیانخواست بگەنە مافەکانیان. بۆ ئەمەش هەستان بە دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراو هەتا لەڕێگەیەوە بگەنە مافەکانی گەلی کورد. لەم بوارەشدا دەتوانین چەند نمونەیەك باس بکەین؛

١-کۆمەڵەی عەزمی قەومی کوردستان (کوردستان عەزمی قومی جەمعیەتی) (١٩٠٠):

یەکەم کۆمەڵەی کورییە کەلەسەدەی بیستەمدا دروست بوو، بەسەرۆکایەتی (فیکری ئەفەندی دیاربەکر) ی دامەزراوەو ئەحمەد رامیز کوردیزادەش یەکێك بووە لەکەسە چالاکەکانی و بەپێی نوسینی ئەحمەد رامیز و کەمال مەزهەر ئەم کۆمەڵەیە بەنهێنی کاری کردووەو هەتا ساڵی ١٩٠٤کاری کردووە و دواتربەهۆی ئاشکرابوونیەوە کاروچالاکیەکانی راوەستاوە.

٢-کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی (جمعیتی ئیتحادو تەرەقی):

وەکو پێشتر باسمان کرد ئەم کۆمەڵەیە سەرەتا وەکو کۆمەڵەیەکی نوێخوازو گۆڕانخواز دروست بوو، پەیمانی ئەوەی دەدا بەگەلانی ناودەوڵەتی عوسمانی کەماف و ئازادیەکانیان دەستەبەردەکات، بەتایبەتی پەیمانیان بەکورد دەدا کەسەربەخۆییان بۆدەستەبەردەکەن. ئەمەش وای کرد ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان چالاکانە بەشداری ئەم رێکخراوە بن و بۆ ئامانجەکانی کاربکەن. دیارترین ئەو کەسانەی کاریان لەم رێکخراوەدا کردووە، عەبدولڕەحمان بەدرخان، حیکمەت بابان و شەریف پاشای خەندان بوون. بەڵام دوای کودەتاکەیان لەساڵی ١٩٠٨و ئاشکراکردنی ڕووی خۆیان، زۆربەی کوردەکان و پێکهاتەکاکانی تریش لەم رێکخارە دووركەوتنەوەو هەوڵیاندا ڕێکخراو و کۆمەڵە بۆخۆیان دروست بکەن.

٣-کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد(کورد تەعاون وتەرەقی جەمعیەتی ) (١٩٠٨/٩/١٩):

ئەم کۆمەڵە لەلایەنی کومەڵێك کەسایەتی ئایینی و رۆشنبیرەوە دادەمەزرێت، سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدڵڵای نەهری(٢٧)، ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشا، داماد مشیرئەحمەد پاشا، خەلیل خەیالی مودان، ئەحمەد جەمیل پاشا، ئەحمەد رامیز کوردیزادە، د.شوکری محەمەد

سـەگبان، نەعیـم بابـان، مەلاسـەعیدی نورسـی، حاجـی تۆفیقـی پیرەمێـرد، مدحـت بەدرخـان، سـەیفوڵڵا بەگـی ئەرزڕۆمـی، تەهـا ئەفەنـدی هـەکاری، کامیـل بەدرخـان کەنوێنـەری گەنجـان بـووە، محەمـەد ئەفەنـدی، میرسـەیفەدین زادە، حسـێن عەونـی بـەگ، مەحمـود بـەگ، محەمـەد فایـق ئەفەنـدی لەکەسـە دیارەکانیـان بـوون. سـەید عەبدولقـادر سـەرۆکی کۆمەڵەبـوو، مشـیر ئەحمەدپاشا بـووە سـەرۆکی دووەم، ئـەم کۆمەڵـە لەئەسـتەنبوڵ دامـەزراو لـە ١٩٠٨/٩/٢٥دا بنکـەی فەرمـی خـۆی کـردەوە. لـە١٩٠٨/١٢/٥ە وە هەفتانـە گۆڤـاری (کـرد تەعـاون و تەرەقـی غەزەتەسـی)ی دەرکـردووەو پیرەمێـرد خـاوەن ئیمتیـازی بـووە و ئەحمـەد جەمیـل پاشـا سەرنوسـەری بـووە.

ئـەم کۆمەڵـە سـێ لیژنـەی هەبـووە، لیژنـەی (راوێـژکاری) کەلـە (٤٠)کـەس پێکهاتـووەو (٢٥)کەسـیان لەشـێخ و ئـەشراف و رۆشـنبیری کـوردی نیشـتەجێی ئەسـتەمبوڵ بـوون و بـێ هەڵبـژاردن دیـاری دەکـران و دەبـوو لـە (٢٥)سـاڵ کەمـتر نەبـن و ئەوانـی تـر بەهەڵبـژاردن دیـاری دەکـران. لیژنـەی بەڕێوەبـەری لە(١٥)کـەس پێکدەهـات و ئەمانیـش دەبـوو لەئەسـتەنبوڵ بـن و خاوەنـی هەمـان تایبەتمەنـدی لیژنـەی راوێـژکاری بـن و خوێندەواریـش بـن و بەهەڵبـژاردن دیـاری دەکـران. لیژنـەی (گشـتی) یـش لەهـەردوو لیژنـەی پێشـوو پێکدەهـات و دووسـاڵ جارێـك کۆدەبوونـەوەو ئـەم لیژنـە پێویسـت بـوو لـە (٢٠٠) کـەس کەمـتر نەبێـت. ئـەم لیژنەیـە لەمزگەوتـی (ئەیـا سـۆنیا) بەدەنگـدان، لیژنـەی بەڕێوەبـەری هەڵدەبژێرێـت و نەعیـم بابـان زۆرینـەی دەنـگ بەدەسـت دێنـێ و ئەمیـن عالـی بەدرخـان، زهنـی پاشـای بابـان، خەلیـل خەیالـی، ئەحمـەد جەمیـل پاشـاو ئەحمـەد رامیـزی لیجـە بـۆ لیژنەکـە هەڵبژێـردان، لەماوەیەکـی کورتـدا لەئامـەد، بەدلیـس، سـلێمانی، مـوش، موسـڵ ، بەغـداد ، ئـەرزرۆم و خنـس بنکـە دەکەنـەوەو گەشـەدەکەن. لـە ١٩٠٩/٤/١٣دا ئـەو کۆمەڵەیـە قەدەغەکـراو ئەوانیـش کۆمەڵەیەکـی رۆشـنبریان دامەزرانـد بـۆ ئـەوەی بیکەنـە چەترێـك بـۆ کارەکانیـان بەنـاوی کۆمەڵـەی نـەشرو معارفـی کـورد، قوتاتخانـەی نمونەیـی کوردیـان لەسـەرەتای ١٩١٠دا دامەزرانـدو ئەحمـەد رامیـز فێرکاربـوو تێیـدا .

٤-جڤاتا فقیە هێڤی کوردان (هێڤی) : (١٩١١):

یەکـەم کۆمەڵـەی خوێندەڤانـی کـوردە. لەبەرئـەوەی تورکـە لاوەکان ڕێگەیـان نـەدەدا کـە کومەڵـەی سیاسـی کـوردی دروسـت ببێـت، کـوردەکان هەوڵیانـدەدا لەژێرنـاوی کۆمەڵـەی بەمشـێوەیەدا خەبـات بکـەن، هەربۆیـە ئـەم کۆمەڵـە خەباتـی سیاسـی دەکـرد. نـوری دێرسـیمی (١٨٩٢-١٩٧٣) و جەعفـەری کـوڕی تەیمورئاغـا (ئەندامـی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان بـوو، هەروەهـا ئەندامـی کۆمەڵـەی موحبانێـی کوردسـتان بـوو و

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٢٧)شـێخ عەبدولقـادری نەهـری : (١٨٥١ – ١٩٢٥) کـوڕی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهریـە. سـاڵی ١٨٥١ لەشـەمزینان لەدایکبـووە. ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە لـە ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٨٨٠دا کەباوکـی پێشـەوای بـووە دوای راپەڕینەکـە لەگـەڵ باوکیـدا دوورخراوەتـەوە بـۆ مەککـە. پاش گەڕانـەوەی لەسـاڵی ١٩٠٨ دا پێشـوازییەکی زۆری لـێ کـراوە. لەنێـوان سـاڵانی (١٩١٨- ١٩٢٠) سـەرۆکی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان بـووە. لـە٢٨ـ٥ـ١٩٢٥ دا لەلایەنـی دەسـەڵاتی تورکیـاوە لەئامـەد لەسـێدارە دەدرێـت.

رۆڵی لە ڕاپەڕینی قۆچگریشدا بینی) و ئەکرەم جەمیل پاشا لە پێشەنگانی ئەم ڕێکخراوە بوون. ئەکرەم جەمیل پاشا دەبێتە سکرتێری کۆمەڵەکە. کۆمەڵەکە لەساڵی ١٩١١دا دامەزراوەو ساڵی ١٩١٢مۆڵەتی فەرمی وەردەگرێ. "د.شوکری محەمەد سەگبان، نەجمەدین کەرکوکی، عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسماعیل حەقی بابان، مەمدوح سەلیم، یوسف زیا ، کەمال فەوزی، عەبدولکەریم سلێمانی، هەمزەموکسی، تەیب عەلی خەرپوتی، عەبدولقادر دیاربەکری، ئاسەف بەدرخان، ڕەشاد دیاربەکری " لە کەسە دیارەکانی بوون. گۆڤارێکی مانگانە بەناوی (ڕۆژی کورد) بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی دەردەکات. لە ١٩١٣/٦/١٩ یەکەم ژمارەی لێ دەرچووەو دوای چوار ژمارە ڕاوەستاوە. بەرپرسی ئەم گۆڤارە (عەبدولکریم سلێمانی) بووە. ئەم ڕێکخراوە بەهۆی شەڕی جیهانیەوە خەباتی خۆی هەڵپەسارد. دوای داخستنی (ڕۆژی کورد) ئەم ڕێکخراوە گۆڤاری (هەتاوی کورد)ی دەرکردووەو لەنێوان ١٩١٣/١١/٢٤و ١٩١٤/٧/٣ (١٠)ژمارەی لێ دەرچووە و (عەبدولعزیز بابان) خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری بووە .

٥-جەمعیەتی ئیستخلاسی کوردستان ١٩١٢ز:

ئەم ڕێکخراوە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوەو سەید عەبدوڵڵای کوڕی سەید عەبدولقادری نەهری سەرۆکی بووە و سەید تەهای برازای سەید عەبدولقادرو سمکۆی شکاکیش ئەندامی دیاری ئەو کۆمەڵە بوون و بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردستان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی کورد خەباتی کردووە، بەڵام تەمەنی درێژ نەبووە.

٦-حزبی محبانی کوردستان (١٩١٢) :

ئەم پارتە لە ئەستەنبوڵ لەلایەنی مەلاخدری دێرسیمییەوە دامەزراوەو جەعفەری کوڕی تەیمور ئاغاو لوتفی فکری (٢٨)ش ئەندامی چالاك بوون تێیدا.

٧-کۆمەڵەی جیهانزانی (جیهاندانی) (١٩١٣/١٠/١٠) :

لەلایەنی عەبدولڕەزاق بەدرخان (١٨٦٤-١٩١٨)ەوە لە(خوی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە. عەبدولڕەزاق کوڕی نەجیب پاشای کوڕە گەورەی بەدرخان بەگەو لەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم بووەتە باڵوێزی عوسمانی لەبوترس بۆرگ و دواتر لەساڵی ١٨٩٢ هەڵهاتووە بۆ تورکیاو هەتا ساڵی ١٩٠٨ بەلێبوردنی گشتی دەگەڕێتەوەو دواتر بەهۆی سیاسەتی ئیتحادییەکانەوە ڕوو دەکاتە ڕۆژهەڵات و لە ساڵی ١٩١٨دا تورکەکان دەستگیری دەکەن و لەسێدارەی دەدەن .

٨-حزبی تەرەقی وتەهزیب ئەخلاق کوردستان (١٩٠٩/١٢/٢٠)ە :

ئەم پارتە لەلایەنی مەلا محەمەد مەردۆخی و حاجی ارفع ملك و صارم سوڵتان و محەمەد باقرحەبیبی و ژمارەیەك کەسایەتی لەشاری سنە دامەزراوە.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٢٨) لوتفی فکری : (١٨٧٢- ١٩٣٤ ): کوڕی حسێن فکری پاشای خەڵکی دێرسیمە، کولێژی مافی لە پاریس تەواو کردووە. ساڵی ١٩٠٨بووەتە نوێنەری دێریسم لەئەنجومەنی مەبعوسان. ناکۆك بووە لەگەڵ ئیتحادییەکانداو لەسەر ئەوە (١٤) مانگ بەندکراوە. ساڵی ١٩١٢بەشداری لە دامەزراندنی جەمعیەتی موحیبانی کوردستانی لەئەستەنبوڵ کردووە. دواتر هەڵهاتووە بۆپاریس و لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا محەمەد مەردۆخی بووەتە سەرۆك و حاجی ئەرفع و صارم سوڵتان بوونەتە جێگرو محەمەد باقر بووەتە سکرتێری پارتەکە. ئەم پارتە مۆڵەتی فەرمی هەبووەو هەتا کاتی شەڕی جیهانی خاباتی کردووە. دامەزرێنەرانی ئەم پارتە لەساڵی ۱۹۰۹دا یەکەم ڕۆژنامەیان لەسنە بەناوی (ندأ ئیتحاد)ەوە دەرکرد. محەمەد مەردۆخی خاوەنی بووەو میرزا ئیسماعیل ئیفتخار دەفتەرداری بووە، حاجی خان سەنندجی تەمویلداری بووەو ئەشرەف نیزامی کەمانگەر(سالار ئەشرەف) بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندنی بووە.
شانبەشانی ئەم کۆمەڵانە ژمارەیەك کۆمەڵەی تریش دروست کراون کە لەهەندێك سەرچاوەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت. هەروەها بەشێك لەرۆشنبیرانی کورد گرنگیان بە ڕاگەیاندنی کوردی داوە، میقداد مدحت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای ڕۆڵی پێشەنگیان بینیوە لەم بوارەدا. لە ۱۸۹۸/٤/۲۲دا یەکەم رۆژنامەی کوردیان لەقاهیرە بەناوی (کوردستان)ەوە دەرکرد. ئەم رۆژنامە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە گەشەدان بەنوسین و وشیاری کورد. خولی یەکەمی هەتا (۱۹۰۲) بەردەوام دەبێت و لەژمارەکانی یەکەم هەتا چوارەم میقداد بەربەسیاری دەبێت و بەهۆی نەخۆشیەوە ناتوانێت بەردەوام بێت و ئیتر عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت. ژمارە (۱-٥)لەقاهیرە دەردەچێت، (٦-۱۹)لەجنێڤ، (۲۰-۲۳) لەقاهیرە، (۲٤)لە لەندەن، (۲٥-۲۹ لەشاری (فولکستۆن )ی باشوری لەندەن، ژمارە (۳۰-۳۱)بۆجاری دووەم لەجینێڤ دەردەچێت، پاشان رادەوەستێت و دوا ژمارەی لە (۱۹۰۲/٤/۱٤)دا دەردەچێت. ئەم رۆژنامەیە (۱٥)رۆژ جارێك بەکوردی (کورمانجی) و تورکی دەردەچێت و بەپیتی ئارامی دەردەچێت. خولی دووەمی لەدوای مەشروتیەتی ۱۹۰۸ه وە لەلایەنی " ئەحمەد سورەیای برازای مقداد مدحت بەدرخانەوە" دەردەچێت و هەتا ساڵی ۱۹۰۹بەردەوام دەبێت، بەڵام نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە. خولی سێیەمی لە (۱۹۱۷/۹/۱۲-۱۹۱۸/۸/۲۹ لەقاهیرە دەرچووەو ( ۱۱) ژمارەی لێ دەرچووەو سورەیا بەدرخان دەریکردووە. گرنگی ئەم رۆژنامەیە لەوەدایە کە ئەهلی بووەو لەلایەنی دەوڵەتەوە دەرنەکراوە، بەڵکو دەوڵەت زۆر کێشەو ئاستەنگی بۆ دروستکردووە، بەڵام سەرەڕای ئاستەنگیەکان ماوەیەکی باش بەردەوام بووەو بووە بەپردی پێکەوە بەستنەوەی رۆشبیرانی کورد لەناو خۆو دەرەوە. دوای ئەم رۆژنامەو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانەی کە دروست بوون هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی هەستا بەدەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە لە شارە گەورەکانی وەکو ئەستەنبوڵ، ورمێ و سنە، هەروەها کەسایەتیەکی وەکو (جەمالەدین بابان)یش لە بەغداد هەستا بەدەستپێشخەریەکی هاوشێوەی مقداد مدحت و عەبدولڕەحمان بەدرخان و لە ۱۹۱٤/۲/۱٥ گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی (بانگی کورد) دەرکردو (٥) ژمارەی لێ دەرچووە. بەڵام دواتر بەهۆی بەرپابوونی شەڕی جیهانیەوە ڕاوەستا. جەمالەدین بابان لەنێوان ساڵانی (۱۸۹۳- ۱۹٦٥ز)دا ژیاوە.
وەکو ئەنجام ئەوەی کەسەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە سەرجەم جوڵانەوە چەکداریەکانی کوردو ئەو جوڵانەوە سیاسی، ڕۆشنبیریانەشی کە بەڕێوەی بردووە یان سەرتاپاگیر نەبوون،

یاخـود توانـای بەردەوامیـان نەبـووە. هـاوکات لـەو خەباتـە هاوبەشانەشـی کـە لەگـەڵ گـروپ و پێکهاتەکانـی تـردا لەنـاو دەوڵەتـی عوسـمانی و قاجاریـدا بەڕێوەیـان بردبـوو ئەنجامـی چـاوەڕوان کـراوی لـێ نەکەوتـەوەو ئەمانـەش بوونـە هـۆکاری ئـەوەی کـە کـورد بەشـێوەیەکی رێکخراووخـاوەن ئیرادەیەکـی یەکگرتـوو نەیتوانـی ڕووبـەڕووی ڕووداوەکانـی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ببێتـەوەو ئەمـەش هـۆکار بـوون بـۆ ئـەوەی کـە کـورد بەبـێ ئیـرادەی خـۆی، ببێـت بـە بەشـێك لەشـەڕێك کـە ئەنجامەکـەی دیارنیـەو ئەوەبـوو کاتێـك شـەڕی جیهانـی لـە (١٩١٤/٦/٢٨) دەسـتی پـێ کـردو عوسـمانیش لـە ١٩١٤/١٠/٢٩ دا بوونـە بەشـێك لـە شـەڕەکە، ئیـتر کوردسـتان و کۆمەڵـگای کوردسـتان بوونـە بەشـێك لەشـەڕەکەو سـەرجەم گـروپ، کۆمەڵـەو ڕاگەیاندنەکانـی کـورد هەڵوەشـانەوە یـان کارەکانیـان ڕاوەسـتاو بەڕێوەبەرەکانیشـیان بوونـە بەشـێك لـەو شـەڕەو خـەون و هیـوای خۆیـان لەسـەر ئەنجامـی شـەڕ هەڵچنـی، شـەڕێك کەئەنجامەکـەی دیارنەبـوو، هـاوکات بـۆ کـورد هیـچ بابەتێکـی وەهـا لـە گـۆڕێ نەبـوو کـە دڵنیـای بکاتـەوە، بـەڵام خۆیـان دایـە دەسـتی چارەنـوس و ئیـرادەی هێـزە شـەڕکەرەکان. شـەڕی یەکەمـی جیهانـی کـە لـە ١٩١٤/٦/٢٨ هەتـا ١٩١٨/١١/١١ لەنێوان هاوپەیمانـەکان کـە بریتانیـا، فەڕەنسـا، ڕووسیا(سـاڵی ١٩١٧ لـەدوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لەشـەڕەکە کشـایەوە)، بەلجیـکا، ئیتاڵیـاو ئەمەریـکا و سـوێند خۆرەکان کـە ئەڵمانیا، مەجەڕ(هەنگاریا)و عوسـمانی دابـوو، هـەردوولا خۆیـان وەکـو پارێـزەری مافەکانـی گـەلان نـاوزەد دەکـرد، بـەڵام لەڕاسـتیدا شـەڕ لەسـەر دابەشـکردنی سـامان و پـاوان بـوو، ئەنجامـی شـەڕەکەو ئـەو هاوکێشـانەی داڕێـژران ئـەوەی سـەلماند کـە ئـەو هێزانـە تەنیـا بیر لەخۆیـان دەکەنـەوەو باسـکردن لەمافـی گـەلان تەنیـا دەمامکێکـە بـۆ ئـەوەی لەڕێگەیـەوە بگەنـە ئامانجەکانـی خۆیـان. دوای زیاتـر لەچوارسـاڵ شـەڕو لەناوچوونـی زیاتـر لـە (٣٠)ملێـون کـەس، کەبەپێـی ئامـاری کۆمەڵـەی گـەلان ١٣ ملیـۆن کـەس بەشـەڕو ١٨ملیۆنیـش بەهـۆی شـەڕەوە لەناوچـوون. شـەڕ بەسـەرکەوتنی هاوپەیمانانـی بریتانیـاو فەڕەنسـا کۆتایـی هـات و عوسـمانی و ئەڵمانیـا و هاپەیمانەکانیـان لەشـەڕەکەدا دۆڕان و عوسـمانی لـە ١٩١٨/١٠/٣٠دا لـە پەیمانـی (مـۆدرۆس)دا خـۆی دابەدەسـتەوەو ئەڵمانیـاو هاوپەیمانەکانـی تریـان لـە ١٩١٨/١١/١١دا خۆیـان دا بەدەسـتەوە. گرنگـە لێـرەدا ئامـاژە بـۆ چەنـد بابەتێـك بکەیـن کەبوونـە فاکتـەری یـەکلا کـەرەوەی شـەڕەکەو سـەرکەوتنی بریتانیـاو فەڕەنسـا.

**یەکـەم** : سـەرەڕای گەشـەکردنی تێکۆشـانی چینـی بندەسـت و گەلانـی بندەسـت، بـەڵام لەکاتـی ڕوودانـی شـەڕدا زۆربـەی پـارت و ڕێکخـراوە سۆسیالیسـتەکان و بزوتنەوەکانـی رزگاری گـەلان لەئەوروپـا بوونـە بەشـێك لەشـەڕو پشـتیوانی چینـی سەردەسـت و دەسـەڵاتدارەکانی خۆیـان کـرد. ئەمـەش بـووە پشـتیوانیەکی مـەزن بـۆ ئـەو هێزانـە. هەرچەنـدە سۆسیالیسـتەکانی ڕووسـیا بەپێشـەنگایەتی (لینیـن)دژی شـەڕ ڕاوەسـتانەوە، پێیـان وابـوو کەدەبێـت سـەرجەم کرێـکارو جوتیـاری جیهـان دژی ئەوشـەڕە هەڵوێسـت وەربگـرن و بەشـداری لەشـەڕدا نەکـەن و نەبنـە سـوتەمەنی، بـەڵام بانگەوازییەکەیـان سـنووری ڕووسـیای تێپـەڕ نەکـردو تەنیـا توانیـان ڕووسـیا لەشـەڕو هاپەیمانـی دووربخەنـەوە. بـەڵام ئـەم هەوڵـەش درەنـگ کـەوت هەتـا سـاڵی (١٩١٧) کەشۆڕشـی ئۆکتۆبـەر

سەرکەوت، خۆیان لەشەڕ کشاندەوەو ئەم هەوڵە کاریگەریی لەسەر هاوسەنگی شەڕ هەبوو، ئەگەر فاکتەرەکانی تر نەبوونایە، ڕەنگە کشانەوەی ڕووسیا لەشەڕەکە ببوایە بەهۆی سەرکەوتنی بەرەی ئەڵمانیاو عوسمانی.

**دووەم** : بریتانیاو فەڕەنسا لە ڕێگەی ئەو هەوڵانەی لەسەردەمی ڕابردوودا، واتە لەسەدەی نۆزدەیەمدا دابویان، توانیبویان زەمینە لەڕۆژهەڵاتی ناوین، باکوری ئەفریقیاو بەلقان بۆ خۆیان دروست بکەن و لە بن ناوی داکۆکیکردن لەمافی ئەو گەلانەو پەیماندان پێیان کە دەوڵەتیان بۆ دروستدەکەن، توانیبویان بەشێکی زۆری ئیمپرابۆریەتی عوسمانی بۆلای خۆیان رابکێشن و بیانکەن بەلایەنگری خۆیان و بەمەش کەلێنێکی گەورە بخەنە نێوان ئەو گەلانەو دەسەڵاتی عوسمانی کەهێزێکی سەرەکی ناو بەرەی سوێندخۆرەکان بوو. ئەوەبوو توانیان بەشێکی زۆری خێڵ و سەرکردەکان لەعوسمانی داببڕن و لە کاتی شەڕدا بوونە هاوکاری بریتانیا و فەڕەنسیەکان. هاوکات ئەرمەن، ئاشوری، چیچانی و یۆنانیەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاو تەنیا کوردەکان لەم بوارەدا بەقورسی لەگەڵ تورکەکاندا مانەوەو بەرگرییان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد (دیارە ئەمە بەو واتایە نیە کە کورد هیچ هەوادارییەکیان بۆ بریتانیاو فەرەنسا نەبوو، هەندێك کەسایەتی کورد لەوێنەی عەبدولرزاق بەدرخان، شەریفە پاشای خەندانی بابان، محەمەد تەقی خانی پسیان، میرزا حسێن خانی کوردی و میرزا مەهدی خانی فرەهپور کوردستانی کە لەکرماشان بەپشتیوانی رووسیا پارتێکی چەپیان دروست کرد بەناوی (حزبی سۆسیال دیموکراتی چەپ. لەهەوڵی ئەوەدابوون بەپشتیوانی بریتانیا، فەڕەنسا و ڕووسیا جەماوەری کورد لەعوسمانیەکان دوور بخەنەوە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو)، بەشداری زۆربەی زاناو کەسایەتی ئایینی و سەرۆك خێڵ و ئاغاکانی کوردو بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی کورد چالاکانە لەشەڕدا بۆ پاراستنی عوسمانی بەڵگەی ئەوەبوون.

ئەم ڕەوشەش بووە هۆکاری ئەوەی کە عوسمانیەکان بەشێکی زۆری توانای خۆیان بۆ کپکردنەوەی ناڕەزاییەکانی ناوخۆ خەرج بکەن. هەرئەم بارودۆخەبووە زەمینە بۆ بڕیاری عوسمانیەکان کە لەساڵی ١٩١٥دا بڕیاریاندا ئەرمەنەکان لەسنووری ڕووسیا دوور بخەنەوەو بیانگوێزنەوە بۆ ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان و سوریاو بەم بڕیارەش دەیانخواست بەر لەهاوکاری نێوان سوپای ڕووسیاو ئەرمەنەکان بگرن، هەتا بتوانن پێش لە پێشڕەوی سوپای ڕووسیا لەرۆژهەڵاتەوە بگرن. ئەمەش کۆکوژی ئەرمەنەکانی لێکەوتەوە کە مەزندە دەکرێت لەپرۆسەی ڕاگواستن و مامەڵەی سوپای عوسمانی لەکاتی ڕاگواستنی ئەرمەنەکاندا ملیۆن ونیوێك ئەرمەنی گیانیان لەدەستدابێت یان کوژرا بن، کەئەمەش ئەمڕۆ بە کۆکوژی ئەرمەنیەکان دەناسرێت و وەکو یەکەم کۆکوژی سەدەی بیستەم بەناودەکرێت. بێگومان ئەم ڕەوشەش بووە فاکتەرێکی نەرێنی بۆ عوسمانیەکان و کاریگەری لەسەر لاسەنگکردنی تای تەرازووی هاوکێشەکان لەناو جەماوەرداو ناشیرینکردنی ڕووی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی هەبوو. واتا ئەو کردەوانەی عوسمانیەکان ئەنجامیاندا بۆیەکلاییکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان و کپکردنەوەی دەنگی

ناڕەزایی و دوورخستنەوەی ئەو پێکهاتانە لە نەیارەکانی، ناوبانگی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی زڕاندو ئەمەش بووە پشتیوانیەکی مەزنی جەماوەری و ڕەوایی بۆ بەرەی بەرامبەر. ئیتر بەرەی بەرامبەر خۆیان وەکو نوینەری گەلان نیشان دەدا. بۆئەوەی بگەنە ئامانجەکانیشیان لەم بوارەدا بەیاننامەی (١٤) خاڵیەکەی (ودرۆ تۆماس ویلسن)ی سەرۆکی ئەمریکا ( ١٩١٣-١٩٢١) کەلە ١٩١٨/١/٨ رایگەیاند، کەلەخاڵی (١٢) دا هاتبوو (پێوستە ژیانێکی پڕ ئاسودەیی بۆ ئەو نەتەوانە دابین بکرێ کە هەتا ئێستا لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا ژیابوون، پێویستە ڕێگایان بدرێتێ کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن) و دواتر بەڕاگەیاندنی ویلسن بۆ مافی گەلان ناسرا، ڕۆڵی زۆری بوو لەڕاکێشانی سەرنجی گەلانی ئەم ناوچەیەدا.

**سێیەم** : هەرجەندە شۆڕشی ڕووسیا بە پێشەنگایەتی سۆسیالیستەکان سەرکەوت و گوزێکی گەورەیان لە بریتانیاو هاوپەیمانەکانی دا، ئەویش لە دوو لاوە بوو؛ لەلایەکەوە بەرەیەکی شەڕیان بۆ عوسمانی، ئەڵمانیاو مەجەڕ بەرداو بەمەش باری شەڕیان لەسەرسوککردن، لەلایەکی ترەوە ئەو پەیمانە نهێنیەیان ئاشکراکرد کەلە نێنوان بریتانیا، فەڕەنساو ڕووسیای قەیسەریدا مۆرکرابوو پۆ بارچەکردنی رۆژهەڵاتی ناوین و دابەشکردنی لەنێوان خۆیاندا، کە بەڕێککەوتنی (سایکس بیکۆ) و سازانۆف دەناسرێت و لە (٩-٥/١٧ / ١٩١٦) لەنێوان سێر مارك سایکس (١٨٧٩/٣/١٦-١٩١٩/٢/١٦)ی وەزیری دەرەوەی بریتانیا و شارل فرانسوا جۆرج پیکۆ (١٨٧٠/١٢/١٢-١٩٥١/٦/٢٠) ی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسادا لەشاری لەندەن ئیمزاکراو دواتر سەردانی ڕووسیایان کردو لە ١٩١٦/٩/١دا لەلایەنی سێرجی سازانۆف (١٨٦٩-١٩٢٧)ی وەزیری دەرەوەی ڕووسیاشەوە ئیمزا کرا. بەپێی ئەم پەیمانە ئەو ناوچانەی دەکەوتنە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانیەوە لەدوای شەڕ لەنێوان بریتانیا، فەڕەنساو ڕووسیادا دابەش دەکراو هەر ناوچەیەك دەبووە سنووری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی یەکێك لەو دەوڵەتانە. ئەم دوو فاکتەرە کاریگەریی نەرێنیان لەسەر هاوسەنگیەکان هەبوو، تای تەرازووی لە گۆڕەپانی شەڕو سیاسەت و جەماوەردا بەلای ئەڵمانیاو عوسمانیەکاندا قورس دەکرد. هەر ئەمەش وایکرد کە بریتانیا هەرچەندە لە (١٩١٧/٣/١١دا بەغدادی گرت، بەڵام هەتا ساڵی ١٩١٨ نەیتوانی زۆر پێشڕەوی بکات.

بۆ ڕاستکردنەوەی تای تەرازووەکە، بریتانیەکان و هاوپەیمانەکانیان چەند هەنگاوێکیان نا، لەلایەك هەوڵیاندا شۆڕشی ڕووسیا لەناو ببەن و بۆ ئەمەش لەڕێگەی ژاپۆن و سوپای سپی قەیسەریخوازی ڕووسیاوە ڕووبەڕووی شۆڕشی ڕووسیا بونەوەو خواستیان بەردەوامی بەشەڕ بدات. لەلایەکی ترەوە سوودیان لەهەڵوێستی عوسمانییەکان لەدژی ئەرمەنەکان و ڕازی نەبوونیان بەدروستکردنی دەوڵەتێك بۆ جولەکەکان وەرگرت و توانیان لەڕێگەی بەڵێنی بەلفۆر کەلەلایەن وەزیری دەرەوەی بریتانیا (ئارسەر جێمس بەلفۆر) ەوە لە ١٩١٧/١١/٢دا بەجولەکەکان درا، لۆبی جولەکەو سەرمایەی جولەکە بەلای خۆیاندا رابکێشن، بەمەش توانیان لەماوەیەکی کورتدا هاوکێشەکە ڕاست بکەنەوەو سەنگی خۆیان زیاتر بکەن. ئەم هەنگاوە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بەهێزکردنی بریتانیاو هاوپەیمانەکانی و لاوازکردنی ئەڵمانیاو عوسمانی، چونکە

جومگـە سـەرەکیەکانی ئابـووری ئەڵمانیـاو عوسـمانی لەدەسـتی جولەکەکانـدا بـوو. ئـەم هەنگـەوە بـووە هـۆی ئـەوەی بەشـێکی زۆری سـەرمایەی ئـەو دەوڵەتـە بگوازنـەوە بۆخزمەتـی بریتانیـاو هاوپەیمانانـی و ئەمـەش ژێرخانـی ئابـووری ئەڵمانیـاو عوسـمانی بـەرەو هـەرەس بـرد، لەهەمـان کاتـدا بـووە پشـتیوانیەکی گـەورە بـۆ برتیانیـاو هاوپەیمانەکانـی. دیـارە ئـەم سـەنگەرگۆڕینەی جولەکـە بـووە هـۆکاری ئـەوەی لەسـاڵانی سـیەکان و چلەکانـدا جولەکـەکان باجێکـی مەزنـی لەسـەر بـدەن. ئەوەبـوو دەوڵەتـی تورکیـاش لەڕێگـەی کۆمەڵێـك یاسـاوە زۆر مافـی مەدەنـی، کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لەجولەکەکانـی تورکیـا وەرگرنـەوەو ئەڵمانیـای ئازیـش گەورەتریـن کۆکـوژی لەسـەر بەرێوەبـردن .

چـوارەم : لەکۆتایـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا ئەڵمانیـاو ئەمریـکاو تاڕادەیـەك ژاپۆنیـش وەکـو سـێ هێـزی مەزنـی ئابـووری و پیشەسـازی دەرکەوتنـە سەرشـانۆی جیهـان. ئەڵمانیـا هەڵوێسـتی خـۆی لـە بەرامبـەر بریتانیـاو فەرەنسـا هـەرزوو دیاریکـردو ئامـادە نەبـوو ڕێگـە بـدات کـە ئـەودوو دەوڵەتـە جیهـان بۆخۆیـان قـۆرخ بکـەن. هەرئەمـە وایکـرد زوو کەوتنـە نـاو ململانێـی سیاسـی، سـەربازی و ئابـووری لەگەڵیانـداو ئەمـەش هۆکارێکـی سـەرەکی شـەڕبوو. بـەڵام ئەمریـکاو ژاپـۆن بـە وریاییـەوە هەڵسـوکەوتیان کـرد، بەتایبەتـی ئەمریـکا، ئەوەبـوو سـەرەتا خـۆی نەخسـتە نـاو شـەڕەوەو بـەرەی خـۆی بەتـەواوی یەکلایـی نەکـردەوە، چاوەڕوانـی لاوازبوونـی هـەردوو بەرەکـە بـوو، لـەم سیاسەتەشـدا سـەرکەوت، ئەوەبـوو لەکۆتایـی شـەڕەکەدا بـووە لایەنگـری بریتانیـاو فەڕەنسـاو ڕۆڵـی یەکلایکـەرەوەی بینـی و بەهـۆی ئـەم ڕۆڵـەوەو لەلایەکـی تـرەوە بەهـۆی ئـەوەی جوگرافیایەکـی دوور بـوو و زیانـی زۆری بەرنەکـەوت و توانـی هێـزی خـۆی لەهەمـوو بوارێکـدا بپارێزێـت و لـەدوای شـەر ببێتـە هێزێکـی چـالاك و یەکلاکـەرەوە لەململانـێ و چارەسـەرکردنی کیشـەکاندا.

ئـەم فاکتەرانـە بوونـە هـۆکاری سـەرکەوتنی بریتانیـاو هاوپەیمانەکانـی و بنکەوتنـی ئەڵمانیـاو عوسـمانی و هاوپەیمانەکانیـان. کاریگەرییەکانـی شـەڕ لەسەرکوردسـتان و ناوچەکـە زۆربـوو، چونکـە ژمارەیەکـی زۆر گەنجـی کـوردو بەشـێکی جوگرافیـاو کومەڵـگای کوردسـتان بوونـە سـوتەمەنی شـەڕ. ئەمـەش هـەم لـەرووی ئابوورییـەوە قەیرانـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا، ئەوەبـوو قـات و قڕییەکـی زۆر بـڵاو بویـەوە، هـەم لـەڕووی سیاسـیەوە ئاڵـۆزی زۆری لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا، برسـێتی زۆر بڵاوبویـەوە، بەهـەزاران کـەس لەبرسـا مـردن. لـەرووی کۆمەڵایەتیـەوە پەیوەنـدی کـوردو پێکهاتەکانـی تـر بـەرەو لاوازی چـوو، لەلایـەك درز کەوتـە نێـوان کـوردو تـورك وەکـو دوونەتـەوەی پارێـزەری دەوڵـەت و سیسـتەم، لەلایەکـی تـرەوە پەیوەنـدی دۆسـتانەی کـورد، ئەرمـەن و ئاشـوری بـەرەو لاوازی چـوون، کـە ژیانێکـی هاوبەشـیان پێکـەوە هەبـوو، لـەڕووی سیاسیشـەوە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بـووە پاشـکۆی هێـزە ڕۆژئاواییـەکان و زۆربـەی چوڵانـەوە سیاسـیەکان لەهەوڵـی لاسـایکردنەوەی ڕۆژئـاوادا بـوون. هەرچـی جوڵانـەوەی کـوردی و پێشـەنگانی کوردیشـە ئەوانـەی لەهەوڵـی لاسـاییکردنەوەی ڕۆژئـاواو دەسـتەبەرکردنی مۆدیلـی دەوڵـەت نەتـەوەدا بـوون زۆر لاوازو بـێ هێـز بـوون، ئەوانـەی تریـش کەخەونـی خۆیان بەسـتبووەوە بەسـەرکەوتنی عوسـمانیەوە، خاوەنـی پرۆژەیەکـی ئەڵتەرناتیف نەبـوون و دوای بنکەوتنـی عوسـمانی و خـۆ بەدەسـتەوەدانیان هەندێکیـان کەوتنـە هەوڵـدان بۆخـۆ

گەیاندنـە بریتانیـاو هاوپەیمانەکانـی، هەتـا جێگەیـان بدەنـێ لەهاوکێشـەی نوێـدا. هەندێکیشـیان بەبێ ئامادەگی و رێککەوتنـی ناوخۆیـی و تەدبیـر وەرگرتـن لەبەرانبـەر دەرەوەدا، خۆیـان خسـتەوە نـاو پـرۆژەی مسـتەفا کەمـال و ئەمـەش لەبـن نـاوی میسـاقی میللـی و پـرۆژەی رزگاری نیشـتمانیدا ئەنجـام درا.

ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە ئامـاژەی پـێ بکەیـن ئەوەیـە کـە لەئەنجامـی ڕووداوەکانـی پێـش شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و لەکاتـی شەڕیشـدا لۆبـی جولەکـەو مۆدێرنینـەی سـەرمایەداری و مۆدیلـی ژیانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری کەخـۆی لەمۆدیلـی دەوڵـەت نەتـەوە، پیشەسـازیگەرایی و سـەرمایە ـ قازانجدا دەبینیەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، چونکـە ئـەوە لۆبـی جولەکـەو مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری بـوو هێزەکانیـان لەبەرامبـەر یەکـتردا هانـداو هەمـوو توانـای خۆیـان خسـتبووە گـەڕ بـۆ بەجیهانیکردنـی مۆدێلـی دەوڵـەت نەتـەوەو تێپەڕکردنـی مۆدیلـی دەوڵەتـی ئیمپراتۆرییـەت. هەروەهـا هەمـوو توانـای خۆیـان سـەفەربەرکردبوو بـۆ ناشـیرینکردنی مۆدیلـی ئۆممـەت و پێکـەوە ژیانـی گـەلان و لەبەرامبـەر ئـەوەدا بەسـتنەوەی ناسـنامەی هـەر میللەتێك بەهەبوونـی دەوڵەتێکەوە. لـەم پرۆسەیەشـدا تاڕادەیەکـی زۆر سـەرکەوتن. ئەوەبـوو توانیـان سۆسیالیسـتەکانی ڕووسـیاش کـە لەبەرامبـەر پـرۆژەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدا تاڕادەیـەك بەهەڵوێسـت و وشـیاربوون، ڕاکێشـنە سـەرهێڵی خۆیـان. ئـەوەش کاتێـك ڕویـدا کـە بەلشـەفیەکان لـە ڕێگـەی پرۆزەکـەی سـتالینەوە مافـی چـارەی خۆنوسـینی گەلانیـان وەکـو مافـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی نەتـەوە پێناسـەکرد. ئەمـەش هێزێکـی مەزنـی بەخشـیە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری و بـووە سـەرەتای لەخـۆ نامۆبوونـی سۆسیالیسـتەکان و دوورکەوتنـەوە لـە بەهـا کۆمەڵایەتیـەکان و خۆبەسـتنەوە بەدەوڵەتـەوە، ئـەم لادانـەش بەسـەرکەوتنی نوێنـەرە ڕاسـتەقینەکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری کۆتایـی هـات. ئەوانـەش بـن کەوتـن کـە خواسـتیان بەچـەك و ڕێبـازی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری ململانێـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری بکـەن و گۆمەڵـگاو بەهـا دیموکراتـی و سۆسیالیسـتەکان بپارێـزن. لێـرەدا بـە پێویسـتی دەبینـم کـە هەڵسـەنگاندنێکی ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجـالان لـەم بارەیـەوە بخەمـە بـەر دیـدی خوێنـەران، کـە دەڵێـت؛ مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری هێـزی بنەڕەتـی خـۆی لەپـارەو چەکەکانیـەوە وەرناگرێـت، بەڵکـو هێـزی ڕاسـتەقینەی خـۆی لـەو لیبرالیزمـەوە وەردەگرێـت کـە لەجادوگەرێـك زۆر ئەفسـوناوی تـر سـەرجەم یۆتۆپیـاکان، بـە یۆتۆپیـای سۆسیالیستیشـەوە کـە دواییەمیـن و بەهێزترینیانـە بـۆ ڕەنگـی جیـاواز دەگۆڕێـت و لەنـاو خۆیـدا نوقمیـان دەکات و دەیانتوێنێتـەوە.

گەلـی کوردیـش وەکـو گەلێکـی دێرینـی جیهـان و ناوچەکـە، بەهـۆی ئـەوەی کەبـە قوڵـی لەژێرکاریگـەری بەهـا کۆمیناڵەکاندایە، مۆدێلـی ژیانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری وەکـو چارەسـەری پەسـەند نەبـوو، یاخـود دەتوانیـن بڵێیـن کەبەشـی زۆری کۆمەڵـگای کـورد ئـەو مۆدیلـەی هـەرس نەکردبـوو، هەرئـەوەش هۆکاربـوو بـۆ ئـەوەی کـە بەگەرمـی پێشـوازی ئـەو مۆدیلـە نـەکات. داخـوازی نەتەوەیـی گەشـەی دەکـردو هەسـتی بـە چەوسـانەوەی نەتەوەیـی کردبـوو لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا، بـەڵام ئەوانـەی کەدروسـتکردنی دەوڵـەت نەتـەوەو مۆدیلەکەیـان پەژراندبـوو هـەم کەمینـە بـوون،

هـەم پێداویسـتیەکانی ئـەو مۆدیلەیـان لەکەسـێتی خۆیـان و تەڤگەڕەکانیانـدا دابیـن نەکردبـوو. بـۆ نمونـە مۆدیلـی دەوڵـەت نەتـەوە پێداگیـری لەسـەریەك ڕەنگکردنـی گۆمەڵـگاو زاڵکردنـی ڕەنـگ و نەتـەوەو زمانێـك بەسـەر ئەوانـی تـردا ئـەکات، بـەڵام ئـەم تایبەتمەندیانـە لـەلای کـوردو ڕێبەرەکانـی نەبووبوونـە تایبەتمەنـدی زاڵ. هەروەهـا مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری ئـەو مۆدیلـەی پەرەپێـدەدا کەتاك ڕۆڵ و گرنگی بکەوێتـە سـەروو کۆمەلگاوە، پـارەو مـادە گرنگـی و بایـەخ و ڕۆڵیـان بکەوێتـە سـەروو بەهـا کۆمەڵایەتیەکانـەوە، واتـە ئیتر بەرژەوەنـدی تـاك و قازانـج و سـەرمایە حوکمـی کۆمەڵـگا بـکات و بەرژەوەنـدی کۆمەڵـگاو ئەتنیـك و بەهاکانـی کۆمەڵـگا لەسـێبەری ئـەو سیسـتەمدابن و چاوەڕوانـی ڕەحـم و ویژدانـی تـاك و سـەرمایە بـن. ئـەم ڕەوشـەش لەنـاو کۆمەلـگای کـوردو کوردسـتاندا زەمینـەی کـەم بـوو، هەربۆیـە کـورد بەئاسـانی نەبـوو بەسـوارەی ئـەو مۆدیلـەو ئەمـەش هـۆکاری سـەرەکی بـوو کـە کـورد پەراوێـز دەخـراو دواتریـش نکۆڵـی لێکـراو لەهاوکێشـەکان دوورخرایـەوەو بـێ ناسـنامە دەکـرا. واتـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری و لۆبـی جولەکـە کـە هەڵسـوڕێنەری سـەرەکی ئـەو مۆدیلـە بـوو لەگـەڵ هێزەکانیـدا بینیـان کـورد نابێتـە نێچیرێکـی ئاسـان بـۆ ئـەو مۆدیلـە یـان نابێـت بـە سـوارچاکێکی بـاش بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو مۆدیلـە، ئەمـەش هۆکاربـوو کـە بەشـێوەیەکی تاکتیکـی هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ کـوردا کـردو لەسـتراتژی خۆیانـدا جێگەیـان نـەدا بەکـورد. واتـە هـۆکاری پەراوێزخسـتنی کـورد ئـەوە نەبـوو کـە سـەرکردە کـوردەکان وەکـو هەندێـك باسـی لێـوە دەکـەن: گوایـە شـێخ مەحمـود یـان پێشـەواکانی تـری کـورد ئامـادە نەبـوون تەوقـە لەگـەڵ نوێنـەری بریتانیەکانـدا بکـەن. لەبەرئـەوە کـورد پەراوێـز خـراوە. ئـەوەی کەمێـك شـارەزابێت لەمێـژووداو ئـاگای لەبەڵگـەو ڕووداوە مێژووییـەکان بێـت، ئـەو ڕاستیە دەبینـێ کـە زۆربـەی سـەرکردەو ڕێبـەرە کـوردەکان هـەر لـە ڕۆشـنبیرەکانی هەتـا زانـا ئاینیەکانـی پێـش شـەڕی جیهانـی و لەکاتـی شـەڕی جیهانـی و دوای شـەڕی جیهانیـش پەیوەندییـان لەگـەڵ بریتانیـا، ڕووسـیاو فەڕەنسـاو دواتریـش ئەمریـکا نەبڕیـوەو داوای دۆسـتایەتی و هاوکارییـان لـێ کـردوون، نـەك تەوقەیـان لەگەڵـدا کـردوون، بەڵکـو زۆر خزمەتیشـیان کـردوون، بـەڵام کـورد خواسـتویەتی وەکـو خـۆی بـژی و بەهاکانـی بپارێزێـت، نـەك بـۆ بەهـاو پێوەرەکانـی ئـەوان بـژی، دەکرێـت ئەمـە وەکـو تەوقـە نەکردنێکـی ئەخلاقی بەناوبکرێـت ! خۆئەگـەر سـەرکردەو ڕێبـەرە کـوردەکان ئەوەیـان نەکردبێـت، ئـەوا تاوانیـان نەکـردووە، بەڵکـو ئەرکـی ئەخلاقـی و کۆمەڵایەتـی خۆیـان جێبەجـێ کـردووە. ئـەوەی کـە جێگـەی ڕەخنـەو هەڵسـەنگاندنە ئەوەیـە کـە بەشـی زۆری چینـی سەردەسـتی کـورد، پێشـەنگ و ڕێبـەرو ڕۆشـنبیرانی کـورد زوو هەسـت بـە بەسـەرچوونی مۆدیـل و سیسـتمی ڕابـردوو ناکـەن، ئەوانەشـی هەسـتی پـێ دەکـەن خۆیـان خاوەنـی مۆدیلێـك نییـن کـە بتوانێـت مۆدیلـە بەسـەرچووەکە تێپەڕبـکات و چارەسـەریش لەگـەڵ خۆیـدا بێنـێ و بەهاکانـی کۆمەڵـکاش بپارێزێـت. ئەمـەش وا دەکات بەشـی زۆری کۆمەڵـگای کـوردی لەنـاو مۆدیلـی وادە بەسـەرچوودا خـۆی بخواتـەوە. ئـەم ڕەوشـە لەئەمڕۆشـدا لەنـاو بەشـێکی زۆری سـەرکردەو پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتاندا دەبینرێـت. ئەوەتـا مۆدیلـی دەوڵـەت نەتـەوە بەئەزموونـی سەدسـاڵەی خـۆی سـەلماندی کـە مۆدێلێکـی گونجـاو نیـە

بۆچارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگاو کێشەکان قوڵتر دەکاتەوەو گەلان دەکات بەگژ یەکترداو مەیلی سڕینەوەی یەکتر لەلای گەلان و خۆ سەپاندن بەسەر یەکتریدا دروست دەکات، لەجیهانیشدا زۆربەی بیرمەندو جوڵانەوە سیاسیەکان لە ئەڵتەرناتیڤ دەگەڕێن، کەچی ئەو سەرکردەو پارتە سیاسیانەی لای خۆمان تازە بەتازە ئازادی و سەربەخۆیی و چارەسەری کیشەکانمان دەبەستنەوە بەدرویتکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە. لەبارودۆخێکی بەمشێوەیەدا شەڕی جیهانی تەواوبوو. گەلان چاوەڕوانی ئەوەبوون دوای شەڕ بەئاواتەکانیان بگەن، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕووسیا، ڕاگەیاندنی ویلسن بۆمافەکانی گەلان و هەرە دوایی ئەو بڵاوکراوەیەی بریتانیاو فەڕەنسا کە لەدوای سەرکەوتنی شەڕەکە بەماوەیەکی کورت لە ١٩١٨/١١/٢٨دا ، واتە (١٧) ڕۆژ دوای ئاگربەست و خۆبەدەستەوەدانی بەرەی سوێندخۆرەکان، ڕایانگەیاندو تێیدا هاتبوو؛"بریتانیاو فەڕەنسا پێکەوە هەوڵدەدەن بۆ رزگارکردنی ئەو نەتەوانەی کەچەندین ساڵە لەژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا دەناڵێنن. بەشێوەیەك کەسەربەست بن لەدامەزراندی حکومەت و بەڕێوەبەرایەتی نیشتمانی بەپێی ئارەزووی دانیشتوانە ڕەسەنەکانیان و هەڵبژاردنی خۆیان" کوردیش یەکێك بوو لەو گەلانەی کەخەیاڵی خۆی لەسەر ئەو راگەیاندنانە هەڵچنی بوو.

## ب- دەرئەجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی کوردستان

شەڕی جیهانی تەواو بوو، دەوڵەتی عوسمانی زۆربەی جوگرافیاکەی لەدەست چوو، ئەوەشی لە ئاگربەستی (مۆدرۆس)ی ١٩١٨/١٠/٣٠ بەسندکردبوو. بەپێی ئەو ئاگربەستە سەرجەم ئەو جوگرافیایانەی کەوتبووە ژێردەستی هاوپەیمانەکانەوە دەبووە مۆڵکی ئەوان و مافی عوسمانیەکانی بەسەرەوە نەدەما. ئێران لەناو ئاڵۆزی ناوخۆییدا بوو و لەژێر کاریگەریی جیهانیشدا رۆژانە قەیرانەکانی زیاتر دەبوو، ئەحمەد شای قاجاریش نەدەبووە وەڵام بۆکێشە ناوخۆیی و گۆڕانکارییە دەرەکیەکان. لەلایەکی ترەوە هەر گەل و نەتەوەیەك لەهەوڵی خۆ ئامادەکردندا بوون و چاوەڕوانی بەشیا خۆیان دەکرد. ئەوەبوو ئەرمەنەکان دەوڵەتیان بۆ خۆیان راگەیاندو لەهەوڵی گەورەکردنی جوگرافیای دەوڵەتەکەیاندا بوون. ئاشوریەکان کەپێشتر بەهاوکاری ڕووسیاو بریتانیا لەناوچەکانی ئورمێ و هەکاری کۆدەبوونەوە، خۆیان بۆ دروستکردنی دەوڵەت لەو ناوچانە رێکدەخست. عەرەبەکانیش هەوڵەکانیان بۆ هەمان مەبەست چڕ کردبووەوە. کوردیش هەوڵیاندا لەوکاروانەدا جێگە بگرن و هەوڵەکانیان چڕکردەوە. لەم بەشەدا باس لەهەوڵدانەکانی کورد لەدوای شەڕی جیهانی هەتا دابەشکردنی کوردستان دەکەین. لەبەرامبەر ئەمانە هەمویدا هێزە سەرکەوتووەکانی شەڕ لەهەوڵی ئەوەدابوون ئەو پەیمان و رێککەوتن و بەڵێنانەی لەڕابردوودا بە یەکتریاندابوو یاخود ئیمزاکردبوو جێبەجێی بکەن، بەتایبەتی هەردوو رێککەوتنی سایکس ـ پیکۆو بەڵێنی بەلفۆر. بەپێی رێککەوتنی سایکس ـ پیکۆ، پێویست بوو رۆژهەڵاتی تورکیا بکەوێتە ژێر دەستی ڕووسیا، ویلایەتی بەسرە و بەغداد و ئوردون بکەوتایەتە دەستی بریتانیا لەگەڵ بەشێك لەخوارووی سوریا، ویلایەتی موسڵ و حەلەب

هەتا دیلۆك، خەربوت و گرگوم (مەرش) بکەوتایەتە دەستی فەڕەنسیەکان و ناوچەی ئیزمیرو کەناراوەکانی رۆژهەڵاتی دەریای ئیجە بکەوتایەتە دەستی یۆنایەکان، واتە تەنیا ئەستەنبوڵ و ناوەوەی ئەنادۆڵ بۆ تورکەکان دەمایەوە. ناوچە کەنارییەکانی لوبنان لە دەریای سپی و فەلەستینیش بکەوتایەتە ژێر چاودێری فەڕەنساو بریتانیاو دەزگا نێودەوڵەتیەکانەوە. لەلایەکی ترەوە بەڵێنی بەلفۆر کە لەخوارەوە دەقەی هەیە، بریتانیا لەڕێگەی وەزیری دەرەوە بەڵێنی دابوو بەجولەکە کە لەفەلەستین دەوڵەتێکیان بۆ دروست بکەن. کەئەمە دەقی بەڵێنەکەیە؛

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

٢ ی نۆڤەمبەری ١٩١٧

لۆرد رۆتشیڵدی بەرێز

مایەی خۆشحاڵیمە بەناوی حکومەتی شاژنی خاوەنشکۆوە ڕاگەیاندراوێکتان بە لەخۆگرتنی ئامانجەکانی زایۆنیزم، کە لەلایەن کابینەی حکومەتەوە خوێندراوەتەوەو پەسندکراوە پێ ڕابگەیەنم " حکومەتی شاژنی خاوەنشکۆمان لەبەرامبەر دامەزراندنی ماڵێکی نیشتمانی بۆ گەلی جولەکە لەفەلەستیندا ئامادەیەو باشترین تواناشی بۆ ئاسانکردنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەکار دەهێنێ. تیاشیدا ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێ کە نابێ گەیاندنامەکە وا لێکبدرێتەوە کە زیان بەمافە مەدەنی و ئایینیەکانی کۆمەڵگەی غەیرە جولەکە لەفەلەستیندا بگەیەنێ، یان زیان بەماڤ و پێگەی سیاسی جولەکە لە هەر وڵاتێکدا هەبن بگەیەنێ"

من سوپاست دەکەم کە ڕاگەیاندنەکە بگەیەنیتە فیدراسیۆنی زایۆنیزم.

ئیمزا

ئارسەر جێمس بەلفۆڕ

ئەم بەڵێنە لەلایەنی ئارسەر جێمس بەلفۆڕ (١٨٤٨-١٩٣٠ز)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیاوە پێشکەشی لۆرد رۆتشێلد (١٨٦٨-١٩٣٧)کرا هەتا بیگەیەنێتە فیدراسیۆنی زایۆنیزم . ئەم پەیمانانەو ڕاستی سەرزەوی یەکیان نەدەگرتەوە، چونکە کاتێك پەیمانی (مۆدرۆس) مۆرکرا، هێشتا بەشێکی ئەو جوگرافیانەی بریتانیاو فەڕەنسا چاویان تێبڕیبوو نەکەتبوونە ژێر کۆنترۆڵی ئەو هێزانەوە. بۆنمونە ویلایەتی موسڵ و باکوری سوریاو ناوچەکانی دیلوك و مەرەش و ڕوها لە ژێردەستی عوسمانیدا مابوونەوە. هەر بۆیە بریتانیاو فەرەنسا هەوڵیاندا ئەو ناوچانە بخەنە ژێردەستی خۆیانەوەو ئەوە بوو لە ١٩١٨/١١/٢و سێ رۆژ دوای ئاگربەست سوپای بریتانیا بە سەرپەرشتی عەقید لیچمان داوای لە (عەلی ئیسحان پاشا)ی جەنەراڵی تورك کرد کەلە باشوری موسڵدا بوون، موسڵ چۆڵ بکەن و ڕادەستی ئینگلزی بکەن. لەرۆژی ١٩١٨/١١/٥دەستیان بەسەر موسڵدا گرت. فەڕەنساش بەرەو باکوری سوریا هەڵکشا. ئەم هەڵوێستەی بریتانیا و فەرەنسا تورکەکانی سەغڵەت کرد، چونکە پێیان وابوو پەیمانی ئاگربەست دەشکێنن و بۆ ئەوە سوود لەلاوازی عوسمانی وەردەگرن، بریتانیاو فەرەنسیەکانیش دەیانگوت ئێمە پەیمانەکەمان ئەشکاندووە، بەڵکو هەردوو ماددەی (٧و١٦)ی پەیمانەکە جێبەجێ دەکەین کە لە ماددە(٧)

دا هاتـووه؛ سـوپای بریتانیـاو هاوپەیمانەکانـی لەهەرجێیـەك توشـی هەڕەشـە بـن دەتوانـن بیخەنـە ژێردەسـتی خۆیانـەوە. لەمـاددەی (١٦)دا هاتـووە؛ دەبێـت بنکـە سـەربازییەکانی عەسـیر، یەمـەن، سـوریاو میزۆپۆتامیـا بدرێنـە دەسـت نزیکتریـن فەرمانـدەی هوپەیمانـەکان و بـەو پێیـەی موسـڵ بەشـێکە لـە میزۆپۆتامیـاو حەلـەب و ناوچەکانـی حـەڕان بەشـێکن لەسـوریا پێویسـتە رادەسـتی بریتانیـا و فەرەنسـا بکرێـن . بـەڵام عوسـمانیەکان ئـەم تەفسـیرەیان پەسـند نەدەکـرد. بـەڵام بریتانیـاو فەرەنسـا نیگەرانیەکانـی دەسـەڵاتی عوسـمانیان ڕەچـاو نەکـردو بریتانیـا بەشـی زۆری ویلایەتـی موسـڵی خسـتە ژێـر دەسـتی خۆیـەوە، فەڕەنسـاش باکـوری سـوریاو بەشـێك لەباکـوری کوردسـتانی خسـتە ژێـر دەسـتی خۆیـەوە.

لـەم بارودۆخـەدا لەرۆژهەڵاتـی کوردسـتان سـمکۆی شـکاك، سـەردار رەشـید خانـی سـنە، عەلـی مەهخـان و مـوراد خانـی عەشـیرەتی پیرەوەنـدی لـەك و خالۆقوربـان و ژمارەیـەك کەسایەتی کـورد سـەربەخۆ، یـان لەگـەڵ پێکهاتەکانـی تـردا لەهەوڵـی دەسـتەبەرکردنی مـاف و ئازادییەکانیانـدا بـوون لەرۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێرانـدا. لەکاتـی خۆیـدا تیشـك دەخەینـە سـەر ئـەو بارودۆخـەی لـە ئێـران و رۆژهـەڵات دەگـوزەرا. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە ئاماژەی پـێ بکەیـن ئەوەیـە کـە ڕوداوەکانـی ئێـران و رۆژهـەڵات کاریگەرییـان سـنوردار بـوو لەسەرسیاسـەتی ناوچـەو گۆڕانکارییەکانـی ناوچەکـەش، واتـە هاوشـێوەی دەوڵەتـی عوسـمانی کاریگەریـی لەسـەر دەوڵەتـی ئێـران نەبـوو. ڕوداوەکانـی کوردسـتانیش بەهەمـان شـێوەبوو، ئـەوەی زیاتـر کاریگەر دەبـوو بەگۆڕانکارییـەکان یاخـود کاریگەریی لەسـەر گۆڕانکاریـەکان و روداوەکان بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ هەبـوو، ئـەو بەشـەی کوردسـتان بـوو کـە هەتـا ئـەو سـەردەمە لەژێـر دەسـتی عوسـمانیدا بـوو. هێـزە جیهانیەکانیـش کێشـەیان زیاتـر لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانیدا هەبـوو، هەروەهـا چاویـان لـەو بەشـەی کوردسـتان بـوو کـە بەکوردسـتانی عوسـمانی بەناویـان دەکـرد. ئـەم بەشـەی کوردسـتانیش وەکـو ئەمـڕۆ دەبینرێـت لەپرۆسـەیەکی ئاڵـۆزدا دابەشـکرا بـۆ سـێ بەشـی ئـەو پرۆسـەیەی کـە نەخشـەی نوێـی جیهانـی تێـدا دارێـژراو نکۆڵـی لـە ناسـنامەو مافەکانـی کـرا. هەربۆیـە پێویسـتەو گرنگـە هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەم قۆنـاغ و پرۆسـەیە بکەیـن.

لەکاتێکـدا بریتانیـاو فەڕەنسـاو هاوپەیمانەکانیـان لەهەوڵـی ئەوەدابـوون بەپێـی ڕێککەوتنەکانـی ڕابردوویـان و لەچوارچێـوەی بەرژەوەندیەکانیانـداو لەسـەر بنەمـای سیاسـەتی پەرتکـەو زاڵبـە هاوکێشـەکان ڕێکبخەنـەوەو نەخشـەی نوێـی جیهـان دابڕێـژن، گەلـی کوردو پێشـەنگ وسـەرکردەکانی کـورد، هەروەهـا بەرپرسـانی تـورك و نەتەوەکانـی تریـش لەهەوڵـی ئەوەدابـوون مافەکانـی خۆیـان مسـۆگەربکەن. لـەم نێوەنـدەدا کوردیـش کۆمەڵێـك جوڵانـەوەی سیاسـی و ڕێکخسـتنی بەڕێوەبـرد، کەدیارترینیـان ئەمانـە بـوون؛

**١ـ جوڵانەوەی شێخ مەحمودی بەرزنجی و ڕاگەیاندنی یەکەم حکومەت :(١٨٨٢-١٩٥٦ز)**

شـێخ مەحمـودی بەرزنجـی لەبـەر ئـەوەی لـە بنەماڵـەی شـێخ مارفـی نـۆدێ و کاك ئەحمـەدی شـێخ

بوو، هەروەها باوکی لەساڵی ١٩٠٩دا لەلایەنی ئیتحادییەکانەوە لەموسڵ لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای شێخ مەحموددا کوژرابوون، هەروەها خۆشی خاوەنی کەسایەتیەکی لێهاتوو بوو، ئەمانە وایکردبوو کە لەلایەنی جەماوەری سلێمانی و دەوروبەرییەوە ڕێزێکی تایبەتی لێ بگیرێت و لەکاتی ئەو قاتوقڕیەی کەبەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دونیای گرتەوە، شێخ لەسلێمانی و دەرەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی بۆ سوککردنی باری ژیانی جەماوەرو هەم لەڕووی ئیداری هەم لەرووی ئابوورییەوە ژیانی خەڵکیان بەشێوەیەك ڕێکخست کە بتوانن کاریگەریی برسێتی و شەڕ لەسەر خەڵك کەم بکەنەوە. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کەخەڵك لەکاتی ئەوەی شەڕ بەرەو کۆتایی دەچوو هیواو ئومێدیان بەشێخ مەحمود زیاتر بێت بۆ ئەوەی مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکات و شێخ مەحمودیش کەوتە سەر ئەو بیرۆکەیەی کەهەوڵبدات بۆ سەربەخۆیی کوردو لەم پێناوەدا هەوڵیدەدا سوود لەو بەڵێنانە وەربگرێت کە هاوپەیمانەکان دەیاندا بەگوێی خەڵکدا، بەتایبەتی ڕاگەیاندراوە (١٤)خاڵییەکەی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکاو لەم چوارچێوەیەدا پێش کۆتایهاتنی شەڕ بریتانیەکانی لەنیازو داواکەی ئاگادارکردەوە. ئەوکاتە بریتانیەکان هێشتا ویلایەتی موسڵیان نەگرتبوو. شێخ مەحمود هاوکاتی ئاگادارکردنەوەی بریتانیەکان خۆی بۆ ڕاگەیاندنی حکومەت ئامادەکرد. دوای ئەو ئاگادارکردنەوەیە لەڕۆژی ١٩١٨/١١/١ واتە دوو ڕۆژ دوای ئاگربەستی (مۆدرۆس) و خۆبەدەستەوەدانی عوسمانیەکان (مێجەرنۆئێل) وەکونوێنەری بریتانیا گەیشتە سلێمانی و پشتیوانی حکومەتی بریتانیای گەیاندە شێخ مەحمود بۆ ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردستان و شێخ مەحمودیش لە ١٩١٨/١١/٢دا حکومەت ڕادەگەیەنێت و مێجەر نۆئێلیش ئامادەی ئەو ڕاگەیاندنە دەبێت و شێخ مەحمودیش وەکو شای(مەلیك) کوردستان خۆی ڕادەگەیەنێت. شێخ مەحمود دەیخواست کە بریتانیا وەکو مەلیکی هەموو کوردستان پەسندی بکات و هاوکاریشی بکات، بریتانیاش چاودێری بارودۆخەکەی دەکردو هاوکاری شێخ مەحمودی نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەوتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆك خێڵ و کەسایەتیەکانی کوردستانداو نەیدەخواست سنوری دەسەڵاتی شێخ مەحمود سلێمانی و دەوروبەری تێپەڕبکات. شێخ مەحمود خۆشی نەیتوانی هەموو سەرۆك خێڵ و شێخ و ئاغاکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان ڕازی بکات بەوەی کەبێنە پاڵ حکومەتەکەیەوە، دیارترین نمونە چارەسەرنەکردنی ناکۆکیەکانی بوو لەگەڵ عادیلەخانی سەرۆکی هۆزی جاف کە ئەو کاتە حاکمی هەڵەبجەبوو. سەرەڕای ئەم بارودۆخە پەیوەندی حکومەتەکەی شێخ مەحمودو بریتانیا هەتا کۆتایی نیسانی ١٩١٩بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەمێجەر نۆئێل کاری بۆئەوە دەکرد کە ئەو پەیوەندییە ڕابگرێت. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مێجەرنوئێل یەکێك بووە لەو ئەفسەرو بەرپرسانەی بریتانیا کە لایەنگری کورد بووەو داکۆکی لەوە کردووە کە لەو کاتەدا کورد سەربەخۆبێت و لە یادەوەری و ڕاپۆرتی خۆیدا گوتویەتی؛" لەخۆرهەڵاتدا نەتەوەیەکم نەدیوە ئەوەندەی کورد زیندوو بێت و هیچ میللەتێکم نەدی هێندەی ئەوان شایانی سەربەخۆیی بێت. بەداغ و پەژارەوە کە ئەوروپا تائێستا ئەم میللەتەی

وەکو خۆی بەشایستەیی نەناسیوە". لە ١٩١٩/٤/٢٤ دا بریتانیا مێجەرنۆئێل بانگێشت دەکەن و بەنوێنەرایەتی بۆ پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ سەرۆك خێڵ و کەسایەتیەکانی کورد لەباکور دەینێرن بۆ باکوری کوردستان و لەهاوینی ئەو ساڵەدا دەچێتە باکوری کوردستان. (مێجەرسۆن) لەجێگەی ئەو دەبێتە نوێنەری بریتانیا لەسلێمانی. ئەمەش دەبێتە سەرەتای کۆتایی پەیوەندی بریتانیاو حکومەتەکەی شێخ مەحمود، چونکە بریتانیا دەخوازێت لەڕێگەی (مێجەرسۆن)ەوە فەرمانڕەوایی سلێمانی بکات و فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود رەچاو ناکات. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کەشێخ مەحمود داوای هاوکاری لە دەوروبەربکات بۆسنورداركردنی دەسەڵاتی بریتانیەکان لەسلێمانیداو لەسەرئەو بنەما لە ١٩١٩/٥/١٢دا مەحمود خانی دزڵی لەرۆژهەڵاتەوە دێت بۆ هاوکاری شێخ مەحمود، بەڵام هێزی (لێڤی)کە هێزێکی سەر بە بریتانیابوون و لەئاشوریەکان دروستیان کردبوو، ڕێگایان لەمەحمودخان گرت کە بچێتە ناو سلێمانیەوەو بەم هۆیەوە شەڕ دروست دەبێت. لەشەڕەکەدا مەحمودخان سەرکەوت و چووە ناو سلێمانییەوە. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی مێجەرسۆن سلێمانی بەجێ بهێڵێ و پەیوەندی حکومەتەکەی شێخ و بریتانیا بپچڕێت، دواتر لەمانگی شەشدا بریتانیا هێزێکی (٤٠)هەزار کەسی بەفەرماندا‌ری جەنەراڵ (فرایزەر)و بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی لە کەرکوکەوە ناردە سەر سلێمانی. شێخ مەحمود بەهێزێکەوە لەدەربەندی بازیاندا ڕووبەروویان بوویەوەو شەڕێکی دژوار ڕوودەدات، هەتا لە ١٩١٩/٦/١٨دا هێزەکانی بریتانیا بەچاو ساغی(مشیری حەمەی سلێمانی هەمەوەندی) دزە دەکەنە پشتی هێزە کوردییەکانەوەو ئەمەش هاوسەنگی شەڕ دەگۆڕێت و هێزی کورد دەشکێت و شێخ مەحمودیش لە بەردەقارەمان بریندار دەبێت و بەدیل دەگیرێت و دەیبەنە بەغداد. لە ١٩١٩/٧/٢٥ لەبەغداد حوکمی سێدارەی بەسەردا دەسەپێنن. ماکماهۆن کەلەو کاتەدا فەرماندەی هێزەکانی بریتانیا بوو لەئێراق بڕیارەکەی گۆڕی بۆ زیندانکردنی بۆماوەی (١٠) ساڵ و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی(هینگام) لەهیندستان و هەتا ٩٩٢٢/٩/٣٠ لەوێ مایەوە، هەتا لەسەرداوای چەرچل(چەرچل لە١٩٢١/٤/٢١داو دوای کۆنگرەی قاهیرە داوای لە پێرسی کۆکس دەکات، کەئەوکاتە کۆمیسیاری باڵای بریتانیا بوو لەئێراق کە شێخ مەحمود ئازاد بکەن و بیگەڕێننەوە بۆ کوردستان)و لەسەر ئەو داوایە لە ١٩٢٢/٩/٣٠بە یاوەری مێجبەر ئوئێل گەڕایەوە سلێمانی.

٢ـ ڕاپەڕینی مەلەدی (مەڵاتیا) :

ئەم جوڵانەوەیە یەکەمین جوڵانەوەی چەکداری کوردەکانی باکور بوو کە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە ڕویدا، کەلەهاوینی ساڵی ١٩١٩دا ڕویداو باڵی سەربەخۆخوازی ناو کۆمەڵەی تەعالی کوردستان کەبەدرخانیەکان سەرۆکایەتیان دەکرد لەپشتی ئەم جوڵانەوەیەوە بوون. سەرەتا ژمارەیەك سەرۆك هۆزو کەسایەتی کورد لە ناوچەی (شێرۆ)ی نزیك مەڵاتیا(مەلەدی) کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو لەجاڕنامەی کۆبوونەوەکەیاندا ئاماژەیان بەوەدا بوو "کورد

لەنیشتمانەکەیاندا لەلایەنی بەرپرسانی حکومەتی تورکەوە ڕووبەڕووی ستەمێکی زۆر بوونەتەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بەخۆشی و ئاسودەییەوە پێشوازی لەسەربەستیەکانی خۆیان بکەن و لەئەمڕۆوە کۆتی کۆیلایەتی دەخەینە لاوە“ هەروەها ئاماژەیان بەوەدا بوو کە لەسەرئەم خاڵانە ریککەوتوون:

١-(خەلیل بەدرخان) کە لەوکاتەدا موتەسەرفی مەڵاتیا بوو کرا بەفەرمانڕەوای کوردستان و عەلی غالب بەگ بەدرخان کەوالی خەرپوت بوو بە فەرمانڕەوای ناوچەکەی خۆی پەسندکرا.

٢ -پۆلیس و پاسەوان و هێزە سەربازییەکان لەژێر سەرکردایەتی خەلیل بەدرخاندا دادە نرێت.

٣-هەموو چەك و تەقەمەنیەکان و پۆشاکی سەربازی، کەحکومەت بۆ سوپای ڕەوانەی کردووە بۆ لێدانی خەباتکارە کوردەکان، دەبێت لەژێر فەرمانی خەلیل بەدر خاندا بن.

٤-پێویستە لێبوردنی گشتی دەربکرێت بۆ ئەو کوردانەی کەئەندامی کۆمەڵە کوردییەکانن.

٥-لابردنی وێنەکانی سوڵتان و هەرسێ کەسە دیارەکەی ئیتحادییەکان (تەڵعەت_ئەنوەر_جەمال) لەشوێنە گشتیەکان و قوتابخانەکاندا.

٦-خوێندن بەشێوەیەکی کاتی رابگیرێت تاکو ئەو کاتەی خوێندن بەزمانی کوردی دەست پێدەکات.

ئەم بزوتنەوەیە ناوچەکانی مەڵاتیاو خەرپوتی خستەژێردەستی خۆیەوەو داوای هاوکاریی لەبریتانیاو هاوپەیمانەکانی کرد کە هاوکارییان بکەن. هاوکات داوایان لەسەرۆك هۆزو کەسانی نیشتمانپەروەری ناوچەکانی دەوروبەرکرد کە بەشداری جوڵانەوەکەیان بکەن. هەروەها فیرقەی دیموکراتی کورد کەمەمدوح سەلیم سەرۆکایەتی دەکردو کەمال فەوزی بەدلیسی و عەزیزبەگی بابان لەکەسە دیارەکانی بوون پشتیوانی ئەم جوڵانەوەیان کرد. سەبارەت بەم جوڵانەوەیە نامەیەك ئاڕاستەی مەندوبی سامی بریتانی دەکەن و دەڵێن؛ ”کەمالیەکان بەناوی جیهادی ئیسلامیەوە هەندێك لەکوردەکانیان هەڵخەڵەتاندووەو ئامانجیان ئەوەیە کورد لەبۆتەی تورکدا بتوێننەوە. بەڵام کورد بەرەوڕووی دوژمنەکانی دەبێتەوەو واز لەخەباتی خۆیان ناهێنن. لەپێناوی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆدا بەپشتیوانی بریتانیا“. هەر لەو کاتەدا ژمارەیەك لەهۆزەکانی دەوروبەری مەڵاتیا هەتا سیڤەرك و دێرسیم ئامادەییان نیشاندا کەبەشداری جوڵانەوەکە بکەن . لەبارەی ئەم جوڵانەوەوە، مێجەرنۆئێل کە پێشتر لەسلێمانی بوو، بەئەرك حکومەتی بریتانیا ڕەوانەی باکوری کرد، لە بروسکەیەکدا کە ڕۆژی ١٩١٩/٩/٤و رۆژێك دوای گەیشتنی بەناوچەکە، بەناوی (هەڵوێستی سیاسی و هەڵوێستی کوردەکان) دەڵێ؛ گەیشتمە مەڵاتیا، کەزۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن. ڕێژەیان دەگاتە (٧٥٪_٨٠٪)ی ژمارەی خەڵکی ناوچەکە. گیانێکی بەرزی نەتەوایەتیم تێیاندا بەدیکرد. هیچ جۆرە شتێکم نەدی کە بۆنی دژایەتی بریتانیای لێ بێت. من ئەم هەڵوێستەیان دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کە لەو ناوچانەدا کێشەی رەگەزپەرستی نە لەپێش جەنگ و نە لەئێستاشدا هەستی پێ ناکرێت، چونکە هاوڵاتی ئەرمەنی لەم ناوچەدا نیە ” نوئێل و لازاریف باس لەوە دەکەن کە فەڕەنسیەکان هاوکاری کەمالیەکانیان کرد لە دژی ئەم

جوڵانەوەیـە. (مێجـەر برونوالـدی) فەڕەنسـی بەئاشـکرا لایەنگـری حکومەتەکـەی بـۆ کەمالییـەکان ڕاگەیانـدووە. وەکـو لـەزۆر بەڵگـەو نـوسراودا دەردەکەوێـت عوسـمانیەکان و بریتانیـەکان دەخـوازن سـوود لـەم جوڵانەوەیـە وەربگـرن بـۆ دژایەتـی کەمالییـەکان. بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کـە داوای سـەربەخۆییان دەکـرد هیـچ لایـەك بـەدەم بانگەوازیەکەیانـەوە نەچـوون. ئەمـەش دەرفەتـی دایـە مسـتەفا کەمـال کـە هێزێـك کۆبکاتـەوەو بچێتـە سـەریان. کاتێـك مسـتەفا کەمـال هێرشـی کردەسـەر ئـەو جوڵانەوەیـە، نوئێـل بەنـاوی حکومەتـی بریتانیـاوە بەکـوردەکان ڕادەگەیەنێـت کـە بەپەلـە هێزەکانیـان هەڵبوەشـێننەوە. چونکـە هەرجوڵانەوەیەکـی چەکـداری کەلەلایەنـی کوردەکانـەوە بکرێـت، ئەگـەر بچوکیـش بێـت ئـەوا دۆزی کـورد لـەلای وڵاتانـی ئەوروپـا ڕووبـەڕووی مەترسـی دەکاتـەوە، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە لـە ئێسـتادا ئـەو وڵاتانـە لـە دۆزی کـورد ڕازیـن. لـە (حەلـەب) یـش کـە سـورەیا بەدرخـان خواسـتی بەیاننامەیـەك لەسـەر کردەوەکانـی مسـتەفا کەمـال و هێرشـی بۆسـەر کـوردەکان بـڵاو بکاتـەوە، کۆلۆنێـل (جـی، ئێـچ، بیـل) نەیهێشـت ئـەو کارە بـکات و سـورەیا بەدرخانی قەناعـەت پـێ کـرد کـە لـەم کاتـەدا بـێ دەنگبـێ و هیـچ جوڵانەوەیـەك بەرپـا نـەکا، هەتـا لـە کۆنگرەیەکـی جیهانیـدا بڕیارێـك لەسـەر کـورد دەردەچێـت. ئـەم هەڵوێسـتانە بوونـە هـۆکاری لێکترازانـی هێزەکانـی کـوردو ئـەو کوردانەشـی کەخۆیـان ئامـادە کردبـوو بەشـداری جوڵانەوەکـە بکـەن، بـڵاوەی لـێ بکـەن. ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی مسـتەفا کەمـال بتوانێـت کۆتایـی بـەو هەوڵـە بهێنێـت. لەئەنجامـدا عەلـی غالـب بـەگ بەدرخـان هەڵهـات بـۆ روهـا بـەڵام زۆربـەی هاوەڵەکانـی دەسـتگیرکران.

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە بریتانیـاو فەرەنسـا کـە مسـتەفا کەمـال وەکـو یاخـی و دوژمـن رادەگەیەنـن، کەچـی هـاوکاری کـوردەکان ناکـەن لـەدژی کەمالیـەکان، بەپێچەوانـەوە داوای بـێ دەنگی لەکـوردەکان دەکـەن کەئەمـەش ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ هاوکاریە بۆ مسـتەفا کەمال، ئەمەش ئەو شـیکردنەوەیەی ڕێبـەر عەبدوڵائۆجـالان پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە پێـی وایـە ڕەنگـە هـەر لەسـەرتاوە مسـتەفا کەمـال بـە ئـاگاداری بریتانیـاو فەڕەنسـا ئـەو هەڵوێسـتەی نیشـان دابێـت و هەڵوێسـتە فەرمیەکانـی بریتانیـا و فەرەنسـا لـەدژی مسـتەفا کەمـال و پشـتیوانی دەسـەڵاتی خەلیفـە بەتەنیـا بۆمەبەسـتی بەهێزکردنـی کارتەکانـی مسـتەفا کەمـال بووبێـت.

٣ ـ ڕاپەڕینی قۆچگری:١٩١٩

ڕاپەڕینـی قۆچگـری بەپێشـەنگایەتی عەلـی شـان، عەلـی شـێر، حەیدەربەگـی بـرای عەلـی شـان، زیـاب ئاغـا حەسـەن خەیـری، ئەحمـەد ڕامیـس و مچـۆ ئاغـا بەڕێـوە چـوو. ناوچـەی قۆچگـری، دێرسـیم و ئەلازیغـی گرتـەوەو داوای مافـی خۆیـان دەکـەن لەبـواری سیاسـیدا. ئـەم ڕاپەڕینـە سـەرەتای سـاڵی (١٩١٩)دەسـت پێـدەکات و فەرمانڕەوایـی ناوچەکـە دەخەنـە دەسـتی خۆیانـەوە. لـەو کاتـەدا مسـتەفا کەمـال دێتـە سـێواس و ئـەرزرۆم (٢٩) و داوای پەیوەنـدی لـە سـەرکردەکانی ئـەو ڕاپەڕینـە دەکات و (زیـاب ئاغـا، حەسـەن خەیـری، ئەحمـەد ڕامیـس، مچـۆ ئاغـا) ڕازی دەکات بـەوەی کـە پێکـەوە

شـەڕی رزگاری بکـەن و وڵاتـی هاوبـەش دروسـت بکـەن. ئـەو کەسـانە دەکاتـە نوێنـەری گـەل و لـەو ئەنجومەنـەی لـە ١٩٢٠/٤/٢٣دا بەنـاوی (ئەنجومەنـی گـەورەی گـەل) دروسـتی کـرد، کردنـی بەئەنـدام. ئـەم بارودۆخـە جوڵانـەوەی قۆچگـری لاواز کـردو دواتـر مسـتەفا کەمـال قەناعـەت بـە حەیدەربـەگ دەکات کەشـەڕ نـەکات، گوایـە شـەڕی ئـەوان خزمەتـی هێـزە دەرەکیـەکان دەکات و لەڕێگـەی (حەیـدەر بـەگ) یشـەوە عەلـی شـان ناچـار دەکـەن کەدەسـت لـە شـەڕ بەربـدات. دواتریـش بەپلانێکـی نهێنـی عەلـی شـان دەکوژرێـت و ئـەو جوڵانەوەیـە کۆتایـی پـێ دێـت. ئـەوەی جێگـەی سـەرنج و باسـە، مسـتەفا کەمال(زیـاب ئاغـا، حەسـەن خەیـری، مچـۆ ئاغـا و ئەحمـەد رامیـس ) بەجلـی کوردییـەوە دەباتـە نـاو پەرلەمـان و داوایـان لـێ دەکات بەکـوردی قسـە بکـەن. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە حەسـەن خەیـری لەساڵی ١٩٢٣دا بەتەلەگـراف پەیوەنـدی بەڕێکخەرانـی کۆنگـرەی لۆزانـەوە دەکات و پێیـان دەڵـێ ئێمـەی کـورد ناخوازیـن لەتورکیـا جیاببینـەوە. کەچـی دواتـر لەسـاڵی ١٩٢٧دا دادگای دەوڵـەت لەسـەر ئـەوەی کـە بەجلـی کوردییـەوە چۆتـە نـاو پەرلەمانـەوەو بـە کـوردی قسـەی کـردووە حەسـەن خەیـری دادگایـی دەکات و بڕیـاری سـێدارەی بەسـەردا دەسـەپێنن و لەخەرپـوت لەسـێدارەی دەدەن. دەگوترێـت حەسـەن خەیـری پێـش ئـەوەی لەسـێدارەی بـدەن گوتویەتـی؛ داوام وایـە دوای مردنـم پارچـە پارچـەم بکـەن و هەرپارچەیەکـم بخەنـە سـەر رێـگای شـارو ناوچەیەکـی کوردسـتان. بـۆ ئـەوەی هەرکـەس بینـی تفـی لـێ بـکات و بـا کەسـیش ئـەوکارەی مـن دووبـارە نەکاتـەوەو توشـی هەمـان هەڵـەی مـن نەبێـت.

نـوری دێرسـیمی لەبـارەی ئـەم ڕاپەڕینـەوە دەڵێـت؛ لەمانگـی ١٩٢٠/١١دا کوردەکانـی ناوچـەی دێرسـیم کـە کـوردی (کرمانجکـی ـ دملی)یـن، کۆبونەوەیەکیـان ئەنجامـداو یاداشـتێکیان ئاڕاسـتەی حکومەتـی ئەنقـەرە کـرد بـۆ پێکهێنانـی ئیدارەیەکـی خۆیـی لەکوردسـتانداو بڕیاریانـدا کـە هەمـوو توانـاکان یەکبخـەن بـۆ ئـەم ئامانجانـە؛

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٢٩) مسـتەفا کەمـال لـە١٩١٩/٥/١٩دا بەفەرمانـی خەلیفـەی عوسـمانی و رەزامەنـدی بریتانیـا دەچێتـە سامسـۆن بـۆ ئـەوەی هێزەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی لەبـەرەی رۆژهـەڵات رێکبخاتـەوەو کاربـکات بـۆ جێبەجێکردنـی بەندەکانـی ئاگربەسـتی مـۆدرۆس، بـەڵام کـە دەچێتـە سامسـۆن سـەرپێچی لـەو بڕیـارە دەکات و بڕیـار دەدات هێـزەکان و خەڵـك کۆبکاتـەوەو لـە دژی بریتانیـاو هاوپەیمانەکانـی شـەڕ بـکات و ئەمەشـیان ناونـا قەڵەمبـازی ١٩١٩/٥/١٩لەسامسـۆن. ئێسـتا هەمـوو سـاڵێك وەکـو رۆژێکـی پیـرۆز یـادی دەکرێتـەوە. ئـەو جوڵانـەوەش کەدەسـتی پێکـرد نـاوی نـا شـەڕی ڕزگاری نیشـتمانی و بـۆ سەرخسـتنی جوڵانەوەکەشـی دەسـتی کـرد بـە پەیوەندیکـردن لەگـەڵ سـەرۆك خێـل و کەسـایەتیەکانی کـوردو نەتەوەکانـی تـر.

١-حکومەتی ئەنقەرە دان بنێت بەسەربەخۆیی ویلایەتە کوردییەکاندا.
٢-لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە، سنوری کوردان دیاری بکرێت .
٣-کارمەندە تورکەکان هەموو خاکی کوردستان بەجێ بهێڵن.
٤-نابێت تورکەکان دەست بخەنە ناو پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆوە.
٥-حکومەتی ئەنقەرە پۆشاکی سەربازی و باجەکان بۆ کوردەکان بگەڕێنێتەوە.
٦-حکومەتی ئەنقەرە، تەمیناتی کەمینە کوردەکانی دانیشتوی ویلایەتە تورکیەکان بکات.
٧-تورکەکان سەربەستی بەئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای تورکی بدەن .

وەڵامی حکومەتی ئەنقەرە بۆ ئەو داخوازییانە، کۆکردنەوەی ئەفسەرە کوردەکان بوو لەشوێنێکداو دەرکردنیان لەسوپاو ڕەوانە کردنیان بۆ ناوچەی (قۆچگری )و دانانیان لە هەندێك فەرماندا کە بایەخی نەبوو. کوردەکان سوور بوون لەسەر داخوازییەکانیان، لە دوای ئەوە حکومەت شاندێکی نارد بۆ دێرسیم، هەرچەندە شاندەکە دانی نا بە داخوازییە ڕەواکانی کوردا، بەڵام ئامۆژگاریکردن کە ڕاپەڕین ئەنجام نەدەن، لەبەر ئەمە سەرکردەکان ئەو شاندەیان دەرکردو دواتر لە ١٩٢٠/١١/٢٥دا لەڕێگای پارێزگاری ئەلازیغەوە بروسکەیەکیان بۆ ئەنجومەنی (گەورە)باڵای گەل ناردو تیایدا هاتبوو: ”لەپەیمانی سیڤەردا، دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بڕیاری لێدراوە، کە ویلایەتەکانی دیاربەکر، ئەلازیغ، وان و بەدلیس دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە دابمەزرێت، ئەگەرنا بۆ بەدستهێنانی ئەو مافانە بەنا بۆچەك دەبەین ”

کوردەکان وەڵامێکی نوسراویان نەدراوە، بەڵام سەرانی حکومەت بۆ فریودانی کوردەکان و سود وەرگرتن لەکات، لەڕێگەی پارێزگاری ئەلازیغەوە پێی ڕاگەیاندن کەداواکانیان پەسند دەکات. هاوکاتی ئەمە کاریان دەکرد بۆ ڕاکێشانی سەرکردەکانی وەکو خالید جبران و عەبدولقادرنەهری و لەلایەکی تریشەوە هێرشی کردە سەر جوڵانەوەکەی سێواس (قۆچگری). مستەفا کەمال بۆ ڕاکێشانی سۆزی سەرکردە کوردەکان باسی لەوە دەکرد کە بەشێکی زۆری کوردستان دەکەوێتە ناو ئەو دەوڵەتەوە کە هاوپەیمانان بڕیاریانداوە بۆ ئەرمەنەکانی دروست بکەن. هەروەها هەردوو دەوڵەتی ئازەری و گورجی یەکیان گرتبوو لەدژی عوسمانی و هەڕەشەشیان لەکورد دەکرد. لەم کاتەداو دوای دامرکاندنەوەی مەڵاتیاو ڕاکێشانی بەشێك لەسەرکردەکانی قۆچگری. لەهاوینی ١٩٢٠دا خالید جبران و یوسف زیاو سەید عەبدولقادر شەمزینی و عەبدولرەحمان هەکاری کە لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بوون. لەلایەك هەوڵیاندا لەڕێگەی مستەفا پاشای یاموڵکییەوە داخوازی خۆیان بگەیەننە شەریف پاشای خەندان و ئەویش بیگەیەنێتە کۆمەڵەی گەلان. هاوکات کاریان دەکرد بۆ ئەوەی هەڵوێسی خاوەن زەوی، پیاو ماقوڵ و موختاری گوندەکانی ناوچەکانی (وارتۆ، بۆلانك، ئەلازیغ، خنس، کارلیون، سولمان ، چاپاکچور) یەکبخەن. ئەمانە کاریگەری لەسەر بەشێکی سەرکردە کوردەکان هەبوو کە رازی بن بەبەشداریکردن لەجوڵانەوەکەی مستەفا کەمالدا. بەڵام بەشێکی سەرکردەکان نەکەوتنە داوی گفت و پەیمانەکانی مستەفا کەمالەوە. کەعەلی شان و حەیدەر بەگ لەوانە بوون. لەم کاتەدا

عەلـی شـان بـەگ وتویەتـی "لەبـەر ئـەوەی کـە ئەوەنـدە مەترسـی لەسـەر کـورد هەیـە ، وەکـو سـەرکردەیەکی ئـەو دەڤـەرە لەسـەرمانە مافـی کوردسـتان بپارێزیـن "

ئەمـە وایکـرد ١٩٢٢/٣/٤دا شـەڕ لەناوچەکانـی قۆچگـری دەسـتی پێکـردەوەو دوای چـوارڕۆژ لـە شـەڕی دژوار ناوچەکانـی قۆچگـری، ئەرزنجـان و عەرەبگیـر کەوتنـە ژێـر دەسـتی کوردەکانـەوە، جەنگاوەرانـی کـورد هەنـگاو بـەرەو ناوچەکانـی تریـش دەنێـن. بـەڵام مسـتەفا کەمـال پەنـای بۆدانوسـتاندن بـردو دەسـتەیەکی ئامـۆژگاری پێکهێنـاو هـەردوو والـی قۆچگـری (سـێواس و ئەلازیـغ رۆڵـی سـەرەکیان بینـی لـەم دەستەیەدا. بەڵێنـی ئەوەیـان دەدا کـە کـوردو تورك بـرای یەکـترن و دوای دەرکردنـی بریتانیـاو فەڕەنسـا کـە بێگانـەن، حکومەتـی ئەنقـەرە خودموختـاری دەدات بەکـوردەکان. بـەو هۆیـەوە شـەڕ ڕاگیـرا. کەمالیـەکان سـودیان لـەو هەلـە بینـی و لەمانگـی نیسـاندا هێرشـیان کـردە سـەر هێـزە کوردییـەکان و دوای چەنـد رۆژێـك توانیـان ئـەو راپەڕینـە دامرکێننـەوە. لـەو هێرشـانەدا جگـە لـە ماڵوێرانکردنـی کـوردەکان چەنـد سەرکردەیەکیشـیان دەسـتگیر کـران. لەوانـە؛ حەیـدەر بـەگ ، عەزمـەت بـەگ ، بەحـری بـەگ و خەلیـل عەلـی. هەچەنـدە ئـەم جوڵانەوەیـە سـەرکەوتنی بەدەسـت نەهێنـا، بـەڵام رۆڵـی سـەرەکی هەبـوو لـەوەدا کەئەنجومەنـی بـاڵای گـەل لـە ١٩٢٢/٢/١٠ دا پشـتگیری بـۆ پـرۆژەی خودموختـاری دەربـڕی.(٣٠)

٤ ـ کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ( کوردستان تعالی جمعیتی ) (١٩١٨/١٢/٣٠):

بیروبۆچونـی جیـاواز لەسـەر کاتـی دامەزراندنـی ئـەم کۆمەڵەیـە هەیـە. هەندێـك سـەرچاوە بـاس لـەوە دەکـەن لـە ١٩١٧/١١/١٩دا دامـەزراوە، هەندێکـی تـر دەڵێـن لـە ١٩١٨/٢/١٧و بەپێـی هەندێـك سـەرچاوەش لـە ١٩١٨/١٢/٢٠دا دامـەزراوە. زنـار سـلۆپی دەڵـێ لـەدوای ئاگربەسـتی عوسـمانی و دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان دامـەزرا، بەوپێیـە ١٩١٨/١٢/٢٠وەکـو مێـژووی دامەزرانـدن دیـاری دەکرێـت. بەهـەر حـاڵ لەسـەرو بەنـدی کۆتاییهاتنـی شـەڕی جیهانیـداو لـەو کەشـو هەوایـەدا کـە هەمـوو لایەنـەکان بانگەشـەیان بـۆ مافـی گـەلان دەکـرد، بەشـێکی ڕۆشـنبیران و سیاسـەتمەدارانی کـورد هەوڵیانـدا کۆمەڵـەو رێکخـراوی کـوردی دروسـت بکەنـەوەو لـەو ڕێگەیـەوە کار بـۆ گەیشـتنە ئامانجەکانیـان بکـەن. ئـەم کۆمەڵەیـەش لـە ١٩١٨/١٢/٢٠ لەئەسـتەنبوڵ لەلایەنـی کۆمەڵێـك کەسـایەتیەوە دامـەزرا کەدیاترینیـان ئەمانـە بـوون؛ شـێخ عەبدولقـادری نەهری(سـەرۆك )، ئەمیـن عالـی بەدرخـان جێگـری یەکـەم،

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٣٠)مستەفا کەمـال لـە ١٩٢٢/٢/١٠دا پشـتگیری بـۆ پـرۆژەی خودموختـاری لـە ١٨بەنـددا بـۆ کوردسـتان دەربـڕی کەئەمـە گرنگتریـن خاڵەکانێتی؛

١ ـ ئەنجومەنـی گـەورەی گـەل، بەئامانجـی زەمانەتـی پێشـکەوتنی میللەتـی تورکیـاو لەسـەر رۆشـنایی هەلومەرجـی شارسـتانی، بڕیاریـدا بـە دامەزراندنـی ئیدارەیەکـی خودموختـاری بـۆ میللەتـی کـورد کـە لەگـەڵ داب و نەریتـە نەتەوەییەکانیـدا بگونجێـت.

٢ ـ لیژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ دیاریکردنی سنوری ناوچەی ئیداری بۆ کوردستان.}

فـواد پاشـای کـوڕی سـەعید پاشـای خەنـدان (جێگـری دووەم )و حەمـدی پاشـا سـکرتێرو ژمێریاریـش سـەید عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەید عەبدولقـادر.

هەروەهـا محەمـەد ئەمیـن زەکـی بـەگ، شـوکری بەگـی بابـان، عەبدولعەزیـز یامولکـی کـوڕی مسـتەفا پاشـای یامولکـی بـوون. ئـەم کۆمەڵەیـە دەزگای (کـورد نـشرو تعمیـم معـارف جمعیتی)یـان دانـا. ئـەم کۆمەڵەیـە لەسـەرەتا چالاکانـە کاری کـرد. (شـەریف پاشـای خەنـدان) یـان لەپاریـس کـردە نوێنـەری خۆیـان بـۆ ئـەوەی بەشـداری لەکۆنگـرەی ئاشـتی پاریسـدا بـکات. هـاوکات پەیوەندییـان بەڕاپەڕیـن و جوڵانـەوەی مەلـەدی، قۆچگـری و حکومەتـی شـێخ مەحمـودەوە کـرد لـە ١٩١٩/٣/١٥دا شـاندێکیان ڕەوانـەی لای شـێخ مەحمـود و حکومەتەکـەی کـرد. هەروەهـا پەیوەنـدی بـە سـمکۆی شـکاك و شـێخ ئەحمـەدی بارزانـەوە دەکـەن و داوای هەمئاهەنگیـان کـردو ئەوانیـش بـە ئەرێنـی وەڵامیـان دەدەنـەوەو پشـتیوانی خۆیـان بـۆ داخـوازی کۆمەڵەکـەو شەریفەپاشـا دەربڕیـی. ئـەم کۆمەڵـە گۆڤـاری (ژیـن)ی دەرکـرد کـە پیرەمێـرد بەرپرسـیاری بـوو. هـەر لـەم سـاڵەدا ژنانـی کـورد لەسەسـتەنبوڵ هەڵدەسـتن بەدروسـتکردنی کۆمەڵەیـەك بۆخۆیـان و شانبەشـانی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان خەبـات دەکـەن. ئـەم کۆمەڵـە نـاوی "کۆمەڵـەی پێشخسـتنی ژنانـی کـورد" بـوو، بەتورکـی (کـورد تەعالـی قـادن جەمعیەتـی) ئـەم کۆمەڵەیـە هەڵدەسـتا بەپـەروەردەو فێرکـردن و وشـیارکردنەوەی ژنـان و (ئەنجـوم خـان)(٣١)ی کچـی مسـتەفا پاشـای یامولکـی، سـەرۆکایەتی کۆمەڵەکـەی کـردووە. کاروچالاکیەکانـی کۆمەڵەکـەش لەگۆڤـاری (ژیـن)دا بڵاودەبوویـەوە. (ئامینەخـان)ی خێزانـی شـەریف پاشـای خەنـدان کـە ئەوکاتـە لەپاریـس بـووە کراوەتـە سـەرۆکی فەخـری کۆمەڵەکـە. بابێینـەوە سـەر کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان، ئـەم کۆمەڵەیـە هاوشـێوەی جوڵانـەوەی قۆچگـری، دوای پەیدابوونـی مسـتەفا کەمـال بوونـە دووبـەش و دەسـتەو بەشـێکیان بەسـەرۆکایەتی سـەید عەبدولقـادری نەهـری لایەنگـری خەباتـی هاوبـەش و پێکەوەژیـان بـوون لەگـەڵ تورکـدا، بەشـەکەی تریـان لایەنگـری جیابوونەوەبـوون لەتورکـەکان و داوای سـەربەخۆییان دەکـرد، ئـەو بەشـەیان ئەمیـن عالـی بەدرخـان سەرکێشـی دەکـردن و لەئەنجامـدا لەسـاڵی ١٩٢٠دا بوونـە دووبـەش و دوو ڕێکخسـتن، ئەوانـەی لایەنگـری خەباتـی هاوبـەش بـوون لەگـەڵ تورکـدا چـوون بەشـداری پرۆژەکـەی (مسـتەفا کەمـال )یان کـردو بەشـەکەی تریـش بـەلاوازی مانـەوە. دەبێـت ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە بابەتـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی ئەرمەنـی لەسـەرخاکی کوردسـتان بابەتێکـی سـەرەکیە کـە دەبێتـە هـۆی ناکۆکـی لەنێـوان ئـەو دوو دەسـتەیەدا. شـەریف پاشـاو بەدرخانیـەکان لەگـەڵ ئەوەدابـوون کـە هاوپەیـمان بـن لەگـەڵ ئەرمەنەکانـداو پشـتی یەکبگـرن لەکۆنگـرەی سـیڤەردا،

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٣١) ئەنجـوم یامولکـی: کچـی مسـتەفا پاشـای یامولکیـەو خەڵکـی سـلێمانیە. باوکـی میـر ئـالای بـووە لـە سـوپای عوسـمانیدا. ئەنجـوم ژنێکـی چـالاك و زیـرەك بـووە و بووەتـە پزیشـك. سـەرۆکی یەکـەم کۆمەڵـەی ژنانـی کوردبـووە کەلەسـاڵی ١٩١٩دا لەئەسـتەنبوڵ دامـەزراوە، لەوتارێکـی دا کەلـە گۆڤـاری (ژیـن) دا لـە ١٩١٩/٦/٢٠ بڵاوکراوەتـەوە باسـی لـەوە کـردووە کەکوردیـش وەکـو میللەتانـی تـر دەیەوێـت ببێتـە خـاوەن مافـی خـۆی و ئـەو ئافرەتانـەی هاتوونەتـە نـاو ڕیـزی کۆمەڵەکـەوە، پەیمانیانـداوە کـە بـۆ پێشـکەوتنی کوردایەتـی چـی پێویسـت بێـت بیکـەن.

بـەڵام سـەید عەبدولقـادرو لایەنگرانـی ئەمەیـان ڕەتکردۆتـەوە و هەرئەمـەش بووەتـە هـۆی لێکترازانیـان بەتەواوەتـی.
ئامانجە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە:
١-کارکـردن بۆدامەزراندنـی حکومەتێکـی کـوردی لەچوارچێـوەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا، کەدەبێـت هەمـوو بەرپرسـەکان و بەڕێوەبـەرەکان و فەرمانبەرەکانـی ئـەو حکومەتـە کـورد بـن. بـەڵام حکومەتەکـە خەلیفـەی ئیسـلام لەئەسـتەنبوڵ پەسـندبکات و وەفـای بـۆی هەبێـت.
٢-گەڕانــەوەی ئــەو کوردانــەی بەهــۆی جەنگــەوە ئاوارەکــراون، یاخــود دوورخراونەتــەوە بــۆ شــوێنەکانی خۆیــان .
٣-سەربەخۆبوونی کوردستان و جیابوونەوەی بەتەواوی لەتورکەکان .

٥ ـ کۆنگرەی ئاشتی پاریس (١٨-١٩١٩/١/٣٠) :
ئـەم کۆنگرەیـە لەکۆشـکی کۆنـی شـاهانەی فەڕەنسا(ڤەرسـای) بەسەرپەرشـتی جـۆرج کلیمەنسـۆی سـەرۆکوەزیرانی فەڕەنسـاو بەشـداری (٢٩)دەوڵـەت ئەنجامـدرا. لەنـاو کۆنگـرەداو لەسـەرداخوازی ئەمریـکاو فەڕەنسـا لـە ١٩١٩/١/٢٥دا بڕیـاری دامەزراندنـی (کۆمەڵـەی گـەلان) درا کـە (٤٤) وڵات بوونـە ئەندامـی و جنێـف کرایـە بنکـەی سـەرەکی ئـەو ڕێکخـراوە. شـەریف پاشـاو فەخـری بـەگ وەکـو نوێنـەری کـورد بەشـداربوون تێیـدا، شـێخ مەحمـود لـەو کاتـەدا سـەید ڕەشـید کابـان و سـەید ئەحمـەد بەرزنجـی دەنێرێتـە حەلـەب بـۆ ئـەوەی لەوێـوە بچنـە پاریـس بـۆ پشـتیوانی شـەریف پاشـاو نامـەی شـێخی پـێ بگەیەنـن، بـەڵام فەڕەنسـیەکان ئاسـتەنگیان بـۆ دروسـت دەکـەن و ڕێگـە نـادەن بچـن بـۆ پاریـس. (ئارنۆڵـد تالبـون ویلسـن)ی کۆمیسـیاری بـاڵای بریتانیـا لەئێـراق لەنێـوان سـاڵانی (١٩١٨-١٩٢٠)و (هێـنری ماکماهـۆن) ی کۆسیسـاری بـاڵای بریتانـی لەقاهیـرە، هـەر لـەو سـەردەمەدا داوا لەوڵاتەکەیـان دەکـەن کەویلایەتـی موسـڵ بەبـێ مـەرج بخەنـە سـەر ئێـراق.
کۆنگـرەی پاریــس بڕیارێکــی دەرکــرد کــە بەمجــۆرە بوو؛"وڵاتانــی هاوپەیــمان و ئــەو وڵاتانــەی لەتەکیانـدا بـوون، لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن کـە ئەرمینیـا، سـوریا، وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبارەکـە، کوردســتان، فەلەســتین و نیمچــە دوورگــەی عەرەبــی بەتــەواوی لەئیمپراتۆریەتــی عوســمانی جیابکرێنــەوە. شــەریف پاشــا (٣٢) لەوکاتــەی لەکۆنگــرەی پاریســە یاداشــتێك دەداتــە حکومەتــی بریتانیـاو دەڵـێ؛ سـەرۆك هـۆزە کـوردەکان لەتوانایانـدا نییـە ڕژێمێکـی دیموکراتیانـەی خۆرئاوایـی پیـادە بکـەن، کـورد پێویسـتی بەکەسـێکی شـارەزا لەبوارەکانـی ئیـداری و سـوپایدا هەیـە، کـە ڕاوێژکارانـی بریتانیـاو وەزیرەکانـی کـورد پشـتگیری لـێ بکـەن. بۆ هێشـتنەوەو پارێزگاریکردنی شـکۆو سـەروەری خانـەوادە دێرینەگانـی کـورد، چاکـتر وایـە ئەنجومەنێکـی سـەربەخۆیان لـێ هەڵبژێردرێـت و خـاوەن شـکۆی بریتانیـا یەکێـکان بکاتـە میـر. شـەریف پاشـا ئامادەیـی خـۆی بـۆ گرتنـە ئەسـتۆی ئـەو بەرپرسـیارێتیە دەربڕیـوە "دوای ئەمـە لـە ١٩١٩/٢/٦دا جـۆرج کلیمەنسـۆ دەبینێـت و دوو یاداشـت و نەخشـەیەکی کوردسـتانی گـەورەی دەداتـێ و داوای دامەزراندنـی حکومەتێکـی کـوردی کـردووە،

**کە لە ویلایەتەکانی "ئامەد -بەدلیس - خەرپوت -موسڵ - ئۆرفا" پێك بێت . لە ١٩١٩/١٢/٣٠دا شەریف پاشا لەگەڵ (بۆگۆس نۆبار پاشا)ی نوێنەری ئەرمەنەکاندا کۆبووەتەوەو لە ١٩٢٠/٣/١دا یاداشتێکی هاوبەش بۆ کۆنگرەی سیڤر ئامادە دەکەن، ئەم ڕێککەوتنە وەکو پێشتر باسمان کرد ڕیزەکانی کۆمەڵەی تەعالی لەبەریەك هەڵوەشاند. لەیاداشتەکەدا داوای دروستکردنی دوودەوڵەتیان بۆ کوردو ئەرمەن کردبوو، هەروەها داوایان کردبوو کە نابێت کوردستان بەش بەش بکرێت و دیاریکردنی سنوری کوروستان و ئەرمەنستانیان بۆ هاوپەیمانەکان بەجێ هێڵا بوو. هەروەها لە ١٩٢٠/٧/٢٩دا شەریف پاشا یاداشتێك دەداتە ئامادەکارانی کۆنگرەی سیڤەرو " تێیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کردبوو، ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە کورد ئەویان وەکو سەرۆکی دەوڵەتی کوردی پەسندکردووە." بەڵام بریتانیا بەبیانوی ئەوەی شەریف پاشا کەسێکی بەتەمەنەو ماوەیەکی زۆرە لەکوردستان دوورە ئەمەی پەسند نەکردووە.**

**لێرەدا گرنگە باسی چەند بابەت و ڕووداوێك بکەین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دۆزی کوردو هاوکێشە جیهانی و ناوچەیەکانەوە هەیە؛**

**٦ ـ جوڵانەوەی مستەفا کەمال**

**مستەفا کەمال (١٨٨٠-١٩٣٨)، ناسراو بەئەتاتورك واتە باوکی گەورەی تورك، ئەم نازناوەی لەدوای دروستکردنی دەوڵەتی تورکیا پێبەخشرا. لە سالۆنیك لەدایکبووەو یەکێك بووە لە جەنەڕاڵەکانی سوپای عوسمانی و لە ڕێکخراوی تورکەلاوەکانیشدا چالاك بووە. پێش شەڕی جیهانی ماوەیەك لەکوردستان فەرماندار بووەو لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك خێڵە کوردەکاندا هەبووە. لایەنگری سیاسەتی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ ئەڵمانیادا نەبووە، هەرئەمەش هۆکاربووە کە لەو سەردەمەدا زۆر سەرنجی ئەڵمانەکان بەباشی ڕاناکێشێت. دوای شەڕی جیهانی بەهۆی ئەم هەڵوێستەیەوە بریتانیەکان ڕازی دەبن کەوەکو سەرپەرشتیاری سوپا ڕەوانە بکرێت بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەمەبەستی کۆکردنەوەی سوپاو جێبەجێکردنی بەندەکانی ئاگربەستی(مۆدرۆس)و ڕۆژی ١٩١٩/٥/١٥ فەرمان وەردەگرێت و بەڕێگای ئاویدا لەدەریای ڕەشەوە دەچێتە سامسۆن و ڕۆژی ١٩١٩/٥/١٩دەگاتە سامسۆن. لەوێ پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی سەربازی ئەوناوچەدا دروست دەکات و ئامانجی هاتنەکەی خۆیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. هاوکات ئەوەشیان پێ ڕادەگەیەنێت کە ئەو نایەوێت ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات. دەڵێت ئەو فەرمانە لەژێر فشاری داگیرکەراندا دراوە، لەبەرئەوە ڕەوایەتی نیەو لەئێستادا خەلیفە، حکومەت و وڵات پێویستیان بەوەیە کەئێمە خۆمان کۆبکەینەوە و دژی هاوپەیمانەکان کە**

(٣٢) شەریف پاشای خەندان کوڕی سەعیدپاشای خەندانی بابانی یەو لەساڵی ١٨٦٥ز لەدایکبووە لەسلێمانی و پێش فەرمانڕەوایی ئیتحادوتەرەقی فەریق یاوەر پاشایی بووە. ساڵانی (١٨٩٨ – ١٩٠٨ ) باڵوێزی عوسمانی بووە لەسویدو پاشان بووەتە باڵوێز لە پاریس و یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی لەئەستەنبوڵ. وەکو نوێنەری کورد بەشداری لە کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس کردووەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە گەلاڵەنامەی سیڤەر بۆ کوردو ساڵی ١٩٥٧لەژیان دەرچووە .

وڵاتەکەمانیـان داگیرکـردووە بجەنگیـن و جەنگـی رزگاری ڕابگەیەنیـن، نـەك خۆمـان کۆبکەینـەوەو خۆمـان بدەینـە دەسـتی داگیرکـەر. بەمشـێوەیە مەبەسـتی خۆیـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوەو ئەفسـەرانی سـوپا ئـەم بیروبۆچوونـەی مسـتەفا کەمـال پەسـند دەکـەن و بەمشـێوەیە هەنـگاوی یەکـەم دەنێـن، هـەر بۆیـە ئەمـڕۆژە لەمێـژووی کۆمـاری تورکیـادا وەکـو ڕۆژێکـی پیـرۆز سـەیری دەکرێـت. دوای ئـەم هەنـگاوە مسـتەفا کەمـال و هاوڕێکانـی بـەدوو ئاڕاسـتەدا هەوڵـدەدەن، یەکـەم؛ ڕێکخسـتنەوەو کۆکردنـەوەی سـوپاو ڕازیکردنیـان بـەوەی کـە لـەدژی هاوپەیمانـەکان بجەنگـن بـۆ ڕزگارکردنـی نیشـتمان و ئاییـن و خەلیفـەی موسـوڵمانان. دووەم هەوڵـدان بـۆ ڕازیکردنـی گـەل لەناوچەکـەدا. بـۆ ئـەو مەبەسـتە پەیوەندییـان بەسـەرۆك خێـڵ و کەسـایەتیە دیارەکانـی کـورد، ئەرمـەن، تـورك و تورکـمان و پێکهاتەکانـی تـرەوە کـردو هەوڵیانـدا کـە ڕازییـان بکـەن پێکـەوە بـۆرزگاری و سـەربەخۆیی و وڵاتێکـی هاوبـەش تێکۆشـان بکـەن و شـەڕی رزگاری بکـەن. پەیمانیـان دا بەگـەلان کـە هـەر گەلێـك دوای رزگاری خاوەنـی سـەربەخۆیی خـۆی دەبێـت لەنـاو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆدا. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ١٩١٩/٦/٢٠دا لـە ئەماسـیا کۆبوونەوەیەکـی بەرفـراوان لەگـەڵ ئەفسـەرانی سـوپادا دەکات و بەرنامـە بۆخۆیـان دادەڕێـژن. لـە (٧/٢٣هەتـا ١٩١٩/٨/٧)لـە ئـەرزرۆم کۆنگرەیـەك بـۆ نوێنـەری پێکهاتەکانـی کۆمەڵـگا ڕێکدەخـەن و لەسـەرخاڵە سـەرەکیەکانی خەباتـی رزگاری نیشـتمانی ڕێکدەکـەون و دواتـر لـە ٤-١٩١٩/٩/١٢ لەسێواس کۆنگرەیەکـی ترئەنجام دەدەن و بڕیاڕ دەدەن کـە




(ئەنجومەنـی گـەورەی گـەل) دروسـت بکـەن و میسـافی میللـی ڕادەگەیەنـن، کەتێکۆشـانی هاوبەشـی گەلانـی عوسـمانییە لەبەرامبـەر داگیـرکاری هاوپەیمانـان و هـاوکات ئـەو سـنورانەی هەتـا پەیمانـی (مـۆدرۆس) بەدەسـتی عوسـمانیەوە ماوەتـەوە وەکـو سـنوری ئـەو وڵاتـە هاوبەشـە دیـاری دەکـەن و بەوپێیـە ویلایەتـی موسـڵ و باکـوری سـوریا هەتـا سـنوری حەلـەب دەکەوێتـە نـاو ئـەم میسـاقەوە. بڕیـاردرا بـۆ ڕزگارکردنـی ئەوناوچانـە خەبـات بکرێـت. لەسـەر ئەوبنەمایـە شـەڕی رزگاریـان دەسـت پێکـردو لـە ١٩٢٠/٤/٢٣یشـدا یەکـەم پەرلەمانیـان دامەزرانـد کەئەندامەکانـی بەسـازان و پێکهاتـن دیـاری کـران و لەهەمـوو ناوچـەکان نوێنـەر بەشـداری تێـدا کـردو ژمـارەی ئەندامەکانـی (٢٣٣)

ئەنـدام بـوو، لـەو ژمارەیـە (٧٢)ئەندامـی کـورد بـوو، کـە بـە نوێنەرانـی کوردسـتان دەنـاسران. لـە ١٩٢٠/٥/٣یەکـەم حکومـەت بەسـەرۆکایەتی مسـتەفا کەمـال دروسـتکراو ئەنقەرەیـان بـۆ خۆیـان کـردە ناوەنـدی کارو چالاکـی. مسـتەفا کەمـال و حکومەتەکـەی ڕاسـتەخۆ دژی خەلیفە ڕانەدەوەسـتان، بەڵکـو دەیانگـوت ئێمـە دژی خەلیفـەو دەسـەڵاتەکانی نیـن، بـەڵام حکومەتـی ئەسـتەنبوڵ لەبندەسـتی هاوپەیمانانداـیە، بۆیـە رەوایەتـی نیـەو حکومەتـی ئەنقـەرە رەوایـەو نوێنەرایەتـی گـەل دەکات.

مسـتەفا کەمـال هەوڵیـدا پەیوەنـدی لەگـەڵ دەرەوەشـدا بـەرەو پێشـەوە ببـات و لەلایـەك پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕووسـیادا بەسـت، دیـارە ڕووسـیاش وەکـو دەوڵەتێکـی نـوێ کـە بریتانیـاو هاوپەیمانـی دژایەیەتیـان دەکـرد، ئـەم بارودۆخـەی بەهـەل دەزانـی بۆئـەوەی کـە هاپەیمانـەکان لاوازبـکات، ئەمـە لەکاتێدابـوو کـە مسـتەفا کەمـال بانگەشـەی رزگاری گـەلان و مـاف و ئازادییەکانـی دەکـرد، ئـەم پەیوەندیانـە بوونـە هـۆکار کەڕووسـیا هێزەکانـی لەسـنورەکانی رۆژهەڵاتـی تورکیـا بکشـێنێتەوەو هـاوکاری سـەربازیش پێشکەشـی تورکیـا بـکات و پەیمانـی (ئەلیکسـاندەرپۆڵ)ی لێکەوتـەوە کـە لـە ١٩٢٠/١/٣دا ئیمزایـان کـرد. دواتـر لـە(١٩٢١/٣/١٧)دا ئـەو پەیمانـە نوێکرایـەوەو بەرەوپێشـەوەبرا. هـاوکات مسـتەفا کەمـال هەوڵیـدا پەیوەنـدی لەگـەڵ فەڕەنسـادا ببەسـتێت، دوای ئـەوەی لـە ناوچەکانـی مـەرەش، دیلـۆك و ڕوهـا هێـزە فەڕەنسـیەکانیان دەرکـرد، لە١٩٢٠/٥/٢٠پەیمانـی ئەنقەرەیـان بـە نهێنـی لەگـەڵ فەڕەنسـا بەسـت، ئەمـەش هەنگاوێـك بـوو بـۆ پارچەکردنـی بـەرەی هاوپەیمانـەکان. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە مسـتەفا کەمـال سـوودی لـەو ناکۆکیـە وەرگـرت کەلەسـەر خاوەنداریکردنـی ویلایەتـی موسـڵ لەنێـوان بریتانیـاو فەڕەنسـادا هەبـوو. دواترلـە ١٩٢١/٣/١٣دا پەیمانـی لـە گـەڵ ئیتاڵیـا بەسـت. هەرلـەم کاتانـەداو لەسـاڵی١٩٢١دا یەکـەم دەسـتوریان داڕشـت. لـەو دەسـتورەدا مـاف درابـوو بـە سـەرجەم گـەل و پێکهاتەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی کەلـە سـنورەکانی خۆیانـدا سـەربەخۆبن و خۆیـان بەڕێوەبـەرن و دەولەتـی عوسـمانیش بەهاوبەشـی بەڕێوەببـەن. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بۆئـەوە بکەیـن کـە ئـەو پەرلەمانەشـی دروسـتیان کردبـوو لـەو کاتـەدا نـاوی تورکیـان نەخسـتبووە سـەرو تەنیـا ناوی(ئەنجومەنـی گـەورەی گـەل) بـوو، بـەڵام دواتـر لـە سـاڵی١٩٢٤دا نـاوی کرایـە (ئەنجومەنـی گـەورەی گەلـی تورکیـا). لـەم سـەروبەندەدا لـە سـوریا فەیسـەڵی کـوڕی حسـین بـن عەلـی شـەریفی مەککـە بەپشـتیوانی بریتانیـا لەسـاڵی ١٩١٨دا خـۆی وەکـو فەرمانـڕەوا ڕاگەیانـد. لـە ١٩٢٠/٣/٨ کۆنگـرەی گشـتی سـوریا ئەنجامـدراو سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـد، بـەڵام فەڕەنسـا کەسـوپاکەی باڵادەسـت بـوو لـە سـوریادا ئـەو دەسـەڵات و ڕاگەیاندنـەی پەسـند نەکـرد. چونکـە فەڕەنسـا بەپێـی پەیمانـی سـایکس ـ بیکـۆ دەبـوو ببێتـە خاوەنـی ویلایەتـی موسـڵ، بـەڵام بریتانیـا سـوپاکەی ئـەو ویلایەتـەی داگیرکردبـوو، هیـچ حیسـابی بـۆ فەڕەنسـاش نەدەکـرد، لەبەرئەمـە فەڕەنسـاش کەسـوپاکەی لـە سـوریا باڵادەسـت بـوو، ئامـادە نەبـوو حکومەتێـك و سیسـتمێك پەسـند بـکات کـە بریتانیـاو لایەنگرانـی دارێـژەری بـن. ئـەم بابەتـە ببـووە ململانێیەکـی جـددی لـە نێـوان هـەردوو هێـزدا. هـاوکات بریتانیـا لـە هەوڵـی دروسـتکردنی حکومەتێکـدا بـوو لـە ئێراقـدا، بـەڵام بەهـۆی نارەزایـی خەڵکـی ئێـراق لـە ڕەفتـاری بریتانیـەکان، دەسـتیان بـە ڕاپەڕیـن و

**دژایەتی بریتانیەکان کرد، کە بە شۆرشی ساڵی(١٩٢٠) دەناسرێت، هەر لەم کاتەدا ئیبراهیم خانی دەلۆش(٣٣) لەبەرامبەر بریتانیایەکاندا ڕاپەڕینی کرد. ئەمەش وایکرد بریتانیا لە ئێراقدا تەنگاوبێت. مستەفا کەمالیش لە هەوڵی رازیکردنی سەرۆک خێڵەکانی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) (٣٤) دا بوو، بۆ ئەم مەبەستە ئۆزدەمیر پاشا کە فەرماندارێکی تورك بوو ناردیە ڕەواندووزو کاری بۆ ئەم مەبەستەدەکرد، ئەمەش فشارێکی تر بوو لەسەر بریتانیەکان. واتە لەیەك کاتدا تورکەکان، فەڕەنساییەکان، عەرەبەکان و کوردەکانیش داوای موسڵیان دەکرد، بریتانیاش چاوی بڕیبوویە نەوتی کەرکوك و موسڵ و نەیدەخواست لە دەستی دەربچێت، بەڵام چۆن ئەم کارە ئەنجام بدات هاوکێشەیەکی زەحمەت بوو. ئەم ڕەوشە بووە هۆی ئەوەی بریتانیاو فەڕەنسا ڕێککەوتنی سان ڕیمۆ ئەنجام بدەن.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٣٣) ئیبراهیم خانی دەلۆ (١٧٨٤ – ١٩٢٠)کوڕی صالح خانی ئەمین بەگی دەلۆیە، لەئاوایی (هەیەرە کەل) هاتۆتە دونیاوە، لە تیرەی خویباروەندی هۆزی دەلۆیە. لەسیاسەتی بریتانیەکان لە کفری و دەوروبەری نارازیی بووە، کەسێکی وشیارو خاوەن کاریگەرییەو لەئەدەبیاتی کوردی، فارسی و عەرەبیدا شارەزایی هەبووە. پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکانی جاف، باجەلان، بەیات و دەوروبەری باش بووە. هەروەها پەیوەندی لەگەڵ تورکمان و عەرەبەکانی دەوروبەر باش بووە. لەمانگی ئابی ١٩٢٠دا لەگەڵ خورشید بەگی دەلۆ لەخانەقین و کاکەیی، باجەلان و هۆزی سورەمێری ڕێکدەکەوێت و خانەقین و قز رەبات لە بریتانیەکان پاك دەکەنەوەو رۆژی ١٩٢٠/٨/١٤ناوچەکە رزگار دەکەن، لە ١٩٢٠/٨/٢٠ یش لەگەڵ ڕەفعەت ئیسماعیل بەگی داودە ڕێکدەکەوێت و خورماتو ڕزگار دەکەن و لە ١٩٢٠/٨/٢٢ یشدا شاری کفری رزگار دەکەن و حکومەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم خان دروست دەکەن و شێخ عەبدولوهاب تاڵەبانی کوڕی شێخ حەمید تاڵەبانی کە بریتانیەکان کردبوویان بە قائیمقام لایان برد. دوای ماوەیەکی کورت بریتانیەکان بەهاوکاری شێخانی تاڵەبانی کفری بەشێك لە هۆزی زەنگنە هێرش دەکەنەسەر ڕاپەڕیوەکان، لەبەر کەمی تەقەمەنی هێزەکەی ئیبراهیم خان دەشکێت و پاشەکشە دەکەن بەرەو خورماتوو و لەناوچەی تورکمان و عەرەبەکان جێگیر دەبن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشی نوێ، بەڵام ئیبراهیم خان دوای چەند ڕۆژێك بەنەخۆشی دەمرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینەکە.

(٣٤) ویلایەتی موسڵ: ساڵی ١٨٧٩ لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا سەرلەنوێ ئیدارەی ویلایەتەکان ڕێکخرایەوەو ویلایەتی موسڵیش کرایە سێ (سنجەق) کەبریتی بوون لە (موسڵ – کەرکوك – سلێمانی ) و ئەو کاتە هەولێر قەزابوو سەر بە سنجەقی کەرکوك بووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا خراوەتە سەرسنجەقی موسڵ . دهۆکیش قەزابووەو سەربەسنجەق موسڵ بووە.

٧ـ پەیمانی سان ڕیمۆ (١٩٢٠/٤/٢٥) :

ئـەم پەیمانـە لـە ١٩٢٠/٤/٢٥دا ئیمزاکـرا. لـەو کۆنگـرەدا سیسـتەمی ئینتدابی بریتانیاو فەڕەنسـا لەسـەر وڵاتانـی ئێـراق و سـوریا پەسـندکراو ئاڵوگـۆڕ لەبەشـی فەڕەنسـاو بریتانیـادا کـرا، ئـەو بەشـەی بەپێـی پەیمانـی سـایکس بیکـۆ دیاریکرابـوو. بـە پێـی ئـەم پەیمانـە فەڕەنسـا دەسـتی لـە ویلایەتـی موسـڵ هەڵگـرت و بریتانیـاش ئـەو داوایانـەی کـە کلیمەنسـۆ لـە ١٩١٩/٩/١٥ پێشکەشـی کردبـوو لـە بەرامبـەر دەسـت هەڵگرتـن لـە ویلایەتـی موسـڵ، پەسـەند کـرد. داواکانیـش ئەمانـە بـوون: پێویسـتە بریتانیـا دەسـت لـە سـوریا (شـام و حەلـەب) هەڵبگرێـت و لـە ٢٥٪ی نەوتـی موسـڵیش بداتـە فەڕەنسـاو لەکاتـی ناکۆکـی فەڕەنسـاو ئەمریـکادا بریتانیـا پشـتی فەڕەنسـا بگرێـت. بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـە، پەیماننامە(دەسـتور)ی ئینتیـداب لـە(١٩٢٠/١٢/٩)دا ڕاگەیەنـدرا بـۆ چۆنێتـی بەڕێوەبردنـی ئـەو وڵاتانـەی لەژێـر ئینتیدابـی بریتانیـاو فەڕەنسـادان و لـە خاڵـی(١٦)ی دەسـتورەکەدا مافـی ئـەوە دراوە بەکـورد کـە حکومەتـی سـەربەخۆی هەبێـت و تێیـدا هاتـوە: هیـچ شـتێك لەدەسـتورەکەدا هاتبێـت، ڕێگـر نابێـت لەبـەردەم وڵاتـی سەرپەرشـتیاردا کە(حکومەتێکـی سـەربەخۆ)ی بەڕێوەبەرایەتـی بـۆ ئـەم هەرێمـە کوردیانـە دابمەزرێنـی. ئـەم پەیمانـە بـووە هـۆکاری ئـەوەی ناکۆکـی و ململانێیەکانـی بریتانیـا و فەرەنسـا کەمـتر ببێتـەوەو هەرلایەکیـان لـە هەوڵـی ڕێکخسـتنی کاروبـاری ئـەو ناوچانـەدا بـن کـە دەبونـە ئینتیدابـی خۆیـان. بـەو پێیـە فەڕەنسـا لـە مانگـی ئەیلولـی ١٩٢٠دا سـوریای کـرد بـە پێنـج هەرێمـەوەو لـە هـەر هەرێمێکـدا بەڕێوەبەرایەتیەکـی دروسـتکردو خـۆی سەرپەرشـتی دەکردن. هەتـا لە١٩٢١/١٠/٢٠لەپەیمانـی فرانکلیـن بیلۆفـی دا لەگـەڵ مسـتەفا کەمالـدا لەسـەر مـژاری سـوریا ڕێککەوتـن.

٨ ـ پەیمانی سیڤەر(١٩٢٠/٨/١٠)

ئـەم کۆنگرەیـە وەکـو یەکێـك لەڕاسـپاردەکانی کۆنگـرەی ئاشـتی لـە پاریـس ئەنجامـدرا. بەپێـی ئـەو ڕاسـپاردەیە پێویسـت بـوو بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی هـەر وڵاتێـك کۆنگرەیـەك ئەنجـام بدرێـت. ئـەم کۆنگـرەش بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی بـوو. ئـەم کۆنگرەیـە لـە شـاری سیڤەری نزیکـی پاریـس بەڕێوەچـوو، بـە بەشـداری (بریتانیـا - فەڕەنسـا - ئیتاڵیـا - ڕۆمانیـا - بەلجیـکا - ئەرمینیـا - چیکـۆ سـلۆڤاکیا - پورتـوگال - پۆلۆنیـا - ژاپـۆن - یوگۆسـلافیاو حیجاز. ئەمانـە هەمـوو یـەك لایەنـی نـاو دانوسـتاندنەکان بـوون، دەوڵەتـی عوسـمانیش لایەنەکـەی تربـوو). ئەمریـکا و شـاندێکی کوردیـش وەکـو چاودێـر ئامادەبـوون. بڕیارەکانـی کۆنگـرە لە(١٣)بـەش و٤٣٣بەنـد پێکهـات. بەنـدی سـێیەم لەبەشـی سـێیەمدا لەژێـر نـاوی کوردسـتاندایەو سـێ خاڵـی لەخـۆ گرتـوە کـە خاڵەکانـی (٦٤،٦٣،٦٢)ەو بەمشـێوە یەیـە:

بەنـدی (٦٢) : کۆمیسـیۆنێك پێکدێـت کـە بارەگـەی بەردەوامـی لـە ئەسـتەنبوڵ دەبێـت و لـە سـێ ئەنـدام پێکدێـت کـە حکومەتەکانـی بریتانیـا، فەڕەنسـاو ئیتاڵیـا بەشـێوەیەکی فەرمـی دەستنیشـانیان دەکـەن. لەپـاش مۆرکردنـی ڕێککەوتنەکـە ئـەم کۆمیسـیۆنە لەمـاوەی شـەش مانگـدا پلانێـك پێشـکەش دەکات بـۆ ئۆتۆنۆمـی ناوخۆیـی ئـەو مەڵبەندانـەی کەدانیشـتوانیان کـوردەو دەکەونـە ڕۆژهەڵاتـی

رووبـاری فـورات و خـوارووی ئەرمەنسـتان کـە دەکرێـت لەدواییـدا سـنورەکەیان دیـاری بکرێـت، یـان کەوتۆتـە باکـوری سـنوری نێـوان تورکیـا ، سـوریا و نێـوان دوو ڕووبـارەوە. هەروەکـو لەماددەی (٢٧)ی بەشـی دووەممـدا لەخاڵەکانـی (٢و٣)داهاتـووە: هەرکاتێـك کۆمیسـیۆنەکە لەسـەر کێشـەیەك نەیتوانـی بڕیارێکـی هاوبـەش بـدات هەریەکـە لەئەندامـان کێشـەکە لەگـەڵ وڵاتـی خۆیانـدا بـاس دەکـەن. ئـەم پـرۆژەی خودموختارییـە دەبـێ مافـی تـەواوی ئاشـوورییەکان، کلدانـەکان و کەمـە نەتەوەکانـی تـر لەناوچەکـەدا دابیـن بـکات. بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە کۆمیسـیۆنێك لەنوێنەرانـی بریتانیـا، فەڕەنسـا، ئیتاڵیـا، ئێـران و کـوردەکان پێکدێـت. کۆمیسـیۆنەکە هەڵدەسـتێت بەسـەردانی ئـەو ناوچانـە، ئەگـەر بینـی پێویسـتە گۆڕانـکاری یـان هـەر چەشـنە دەسـتکاریەك لەسـنورەکانی تورکیـاو ئێرانـدا بـکات، ئـەوا بەگوێـرەی مەرجەکانـی پەیمانـی سـنوری نێـوان ئێـران و تورکیـا بڕیـار دەدات و سـاغی دەکاتـەوە.

بەنـدی (٦٣): حکومەتـی عوسـمانی تورکـی لەسـەریەتی کـە بڕیارەکانـی هـەردوو کۆمیسـیۆنەکە کـە لەبەنـدی (٦٢)دا وەریدەگـرن، پەسـندیان بـکات و لەمـاوەی سـێ مانگـدا لـەدوای ئاگادارکردنـەوەی جێبەجێیـان بـکات.

بەنـدی (٦٤): پـاش پەسـندکردنی ئـەم پەیماننامەیـە ئەگـەر لەمـاوەی سـاڵێکدا کوردەکانـی دانیشـتوی ئـەو ناوچانـەی کەبەنـدی (٦٢) دەیانگرێتـەوە، پێشـنیارێکیان پێشکەشـی ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کـردو بیسـەلمێنن کـە زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە دەیانەوێـت لەتورکیـا جیاببنـەوە. ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گەلانیـش بـۆی دەربکەوێـت کەئـەم خەڵکـە بەکەڵکـن و شـیاوی سـەربەخۆیین، ئـەوا تورکیـا ڕادەسـپێرێ کـە سـەربەخۆیی بـدات بەکـوردەکان و لەتورکیـا جیاببنـەوە. دەبێـت تورکیـا ڕاسـپاردەکە پەسـند بـکات و دەسـت لەهەمـوو مافەکانـی خـۆی لـەو مەڵبەندانـە هەڵبگرێـت. بـۆ وردەکارییەکانـی ئـەو مافانـە دەبـێ ڕێککەوتنێکـی جیـا لەنێـوان هاوپەیمانـان و تورکیـادا ئەنجـام بدرێـت، ئەگـەر تورکـەکان دەسـتیان هەڵگـرت لـەو مافانـە، هاوپەیمانـان هیـچ ڕەخنەیەکیـان نابێـت بەرامبـەر بـە کوردەکانـی ویلایەتـی موسـڵ و ئەگـەر بەخواسـتی خۆیـان ویسـتیان بچنـە پـاڵ ئـەو حکومەتـە کوردییـەوە، هاوپەیمانـە گـەورەکان هیـچ ڕێگرییـەك ناکـەن.

لێـرەدا ئـەو بەندانـەی کـە ڕاسـتەوخۆ لەسـەر کـوردو کوردسـتانە تـەواو دەبێـت. بـەڵام لـە بەنـدی (A-٩٣) ی بەشـی سـێیەمدا کـە تایبەتـە بـە ئەرمەنسـتان، شـارەکانی (ترابـزۆن ـ ئـەرزرۆم ـ وان ـ بەدلیـس) خراونەتـە نـاو سـنووری ئەرمەنسـتانەوە. هـاوکات وەکـو لـە بەنـدی (٦٤)دا دیـارە ویلایەتـی موسـڵ ڕاسـتەوخۆ ناکەوێتـە نـاو سـنوری ئـەو حکومەتـە کوردییـەی کەشـیمانەی دروسـتکردنی دەکرێـت. هەروەهـا شـارەکانی ڕۆژئـاوای فوراتـی وەکـو دیلـۆك، مـەرەش، مەلـەدی، ئەدیامـان و قۆچگریـش ناکەونـە نـاو ئەوسـنورەوە. دیـارە ڕۆژهەڵاتیـش لـەدەرەوەی ئـەو سـنورە دەمێنێتـەوە. کەواتـە بەپێـی پەیمانـی سـیڤەریش کـە ئێمـەی کـورد زۆر گـەورەی دەکەیـن، ئەگـەر حکومەتـی کـوردی دروسـت ببوایـە، ئـەوا ناوچەکانـی ڕوهـا، مێردیـن، ئامـەدو بۆتانـی دەگرتـەوە. بـەڵام بەهەرحـاڵ ئـەم کۆنگرەیە بـۆ کـورد گرنـگ بـوو، چونکـە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی و لەبەڵگەنامەیەکـی نێودەوڵەتیـدا دان

بەهەبوونی کورددا نراوەو ئەو مافەشی دراوەتێ کەخۆی بەڕێوەببات. هاوکات ئەم کۆنگرەیە بەتەواوی عوسمانی پارچەدەکردو بچوکی دەکردەوە، چونکە بەپێی بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە تەنیا ئەستەنبوڵ و ناوەوەی ئەنادۆڵ بۆ تورکیا دەمایەوەو رۆژهەڵاتی بۆ ئەرمەن، باشوری رۆژهەڵاتی بۆ کورد، رۆژئاواو باشوری رۆژئاوای بۆ یۆنانیەکان دەبوو. ئەوەی دەمایەوە دەبووە تورکیا کە نیوەی جوگرافیای ئەمڕۆی نەدەمایەوە. هەر بۆیە مستەفا کەمال و حکومەتەکەی زۆر بە توندی دژی ئەم پەیمان و کۆنگرەیە بوون و کردیانە چەکێك بۆ لاوازکردنی حکومەتی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ و گەرمکردن و تاودانی جەماوەر لەدژی بریتانیەکان. هەرئەمەش هۆکارێك بوو کە بەشێکی کوردەکان لە کۆمەڵەی تەعالی کوردستان چوونە پاڵ مستەفا کەمال، چونکە پێیان وابوو بەشێکی وڵاتەکەیان دراوە بەئەرمەنەکان و بەشێکی بریتانیا بۆ خۆی دەیبات و بەشێکیشی چارەنوسی دیار نیە. مستەفا کەمالیش ئەم بارودۆخەی قۆستەوەو کاری لەسەرکرد. بەپێی پەیمانی سیڤەر کوردەکان ماوەی ساڵێکیان لەبەردەستدابوو بۆ ئەوەی حکومەتێکی خۆیان دروست بکەن. بەڵام لەوکاتەدا زۆربەی سەرۆك خێڵ و کەسایەتیە ناودارەکانی کورد لەباکور چووبوونە پاڵ مستەفا کەمال، لەباشوریش حکومەتی شێخ مەحمود لەناوبرابوو. لەم کاتەدا شەریف پاشای خەندان، بەشێك لەرۆشنبیران و ئەندامانی جەمعیەتی تەعالی کوردستان، بەشێك لەڕاپەڕیوانی قۆچگری، عەشیرەتەکانی بەهدینان و گەرمیان لەناو هەوڵدا بوون و داوای مافەکانی خۆیان دەکرد، بەڵام کاریگەرییان زۆرنەبوو. چونکە جوڵانەوەکەی قۆچگری لاواز ببوو، هەرچەندە لەو کاتەدا هێشتا بەتەواوی لەناو نەچوو بوو، بەڵام دواتر مستەفا کەمال بەهاوکاری ئەو کوردانەی کە لەگەڵیدا بوون وەکو باسمان کرد کۆتایی پێهێنا. هەربۆیە ئەو ساڵەی کەدیاری کرابوو کۆتایی هات، بەڵام هەنگاوێکی جددی لەلای کوردەوە بەئاڕاستەی جێبەجێکردنی بەندەکانی سیڤەردا نەنرا. شەریف پاشای خەندان دەڵێ دوای پەیمانەکە هاتمەوە کوردستان بۆجێبەجێکردنی، بەڵام لەسەر گۆڕەپانی کوردستان شتێك نەبوو، نەمانتوانی چوارکەس کۆبکەینەوە بۆ جێبەجێکردنی پەیمانەکە." ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە زەمینەی بابەتی بۆ جێبەجێکردنی سیڤەر نەبوو، چونکە کوردەکانی باکور بەشی زۆریان چووبوونە پاڵ مستەفا کەمال و شەڕی رزگاری هاوبەشیان دەکرد، ئەوانەی تریش سەرکوتکرابوون، لەباشوریشدا حکومەتەکەی شێخ مەحمود تێکدرابوو، هاوکات سەرکردە کوردەکان یەکگرتوو نەبوون بۆکارکردن بەو ئاڕاستەداو کەسێك نەبوو کۆیان بکاتەوە. شەریف پاشای خەندانیش هەرچەندە هەوڵیدا بەڵام لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو لەکوردستان نەبوو، کاریگەرییەکی ئەو تۆی نەبوو، وەکوتر زمانی کوردی بەباشی نەدەزانی و داب ونەریتی خەڵکیشی بەباشی نەدەزانی، هەربۆیە ئەویش نەیتوانی ئەنجامێك بگرێت و ساڵەکەش تەواو بوو.

لەم ماوەیەدا مستەفا کەمال بەشی زۆری ئەو ناوچانەی کە لەپەیمانی سیڤەردا باسکرابوو خستیە ژێردەستی خۆیەوەو یۆنانیەکانیشی لەئیزمیرو ناوچەکانی کەناری دەریای ئیجە دەرکرد. لەڕووی سیاسیشەوە هەندێك هەنگاوی نا، ئەوانە بوونە هۆکار کە لە ١٩٢١/٣/١٣ ئیتاڵیا پەیمانی

ئاشتی لەگەڵ مستەفا کەمالدا مۆربکات، لە ١٩٢١/٣/١٦دا رووسیا پەیمانی لەگەڵدا مۆربکات، لە ١٩٢١/١٠/٢٠ فەڕەنسا پەیمانی فرانکلین بۆیۆنی لەگەڵدا مۆرکردو تاڕادەیەك لەسەر سنورەکانی سوریا ڕێککەوتن و هەرەدوایی لە ١٩٢٢/١١/١١دا ئاگربەستی مۆدانیای لەگەڵ بریتانیا مۆرکردو دانوستاندنەکانی لۆزان وەکو ئەڵتەرناتیڤی سیڤەر لەنێوانیاندا دەستی پێکرد.

٩ ـ دروستکردنی دەوڵەتی ئێراق :

بریتانیا دوای ڕووبەڕووبوونەوەکانی خەڵکی باشوری ئێراق کە بە شۆڕشی (١٩٢٠)ناسراوەو نارەزایی کوردەکان لە ویلایەتی موسڵدا، بڕیاریدا کەهەرچی زووە دەوڵەتی ئێراق و حکومەتی ئێراق دروست بکات، بەپێی بەڵگەکانی بریتانیا هەتا بەهاری ١٩٢١ ئەو ئێراقەی کە بریتانیا خواستویەتی دروستی بکات پێکهاتووە لە هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغداد و سنوری باکوری ئێراق هەتا چیاکانی هەمرین درێژ دەبووەوە. واتە ویلایەتی موسڵ نەدەکەوتە ناو سنوری ئێراقەوە، واتە شارەکانی (موسڵ، کەرکوك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك و هەڵەبجە )ی ئێستا نەدەکەوتنە سنووری ئێراقەوە. چونکە کێشەی موسڵیش چارەسەر نەببوو. دوای پەیمانی سان ڕیمۆ لە (١٩٢٠/٤/٢٥)دا فەڕەنسا دەستی لێ هەڵگرت، بەڵام کورد، تورك و عەرەبەکان داواییان دەکرد. لەم بارودۆخەدا بریتانیا لە ١٩٢٠/١٠/٢٥دا یەکەم حکومەتی ئێراقی بەسەرۆکایەتی (عەبدولڕەحمان نەقیب)دروستکردو بڕیاریدا سیسەمتێکی پاشایی دروست بکات. بەڵام دیاریکردنی پاشاش بۆ ئێراق بووە کێشەیەك و هەتا ماوەیەك هاوشێوەی موسڵ بەناڕوونی مایەوە. لەم ماوەیەدا بریتانیەکان دوو کۆنگرەیان ئەنجامدا کە پەیوەستبوون بە ئێراق و کوردەوە. ئەوانیش کۆنگرەکانی لەندەن و قاهیرە بوون، کەلێرەدا باس لەهەردووکیان دەکەین:

**یەکەم**: کۆنگرەی لەندەن (فرانکلین – بۆیۆن ) : (٢/٢١ ـ ١٩٢١/٣/٤)

ئەم کۆنگرەیە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر ئەنجامدرا. لەبارەگای سەرۆك وەزیرانی بریتانیا (لۆید جۆرج ) بەڕێوەچوو. لوید جۆرج، لۆرد کیرزن وەزیری دەرەوەی بریتانیا، نوێنەرانی فەڕەنسا مسیۆ کامبۆ، بیرتلیۆو نوێنەرانی ئیتاڵیا، ژاپۆن و تورك (بەکرسامی بەگ) ئامادەی بوون. لەکۆنگرەدا بە ڕاشکاوی باسی دۆزی کوردو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ترکرا. پاش وتووێژێکی دوورو درێژ، فەڕەنساو بریتانیا هەریەکەیان چەند خاڵێکیان وەکو پێشنیار سەبارەت بەدۆزی کورد پێشکەش کرد. پێشنیارەکانی بریتانیا لەلایەنی (لۆردکیرزن)ەوە پێشکەش کراو ئەوەی فەڕەنساش لەلایەنی (مسیۆ کامبۆ و بیرتلیو)ەوە پێشکەشکرا.

پێشنیارەکانی فەڕەنسا

١-دان نان بەبوونی سەربەخۆیی دۆزی کورداو نەلکاندنی بەپرسی ئەرمەنیەوە. لەبەرئەوەی پێگەی جوگرافیای کوردستان و سروشتی خاکەکەی و تایبەتمەندی دانیشتوانەکەی وای لێکردووە کە وڵاتێکی جیابێت. هەروەها کوردەکان دەتوانن بە شارستانیەت قایل بن و سەلاحەدینی پاڵەوانی بەناو بانگی چاپوك (وەکو نوێنەری فەڕەنسا وەسفیکردوە) یەکێکە لەکوردەکان.

٢-کاروباری کوردستان بەلای هەریەك لە بریتانیاو فەڕەنساوە بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی خۆی

هەیە. پێویستە ئەوە ببێتە بابەتێك بۆ ڕێككەوتنێكی تایبەت لەنێوانماندا و بەبێ دەستوەردانی لایەنی تر.
٣-پێویستە بەشێوەیەكی كاتی لەچوارچێوەی فیدراڵیدا كوردستان رێكبخرێت و لەژێرچاودێری ئەوروپادا بێت.
٤-سەروەری سوڵتان بەشێوەیەكی رووكەشی لەسەركوردستان بمێنێتەوە. ئەنجومەنی خۆیی هەڵبژێردراو پێكبهێنرێت لەژێر سەرپەرشتیاری فەڕەنساو بریتانیادا .
٥-ناكرێت رێكخستنی سنوری كوردستان دیاری بكرێت تەنها لەپاش دیاریكردنی سنووری ئەرمینیاو ویلایەتی موسڵ نەبێت.
پێشنیارەكانی بریتانیا
١-نابێت تەنیا بە ناویش بێت دەسەڵاتی توركی لەسەركوردستان بمێنێت .
٢-ناكرێت یاخود ناگونجێت هەر سپاردە (چاودێری)، یان منداتێكی بریتانی یان فەڕەنسی لەسەر هەموو كوردستان دابنرێت، جگە لەهەندێك ناوچەی ئارام نەبێت لەكوردستانی باشووردا.
٣-كوردەكان بەتەواوی دەتوانن كارە پێویستەكانیان لەگەڵ ئاشوورییەكاندا لەلایەك رێكبخەن و لەلایەكی تریشەوە لەگەڵ ئەرمەنەكاندا، لەبەرئەوە ناكرێت بەو جۆرە لەدۆزی كورد بروانین بەدابڕینی لە پێكهێنانی دەوڵەتی ئەرمەنستان كە بریتانیەكان و فەرەنسیەكان لەسەری رێككەوتوون.
٤-پێویستە ئەگەر توانرا زەمانەت بدرێت بەكوردەكان لەدژی دەسەڵاتە دەستدرێژییەكانی عوسمانی.
٥-ڕێگە بدرێت بەكوردەكان بڕیار لەسەر خۆیان بدەن بەدامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی لەچەند ناوچەیەكی بچوكی نزیك بەیەك. ڕۆژانی داهاتوو ئەوە دەردەكەوێت كە كوردەكان دەتوانن كاروباری خۆیان بەڕێوە بەن ئەگەر توركەكان دەست وەرنەدەنە كاروباریانەوە.
لەكۆتایی كۆنگرەدا هەردوولا لەسەر داڕشتنی پێشنیارەكان ڕێككەوتن، بەڵام پێیان باش بوو جێبەجێ نەكرێن هەتا ئەو خاڵانەی گفتوگۆ لەسەر ویلایەتی موسڵ و دەوڵەتانی عەرەبی و ئەو خاڵانەی پەیوەستە بەوانەوە یەكلایی دەبێتەوە. هەربۆیە بریتانیا بڕیاریدا كە(وینستۆن چەرچل)كە وزیری بریتانیا بوو بۆ ناوچە داگیركراوەكان بكاتە بەرپرس و ئەركداری بكات بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندی بەموسڵ و وڵاتە عەرەبیەكانەوە هەیەو لەسەر ئەو بنەمایە كۆنگرەی قاهیرە بەسترا.

**دووەم : كۆنگرەی قاهیرە : (١٢ـ ١٩٢١/٣/٣٠)**

ئەم كۆنگرە، كۆبوونەوەیەكی تایبەت بوو كە بریتانیا ڕێكیخست، (وینستۆن چەرچل)ی وەزیری كاروباری وڵاتە داگیركراوەكانی بندەستی بریتانیا لەسەر راسپاردەی (لویدجۆرج)ی سەرۆك وەزیران و بۆچارەسەركردنی ئاستەنگیەكانی بەردەم كۆنگرەی لەندەن ڕێكیخست و سەرپەرشتی كرد. نوێنەری چل وڵاتیش بەشدارییان تێداكرد. ئەوبابەتانەی خرانە بەردەم كۆبوونەكەوە بۆ

**تاووتوێکـردن، چـوار بابـەت بـوون: یەکـەم؛ خەرجیەکانـی بریتانیا بـوو لەئێـراق. دووەم؛ دیاریکردنـی پادشـایەك بـۆ ئێـراق. سـێیەم؛ دیاریکردنـی چارەنوسـی ویلایەتـی موسـڵ و دۆزی کـوردەکان. چـوارەم؛ دروسـتکردنی سـوپایەك بـۆ ئێـراق. لەکۆنگرەکـەدا بڕیـاردرا کـە فەیصەڵـی کـوڕی حسـێن کـوڕی عەلـی شـەریفی مەککـە (پێشـترخۆی وەکـو پاشـا لەسـوریا ڕاگەیانـد، بـەڵام فەڕەنسـیەکان پەسـندیان نەکـردو دوای پەیمانــی ســان ڕیمــۆ لەســوریا دەریانکــرد. لەبــەر ئــەوەی خــۆی و خانەوادەکــەی هــاوکاری زۆریـان پێشکەشـی بریتانیـا کردبـوو، بریتانیـا پێـی بـاش ئـەو ببێتـە پاشـای ئێـراق) ببێتـە پادشـای ئێـراق. بێجگـە لـە فەیصـەل گفتوگـۆ لەسـەر چەندیـن کەسـی تریـش دەکرێـت، کەدیارترینیـان، شـێخ خزعـل بـوو کـە لەشـێخە بەناوبانگەکانـی ناوچـەی خۆرسـتان بـوو، هەروەهـا عەبدولڕەحـمان نەقیـب کـە یەکێـك بـوو لەکەسـە ناودارەکانـی بەغـداد و لەبنەماڵـەی گەیلانیـەکان بـوو، لەوسەردەمەشـدا کرابــووە ســەرۆکی یەکــەم حکومەتــی ئێـراق. بریتانیــەکان ڕایــان وابــوو کــە فەیصــەل بەهــۆی ئــەوەی لەخانـەوادەی هاشـمیەو باوکیشـی سەرپەرشـتیاری مەککـە بـوو، بنەماڵـەی هاشـمی لەلایەنی سـوونني و شـیعەوە پەسـند دەکرێـن. هەروەهـا بنەماڵـەی (ئـال سـعود) کـە وەهابـی بـوون و دەسـتیان بەسـەر وڵاتــی حیجــازدا گــرت، بنەماڵەکەیــان دەرکــردن، ئەمــەش وا دەکات کــە خەڵکــی ئێــراق بەســوننەو شـیعەوە پێشـوازی لـە فەیصـل بکـەن وەکـو پادشـا، لەبـەر ئەمانـە فەیصەڵـی پـێ باشـتر بـوو.**

**هــەر لەکۆنگرەکــەدا بڕیــاردرا کــە ســوپایەك بــۆ ئێــراق دروســتبکرێت و بریتانیــا هــاوکاری دروســتکردنەکەی بــکات و لــەڕووی پــەروەردەو تەکنەلۆژیــاوە پشــتیوانی بێــت. جەعفــەر عەسـکەری(٣٥) لـە ١٩٢١/٣/٢٥ داو لەکاتـی بەڕێوەچوونـی گفتوگۆکانـی کۆنگرەکـەدا، دامەزراندنـی سـوپای ئێراقـی ڕاگەیانـد. بـەڵام لەبەرئـەوەی پێشـتر لـە ١٩٢١/١/٦دا ، لەبەغداد (١٠) ئەفسـەری کوردو ئێراقـی لـە بـارەگای جەعفـەر عەسـکەری بۆمەبەسـتی دروسـتکردنی سـوپای ئێـراق کۆبببوونـەوە ، ئــەورۆژە وەکــو ڕۆژی دامەزراندنــی ســوپای ئێــراق دیاریکــرا.**

**کۆنگـرە سـەربارەت بـەدۆزی کـوردو چارەنوسـی ویلایەتـی موسـڵ کۆمیتەیەکـی حـەوت کەسـی دروســتکرد کەبریتــی بــوون لــە چەرچــل (بــووە سەرپەرشــتیاری کۆمیتەکــە) و نــاوی کۆمیتەکــە (کۆمیتـەی ڕامیـاری لەپێنـاوی کوردسـتان) بـوو. مێجەرنوئێـل، کۆلۆنێـل ت . ئـەی لۆرانـس (ئـەم دوانـە هەردووکیـان ڕاوێـژکاری چەرچـل بـوون و وەکـو ڕاوێـژکار بەشـداری کۆنگرەکـەش بـوون) لەگـەڵ میجـەر ئارنۆڵـد هیربـەرت یۆنـگ دا جەختیـان لەسـەر دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی کـوردی دەکـردەوە. بـەڵام سێرپێرسـی کۆکـس (کۆمیسـیاری بـاڵای بریتانیـا لەئێـراق)و مـس گێرتـرود بێـل کـە ئەمینـداری کۆمیسـیاری ئێـراق بـوو، دژی بیرۆکەکـە بـوون، پێیـان وابـوو کـە دەبێـت ویلایەتـی موسـڵ**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٣٥) جەعفـەر عەسـکەری: فەرماندارێکـی کوردبـوو، ماوەیـەك لەناوسـوپای عوسـمانیدا خزمەتـی کـرد بـوو ، لەکاتـی دروسـتکردنی حکومەتـی ئێراقـدا بەشـداری کـردو ئەوکاتـە وەزیـری پاراسـتنی ئێـراق بـوو ،بەشـدار بـوو لـە کۆنگـرەی قاهیـرەدا)

بخرێتە سەر ئێراق. ئار. دی . باباکۆك بێ دەنگی هەڵبژارد و دواتر بڕیاردرا کە ویلایەتی موسڵ بکەوێتە سەر ئێراق. بۆچی بڕیاردرا کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق ؟ ئەمە پرسیارێکە هەتا ئێستا دەکرێت و جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە بریتانیا لە کۆنگرەی لەندەندا ئەوەی پێ باش بوو کە کورد سەربەخۆ بن ! هەروەها یەکێك لەپێشنیارو تێڕوانینەکانی بریتانیا ئەوەبوو کە نابێت بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی تورك بەسەر کوردەکانەوە بمێنێ ! ئەی بۆچی کوردی پارچە کردو بەشێکی زۆری لەژێر دەستی تورکەکاندا بەجێ هێڵا؟ ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرۆکی ئەو لیژنەیەی بۆچارەسەری دۆزەکە دروست کرابوو لەگەڵ سێ ئەندامی لیژنەکەدا جەختیان لەدروستکردنی دەوڵەت دەکردەوە بۆ کوردو ئەندامێکیش بێ لایەن بوو، تەنیا دوو ئەندام جەختیان لە لکاندنی موسڵ بە ئێراقەوە دەکردو ئەوانیش بەرپرسانی بریتانیا بوون لە ئێراق، ئایا چۆن توانیان بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەنە بڕیارو ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی وڵاتەکەیان ڕازی بکەن؟

بەپێی ئەو دۆکۆمێنتانەی کەتایبەتن بە گفتوگۆکانی کۆنگرەی قاهیرەو گفتوگۆکانی لیژنەکە، نوێنەرایەتی بریتانیاش لەهیندستان کەسەرپەرشتی کاروباری بریتانیای دەکرد لە ئاسیادا هەمان بیرو بۆچوونی نوێنەرانی ئێراقی هەبووە، جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێت ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق هۆکاری ئەمەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ چەند بابەتێك، کە گرنگترینیان بەم شێوەیە بوون:

١-ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق، ئەوا بریتانیا سۆزی نەتەوەییەکانی عەرەب بەدەست دێنێت کە ژمارەیان زۆرەو کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە هەیە، ئەمەش دەبێت بەپشتیوانی بۆ سیاسەتی بریتانیا لەبەرامبەر سیاسەتی تورکیاو فەڕەنساو ڕووسیا.

٢-ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق، ئەوا هاوسەنگی ئایینزایی لەنێوان شیعەو سوننەدا دروست دەبێت، چونکە ئەگەر ویلایەتی بەغدادو بەسرە لەڕووی ئایینزاییەوە بگرینە دەست ئاوا لە ٧٥٪ زیاتری دانیشتوانی ئەو دوو ویلایەتە شیعەن و ئەمەش لاسەنگییەك دروست دەکات و ڕەنگە ئەو وڵاتەی کە بەناوی ئێراقەوە دروست دەکرێت نەتوانێت لەسەرپێی خۆی بوەستێت و دواتر بەهۆی کاریگەریی ئایینزایشەوە بکەوێتە ژێر دەستی ئێرانەوە. بەڵام لەکاتێکدا ویلایەتی موسڵیش بکەوێتە سەر ئێراق، بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بەکورد، عەرەب و تورکمانەوە سوننەن، ئەوا تاڕادەیەك هاوسەنگی لەنێوان هەردوو ئایینزاکەدا دروست دەبێت و ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی کونترۆڵ و هاوسەنگی .

٣- ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق، ئەوا حکومەتی ئێراق خۆی قەرزاری بریتانیا دەبینێ و ناچارە کە بەرژەوەندیەکەنی بریتانیا ڕەچاو بکات. بەمشێوەیە ئێراق دەبێتە هاوکاری بریتانیا بۆ سنوردارکردنی خۆاستی تورکەکان، هەروەها بریتانیا دەتوانێت لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئێراقەوە ڕووبەڕووی خواستی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ ببێتەوەو داواکانی کورد ڕووبەڕووی حکومەتی ئێراق بکاتەوە. بەمەش خۆی لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردەکاندا بپارێزێت و

هـاوكاری حكومەتـی ئێراقیـش بـكات  بـۆ سـەركوتكردنی جوڵانـەوە كوردییـەكان. بەپێچەوانـە ئەگـەر حكومەتـی ئێـراق بەرژەوەندییەكانـی بریتانیـای ڕەچـاو نەكـرد ئـەوا بریتانیـا دەتوانێـت ناكۆكـی نێـوان عـەرەب و كـورد قـوڵ بكاتـەوەو كـورد لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی حكومەتـی ئێـراق بـەكار بهێنێـت و بەوشـێوەیە جڵـەوی هـەردوولا دەكات.

٤-دەتوانرێـت لـە ڕێـگای دابینكردنـی هەندێـك مافـی فەرهەنگـی و نەتەوەییـەوە سـۆزی كـوردەكان بـەلای خۆیـدا رابكێشـێت. هـاوكات لەڕێگـەی كوردەكانـی ویلایەتـی موسـڵەوە كۆنترۆڵـی كوردەكانـی پارچەكانـی تریـش بكرێـت. هەروەهـا هەرسـێ دەوڵەتـی توركیـا ، ئێـران و سـوریا كۆنـترۆڵ بكرێـن ئەویـش بەشـێوەیەك كـە هەمیشـە كـورد وەكـو هەڕەشـەیەك بۆسـەر یەكپارچەیـی دەوڵەتەكانیـان نیشـان بدرێـت و بـەم شـێوەیە ئـەو دەوڵەتانـەش بەرژەوەنـدی بریتانیـا رەچـاو دەكـەن.

خۆئەگـەر ویلایەتـی موسـڵ بكرێتـە دەوڵەتێكـی كـوردی سـەربەخۆ، ئـەوا سـۆزی عـەرەب لـە دەسـت دەدەن (واتـە بریتانیـا) ڕەنگـە دەوڵەتـی ئێراقیـش زۆر لەسـەرپێی خـۆی نەوەسـتێت، دەوڵەتانـی توركیا، ئێـران و سـوریا دەبنـە دوژمنـی بریتانیـاو ئەمـەش زیـان بـە بەرژەوەنـدی سیاسـی و ئابـووری بریتانیـا دەگەیەنێـت، هـاوكات بەهـۆی ئامـادە نەبوونـی كـورد لـە ڕووی سیاسـی و ئیداریـەوە بـۆ خـۆ بەڕێوەبـردن، ڕەنگـە ئەتوانێـت خـۆی بەڕێـوە ببـات و توركیـا ئـەم ڕەوشـە بقۆزێتـەوەو سـود لـەلاوازی كـوردو پەیوەنـدی مێژوویـی كـوردو تـورك وەربگرێـت و بـەو شـێوەیە ویلایەتـی موسـڵ بخاتـەوە سـەر توركیـا، هەروەكـو چـۆن ناوچەكانـی رۆژهەڵاتـی توركیـاو دەریـای سـپی گێڕایـەوە بـۆ خـۆی. واتـە خاڵێكـی تـر كـە كاریگـەر بـوو لەوكاتـەدا نائامادەگـی كوردبـوو بـۆ خۆبەڕێوەبـردن و گومانـی بریتانیـەكان لـە پەیوەنـدی كـوردو تـورك. هەمـان كات گەشـەكردنی جوڵانەوەكـەی مسـتەفا كەمـال و خۆسـەپاندنی لەسـەر واقیـع و ئەوەبـوو لـەو ماوەیـەدا مسـتەفا كەمـال توانـی خـۆی بـە ڕووسـیا، فەڕەنسـاو ئیتاڵیا بەقەبـوڵ كـردن بـدات و هـەر لەكاتـی بەڕێوەچوونـی كۆنگـرەی قاهیـرەدا مسـتەفا كەمـال دوو پەیمانـی لەگـەڵ ئیتاڵیـا لـە ١٩٢١/٣/١٣و ڕووسـیا لـە ١٩٢١/٣/١٦ دا مـۆر كـرد. ئـەم بارودۆخـە بریتانیـای دەترسـاند، كـە رەنگـە هەرچـی زووە مسـتەفا كەمـال هەوڵبـدات ویلایەتـی موسـڵ بـەزۆر بگەڕێنێتـەوە سـەر توركیـا، ئەوەبـوو لـەو كاتـەدا مستەفاكەمال (ئۆزدەمیـر پاشـا)ی ناردبـووە ڕەوانـدووز بـۆ پەیوەنـدی دروسـتكردنی لەگـەڵ كوردەكانـی ویلایەتـی موسـڵدا. هەرئەمـەش وایكـرد بڕیـار بـدات كـە ویلایەتـی موسـڵ بكەوێتـە سـەر ئێـراق، چونكـە لـەم حاڵەتـەدا ئەگـەر توركیـا هێرشـی بكردایەتـە سـەر ویلایەتـی موسـڵ ئـەوا بریتانیـا بەتەنیـا نەدەمایـەوە، بەڵكـو ئێـراق ڕاستەوخۆ دەكەوتـە نـاو كێشـەكەوەو عەرەبەكانیـش بـۆ پاراسـتنی ئێـراق هـاوكاری بریتانیایـان دەكـرد.

ئـەوەی جێگـەی تێڕامانـە ئەوەیـە كـە بریتانیـا هـەر لـەم سـەرو بەنـدەدا بڕیاریـدا كەشـێخ مەحمـود بەرزنجـی بگەڕێنێتـەوە. ئەویـش لەسـەر داوای چەرچـل كـە لـە١٩٢١/٤/٢١دا داوای لـە پێرسـی كۆكـس كـرد كـە شـێخ مەحمـود لـە هیندسـتان بگەڕێننـەوە. ئەوەبـوو لـە ١٩٢٢/٩/٣٠داو دوای ٣سـاڵ لەدوورخرانـەوە بەیـاوەری مێجـەر نوئێـل گەڕایـەوە سـلێمانی.

لێرەدا باسی هەڵوێستی لینین و یەکێتی سۆڤێت بکەین لەجێگەی خۆیدایە. لینین لەکاتێکدا لە ۱۹۲۰/۱/۳دا پەیمانی (ئەلیکساندەر پۆل)ی لەگەڵ مستەفا کەمالدا ئیمزاکردو دواتر لە ۱۹۲۱/۳/۱٦پەیمانی ئاشتی لەگەڵدا بەست، لەهەمان کاتدا هەوڵیدا کە کاریگەریی خۆی زیاتر بکات و ڕۆڵ ببینێ لەیەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا، بەتایبەتی کێشەی گەلان. بۆ ئەم مەبەستە لە (۱-۱۹۲۰/۹/۸)دا لە باکۆ بەسەرپەرشتی (زینۆفیف)ی وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت، کۆنگرەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئەنجامدا. ئەم کۆنگرەیە ڕاستەوخۆ دوای کۆنگرەی سیڤەر ئەنجامدراو ئەڵتەرناتێڤی یەکێتی سۆڤێت بوو بۆ پڕۆژەکانی بریتانیاو هاوپەیمانەکانی. لەم کۆنگرەدا هەشت کورد وەکو نوێنەر بەشداربوون. ئەم کۆنگرەیە شتێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، بەڵام یەکێتی سۆڤێت بۆ ئەوەی سەرنجی کورد بەلای خۆیدا رابکێشێت، لەدوای ئەم کۆنگرەیەوە کاری کرد بۆ ئەوەی مافی کەلی کورد لەسنووری جوکرافیای خۆیدا بدات. ئەوەبوو لەساڵی ۱۹۲۳دا بڕیاری دا قەوارەیەکی سەربەخۆی ئۆتۆنۆم لەسنوری ئەرمەنستان بۆ کوردەکانی (لاچین، گڵبازو، قوبالکور تەنگیان ، ناگۆڕنا قەرەباغ) بەناوی کوردستانی سوور دروست بکات. ئەم ئیدراە ئۆتۆنۆمە هەتا ساڵی ۱۹۳۰بەردەوام بوو.

بێینەوە سەر باسی کۆنگرەی قاهیرەو چارەنوسی ئێراق و ویلایەتی موسڵ و دۆزی کورد، دوای ئەوەی بڕیاردرا فەیصەڵ ببێت بە پادشای ئێراق، فەیصەڵ چووە ئێراق و لەرۆژی ۱۹۲۱/۸/۲۳دا تاجی پادشایی نرایە سەرو ژمارەیەك لە کەسایەتی ناودارو سەرۆك خێڵ و رۆشنبیران لەشارەکانی ئێراق بەشداری مەراسیمەکەبوون، بەڵام لەهەردوو شاری کەرکوك و سلێمانی کەس نەچوو بۆ ئاهەنگەکە، هۆکاری ئەم هەڵوێستەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان دەوڵەتی کوردی سەربەخۆیان دەوێت و بەشێك نیین لەئێراق. بەڵام بابەتی موسڵ هێشتا بەتەواوی یەکلایی نەبوو بووەوە چونکە لەناو بریتانییەکان خۆشیاندا ناکۆکی هەبوو، هاوکات حکومەتی ئێراق هێشتا لەسەرەتای دروستبوونیدابوو، ئەمەش ئەو گومانەی دروست دەکرد کە ئایا دەتوانێت لەسەرپێی خۆی بوەستێت و ویلایەتی مۆسڵیش ئیدارە بکات؟ لەلایەکی ترەوە ئەو بڕیارە پێویستی بەرێککەوتنی لایەنە ناکۆکەکان هەبوو لەسەری واتە پێویست بوو بریتانیا، تورکیاو ئێراق لەسەری رێکبکەون، دواتریش ڕەزامەندی نێودەوڵەتی لەسەر نیشان بدرێت، لەگەڵ ئەمانەدا کوردیش داوای سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵی دەکرد. لەبەرئەوەی بەشی زۆری کوردی ویلایەتی موسڵ فەیصەڵیان وەکو شای خۆیان پەسند نەکردو تورکیاش ئامادە نەبوو دەست لە ویلایەتی موسڵ هەڵبگرێت، ئەوا کۆنگرەی قاهیرە سیفەتی نێودەوڵەتی وەرنەگرت و شیمانەی جێبەجێ نەبوونی هەبوو.

۱۰ـ کۆنگرەی لۆزان وەکو ئەڵتەرناتیڤی سیڤەر:

ئەم بارودۆخە لەبەرژەوەندی تورکیای کەمالیدا بوو، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مستەفا کەمال و جوڵانەوەکەی و حکومەتەکە پێگەی خۆیان بتەوتر دەکردو لەناوخۆو لەدەرەوەشدا ڕەوایی پەیدا دەکرد، ئەوەبوو هەتا کۆتایی ۱۹۲۱مستەفا کەمال و حکومەتەکەی لەلایەنی ڕوسیا،

ئیتاڵیـاو فەڕەنسـاوە پەسـند کـران و تەنیـا بریتانیـا وەکـو ڕەقیبیـان مایـەوە، ئـەم ڕەوشـەش لەبەرژەوەنـدی بریتانیـادا نەبـوو. هەرئەمـەش هۆکاربـوو بۆئـەوەی بریتانیـا لەلایـەك پەنـا بباتـە بـەر گێڕانـەوەی شـێخ مەحمـود لەسـاڵی ١٩٢٢دا، لەلایەکـی تـرەوە لـە ٢٢- ١٩٢٢/٣/٢٦دا، واتـە سـاڵێك دوای کۆنگـرەی قاهیـرە، لەگـەڵ فەڕەنسـاو ئیتاڵیـادا، لەپاریـس کۆنگرەیەکیـان سـازکرد بەمەبەسـتی گفتوگۆکـردن لەسـەر ڕەوشـی تورکیـا، بـەڵام ئەنجامێکـی لـێ نەکەوتـەوە، چونکـە فەڕەنسـاو ئیتاڵیـا ئیـتر وەکـو ڕابـردوو سـەیری تورکیـاو مسـتەفا کەمالیـان نەدەکـرد. هـەر لـەم کاتـەدا ئیتاڵیـاش بەهـۆی کێشـەی ناوخۆیـی و ڕێککەوتنـی لەگـەڵ تورکیـادا هێزەکانـی خـۆی لەئەنـادۆڵ کشـایەوە. دوای ئەمـە (ئەنجومەنـی گـەورەی گـەل) لـە ١٩٢٢/١١/١بڕیاریـدا کەسیسـتمی سـەڵتەنەت لەتورکیـا هەڵبوەشـێنێتەوەو حکومەتـی ئەنقـەرەی وەکـو تاکـە دەسـەڵاتی ڕەوای تورکیا پێناسـەکرد. هەرئەمەش بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە بریتانیـاش لـە ١٩٢٢/١١/١١دا ئاگربەسـتی مۆدانیـا لەگـەڵ کەمالیەکانـدا مـۆر بـکات و دواتریـش لـە ١٩٢٢/١١/٢٠دا دانیشـتنەکانی کۆنگـرەی لـۆزان دەسـتی پـێ کـرد، ئامانـج لـەم کۆنگرەیـە بەسـتنی پەیماننامەیەکـی ئاشـتی نـوێ بـوو لەگـەڵ تورکیـادا کـە جێگـەی پەیماننامـەی سیڤەر بگرێتـەوە. لـەم کۆنگـرەدا کـە دانیشـتنەکانی لـە ١٩٢٢/١١/٢٠ هەتـا ١٩٢٣/١/٣١ درێژەی کێشـا. ئەگەیشـتنە ئەنجـام. جونکـە نوێنـەری تورکیـا (عیصمـەت ئینینـۆ) پێداگیـری لەسـەرئەوە دەکـرد کـە دەبێـت بریتانیـا دەسـت لـە موسـڵ هەڵبگرێـت، نوینـەری بریتانیـاش (لـۆرد کیـرزن) و (چەرچـل) ئەمەیـان بـە لەدەسـتدانی ئێـراق نـاوزەد کـردو ئامـادە نەبـوون دەسـتبەرداری بـن. لەکاتـی کۆنگـرەدا یەکێتـی سـۆڤێت پشـتیوانی لـە سیاسـەتی تورکیاکـردو بـاوەڕی بـەوە هێنابـوو کـە جوڵانـەوەی کەمالیـەکان جوڵانەوەیەکـی رزگاریخـوازی گەلانـە لـەدژی ئیمپریالیـزم. لەئەنجامـدا نوێنـەری بریتانیـا داوای کـرد کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ ڕەوانـەی (کۆمەڵـەی گـەلان) بکرێـت. لەبەرامبـەردا رۆژی ١٩٢٣/٢/٤نوێنـەری تورکیـا داوای کـرد کـە کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ لەگفتوکۆکانـی لۆزانـدا لاببرێـت و نوێنـەری بریتانیـاش بـەوە ڕازی بـوو.

لـەم ماوەیـەدا لەسـەر واقعـی کوردسـتان و تورکیـاش ململانێیـەکان بـەردەوام بـوو. ئەوەبـوو شـێخ مەحمـود لـە١٩٢٢/٩/٣٠دا بەبڕیـاری بریتانیـا گەڕایـەوە سـلێمانی. بریتانیـا بەڵێنـی پێدابـوو کـە هـاوکاری بێـت لەدروسـتکردنی حکومەتـی کـوردی لەسـلێمانیداو ئامادەیـە پشـتیوانی لەداواکانـی بـکات بـۆ سـەربەخۆیی ویلایەتـی موسـڵ. لەسـەر ئـەو بنەمایـە لـە ١٩٢٢/١١/١٨ دا حکومەتـی دووەمـی خـۆی ڕاگەیانـدو لـە ١٩٢٢/١١/٢٢خـۆی وەکـو پاشـای کوردسـتان ڕاگەیانـد. (مێجەرنوئێـل) یـش کرایـە ڕاوێـژکاری. لێـرەدا بیرەوەرییەکـی سـەرنج ڕاکێـش هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە کەکاتێـك کۆمیسـیاری بـاڵای بریتانیـا لـە ئێـراق گفتوگـۆ لەگـەڵ شـێخ مەحمـوددا دەکات ، پێـی دەڵـێ (واتـە بەشـێخ دەڵـێ ) دەبێـت هەمـوو شـتێك بەقسـەی نوئێـل بکەیـت، جونکـە ئـەو راوێـژکاری تۆیـە. شـێخ مەحمودیـش لەوەڵامـدا دەڵـێ؛ ئەگـەر وایـە بـا ئـەو ببێتـە حوکمـدارو مـن ببمـە راوێـژکار باشـترە. دیـارە ئـەم هەڵوێسـتەی بریتانیـا ئـەوە نیشـان دەدات کـە ناخـوازن شـێخ مەحمـود لـە بەرنامـەی ئـەوان دەربچێـت. دوای ئەمەلـە رۆژی ١٩٢٢/١٢/٢٢شـێخ مەحمـود داوا لـە حکومەتـی ئێـراق و بریتانیا

دەكات كـە دان بەحكومەتەكـەی و پاشـاییەكەی خۆیـدا بنێـن، ئەوانیـش لەوەڵامـدا رۆژی ١٩٢٢/١٢/٢٤ ئـەو بروسـكەیە ئاشـكرادەكەن كـە لـەرۆژی ١٩٢٢/١١/٢٨ (واتـە ١٠رۆژ دوای ڕاگەیاندنـی حكومـەت لەلایەنـی شـێخ مەحمـودەوەو شـەش رۆژیـش دوای ڕاگەیاندنـی پاشـایەتیەكەی ناردوویانـە). بەژمـارە (٦٧٦)وەزارەتـی وڵاتـە داگیركراوەكانـی بریتانیـا ناردوویەتـی كـەدان بەحكومەتـی كوریـدا دەنێـت و داوا دەكات كـورد لەنـاو خۆیانـدا لەسـەر شـێوازی حكومـەت رێكبكـەون و نوێنـەری خۆیـان بنێـرن بۆدیالـۆك لەگـەڵ هـەردوو حكومەتـی بریتانیـاو ئێراقـدا. هەروەهـا (جـۆرج ی پێنجـەم)ی پاشـای بریتانیـاش لەبروسـكەیەكدا بۆشـێخ مەحمـود نوسـیوێتی؛ ئێمـە پیرۆزبایـی بەختـەوەری و سـەربەخۆیی كوردسـتان دەكەیـن. ئومێـد دەكەیـن دۆسـتایەتیمان لەپێشـكەوتندابێت. لەسـەر ئەوبنەمایـە لـە ١٩٢٣/١/١٩دا شـێخ مەحمـود (كەریـم بەگـی جـاف و تاهیـری ئەمیـن ئاغـا) وەكـو نوێنـەر دەنێرێـت بـۆ كەركـوك بۆدانوسـتاندن لەگـەڵ هـەردوو حكومەتـی ئێـراق و بریتانیـادا، بـەڵام وتوویـژ بـێ ئەنجـام بـوون، دوای ئـەم دانوسـتاندنە، بریتانیـا جارێكـی تـر مێجەرنوئێـل لەراوێـژكاری لادەبـەن و دەینێـرن بـۆ هیندسـتان و مێبەرچاپـمان دەنێـرن و دەیكەنـە راوێـژكاری شـێخ. دیـارە ئەمـەش وەكـو هەڵوێسـتێكە، لەمانگـی شـوباتدا نێوانـی شـێخ و بریتانیـا تێكدەچێـت. دیـارە ئـەم تێكچوونـە دوو هـۆكاری هەیـە، یەكـەم لـە ٤/شـوباتدا عیصمـەت ئینینـۆ داوای لەنوێنـەری بریتانیـا كـرد كـە كێشـەی ویلایەتـی موسـڵ لەگفتوگۆكانـی لـۆزان دەربهێندرێـت، ئەمـەش مەترسـی توركیـای لای بریتانیـەكان كـەم دەكـردەوە. دووەم هۆكاریـش ئەوەبـوو كەئـەوان لـە كارەكانـی شـێخ مەحمـود رازی نەبـوون و نەیاندەخواسـت شـێخ وەكـو پاشـایەك كـە داوای كوردسـتان دەكات هەڵسـوكەوت بـكات، بەڵكـو دەیانخواسـت شـێخ وەكـو حاكمـی سـلێمانی هەڵسـوكەوت بـكات و بەبـێ پرسـی ئەوانیـش هیـچ كارێـك نـەكات. شـێخ مەحمودیـش ئەمـەی بەسـند نەدەكـرد. هەروەكـو لـە كۆپلەیەكـی شـیعریدا شـێخ گـوزارە لـەم بارودۆخـە دەكات و دەڵـێ !

نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری کومڕەهی

نایکەمە سەر خۆم بەدەستی مودەعی تاجی شاهی

قەت بەئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرماندەیی

هەرئەمـەش وادەكات كـە لـە ١٩٢٣/٢/٢٨ دا بریتانیـا بەفڕۆكـە هێـرش بكەنـە سـەر سـلێمانی (ئەمەبۆجـاری یەكەمـە بەفرۆكـە لـە شـارێكی كـوردی بدرێـت ) و شـەڕ لەنێـوان شـێخ مەحمـودو بریتانیـا جاریكـی تـر ڕوودەداو شـێخ مەحمـود بەناچـاری لـە ١٩٢٣/٣/١ دا سـلێمانی بەجـێ دێڵێـت و دەچێتـە ئەشـكەوتی جاسـەنەو لەوێـوە حوكمـداری دەكـردو یەكەمیـن رۆژنامـەی چیایـی كوردسـتانی لـە ١٩٢٣/٣/٢٨ بەنـاوی (بانگـی حـەق) لـەو ئەشـكەوتەدا دەردەكات، كـە زمانحاڵـی حكومەتەكـەی بـوو، بەدروشـمی ڕۆژنامەكـەش "ناشـكێ بەتـۆپ و بۆمبـا سـەرفرازە بانگـی حـەق " بـوو. لـە ١٩٢٣/٥/٢٦ دا بریتانیـا سـلێمانی داگیـر دەكات و دواتـرو لەسـەرەتای تەمـوزدا سـلێمانی بەجـێ دێڵـێ و لـە ١٩٢٣/٧/١١دا شـێخ مەحمـود دەگەڕێتـەوە سـلێمانی. هەتـا ١٩٢٤/٤/٢٥ حوكمـداری سـلێمانی دەكات، لـەم ماوەیـەدا مـاوە مـاوە شـەڕ لەنێـوان حكومەتـی شـێخ مەحمـودو بریتانیـا ڕوو دەدات و

بریتانیاش سلێمانی بۆمب باران دەکات و ئیترشێخ مەحمود لە ١٩٢٤/٤/٢٥دا سلێمانی بەجێ دێڵێ و دەچێتە چیاکانی سنووری ڕۆژهەڵات و هەتا ساڵی ١٩٣١ بەوشێوەیە دەمێنێتەوە.

هاوتەریبی ئەم ڕووداوانە، مستەفا کەمال لە تورکیا ئەنجومەنی گەورەی گەلی هەڵوەشاندەوە، بیانوشی بۆ ئەمە، ئەوەبوو کە ئەو ئەنجومەنە بەئەنجامی دانوستاندنەکانی لۆزان رازی نەبوو. دیارە وەکو پێشتر باسمان کرد ئەو ئەنجومەنەی لە ١٩٢٠/٤/٢٣ دا دامەزراو ژمارەی ئەندامەکانی ٢٣٣کەس بوو ، لەوانە ٧٢ ئەندامیان کوردبوو. لە ١٩٢٣/٤/٢٣ دا ئەنجومەنێکی نوێ لەلایەنی مستەفا کەمالەوە دیاریکرا، ئەنجومەنی نوێ بەشی زۆری ئەو کەسایەتیانەی لەخۆدەگرت کەگوێڕایەڵی مستەفا کەمال بوون، ئامانجیش لەمە دروستکردنی ئەنجومەنێك بوو کە هەم ئەنجامی دانوستاندنەکانی لۆزان پەسند بکات، هەم پڕۆژەکانی مستەفا کەمال و هاوڕێکانی بۆ ئایندەی تورکیا پەسند بکات. ئەم گۆڕانکارییەش هاوکاتی هێرشەکانی بریتانیابوو بۆ سەر شێخ مەحمودو سلێمانی و دوای ڕێککەوتنی تورکیاو بریتانیا بوو لەسەر دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی لۆزان. ئەوەبوو هەر لە ١٩٢٣/٤/٢٣دا بڕیارياندا دانوستاندنەکانی لۆزان دەست پێبکەنەوەو دوای زیاتر لەدوومانگ گفتوگۆکردن لە ١٩٢٣/٧/٢٤ دا پەیماننامەی (لۆزان) یان مۆرکرد. ئەم ڕێککەوتنە لە کۆشکی (ئۆشێ ) لەشاری لۆزانی سویسرا لەکاتژمێر ١٥ی ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ ئیمزاکرا. بریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ڕۆمانیا، یوگوسلافیا، ژاپۆن، بولگاریاو یۆنان لەلایەك و حکومەتی ئەنقەرە بەسەرۆکایەتی عیسمەت ئینینۆ لەلایەکەی تر بوون. لەم کۆنگرەدا ئەمریکاو ڕووسیا پشتیوانی تورکیایان کرد. مۆسۆلۆنی نوێنەرایەتی ئیتاڵیای دەکرد لایەنەکان لەم ڕێککەوتنەدا بڕیاریاندا کە سنووری نێوان تورکیاو ئێراق بەدانوستاندن و ڕێککەوتن دیاری بکرێت و ئەگەر هەتا نۆمانگ دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوا کێشەکە ڕەوانەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بکەن. ئەم بابەتە لەبەندی دووەمی ماددەی سێیەمدا هاتووە.

پەیمانەکە لە(١٤٢) بەند پێکهاتووەو هیچ بەندێك بەڕاشکاوی باسی کوردو دۆزی کورد ناکات. هەر ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی کوردەکان. بەڵام لەبەندەکانی (٤٠،٤١،٤٢)دا باس لەدابینکردنی مافەکانی فەرهەنگی، زمان و خوێندن کراوە بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی تورکیا. لەبەندی (٣٨)دا هاتووە کەحکومەتی تورکیا بەڵێن دەدات بەزامنکردنی بەرگریکردن لەهەموو گەلانی تورکیا بەبێ جیاوازی ڕەگەز، نەتەوە، زمان، توخم و ئایین. هەروەها سەربەستی هاوڵاتیان دابین دەکات. بەڵام ئەم ماددانەش هیچیان جێبەجێ نەکران.

دوای ئەم پەیمانە حکومەتی تورکیاو ئەنجومەنی گەورەی گەل لە ١٩٢٣/١٠/٢٩دا کۆماری تورکیایان ڕاگەیاندو لە ١٩٢٤/٤/٣دا خەلافەتیان هەڵوەشاندەوەو لە ١٩٢٤/٤/٢٠دا دەستوری نوێی تورکیایان داڕشت. لەو دەستوورەدا پاشگەزبوونەوە لەسەرجەم ئەومافانەی بۆپێکهاتە جیاوازەکان لەدەستووری ساڵی ١٩٢١جێگیریان کردبوو. هاوکات پاشگەزبوونەوە بوو لەو پەیمان و ڕێکەوتنانەی کە لەکۆنگرەکانی ئەرزڕۆم وز سێواسدا بەناوی میساقی میللیەوە هەمووان

لەسەرب ڕێکەوتبوون. ئەمەش گەلی کوردو بەشی زۆری پێکهاتەکانی تورکیای نیگەران کردو دەستیان بەکاردانەوە کرد. لەم ماوەیەدا هەر یەکە لە بریتانیاو تورکیا لەهەوڵی ئەوەدابوون لایەنگری کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بەدەستبهێنن، هەربۆیە تورکیا لە ڕێگای لایەنگرانیەوە هەوڵیدەدا سود لە پێکدادانی شێخ مەحمودو بریتانیا وەربگرێت و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کورد تۆرانین. لەبەرامبەر ئەمەدا بریتانیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کورد لەنەژادی (ئاری) ن و هەوڵیدەدا لەرێگەی گرنگیدان بەراگەیاندنی کوردی و دەرفەت دروستکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوی کوردی سۆزی خەڵکی کوردو بەتایبەتی سلێمانی بەلای خۆیدا رابکێشێت. لەمانگی ئایاری ١٩٢٤بریتانیاو تورکیا لەئەستەنبوڵ دەستیان بەگفتوگۆکرد لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ و دیاریکردنی سنووری تورکیاو ئێراق . لەو گفتوگۆیانەدا نەگەیشتنە ئەنجام. دواتر لەسەر بنەمای بەندی دووەمی ماددەی سێیەمی پەیمانی لۆزان. بریتانیا لە ١٩٢٤/٨/٦دا داوای لەئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد کەکێشەی موسڵ بخاتە بەرنامەی کارەکانی خۆیەوە. ئەنجومەنیش ڕۆژی ١٩٢٤/٨/١١ بڕیاریدا ئەو دۆزە بخاتە ناو خشتەی کاری داهاتوویەوە. بریتانیا پێی وابوو کەکۆمەڵەی گەلان لەژێرکاریگەریی خۆیدایەو لەبەرژەوەندی ئەو بڕیار دەدەن، هەربۆیە دەیخواست زوو ئەم بابەتە بداتە کۆمەڵەی گەلان. لەئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلاندا یەکێتی سۆڤێت، ئەڵمانیا، ئەفغانستان و ئێران لایەنگری تورکیابوون. فەڕەنسا، ئیتاڵیا، بولگاریا، یۆنان، دەوڵەتانی عەرەب پشتیوانی بریتانیایان کرد. لەئەنجامدا ئەنجومەن کۆمیسیۆنێکی سێ کەسی بەسەرۆکایەتی (ئاینەرترویێف ڤێرسن)ی سویدی و ئەندامێتی (کۆنت پۆول تێلەکی) هەنگاری و (کۆلۆنێل ئا.پاولس)ی بەلجیکی بۆ بەدواداچوونی کێشەی موسڵ دروست کرد. کۆمیسیۆنەکە لە ١٩٢٤/١١/٢٥دا سەردانی بریتانیایان کرد، لە ١٩٢٤/١٢/٣دا سەردانی تورکیایان کردو لە ١٩٢٥/١/١٦دا گەیشتنە بەغداد. حکومەتی تورکیا جەنەراڵ (جەواد پاشا)ی پشکنەری سەربازی ناوچەی ئامەدی، کردە نوێنەری خۆی لەلای کۆمیسیۆنەکە، کامیل بەگ لەموسڵ، نازم بەگ نەوتچی لە کەرکوك و فەتاح بەگ لە سلێمانی وەکو شارەزاو هاوکار بۆ کۆمیسیۆنەکە دیاریکران. سەرەڕای ئەوەی (یاسین هاشمی) سەرۆك وەزیرانی ئێراق ناڕازی بوو کە کۆمیسیۆنەکە بچێت سەردانی موسڵ بکات، بەڵام کۆمیسیۆنەکە لەڕۆژی ١٩٢٥/١/٢٧دا سەردانی مۆسڵیان کردو چوار دەستەیان بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێناو سەردانی ناوچەکانیان کردو لە ١٩٢٥/٧/١٦ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە کردو لەچوارچێوەی (٩١) لاپەڕەدا پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانیان کردو هاوپێچی ڕابۆرتەکە (١١)نەخشەشیان دایە ئەنجومەن. لەڕاپۆرتەکەدا سێ خاڵی تایبەت بەکوردی تێدابوو کە بەم شێوەیە بوو:

١ ـ کوردەکان پێنج بەش لە هەشت بەشی ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێکدێنن، ئەگەر ئێزیدی و تورکمانەکان بخەینە سەر ژمارەی کورد ئەوا حەوت بەش لەهەشت بەش پێکدینن. کورد گرنگترین ڕەگەزی ململانێیەکەن، نە تورکن و نە عەرەبن. ئەوان جیاوازیان زۆرە لەگەڵ تورکدا لەداب ونەریتدا، بەتایبەتی دەربارەی پلەو پایەی ژن. لەڕووی پێکهاتەی

لـەش و جەستەشـیانەوە جیـاوازن. کـوردی ویلایەتـی موسـڵ لەکوردەکانـی ئێرانـەوە نزیکـترن وەك لەکوردەکانـی تورکیـا. بـەڵام ئێرانـی نیـن و توانیویانـە ژیانێکـی گونجـاو لەگـەڵ نەتەوەکانـی تـری نیشـتمانەکەیان بژیـن.

٢ ـ سـنووری ئێراقـی عەرەبـی لەسـنووری هیـت و تکریـت یـان زیجیـرە چیاکانـی هەمریـن (کێوەسـوور) تێپـەڕ نابێـت.

٣ ـ لەهەمـوو سـەرچاوە جوگرافیەکانـدا لەسـەردەمی داگیـرکاری عەرەبـەوە هەتـا کاتـی لێکۆڵینەوەکـەی کۆمیسـۆنەکە، نـە باسـکراوەو نـە دەرکەوتـووە کـە بـەو ناوچانـە گوترابێـت ئێـراق و ئـەو نـاوە بـۆ دانیشـتوانی ناوچەکـە ئاشـنا نەبـووە. کەرکوکیـش کـورد بونیـادی نـاوە.

خۆیی ) و ڕاپەڕینی ١٩٢٥

دوای ئـەوەی حکومەتـی تورکیـا ئەنجومەنـی یەکەمـی هەڵوەشـاندەوەو کۆمەڵێـك کەسـی شایسـتەی لەئەنجومەنەکـە دوورخسـتەوەو کەسـانی ناشایسـتەیان خسـتە جێگەیـان و ئەنجومەنـی دووەمیـان دروسـتکردو لـە ١٩٢٣/٧/٢٤یشـدا پەیمانـی لۆزانیـان ئیمزاکـردو لەبەڵێـن و پەیمانەکانـی سـەرەتای جوڵانـەوەی رزگاری هاوبـەش پەشـیمان بوونـەوە، بەشـێکی زۆری رۆشـنبیر، سیاسـەتمەدارو کەسـانی دیـار بیریـان لـەوە کـردەوە کار بـۆ سـەربەخۆیی بکـەن و ئیـتر ئەوەیـان بەتەنیـا چـارە دەبینـی لـەو کاتـەدا. هەربۆیـە لەهاوینـی ١٩٢٣دا خالیدبەگـی جـبران و یوسـف زیـا پێشـەنگایەتی دروسـتکردنی کۆمەڵەیـەك دەکـەن و نـاوی دەنێـن کۆمەڵـەی ئـازادی یـان سـەربەخۆیی. ئـەم کۆمەڵـە لەئـەرزرۆم دروسـتکرا. هەندێـك دەڵێـن نـاوی (کۆمیتـەی ئیسـتقلالی کوردسـتان) بـووە نـەك کۆمەڵـەی ئـازادی. ئیسـماعیل حەقـی شـاوەیس(کە یەکێکـە لەکەسـە چالاکەکانـی ئـەو قۆناخـە) دەڵـێ ئـەم کۆمەڵەیـە سـەرەتا لەسـاڵی ١٩٢١دروسـتکراوەو نـاوی کۆمیتـەی ئیسـتقلال بـووە، بـەڵام کارەکانـی نهێنـی بـووەو دواتـر خـۆی ئاشـکرا کـردووەو بەنـاوی کۆمەڵـەوە نـاسراوە. بەهەرحـاڵ ئـەم کۆمیتـە یـان کۆمەڵەیـە هەتـا سـاڵی ١٩٢٣ هـەم ەزەمینـی کاری کـەم بـووە، چونکـە زۆربـەی کـورد باوەڕیـان بەمسـتەفا کەمـال هێنابـوو، وەکـو تریـش نهێنـی بـووە، لەبەرئـەوە زۆر گەشـەی نەکـردووە، بـەڵام دوای پەیمانـی لـۆزان، ئـەم کۆمەڵەیـە زەمینەیەکـی باشـی بـۆ ڕەخسـاو چالاکانـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پلانـی حکومـەت دەسـتی بـە خـۆ ڕێکخسـتن کـرد. ئـەم کۆمەڵەیـە (خالیـد بەگـی جـبران) سـەرۆکایەتی دەکات و یوسـف زیـا نوێنـەری بەدلیـس لـە ئەنجومەنـی گـەورەی گـەل هـەوکاری دەبێـت. (خالیـد بـەگ) کەسـایەتیەکی نـاوداری عەشـیرەتی جبرانـەو فەماندارێکـی سـەردەمی عوسـمانی بـووە، بەهـۆی لێهاتوویـیـەوە ناوبانگێکـی باشـی هەبـووە. دوای ئـەوەی خۆیـان رێکدەخـەن، بڕیـار دەدەن پەیوەنـدی بکـەن بەسـەرجەم سـەرۆك خێـڵ، ڕۆشـنبیر کەسـانی ئایینـی و ئەفسـەرانی کـورد لەنـاو سـوپادا. بـۆ ئـەوەی خۆیـان ئامادەبکـەن بـۆ ڕاپەڕینێکـی سەرتاسـەری. هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا پەیوەنـدی لەگەڵ شـێخ مەحمـود بەرزنجـی و سـمکۆی شـکاکدا دەکـەن .

دوای سـاڵێك خەبـات کـردن لەهاوینـی ١٩٢٤دا کۆمەڵـە کۆبوونەوەیەکـی(٣٦) بەرفـراوان ئەنجـام

**دەدات، و بڕیار دەدەن کە نەورۆزی ١٩٢٥دەست بەهەڵمەتی رزگاری بکەن و بۆ ئەو مەبەستە هەمووان خۆیان ئامادە بکەن. پلانی رێکخەرانی هەڵمەتەکە ئەوەبوو کە هەتا ئەوکاتە بەتەواوی جەماوەر ئامادە بکەن و هەرخێڵ و ناوچەیەك ئەرکەکانیان بۆ دیاری کراو ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپاش ئەوانەی لە کوردستانن خۆیان و هێزەکانیان ئامادە بکەن بۆبەشداری لە هەڵمەتەکەدا. ئەوانەشی لەجێگەکانی ترن هەریەکەو بەپێی تواناو پێگەی کار بخرێتە بەردەمی. بۆ ئەو مەبەستە دەست دەکەن بە خۆتاودان.**

**بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان دەوڵەت هەست بەهەندێك جموجۆڵ لەناو ئەفسەرانی کوردو کەسایەتیە کوردەکاندا دەکات، بۆئەوە چاودێری دەخاتە سەر ئەفسەرانی کورد. لەهاوینی (١٩٢٤)یشدا یوسف زیا بۆ سەرنج ڕاکێشانی برایەکی و چوار ئەفسەری تری کورد لەهەکاری، کە یەکێکیان ئیحسانی نوری پاشا دەبێت، فاکسێکیان بۆ دەنێرێت و داوایان لێ دەکات کە وریابن، بەڵام ئەوان بەهەڵە فاکسەکە شیدەکەنەوە (چونکە بەشیفرە بووە)و هەر پێنجیان دەچنە چیاو جاڕی بەرخۆدان دەدەن و پێیان وایە ئەو پەیامە بۆ دەستپێکردنی بەرخۆدانە. ئەمە لەکاتێکدایە کەهێزێکی مەزنی دەوڵەتی تورك ماوەیەکە لەو ناوچەیەدایە بۆ سەرکوتکردنی ئاشورییەکان کە دەیانخواست لەو ناوچە دەوڵەت بۆخۆیان دروست بکەن. ئەو جوڵانەوەی ئەوپێنج ئەفسەرە زیاتر سەرنجی دەوڵەت رادەکێشێ و بەزوویی بڵاوەیان پێ دەکەن. دوای ئەوە حکومەتی تورکیا دەست دەکات بەدەستگیرکردنی ئەفسەرە کوردەکان و سەرۆك خێڵە کوردەکان. لە ١٩٢٤/١٠/١٠دا یوسف زیا دەگرن، لە ١٩٢٤/١٢/٢٠یشدا خالید بەگی جبرانی و ژمارەیەك ئەفسەری تریش دەگرن و لەکۆتاییساڵدا هەموویان لە بەدلیس دەکوژن. خالید بەگ پێش دەستگیرکردنی هەواڵ دەنێرێت بۆ شێخ سەعیدی پیران(٣٧)، کە کەسێکە لەو زانا ئاینی و خاوەن کاریگەرییانەی کەبڕیاریداوە بەشداری لەجوڵانەوەکەدا بکات، پێی ڕادەگەیەنێت کە بەئەرکی خۆی هەستێت و لەلای خۆیەوە دەست بەسازدانی خەڵك بکات بۆ هەڵمەتی رزگاری.**

(٣٦) لەمانگی ئابی ١٩٢٤دا بەهاندانی کۆمەڵەی ئازادی ژمارەیەکی زۆرسەرۆك هۆزو کەسایەتی کورد لەئامەد کۆنگرەیەك ئەنجام دەدەن و داواکانیان لەچەند خاڵێکدا دەخەنە بەردەم حکومەتی تورکیاو بەڵێن دەدەن کەئەگەر ئەوداخوازییانەی ئەوان پێکبێت، ئەوا ئەوان پشتیوانی تورکیادەکەن لەبابەتی ویلاتی موسڵدا. داواکانیشیان ئەمانەبوون:

١ ـ کوردستان خاوەنی ئیدارەی خۆی بێت و لەلایەن کوردانەوە بەڕێوەببرێت.

٢ ـ قەرزێکی باش بەجوبیارانی کورد بدرێت بۆچارەسەرکردنی ئەوقەیرانانەی دوای شەڕ ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

٣ ـ لێبوردنی گشتی بۆ هەموو گیراوە سیاسیەکانی کورد ڕابگەیەندرێت و ئازادبکرێن.

٤ ـ گەڕانەوەی دادگا شەرعیەکان بۆ کوردستان، کەپێشتر دەوڵەت هەڵیوەشاندبوونەوە.

٥ ـ لە کوردستان بۆماوەی (٥)ساڵ سەربازی ڕابگیرێت.

٦ ـ ئەفسەرو بەدناوانی حکومەت لەکوردستان بگوازرێنەوە.

**لەسەر ئەو بنەما شێخ سەعید لەکۆتایی ساڵداو لەوکاتەی کە خالید جبران دەگیرێت، دەست بەجموجۆڵ دەکات. کوژرانی خالید بەگ، عەلی رەزای برای و فایق بەگی زاوای و یوسف زیاو چەندین ئەفسەری ترو هەڵهاتنی هەندێك ئەفسەر بۆدەرەوەو دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵە کوردەکان، کاریگەریی زۆری کردە سەر ئامادەکاری و رێکخستنی جوڵانەوەکەو روخساری جوڵانەوەکەش. بەڵام شێخ سەعیدی پیران و ژمارەیەك لەوانەی پەیمانیان دابوو سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی جوڵانەوەکە. شێخ سەعیدی پیران دوای ئەوەی گەڕانێك دەکات بەناوجەماوەردا بۆ خۆسازدان، لە ١٩٢٥/٢/٨دا دەگەڕێتەوە پیران و دەچێتە لای عەبدولڕەحیمی برای. لەم کاتەدا بەرپرسی سەربازی پیران چەند کەسێکی لایەنگری شێخ کە بۆ پێشوازی شێخ دەچنە لای دەستگیر دەکات. ئەم هەڵوێستە بارودۆخەکە دژوارو ئاڵۆز دەکات. شێخ هەرچەندە داوا لە ئەفسەرەکە دەکات ئەم کارە نەکەن هەتا لەلای منن و ئەمە کاریگەریی خراپی لەسەر جەماوەر دەبێت، بەڵام ئەفسەر گوێ ناداتە ئەو داخوازییانەو داواکراوەکان دەبات. هەرچەندە تێڕوانینی جۆراوجۆر هەیە سەبارەت بەهۆکاری گرتنی ئەو کەسانە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی ئاگاداری بابەتەکەن جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەوە پیلانێکەو بۆئەوەی شێخ سەعید بخەنە ناو کاردانەوەو بەبێ ئامادەکاری وای لێ بکەن کە ئەگەر مەبەستێکی هەیە، ئەوا مەبەستەکەی ئاشکرابکات. بەڵام شێخ سەعید دان بەخۆیدا دەگرێت. بەڵام شێخ عەبدولرەحیمی برای بەهاندانی ئەفسەر قاسم جبران هێرش دەکەنە سەر بنکەی بۆلیسی پیران و پاسەوانەکانی دەکوژن و لایەنگرەکانی خۆیان ئازاد دەکەن. ئەم رووداوە هەندێك دەڵێن ١٣ی شوبات بووە. هەندێکیش دەڵێن ١٥ی شوبات بووە، ڕێبەر ئۆجالان ئەم ڕووداوە وەکو سەرەتای پیلانگێڕی سەدەی بیستەم لەسەرکوردان بەناو دەکات. ئەم رووداوەش دەبێتە هۆی ئەوەی شەڕ بەرپابێت و بەبێ ئامادەکاری تەواوەتی جوڵانەوە دەست پێ بکەن.**

**لەم ماوەیە حکومەتی تورکیا ژمارەیەك لەو سەرۆك خێڵانە ئازاد دەکات کە دەستگری کردوون و ژمارەیەکیشیان بەدەست بەسەرکراوی دێڵتەوە، ئەم بارودۆخە ناکۆکی دەخاتە ناو بەشێکی خێڵەکانەوەو یەکتری تۆمەتبار دەکەن بەخۆ بەدەستەوەدان و ئەمەش کاریگەریی لەسەر گوڕی جۆڵانەوەکە دەکات. لەم ماوەیەدا فەتحی ئۆقیار سەرۆکی حکومەتی تورکیایەو کازم قەرەبەکر فەرماندای سوپایە،**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٣٧)شێخ سەعیدی پیران: لەپالۆ لە ساڵی ١٨٦٥دا لەدایکبووە، کوڕی شێخ مەحمود فەیزی کوڕی شێخ عەلی سمپتی ئامەدیە. هەروەها یەکێك بووە لەوانەی کە کڕین و فرۆشتنیان بە ئاژەڵەوە کردووەو پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دەوروبەردا فراوان بووە. دوای ئەوەی دەبێتە سەرپەرشتیاری تەکێ و مەدرەسەی پالۆ، یەکێك بووە لەپیاوە سەرەکیەکانی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لەناوجەکانی مەلەدی، ئەلازیغ و سەمسور و چەند شارێکی تر. زمانەکانی عەرەبی، فارسی وتورکی زانیوە لەبەردەم پەتی سێدارەدا دەڵێ؛ داخ لەوە ناخۆم کەگیانی خۆم لەپێناوی میللەتەکەمدا بەخت دەکەم، ئێمە خۆشحاڵین چونکە نەوەکانمان لەبەرامبەر دوژمندا شەرمەزار نین.

هەردووکیـان لەئەفسـەرەکانی سـەرەتای جوڵانەوەکـەی مسـتەفا کەمالـن، بـەڵام هەڵوێسـتیان بەرامبـەر بەکـورد زۆر تونـد نابێـت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆکار کـە فەتحـی ئۆقیـار لـە سـەرۆکایەتی حکومـەت لابـەن و عیسـمەت ئینینـۆ بخەنـە جێگـەی، هەروەهـا مسـتەفا کەمـال خـۆی سەرپەرشـتی شـەڕ دەکات و لـەڕۆژی ١٩٢٥/٣/٢دا ئـەم گۆڕانکاریانـە دەکـەن و بریـار دەدەن (٣٥)هـەزار سـەرباز بنێـرن بـۆ سـەرکوتکردنی جوڵانەوەکـە. فەڕەنسـاش لـە ڕێـگای ئاسـنی سـنوری سـوریاوە هاوکاریـان حکومەتـی تورکیـا دەکات.

هێـزی کـوردی ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٧ هێـرش دەکاتـە سـەر ئامـەدو لـە ئەلازیـغ و مـوش و زۆر جێگـەی تریـش سـەرهەڵدان دەسـتپێدەکات و ئـەو جێگایانـە دەکەونـە دەسـتی کـوردەوە. هەرچەنـدە ماوەیـەك ئابڵۆقـە دەخەنـە سـەر ئامـەد، بـەڵام ناتوانـن ئامـەد بگـرن، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە سـوپای تورکیـا بـاش خـۆی قایمکـردووەو شـەڕ دەکات، هـاوکات بەشـێك لـە خەڵکـی ئامـەد بەهـۆی ئـەو ناکۆکیانـەی کـە دروسـت بـوون بەشـداری ڕاپەڕینەکـە ناکـەن. دواتـر هێـزی پشـتیوانی دەوڵـەت لەسـنوری سـوریاوە دەگاتـە ئامـەدو ئەمـە دەبێتـە هـۆی شـکانی ئابڵۆقـەی کوردان و هێـزە کوردیـەکان دەکشـێنەوە بۆناوچـەی لیجـە. دوای ئـەوەی هێـزی دەوڵـەت هێـرش دەکەنـە سـەر لیجـە، شـێخ بـەرەو وارتـۆ پاشەکشـە دەکات و لـە ١٩٢٥/٤/١٥ لەژێـر پـردی وارتـۆ خـۆی و خێزانەکـەی و چەنـد کەسـێك لەیاوەرەکانـی دەگیرێـن، لەسـەر ئـەم ڕووداوەش دوو تێڕوانیـن هەیـە، یەکێکیـان ئەوەیـە کـە (قاسـم بەگـی جـبران) ی هـاوزاوای لەبـن نـاوی دانوسـتاندندا قەناعەتـی بـە شـێخ کـردووە کـە بچێـت بـۆلای فەرمانـداری تورکـەکان. تێڕوانینێکیـش ئەوەیـە کـە قاسـم بـەگ جێگەکـەی ئاشـکراکردووەو داویەتـی بەدەسـتەوە. هـەردوو تێڕوانیـن پێیـان وایـە کـە قاسـم بـەگ ڕۆڵـی لەدەسـتگیرکردن و پلانگێرییەکەشـدا هەیـەو ئـەو کارەی بەپـلان کـردووە. هەربۆیـە لەکاتـی دادگایکردنیانـدا قاسـم خـۆی ئـەم بابەتـە دەکاتـە هۆکارێـك بـۆ داکۆکـی لەخۆکـردن، گوایـە ئـەو قەناعەتـی بەشـێخ کـردووە شـەڕەکات و دانوسـتاندن بـکات.

شـێخ سـەعید لـە ١٩٢٥/٥/٢٦دا لەئامـەد دەدرێتـە دادگاو لـە ١٩٢٥/٦/٢٩دا بڕیـاری لەسـێدارەدان بـۆ شـێخ و (٤٦) لـە هەڤاڵەکانـی دەردەچێـت و شـەوی ١٩٢٥/٦/٢٨ لـەدەروازەی چیا لەبـەردەم شـورای ئامـەددا هەموویـان لـە سـێدارە دەدرێـن. جێـگای ئاماژەیـە سـەید عەبدولقـادری نەهـری شـەمزینی کـوڕی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری کـە لەئەسـتەنبوڵ بـوو، ١٩٢٥/٥/١٤دەیگـرن و دەیبەنـە ئامـەدو دەیدەنـە دادگاو دوای دە ڕۆژ بڕیـاری لەسـێدارەدانی بەسـەردا دەسـەپێنن و خـۆی و کوڕەکـەی و د.فـواد (بەرخـۆ) (٣٨) و گەلێـك کەسـی تـر لـە ١٩٢٥/٥/٢٨ لـە دەروازەی چیـا لەبـەردەم شـورای ئامـەد دا لـە سـێدارە دەدرێـن. ئـەم ڕاپەڕینـە بەلەسـێدارەدانی شـێخ سـەعیدو هەڤاڵەکانـی گورزێکـی مەزنـی خـوارد، بـەڵام سـەرهەڵدان بەگشـتی کۆتایـی نەهـات و لـەزۆر ناوچـەی وەکـو چەولیك، گەلـی زیـلان و لیجـە جوڵانـەوە بـەردوام بـوو. شـێخ مەهـدی بـرای شـێخ سـەعید و شـێخ عەلـی کـوڕی شـێخ سـەعید لەشـوبات و نیسـانی ١٩٢٦دا، داوایـان لـە بریتانیـا کـرد هاوکاریـان بـکات بـۆ بەردەوامیـدان بەجوڵانەوەکـە. بـەڵام بریتانیـا هـاوکاری نەکـردن و دوای ڕێککەوتنیـان لەگـەڵ تورکیـا لـە ١٩٢٦/٦/٥دا

**شێخ مەهدی لەزاخۆ دەگرن و ڕەوانەی بەغدادی دەکەن.**

**قسەو باسە زۆرە لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەو جوڵانەوەیە سەرنەکەوت. هەروەها ناوی جیاجیا دەخەنە سەر ئەو جوڵانەوەیە. بێگومان ئەو جوڵانەوەیە بەرفراوانترین و ڕێکخراوترین جوڵانەوەی گەلی کوردە کەلەو قۆناخەدا پێی هەستاوە. ماوەیەکی باش ئامادەکاری بۆ دەکرێت، تەنیا لەناکاو دەست پێ ناکات. ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سەر بە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بەشداری تێدا دەکەن و تەنیا چینێك یاخود توێژێك پێی هەڵناستێ. ژمارەیەکی باش ئەفسەرو سەربازی کوردیش پەیوەندی بە جوڵانەوەکەوە دەکەن و ڕۆڵ دەبینن تێیدا. جوڵانەوەکە ناوچەیەکی فراوان دەگرێتەوەو سەرکردەکانی پەیوەندی بە رۆژهەڵات و باشووری کوردستانیشەوە دەکەن. دەوڵەتی تورکیاش هێشتا خۆی لەسەر پێ نەگرتبوو، هاوکێشەکانی دونیاش بەتواوی یەکلایی نەبووبوونەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە سەرنەکەوتنی جوڵانەوەکە قسە زۆر هەڵدەگرێت. دەکرێت هۆکارە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی ئەو جوڵانەوەیە لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:**

**١ ـ دەستگیرکردنی خالید جبران و یوسف زیا وەکو دوو کارەکتەری سەرەکی و ڕێبەر سەربازی و سیاسی جوڵانەوەکە، بووە هۆی ئەوەی کە جوڵانەوەکە لەبواری پێشەنگی و سەرۆکایەتیدا لاواز بێت و کۆنترۆڵی جوڵانەوەکە لەدەست دەر بچێت. چونکە خالید بەگ کەسایەتیەکی سەربازی و سیاسی بوو، هاوکات یوسف زیا کەسایەتیەکی سیاسی و خاوەن ئەزموون بوو، ئەو دوو کەسایەتیەش لەسەرەتای ئامادەکاری کارەکانەوە سەرۆکایەتی جوڵانەوەکەیان دەکرد، پەیوەندیشیان لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان باش بوو. هەتا ئاستێك پەیوەندیشیان لەگەڵ هێزە جیهانیەکاندا هەبوو و دەیانتوانی لەبواری دیبلۆماسیشدا ڕۆڵ ببینن و جوڵانەوەکە وەکو خۆی بناسێنن.**

**٢ ـ بەهۆی ئەوەی سەرکردە سەرەکیەکانی جوڵانەوەکە دەستگیر کران و لەناو بران، شێخ سەعیدو سەرکردە ئاینیەکانی تر بوونە ڕووی جوڵانەوەکە. هەرچەندە جوڵانەوەکە بەرگی نەتەوەیی هەبوو، هاوکاتی ئەمە یەکێك لە ئامانجەکانی جوڵانەوەکە داواکردنی گەڕانەوەی سیستەمی خەلافەت بوو، شێخ سەعیدیش ئاڵای سەوزی بەرزکردەوەو بەناوی جیهادەوە شەڕی دژی کۆمار ڕاگەیاند ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە مستەفا کەمال و دەوڵەتی تورکیا بتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو جوڵانەوەیە ئازادیخواز نیەو داکۆکی لەگەل ناکات بەڵکو کۆنەخوازو ئاینیەو بەو شێوەیە جوڵانەوەکە لەناوخۆو دەرەوە گۆشەگیر بکات.**

---

(٣٨)دکتۆر فواد : نەوەی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی ئامەدی یە، ناسراوە بەبەرخۆ بۆ خوێندن چەندین شارو وڵات چووەو هەتا بۆتە پزیشك. لەلاوێتیەوە لەمەیدانی تێکۆشانی نەتەوەییدا بەشداربووە. لەساڵی ١٩٢٥ دا دەگیرێت و لەگەڵ شێخ عەبدولقادری نەهری و ژمارەیەکی تر لەنیشتمانپەروەراندا دادگایی دەکرێت و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکەن و لە ١٩٢٥/٥/٢٨ دا لەسێدارە دەدرێت.

هەر ئەمەش بیانویەك بوو بەدەستی ڕووسیا، بریتانیاو هاوپەیمانەکانیەوە کە نەك پشتیوانی جوڵانەکەیان نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە پشتی مستەفا کەمال و دەوڵەتی تورکیایان گرت.

٣ ـ لەو کاتەدا دەوڵەتی تورك بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو جوڵانەوەیە بەدەستی دەرەوە، بەتایبەتی بەدەستی بریتانیا ئەنجام دەدرێت. بەڵگەشیان بۆ ئەمە هەندێك پەیوەندی سەرکردەکانی کورد و بەرپرسانی بریتانیایە، هاوکات هەندێك بەڵگەنامەی بریتانیە کە تێیدا هاتووە کوردەکان دەخوازن بە پشتیوانی بریتانیا سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. دیارە ئەم بانگەشەیەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە ڕەوایی جوڵانەوەکە کەم بکرێتەوەو لەناوخۆدا جوڵانەوەکە وەکو بەکرێگیراوی دەرەوە نیشان بدەن. لەسەر ئاستی دەرەوەش ڕێگە لەدروستبوونی پەیوەندی جوڵانەوەکەو یەکێتی سۆڤێت بگرن. لەو دوو ئامانجەشدا دەوڵەتی تورك سەرکەوت. ئەگەرنا لەو سەردەمەدا هەموو گەلان لەهەوڵی ئەوەدابوون کە پشتیوانی زلهێزەکان بەدەست بهێنن بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان. ئەوەشی لەهەموو لایەك زیاتر کەوتۆتە ناو پەیوەندی و ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو هێزە دەرەکیانەدا مستەفا کەمال و حکومەتەکەی بووەو لە ڕابردوودا باسمان کرد.بەڵام ئەوان زانیویانە چۆن کارەکانی خۆیان بکەن. ئەگەر گەلی کوردیش خواستبێتی پشتیوانی ئەو هێزانە بەدەست بهێنێت ئەوە مافێکی خۆی بووە. بەڵام سەرکردەکانی کورد لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبوون. لەم بارەیەوە لەبەڵگەنامەیەکی بریتانیدا هاتووە؛ ئامانجی کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان بریتی بووە لەزەمانەتی یەکێتی لەنێوان کوردەکانداو بەدەستخستنی سەربەخۆیی کورد بەپشتیوانی بریتانیا. ئەمەش وەکو بەڵگە نیشان دەدرێت کە جوڵانەوەکە پەیوەندی لەگەڵ بریتانیا هەبووە. بەڵام وەکو ئیحسانی نوری پاشا باسی دەکات ئەوان زۆر هەوڵیانداوە کە بریتانیا هاوکاریان بکات، بەڵام هاوکاری نەکردوون. دیارە بریتانیا یان هاوکاری نەکردوون یاخود هەرئەوەندە هاوکاری کردوون هەتا بتوانێت وەکو فشارێك لەسەر تورکیا بەکاریان بهێنێ بۆئەوەی راسپاردەکانی ئەو لیژنەیەی بۆ کێشەی موسڵ دروستکرا پەسندی بکات. بێگومان ئەو جوڵانەوەیەو ئەو ئاڵۆزیانەی لە باکوری کوردستان درووست بوو، حکومەتی تورکیای توشی شلەژانێکی مەزن کرد. هەر ئەو شڵەژانە بوو وایکرد کەلە پێناوی پارستنی تورکیادا دەست لە موسڵا هەڵبگرێت و مەرجەکانی بریتانیا پەسند بکات سەبارەت بەدەست بەرداربوون لەویلایەتی موسڵ.

٤ ـ سەرکردە کوردەکان بەباشی بارو دۆخی ئەو کاتەیان نەخوێندۆتەوە. ئەمەش وایکردووە کە نەتوانن سیاسەتێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەن و لە ئەنجامدا بریتانیا بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵا لە تورکیا دابڕێت سوودی لەو جوڵانەوەیە بینیوە. دەرفەتی داوە بە مستەفا کەمال و تورکیاش کە بەدڕندانە هەوڵ بدەن جوڵانەوەکە سەرکوت بکەن.

٥ ـ لەسەر ئاستی ناوخۆی جوڵانەوەکەش، دەستگیرکردن و کوژرانی بەشی سەرەکی سەرکردەکانی جوڵانەوەکە، لەلایەکەوە وایکرد کە ئامادەکاریەکان بەتەواوی ئەنجام نەدرێن. هاوکات کۆنترۆڵی جوڵانەوەکە لەدەست دەر بچێت. ئەوەبوو کە جوڵانەوەکە زوو دەستی پێکرد. کە دەستی پێکرد بەڕێکوپێکی بەڕێوە نەچوو. بۆ نمونە لە خەرپوت ئاڵۆزی و بشێویەکی زۆر دەردەکەوێت.

بەشێکی سەرکردەو خێڵەکان ئەرکی خۆیان جیچبەجێ نەکرد. بۆ نمونە مەحمود پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای میلان دەبوو ڕێگای پشتیوانی بگرێت وڕێگە نەدات کەلەڕێگەی ئاسنەوە سوپای تورك پشتیوانی بگەیەنێتە کوردستان، بەڵام بەئەرکی خۆی هەڵناسێت. هەروەها دەوڵەت توانی لەڕێگەی هەندێك تاکتیکەوە ناکۆکی لەناو خێڵ و کەسایەتیەکاندا دروست بکات. ئەوەبوو هەستا بەئازادکردنی هەندێك سەرۆك خێڵ و لەسێدارەدانی هەندێکی تر، ئەمەش ناکۆکی خستە ناو خێڵەکانەوە. هەر بۆیە بە شێك لە خێڵەکان بەشداری جوڵانەوەکەیان نەکرد. بێجگە لەوانە دەوڵەت توانی سوود لە جیاوازی سوننی و عەلەوی وەربگرێت و لەم ڕێگەیەشەوە کاریگەری لەسەر بەرتەسك کردنەوەی جوڵانەوەکە کرد. واتە بەگشتی دەکرێت بڵێین نەبوونی سەرۆکایەتیەك کە بتوانێت بە پێی ئەو سەردەمە سیاسەت بەڕێوە ببات، نەبوونی ستراتیژو تاکتیکی ڕوون و ئاشکراو سەردەمیانە و پیلانگێری هێزە نێودەوڵەتیەکان، ناپاکی و دڕندەیی سەرکردەکانی دەوڵەتی تورك بوونە هۆی سەرنەکەوتنی ئەو جوڵانەوەیە.

لەم ماوەیەدا بریتانیا و ئێراق پێکەوە لە هەوڵی سەرکوتکردنی شێخ مەحمودو دەنگە ناڕازیەکاندابوون و دەستوری ئێراقیان خستە ناو راپرسییەوە، لەمەشدا خەڵکی سلێمانی بایکۆتیان کرد، خەڵکی کەرکوك دەستوریان پەسند نەکردو ڕەتیان کردەوە، خەڵکی هەولێرو موسڵیش بەمەرجی دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد دەنگیان بۆ دەستووردا. واتە لەو دەستورەشدا تێڕوانینی بەشێکی زۆری کورد رەچاو نەکرا.

١٢ ـ هێڵی برۆکسل و چارەسەری کێشەی موسڵ

دوای ئەوەی کە بریتانیا داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد دۆسیەی موسڵ بخاتە ناو خشتەی کارەکانیەوە، ئیتر لەهەوڵ ئەوەدا بوو هەرچی زووە ئەو دۆسیەیە بەسوودی خۆی یەکلایی بکاتەوە. ڕۆژی ١٩٢٤/١٠/٢٩ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەبروکسلی پایتەختی بەلجیکا ئەنجامەدا. لەسەر پێشنیاری (مسیۆ برانتین) کە ناوبژیوانێکی بەلجیکی بوو، گفتوکۆکرا. برانتین پڕۆژەیەکی بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا ئامادەکردبوو. پێشنیارەکان لەکۆبوونەوەکەدا پەسندکراو ئەوەش بەهێڵی برۆکسل ناسرا. ئەم کۆبوونەوەیە لەکاتێکدا ئەنجامدرا کە هێشتا ئەو لێژنەیەی بۆچارەسەری کێشەی موسڵ دروستکرابوو دەستی بەکارەکانی نەکردبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دروستکردنی لیژنەکەو کارەکانی لیژنەکە تەنیا خۆڵ کردنە چاوی کوردو تورکیا بوو. ئەگەرنا لە کۆبوونەوەی بروکسلدا بڕیار درابوو کە ویلایەتی موسڵ لەتورکیا دادەبڕدرێت و دەکەوێتە سەرئێراق. چونکە هێڵی سنوری نێوان ئێراق و تورکیایان دیاری کردبوو.

وەکو پێشتر باسمانکرد ئەو لیژنەیەی بۆ کێشەی موسڵ لەلایەنی کۆمەڵەی گەلانەوە دروستکرا، لە ١٩٢٤/١١/٢٥دەستی بەهەنگاوی کرداری کردو لە ١٩٢٥/٧/١٦دا کۆتاییان بەکارەکانیان هێناو راپۆرتەکەیان پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد. لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا ئاماژەیان بەوە کردووە کەزۆرینەی دانیشتوانی موسڵ کوردن و کوردیش نەعەرەبەو نەتورکە، ئەمەش

**بەو واتایە دێت کە دەبێت داخوازی کورد رەچاوبکرێت. بەڵام کۆمەڵەی گەلان لەژێر فشاری بریتانیادا رۆژی ١٩٢٥/١٢/١٦بەبێ گوێدانە ڕاپۆرتەکە، بە بڕیاری ژمارە (٧٧)، ویلایەتی موسڵی لکاند بەئێراقەوەو هێڵی برۆکسلی وەکو سنووری نێوان تورکیاو ئێراق پەسند کرد. لەسەر داخوازی بریتانیا ئەم خاڵانە وەکو مەرج خرانە ناو بریارەکەوە:**

**١-هێڵی برۆکسل سنوری جیاکردنەوەی نێوان هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێراقە.**

**٢-ئێراق بۆ ماوەی (٢٥)ساڵ لە ژێر ئینتیدابی بریتانیادا دەمێنێتەوە.**

**٣-ئێراق دەبێت ویست و ئارەزووەکانی کوردان لەبەرچاو بگرێت و زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لەدادگاو خوێندنگەو تەواوی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەکەدا .**

**٤-بریتانیا پێویستە بەرنامەی مافی بەڕێوەبەرێتی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵ بداتە دەست کومەڵەی گەلان و ڕاسپارەکانی کومیسۆنی توێژینەوەی ویلایەتی موسڵ جێبەجێ بکات. رۆژی ١٩٢٦/١/١٨پەرلەمانی ئێراق ئەومەرجانەی پەسندکردو لە ١٩٢٦/٢/٢٤دا بریتانیاش گەرەنتی دایە کۆمەڵەی گەلان و بەڵێنیدا کە ئەو(واتە بریتانیا) مافە نەتەوەییەکانی کورد دەپارێزێت. دواتر لە ١٩٢٦/٦/٥ دا پەیمانی ئەنقەرە(٣٩) لەنێوان تورکیا ـ بریتانیا و ئێراقدا ئیمزاکراو تورکیا هێڵی برۆکسلی وەکو سنووری خۆی لەگەڵ ئێراقدا پەسند کردو دەستی لەویلایەتی موسڵ هەڵگرت. لەبەرمبەردا داوای ١٠٪ ی نەوتی ناوچەکەی کرد بۆماوەی (٢٥)ساڵ و مافیان دایە یەکتر کە کەبەدرێژایی سنوور دەتوانن بچنە ناو سنوری یەکترەوە بۆ سەرکوتکردنی هەرجوڵانەوەیەکی کوردی. هەروەها تورکیا دەبوو (٥٠٠)هەزار پاوەن قەرەبوو وەربگرێت. لەگەڵ ئەم مەرجانەدا ئەو مەرجەش دانرابوو کە لەحاڵەتی پارچەبوونی ئێراقدا، تورکیا مافی دەست بەسەرداگرتنی ویلایەتی موسڵی هەیە. ئەم مەرجەش بۆ دڵنیابوونی تورکیا دانرابوو، هەتا بزانن کە ڕێگە نادرێت بەسەربەخۆبوونی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ. جێگەی ئاماژەیە ئەم رێککەوتنە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، لەکاتێکدا هاوپەیمانی سێ لایەنی تورکیا، ئێراق و ئەمریکا دروست بوو بۆ لێدانی پەکەکە، ئەم پەیمانە نوێکرایەوە. بەو پێیە لەحاڵەتی پارچەبوونی ئێراقدا، تورکیا مافی هەیە ویلایەتی موسڵ داگیر بکات و ئەو داگیرکردنە ڕەوایی نێودەوڵەتی دەبێت.**

(٣٩)ڕێککەوتنی ئێراق و تورکیای ساڵی ١٩٢٦: ئەم ڕێککەوتنە بەڕێککەوتنی ساڵی ١٩٢٦ دەناسرێت و هەندێك بەڕێککەوتنی ئەنقەرە ناودێری دەکەن و لە ١٩٢٦/٧/٥دا ئیمزاکراوەو بەچاودێری بریتانیا ئیمزاکراوە. ئەم ڕێککەوتنە لە ساڵی ٢٠٠٧دا نوێکرایەوە بە چاودێری ئەمریکا. ڕێککەوتنەکە سێ بەشەو ١٨مادەی لە خۆوە گرتووە. بەشی یەکەمی بە ناوی (سنوری نێوان تورکیاو ئێراقە) و پێنج ماددەیەو هاوپێچێکی هەیە. بەشی دووەم بەناوی دراوسێیەتی باشەوەیەهەشت ماددەیەو بەشی سێیەمیش پێنج ماددەیەو بەناوی حوکمە گشتیەکانەوەیەو باس لەمافی کۆمپانیا نەوتیەکان دەکات. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە تورکیا دەستی لە خاوەنداری ویلایەتی موسڵ هەڵگرت. بەڵام بەو مەرجەی کە ئێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوەو سەربەخۆیی نەدرێت بەکوردو لەحاڵەتی پارچەبوونی ئێراقیشدا ئەو مافە درا بە تورکیا کەویلایەتی موسڵ بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. هەر لەو ڕێکەوتنەدا بڕیار درا ١٠٪ی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا بێت. ئەم ڕێککەوتنە هەتا سەردەمی کۆماری جێبەجێ دەکراو ئەو ڕێژە نەوتە دەدرا بەتورکیا.

ساڵی ١٩٨٢ لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تێکۆشانی گەلی کورد لە باشوور و باکور ڕێککەوتنێکی تر لەنێوان تورکیاو ئێراقدا بەناوی ڕاوەدوونانی گەرم (المتاردە الساخنە) ئیمزا کراو بە پێی ئەو ڕێککەوتنە:

أ-ڕێگە بەهێزی هەردوولا دەدرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە لەسێ رۆژ تێپەڕ نەکات و بە قوڵایی (١٧کم) بچنە ناو خاکی یەکترەوە بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان.

ب - ئێراق بڕی تێچوونی جوڵە سەربازییەکانی تورکیای لە ئەستۆ دەگرت.

بەمشێوەیە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوین دارێژرایەوەو کوردیش وەکو نەتەوەیەکی مەزنی ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی لەپەیمانی سیڤەردا هەندێك بەڵێنی پێدرا بوو، هاوکات لەزۆر کۆڕو کۆبوونەوەو بروسکەدا لە نێوان ساڵانی ١٩١٩هەتا ١٩٢٦باسی لێوە دەکراو پەیمانی پێدەدرا کە مافەکانی دەپارێزن. بەڵام لەکۆتاییدا بێجگە لە هەندێك مافی فەرهەنگی و زمان و ژیانی کە لە لۆزاندا بەناڕاستەوخۆ باسکراوەو هەمان ماف بەڕاشکاوی لەو گەرەنتیانەی کە تورکیاو بریتانیا دابویانە ( کۆمەڵەی گەلان)(٤٠) دا هاتبوو، هیچی تری پێ ڕەوا نەبینرا. دواتریش نە تورکیا بەندەکانی لۆزانی جێبەجێ کرد. نە بریتانیا پەیمانەکانی خۆی بردەسەر. ئەمەش بەو واتایە بوو کە کورد وەکو نەتەوەیەك مافی هەبوونی لێ زەوت کراو ناسنامەکەی پەسند نەکرا. چونکە سەدەی بیستەم ئەو سەدەیە بوو کەزۆرترین بانگەشە بە ناوی مافی گەلانەوە کرا، ئەو مافانەش پەیوەستکران بە دەوڵەت ـ نەتەوە وە، ئەو گەلەشی مافی دروستکردنی دەوڵەتی لێ وەرگیرایەوە یاخود ئەو مافەی پێ ڕەوا نەبینرا، بەو واتایە دێت کە ئەو گەلە مافی ژیانی سروشتی لێ زەوت کراوە. ئەم ڕاستیەش لەدوای چەسپاندنی ئەو پەیمانانەو جێگیربوونی هاوکێشەکانەوە بە ئاشکرا دەرکەوتن. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەسێکی وەکو ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ: کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیە! هاوکات ڕێبەر ئۆجالان دەڵێ؛ پیلانگێڕی نێودەوڵەتی لەساڵی ١٩٢٥دا دژی کورد دەستی پێ کردووە. ئەگەر سەرنج بدەین هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە لە سەدەی بیستەمداو دوای ئەم بەرواره هێزە جیهانیەکان و هێزە هەرێمیەکانیش هیچ کاتێك مامەڵەیەکی ستراتیژی و سیاسیان لەگەڵ دۆزی کوردو جوڵانەوەکانیدا نەکردووە، هەمیشە بە تێکدەر، پاشڤەڕۆ، چەتە، یاخی و تیرۆر ناوزەدیان کردووە. لەباشترین حاڵەتدا کە پێویستیان پێی هەبووبێت مامەڵەیەکی تاکتیکی و لەژێرناوی مامەڵەی مرۆییانەدا پەیوەندییان لەگەڵ کوردو جوڵانەوەکانیدا دروست کردووە. هەرکاتێکیش جوڵانەوەکانیش بووبنە هەڕەشە بۆ سەر هاوکێشەو نەخشە داڕێژراوەکەی جیهان و ناوچەکە، یان کاریان بە جوڵانەوەکە نەمابێت، ئەوا بەبێ دوودڵی هێزە نەیارەکان دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەك و لەبەرامبەر کوردو جوڵانەوەکانیدا بوونەتە یارو دۆستی یەك. ڕێککەوتنی ڕووسیا ، ئێران ، ئەمریکاو بریتانیا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی و دەست بەردانی ڕووسیا لە کۆماری کوردستان لەمهاباد، ڕێککەوتنی ئێران و ئێراق بەسەرپەرشتی ئەمریکا لە جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦داو دەستبەردانی ئێران و ئەمریکا لە هاوکاری بارزانی و جوڵانەوەکەی. گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی ١٩٩٨/١٠/٩هەتا

**١٩٩٩/٢/١٥و دەستگیرکردنی ڕێبەرعەبدوڵـڵا ئۆجـالان و هێـرش کردنـە سـەر پەکەکـە بەهەمـوو شێوەیەك ئاماژەی بەرچاون بـۆ ئـەو سیاسـەتە. هـەر بۆیـە هـەر جوڵانەوەیەکـی کـوردی درك بـەم ڕاسـتیانە نـەکات، ئـەوا ناتوانێـن تێکـۆ شـانێکی سـەرکەوتوو بـکات و ئەنجامیـش بگرێـت.**

**بەمشـێوەیە کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی بـوو بەسـێ بەشـەوەو بەشـی گـەورەی لەژێـر دەسـتی تورکیـادا مایـەوە، بەشێکیشـی کەوتـە ژێـر دەسـتی بریتانیـاو ئێراقـەوەو بەشـەکەی تریشـی کەوتـە ژێردەسـتی فەڕەنسـاو سـوریاوە. ئـەو بەشـەی کوردسـتانیش کـە لەژێـر دەسـتی قاجارییەکانـدا بـوو، وەکـو خـۆی لەژێـر دەسـتی ئێرانـدا مایـەوەو لێـرە بـەدواوە هەندێـك باسـی ڕووداوەکانـی ئـەو بەشـەی کوردسـتان و دەوڵەتـی ئێـران دەکەیـن، ڕاسـتە ئـەم بەشـەی کوردسـتان وەکـو ئـەو بەشـەی عوسـمانی گێرمـەو کێشـەی لەسـەر نەبـوو، نەبـووە بابەتـی مامەڵـەی هێـزە جیهانیـەکان، بـەڵام لـەم بەشـەی کوردستانیشـدا، لەکاتـی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـەوە هەتـا ساڵی ١٩٢٥قۆناخێکـی دژوار تێپـەڕ کـراو گێرمـەو کێشـەی کـوردو دەسـەڵاتی ئێـران زۆر سـەخت تێپـەڕ بـوو.**

**وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد لەسـاڵانی (١٩٠٥-١٩١١)دا شۆڕشـی مەشرتیـەت لەئێـران ڕویـداو ئـەم شۆڕشـە جموجۆڵـی سیاسـی و بازرگانـی لەئێرانـدا پەرەپێـدا. هەروەهـا بەهـۆی (ئەنجومەنـی پێنـج)ی کـە لـە کەسـایەتی ئایینـی پێکدەهاتـن، ڕۆڵـێ زانایانـی ئایینـی لەدەسـەڵاتدا زیـادی کـرد. هەرچەنـدە جوڵانـەوەی مەشروتیـەی ئێـران دینامیکیەتـی ناوخۆیـی بەهێزبـوو، بـەڵام هەرسـێ هێـزی مـەزن، بریتانیـا، ڕووسـیاو ئەڵمانیـا لەهەوڵـی ئەوەدابـوون بـەرەو لای خۆیـان کێشـی یکـەن. کاتێـك شـەڕی جیهانـی دەسـتی پێکـرد ئێـران ڕاسـتەوخۆ نەچـووە نـاو شـەڕەکەوە، بـەڵام ڕووسـیا لەباکـورەوەو بریتانیـا لەباشـورەوە هێزەکانیـان خزانـدە نـاو خاکـی ئێرانـەوە، هەتـا لەڕێگـەی خاکـی ئێرانـەوە سـنوور بـۆ بەرفراوانبوونـی بـەرەی ئەڵمانیـاو عوسـمانی دابنێـن و سـودیان لەخاکـی ئێـران وەگـرت.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٤٠)کۆمەڵـەی گـەلان و نەتـەوە یەکگرتـووەکان: لـەدوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و لەسـەر پێشـنیاری ئەمریـکاو فەڕەنسـا داواکـرا کـە دامەزراوەیەکـی جیهانـی دروسـتبکرێت و لـە ١٩١٩/١/٢٥ لـە کۆنگـرەی ئاشـتی پاریسـدا بڕیـاری لەسردراو (کۆمەڵـەی گـەلان) ڕاگەیەنـدرا و ٤٤ وڵات بوونـە ئەندامـی. ئـەو کۆمەڵەیـە ناوەندەکـەی لـە سویسرابوو. لەبـەر ئـەوەی نەیتوانـی ڕێـگا لـە هەڵگیرسـانی شـەڕێکی جیهانـی بگرێـت لـە ١٩٤٦/٤/١٨دابڕیاریـدا خـۆی هەڵبوەشـێنێتەوەو هـاوکات بڕیاریـدا بـە گواسـتنەوەی سـەرجەم بڕیـارو پەیماننامـەو ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتیـەکان بـۆ ئەنجومەنـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بەبـێ هیـچ دەسـتکاری و گۆڕانکارییـەك. نەتـەوە یەکگرتووەکانیش کە سـەرەتا وەکو دەستپێشـخەرییەکی ئەمریـکا بەنـاوی دەستپێشـخەری ئەتڵەنتـی یـەو لـە سـاڵی ١٩٤٢دا ڕاگەیەندرابـوو، دواتـر لـە ١٩٤٥/١٠/٢٤دا بەنـاوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە خـۆی ڕاگەیانـد. نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئـەو بڕیـارەی کۆمەڵـەی گەلانـی پەسـندکرد. بەپێـی مـاددەی (٢٧)ی دادگای دادی نێودەوڵەتـی، دادگا ڕێـگای پێویسـت دەگرێتـە بـەر لـە کاتـی جێبـە جـێ نەبوونـی هـەر بڕیاڕێکـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا. جێگـەی ئاماژە بـۆ کردنـە پەیمانـی ئەتڵەسـی لـە (١٩٤١/٨/١٤) ئیمزاکـرا، ئامانجـی تێکشـکاندنی سـوێند خـۆرەکان و سـەقامگیر کردنـی ئاشـتی بـوو لـە جیهانـداو لـە ١٩٤٢/١/١ دا (٢٦) وڵات ئیمزایـان کـردو ئەوەیـان وەکـو سـەرەتای ڕاگەیاندنـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەنـاو کـرد.

دەسـەڵاتدارانی  ئێـران هەرچەنـدە پەیمانـی دۆسـتانەیان لەگـەڵ ڕووسـیاو بریتانیـادا هەبـوو. بـەڵام ئـەم بارودۆخـە نیگەرانـی کردبـوون، لەگـەڵ ئـەوەی نیگەرانیـش بـوون، نەیانتوانـی هەڵوێسـتێك نیشـان بـدەن، چونکـە ڕێگـری کردنیـان بەواتـای چوونـە بـەرەی عوسـمانیەوە بـوو. ئەمـەش ڕەوشـی ئێرانـی خراپتردەکـرد.

ئـەو بارودۆخـە ڕەوشـی ئێرانـی بـەرەو ئاڵـۆزی بـرد، چونکـە بەشـێکی زۆری جامـاوەر پێشـتر نیگـەران بـوون لـە چۆنێتـی پەیوەندییەکانـی دەسـەڵات و ئـەو دەوڵەتانـە. هـاوکات ڕووسـیاو بریتانیـا کاریـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی کـە لەناوچـەی ئورمـێ و هـەکاری دەوڵەتێـك بـۆ ئاشـۆرییەکان دروسـت بکـەن و ئەمـەش ئالۆزییەکـی زۆری لەناوچەکـەدا دروسـتکردبوو. شانبەشـانی ئـەوە، بەهـۆی هەبوونـی سـۆپای ڕوسـیاو بریتانیـاو بۆشـاییەکی سیاسـی و بەڕێوەبـەری لـەزۆر ناوچـەدا دروسـت بـوو، چەندیـن کەسایەتی و جوڵانـەوە خواسـتیان ئـەو بۆشـاییانە پڕبکەنـەوەو مـاف و ئازادییەکانـی خۆیـان دەسـتەبەربکەن. کوردیـش یەکێـك بـوو لـەو گەلانـەی کەدەسـتی بەجوڵانـەوە کـرد.

## ١٣ ـ جوڵانەوەی سمکۆی شکاك

هـۆزی شـکاك هۆزێکـی مەزنـی کـوردەو لەرۆژهـەڵات و باکـوری کوردسـتان دەژیـن. خێڵـی (عەبـدۆ) یـی سـەرۆکایەتی ئـەم هـۆزە دەکـەن و لەسـەردەمی کەریـم خانـی زەنـدو سـەرەتای قاجارییەکانـەوە ڕۆڵیـان لەسیاسـەتی ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا  هەبـووە. سـاڵی ١٧٨١ کاتێـك ئاغـا محەمـەد خانـی قاجـار خـۆی وەکـو شـای ئێـران ڕاگەیانـد، سـوودی لەپشـتیوانی صـادق خانـی شـکاك وەرگـرت، بـەڵام دواتـر بەتۆمەتـی کوشـتنی ئاغـا محەمـەد خانـی قاجـاری لەسـاڵی ١٧٩٨ز دا تاوانبـار کـراو ناکۆکـی لەنێـوان دەسـەڵاتی قاجـاری و شـکاکدا دروسـت دەبێـت. سـاڵی ١٩٥٠ز جەعفەرخانـی کـوڕی محەمـەد خانـی عەلـی خانـی شـکاك لەتەبرێـز دەسـتگیرکراو لەگـەڵ دوو لەیاوەرەکانـی بەنـاوی (محـۆ و سـەیدۆی شـکاك) لەسـێدارەدران. دوای لـە سـێدارەدانی جەعفـەر خانـی شـکاك، محەمـەد خانـی باوکـی کـە ئەوکاتـە سـەرۆکی هـۆزی شـکاك بـوو، پەنـا دەباتـە بـەر دەوڵەتـی عوسـمانی. بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی لـە ئەسـتەنبوڵ دیـدار لەگـەڵ باڵوێـزی ئێـران ئەنجـام دەدا، سـوڵتان بڕیـار دەدات محەمەدخـان دوور بخرێتـەوە بـۆ جزیـرەی کریـت و لـە سـاڵی ١٩٠٧ز دا لـەوێ کۆچـی دوایـی دەکات. ئیـتر ئیسـماعیلی کـوڕی کـە دواتـر نـاسرا بـە سـمکۆی شـکاك (١٨٨٧ - ١٩٣٠) سـەرۆکایەتی هـۆزی شـکاکی کـرد .

سـمکۆ بەشـداری لـەو چالاکیـە سیاسـی و ڕۆشـنبیریانەدا کـرد کـە لەسـاڵانی (١٩١١ - ١٩١٣) بـە پێشـەنگایەتی عەبدولڕەزاق بەدرخـان و پشـتیوانی ڕووسـیا بەڕێـوە دەچـوو. سـمکۆ کەسـێکی وریـاو چـالاك بـووە. لەسـاڵی ١٩١٤ەوە کەشـەڕی جیهانـی دەسـتی پـێ کـرد خواسـتویەتی لەناوچەکـەی خۆیدا حوکـم بـکات. بەهـۆی دژایەتـی بـۆ هەوڵەکانی ڕوسـیاو بریتانیا سـەبارەت بـە دروسـتکردنی دەوڵەتێك بـۆ ئاشـوری لەناچەکەیانـدا چەنـد جارێـك لەگـەڵ سـوپای ڕووسـیاو ئێـران و ئاشـورییەکاندا ئاڵـۆزی لەنێوانیانـدا دروسـت دەبێـت و مارەیـەك دەچێتـە باکـوری کوردسـتان. سـاڵی ١٩١٩ مارشـەمعونی

ڕێبـەری ئاشـوریەکان دەکوژێـت. ئـەم کارەی بووەتـە بەشـێك لەناسـنامەکەی و جوڵانەوەکـەی پـێ پێناسـە دەکرێـت و ڕەخنـە دەکرێـت. بەپێـی هەندێـك سـەرچاوە، سـمکۆ گوتویەتـی ئەگـەر مـن مارشـەمعونم نەکوشـتایە ئـەوا ئـەو منـی دەکوشـت. ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگێڕێتـەوە کـە ئەوکاتـە ڕووسـیاو بریتانیـا ژمارەیەکـی زۆر ئاشـوری نـاو خاکـی عوسـمانی و قاجاریان لـەو نـاوە کۆکردبووەوەو هێزێکـی تۆکمـەی چەکداریـان بـۆ دروسـتکردبوون و پەیمانیـان پـێ دابـوون کـە دەوڵەتیـان بـۆ دروسـت بکـەن. سـمکۆش بەهێزێکـی کەمـەوە دژی ئـەم پرۆژەیـە دەوەسـتایەوە. هەربۆیـە سـمکۆ دەڵـێ ئەگـەر ئـەوان دەسـتیان بـە پرۆژەکەیـان بکردایـە، ئـەوا یـان دەبـوو ئێمـە خۆمـان بدەیـن بەدەسـتەوە یـان خاکەکـەی خۆمانیـان بـۆ بەجـێ بێڵیـن، یـان شـەڕبکەین. ئەگـەر شـەڕی بەرامبەریـش بکـەن لـەو کاتـەدا ئاشـوریەکان زۆرتـر و پۆشـتەتر بـوون و پشـتیوانی دەرەکیـان هەبـووە، هـەر بۆیـە شـیمانەی سـەرکەوتنیان زیاتـر بـووە، ئەمـە وایکـردووە سـمکۆ لەڕێگـەی دانوسـتاندنەوە (مارشـەمعون )لەنـاو ببـات. دیـارە هـۆکار هەرچـی بێـت ئـەوە هەڵوێسـتێکی جوامێرانـە نەبـووەو پێویسـتە ڕەخنـە بکرێـت. بـەڵام ناکرێـت هەمـوو کارەکانـی سـمکۆ تەنیـا بـەم کردەوەیـە پێناسـە بکرێـت. هەروەهـا ئەمـەش جارێکـی تـر ئـەو سیاسـەتەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە هێزەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری بەڕێوەیـان بـردووەو لـەو ڕێگەیـەوە گەلانیـان کردۆتـە دوژمنـی یەکـتری. لـەو قسـانەی سـمکۆوە دەر دەکەوێـت کـە سـمکۆ هەسـتی بـە مەترسـی ئـەو سیاسـەتە کـردووە کـە لەناوچەکـەدا بەڕێـوە دەبرێـت، بـەڵام نەیزانیـوە یاخـود نەیتوانیـوە پێـش لـەو سیاسـەتە بگرێـت. بەپێچەوانـەوە بـەو کارەی بووەتـە ئامرازێـك بـۆ ئـەو سیاسـەتەی کـە هێزەکانـی مۆدێرنیتـە بەڕێوەیـان بـردووە. سـمکۆ لـە گوڵانـی ١٩١٩دا دەسـەڵاتێکی کارگێـڕی لەناوچەکانـی باکـوری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دروسـت دەکات و فەرمانـڕەووا و بەرپـرس و فەرمانبـەری بـۆ شـارو گوندەکانـی ناوچەکـە دادەنێـت، لەگـەڵ سـەرۆك هۆزەکانـی ناوچەکـەدا کۆبوونەوەیەکـی فـراوان ئەنجامـدەداو بڕیـار دەدەن ئەنجومەنێـك بـۆ سـەرۆك هـۆزەکان دروسـت بکـەن و ئامادەکاریـی دەکـەن بـۆ ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی کـوردی. بـەڵام بەهـۆی ئامـۆژگاری سـەید تەهـای نەهرییـەوە ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی کـوردی دوا دەخـات. سـەید تەهـا دەیخواسـت پشـتیوانی زیاتـر کۆبکاتـەوەو دواتـر دەوڵـەت ڕابگەیەنـن، هـەر بۆئـەم مەبەسـتە بەنوێنەرایەتـی سـمکۆ دەچێتـە بەغـداد و (ئارنۆڵـد ویلسـن)ی حاکمـی سیاسـی بریتانیـا لـە بەغـداد دەبینـێ، بـەڵام وەڵامێکـی ئەرێنـی وەرناگرێـت، بەپێچەوانـەوە دوای ڕێککەوتنـی ١٩١٩/٨/٩ی نێـوان بریتانیـا و ئێـران، بریتانیـا هـاوکاری ئێـران دەکات بـۆ هێـرش کردنـە سـەر سـمکۆ. سـمکۆ لـە سـاڵی ١٩٢١دا ڕۆژنامـەی (ڕۆژی کـورد و شـەوی عەجـەم) بـڵاو دەکاتـەوەو لەناوەڕاستی سـاڵی ١٩٢١ئورمـێ دەگرێـت و دەیکاتـە ناوەنـدی خـۆی. پاشـان لـە (١٠/١٧)ی هەمـان سـاڵدا مهابـاد دەگرێـت و دواتـر سـەلماس، خـوی، سـەقزو بانـەش ڕزگار دەکات و هەتـا ناوەراسـتی سـاڵی ١٩٢٢ فەرمانڕەوایـی ئـەو ناوچانـە دەکات. ڕەزاخـان کـە ئـەو کاتـە فەرمانـدەی هێـزی قـەزاخ و وەزیـری بەرگـری ئێـران بـوو، هێرشـێکی بەرفـراوان دەکاتـە سـەر ناوچەکـەو سـودی لـە هەندێـك کەسـایەتی کـورد لەوێنـەی خاڵـۆ قوربـان(٤١) وەرگـرت. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کەلەشـەڕەکانی ساڵانی١٩١٩ - ١٨٢٣

دا هۆزەکانی مامەش، مەنگور، دیبوکری، پیران، زەرزا، گەورك، فەیزوڵڵا بەگی پشدەری، بانەو قادرخانی پشتیوانی سمکۆیان کرد. مەنگوڕەکان لەسەرکەوتنی شەڕی میاندوئاوی نیسانی ١٩٢٢کە (خالۆ قۆربان)ی تێدا کوژرا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٢دا تێکشکاو چووە باکور، لەباکور چووە ناو شکاکەکانی باکور، بەڵام کە تورکیا پێی زانی سمکۆ پەیوەندی لەگەڵ بریتانیادا هەیە، لەشەوێکدا هەڵدەکوتنە سەری و خێزانەکەی دەکوژن و خەسرەوی کوڕی بەدیل دەگیرێت، بەڵام خۆی دەرباز دەبێت و دەچێتە باشووری کوردستان و لەوێ دەچێتە لای شێخ مەحمود. پاش ماوەیەك بریتانیەکان لەشێخ دووری دەخەنەوەو دەینێرنە پشدەر. دواتر لە ساڵی ١٩٢٤دا بەهۆی لێبوردنی ڕەزاخانەوە(کە ئەو کاتە ڕەزاخان سەرۆك وەزیری ئێران بوو) سمکۆ دەگەڕێتەوەو دادەنیشێت. هەتا ساڵی ١٩٢٦چالاکی سەربازی وسیاسی خۆی رادەگرێت.
دوای ئەوەی رەزاخان تاجی شاهانە لەسەر دەنێت و دەخوازێت هۆزەکان بێ چەك بكات، سمکۆ دەست بەچالاکی دەکاتەوەو بەیارمەتی هۆزی هەرکی و بەگزادە گەماڕۆی شاری دیلمانی دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەمەش وایکرد کەڕووبکاتەوە باشوری کوردستان، بەڵام بریتانیا رێگەی پێ نەدا بمێنێتەوە، لەبەر ئەمە هەتا ساڵی ١٩٣٠ لەسەر سنورەکان مایەوە. دواتر دەستیکرد بەدانوستاندن بۆگەڕانەوە، بەمەرجێك لێبوردنی بۆ دەربکەن. لەسەر ئەو بنەما ئێران لێبوردنی بۆ دەردەکات و ئەویش لەگەڵ ٤٠٠سوار و ٢٠٠پیادەدا دەگەڕێتەوە. دوای ماوەیەك دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە سمکۆ نیازی وایە هۆزە کوردییەکان بۆ ڕاپەڕین هاندەدات. هەر بۆیە لەڕێگەی فەرماندەی سوپای ئێران لەناوچەکەدا لە رۆژی ١٩٣٠/٧/١٨ دا بەپلانێك دەیبەن بۆ میوانداری و دواتر پێکەوە وێنە دەگرن و دوای جیا بوونەوەیان سمکۆ و هاوڕێکانی کە سیازدە کەسن تیرباران دەکرێن. دیارترین یاوەرەکانی خورشید خانی سەرۆکی هۆزی هەرکی، کەریم خان ئاغا سەرۆکی خۆزی خەیلانی، محەمەد برادۆستی و مەروان ئاغا بوون.

١٤ ـ سەردار ڕەشید خانی ئەردەڵان :

سەردار ڕەشیدخان، لە بنچینەدا ناوی عەباس خانی کوڕی عەلی خانی کوڕی ئەکبەرخان شەرف الملك کوڕی محەمەد صادق خانی کوڕی ئەمانوڵڵا خانی گەورەی میری ئەردەڵانە. لەکاتی شەڕی جیهانیدا دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکەیاندا لاوازبوو، ئەویش سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت و

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٤١)خالۆ قوربان: دیارترین سەرکردەی کورد بوو، ساڵی ١٩١٧ە بەشداری لەشۆڕشی جەنگەڵیەکاندا کرد، کە میرزا کوچك خان پێشەوایەتی دەکرد، ئەو شۆڕشە لەناوچەی گەیلان بوو، لە ١٩٢٠/٧/١٠دا کۆماری گەیلانیان راگەیاند. لەمانگی ١٩٢١/١٠ رەزاخان بەهاوکاری بریتانیەکان کۆمارەکەی لەناو بردو میرزا کۆچکیش لە مانگی ١١دا لەچیای تاڵش کوژرا. خالۆ قوربان خۆی دا بەدەستی سوپای ئێرانەوەو پاشان لەهێرش بۆ سەر سمکۆدا هاوکاری سوپای ئێرانی کرد، بەڵام لەشەڕی سمکۆدا کوژرا.

بانگێشـتی سـەرۆك هۆزەكانـی ناوچـەی ئەردەڵانـی كـردو هەوڵیـدا میرنشـینی ئـەردەڵان زیندووبكاتـەوەو سـەربەخۆیی لەكاروبارەكانـی نێوخۆیانـدا بەدەسـت بهێنـن. توانـی پشـتیوانی وەكیلـی جوانـڕۆ، حسـێن خـان ڕەزا، جافرسـانی لهۆنـی، مەحمودخانـی كانـی سـانان، مەحمودخانـی دزڵـی، حەمەڕەشـید خانـی بانـەو سـەنجەرخانی میـاوەران بەدەسـت بهێنێـت و لەسـاڵی ١٩١٦ دا جوڵانەوەكـەی دەسـتپێكرد. سـەردار ڕەشـید توانـی دەسـت بەسـەرناوچەیەكی فـراوان لـە ئـەردەڵان بگرێـت، دواتریـش شـاری كرماشـانی گـرت، ئەویـش دوای شـەڕێكی دژوارو كوشـتنی فەرمانـڕەوای كرماشـان محەمـەد خـان. كاتێـك ڕووسـەكان سـوپای عوسـمانیان تێكشـكاندو بـەرەو خـوارەوە هاتـن، سـەردار ڕەشـید پەیوەنـدی دەكات بەفەرمانـداری سـوپای ڕووسـیا جەنـەراڵ (باراتـۆف)، كـە فەرمانـدەی سـوپای ڕووسـیا بـوو لەئێـران، بەڵێنـی هـاوكاری و دۆسـتایەتی لـێ وەرگرتـن، بـەڵام بەهـۆی شۆڕشـی ئۆكتۆبـەرەوە ڕووسـەكان زۆر لـە ئێـران نەمانـەوەو ناوچەكەیـان بەجێهێشـت، ئـەم هەڵوێسـتەی ڕووسـیا دەرفەتـی دایـە دەوڵەتـی ئێـران بۆئـەوەی ئـەو ناوچانـە بخاتـەوە ژێـر دەسـتی خـۆی، سـەدار ڕەشـیدخان توانـی هەتـا دوای شـەڕ ناوچەكانـی خـۆی بپارێزێـت.

دوای شـەڕ دەوڵەتـی ئێـران خواسـتی لەڕێگـەی پیـلان و فریودانـەوە كۆتایـی بەجوڵانەوەكـەی سـەردار ڕەشـید خـان بێنێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش (عەلـی محەمـەد خـان شـەریف الدولـە)ی فەرماتـڕەوای نوێـی (سـنە) كـە تـازە ئەركـی وەرگرتبـوو، كـرا بەبەرپـرس بـۆ كۆتایهێنـان بەجوڵانەوەكـە. (عەلـی محەمـەد خـان) كاتێـك گەیشـتە سـنە لەڕێگـەی نێردراوێكـەوە پەیامێكـی بـۆ سـەردار ڕەشـیدخان نـارد كـە لەسـەر قورئـان نوسرابـوو، تێیـدا (عەلـی محەمەدخـان) لەسـەر نـاوی دەوڵـەت گوتوبـووی كـە ئەگـەر بچێتـە سـنەو ڕاسـتەوخۆ دانوسـتاندن بـكات ئـەوا بەفەرمانێكـی فەرمـی بەڕێوەبردنـی ناوچەكـەی پێدەبەخشـێت. سـەردار ڕەشـید بـاوەر بـەو پەیامـە دەكات و دەچێتـە سـنەو لـەوێ ڕاسـتەوخۆ دەسـتگیر دەكرێـت. دوای كودەتاكـەی ١٩٢١/٢/٢١ ی ڕەزاخـان و زیائەدیـن تەباتەبایـی سـەردار ڕەشـیدخان توانـی خـۆی ڕزگار بـكات و بگەڕێتـەوە ناوچەكـە.

سـەردار ڕەشـیدخان ئـەم جـارەش هەوڵیـدا خـۆی ڕێـك بخاتـەوەو دەسـت بەسـەر ناوچەكـەدا بگرێـت. بـەڵام بەهـۆی دەسـتێوەردانی دەوڵـەت و ڕاكێشـانی ژمارەیـەك سـەركردەی كـورد بـۆ لای خـۆی، ئەركـی سـەردار ڕەشـید قورسـتر بـوو. ئەوەبـوو لەشـەڕی جافرسـانیەكاندا لەكێـوی شمشـێرە تێكدەشـكێت و دەگەڕێتـەوە ڕەوانسـەر. ئیـتر لەسـنووری ڕەوانسـەردا كارو چالاكیەكانـی قەتیـس بـوو. دوای ئـەوەی كـە حكومەتـی ئێـران دامودەزگاكانـی خـۆی ڕێكدەخاتـەوە. دەسـت دەكات بـە چەككردنـی هـۆزەكان. سـەردار ڕەشـید ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بەژمارەیـەك سـەرۆك هـۆزەوە دەكات بـۆ دەسـتپێكردنی جوڵانـەوە. هـەر بـۆ ئەم مەبەسـتە نامەیـەك دەنێرێت بۆ غـولام ڕەزای میری پشـتكۆ و داوای یەكخسـتنی هێزەكانیـان دەكات، بۆئـەوەی هەتـا كەنـاری كەنـداو بچـن، بـەڵام غـولام ڕەزا وەڵامـی ناداتـەوە، هـۆكاری ئەمـەش ئەوەبـوو لەوكاتـەدا غـولام ڕەزا لەگـەڵ ئەمیـر موجاهیـدی خانـی لوڕسـتان، یوسـف خانـی پێشـەوای بەختیاریـەكان و شـێخ خەزعەلـی میـری عەرەبستان(خوزسـتان) دا پەیمانێكـی بەنـاوی پەیمانـی بەختـەوەری مۆركـرد بـوو، بەمەبەسـتی هـاوكاری یەكـتر بۆپاراسـتنی

ناوچەکانیـان. ئەمجـارەش سـوپای ئێـران هێرشـی کردەسـەری و نەیتوانـی خـۆی ڕابگرێـت و پەنـای بـردە بـەر شـێخ مەحمـودو ماوەیـەك لـەلای ئـەو مایـەوە. دەگوترێـت داوای لـە شـێخ کـردووە کـە داوای لـێ بووردنـی بـۆ بـکات لـە ڕەزاشـاو دواتـر چۆتـە لای شـێخ خەزعـەل بۆهەمـان مەبەسـت و هەتـا لـەو کاتـەدا رەزاشـا دێتـە بەغـداد و سـەردانی نەجـەف دەکات. سـەردار رەشـید لـەم کاتـەدا داوای لێبوردنـی لـێ دەکات و دوای ئەمـە دەگەڕێتـەوە سـنە. بەپێـی زانیاریـە تۆمارکـراوەکان لـەو کاتـەدا سـەردار ڕەشـید ئەوکاتـە (٤٥٠٠)چەکـداری هەیـە. خـۆی ڕادەسـتی دەوڵـەت دەکات و هەتـا سـاڵی ١٩٣٤بـە دەستبەسـەری لەتـاران دەژی و لـەو بـەروارەدا بـە لێبوردنـی گشـتی ئـازاد دەکرێـت و دەچێتـەوە ناوچەکـەی خـۆی. بـەڵام پـاش ماوەیەکـی کـەم دەسـتگیری دەکەنـەوە و هەتـا ١٩٤١/٩/٢٦ لەزیندانـدا دەبێـت و بەهـۆی روداوەکانـی ئـەو کاتـەی ئێـران لەکاتـی شـەڕی دووەمـی جیهانیـدا، زینـدان دەشـکێت و ئەویـش دەگەڕێتـەوە ناوچەکـەی خـۆی. کەچـی پـاش ماوەیـەك جارێکـی تـر دەسـتگیری دەکەنـەوەو لەتـاران لەبـن چاودێریـدا نیشـتەجێی دەکـەن. سـاڵی ١٩٤٦ کۆچـی دوایـی دەکات، بـەڵام تەرمەکـەی لـە ئوتێلەکـەدا مابـووەوەو پـاش ماوەیـەك پێـی دەزانـن.

١٥ـ ڕاپەڕینی هۆزەکانی لوڕستان (١٩٢١- ١٩٢٨ )

ڕەزاخـان دوای کودەتاکـەی شـوباتی ١٩٢١خواسـتی دەسـەڵاتی ناوەندی بەسـەر هەرێمەکاندا بسـەپێنێ و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هێزێکـی نـاردە ناوچـەی لوڕسـتان و خواسـتی دەسـەڵاتە هەرێمیەکانـی لوڕسـتان لەناوببـات. لـەم کاتـەدا غـوڵام رەزای کـوڕی حسـێن قولـی خـان میـری پشـتکۆ بـوو. غـوڵام رەزا و شـامحەمەدی سـەرۆك هـۆزی مەلـەك شـاهی و هـۆزی بەبـری ڕووبـەڕووی سـوپای ئێـران بوونـەوەو تێکیـان شـکاندن، ئیـلام و ناوەنـدی بڕیارگـەی سـوپاکەیان دەگـرن و سـوپا هەتـا نزیکـی کرماشـان ڕاو دەنێـن، بـەڵام بەهـۆی پشـتیوانی فڕۆکـەوە هـۆزە کوردیـەکان دەکشـێنەوە بـۆ چیاکانـی ئیـلام و ڕاپەرینەکەیـان کۆتایـی پێدێنـن. دوای ئەمـە قـەدەم خێـر خێزانـی عەلـی مەهخـان و خوشـکی سـەید موراداخـان لەعەشیرەتی پیرەوەنـدی لـەك دەسـتی بەڕاپەریـن کـرد. ئەویـش دوای ئـەوە هـات کـە براکـەی و هاوسـەرەکەی بەپیـلان لەلایەنـی ڕەزاخانـەوە لەنـاو دەبرێـن. قـەدەم خێـر پێنـج سـاڵ بەرخـۆدان دەکات و ڕێگـە نـادات هێزەکانـی ئێـران بچنـە ناوچەکـەوەو جوڵانەوەکـەی قـەدەم خێـر و غـوڵام رەزا دەبنـە پشـت بۆیـە کـتری. بـەڵام دوای ئـەوەی جوڵانەوەکـەی غـوڵام رەزای میـری لوڕسـتانی پشـکۆ لەلایەنـی رەزاشـای ئێرانـەوە لـە سـاڵی ١٩٢٨دا تێکشـکێندرا. گورزێکـی مـەزن بـەر جوڵانەوەکـەی قـەدەم خێریـش دەکەوێـت. بـەڵام قـەدەم خێـر هـەر بەرخـۆدان دەکات. لـەم ماوەیـەدا ڕەزاشـا دەخوازێـت بەنـاوی دۆسـتایەتیەوە بچێتـە ناوچەکـەو داوای هاوسـەرگیری لەقـەدەم خێـر دەکات، دەڵێـن قـەدەم خێـر بـەم شـێوەیە وەڵامـی ڕەزاشـا دەداتـەوە: دەڵـێ مـن ژن نیـم هەتـا شـوو بەتـۆ بکـەم. لەبەرامبـەردا قـەدەم خێـر نامـە بـۆ شـێخ مەحمـود دەنوسـێت و داوای هـاوکاری لـێ دەکات و ئامادەیـی خـۆی بـۆ هاوسـەرگیری لەگـەڵ شـێخ مەحمـود نیشـان دەدات. شـێخ لەوەڵامـدا ئامادەیـی خـۆی بـۆ هـاوکاری نیشـان دەدات، بـەڵام لـەرووی کردارییـەوە ئـەم هاوکارییـە دروسـت نابێـت. لـەدوای ئەمـە ڕەزاشـا لەرێگـەی سـوێندو پەیـمان بەقورئـان، پەیمانـی ڕێککەوتـن و

لێبوردن دەدات بە قەدەم خێرو سەرۆك هۆزەكانی تر، هاوكات پەیمانی گەشەپێدانی ناوچەكەو بەرقەراركردنی دادوەریان دەداتێ لەناچەكەدا. بۆ ئەم مەبەستە و داوای دیدار لە قەدەم خێر دەكەن و بەمشێوەیە فریوی دەدەن و دەستگیری دەكەن. رەزاشا لەلوڕستان (شاموراد خان و شێخە دۆسە ) تیر باران دەكەن و قەدەم خێریش دەبەنە تاران و زیندانی دەكەن و دوای ماوەیەك لە زیندانیدا كۆچی دوایی دەكات. ئەمەش لاواندنەوەیەكە كە لەسەر پاكتاوی رەگەزی لوڕستان و ئیلام وتراوە:

ئیلام هەی ئیلام، ئیلام خاسەگەم          ئیلام كوردان، كورد شوناسەكەم
لەبان قڵاوە تاوێ بكەیم سەیر          ئیلام نشینەیل یادتان وەخەیر

لەگەڵ ئەم جوڵانەوانەدا هەندێك جوڵانەوەی تریش هەبوون كە كەمتر كاریگەرییان هەبووە، بەڵام بەگشتی ئەو جوڵانەوانە سەركوت كراون و لەو ماوەیەشدا واتە لە ١٩٢١/٢/٢١ەوە هەتا ١٩٢٦/٣/٢٥ ڕەزاخان توانی وردە وردە هەموو دەسەڵاتەكانی ئێران بگرێتە دەست و تاجی شاهانە بنێتە سەری و كۆتایی بەدەسەڵاتی قاجارییەكان بهێنێ و شاهنشاهی پەهلەوی فارسی راگەیاند. واتە هاوتەریبی گەیشتنە ئەنجامی ململانێكانی عوسمانی، بریتانیاو فەڕەنساو یەكلاییبوونەوەی كێشەی ویلایەتی موسڵ و پرسی سنووری توركیا، ئێراق وسوریا، گۆڕانكارییەكانی ئێرانیش بەهەمان ئاڕاستە بەرەو ئەنجام چوو. ئیتر ناوەندی سەرمایەداری و مۆرێرنیتەی سەرمایەداری كە ناوەندەكەی بریتانیا، فەڕەنساو ئەمریكای زلهێزی نوێ بوو، سەركەوتنی خۆی ڕاگەیاندو جیهان و رۆژهەڵاتی ناوینی بەگوێرەی بەرژەوەندییەكانی خۆی رێكخست و ئیتر هەوڵیدا بەهاو پێوانەو مۆدیلەكەی بەتەواوی بەجیهانی بكات و زایۆنیزمی تەوەرەی بریتانیاو ئەمریكاش رۆڵی سەرەكیان لەم بابەتەدا بینی.

### ١٦ ـ ڕەزاخان و دامەزراندنی شاهنشاهی پەهلەوی

لەخێزانێكی مامناوەندی مازەندەرانە، كوڕی عەباس قولی خانە، عەباس قولی لەتاران بەرپرسیار بووە، دایكی ناوی (نۆش ئافرین)ەو ناوچەكەی دایكی دەكەوێتە بندەستی ڕووسیاوە، لەبەر ئەوە خێرانی دایكی دەچێنە تاران و لەوێ دایك و باوكی خێزان پێكەوە دەنێن. رەزاخان لە ١٨٧٨/٣/١٦ لەدایك دەبێت. پاش ساڵێك باوكی دەمرێت، دایكی شودەكاتەوە، ڕەزاخان لای خاڵی دەمێنێتەوە، خاڵیشی دەیداتە لای (جەنەڕاڵ ئەمیر تومان كازم خان)، ساڵی ١٩٠٣ رەزاخان دەچێتە خزمەتی سەربازی و ساڵی ١٩١٣دەبێتە باش چاوش. هەر ئەو ساڵە دەچێتە ژیانی هاوسەرییەوەو لەو ژنەی تەنیا كچێكی دەبێت و ساڵی ١٩٢٤لە بەرچاوان ون دەبن. ساڵی ١٩١٨(تاج ملك)ی كچی فەرماندەی سەربازی تەیمورخان میربنج كە لە خێزانێكی قەوقازییە دێنێ و دواتر بووە یەكەم شاژنی پەهلەوی. ساڵی ١٩١٩(محەمەد)ی كوڕی لە تاج ملك دەبێت. ڕەزاخان ساڵی ١٩١٩دەبێتە بەرپرسیاری هێزی (قازاغ). كاتێك ساڵی ١٩١٩پەیمانی نێوان ئێران و بریتانیا ڕاگەیەندرا، ناڕەزایی ناوخۆیی و فەڕەنسی و ئەمریكی لێ كەوتەوە. ئەمەش بووە

هۆکاری ئەوەی حکومەتەکانی ئێران یەك لەدوای یەك بکەون. هەر لەم ماوەیەدا شێخ محەمەد خیابانی لەحوزەیرانی ١٩٢٠دا لەتەبرێز حکومەتی (ئازاد یستان )ی راگەیاند و (کوچك خان) یش لە ١٩٢٠/٦/١٠لەگەیلان هەمان کاری کرد.

ڕۆژی ١٩٢١/٢/٢١ ڕەزاخان بەهاوکاری زیائەدین تەباتەبایی (١٨٨٨ - ١٩٦٩) کودەتای بەسەرحکومەت پێن رۆژیەکەی (سپادار ئەعزەم)دا کرد. دوای دووڕۆژ حکومەتی نوێیان بەسەرۆکایەتی زیائەدین تەباتەبایی دروستکرد، ڕەزاخان بوو بەسەر فەرماندارى سوپا. لە ١٩٢١/٢/٢٦ڕێککەوتنی ڕووسیاو ئێران لەسەردەستی تەباتەبایی ئەنجامدرا، ئەمە ناڕەزایی بریتانیا، ئەمریکاو بەشێك لە ناوەندە ناوخۆییەکانی لێ کەوتەوە. رەزا خان ئەمەی بەهەلزانی و بووە وەزیری پاراستن (شەر)، گوایە بۆ هاوکاری تەباتەبایی. بەڵام کە جێ پێی خۆی قایم کرد، لەگەڵ شا دا لە ١٩٢١/٥/٢٥دا تەباتەباییان لە حکومەت دوور خستەوە. دوای زیائەدین تەباتەبایی، قەوام سەڵتەنە(ئەحمەد قەوام)بوو بەسەرۆك وەزیر، لەو حکومەتەشدا کەلە ١٩٢١/٦/٤دا دروستی کرد رەزاخان بووەوە بە وەزیری شەڕو فەرمانداری سوپا. قەوام سەڵتەنە بەهۆی کێشەی سیاسی و داراییەوە لە ١٩٢٢/١/٢٠دا دەستی لەکار کێشایەوە. دواتر موشیر دەولە حکومەت دروست دەکات، کە لە ١٩٢٢/١/٢٢ هەتا ئایاری هەمان ساڵ بەردەوام بوو. لە حورەیراندا جارێکی تر قەوام سەڵتەنە بووەوە بەسەرۆك وەزیر. قەوام لەگەڵ ئەمریکاو بریتانیا لەسەر نەوت ڕێککەوت و ئەمەش ڕووسیای ناڕەحەت کرد، جارێکی تر ناڕەزایی ڕۆشنبیرانی و خەڵکی لێکەوتەوەو بەو هۆیەوە لە ١٩٢٣/١/٢٥ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە. دواتر مستەوفی ممالیك بوو بە سەرۆك وەزیر، حکومەتەکەی ئەویش هەتا حوزەیران بەردەوام بوو. دوای ئەو موشیر دەولە بۆ دووەم جار بووەوە بەسەرۆك وەزیرو لە ١٩٢٣/٦/١٦هەتا ١٩٢٣/١٠/٢٢ لەکارەکەیدا بەردەوام بوو. ئیتر کەس ئامادە نەبوو حکومەت دروست بکات. ڕەزاخان لە ١٩٢٣/١٠/٢٩ دا (جێگەی سەرنجە ئەم ڕۆژە هەمان رۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیایە) بووە سەرۆك وەزیرو هاوکات وەزیری شەڕ بوو، هاوکات سەرۆکی سوپاش بوو. ڕەزا خان، شای ناچارکرد بچێتە ئەوروپاو پەیمانی لەجێنشینەکەشی وەرگرت کەدەست لەکارەکانی وەرنەدات. دواتر ڕاستەکان و دیموکراتەکانی دوورخستەوە. لە ١٩٢٤/٤/٢ هەڵبژاردنی خولی پێنجەم بۆ پەرلەمان ئەنجام دەدرێت و لایەنگرانی ڕەزا خان زۆرینە مسۆگەر دەکەن. ڕەزا شا سەرەتا دەخوازێت سیستمی ئێران لە شاهنشاهیەوە بگۆڕێت بۆ کۆماری. ئەم بابەت دەکاتە ڕۆژەڤی پەرلەمان و کۆمەڵگا، بەڵام ئەمە ناڕەزایی زانایانی ئایینی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەشیمان بوونەوەی. لەبەرامبەردا لەگەڵ دەزگای ئایینی ڕێکدەکەوێت بۆئەوەی سیستمی نوێ شاهنشاهی بێت. بەمەش پشتیوانی ڕاستڕەوەکانیش بەدەست دەهێنێت. لەم کاتەدا ئەحمەد شا داوا لەپەرلەمان دەکات کە متمانە لەڕەزاخان وەربگرنەوە، بەڵام لەکۆی(١٠٠) ئەندامی بەرلەمان (٨٦) ئەندام پشتیوانی خۆیان بۆ حکومەتەکەی ڕەزاخان دەردەبڕن. سوپاش هەڵوێستی دیاری دەکات و لایەنگری لە ڕەزاخان

دەکات، ئەمەش نیشانی دەدا کەئیتر کاریگەریی ئەحمەد شای قاجاری لەسەر دامەزراوەکان نەماوە، ئەمەش دەبێتە دەرفەت بۆ رەزا خان. ڕەزاخان لەبەر ئەو هەڵوێستەی شا خۆی دەتۆرێنێت و داوای دەسەڵاتی زیاتر دەکات، هەتا بتوانێت وڵات بەڕێوە ببات. ١٩٢٥/٢/١٢ پەرلەمان بۆ ئەوەی ڕەزا خا ڕازی بکەن بگەڕێتەوە، دەسەڵاتی ڕەهای دەدەنی، واتە بەکرداری دەچێتە جێگەی پاشا. لەم قۆناخەدا ڕەزاخان گرنگی بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا دەداو دەخوازێت کاریگەریی ڕووسیاو بریتانیا لە ئێراندا کەم بکاتەوە. لەم پێناوەدا لە ١٩٢٥/٢/١٧دا داوا دەکات لیژنەیەکی (١٢)کەسی لەپەرلەمان دروست بکرێت و هاوکاری بکەن لە بەڕێوە بردنی کارەکانیدا، پاش ماوەیەکی کەم ئەو لیژنەیە دروست دەکەن. ڕۆژی ١٩٢٥/٥/٣ ڕەزاخان داوا دەکات بەپاشناوی پەهلەوی بانگی بکەن و بۆی بنوسن. ڕۆژی ١٩٢٥/١٠/٣١ بەفەرمی تاج لەئەحمەد شای قاجاری وەردەگیرێتەوەو رەزاخان ئەرکدار دەکرێت بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەت.

دواتر ئەنجومەنی دامەزراندن دروست دەکەن بۆ رێکخستنەوەی دەوڵەت. ئەم ئەنجومەنە یاسای لابردنی خانەدانی قاجاری گەڵاڵە دەکات. بەپێی ئەو یاسایە هیچ کەس لەبنەماڵەی قاجاری ناتوانن داوای تەختی شاهانە بکەن. لە ١٩٢٥/١٢/١٢دا لە (٢٦٠)ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندن (٢٥٧) ئەندام ڕەزا خان وەکو شا هەڵدەبژێرن. لە١٩٢٥/١٢/١٥دا ڕەزا خان وەکو شا سوێندی یاسایی دەخوات. رۆژی ١٩٢٦/٤/٢٥ ڕەزا خان تاجی شاهانەی پەهلەوی دەنێتە سەری. لە ١٩٤١/٩/٦دا بەهۆی سیاسەتی لایەنگری بۆ ئەڵمانیا لەلایەنی بریتانیاو ئەمریکاوە لەسەر تەختی شاهانە لا دەبرێت و محەمەدی کوڕی دەخرێتە جێگەی.

وەکو ئەنجام دەکرێت هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو قۆناخەی ژیانی مرۆڤایەتی وسیستمی دەسەڵاتداری بکەین و لە ناویدا بارودۆخی کوردستانیش بنرخێنین و بزانین بۆچی کوردستان پارچەکراو گەلی کوردیش بێ ماف کرا ؟ ئەوەش لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە:

١- سەدەی نۆزدەیەم کەسەدەیەکە تێیدا شۆڕشی پیشەسازی ئەنجامدرا هاوکات هۆشیاری گەلان گەشەی کردو داخوازی گەلان بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی کۆمەڵگا بەرەر ژوور هەڵکشا. لەگەڵ ئەمانەدا سەرمایەداریش گەشەی کردو دەیخواست ئەو سنورە تێپەڕبکات کەدەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگا بۆیان دیاری کردووە. رێبەر عەبدوڵلا ئۆجالان لەم بارەیەوە دەڵێت: سەرمایەداری هەتا ئەو کاتە لەناو سنووردا بوو، هەمیشە کۆمەڵگاو دەسەڵات سنووریان بۆ دادەنا، بەڵام لەسەردەمی سەرمایەداریدا سنوورەکان شکان و وەکو قوتوی باندۆرا بڵاو بویەوە. سەرمایەداری هەوڵی دەدا دەستی کراوە بێت لەمامە ڵەکردن و قازانجدا. واتە زانست، پیشەو سەرمایە ئەوسێ فاکتەرە سەرەکیە بوون دەیانخواست ژیانی کۆمەڵگا سەرلەنوێ دابڕێژنەوەو شێوەیەکی نوێ ببەخشنە کۆمەڵگاو سیستمی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتداری.

ململانێیەکـی بەهێـز لەنێـوان کـۆن و نـوێ لەلایـەك و تێـزە نوێیـەکان کەخۆیـان بەچارەسـەری و ئەڵتەرناتیڤـی یەکـتر دەبینـی لەلایەکـی تـرەوە هەبـوو. بـۆ نمونـە ململانێـی سۆسـیالیزم، لیبراڵیـزم، ئانارشـیزم و فێمنیـزم کـە لـە ڕۆژئـاوا دەرکەوتـن چەنـدە لەگـەڵ سیسـتمی کۆنـدا بـوو، لـەوە زیاتـر لەگـەڵ یەکـدا توندبـوون. لەڕۆژهەڵاتیشـدا چەنـدە بەرخـۆدان و بەرهەڵسـتی کـۆن بـۆ گۆڕانـکاری بەهێزبـوو، لەگـەڵ ئەوانـەدا بەقوڵـی تێزەکانـی ڕۆژئـاوا کاریگـەری خـۆی دانـا بـوو. بەتایبەتـی چەمکەکانـی لیبراڵیـزم و تاڕادەیـەك سۆسـیالیزم، لەگـەڵ ئەمانەشـدا لەژێرنـاوی تەریقەتـدا گـەڕان بـەدوای ژیانێکـی نوێـدا دەسـتی پـێ کردبـوو، نەقشـبەندی، بەهایـی، نوێبوونـەوەی یارسـانی و وەهابـی جۆریـك بـوون لـەو هەوڵانـە. ئەمانـە پێکـەوەو دەسـتوەردانی هێـزە جیهانیـەکان لەناوچەکـەدا، ململانێیەکـی بەهێـزی لەڕۆژهەڵاتـی ناوینیشـدا دروسـتکردبوو. کوردسـتانیش بەشـی خـۆی بەرکـەوت. ململانێیەکانـی ڕۆژئـاوا لەچارەکـی کۆتایـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا بەسـەرکەوتنی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری کۆتایـی هـات و فاکتەرەکانـی زانسـت، پیشەسـازی و سیاسـەت کەوتنـە ژێـر چەتـری سـەرمایەوە. ئـەو مۆدیلـەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری بەرهەمـی هێنـا، خـۆی وەکـو چارەسـەر بـۆ قەیرانـی هەمـوو بوارەکانـی ژیـان پێشکەشـکردو توانـی تێزەکانـی سۆسـیالیزم، ئانارشـیزم و فێمنییزمیـش بـەلای خۆیـدا رابکێشـێت و بیانخانـە سـەر سـکەی خـۆی. وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد ڕێبەرعەبـدو ڵـڵا ئۆجـالان لـەم بـوارەوە دەڵێـت "سـەمایەداری هێـزی بنەڕەتـی خـۆی لەپـارەو چەکـەوە وەرناگرێـت، بەڵکـو هێـزی ڕاسـتەقینەی خـۆی لـەو لیبراڵیزمـە وەردەگرێـت کـە لەسـیحربازێك زۆر ئەفسـوناوی تـر سـەرجەم یۆتۆپیـاکان، بەیۆتۆپیـای سۆسیالیستیشـەوە کـە دواییـن و بەهێزترینیانـە، بـۆ ڕەنگـی جیـاواز دەگۆڕێـت و لەنـاو خۆیـدا نوقمیـان دەکات و دەیانتوێنێـەوە". واتـە ئـەوەی سـەرکەوت سـەرمایە بـوو، نـەك داخـوازی گـەلان و پێویسـتی زانسـت. هـەر بۆیـە ڕاسـتترە کـە مۆدیلـی سـەدەی بیسـتەم بەمۆدێرنیتـە نـا بەڵکـو بەمۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری بەنـاو بکرێـت. ئەمـە ئـەو ناونانەیـە کـە ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجـالان جێگیـری کـردووە لەتێزەکانـی خۆیـدا. ئـەم مۆدیلـە لـە سـەدەی بیسـتەمدا بـووە مۆدیلـی باڵادەسـت و مۆرکـی خـۆی لەهەمـوو بوارەکانـی ژیانـی کۆمەڵـگادا. هەرچەنـدە تێـزو مۆدیلەکانـی تریـش بەرخۆدانیـان کـردو هەتـا ئێسـتاش لەنـاو ململانێیەکـی تونـددان و هەوڵـدەدەن بیسـەلمێنن کـە مۆدێرنیتـەی سـەرمارەداری لەگـەڵ بەهاکانـی مرۆڤـدا ناگۆنجێـت و لـەدەرەوەی ئـەو مۆدیـل و شـێوە ژیانـە مۆدێـل و ژیانـی جیاوازتـر بوونـی هەیـە. بـەڵام مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری خـۆی وەهانیشـان دەدا کەئـەو کۆتایـی مێـژووە و جیـاواز لـەو مۆدیلـە شـێوە ژیانێکـی تـر مومکـن نییـە. ئـەم مۆدیلـەی ژیـان چـی بۆمرۆڤایەتـی هێنـاو بۆچـی لەنـاو ئـەم مۆدیلـەدا جێگـەی کـورد نەبویـەوە؟ ئەمـە پرسـیارێکی کرنگـە بەبـێ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە ناتوانیـن دەرك بەڕاسـتی بابەتـەکان بکەیـن .

٢-مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کەبووە مۆدیلی ژیان و ڕێکخستنی سیستمی سەدەی بیستەم سێ کوچکەیەکی هەیەو لە سەر ئەوسێ کوچکەیە دەڕوات و دەژی. ڕێبەرعەبدوڵڵا ئۆجالان دەڵێت " دەوڵەت نەتەوە، پیشەسازیگەرایی، سەرمایەگوزاری " سێکۆچکەی ئەو سیستمەیە. ئەگەر ئەم سێ بابەت و بوارە شیبکەینەوە، ئەو کاتە هەست دەکەین کە بۆچی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دوورە لەبەهاکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوەو هاوکاتیش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بۆچی لەو مۆدیلەدا جێگەی کورد نەبویەوە.

وەکو پێشووتر باسمان کرد، مرۆڤ لەکۆمەڵگای سروشتیدا خاوەنی فۆرم (پەیکەرێکی) ی کۆمەڵایەتی بووەو ژیانی خۆی لەچوارچێوەی ئەو پەیکەرە یان فۆرمەدا ڕێکخستووەو لەو فۆرمەدا هەموو تاکەکان ڕاستەوخۆ بەشداربوون لە بەڕێوەبردنداو جیاکارییەك لەشێوەی بەڕێوەبەرو بەڕێوەبراو نەبووە. قلان، بنەماڵە، تیرە، خێڵ و هۆز لەقۆناغە جیاجیاکاندا گوزارەیان لەم فۆرمە کردووە. باسمان لەوەش کرد کە بناخەی ئەم فۆرمە لە کوردستاندا دانراوە، هەرئەمەش وایکردووە کە ڕەگوڕیشەی لەکوردستاندا قوڵ بێت و پلەداری سەرەتا لەکوردستان پەیدا نابێت و لە باشوری میزۆ پۆتامیا سەرهەڵدەدا.

کاتێك کە پلەداری سەری هەڵدا، سیستەمی بەڕێوەبردنی ژیان بوو بە دوو فۆرم، یاخود وەکوو ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان دەڵێ "وەکوو دوو ڕووبار شەپۆلیان دا، ڕووبارێکیان نوێنەرایەتی کۆمەڵگای دەکرد، ئەوەی تریش نوێنەرایەتی چینی سەردەست و دەسەڵاتی دەکرد. "وەکوو لە مێژووی (٥٠٠٠)ساڵی ڕابردوودا، هەر لە سۆمەرەوە هەتا یۆنانی و ڕۆمایی، یاخود سەردەمی عوسمانی و قاجاری دەبینین کە سەرەڕای ململانێ و پێکدادانی دوو فۆرمەکە، بەڵام دانیان بە هەبوونی یەکتردا ناوە، هیچ کاتێك ناسنامەی دەوڵەتێك نەکراوە بە ناسنامە بۆ ئەو خێڵ، هۆز، میللەت، گەلە جیاوازانەی لە ناو ئەو دەوڵەتەدا ژیاون. تەنیا کراوە بە ناسنامەی خانەدانی دەسەڵات یان فۆرمی دەسەڵات. ئایین و شارەستانیەکانیش هەوڵیانداوە مۆدیلەکانیان لەگەڵ ئەو واقیعەدا بگونجێنن. هەوڵیشیانداوە بەو پێیە شێوە بە کۆمەڵگا بدەن. لەم بوارەدا ئیسلام زۆر بە ڕوونی لە ڕوانگەی خۆیەوە هەوڵیداوە ئەم بابەتە چارەسەر بکات. ئەوەتا هاتووە لەلایەك فۆرمی دەوڵەتی دارێژراوە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ناوچەیی و جیهانیدا، لەلایەکی ترەوە خواستویەتی کۆمەڵگاکانیش لە یەکتری نزیك بکاتەوەو بۆ ئەوەش فۆرمی ئوممەتی دروستکردووە. نە لەڕێگەی دەوڵەتەوە نکۆڵی لە ناسنامەی تیرە، خێڵ، هۆز و میللەتان کردووە، نە لە ڕێگەی ئوممەتەوە. بەمشێوەیە خواستویەتی ناسنامەی کۆمەڵایەتی مۆرڤەکان بپارێزێت. بەڵام کاتێك مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دێت و ناسنامەی میللەتێك دەبەستێت بەهەبوونی دەوڵەتێکەوە، لەڕوخساردا خۆی وا نیشان دەدات کەلایەنگری مافی گەلانەو دژی ستەم و ستەمکارییە، چونکە گەلان دەکات بەخاوەنی دەوڵەت! بەڵام لە ناوەرۆکدا گەلان لەناسنامەی

ڕاستەقینەی خۆیان دادەماڵێت. ڕەنگە بپرسین بۆ چی؟ چونکە ناسنامەی دەوڵەت ناسنامەی چینی سەردەستەو ناسنامەی کۆمەڵایەتی هەرگەلێك وابەستەی بوونی خۆیەتی. تێکەڵکردنی ئەو دووناسنامەیە بەبێ گومان لەسەرحسابی یەکێکیان دەبێت. واتە لایەکیان دەبێت دەست لەڕاستی خۆی بەربدات. کاتێك لەسەر بنەمای فۆرمێکی دەوڵەتی هەردوو ناسنامەکە تێکەڵ بکرێت، ئەوا بەو واتایە دێت کەگەل لە ناسنامەی خۆی داماڵراوەو بێ ناسنامە دەبێت و دەبێت ئەو دەست لەڕاستی خۆی بەربدات و تەنیا چینی سەردەست خاوەن ناسنامەی خۆی دەبێت. ئەمەش لەو رونگەیەوە ئەنجام دەدرێت و قەناعەت بەگەل دەکەن کە گەل دەبێتە خاوەنی ئاڵاو ناسنامەی خۆی لەجیهاندا. بەمشێوەیە میللەت و تاکەکانی لەگەڵ فۆرمی دەسەڵاتدا یەکانگیر دەکەن. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەوڵەت نەتەوە لەناو نەتەوەکاندا ناسنامەی چینی سەردەست پیرۆز دەکات و ناسنامەی کۆمەڵگا بێ واتا دەکات، هەرئەمەشە وادەکات کە دەوڵەت نەتەوە لەناو خۆیدا فرەرەنگی پەسند ناکات و بەهەموو شێوەیەك دژی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی شێوەی خێڵ، هۆز، زاراوەو ڕەنگەکانی ترەو دەخوازێت تاك لەکۆمەڵگا بوون دووربخاتەوەو بیکاتە نێچیرێکی ئاسان بۆ دەسەڵات و ئەمەش لەبن ناوی ئەوەی کە دەوڵەت نەتەوە دەوڵەتی هاوڵاتی یەو ئەو فۆرمانە ڕێگرن لەدروستبونی نەتەوەو دەوڵەتی هاوڵاتیدا. بێگومان هەرئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی سەدەی بیستەم و دەوڵەت نەتەوەکان زۆرترین پێکهاتەو گروپ و ڕەنگیان لەناو نەتەوەکاندا سڕیوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە مۆدیلی دەوڵەت نەتەوە کێبڕکێیەکی کۆژەرانە لە نێوان نەتەوەکاندا دروست دەکات. هەروەکو نەبیل مەعلوف لە پەرتوکەکەیدا بەناوی "ناسنامە بکوژەکان" پێناسەی ئەو کێبڕکێ و ململانێیە دەکات. بەهۆی ئەوەی لەو مۆدیلەدا ناسنامەی میللەتان دەبەسترێن بە دەوڵەتەوە. بۆئەوەی دەوڵەتیش دروست ببێت خاك، زمان، مێژوو، فەرهەنگ و ئابووری نەتەوەیی کراوەتە مەرجی سەرەکی و ئەمەش وادەکات کەهەر میللەتێك هەوڵ بدات لەسەر ئەو خاکەی تێیدا دەژی زمان، فەرهەنگ، مێژووی خۆی باڵادەست بکات و ڕەنگەکانی تر بسڕێتەوە. هەوڵ بدات دەست بەسەر داهاتی ئەو خاکەدا بگرێت. ئەمەش لەناو نەتەوەکانی سەر هەمان خاکدا ململانێی خوێنین دروست دەکات، چونکە هەرنەتەوەیەك بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی ناسنامە، دەبێت یان مردن پەسەند بکات یاخود ئەوانی تر بکوژێت. لێرەشدا کێ بەهێز بوو ئەوا دەتوانێت ئەوی تر بسڕێتەوە. ئەمە ئەو تیۆریەیە کە داروین بۆ جیهانی ئاژەڵ بەکاری دێنێت و پێی دەڵێت "ململانێ لەپێناوی مانەوەداو مانەوەش بۆ بەهێزترینەکانە". دیارە ئاژەڵەکان ئەوە بەسروشتی خۆیان دەکەن، بەڵام لە ئەمڕۆدا مرۆڤەکان ئەمە لەڕێگەی عەقڵ و ئەو تەکنەلۆژیایانەی لەبەردەستیاندایە ئەنجامی دەدەن، خۆشیان پێ مۆدێرن و پێشکەوتووە. مێژووی سەدەی بیستەم و ئەو شەڕو جینۆسایدانەی لەم سەدەیدا ڕویانداوە سەلمێنەری ئەم تێز و فەلسەفەیەن. گوڕبوون و گەورەبوونی ماملانێی نێوان پێکهاتەکانیش هەر بۆ ئەم تێزە

دەگەڕێتــەوە. هــەر ئــەم ڕەوشەشــە وا لــە ڕێبــەر عەبدوڵــڵا ئۆجــالان بــكات كــە بڵــێ؛ "نەتــەوە دەوڵــەت، ســەرمایەداری و تەكنەلۆژیــا ڕۆژهەڵاتــی ناوینیشــیان گەیانــدووە بــە ئاســتی خۆكوشــتن."
لێــرەوە ئەگــەر بــە وردی ســەیری مۆدێلــی دەوڵــەت نەتــەوەی مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداری بكەیــن، دەبینیــن نــەك هــەر نەبۆتــە چارەســەری بــۆ دۆزی گــەلان و دەســتەبەركردنی مــاف و ئازادییەكانــی گــەلان، بــە پێچەوانــەوە كێشــەكەی قوڵــتر كردۆتــەوە.

پیشەســازیگەرایی كۆڵەكەیەكــی تــری مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداریە، بێگومــان گرنگیــدان بــە پیشــەو پیشەســازای بەپێــی پێویســتی كۆمەڵــگا كارێكــی كۆمەڵایەتیــەو خزمەتــی كۆمەڵــگا دەكات، بــەڵام تەنیــا لەپێنــاوی قازانجــدا پیشەســازی پێشخســتن، لەجێگــەی خزمەتــی كۆمەڵــگا، دەبێتــە بــەڵا بــە ســەر كۆمەڵــگاو ژینگــەوە. مــرۆڤ لــە ژیانــی كۆمەڵایەتــی دادەبڕێــت و بێــكاری زیــاد دەكات و لــە گــەڵ خۆشــیدا هەڕەشــە بــۆ ئاینــدەی ژیــان دروســت دەكات، ئەمــڕۆ هەمــوو لایــەك ئــەو هەڕەشــانە دەبینن.
قازانــج بــە بنەماگرتــن ســێیەم كۆڵەكــەی ئــەو مۆدێلەیــەو لــە ڕێگەیــەوە مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداری بــێ ســنور هەوڵــدەدا بــۆ قازانــج و بەرژەوەنــدی تایبــەت. لــە كەمتریــن ئاســتدا بیــر لەكۆمەڵــگاو بەهاكانــی نەكردنــەوە، دەكاتــە پێوەرێــك. هەركەســێك چەنــدە ئــەو پێــوەرە پێكبهێنێــت، ئەوەنــدە لێهاتــوو و ســەركەوتووە، بــە پێچەوانــەوە چەنــدە بیــر لەكۆمەڵــگاو دەوروبــەر بكاتــەوە، ئەوەنــدە دەبێتــە كەســێكی بــن كەوتــوو. ئەمــەش لــە ئاســتی تاكــدا، مرۆڤــەكان دەكات بــە گورگــی یەكــتر. هەروەكــو تۆمــاس هۆبــز دەڵــێ؛ مــرۆڤ گورگــی مرۆڤــە. لێــرەدا مەبەســتم ئــەوە نیــە مــرۆڤ بــە سروشــتی خــۆی گورگــی مــرۆڤ بێــت، بەڵكــو ئــەو مۆدێلــە لــە سروشــتی خــۆی دوور دەخاتــەوەو بــەرەو گــورگ بوونــی دەبــات.

لێــرەوە بەچــاو خشــاندنێك بەمێــژووی ئــەم دووســەدەی ڕابــردووی مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداریدا، بەتایبەتــی دوای باڵادەســتبوونی، دەبینیــن كۆمەڵێــك پێــوەر و بەهــای خوڵقانــد كــە ناكۆكــن لــە گــەڵ پێــوەرو بەهــا سروشــتیەكانی كۆمەڵــگای مرۆڤایەتــی، هــەر ئەمــەش هــۆكارە بــۆ ئــەوەی كــە ئەمــڕۆ گــەڕان و هەوڵــدان زۆرن بــۆ تێپەڕكردنــی ئــەو مۆدێلــە. هەوڵەكانــی ڕێبــەر ئۆجــالان دیارتریــن و كاریگەرترینــی ئــەو هەوڵانەیــە.

٣-كاتێــك مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداری لەســەر ئــەو بنەمــاو پێوەرانــە هەڵســوكەوت بــكات، بێگومان ئەو كاتــە مــاف و ئــازادی گــەلان لای باڵادەســتەكان تەنیــا دەبنــە بانگەشــەی بــێ نــاوەڕۆك، ئیــتر پێــوەری ئەخلاقــی و ویژدانــی لــە سیاســەتدا ڕۆڵــی نامێنــێ و ئــەوەی دەردەكەوێتــە پێــش بەرژەوەنــدی دەبێــت، نــەك مــاف، ئەخــلاق و ویــژدان، هەروەكــوو لــە ڕۆژگاری ئەمڕۆمانــدا دەگوزەرێــت.

بچوکترین سیاسەتمەدار یان رۆشنبیر دەبینین کە هێشتا دەستی بە هیچ خەباتێك نەکردووە، کەچی دەڵێ سیاسەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دەکرێت و لە پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسیدا دۆستایەتی هەتا سەر نیە، بەڵکو بەرژەوەندی هەتا سەر هەیە. کاتێك بەرژەوەندی لەگەڵ هێزێك یاخود کەسێکدا نەمێنێ، بەپێی سیاسەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و چەمکی ماکیاڤیلی بۆ سیاسەت، ئەوا دەتوانێت دەستبەرداری ببێت. دیارە ئەو زلهێزە جیهانیانەش هەر لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورددا کردووەو دەیکەن. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم مۆدیلەو سیاسەتەمان لا پەسەند بێت، ئەوا دەبێ سەرزەنشتی ئەمریکا، سۆڤێت، بریتانیاو هێزەکانی تر نەکەین کە پشتیان لە ئێمە کردووەو بە پێی بەرژەوەندی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەدا کردووە.

ئەگەر ئەمانە خاڵی سەرەکی بن کە سیاسەت و سیستەمی نوێیان لە سەر بونیادنرابێت و بە هۆکاری دەرەکی ببینین بۆ پەراوێزخستنی کورد لە نەخشەو هاوکێشەی جیهانیدا، ئەوا دەبێت باس لە هۆکارە ناوخۆیەکانیش بکەین. بەڵام لێرەدا گرنگە لە ڕوانگەی دەوڵەت نەتەوەو پێوەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریەوە سەیری بابەتەکە نەکەین و هەڵینەسەنگێنین، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە هەڵسەنگاندن بکەین، ئەوا شتێکی نوێمان نەکردووە. چۆن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا جیهان رووی لە گۆڕانکاری دەکردو بەشێکی کوردیش دەیخواست خۆی بگۆڕێت، بەڵام بەشی زۆری چینی سەردەستی کورد نەیانتوانی خۆیان لە کاریگەری باوی دەوڵەتی ئیسلامی و ئوممەتگەرایی رزگار بکەن، ئێمەش لەناو مۆدیلێکدا دەخولێینەوە کە بەسەرچووەو ئاشکرابووە کە چی نەهامەتی بۆ کۆمەڵگا هێناوەو دەیهێنێ. دیارە کاتێك باس لەوە دەکەم کە لەڕوانگەی دەوڵەتە نەتەوەوە ڕووداوەکان هەڵنەسەنگێنین، بەو واتا نیە کە لەسەر بنەمای ئوممەتگەرایی یان لەسەر بنەمای موحافەزەکاری قۆناخەکە هەڵسەنگێنین، بەڵکو لەسەر بنەمای پێوەر و ڕاستیە کۆمەڵاتیەکان هەڵسەنگاندن ئەنجام بدەین و ئاست و پێویستی ئەو قۆناخەش ڕەچاو بکەین، ئەو کاتە دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی راست یاخود نزیك لەڕاستیەوە. لەسەر ئەو بنەمایەش ڕەوشی جوڵانەوەی کوردی هەڵسەنگێنین دەتوانین هۆکارە ناوخۆییەکان لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە.

**یەکەم** : لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگای کوردستان و کورد گەیشتبووە ئەو ئاستەی هەستی بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەکرد. هەر ئەمەش سەرچاوەی ئەو ڕێنسانسەیە کە لەسەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرهەم هات. ئەوەتا لەو قۆناخەدا لەڕووی ئەدەب، رۆشنبیری، زمان، هەڵبەست، لاوك، حەیران، هۆرە، دەزگا(مەقام)، سیاچەمانە، چەمەری، دەنگبێژی، میوزیك وچیرۆك و کەلەپوری کوردیەوە کوردو کوردستان لە گەشانەوەدایە. ئەمەیە وا لە کەسێکی وەکو نوئێل دەکات کە بڵێت لە رۆژهەڵات میلەتێکم نەبینی وەکو کورد شایستەی سەربەخۆیی بن. ئەگەر بە ناوەڕۆکی هەموو ئەو بەیت و حکایەت و داستانانە بچینە خوارەوە،

ئەوە دەبینین کە لەهەموویاندا تامەزرۆیی بۆ ئازادی و عەشق و خۆشەویستی ڕاستەقینە هەیە. بێگومان کۆمەڵگایەك پڕ بێت لەو بەرهەمانە ناتوانێت بن دەست بژی. یاخود دەتوانین وەها فۆرمیلەی بکەین، ئەو هەموو بەرهەمە لەناو کۆمەڵگایەکی کۆیلەدا بەرهەم نایەت.

**دووەم** : لەکوردستاندا پیشەو پیشەکاری هەنگاوێکی باشی ناوە. لەبواری کشتوکاڵ و ئاودێری، ئاژەڵ بەخێوکردن، بیناسازی، کارە دەستیەکان و بازرگانی. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە هاوتەریبی ئەو پیشانە، پەرە بە پێوانە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیە ژیانیەکان دراوە. لەکوردستاندا جیوازی چینایەتی زۆر نەبووەو لەهەندێك کات و جێگەدا هەستی پێ نەکراوە. هەر بۆیە ئەو کۆمەڵگایە بە ئاسانی هەنگاو بەرەو کۆمەڵگایەکی لاسەنگ نانێت.

**سێیەم** : ڕاستی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان و گەواهی زۆربەی نوسەر و گەڕیدە بیانیەکانیش ئەوەیان نیشانداوە لەکوردستاندا جیکاری نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی زۆر کەمە، چەوساندنەوەی گروپە جیاوازەکان لەلایەنی کۆمەڵگای کوردیەوە کارێکی قێزەون و نامۆیە بەڕاستی کۆمەڵگاکە. جگە لەهەندێك نمونەی دەگمەن کە باسمان کرد، بێگومان ئەوانیش لەژێر کاریگەری سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەدا شاراوەیە کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری خزاندیە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە. دیارە کۆمەڵگایەك کە خاوەنی ئەو تایبەتمەنیەش بێت، ئەوا کراوە نیە بۆ ئەو جۆرە ململانێیەی کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە نێوان ناسنامەکاندا دروستی دەکات.

**چوارەم** : ئەو ئاستەی کە ژنی کورد لەسەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا تێیدا دەژی، نەك کەمتر نیە لەوەی کە لە ئەمریکاو ئەوروپا هەیە، بەڵکو لەهەندێك بواردا دەکرێت بڵێین لە پێشتربوو. ژنی کورد بە حوکمی ئەوەی دایکایەتی بۆ کۆمەڵگای سروشتی کردووە، هەتا ئێستاش زۆرترین داکۆکی لەتایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای سروشتی دەکات. هاوکات داکۆکی لە ڕاستینەی ژن دەکات و هەمیشە هەوڵیداوە پێگەی خۆی وەکو ژن بپارێزێت، نەك هەوڵ بدات ببێتە کۆپی پیاو یان سێبەری پیاو. ئەوەتا لەناوخۆدا ڕۆڵی دابینکەری ئاشتی کۆمەڵایەتی بینیوە، لەبەرامبەر دەرەوەش جەنگاوەر بووە. قەرە فاتم، قەدەم خێر، جیهان خان و عادیلەخان مشتێکن لەخەرمانێك. ئەوەی کوردستانی بینیبێت و بەویژدانەوە قسەی کردبێت ئەو ڕاستیانەی بینیوە. لەبورای ڕۆشنبیری و نوسینیشدا مەستوورەخانی ئەردەڵانی ناکرێت ڕەنجی بچوك بکرێتەوەو ئەوەی ئەو کردوویەتی لەو سەردەمەدا وێنەی نیە. هەروەها ئەوەی ئەنجوم یامولکی، ئامینە خان، گوزیدەخان، فاتمە محێدین و حەپسەخانی نەقیب کردویانە هاوتای ئەوانەیە کە ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ و کلارازیکتین و هاوڕێکانی کردوویانە. لەگەڵ ئەمانەشدا ژنی کورد بەکاراکتەری خۆی زیاتر ڕووبەڕووی چەمکەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بۆتەوە. ئەو خەسڵەتانەی ژنی کورد زیاتر کۆمەڵگای کوردی پاراستووە.

**پێنجەم** : کۆمەڵـگای کوردسـتان لـەو سـەردەمەدا لەبـواری باوەڕمەندیشـدا لەگەشـانەوەدایەو لەهەوڵـی ڕیفۆرمدایـە. دەرکەوتنـی کەسـایەتی وەکـو مەولاناخالیـدی نەقشـبەندی، هەوڵەکانـی بـۆ نوێکردنـەوەی تەریقەتـی نەقشـبەنی دەکرێـت وەکـو ریفۆرمێـك لـە بـاوەڕی و تەسـەوفدا لێکبدرێتـەوە. ئـەم دوو ڕەوتـە هەردووکیـان دوو ڕەوتـن کـە کار لەسـەر گـەڕان بـەدوای ڕاسـتی و حەقـدا دەکـەن. هـاوکات هەوڵەکانـی سـەید براکـە بـۆ نوێکردنـەوەی یارسـانی هـەر لەو سـەردەمەداو هاتنـی بەهائـولاّی رێبـەری بەهاییـەکان لـەو قۆناخـەدا بـۆ کوردسـتان ئامـاژەن بـۆ ئـەو ڕێنسانسـەی کەلـەو کاتـەدا لەکوردسـتاندا لەبـواری باوەڕیـدا هەیـە. بـەڵام تەمەنـی کورتـی مەولانـا خالیـدو کەمـی دەرفـەت بـۆ سـەید براکـەو دەسـتێوەردانی هێـزە ئەوروپیـەکان لـەو قۆناخـەدا بـۆ ناوچەکـە ئـەو هەوڵانـەی لەبـار بـردو ڕێگـەی لـێ گرتـن کـە بتوانـن بەپێـی پێویسـتی کۆمەڵـگا لـەو سـەردەمەدا هەنـگاو بنێـن و بەشـێکی زۆریشـی لـە ڕاسـتەڕێگەی خـۆی لادا. بـەڵام هەتـا ئێسـتاش هەندێـك لەوانـە لەهەوڵـی خـۆ پاراسـتن و کۆمەڵـگا پاراسـتندان.

**شەشـەم** : چینـی سەردەسـتی کـوردی، چینـە کۆنەکـەی کـە میـرەکان بـوو، چینـە نوێیەکـەش شـێخەکان،(کە شـێوەی چینێکـی کۆمەڵایەتـی سەردەسـت یـان وەرگـرت)، ئاغـاکان و سیاسـەتمەدارە نوێیـەکان بـوون، هەرچەنـدە بانگەشـەی کـورد بوونیـان دەکـرد، بـەڵام لـە لایـەك نەیانتوانیبوو سـنوری بنەماڵـەو ناوچەکانـی خۆیـان تێپـەڕ بکـەن، لەلایەکـی تریشـەوە بەشـێکیان زۆر لەژێـر کاریگـەری دەوڵەتـی ئیسـلام و ئوممەتگەرایـدا بـوون، بەشێکیشـیان لەژێـر کاریگـەری مۆدێرنیتەی سـەرمایەداریدا بـوون، هاوکاتـی ئەمـە لەناوخۆشـدا پەرتـەوازە بـوون و یەکگرتـوو نەبـوون. ئـەم هۆکارانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی سـەربەخۆ نەتوانـن هەنـگاو بنێـن و ئەوانەشـی لایەنگرییـان لـە خەلافـەت و چەمکـی ئوممـەت دەکـرد لـە گـەڵ خەلافـەت و ئوممەتـدا توشـی شکسـت بـوون، ئەوانەشـی لەژێـر کاریگـەری مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدا بـوون نەیانتوانـی پێداویسـتیەکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری دەسـتەبەر بکـەن، هەربۆیـە لەگـەڵ سـەرکەوتنی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدا، ئـەوان ژێـر کەوتـن و خەونـی گەلیشـیان لەگـەڵ خۆیانـدا ڕووبـەڕووی گـورزی مـەزن کـردەوە.

ڕەنگـە ئـەو پرسـیارە بکرێـت کـە ئایا ئێمـە دەبێـت سەرزەنشـتی کام بەرەیـە بکەیـن؟ یـان لایەنگـری کامەیـان بیـن؟ یـان دەبێـت ئەمـە وەکـوو چارەنـوس پەسـەند بکەیـن و بـێ دەنـگ بیـن؟ یاخـود توانـای چارەسـەری جیاوازتـر نەبـوو؟ بێگومـان ئـەو بەرانـەو کەسـایەتیانەی لـەو قۆناخـەدا خەباتیـان کـردووە لـەکام بـەرەدا بووبـن، بەتایبـەت ئەوانـەی هەتـا دوایـی پەیوەسـت بـوون بـە دۆز و بانگەشـەکانی خۆیانـەوە پێویسـتە ڕێزیـان لێبگریـن و شـانازی گەلـی ئێمـەن. بـەڵام هـەردوو بەرەکـە پێویسـتە ڕەخنـە بکرێـن و هەریەکەیـان لەزەمینـی خۆیانـدا هەڵبسـەنگێندرێت. بـۆ نموونـە ئەوانـەی لایەنگـری خەلافـەت و ئۆممەتگەرایـی بـوون، لـەو خاڵـەدا هەڵـە نەبـوون کەڕووبـەڕووی چەمکەکانـی دەوڵـەت نەتـەوەو مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری بوونەتـەوە، هەروەهـا لەوەشـدا هەڵـە نەبـوون کـە

باوەڕییـان بـە یەکێتـی و هـاوکاری گـەلان هەبـووەو پێیـان وابـووە دەکرێـت گـەلان پێکـەوە بژیـن و خـاوەن ناسـنامەی خۆیـان بـن. بـەڵام لـەوەدا هەڵەبـوون کـە پێیـان وابـووە خەلیفـەی عوسـمانی و ئوممەتگەراکانـی تـورك یـان پاشـاکانی قاجـار هاوشـێوەی ئـەوان بیـر دەکەنـەوەو بنەماکانـی پێکـەوە ژیـان دەسـتەبەر دەکـەن. هـاوکات لـەوەدا هەڵەبـوون کـە بیریـان لـە ئەڵتەرناتیـڤ نەکردۆتـەوە، لەنـاو خۆیانـدا یەکگرتـوو نەبـوون وتەدبیریشـیان بەرامبـەر ئەگـەری خـراپ نەبـووەو هەمـوو تۆپەکانـی خۆیـان خسـتۆتە سـەبەتەی ئەوانـەی تـرەوە.

هەرچـی دەوڵـەت خۆازەکانـە، لـەوەدا هەڵـە نەبـوون کـە داوای سـەربەخۆیان کـردووە بـۆ گەلەکەیان، بـەڵام لـەوەدا کەوتونەتـە هەڵەوە(هاوشـێوەی سۆسیالیسـتەکان و ئازادیخۆازەکانـی گەلانـی تریش)کـە سـەربەخۆیی و دەوڵەتیـان پێکـەوە بەسـتۆتەوە. هەروەهـا لـەوەدا هەڵـە نەبـوون کـە خەلافـەت و سیسـتەمی عوسـمانی و قاجارییـان ڕەتکردۆتـەوە و پێیـان وابـووە ئـەوان ناتوانـن چارەسـەری دۆزی گـەلان بـە گشـتی و گەلـی کوردیـش بـە تایبەتـی بکـەن. بـەڵام لـەوەدا هەڵـە بـوون کـە بـۆ تێپەرکردنی ئـەو سیسـتەمە پشـتیان بـە زلهێزەکانـی وەکـو بریتانیـا، ڕووسـیاو فەڕەنسـا بەسـتووەو بەپشـتی خۆیـان کاریـان نەکـردووە، یاخـود وەکـو پێویسـت نەیـان کـردووە. لەگـەڵ ئەمانەشـدا، ئەمانیـش لەناوخـۆدا یەکگرتـوو نەبـوون و خـاوەن تەدبیـر نەبـوون. بەگشـتی دەکرێـت بڵێیـن کۆمەڵـگای کـوردو چینـی سەردەسـتی کـوردو پێشەنگاکانیشـی نەبوونـە وەڵام بـۆ داخۆازییەکانـی سیسـتەم، هـاوکات وەڵامـی پێویسـتی گەلیشـیان بـە تـەواوی نەدایـەوە، ئەمـە بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە ڕووبـەڕووی ئـەو چارەنوسـە ببینـەوە. ئەمـەش سـەردەمێکی نوێـی بـۆ کۆمەڵـگای کـوردی دروسـت کـرد. ئەو سـەردەمە کـە نکۆڵـی لـە ناسـنامەی کۆمەڵایەتـی دەکرێـت و لـە نـاو سیستمیشـدا جێگـەی نیـە. ئیـتر بەشـێکی زۆر لـە نوسـەران و مێژوونوسـان هەوڵیانـدا وا نیشـان بـدەن کـە کـورد لـە مێـژوودا بـێ ڕۆڵ بـووە، ئەمـەش کاریگـەری نەرێنـی لـە سـەر بونیـادی کۆمەڵـگای کوردیـش کـرد، بـەڵام ئاشـکرایە کـە ئـەو هەڵسـەنگاندنانە هەڵەبـوو، هـەر ئـەو هەڵەیـەش هێـزە سەردەسـتەکانی بردبـووە ئـەو باوەڕییـەی کـە دەتوانرێـت لـە ماوەیەکـی کورتـدا، کـورد لـە نـاو سیسـتەمی نوێـدا بتوێندرێتـەوە، بـەڵام ڕاسـتی کـوردو کۆمەڵگاکـەی پێچەوانـەی ئـەوەی سـەلماند.

ئـەوەی جێگـەی ئاماژەپێدانـە ئەوەیـە کـە کۆمەڵـگای کـوردی و پێشـەنگەکانی هەوڵیانـدا تێزو شـێوازی ئەڵتەرناتیـڤ پـەرە پێبـدەن، بـەڵام لـەم هەنـگاوەدا سـەرکەوتوو نەبـوون، بێگومـان ئەگـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان یـان ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بیانتوانیایـە تێزێکـی ئەڵتەرناتیـڤ گەڵاڵـە بکـەن و پەیـڕەوی لـێ بکـەن لـە ژیـان و تێکۆشـاندا، ئـەوا ئـەم هەرێمـە نەدەبـووە پاشـکۆی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری و خـۆی دەیتوانـی پێشـەنگ بێـت.

ئـەوەی مـاوە باسـی بکەیـن ئەوەیـە کـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری تەنیـا خـاك و کۆمەڵـگای کوردسـتانی پارچـە نەکـرد، بێگومـان ئەگـەر تەنیـا پارچـە کردنەکـە کێشـە بووایـە، ئـەوا بـە زوویـی دەتوانـرا چارەسـەر بکرێـت. بـەڵام کێشـەکە تەنیـا ئـەوە نەبـوو، چونکـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری کاری کـرد بـۆ ئـەوەی عەقڵیـەت و زهنیەتـی تـاك و کۆمەڵـگا بگۆڕێـت، کاتێـك کوردسـتان بـووە یەکێـك لـە مەیدانەکانـی ئەسـپ تـاودای ئـەو هێزانـە، ئـەوا کۆمەڵـگای کوردسـتانیش بـە پێوەرەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری کاریگـەر بـوو، بـەڵام ئـەو کاریگەریانـە لـە ئاسـتی بـەرزدا نەبـوو، چونکـە ڕەگ و ڕیشـەی کۆمەڵـگای سروشـتی و کۆمەڵـگای ئاینـی لـە کوردسـتاندا قـوڵ بـوو، هـاوکات لـەو قۆناخـەدا ئامرازەکانـی گەیانـدن و پـەروەردەی سـەرمایەداری زۆر سـنوردار بـوو، تەنیـا دەیتوانـی بگاتـە کۆمەڵێکـی سـنورداری نـاو کۆمەڵـگا. ئـەوەش دەبـووە هـۆکار کـە کاریگـەری مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری زۆر قـوڵ و بەرفـراوان نەبێـت لـە سـەر کۆمەڵـگای کوردسـتان و ئەوانەشـی کەپێـی کاریگـەر بـوون هـەم خۆیـان زۆر تێیـدا قـوڵ نەبووبوونـەوە، هـەم نەیانتوانـی پشـتیوانی بـە پێـی پێویسـت لـە نـاو کۆمەڵـگا دەسـتەبەر بکـەن.

# (بەشی نۆیەم)
# بارودۆخی کوردستان لە دوای دابەش بوون

هەتا ئێستا بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکەمان لای وایە کە لە کۆنگرەو پەیمانی لۆزانـدا کوردستان و کـورد دابەشـی چـوار پارچـە بـووە، بـەڵام وەکـو لـە دەقـی کۆنگـرەو پەیماننامەکانـدا ڕوونبویـەوە لـە پەیمانـی لۆزانـدا بـاس لـە دابەشـکرن و پارچەکردنـی کوردسـتان نەکـراوە. بەڵکـو ئـەو بابەتـە لـە ڕێکەوتنـی ئەنقـەرەدا یەکلایـی بویـەوە. هەروەهـا زۆربـەی گەلـی کـورد هەتـا ئێسـتا پەیمانـی سیڤەر وەکـو پەیمانێك دەبینـن کـە هەمـوو مـاف و ئازادیەکانی بـۆ گەلـی کـورد دەسـتەبەر کـردووە. بـەڵام کـە سـەیری دەقـی پەیمانەکـە دەکەیـن جگـە لـەوەی کـە مافـی بـە بەشـێکی کەمـی کـورد لـە باکـوری کوردسـتان داوە بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێـك (ئەویـش لـە گـەڵ کۆمەڵێـك مەرجـدا)، بـاس لـە مافـی گەلەکەمـان لـە ناوچەکانـی تـر نـاکات. سـەیر لەوەدایـە ئەگـەر پەیمانـی سـیڤەریش بـەو شـێوەیەی کـە داڕێـژرا بـوو، جێبەجـێ ببوایـە، ئـەوا کوردسـتان و گەلـی کـورد دەبوونـە شـەش پارچـە. چونکـە ناوچەکانـی ئاگـری، ئێخـدر، قـارس، ئەردەهـان، مـوش، ئـەرزرۆم و بەدلیـس درابـوو بـە ئەرمەنسـتان، ناوچەکانـی ئەرزنـگان، دێرسـیم، قۆچگـەری، خەرپـوت، مەڵاتیـا، سەمسـور، گرگـوم و دیلـوك بـۆ تورکیـای عوسـمانی دەمایـەوە، بەشـێکیش لـە ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـۆ فەڕەنسـاو سـوریا دەبـوو، بەشێکیشـی کـە ویلایەتـی موسـڵ بـوو بـۆ بریتانیـا و ئێـراق دەبـوو، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش هـەر چەنـدە هەندێـگ گفتوگـۆی لەسـەر هەبـوو، بـەڵام وا دیاربـوو کـە بـۆ ئێـران دەمایـەوە. بـەو شـێوەیە کوردسـتان دەبـووە شـەش پارچـە. بەشـێکی سـەربەخۆو پێنـج بەشـی وابەسـتە بـەو دەوڵەتانـە لەناوچەکـەدا هەبـوون. هـەر بۆیـە پێویسـتە ئـەو تێڕوانینەمـان بـۆ هـەردوو پەیمانەکـە ڕاسـت بکەینـەوە. پەیمانـی سـیڤەر دەکرێـت لـەو خاڵـەدا کـە مافـی خۆبەڕێوەبـردن بـە کـورد ڕەوا دەبینـێ و دۆزی کـوردی وەکـو دۆزێکـی نێودەوڵەتـی گرتۆتـە دەسـت، وەکـو پەیمانێکـی ئەرێنـی سـەیری بکەیـن، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بەشـێکە لـە پرۆژەکانـی دەوڵەتـە سـەرکەوتووکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری و لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی پەرتکـەو زاڵبـەدا ئـەم پەیمانـە ئیمـزا کـراوەو هەوڵێکـە بـۆ جێبەجێکردنـی پەیمانـی سـایکس-پیکـۆ و تێیـدا کوردسـتان پارچـە دەکرێـت و گەلانـی ناوچەکـە لـە یەکتـری دادەبـڕن، ناکرێـت وەکـو پەیمانێکـی بـێ کەموکورتیـش سـەیری بکەیـن. هاوکات دەبێـت ئـەو پرسـیارەش لـە خۆمـان بکەیـن کـە ئایـا باسـکردنی بەشـێك لـە مافەکانـی کـورد تەنیـا بـۆ ئـەوە نەبـووە کـە کـورد بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشـن و لـە مسـتەفا کەمالـی دوور بخەنـەوە؟ ئایـا ئەگـەر بریتانیـاو فەڕەنسـا بەڕاسـتی دەیانخواسـت بڕگەکانـی ئـەو پەیمانـە سـەبارەت بـە کـورد جێبەجـێ بکـەن، بۆچـی هـاوکاری کوردەکانیـان نەکـرد بـۆ ئـەم ئامانجـە. ئەمـەش ئـەو گومـان و پرسـیارەش زەقتر دەکاتـەوە کـە ئـەو هێزانـە بـەم پەیمانـە تەنیا خواسـتویانە فشـاری زیاتر بخەنـە سـەر تورکەکان بـۆ پەسـەندکردنی ئەنجامەکانـی شـەڕ. هـاوکات سـود لـە کوردیـش وەربگـرن بـۆ ئـەم مەبەسـتە.

هەرچـی پەیمانـی لۆزانـە کـە بـوو بـە جێگیـرەوەی سـیڤەر، دەکرێـت لـەو بـوارەدا ڕەخنـەی لێبگریـن کـە بـە ڕوونـی باسـی لـە مافـە سیاسـی و مەدەنـی و کۆمەڵایەتیەکانـی کـوردو گەلانـی تـری تورکیـای نەکـردووە. بـەڵام نکۆڵـی لـە هەبوونـی پێکهاتەکانـی تورکیـا نەکـردووە و باسـی لـە دەسـتەبەرکردنی مافەکانیـان کـردووە. هەروەهـا باسـی لـە دابەشـکردنی کوردسـتان نەکـردووە، بەڵکـو باسـی لـەوە

کـردووه کـە بابەتـی سـنووری تورکیـا و ئێـراق لـە ڕێـگای دانوسـتاندنەوە دیـاری بکرێـت و ئەویـش دوای یەکلاکردنـەوەی دۆسـیەی ویلایەتـی موسـڵ. واتـە بەپێـی ئـەم پەیمانـە بێـت، ڕەنـگ بـوو ویلایەتـی موسـڵ (باشـوری کوردسـتان) بکەوتایەتـەوە سـەر باکـور و تورکیـاو بـەو شـێوەیە دابڕانێکـی تـر دروسـت نەبوایـە لەنـاو کـورددا. لـە بیریشـمان نەچێـت تورکیـاو فەڕەنسـا لـە ڕێککەوتنـی (فرانکلین-بۆیـۆن)ی ٢٠/١٠/١٩٢١دا لـە سـەر سـنور ڕێککەوتـن و ڕۆژئـاوای کوردسـتان دابڕێنـدرا بـۆ فەڕەنسـا و سـوریا. واتـا پێـش بەسـتنی لـۆزان پارچەیـەك لـە جەسـتەی کوردسـتان کرایـەوە. دوای لۆزانیـش کۆمەڵێـك پەیـمان و کۆنگـرە بەسـتران، کـە دیارترینیـان کۆبوونـەوەی برۆکسـلی ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بـوو لـە ٢٩/١٠/١٩٢٤کـە لـە سـاڵیادی یەکـەم سـاڵ تێپەڕبـوون بـە سـەر دامەزراندنـی کۆمـاری تورکیـادا بڕیاریانـدا سـنوری ئێسـتای ئێـراق و تورکیـا ببێتـە سـنورو لـە ١٦/١٢/١٩٢٥دا کۆمەڵـەی گـەلان ئـەو سنورەی بـە فەرمـی ناسـی و بڕیاریـدا کـە ویلایەتـی موسـڵ دابڕێـت لـە تورکیـا، هەروەهـا ڕێککەوتنـی ئەنقـەرەی ٥/٦/١٩٢٦کـە تورکیـا ئـەم دابەشـبوونەی پەسـەند کـرد، ئیـدی بەمڕەنگـە کوردسـتانی ژێردەسـتی عوسـمانی بـووە سـێ پارچـەو لەگـەڵ ئـەو پارچـەی کـە پێشـتر لـە پەیمانی(قـەسری شـیرین)ی سـاڵی١٦٣٩دا دابڕابـوو، بوونـە چـوار بـەش.

لـەم بەشـەی پەرتوکەکـەدا دەمەوێـت لـە سـەر قۆناخـی دوای دابەشـبوونی کوردسـتان هەڵوەسـتە بکـەم. لەبەرئـەوەی هـەر بەشـێکی کوردسـتان خرایـە نـاو سـنوری دەوڵەتێکـەوەو سـنورەکانی دەوڵـەت وەکـو (تابۆ)یـان لێکـرا، ئەمـە وایکـرد کـە دۆزی کـورد لەهـەر بەشـێکی کوردسـتان شـێوەیەکی تایبـەت بـە خـۆی وەربگرێـت، دیـارە ئەمـە بـەو واتایـە ناڵێـم کـە کێشـە گشـتیەکە لـە یەکـتری دابڕابێـت و ئیـتر پەیوەندیـان پێکـەوە نەبێـت، نەخێـر لـەڕووی سـتراتیژییەوە ئـەم کێشـەیە خاوەنـی خەسـڵەتێکی جیهانیـە، چونکـە لـە کۆمەڵێـك کۆنگـرەو پەیمانـی نێودەوڵەتیـدا بڕیـار لەسـەر چارەنـووی و پارچەکردنـی کوردسـتان و کـورد دراوەو ناکرێـت لـەم بـوارەدا دایبڕیـن لـە یەکـتر. بـەڵام لـە ڕەوشـی ڕۆژانەیـی و تاکیکـدا جیـاوازی هەیـەو زیاتـر بـووە، پێویسـتبوو ڕەچـاو بکرێـت، هەربۆیـە لـەم بەشـەدا بـەش بـەش لـە سـەر بارودۆخـی کوردسـتان هەڵوەسـتە دەکـەم.

### أ -بارودۆخی باکوری کوردستان و تورکیا

دەوڵەتـی کۆمـاری تورکیـا کـە لەسـەر پاشـماوەی دەوڵەتـی عوسـمانی دروسـت بـوو، بەهـۆی ئـەوەی خـۆی بـە میراتگـری دەوڵەتـی عوسـمانی دەزانـی و ئـەو پەیمانانـەی کـە پەیوەسـت بـوون بـە عوسـمانی و کوردیشـی پەیوەندیـدار دەکـرد، لـە لایەنـی تورکیـاوە ئیمـزا دەکـرا، لـە وێنـەی لـۆزان، فرانکلیـن بۆیـۆن، ئەنقـەرەو بروکسـل، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی بەشـی زۆری جوگرافیـای کوردسـتان و کۆمەڵـگای کوردسـتان کەوتۆتـە نـاو سـنوری ئـەم دەوڵەتـەوە، هاوکاتـی ئەمانـە دەوڵەتـی تورکیـا لـە کاتـی دروسـتبوونیەوە هەتـا ئەمـڕۆ هاوپەیمانـی زلهێـزە جیهانیـەکان بـووە و بـە کۆمەڵێـك پەیـمان و ڕێککەوتنـەوە پێکـەوە بەسـتراون، ئەمانـە وایـان کـردووە کـە ڕۆڵـی تورکیـا لـە کێشـەی کـورددا سـەرەکی بێـت. ئەمـەش لەگـەڵ ئـەو سـتراتیژەدا یەکانگیـر بـوو کـە سـەبارەت بـە دۆزی کـورد

دارێژرابـوو، هەربۆیـە تورکیـاو زلهێـزە جیهانیـەکان لـە (٩٠) سـاڵی ڕابـردوودا هەمیشـە کاریـان لـە سـەر ئەوەکـردووە کـە لـەڕووی سـتراتژییەوە نکۆڵـی لـە بـوون و ناسـنامەی کـورد بکـەن. لـەڕووی تاکتیکیشـەوە ئەگـەر بتوانـن سـوودی لـێ وەربگـرن، ئـەوا بـۆ ئامانجەکانـی خۆیـان بـەکاری بهێنـن. دامەزرێنەرانـی دەوڵەتـی تـورك، لەپەیمانـی لـۆزان و ڕاگەیاندنـی کۆمـارەوە لـە ١٩٢٣/١٠/٢٩ هەنگاوێـك لـەو پەیمانـە دوورکەوتنـەوە کـە لـە سـاڵی ١٩١٩دا لـە کۆنگـرەی ئـەرزەرۆم و سێواسـدا بـە جەمـاوەرەی کـوردو پێکهاتەکانـی تریـان دابـوو. چونکـە پێشـتر بانگەشـەی هاوبەشـی کـوردو تـورك و گەلانـی تریـان دەکـرد، باسـیان لەدروسـتکردنی وڵاتێکـی هاوبـەش دەکـرد، بـەڵام لەڕاگەیاندنـی کۆمارەکـەدا، مۆرکـی (تـورك) بوونیـان لـێ دا. دواتـر لـە ١٩٢٤/٤/٢٠دا بـە تـەواوی لـە پەیـمان و بەڵێنەکانیـان پەشـیمان بوونـەوە، ئەویـش لـەو کاتـەدا بـوو کـە دەسـتوری نوێـی تورکیایـان پەسـەند کـرد. لـەو دەسـتورەدا بـە پێچەوانـەی ئـەو بەڵێنانـەی کـە لـە دەسـتووری یەکەمـی سـاڵی ١٩٢١ و بەڵگـەی پێدانـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد کـە لـە شـوباتی ١٩٢٢ دا لـە چوارچێـوەی (١٨) مـادەدا دابوویـە کـوردو گەلانـی تـری هاوپەیمانیـان. ئیـتر ڕۆژبـەڕۆژ سـنور بـۆ کـورد بەرتەسـك دەکرایـەوە، هەروەهـا دەسـتوری (١٩٢٤)پێچەوانـەی ئـەو بەڵێنانـە بـوو کـە دابویانـە جەمـاوەری بـاوەڕداری گـەل و دەیانگـوت ئێمـە ئاییـن و خەلیفـە ڕزگار دەکەیـن، ئەوەبـوو ماوەیەکـی کـورت پێـش دارِشـتنی دەسـتوری ١٩٢٤ سیسـتەمی خەلیفایەتیـان هەڵوەشـاندەوە. لـە دەستوریشـدا بـە هەمووشـێوەیەك لـە دژی ئیسـلام و ئایینەکانـی تـر هەڵوێسـتیان نیشـانداو ئەمەشـیان لـە ژێـر نـاوی جیاکردنـەوەی ئاییـن لـە دەوڵـەت و عەلمانەیتـدا دەکـرد. هاوکاتـی ئەمانـە پەیمانیـان دایـە فەڕەنسـاو بریتانیـا کـە ببنـە بەربەسـت لـە بەرامبـەر جوڵانـەوەی سۆسیالیسـتی و ڕێگـە بـە گەشـەکردنی نـەدەن. ئـەم بارودۆخـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە لـە لایـەك دەوڵـەت بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئامانجەکانـی کۆمەڵێـك یاسـا دەربـکات و هەنـگاو بنێـت لـە لایەکـی تـرەوە جەمـاوەری کـوردو ئـەو گـروپ و ڕەوتـە فکریانـەی ناکـۆك بـوون لـە گـەڵ هەنگاوەکانـی دەسـەڵاتدا، پەنـا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەو نیشـاندانی هەڵوێسـتی خۆیـان ببـەن. ئـەم هەڵوێسـتە جیاوازانـە بوونـە هـۆکاری ئـەوەی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٤-١٩٤٠دا خوێنێکـی زۆر بڕێژرێـت و کـورد و ئەوانـەی ڕووبـەڕووی هەنگاوەکانـی دەوڵـەت دەبوونـەوەو داوای جێبەجێکردنـی پەیـمان و بەڵێنەکانـی سـەردەمی شـەڕی ڕزگاری نیشـتمانیان دەکـرد، بـە توندتریـن شـێوە سـەرکوت بکرێـن و کۆکـوژ بکرێـن. لەبـەر ئەمـە، ئـەم قۆناخـە لەلایەنـی زۆربـەی نوسـەر و لێکۆڵـەر و مێژوونوسـانەوە بـە قۆناخـی کۆکـوژی سـوور لـە مێـژووی گەلـی کـورد لـە باکـوردا پێناسـە دەکرێـت. قۆناخـی دووەمیـش کـە لـە دوای سـاڵی ١٩٤٠وە دەسـت پێـدەکات بـە قۆناخـی کۆکـوژی سـپی بەنـاوی دەکـەن، چونکـە لـە قۆناخـی دووەمـدا کۆمەڵـگای کـوردو پێکهاتەکانـی تـری تورکیـا چاویـان ترسـابوو، سـەرهەڵدان و ڕاپەڕیـن و ڕووبەڕووبوونـەوەی دەوڵەتیـان بـە مـردن دەزانـی و هەربۆیـە دەسـتیان بـە کڵاوی خۆیانـەوە دەگـرت و خۆیـان دەپاراسـت. دەوڵەتیـش لەڕێگـەی ڕێبازەکانـی توانـەوەی لە(سـەرخۆ)و بـە پـلان کـە لـە زمانـی سیاسـیدا پێـی دەگوترێـت ئینتگراسـێون و ئاسیملاسـیۆن، هەوڵیـدا ناسـنامەی کـورد بسـڕێتەوە، ئـەم شـێوازو ڕێبـازەش ئـەو ڕێبازانـەن

کـە مرۆڤـەکان دەکاتـە کەسـی بـێ بەرگـری و کاردانـەوەی نامێنـێ بەرامبـەر هێرشـەکانی دەرەوە. هەربۆیـە ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجـالان ئـەم سیاسـەتە بـە جینۆسـایدی فەرهەنگـی نـاوزەد دەکات. لێـرەدا دەمەوێـت بـاس لـەو دوو قۆناخـە بکـەم، لەلایـەك بـاس لـە سیسـتەم و سیاسـەتی دەوڵـەت بەرامبـەر بـە کـورد بکـەم، لـە لایەکـی تـرەوە بـاس لـە هەڵوێسـتی گەلـی کـورد و جوڵانـەوەی کـوردی بکـەم.

**یەکەم : قۆناخی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٤٠**

لـەو قۆناخـەداو بەتایبەتـی لەسـەرەتای ڕاگەیاندنـی کۆمـارەوە هەتـا ڕێککەوتنـی ئەنقـەرە، مسـتەفا کەمـال و عیسـمەت ئینینـۆ خۆیـان وەهـا نیشـاندەدا کـە دەخـوازن کۆمارێـك بـۆ هەمـووان دروسـت بکـەن. بـەڵام ڕۆژبـەڕۆژ ئاڕاسـتەی ئـەو بانگەشـانە ڕوون دەبویـەوە. ئەوەبـوو لـە ١٩٢٣/٧/٢٠داو پێـش ڕاگەیاندنـی کۆمـاری تورکیـا، پارتـی کۆمـاری گـەل (CHP) لـە لایەنـی مسـتەفا کەمالـەوە دامەزرێنـدراو ئەرکـی ڕاگەیاندنـی کۆمـاری گرتـە ئەسـتۆ (هەربۆیـە بـەم پارتیـە دەوترێـت پارتـی دامەزرێنـەری دەوڵەتـی تورکیـا). دواتـر لەسـاڵی ١٩٢٤ و دوای داڕشـتنی دەسـتوری دووەم ڕێگـە درا بـە دامەزراندنـی پارتـی سیاسـی و بانگەشـەی سیسـتەمێکی فـرە پارتـی کـرا. لـەم سـەرو بەنـدەدا (پارتـی کۆمـاری پێشـکەوتوخواز) لەلایـەن (کازم قەرەبەکـر، -حسـێن ڕەئـوف بـەگ، عەلـی فـواد پاشـا) ەوە دامـەزرا کـە هەرسـێکیان لـە هـاوڕێ سـەرەتاییەکانی مسـتەفا کەمـال بـوون لـە شـەڕی رزگاری (١٩١٩-١٩٢٢)دا. ئـەوان داوای گەڕانـەوەی سـەڵتەنەت و خەلافەتیـان دەکـرد. دەیانخواسـت پایتەخـت بچێتـەوە بـۆ ئەسـتەنبوڵ. بـەڵام دوای ماوەیـەك ڕێگەیـان لێگیـراو دەرفەتـی خەباتـی سیاسـیان پـێ نـەدراو لـە بـن نـاوی (کۆنەخـواز)ی دا سـەرکوتیان کـردن. هەروەهـا لـەم ماوەیـەدا پارتی کۆمۆنیسـتی تورکیـا بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا سـوبحی کەوتـە چالاکـی بـەڵام مسـتەفا سـوبحی و هاوڕێکانـی لـە ڕێگـەی دەسـتێکی شـاراوەوە لـە نـاو بـران و کار و خەباتـی چەپـەکان کۆنـترۆڵ کـرا. هەربۆیـە ئـەم سـەردەمە هەتـا سـاڵی ١٩٤٦ بەسـەردەمی دەسـەڵاتی یـەك پارتـی لـە تورکیـا بـە نـاو دەکرێـت، کـە ئەویـش پارتـی گەلـی کۆمـاری (CHP) بـوو. سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەتـی تورکیـا لـەم قۆناخـەدا لەنـاو هاوسـەنگیەکدا کـە بتوانێـت لـە لایـەك بریتانیـا و فەڕەنسـا رازی بـکات، لەلایەکـی تریشـەوە یەکێتـی سـۆڤێت رازی بـکات بەڕێـوە دەچـوو، بەهـۆی پێگـەی سـتراتیژی تورکیاشـەوە هـەردوو لا هاوکاریـان دەکـرد و لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوون زیاتـر بـەلای خۆیانـدا ڕایبکێشـن. بـەڵام ڕۆژبـەڕۆژ، مـاوە بـە مـاوە ئـەم دەسـەڵاتە لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوو کـە تورکیـا لـە ڕۆژهـەڵات دابـڕێـت و مۆرکـی ڕۆژئاوایـی لێبـدات. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کۆمەڵێـك یاسـای دەرکـرد کـە خزمەتـی ئـەو ئامانجانـەی دەکـرد. بـۆ نموونـە: یاسـای "پلانـی ئیسـلاحی شـەرق" (پلانـی چاکسـازی ڕۆژهەڵات)لـە ١٩٢٥/٩/٢٤، یاسـای نیشـتەجێکردنی بـەزۆر، یاسـای بەکارهێنانـی پیتـی لاتینـی (١٩٢٨)دا و یاسـای بـە کارهێنانـی پاشـناو لـە سـاڵی ١٩٣٤دا. یاسـای ژمـارە (٢٨٨٤)ی ١٩٣٥/١١/٢٥ تایبـەت بـە ناوچـە عەلەوییـەکان.

دەوڵـەت لەڕێگـەی یاسـای چاکسـازی ڕۆژهەڵاتـەوە، لەبـن نـاوی چاکسـازی و خزمەتکـردن و ئاوەدانکردنـەوەدا گەلێـك گونـدی لەجێگـەی خـۆی هەڵکەنـدو بەکۆمەڵێـك پـلان هەوڵیـدا خێـڵ و هـۆزە کـوردەکان لەژیانـی کشـتوکاڵی و کۆچـەری دابـڕێـت و جێگـەی نیشـتەجێبونیان بگۆڕێـت و

هەروەها چەکەکانیان لێ وەربگرێتەوەو بێ چەکیان بکات. بۆ تەواوکردنی ئەو یاساو پرۆژەیە یاسای نیشتەجێبوونی بەزۆری دەرکردو لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە بەشێکی کوردەکانی دەبرد لە ناوچە دوورەکانی تورکیا جێگیری دەکردن و کەمترین دەرفەتی ژیانی بۆ دروست نەدەکردن. لە بەرامبەردا تورکی دەبردە ناوچە کوردییەکان و پێداویستی ژیانی بۆ دابین دەکردن .لەڕێگەی ئەم دوو یاسایەو و بە بیانوی سەرکوتکردنی راپەڕینە کوردییەکان هەتا ساڵی ١٩٣٥ گۆڕانکارییەکی بەرچاویان لە دیمۆگرافیای کوردستان، بە تایبەتی لەناوچە سونیەکاندا ئەنجامدا. لەدوای ئەم مێژووەش لەڕێگای یاسای (٢٨٨٤)ەوە لە ناوچە عەلەویەکاندا هەمان سیاسەتیان پەیڕەو کرد. لەڕێگەی گۆڕینی پیتی ئارامی (عوسمانی)ەوە بۆ پیتی لاتینیەوە کە ساڵی ١٩٢٨ دەستیان پێکرد خواستی کۆمەڵگای تورکیا لە رابردووی خۆی دابڕێت، هەتا بەئاسانی بتوانێت ببێتە ڕۆژئاوایی و یاسای پاشناویش هەر بۆ هەمان مەبەست بوو. کاریگەری ئەم دوو یاسایەش لە دوای ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیەوە بە ئاشکرا دەرکەوت، چونکە ئیتر نەوەی نوێ بەو فەرهەنگە پەروەردە ببوو و گۆش کرابوو، ئەمەش کاریگەری عوسمانی و ئوممەتگەرایی کەم دەکردەوە، لەبەرامبەریشدا نەژادپەرستی تورکی پەرەی دەسەند.

هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی کە بە توندترین شێوە هێرش بکەنە سەر گەلی کوردو جوڵانەوەکانی. لێرەدا باسی دیارترین جوڵانەوە کوردییەکانی ئەم قۆناخە دەکەین.

**١. کۆمەڵەی ئازادی(سەربەخۆیی) و جوڵانەوەی شێخ سەعید**

پێشتر باسمان لەم جوڵانەوەیە کرد، ئەم جوڵانەوەیە لە سەرەتای خۆیدا بە دەستپێشخەری (کۆمەڵەی ئازادی) و بە سەرۆکایەتی خالید جبران و یوسف زیا بەرنامەی بۆ دانرا، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خالید جبران و یوسف زیا گیران و لە سێدارە دران (پێشتر باسمان کرد). ڕاپەرین و جوڵانەوەکە کەوتە ئەستۆی شێخ سەعیدی پیران و ئەویش ئەوەندەی کە لە توانایدا بوو کردی، بەڵام ئەنجامی نەگرت و سەرکوتکرا. لەبەرئەوەی ئەم جوڵانەوە لە قۆناخی رابردوودا باسمان کرد، دووبارەی ناکەمەوە.

**٢ . ڕاپەڕینی ئەلکێ (بیت الشباب) ١٩٢٤**

ئەم ڕاپەڕینە لەلایەنی ئیحسانی نوری پاشاوە دەستی پێکرد. ئەویش دوای ئەوەی یوسف زیای یەکێك لەسەرکردەکانی کۆمەڵەی ئازادی بروسکەیەك دەنێرێت بۆ (عەلی رەزا)ی برای بۆ ئەوەی بیگەیێنێتە جەنەڕال ئیحسان نوری پاشا- ڕاسم-خورشیدو تۆفیق جەمیل بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕاپەڕینی مەزن. بۆ ئەم مەبەستەش ئیحسانی نوری پاشا لەژێر ناوی مانۆری سەربازیدا ڕۆژی ١٩٢٤/٩/٤ دا هێزەکانی خۆی دەبات بۆ ناوچەکانی چەلێ، جۆلەمێرگ، ئەلکێ. بەپێی هەندێك سەرچاوە بروسکەکە بە هەڵە لێکدراوەتەوەو ئەمە وایکردووە کە کارەکەی خۆیان و کاری گشتی کۆمەڵەی ئازادی ئاشکرا بێت و گورزی مەزن بخۆن. هەندێکیش دەڵێن هەڵە لە بروسکەو تێگەیشتنەکەیدا نەبوو، بەڵکو چەند سەرکردەیەکی هۆزی (خۆرمیك) ناپاکیان کردووەو ناوەڕۆکی ئامانجی مانۆڕەکەیان بۆ دەوڵەت ڕوونکردۆتەوەو ئەمەش دەبێتە

هـۆی ئـەوەی دەوڵـەت هەسـت بـە نیازەکانیـان بـکات و هێـرش بکاتـە سـەریان و لـە ئەنجامـدا هێـزە کوردییـەکان بەرگـە ناگـرن و ڕوو لـە باشـوری کوردسـتان دەکـەن و دەچنـە موسـڵ (ئێسـتاش ژمارەیـەك لـە خانـەوادەی ئـەو خێڵانـە لـە موسـڵن کـە بەهـۆی ئـەو ڕاپەڕینـەو ڕاپەڕینەکانـی دواتـرەوە پەنایـان بردۆتـە بـەر موسـڵ، لەوانـە؛ گۆیانی(گوویـی)، هۆمەری(عومـەری)، هەسـنی). لـەم کاتـەدا بریتانیا بەهـۆی چڕبوونـەوەی ناکۆکیەکانـی لەسـەر موسـڵ هەوڵـدەدا ئـەو ئەفسـەرانەو سـەربازەکانیان کـە نزیکـەی (٥٠٠)کـەس دەبـن بخاتـە نـاو سـوپاوەو لـە دژی تورکـەکان بـە کاریـان بهێنـێ، بـەڵام ئەفسـەرەکان ئـەوە پەسـەند ناکـەن. بـەڵام داوای هـاوکاری دەکـەن بـۆ بەرپاکردنـی شـۆڕش لـەدژی تورکیا. هەروەهـا داوا دەکـەن کـە بیانگەیەننـە ئێـران بـۆ ئـەوەی چاویـان بـە سـمکۆی شـکاك بکەوێـت و بەرەیـەك لـە ناوچـەی وان و هـەکاری دژی دەوڵەتـی تـورك بکەنـەوە. هـاوکات داوای بینینـی شـێخ مەحمـود دەکـەن، بـەڵام بریتانیـەکان ئـەوە پەسـەند ناکـەن کـە بچـن شـێخ مەحمـود ببینـن، بـەڵام ڕەوانـەی ئێرانیـان دەکـەن بـۆ ئـەوەی سـمکۆ ببینـن و بـەو شـێوەیە ئـەم جوڵانەوەیـەی (ئالکێ)کۆتایـی دێـت.

### ٣. شەڕەکانی بشیری، خەرزان و مۆتکی

دوای دەسـتگیرکردنی شـێخ سـەعید، دەوڵـەت هێـزی خـۆی بـە ناوچەکانی کوردسـتاندا بڵاو دەکاتەوە، ئەمـە دەبێتـە هـۆی نارەزایـی خەڵـك. لەگونـدی (قوبیـن)ی سـەر بـە فارقیـن بـە هـۆی ئـەوەی کـە سـوپای تـورك مەرقـەدی شـێخ تۆپبـاران دەکات. سـەرجەم عەشـیرەتەکانی ناوچـەی فارقیـن، بشـیری و خەرزان(بێجگـە لەعەشـیرەتی ڕامـان کـە ئەوانیـش ناکۆکـی عەشـیرەتی دەکەنـە بیانـو بـۆ بەشـداری نەکردنیـان)و شـەڕی حکومـەت دەکـەن و ئـەم شـەڕە لـە مانگـی نیسـان دەسـت پـێ دەکات و هەتـا مانگـی ئەیلـول دەخایەنـێ، سـەرەتا حکومـەت گـورزی مـەزن دەخـوات، بـەڵام لەمانگـی هەشـتدا هێزەکانـی خـۆی کۆدەکاتـەوەو سـەرەتا ڕۆژی ١٩٢٥/٨/٩ هێـرش دەکاتـە سـەر عەشـیرەتی (ڕامـان)و (ئەمیـن ئەحمـەد)ی سـەرۆکی ڕامـان دەسـتگیر دەکـەن و دەینێـرن بـۆ (ئامـەد)و لـە ڕێـگا دەیکـوژن. بـەڵام ناوچـەی خـەرزان بەرخـۆدان دەکـەن و بەرخۆدانەکەیـان هەتـا سـاڵی ١٩٣٨ بـە شـێوەیەکی بچـڕ بچـڕ بـەردەوام دەبێـت و (ئەلـێ یونـس) سـەرۆکایەتی دەکات، هـەر بۆیـە دەوڵـەت زۆر هەوڵـدەدات بیکـوژن بۆیـان ناکوژرێـت.

### ٤ . شەڕەکانی قوڵپ و لیجە

شێخ عەبدولڕەحیمـی بـرای شـێخ سـەعید لـە ناوچـەی قوڵـپ، لیجـەو دارا هێنـێ لەگـەڵ ژمارەیـەك شـێخ و فەرمانـدارو لایەنگـری خۆیـان، دوای لـە سـێدارەدانی شـێخ سـەعید دەسـت دەکەنـەوە بـە چالاکـی و ئـەو ناوچانـە دەخەنـە ژێـر دەسـتی خۆیانـەوەو هەتـا سـاڵی ١٩٢٧ تێیـدا باڵادەسـت دەبـن. دەوڵـەت لـە ١٩٢٧/١٠/٧دا هێرشـێکی مـەزن دەکاتـە سـەر ناوچەکـە، لـەم هێرشـەدا دەگوترێـت شـێخ سـەلیمی شـێخی هیـزان هـاوکاری دەوڵەتـی کـردووە. مسـتەفا بەگـی پیچـاری سـەرۆکایەتی بەرخۆدانەکـە دەکات، بـەڵام لـە کۆتایـی مانگـی (١٠)دا دەشـکێن و ناوچـەکان دەکەوێتـە دەسـتی سـوپای تورکیـاوەو زیاتـر لـە (٢٠٠٠)کەسـی مەدەنیـش دەکوژرێـن. بەمشـێوەیە ئـەم بەرخۆدانـە کـپ

دەكرێتــەوە.

**٥. خۆیبوون و بەرخۆدانی گەلی زیلان و ئاگری**

**دوای تێکشــکانی ئــەو بەرخۆدانانــە، گەلــی کــورد کۆڵــی نــەداو لــەزۆر ناوچــە خێــڵ و هــۆزە کــوردەکان لــەدژی سیاســەتی دەوڵــەت و جێبەجێکردنــی پلانەکانــی بەنــاو چاکســازی ڕۆژهــەڵات و نیشــتەجێکردنی بــەزۆری ئــەو تورکانــەی کــە لەبولگاریــاو یۆنانــەوە بــۆ ئاڵوگــۆڕ گەڕێندرابوونــەوە، دەوڵــەت دەیخواســت لــە کوردســتان جێگیریــان بــکات. یەکێــك لــەو بەرخۆدانانــە بەرخۆدانــی گەلــی زیــلان و ئاگــری بــوو، کــە لــە ســاڵی ١٩٢٧هەتا١٩٣١بــەردەوام بــوو. ئــەم بەرخۆدانــە لــە لایەنــی (کۆمەڵــەی خۆیبــوون)ەوە پێشــەنگایەتی کــرا.**

**کۆمەڵــەی خۆیبــوون؛ لەســاڵی ١٩٢٧دا ژمارەیــەك کەســایەتی نیشــتمانپەروەری کــورد لەناوخــۆو لــەدەرەوە هەوڵیانــدا کــورد کۆبکەنــەوە، بــۆ ئــەو مەبەســتەش کەوتنــە هەوڵــدان و ئامــادەکاری، ئامادکاریــەکان لــەدەرەوە زیاتــر کــرا. جــەلادەت بەدرخــان(٤٢) ســەرۆکایەتی ئــەم هەوڵــەی کــردو قــەدری جەمیــل پاشــا، ئەکــرەم جەمیــل پاشــا، حەســەن ئاغــای حاجــۆ، ئیحســانی نــوری پاشــا، مەمــدوح ســەلیم(٤٣) و عــارف عەبــاس ئەندامانــی دامەزرێنــەرو بەڕێوەبەرایەتــی ئــەم کۆمەڵەیــە بــوون. ســەرەتا ئــەوان ئامادەکارییــان کــرد بــۆ ئــەوەی لــە گــەڵ ســەرۆك هــۆزە و خێڵــەکان و نیشــتمانپەروەراندا کۆنگرەیــەك ئەنجــام بــدەن و ئەوەبــوو لــە ســاڵی ١٩٢٧دا کۆبوونەوەیەکــی بەرفــراوان لەســنوری باکــوری کوردســتان ئەنجــام دەدەن و مانــگ و نیوێــك دەخایەنــێ و کۆمەڵێــك بڕیــار دەردەکــەن، کــە گرنگترینیــان ئەمانــە بــوون؛**

**١-هەڵوەشــاندنەوەی هەمــوو کۆمەڵــە کوردییــەکان، تاکــو ڕێگــە خــۆش بــکات بــۆ دامەزراندنــی کۆمەڵەیەکــی گــەورەی کــوردی، کــە ســەرجەم ئەندامانــی کۆمەڵەکانــی پێشــوترو ئەندامانــی نوێــش لەخۆیــدا کۆبکاتــەوە.**

**٢-درێژەپێدانــی تێکۆشــان و شــۆڕش لــەدژی دەوڵەتــی تــورك، تاوەکــو دوا ســەربازی تورکــی خاکــی پاکــی کوردســتان بەجــێ دەهێڵێــن. لەســەر بنەمــای راســپاردەکان ئــەو کۆنگرەیــە لــە ١٩٢٧/٨/٥لــە هاوینــە هــەواری (بحمــدون)ی لوبنــان بڕیــاری دامەزراندنــی خۆیبــون دەدرێــت و لەمانگــی ١٠ی**

---

(٤٢)جــەلادەت بەدرخــان (١٨٩٧/٤/٢٦لــە ئەســتەنبوڵ لەدایکبــوو و کــوڕی ئەمیــن عالــی بەدرخــان و بــرای ســورەیاو کامــەران بەدرخانــە، کۆلێــژی حقوقــی لــە ئەســتەنبوڵ تــەواو کــردووەو لەســەردەمی مســتەفا کەمالــدا لەگــەڵ باوکــی و هــەردوو براکەیــدا بڕیــاری لــە ســێدارەدانیان بــۆ دەردەچێــت، لەبــەر ئەمــە ئەســتەنبوڵیان بــە جــێ هێشــت و چوونــە دەرەوە. جــەلادەت لــە ســاڵی ١٩٢٥دا دەگەڕێتــەوەو بەشــداری لــە بزوتنەوەکــەی شــێخ ســەعیددا دەکات و دواتــر دەچێتــە ســوریاو لوبنــان و هەتــا ١٩٥١/٧/١٥کــە کۆچــی دوایــی کــرد لــەوێ ژیــا.

(٤٣) مەمــدوح ســەلیم (١٨٨٠ – ١٩٧٨): خەڵکــی شــاری (وان)ی باکــوری کوردســتانەو لــە ئەســتەنبول سیاســەت و فەلســەفەی خوێنــدووە. یەکێــك بــووە لەدامەزرێنەرانــی کۆمەڵــەی هێڤــی قوتابیانــی کــورد لــە ئەســتەنبوڵ، هەروەهــا لــە دامەزرێنەرانــی (فرقــەی دیموکراتــی کــوردی و کۆمەڵــەی خۆیبــوون) بــووە. بەرپرســی گۆڤــاری (ژیــن) بــووە کــە لــە دوای شــەڕی یەکەمــی جیهانــی لــە ئەســتەنبوڵ دەرچــووە .

هەمان ساڵدا ڕادەگەیندرێت. جەلادەت عالی بەدرخان دەبێتە سەرۆکی. لەزۆر شاری کوردستان لق دەکاتەوە، لەهەردوو شاری سلێمانی و هەولێریش لقیان کردۆتەوە. ناوەندەکەی هەتا ساڵی ١٩٢٨لە حەلەب بووەو دواتر لەبەیروت بووە. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە وەکو لە بەرنامەکەیدا هاتووە؛ کار دەکات بۆ رزگارکردنی کورد و کوردستان لە ژێر دەستی تورکداو


وێنەی ئیحسانی نوری پاشا و ئاڵای حکومەتی ئاگری

لە سنوری خۆڕسك و نەتەوەیی کوردانـدا، دەوڵەتی کوردستانێکی ئازاد و سەرخۆ دامەزرێت. لەپێناوی ئەم ئامانجەشدا خۆی دەگەیەنێتە سەرجەم کوردان و لەدەوروبەری خۆی کۆیان دەکاتەوە. خۆیبون پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ (تاشناقی)ئەرمەنیدا دروست دەکات. جەلادەت بەدرخان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٤) سەرۆکایەتی خۆیبوون دەکات و دواتر بە هۆی ناکۆکی لە گەڵ خانەوادەی جەمیل پاشادا دوور دەکەوێتەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٤-١٩٣٩)دا قەدری جەمیل پاشاو ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٦)ئەکرەم جەمیل پاشا(٤٤) سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە دەکەن. ئەم کۆمەڵە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٤)دا گۆڤاری هاوار دەردەکات و (٢٤)ژمارەی لێ بڵاو کردۆتەوەو لە شام چاپ بووە. ساڵانی(١٩٤١-١٩٤٣)یش (٣٣)ژمارەی تری لێ دەردەچێت ساڵانی (١٩٤٢-١٩٤٥)(٢٨)ژمارەی گۆڤاری روناهی بڵاو دەکەنەوەو (٧٣)ژمارەی رۆژنامەی (رۆژانوو) لەساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٦) لە لوبنان دەردەخەن. خۆیبوون لە هەنگاوی یەکەمدا بڕیاردەدا کە (ئیحسان نوری پاشا) ١٨٩٢-١٩٧٦/٣/٢٥ بکاتە بەرپرسی کۆمیتەی سەربازی و رایدەسپێرێت کە بچێت بۆ ئاگری و خاوەنداری لەو جوڵانەوانە بکات کە لەو هەرێمانە لە پەرەسەندندا بوون. دیارترین ئەو جوڵانەوانە جوڵانەوەی هۆزی جەلالی بوو بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئاغا کە ناسراو بوو بە(حەسەکوتیلی). ئیبراهیم ئاغا بە هاوکاری ئەمیر ئاغای شمکی سەرۆك هۆزی شمکان و شێخ عەبدولقادر ئەحمەدی یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانی (ساکان) ڕاپەرینی دەست پێکرد. هەرچەندە لەساڵی ١٩٢٧دا دەوڵەت هێزێك دەنێرێتە سەر ڕاپەرینەکە، بەڵام دەوڵەت دەشکێ و دواتر ئیحسان نوری پاشا بە خۆی و بیست کەسایەتیەوە دەگاتە لایان. ئیحسان نوری پاشا لە لایەن خۆیبوونەوە وەکو فەرماندەری سەربازی دیاری دەکرێت و حکومەتێکیش بە سەرۆکایەتی

**(حەسەكۆتیلی)دروست دەكەن. سەرەڕای كەمی توانایان بەڵام توانیان ڕۆژنامەیەك بە ناوی (ئاگری)یەوە دەربكەن. حكومەتی توركیا كاتێك ئەو هەواڵانەی دەبیستێت داوای وتووێژی لە گەڵ كوردەكاندا دەكات. زنار سلۆپی (قەدەری جەمیل پاشا)لەم بارەیەوە دەڵێ: ساڵی ١٩٢٨ لە نزیك پردی شێخلی كە (٣٠)كم لە ناوەندی ویلایەتی (بایەزید)دوور بوو، ژمارەیەك لە نوێنەرانی حكومەت لەگەڵ ئیحسان نوری پاشاو چەند یاوەرێكیدا كۆبوونەوە. دوای گفتوگۆكردنێكی دووروو درێژ، لایەنی كوردی داوای گەڕانەوەی ماڵ و سامانی كوردەكانی ئەرزڕۆمی كرد، هەروەها داوایكرد كە لێبوردنی گشتی جێبەجێ بكرێت و ئەو بندیانەی بە هۆی ڕاپەرینەوە گیراون ئازاد بكرێن. نوێنەری حكومەتیش لە بەرامبەردا داوای خۆبەدەستەوەدانی كوردەكانی دەكات. عیسمەت ئینینۆ سەرۆك وەزیرانی توركیا بەشێك لەداوای كوردەكان جێبەجێ دەكات، بەڵام كوردەكان ئامادە نەبوون كە چەكەكانیان دابنێن. بێگومان حكومەتی توركیا ئەو هەنگاوەی وەكو تاكتیكێك بەكاردێنێ بۆ پارچەكردن و لاوازكردنی جوڵانەوەكە. ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی كە ساڵی ١٩٢٩شەڕ دەست پێ بكاتەوە. لەساڵی ١٩٣٠دا شەڕ بەرفراوان بوو، پێویستبوو لەبەرەی باشوردا واتە لە ناوچەكانی (كۆبانێ، سەری كانی، درباسیە، تربەسپی و دێرك)شەڕ بەرفراوان بكرێت. بەڵام هۆزەكانی ئەم ناوچانە ڕۆڵی خۆیان بەباشی نەبینی، بەتایبەتی مەحمود بەگی كوڕی ئیبراهیم پاشای میلی لەسەری كانی رۆڵی خۆی نەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا حاجۆ ئاغای هەڤێركی و هەندێك لە هۆزی (میللی) چوونە ناوچەی میدیات و دواترچوونە ناوچەی دیلۆك بۆ شەڕی دەوڵەت و ڕۆڵێكی بەرچاو دەبینن. بەڵام بەهۆی ئەوەی هەموو سەرۆك هۆزەكان و كەسایەتیەكان رۆڵی خۆیان بەتەواوی نابینن، كوردەكان دەشكینن و زۆربەیان ڕوودەكەنە چیای ئاگری و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كەسنوری مانۆڕو تێكۆشانیان كەم ببێتەوە.**

**لەساڵی ١٩٢٩دا توركیاو ئێران كەوتنە یەكتری تۆمەتباركردن و دواتر توركیاو سۆڤێتیش كەوتنە پەیوەندی لەگەڵ یەكتر. ئیحسان نوری پاشا لەبیرەوەرییەكانیدا دەڵێ؛ دەستێوەردانی حكومەتەكانی ئێران، شورەوی و توركیا بۆ ڕاپەڕیوەكان زۆر ترسناكبوو، لەم كاتەدا بوو كە شورەویی دەستی لەهاوكاری كوردەكان بەرداو كوردستانی سوریشی هەوڵوەشاندەوە ئەمەش لەبەرامبەر دۆستایەتی توركیادا بوو. دوای ئەوەی توركیا توانی ڕاپەڕینەكە سنورداربكات، لە ١٩٣٠/٨/١٠هەتا ١٩٣٠/١٢/١٠هێرشی دڕندانەی كردە سەر گوندنیشینەكان و گوندەكان دەسوتێنن.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٤٤) ئەكرەمی جەمیل پاشا: كوڕی قاسم بەگی كوڕی جەمیل پاشای دیاربەكریە لەساڵی ١٨٩١ لەدایكبووە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەماڵەوە لە ڕێگەی مامۆستای تایبەتەوە خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٠١ چووەتە روشدیەی سەربازی. بەشداری لە دامەزراندنی كۆمەڵەی (هێڤی)دا كردووە. ساڵی ١٩١٦بەشداری شەڕی جیهانی كردووە، بەشداربووە لە زۆربەی ڕێكخراوو چالاكیەكانی دوای شەڕی جیهانی و هاوینی ١٩٢٤ لقێكی ڕێكخراوی ئازادی لەئامەد دەكەنەوە. دواتر دەچێتە سوریاو لوبنان و بەشداری لە كۆمەڵەی خۆیبووندا دەكات و لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩ - ١٩٤٦) سەرۆكی ئەو كۆمەڵەیە دەبێت و لە ساڵی ١٩٤٤ سەردانی مهاباد دەكات بۆ دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ (ژ.ك) دا .

هـەر لـەم ماوەیـەدا لەنێـوان سـاڵانی ١٩٢٧ هەتـا ١٩٣٠لەگەڵـی زیـلان بەهـەزاران کەسیان کۆکـوژ کـردو گوندەکانیـان خاپورکـردن جوڵانەوەکـەی ئاگـری لەئەیلولـی ١٩٣٠دا توشـی شکسـت بـوو، دوای ئەمـەش ناکۆکـی کەوتـە نێـوان چـەلادەت بەدرخـان و خانـەوادەی چەمیـل پاشـا ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی نەتوانـرا بەردەوامـی بەخەباتـی سـەربازی بدرێـت و ئیحسـان نـوری پاشـاش چـووە ئێـران و ساڵی ١٩٧٦لەتـاران کۆچـی دوایـی کـرد. دەوڵەتـی تـورك دوای شکسـت پێهێنانـی ڕاپەرینەکـە هەتـا ساڵی ١٩٣٢خەریکـی جێبەجێکردنـی دەسـەڵاتی عوسـمانی بـوو. ئـەوەی سەرنجڕاکێشـە لەسـەرچیای ئاگـری گۆڕێکـی بەکۆمەڵیـان دروسـتکردو لەسـەریان نوسـی (موخەیـەل کوردسـتان بورەیـا مەدفونـتر)، واتە(ئـەو کوردسـتانەی لەخەیاڵـی ئێـوەدا بـوو، لێـرەدا لەگۆڕنـراوە). شکسـتی ئـەو ڕاپەرینـەو ئـەو کـۆت و زیانـەی ئەنجامیانـدا، کاریگەرییەکـی نەرێنـی کـردە سـەرناوچەکە. هەروەهـا دوورخسـتنەوەی جەماوەرێکـی زۆری ناوچەکـە بۆشـارەتورکیەکان لەئەنـادۆڵ و جێگیرکردنـی ژمارەیـەك لـەو تورکـە موسـوڵمانانەی کـە لەسربسـتان و بولگاریـاوە گەڕێندرابوونـەوە بـۆ تورکیـا، بەشـێوەیەکی بەرچاودیموکرافیـای ناوچەکـەی کـۆری .

**٦. جوڵانەوەی دێرسیم**

دوای سـەرکوتکردنی ڕاپەرینەکـەی ئاگـری، لـە ١٩٣٢/٥/٥ دا کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی تورکیا یاسـایەکی تایبەتیـان دەرکـرد، ئـەم یاسـایە بـۆ ئاسـانکاری جێبەجێکردنـی پلانەکانیـان بـوو لەکوردسـتاندا، لەخاڵـی نۆیەمـی ئـەو یاسـایەدا هاتبـوو؛ ”ئەوانـەی سـەران و ڕابەرانـی کوردبـوون یاخـود ئاغاو بەگ و سـەرۆك خێـڵ بـوون و ئەوانەشـی لەنێـو کوردەکانـدا ڕێـزو تایبەتیـان هەیـە، تەنانـەت خـزم وکەسـوکاری ئەوانـە، دەبێـت بەخێزانـەوە ناوچەکانیـان لـێ چـۆڵ بکرێـت“ لەخاڵـی دەیەمـی ئـەم یاسایەشـدا هاتبـوو؛” لـەڕووی یاسـاوە کـورد هیـچ مافێکـی نییـە، هەمـوو جـۆرە مافێکـی یاسـایی ناوچەکـە، تەنانـەت ئـەوەی بڕیـاری دادگاش بێـت هەڵدەوەشـێنرێتەوە ” دوای دەرچوونـی ئـەم یاسـایە ناوچـە کوردیـەکان زیاتـر ڕووبـەڕووی چەوسـانەوەبوون، ناوچەکانـی دێرسـیم و دەوروبەریشـی پریشـکی ئـەو کردەوانەیـان بەرکـەوت. هەرچەنـدە دوای دامرکاندنـەوەی ڕاپەڕینەکانـی قۆچگـری و مەڵاتیـا لەکاتـی شـەڕی ڕزگاریـدا، دەوڵـەت تاڕادەیـەك نەدەچـووە سـەر دێرسـیم و ناوچـە عەلەوییـەکان، ئەمـەش لەبـەر دڵسـۆزی نەبـوو بـۆ ئـەو ناچانـە، بەڵکـو تاکیکێکـی دەوڵـەت بـوو بـۆ ئـەوەی هەرێمـی سـونیەکان و هەرێمـە عەلەویـەکان لەیەکـتر نزیـك نەبنـەوە، بـەڵام دوای دامرکاندنـەوەی ڕاپەرینـی ناوچـە سـونیەکان ئیـتر دەوڵـەت ڕوویکـردە دێرسـیم و ناوچـە عەلەوییـەکان، جێبەجێکردنـی ئـەو بڕیـارەش سـەرەتایەك بـوو بـۆ ئـەو ناوچانـە.

دواتـر لـە ١٩٣٥/١١/٢٥ دا لەسـەر داوای حکومەتـی تورکیـا، پەرلەمـان یاسـایەکی تایبـەت بـە دێرسـیم و ناوچـە عەلـەوی نیشـینەکان دەردەکات، کـە بەیاسـای ژمـارە (٢٨٨٤)دەناسرێـت. بەپێـی ئـەم یاسـایە ئـەو ناوچانـە وەکـو ناوچـەی ئاوارتـە ڕاگەیەنـدران و لەسـەرئەو بنەمایـەش فەرمانداریێتـی و بەڕێوەبەرێتـی ئاوارتـەی تێـدا ڕاگەیەنـدرا. لەسـاڵی ١٩٣٧ دا (عەبدوڵـڵا ئەلپ دۆغـان) کەفەرماندارێکی سـەربازی بـوو کرایـە فەرمانـداری ئـەو ناوچانـە کـە ( دێرسـیم - خەرپـوت - جەبەخچـورە )ی

دەگرتـەوە. لەهەنـگاوی یەکەمـدا نـاوی (دێرسـیم)ی گـۆڕی بە(تونجەلـی) یەکێـك لـەو هەنگاوانـەی تـر کەدەیانخواسـت لەناوچەکـەدا بینێـن، ئەوەبـوو کـە سـەرەتا داوای کۆکردنـەوەی (٢٠٠-٠٠٠) پارچـە چەکیـان لـەو ناوچانـە دەگـرت. ماوەیەکـی کورتیـان بـۆ دیاریکردبـوون، کـە ئەگـەر لـەو ماوەیـەدا ئەوەنـدە چـەك ڕادەسـتی حکومـەت نەکـەن، ئـەوا حکومـەت بـۆ خـۆی هەمـوو ناوچەکـەو ماڵـەکان دەگرێـت و چەکـەکان کۆدەکاتـەوەو سـزای خەڵکـی ناوچەکـەش دەدا. چونکـە حکومەتـی عوسـمانی لەکاتـی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا، بـۆ بەرگریکـردن لـە خـۆی و ڕووبەڕووبوونـەوەی سـوپای ڕوسـیا ژمارەیەکـی زۆری چەکـی دابەشـکردبوو بەسـەر خەڵکـی ناوچەکـەداو هەروەهـا ئاڵۆزییەکانـی دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و پەرتەوازەبوونـی سـوپای عوسـمانی فیرقـەی سـوارەی حەمیـدی بوونـە هـۆکاری ئـەوەی چەکێکـی زۆر بکەوێتـە نـاو خەڵکـەوە. هەربۆیـە حکومەت پێـی وابوو کـە ژمارەیەکی زۆر چـەك لـە نـاو جەمـاوەردا هەیـەو دەیشـارنەوە، ئـەوەش دەبێتـە هەڕەشـە بـۆ سـەر حکومـەت، لەبـەر ئـەوە ئـەو ژمـارە زۆرە چەکـەی لەخەڵکـی ئـەو ناوچەیـە داوا دەکـرد. هاوکاتـی ئەمـە ژمـارەی سـەربازانی لەناوچەکـەدا زیاتـر کـردو هەوڵیـدا لـە ژێـر نـاوی چاکسـازیدا دیمۆگرافیـای ناوچەکـە بگۆڕێـت. لەبەرامبـەر ئـەم بـارو دۆخـەدا سـەید ڕەزای دێرسـیمی(٤٥) لەگـەڵ عەلـی شـێر قۆچگریـدا توانیـان حـەوت هـۆزی ناوچەکـە ڕێکبخـەن و پەیـمان بـدەن بـۆ ئـەوەی دژی کردەوەکانـی دەوڵـەت ڕابوەسـتن، ئەوانیـش هۆزەکانـی عەباسـانی سـەروو، فرهــەدان، قەرەبـڵان، بەختیـاران، ئوسـیڤان، دەمەنـان، حەیـدەران و بەشـێك لەهـۆزی قـالان یـان (کاڵان ) بـوون، بـەڵام بەشـێك لەهۆزەکانـی ناوچەکـە بـە بیانـوی جیاجیـاوە بەشـداری ئـەو پەیمانـە نەبـوون، هەندێکیـان لەبـەر ناکۆکیـان لەگـەڵ هـۆزە بەشـدارەکاندا، وەکو(ڕێبـەر)ی بـرازای سـەید ڕەزا، هەندێکیشـیان پێیـان وابـوو کـە ئەگـەر ڕووبـەڕووی دەوڵـەت نەبنـەوە، ئـەوا دەوڵـەت وازیـان لـێ دێنـێ و دەتوانـن ژیانـی خۆیـان بپارێـزن. ئەمـە لەکاتێکدابـوو کەڕۆژانـە داوای حکومـەت بـۆ بـاج و سـەرانەو بێـگاری زیاتـر دەبـوو. مسـتەفا کەمالیـش لەسـاڵی ١٩٣٦داو لەکاتـی کردنـەوەی خولـی نوێـی پەرلەمانـدا دەڵێـت؛ ئەگـەر لـەم کاتـەدا کێشـەیەکی ئاڵـۆزو زەحمەتمـان هەبێـت لەنیشـتماندا، ئـەوا ئـەوە کێشـەی دێرسـیمە، ئـەوە برینێکـە لەدڵمانـداو دەبێـت ئـەو لـووە ترسـناکە چاکبکرێتـەوەو لـە ڕەگـەوە دەربهێندرێـت“.

هـۆزە کـوردەکان لـە ١٩٣٧/٣/٢٠دا ڕوووبـەڕووی سـەربازەکان و حکومەتـی تورکیـا دەبنەوەو سـەرەتا پـردی چەمـی (خارچـك) خـراپ دەکـەن و دەیسـوتێنن. دواتـر لـە ٣/٢٧/دا هێڵـی تەلەفـۆن دەبـڕن و هێـرش دەکەنـە سـەر بنکـەی سـەربازی (سـینە)و بەشـی زۆری ناوچەکـە رزگار دەکـەن. ڕۆژی (١٩٣٧/٥/٨) حکومەتـی تورکیـا بڕیـار دەدات کـە دەبێـت بەهەمـوو شـێوەیەك هـۆزەکان سـەرکوت بکرێـن* ئیـتر حکومـەت هێرشـێکی مـەزن دەکاتـە سـەر ناوچەکـە.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٤٥) سـەیدڕەزا کـوڕی سـەید ئیبراهیمـی سـەرۆك تیـرەی حەسـەنان لـە هـۆزی عەباسـانی سـەروو، لـە گونـدی (دەری ئاهری)باکـوری خۆرهەڵاتـی دێرسـیم هاتووتـە دونیـاوە. لـە سـەروبەندی کۆمەڵکوژییەکـەی ئەرمەنییـەکان لـە لایەنـی کاربەدەسـتانی عوسـمانییەوە سـەید ڕەزا ژمارەیەکـی زۆر پەناهەنـدەی ئەرمەنـی دەپارێزێـت.

دوای ماوەیەك شەڕو پێکدادانی نابەرابەرو هێرشی فڕۆکە. سەیدڕەزا بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەشەڕێکی مەزنتر و کاولکاری، (ئیبراهیم)ی کوڕی بۆ گفتوگۆ دەنێرێتە لای (ئەلپ دۆغان). دوای گفتوگۆ لەکاتی گەڕانەوەی ئیبراهیم بۆ لای باوکی لەناو هۆزی (کرگان - قرگان) دا بەپێی پیلانی بەرپرسی ئاسایش (شەوکەت)، ئیبراهیم دەکوژرێت. سەید ڕەزا بەمەبەستی ڕادەستکردنی بکوژەکە دەچێتە ناوچەکەو داوایان لێ دەکات کە بکوژەکەی ڕادەست بکەن، بەڵام ڕادەستی ناکەن و بەپێچەوانەوە لەلایەنی (عەبدوڵڵا ئەلپ دۆغانی فەرمانداری ڕۆشی ئاوارتە)وە خەڵات دەکرێت. ئەمەش کێشەکە قورستر دەکات و هۆزە ڕاپەڕیوەکان دەگەنە ئەو بڕوایەی کە حکومەت ئاشتی ناخۆازێت و بەم هۆیەوە شەڕ گەورەتر دەبێت.

لەکاتی مەزنبوونی شەڕدا (ڕێبەر)ی برازای سەید ڕەزا بە ڕێنمایی دەوڵەت دەچێتە ناو ڕاپەڕیوەکانەوەو (عەلی شێر) یش متمانەی پێ دەکات و لە نزیکی یەکترەوە دەمێننەوە، ئەویش سوود لەو متمانەیە وەردەگرێت و دەرفەت دەبینێ و سەری عەلی شێر و زەریفەی هاوسەری، کە ئەویش قارەمانێکی ناو مەیدانەکە بووە، دەبڕێت و دەیبات ڕادەستی فەرمانداری سوپای تورکی دەکات. ئەمەش گورزێکی گورچکبڕ دەدات لەڕاپەڕیووەکان، چونکە عەلی شێر سەرکردایەتی شەڕی دەکردو کەسێکی شارەزا بوو. هاوکاتی ئەمە (خدر پڕچەوی) لە هۆزی بەختیاری هەڵدەستێ بەکوشتنی (شاهین ئاغا)ی بەختیاران و عەلی شانی مامی، ئەویش بەوەی کە شوێنەکەیان ئاشکرا دەکات و سوپای تورك دەوریان دەگرێت و دەیانکوژێت. ئەم ڕوداوەش لە ١٩٣٧/٨/٨دا ڕوو دەدات. هەرلەم ماوەیەدا (شێخ حەسەن)ی کوڕە گەورەی سەید ڕەزاو بەسیەی هاوسەری سەید ڕەزا کەهاوسەری بچوکی بووە، لەگەڵ سێ نەوەیدا دەکوژرێن. ئەمەش وادەکات کە باری شەرەکە هەمووی بکەوێتە سەر ئەستۆی سەیدڕەزا. هەرچەندە سوپای تورك هەندێك ناوچەی داگیرکردووە، بەڵام ڕۆژانە گورزی مەزن دەخوات و زیانی بەردەکەوێت. هەربۆیە دەخوازن پەنا بۆ ڕێگای تر ببەن، هەتا بتوانن ڕاپەرینەکان سەرکوت بکەن. لەم کاتەدا عەبدوڵڵا ئەلپ دۆغان لەڕێگەی والی ئەرزنجانەوە پەیوەندی لەگەڵ سەید ڕەزا دا دروست دەکات و پەیمانی ئەوەی پێ دەدات کە ئەگەر گفتوگۆ پەسند بکەن ئەوا داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکەن. سەید ڕەزا متمانە بەبەڵێنەکەی دەکات و بەمەبەستی گفتوگۆ ڕۆژی ١٩٣٧/٩/١٠ دەچێتە ئەرزنجان. هەر کە دەگاتە ئەرزنجان دەیگرن و ڕۆژ ٩/١٤/دەینێرن بۆ خەرپوت. ئەوانیش دەیدەنە دادگای ئیستقلال و لە ١٩٣٧/١١/١٠دا بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنن. سەید ڕەزا دە کەسی لە سەرۆك هۆزو یاوەر لەگەڵدا بووە. بڕیارەکە بەسەر هەموویاندا سەپێدرا، کە (حسێن )ی کوڕە بچوکیشی تێدا بوو. لە ڕۆژی (١١/١٨) هەندێك دەڵێن ڕۆژی ١٩٣٧/١١/١٤ لە سێدارەدراوەن .

سەیدرەزا لەکاتی لەسێدارەدانیدا دەڵێت؛ لەتەمەنی حەفتاو پێنج ساڵیدام، خوێنی خۆم دەبەخشم

---

* لە ئێستادا ئەم ڕۆژە وەکو ڕۆژی فەرمان دژی عەلەوی و کۆکوژی دێرسیم ناوزەد دەکرێت).

و بـە خوێنبەخشـەکانی کـورد شـاد دەبـم . دێرسـیم سـەرنەکەوت ، بـەڵام کوردایەتـی و کوردسـتان هەردەژیـن و کـورد تۆڵـەی ئـەو تاوانانـە هـەر دەکاتـەوە، مرن درۆزن و نامـەردان " هەروەهـا دەڵـێ " مـن فێـڵ و تەڵەکەکانـی ئێـوە فریـوی دام ، ئەمـە بۆمـن بـوو بـە کـول و دەرد . بـەڵام سـەرم بـۆ ئێـوە دانەنەوانـد بـا ئـەوەش بۆئێـوە ببێتـە کـول و دەرد"

دوای لەسـێدارەدانی سـەید ڕەزا، حەسـەن و خەلیـل ی بـرازای سـەید رەزا و کوڕانـی حسـێن ئاغـا چەنـد چیایەکیـان لەسـوپای تـورک پـاك کـردەوەو بەهـۆی زستانیشـەوە سـوپای تـورك نەیتوانـی بەرگەبگرێـت پاشـە کشـەی کـرد. بـەڵام بەهـاری ١٩٣٨ سـوپای تـورك هێرشـێکی بەرفراوانـی کـردە سـەرناوچەکەو کوشـتارێکی زۆری ئەنجامـداو زۆربـەی گوندەکانـی ناوچەکـەی خاپـور کـردو بـەو شـێوەیە ڕاپەڕینـی ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـی دێرسـیمی دامرکانـەوە. دواتـر سـوپا ڕوودەکاتـە ئـەو ناوچانـەی کەبەشـداری ڕاپەڕینەکەیـان نەکردبـوو، واتـە ڕۆژئـاوای دێرسـیم، لەمانگـی حوزەیرانـەوە هەتـا کۆتایـی سـاڵ کوشـتارگەیەکی مەزنـی لەوێـش دروسـتکرد، هۆزەکانـی ئـەو ناوچەیـە ڕووبەڕووی حکومـەت بوونـەوە، بـەڵام بەرخۆدانەکەیـان زۆری نەخایانـدو تێکشـکان. ئەمـەش ئـەوەی نیشـاندا کـە ئـەو هۆزانـە لەنـاو هەڵـەدا بـوون کەنەبوونـە هـاوکاری سـەید ڕەزاو هۆزەکانـی تـر، چونکـە حکومـەت بڕیارەکانـی گشـتگیر بـوو نـەك بـۆ چەنـد هۆزوناوچەیـەك، بـەڵام بـۆ ئـەوەی هـۆزەکان پارچـە بـکات سـەرەتا هەمـوو ناوچەکانـی نەدایـە بەرخـۆی .

لەمـاوەی دووسـاڵدا سـوپای تورکیـا یەکێـك لەقێزەونتریـن تاوانەکانـی مێـژووی لـەو ناوچانـەدا پەیڕەوکـردووە، کەتێیـدا ناوچەکـەی هەمـوو خاپورکـردو دەیـان هـەزار کەسـی مەدەنـی کۆکوژکـردو هەندێکیـان بەزیندوویـی سـوتاندووە. چیرۆکەکانـی ئـەم تاوانـە بووەتـە بەسـتەو لاوانـەوەی کوردانـی عەلـەوی. بـەڵام حکومەتـی تورکیـا هەتـا ئێسـتا ئامـادە نیـە داوای لێبـوردن لـە گەلـی کـوردو ناوچەکـە بـکات .

دوای دامرکاندنـەوەی ئـەم ڕاپەرینانـەو سـوتماککردنی ناوچەکـە، ئیتر کۆتایی بەبەرخۆدانـی چەکداری هاتـو دەوڵەتـی تورکیـا کەوتـە هەوڵـی جێبەجێکردنـی یاسـاو ڕێسـاکانی خۆی.

**دووەم : قۆناخی ١٩٤٠-١٩٧٥ :**

دوای دامرکانـەوەی ڕاپەرینەکانـی دێرسـیم ، لـە ١٩٣٨/١١/١٠ دا مسـتەفا کەمـال تەمەنـی لەتەمەنـی (٥٨)سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردو عیسـمەت ئینینـۆ بـووە سـەرۆك کۆمـاری تورکیـاو لەسـاڵی ١٩٣٩شـەڕی دووەمـی جیهانـی دەسـتی پێکـردو هەتـا سـاڵی ١٩٤٥ ی خایانـد. کەتێیـدا زیاتـر لـە (٥٢) ملیـۆن مـرۆڤ کـوژران و زۆر لـەو ژمارەیـەش زیاتـر زیانمەندبـوون. تورکیـا لـەم شـەڕەدا هەوڵیـدا بـێ لایەنـی بپارێزێـت، هەرچەنـدە پەیوەنـدی لەگـەڵ بریتانیـا، ئەمریـکا، ڕووسـیاو فەڕەنسـادا هەبـوو، بـەڵام هەتـا شـەڕ نزیکـی کۆتایـی نەبوویـەوە خۆیـان نەخسـتە نـاو شـەڕەوە.

لەمانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٤٥دا تورکیـا یاسـای فرەپارتـی دەردەکات و بـەو پێیـە ئیتر لەتورکیـادا مافـی سیاسـەتمەداران هەیـە پارتـی بۆخۆیـان دابمەزرێنـن، بـەڵام بەپێـی یاسـاکە ڕێگـە نـەدەدرا لەسـەربنەمای نەتەوەیـی و ئایینـی پارتـی دروسـت بکرێـت. بەسـوود وەرگرتـن لـەم یاسـایە لەمانگـی

**ی ١٩٤٦دا لەلایەنی عەدنان مەندەرێس و جەلال بایارەوە پارتی دیموکرات (DP )دامەزرا، کە لەناوەڕۆکدا مەیلی ئیسلامی هەبوو بەڵام بەناوو ڕواڵەت بانگەشەی دیموکراتی دەکرد. ئەم پارتە لەهەڵبژاردنی ١٩٤٦/٧/٢٠دا بەشداری کردو توانی (٦٢)کورسی لەپەرلەماندا بەدەست بهێنێ. دواتر لەهەڵبژاردنەکانی ساڵانی ١٩٥٠، ١٩٥٤و١٩٥٨ دا سێ جار لەسەر یەك سەرکەوتنی بەسەر پارتی کۆماریدا بەدەستهێناو لەساڵی ١٩٥٠ەوە کۆتایی بەهەژموونی ئەو پارتە هێنا. جەلال بایار بووە سەرۆك کۆماری تورکیاو عەدنان مەندەرێس بووە سەرۆك وەزیر. لەو ماوەیەدا کە لەجیهاندا لەلایەك شەپۆلی شۆڕشی گەلان و جوڵانەوە چەپەکان ڕۆژانە لەبەرزبوونەوەدا بوون، لەلایەکیشەوە شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکاو ئەوروپا لەلایەك و ڕووسیاو هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوە بەرفراوان دەبوو. تورکیاش بەبەشداریکردنی لەناتۆدا (٤٦) بەرەی خۆی یەکلاییکردەوە. لەناوخۆشیدا کرانەوەیەکی بەڕووی خەباتی سیاسی، ڕێکخراوو کۆمەڵە مەدەنی و کولتورییەکاندا ئەنجامدا. لەم قۆناخەدا کەسایەتیە ئیسلامی و کوردەکانی لەوێنەی سەعیدی نورسی (١٨٧٦- ١٩٦٠)(٤٧) لەزیندان ئازادکرا.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٤٦) ناتۆ: پەیمانی باکوری ئەتڵەنتیك کە لە ١٩٤٩/٤/٤ دا دروست بوو. بەشێك بوو لەپڕۆژەی ترومان و مارشاڵ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی یەکێتی سۆڤێت و فکری کۆمۆنیزم « ئەمریکا، کەنەدا، بریتانیا، دانیمارك، فەڕەنسا، ئایسلەند، ئیتاڵیا، لۆکسمبۆرگ، هۆڵەندا، نەرویج، پورتوگال پەیمانی دامەزراندنی ئەو پەیمانەیان مۆر کرد. لەساڵی ١٩٥٢ دا تورکیا و یۆنان بوونە ئەندام و لەساڵی (١٩٥٥)یشدا ئەڵمانیاش بووە ئەندام.

(٤٧) سەعیدی نورسی: (١٨٧٦ – ١٩٦٠) لە گوندی (نەورەس)ی نزیك وان لە دایك بووە، باوکی ناوی میرزایەو دایکی ناوی (نوریە). هەتا ساڵی ١٩٠٧لە کوردستان بەخوێندن و گەڕان بە داوی زانستدا خەریك بووە. ساڵی ١٩٠٧ چووەتە ئەستەنبوڵ و بەشداری کاری سیاسی کردووە. لەئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی بووە. لایەنگری بیری پێکەوە ژیان و ئوممەت بووە. هەربۆیە لەسەرەتا شەڕی مستەفا کەمالدا لەو کوردانەیە کەپشتیوانی دەکات، بەڵام دواتر کە مستەفا کەمال لەسەر بەڵێنەکانی ناڕوات، سەعیدی نورسی بەرهەڵستی دەکات و بەو بۆنەیەوە لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣ – ١٩٤٩) بەزیندانی و دەستبەسەری و دوورخراوەیی بەسەر دەبات. لەساڵانی ١٩٤٩ەوە هەتا کۆچی دوایی لە (١٩٦٠) دا خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی تەرخان دەکات. سەعیدی نورسی زانایەکی ئایینی بەناوبانگ بووە، هەربۆیە پێیان گوتووە (بەدیع زمان)واتە داهێنەر بووەو لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی ڕۆیشتووەو بە سەعیدی کوردیش بانگکراوە. خاوەنی خوێندنگەو ڕەوتی خۆی بووە. لەڕێگەی نوسین و نامەکانیەوە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بڵاو کردۆتەوە. شاگردو لایەنگرانی بەسەر سێ دەستەو پۆلدا دابەشکردووە؛(صدیق) کەسەرەتاییە، برا کە ئەندامێتی یە لەگەڵ تاڵب(خوێندکار) کە بەرزترین پلەی ئەندامێتی بووە لەلای ئەو. توانیویەتی کاریگەریی زۆر لەسەر کۆمەڵگا دابنێت و دوای خۆی شوێنکەوتوانی بوونەتە چوار دەستە:

١ـ جەماعەتی یەنی ئاسیا (ئاسیای نوێ.
٢ـ جەماعەتی خزمەت (فەتحوڵا گولەن.
٣ـ جەماعەتی وەقفی زەهرا، (عزەدین یلدرم) سەرۆکایەتی دەکرد لە ساڵانی نەوەدەکاندا کوژرا
٤ـ جەماعەتی نەسلی نوێ (مستەفا سونکرو عەبدوڵلایەکین) سەرۆکایەتیان دەکرد .

لە ئێستادا جەماعەتی فەتحوڵا گولەن کاریگەرترین دەستەیە، بەڵام گرنگی بەسەعیدی نورسی نادەن و هاوشێوەی گروپێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت دەکەن، جەماعەتی وەقفی زەهرا وەکو بەردەوامی سەعیدی نورسی خۆیان پێناسە دەکەن.لەزیندان ئازادکران و دەرفەتی کاری سنورداریان بۆ ڕەخسا.

بارودۆخـی ناوخۆیـی کەلەلایـەك ئاسـتی وشـیاری کۆمەڵـگا بەرەوپێـش دەچـوو، ئاسـتی خوێنـدەواری زیـادی دەکـرد، بەهـۆی ئەوسیاسـەتەی لەبـواری ئیـداری و ئابووریـدا دەوڵـەت بەڕێـوەی دەبـرد، زەمینـەی ژیانـی لەگوندوشـارە بچوکەکانـدا کـەم دەکـردەوەو هاوکاتـی ئـەوە کاردانـەوەی ململانێیەکانـی نێـوان ئەمریـکاو ڕووسـیاو ئـەو شۆڕشـانەی لەجیهـان و ناوچەکـەدا ڕوویانـدا لەوێنـەی شۆڕشـی میـسری سـاڵی ١٩٥٢، ئێراقـی سـاڵی ١٩٥٨و چوڵانـەوەی محەمـەد موصەدقـی لەئێـران (سـاڵی ١٩٥٢ – ١٩٥٣ شۆڕشـەکانی چیـن هینـدسـتان، کۆریـاو کوبـا کاریگەرییـان لەسـەرجیهان بەگشـتی و تورکیـاو باکـوری کوردسـتانیش بەتایبەتـی هەبـوو. ئەمانـە بوونە هـۆکاری ئەمـەی لەسـاڵانی پەنجاکاندا لەچوارچێـوەی کۆمەڵـەو ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیریدا کـوردەکان، چەپـەکان و ئیسـلامیەکان گەشـەبکەن. هەتـا کار گەیشـتە ئـەوەی کەلەسـاڵی ١٩٥٩دا (٥٠)کەسـایەتی کـورد بەتۆمەتـی جوداخـوازی و بانگەشـە بـۆ جوداخـوازی و کوردایەتـی بگیرێـن و یەکێـك لەوانـە لـە زیندانـدا دەمرێـت و ئەوانـی تـر ڕووبـەڕووی دادگا دەکرێنـەوە کـە موسـا عەنتـەرو سـەعید قرمـزی تۆپـراغ لەدیارترینـی ئـەو کەسـایەتیانە بـوون. هەربۆیـە دۆزەکەیـان بـەدۆزی (٤٩)کـەس نـاسرا. لـەم قۆناخـەدا دەکرێـت ئـەو هەنـگاوە وەکـو هەنـگاوی یەکەمـی زیندووکردنـەوە یـان هەوڵـدان بـۆ زیندووکردنـەوەی گیانـی کوردایەتـی لـە باکـوری کوردسـتان بەناوبکرێـت. هەرلـەم ماوەیـەدا شـەپۆلی چـەپ لەتورکیـا زۆر گەشـەی کـردو بانگەشـەی دژایەتـی ئیپریالیـزم و ئەمریکایـان دەکـردو نـازم حیکمـەت لەدیارتریـن نوسـەرو کەسـایەتی چەپـی ئـەو سـەردەمە بـوو، کـە بەهـۆی هەڵوێسـتییەوە ناچـاری دوورکەوتنـەوە لـە تورکیـا کـرا. هەمـان کات شـەپۆلی ئیسـلامی بـە ڕێبەرایەتـی (سـەعیدی نورسـی) کەچـوار ئامانجـی سـەرەکیان هەبـوو، یەکـەم پابەنـد بـوون بەقورئـان و سـوننەتەوە. دووەم بـاوەڕی بەخـودا، سێیەم ڕەتکردنـەوەی کولتـوری ڕۆژئـاوا. چـوارەم گۆڕانـکاری ئـەم بارودۆخـە دەسـەڵاتی تورکیـای نیگـەران کردبـوو، بـەڵام لـەوان زیاتـر ناتـۆو ڕۆژئاواییەکانـی نیگـەران کردبـوو، هەربۆیـە گڵۆپـی سـەوزیان بـۆ سـوپای تورکیـا هەلکـردو بەهـاوکاری نەتـەوە پەرسـتە تورکـەکان کودەتایـان بەسـەر دەسـەڵاتدا لـە ١٩٦٠/٥/٢٧دا ئەنجامـدا. جەنـەراڵ جەمـال گۆرسـێل، جەمـال مـودان ئۆغلـو و ئەلـب ئەرسـەڵان تورکـەش (عەمیـدی سـوپابوو، ڕێبـەری نەتەوەپەرسـتە تورکـەکان بـوو، دواتـر پارتـی نەتـەوە پەرسـتی خەڵکـی MHP ی دروسـتکرد) ،سـەرۆکایەتی کودەتاکەیـان کـردو ئامانجـی ئـەو کودەتایـە ڕێگریکـردن لەئەگـەری ڕوودانـی هەرڕووداوێکـی چـاوەڕوان نەکـراو لەڕێگـەی چەپـەکان یاخـود ئیسـلامیەکانەوە کـە ڕووی تورکیـا لـە ڕۆژئاواوەرگەڕێنێـت بـۆ یەکێتـی سـۆڤێت. چونکـە ئەمریـکاو بریتانیـا میـسرو ئێراقیـان لەناوچەکـەدا لـە دەسـتدابوو، ئەگـەر تورکیاشـیان لەدەسـت بدایـە ئـەوا سیاسـەتی ئـەوان لەناوچەکـەدا زۆرلاواز دەبـوو، هەروەهـا ئاسایشـی ئیسرائیلیـش دەکەوتـە بەرمەترسـی. هەربـۆ ئەمـە کودەتایەکـی پێچەوانـەی کودەتاکانـی ئێـراق و میسرایـان ئەنجامـدا.

دوای ئـەو کودەتـا، کـە سـوپاو نەتـەوە پەرسـتەکان تاوانـی کۆنەپارێزییـان خسـتە پـاڵ عەدنـان مەندرێـس و جـەلال بایـارو گوایـە ئـەوان تورکیـا بەرەوپاشـەوە دەکێشـن و کودەتا پێشـکەوتوخوازییەو سـوپا ئەرکـی پاراسـتنی کۆمـاری جێبەجێکـردووە (لای تورکـە نـەژاد پەرسـتەکان بیرۆکەیەکـی وەهـا

هەیە کە سوپا پارێزەری خەڵك و کۆمارە و ئەمەش لە وتەی مستەفاکەمالەوە وەریان گرتووە، هەربۆیە سوپا پیرۆزە لەلایان و خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکیە لەتورکیاو ئەم بارودۆخە هەتا ئێستاش تاڕادەیەك بەردەوامی پێدەدرێت) هەربۆیە کودەتاچیەکان بەڕێنمایی وەرگرتن لەناتۆو گلادیۆ کۆمەڵێك ڕیفۆرمی سیاسی، ئیداری و ئابوریان ئەنجامداو تورکیاشیان بەستەوە بەبازاڕی ئەوروپاو ڕۆژئاواوە (٤٨)و هاوکات کاریان کرد بۆ گەشەپێدانی سەرمایەی سەوزی ئیسلامی و گەشەپێدانی ئیسلامێك کە لەژێرچاودێری و کۆنترۆڵی خۆیاندابێت. ئەوەبوو لەم قۆناخەدا فەتحولڵا گولەن و ڕێبارەکەی لەلایەك و نەجمەدین ئەربەکان و پارتەکەی لەلایەکی ترەوە دەردەکەون و گەشە دەکەن. بێگومان کۆچی دوایی سەعیدی نورسی لەساڵی ١٩٦٠دا دەرفەت بۆ ئەو ڕەوتانە خۆش دەکات. ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە تاڕادەیەك جومگەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی کاتی کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام شانبەشانی ئەم بارودۆخە گەشەی ڕەوتی چەپ لەدونیاداو کاریگەری شەڕی ڤێتنام و جوڵانەوەکانی گیڤاراو دەستپێکردنی جوڵانەوەی کورد لەباشوری کوردستان لە ١٩٦١/٩/١١ بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی چەپ و کورد لەتورکیا هەبوو.

لەم بارودۆخەدا ڕۆژی ١٩٦٥/٧/١١(پارتی دیموکراتی کوردستان) لەباکور دامەزرا ئەم پارتە لەلایەنی " فایەق بوجاق، سەعید ئەلچی، شەرەفەدین ئەلچی، دەروێشی سەعدۆ، شاکیر ئۆزدەمیر و عومەر تۆران" ەوە دادەمەزرێت و فایەق بۆجاق بووە سەرۆکی پارتەکەو سەعید ئەلچی دەبێتە سکرتێر. ساڵی ١٩٦٧ فایەق بوجاق لەکردەوەیەکی ئاڵۆزدا دەکوژرێت، کە هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ناکۆکی خێڵەکی و دەڵێن بەو هۆیەوە کوژراوەو کوشتنەکەی سیاسی نەبووە. دوای ئەم ڕووداوە سەعید ئەلچی دەبێتە سەرۆکی پارتی، بەڵام دەستگیر دەکرێت و دەبرێتە زیندانی ئەنتالیا، لەم کاتەدا سەعید قرمزی تۆپراق کەناسراو بوو بە د.شڤان لەباشوردا خۆی وەکو هێڵی چەپی ئەو پارتە ڕادەگەیەنێت و ئەمەش دوای ئەوەی کە ناکۆکی فکری و کەسایەتی هەیە لەگەڵ سەعید ئەلچیدا. دیارە ئەم پارچەبوونەی پەدەکە لەباکور، لەژێرکاریگەریی پارچەبوونی پەدەکەی باشوردا دەبێت کە لەساڵی ١٩٦٦دا شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوە. سەعید قرمزیش ماوەیەك لەلایەنی دەوڵەتی تورکیاوە دەستگیر دەکرێت و لە ساڵی ١٩٧٠دا ئازاد دەکرێت. دوای ئازاد کردنی بەمەبەستی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری دێتە باشوری کوردستان و پەیوەندی بەپارتی و بارزانیەوە دەکات. ماوەیەك هاوکار جوڵانەوەی کوردی باشوور دەکات و کاری دکتۆری دەکات لەناوچەی بەرواری باڵا لەنزیك قەڵای قومری. هاوکاتی ئەوە پێداگیری دەکات لەسەر خۆ تاودان بۆخەباتی پرتیزانی لەباکورو لەم بوارەدا داوای هاوکاری لەبارزانی و پەدەکەی باشوور دەکات. ئەوە دەبێتە هۆی ناکۆکی و نیگەرانی لەنێوان ئەوو بارزانیدا دەردەکەوێت. لەم سەرو

---

(٤٨) لە ئابی ١٩٦٠دا تورکیا بووە ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپی و لەساڵی ١٩٦٣دا بووە ئەندامی بازاڕی ئەوروپی هاوبەش.

بەندەدا سەعید ئەلچیش لە ساڵی ١٩٧١دا لەزیندانی تورکیا ئازاد دەکرێت و دەچێتە باشوور. دوو تێڕوانین لەسەر چوونەکەی هەیە بۆ باشور؛ ڕوونکردنەوەی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق دەڵێت: سەعید ئەلچی هاتۆتە باشوورو پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی باشورەوە کردووەو خواستویەتی بەهاوکاری ئەوان بچێت بۆ لای سەعید قرمزی، پارتی دیموکراتیش هاوکاری کردووەو ناردوویەتی بۆلای (سەعید قرمزی)، بەڵام بەهۆی ئەو ناکۆکیە کۆنەی لەنێوان هەردوو سەعیدا هەبووە، سەعید قرمزی سەعید ئەلچی دەکوژێت و دواتر پارتی دیموکرات سەعید قرمزی دەگرن و دادگایی دەکەن و لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو سەعید ئەلچی کوشتووە. بەو هۆیەوە دادگای پارتیش لەباشور بڕیار دەدات کە سەعید قرمزی بکوژن. بەڵام لایەنگرانی سەعید قرمزی ئەو گێڕانەوەیە ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن ئەو دان پێدانانە هی سەعید قرمزی نیەو دروستکراوەو ئەوە سیناریۆیەکی میت و دەزگای پاراستنی پارتی بووە، ئەو سیناریۆیە دروست کراوە بۆ لەناوبردنی هەردوو سەعیدەکەو رێگرگرتن لە یەکگرتنی ئەوان و دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی لە باکوردا. جونکە دەڵێن سەعید ئەلچیش لەو باوەڕدابووە کە دەبێت خەباتی پارتیزانی بکرێت و بۆ ئەوە خواستبووی سەعید قرمزی ببینێت، بەڵام پاراستن و میت ئەمە پەسند ناکەن، لەبەرئەوە خۆیان دەیکوژن بەڵام تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی سەعید قرمزی و بەو شێوەیە بیرۆکەی تێکۆشانی پارتیزانی لەباکوردا لەبار دەبەن. دوای ئەوەش پەدەکەی باکور بەرتەوازە بوو.

لەو قۆناخەدا ژمارەیەکی زۆر گروپی چەپ، کوردو بزافی جیاجیا دروست بوون، هۆکاری ئەوەش ئەوەبوو کە نە چەپەکان و نەکوردەکانیش خاوەنی کاسایەتی کاریزماتیك و خاوەن ئەزموونی وەهانەبوون کە بتوانێت سەرجەم گروپ و بزاڤەکان کۆبکاتەوە. هاوکاتی ئەو ڕەوشە کە گروپە چەپ و کوردەکانی تێدابوو، بەهاوکاری ناوەندە جیهانیەکان و ناوەندەکانی دەوڵەتی تورکیا هێزی ئیسلامی سیاسی و نەتەوە پەرستەکانی تورك گەشەیان دەکردو ئیتر ساڵانی ١٩٧٥ - ١٩٨٠ ساڵانێك بوو کە تورکیا بەرەو شەڕی ئەهلی هەنگاوی دەنا. ئەم باوردۆخەش لەلایەنی دەوڵەتەوە بەپشتیوانی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی گوڕ دەکرا، ئامانجیشیان ئەوەبوو کەباروردۆخێکی ئاڵۆز بخولقێنن هەتا ڕەوتە شۆڕشگێڕییەکان نەتوانن ئەنجام بەدەست بهێنن. هاوکات بەمشێوەیە دەیانخواست دەوڵەت و حکومەت بەرپرسیار نەبینرێن لەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن. دیارترین ئەو ڕووداوانەش کۆکوژییەکانی مەیدانی تەقسیم بوو کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لەبەرامبەر چەپەکان لەئەستەنبوڵ بەڕێوەچوو. هەروەها کۆکوژیی شاری مەرەشی باکوری کوردستان بوو کە لە ٢٤ هەتا ٢٧ /١٩٧٨/١٢ بەرامبەر خەڵکی عەلەوی بەڕێوەیان برد. هەروەها ئەو پێکدادان و کوشتنانەی کەڕۆژانە لەنێوان گروپە جیاوازەکان و هێزە وابەستەکانی دەوڵەتدا ڕوویاندەدا. هەر ئەم ڕووداوانە کرایە پاساو بۆ ڕەواییدان بە دەستێوەردانی سوپا لە سیاسەتی ناوخۆی وڵات و ئەوەبوو لەکۆتایشدا سوپای تورکیا بەپشتیوانی دەرەکی لە ١٩٨٠/٩/١٢دا بەسەرۆکایەتی (جەنەڕاڵ کەنعان ئەڤرن ی فەرماندەری گشتی سوپای تورکیا کودەتای ئەنجام دا.

دیاره ئەنجامدانی ئەو کودەتا هاوشێوەی کودەتاکانی تر هەوڵدانی ڕۆژئاواییەکان و سوپا بوو بۆ ڕێگە گرتن لەسەرکەوتنی جوڵانەوە ئازادیخوازەکان، بەتایبەتی کە لەو قۆناخەدا گروپە چەپەکان و کوردەکان زۆرچالاك بوون و ئیتر دەوڵەت لەڕێگەی ناڕاستەوخۆوە نەیدەتوانی پێشیان لێ بگرێت و ئەوەش شیمانەی ئەوەی دروست دەکرد کەتورکیا ڕووبەڕووی چارەنوسێکی هاوشێوەی ئێران ببێتەوە. هەربۆیە ناوەندەکانی ڕۆژئاوا گڵۆپی سەوزیان بۆ کودەتا داگیرساند. ئەو کودەتا توانی هێزو گروپە چەپەکان بڵاوە پێ بکات و گورزێکی مەزنیش لەجوڵانەوەو پارتە کوردیەکانیش بداو تەنیا پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان ) توانی لەبەرامبەر ئەو گورزەدا خۆی بگرێت و ئەو خۆڕاگرتنەش بووە هۆی ڕزگارکردنی گەلی کورد. لەوبارودۆخەی کە تێیدا بوو. ئەم قۆناخەی مێژووی کورد لەباکورو سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا کە مێژووییەکی نزیکە پێویستی بە هەڵوەستەیەکی تایبەت هەیە. ئەگەر دەرفەت دروست بوو ئەوا لەپەرتوکێکی تایبەتدا هەڵوەستەی لەسەردەکەم.

## ب . ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وەکو پێشتر باسمان کرد، ڕەزاخان بەهاوکاری بریتانیاو ئەمریکاو بەسوود وەرگرتن لەو بارودۆخەی کە جیهان و ناوچەکەو دەسەڵاتی قاجاری لەئێراندا تێیدا بوو، توانی بچێتە سەر تەختی پاشایەتی ئێران و سیستمێکی نوێی دامەزراند. ڕەزاشا لەچەند ساڵی سەرەتای فەرمانڕەواییەکەیدا دەیخواست خۆی وەها نیشان بدات کە ڕێز لەئایین و بیروباوەڕی و فەرهەنگی گەلانی ئێران دەگرێت، هەر بەو سیاسەتە توانی زۆربەی کەسایەتی و دامودەزگا ئایینیەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت و ڕاپەڕینەکانی ناوچەکەنی لوڕستان، ئەردەڵان و شکاك کۆتایی پێ بهێنێ. دوای ئەوەی جێگەی پێی خۆی جێگیر کرد، ئیتر هاوشێوەی مستەفا کەمال کەوتە هەڵپەی دروستکردنی دەوڵەتێکی ناوەندی، یەك ڕەنگ و دوور لە ئایین و پشتبەستوو بەفۆرمەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری. بۆ ئەم مەبەستەش لەنێوان ساڵانی ١٩٢٨هەتا ١٩٣٨ کۆمەڵێك یاساو بڕیاری دەرکرد و خواستی لە ڕێگەی ئەو هەنگاوانەوە ئامانجەکانی بپێکێ. سەرەتا ڕەزا شا خواستی دەسەڵاتی ناوەندی بسەپێنێ، بۆئەم مەبەستەش بڕیاریدا کە سەرجەم ئیدارە خۆجێییەکانی میرو خێڵەکان کۆتایی پێ بهێنێ و ئەوانەی ئامادەبن بڕیار و فەرمانەکانی ناوەند جێبەجێبکەن و دەست لەو شێوە ژیانەی خۆیان بەربدەن و بەپێی ڕێنمایی نوێنەرانی دەسەڵاتی ناوەندی هەڵسوکەوت بکەن، ئەوا دەبوو هاوکاربن بۆ جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی ناوەند، ئەمەش لەڕاستینەی خۆیانی دوور دەخستنەوە، ئەوانەشی کە بەرهەڵستیان بکردایە، ئەوا لە ڕێگەی فشار، سەرکۆتکردن و هێرشکردنە سەریانەوە، هەوڵیاندەدا کە ئەو یاساو ڕێسایایەیان بەسەردا بسەپێنن. ئەمەشیان لە ژێر ناوی چەسپاندنی دەسەڵاتی یاساو ئارامیدا ئەنجامدەدا .

لەگەڵ ئەمەدا، لە چوارچێوەی سیاسەتی (تەختە قابۆ ـ ئیسکان عەشایر)دا، حکومەت هەوڵیدا کۆتایی بەژیانی شوانکارەیی بهێنێ و هۆز و خێڵە شوانکارەکان نیشتەجێ بکات. ئەم سیاسەتەشی لەبن ئەو ناوەدا جێبەجێ دەکرد، کەگوایە دەخوازێت خەڵکی هەژار لەژیانی ژێر ڕەشماڵ و بێ

ماڵی رزگاربکات و هەرخێزانێك ببێتە خاوەنی ماڵێك کە دەرگایەکی داری هەبێت هەربۆیە پێیان دەگوت! (سیاسەتی تەختە قابۆ). لەڕێگەی ئەم سیاسەتەشەوە کۆتاییان بە ژیانی شوانکارەیی و فەرهەنگەکەی دەهێنا. کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بەو شێوەیە دەژیان. بەمشێوەیەش ژیانی هۆزو خێڵەکانی کۆنترۆڵ دەکرد، دەرفەتی بۆسەپاندنی یاساو رێساکانی خۆی خۆشتر دەکرد. لەڕووی ئابووریشەوە گورزێکی مەزنی لە کۆمەڵگا دەداو ئابوورییەکەی وابەستەی ناوەندی شارەکان دەکراو بەمشێوەیەش هاوکێشەی کۆمەڵایەتی بەلای دامودەزگاکانی دەسەڵاتدا لاسەنگ دەبوو.

لەگەڵ ئەمانەدا ڕەزاشا لەڕێگای قەدەغەکردنی پۆشاکی میللی و ناچارکرنی جەماوەر بە پۆشینی جل و بەرگی رۆژئاوایی و شەپقەی پەهلەوی، گۆڕینی ناوی شارەکانی کوردستان و ئێران لەوێنەی گۆڕینی ناوی ئورمێ بۆ رەزاییەو گۆڕینی ناوی سەڵماس بۆ شاپور هەوڵیدادا کۆمەڵگا لە فەرهەنگی خۆی دوربخاتەوە. لەوانەش زیاتر هەوڵیدا بۆ سەپاندنی زمانی فارسی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی ئێرانداو رێگەی نەدەدا میللەتانی ئێران بە زمانی خۆیان بخوێنن و ئاخافتنی لە شوێنە فەرمیەکاندا کردبوو بە فارسی. لە بواری ئاینیشدا کاری کرد بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی زانایانی ئایینی شیعە و گرنگیدا بە بوژاندنەوەی ئایینی کۆنی ئێرانی. رەزا شا بەهەموو شێوەیەك هەوڵیدا کۆپیەکی تورکیا لە ئێراندا دروست بکات .

لەبەرامبەر ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتی ئێران، کۆمەڵگای ئێرانی بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی نارەزاییان نیشانداو بەرهەڵستی رەزا شاوە هەتا کۆتایی دەسەڵاتەکەی لە ١٩٤١/١٠/٦ دا لە کوردستاندا چەند کۆمەڵەو رێکخراوێکی سیاسی دروست بوون، کە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد خەباتیان دەکرد، لەلایەکی ترەوە چەند جوڵانەوەیەکی جەماوەری دروست بوون کە سیاسەتەکانی دەوڵەتیان پەسند نەدەکردو لە پێناوی مافە نەتەوەیی، ئابووری کۆمەڵایەتییەکاندا تێدەکۆشان، کە دەتوانین لێرەدا بەکورتی باسیان لێوە بکەین !

**یەکەم : کۆمەڵەو رێکخراوەکان**

**١. جەمعیەتی خەیری کوردی ساڵی ١٩٢٧:**

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی بریتانی ئەم کۆمەڵەیە سیاسی بووەو بەنهێنی لە ساڵی ١٩٢٧ دا لە سابڵاغ دامەزراوە. ئامانجی کۆمەڵەکە سەربەخۆیی کورد بووە لە چنگی دەسەر ڵاتی ئێرانی ، بۆگەیشتن بەو ئامانجانەش پشت بەوڵاتە ئەورو پیەکان دەبەستێت بریتانیا . هەر بە پێی ئەو بەڵگەنامەیە ئەو کۆمەڵە هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵیاندا . دامەزرێنەران و بەرپرسانی ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتبوون لەزانایانی ئایینی و سەرۆك هۆزەکان، لەوێنەی کوێخا ڕەحیمی کوری شێخ بورهان نەقشبەندی، حاجی بابەشێخ، قەرەنی ئاغای مامەش و عەزیز ئاغای دیاربەکری. ئەم کۆمەڵەیە لقی خۆی لە تاران و چەند شارێکی کوردستان لەوێنەی ئورمێ کردۆتەوە. عومەرخانی شکاك بەرپرسی لقی ئورمێی کۆمەڵەکە بووە. ئەم کۆمەڵەیە لەڕووداوەکانی کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا رۆڵی بینیوە. وەکو دەردەکەوێت دوای سەقامگیربوونی سیستەمی پەهلەوی

و ڕەزاشاو چەسپاندنی پەیوەندی بەشێوەیەکی توندو تۆڵ لە گەڵ ئێراندا، ئەم کۆمەڵەیە کارو چالاکی نامێنێت .

**٢. کۆمەڵەی کوردی ، ساڵی ١٩٢٧ :**

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٢٧ دا لە سابلاغ دروست بووە ، بەپێچەوانەی "کۆمەڵەی خەیری کورد" ە وە هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ژێرچاودێری یەکێتی سۆڤێتدا. ئەم کۆمەڵەیەش لەژێر کاریگەریی یەکێتی سۆڤێتدا بووەو ماوەیەکی کورت کارو چالاکی ئەنجامداوە .

**٣. حزبی ئازادی کوردستان ، ساڵی ١٩٣٩:**

لەکۆتایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە هەتا کۆتایی سییەکانی هەمان سەدە، بەهۆی سیاسەتی قەدەغەکاری دەوڵەتی ئێرانەوە، دەرفەتی دروستکردنی کۆمەڵەو ڕێکخراو و پارتی زۆر بەرتەسك کرایەوە. ئەمەش وایکرد لەم ماوەیەدا سەرکردەو کەسایەتیە کوردییەکان و سەرۆك هۆزەکان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت پەنا ببەنەبەر بەرەنگاربوونەوەی سەربازی (کەلەبەشی دواتردا باسیان دەکەین) بەڵام دوای ئەوەی بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوەو لایەنگری رەزا شا بۆ ئەڵمانیا، جیهان و ئێران توشی شڵەژان بوون، بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان لە گۆڕان کرد. لەم سەروبەندەداو لەساڵی ١٩٣٩دا حزبی ئازادی کوردستان بەسەرۆکایەتی (عەزیزی زەندی) دروست بوو. عەلادین سەجادی لە شۆڕشەکانی کوردا باس لەوە دەکات کە ژمارەیەك لاوی دیاری سابلاغ لەڕیزی ئەم حزبەدا بوون، لەوێنەی کەریم یاهو، مەحمود مەحمودیان و محەمەد نانەوازادە. تێڕوانینی جیاجیا لەسەر کاتی دامەزراندنی ئەم حزبە هەیە، هەژار موکریانی کاتی دامەزراندنی دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤١. هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ ساڵی ١٩٣٨. بەڵام مێژووی بەرنامەو ئامانجەکانی کە لە (٢٨)ماددە پێکهاتبوو، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٩ . دەتوانین لەم چەند ماددەی بەرنامەکەیەوە تاڕادەیەك ئەم حزبە بناسین .

١- بۆ ڕێککەوتن و یەکێتی گشتی بێ جیاوازی کورد، ئەرمەنی، تورك و ئاشوری لەسەرتاسەری کوردستاندا خەبات دەکات .

٢- بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی ماددی و مەعنەوی برایانی کوردستانی، بێ جیاوازی زمان، جل و بەرگ، ئایین و گێڕانەوەی سنوورەکانی کوردستان و لوڕستانی کۆن بۆ حاڵەتی پێش دەسکاریکردنی .

٣- لەماددەی نۆیەمی ئامانجەکانیشدا هاتووە؛ کاردەکەین بۆ چەکدارکردن و ئامادەکردنی پێویستیەکانی بەرگریکردن لە کوردستان و تێکۆشانی چڕ لە دژی دیکتاتۆری و فاشستی.

لێرەوە تێدەگەین کە ئەم حزبە ئامانجی نەتەوەیی هەبووە، هاوکات باوەڕی بەپێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کوردستان هەبووە، لەگەڵ ئەمانەدا ئامادەبووە کە خۆی و گەل چەکدار بکات بۆ ڕووبەڕوونەوەی توندوتیژی و ستەمی دەوڵەت. هەرئەمەش هۆکارە بۆئەوەی کەڕۆڵی بەرچاو ببینێ لە ڕاپەڕینەکانی ئورمیە لە ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٢)دا .

لـە ڕاپۆرتێکـی وەزیـری جەنگـی ئێرانـی (ئیبراهیـم زەنـدی) کـە بـۆ (عەلـی سـوهەیلی)ی سـەرۆك وەزیـری نـاردووە، هاتـووە؛ هەواڵەکانـی لەشـکری چـواری کوردسـتان ئـەوە ڕادەگەیەنـن کـە بـەم دواییانـە حزبـی ئـازادی کوردسـتان لەمهابـاد دامـەزراوەو بەرنامـەی حزبـی ناوبـراو بەزمانەکانـی (کـوردی، ئەرمەنـی، ئاشـوری) نوسراوە."ئـەم ڕاپۆرتـەش بەرنامـەو کارنامەکەیـان پشـت ڕاسـت دەکاتـەوە. وەکـو دەردەکەویـت ئـەم حزبـە سـوودی لـەو بارودۆخـە بابەتیـە وەرگرتـووە کەبەهـۆی شـەڕی جیهانـی و دەسـتێوەردانی بریتانیـاو یەکێتـی سـۆڤێت لـە ئێرانـەوە خوڵقابـوو. بـەڵام کارو خەباتیـان بـەردەوام نابێـت، بـۆ ئەمـەش دوو تێڕوانیـن هەیـە هەندیـك پێیـان وایـە ئـەم پارتـە نـاوی خـۆی گۆڕیـوەو بووەتـە کۆمەڵـەی (ژ.ك). بـەڵام (کریـس کۆچێـرا) بەپشـت بەسـتن بـە ڕاپۆرتێکـی (ریدریـۆ پـۆلارد)ی باڵوێـزی بریتانیـا لـە تـاران کـە بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتەکـەی خـۆی بەرزکردۆتـەوە، دەڵێـت؛ ئـەم حزبـە لەلایەنـی یەکێتـی سـۆڤێتەوە هەڵوەشـێندراوەتەوە. چونکـە لـەو ڕپۆرتـەدا هاتـووە؛ "دوو ڕووداو هـەن کـە هەڵوێسـتی روسـەکان دەردەخـەن بەرامبـەر بەچالاکـی نەتەوەیـی کـوردان لـەم سـاڵەدا (١٩٤٢)و بەجوانـی دەردەکەوێـت بەسـنوور خۆپارێـزی هەڵسـوکەوت دەکـەن، ئەویـش ئەوەیـە کـە لەمانگـی کانونـی دووەمـی ١٩٤٣دا دەسـەڵاتدارانی یەکێتـی سـۆڤێت کۆمیتـەی (حزبـی ئازادیخواز)کـە کـوردو ئاشـوری و ئەرمەنـی لەخۆگرتبـوو، دوای ئـەوەی چـوون بەگـژ جەندرمـەی ئێرانـدا ، هەڵیانوەشـاندەوە ." هەروەهـا هەرحـزب و جوڵانەوەیـەك ئارامـی ناوچەکـەی لـەق بکردایـە بـەردەوام گومانـی فاشـیزمبوونیان دەخسـتە پاڵیـان. ئەمەشـیان بـەو مەبەسـتە کـردووە هەتـا ناوچەکـە ئـارام بێـت و هاوکاریـان لەڕێگـەی ئێرانـەوە لەلایەنـی هاوپەیمانەکانـەوە پـێ بـگات بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەڵمانـەکان بـەڵام دۆزی کـوردو گەلانـی ناوچەکەشـی کـردووە بەقوربانـی پاراسـتنی خـۆی.

**دووەم :جوڵانەوە چەکدارییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان**

پێشـتر باسـمان لـە جوڵانەوەکانـی لوڕسـتان، ئـەردەڵان و سـمکۆی شـکاك کـرد، کەهەتـا سـاڵانی ١٩٢٨بەشـێوەی جیاجیـا دامرکێندراونـەوە، یـان بـێ کاریگەرکـران. لێـرەدا دەمەوێـت گرنگـی بـەو جوڵانەوانـە بـدەم کـە لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٧هەتـا ١٩٤٢بەرپـا بـوون و دەیانخواسـت ڕێگـە لـە جێبەجـێ کردنـی یاسـاو بڕیارەکانـی رەزا شـا بگـرن .

١ـ راپەرینی حەمە رەشیدخانی بانە (١٩٢٤-١٩٣٠،١٩٤١-١٩٤٤)

حەمەڕەشـیدخانی بانـە(٤٩) لەسـاڵی ١٩٢٤دا بۆجـاری یەکـەم هەڵوێسـت لـەدژی دەسـەڵاتی ئێرانـی نیشـاندەدا. هەرچەنـدە حکومـەت تێکدەشـکێت و ئەمـەش وادەکات حەمەڕەشـیدخان کاریگەریـی لەناوچەکـەدا زیـاد ببێـت و حکومەتیـش بەهـۆی خەریـك بوونـی بـە ڕاپەڕینەکانـی لوڕسـتان، ئەردەڵان و سـمکۆی شـکاکەوە ناپەرژێـت کـە بچێتـە سـەر حەمەڕەشـیدخان هاوکاتـی ئەمـە دەوڵەتـی ئێـران سـنوری لەسـەر هـۆزە پشـدەرییەکان داخسـت و ڕێگـەی نـەدان سـوود لـە لەوەڕگاکانـی سـنوور وەربگـرن و سـێ مەرجـی بـۆ دانـان هەتـا سـوود لـەو لەوەڕگایانـە وەربگـرن، ئەوانیـش ئـەم مەرجانـە بـوون؛ دەبێـت هـەر کەسـێك لیرەیەکـی عوسـمانی وەکـو مۆڵکانـە بداتـە دەوڵەتـی ئێـران. هەروەهـا

چەکەکانیان ڕادەستی دەوڵەتی ئێران بکەن و باجی (١٠) ساڵی ڕابردووش بدەنە دەوڵەت. ئەمەش بووە هۆی ڕودانی ئاڵۆزی لەنێوان هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕ لەگەڵ دەوڵەتداو ئەو ئاڵۆزییانە هەتا ساڵی ١٩٢٧درێژەی کێشا. دواتر ئەو هۆزانە خۆیان دایەنە پاڵ حەمەڕەشیدخانی بانە و بەمەش شەڕو پێکدادان لە نێوان سوپای ئێران و حەمە ڕەشید خاندا دەستی پێ کردەوە. هەتا لە ساڵی ١٩٢٨ئێران داوای لە ئێراق کرد کە سنوری خۆی بەڕووی حەمەڕەشیدخاندا دابخات و ڕێگەی نەدات ئەمدیووئەودیوو بکات. هاوکات داوای لەهەندێك هۆزی ناوچەکە کرد کە ناکۆکیان لەگەڵ حەمە رەشید خاندا هەبوو، بۆئەوەی هاوکاری بکەن. دوای ئەوەی توانی پشتیوانی چەند تیرەو خێڵێك پەیدا بکات و پەیمانی هاوکاری لە ئێراق وەرگرت، بەهێزێکی مەزنەوە هێرشی کردەسەر ڕاپەڕیوەکان. هەرچەندە بەرخودانێکی گەورەیان کرد، بەڵام لەئەنجامدا حەمە ڕەشیدخان تێکشکاو سنوری باشوری تێپەڕاندو چووە زێدی خۆی لە دارۆخان لە ناوچەی شلێر. ئەحمەد تۆفیق بەگی پارێزگاری سلێمانی لەبن ناوی میوانداریدا بانگی دەکات بۆ سلێمانی و بەفەرمانی سەرۆکی حکومەت نوری سعید دەستگیری دەکات و ڕەوانەی موسڵ دەکرێت و لەناوەڕاستی مانگی تەموزی ١٩٣٠هەتا تەموزی ١٩٣١بە دەستبەسەری لەموسڵ دەبێت و پاشان دوور دەخرێتەوە بۆ ئامێدی و هەتا تەموزی ١٩٣٢لەوێ دەبێت و پاشان ئازاد دەکرێت (بەکەفالەتی شێخ لەتیف و حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) دواتر گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی مانگی نیسانی ١٩٣٦جارێکی ترو بەپلان و لەکاتی چونیدا بۆ سلێمانی دەستگیری دەکەن، دواتر بەهاوکاری شێخ لەتیفی حەفید و کۆمەڵەی برایەتی و بەرپرسیاری زیندانی سلێمانی لە ١٩٣٧/٨/٢٢دا هەڵدێت و دەچێتەوە ناوچەی خۆیان. هەتا دوای کودەتای ١٩٤١ی رەشید عالی گەیلانی ، بێ دەنگ بووە، بەهۆی ئەو کودەتایەوە گەڕایەوە بانە.

دوای گەڕانەوەی بۆ رۆژهەڵات ، بانگەوازی بۆ هۆزەکان کرد و داوای کرد کە کۆببنەوە بۆ ڕاپەڕین، داوای لە هێزەکانی ئێرانیش کرد کە خۆیان بدەن بەدەستەوە . دواتر لە ١٩٤١/٩/١ دا شاری (بانە)ی رزگار کردو ئیدارەی کاتی بۆ دروست دەکات. رۆژی ١٩٤١/٩/١٣شاری سەقز و ١٩٤١/٩/٢٤سەردەشت رزگار دەکات، دوای ئەمە دەخوازێت مهاباد رزگاربکات، بەڵام بەهۆی هاوکاری نەکردنی هەندێك لە خێڵەکانەوە ناتوانێت مهاباد رزگار بکات لەساڵی ١٩٤٣دا بەهاوکاری ئینگلیزەکان کە ئەو کاتە هەتا (سنە)یان داگیر کردبوو، توانی دیواندەرەو مەریوان رزگار بکات، ئەم ڕاپەڕینەی حەمە ڕەشیدخان هاوکاتی دەستێوەردانی بریتانیاو روسیا بوو لە ئێران و لابردنی رەزا شاو دانانی محەمەدی کوڕی لە جێگەیدا لە ١٩٤١/٩/٦ دا. دەسەڵاتی ئێران کاتێك کەزانی ناتوانێت راپەڕینەکەی حەمەڕشیدخان سەرکوت بکات لە رۆژی ١٩٤٣/٥/٨ دا وەکو حاکمی ناوچەکە دانی بە حەمە رەشید خاندا نا.

(٤٩) حەمە ڕەشیدخان ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی شیوەو گوێزان لە ناوچەی شلێری پێنجوێن لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٤کۆچی دوایی کردووە . کوڕی قادرخانی عەبدوڵڵابەگی بارام بەگەو لەبەگزادەکانی شاری بانەیە و دوای مردنی باوکی لەساڵی ١٩٣٥دا دەبێتە گەورەی بنەماڵەکەیان.

بەڵام حەمە رەشید خان وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ دەجوڵایەوەو رادیۆیەکی هەرێمیشی بۆ خۆی دانا. ئەم هەڵسوکەوتەی حەمەڕەشیدخان ئێرانی نیگەران کردبوو، ئێران دوای ئەوەی لەگەڵ بریتانیادا بەشێك لە کێشەکانی خۆی چارەسەر کرد، دڵنیابویەوە لەوەی کەئیتر بریتانیا هاوکاری راپەڕیوەکان ناکات، هێرشی زەمینی و ئاسمانی کردە سەر ناوچەکەو سوودی لە ناپاکی و زانیارییەکانی (٤٨) سەلیم خان و نەسرەتوڵاخان وەرگرت کەزۆر زانیاریان لەسەر توانا و نهێنی هێزەکانی حەمە رەشیدخان دایە دەوڵەت و بەو شێوەیە دەوڵەت توانی راپەڕینەکە سەرکوت بکات و حەمە رەشید خان و بەشێك لەهێزەکانی کشانەوە بۆ ناوچە چیاییەکان. دواتر حەمە ڕەشیدخان لە ١٩٤٦/٢/١٥دا لەگەڵ (٢٥٠)چەکداردا چووە مهاباد و بەشداری کۆماری کرد، لەوێ پلەی جەنەراڵی پێ بەخشرا. جێگەی ئاماژەیە کە حەمە ڕەشید خان لە ساڵانی بیستەکاندا ماوەیەك هاوکاری شێخ مەحمودی کردووە .

**٢. جوڵانەوەی ناوچەکانی هەورامان و مەریوان**

مەحمودخانی کانی سانانی، مەحمودخانی دزڵی و جافرسانی هەورامی لە بەهاری ١٩٢٦ دا لە دژی حکومەتی ئێران ڕاپەڕینان بەرپاکرد. لەم کاتە دا شێخ مەحمود بەهۆی شەڕی لەگەڵ بریتانیەکاندا دەچێتە لای مەحمودخانی کانی سانانی و هاوکاری راپەڕینەکەیان دەکات. ڕاپەڕیوەکان هەوڵدەدەن شاری (سنە )ش بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، بەڵام هیچ لایەکیان سەرناکەون. دواتر لە ساڵی ١٩٢٧دا دەوڵەت هێزێکی مەزن لەتاران و هەمەدانەوە دێنێت و لەڕێگەی فەرماندار(عەبدوڵلاخان تەهماسپ)ە وە هەوڵیدا راپەڕینەکە سەرکوت بکات، سەرەتا جەنەڕاڵ عەبدوڵلاخان پەیوەندی کرد بەسەرۆك هۆزەکانەوەو پەیمانی پێدان کەئەگەر ڕووبەڕووی سوپای دەوڵەت نەبنەوەو چەکەکانیان لێ وەرناگرێت و ئەندامانی خێڵەکانیشان نابات بۆ سەربازی، بەوشێوەیە توانی مەحمود خانی دزلێ و جافەرسانی هەورامی ڕازی بکات. ئەمە بووە هۆی پارچەبوونی ڕاپەڕینەکە. دوای ئەمە سوپایەکی ڕەوانەی مەریوان کرد و توانیان هێزەکانی مەحمود خانی کانی سانانی تێکبشکێنن و ئەویش ڕووی کردە باشووری کوردستان و خۆی ڕادەستی هێزەکانی ئێراق کردو هەتا ساڵی ١٩٤١بە زیندانی مایەوەو دواتر گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی و پاش ماوەیەك دەستگیر کرایەوەو بردیان بۆ تاران و لە زیندانی قەسری قاجاری بەندکرا و لە ١٩٤٥/١/١ دا رۆژنامەی (کوهستان) هەواڵی کۆچی دوایی بڵاو دەکاتەوە .

دوای تێکشکانی مەحمود خانی کانی سانانی سوپاکەی دەوڵەت هەوڵدەدات یاساو فەرمانی دەوڵەت بچەسپێنێ، لە ئەنجامدا لە حوزەیرانی ١٩٢٧ دا مەحمود خانی دزڵی هێرش دەکاتە سەر سوپای ئێران و ژمارەیەکیان لێ دەکوژێت،

(٥٠) سەلیم خان پێشتر سێ ساڵ لەزینددادا بووەو کە ئازاد بووە بەشداری جوڵانەوەکەی حەمەڕەشیدخانی کرد و لەکاتی حکومەتی حەمە ڕەشیدخاندا کرایە فەرمانداری بانە. نەسرەتوڵاخان بەرپرسی دارایی و ئابووری حکومەتی بانە بوو. بەڵام خۆیان ڕادەستی حکومەتی ئێران دەکەن و زانیاری لەسەر تواناکانی حەمەڕەشیدخان دەدەن بەدەوڵەت.

بەمشێوەیە هەتـا سـاڵی ١٩٣٠شـەڕو پێکـدادان لـە نێوانیانـدا بـەردەوام دەبێـت هەتـا لـە مانگـی ١٩٣٠/١٢ دا هێزێکـی مەزنـی سـوپای ئێـران هێـرش دەکاتـە سـەر مەحمـود خانـی دزڵـی و ناچـاری دەکـەن ناوچەکـە جـێ بهێڵـێ و سـنوری باشـور تێپـەڕ بـکات و بریتانیـەکان دەیگـرن و بۆماوەی ٧ سـاڵ لـە کەرکـوك زیندانـی دەکـەن و لـە سـاڵ ١٩٣٧دا ئـازاد دەبێـت و دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوچەکـەی خـۆی، لـە ١٩٤٧/٩/٣دا لەماڵـی خۆیـدا لـە گونـدی ملـە خـورد بەدەسـتی ئەفسـەرێکی ئێرانـی ژەهرخـوارد دەکرێـت و کۆچـی دوایـی دەکات. هـەر لـەم کاتـەدا هێـرش دەکەنـە سـەر (جافەرسـان) و ئەویـش ناچـار دەکـەن ڕووبکاتـە باشـوری کوردسـتان دوای ئـەوە دەوڵـەت ئـەو ناوچانـە داگیـر دەکات و دەسـت دەکات بـە چەکداماڵینـی هۆزەکانـی ناوچەکانـی لهـۆن و مەریـوان و دواتریـش دەسـتیان بەتـاڵان کـردو بەشـێکی هۆزەکانـی ئەوهەرێمـەی بـۆ ناوچەکانـی (قـوم و سـمنان) راگواسـت و بـەزۆر نیشـتەجێی کـردن .

**٣. ڕاپەڕینی مەنگوڕە کان ، ساڵی ١٩٢٨و ١٩٢٩**

مەنگـوڕەکان لـە دژی هەوڵەکانـی حکومەتـی رەزا شـا بـۆ لەبەرکردنـی جلـو بەرگـی بیانـی و کڵاوی پەهلـەوی ناڕەزاییـان دەربـڕی، مەلاخەلیـل (٥١) سـەرۆکایەتی ئـەم ناڕەزاییـەو ڕاپەڕینـە دەکات. سـەرەتای ڕاپەڕینەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ زسـتانی سـاڵی ١٩٢٨کـە (سـالار ئـەشرەف)ی کاربەدەسـتی حکومـەت لـە مهابـاد، خەڵکـی شـاری لەناوچـەی (کانونـی ئەڤسـەران)کۆکردەوە و خواسـتی بـە زۆر بڕیـاری داکەندنـی جلـی کـوردی و لـە بەرکردنـی جلـی بیانـی و کڵاوی پەهلەویـان بەسـەردا بسـەپێنێ. مەلاخەلیـل ناڕەزاییەکـی تونـدی بەرامبـەر ئـەم بڕیـارە نیشـانداو بڕیاریـدا کـە هـۆزی مەنگـوڕ بـۆ دژایەتـی ئـەو بڕیـارە ئامـادە بـکات و ناوەندێکـی دامەزرانـد بـۆ پەیوەندیکـردن بـە هۆزەکانـی تـری کوردسـتانەوە. ناوەندەکـەی ناونـا (ئیتحـاد و ئیتفـاق) و سـەرۆك هۆزەکانـی (گـەورەك _سەردەشـت_ نەعیلـی) بانگێشـت کـرد و فەقـێ عیسـا و عەلـی ئاغـای سوێناسـی هاتنـە لای و بڕیاریانـدا کـە گونـدی (حاجـی مامیـان) بکەنـە ناوەنـدی خۆیـان و ڕاپەڕینـە کەیـان .

سـەرەتا هێرشـیان کـردە سـەر دەزگا سـەرکوتکەرەکانی حکومـەت و دواتـر هێڵـی پەیوەنـدی نێـوان سـابڵاخ و سەردەشـتیان بـڕی و ناوچەکانـی نێـوان ئـەو دووشـارەیان گـرت و کاریگەرییـان گەیشـتە (نەغـەدەو خانـە) ئـەم بارودۆخـە دەوڵەتـی سـەغڵەت کـردو ئیـتر دەوڵـەت پەنـای بـردە بـەر فێـڵ و تەڵەکـەو ژمارەیـەك سـەرکردەو کەسـە دیارەکانـی هـۆزی مەنگـوڕ کـە پێشـتر گرتبوونـی ئـازادی کـردن، لەوێنـەی (هەمـزە ئاغـا و حەسـەن ئاغـا)، دیـارە ئەمـەی لـە خۆشەویسـتی بـۆ ئـەو کەسـانە یاخـود لـە دڵسـۆزییەوە بـۆ گەلـی کـورد نەبـوو، بەڵکـو ئـەوەی کـرد بـۆ ئـەوەی هـۆزی مەنگـوڕ دوای مـەلا خەلیـل نەکـەون و ڕاپەڕینەکەیـان شکسـت بێنـێ، بـەڵام مـەلا خەلیـل و ڕاپەڕیوەکانـی گرنگیـان بـەم کارە نـەداو بـەردەوام بـوون لـە کاری خۆیـان.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٥١)مـەلا خەلیـل؛ سـاڵی ١٨٧٦ لـە گونـدی گۆڕهۆمـەری ناوچـەی سەردەشـت لەدایـك بـووەو ماوەیـەك ڕێبازی سـۆفیگەری گرتۆتەبـەر و بـووە بەموریـدی شـێخ یوسـف بورهانـی نەقشـبەندی. کەسـێکی تێگەیشـتوو و کۆمەڵایەتـی بـووەو سـاڵی ١٩٥٧کۆچـی دوایـی کـردووە.

لـەم کاتـەدا مـەلا خەلیـل داوای پشـتیوانی لـە عەبـاس ئاغـای سـەرۆکی هـۆزی پشـدەرو شـێخ مەحمـود کـرد، بـەڵام بـەدەم هاوارەکەیـەوە نەچـوون. دواتـر دەوڵـەت توانـی (باییزئاغـا) لـە مـەلا خەلیـل دابـڕێـت و بەهـاوکاری خێڵەکانـی (مامـەش و دیبوکـری) مـەلا خەلیـل لاواز دەکـەن و لـە ڕێگـەی هێرشـی ئاسمانی و زەمینیـەوە مـەلا خەلیـل ناچـار دەکـەن ڕوو بکاتـە باشـووری کوردسـتان. بەمـەش ڕاپەڕینەکـەی مـەلا خەلیـل و مەنگوڕییـەکان تێکشـکا، بـەڵام دەوڵـەت ناچـار بـوو کـە بەبڕیارو هەڵوێسـتەکانی خۆیـدا بچێتـەوە .

**٤. ڕاپەڕینی ئاراراتی بچوک** (١٩٣٠_١٩٣١)

عەبدوڕەحمانـی قاسـملۆ دەڵـێ؛ ڕاپەڕینـی هـۆزی جەلالـی پەیوەسـتە بـە ڕاپەڕینـی ئاگـری کـە بەسـەرکردایەتی ئیحسـان نـوری پاشا بەڕێوە چـوو، بەسـەرکردایەتی (بێرهـۆ _بروحسـکی و فەرزەندە (ئیبراهیـم پاشـای جەلالـی کـە ئەندامـی کۆمەڵـەی خۆیبـوون بـوو) بەڕێوەچـوو . ئـەم جوڵانەوەیـە لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٣٠_١٩٣١) دا رویانـدا .

سـەرەتای ڕووداوەکان لەوێـوە دەسـتی پێکـرد کـە دوای شکسـتی ڕاپەڕینـی ئاگـری، بەشـێك لـە سـەرکردەکانی ڕاپەڕینەکـە سـنوریان بەزانـدو چوونـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە، بـەڵام خۆیـان ڕادەسـتی حکومـەت نەکـرد، بەڵکـو پەنایـان بـردە بـەر تیـرەی (خەلیـکان لـو)ی هـۆزی جەلالـی و لای خالیـد ئاغـا مانـەوە لـەو کاتـەدا ئـەو تیـرە خەریکـی کۆچکـردن بـوون بـەرەو گەرمێـن. بـەڵام دەوڵـەت ڕێگایـان لـێ دەگرێـت و لـە ناوچـەی (ماکۆ)(حەسـەن ئەیـوب) ی ئامـۆزای خالیـد ئاغـا دەکـوژن. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی خالیـد ئاغـا هێـرش بکاتـە سـەر پاسـگای (تنـگ کاجـوت) و دەسـتی بەسـەردا دەگـرن. هەرلـەو کاتـەدا دەوڵـەت دەیخواسـت خێڵەکانـی (حەسـەنلو وحەیدەرانلـو) رابگوازێـت ئەمـەش وایکـرد ئـەو هۆزانـەش بچنـە پـاڵ ڕاپەڕیـوەکان. دوای ئـەوەی چەندیـن هەوڵـی دەوڵـەت بۆتێکشـکانی ڕاپەڕینەکـە سـەری نەگـرت. لـە پایـزی سـاڵی ١٩٣١دا دەوڵـەت پەلامارێکـی مەزنـی ناوچەکـەی داو (بروحسـکی)ی سـەرۆکی ڕاپەڕینەکـە کـوژرا، دوای ئـەوە (فەرزەنـدە) سـەرۆکایەتی ڕاپەڕینەکـەی کـرد، پـاش ماوەیـەك ئەویـش کـوژرا، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی ڕاپەڕینەکـە تێکبشـکێت و لـە ١٩٣١/١١/١ دا دەوڵـەت دەسـتی بەسـەرناوچەکەدا گـرت، لـەدوای ئـەم ڕاپەڕینـە ئێـران و تورکیـا لـە ١٩٣٢/١/٢٣ دا پەیمانـی هـاوکاری سـنوریان ئیمزاکـرد. ئێـران شـکانی ئـەم ڕاپەڕینـەی کـردە دەرفـەت بـۆ جێبەجێکردنـی مەرامەکانـی و بەشـێکی هـۆزی جەلالـی راگواسـت بـۆ شـارکانی سـوڵتان ئابـاد، کرمـان و شـیرازو هەتاسـاڵی ١٩٣٥بەشـێك لەپلانەکانـی جـێ بەجـێ کـرد.

**٥. ڕاپە ڕینەکانی کوردەکانی ئورمێ ١٩٤١_١٩٤٢**

دوای ئـەوەی محەمـەدڕەزا شـا چـووە جێگـەی باوکـی و بـووە بـە پاشـای ئێـران، هەوڵیـدا لـە ڕێگـەی زەبـرو زەنگـەوە دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر ناوچەکانـی ئێرانـدا بسـەپێنێ. ئەمـەش کاردانـەوەی لـێ کەوتـەوەو لـە ناوچـەی ئورمـێ "عومەرخانـی شـکاك، رەشـید بەگـی جیهانگیـری، تەهـا هەرکـی، زێـڕۆ بەگـی هەرکـی" لـەدژی دامودەزگاکانـی دەوڵـەت ڕاپەڕیـن و لەماوەیەکـی کورتـدا توانیـان دەسـت بەسـەر ناوچەیەکـی فراوانـدا بگـرن و دەسـەڵاتی ناوەنـدی وەدەرنێـن. ئـەم جوڵانەوەیـەش ترسـی

لـە دڵـی دەسـەڵاتی ئێرانـدا دروسـتکردو سـەرنجی زلهێـزە جیهانیەکانیشـی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـا. ڕاپەڕیـوەکان توانیـان ئورمـێ گەمـارۆ بـدەن. بەپێـی هەندێـك بەڵگـە حزبـی ئـازادی ڕۆڵـی سـەرەکی لـە ڕێکخسـتنی ئـەم ڕاپەڕینـەدا هەبـووە. بـەڵام یەکێتـی سـۆڤێت دژی ئـەم ڕاپەڕینـەو هەڵوێسـتی حزبـی ئـازادی بـووەو فشـار دروسـت دەکات بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی حزبـی ئـازادی و ئەمـەش وادەکات کـە ڕاپەڕینەکـە دامرکێتـەوە .

**سێیەم : کومەڵەی (ژ . ك) و کۆماری کوردستان**

وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد، هەندێـك سـەرچاوە بـاس لـەوە دەکـەن کـە حزبـی ئـازادی کوردسـتان لـە ساڵی ١٩٤٢دا نـاوی گۆڕیـوەو بـووە بـە کۆمەڵـەی (ژ.ك) هەندێکیـش پێیـان وایـە کـە ئـەم کۆمەڵەیـە جیـاوازەو لـە ئەنجامـی ئـەو بارودۆخـەی کـە لەوکاتـەدا لـە مهابـاد خولقابـوو، نـە دەسـەڵاتی ناوەنـد، نـە دەسـەڵاتی یەکێتـی سـۆڤێت و نـە دەسـەڵاتی بریتانیـای تێـدا نەبـوو، بۆشـاییەکی ئیـداری و سیاسـی هەبـوو، کۆمەڵێـك ڕۆشـنبیر و کەسـایەتی مهابـاد بـە سـوود وەرگرتـن لـە ئەزموونـی ڕابـردوو و بـە هـاوکاری حزبـی هیـوای باشـووری کوردسـتان ئـەو کۆمەڵەیـان دروسـت کـرد. عەبـدو لڕەحـمان زەبیحـی و مستەفاخۆشـناو کـە دوو ئەندامـی چالاکـی حزبـی (هیـوا) بـوون، لـە کۆبوونـەوەی دامەزراندنـی کۆمەڵـەی (ژ.ك)دا ئامادەبـوون. کاریگەریـی هیـوا بـە سـەرگۆڤارەکەی (ژ.ك)کە بەنـاوی (نیشـتمان)ەوە دەریاندەکـرد دیاربـوو. کۆمەڵـەی (ژ.ك)بەپێـی هەندێـك بەڵگـە نـاوی (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان) بـووە و هەندێکـی تـر دەڵێـن (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد) بـووە.

هەمـوو سـەرچاوەکان کۆکـن لـە سـەر ئـەوەی کـە ئـەم کۆمەڵەیـە لـە ١٩٤٢/٨/١٦ دامـەزراوە و لـە نیسـانی ١٩٤٣دا کۆنگـرەی بەسـتووە و بەرنامـە و پەیـڕەوی خـۆی دادەڕێژێـت و سـەرۆك و سـەرکردایەتی دیـاری دەکات و بڕیاریـش دەدات کـە پەیوەنـدی لـە گـەڵ یەکێتـی سـۆڤێت دروسـت بـکات و گۆڤارێکیـش بـە نـاوی (نیشـتمان)ەوە دەربـکات. عەبدولڕەحـمان قاسـملو دەڵێـت؛ دامەزرێنەرانـی کۆمەڵەکـە ئەمانەبـوون؛ حسـێن فروهـەر کـە سـەرۆکی کۆمەڵەکـەش بـوو، عەبدولڕەحـمان زەبیحـی، عەبدولڕەحـمان ئیمامـی، عەبدولقـادری مودەڕیسـی، نەجمەدیـن تەوحیـدی، محەمـەد نانـەوازادە، عەلـی مەحمـودی، محەمـەد ئەسـحابە، عەبدولڕەحـمان کەیانـی، سـەدیقی حەیـدەری و قاسـمی قـادری .

**ئامانجەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک) لەم خاڵانە دا کۆکراوەتەوە :**

١ـ کۆمەڵـەی (ژ.ك) لەبەرامبـەر ئـەو کۆسـپ و تەگەرانـەدا تێدەکۆشـێت کـە ئاسـتەنگن لەڕێـگای پێشـکەوتن و سـەرکەوتنی کـورددا لەوێنـەی دوژمنایەتـی خۆبەخـۆ، دووبەرەکـی و هەرکـەس بۆخـۆی ، پـول پەرسـتی و بێگانـە دۆسـتی.

٢ـ کۆمەڵـە بەهەمـوو هێـزو توانایـەوە تێدەکۆشـێت هەتـا زنجیـرو کۆتـی دیلـی و ژێردەسـتی لـە ئەسـتۆی نەتـەوەی کـورد دامباڵێـت و کوردسـتانی گـەورە بونیـاد بنێـت .

٣ـ یەکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئازادکردنی نەتەوەی کورد.

٤ـ خزمەتکردن و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی گەلانی جیهان.

٥ـ کۆمەڵـە بـە چاوێـك سـەیری هەمـوو هـۆزو خێڵەکانـی کـورد دەکات و بـۆ برایەتـی هەمـووان کۆشـــش دەکات.

٦ـ کۆمەڵــەی (ژ.ك) لــە ســەر چــوار کۆڵەکــەی؛ ئیســلامیەتی، کوردایەتــی، مەدنیــەت، ســوڵح و ئاشــتیخوازی دامــەزراوە .

کۆمەڵـەی (ژ.ك) سـەرەڕای دۆسـتایەتی لـە گـەڵ حزبـی هیـوا، پەیوەنـدی لەگـەڵ حزبـی شـیوعی، حزبـی رزگاری لـە باشـور و کۆمەڵـەی خۆیبـوون هەیـە لەرۆژئـاوا. لەسـاڵی ١٩٤٤ قـەدری جەمیـل پاشـا سـەرۆکی کۆمەڵـەی خۆیبـوون و قـازی مـەلا وەهـاب وەکـو نوێنـەری خۆیبـوون سـەردانی مهابـاد دەکـەن و پشـتیوانی خۆیـان بـۆ هەنگاوەکانیـان نیشـان دەدەن. دواتـر لـە مانگـی ئابـی ١٩٤٤ دا رێککـە وتنـی سـێ سـنوور لـە چیـای داڵانپـەر لەسـەر سێگۆشـەی سـنووری نێـوان باکـور، رۆژهـەڵات و باشـوردا لـە نێـوان نوێنەرانـی کۆمەڵـەی (ژ.ك) قاسـم قـادری و شـێخ عەبدوڵـڵای زێنویـی نوێنـەری حزبـی (هیـوا) و قـازی مـەلا وەهـاب نوێنـەری خۆیبـوون، واژۆ دەکرێـت و ئامانـج لـەم ڕێککەوتنـە هاوکاریکـردن و پشـتیوانیکردنی کوردەکانـی هەرچـوار بەشـی کوردسـتان بـۆ یەکـتری بـوو.

کۆمەڵـەی (ژ.ك) لـەو ڕوانگـەوە کـە بـاوەڕی بەیـەك پارچەیـی کوردسـتان هەیـە، دوو لقـی لـە شـارەکانی هەولێـر و سـلێمانی دامەزرانـد. حامیـد گەوهـەری دەڵـێ لقـی سـلێمانی لەمانگـی ئابـی ١٩٤٣ دا لەلایەنـی کەسـانی نیشـتمانپەروەری وەکـو (ئیسـماعیل حەقـی شـاوەیس، ئیبراهیـم ئەحمـەد، صدیـق شـاوەیس، فایـەق بێکـەس و عوسـمان دانـش)ەوە دامـەزراو دوو ژمـارەی رۆژنامـەی (دەنگـی راسـتی) یـان دەرکـرد. ئیبراهیـم ئەحمـەد بـاس لـەوە دەکات کـە چەنـد ژنێـك لـەم لقـەدا بوونەتـە ئەنـدام، وەکـو (ناهیـدە شـێخ سـەلام، بەهیـە مەعـروف، زەکیـە بابـان، رەعنـا ئەحمـەد).

کۆمەڵـەی (ژ.ك) لـە سـەرەتادا زیاتـر لەنـاو ڕۆشـنبیران و گەنجانـدا خـۆی ڕێکدەخـات، بـەڵام دواتـر دەبینـێ کـە بـەو شـێوەیە ناتوانێـت وەڵامـی هەمـوو گـەل بداتـەوە، ئیـتر ڕوو دەکاتـە کەسـانی خـاوەن پێگـەی کۆمەڵایەتـی. لەسـاڵی ١٩٤٤ دا قـازی محەمـەد(٥٢) دەبێتـە ئەندامـی کۆمەڵەکـەو نازنـاوی (بینایـی) وەردە گرێـت. لـەم قۆناخـەدا کۆمەڵـە بەنهێنـی خەبـات دەکات. دوای ئـەوەی قـازی محەمـەد دەبێتـە ئەندامـی کۆمەڵـە، ئیـتر کۆمەڵـە زووتـر هەنـگاو دەنێـت و فـراوان دەبێـت. لەهاوینـی ١٩٤٥ەوە ئەندامانـی ڕێکخراوەکـە گەیشـتنە ئـەو باوەڕییـەی کـە ئـەو ڕێکخـراوە ناتوانێـت ببێتـە وەڵام بـۆ ئـەو قۆناخـە. چونکـە لـەم کاتـەدا شـەڕی جیهانـی بەسـەرکەوتنی بریتانیـا یەکێتـی سـۆڤێت و هاوپەیمانەکانیـان بەسـەر ئەڵمانیـا و هاوپەیمانەکانیـدا کۆتایـی هـات و جوڵانـەوەی گـەلان لـە ئێـران و جیهانـدا زۆر بەرفـراوان بـوو. لـەم کاتـەدا قـازی محەمـەدو شـاندێکی کـورد دەچنە(باکۆ) ی پایتەختـی ئازەربایجـان و (جەعفـەر باقـرۆف) دەبینـن و ئەویـش پشـتیوانی داخوازییەکانـی کـورد دەکات. هەربۆیـە کـە دەگەڕێنـەوە داوا دەکـەن کـە کۆنگـرە ببەسـتن و پارتییـەك دروسـت بکـەن. ئەوەبـوو لـە (٢٥-١٩٤٥/١٠/٢٨) دا کۆنگـرەی خـۆی ئەنجـام دەداو (حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان) دادەمەزرێنـن. بەرنامەکەشـی لـە (٩)مـاددە پێکهاتبـوو کـە دیارترینیـان ئەمانـە بـوون؛

١ـ نەتـەوەی کـورد لەنێـو خـۆی ئێرانـدا ئـازادو سـەربەخۆبێت بـۆ هەڵسـوڕانی کاروبـاری ناوخۆیـی

**خـۆی لەنـاو سـنوری دەوڵەتـی ئێرانـدا خودموختـاری خـۆی بەدەسـت بێنێـت .**

**٢ـ حزبــی دیموکراتــی کوردســتان تێدەکۆشــێت بــۆ ئــەوەی لەگــەڵ نەتــەوەی ئازەربایجــان و کەمایەتیەکانــی (ئاســووری و ئەرمەنــەکان )دا یەکێتــی و برایەتــی تــەواو پێکبهێنێــت .**

**٣ـ ئێمـە دەمانەوێـت گەلەکانـی ئێـران بەتـەواوی هەلـی تێکۆشـانی ئازادییـان بدرێتـێ بـۆ بەختەوەری و پێشـکەوتنی نیشـتمانی خۆیان .**

**دوای دامەزراندنـی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان یەکێـك لـەو بڕیارانـە ئەوەبـوو کـە پەلـە بکرێـت بـۆ دامەزراندنـی کۆمارێکـی سـەربەخۆ کـە ناوەندەکـەی سـابڵاخ بێـت. ئەوەبـوو لـە ١٩٤٥/١٢/١٧ دا بەرامبـەر ٢٦٤٥/٩/٢٦ی کـوردی ئـاڵای ئێرانیـان لەسـەر دامـودەزگاکان داگـرت و ئـاڵای (کۆمـاری کوردسـتان)یان بەرزکـردەوە. هـەر بـۆ ئەمـەش ئـەم ڕۆژەیـان ناونـا ڕۆژی ئـاڵای کوردسـتان. دواتـر لـە ١٩٤٦/١/٢٢ی زایینی بەرامبـەر ٢٦٤٥/١١/٢ لـە مەیدانـی چوارچـرادا کۆمـاری کوردسـتان ڕاگەیەنـدراو قـازی محەمـەد وەکـو سـەرۆکی کۆمـار، کۆمـاری ڕاگەیانـد. هـاوکات حکومەتیـش بەسـەرۆکایەتی حاجـی بابەشـێخ و یـازدە وەزیـر ڕاگەیەنـدرا. کـە سـەیفی قـازی بـووە وەزیـری جەنـگ . کۆمـاری کوردسـتان نزیکـەی (١١) مانـگ تەمەنـی کـردو لـە ١٩٤٦/١٢/١٧ دا، کۆتایـی پـێ هێـنرا. لەمـاوەی ئـەو یـازدە مانگـەدا لـە بـواری ڕۆشـنبیری، پەروەردەیـی، ڕێکخراوەیـی و خزمەتگوزاریـدا هەنـگاوی گرنـگ نـرا. پـەروەردە بـە زمانـی کـوردی پـەرەی پێـدراو لـە خوێندگەکانـدا بەکـوردی وانـە گوترایەوە(لـە باشـوری کوردسـتانەوە ژمارەیـەك مامۆسـتا چوونـە مهابـاد بـۆ ئـەوەی بەکـوردی وانـە بڵێنـەوە). لەبـواری ڕاگەیاندنـدا ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ڕادیـۆی (ئێزگـەی کوردسـتان لـە ١٩٤٦/٥/١دا دامـەزرا) و چەندیـن گۆڤـارو ڕۆژنامـە دەرکـران. لەوانـە گۆڤـاری (گڕوگاڵـی منداڵانـی کـورد) کەیەکەمیـن گۆڤـاری منداڵانـی کـوردی بـوو.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٥٢) قـازی محەمەد(کـوڕی قـازی عەلـی شـاری مهابـادەو بنەماڵەیەکـی نـاوداری ناوچەکـەن. ڕەچەڵەکـی بنەماڵەکەیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ عیسـای باپیـرە گـەورەی کـە لەسـەدەی شـازدەیەمداو لەسـەردەمی (شاتەهماسـپ)ی کوڕی شائیسـماعیلی سـەفەویدا لـە شـاری قازانشـاری گورجسـتانەوە هاتونەتـە ناوچـەی موکریـان و دوای ئـەوەی عیسـا موسـوڵمان بـووەو پەیوەنـدی لەگـەڵ (بـداغ سـوڵتانی موکـری) دروسـت کـردووە، لەشـاری سـابڵاخ نیشـتەجێ بـووە. قـازی محەمـەد لـە ١٩٠١/٥/١ لـە شـاری سـابڵاخ لـە دایـك بـووە. لـە تەمەنـی حـەوت ساڵیدا لـەلای باوکـی دەسـت بـە خوێنـدن دەکات، لەوکاتـەدا پێیـان گوتـووە (میـرزا محەمەد)دواتـر لەچەنـد مزگەوتێـك زانسـتە ئاینیـەکان دەخوێنێـت. هـاوکات گرنگـی بەبابەتـی ئەدەبـی و زانسـتی دەدات و خـۆی دەڵـێ؛» زۆرم هـەوڵ ئـەدا کتێبـی جـۆراو جـۆری زانسـتی بخوێنمـەوەو بـۆ بەدەسـتهێنانی هەرکتێبێـك زەحمەتـی و کوێـرەوەری زۆرم دەکێشـا». سـاڵی ١٩٣١ دەبێتـە سـەرۆکی دائیـرەی پـەروەردە لەسـابڵاخ. لـە ١٩٤٦/١/٢٢ بەرامبـەر ٢٦٤٥/١١/٢ی کـوردی دەبێتـە سـەرۆکی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد. لـە شـەوی ١٩٤٧/٣/٣١ بەرامبـەر ٢٦٤٧/١/١١ لـە گـەڵ سـەیفی قـازی و حەمـە حسـێن خانـی قـازی ئامـۆزای لـە سـێدارە دەدرێـن. لەکاتـی لـە سـێدارەدانیدا جەندرمـەکان دەیانەوێـت چـاوی ببەسـتنەوە، ڕێگەیـان پـێ نـادات و دەڵێ؛»مـن شـەرمەندە نیـم لـە ئاسـت نەتـەوەو نیشـتمانی خۆشەویسـتم هەتـا چـاوم ببەسـتنەوە، مـن دەمەوێـت لـە دوا دەقیقـەی ژیانمـدا، بەسـەربەرزییەوە لەنیشـتمانی جـوان و خۆشەویسـتم بڕوانـم، مـن کـوڕی ڕاسـتەقینەی نەتەوەکـەم بـووم و هـەم، بـژی نەتـەوەی کـورد بـژی ڕزگاری کوردسـتان «

**لەڕووی ڕێکخراوەییەوە لە ١٩٤٦/٣/١٣ دا بە پێشەنگایەتی (میناقازی) یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دامەزراو زۆر ڕێکخراوەی تر دروست بوو. لەڕووی سەربازییەوە سوپای کۆمار دروست کرا.**
**کۆماری کوردستان بووە هیوایەك بۆگەلی کوردو کوردی هەرچوارلای کوردستان و دەرەوە، ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و لاوانی کورد ڕوویانکردە مهابادو هەریەکەو بەپێی توانای خۆی بەشداری لە خزمەتی ئەو کۆمارەدا کرد. مەلامستەفای بارزانیش دوای ئەوەی لە پایزی ١٩٤٥ دا ڕووبەڕووی شکان بوویەوە لەبەرامبەر سوپای ئێراق و بریتانیادا، بەخۆی و نزیکەی (٦٠٠٠)کەس کەنزیکەی (٢٠٠٠)ی جەنگاوەر بوون سنووری ڕۆژهەلاتیان تێپەڕکردو چوونە مهابادو لەوێ بەشدارییان لە دامەزراندی کۆماردا کرد، مستەفا بارزانیش(٥٣) لەناو سوپای کۆماردا پلەی جەنەراڵی پێ بەخشرا. (٥٤) حەمەڕەشید خانی بانەییش لە١٥ـ٢ـ١٩٤٦ چووەتە مهابادو بەشداری لە کۆماردا کرد.**
**چۆن دامەزراندنی کۆمار کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد هەبوو، ئەوا ڕووخانی کۆمارەکەش کۆستێکی مەزن بوو بۆ سەرجەم گەلی کوردستان و یارو دۆستەکانی، بێگومان پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر هۆکارەکانی ڕووخان و تێکچوونی کۆمارە کە بکەین .**
**١ـ کۆماری کوردستان پشتی بە یەکێتی سۆڤێت بەستبوو، هاوکات (٥٥)هاوپەیمانی کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان بوو. ئەمەش وایکرد ئێران و یەکێتی سۆڤێت کە لە ١٩٤٦/٤/٥ ڕێککەوتن و بەپێی ئەو ڕیککەوتنە پێویست بوو هەتا ١٩٤٦/٥/١٠سوپای سۆڤێت خاکی ئێران بەجێ بێڵێت و لەو ماوەیەدا سوپای سۆڤێت خاکی ئێرانیان بەجێ هێڵا. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کۆمپانیایەکی هاوبەشیان دروستکرد بۆ دەرهێنانی نەوتی ئێرانی. واتە ئێران ئیمتیازی نەوتی خۆی دا بەیەکێتی سۆڤێت و یەکێتی سۆڤێت دەسکەوتی سیاسی و ئابووری چنگ کەوت، لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤێت داوای کرد کە پرسی ئازەربایجان بەئاشتی چارەسەر بکرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك باسیان لە دۆزی کورد نەکرد، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە پەیوەندی کوردو یەکێتی سۆڤێت پەیوەندییەکی دۆستانەی دوولایەنە نەبووە، ئەمەش خاڵی لاوازی کورد بووە لەم پەیوەندییەدا هەربۆیە کاتێك یەکێتی سۆڤێت هێزەکانی خۆی کشانەوەو دواتر کۆماری ئازەربایجان خۆی دا بەدەستەوە، ئیتر کۆماری کوردستانیش نەیتوانی خۆی بپارێزێت، لێرەدا پێویستە ئاماژەش بۆئەوە بکەین کە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە کۆماری کوردستان درەنگ دامەزرا، ئەگەر بهاتایە زووتر ڕابگەیەندرایە و بکەوتایەتە سەر پێی خۆی ئەوا بە ئاسانی لە ناو نەدەچوو! ئەم تێڕوانینەش بەشێکە لە ڕاستی و کورد دواکەوت لەم کارەیدا، ئەوەبوو شەڕی جیهانی تەواوبوو، دوای ئەوە ئامادەکارییان کرد بۆ دامەزراندنی کۆمار. بەڵام وەکو دەردەکەوێت هۆکاری ئەمەش پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) و یەکێتی سۆڤێت بووە،**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٥٣) لەناو سوپای کۆماردا مستەفا بارزانی، سەیفی قازی، حەمەڕەشیدخانی بانە، عومەرخانی شکاك پلەی جەنەڕاڵی وەردەگرن و زێڕۆبەگی هەرکی (زێڕۆی بەهادوری) بەرزترین پلەی پێ بەخشرا کە پلەی مارشاڵ بوو .

**ئەوە بوو پێشتر باسمان کرد یەکیتی سۆڤێت (حزبی ئازادی) هەڵوەشاندەوە، چونکە خواستی بە سەربەخۆ هەڵسو کەوت بکات، بەڵام کە کۆمەڵەی (ژ.ك)دروست دەبێت، کۆمەڵەکە داخوازییەکانی یەکێتی سۆڤێت ڕەچاو دەکات، هەربۆیە هەتا شەڕ یەکلایی نەبێتەوە هەنگاوێکی جددی نانێن، ئەمەش دەکرێت وەکو خاڵێکی لاوازو شێوازی سەر نەکەوتوو لە چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ هێزە دەرەکیەکان و خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا هەڵیسەنگێنین، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی لە ناوچوونی کۆمارەکە بوو.**

**٢ـ هۆکاری ناوخۆیی وەکو دووەم هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ڕووخانی کۆمارەکە. ئەویش ئەوەبوو کە جەماوەرو پێکهاتەکانی کۆمارەکە وەها ئامادە نەکرابوون کە پشت بەخۆیان ببەستن و ئەمەش خاڵێکی لاوازی سەرەکی کۆمارو کۆمەڵگاکە بوو. ئەم هۆکارە وایکرد کە ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بۆ هێرشی دەرەکی زۆر لاواز بوو، لەگەڵ ئەمەدا کۆمار نەیتوانی سوپایەکی مەشق پێکراوی ئامادەو بە دیسپلین ئامادەبکات، بەڵکو پێکهاتەی سوپاکەی و فەرماندارێتی لەسەر بنەمای هێزی خێڵەکان دروستکرا، ئەمەش وایکرد کە لەکاتی دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر کۆمارەکە سوپا نەیتوانی وەکو هێزێکی ئامادەو**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٥٤) ڕۆژی ١٩٤٦/٢/١٥ حەمەڕەشیدخان دەچێتە سابلاخ و بەشداری لەکۆماردا دەکات و پلەی جەنەڕاڵی پێ دەبەخشن و دەبێتە بەرپرسی بەرەی بۆکان و هەتا ١٩٤٦/٨/٢فەرمانداری ئەو هەرێمە دەبێت و لەو ڕۆژەدا واز دێنێت و دەچێتەوە دارۆخان لەناوچەی شلێر. چەند ڕۆژ دوای ئەوە عەبدولیلای وەصی ئێراق بانگی دەکات بۆ بەغداد بەبیانوی گفتوگۆکردن لەسەردۆزی کورد، بەڵام کەدەچێتە بەغداد دوای بینینی وەصی بڕیاری گرتنی دەردەچێت و ڕەوانەی رومادی دەکرێت و هەتا تەموزی ١٩٥٠ لە ڕومادی دەست بەسەر دەبێت، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ کەرکوك و هەتا ١٩٥٨/٧/٨لەوێ دەست بەسەر دەبێت و ئیتر ئازاد دەبێت و دەچێتەوە دارۆخان هەتا ١٩٧٢/١٢/٤کۆچی دوایی دەکات لەوێ دەژی. دابڕانی حەمەڕەشیدخان لەکۆمار بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە گوایە دوای ئەوەی قازی محەمەد لە ١٩٤٦/٧/٢٠دا دەچێتە تاران بەوە رازی بووە کە کۆماری کوردستان وەکو ئوستانێك ڕێکبخرێت و قازی محمدیش ببێتە ئوستاندار و حکومەتیش ببێتە ئەنجومەنی ئوستان. وەکوتر ناکۆکی خێڵەکی زۆربووەو تێڕوانینی حەمە رەشیدخان و فەرماندارەکانی تر و حکومەت جیارازبووە، بەتایبەت لەسەر هەڵگرتنی ئابلۆقە لەسەر ناوچەی سەقز و سەردەشت، کەسوپای ئێرانیان گەمارۆداوە و ١٧٠ڕۆژ بەردەوام دەبێت = کە ئێراقیش دەیگرێت بەو ئامانجە دەیگرن کە لەگەڵ مەلامستەفا ئالۆگۆڕی پێ بکەن بەڵام لە بەرئەوەی ئێران ناتوانن مەلامستەفا بگرن ئیتر حەمەڕەشیدخان بەدەست بەسەری دەمێنێتەوە .

(٥٥) ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٤ رێککەوتنی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان لە کۆشکی مەجلیسی میللی ئازەربایجان ڕاگەیەندرا. قازی محەمەد سەرۆکایەتی شاندی کۆماری کوردستانی کردو حاجی میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلسی میللی ئازەربایجان و جەعفەرپیشوەری سەرۆکی حکومەتی ئازەربایجان نوێنەرایەتی ئازەربایجانیان کردو لەڕێکەوتنەکەدا بڕیاریاندا کە هاوکاری یەکتر بکەن و پێکەوە دانوستاندن لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا بکەن، هەتا بەئاشتی کێشەکان چارەسەر بن و بۆ ئەم مەبەستەش پێشتر لە ١٩٤٦/٤/١٠ دا شاندێکی هاوبەشیان ناردبووە تاران و دواتریش لە ١٩٤٦/٧/٢٠ دا شاندێکی تریان ناردە تاران، بەڵام زۆر گرنگی بە کوردو داخوازییەکانی نەدرا .

یەکگرتوو رۆڵی خۆی ببینێ و هەندێك لە سەرۆك خێڵەکان و جەنگاوەرەکانیان شەڕیان نەکرد. لەگەڵ ئەمەدا کۆمار نەیتوانی خێڵەکان لە بۆتەی کۆماردا بەباشی کۆبکاتەوەو چارەنوسیان بەستێت بەکۆمارەوە. ئەمەش وایکرد بەشێکی خێڵە کوردەکان خاوەندارییان لە کۆمار نەکردو نەیانپاراست. هەر وابەستە بەم خاڵەوە کۆمار نەیتوانی سنووری خۆی فراوان بکات و ئەمەش بووە خاڵێکی تری لاوازی کۆمار. بەمشێوەیە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان یەکتریان تەواوکردو کۆماری کوردستان لەناو چوو.
هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی قازی محەمەدو هاوڕێکانی و ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت و بریتانیا بووە هۆکاری ئەوەی لەلایەك دەستی دەسەڵاتداری ئێران والا بکات بۆ سەرکوتکردنی هەر جولانەوەو ناڕەزاییەك ئەمەش دەرفەتی خەباتی زەحمەترکرد، هاوکاتی ئەمە ئەو تێکشکانەی لە مهاباد کورد ڕووبەڕووی بویەوە بارێکی دەروونی خراپی لەسەر کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی دروست کرد. ئەم بارودۆخە تێکۆشانی کوردایەتی لاوازکردو دەرفەتی دایە دەوڵەتی ئێرانیش کە سیاسەتی بە ئێرانیکردنی کۆمەڵگای کوردی پەرەپێبدات. ئێران لەلایەك لەبن ناوی شیعەو سوننەدا بەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاری بۆ ئەوەکردووە کە ناکۆکی لە نێوان کوردی سوننەو کوردی شیعەدا دروست بکات و بەمەش کوردی شیعە زیاتر نزیکی فارس بکاتەوەو کارگەیشتە ئەوەی تیۆری دابڕینی کوردو لوڕی لەیەکتر پەرەپێداو هەتا ڕادەیەکیش کاریگەریی کرد. هەرلە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە کوردایەتی لەناوچەیەکی تەسکی کوردی سوننەدا قەتیس کرد. بۆ ئەوەی بتوانن لەم سیاسەتە بەرامبەر کوردو گەلانی تری ئێران سەر بکەون، لەساڵی ١٩٣٥ دا ڕەزا شا ناوی دەوڵەتەکەی لە شاهنشاهی پەهلەوی فارسیەوە گۆڕی بۆ شاهنشاهی پەهلەوی ئێرانی. بێگومان هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە حکومەتی ئێران هەستی بەوەکرد کە پۆتانسیالی کۆمەڵگای ئێران ئەوە پەسند ناکات کە هەموو پێکهاتەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە فارس بکرێن، هەربۆیە خواستیان لە ژێر پەردەی ئێرانیبووندا سیاسەتی پان فارسی بەڕێوە ببەن و لەم سیاسەتەشدا تاڕادەیەك ئەنجامیان گرت. بێگومان لەسەر بنەمای دیموکراتی ئەم هەنگاوە بنرایەو هەوڵبدرێت خاوەنداری لە فەرهەنگی ئاریانی بکرێت و دەرفەتی یەکسان بدرێتە هەموو پێکهاتەکان هەتا بەفەرهەنگی خۆیان ئەو فەرهەنگە هاوبەشە دەوڵەمەند بکەن، ئەوە کارێکی باشە و ئێران ئەو دەرفەتەی تێدایە، بەڵام ئێرانی بوون و ئاریانی بوون بکرێتە ئامراز بۆ تواندنەوەی فەرهەنگ و پێکهاتەکانی تر لەناو فەرهەنگ و نەتەوەی فارسدا ئەمە کارێکی راست نیەو بەشێکە لەسیاسەتی دەوڵەت نەتەوەو ئاسیملەکردن جینۆسایدی کولتوری .
دوای ئەوەی کە دەوڵەت پەنای بۆئەم سیاسەتە برد، هەوڵیدا لەبن ناوی ئاریانی بووندا کوردی ڕۆژهەڵات لە پارچەکانی تر دابڕێت. هاوکات کاری بۆ لاوازکردن و توانەوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی کرد. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە وزەیەکی شاراوەی گەورەی فەرهەنگی وێژەیی و زمانەوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوونی هەیە، ڕێگەنەدان بە بەکار هێنانی زمانی کوردی

بـۆ خوینـدن ونوسـین و گرنگـی نـەدان بـەو فەرهەنگـە زەنگینـە، نەیتوانـی ببێتەهـۆی توانـەوەو لەناوچوونـی ئـەو فەرهەنگە. دەبێـت ئاماژە بـۆ ئـەوەش بکەیـن کـە وەکـو پێویـس و بەپێـی توانـای خـۆی گەشـەی نەکـردو گەشـە کردنەکەشـی وەکـو بەشـێك لـە فەرهەنـگ و وێـژەی ئێرانـی دەبینرێـت و تایبەتمەندییـە خۆییەکـەی کاڵ دەکرێتـەوە .

سـەرەڕای ئـەو سیاسـەتەی دەوڵەتـی ئێـران، بـەڵام بەهـۆی گەشەسـەندنی جوڵانـەوەی ئـازادی گـەلان لەسـاڵانی پەنجاکانـدا لـە جیهـان و ناوچەکـەدا، جوڵانـەوەی چـەپ لەئێـران و کوردسـتاندا گەشـەی دەکـردو تێکۆشـەرانی کوردیـش لـە ڕۆژهـەڵات لەنـاو ئـەو ڕەوتـەدا جێگەیـان گـرت و کار گەیشـتە ئـەوەی جوڵانـەوەی چـەپ و دیموکراتـی بوونـە هێزێکـی مـەزن بـۆ سـەرۆك وەزیـران محەمـەد موصەدقـی کـە لـە ١٩٥٢/٧/٢٥ هەوڵیـدا کۆمەڵێـك ریفۆرمـی سیاسـی و ئابـووری ئەنجـام بـدات و هەندێـك هەنگاویشـی نـا، بـەڵام بەهـۆی دەسـتێوەردانی بریتانیـاو ئەمریـکاو پشـتیوانیان بـۆ محەمـەد ڕەزا شـا لـە ١٩٥٣/٨/١٩ ئـەو هەوڵـە لەبـار بـراو جوڵانـەوەی چـەپ و دیموکراتیـش گورزێکـی مەزنیان خـوارد. ئەمـە بـۆ جوڵانـەوەی کوردیـش گورزێکـی تـر بـوو، چونکـە لەلایـەك بەشـێکی ڕۆشـنبیرو لاوانـی کـورد هیوایـان وابـوو بەهـۆی گەشـەکردنی چـەپ و دیموکراتـەوە کـورد دەگاتـە ئامانـج و ئاواتەکانـی، بەشـێکیش پێیـان وابـوو سـەرکەوتنی چـەپ و دیموکراتـەکان دەرفـەت بـۆ کـورد دروسـت دەکات، نـەك پرسـی کـورد چارەسـەر دەکات، بـەڵام هـەردوو تێڕوانینەکـە بـێ هیـوا بـوون، چونکـە ئـەو جوڵانەوەیـە کـە تایبەتمەنـدی دیموکراتـی و چەپـی هەڵگرتبـوو لەبـار بـرا .

لـەو بارودۆخـەدا کومەڵێـك کەسـایەتی ڕۆشـنبیرو لاوی خۆینگـەرم لـە هاوینـی ١٩٥٥ دا دەخـوازن لـە ڕێگـەی ژیاندنـەوەی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە وەڵامـی ئـەو قۆناخـە بدەنـەوە (هاوینـی ١٩٥٥لەناوچـەی پیرانشـار بەبەشـداری نزیکـەی (٢٠)کادیـر کۆنفرانسـی یەکەمـی حـزب ئەنجام دەدەن و ئەندمانـی بەڕێوەبەرێتـی دیـاری دەکـەن؛ عەبـدو لڕەحـمان قاسـملو دەکەنـە بەرپرسـی یەکـەم، عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی (ئەحمـەد تۆفیـق)، غەنـی بلوریـان، عەزیـز یوسـف و ڕەحمەتوڵـڵا شـەریعەتی بـۆ بەڕێوەبـەری دیـاری دەکـەن. بـەڵام لەسـاڵی ١٩٥٦ دا بەتۆمەتـی هەبوونـی پەیوەنـدی بەتـودەی ئێرانـەوە بەرپرسـیارێتی لـە قاسـملو وەردەگیرێتـەوەو ئەحمـەد تۆفیـق دەبێتـە بەرپرسـی یەکـەم. سـاڵی ١٩٥٧ لەشـاڵاوێکی گرتنـدا زۆربـەی ئەنـدام و کادیرانـی حزبـی دیموکـرات دەگیرێـن و (ئەحمـەد تۆفیق)یـش لـە سـاڵی ١٩٥٨ دا ڕوودەکاتـە باشـوری کوردسـتان و ئیتر لـەوێ جێگیـر دەبێـت و عەبدولڕەحـمان قاسـملوش(٥٦) لەئەوروپـا دەمێنێتـەوە. کـەم ئەزموونـی ئـەم کۆمەڵـە کادیـرەو بارودۆخـی ڕۆژهـەڵات کەئێـران زۆر بـە هەسـتیاری سیاسـەتی لەسـەر بەڕێـوە دەبـات، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو هەوڵـە ئەنجامێکـی ئەوتـۆی لـێ نەکەوێتـەوە .

شۆڕشـی ١٩٥٨/٧/١٤ لـە ئێـراق و پەسـندکردنی ناسـنامەی کـورد لەلایەنـی عەبدولکەریـم و حکومەتی کۆمـاری ئێـراق و کۆتایهێنـان بـە سیسـتمی پاشـایی و دەرپەڕاندنـی بریتانیـەکان، ترسـێکی مەزنـی خسـتە دڵـی دەسـەڵاتی ئێـران و هاوپەیمانەکانیـەوە، هەربۆیـە لـە سـاڵی ١٩٥٨دا لـە ژێرنـاوی شۆڕشـی سـپیدا هەندیـك گۆڕانکاریـان ئەنجامـدا. بەشـێك لـەو گۆڕانگارییانـە کوردسـتان و کوردیشـی گرتـەوە،

**ئەوەبوو ئەو فشارو ستەمەی لە سەر کۆمەڵگا هەبوو تا ڕادەیەك سووككرا و وەكو جاران مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگادا نەدەکرا. یەکێك لەو هەنگاوانەش کردنەوەی رادیۆی کوردی تاران بوو لە پاییزی ١٩٥٨ دا و دواتر لە ساڵی ١٩٦٢ دا ئەم بەشە کوردیە گوێزرایەوە بۆ رادیۆی کرماشان و ساڵی ١٩٨٣ جارێکی تر رادیۆی تاران کرایەوە (د.صدیق موفتی زادە، عەبدولڕەحمان موفتی زادە، ئەحمەد موفتی زادە، میدیای رەندی، شوکروڵلای بابان، عوسمان ئەحمەد، محەمەد کەمانگەر لەوکەسانە بوون کە کاریان لەو رادیۆیەدا کردووە.**
**بێگومان هەرچەندە دەوڵەت بەئامانجی خۆپاراستن ئەم هەنگاوانەی نا، بەڵام ئەو رادیۆو کرانەوەیە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگای کوردی و بوژاندنەوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی هەبوو. لەڕێگەی ئەم دەزگایانەوە بەرهەمی کەسانی وەکو سەید عەلی ئەزغەری کوردستانی، حەسەن زیرەك، مەزهەری خالقی، عەباسی کەمەندی و چەندین هونەرمەندو کەسایەتی تر دەگەیشتنە گەل و خزمەتیان دەکرد. هاوکاتی ئەو هەنگاوانەی دەوڵەتی ئێران لە باشوردا لە ١٩٦١/٩/١١ جوڵانەوەی ئەیلول دەستی پێ کردو لە ساڵانی ١٩٦٢و١٩٦٣ دا شەڕ گەورەو قورس بوو. ئەم ڕووداوەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەم تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی گەلی کورد لەباشوور و رۆژهەڵات بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان. دووەم بەشێکی سەرکردەو کادیرانی حزبی دیموکرات و چالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور دەژیان. ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی زیاتری گەنجان و سیاسەتمەدارانی رۆژهەڵات رووبکەنە باشوور و لەوێ هەوڵبدەن بۆ خۆتاوادانەوە، ئەحمەد تۆفیق لە باشور پەیوەندی لەگەڵ پارتی و بارزانی دروست دەکات و دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤێت، ئەحمەد توفیق دەبێتە کەسێکی نزیك لە بارزانی و لە زستانی (١٩٦٤-١٩٦٥) دا لە نێوان گوندەکانی شێنێ و سونێدا کۆنگرەی دووەم دەبەستن و ئەحمەد تۆفیق دەکەنە بەرپرسی یەکەم.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٥٦) عەبدولڕەحمان قاسملو ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە باشووری کوردستان، بەڵام دیارە لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق دا ڕێکناکەون و ئەمەش وادەکات لە ساڵی ١٩٦٠ دا عەبدولڕەحمان قاسملو و کەریم حیسامی. بچنەوە ئەوروپاو ناتوانن خۆیان ڕێکبخەنەوە. دواتر بەهۆی لێشاوی چوونی کادیر و ئەندامی حزبی دیموکرات بۆ باشوور، لەساڵی ١٩٦٤ دا (حسن رستگار- حسێن مەدەنی- سەعید کوێستانی- قادرشەریف و مەلائەحمەد شەلماشی (مەلائاوارە) کۆمیتەیەك بەناوی کۆمیتەی ساغکەرەوەی حزب دروست دەکەن و داوای ڕێکخستنەوەی حزب دەکەن و ئەم کۆمیتەیە هەتا زستانی ١٩٦٤- ١٩٦٥ و بەستنی کۆنگرەی دووەم بەردەوام بوو، دواتر خۆی هەڵوەشاندەوە. لەو کۆنگرەیەدا ئەحمەد تۆفیق دەکرێتە بەرپرسی یەکەم و ئەمیر قازی، غەنی بلوریان، صدیق ئەنجیری و هەژار بۆسەرکردایەتی هەڵدەبژێردێن کە ژمارەیان بە بەرپرسی یەکەمەوە (١٥) کەسە. دوای ماوەیەك لە کۆنگرە صدیق ئەنجیری دەچێتە چۆمان بۆ بینینی مامۆستا هیمن و هەژار بەڵام لەو ناوچەیە کە ناوەندی پارتی دیموکرات و بارزانی لێیە لەناو دەچێت، ئەمەش بووەتە پرسیارو هۆی نیگەرانی کادیرانی حزبی دیموکرات.

هەرچەنـدە کۆنگـرە دەبەسـترێت بـەڵام کارەکانـی حزبـی دیموکـرات بەباشـی بەڕێـوە ناچێـت، چونکـە ئەحمـەد تۆفیـق لـە ژێرنـاوی پاراسـتندا لـە حزبەکـەی دوور خراوەتـەوەو لـە ژێـر چاودێـری بارزانیدایـەو سـەرکردەکانی تریـش ڕۆڵـی خۆیـان نابینـن. لـەدوای ڕێککەوتنـی ئێـران و بارزانـی لـە سـاڵی ١٩٦٥ دا، لەبەرامبـەر ڕادەسـتکردنەوەی تاڵەبانـی و هاوڕێکانـی بـە بارزانـی، ئێرانیـش داوای پاراسـتنی سنوورەکان و گێڕانـەوەی کادیرانـی حزبـی دیموکـرات لـە بارزانـی دەکات. بارزانیـش داوای ئـەوە لەئێـران دەکات کـە لێبوردنـی گشـتی دەربـکات و سیاسـیەکان نەگرێـت، بـەو شـێوەیە ئـەوان (واتـە بارزانـی و پارتـی) دەتوانـن کادیرانـی حزبـی دیموکـرات ڕازی بکـەن بـە خەباتـی سیاسـی، یاخـود گەڕانـەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. لەسـەر ئـەم بنەمـا حکومەتـی ئێـران لێبوردنـی گشـتی دەردەکات و بارزانیـش داوا لـە ئەحمـەد تۆفیـق و سـەرکردایەتی حزبـی دیموکـرات دەکات کـە خەباتی چەکـداری نەکـەن و ئەوانەشـی بخـوازن بگەڕێنـەوە بـۆ ڕۆژهـەڵات، ئـەوا دەرفەتیـان بـۆ دەڕەخسـێ کـە بگەڕێنـەوەو ئێـران لێیـان خـۆش دەبێـت و دەرفەتـی کاری سیاسـیان دەداتـێ. ئـەوەی دیـارە ئەحمـەد بۆفیـق ئـەم داوایـە پەسـند دەکات، هـەر بـۆ ئەمـەش خەباتـی خـۆی هەڵـدە پەسـێرێ و ئـەو دابڕاوییـە لـە حزبەکـەی پەسـند دەکات، سـەرکردایەتی و کادیرانـی ئـەم حزبـەش هەتـا ماوەیـەك دان بـە خۆیانـدا دەگـرن، بـەڵام کۆمەڵێـك کادیـر کـە " فایـق (سـلێمانی موعینـی)، مەلاعەزیـز (ئیسـماعیلی شـەریف زادە)، مەلائـاواوە (مـەلا ئەحمـەدەی شەلماشـی)، باپیـر شـکاك (نحـو)، محەمـەد ئەمیـن سراجـی و عەبدوڵڵاموعینـی " سـەرکەدایەتیان دەکـردن، کۆمیتەیەکیـان لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٧ دا بەنـاوی کۆمیتـەی شۆڕشـگێڕی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان دروسـتکردو جـاڕی خەباتـی پارتیزانیـان دا، بـەڵام پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـراق ئـەم هەڵوێسـتەیان پەسـند نـاکات و داوایـان لـێ دەکات کـە لـەم هەڵوێستەیان پەشیمان ببنـەوەو گێچـەڵ بـۆ ئـەوان دروسـت نەکـەن. لـەوە ئاگاداریان دەکەنـەوە کـە ئەگـەر سـووربن لەسـەر هەڵوێسـەکانیان ئـەوا پێویسـتە بەزووتریـن کات خاکـی باشـوور بەجـێ بهێڵـن و چاوەڕوانـی هیـچ هاوکارییـەك نەبـن لـە پارتـی. دیـارە ئـەو کۆمیتەیـە سـوور دەبـن لەسـەر هەولوێسـتی خۆیـان و گـروپ گـروپ دەچنـەوە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. لەئەنجامـدا پـاش ماوەیەکـی کـەم (نحـو)و چـوار هەڤاڵـی لەناوچـەی سـەلماس دەکەونـە بەرپەلامـاری دەوڵـەت و شـەهید دەبـن. ئیسـماعیلی شـەریف زادە وسـێ هاوڕێـی لەناوچـەی بانـە بەهـۆی ناپاکیـەوە لەلایەنـی کوێخـا شـەریف ناوێکـەوە برینـدار دەکرێـن و دواتـر هێـرش دەکرێتـە سـەریان و شـەهید دەکرێـن و دەبرێنـە بانـەو سـنە. مـەلا ئـاوارە لـە گونـدی دیوالانـی ناوچـەی سەردەشـت بەپلانێـك دەسـتگیر دەکـرێ و دەیبەنـە سەردەشـت و لەسـێدارە دەدرێـت. (سـلێمان موعینی)یـش دوای ئـەوەی جارێـك برینـدار دەبێـت و چەندجارێـك لەکوشـتن ڕزگاری دەبێـت، لەپاییـزی ١٩٦٧ دا دەچێتـە باشـووری کوردسـتان، لـەوێ لەلایەنـی هێزەکانـی صدیـق ئەفەنـدی یـەوە بەهـاوکاری قالـە تەگەرانیـەوە لەناوچـەی سیتەك دەسـگیر دەکرێـت و ڕەوانـەی بـارەگای بارزانـی دەکرێـت لـە ناوچـەی باڵەکایەتـی. لـەوێ بارزانـی هەوڵـی لەگەڵـدا دەدات بـۆ ئـەوەی پەشـیمانی بکاتـەوە لـە هەڵوێسـتەکانی، بـەڵام ئـەو ڕازی نابێـت و لـە ئەنجامـدا لـە ١٩٦٨/٥/١٥ دا دەکوژرێـت و تەرمەکـەی ڕادەسـتی ئێـران دەکرێتـەوە.

لـەم بارەیـەوە سیامەندی موعینـی کـوڕی سـولەیمانی موعینـی لـەزاری شـایەتحاڵانەوە دەگێڕێتـەوە کـە لەکاتـی گفتوگـۆی مەلامسـتە فـاو سـلێمانی موعینـی دا، ئیدریـس بارزانـی و مەسـعود بارزانـی و دوو بەرپرسـی (سـاواك)یش ئامادەبـوون و بارزانـی خواسـتویەتی سـولەیمانی موعینـی ڕازی بـکات کـە دەسـت لـە خەباتـی چەکـداری بەربـدات و بچێتـەوە ئێـران و داوای لێبـوردن بـکات، بـەڵام لـە حاڵەتـی ئامادەنەبوونـی سـولەیمان بـۆ ئـەم داوایـە، ئێرانیـەکان نەیانخواسـتووە سلێمان بەزێندوویـی ببـەن و داوایـان کـردووە کـە دەبێـت تەرمەکەیـان بدەنـێ، لەبـەر ئەمـە پارتـی بڕیاریانـداوە بیکـوژن و ڕادەسـتی ئێرانـی بکەنـەوە. چونکـە ئێرانیـەکان پێیـان وابـووە ئەگـەر سـەلەیمانی موعینـی خـۆی بدات بەدەسـتەوە. ئـەوا بـۆ ئـەوان سـەرکەوتنەو خەباتـی چەکـداری کۆتایـی پـێ دێـت بـەڵام ئەگـەر ئامـادە نەبێـت پاکانـە بـکات، ئـەوا لـە کاتێکـدا بارزانـی ڕادەسـتی ئەوانـی بـکات، بەپێـی لێبوردنـی گشـتی ناچـارن لێـی خـۆش بـن، ئـەوەش بـۆ ئێـران و بارزانیـش خراپـە، هەربۆیـە تەرمەکەیـان خواسـتووە.
مەسـعود بارزانـی بۆچونێکـی جیـاوازی هەیـەو لـە پەرتوکـی " بارزانـی و جوڵانـەوەی رزگاریخـوازی کـورد" دا دەڵـێ؛ لـە سـاڵی ١٩٦٧ دا شـۆڕش ناچاربـوو کارێکـی ناخـۆش ئەنجـام بـدات، کـە نەدەتوانـرا خـۆی لـێ ببوێردرێـت. ئەویـش کاتێـك سـولەیمانی موعینـی کـە دژی ئەحمـەد تۆفیـق بـوو، دەسـتگیر کـرا، کـە چووبـووە پـاڵ جاشـەکانی (٦٦)و هـاوکاری رژێمـی ئێراقـی لـەدژی شـۆڕش کردبـوو، ئیـدی کـوژراو لاشـەکەی بـۆ ئێـران نێردرایـەوە. نەدەکـرا واچـاو لەمەسـەلەی چارەنوسـی سـولەیمانی موعینـی بکرێـت کـە مەسـەلەیەکی ناوخـۆی حزبـە، بەبیانـوی ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بەکاروبـاری حزبەکەیـەوە هەبـووە. ئـەو هـاوکاری جاشـەکانی (٦٦)ی کـردووەو دوژمنـی شۆڕشـەو ناکرێـت کێشـەکەی جیابکرێتـەوە. هەرچەنـدە ئێمـە ئـەو کۆتاییـە ناخۆشـەمان بـۆ ئـەو پیـاوە نەدەخۆاسـت".
کوشـتنی سـولەیمانی موعینـی بـووە هـۆی لـە باربردنـی ئـەو هەوڵـەش کـە لـە ئـاراد بـوو بۆتـاو دانـەوەی خەبـات. دوای ئەمـەو لـە سـەروبەندی دانوسـتاندنی حکومەتـی بـە عـس و بارزانیدا لەسـاڵی ١٩٦٩ دا . حزبـی دیموکـرات کۆنفرانسـی دووەمـی خـۆی دەبەسـتێت و هەوڵـدەدات کێشـەکانی خـۆی چارەسـەر بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرکردایەتی بەرفـراوان دەکات و (عەبـدو ڵڵاحەسـەن زادە - حەسـەن ڕسـتگار - هێمـن) بـۆ سـەرکردایەتی هەڵدەبژێـرن و داوا لـە ئەحمـەد تۆفیـق و عەبدولڕەحمانـی قاسـملو و کەریمـی حوسـامیش دەکـەن کـە بگەڕێنـەوەو ڕەوشـی خۆیـان روون بکەنـەوە. بڕیـار دەدەن بنکەکانـی حـزب لـە بەکرەجـۆو قـەڵادزەوە ببەنـە هیـران و نازەنیـن، ئەحمـەد تۆفیـق ئامـادە نابێـت ڕوونکردنـەوە بـدات و عەبدولڕەحـمان قاسـملوو کەریـم حسامی گەڕانـەوە نـاو حـزب. لـە ١٩٧١/٦/٢١ داو دوای ڕێککەوتنـی پارتـی و حزبـی بەعـس لـە کۆیـە کۆنفرانسـی سـێیەمی حزبـی دیموکـرات ئەنجـام دەدرێـت و ئەحمـەد تۆفیـق ئامـادەی کۆنفرانـس نابێـت. لـە کۆنفرانسـدا عەبدولڕەحـمان قاسـملو دەبێتـە بەرپرسـی یەکـەم و داواش لـە ئەحمـەد توفیـق دەکـەن ڕوونکردنـەوە سـەبارەت بەبارودۆخـی خـۆی پێشکەشـی حزبـی دیموکـرات بـکات، بـەڵام ئامـادە نابێـت هەربۆیـە لـە سـەرەتای ١٩٧٢ دا ئەحمـەد بۆفیـق لـە حـزب دەردەکرێـت و هاوینـی هەمـان سـاڵ لەلایەنـی حزبـی بەعسـەوە بـە تۆمەتـی هاوکاریکردنـی هەوڵێکـی کودەتـا لەنـاو بەعسـدا دەسـتگیر دەکرێـت و

بێ سەروشوێن دەکرێت. بەپێی هەندێك زانیاری لە ساڵی ١٩٧٣ دا لەناوبراوە. لە کۆنفرانسی سێیەمدا عەبدولڕەحمان قاسملو دەکرێتە سکرتێرو عەبدوڵڵای حەسەن زادە، کەریم حسامی، مامۆستا هێمن و حەمەدەمین سراجی بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵدە بژێردرێن و ئیتر دەکەونەوە خۆڕێکحستن .

لەم قۆ ناخەدا هەندێك جوڵانەوەی تر لەرۆژهەڵاتدا دروست بوون، دیارە کاریگەری شۆڕشی ڤێتنام، جوڵانەوەکانی گیڤاراو جۆڵانەوەی گەنجانی ئەوروپا لە سەرکوردستانیش هەیە، هەربۆیە لە پاییزی ساڵی ١٩٦٩ دا بەپێشەنگایەتی فواد مستەفا سوڵتانی و محەمەدحسێن کەریمی و چەند کەسایەتیەکی تر (کۆمەڵە)(٥٧) وەکو ڕێکخستنێکی چەپی شۆڕشگێڕ دادەمەزرێت. لەو ساڵانەدا بەپێشەنگایەتی شێخ عزەدینی حوسەینی جوڵانەوەیەکی کوردی ئیسلامی بەرەوپێشەوە دەچێت کە دواتر وەکو سازمانی خەبات خۆی ڕاگەیاند. هەروەها لەم ماوەیەدا هێزێك بەناوی سوپای ڕزگاری(٥٨)ش سەری هەڵدا. بەمشێوەیە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا شەپۆلێکی تری تێکۆشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گەشەی کرد. لە کوردستاندا حزبی دیموکرات، کۆمەڵە. سازمانی خەبات و چریکی فیدایی پێشەنگایەتی خەباتیان دەکرد، لە ئێرانیشدا جوڵانەوە چەپە جۆراوجۆرەکان و جۆڵانەوە ئیسلامیەکان لە گەشەکردندا بوون. هاوکاتی ئەم پەرەسەندنە ناوخۆیی و دەرەکیە، پەیمانی جەزائیری نێوان ئێران و ئێراق لە ١٩٧٥/٣/٦ داو تێکچوونی جوڵانەوەی کوردی لە باشوری کوردستاندا بە سەرۆکایەتی بارزانی، کاریگەریی دوولایەنەی هەبوو لەسەر رۆژهەڵات، لەلایەك نەرێنی بوو چونکە ئەو جوڵانەوەیە هیوایەك بوو بۆ گەلی کورد بەگشتی، لەلایەکی ترەوە ئەرێنی بوو چونکە پارتەکانی رۆژهەڵات ئیتر دەیانتوانی ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن. هاوتەریبی ئەم گۆڕانکارییانە بەرەو پێشچوونی پەیوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی ئێران و ڕوسیاو گەشەکردنی جوڵانەوە چەپەکانی ناوچەکەو گەشەکردنی هەژموونی یەکێتی سۆڤێت لەسەر ئەفغانستان، ئێراق، تورکیاو سوریا کەلێنێکی لەنێوان دەسەڵاتی شای ئێران و هاوپەیمانەکانیدا دروستکردو ئەمەش وایکرد کە چارەنوسی شا بدەنە دەستی ئەو شەپۆلە جەماوەرییەی کە لەساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨ دا رووی لە زیادبوون بوو. بێگومان ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەیانزانی کەچەمکی زاڵ لەناو جوڵانەوەکاندا ئیسلامیەکانن، یاخود دەیانخواست ئیسلامیەکان زاڵ بن ، بۆئەوەی ببنە بربەست لە بەردەم یەکێتی سۆڤێتدا. دیارە ئەگەر بیانزانیایە کە ڕەوشەکە وەکو ئەمڕۆی لێ دێت و ئەمریکا و رۆژئاوا دەبنە دوژمنی ژمارەیەکی شۆڕش، ئەوا رەنگە هاوشێوەی ئێراق و تورکیا زەمینەی بۆ کودەتای سەربازی دروست بکردایەو پشتیوانیان بکردایە. بەهەرحاڵ جەماوەری ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان سوودیان لەو بارودۆخە وەرگرت کە رژێمی پادشایی تێدا دەژیاو لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩ دا شۆڕش و گەلانی ئێران سەرکەوتنی بە دەستهێناو گەلی کوردیش هەندێك هەوای ئازادی هەڵمژی.

**رۆژی ١٩٧٩/١/١٦ محەمەدڕەزاشا لەبن ناوی پشوودا هەڵهات و ئێرانی بەجێ هێڵا. رۆژی ١٩٧٩/٢/١ خومەینی وەکو یەکێک لەسەرکردەکانی شۆڕش لەفەڕەنساوە گەڕایەوە تاران، ١٩٧٩/٢/١١سەرکەوتنی شۆڕش راگەیەندرا. رۆژانی ٣٠و١٩٧٩/٣/٣١ ریفراندۆم لەسەر شێوازی سیستەم ئەنجامدراو کورد بەشداری لەو ریفراندۆمەدا نەکرد. زۆربەی پێکهاتەکانی تری ئێران بەشداریانکردو بەپێی ئەنجامەکان لە ٩٨٪ی جەماوەری ناوچەکانی تر کە بەشدار بوون، دەنگیان بۆ کۆماری ئیسلامی دا، لە ١٩٧٩/٤/١ دا کۆماری ئیسلامی راگەیەندرا. لە مانگی تەموزدا دیالۆکی نێوان کوردو تاران نەگەیشتە ئەنجام، چونکە شاندی کوردو گەلی کورد پێداگیریان لەسەر خودموختاری بۆ کوردستان دەکرد، تارانیش بەمە ڕازی نەدەبوو لەئەنجامدا شەڕەدەستی پێ کرد. لەم کاتەدا خومەینی فەتوای شەڕی لە دژی کورد دا. هەتا ئەوکاتە زۆربەی ناوچەکانی ئوستانی کوردستان و ناوچە کوردییەکانی ئوستانی ئورمیە (ئازەربایجانی**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٥٧)کۆمەڵەی ئێران؛ کۆمەڵە لەپاییزی ١٩٦٩ دا دامەزراوە. بەڵام رۆژەکەی دیار نیەك هەربۆیە دواتر و لەسەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێرانداو بەهۆی شەهید بوونی یەکێك لەسەرکردەو دامەزرێنەرەکانی لە ٢٦٧٧/١١/٢٢ دا کەدەکاتە ١٩٧٨/٢/١١ لەڕاپەرینی شاری سەقزدا، کەئەویش (محەمەد حسێن کەریمی) دەبێت. ئەو رۆژە وەکو رۆژی دامەزراندنی کۆمەڵە ڕادەگەیەنن. فواد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حسێن کەریمی، عەبدوڵلای موهتەدی، ساعدی وەتەن دۆست(مامۆستا ئیبراهیم) شوعەیبی زەکەریایی، یەدوڵلابیگلەری، موسلیمی شێخ ئیسلامی، فاتیح شێخو ئیسلامی رۆڵی سەرەکی دەبینن لەدامەزراندنیدا. هەتا ساڵی ١٩٧٩ بەنهێنی کاروخەبات دەکات و ناوی خۆشی ئاشکرا ناکات. لە ڕێبەندانی ١٩٧٩دا کۆنگرەی خۆی دەبەستێت و» فواد سوڵتانی، عەبدوڵلای موهتەدی، ساعدی وەتەن دۆست، ئیبراهیمی عەلی زادە، حسێن مراد بیگی» وەکو دستەی بەڕێوەبەری هەڵدەبژێردرێن و سێ کەسی یەکەمیش بوونە دەستەی سەرۆکایەتی. فواد مستەفا سۆڵتانی کە رۆڵی رێبەری کۆمەڵەی دەبینی، خەڵکی (مەریوان)ەو لەساڵی ١٩٤٨ دا لەئاوایی ئاڵمانەی سەر بەمەریوان لەدایك دەبێت و لە ساڵی ١٩٧٤ هەتا پاییزی ١٩٧٨ لە زیندانەکانی ئێراندا دەبێت و بەهۆی شۆڕشەوە ئازاد دەبێت پاش ئازاد بوونی رۆڵی بەرچاوی بینیوە لە تاودانی جەماوەردا. لە هاوینی ١٩٧٩دا دوای هێرشی سێ مانگەی رژێمی ئێران بۆ سەر کوردستان، دوو برای لەلایەنی خاڵخاڵی یەوە لەسێدارە دەدرێت و ئەویش بەمەبەستی بە دواداچوون بەرەو مەریوان دەکەوێتە ڕێ و لە نزیك گوندی (بستام) لە سەر شەقامی سەقز - مەریوان لە ١٩٧٩/٨/٣٠ دا دەکەونە شەڕەوەو شەهید دەکرێن. لە ئێستا ئەم کۆمەڵەیە بووەتە سێ بەشەوە یاخود سێ پارتی کە هەریەکە لە ئیبراهیمی عەلیزادە، عەبدوڵلای موهتەدی و عومەری ئیلخانیزادە ڕێبەرایەتی هەر سێ بەشەکە دەکەن.

کۆمەڵە لەسەر بابەتی سوپای رزگاری و هەڵوێستە جیاوازەکان، لەگەڵ حزبی دیموکراتدا چەندین جار کەوتۆتە ناوشەڕ و پێکدادانەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩_١٩٨١) داو ئەم ڕەوشە هەتا ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام دەبێت، لەم ساڵەدا ئاگربەست دەکەن. هەروەها کۆمەڵە لەگەڵ گروپی ئەحمەدی موفتی زادەی سنەدا چەندین جار لەسەرجیاوازی بیرو بۆچوون ڕوو بەڕووی یەکتر دەبنەوە .

(٥٨) سوپای رزگاری: هێزێکی چەکداری سەر بەتەریقەتی نەقشبەندی بوون و لە ساڵی ١٩٧٨ دا دروست بوون، شێخ عوسمانی دوو ڕووە ڕێبەریان بوو، (مادح)ی کوڕی شێخ عوسمان سەرپەرشتی دەکردن و ناکۆك بوون لەگەڵ کۆمەڵەدا و لە ساڵی ١٩٧٩ دا لەلایەنی کۆمەڵەوە چەك کران.

**رۆژئاوا)لەژێردەستی لایەنە کوردییەکاندا بوو. لەئەنجامی شەڕێکی سێ مانگیدا حکومەتی ئێران توانی دەست بەسەربەشێکی زۆری شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا بگرێت و هێزی پێشمەرگەی لایەنە کوردستانیەکان ناچاربوون کە بەرەو گوندەکان و ناوچە سەختەکان پاشەکشە بکەن. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە هەریەکە لەحزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە خۆیان بەسەرکردەو بێشەنگی شۆڕشی کوردستان دەزانی و چەمکی پارتی سەرکردە بەسەریاندا زاڵ بوو، واتە خۆیان بە پارتی سەرکردەو ناوەند دەبینی و ئەوانی تریشیان بەپاشکۆ و تەواو کەر دادەنا، ئەمە وایکرد کە نەتوانن وەکو بەرەیەکی کوردستانی تۆکمە هەڵسوکەوت بکەن و کەلێنی زۆر کەوتە نێوانیانەوە، هەرئەوەش وایکرد کە هاوکاتی شەڕو پێکدادان لەگەڵ ئێراندا، ململانێی نێوان خۆشیان ڕووی لەزیادبوون کردو دواتر شەڕی یەکتریش بکەن. کە ئەم هەڵوێستە کاریگەریی نەرێنی لەسەر تێکۆشان و بەرخۆدانی گەلەکەمان لە رۆژهەڵات کردو دەرفەتی سەرکەوتنی گەلەگەمانی کەم دەکردەوەو دەرفەتی سەرکەوتنی بۆ دوژمن لە باردەکرد. خاڵێك یاخود بابەتێکی تر کە وەکو هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی حکومەتی نوێی ئێران بوو، ئەوەبوو کە (٥٩)(پارتی دیموکراتی کوردستان)ی باشور کەهەتا ئەو کاتە بنکەو بارەگا سەرەکیەکانیان لە ئێران بوو، هاوکاری سوپای ئێرانی کردو دژی هێزە کوردستانیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان جەنگا. ئەمەش لەلایەك حکومەتە تازەکەی ئێرانی بەهێز کردو کوردستانی خستەوە بەردەستی لەلایەکی تریشەوە کورزێك بوو بۆ گیانی نەتەوەیی کوردو بزمارێکی تر بوو لەتابوتی پارچەکردنی کوردستان درا. چونکە ئەم هەڵوێستە و شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی رۆژهەڵات بووە هۆی کەمبوونەوەی هاوکاری نێوان باشوور و رۆژهەڵات و دروستبونی رق و کینە بەرامبەر بەیەکتر. ئەوەشی چێگەی دڵخۆشی بوو بۆ گەلی کوردستان بەگشتی، ئەو هاوکارییە بوو کە لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزەکانی رۆژهەڵاتدا بوونی هەبوو.**

---

(٥٩)پارتی دیموکراتی کوردستان هۆکاری شەڕەکەی دژبە هێزەکانی رۆژهەڵات دەگەڕاندەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەم؛ بەپێی تێڕوانینی پارتی دیموکرات، هێزەکانی رۆژهەڵات لەکاتی دانوستاندیاندا لەگەڵ حکومەتی ئێراندا یەکێك لە داواکانیان ئەوەبوو کە (پارتی دیموکرات) لەئێران و رۆژهەڵات دەربکرێت. دووەم؛ بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هێزەکانی حزبی دیموکرات چوون گۆڕی مەلامستەفای بارزانی، کە ماوەیەکی کەم بوو کۆچی دوایی کردبوو، لەڕۆژهەڵات نێژرابوو، هەڵیانداوەتەوەو بێ ڕێزیان بەتەرمەکەی کردووە. لەبەرامبەر ئەمەدا حزبی دیموکرات و لایەنە رۆژهەڵاتیەکانی تر ئەو بانگەشانەیان رەتدەکردەوەو جەختیان لەوە دەکردەوە کە لە بەرنامەی کاری دانوستاندنی ئەواندا باسی (پارتی دیموکرات) نەکراوە، هەروەها ئەو بابەتەی کەسەبارەت بەمەلا مستەفا گوتراوە تەنیا سیناریۆیەو هەڵبەستراوە. هۆکاری هەڵوێستی (پارتی دیموکرات) یان بۆ ئەوە دەگێڕایەوە کە پارتی پێشتر کاری بۆ ساواك و دەوڵەتی ئێران کردووە، لە ئێستادا کە حکومەتی نوێ دروست بووەو ساواك نەماوە، ڕەنگە ژیانی لە ئێراندا بکەوێتە بەر هەڕەشەو مەترسی. کاتێك شەڕیش لەنێوان حکومەتی نوێی ئێران و کورددا دروست بوو، پێویست بوو پارتی خۆی یەکلایی بکاتەوە، یان لەگەڵ کورددا بێت یان لەگەڵ حکومەت! پارتی دیموکرات مانەوەی خۆی لەلایەنگری حکومەتدا بینیوەو ئەمەش وایکرد کە شەڕی هێزە کوردییەکان بکات. هەر بۆیە پێیان وابوو کە ئەو بانگەشانەی پارتی دەیکات دروست کراون.

هەرچەندە حکومەتی ئێران دەستی بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا گرتەوە، بەڵام بەرەنگاری و خەباتی گەلەکەمان و هێزەکانی ڕۆژهەڵات ڕووی لە زیادبوون بوو. سەرەڕای شەهیدبوونی فواد سوڵتانی و چەندین سەرکردەو بە سەدان لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، بەهەزاران گەنجی کورد بە کوڕو کچەوە ڕوویان لەچیاکانی کوردستان کردو چەکی کوردایەتیان کردە شانیان، ئیتر لەم قۆناخەدا ژنانیش چالاکانە بەشداری شەڕی پارتیزانی بوون، بەتایبەتی لەناو هێزەکانی کۆمەڵەدا.

هەر لەم قۆناخەدا شەڕی ئێراق ـ ئێران(٦٠) هەڵگیرساو شەڕی پارتیزانی لە باشوری کوردستانیشدا گەشەی دەکرد. ئەم دوو هۆکارە دەرفەتی زیاتری دایە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان ڕێکبخەنەوەو پەرە بە تێکۆشان بدەن. بەڵام ناکۆکی و شەڕی نێوان هەردوو هێزی سەرەکی ڕۆژهەڵات و پشت بەستنیان بە ئێراق و سوود وەرنەگرتنیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەشەڕی ئێراق و ئێران. هەروەها هاوکاری بەردەوامی پارتی دیموکرات بۆ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران وایکرد کە لەساڵی ١٩٨٢ دا هێزەکانی ڕۆژهەڵات گورزێکی تریان بەربکەوێت و ناچاربوون بنکەو بارەگا سەرەکیەکانیان بگوازنەوە بۆ باشووری کوردستان. ئەمەش بووە سەرەتای پاشەکشەی ئەو هێزانەو دوورکەوتنەوەیان لەکۆڕی تێکۆشان، هەرجەندە شەڕی ئێراق ئێران بەردەوام بوو، بەڵام بەهۆی ئەو فاکتەرانەی کە پێشتر باسمان کردو پاشەکشەی بنکەو بارەگای سەرەکی پارتەکانیش بۆ باشوور، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و ئەرێنی رووی نەدا. لەو قوناخەدا حکومەتی ئێران بۆ ئەوەی سەرنجی جەماوەری کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و گوێ لەراگەیاندنەکانی کوردی نەگرن. لە ساڵی ١٩٨٣ دا جارێکی ترو دوای نزیکەی (٢٠) ساڵ دەستی بە پەخشی بەشی کوردی رادیۆی تاران کردەوەو لەساڵی ١٩٨٨ یشدا بەشی کوردی لە تەلەفزیۆنی (سەحەر) کردەوەو هەروەها تاڕادەیەك سانسۆری لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی هەڵگرت. شانبەشانی ئەم هەنگاوانە لە هەوڵی ئەوەدابوو کە هێزە کوردییەکان لاوازبکات و نەبنە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتە کەی.

کۆتایهاتنی شەڕی ئێران و ئێرق لە ١٩٨٨/٨/٨ داو ڕێککەوتنی ئەو دوودەوڵەتە گورزێکی مەزن بوو بۆ جوڵانەوەی کوردی لەباشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرچەندە هێزەکانی ڕۆژهەڵات کەمتر پێی کاریگەربوون. بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ڕاوەستانی ئەو شەڕە دەستی دەوڵەتی ئێرانی زیاتر واڵاکرد بۆ لێدانی جوڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، هەروەها بەهۆی ئاگر بەستەوە ئیتر ئێراق نەیدەتوانی وەکو ڕابردوو هاوکاری هێزەکانی ڕۆژهەڵات بکات، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە تێکۆشان لەرۆژهەڵات بەرەو لاوازی بچێت. ئەوەی لەم قۆناخەدا جێگەی دڵخۆشی گەلی کورد بوو، ڕاوەستانی شەڕی نێوان هەردوو هێزی سەرەکی و هێزەکانی تری ڕۆژهەڵات بوو

---

(٦٠)شەڕی ئێراق – ئێران لە ١٩٨٠/٩/٢٢ دەستی پێکردو لە ١٩٨٨-٨-٨دا کۆتایی پێهات

لە ساڵی ١٩٨٨ داو ڕێککەوتنی لایەنەکان لەساڵی ١٩٨٩دا بەڵام ئەم هەنگاوە لە لایەك دواکەوت، لە لایەکی تـرەوە هاوکاتی پارچەبوونی حزبی دیموکرات بوو بۆ دووبەش کە (جەلیل گادانی و حسن رستگار) و ژمارەیەك لەئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە لە ١٩٨٨/٣/٢١ خۆیان وەکو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێری/حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاندو ساڵی دواتریش تیرۆرکردنی عەبدولڕحمان قاسملوی بەشوێندا هات کە لە ڤییەنا لە ١٣ـ٧ـ١٩٨٩ دا تیرۆرکرا. ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی کە تێکۆشانی کورد لە ڕۆژهەڵات زیاتر ڕوو لە لاوازی بکات.

**ڕاپەڕینی باشوری کوردستان و کاریگەریی لەسەر جوڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

داگیرکردنی وڵاتی کووەیت لەلایەنی ڕژێمی سەدامەوە لە١٩٩٠/٨/٢داو هێرشکردنە سەرئێراق لە ١٩٩١/١/١٧و دواتر ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشور لە ١٩٩١/٣/٥و کۆڕەوی باشوور لەمانگی نیسانی هەمان ساڵدا بۆ ڕۆژهەڵات و باکورو ڕووداوەکانی دواتری باشوری کوردستان و ناوچەکە دەرفەتێکی نوێی بۆ گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئافراند کە پەرە بە تێکۆشان بدەن. لەم ماوەیەدا لایەنەکانی ڕۆژهەڵات هەندێك هەوڵ و کۆششیان کرد. بەڵام ئەوەی دیاربوو دەوڵەتی ئێران ئیتر پەنای بۆ شێوازی تیرۆر دەبردو دەیخواست لەڕێگەی تیرۆر و غافڵکوژکردنەوە گورز لەپارتە کوردییەکان بدات. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٩١هەتا١٩٩٦ ژمارەیەك کادیرو سەرکردەی ئەو حزبانە لە باشووری کوردستان و لە دەرەوە تیرۆر کران، کە دیارترینیان صادقی شەرەفکەندی بوو کە پایزی ١٩٩٢لە ئەڵمانیا لە چێشتخانەی میکۆنۆسدا تیرۆرکرا. لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی دەوڵەتی ئێران و دەزگا هەواڵگرییەکانی، ڕێبەرایەتی جوڵانەوەی کوردی لەڕۆژهەڵات تەگبیری جددی وەرنەگرت. هەرئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو دەرفەتە لەبارەی باشوری کوردستان نەبێتە پشت و پەنا بۆ جوڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات. بەپێچەوانەوە ببێتە جێگەی غافڵ گیرکردنی ئەو پارتانە. دیارە لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەڵوێستی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە باشوردا، واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بوارەدا ڕۆڵێکی سەرەکی و نەرێنی بینی. هەرچەندە یەکێتی نیشمانی بەپێچەوانەی بارتی دیموکراتەوە لەشەڕەکانی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٢دا هاوکاری پارتەکانی ڕۆژهەڵات بوو، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٦ەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا پەرەی سەندو لە ساڵی ١٩٨٧یشدا بەنێوانگیری ئێران لەگەڵ پارتیدا ئاشت بوونەوە، ئیتر وەکو جاران نەدەبووە جێگەی متمانەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات. لەدوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١یشەوە، کاتێك بۆشایی ئیداری لە باشوری کوردستاندا دروست بوو، گەل داخوازی هەبوو کە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و حکومەتی شەرعی دروست بکرێت. ئێران و تورکیا بەتوندی ڕووبەڕووی ئەو بیرۆکەیە بوونەوەو ناڕازی بوون لە کارێکی بەو ڕەنگە. چونکە پێیان وابوو کە ئەو پرۆسەیە دەبێتە بنەما بۆ دەوڵەتی کوردی و کاریگەریی لەسەر جوڵانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات و باکور دادەنێت. هەربۆیە دوای مشتومڕێکی زۆر بەدوو مەرج ئەو پرۆسەیان پەسند کرد، ئەوانیش

ئەو حکومەتەی دروست دەکرێت کاتی بێت و هەتا حکومەتی بەعس دەگۆڕێت بەردەوام بێت و لە گەڵ گۆڕانکاری لەرژێمی ئێراقدا، ئەو حکومەتەش کۆتایی پێ بێت. هەروەها ئەو حکومەتەی کە دروست دەبێت پێویستە پەیمانی ئەوە بدات کە سنورەکانی ئێران و تورکیا دەپارێزێت و ڕێگەنادات پارتەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری سوود لە جوگرافیای باشوور وەربگرن بۆ لێدانی ئەو دوو دەوڵەتە. یەکێتی و پارتی ئەم مەرجانەیان پەسند کرد، هەربۆیە دوای هەڵبژاردن و دروستبوونی حکومەت لە ١٩٩٢/٧/٤ دا. ئیتر هەردوو پارتی باشوور کە پێکهێنەری حکومەت بوون، داوایان لە حزبەکانی ڕۆژهەڵات کرد سنوورکان بەربدەن و بنکەو بارەگاکانیان یان ببەنە ڕۆژهەڵات، یاخود ڕەچاوی ڕەوشی باشوور بکەن و بچن لە باشووردا خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی بکەن و لە باشوورەوە هێرش نەکەنە سەر ئێران (ئەم داوایەشیان لە پەکەکەکرد سەربارەت بە باکور). ئەم هەڵوێستە چەندە ڕاست و خزمەت بە دەسکەوتی باشوور و پاراستنی دەسکەوتەکانی دەکات، دواتر قسەی لەسەر دەکەین، گومانی تێدانیە کە هەڵوێستێکی هەڵەبوو، بەڵام پارتەکانی ڕۆژهەڵات ئەم داوایەیان پەسند کرد، ئەمەش بووە هەنگاوی دووەمی پاشەکشەی ئەو هێزانەو زۆربوونی دابڕان و کەلێن لەنێوان ئەو هێزانەو گەلی کوردستان لەرۆژهەڵات. هەر ئەم هەڵوێستەو باردۆخی باشوورو هەڵوێستی دەسەڵات لە باشووردا بەرامبەر خەباتی ڕۆژهەڵات و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران وایکرد کاروچالاکی ئەو پارتانە رۆژبەڕۆژ بەرتەسك ببێتەوە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٦ دا پەیوەندی یەکێتی نیشتمانی و ئێران چووە قۆناخێکی ترەوە، ئیتر یەکێتی و پارتی بەتەواوی سەبارەت بە ئێران سەنگەریان گۆڕی و پەیوەندییەکانی پارتی سنوردار بوو، پەیوەندی (یەکێتی)یش لە گەڵ ئێراندا بووە پەیوەندی توندوتۆڵ (بەڵام لاسەنگ و لەخزمەتی ئێراندا) ئیتر سنوری کارو چالاکی پارتەکانی رۆژهەڵات بەرتەسکتر بویەوەو هاوکاریکردنی یەکێتی بۆ لێدانی بنکەکانی حزبی دیموکرات لەهاوینی ١٩٩٦ داو ئاستەنگ دروستکردن بۆ هەرجۆرە چالاکیەکی ئەو حزبانە، بووە هۆی ئەوەی ئەو حزبانە بەتەواوی بکەونە قۆناخێکی بێ دەنگیەوە. هەرئەمەش وایکرد کە بەشێکی پارتەکانی رۆژهەڵات ڕوو لەپارتی بکەن و خۆیان لە یەکێتی دوور بخەنەوە. هەرچەندە لەم قۆناخەدا هەندێك هەوڵ هەبوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەوێنەی دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێران لەسەر دەستی سەعیدی یەزدان پەناو کۆمەڵێك کەسایەتی تردا، بەڵام کوشتنی سەعیدی یەزدان پەناو خولانەوە لە ناو بازنەی سیاسەتی نەریتی دا بووە هۆی ئەوەی کە ئەو حزبەش نەتوانێت گۆڕانکاری ڕیشەیی دروست بکات .

شانبەشانی ئەو ڕەوشەی کە حزبەکانی تێدابوو، لە ڕۆژهەڵات حکومەتی ئێران لەبن ناوی ئێرانی بوون، ئیسلامیەت و شیعەگەری، دژە ئەمریکایی و رۆژئاوایی، ڕێگەگرتن لە فەسادی ئەخلاقی رۆژئاوا، سیاسەتی بە (بەسیج)کردن و ئیتلاعاتکردن و دزە پێکردنی خەڵکی خۆی لە ناو پارتەکانداو ئاشکراکردنی شانە ڕێکخستنیەکانی حزبەکانەوە، هاوکات لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارکردن بۆ داڕووخاندنی ئەخلاقی کۆمەڵگاو سیاسەتی لەسێدارەدانی

نەیارەکانی و تاوانبارکردنیان بەموحارب و هەڵگەڕاوە لەخودا پەرەپێدا. بەهۆی لاوازی جوڵانەوەی کوردی لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، ئەوسیاسەتەی دەوڵەت هەتا ئاستێك کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا کردو ئەو بارودۆخەی لە ئەمڕۆدا دەگوزەرێت دەرئەنجامی ئەو سیاسەتانە بوو.

هاوکاتی ئەو بارودۆخەی لە رۆژهەڵاتدا دەگوزەرا گەشەکردنی جوڵانەوەی پارتی کریکارانی کوردستان لە باکورو رۆژئاوای کوردستان و کاریگەری لەسەرباشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان کرد. لەسەرەتای نەوەدەکاندا کاریگەری ئەو جوڵانەوەیە لە ناوچەکانی باکوری رۆژهەڵات دەرکەوت و لەدوای ساڵی ١٩٩٦ەوە ئەو کاریگەریە تشەنەی کرد بۆ ناوچەکانی تری رۆژهەڵات. بەشێکی گەنجانی رۆژهەڵات پەکەکەیان وەکو هێزێکی نەتەوەیی و نوێگەرو بەچارەسەر بۆ کێشەکانی رۆژهەڵات دەبینی، هەر ئەمەش وایکرد بەشداریکردنی گەنجان لە رۆژهەڵات بۆ ئەوجوڵانەوەیە ڕوو لەزیادبوون بکات و کاریگەریشی لەسەر جەماوەر کرد. ئەم کاریگەرییانە لەکاتی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژی ڕێبەر عەبدوڵلائۆجالان و دەستگیرکردنی لە ١٩٩٩/٢/١٥ دا گەیشتە لوتکەو ئەوەبوو لەزۆربەی شاروشارۆچکەو گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو کردەوەیە شەرمەزار کراو لە هەندێك جێگەش هاوشێوەی شاری سنە ئەو ڕوداوە بووە هاندەر بۆئەوەی جەماوەر ڕق و توڕەیی خۆیان بەرامبەر رژێمی ئێران دەرببڕن و رژێمیش زۆر بەدڕندانە هێرشی کردەسەرجەماوەر و کۆکوژییەکی لەوشارەدا ئەنجامدا. ئەو ڕووداوانەو گەشەکردنی فکر و ڕامانی تەڤگەڕی ئاپۆچی و پەکەکە و هەڵوێست و کردەوەکانی بوونە هۆکاری گەشەی زیاتری کاریگەرییەکانی ئەم جوڵانەوەیە لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان. هەرئەمەش بووە هۆکار بۆئەوەی کە ژمارەیەك لەو گەنجە کچ و کوڕانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە فکرو ڕێبازی خەباتی پەکەکەیان بە چارەسەری دەبینی بۆ کێشەی گەلەکەمان لەرۆژهەڵات. هەستان بەدامەزراندنی (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) لە ٢٠٠٤/٤/٤دا. ئەم پارتە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵیدا ئەو بارودۆخە تێپەڕ بکات کە پارتەکانی تر تێیدا دەژین و بۆ ئەو مەبەستە دەستی بە خەباتی سیاسی و ڕێکخستنی کرد لە رۆژهەڵات و لە ساڵانی (٢٠٠٥ هەتا ٢٠١١ ) لەزۆرجێگەی رۆژهەڵات شەڕوپێکدادان لە نێوان ئەو حزبەو حکومەتی ئێراندا ڕوویداوەو ڕاگەیاندراوە، بەڵام هەتا ئێستا هەنگاوی بەرچاو لەلایەنی دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ چارەسەر کردنی دۆزی کورد لە رۆژهەڵات و ئێراندا نەنراوە . هێزو لایەنە کوردستانیەکانی رۆژهەڵاتیش هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لەناو چوارچێوەیەکی هاوبەش و یەکگرتوودا تێکۆشان بکەن.

### بارودۆخی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان

وەکو باسمان کرد مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەگەڵ خۆیدا نکۆڵی لە فۆرمی کۆمەڵگاکردو خۆاستی هەموو ڕاستیەکان لە فۆرم و مۆدیلی دەوڵەت نەتەوەدا کۆبکاتەوە. هەرچەندە هەتا سەدەی بیستەم کەموکورتی لەفۆرمە کۆمەڵایەتیەکانیشدا هەبوو بێت. بەڵام لە کوردستاندا

فۆرمـە کۆمەڵایەتیـەکان و ناسـنامە کۆمەڵایەتیـەکان خۆیـان پاراسـتبوو، فۆرمـی دەسـەڵات و دەوڵەتیش ئـەو ڕاستیە کۆمەڵایەتیانـەی پەسـند کردبـوو. بۆنمونـە؛ دەوڵـەت بەشـێوەیەکی بەرفـراوان دەسـتی وەر نـەدەدا نـاو ژیانـی خێـڵ و هـۆزە کوردەکانـەوە خێـڵ و هـۆزە کوردییـەکان هـەم ناسـنامەی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگابـوون، هـەم لـە ئاسـتی جیاجیـادا نوێنەرایەتـی خۆبەڕێوەبەرێتـی کۆمەڵگایـان دەکـرد. هاوشـانی ئەمـە چەمکـی قـەوم و میللـەت هەتـا ئاسـتێك گەشـەی کردبـوو. لەنـاو کۆمەڵـگای کـورد بەگشـتی و لەڕۆژهەڵاتیـش بەتایبەتـی ئـەم چەمکـە لەنـاو کۆمەڵـگاو تاکەکانـی کوردا ڕەنگـی دابـووەوە. لەگـەڵ ئەمانـەدا چەمکـی ئوممـەت گەشـەی کردبـوو. ئـەو سیسـتمەی لەئێرانـدا لەسـەردەمی شاهنشـاهیداو دواتریـش لەسـەردەمی کۆمـاردا بەڕێـوە چـوو، هـاوکات ئـەو جوڵانـەوەو تێکۆشـانەی لەلایەنـی سـەرکردە، کۆمەڵـەو ڕێکخـراوەو پارتەکانـەوە بەڕێـوە بـراوە، کاریگەرییـان لەسـەر کۆمەڵـگای کـورد هەبـووە، هاوکاتـی ئەمانـە گەشـەی فکـری، بەرخۆدانـی کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقـی و گۆڕانـکاری لـە سیسـتمی ئابـووری و دەسـتی کاردا کاریگەریـان لەسـەر کۆمەڵـگا هەبـوو. لـە ئەمـڕۆدا دەبینیـن چەمکـی دەوڵـەت نەتـەوەو میللیگەرایـی وەکـو هەسـت زاڵ بـووە بەسـەر داخوازییەکانـی کۆمەڵـگادا، ئەمـەش وەکـو کاردانەوەیەکـە بەرامبـەر ئـەو سـتەم و سیاسـەتانەی کـە دەوڵـەت بەرامبـەر کۆمەڵـگای کـورد بەڕێـوەی بـردووە، بـەڵام لـە ڕاسـتی ژیانـی کۆمەڵـگا وردبینەوە، ئـەوە دەبینیـن کـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و فۆرمەکانـی وەکـو تیـرە، خێـڵ و هـۆز هێشـتا بەشـێك لـە ڕاسـتی خۆیـان پاراسـتووە. چەمکەکانـی ئایینگەرایـی و مەزهەبگەرایـی و ئێرانـی گەرایـی هەرچەنـدە لایەنـە کوردییەکـەی ناسـنامەی کۆمەڵـگای لـە ئاسـتی جیاجیـادا کاڵ کردۆتـەوە، بـەڵام دەرفەتـی تێپەڕکردنـی نەژادپەرسـتی تێدایـەو توانـای هەنگاونـان بـەرەو نەتـەوەی دیموکـرات لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێرانـدا هەیـە. هەرچەنـدە دەوڵـەت زۆر هەوڵیـدا ژێرخانـی ئابـووری کۆمەڵـگا بگۆڕێـت، بـەڵام بەهـۆی ئـەو ئابڵوقەیـەی سـاڵانێکی درێـژ لەسـەر ئێـران بـوو، هـاوکات هەوڵەکانیـان بـۆ ئـەوەی لـەڕووی ئابوورییـەوە پشـت بەخۆیـان ببەسـتن، هەتـا ئێسـتا بەتـەواوی ئابـووری کۆمەڵـگا لەنـاو ئابـووری دەوڵـەت و تایبەتـدا نەتواوەتـەوەو دەرفەتـی پشـت بەخـۆ بەسـتنی تێدایـەو ئەمـەش کۆڵەکەیەکـی تـری فۆرمـی کۆمەڵگایـە کـە دەکرێـت کاری لەسـەر بکرێـت. هـەر ئـەم تایبەتمەندییانـە بوونەتـە هـۆکار بـۆ ئـەوەی کـە ژن هەتـا ئاسـتێك پێگـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی خـۆی بپارێزێـت و بتوانێـت بەشـداری چالاکانـە لەنـاو ژیانـدا بـکات، ئەوەبـوو کـە ژمارەیەکـی زۆر ژن بەشـداری خەباتـی پێشـمەرگایەتی بـوون لەنـاو پارتـە سیاسـیەکانداو ژنانـی وەکـو فەتانـەی وەلیـدی و شـەهێن تاڵەبانـی لـە بـواری هونـەردا جێگـەی دەسـتیان دیـار بێـت. لەگـەڵ ئەمانـەدا گرنگـە بـاس لـەوە بکەیـن کـە سـەرەڕای ئاسـتەنگی و فشـارەکانی دەوڵـەت لـە بـەردەم گەشـەکردنی زمـان و فەرهەنگـی کوردیـدا، بـەڵام خوێنـدن و نوسـین بەزمانـی کـوردی هەتـا ئاسـتێك بـەرەو پێـش چـووەو فەرهەنگـی کوردیـش توانیویەتـی خـۆی بسـەلمێنێ، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی نیگەرانیـە دابڕانێـك لـە نێـوان زاراوەو شـێوە زارەکانـی کوردسـتان لـە ڕۆژهـەڵات هەیـەو ئـەوەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر بەرهەمـەکان و دووربوونـی فەرهەنگـەکان لـە یەکـتری هەیـە .

وەکو ئەنجام دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کوردستان لە ڕۆژهەڵات سەرەڕای زەحمەتیەکانی، بەڵام توانی لەناو مەکینەی جینۆسایدی فەرهەنگی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا رزگاری ببێت و ئەرکی پێشەنگەکانێتی کە ئەم راستیە بەباشی بخوێننەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

## ج . ڕۆژئاوای کوردستان

وەکو پێشتر باسمان کرد دەوڵەتی سوریا بەمشێوەی ئێستای لە ساڵی ١٩٢٠دا دامەزرا، بەڵام لەسەرەتاوە وەکو چوار هەرێم یان دەوڵەتۆکە بوو، هەموویان لەژێر چاودێری فەرنسادا بوون. بەپێی پەیمانی سان ڕیمۆی (١٩٢٠/٤/٢٥)ی نێوان بریتانیاو فەڕەنسا، بریتانیا دەستی لە سوریا هەڵگرت و فەڕەنسا هەم بەفەرمی هەم بە کرداری بووە خاوەنی سوریا و چاودێر بەسەرییەوەو هەوڵیدا مۆدێلێك کەوەکو خۆی دەیخوازێت دروستی بکات و دوای ئەوەی لە (١٩٢١/١٠/٢٠) دا پەیمانی (فرانکلین - بۆیۆن)ی لەگەڵ تورکیادا ئیمزاکرد، ئیتر سنوری لەگەڵ تورکیاش یەکلاییکردەوە. سوریا بەفەرمی هەتا١٩٤٦/٤/١٧لەژێر دەست و چاودێری فەڕەنسادا بوو. لەم ڕۆژەدا بەفەرمی سەربەخۆیی وەرگرت لە فەڕەنسا، بەڵام هەتا ساڵانێکی درێژ هەر لەژێر کاریگەری فەڕەنسادا بوو. هەربۆیە باشتر وایە بارودۆخی سیاسی و ئیداری و ڕەوشی جوڵانەوەی کوردی و کۆمەڵگای کوردستان لەرۆژئاوا بەسێ قۆناخ باس بکەین. قۆناخی یەکەم؛ سەردەمی دروستبوونی سوریای نوێ هەتا سەربەخۆبوونی سوریا قۆناخی دووەم؛ سەردەمی سەربەخۆبوونی سوریا، هەتا جێگیربوونی دەسەڵاتی حافز ئەسەد. قۆناخی سێیەمیش سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەدو بەشار ئەسەدە .

لەقۆناخی یەکەمدا دەسەڵاتداری ڕاستەوخۆ لەدەستی فەڕەنسیەکاندا بوو، فەڕەنسا هەوڵیدەدا دەسەڵاتێکی کۆماری ناوەندی و عەلمانی دروست بکات، بۆئەمەش لە ڕووی دەستوری و یاساییەوە کاری بۆ ئەم ئامانجە دەکرد، لەڕووی کرداریشەوە دەیخوایت بگاتە ئەو ئامانجانە. لە سوریا تەنیا زمانی عەرەبی ڕێگە پێدراو بوو، هاوکات فەڕەنسا هەوڵیدەدا کاریگەریی ئایین کەم بکاتەوەو دەسەڵاتی خێڵەکان نەهێڵێت. لەم قۆناخەدا، بەتایبەتی لەسەرەتاوە لەلایەك بەهۆی دانەبڕانی باکورو ڕۆژئاوا لەیەکتر، ڕاپەڕینەکانی باکور ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ڕۆژئاوا هەبوو، هاوکات دەسەڵاتی فەڕەنسی نامۆبوو بەناوچەکە لەبەر ئەمە جەماوەری سوریاو ڕۆژئاوای کوردستانیش هەتا ناوەڕاستی سیەکانی سەدەی رابردوو چەندین ڕاپەڕینی چەکداری ناوچەییان ئەنجامدا. کە دیارترنیان هەوڵەکانی (ئیبراهیم هەنانۆ) (١٨٦٩- ١٩٣٦) بوو. ئیبراهیم هەنانۆ لە ساڵی ١٩١٨دا لەحەلەب لەبەرامبەر فەڕەنسیەکاندا ڕاوەستاو تێکۆشانی کرد. خۆی دانیشتوی چیای (زاویە)ی باشوری ڕۆژئاوای حەلەبە، ئەو ناوچە کوردنیشینە، لەگەڵ مستەفائاغا لە (فەریریە)و هەندێك سەرۆك هۆزی تردا، چوار گروپی چەکدار پێکدێنن و لە ١٩٢٠/٩/١٦دا شەڕی لە دژی فەڕەنسیەکان ڕاگەیاند. دوای چەندین سەرکەوتن، لە کۆتاییدا دەشکێت و هەڵدێت بۆ سنوری ئوردون. لەوێ داوای هاوکاری لە عەبدوڵڵای کوڕی شەریف

حسێن عەلی دەکات. بەڵام بریتانیەکان دەستگیری دەکەن و ڕادەستی فەڕەنسیەکانی دەکەن. بەڵام فەڕەنسیەکان سەرەڕای دادگایکردنی، لەژێر فشاری جەماوەردا ئازادیان کرد. ساڵی ١٩٢٥ جارێکی تر جەماوەری چیای زاویەی هانداو پەیوەندی بتەوی لەگەڵ دوروزی و عەلەوییەکان و سوڵتان ئەترەشدا هەبوو ، هەتا ساڵی ١٩٣٥ بەرخۆدانی کرد، دواتر نەخۆش کەوت و لە ساڵی ١٩٣٦دا بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات.

دوای کۆتایهاتنی بەرخۆدانی ئیبراهیم هەنانۆ، لە دژی سیستمی باج و سەرانەی دەوڵەت، سەعید ئاغای سەرۆکی هۆزی (دەقوری)،(شێخووس حەسۆ)ی سەرۆکی هۆزی گاباری لەمانگی ١٩٣٧/٦دا لەناوچەی عامودێ ڕاپەرین و (عامودێ) یان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە. دواتر بەرەو سەری کانی هەنگاویان نا، ئیتر شەڕ دژوار بوو. بەهۆی دژواری شەڕەوە سەعید ئاغا پاشەکشەی کرد بەرەو چیای شەنگال و لە ئەنجامدا راپەڕینەکەیان دامرکایەوە. هەرچەندە پێکدادانی هەرێمی جارجار لەنێوان خەڵکی ناوچەکان و سوپای فەڕەنسی و سوریدا دروست دەبوو، لەوێنەی ڕاپەڕینی گوندی بەیاندووری ساڵی ١٩٢٣ لەرۆژهەڵاتی قامیشلو. بەڵام لە دوای ئەو مێژووەوە ئیتر خەباتی چەکداری لە رۆژئاوا بەرەو نەمان چوو. ئەمەش دوو هۆکاری هەبوو، یەکەمیان دەسەڵاتی فەڕەنسی بەرەو سەقامگیری دەچوو، لەلایەکی تریشەوە ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانی باکوریش دامرکانەوە کەئەو راپەڕینانە ئیلهام بەخش بوون بۆ خەڵکی رۆژئاوا.

بێجگە لەو ڕووبەڕووبونەوانە، بەشێکی زۆری جەماوەری ڕۆژئاوا بەهۆی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان لەگەڵ باکوردا، هاوکات بەهۆی ئەو شەپۆلە کۆچانەی لەباکورەوە ڕوویان لەڕۆژئاوا دەکردو لە ستەمی دەوڵەتی تورك هەڵدەهاتن کە دیمۆگرافیای ناوچەکەشی دەگۆڕی، زۆربەی زۆری جەماوەر هیواکانیان بۆ ئازادی بەستبووەوە بەسەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانەکانی باکورەوە. هەربۆیە بەشێوەیەکی چالاك لەناو ئەو جوڵانەوە سیاسی، ڕێکخستنی، ڕۆشنبیری و سەربازیانەدا خەباتیان دەکرد کە لە باکور کاریان دەکرد، یاخود ڕووی تێکۆشانیان لە باکورە. بێگومان ئەمە بۆ باکور بووە پشت و پەنا و هێڵێکی پاراستن. هاوکاتی ئەمە دەستپێشخەری سیاسی لە ڕۆژئاوا لاواز کرد، چونکە هەمیشە چاویان لە باکوربوو. ئەوەبوو خەڵکی رۆژئاوا لە زۆربەی ڕاپەڕینەکانی باکوردا چالاکانە خەباتیان کردووە. هەروەها رۆڵی بەرچاویان بینیوە لەو خەباتەی کە کۆمەڵەی خۆیبوون لەهەموو بوارەکاندا ئەنجامی دەدا. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە ئەوە بدرێت کە هاوکاتی ئەوە، بەهۆی ئەوەی رۆژئاوا وەکو بنکەی لێهاتبوو بۆ شۆڕشگێڕو کەسایەتیەکانی باکور، کاریگەری ئەو سەرکردەو کەسایەتیانە لەسەر رۆژئاوا دروست دەبوو، ئەمەش لایەنێکی ئەرێنی بوو. ئەوەتا گەلی کورد لە رۆژئاوا توانیویەتی زمان و فەرهەنگی خۆی بپارێزێت و سەرەڕای هەموو ئاستەنگیەکانی دەوڵەت، تاڕادەیەك خوێندن و نوسین و ستران و فەرهەنگی خۆی پێشخستووە. لەم بوارانەدا خانەوادەی بەدرخانیەکان، لەوێنەی جەلادەت عالی بەدرخان، کامەران و سورەیا بەدرخان، عوسمان صەبری(٦١)، نورەدین زازاو جگەرخوێن(٦٢)، قەدریجان، تیرێژو محمد شێخۆ رۆڵیان دیارو بەرچاوە. گۆڤاری روناهی و هاوار، رۆژنامە

**ستێرك و (ڕۆژا نوو)یش كاریگەری بەرچاویان هەبووە. واتە دەتوانین بڵێین لەم قۆناخەدا تێكۆشانی گەلی ڕۆژئاوا بەشێكی سەرەكی ڕووی لە باكور بووە، بەشێكیشی ڕووبەڕووبوونەوەی فەڕەنسیەكان و هەوڵدان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگ و زمانی خۆی بووەو لە هەردوو بوارەكەشدا جێگەی دەست و خەباتی دیاربووە.**

**قۆناخی دووەم كە لەگەڵ سەربەخۆیی سوریادا دەست پێ دەكات، قۆناخێك بوو سەرەتا خەسڵەتی ناجێگیری هەبوو. زۆربەی حكومەتەكان لەماوەیەكی كەمدا كۆتاییان پێ دەهات. ئەم ڕەوشە هەتا ١٩٦٣/٣/٨ كە بەعس بەپێشەنگایەتی (صلاح جدید) دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەم پارتەش هەتا ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ نەیتوانی ئارامی بپارێزێت. بەڵام دوای ئەوەی حافز ئەسەدو مستەفا تالاس پێكەوە لە ١٩٧٠/١٠/١٦ كودەتایان بەسەر(صلاح جدید) دا كردو دواتر لە شەڕی ١٩٧٣/١١/٦ دا سەركەوتنیان بۆ سوریا بەسەر ئیسرائیلدا بەدەستهێنا، ئەمە كاریزمایەكی بۆ ئەسەد دروستكردو توانی وڵات جێگیر بكات.**

**ئەم قۆناخە بەهۆی گۆڕانكارییە ناوچەیی و جیهانیەكانەوە، كە جوڵانەوەی چەپ و تێكۆشانی گەلان لە پەرەسەندندا بوو، بیری و چەپ و نەتەوەخوازی لە ڕۆژئاوای كوردستانیش فۆرمێكی نوێی وەرگرت. ئیتر ڕۆشنبیرو گەنجانی كورد هەوڵیاندەدا لەناو جوڵانەوەكانی چەپ، سوریاو كوردستاندا چالاكانەتر كاربكەن. هەندێك كەسایەتی كوردیش لە هەوڵی ئەوەدابوون لەناو دەزگاگانی دەوڵەتدا ڕۆڵ ببینن. شوكری قوەتلی، جەنەڕاڵ فەوزی سلو و ئەدیب شیشەكلی ڕۆڵی بەرچاویان لەناو دەزگاكانی دەوڵەتدا بینی.**

---

(٦١)عوسمان صەبری (١٩٠٥ – ١٩٩٣): لە باكوری كوردستان لەساڵی ١٩٠٥ دا لەدایكبووە، ساڵی ١٩٢٩ هەڵهاتووە بۆ ڕۆژئاوای كوردستان. دوازدەجار لەلایەنی كاربەدەستانی سوریاوە دەستگیركراوە. كەسێكی چالاك بووە لە بواری سیاسی و ڕێكخستنیدا. لەبەرئەوە دەوڵەتی سوریا مافە مەدەنیەكانی لێ سەندۆتەوە. یەكێك بووە لە ئەندامانی نادیا كوردستان كە لەساڵی ١٩٣٨ دا لە دیمەشق دامەزراوە. بەشداربووە لە دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستانی سوریا لە ساڵی ١٩٥٧ داو سەرۆكی ئەو پارتە بووە، بەڵام دوای پارچەبوونی ئەو پارتە، بەهۆی ناكۆكی لەگەڵ مستەفا بارزانی و كاریگەری بارزانی لەسەر پارتەكەیان دەستی لەسەرۆكایەتی پارتەكە بەرداوەو لە ١٩٩٣/١٠/١١ دا كۆچی دوایی كردووە.

(٦٢)جگەر خوێن : (١٩٠٣ – ١٩٨٤) ناوی شێخ موس كوڕی حەسەن محەمەدە، لە گوندی (حەسار)ی نزیك مێردین لەدایكبووە. بەهۆی سەختی ژیانەوە بەرەو(عامودێ) گواستویانەتەوە. بۆ خوێندن چووەتە چەندین حوجرە لە هەرچوار بەشی كوردستان. ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. كەسێكی ڕۆشنبیرو چالاك بووە. پاش ماوەیەك دەست لەكاری مەلایەتی بەردەدا، لەو ماوەیەدا زیاتر بەنوسین و كاری ئەدەبی یەوە خەریك دەبێت. ساڵی ١٩٥٩ هەتا ساڵی ١٩٦٣مامۆستای وانە بێژبووە لە بەشی زمانی كوردی لەزانكۆی بەغداد. ماوەیەك دەبێتە ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستانی سوریا و لەگەڵ (عوسمان صەبری) دا دەبێت. دواتر دەست لەكاری سیاسی بەردەدات و خۆی بۆ كاری ڕۆشنبیری تەرخان دەكات و لەقامشلو هەتا ساڵی ١٩٧٩ جێگیر دەبێت و دواتر دەچێتە سوید و هەتا لە ١٩٨٤/١٠/٢٢ دا كۆچی دوایی دەكات.

**خالید بەگداشیش یەکێك بوو لەپێشەنگەکانی چەپ لە سوریا، ئەکرەم حۆرانی دامەزرا. لەگەڵ ئەمانەدا دەرفەتێکی فەرمی و ئازاد بو خەباتی سیاسی و رۆشنبیری کوردی دروست نەکرا.**
**بەڵام لەڕووی کردارییەوە هەتا کۆتایی ساڵانی پەنجاکان جۆرە ئازادیەك فەراهەم بوو. کوردە نەتەوە خوازەکانیش دەیاخواست سوود لەو دەرفەتە وەربگرن. لەم بارودۆخەدا بەپێشەنگایەتی عوسمان صەبری، نورەدین زازا(٦٣)، حەمید دەرویش پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا (PDKS) لە ١٩٥٧/٦/١٤دا دامەزرا. ئەم پارتە بەهاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێراق دامەزرا، هەربۆیە هاوشێوەی لقێکی ئەو پارتە کارو خەباتی دەکرد. سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ لە ئێراق و پەسند کردنی ناسنامەو هاوبەشێتی کورد لە ئێراقدا بەدەستوور و گەشەکردنی خەباتی کوردایەتی لەو بەشەی کوردستان، کاریگەریی ئەرێنی و راستەوخۆی لەسەر رۆژئاوای کوردستان کرد. هاوکاتی ئەوە دروستکردنی کۆماری عەرەبی کە لە یەکێتی میسر و سوریا پێکهات و لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦١) بەردەوام بوو، کاریگەری پێچەوانەی لەسەر تێکۆشانی گەلی کورد هەبوو، چونکە لەلایەك چەمکی عەرەبێتی لەدەسەڵاتی سوریادا پێشدەخست. لەلایەکی ترەوە شۆڤێنیزمی عەرەبی گەشە پێدەدا. ئەمانە وایان کرد کە وردەوردە دەرفەتی خەباتی سیاسی و رۆشنبیری کوردی بەرتەسك بکرێتەوە. لەئەنجامی ئەم سیاسەتەدا لە ساڵی ١٩٦٠دا بەشێکی زۆری سەرکردەو کادیرانی(PDKS) دەستگیر کران. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ١٩٦١/٩/١١دا لەباشوور جوڵانەوەی ئەیلول دەستی پێ کردو هەوای شۆڕشی گەلان لە بەرزبوونەوەدا بوو، ئەو گرتن و ئاستەنگیانە نەبوونە هۆی ساردبوونەوەی گەلی کورد لە رۆژئاوا. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ دوو ڕووداو و بابەت بکرێت کە گوزارەی لە سیاسەتی ئەوکاتەی حکومەتی سوریا دەکرد بەرامبەر بە کورد، ئەویش کۆکوژی سینەمای عامودێ و سیاسەتی کەمەری عەرەبی بوو کە لە ساڵی ١٩٦٠و١٩٦٢ بەڕێوەچوو.**
**حکومەتی نەژادپەرستی سوریا بە کۆکوژی سینەمای عامودێ کە لە ١٩٦٠/١١/١٣دا ئەنجامدراو ٢٨٣ منداڵ بوونە قوربانی، خواستی ئەو پەیامە بداتە گەلی کورد کە ئەگەر ڕووبەڕووی ئامانجەکانی عروبە ببنەوە،**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٦٣)نورەدین زازا : (١٩١٩ – ١٩٨٨)خەڵکی باکوری کوردستانەو لەوێ چاوی بەژیان هەڵهێناوە. ساڵی ١٩٣٠ پەنای بردۆتە بەر سوریا. لە ساڵی ١٩٣٧دا بڕوانامەی بەکالوریۆسی بەدەستهێناوە. لە سویسرا بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆمەڵناسیدا بەدەستهێناوە. کەسێکی ڕۆشنبیرو چالاکی سیاسی بووە. ئەندامی (نادیا کوردی) دیمەشق بووە و لەساڵی ١٩٤٩ دا لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی لە سویسرا یەکەم رێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دروست دەکەن بە ناوی؛ ( کۆمەڵەی لاوانی دیموکراتی کورد لە ئەوروپا). یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاو دوای پارچەبوونی پارتەکە. لایەنگری مستەفا بارزانی کردووەو ناکۆك بووە لەگەڵ (عوسمان صەبری)داو ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە.

ئـەوا چارەنوسـی گـەورەو بچوكـی كـورد بـەو ڕەنگـە دەبێـت. هـاوكات لەڕێگـەی پڕۆژەكـەی (محمـد تەلـەب هیـلال)ەوە كـە بەپـڕۆژەی كەمـەری عـەرەب نـاسراو دواتـر جێبەجـێ كـرا، خواسـتی گونـدو شـارو ناوچـە كوردییـەكان لەڕۆژئـاوا لەیەكـتری دابـڕێـت و هـاوكات كـوردی ئـەو بەشـەش لـە بەشـەكانی تـر دابـڕێـت، واتـە لـە باكـورو باشـور دابـڕێـت، ئەویـش بـە جێگیركردنـی عـەرەب لـەو ناوچانـەدا. ئەوەتـا ئەمـڕۆ دەرئەنجامەكـەی دەبینیـن كـە لـە زۆر ناوچـەی ڕۆژئـاوادا بەهـۆی ئـەو سیاسـەتەوە كـورد لـە یەكـتری دابـڕاون. سـەرەڕای ئـەو سیاسـەتانە، بـەڵام كۆمەڵـگای ڕۆژئـاوای كوردسـتان توانیـان پـەرە بەتێكۆشـانی خۆیـان بـدەن و لەلایـەك لەسـەر ئاسـتی ڕۆژئـاوا ڕووبـەڕووی ئـەو سیاسـەتانە دەبوونـەوەو زمـان و هونـەری خۆیـان پێشدەخسـت، لەلایەكـی تـرەوە بـە سـەدان و بگـرە بەهـەزاران گەنـج ڕوویـان لـە باشـوری كوردسـتان كـرد بـۆ بەشـداریكردن لـە جوڵانـەوەی ئەیلولـدا. هاوكاتـی ئەمانـە، لـە ڕووی ئابـووری و دارایـەوە ببونـە پشـتێكی مـەزن بـۆ جوڵانـەوەی ئەیلـول. حكومەتـی سـوریاش بـۆ ئـەوەی ڕێگـە لـەو هەڵكشـانە بگرێـت و ڕێگـە نـەدات كاردانـەوەی لەسـەر سـوریا هەبێـت سیاسـەتێكی تـری بەرامبـەر بـە كـورد گرتەبـەر. ئەویـش بـێ ناسـنامە كردنـی زۆربـەی كوردەكانـی ڕۆژئـاواو سـوریا بـوو. ڕژێمـی بەعـس هەسـتا بـە نوێكردنـەوەی ڕەگەزنامـەو كوردەكانـی كـرد بـە سـێ بەشـەوە، بەشـێكی بـە هاوڵاتـی سـوری ناونـوس كـرد، بەشـێكی بەخەڵكـی بیانـی و بەشـەكەی تـری بـێ ناسـنامەی كـردن و بـە (مەكتـوم) بەنـاوی كـردن، بەمـەش لەهەمـوو مافێكـی سیاسـی و مەدەنـی بێبەشـكردن. ئـەو سیاسـەت و ڕەوشـە هەتـا ئـەم دواییـەش بـەردەوام بـوو. ئاشـكرایە ئامانجـی ڕژێـم لـەم سیاسـەتە بـێ بەشـكردنی بەشـێكی زۆری گەلـی كـورد بـوو لەمافەسیاسـی و مەدەنـی و كۆمەڵایەتیەكانیـان هەتـا لـەم ڕێگەیـەوە ڕێگـە لەچالاكبوونـی كـورد بگرێـت. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن سـەربەخۆیی سـوریا ئێـش و ئازارەكانـی كـوردی كـەم نەكـردەوە، بەڵكـو لەگـەڵ بەهێزبوونـی دەسـەڵاتی عەرەبـی سـوریدا، دەرفەتـی ژیـان و ئـازادی بـۆ كـورد كـەم دەبویـەوە .

لـەم قۆناخـە گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بكەیـن كـە لەلایـەك چالاكـی سیاسـی كـورد لـە ڕۆژئـاوا زیـاد بـوو، لەلایەكـی تـرەوە ڕووگـەی جەمـاوەر و هێڵـی سیاسـی لـە ڕۆژئـاوا گـۆڕا و ئیـتر سـەرنجیان لەسـەر باشـوور بـوو، ئەمـەش بـەو هۆیـەی كـە جوڵانـەوەی كـوردی لـە باكـور لەسـاڵی ١٩٤٠ بـە دواوە توشـی شكسـت بـوو، لەبەرامبـەر ئەمـەدا تێكۆشـانی گەلـی كـورد لـە باشـور لـەم قۆناخـەدا گەشـەی كـردو ببـووە ناوەنـد بـۆ جوڵانـەوەی كـوردی بەگشـتی. ئـەم بارودۆخـە لـەدوولاوە كاریگەریـی لەسـەر جوڵانـەوەی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی ڕۆژئـاوای كوردسـتان كـرد. لەلایەكـەوە ببـووە هیـواو مـۆراڵ بـۆ جەمـاوەر و ئیلهامیـان لـێ وەردەگـرت بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی سیاسـەتەكانی حكومەتـی سـوریا، لەلایەكـی تـرەوە جوڵانـەوەی سیاسـی ڕۆژئـاوای كـردە كۆپیەكـی جوڵانـەوەی باشـوورو بـە باشـی و خراپیەكانیـەوە دەیگواسـتەوە، ئەمـەش وایكـرد كـە جوڵانـەوەی سیاسـی ڕۆژئـاوا نەتوانێـت سـەربەخۆ بجوڵێتـەوە. بەمشـێوەیە دیـاردە ناشـیرینەكانی حزبایەتـی و سیاسـەتی لەباشـورەوە گواسـتەوە بـۆ ڕۆژئـاوا. ئەوەبـوو كاتێـك پارتـی دیموكـرات لەباشـوور پارچەبـوو لەسـاڵی ١٩٦٤ دا ، PDKSش لـە

ڕۆژئـاوا لەسـاڵی ١٩٦٥ دا بوونـە دووپارچـە، کەباڵـی عوسـمان صەبـری نوێنەرایەتـی چەپـی دەکـردو حەمیـد حاجـی دەروێـش نوێنەرایەتـی هێڵـی تـری دەکـرد، دوای ئـەوەی هـەردوو بـاڵ لـە باشـوور لەسـاڵی ١٩٧٠ دا یەکیانگرتـەوە، هـەردوو باڵـی ڕۆژئـاواش لـە ١٩٧٠/٨/٢٦ یەکیـان گرتـەوە. دوای ئـەوەی جوڵانـەوەی ئەیلـول لەباشـوور تێکشـکاPDKSلە ڕۆژئـاوا پەرتـەوازە بـوو کەدواتـر چەندیـن پارتـی لـێ دروسـت بـوو. ئەمـەش کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر لەبـاری دەروونـی تـاك و کۆمەڵـگای ڕۆژئـاوا دروسـتکرد .

**قۆناخـی سـێیەم:** ئـەو قۆناخەبـوو کەحزبـی بەعـس دەسـەڵاتی خـۆی سـەپاند بەسـەر سـوریاداو ئیـتر حافـز ئەسـەدو مسـتەفا تـاڵاس بەتـەواوی کاریـان بـۆ لەقاڵبدانـی کۆمەڵگاکـرد لەبۆتـەی سیسـتمی تـاك حزبـی و دەوڵەتـی حزبـدا. سیاسـەتی ئـەم قۆناخـەی دەوڵەتـی سـوریاو حزبـی بەعـس بەردەوامـی ئـەو سیاسـەتەبوو کـە لـە سـاڵانی ١٩٦٣وە کاریـان لەسـەردەکرد. بـەڵام بەهـۆی ناکۆکـی بەعسـی سـوری و بەعسـی ئێراقیـەوە لەلایـەك و ناکۆکـی بەعسـی سـوری و تورکیـا لەلایەکـی تـرەوە، هـاوکات بەهـۆی ئـەوەی کـە بەعسـی سـوری لەسـاڵانی ١٩٧٠ وە خـۆی لەبـەرەی یەکێتـی شـۆڤێت و پەیمانـی وارشـۆدا سـاغ کـردەوە، بەعسـی ئێـراق سـەرەڕای پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ سـۆڤێتدا، بـەڵام لـەدوای پەیمانـی جەزائیـرەوە لـە سـاڵی (١٩٧٥)دا بـەرەو ڕۆژئـاوا هەنـگاوی دەنـا، لەلایەکـی تـرەوە دەوڵەتـی تورکیـا لەنـاو پەیمانـی ناتـۆدا بـوو، ئەمانـە هـۆکار بـوون بـۆ ئـەوەی کـە ململانـێ لـە نێـوان حکومەتـی سـوریاو هـەردوو حکومەتـی ئێـراق و تورکیـا چـڕ ببێتـەوە، هـەر لایەکیشـیان دەیانخواسـت سـوود لـەلاوازی ئـەوی تریـان وەربگـرن. ئێـراق و تورکیـا هانـی موسـوڵمانە سـوونەکانیان دەدا لـە دژی دەسـەڵاتی بەعسـی عەلـەوی سـوری. سـوریاش دەیخواسـت سـوود لـە دۆزی کـورد وەربگرێـت لـە ئێـراق و تورکیـاو لـە بەرامبـەر ئـەو دەوڵەتانـە بـەکاری بهێنێـت. ئـەم ڕەوشـە وایکـرد کـە دەسـەڵاتی بەعسـی لـە سـوریا زۆر لەبەرامبـەر ئۆپۆزسـیۆنی سـوننە و (ئیخـوان موسـلیمین) دا توندوتیـژ بێـت. کۆکـوژی حەمـا لـە سـاڵی ١٩٨٢ دا، کـە حکومەتـی سـوریا بـە بەرچـاوی جیهانـەوە ئـەو شـارەی بۆمبـاران کـردو بەهەزارانـی سـەرگەردان کـرد، بەرچاوتریـن ڕووداوو گوزارەیـە لـە سیاسـەتی دەوڵەتـی سـوریا لـەو بـوارەدا. بەپێچەوانـەی بابەتـی ئیسـلامیەوە، هەرچەنـدە لـە بـواری سـتراتیژیدا دەوڵەتـی سـوریا نکۆڵـی لەکـورد دەکـردو بەشـی زۆری کـوردی بـێ ناسـنامە کردبـوو، سـیمای گونـدو شـارو ناوچەکانـی دەگـۆڕی. کاری دەکـرد بـۆ گۆڕینـی فەرهەنگـی جەمـاوەری کـورد، هـاوکاری بـکات لەسـەقامگیربوونی دەسـەڵاتەکەیداو هـاوکات سـوریای کردبـووە پەناگـە بـۆ جوڵانـەوەی کـوردی باشـوور و دواتریـش بـۆ جوڵانـەوەی کـوردی باکـور بەڕێبەرایەتـی پەکەکـە نەرمـی نوانـد. ئەمـەش وایکـرد لەسـاڵی (١٩٧٥-١٩٨٠) سـوریا ببێتـە ناوەنـدی تاودانـەوەی جوڵانـەوەی کـوردی باشـوری کوردسـتان. لـە سـاڵی ١٩٨٠بـەدواوەش سـوریا و لوبنـان (کەلەژێـر جاودێـری سـوریادا بەڕێـوە دەچوو) بینـە بنکـە بـۆ خۆتاودانـەوەی پەکەکـەو گەڕانـەوەی بـۆ کوردسـتان. ئـەم بارودۆخـەو چالاکـی ئـەو پـارت و ڕێکخراوانـە لەلوبنـان و سـوریاو ڕۆژئـاوای کوردسـتان وایکـرد کـە دەرفەتێکـی نـەرم بـۆ کاروچالاکـی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بخولقێـت .

### ڕەوشی کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان

ئەو سیاسەتەی کە ساڵانێکی درێژ حکومەتەکانی سوریا لەسەر کورد بەڕێوەیان بردبوو، هاوکات کاریگەربوونی کۆمەڵگای ڕۆژئاوای کوردستان بە جوڵانەوە کوردییەکان، بوونە هۆکاری ئەوەی تاك و کۆمەڵگای ڕۆژئاوای کوردستانیش بەشێوەیەکی تاکتیکی و پراگماتیکی لەگەڵ دەوڵەتدا هەڵسوکەوت بکەن و هیوای خۆیان ببەستنەوە بەجوڵانەوەی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان. وەکو پێشتر باسمان کرد هەتا دوای شەڕی دووەمی جیهانی هیوای بەجوڵانەوەی باکورەوە بەستبووەوە، بەڵام لەدوای ئەوە هەتا ساڵی ١٩٧٥ هیوای خۆی بەستبووەوە بەجۆڵانەوەی باشورەوە. لەم قۆناخەشدا لە سەرەتاوە هەتا ساڵانی ١٩٨٥ کاریگەری جوڵانەوەو پارتەکانی باشوور لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان لە پلەی یەکەمدا بوو، هەرئەمەش وایکرد دوای شکستی جوڵانەوەی ئەیلول، جوڵانەوەی ڕۆژئاواو پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا پارچە پارچەبوو. دوای دەستپێکردنەوەی جوڵانەوە لە باشوور و بەهۆی ئەوەی کە سوریا ناوەندی (یەکێتی) بوو، کاریگەریی ئەم پارتەش لەسەر ڕۆژئاوا درست بوو، هەرئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە چەندین پارتی لە ڕۆژئاوا دروست بن و ئەو پارتانە بەشی زۆریان درێژکراوەی پارتەکانی باشووری کوردستان بوون. ئەمەش وایکرد کە نەتوانن سەربەخۆو لەچوارچێوەی پێویستیەکانی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستاندا پێکبێن و خەباتی هاوبەش بکەن، لەگەڵ ئەمەشدا پرۆژەیەکی وەهایان نەبوو کە بتوانن گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵگاو سیاسەتی کوردی لەڕۆژئاوای کوردستاندا ئەنجام بدەن. هەربۆیە پەرتەوازەیی دروست دەبوو، ئیتر کۆمەڵگا لە ئەڵتەرناتیڤ دەگەڕا. لە ساڵانی (١٩٨٠)بەدواوە، خۆڕێکخستنەوەی پەکەکە لە لوبنان و ڕۆڵی پەکەکە لە شەڕی ساڵی١٩٨٢دا لە لوبنان بەرامبەر ئیسرائیل کە ڕۆڵێکی قارەمانانە بوو، کاریگەریی لەسەر جیهان و ناوچەکە کرد. بەرخۆدانی زیندانی ئامەدی کادیرو پیشەنگەکانی پەکەکەو دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی لە ١٩٨٤/٨/١٥دا لە باکور، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان کرد. مانەوەی ڕێبەر عەبدوڵلائۆجالان لە لوبنان و پەیوەندی توندوتۆڵی کوردی لوبنان و ڕۆژئاوای کوردستان زەمینەکەی باشتر لە بارکرد بۆ ئەوەی کە پەکەکە بتوانێت کار لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژئاوای کوردستان بکات و ئەو بۆشاییە سیاسی و ڕێکخستنیە پڕبکاتەوە. ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ کاریگەریی فکر و ڕێبازی تێکۆشانی ئۆجالان و پەکەکە زیاتر دەبوو، بەپێچەوانەوە کاریگەریی جوڵانەوەی کوردی لە باشوور لە سەر ڕۆژئاوا کەمتر دەبویەوە. ئەم بارودۆخە لەکۆتایی نەوەدەکاندا گەیشتە ئاستێك کە ئیتر ڕژێمی سوریاش گەورەتر بوونی پەکەکەو کاریگەرییەکانی لەسەرکۆمەڵگای ڕۆژئاوای کوردستان بەمەترسی بۆ سەرخۆی ببینێ. هەربۆیە لەساڵی ١٩٩٨داو دوای ئەوەی تورکیا هەڕەشەی لە سوریا کرد، سوریا ئامادە نەبوو ئیتر ڕێبەرعەبدوڵلائۆجالان لەسوریا پەسند بکات. دیارە سوریا گەیشتبووە ئەو باوەڕییەی کە مانەوەی ئۆجالان لە سوریا ئیتر هەڕەشەیە بۆ سەر سیاسەتەکانی ئەو بەرامبەر بە کورد، یان دەبوو گۆڕانگاری ستراتیژی و ئەرێنی لەسیاسەتی خۆیاندا ئەنجام بدەن یان دەبوو لەدەرفەتێك بگەڕێن کە بەبێ زیان لێك

جیابنـەوە، هەربۆیـە هەڕەشـەکانی تورکیایـان کـردە ئـەو دەرفەتـە. ئەوەبـوو دوای ئـەوەش ڕژێمـی ئەسـەد هەوڵیـدا کاریگەریـی ئۆجـالان کـەم بکاتـەوەو کۆمەڵـگا کۆنـترۆڵ بـکات .
دوای کۆچـی دوایـی حافـز ئەسـەد لـە سـاڵی ٢٠٠٠دا، بەشـار ئەسـەدی کـوڕ بادانەوەیەکـی (١٨٠) پلەیـی ئەنجامـداو لـە دژایەتـی تورکیـاوە کەوتـە هەوڵـدان بـۆ ڕێککەوتـن و هاوپەیمانـی لەگـەڵ تورکیاداو ئەوەبوو لـە ڕێککەوتنـی ئەدەنـەدا کۆمەڵێـك پرۆتۆکوکۆڵیـان ئیمـزا کـرد لـە بـواری سیاسـی ، ئاسایشـی و سـەرمایەگوزاریدا. ئـەو ڕێککەوتـن و نزیکبونەوانـە لەسەرحسابی دۆزی کـورد لـە باکورو لـە ڕۆژئاوابـوو، هەربۆیـە ڕژێمـی ئەسـەد کەوتـە ڕاوەدوونانـی کەسایەتیە سیاسـیە کوردییـەکان، بـە تایبەتـی ئەوانـەی کـە نزیکـی بیروڕامانـی ڕێبـەر ئـۆج ئالانـن و بەشـێك لـەو کەسانەشـی کـە خاوەنـی ڕەگەزنامـەی تورکـی بـوون ڕادەسـتی تورکیـای کردنـەوە، هەروەهـا هێرشـی کـردە سـەر گـەل و کۆکوژییەکـەی قامیشـلو لـە ٢٠٠٤/٣/١٢نمونـەی هەرەبەرچـاو بـوو. ئـەو سیاسـەتەی کـە بەشـار ئەسـەد لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆو لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە بەڕێـوەی بـرد بەتایبەتـی ئـەو سیاسـەتەی لەبەرامبـەر تورکیـاو کـورددا بەڕێـوەی بـرد، بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە هـەم لەسـەر ئاسـتی دەرەوە توشـی قەیـران ببێتـەوە، هـەم لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ توشـی قەیـران ببێتـەوە. هەتـا لـە بەهـاری(٢٠١١) دا توشـی نالەبارتریـن بـارودۆخ بـووە تـەوەو نازانـن چـۆن خۆیانـی لـێ ڕزگار بکـەن.

## ڕەوشی ئەمڕۆی   ڕۆژئاوای کوردستان :

دوای ئـەوەی ڕێبـەر ئۆجـالان سـوریای بەجـێ هێـڵا، وەکـو باسـمان کـرد دەوڵـەت دەیخواسـت کاریگەرییەکانـی بنەبـڕ بـکات، بـۆ ئەمـەش ئەوەنـدەی پێـی کـرا، کردی لـە بەرامبـەردا گەلـی ڕۆژئاوای کوردسـتان. ئەوانەشـی ڕێبـازی ژیـان و تێکۆشـانی پەکەکەیـان بەبنەمـا دەگـرت و پێیانوابـوو دەبێتـە چارەسـەر بـۆ کێشـەکانیان هەوڵیانـدا پارتیـەك لەسـەر ئـەو ڕێیـازە دابمەزرێنـن و لـە ٢٠٠٣/٩/٢٠دا پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی یـان دامەزرانـد. ئـەم پارتـەش بەسـود وەرگرتـن لـە ئەزمـوون و فکـری ڕێبـەر ئۆجـالان و پەکەکـە هەوڵیـدا وەڵامـی پێویسـتیەکانی گـەل بداتـەوە. هەرچەنـدە هـەر لەسـەرەتای تێکۆشـانیەوە ڕووبـەڕووی هێـرش و فشـاری زۆر بویـەوە، بـەڵام ئـەوەی دیاربـوو بەرگەی دەگـرت. ئـەوەی جێگـەی سـەرنج و نیگەرانـی بـوو بـۆ جەمـاوەر ئەوەبـوو هەمئاهەنگـی لەنێـوان سـەرجەم پارتـە کوردسـتانیەکانی ڕۆژئـاوا کـەم و لاواز بـوو. ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر واقعـی کـرداری ئەمـڕۆی کوردسـتان لـە ڕۆژئـاوا هەیـە .
دیـارە کـە جوڵانـەوەی جەمـاوەر لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان و سـوریا دەسـتی پێکـرد، هیـوای جەمـاوەر ئەوەبـوو کـە سـەرجەم هێـزە کوردسـتانی و سـوریاییەکان پێکـەوە لـە چوارچێـوەی بەرنامەیەکـی سـەربەخۆو گونجـاودا کار بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی گـەل بکـەن. بـەڵام ئـەوەی کـە وابەسـتەی ئۆپۆزسـیۆنی گشـتی سـوریایە، لەبـەر ئـەوەی زیاتـر پشـت بـە هێـزی دەرەکـی دەبەسـتن و خەسـڵەتی خۆماڵـی بوونیـان کەمـەو هـەر گـروپ یاخـود چەنـد گروپێـك لـە ناوەندێکـەوە ئاڕاسـتە دەکرێـت، لەوێنـەی تورکیـا، سـعودیە، قەتـەر و میسـر، ئەمـە وایکـردووە کـە پارچـە بـن و خاوەنـی یەك سـتراتیژو

تاكتيـك نەبـن و هەربۆيـە سـەرەڕای هاوكارییەكـی زۆری ناوەنـدە هەرێمـی و جیهانیـەكان بـۆ ئـەو گروپانــە، بــەڵام نەیانتوانیــوە ئەنجامێكــی ئەوتــۆ بەدەســت بهێنــن. هەندێـك هێـز پێیانوایـە تەنیـا لەڕێگـەی شـەڕو ڕووخاندنـی ڕژێمـی دەگەنـە ئامانجەكانیـان، هەندێكـی تـر پێیـان وایـە دەكرێـت بەدانوسـتاندن لەگـەڵ ڕژێمـدا گۆڕانـكاری ئەنجـام بدرێـت. هەندێـك پێیـان وایـە سـوریای ئاینـدە دەبێـت سـوریایەكی عەرەبـی بێـت. هەندێكیـش پێیـان وایـە كـە دەبێـت سـوریایەكی ئیسـلامی، هەندێـك هێزیـش لایەنگـری لـە سـوریایەكی دیموكـرات دەكـەن .

هەرچـی تایبەتـە بەهێـزە كوردسـتانیەكانەوە، ئەویـش لەسـەرەتاوە دابەشـبوون بـۆ دوو بـەرە، بەرەیەكیـان پارتـی یەكێتـی دیموكراتـی سەركێشـی دەكـردو لـە ئەنجومەنـی گەلـدا خـۆی دەبینیـەوە، بەرەكـەی تـر ئەلپارتـی سەركێشـی دەكـردو لـە ئەنجومەنـی نیشـتمانیدا خـۆی دەبینیـەوە كـە بـە (ENKS) ناسراوبــوون. بــەرەی ئەنجومەنــی گــەل پێداگرییــان لەســەر ئــەوە دەكــرد كــە دەبێــت لایەنـە كوردسـتانیەكان خاوەنـی سـتراتیژ و هەڵوێسـتی تایبـەت بەخۆیـان بـن و هەمـوو تۆپەكانیـان نەخەنـە ناوسـەبەتەی ئۆپۆزسـیۆنی سـوریاوە هەروەهـا پەسـندكردنی مـاف و ئازادییەكانـی كـوردو پێكهاتەكانـی تـری سـوریایان دەكـردە مـەرج بـۆ ئاینـدەی سـوریا هەتـا بەشـداری لـەو ئەنجومەنـەدا بكـەن. لەگـەڵ ئەمانـەدا پێیـان وابـوو كـە دەبێـت پێداگیـری لەسـەر چارەسـەری سـەربازی نەكرێتـەوە، ئەگـەر ڕژێمـی سـوریا ئامـادە بێـت بـۆ دانوسـتاندن ئـەوا پەنـا بـۆ چارەسـەری سیاسـی ببرێـت. هـەر بۆیـە پێـی وابـوو كـە ڕاسـتتر وایـە كـە لەجێگـەی ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆی ڕژێـم، سـەرەتا دامودەزگاكانـی گـەل ڕێـك بخرێـن و ئامـادەكاری بكرێـت لـەو ڕوانگەیـەوە لـە سـاڵی ٢٠١١ بناخـەی یەكینـەی پاراسـتنی گـەل، یەكینـەی پاراسـتنی ژن واتـەYPGوYPJ كۆمەڵێـك دەزگای تریـان دانـا.

لەبەرامبـەردا ENKS پێـی وابـوو كـە دەبێـت مەرجـی پێـش وەخـت دیـاری نەكرێـت و بەشـداری لـە ئۆپۆزسـیۆنی سـوریادا بكرێـت، ئەگەرنـا بێبـەش دەبیـن لـە ئاینـدەی سـوریادا. هاوكاتـی ئەمـە جەختیـان لـە ڕووخاندنـی ڕژێمـی ئەسـەدو ڕووبەڕووبوونـەوەی دەكـردەوە. ئـەم ناكۆكیانـە هەتـا ئێسـتاش بەشـێوەیەك لەشـێوەكان بەردەوامـە. لەمـاوەی چوارسـاڵی ڕابـردوودا (ENKS)زیاتـر قورسـایی دایـە سـەر دەرەوە، بـەڵام لـەم سیاسـەتەدا ئەنجامێكـی ئەوتـۆی وەرنەگـرت، لەناوخۆشـدا بەهـۆی جیـاوازی بیروبۆچـوون و هەڵوێسـتەكانیانەوە بەشـێكی پارتەكانـی نـاو (ENKS)بەشـداریان لەپرۆژەكانـی ئەنجومەنـی گەلـدا كـردو هەندێكشـیان لـە ناوخۆیانـدا ناكۆكـن. هەرچـی ئەنجومەنـی گەلـە، پێداگیریـان لەسـەر پشتبەسـتن بـە گـەل و دەزگاو پێكهاتەكانـی دەكـرد. هەربۆیـە لەڕێگـەی گـەل و دەزگاكانیـەوە لـە ٢٠١٢/٧/١٩ دا شۆڕشـی ڕۆژئـاوا دەسـتی پێكـردو شـاری كۆبانـێ و شـارەكانی تـر ڕزگار كـران و لـە ٢٠١٤/١/٢١داو لـە سـاڵیادی دامەزراندنـی كۆمـاری كوردسـتان لەمهابـاددا، كانتۆنـی حزیـرە لـە ڕۆژئـاوا ڕاگەیەنـدراو دواتـر لـە ڕۆژانـی ٢٧و٢٠١٤/١/٢٩ هـەردوو كانتۆنـی كۆبانـێ و عەفریـن ڕاگەیەنـدران. دوای تێپەڕبوونـی سـاڵ و نیوێـك بەسـەر ڕاگەیاندنـی كانتۆنەكانـدا، هـاوكات دوای تێكشـكاندنی هێرشـەكانی گروپـی توندڕەوی داعـش و هاوكارەكانـی بـۆ سـەر كانتۆنـی كۆبانـێ و جزیـرە، ئەمـڕۆ دەبینیـن دەسـكەوتەكانی گەلەكەمـان لـە ڕۆژئـاوا بوونەتـە دیفاكتـۆو بەرخۆدانـی

گـەل و شـەڕڤانانی YPG وYPJ بوونەتـە سـیمبۆڵی ڕووبەڕووبوونـەوەی تاریـك پەرسـتان، هـاوكات بوونەتـە مۆدێلێـك بـۆ ئاینـدەی سـوریاو ناوچەكـە، چونكە هـەم لەبـواری ئیـداری و خۆبەڕێوەبردنەوە، هـەم لەبـواری شـێوازی خۆپاراسـتن و ژیانـەوە مۆدێلێكـی نوێیـەو سـەرجەم پێكهاتەكان(عـەرەب – ئاسـووری- سـوریانی – توكـمان – ئەرمـەن و كـورد) بەڕەنـگ و ئیـرادەی خۆیانـەوە بەشـدارن تێیـدا. ئەمـەش دەكرێـت وەكـو سـەردەمێكی نـوێ لـە ژیانـی گەلـی كـورد بەگشـتی و ڕۆژئـاوا ی كوردسـتان بـە تایبەتـی بەنـاو بكرێـت.

بێگومـان ئـەو دەسـكەوتانە بـێ كەموكورتـی نیـن، شانبەشـانی بەرخـۆدان و ئازایەتـی كچـان و كوڕانـی ڕۆژئـاواو دان بـە خـۆدا گرتنـی گەلەكەمـان لـە ناوخـۆو لـە پەنابەریـدا، لـە ڕووی كردارییـەوە كەموكورتـی دەبینرێـت و هەسـتی پـێ دەكرێـت، هەروەهـا ئەگـەر كەمیـش بێـت، هێشـتا بەشـێكی پـارت و ڕێكخراوەكانـی پێشـووی (ENKS) لـە دەرەوەی دامەزراوەكانـی كانتۆنەكانـن و بەشـدار نەبـوون یاخـود بەشـداریان پـێ نەكـراوە. ئەمانـەش پێویسـتە چارەسـەر بكرێـن، چونكـە هێشـتا بارودۆخـی سـوریاو ناوچەكـە یەكلایـی نەبۆتـەوەو دەسـكەوتەكانمان لـە خـەم نەڕەخسـیون ئەمـەش ئەركێكـە دەبێـت هەمـووان پێـی هەسـتین، تەنیـا كوردانـی ڕۆژئـاوا نـا، بەڵكـو كـوردی هـەر چـوار لای كوردسـتان و جیهـان پێویسـتە خۆیـان بەرپرسـیار ببینـن لـە بەرامبـەر ئـەو دەسـكەوتانەدا. بـەڵام لەهەمـووان زیاتـر لایەنەكانـی نـاو خۆیەڕێوەبـەری كانتۆنـەكان پێویسـتە زیاتـر كـراوە و لـە خۆبردووبـن و ئەزمـوون لـە ڕابـردووی خۆیـان و دەوروبـەر وەربگـرن و هەڵوەسـتە لەسـەر كەمـو كورتیـەكان بكـەن و نمونـەو مۆدیلەكەیـان تۆكمەتـر بكـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەرفەتـی زیاتـر بدەنـە ئـەو لایەنانـەی كـە لـە دەرەوەی خۆبەڕێوەبەریـن، بۆئـەوەی بەشـداربن و هێـزی خۆیـان لەگـەڵ خۆبەڕێوەبەریـدا بكـەن بەیـەك. لەگـەڵ ئەمانـەدا پێویسـتە ئەوپـارت و لایەنانـەی لـە دەرەوەی خۆبەڕێوەبەریـن، واقعیانەتـر نزیـك ببنـەوەو هەڵوێسـت نیشـان بـدەن و جەخـت لـە بەشـداری دامـودەزگا ئیدارییـەكان بكەنـەوەو پێداگیـری لەسـەر دروسـتكردنی هێـزی سـەربازی جیـاواز نەكەنـەوە، چونكـە ئەزموونـی جیهـان و باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی كوردسـتان سـەلماندوویەتی كـە هەبوونـی هێـزی جیـاوازی پارتـەكان هەمـووكات هەڕەشـەیە بـۆ سـەر دیموكراسـیەت و ئەگـەری شـەڕی نـاو خۆیـش زیاتـر دەكات. لەجێگـەی ئـەوە دەتوانـن پێداگیـری لەسـەر باشـتر بەدامـەزراوە كردنـی هێزەكانـی پاراسـتن و ئاسـایش و پۆلیـس بكەنـەوەو كار بـۆ ئـەوە بكـەن. گومانـی تێدا نییـە كـە هەڵوێسـتی بـەو شـێوەیە بـۆ هـەردوولا دەبێتـە سـەروەرییەكی مـەزن و لەمێـژوودا تومـار دەكرێـت و ئیـتر ڕۆژئـاوای كوردسـتان ئـەو قۆناخـە تێپـەڕ دەكات كـە تەواوكـەری شۆڕشـی بەشـەكانی تـری كوردسـتان بێـت، بەڵكـو دەبێتـە پێشـەنگی سەرخسـتنی شۆڕشـی كوردسـتان .

جیـاواز لـە ڕەوشـی سیاسـی، لەبـواری كۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییـەوە، بەهـۆی ئـەوەی كـە ڕۆژئـاوای كوردسـتان لـە زۆربـەی كاتەكانـدا جێگـەی مانـەوەی سـەركردەو ڕۆشـنبیرانی كـوردی هەرچـوار لای كوردسـتان بـووە، هەروەهـا دەوڵەتـی سـوریا دەوڵەتێكـی كشـتوكاڵی بـوو، ئەمـەش وایكردبـوو كـە پشـت بـە بەرهەمـی كشـتوكاڵ ببەسـتێت و ڕۆژئـاوای كوردسـتانیش زەوی بەپیتـی زۆرەو كۆمەڵـگای

کوردیش هەتا ئێستا بەشێکی زۆری لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی دەژی، ئەمانە وایان کردووە کە چەمکەکانی ژیان و سیستمی سەرمایەی جیهانی و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کەمتر کاریگەرییان هەبێت و هەتا ئێستا ئەم کۆمەڵگایە زیاتر نزیکە لە سروشتی خۆیەوە. بۆ نمونە چەمکەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە، پیشەسازیگەرایی، تاکڕەویی و تاکپەرستی زۆر قوڵ نەبێت لە بەرامبەردا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، سەنگینی ڕۆڵی ژن، ئابووری هەرەوەزی و زمانی کوردی قورساییان دیارە. لەگەڵ ئەمانەشدا زەمینەی ژیانی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بوونی هەیەو ئەمانەش دەرفەتی ئەو بارودۆخەی خولقاندووە کە ئەمڕۆ دەگوزەرێت.

### د. باشوری کوردستان :

لەسەدەی بیستەمدا کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری باڵادەست بوو بەسەر سیستمی جیهانیداو لەچوارچێوەی ئەو سیستمەدا نکۆڵی لە بوون، ماف و ئازادیەکانی کورد کرا. باشووری کوردستان بووە ناوەندی جوڵانەوەی کوردی. ئەمەش وایکرد جموجۆڵی زیاتر لە باشوری کوردستاندا هەبێت و کاریگەری جوڵانەوەی باشوور لە بەشەکان و ناوچەکانی تری کوردستانیش هەبێت. لەگەڵ ئەمەدا جوڵانەوەی کوردی باشوور مۆرکی خۆی لە ستراتیژ و تاکتیکی جوڵانەوەو پارتە سیاسیەکانی بەشەکانی تری کوردستان بدات. ئەم بارودۆخە هەتا ساڵی ١٩٧٥دەکرێت بە ڕەهایی باسی لێوەبکرێت، هەتا ئێستاش تاڕادەیەك کاریگەریی ماوە. هەربۆیە تێگەیشتن لە سیاسەتی گەلی کوردو سیستمی جیهانی لە سەدەی بیستەمدا بەرامبەر بە گەلی کورد. بۆ گەیشتن بەو ئەنجام و ڕاستیەش باشتر وایە کە مێژووی گەلی کوردو تێکۆشانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و ئێراقدا بە دوو قۆناخ بگرینە دەست. قۆناخی یەکەم؛ سەردەمی پاشایەتی لە ئێراقدا، واتە لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هەتا ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤کەتیێدا کۆتایی بە رژێمی پاشایەتی هات. قۆناخی دووەم؛ لە دروستبوونی کۆمارەوە هەتا روخاندنی رژێمی بەعس و ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

**قۆناخی یەکەم :**

لەم قۆناخەدا دەوڵەتی ئێراق وەکو دەوڵەتێکی نوێ و بەشێك لە پرۆژەی سایکس پیکۆ لەلایەنی بریتانیاوە دروست کرا. لە ١٩٢٠/١٠/٢٥دا لە بەغداد حکومەتێك بەسەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب دروستکراو ناوی لێنرا حکومەتی ئێراق، بەڵام ئەم حکومەتە هێشتا شێوازی حوکمەکەی و سنووری دەسەڵاتەکانی بۆ حکومەتەکەو جەماوەریش ڕوون نەبووەوە، تەنیا لە خەیاڵ و پرۆژەی بەریتانیایان دەڕوانی، وەکو پێشتر باسمان کردبوو لە کۆنگرەی قاهیرەی ساڵی ١٩٢١دا بڕیاردرا کە سوپایەك بۆ ئەو دەوڵەتە دروست بکرێت و فەیصەڵی کوڕی حسێن بن عەلی شەریفی مەککە کە لە بنەماڵەی هاشمی بوو، بکرێت بە پاشای ئێراق. لەسەر ئەو بنەمایە لە ١٩٢١/٨/٢٣دا فەیصەل بووە یەکەم پاشای ئێراقی هاشمی، بەڵام سنوری ئەو دەوڵەتە هەتا ئەو کاتە بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتی بەغدادو بەسرە، ویلایەتی موسڵ کە لە هەرسێ سنجەقی

موسڵ کەرکوك و سلێمانی و قەزای هەولێر و ناوچەی بە هدینان و هەتا چیای هەمرین پێکدە هات، نەدەکەوتە ناوسنووری ئەو دەوڵەتە نوێ یەوە. ئەمەش لە چەندین بروسکەو بەڵگەی بریتانیادا باسکراوەو بریتانیا بۆ خۆشی سەرەتا بەنیازبووە کە سنووری ئێراق هەتا زنجیرە چیای (گردی) هەمرین بێت. هەر لە کۆنگرەی قاهیرەدا بڕیاری ئەوە درا کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئەودەوڵەتە نوێ یە، بەڵام هەتا پەیمانەکانی لۆزان (١٩٢٣)، برۆکسل (١٩٢٤/١٠/٢٩) و بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٥/١٢/١٦و ڕێککەوتنی ئەنقەرەی ١٩٢٦/٦/٥ ئیمزا نەکران، بابەتی سنوری دەوڵەتی ئێراق بە تەواوی یەکلایی نەبوویەوە. واتە دەتوانین بڵێین کە سنوری دەوڵەتی ئێراق لە ڕێککەوتنی ئەنقەرە بەدواوە بەتەواوی دانی پێدا نرا. بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێش بوو لەم قۆناخەدا ، بەپێی پەیمانی سان ڕیمۆ ئێراق کەوتە ژێر چاودێری (ئینتداب)ی بەریتانیاوەو پێویست بوو بەریتانیا هەتا ساڵی (١٩٣٢) چاودێری و هاوکاری حکومەتی ئێراق بکات و لەوە بە دواوە حکومەتی ئێراق ببێتە حکومەتێکی سەربەخۆ. لەسەر ئەوبنەمایە لە ١٩٣٢/٥/١٩دا حکومەتی ئێراق کۆتایی بە ئینتدابی بریتانیا هێناو لە ١٩٣٢/٧/١٢ دا بەفەرمی داوای بوون بە ئەندامی کرد لە (کۆمەڵەی گەلان) دا و لە ١٩٣٢/١٠/٣ دا ئەندامێتی پەسند کرا، واتە ئێراق سەربەخۆ بوو، بەڵام دەوڵەتی بریتانیا هەرچەندە لە ڕووی فەرمیەوە ئەو سەربەخۆییەی پەسند کرد، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە ئامادە نەبوو سەربەخۆیی بداتە حکومەتی ئێراق و جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێت بڕیاردەری سەرەکی هەر بریتانیا بێت، نەك حکومەتی ئێراق. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەی پاشایەتی ئێراق و دەسەڵاتی بریتانیا دا. دەسەڵاتی بریتانیاش سامانەکانی ژێر زەوی و سەرزەوی ئێراقی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دەهێنا. هاوکات بەپێی ڕێککەوتنەکانی سان ڕیمۆ و ئەنقەرە لە ٢٥٪ی نەوتی ئێراق درابوو بە فەڕەنسا و لە ١٠٪شی بۆماوەی (٢٥)ساڵ درا بوو بە تورکیا. هەتا کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسەڵاتی بریتانیا هێنرا لە ئێراقدا سامانی ئێراق بۆ ئەو دەوڵەتانە بوو.

سەربەخۆبوونی ئێراق و بوون بە ئەندامی لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلانداو ناکۆکی لەنێوان حکومەتی ئێراق و بریتانیادا دروست کرد، ئەو ناکۆکیانەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبوون. شا فەیسەڵ لە هەوڵی ئەوەدابوو کە لە بواری کرداریشدا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن، بەڵام مەرگ ڕێگەی پێ نەداو لەکاتی سەردانێکی فەرمی بۆ فەرەنسا، لە ناکاو لە ١٩٣٣/٩/٨ دا کۆچی دوایی کرد. لەم سەردانەدا (نوری سەعید) کە دیارترین کەسایەتی سەردەمی پاشایەتی بوو، زیاتر لە (١٠)کابینەی حکومەتی دروستکردووەو زۆر نزیك بوو لە بریتانیاوە، یاوەری شا فەیسەڵ بووە، ئەم مەرگە گومانی لای ئێراقیەکان دروستکرد، بەڵام بەڵگەیەك لەسەر مردنەکەی نییە کە نیشانی بدات لە ناو براوە. دوای کۆچی دوایی فەیسەڵ، غازی کوڕی کرایە پاشای ئێراق. بریتانیا چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە غازی لەگەڵیاندا بگونجێت، چونکە غازی لەبریتانیا خوێندنی تەواوکردبوو. بەڵام (غازی)یش هاوشێوەی باوکی کاری بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی بریتانیاو لایەنگرانی دەکرد. باشترین نمونەش بێ دەنگبوون بوو لەبەرامبەر کودەتاکەی بەکر

**صدقـی(٦٤) سـاڵی (١٩٣٦-١٩٣٧)و دواتـر پەسـندکردنی بـوو، کـە تێیـدا بەکـر صدقـی خواسـتی حکومەتێکـی سـەربەخۆو دوور لـە بریتانیـا پێکبهێنێـت. بـەڵام بریتانیـاو لایەنگرەکانـی بـە کوشـتنی بەکـر صدقـی لـە ١٩٣٧/٨/١٩دا لەموسـڵ کۆتاییـان بـەو هەوڵـە هێنـاو دواتریـش لـە ڕووداوێکـی گوماناویـدا لـە سـاڵی ١٩٣٩دا ئۆتۆمبیلـی شـاغازی خـۆی دەکێشـێت بـە عامودێکـداو کۆچـی دوایـی دەکات. دیـارە ئـەم ڕووداوەش سـەرنجی هەمـوو خەڵکـی ڕاکێشـاو گومانـی ئـەوە دروسـتبوو کـە بەپـلان لەناوبرابێـت، بـەڵام لەسـەر ئـەو ڕووداوەش بەڵگەیـەك پەیـدا نەبـوو کـە ئامـاژە بێـت بـۆ کوژرانـی پادشـا.**

**دوای کۆچـی دوایـی پاشـا غـازی، فەیصەڵـی کـوڕی غـازی کـە دواتـر نـاسرا بـە فەیصەڵـی دووەم (لەنـاو کـوردا پێیـان دەگـوت مەلیکـە بچکـۆل) بەفەرمـی کرایـە پاشـای ئێـراق. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی تەمەنـی بچـوك بـوو، لـەو کاتـەدا تەمەنـی (٤)سـاڵ بـوو، بەپێـی یاسـای ئێـراق پێویسـت بـوو کەسـێك بکـەن بەسەرپەرشـتیکەری پاشـاو لـە جێگـەی پاشـا دەسـەڵات بەڕێـوە بـات هەتـا پاشـا تەمەنـی یاسـایی خـۆی تـەواو دەکات و دەبێتـە (١٨)سـاڵ. لـەم چوارچێوەیـەدا عەبدولیـلای خاڵـی مەلیکـە بچکـۆل کرایـە سەربەرشـتیار (وەصـی)و هەتـا ١٩٥٣/٥/٢ بەفەرمـی و بەکـرداری حوکمـی ئێراقـی کـرد. لـەدوای ئـەو بـەروارەوە مەلیکـە بچکـۆل بـووە پاشـای ئێـراق و تاجـی پاشـایەتی لەسـەرنا، بـەڵام بەکـرداری هـەر عەبدولیـلا حوکمـی ئێراقـی دەکـرد. عەبدولیـلاش بەهـۆی پەیوەنـدی توندو تۆڵـی لەگـەڵ بریتانیـادا لـە جێگـەی خۆیـدا مایـەوەو ئیـتر هەوڵیـدا کۆتایـی بـەو هەوڵانـە بێنێـت کـە دژایەتـی دەسـەڵاتی بریتانیایـان دەکـرد لـە ئێراقـدا. لـەو مـاوە یـەدا، واتـە لـە سـاڵی ١٩٣٩وە هەتـا ١٩٥٨جگـە لـە هەوڵەکـەی ڕەشـید عالـی گەیلانـی(٦٥) (١٩٤١) کـە بەزوویـی سـەرکوتکرا، بریتانیـا ڕووبـەڕووی ململانێـی جـدی نەبوویـەوەو بەردەوامـی بـە دەسـەڵاتی خـۆی دا لـە ئێراقـدا، واتـە دەسـەڵاتی سـەرەکی لەدەسـتی بریتانیادابـوو.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٦٤) بەکـر صدقـی (١٨٩٢- ١٩٣٧) کوڕی(شـەوقی)یەو فەرماندرێکـی کـورد بـوو، خەڵکـی گونـدی عەسـکەرە لـە ناوچـەی ئاغجەلـەر و لەشـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا لەنـاو سـوپای عوسـمانیدا کار دەکات و مسـتەفا کەمـال دەناسـێت و پەیوەندییەکی دۆسـتانە لەنێوانیانـدا دروسـت دەبێـت، بەهـۆی نزیکبوونـی لـە جەعفەرعەسـکەری دامەزرێنـەری سـوپای ئێراقـەوە، دوای دروسـتبوونی سـوپای ئێـراق پەیوەنـدی بـە سـوپای ئێراقـەوە دەکات. لـە ١٩٣٦/١٠/٢٩دا کودەتـا لـەدژی یاسـین هاشـمی سـەرۆك وەزیرانـی ئێـراق کـە سـەر بـە بریتانیـا بـوو ئەنجـام دەدات و حیکمـەت سـلێمان دەکات بـە سـەرۆك وەزیـران و خۆشـی جڵـەوەی سـوپا دەگرێتـە دەسـت. بەکـر صدقـی چەنـد پرۆژەیـەك لەمێشـکیدا بـووە، لەلایـەك دەخوازێـت بریتانیـا لـە ئێـراق دەر بـکات، دواتـر سیسـتمی فەرمانڕەوایـی لـە ئێراقـدا بگۆڕێـت یـان لـە پاشـایەتی ڕەهـاوە بیکاتـە پاشـایەتی دەسـتوری پەرلەمانـی. هـاوکات هەوڵیـداوە لـەو گۆڕانکاریانـەدا دەوڵەتێـك بـۆ کوردیـش دروسـت بـکات و خواسـتویەتی سـوود لـە ئەڵمانیـاو تورکیـا وەربگرێـت بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆژەکانـی. بـەڵام لـەڕووی کردارییـەوە هەسـت بـەوە دەکات کـە ناتوانێـت هەمـوو پرۆژەکانـی لەیـەك کاتـدا جێبەجـێ بـکات، هەوڵیـدا داگیرکـەر دەربـکات و سیسـتمێکی پاشـایی دەسـتووری دابمەزرێنـێ، هـەر بۆیـە شـاغازی لـەدژی ڕانەوەسـتا. هەوڵەکانـی و حکومەتـە نوێیەکـەی بەفەرمـی ناسـی،

**واتـه لـەم قۆناخـەی حوکمڕانـی ئێراقـدا، ئێـراق لـە ڕاسـتیدا سـەربەخۆ نەبـوو، بەڵکـو بەشـێك بـوو لـە زۆن (ناوچـە)ی دەسـەڵاتی بریتانیـای مـەزن. دەسـەڵاتی حکومەتـی ئێـراق ڕووپۆشـێك بـوو بـۆ دەسـەڵاتی بریتانیـا. هەرئەمـەش وایکـرد بـوو کـە ئێـراق پابەندبێـت بـەزۆر پەیـمان و ڕێککەوتنـی تایبـەت لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوەدا کـە دەکەوتنـە خزمەتـی بریتانیـاوە. وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد ئێـراق بـە هیـچ شـێوەیەك دەسـتی بەسـەر سیاسـەت و ئابـووری خۆیـدا نەدەشـکاو لەڕێگـەی ئەو پەیمانانـەی باسـمان کـردن، لەژێـر دەسـتی بریتانیـادا بـوون. هەتـا کار گەیشـتە ئـەوەی لـە پەیمانـی (پۆرتسـمۆس) دا کـە لـە ١٩٤٨/١/١٥دا لـە نێـوان ئێـراق و بریتانیـادا لەسـەردەمی حکومەتـی صالـح جەبـردا ئیمـزا کـرا، ئێـراق ناچـار کرابـوو کـە خەرجـی سـوپای بریتانیـا لـە ئێراقـدا بـدات، بریتانیـاش مافـی هەبـوو سـوپای ئێـراق بـۆ ئامانجـی هاوبـەش لـە دەرەوەی ئێـراق بـەکار بهێنێـت. هەروەهـا بریتانیـا ئێراقـی خسـتە نـاو کۆمەڵێـك ڕێککەوتـن و هاوپەیمانـی سیاسـی و سـەربازییەوە کـە خزمەتـی ئامانجەکانـی خـۆی دەکـرد. لەوانـە پەیمانـی سـەعد ئابـادی ١٩٣٧/٧/٨ کـە لـە نێـوان ئێـراق - ئێـران - ئەفغانسـتان و تورکیـادا ئیمزاکـراو ئامانـج لێـی هـاوکاری سیاسـی و سـەربازی و پاراسـتنی سنورەکان بـوو هەروەهـا هاوکاریکردنـی یەکـتر بـوو بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی هەرجوڵانەوەیـەك لەناوخـۆی ئـەو وڵاتانـەدا ڕووبـدات.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

بـەڵام لەکاتێکـدا دەیخواسـت لەموسـڵەوە سـەردانی تورکیـا بـکات، لەفڕۆکەخانـەی موسـڵ لەلایەنـی جێگـری عەریف(چاوەش)ێکـی تورکمانـی خەڵکـی تەلعەفـەر بەنـاوی (محمـد عەبدڵـڵا) دەکوژرێـت. عەقیـد محەمـەد عەلـی جـەوادی فەرمانـدەی هێـزی ئاسـمانی ئێراقیـش کـە یـاوەری بـوو کـوژرا.

(٦٥) ڕاپەڕینـی ڕەشـید عالـی گەیلانـی (١٩٤١)؛ ڕەشـید عالـی گەیلانـی کەسـایەتیەکی دیـار و لـە خانەوادەیەکـی دیـاری شـاری بەغـداد بـوو، سـەرۆك وەزیـر بـوو، لایەنگری ئەڵمانیـا بـوو، لـە نیسـانی ١٩٤١ هەتـا مایسـی هەمـان سـاڵ خواسـتی دەسـەڵاتی بریتانیـاو عەبدولیـلا لەئێـراق کۆتایـی پـێ بهێنـێ. بەهـاوکاری چەنـد فەرماندەیەکـی سـوپا کودەتایـان بەسـەر عەبدولیـلادا ئەنجامـداو شـەریف شـەرەف دەکـەن بـە وەصـی. عەبدولیـلا بەیـاوەری نـوری سـەعید، عەلـی جـەودەت ئەیوبـی و داوود حەیـدەری (نوێنـەری هەولێـر لـە پەرلەمـان) لـە ١٩٤١/٤/١٥دا لەڕێگـەی بـەسرەوە هەڵهـات و چـوو بـۆ دەرەوە. مەلیکـە بچکـۆل و عالیـەی دایکـی دەبەنـە هەولێـرو لەماڵـی (مەلائەفەنـدی) دەیانپارێـزن. بـەڵام بەهـۆی دەسـتێوەردانی سـەربازی بریتانیـاوە لەمانگـی مایسـدا کۆتایـی بـەو هەوڵـە هـات و سـەرکوتکران و لـە ١٩٤١/٦/١ دا عەبدولیـلا گەڕایـەوە بـۆ ئێـراق و لـە ١٩٤١/٦/٦ دا چـووە وە بەغـداد و دەسـەڵاتی گرتـەوە دەسـت.

**هەروەهـا {پەیمانـی بەغـداد(٦٦) و یەکێتـی هاشـمی(٦٧)} یـش لـەو جـۆرە پەیمانانـە بـوون. ئـەم بارووودۆخـە وایکردبـوو کـە هەرجوڵانەوەیـەك لـە باشـووری کوردسـتاندا یاخـود لـە ئێراقـدا ڕووبـدات و داوای مافـی خـۆی بـکات، ئـەوا تەنیـا لەلایەنـی ئێراقـەوە نـا، بەڵکـو لەلایەنـی بریتانیـاو هاوپەیمانەکانیشـیەوە سـەرکوت بکرێـن.**

**تێکۆشانی گەلی کورد لەم قۆناخەدا :**

**لـە قۆناخـی دروسـتبوونی دەوڵەتـی ئێراقـدا باسـمان لە خەبات و تێکۆشـانی شـێخ مەحمـودی بەرزنجی کـرد. کـە لـە نێـوان سـاڵانی ١٩١٨ هەتـا ١٩٢٦ چـوار حکومەتـی ڕاگەیانـدو هەوڵیـدا بـۆ چەسـپاندنی مافەکانـی گەلـی کـورد. بـەڵام سـەرنەکەوت و لـە ئەنجامـدا لـە ١٩٢٧/١/١٩ دا پەیماننامەیەکـی لەگـەڵ حکومەتـدا مۆرکـردو تێیـدا پەیمانیـدا کـە لەناوچەکـەی خـۆی دادە نیشـێت و ئاسـایش و ئارامـی ئێـراق ناشـێوێنێت. ئەمـەش شـەش مانـگ دوای یەکلایـی بوونـەوەی پرسـی ویلایەتـی موسـڵ و چەسـپاندنی سنووری نێـوان ئێـراق و تورکیـا بـوو. ئەمـەش وایکـرد کـە شـێخ مەحمـود سـەرەڕای کاریگەرییەکانـی لەسـەر کۆمەڵـگای باشـوری کوردسـتان ، بـەڵام ئیـتر بـووە ئاکتۆرێکـی پاسـیڤ و بـێ دەنـگ و هەتـا کۆچـی دوایـی کـرد لـە سـاڵی ١٩٥٦دا، جگـە لـە سـاڵی ١٩٣١و سـاڵی ١٩٤١ کـە دوو هەوڵـی بچوکـی هەبـوو بـۆ هاتنـەوە بـۆ نـاو گۆڕەپانـی سیاسـی، ئیـتر ڕۆڵێکـی ئەوتـۆی لەسـەر گۆڕەپانەکـە نەمـا. بێگومـان شـێخ مەحمـود لـە قۆناخـی دروسـتبوونی دەوڵەتـی ئێـراق و یەکلاییبوونـەوەی کێشـەی ویلایەتـی موسـڵدا ڕۆڵـی بەرچـاوو کاریگەریـی بینـی. ئـەوەی لـەم بەشـەدا دەبێـت گرنگـی پـێ بدەیـن، قۆناخـی دوای یەکلاییبوونـەوەی ئـەو کێشـانەیە، واتـە لـە سـاڵانی (١٩٢٥ - ١٩٢٦) بەدواوەیـە. بـۆ ئـەوەی باشـتر بچینـە نـاو بابەتەکـەوە، واچاکـترە کـە بارودۆخـی ناوخـۆی ئێـراق و سیاسـەتی دەوڵـەت بەرامبـەر دۆزی کـوردو نەتـەوەکان و هەڵوێسـتی کۆمەڵـگای کـوردی و جوڵانەوەکانـی بـە چەنـد سـەردێرێك بـاس بکەیـن.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٦٦) پەیمانـی بەغـداد (١٩٥٥)؛ لـە ١٩٥٥/٢/٢٤دا ئـەم پەیمانـە لـە بەغـداد لـە نێـوان ئێـراق و تورکیـادا ئیمـزا کـرا، دواتـر لە ١٩٥٥/٥/٥ بریتانیـاش بـووە ئەندامـی هاوپەمیانیەکـە، ١٩٥٥/٩/٢٣ پاکسـتان و لـە ١٩٥٥/١١/٢٣ دا ئێرانیـش بـووە ئەندامـی پەیمانەکـە. ئـەم پەیمانـە بەشـێك بـوو لـە بەرنامەکانـی ترومانـی سـەرۆکی ئەمریـکا کـە خواسـتی لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی هاوپەیمانـی ناوچەییـەوە ژمارەیەکـی زۆر وڵات ببەسـتنەوە بـە (ناتـۆ)ەوەو بەوشـێوەیە ئابلۆقـەی یەکێتـی سـۆڤێت بـدەن. ئێـراق دوای ڕوخانـی ڕژێمـی پاشـایی لـە بەهـاری ١٩٥٩دا خـۆی لـەو پەیمانـە کێشـایەوەو ئیـتر نـاوی پەیمانەکـە گـۆڕا بـۆ پەیمانـی ڕێککەوتنـی ناوەنـدی کـە نـاسرا بـە سـەنتۆ (C.E.N.T.O).

(٦٧) یەکێتـی هاشـمی؛ یەکێتـی و هاوپەیمانیـەك بـوو لـە نێـوان هـەردوو شانشـینی هاشـمی ئێـراق و ئۆردونـداو لـە شـوباتی ١٨٥٨ دا بریـاری لـێ درا. لـە ١٩٥٨/٣/١٢ دەسـتورەکەی ئامادەکـراو نـوری سـەعید بـووە سـەرۆك وەزیـری یەکێتـی هاشـمی. ئـەم یەکێتیـە لـە بەرامبـەر کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوی نێـوان میـسرو سـوریادا دروسـت بـوو، ئـەم یەکێتیـەش دوای روخانـی ڕژێمـی پاشـایەتی هەڵوەشـایەوە .

**یەکەم : سیاسەتی دەوڵەتی ئێراق و بریتانیا بەرامبەر گەلانی ئێراق:**

وەکو لەبەشی پێشتردا باسمانکرد، حکومەتی ئێراق لەژێر چاودێری بریتانیادا بوو، حکومەتی بریتانیاش دەیخواست سیستمێکی پاشایی لە ئێراقدا دروست بکات کە نزیك بێت لە سیستمەکەی خۆیانەوە. دیارە هەستیان بەوە دەکرد کە زەحمەتە بە خێرایی پادشاییەکی دەستووری دروست بکرێت، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژێرخانی کۆمەڵایەتی ئێراق بە دەستوور و یاساکان ئاشنا نەبوو، یان ئاشنایی کەم بوو، ئەوەی کۆمەڵگای بەڕێوە دەبرد کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان و پێوانە ئەخلاقیەکانی ناو کۆمەڵگا بوو، جیاوازی لە نێوان بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی هەر پێکهاتەیەکی ئێراقیشدا بوونی هەبوو، ئەمەش دەبووە ئاستەنگ لەبەردەم دروستکردنی دەوڵەتی یاساو دەوڵەت نەتەوەی لە وێنەی ئەوانەی ڕۆژئاوا. بەتایبەتی بانگەشەکانی هێزە شەڕکەرەکان لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بۆ ئەوەی کە داکۆکی لە مافی گەلان دەکەن، ئەو بارودۆخەی ئالۆزتر کردبوو. ئەم بارودۆخە هەم کێشەی بۆ پرۆژەکانی بریتانیا دروست دەکرد، هەم دەرفەتی نەدەدا زووبەزوو دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز لە بەغداد دا دروست ببێت. هاوکاتی ئەمە، بریتانیاو ئێراق پێش ئەوەی بابەتی موسڵ بەتەواوی یەکلایی بکەنەوە، ئەو مەرجانەیان پەسندکردبوو کە لە بڕیاری ژمارە (٧٧)ی ١٩٢٥/١٢/١٦ هاتبوو و تێیدا بریتانیاو ئێراقی ناچار دەکرد بەوەی کە ویست و ئارەزووەکانی کوردان لە بەرچاو بگرن و زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە دادگاو خوێندنگەو هەموو بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکەداو بریتانیاشی ئەرکدار کرد بوو کە پرۆژەیەك سەبارەت بەمافی بەڕێوەبەرێتی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵ بداتە دەست کۆمەڵەی گەلان و ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ جێبەجێ بکات. ئێراق لە ١٩٢٦/١/١٨ئەو مەرجانەی پەسندکردو بریتانیاش لە ١٩٢٦/٢/٢٤ گەرەنتی دایە کۆمەڵەی گەلان. ئەمانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە ناچاربن نەرمایی نیشانی کوردو پێکهاتەکانی تری ئێراق بدەن. ئەمەش تاڕادەیەك لە دەستوری ئێراقدا ڕەنگی دایەوە، بەڵام پەیمانەکانی خۆیان جێبەجێ نەکرد، بەپێی دەستووری ئێراقی ساڵی ١٩٢٥ئێراق وڵاتێکی فرەپێکهاتە بوو، بەڵام زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو، پێکهاتەکانی تر بەڕوونی دانیان پێدا نەنرابوو. بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسیان لێوە کرابوو. زمانی کوردی نەکرایە زمانی فەرمی لەناوچە کوردییەکاندا وەکو پەیمانیان دابوو، بەڵام قەدەغەش نەکرابوو هاوشێوەی تورکیا و ئێران . دەستوور و یاسا ڕێگای دەدا کە ڕۆژنامەو بڵاوکراوە بە کوردی بڵاو ببنەوە، هەروەها ڕێگای دەدا کە خوێندنگەی تایبەت بەزمانی کوردی بکرێنەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا لەلایەنی حکومەتی ئێراقەوە لە ١٩٣٩/١١/١٩دا بەشی کوردی لە ڕادیۆی بە غداد، وەکو یەکەم ڕادیۆی کوردی کرایەوە، هەر ئەم ڕەوشە دەرفەتی دەدا بە سیاسەتمەدار، ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد کە سوود لە بارودۆخ و یاساکان وەربگرن و پەرە بەبواری ڕۆشنبیری و خوێندن و فەرهەنگی خۆیان بدەن.

هەروەها لە دەستووری ئێراقدا ڕاستەوخۆ کار لەسەر لە ناوبردنی خێڵ و پێکهاتەکانی نەدەکرا.

یـان کار لـە سـەر لەناوبـردن و بـێ کاریگەریکردنـی زانـای ئایینـی و پێکهاتـە ئایینیـەکان نەدەکـرا. بەڵکـو لەنـاو سیسـتمدا بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان ڕێگایـان پـێ دەدرا کـە ڕۆڵ ببینـن. ئەوەبـوو کـە لـە سیسـتمی ئێراقـدا پەرلەمـان لـەدوو ئەنجومـەن پێکهاتبـوو، ئەنجومەنێکیـان ئەنجومەنـی {لـۆرد - سـینات - پیـاو ماقول(جێگـەی ژنـی تێـدا نەبوو)}کـە لەلایەنـی پاشـاوە دیـاری دەکـران و دادەنـران، ئەوانیـش زیاتـر لـە کەسـانی نـاودارو سـەرۆکی خێڵـەکان و زانـاو کەسـە ئاینیەکانـدا دیـاری دەکـران. ئەنجومەنـی دووەم ئەنجومەنـی گـەل بـوو، کـە بەشـێوەی سـنوردار لەنـاو پارێزگاکانـدا هەڵدەبژێردران و ئەوانیـش بەشـێکیان لەنـاو ئـەو چیـن و توێژانـەدا هەڵدەبژێـردران، بـەڵام بـە دەسـتوورو یاسـا ڕێگـە لـەوە گیرابـوو کـە مۆرکـی ئایینـی، ئایینزایـی، ئەتنیکـی لـە دەزگاکان و سیاسـەت بدرێـت. بـۆ نمونـە ڕێگـە نـەدەدرا کـە پارتـە سیاسـیەکان لەسـەر بنەمـای ئایینـی، ئایینزایـی یـان نەتەوەیـی دروسـت بکرێـن. ئەمـەش وای دەکـرد کـە پارتـەکان ناچـار بـن لەسـەر بنەمـای ئێراقـی بـوون دامەزرێـن نـەك کـورد بـوون یـان عـەرەب بـوون. یـان لەسـەر بنەمـای ئاینێـك دروسـت بـن .

هاوکاتـی ئەمانـە لـە یاسـای ئێراقیـدا ڕێگـە نـەدەدرا کـە پارتـی لـە سـەر بنەمـای کۆمۆنیسـتی دامەزرێـت و ئەمەیـان بـە هەڕەشـە بـۆ سـەرخۆیان دەزانـی، لەگـەڵ ئەمانـەدا لـە دەسـتوور و یاسـادا دەسـتاو دەسـتکردنی دەسـەڵات لـە نێـوان پارتەکانـدا مسـۆگەر کرابـوو، ئەوەبـوو لـەو قۆناخـەدا (١٦) جـار هەڵبـژاردن ئەنجامـدرا، بـەڵام (١٦)جاریـش ڕەوشـی ئاوارتـە ڕاگەیەنـدراوە و پەرلەمـان هەڵوەشـێندراوەتەوە. هـەر لـەو مـاوە کورتـەدا کـە کەمـترە لـە (٣٨)سـاڵ (٥٩)کابینـەی حکومـەت دروسـت کـراوە، ئـەم ژمارانـەش تابلـۆی سیاسـی ئێراقـمان نیشـان دەدەن کەچەنـدە ناجێگیری سیاسـی و ئیـداری هەبـووە لـە ئێراقـدا. ئـەم بارودۆخـە بەگشـتی وایکردبـوو کـە چەمکـی نـەژاد پەرسـتی و ئایینگەرایـی و ئایینزاگەرایـی کەمـتر زەق ببێتـەوەو مەیلـی پێکـەوە ژیـان لەنـاو پێکهاتەکانـی ئێراقـدا زەمینـەی خـۆی بپارێزێـت، بـەڵام وابەسـتەیی دەوڵـەت و حکومەتـی ئێـراق بـە بریتانیـاوەو ئـەو ڕووداوانەشـی لەنـاو دەسـەڵاتدا ڕوویانـدەداو گۆڕانکارییەکانـی نـاو کۆمەڵـگاو گەشـەکردنی بیـری چـەپ، دیموکراتـی و نەتەوەیـی و بارودۆخـی جیهـان و گەشەسـەندنی جوڵانـەوەی ئـازادی گـەلان و جوڵانـەوەی چەپـەکان، بوونـە هـۆکار بـۆ ئـەوەی ڕۆژ بـە ڕۆژ جەمـاوەر تووڕەتـر ببێـت لـە دەسـەڵاتی ئێراقـی و بریتانـی.

### دووەم: کۆمەڵگای کوردستان و جوڵانەوەی کوردی

ئـەوەی کـە جێگـەی سـەرنجە لـەم قۆناخـەدا ئەوەیـە کـە ناتوانیـن بڵێیـن سـەرجەم گەلـی کـوردو پێشـەنگەکانی خاوەنـی یـەك هەڵوێسـت بـوون، بەڵکـو چەنـد مەیـل و هەڵوێسـتێك لەنـاو کـوردا هەبـووە. ژمارەیـەك لـەو کەسـایەتیانەی کـە پێشـتر لـە ناودەوڵەتـی عوسـمانیدا کاریـان کردبـوو لـە بـواری سـەربازی و ئیداریـدا، هەتـا ماوەیـەك دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و هەتـا یەکلاییبوونـەوەی کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ و جیابوونـەوەی لـە تورکیـاو لکاندنـی بـە ئێراقـەوە، هـەر لـە فەلەکـی سیاسـەتی عوسـمانی و کۆمـاری تورکیـادا دەسـوڕانەوەو پێیـان وابـوو کـە لـەو ڕێگەیـەوە دەتوانـن

خزمـەت بکـەن، بـەڵام ئـەم دەسـتەیە لـە دوای پەیمانـی لـۆزان و برۆکسـلەوەو لەگـەڵ ڕاپەڕینەکانـی ئەلکـێ و ئامـەدداو ئـەو سیاسـەتی مسـتەفا کەمـال گرتیەبـەر بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـەکان، لـە تورکیـا دوورکەوتنـەوە. دەسـتەیەکی تـر لـە دەسـتە بژێرەکانـی کـورد ڕوویـان کردبـووە بریتانیـا و دیانخواسـت لـە ڕێگـەی بریتانیـاو ئێراقـەوە بگەنـە ئامانجەکانیـان، ئـەم دەسـتەیە ڕۆڵیـان لەدامەزراندنـی ئێـراق و دروسـتکردنی پایەکانیـدا بینـی. لەوانـە جەعفـەر عەسـکەری و بەکرصدقـی کـە لـە دامەزرانـدن و پەرەپێدانـی سـوپادا خـاوەن رۆڵـی سـەرەکی بـوون. جەمالەدیـن بابـان، تۆفیـق وەهبـی، محەمـەد ئەمیـن زەکـی بـەگ، ئەحمـەد بەگـی تۆفیـق بـەگ و ئەحمـەد عوسـمان هەولێـری لـەو کەسـانە بـوون لـە ڕووی ئیدارییـەوە بەشـداربوون لـە بونیادنانـی دامەزراوەکانـی ئێراقـدا. دیـارە ئەمانـەش لـە کەسـە دیارەکانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان بـوون و بەشـێوازی جیاجیـا خزمەتیـان بـە کۆمەڵـگای کوردسـتان کـردووە. لـەو سەردەمەشـدا بەشـداریکردن لـە دامەزراوەکانـی ئێراقـدا وەکـو ناپاکـی سـەیری نەکـراوە، بەڵکـو وەکـو دەرفەتێـك سـەیری کـراوە کەلێیـەوە خزمـەت بـە گـەل و کۆمەڵـگا بکرێـت. بـەڵام بێگومـان بریتانیـاو ئێـراق سـوودیان لـەم هەڵوێسـتە وەرگرتـووەو لەلایـەك ڕووی حکومـەت و ئیدارەکـەی خۆیـان پـێ رازا ندۆتـەوەو بەشـێوەیەك خۆیـان نیشـانداوە کـە ئیـدارەی ئـەوان تەنیـا هـی عـەرەب نیـەو نوێنـەری پێکهاتـەی کـوردو پێکهاتەکانـی تریشـی تێدایـە. هەروەهـا بەمشـێوە توانیویانـە ڕەوایـی بەخۆیـان بـدەن و ڕەوایـی جوڵانـەوەی کـوردی کـەم بکەنـەوە. لەگـەڵ ئەمانـەدا توانیویانـە کۆمەڵێـك خـاوەن بەهـرەی کـورد بخەنـە خزمـەت پرۆژەکانـی خۆیانـەوەو جوڵانـەوەی کـوردی لـەو بەهرانـە بێبـەش بکـەن، هەرئەمـەش هۆکارێـك بـووە بـۆ لاوازی جوڵانـەوەی کـوردی لـەو سـەردەمەدا .

دوای ئـەوەی شـێخ مەحمـود پەیمانیـدا بـە بریتانیـاو ئێـراق کـە ئارامـی نەشـێوێنێ، جوڵانـەوەی پارتیزانـی و چەکـداری کـوردی گورزێکـی بەرکـەوت، ئیـتر لەناوچـەی هەولێـر، سلێمانی و گەرمیانـدا سیاسـەتمەدارانی کـورد پەنایـان بـۆ ڕێبـازو شـێوازی نوێـی تێکۆشـان بـرد. ئەوەبـوو هـەر دوای دەسـتگیرکردن و دوورخسـتنەوەی شـێخ مەحمـود بـۆ هیندسـتان لـە سـاڵی ١٩١٩دا ژمارەیـەك ڕێکخـراوو کۆمەڵـە دروسـتکران کـە هەتـا گەڕانـەوەی شـێخ مەحمـود لـە سـاڵی ١٩٢٢ رۆڵیـان هەبـوو لـە تاودانـی جەمـاوەردا، حزبـی نیشـتمانی کـوردی، حزبـی ئیسـلامی کـوردی، جەمعییەتـی سـەربەخۆیی کوردسـتان، دەسـتەجەمعی سیاسـی نهێنـی کەلـە پێـج دەسـتە پێکهاتبوو(بـەرزی وڵات - کردسـتان - گزنـگ - فیـداکاری کـورد - وەتـەن پـەروەران) و سـاڵی ١٩٢٠ دامـەزرا لەگـەڵ کۆمەڵـەی نهێنـی کـورد (١٩٢٠)دیارتریـن ئـەو دەسـتەو کۆمەڵانـە بـوون. ئـەم کۆمەڵانـە پێداگریـان لەسـەر گەڕانـەوەی شـێخ مەحمـود دەکـردەوەو داوای دروسـتکردنی حکومەتێکـی سـەربەخۆی کوردییـان دەکـردو دژی سیاسـەتی عەسـمانی و تـورك بـوون و دژی ئـەو هەوڵانـەی بریتانیـاش بـوون کـە دەیخواسـت ویلایەتـی موسـڵ بخاتـە سـەر ئێـراق. ئـەم کۆمەڵانـە کاریگەرییـان لەسـەر جەمـاوەر هەبـوو، ئەمـەش وایکردبـوو کـە نەتوانن بەئاشـکراو بەمۆڵـەت کاربکـەن. هەرچەنـدە دوای گەڕانەوەی شـێخ مەحمـودو سـەرنەکەوتنی هەوڵەکانـی، ئیـتر بەشـێکی زۆری رۆشـنبیرو سیاسـەتمەدارانی کـورد

**هەوڵیاندا لەڕێگەی خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەوە پەرە بە تێکۆشان بدەن، هەربۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٦- ١٩٣٧ دا ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو، کۆمەڵەو یانەی کوردی بەناوی جیا جیاوە دروست بوون. بۆ نمونە؛ جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان (١٩٢٦)، کۆمەڵەی زانستی کوردان (١٩٢٦)، کۆمەڵەی زەردەشتی (١٩٢٦)، کۆمەڵەی هەولێر (١٩٢٨)، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (١٩٢٨)، کۆمەڵەی لاوان لە بەغداد (١٩٣٣)، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان. کۆمەڵەی یاریدەدەرانی کورد (١٩٣١ هەولێر) ، جەمعیەتی عیلم و عیرفان (١٩٣٢-کۆیە ) کۆمەڵەی دۆزینەوەو گەردانی قسەی کوردی(١٩٣٢- بەغداد) ، کۆمەڵەی خیتابەو لاساییکردنەوە (١٩٣٢- کۆیە ) حزبی ئیسلامی کورد (١٩٣٤- هەڵەبجە)، کۆمەڵەی ئیسلامی کوردی (١٩٣٦)، ڕێکخراوی بروسك(٦٨) (بەهدینان)،کۆمەڵەی برایەتی (١٩٣٧) و کۆمەڵەی دارکەر ١٩٣٧ (٦٩) لەو کۆمەڵانە بوون کە ڕۆڵیان بینیوە.**

**ئەم کۆمەڵەو ریخکراوانە زیاتر بە نهێنی کاریان کردووە، هەرچەندە هەندێك لەو کۆمەڵانە مۆڵەتی فەرمیان وەرگرتوە، بەڵام نەیانتوانی بە ئازادی چالاکی ئەنجام بدەن. هەربۆیە پەنایان بردۆتە بەر خەباتی نهێنی. هاوکات لەبەر ئەوەی سیاسەتکردن بەناوی کوردەوە قەدەغە بووە، هەوڵیانداوە وەکو کۆمەڵەو ڕێکخراوی مەدەنی و تایبەت بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری خۆیان نیشان بدەن. بۆ ئەمەش سودیان لە یاسای ئێراق و پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان وەرگرتووە، هەروەها سودیان لەیاسای زمانە خۆجێیەکان وەردەگرت کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١دا پەسند کراو بەو پێیە زمانی کوردی بەزمانی فەرمی خۆجێی ناوچە کوردییەکان ناسرا، بەڵام حکومەت لە ئاستی فەرمیدا ئەم یاسایەی جێ بە جێ نەکرد.**

◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊◊

(٦٨) صالح یوسفی (١٩١٨ – ١٩٨١): لە بامەڕنی سەر بەئامێدی لەدایك بووەو کەسێکی چالاك بووە. لەدامەزرێنەران و کەسە چالاکەکانی ڕێکخراوی بروسك بووەو لەنێوان ساڵانی ١٩٣٦ – ١٩٣٩دا چالاکانە خەباتی کردووە. دواتر بووە بە ئەندامی چالاکی حزبی هیوا و پارتی دیموکراتی کورد. ساڵی ١٩٤٣ کولێژی (دار العلوم)ی لە بەغداد تەواو کردووە. دەستی نوسینی باش بووەو ماوەیەك سەرنوسەری گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) بووە، ماوەیەك وەکو نوێنەری کورد لە حکومەتی ئێراقدا وەزیر بووە. لە ١٩٨١/٥/١٥ دا کەحزبی سۆسیالستی کوردستان دادەمەزرێت، دەبێتە سکرتێری ئەو حزبە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە ١٩٨١/٦/٢٥دا بەنامەیەکی مینرێژکراو شەهید دەکرێت.

(٦٩)دڵدار : (١٩١٨ – ١٩٤٨) : ناوی خۆی یونسەو کوڕی مەلاڕەئوف خادم سوجادەیە، لەشاری کۆیە لەدایکبووە. خۆێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لەکۆیە تەواو دەکات و کۆلێژی (ماف)ی لەبەغداد تەواوکردووەو بووەتە پارێزەر. کەسێکی ڕووناکبیر بووەو بەشیعرەکانی هانی لاوانیداوە بۆ خەبات لەپێناوی پیشکەوتن و ئازادیداو دیارترین شیعری (ئەی ڕەقیب)ە. لەڕووی ڕێکخستنی و ڕێکخراوەییەوە کەسێکی چالاك بووەو دامەزرێنەری کۆمەڵەی(دارکەر)بووەو ڕۆڵی سەرەکی لەدامەزراندنی حزبی هیوادا هەبووە، بەڵام بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ (ڕەفیق حیلمی) دا پاش ماوەیەك واز لەکاری حزبی دێنێ. بەنەخۆشی لەتەمەنی (٣٠) ساڵیدا لەهەولێر کۆچی دوایی دەکات. ئێستا گۆڕەکەی لەکۆیە یە.

**بـۆ نمونـه کۆمەڵـەی دۆزینـەوەو گەردانـی قسـەی کـوردی و کۆمەڵـەی خیتابـەو لاسـاییکردنەوە زیاتـر گرنگـی بـە بوژاندنـوەی زمـان و فەرهەنگـی کـوردی دەدەن و هەندێـك لـە کۆمەڵەکانیـش وەکـو دیدەوانـی گرنگـی بـە زینـدوو ڕاگرتنـی یارییـە فۆلکلـۆری و بۆنەکانـی کـوردی دەدا، هـەر لـەم ماوەیـەدا پیرەمێـردی شـاعیرو نوسـەری گـەورە گرنگـی بـە کۆکردنـەوەی پەنـدی پێشـینانی کـوردی دەدات و کار بـۆ زینـدوو کردنـەوەی نـەورۆز دەکات و ئیـتر سـاڵانە نـەورۆز بـە شـێوەی ڤیسـتڤاڵی فەرهەنگـی و نەتەوەیـی لەگـردی مامـە یـارە لـە سـلێمانی پیـرۆز دەکـەن و لـە ڤیسـتڤاڵەکاندا، یارییـە فۆلکلۆرییـەکان، شـیعر، شـانۆ وتـاری سیاسـی پێشـکەش دەکرێـن.**

**هەرلـەم قۆناخـەدا پـەرە بەخەباتـی ڕۆشـنبیری، خوێنـدن بـە کـوردی دەدرێـت و لـە سـەڵی ١٩٢٥ دا یەکـەم قۆتابخانـەی کـوردی(٧٠) لـە سـلێمانی دەکرێتـەوەو دواتـر لـە شـارەکانی تریـش قوتابخانـە دەکرێتـەوە. هەروەهـا وەکـو هەنگاوێکـی نمونەیـی لـە سـاڵی ١٩٢٦دا یەکـەم قوتانخانـەی کچـان (ژنـان) لـە سـلێمانی دەکرێتـەوە، هـەردوو مامۆسـتا گوزیدەخـان کـە خێزانـی عەبدوعەزیـز یامۆڵکـی بـوو، بۆخـۆی خەڵکـی باکـوری کوردسـتان بـوو سـەرەتا سەرپەرشـتی دەکـردو دواتـر فاتمـە محێدیـن کـە مامۆسـتا بـوو، بـووە سەرپەرشـتیاری ئـەو قوتایخانەیـەو بۆمـاوەی (٣٥)سـاڵ زیاتـر خزمەتـی کـرد. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە ئەوەبـوو کـە ئـەو هەوڵانـە جەمـاوەری بـوون و لەلایەنـی حکومەتـەوە ئەنجـام نـەدراون، بەڵکـو رۆشـنبیران و کەسـایەتیە نـاودارەکان و دەوڵەمەنـدەکان پێکـەوە هەسـتاون بـەم کارانـە. بـۆ نمونـە قوتابخانـەی کچـان، جێگـەو پێداویسـتیەکانی لەلایەنـی حەپسـەخانی نەقیب(٧١) و چەنـد دەوڵەمەندێکـەوە دابیـن کرابـوو، بەرنامـەی وانەکانیـان پیرەمێـردو ژمارەیـەك رۆشـنبیر. لـە ئامـادە کردنیـدا رۆڵیـان هەبـووە شـاعیرە چالاکەکانـی لەوێنـەی قانـع، گـۆران، بێکـەس، زێـوەر رۆڵـی بەرچاویـان بینیـوە لـە دەوڵەمەندکردنـی ئەدەبیـات و تاودانـی گیانـی تێکۆشـاندا.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٧٠) یەکـەم قوتابخانـەی دەوڵەتـی لـە سـەردەمی عوسـمانیەکاندا لەسـلێمانی لەسـاڵی ١٨٩٣ دا دەکرێتـەوە کـە قوتابخانـەی ڕوشـدیەی عەسـکەریە.

(٧١)حەپسـەخانی نەقیـب: سـاڵی ١٨٨١ لەشـاری سـلێمانی لەدایکبـووە، لەبنەماڵـەی سـاداتی بەرزنجەیـە. هاوژینـی شـێخ قـادری بـرای شـێخ مەحمـود بـووە. ژنێکـی چـالاك بـووە لـەڕووی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەوە. لەکاتـی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا لەگـەڵ (سـەعدیە)خاندا سەرپەرشـتی نانەواکانـی سـلێمانی و دابەشـکردنی نانیـان کـردووە، بـۆ ئـەوەی گرانـی زۆر زیـان بەخەڵـك نەگەیەنێـت. ئـەو کارەیـان ڕۆڵێکـی بەرچـاوی دەبێـت لـەوەی کـە خەڵـك بتوانـن بەرگـەی ئـەو قۆناخـە بگـرن. ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـووە لەچارەسـەرکردنی کێشـەی کۆمەڵایەتـی دا. هەوڵیـداوە کچـان بخوێنـن و لـەم بـوارەدا ڕۆڵێکـی بەرچـاوی بینیـوە لـە بونیادنانـی یەکـەم قوتابخانـەی کچـان کـە لـە سـلێمانی لـە سـاڵی ١٩٢٦ دا کراوەتـەوە، حەپسـەخان خانویەکـی خـۆی پێشکەشـکردووەو کراوەتـە قوتابخانـە. چەندیـن جـار نامـەی ئاڕاسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان و حکومەتـی ئێـراق و بریتانیـا کـردووە و داوای مافەکانـی گەلـی کـوردی کـردووە. رۆڵـی سـەرەکی هەبـووە لـە دامەزراندنی یەکەمیـن ڕێکخـراوی ژنـان لـە باشـوری کورسـتانداو سـاڵی ١٩٥٣ لـە ١٥ی نیسـاندا کۆچـی دوایـی کـردووە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ رۆڵی چالاکی ژنانی کورد بکەین لەناو کۆمەڵگادا، لە زۆربواردا لەو سەردەمەدا جێی دەستیان دیاردەبێت. ئەوەتا ژنانی کورد یەکەمین رێکخراوی ژنان لە ١٩٣٠/٦/٢٨دا بە سەرپەرشتی حەپسەخانی نەقیب دادە مەزرێنن و حەپسەخانی عیرفان ئەفەندی دەبێتە سکرتێری رێکخراوەکەو ناوی رێکخراوەکەشیان (کۆمەڵەی ژنانی کوردستان)ە هەرچەندە رووبەڕووی ئاستەنگی دەبنەوە، بەڵام بەردەوام دەبن و رۆڵی بەچاویان هەبووە لە هاندانی ژنان بۆ خوێندن و خۆڕۆشنبیر کردن و چالاکبووندا هەر ئەم کۆمەڵە بەشداری هەبووە لە چالاکی سیاسیداو حەپسەخانی نەقیب نامەی ناردووە بۆ کۆمەڵەی گەلان و نوێنەری بریتانیا لە ئێراق بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد. هەر ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵیان هەبوو لە دروستکردنی (دەستپێشخەری ژنانی کورد) لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٣دا کە سەعیدیە خانی هاوژینی مستەفا قەرەداخی سەرۆکایەتی دەکردو کاریان ئەوەبوو هاوکاری هەژاران بکەن و لەسەر ئاستی ئێراق کاریان کردووەو لەو سەردەمەدا تاکە ڕێکخراوی خێرخوازبوون لە ئێراقدا کاریان کردووە. هەروەها لە بواری هونەر و گۆرانی بیژیشدا ژنانی وەکو لەیلاعەزیز، فەوزیە محمد، نەسرین شێروان و مەریەم خان دەرکەوتوون کە لە ساڵانی سییەکان و چلەکاندا هونەری کوردیان دەوڵەمەند کردووەو لە ڕادیۆی کوردی بەغداش بەرهەمیان تۆمار کردووە . هەرلەم ماوەیەداو لە قوتابخانەی کچانی سلێمانی بۆ جاری یەکەم شانۆگەری (دایك) نمایش دەکرێت و ژنانیش رۆڵی تێدا دەبینن کە (بەهیەو شەفیقە)ی خوشکانی فاتمە محێدین دەبن.

**خەباتی راگەیاندن ، رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی**

رۆشنبیران و ناودارانی کورد لە دوای شەڕی گەورەی جیهانەوە زیاتر هەستیان بە گرنگی رۆژنامەو بڵاوکراوە کرد، هاوکات دەسەڵاتی بریتانیاش هەستی بەم بۆشاییە دەکرد، هەربۆیە دەیخواست سودی لێ وەربگرێت. ئەوەبوو لە کاتی شەڕداو لە ١٩١٨/١/١ دا لەسەر دەستی مێجەرسۆن و بەهاوکاری شوکری فەزلی لە بەغداد یەکەم رۆژنامەی کوردی دەردەچێت و هەفتانە دەردەچێت و هەتا ١٩١٩/١/٢٧ بەردەوام دەبێت لە دەرچوون . یەکەم رۆژنامەی کوردیش کە لە شارێکی کوردی باشوری کوردستان دەرچووە، رۆژنامەی (پێشکەوتن)ە کە لە ١٩٢٠/٤/٩ هەتا ١٩٢٢/٧/٧بەردەوام دەبێت لە دەرچوون و لە شاری سلێمانی لەسەر دەستی مێجەرسۆندا دەرچووە. یەکەم رۆژنامەش کە لەلایەنی کورد بۆ خۆیەوە دەرچووە، (بانگی کوردستان) بووە کە لە ١٩٢٢/٨/٢دا یەکەم ژمارەی لە سلێمانی لێ دەرچووە و زمانحاڵی کۆڵەی کوردستان بووە کە کۆمەڵەکەش لە ١٩٢٢/٧/٢١ لەلایەنی مستەفا پاشای یامولکیەوە دامەزراوە. ئەم رۆژنامەیە بەسێ زمانی (کوردی - تورکی - فارسی ) دەرچووە. دواتر لەلایەنی حکومەتی شێخ مەحمودەوە (بانگی حەق) و ئومێدی ئیستقلال دەردەچێت لەساڵی ١٩٢٣ دا بەڵام دیارترین ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە رۆڵی زۆریان بینیوەو بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوون، رۆژنامەی (ژیان)کە رۆژنامەیەکی ئەهلی بووەو (حسێن نازم) خاوەنی بووەو پیرەمێرد سەرنوسەری بووە، دوای کۆچی دوایی حسێن نازم لە ساڵی ١٩٣٢دا پیرەمێرد(٧٢) بووە بە

**خاوەن و سەرنوسەریشی. ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٩٢٦/١/٢١ هەتا ١٩٣٨/٣/١٠ بەردەوام بووەو زیاتر لە (٥٠٠)ژمارەی لێ دەرچووە و دواتریش ڕۆژنامەی (ژین)(٧٣) جێگەی ئەوی گرتەوەو هەتا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو. لەگۆڤارەکانیشدا یەکەم گۆڤار، گۆڤاری (دیاری کوردستان) بوو کە لە ١٩٢٥/٣/١١ەوە هەتا مایسی ١٩٢٦ بەردەوام بوو لەلایەنی صالح زەکی ساحێبقرانەوە لە بەغداد دەردەچوو. بەڵام گۆڤاری زاری کرمانجی کە لەلایەنی حسێن حوزنی(٧٤) موکریانیەوە لە ڕەواندوز دەرچوو ، لە ١٩٢٦/٣/٢٥. وە هەتا ١٩٣٢/٧/٣١ بەردەوام بوو و (٢٤)ژمارەی لێ دەرچوو، لەگەڵا (گەلاوێژ)دا (٧٥) کە لە ساڵی ١٩٣٩هەتا ١٩٤٩بەردەوام بوو، دیارترین گۆڤارن کە کاریگەرییان لەسەر ڕاگەیاندن و ئەدەب و نوسینی کوردی کردووە.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٧٢)پیرەمێرد (١٨٦٧ – ١٩٥٠): ناوی (تۆفیق)ەو ساڵی ١٩٦٧ لە سلێمانی لە دایك بووە. زانستی ئایینی و خوێندنی لای مەلا خوێندووە. ساڵی ١٨٨٢ دەبێتە کاتب نفوس لە سلێمانی. ساڵی ١٨٩٨ لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودو شێخ مەحمود دەچێتە ئەستەنبوڵ و لەوێ دەمێنێتەوە. کۆلێژی (ماف) تەواو دەکات و دواتر بەشداری لەکارو چالاکیە کوردی و سیاسیەکاندا دەکات. ساڵی ١٩٠٩ دەکرێتە قایمەقامی جۆلەمێرگ . لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژی کورد، هەتاوی کوردو گۆڤاری ژین کە لە ئەستەنبوڵ دەردەچوون ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. ساڵی ١٩٢٠ دەگەڕێتەوە سلێمانی و بەشداری لە خەباتی ڕۆشبیری و سیاسی نەتەوەی دەکات و ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە پەرەپێدانی ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕێگەی ڕۆژنامەکان (ژیان و ژین) ە وە کە نزیکەی (٢٥) ساڵ لەسەر ئەرکی خۆی دەری کردن . ڕۆڵی لە پەرەپێدانی خوێندنی کوردیدا هەبووە، بەتایبەتی زۆر پشتیوانی لەژنان کردووە بۆ خوێندن و ڕۆڵی سەرەکی لە بوژانەوەی فەرهەنگ و کەلەپوری کوردیدا بینیوە. پەندی پێشینانی کۆکردۆتەوەو نەورۆزی زیندووکردۆتەوە لە ١٩٥٠/٦/١٩ کۆچی دوایی کردووە .

(٧٣) ڕۆژنامەی ژین پیرەمێرد دەریدەکرد، یەکەم ژمارەی لە ١٩٣٩/١/٢٦ دەرچووەو هەتا سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ (١٠٠٠)ژمارەی لێ دەرچووە و دواتر هەتا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. دوای کۆچی دوایی پیرەمێرد لەساڵی ١٩٥٠ دا لەلایەنی خانەوادەی پیرەمێردەوە هەتا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوامی پێدراو لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسی و قەومیەکاندا ڕاوەستا. جێگەی ئاماژە پێکردنە بڵێین کە دوای کۆچی دوایی پیرەمێرد ماوەیەك گۆرانی شاعیر سەرپەرشتی ڕۆژنامەکەی کرد.

(٧٤)حسێن حوزنی موکریانی : (١٨٩١ – ١٩٤٧ )لەشاری سابڵاخ(مهاباد)ی ڕۆژهەڵات لەدایکبووەو خوێندنی سەرەتایی لەمەراغە تەواو کردووەو ساڵی ١٩٠٣ چووەتە یەریڤان و لەوێ بووە بەمامۆستای زمانی کوردی. ساڵی ١٩٠٨ بۆ خوێندن ڕوو دەکاتە ئەستەنبوڵ، دواتر دەچێتە حەلەب. چاپخانەیەك لە ئەڵمانیا دەکڕێت و بۆ چاپ بەکاری دێنێ. دوای پارچەبوونی کوردستان دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ڕەواندوز جێگیر دەبێت و لەساڵی ١٩٢٦ دا چاپخانەکەی دادەنێت و گۆڤاری (زاری) کرمانجی) دەردەکات. دوای داخستنی گۆڤارەکە لە ١٩٤٧/٩/٢٠ کۆچی دوایی دەکات.

(٧٥) ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی گەلاوێژ بووەو عەلادین سەجادی بەڕێوەبەری نوسینی بووەو لە بەغداد دەرچووە، یەکەم ژمارەی گەلاوێژ لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ دەرچووەو هەتا ساڵی ١٩٤٩بەردەوام بووەو (١٠٥)دانەی لێ دەرچووە.

**هەر لەم ماوەیەدا رۆشنبیران هەوڵیاندا رێزمانی کوردی بەپیتی ئارامی و بەپیتی لاتینی دابرێژن و چەند هەوڵ لەم بوارەدا درا. تۆفیق وەهبی(٧٦) لەساڵی ١٩٢٥دا پەرتوکی "بەچۆن حروفێك و چۆن بنوسین" هەوڵیداوە رێزمانی کوردی بەپیتی ئارامی دابنێت(٧٧) و ژمارەی پیتەکانی بە (٤٠)پیت داناوە. ئیسماعیل حەقی شاوەیس لە ساڵی ١٩٢٥ پەرتوکی ئەلیفبای کوردی ـ عەرەبی بڵاو دەکاتەوە. سەعید صدقی کابان لە ساڵی ١٩٢٨ پەرتوکی (مختصر صرف و نحو کوردی)بڵاو دەکاتەوە. مەعروف جیاوك ساڵی ١٩٣٠ بەرگی ئەلیفبای کوردی بڵاو دەکاتەوە. ئیبراهیم ئەمین باڵدار ١٩٥٣ ئەلف و بێ ی نوێ بۆمنداڵان بڵاو دەکاتەوە (ئەم پەرتوکە بووە بناخەی خوێندن و نوسینی کوردی لە باشوری کوردستاندا هەتا ئەم ساڵانەی دوایی) و عەلادین سەجادی لە ساڵی ١٩٦٠(دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی)ی بڵاوکردەوە. نەسرین فەخری وەکو ژنە نوسەرێك لە ساڵی ١٩٧٧ دا ڕێنوسی کوردی بڵاودەکاتەوە دوای ئەمانە چەندین نوسەری تر ئەم بوارەیان دەوڵەمەندتر کرد هەرچی تایبەتە بەنوسین بە پیتی لاتینی جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان و عوسمان سەبری لەم بوارەدا پێشەنگ بوون و ڕێنوسی کوردی لاتینیان بۆ کورمانجی ژووروو دانا. جەلادەت بەدرخان لەساڵی ١٩٣٢دا (رێزمانا ئەلف و بێیاکوردی)، کامەران "ئەلف و بێیا من"ی لەساڵی ١٩٣٨ و عوسمان صەبری ( ئەلف و بێیا کوردی)ی لەساڵی ١٩٥٥ دان. توفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٣٨دا پەرتوکی (خوێندەواری باو) ی بڵاو کردەوەو جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٥٧دا (نوسینی کوردی بەلاتینی)بڵاو کردەوە. ئەم پەرتوکانە رۆڵی گەورەیان بینی لەگەشەدان بەزمانی کوردیدا، بەتایبەتی نوسین بەپیتی ئارامی و بە زاراوەی کورمانجی خواروو پەرەی سەندو ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر گەشەکردنی وێژەو زمانی کوردی. هەر لەم قۆناخەدا یەکەمین چیرۆکی کوردی بە زاراوەی کورمانجی خواروو لەلایەنی (جەمیل صائب) ە وە کەچیرۆکی (لە خەوما) بوو دەنوسرێت و لە رۆژنامەی ژیان دا بڵاو دەبێتەوە.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٧٦)تۆفیق وەهبی (١٨٩١ – ١٩٨٤): کوڕی مەعروف محەمەدە، ساڵی ١٩٠٨ لە بەغداد دواناوەندی سوپایی دەخوێنێت، کولیژی لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٩١٨ دا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٢٢ دەچێتە پاڵ جوڵانەوەو حکومەتەکەی شێخ مەحمودەوە. ساڵی ١٩٣٠ دەبێتە پارێزگاری سلێمانی و پێش ڕووداوەکانی ١٩٣٠/٩/٦ لای دەبەن. ساڵی ١٩٤٤ دەبێتە وەزیری دارایی لە حکومەتی حەمدی پاچەچیدا. خاوەنی گەلێك بەرهەمی نوسینەو لە سەر ئێزیدییەکان لێکۆڵینەوەو نوسینی هەیە. رۆڵی لە دامەزراندنی ڕێزمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی دا بە هەردوو تیپی ئارامی و لاتینیدا هەبووە. لە ١٩٨٤/١/٥ دا لەلەندەن کۆچی دوایی کردووە.

(٧٧) خەلیل خەیالی (١٨٧٦ – ١٩٢٥): یەکەم کەس بووە لە ساڵی ١٩٠٩ دا لە ئەستەنبوڵ پەرتوکی ئەلف و بێی کوردی (کورمانجی ژووروو)ی بە ٢٧ لاپەڕە چاپ کردووە. دەکرێت وەکو سەرەتای ئەلف و بێی کوردی بە پیتی ئارامی بژمێردرێت. ئەندامی کۆمەڵە تەعاون و تەرەقی کوردی بووە) خەڵکی مۆتکی باکوری کوردستانە و لەهۆزی (مودان)بووەو نوسەرێکی بەتواناو چالاکێکی ڕۆشنبیرو سیاسی بووە. ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی نەشرومەعاریفی کوردی بووە کەلە ساڵی ١٩١٩لە ئەستەنبوڵ دامەزراوە .

ئەم بارودۆخە وایکرد کە تویژی رۆشنبیر لە کوردستاندا ڕوو لەزیاد بوون بکەن و زەمینەی پێشەنگایەتی ئەم توێژە ڕوو لەگەشە کردن بکات .

**خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە کوردستاندا**

وەکو پێشتر باسمان کرد لەلایەك بەهۆی سەرنەکەوتنی جوڵانەوەی شێخ مەحمود(٧٨) و بێ ئەنجام بوونی شێوازی سەرکردایەتی باوی کوردستان لەلایەك، هاوکات گەشەکردنی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردستان و ئەو زەمینەیەی کەلە ئێراقدا هەبوو، بەشێك لەکەسایەتییەکانی کوردستان پەنایان بۆ خەباتی سیاسی دەبرد. ئەمەش چەند جۆرێکی هەبوو، دیارترینیان ئەوانە بوون کە لەڕێگەی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردی، ڕۆشنبیری، لاوانی و ژنانەوە دەیانخواست پەرە بەتێکۆشانی سیاسی بدەن. ئەو کۆمەڵانە هەتا ساڵی ١٩٣٧ ژمارەیان زۆر بوو، هەریەکەو لە بوارێکدا ڕۆڵیان هەبوو، بەڵام تەمەنی زۆربەشیان کەمبوو، پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا نەبوو، ئەمانە وایان دەکرد کەنەتوانن جوڵانەوەی سیاسی بەرفراوان و سەرتاپاگیر ئەنجام بدەن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئیتر تێکۆشانی سیاسی دیموکراتی دەبێتە بەشێکی سەرەکی لەتێکۆشانی کوردو زۆربەی کات لەڕێگەی یاداشت و داواکارییەوە داخوازییەکانی خۆیان پێشکەشی حکومەتی ئێراق، بریتانیاو کۆمەڵەی گەلان دەکەن. هەروەها پەنا بۆ ڕێپێوانی دیموکراتی دەبەن و دەخوازن لەو ڕێگەیەوە ناڕەزایی خۆیان دەربڕن. دیارترین ئەو چالاکیانەش ڕێپێوانی بەر دەرکی سەرای سلێمانی ١٩٣٠/٩/٦ بوو، کە حکومەت دەیخواست بە بێ گوێدانە داواکانی کورد، هەڵبژاردن ئەنجام بدات و سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت. بەڵام جەماوەر بەپێشەنگایەتی(بێکەس، ڕەشۆڵ، عەولەسیسەو هەڵۆبەگ) ڕاپەڕینێکی مەزنیان ڕێکخست، هەرچەندە ڕاپەڕینەکە هێمن و لەسەرخۆ بوو کە هەندێك وەکو یەکەم ڕێپێوانی مەدەنی جەماوەری باسی لێوەدەکەن لە ئێراقداو حکومەتیش بە توندو تیژترین شێوەڕووبەڕوویان دەبێتەوە کۆکوژییەکی زۆری ئەنجامداو (١٢)کەس لە خۆپیشاندەران دەکوژن و نزیکەی سەد کەسیان لێ بریندار دەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخەران و خۆپیشاندەران دەسگیر دەکەن کە یەکێك لەوانە (بێکەس)ی(٧٩) شاعیرە کە بە برینداری دەسگیر دەکرێت. هەر لەزینداندا ئەم چوارینەیە دەڵێ؛

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ، گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ، بیخەمە ژێر پێتەوە

ئەم ڕووداوە نەبووە هۆی ساردبوونەوەی جەماوەر بەڵکو فشاری زیاتری خستە سەر حکومەتی ئێراق و بریتانیا، هەروەها بووە هەوێنی ئەدەب و بەرخۆدانی ئەو سەردەمەو ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بکەین دەبینین کە زۆربەیان لەسەر ئەو ڕووداوە بابەتیان نوسیوە. هەروەها ڕوداوەکە کاریکردە سەر شێخ مەحمودو بەشێکی زۆری جەماوەر. هەر ئەمە وایکرد شێخ مەحمود کە لەو کاتەدا لەگوندی پیرانی نزیك مەریوان نیشتەجێ بوو، دەست بە خۆتاودان بکات و لە ١٩٣٠/٩/١٧یاداشتێك ئاڕاستەی نوێنەری بریتانیاو حکومەتی ئێراق بکات

و داوای ئەوەی لێ کردن کە پێش ئەوەی ئێراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و سەربەخۆیی خۆی لە بریتانیا وەربگرێت پێویستە حکومەتێکی سەربەخۆ بۆکورد دروست بکرێت. ئەمەو کۆمەڵێك داواکاری تری لە یاداشتەکەیدا نوسی بوو. بەڵام بریتانیا و ئێراق وەڵامیان نەدایەوە، هەر ئەمەش وایکرد کە شێخ پەیوەندی بە ژمارەیەك سەرۆك هۆزەوە بکات و بڕیاری بەرەنگاری بدات. ئەوەبوو هێزەکانی خۆی دەکات بە دووبەشەوەو بەدوو قۆڵ هێرش دەکەن. قۆڵێکیان لە پێنجوێنەوە قۆڵەکەی تر لە پشدەرەوە. لە مانگی یازدە (١٩٣٠/١١/٣) شەڕ دەست پێ دەکات و هەتا ئاداری ١٩٣١بەردەوام دەبێت، لەو شەڕانەدا هێزەکانی شێخ مەحمود سەردەکەون و ڕۆژ بەڕۆژ پاشەکشە بە حکومەت دەکەن. لەم ماوەیەدا هۆزەکانی (دەلو - داودە - زەنگنە - گل) لە گەرمیان پەیوەندی بە شێخەوە دەکەن و داوای ئەوە دەکەن شێخ بنکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ لای ئەوان و جوڵانەوەکە گەورەتر بکەن. شێخ ڕوو دەکاتە گەرمیان و دەچێتە گوندی (ئاوباریك)ی سەر بەخورماتوو. شێخ لەم ماوەیەدا یاداشتێك ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان دەکات و هۆکاری چەك هەڵگرتنی خۆی و خەڵکەکەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی ناپاکی هەندێك کەسەوە شوێنی شێخ ئاشکرا دەبێت و حکومەت هێرشێکی مەزن دەکاتە سەر ئاوباریك و لەوێ شەڕێکی مەزن ڕوودەدات، شێخ و هێزی کوردی دەتوانن هێزی حکومەت تێکبشکێنن، بەڵام خۆشیان گورزی مەزن دەخۆن و پاشەکشە دەکەن بۆ قەرەداغ و لەوێوە شێخ دەچێتەوە ناوچەی پیران. دواتر ئێران و ئێراق ڕێکدەکەون کە پێکەوە هێرش بکەنە سەر شێخ و لە هەردوو دیوەوە هێز کۆدەکەنەوە، ئیتر شێخ لە ١٩٣١/٥/١٤دا خۆی دەدات بەدەستەوەو دووری دەخەنەوە بۆ سەماوە، ناصریەو دیالەو لە ساڵی ١٩٣٣دا دەیبەنە بەغداد.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٧٨)شێخ مەحمود بەرزنجی (١٨٨١ - ١٩٥٦) کوڕی شێخ سەعیدی شێخ محەمەدە یچکۆلی کاك ئەحمەدی شێخە. ساڵی ١٨٨١ لەشاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە. باوکی و شێخ ئەحمەدی برای لەموسڵ بەپلانی ئیتحادیەکان لە ساڵی ١٩٠٩ دا دەکوژرێن، بەڵام ئەو رزگاری دەبێت و ئیتر جێگەی باوکی دەگرێتەوە. ساڵی ١٩١٥ هاوکاری سوپای عوسمانی دەکات لە شەڕی باشوری ئێراق لە دژی ئینگلیزەکان و لە بەرئەمە عوسمانیەکان وەکو حاکمی سلێمانی پەسندی دەکەن، هەتا شەڕ تەواو دەبێت حاکمی سلێمانی دەبێت. لەماوەی نێوان ١٩١٨ - ١٩٢٧ چوارجار حکومەت دروست دەکات و هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدات، بەڵام سەرناکەوێت. لە ساڵی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٢ بریتانیەکان دووری دەخەنەوە بۆ هیندستان و لە ساڵی ١٩٢٢ دەیگێڕنەوە. لە ساڵانی ١٩٣١ و ١٩٤١ یش دووجاری تر لەدژی بریتانیاو ئێراق هەوڵدەدات بەڵام سەرکەوتوو نابێت و ئیتر لەسیاسەت دووری دەخەنەوە. لە ١٩٥٦/١٠/٩ دا کۆچی دوایی دەکات. شێخ دەستی شیعر دانانیشی هەبووەو نازناوی (نوربەخشی و فەرهادی کوردی) بەکارهێناوە .

(٧٩)فایەق بێکەس: لەساڵی ١٩٠٥دا لەگوندی سیتەکی شارباژێر سەر بەسلێمانی لەدایکبووە. بەمنداڵی دایکی دەمرێت و دواتر ماڵیان دەچێتە سلێمانی و لەکاتی شەڕی جیهانیدا باوکی دەبرێت بۆشەڕ (سەفەربەرلك) و ئیتر لای مامی دەبێت و لەسلێمانی لە حوجرەدا دەخوێنێ و پاشان لە بەغداد دووساڵ قوتابخانەی (دارالعلوم)دەخوێنێ. کەسێکی چالاکە لەڕووی ئەدەب و نوسینی هۆنراوەی میللی و چالاکی سیاسیەوەو یەکێکە لە ڕێکخەرانی ڕاپەڕینەکەی بەر دەرکی سەرای ١٩٣٠/٩/٦ و برینداردەبێت و دەستگیردەکرێت و بەهۆی هەڵوێستە سیاسیەکانیەوە چەندین جار دوور دەخرێتەوە بۆ (حلەو عەمارە) لە باشووری ئێراق . لە ١٩٤٨/١٢/١٨دا بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات.

دوای تێکشکانی جوڵانەوەکەی شێخ، جەماوەر بێ هیوا نەبوون و بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشانی خۆیان، ئەوەبوو نوێنەرانی کورد لە بەغداش داوای چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردیان کرد، ئەمەبووە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی ئێراق لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١دا یاسای زمانە فەرمییە خۆجێیەکان دەربکات و زمانی کوردی وەکو زمانی فەرمی لە ناوچەکوردییەکاندا بناسێت، بەڵام دواتر کاری بەیاساکە نەکرد. سەرەڕای ئەوە یاساکە دەرفەتێك بوو بۆ کوردەکان کەکاری لەسەر بکەن و زمان و ئەدەبیاتی خۆیان پەرە پێبدەن. هەرئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٣١ بەدواوە چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوی نوێ دروست بن و هەوڵبدەن پەرە بە تێکۆشان و فەرهەنگ و زمانی کوردی بدەن و پێشتر باسمان لەچەند دانەیەکیان کرد .

### جوڵانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان (١٩٣١ — ١٩٣٢)

شێخ ئەحمەدی بارزان پێنجەمین شێخی بارزانەو کوڕی دووەمی شێخی محەمەدی بارزانەو برای بچوکی شێخ سەلامی بارزانی بوو،(٨٠) دوای لە سێدارەدانی شێخ سەلامی براگەورەی لە ساڵی ١٩١٤دا دەبێتە شێخی بارزان. لە ناو موریدو لایەنگرانیدا بە خودانی بارزان دەناسراو پێگەیەکی بەرز و پیرۆزی هەبووە. هەر لەسەرەتای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کوردستان ، ئەو ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو هاوکاری جوڵانەوەکانی ئەلکێ و ئامەدو شێخ مەحمودیش دەکات. شێخ ئەحمەد لەساڵانی بیستەکاندا توانی هەژموونی خۆی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی بەهدیناندا بڵاوبکاتەوە، ئەمەش حکومەتی ئێراق و بریتانیای نیگەران کردبوو. چونکە ئەوان ساڵانێکی درێژ کاریان کرد بۆ لاوازکردنی شێخ مەحمود، لەبەر ئەوە ئامادە نەبوون ئەو ڕەوشە لەشێخ ئەحمەد قەبوڵ بکەن. بۆ ئەمە سودیان لەناکۆکی نێوان شێخ ئەحمەد و شێخ ڕەشیدی لۆلان وەرگرت. جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شێخ ئەحمەدو شێخ ڕەشید هەریەکەیان لەهەوڵی ئەوەدابوون کە کاریگەری خۆیان زیاتر بکەن و ئەمەش وایکرد لە هەردوومانگی (٧و١١)١٩٣٠ دا دووجار پێکدادان لەنێوان لایەنگرانی هەردوولادا دروست ببێت. حکومەتی ئێراق خواستی ئەم ڕەوشە بکاتە بیانوو بۆ سەپاندنی باڵادەستی خۆی و کەوتە ناوبژیوانی کردنیان، بەڵام بێ سوود بوو، دوای ئەوە شەڕ مەزنتر بوو شێخ ئەحمەد سەرەتای مانگی ١٩٣١/١١هێزی خۆی کۆکردەوەو هێرشی کردەسەر ناوچەی برادۆست و چەند گوندێکی برادۆستی سوتاندو شێخ ڕەشیدی ناچارکرد بچێتە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٨٠)شێخ ئەحمەدی بارزان (١٨٩٢ – ١٩٦٩)کوڕی شێخ محەمەدی بارزانەو برای شێخ سەلامی بارزانەو دوای لەسێدارەدانی شێخ سەلامی برای لەساڵی ١٩١٤دا بووەتە شێخی بارزان و ساڵی ١٩٢٠ ڕووبەڕووی پلانی بریتانیەکان دەبێتەوەو ڕێگە نادات ئاشورییەکان لەناوچەکەیاندا جێگیر بکەن و سەرۆکایەتی ڕاپەڕینی بارزانی کرد لە ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ و لەساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە.

**حکومەتـی ئێـراق لەلایـەك بەمەبەسـتی جێگیرکردنـی دەسـەڵاتی خـۆی لەناوچەکـەداو لەلایەکـی تریشـەوە بـۆ ئـەوەی نیشـانی بـدات کـە دەتوانێـت خـۆی بپارێزێـت و سـەربەخۆبێت و کۆمەڵـەی گـەلان رازی بـکات لـە ١٩٣١/١٢/٦ هێزێکـی مەزنـی سـەربازی بـە فەرماندەیـی (بەرقـی صدقـی) ی بـرای (بەکرصدقـی) دەنێرێتـە سـەر ناوچـەی بـارزان، بـەڵام هێـزی بارزانیـەکان دەتوانـن هێـزی حکومـەت تێکبشـکێنن و لـەو شـەڕانەدا مسـتەفا بارزانـی(٨١) بـرا بچوکـی شـێخ ئەحمـەد رۆڵـی بەرچـاوی دەبێـت. پـاش ماوەیـەك حکومـەت هەوڵـدەدات شـێخ فریـوی بـدات کـە گوایـە ئیدارەیەکـی مەدەنـی بەسەرپەرشـتی شـێخ لـە ناوچـەی بـارزان دروسـت دەکـەن و بـۆ ئـەو مەبەسـتە داوای لـێ دەکـەن کـە بچێتـە لایـان، بـەڵام شـێخ فریـو ناخـوات و ئیـتر جارێکـی تـر لـە ١٩٣٢/٣/١٥شـەڕ دەست پـێ دەکاتـەوەو حکومـەت هێرشـێکی مـەزن دەکاتـە سـەر ناوچەکـە. سـەرەتا کـوردەکان گـورزی تونـد لـە هێـزی حکومـەت دەدەن، بـەڵام دواتـر سـوپا توانـی ناوچەکـە بخاتـە ژێـر دەسـتی خۆیـەوەو لـە ١٩٣٢/٦/٢٢ دا شـێخ لەحمـەد، محەمـەد صدیـق و مسـتەفا بارزانـی بـرای و نزیکـەی (١٠٠)کـەس ناوچەکەیـان بەجـێ هێـڵاو چوونـە باکـوری کوردسـتان و لـە گونـدی (گرانـە) مانـەوە. بەفەرمانـی شـێخ ئەحمـەد هێزێکـی لـە (٢٠٠)کـەس زیاتـر بـە فەرمانـداری (خەلیـل خۆشـەوی و ئەحمـەد نـادر) لـە ناوچـەی گـەردی مانـەوە، ئامانجـی شـێخ ئەوەبـوو کـە ئـەو هێـزە لەلایـەك وەکـو فشـاربن لەسـەر حکومـەت و هـاوکات ڕێگربـن لەنیشـتەجێکردنی ئاشـوریەکان لـە ناوچەکـەدا، کەپێشـتر بریتانیـەکان هەوڵیـان بـۆ دابـوو.**

**لەبەهـاری ١٩٣٣ حکومەتـی تورکیـا شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی ڕادەسـتی ئێـراق کـردەوەو ئەوانیـش لەموسـڵ دەسـت بەسـەری دەکـەن. لـەم کاتـەدا مەلامسـتەفاو ئەوانـەی لەگەڵیـدا بـوون گەڕانـەوە سـنوری باشـوور و لـەوێ مانـەوەو خۆیـان نەدایـە دەسـتی حکومـەت، مەرجیـان ئەوەبـوو کـە دەبێـت شـێخ ئەحمـەد ئـازاد بکرێـت، هەتـا ئـەوان دەسـت لەچـەك بەربـدەن یـان دابنیشـن. ئەوەبـوو لـە کۆتایـی ئابـی ١٩٣٣دا حکومەتـی ئێـراق شـێخ ئەحمـەد و عەلـی محێـی هاوڕێیـان ئـازاد کـردو گەڕانـەوە بـۆ بـارزان. لـە دوای ئەمـە مستەفا بارزانـی و محمـد صدیقـی بـرای و نزیکـەی (٢٢٠)کـەس خۆیـان ڕادەسـتی حکومـەت کـرد، بـەڵام خەلیـل خۆشـەوی و نزیکـەی (٨٠)کـەس مانـەوە لـە چیـاکان. لـە سـاڵی ١٩٣٤و ١٩٣٥دا دووجـار حکومـەت هێـرش دەکاتـە سـەر راپەڕیـوەکان، لـە سـاڵی ١٩٣٤دا حکومـەت ئەنجـام ناگرێـت، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٣٥ دا نزیکـەی (٣٠)کـەس لـە راپەڕیـوەکان دەکـوژن کـە ئەحمـەد نـادر یەکێـك دەبێـت لەوانـەو ئەمـەش وادەکات کـە خەلیـل خۆشـەوی بـەرەو داڵانپـەر بکشـیتەوەو دواتـر جارێکـی تـر لـە حوزەیرانـی هەمـان سـاڵ دا دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوچەکـەی خۆیـان.**

---

(٨١)مەلامسـتەفای بـارزان (١٩٠٣ – ١٩٧٩) کـوڕی شـێخ محەمـەدی بارزانـەو بـرای بچوکـی شـێخ ئەحمـەدی بارزانـە. لەسـاڵی ١٩٠٣دوای کۆچـی دوایـی باوکـی و دەسـتگیر کردنـی شـێخ سـەلامی بـرای و دایکـی لـە زیندانـی تورکیـا لەدایـك دەبێـت. سـەرکردەی جوڵانـەوەی ئەیلـول بـووەو دوای شکسـتی جوڵانەوەکـەی لـە سـاڵی ١٩٧٥ دا لـە ئێـران جێگیـر دەبـێ و پـاش ماوەیـەك نەخـۆش دەکەوێـت و دەیبەنـە ئەمریـکاو لـە ١٩٧٩/٣/١لـە ئەمریـکا کۆچـی دوایـی دەکات.

لـەم ماوەیـەدا حکومەتـی ئێـراق کۆمەڵێـك بڕیـاری تونـد لـەدژی ڕاپەڕیـوەکان دەردەکات و هەماهەنگـی دەکات لەگـەڵ تورکیـا بـۆ سـەرکوتکردنی خەلیـل خۆشـەوی و هاوڕێکانـی. ئـەوەش وادەکات خەلیـل خۆشـەوی هەتـا سـەرەتای سـاڵی ١٩٣٦ لـە سـنووردا هاتـو چـوون بـکات و لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٣٦دا لەئەشـکەوتی (هرباشـك) جێگەکـەی ئاشـکرا دەبێـت و حکومـەت هێـرش دەکاتـە سـەری و لـە ئەنجامـدا خەلیـل خۆشـەوی و ١٢ لـە هاوڕێکانـی دەکوژرێـن. بـەو شـێوەیە جوڵانەوەکەیـان کۆتایـی پێدێـت. بەپێـی سـەرچاوەی بارزانیـەکان دەگوترێـت کـە کەلحێـی(٨٢) سـەرۆکی هـۆزی ڕێکانـی جێگـەی خەلیـل خۆشـەوی ئاشـکرا کـردووە ئـەم جوڵانـەوەش کـە لەنێـوان سـاڵانی ١٩٣٣ - ١٩٣٦ دا ڕویـدا، بـە جوڵانـەوەی دووەم بـارزان دەنـاسرا.

## حزبی هیواو قۆناخێکی نوێی جوڵانەوەی کوردی

نیـوەی دووەمـی سـاڵانی سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو سـاڵانێکی ئاڵـۆز بـوو، ئەڵمانیـای نـازی و ئیتاڵیـای فاشـی لـە هەوڵـی خـۆ فراوانکردنـدا بـوون، هـاوکات بیـری چـەپ و بانگـی شـۆڕش و ئـازادی گـەلان لـە هەڵکشـاندا بـوو. ڕەزا شـای ئێـران و حکومەتـی تورکیـاش بـە ئاڕاسـتەی لایەنگـری ئەڵمانـدا هەنگاویـان دەنـا، لەنـاو دەسـەڵاتی ئێراقیشـدا وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد درزی نێـوان بریتانیـاو دەسـەڵاتی ئێـراق ڕووی لەزیـادی دەکـرد. لەسـەر ئاسـتی جەماوەریـش بیـری چـەپ و دیموکراتـی و نەتەوەخـوازی گەشـەیەکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینـی. ئەوەبـوو لەسـەرەتای سـییەکانەوە جوڵانـەوەی دیموکراتـی بەپێشـەنگایەتی جەعفەرئەبوتمـەن و کامیـل چادرچـی بـەرەو پێشـەوە دەچـوو، بیـری نیشـتمانی بـە پێشـەنگایەتی کەسـانی وەکـو محمـد مەهـدی کوبـە لەگەشـەکردندا بـوو. هاوکاتـی ئەمانـە بیـری چەپیـش بەڕێبەرایەتـی یوسـف سـەلمان (هـاوڕێ فەهـد)و هاوڕێکانـی لـە گەشـەکردندا بـوو . ڕۆشـنبیرو لاوە کوردەکانیـش لەلایـەك هەسـت و هۆشـیاری نەتەوەییـان بەرەوپێشـەوە دەچـوو لەلایەکـی تـرەوە بـەو بیـرو ئایدیـاو بارودۆخانـە کاریگەربـوون. دیارتریـن گـروپ و کەسـایەتی کـە کاریگەریـی ئـەو بارودۆخەیـان لەسـەر بـوو، دڵـداری شـاعیر و کۆمەڵەکـەی بـوو. دڵـداری شـاعیر لەتەمەنێکـی زۆرگەنجـدا لەگـەڵ کۆمەڵێـك لەگەنجانـی کەرکـوك، هەولێـرو کۆیـە لەسـاڵی ١٩٣٧دا کۆمەڵـەی (دارکەر)یـان دروسـتکرد. ئـەم کۆمەڵەیـە لەنـاو گەنجـان و ڕۆشـنبیراندا خەباتـی دەکـردو بـاوەڕی بەتێکۆشـانی نەتەوەیـی هەبـوو، لەپێنـاوی بەدەسـتهێنانی ئـەو مافانـەدا خەباتـی دەکـردو لەمـاوەی دوو سـاڵدا گەشـەیەکی باشـی بەخۆیـەوە بینـی. بـەڵام دڵـدارو هاوڕێکانـی پێیـان وابـوو کـە گۆڕانکارییـەکان لەهەنگاوەکانـی ئـەوان خێراتـرن،

---

(٨٢)کەلحێـی ڕێکانـی سـەرۆکی هـۆزی ڕێکانـی بـوو، بەپێـی وتـەی بارزانیـەکان ئـەو لـە سـاڵی ١٩٣٦ دا خەلیـل خۆشـەوی و هاوڕێکانـی لـە ناوچـەی ڕێـکان ئاشـکرا دەکات و سـوپای ئێـراق دەچێتـە سـەریان و دەیانکـوژن، لـە تۆڵـەی ئەمـەدا لەسـاڵی ١٩٦٠ دا بارزانیـەکان کەلحـێ دەکـوژن.

هەربۆیە بە پێویستی دەبینن شێوازی کاری خۆیان بگۆڕن و بەشێوەیەك کار بکەن کە بتوانن وەڵام پێویستیەکانی ئەو قۆناخە بدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە بیریان لەوە کردەوە کە سنووری گەنجان و ڕۆشنبیران تێپەڕبکەن و بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییان بە کەسانی بە ئەزموونی وەکو ڕەفیق حیلمی و ڕۆشنبیرو کەسە بە ئەزموونەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستانەوە کردو پەیوەندییان لەگەڵ سەرۆك هۆزو فەرماندارانی کوردی ناو سوپاشدا دروستکرد. لەبەهاری ساڵی ١٩٣٩دا لەئەنجامی ئەو هەوڵانەدا (حزبی هیوا)یان دامەزراند. واتە حزبی هیوا بە شێوەیەك دەبێتە بەردەوامی و درێژە پێدەری (کۆمەڵەی دارکەر). (ڕەفیق حیلمی)(٨٣) یش بووە سەرۆکی حزبەکە. هەرلەم ماوەیەدا جوڵانەوەی چەپ و کاریگەری حزبی شیوعی لەسەر گەنجانی کورد ڕووی لە زیاد بوون دەکرد، هەربۆیە ململانێ و ناکۆکی کەوتە نێوان حزبی هیواو حزبی شیوعییەوە. لەو کاتەدا حزبی شیوعی پێی وابوو کە حزبێکی وەکو (هیوا) بۆ کورد پێویست نیە، چونکە حزبی شیوعی ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر گەلی کوردیش جێبەجێ دەکات. حزبی هیواش ڕەخنەی لەو هەڵوێستانەی حزبی شیوعی دەگرت پێی وابوو ئەو هەڵوێستانەی دەکەوێتە خزمەتی دەسەڵات و نەتەوە پەرستە عەرەبەکانەوە. هەر دوو حزبیش لە سەرەتای چلەکاندا ڕۆژبەرۆژ ڕۆڵیان و کاریگەرییان زیادی دەکرد. حزبی هیوا کەسانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدابوو لەوێنەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی و پەیوەندی توندو تۆڵی دروستکرد لەگەڵ کوردی بەشەکانی تری کوردستاندا. هەروەکو پێشتر باسمان کرد هاوکار بوو لەدروستکردنی کۆمەڵەی (ژ.ك)و پشتیوانیکردنی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان و لایەنێکی سەرەکی پەیمانی سێ سنووری نێوان حزبی هیوا، کۆمەڵەی (ژ.ك) و کۆمەڵەی خۆیبوون بوو. حزبی هیوا خاوەنی دیسپلینێکی توندو تۆڵ بوو، کارگەیشتبووە ئەمەی سەرۆکەکەیان پیرۆز دەبینی. شەڕی دووەمی جیهانی کە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩ - ١٩٤٥)ی ڕویدا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەرئێراق و کوردستان هەبوو چونکە بەشێکی زۆری جەماوەرو سیاسەتمەدارانی کوردی شەڕی دووەمی جیهانی کە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩ - ١٩٤٥)ی ڕویدا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەرئێراق و کوردستان هەبوو چونکە بەشێکی زۆری جەماوەرو سیاسەتمەدارانی کوردی

---

(٨٣) ڕەفیق حیلمی: لە ساڵی ١٨٩٨ لە کەرکوك لە دایکبووە، کوڕی صالح عەبدوڵڵای ناسراو بە (حیلمی)یەو لە بنەماڵەی (ئامان)ە. خۆێندنی دواناوەندی لە سلێمانی و بەغداد تەواوکردووە. پاشان دەچێتە ئەستەنبوڵ بۆ کولێژی سەربازی، بەڵام بەهۆی شەڕی جیهانیەوە تەواوی ناکات دەگەڕێتەوە. لە حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموددا کە لەساڵی ١٩١٨دا رایگەیاند دەبێتە باش کاتب (واتە سکرتێری ئەمرۆ)ی شێخ مەحمود. کەسێکی نزیك دەبێت لە شێخەوە. لەساڵی ١٩٢٠دەچێتەوە ئەستەنبوڵ و خوێندنی حۆی تەواو دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە باشوور و لەسلێمانی دەبێتە مامۆستا. بەشداری چالاکانەی دەبێت لەڕووداوەکانی ئەو سەردەمەداو بەشداری ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرا لە ١٩٣٠/٩/٦ دا دەکات . لەساڵی ١٩٣٩ هەتا ساڵی ١٩٤٤ سەرۆکی حزبی هیوا دەبێت. یاداشتەکانی خۆی لە (٨)بەرگدا نوسیوەتەوەو بۆ ئاگاداربوون لەڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم سوودمەندەو بەڵگەی تێدایەو لە ١٩٦٠/٨/٤ لە بەغداد کۆچی دوایی دەکات.

ئێراقی کەوتبوونە ژێر کاریگەری هیتلەرەوە، دەسەڵاتی ئێراقیش بە دەستی بریتانیاوە بوو. ئەمە لە جوڵانەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانی ساڵی ١٩٤١دا بەتەواوی ڕەنگیدایەوە. هەروەها دەستێوەردانی بریتانیاو ڕوسیا لە ئەیلولی ١٩٤١دا لەئێران و لابردنی ڕەزاشا و دانانی محەمەدی کوڕی و ئەو بۆشاییە سیاسیەی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستبوو، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر باشووری کوردستانیش هەبوو. ئەوەبوو دەرفەتی خەباتی زیاتر دروستبوو بۆحزبی هیواو ئەوانەی خوازیاری خەبات و تێکۆشان بوون. هەر ئەم ڕووداوانە بوونە هۆکاری ئەوەی شێخ مەحمود دوای (١٠)ساڵ لە دوورخرانەوە لە مایسی ١٩٤١دا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و بچێتە گوندی سیتەك نیشتەجێ ببێت و بانگی لە هۆزو سیاسیە کوردەکان کرد کە یەك بگرن بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد. هەروەها داوای لە حکومەتی ئێراق کرد کە مافەکانی کورد پەسند بکات. بەڵام بەهۆی تێکشکانی هەوڵەکەی ڕەشیدعالی گەیلانیەوە هەوڵەکانی شێخ مەحمودیش سەری نەگرت. دوای ماوەیەك ململانێکردن لەگەڵ حکومەتی ئێراق و بریتانیادا، جارێکی تر شێخ مەحمود رازی بوو کە دابنیشێت و ئیتر لە (داری کەلی) نیشتەجێ کراو هەوڵەکەی کۆتایی پێ هات. حزبی هیوا لەم قۆناخەدا زۆر بە تەگبیر هەڵسوکەوتی دەکرد، هەرچەندە پێی باش بوو کە شێخ مەحمود فشار لەسەر حکومەت دروست بکات، بەڵام شەڕو پێکدادانی بەباش نەدەزانی، ڕەنگ بێ ئەوە یەکێك لەو هۆکارانە بێت کە شێخ مەحمود زوو دەستی لە بیرۆکەی شەڕ بەردابێت .

هەرچەندە کۆتایی بە هەوڵەکەی شێخ مەحمود هات، بەڵام شەڕی جیهانی و ئاڵوزییەکانی ناوچەکە بەردەوام بوو، بەتایبەتی ئەو بارودۆخە نوێیەی کە لەرۆژهەڵات و ئێراندا خولقابوو، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر باشوری کوردستان هەبوو، لەلایەك شای ئێران لابرابوو. بۆشایی سیاسی و ئیداری لەئێران و کوردستاندا دروستببوو، لەلایەکی ترەوە حەمەڕەشیدخانی بانە دەستی بەجموجۆڵ کردبوو لەناوچەی ئەردەڵانداو کۆمەڵەی (ژ.ك)یش جموجۆڵی خستبووە ناوچەی موکریان بەرەو سەرەوە. ڕەوشی دەسەڵاتی بریتانیاو ئێراقیش جێگر نەبوو. لەم بارودۆخەدا مستەفا بارزانی ماوەیەك بوو لەسلێمانی وەکو دوورخراوەیەك دەژیاو پەیوەندی لەگەڵ ناوەندی سیاسی و رۆشنبیری ئەو کاتەی باشوور بەهێز ببوو، بەتایبەتی لەگەڵ حزبی هیوادا. لە ١٩٤٣/٧/١٣ دا مستەفا بارزانی بە هاکاری حزبی هیوا لەڕێگەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە سلێمانی بەجێ دێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان. هەر لەگەڵ گەیشتنەوەیدا ژمارەیەك خەڵك لێی کۆ دەبنەوەو ئەمەش هیوایەك لەناو دڵی جەماوەری ناوچەکەو کوردستاندا دروست دەکات، ترس و دڵەڕاوکەش لەلای حکومەتی ئێراق و بریتانیادروست دەکات، چونکە شەڕی دووەمی جیهانی گەیشتبووە قۆناخێکی یەکلاکەرەوەو ڕەوشی ئێراقیش جێگیر نەبوو، ئەوان نەیاندەخواست شەڕ لە کوردستان ڕوبدات، هەتا نەبێتە هۆی سەرقاڵکردنیان و هەڕەشەیان بۆ دروست بکات و ئەڵمانەکان سوودی لێ وەربگرن. ئەمەش وایکرد کە بەنەرمی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوە کەدا بکەن. بەڵام وەکو تەگبیر شێخ ئەحمەدی بارزان و خێزانەکانیان گواستەوە

بۆ شاری حله(بابل)و هەوڵیاندا لەڕێگەی ئەوەوە مستەفا بارزانی ڕازی بکەن بەدانیشتن. مستەفا بارزانیش هەر لەسەرەتای گەیشتنی بەناوچەی بارزان، پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا دروست دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت ئەو پابەندە بە فەرمانەکانی حکومەتەوە، ئەو کارەی کە پێی هەستاوە لە ئەنجامی گوێ نەدانی کاربەدەستانی حکومەت بووە بە سکاڵاکانی.
حکومەتی ئێراق هەستی بەوەکرد کە ئەگەر زیاتر دەرفەت بدرێت بە مستەفابارزانی ئەوا دواتر ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن، هەربۆیە لە ١٩٤٣/١١/٢دا هێرشی کردە سەرناوچەکە. بەڵام هێزەکانی بارزانی توانیان بەرەنگاری ئەو هێرشانە ببنەوەو زۆربەی ناوچەکەیان لە سەربازو بۆلیس پاککردەوە، دوای ئەو تێکشکانە جارێکی تر نوری سەعیدی سەرۆك وەزیری ئێراق لە ڕێگەی شێخ ئەحمەدی بارزانەوە نامەیەك دەنێرێت بۆ مەلامستەفاو داوای لێ دەکات کە کۆتایی بەو جوڵانەوە بێنێ. بریتانیەکانیش لای خۆیانەوە هەوڵدەدەن. بەڵام مستەفا بارزانی بەنەرێنی وەڵامی حکومەتی ئێراق دەداتەوە. بەپێی بەڵگەنامەیەکی بریتانی، مستەفا بارزانی لە ١٩٤٣/١٢/٢٥دا نامەیەکی بۆ (سێر کیناهان کۆرن والیس) ناردووەو گوتویەتی؛"کەئێمە متمانەی زۆرمان بە دادپەروەری حکومەتی خاوەن شکۆ هەیەو خۆشەویستیمان بۆ حکومەتی بریتانیاش هەیەو گوێبیستی ئامۆژگارییە دادپەروەرییەکانی ئەفسەرە بریتانیەکانیشین، بەڵام هەڵسوکەوتی بەرپرسە ئێراقیەکان نارەواو نادادپەروەرانەیە، ئەوان هەموو دەرگاکانی ئومێدیان لەسەرئێمە داخست، لەبەرئەوە ناچار بووین بەمەبەستی بەرگریکردن لە خۆمان. دەست بدەینە جوڵانەوەی چەکداری"= دوای ئەمە مستەفابارزانی بە ڕاوێژ لەگەڵ ژمارەیەك لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە ڕێگەی حزبی هیواوە پەیوەندی بە جوڵانەوەکەوە دەکەن = داواکارییەکانی خۆی پێشکەشی حکومەتی ئێراق کرد، کەلەم خاڵانە پێکهاتبوو؛
١ـ پێکهێنانی خۆبەڕێوەبردنێك کە لە ناوچە کوردستانیەکان پێك بێت و شارەکانی (کەرکوك – سلێمانی – هەولێر – دەهۆك – خانەقین) لە خۆوەبگرێت .
٢ـ لەئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقدا وەزیرێکی کورد هەبێت بۆ سەرپەرشتی ئەوشارانە .
٣ـ لە هەر وەزارەتێکدا یاریدەدەرێك (جێگر)ی کورد هەبێت .
دوای نزیکەی مانگێك لە ناردنی نامەو داواکارییەکان، حکومەتی ئێراق لە ١٩٤٤/١/٢٥دا بڕیارێك سەبارەت بەدۆزی کورد دەردەکات کە پێکهاتبوو لە؛
١ـ دانانی کەسانی پاك و لێهاتوو بۆ دەزگا ئیدارییەکانی قەزاکانی زێبار رەواندوز وئامێدی.
٢ـ بەگوێرەی پێویست بنکەی پۆلیس لەناوچە سنوورییەکان دابنرێت .
٣ـ دروستکردنی ڕێگای گشتی بۆ ناوچەی بارزان .
٤ـ مستەفا بارزانی دوور بخرێتەوە لە بارزان و لە پشدەر نیشتەجێ بکرێت .
٥ـ دوورخراوە بارزانیەکان بگەڕێنەوە ناوچەکەیان و ڕازی بن بەهاتنی مەلامستەفا بۆ بەغداد، کە حکومەتی ئێراق داوای لێ دەکات .
٦ـ چەك و کەرەستەکانی دیکەی حکومەت لە بارزانیەکان وەربگیرێتەوە .

٧ـ رەزامەنـدی نوانـدن لەسـەر دەرکردنـی بڕیـاری لێبوردنـی گشـتی بـۆ چەکـدارە بارزانیـەکان، بـەڵام ئـەو لێبوردنـە ئـەو ئەفسـەرو سـەربازانە ناگرێتـەوە کـە پەیوەندیـان بـە بارزانیەکانـەوە کـردووە .
حزبـی هیـوا هەرچەنـدە دەیبینـی کـە جیـاوازی لەنێـوان داواکانـی بارزانـی و بڕیارەکـەی حکومەتـدا زۆرە، بـەڵام پێـی باشـتر بـوو کـە ڕێگاچـارەی دیالـۆك و ئاشـتی هەڵبژێـرن. لێـرەدا ڕەفیـق حیلمـی سـەرۆکی حـزب پێداگیـری لـە سـەر ئـەو هەڵوێسـتەی دەکـردو (ماجدمسـتەفا)ش کەلەلایەنـی حکومەتـەوە بـۆ پەیوەندیکـردن دیـاری کـرا لایەنگـری ئـەو هەڵوێستە بـوو. ئـەوان پێیـان وابـوو کـە لەڕێگـەی دیالۆکـەوە دەکرێـت هەندێـك مـاف دەسـتەبەر بکرێـت، بـەڵام ئەگـەر شـەڕ هەڵگیرسـێتەوە ڕەنگـە چارەنوسـی ئـەو جوڵانـەوەش وەکـو جوڵانەوەکـەی شـێخ مەحمـود بێـت. بـەڵام مسـتەفا بارزانـی ئـەو هەڵوێسـتەی ڕەتکـردەوەو سـووربوو لەسـەر داواکانـی و پەسـندکردنی بڕیارەکـەی حکومەتـی بەخۆبەدەسـتەوەدان دەزانـی. ئـەم بارودۆخـە دووبەرەکـی خسـتەناو حزبـی هیـواوە. چونکـە بەشـێك لـە کادیـرو ئەندامەکانـی پشـتیوانیان لـە هەڵوێسـتی بارزانـی دەکـرد، لەبەرئەمـە ڕەفیـق حیلمـی لەهاوینـی ١٩٤٤دا دەسـتی لـە سـەرۆکایەتی حزبـی هیـوا کێشـایەوە. ئەمـەش گورزێـك بـوو بـەر سیاسـەتی کـوردی کـەوت، بـەڵام بەهـۆی گەرمـی ڕووداوەکانـەوە لەوکاتـەداو کاریگەریـی جوڵانەوەکـەی بارزانیـەوە هەسـت بەدەرئەنجامەکانـی ئـەو دەسـت لـەکار کێشـانەوەیە نەکـرا.
هەڵوێسـتی زلهێـزەکان و هێـزە هەرێمیـەکان بەرامبـەر ئـەم جوڵانەوەیـە، هەریەکـەو لـە ڕوانگـەی بەرژەوەندییەکانـی خۆیەوەبـوو، بریتانیـاو ئەمریـکا دەیانخواسـت شـەڕ ڕابگرێـت و ئـاژاوە دروسـت نەبێـت، ڕوسـیا هەرچەنـدە دەیخواسـت کاریگەریـی خـۆی لەسـەر کـورد زیاتـر بـکات، بـەڵام ئەویـش لەگـەڵ جوڵانەوەکـەدا نەبـوو. ئێـران نەیدەتوانـی هەڵوێسـتێك نیشـان بـدات، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی کـە زۆرلاواز ببـوو. هەرچـی تورکیابـوو هاوهەڵوێسـت بـوو لەگـەڵ حکومەتـی ئێراقـداو دەیخواسـت بەزووتریـن کات جۆڵانەوەکـە کـپ بکرێتـەوە. ئـەوەی پەیوەسـتە بـە پەیوەنـدی جوڵانـەوەی کـوردی بەیەکـەوە، دەبینیـن لاوازە: هەرچەنـدە لـەو کاتـەدا لەبانـەو دەورووبـەری حەمـە ڕەشـیدخانی بانـە حوکمـدار بـوو، لـە مهابـاد جوڵانـەوەی (ژ.ك) لەگەشـەکردندا بـوو، بـەڵام هەتـا هاوینـی ١٩٤٤پەیوەندییەکـی توندوتـۆڵ لـە نێـوان ئـەو هێزانـەدا نەبـوو.
ئـەم بارودۆخـەو هەوڵەکانـی (ماجدمسـتەفا)بووە هـۆی گەیشـتن بەڕێککەوتنێکـی سـەرەتایی لـە نێـوان بارزانـی و حکومەتـدا. لەئەنجامـدا حکومـەت دوورخـراوە بارزانیەکانـی ئـازاد کـردو مسـتەفا بارزانیـش لـە بەهـاری ١٩٤٤دا چـووە سـەردانی بەغـدادو عەبدولیـلاو نـوری سـەعیدی بینـی. نـوری سـەعید پەیمانـی پێـدا کـە هەندێـك هەنـگاوی تـر بنێـت، بـەڵام عەبدولیـلاو بەشـێك لـە وەزیـرەکان ڕازی نەبـوون و بـەو شـێوەیە متمانـە لـە حکومەتـی نـوری سـەعید وەرگیرایـەوەو لـە هاوینـی ١٩٤٤دا حکومەتێکـی نـوێ بەسـەرۆکایەتی حەمـدی پاچەچـی دروسـتبوو، ئـەم حکومەتـە هەرچەنـدە خـۆی بەلایەنگـری دیالـۆك دەزانـی، بـەڵام سـەرجەم ئـەو بڕیارانـەی هەڵوەشـاندەوە کـە حکومەتـی پێـش خـۆی دەری کردبـوو. ئەمـەش وایکـرد کـە لـە ئابـی ١٩٤٥دا دانوسـتاندن کۆتایـی پـێ بێـت و حکومـەت بەهێزێکـی مەزنـەوە هێرشـی کـردە سـەر ناوچەکـەو دوای نزیکـەی سـێ مانـگ شـەڕ توانیـان

ناوچـەکان کۆنـترۆڵ بکـەن و بارزانـی و شـێخ ئەحمـەدو نزیکـەی (٦٠٠٠)کـەس کەبەشـێکی زۆریـان بارزانـی بـوون، ڕووبکەنـە ڕۆژهـەڵات و پەیوەنـدی بـە قـازی محەمـەدەوە بکـەن. جێگـەی باسـە لـەم ژمارەیـە نزیکـەی (٢٠٠٠)کەسـی چەکـدار بـوون و جەنـگاوەر بـوون. بەمشـێوەیە جوڵانـەوەی سـێیەمی بارزانیـەکان کۆتایـی پـێ هـات .

وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد مسـتەفا بارزانـی بـە ڕەزامەنـدی یەکێتـی سـۆڤێت وەکـو پەنابـەر پەسـند دەکرێـت و دواتـر بەشـداری دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد دەکات. لەلایەنـی قـازی محمـەدەوەو بەپێـی ڕێوڕەسـمی کۆمـار، پلـەی جەنەڕاڵـی دەدەنـە مسـتەفا بارزانـی. دوای ڕوخانـی کۆمـار شـێخ ئەحمـەدو مسـتەفا بارزانـی ویسـتیان بگەڕێنـەوە ناوچەکـەی خۆیـان، بـەڵام حکومەتـی ئێـراق ئامـادە نەبـوو لێبوردنیـان بـۆ دەربـکات و جەختـی لـەوە دەکـردەوە کـە دەبێـت ڕووبـەڕووی دادگا بکرێنـەوە. ئێرانیـش چـەك دانـان و دوور خسـتنەوەیان کردبـووە مـەرج بۆمانـەوەی بارزانیـەکان لـە ئێرانـداو دیانخواسـت بیاننێـرن بـۆ هەمـەدان. لـە ئەنجامـدا شـێخ ئەحمـەد بڕیاریـدا کـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئێـراق، بـەڵام مسـتەفا بارزانـی ئـەوەی پەسـند نەکـردو بڕیاریـدا کـە بچێـت بـۆ یەکێتـی سـۆڤێت. بەپێـی هەندێـك سـەرچاوە ئـەم هەڵوێسـتە دەبێتـە سـەرەتای دوورکەوتنـەوەی شـێخ ئەحمـەدو مەلامسـتەفا لەیەکـتری. چونکـە هەتـا ئـەو کاتـەی مسـتەفا بارزانـی هەمیشـە گوێڕایەڵـی شـێخ ئەحمـەدی بـرا گـەورەی بـووە. بـەڵام لێـرەدا بڕیـاری جیـاو ڕێـگای جیایـان هەڵبـژارد. هەندێکیـش پێیانوایـە ئەمـە تاکتیکێـك بـووە بـۆ خۆپاراسـتن، چونکـە ئەگـەر هەمـوو بگەڕانایەتـەوە ئێـراق ڕەنگـە شێخ ئەحمـەدو مستەفا بارزانیـش لـە سـێدارە بدرانایـە. ئەگـەر لەئێرانیـش بمانایەتـەوە ڕەنگـە لەگـەڵ حەمەڕەشـیدخانی بانـەدا ئاڵوگۆڕیـان پێبکردنایـەو هەمـان چارەنـوس ڕووبەڕوویـان ببوایەتـەوە. بەڵام چوونـی بارزانـی بـۆ یەکێتـی سـۆڤێت دەبـووە پارسـەنگ. ئەگـەری زۆربـوو کـە حکومەتـی ئێـراق شـێخ ئەحمـەد نەکوژێـت، بـۆ ئـەوەی کێشـەکە گەورەتـر نەبێـت و بارزانیـش لەسـۆڤێت پارێـزراو دەبێـت، بێگومـان زەحمەتیـش بـووە کـە لـە بەهـاری ١٩٤٧دا ئـەو ژمـارە زۆرە خێزانـە بـە چیاکانـی کوردسـتان و ئەرمەنسـتاندا بگەنـە سـۆڤێت. هەربۆیـە بارزانـی ٥٦٠لـە چەکدارەکانـی لەگـەڵ خۆیـدا ئامـادە دەکات و لـە ١٩٤٧/٤/١٥ لەناوچـەی شـنۆوە کەوتـە ڕێگـەو لەمـاوەی دوو هەفتـەدا ئـاوی ئاراسـی بـڕی و گەیشـتە ئازەربایجانـی سـۆڤێت(٨٤). بەپێـی بەڵگـەی بارزانیـەکان، بەهـۆی شـەڕ و پێکـدادان و نـا لەبـاری ئـاوو هـەواوە (٥٠١)کەسـیان گەیشـتوونەتە ئازەربایجـان. ئیـتر مسـتەفا بارزانـی هەتـا دوای ڕوخاندنـی سیسـتمی پاشـایی ئێـراق لەسـۆڤێت مایـەوەو پەیوەندییەکـی ئەوتـۆی لەگـەڵ جوڵانـەوەی کـوردی نامێنـێ. دوای ڕاگەیاندنـی کۆمـاری ئێـراق لەسـەر بانگـی عەبدولکەریـم قاسـم لـە ١٩٥٨/١٠/٦ دا مسـتەفا بارزانـی لـە ڕێگـەی ڕومانیـا، چیکوسـلوڤاکیاو قاهیـرەوە گەیشـتەوە بەغـداد و لـە ١٩٥٨/١٠/٢٠دەچێتـە سـلێمانی و سـەردانی ناوچەکانـی تـردەکات. هاوەڵەکانیشـی کـە ژمارەیـان بـووە بـە (٧٨٤)کـەس لـە ١٩٥٩/٤/١٦ لـە ڕێگـەی بـەسرەوە بەکەشـتی دەگەڕێنـەوە.

بەمشـێوەیە جوڵانـەوەی چەکـداری لـە باشـووری کوردسـتان کۆتایـی پـێ هـات. لەناوچوونـی جوڵانـەوەی سـێیەمی بـارزان و ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان و لەسـێدارەدانی ئەفسـەرە کوردەکان،

**گەلی کورد بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەت نیگەران و غەمگین دەکات. ئەمە وادەکات بەشی زۆری رۆشنبیرو سیاسەتمەدارانی کورد ئیتر بەدوای رێگای تردا بگەڕێن و ڕق و کینەیان بەرامبەر حکومەتی ئێراق و بریتانیا زۆر زیاد بکات، ئەمەش لەشیعری بیست و حەوت ساڵەی (فایەق بیکەس) دا بەڕوونی دەردەکەوێت کە لەسلێمانی بۆ (ئەدمۆنس)ی حاکمی بریتانیای دەڵێ و ئەویش مەراسیمەکە بەجێ دێڵێ.**

**بێکەس دەڵێ:**

**بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم بەنان و ئاو و جلو بەرگی خۆم**
**خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم کەچی هێشتاکە دیل و ڕەنجەڕۆم**
**بیست و حەوت ساڵە من دەڕەتێنی بە درۆو فیشاڵ دەمخەڵەتێنی**

**بێکەس لەو پارچە هۆنراوەیەدا لەلایەك ڕەخنە لەهەڵوێستی بریتانیا دەگرێت و ڕقوکینەی خۆی بەرامبەر ڕەفتارەکانی ئەوان بەرامبەر بەکورد باس دەکات. لەلایەکی ترەوە ڕەخنە لەوە دەگرێت کە هەتا ئەو کاتە جوڵانەوە کوردییەکان باوەڕییان وابووە کە بریتانیا دۆستی گەلانەو دۆستی گەلی کوردەو پشتیوانیان دەکات، کەئەوەش وەکو خۆ فریودان بەناو دەکات، هەربۆیە دەیەوێت کۆتایی بەو قۆناخە بهێنێت. بەڵام بەداخەوە کە زۆر گوێی لێ نەگیراو بەشی زۆری سیاسەتمەدارو جوڵانەوەکانی کوردی لەدوای ئەو بەروارەشەوە لەسەر ئەو سیاسەتە ڕۆیشتن .**

## پارتی دیموکراتی کورد (١٩٤٦/٨/١٦) و بەناوەندبوونی خەباتی کورد لە باشووردا

**کۆتایهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی بەسەرکەوتنی بریتانیاو هاوپەیمانەکانی و کپکردنەوەی جوڵانەوە کوردییەکان لە هەرچوار لای کوردستان لە ماوەی نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا ئاماژەی ئەوەبوون کە ئیتر گەلی کورد ڕووبەڕووی زەحمەتی زیاتر دەبێتەوەو ئاسان نییە لە ڕێگای تێکۆشانی چەکداری و سیاسی باوەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. چونکە هەرچوار دەوڵەتی باڵادەستی سەر کوردستان و زلهێزەکانیش لەناو یەك فەلەکدا دەسوڕێنەوەو هاوپەیمانی یەکترین، ئەمەش وادەکات کە نەك تەنیا چاوی خۆیان لەبەرامبەر ستەم و توندو تیژییەکانیان بەرامبەر بە کورد بنوقێنن، بەڵکو هاوکاری یەکتریش بکەن لە هەموو بوارێکداو پەیمانی سەعد ئابادیش بەشێك بوو لە میکانیزمەی ئەو سیاسەتە. ئەمەش رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی خستە ناو هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای چارەسەریدا. وەکو پێشتر باسمانکرد لەسەرەتای چلەکانەوە ئیتر کەش و هەوای سیاسی لەباشوری کوردستان و ئێراقدا گەشەی دەکردو مەیلی چەپ،**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٨٤)شێخ ئەحمەد، شێخ محمد صدیق و شێخ بابۆی برای مستەفا بارزانی و شێخ ئیسماعیل و شێخ ئیبراهیمی کوڕانی شێخ سەلام، شێخ خالد، شێخ عەبدوڵڵاو شێخ صادق کوڕانی شێخ بابۆ لەگەڵ (٤٥٤٥)کەسدا لە (١٩٤٧/٤/١٨/١٧)دا لەسنوری (گادەر)ەوە گەڕانەوە باشوری کوردستان. حکومەتی ئێراق دەستبەسەری کردن و دواتر دووری خستنەوە بۆ باشوری ئێراق. چوار لەو ئەفسەرانەش کە وازیان لە سوپای ئێراق هێنابوو چووبوون بۆ هاوکاری بارزانی و کۆماری کوردستان (عەقید عزەت عەبدولعەزیز - رائید مستەفا خۆشناو - نەقیب خەیروڵڵاعەبدو لکەریم - مولازم محەمەد قودسی)لەناو گەڕاوەکاندا بوون و دادگا بریاری سێدارەی بەسەردا سەپاندن و لە ١٩٤٧/٦/٩ دا لە سێدارە دران .

دیموكراتـی و نەتەوەخـوازی گەشـەی دەكـرد. بارودۆخـی سیاسـی و ئیـداری ئێراقیـش تاڕادەیـەك دەرفەتـی گەشـەكردنی ئـەو مەیلانـەی زیاتـر دەكـرد. ئەمـەش خاڵێكـی ئەرێنـی بـوو. وەكـو لەباسـی كۆنگـرەی قاهیـرەدا باسـمان كـرد یەكێـك لـە ئامانجەكانـی لكاندنـی ویلایەتـی موسـڵ بـە ئێراقـەوە ئەوەبـوو كـە بتوانـن دەسـەڵاتی ناوەنـدی ئێـراق كۆنـترۆڵ بكـەن و لـە ڕێگـەی كـوردی ئێراقیشـەوە كـوردی بەشـەكانی تـر كۆنـترۆڵ بكـەن. مـاوەی نێـوان شـەڕی یەكـەم و دووەمـی جیهانـی ئـەو دەرفەتـەی نـەدا كـە ئـەو ئامانجانـە پێكبێـن، چونكـە لەهـەر بەشـێكی كوردسـتاندا جوڵانـەوەی بەهێـزو سـەركردەی بەهێـز هەبـوون كـە خۆیـان بەسـەرۆك و پێشـەنگ دەزانـی و ئامـادە نەبـوون وەكـو بەشـێك یاخـود لایەنگـری جوڵانەوەیەكـی باشـوور بجوڵێنـەوە. بـەڵام سـەركوتكردنی هەمـوو جوڵانـەوەكان، لەلایـەك ئیـرادەی گەلـی كـوردو بەشـی زۆری سـەركردەكانی شـكاند، لەلایەكـی تریشـەوە دەرفەتـی ئـەوەی دروسـتكرد بـۆ ئـەو كـەس و جوڵانەوانـەی كـە بەردەوامـی بەخەبـات دەدەن، ببنـە جێگـەی سـەرنجی هەمـوو كـوردو گەلـی كـورد لـە دەوری كۆببنـەوە. گومانـی تێـدا نەبوو كـە ڕەوشـی باشـوری كوردسـتان لەبارتریـن و گونجاوتریـن بارودۆخـی هەبـوو. چونكـە لـە ڕووی یاسـایی و دەسـتورییەوە نكۆڵـی لـە كـوردو زمانەكـەی و فەرهەنگەكـەی نەكرابـوو، هەركوردێكیـش لـە بەشـەكانی تـری كوردسـتانەوە لەبـەر سـتەم هەڵبهاتایـە، دەیتوانـی لـە ئێـراق بگیرسـێتەوە. هەربۆیـە لـەڕووی دەرفەتـی سیاسـی، ژیـان و فەرهەنگیـەوە باشـووری كوردسـتان بـۆ ئـەو بارودۆخـە ئامادەبـوو، یـان ئامـادە كـرا بـوو! دیـارە كەدەڵێیـن ئامادەكرابـوو، ئەمـە لـە واتـاو بەهـای تێكۆشـانی گەلەكەمـان كـەم ناكاتـەوە، بەڵكـو سـەرنجمان ڕادەكێشـێتە سـەر ئـەوەی كـە زۆربەوشـیارییەوە هەڵسـوكەوت بكەیـن، بـۆ ئـەوەی خزمەتـی پـرۆژەو پلانـی ئـەو هێزانـە نەكەیـن كـە كار لەسـەر ئـەو بابەتـە دەكـەن.

بابێینـەوە سـەر ڕەوشـی ڕێكخراوەیـی لـە باشـووری كوردسـتاندا، ئێمـە باسـمان لەوەكـرد كـە حزبـی هیـوا كاریگەرتریـن حزبـی كـوردی بـوو لەسـەرەتای چلەكانـدا لەباشـووری كوردسـتاندا، بـەڵام ئـەم حزبـە لـە كۆتایـی ١٩٤٤و سـەرەتای ١٩٤٥ەوە بـەرەو لاوازی چـوو، لەلایـەك سـەرۆكەكەی دەسـتی لەكاركێشـایەوە، لەلایەكـی تـرەوە بەشـێكیان هیـوای خۆیـان بەسـتبووەوە بەحكومەتـی بریتانیـاو ئێراقـەوە كـە دوای شـەڕ مافـی كـورد بـدەن، هەندێكیشـیان هیوایـان بەسـتبووەوە بـە جوڵانـەوەی سـێیەمی بارزانـەوە، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٤٥دا ئـەم هیوایانـە بـەرەو ئاوابـوون دەچـوون، ئەمـەش حزبەكـەی لاواز دەكـردو پەرشـو بـڵاوی دەكـردەوە. هاوكاتـی ئەمانـە لـە سـاڵی ١٩٤٤ە وە بەشـێك لەنـاو حزبـدا باوەڕییـان بەخەباتـی نەتەوەیـی هەبـوو، ئەوانـەش یـان دەچـوون بـۆ مهابـاد یاخـود خۆیـان تەرخـان دەكـرد بـۆ خەباتـی نەتەوەیـی لـە باشـوورداو ئەوەبـوو ژمارەیـەك لـەو كەسایەتیانە لەشـارەكانی باشـووردا لقـی كۆمەڵـەی (ژ.ك)و دواتـر حزبـی دیموكراتـی كوردسـتانیان دامەزرانـدو هیـوای خۆیـان لەسـەر سـەركەوتنی خەباتـی (ژ.ك)و كۆمـار هەڵچنـی بوو. لەگـەڵ ئەمانـەدا كاریگەریی حزبـی شـیوعی لـە سـاڵانی ١٩٤٤بـەدواوە بەپێشـەنگایەتی صالـح حەیـدەری و جەمـال حەیـدەری و

بەهادین نوری و ژمارەیەك گەنجی تر بەرەو پێش دەچوو. ئەمەش وایکرد کۆمەڵێك ڕێکخراو و حزب لە سالانی (١٩٤٣ - ١٩٤٥) دروست ببن، کە زۆربەیان هەڵگری بیری چەپگەری و کوردایەتی بوون، لەوانە؛ ڕێکخراوی بروسك (لە بەهدینان)، کۆمەڵەی دەنگ(لە کۆیە)، کۆمەڵەی ڕێی ڕاست (لە سلێمانی)، کۆمەڵەی هاوار(لە سلێمانی)، کۆمەڵەی میللەت (لە هەولێر)، کۆمەلەی یەکێتی تێکۆشین (لە هەولێر)، کۆمەڵەی برای سۆڤێتیان (لە سلێمانی)، کۆمەڵەی نەجات و ئازادی (لە ڕانیە)، حزبی شیوعی لە کوردستانی ئێراق (شۆڕش)، حزبی رزگاری کوردو کۆمەڵەی زەردەواڵە لە دیارترین کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان بوون، بەڵام حزبی شۆڕش و حزبی رزگاری کورد بەرفراوانترین حزب و رێکخراو بوون کە (صالح حەیدەری، نافع یونس، نوری شاوەیس، نوری محمد ئەمین، ڕەشید باجەلان، تەها محێدین مەعروف و جەعفەر محەمەد کەریم) سەرۆکایەتیان دەکردن و دەیانخواست ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوەو ببنە وەڵام بۆ ئەو قۆناخە. حزبی رزگاری کورد لەبنەمادا وەکو بەرەیەك بۆ کۆکردنەوەی حزب و کۆمەڵەکان لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا دروست بوو، حزبی شۆڕشیش رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم هەست بەوەکرا کە ئەو حزبە ناتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات و مۆرکی شیوعی بوونی پێوەیە، لەبەر ئەوە ئەو ڕێکخراوانەی کە ناکۆکن لەگەڵ شیوعیەکاندا ناچنە ناو حزبی رزگاری کوردەوە.

ئەمە وایکرد کە بیر لە ئەڵتەرناتیڤێکی تر بکەنەوە. لەو ڕۆژگارەشدا لە مهاباد لە (١٩٤٥/١٠/٢٥) کۆمەڵەی (ژ.ك)هەنگاوی بە پارتیبوونی ناو حزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد دامەزرا. ئەو حزبە دوای ماوەیەکی کەم کۆماری ڕاگەیاند، ئەم نمونەو مۆدێلە سەرنجی بەشی زۆری گروپ و کۆمەڵەکانی باشووری ڕاکێشاو لەبەهاری (١٩٤٦)ەوە کاریان بۆ دروستکردنی حزبێکی وەکو ئەوەی رۆژهەڵات کرد. دوای ماوەیەك کارکردن و هەوڵدان و تێڕوانینی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا وەرگرتن، بێجگە لەوانەی کە لایەنگری هێڵی نەتەوەیی بوون لەوێنەی ئیسماعیل حەقی شاوەیس(٨٥)، ئیبراهیم ئەحمەد(٨٦) و فایەق بێکەس کە پێیان وابوو واباشترە وەکو لقێکی حزبی دیموکراتی رۆژهەڵات کاربکرێت، ئەوانەی تر هەموویان ئەوەیان پێ باش بوو کە حزبێکی نوێی بەرفراوان دروست بکرێت، ئەو حزبە بەتایبەتی کار بۆ باشووری کوردستان بکات. لەم ماوەیەدا تێڕوانینی مەلامستەفای بارزانی و چەند کەسایەتیەکی تریشیان وەرگرت کە لەوکاتەدا لە مهاباد بوون، ئەوانیش ئەم کارەیان پێ باش بوو.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٨٥)ئیسماعیل حەقی شاوەیس: خەڵکی شاری سلێمانی یە، بەهۆی ئەوەی باوکی لەشاری موسڵ فەرمانیەر بووە لە ساڵی ١٨٩٤ دا لەموسڵ لەدایك بووە. کۆلێژی سەربازی لەئەستەنبوڵ تەواوکردووە. بەشداری ڕێکخراوی هێڤی و کۆمەڵەکانی ئەستەنبوڵی کردووەو لەسوپادا بووەتە مولازم. لەساڵی ١٩١٩دا بەشداری شەڕی دەربەندی بازیانی کردووە لەگەڵ شێخ مەحمود دا. بەشداری لە(کۆمەڵەی خۆیبوون)دا کردووەو باوەڕی بەیەك پارچەیی کوردستان هەبووە. هەروەها ئەندامی (ژ.ك)بووەو بەشداری لە کۆماری کوردستاندا کردووە. چەندین نوسینی هەیە. لە ١٩٧٦/٥/١٢ دا کۆچی دوایی کردووە.

**بەسەرنجدانە نمونەو مۆدیلی (ژ.ك) و حزبی دیموکرات و قازی محەمەد، ئەوانەی کاریان لەسەر ئەو حزبە دەکرد، قەناعەتیان وابوو کە پێویستە حزبەکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی دروست نەبێت و لەسەر بنەمای کوردایەتی دروست ببێت و جێگەی هەموو گروپ و کۆمەڵەیەکی تێدا ببێتەوە، هەتا نوێنەرایەتی هەموو گەلی کورد بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کەسانێکی ناودارو بەناوبانگ ببنە سەرۆکی حزبەکە. بۆ ئەمەش چاویان لە مستەفا بارزانی بوو، چونکە شێخ مەحمود لەژێر چاودێریدا بوو، مستەفا بارزانیش لەبنەماڵەیەکی بەناوبانگ بوو، تازەش لە شەڕی حکومەت ببووەوەو چووبووە رۆژهەڵات و هاوکاری کۆماری دەکرد، ئەوانە ببوونە ناوبانگ و سەروەری بۆ مستەفا بارزانی، مستەفا بارزانیش ئەو داوایەی پەسند کردو لەکۆنگرەی یەکەمدا کرایە سەرۆکی پارتی، هەچەندە خۆی ئامادە نەبوو! لەگەڵ ئەوەشدا شێخ لەتیف و کاکە زیاد ئاغای کۆیەیان کردە جێگری یەکەم و دووەمی بارزانی، ئەم کۆنگرەیە لە بەغداد ئەنجام دەدرێت و بە نهینی بەڕێوە دەچێت. ئەو حزبەی دەخوازن دروستی بکەن ناوی دەنێن : پارتی دیموکراتی کورد، کۆنگرە لە ١٩٤٦/٨/١٦دا دەبەسترێت و بێجگە لەسەرۆك و دووجێگرەکەی، هەمزە عەبدوڵڵا(٨٧) دەکەنە سکرتێری پارتی ،(١٢) کەسیش بۆسەرکردایەتی هەڵدەبژێرن، کەبریتین لە ١- عەلی عەبدوڵڵا، ٢- د. چەعفەر محەمەد کەریم ٣- عەبدولکریم یوسف ٤- رەشید عبدالقادر ٥- صالح یوسفی ٦- میر حاج احمەد ٧- رەشیدبامەلان ٨- مەلاحەکیم خانەقینی ٩- عەونی یوسف ١٠- تەها محێدن ١١- مستەفا خۆشناو ١٢- عەبدولحمید محەمەد.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٨٦)ئیبراهیم ئەحمەد : (١٩١٤ – ٢٠٠٠) لەسلێمانی لەدایکبووەو کۆلێژی حقوقی لە بەغداد تەواوکردووەو بەشداری هەندێك لەو کۆمەڵەو رێکخراوانەدا کردووە کە لەناوەڕاستی سالآنی سییەکاندا لەبەغداد دامەزراون. ماوەیەك بەکاری پارێزەرییەوە خەریك بووە. خاوەنی گۆڤاری گەلاوێژ بووە، کە دیارترین گۆڤاری سەردەمەکەی بووە. ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی (ژ.ك) بووە. دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان و هەڵوەشانەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤دا دەبێتە ئەندامی (پارتی دیموکراتی کورد) لەباشوورو دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لەساڵی ١٩٥١دا دەبێتە سکرتێری ئەو پارتەو لەناو ناکۆکی و ململانێدا دەبێت لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵادا. دوای گەڕانەوەی مەلامستەفا جارێکی تر هەمزە عەبدوڵڵادەبێتەوە بەسکرتێری پارتی، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم بەهۆی ناکۆکی مستەفا بارزانی و هەمزە عەبدوڵڵاوەجارێکی تر ئیبراهیم ئەحمەد لەساڵی ١٩٥٩ دەبێتەوە بە سکرتێری پارتی و هەتا ساڵی ١٩٦٤ بەردەوام دەبێت. ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ مستەفا بارزانی ناکۆکیەکانی دەگاتە لوتکەو لەیەکتر دادەبڕێن. دوای ڕێککەوتنی ئێران و بارزانی لەساڵی ١٩٦٥ دا ئیبراهیم ئەحمەد ئێران بەجێ دێڵێ و دەچێتە لەندەن و ئیتر لە چالاکی سیاسی دوور دەکەوێتەوەو زیاتر بەنوسینەوە خەریك دەبێت. لەساڵی ١٩٩٩دا بەشداری دەکات لە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستاندا لە ئەوروپاو دەبێتە ئەندامی کۆنسەی بەڕیوەبەری کۆنگرەو لە ٢٠٠٠/٤/٨دا کۆچی دوایی دەکات. ئیبراهیم ئەحمەد دەستی نوسینی شیعر و چیرۆکی باشی هەبووە. (ژانی گەل) دیارترین بەرهەمەکانێتی.

(٨٧)هەمزە عەبدوڵڵا : (١٩١٤ – ١٩٩٨لەباشقەڵای سەربە(وان)ی باکوری کوردستان لەدایکبووەو لەزاخۆ جێگیربووەو دوای پارچەبوونی کوردستان لە باشووری کوردستان ماونەتەوە.

لەگـەڵ صاڵـح یوسـفیدا لەسـاڵی ١٩٣٦ دا بەشـداری دروسـتکردنی ڕێکخـراوی بروسـکی کـردووە لەبەهدینـان و بـووە بـە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە. کۆلێژی(مـاف)ی لەبەغـداد تـەواو کـردووەو بەشـداری جوڵانـەوەی دیموکراتـی ئێـراق بەپێشـەنگایەتی کامیـل چادرچـی بـووە. کەسێکی چەپگربـووەو ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـووە لەدامەزرانـدی (پارتـی دیموکراتـی کـورد) لەباشـووورداو بـووە بەیەکـەم سـکرتێری ئـەو پارتـە. بـەڵام لـەڕووی فکرییـەوە لەگـەڵ ئیبراهیـم ئەحمـد و دواتـر مسـتەفا بارزانیـدا ناکـۆك بـووە، هەربۆیـە لـە ١٩٥٩/١٠/٦ دا لەلایەنـی مسـتەفا بارزانـی یـەوە خـۆی و لایەنگرەکانـی لـە پارتـی دەردەکرێـن. ژنـبرای ئیبراهیـم ئەحمـەد بـووەو لـە ١٩٩٨/١٢/١٣لـە سلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە .
ئـەم پارتـە وەکـو پارتێکـی کوردی تایبـەت بەباشـوری کوردسـتان (بەوتـەی دامەزرێنەرانی کوردسـتانی ئێـراق) بـوو. پێـی وابـوو کـە حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ کـوردی ئێرانـە، خۆیبـوون بـۆ تورکیـا و سـوریا کاردەکات هەربۆیـە ئـەم پارتـە نوێیـەش بـۆ کوردسـتانی ئێراقـە. لـە بەرنامەکەیـدا ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکرێـت کـە بەپشـتیوانی زلهێزەکانـی جیهـان کاردەکات، بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی گەلـی کـورد لەئێراقـدا ئەگـەر سـەیری پێکهاتـەی سـەرۆکایەتی و سـەرکردایەتی ئـەم پارتـە بکەیـن، دەبینیـن کـە توانیوێتـی نوێنـەر لـە زۆربـەی ناوچـەکان لەنـاو سـەرکردایەتی خۆیـدا جـێ بکاتـەوە، هـاوکات ئـەم سـەرکردایەتیە تێکەڵەیەکـە لـەو ڕۆشـنبیرانەی کـە لـە سـاڵانی سـییەکانەوە لـە ڕێگـەی خەباتـی کۆمەڵـەو ڕێکخـراو و حزبەکانـەوە کوردایەتـی دەکـەن، لەگـەڵ سـەرۆك و کەسـایەتی ئـەو بنەماڵـەو هۆزانـەی لـە جوڵانـەوە چەکدارییـە کانـدا ڕۆڵیـان بینیـوە یـان لەنـاو کۆمەڵـگادا خـاوەن پێگـەو ڕۆڵ بـوون. ئـەم تایبەتمەندییانـە جیـاوازی ئـەم پارتەیـان نیشـاندەدا لەگـەڵ پارتەکانـی پێـش خۆیـدا، چونکـە پـارت و کۆمەڵەکانـی پێـش (پارتـی دیموکراتـی کـورد) یـان لەلایـەن کۆمەڵێـك ڕۆشـنبیر، یـان کۆمەڵێك کەسـایەتی یـەوە دروسـت دەبـوون کـە زۆربـەی هـی یـەك ناوچـە بـوون، یـان سـەر بەیـەك توێـژ یـان چیـن بـوون و لەسـەر بنەمـای ئایدیۆلۆژیـای چینێـك یاخـود توێژێـك دادەمـەزران، هـەر ئەمـەش وای دەکـرد کـە نەتوانـن بەخێرایـی و بەئاسـانی بـبن بـە پارتـی جەمـاوەری، هەربۆیـە دامەزرێنەرانـی ئـەم پارتـە نوێیـە ویسـتیان ئـەو گرێیـە تێپـەڕ بکـەن و پارتیـەك دروسـت بکـەن کـە زوو بتوانێـت ببێتـە پارتیەکـی جەمـاوەری. ئـەم هەنـگاوەش بـە سـیمایەوە دیـار بـوو.
دامەزراندنـی ئـەم پارتـە بـەم شـێوەیەو بەشـداریکردنی ژمارەیەکـی زۆر لەڕۆشـنبیرو کەسـایەتی خـاوەن ئەزمـوون، هـاوکات ڕوخاندنـی کۆمـاری کوردسـتان لەمهابـادو لەناوچوونـی ئـەو دەسـکەوتەی کـە بـۆ ژمارەیـەك ڕۆشـنبیری نەتەوەیـی ببـووە هیـواو گەڕانـەوەی بەشـی زۆری ئـەو کەسـانەی کـە لەباشـورەوە چووبـوون بـۆ هـاوکاری و بەشـداری لەکۆمـاردا، گەڕانـەوەی بارزانیـەکان لـە کۆمـار. پەنابردنـی ژمارەیەکـی زۆر لـە رۆشـنبیرو سیاسـەتمەداری رۆژهـەڵات و بەشـەکانی تـر بـۆ باشـوورو مانەوەیـان لـە باشـووردا. لەگـەڵ ئەمانـەدا گەشـەکردنی خەباتـی چەپگـەری لـە ئێـراق و باشـووری کوردسـتانداو دەنگدانـەوەی شۆڕشـەکانی گەلانـی چیـن، هیندسـتان و کۆریـا بوونـە هـۆکاری بابەتـی بـۆ گەشـەکردنی ئـەم پارتـە. واتـە هـەم بارودۆخـی جیهانـی، هـەم بارودۆخـی گەلـی کـورد بەگشـتی، هـەم ئـەو بارودۆخـەی کـە گەلـی باشـووری کوردسـتان و ئێـراق تێیـدا دەژیـان و ڕەوشـی دەسـەڵات

**و سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێراقیشدا لەباربوو بۆ هەنگاوێکی بەمڕەنگە. دامەزرێنەری ئەم پارتەش لەڕووی ڕێکخستنیەوە خۆیان بۆ ئەو بارودۆخە ئامادەکردو توانیان سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشە بکەن. لەساڵانی پەنجاکاندا گەشەی ئەم پارتە گەیشتە ئاستێك کە بتوانێت بەشی زۆری چین و توێژەکان لەخۆی کۆبکاتەوەو نوێنەرایەتی هێڵی کوردایەتی بکات لە باشووری کوردستانداو کاریگەری بەرەو پارچەکانی تریش بچێت وەکو لە بەشەکانی تردا باسمان کردبوو. ئیتر ئەم پارتە کەوتە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی چین و توێژەکانی کورد لە باشووری کوردستان. لەم بوارەدا ئەوەبوو لەساڵی ١٩٥٢دا بەپێشەنگایەتی ناهیدەی شێخ سەلام ڕێکخراوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)(٨٨)ی دامەزراندو لە ساڵی ١٩٥٣دا بە پێشەنگایەتی جەلال باڵەبانی (یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان) یان دامەزراند. ئەم دوو ڕێکخراوەش ڕۆڵی زۆریان بینی لە تاودان و ڕێکخستنی ژنان و لاواندا بۆ ناوکۆڕی تێکۆشان. لەساڵی ١٩٥٦یشدا هەوڵیاندا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپاو بەپشتیوانی ئەم پارتە، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری خۆێندکارانی کورد لە ئەوروپا دامەزرا(٨٩). لە ساڵی ١٩٥٧ یشدا پارتی دیموکراتی کوردستان ـ سوریا بەپشتیوانی ئەم پارتە دامەزرا. ئەمانە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگبوون کە لەماوەی(١٠)ساڵی تەمەنی ئەم پارتەدا ئەنجامیانداو هەرئەمەش وایکرد کە ببێتە پارتیەکی کاریگەری سەر گۆڕەپانی کوردستان. پێویستە ئاماژە بۆئەوە بکەین کە لەم قۆناخەدا، واتە لە ساڵانی پەنجاکاندا ئێراق و کوردستان ببوونە گۆڕەپانی پارتە نهێنیەکان، بەواتایەکی تر کاریگەریی پارتە نهێنیەکان، ئەو پارتانەی لەلایەنی دەسەڵاتەوە ڕێگایان پێ نەدەدرا بەفەرمی کاربکەن، بۆنمونە؛ پارتی دیموکراتی کوردستان**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٨٨)کۆنگرەی سێیەمی (پارتی دیموکراتی کورد)لە ١٩٥٣/١/٢٦ دا دەبەسترێت و ناوی پارتی دەگۆڕێت بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان). ناوی رۆژنامەی پارتی لە (رزگاری) یەوە دەگۆڕێت بۆ خەبات. لەم کۆنگرەیەدا بڕیار لەسەر کارکردن بۆ دامەزراندنی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) و (یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان) دەدرێت. بەهۆی ناکۆکی چەپگەریی و لایەنگری بۆ حزبی شیوعی هەمزە عەبدوڵڵا لە پارتی دەردەکرێت و پێگەی ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتێری حزبدا بەهێز دەبێت. هەمزە عەبدوڵڵاو هاوڕێکانی بەرەیەکیان دروستکرد بە ناوی (بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان) هەتا ساڵی ١٩٥٦بەمشێوەیە کاریان کرد. ساڵی ١٩٥٦ هەردوولا یەکدەگرنەوەو ناوی پارتی دەگۆڕن بۆ (پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان)و لەم کۆنگرەیەدا کە کۆنگرەی چوارەم بوو لیژنەی کاتی هەڵدەبژێردرێت و بارزانی بەسەرۆك هەڵدەبژێرێت و ئیبراهیم ئەحمەد – هەمزە عەبدوڵڵا- عومەر مستەفا دەبابە- جەلال تاڵەبانی بۆ مەکتەبی سیاسی و نوری ئەحمەد تەها، عەلی عەبدوڵڵا، حەبیب محەمەد کەریم، نەژاد ئەحمەد – خەسرەو تۆفیق بۆ لیژنەی سەرکردایەتی، ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٦ کە هێزەکەی بارزانی لە بەغداد چووە سەر مەکتەبی سیاسی (هەمزەعەبدوڵڵا، صالح حەیدەری، حەمەکەریم فەتحوڵڵا، حەمید عوسمان، صالح ڕوشدی، نەژاد ئەحمەد عەزیزو خەسرەو تۆفیق) یان دەرکرد.

(٨٩)ئەم ڕێکخراوە لە کۆنگرەی سێیەمیدا کە لە میونخی ئەڵمانیا لەمانگی هەشتی ١٩٥٨دا ئەنجامیدا، ناوی خۆی دەگۆڕێت.

(ئـەم پارتـە لەکۆنگـرەی سـێیەمیدا کـە لـە ١٩٥٣/١/٢٦دا ئەنجامیـدا، نـاوی خـۆی گـۆڕی لـە پارتـی دیموکراتـی کـوردەوە بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) حزبـی شـیوعی ئێـراق بەسـەرۆکایەتی بەهادیـن نـوری و سـەلام عـادل حزبـی وەتەنـی دیموکراتـی بەسـەرۆکایەتی کامـل چادرچـی، حزبـی ئیسـتقلال بەسـەرۆکایەتی محەمـەد مەهـدی کوبـە، حزبـی جەبهـەی شـەعبی بەسـەرۆکایەتی محەمـەد رەزا شـەبیب، حزبـی بەعسـی عەرەبـی ئیشـتراکی بەسـەرۆکایەتی فـواد ڕەکابـی. لەنـاو ئـەم پارتانـەدا پارتـی دیموکـرات و حزبـی شـیوعی زۆرتریـن کاریگەرییـان لەسـەر کوردسـتان هەبـوو، لەسـەر ئاسـتی ئێراقیـش حزبـی شـیوعی خاوەنـی زۆرتریـن کاریگەریـی بـوو، هەرچـی پارتەکانـی دەسـەڵاتە لەوێنـەی حزبـی ئیتحـادی دەسـتوری بەسـەرۆکایەتی نـوری سـەعید، حزبـی ئومـەی ئیشـتراکی بەسـەرۆکایەتی صالـح جەبـرو حزبـی ئەحـرار بەسـەرۆکایەتی تۆفیـق سـویدی، ڕۆژبـەرۆژ کاریگەرییان لەسـەر کۆمەڵگا کـەم دەبویـەوە. شانبەشـانی ئـەم گەشـەکردنەی پارتـە نهێنییـەکان، لەنـاو سـوپای ئێراقیشـدا ڕەوتێکـی سـەربەخۆخۆاز گەشـەی دەکـردو ڕوخاندنـی رژێمـی پاشـایەتی لەمیـسرو کۆتایهێنـان بەدەسـەڵاتی مەلیـك فـاروق لەلایەنـی سـوپای میـسرەوەو درەوشـانەوەی ئەسـتێرەی جەمـال عەبدولنـاسر لەمیـسرو وڵاتانـی عەرەبـدا کاریگەریـی لەسـەر هەڵوێسـتی سـوپای ئێـراق و فەرماندەکانـی و ڕەوتـی نەتەوەگەریـی عـەرەب هەبـوو لەئێراقـدا. ئەمانـە لەلایـەك و ڕەوشـی جیهـان و ناوچەکـە، کـە وەکـو سـەردەمی شۆڕشـی گـەلان پێناسـەی ئەوسـەردەمە دەکرێـت و سیاسـەتی بریتانیـاو ئێـراق بەرامبـەر گـەل بوونـە هـۆکار بـۆ ئـەوەی کـە زەمینـەی گۆڕانـکاری دەسـەڵات و سیاسـەت لـە ئێراقـدا گەشـە بـکات. لەئەنجامـی ئەمـەدا کۆمەڵێـك ئەفسـەرو فەرمانـداری سـوپا کـە دواتـر بەئەفسـەرانی ئازادیخواز نـاسران، بەپشـتیوانی ئـەو پارتانـەی کـە بەنهێنـی کاروخەباتیـان دەکـرد، بەتایبەتـی بەپشـتیوانی حزبـی شـیوعی لـە ١٩٥٨/٧/١٤ دا کۆتاییـان بەرژێمـی پاشـایەتی هێنـاو کۆمـاری ئێراقیـان ڕاگەیانـد. ئـەم هەوڵـەی سـوپای ئێـراق (عەبدولکەریـم قاسـم) سـەرۆکایەتی کـرد.

### گەشەکردنی حزبی شیوعی لەئێراق و کوردستان و کاریگەریی لەسەر کوردستان

حزبـی شـیوعی ئێراقـی کـە لەسـاڵی ١٩٣٤دا بناخەکـەی دانـراوەو بەشـێوەی چەنـد گروپـی چـەپ دەسـت بـە خەبـات دەکـەن، لەسـەرەتای چلەکانـدا بەسـەرۆکایەتی (فەهـد)(٩٠)، حـازم(٩١) و سـارم و دواتـر بـە سـەرۆکایەتی بەهادیـن نـوری(٩٢)، سـەلام عـادل(٩٣)، لـە پەنجاکانـدا بـووە حزبێـك کـە خاوەنـی زۆرتریـن و بەرفراوانتریـن پێگـەی جەمـاوەری بـوو. ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـوو لـە بزواندنـی جەمـاوەردا و لەسەرئاسـتی ئێـراق پێشـەنگایەتی ڕیپێـوان و ناڕەزاییەکانـی جەمـاوەری دەکـرد. هـاوکات دەستپێشـخەربوو لەبـواری رێکخراوەیـی و خەباتـی ڕێکخراوەیـدا، بێجگـە لەمانـە بەهـۆی داکۆکییـەوە لـە جوتیـاران و زەحمەتکێشـان، لەنـاو ئـەو توێژانەشـدا لایەنگرییەکـی زۆری بۆخـۆی پەیداکـردو ئاسـتی هۆشـیاری کرێـکاران و جوتیارانـی بەرزکـردەوەو هەرئەمـەش بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە لەناوەڕاستی چلـەکان بـەدواوە چالاکـی ئـەو چیـن و توێژانـە بـۆ بەدەسـتهینانی مافەکانیان بەرەوپێشـەوە چـوو، هـەر ئەمـەش ترسـی دەوڵەتـی ئێـراق و بریتانیـای لـەم حزبـە زیادکـردو بەتوندی هێرشـی کردەسـەر ئـەو چالاکیانـەی کـە بەپێشـەنگایەتی ئـەو حزبـە بەڕێـوە دەچـوون، هەربەوەشـەوە

**نەوەستان بەتوندترین شێوە هێرشیان کردەسەر ڕێبەرانی ئەو حزبە. ئەوە بوو کاتێك کرێکارانی نەوتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٤٦دا چەند داواکاریەکیان پێشکەشی کۆمپانیای نەوت کرد، بەرپرسانی ئەو کۆمپانیا وەڵامیان نەدانەوە، کاتێك کرێکاران بۆ دروستکردنی فشار هەستان بە مانگرتن، حکومەت لەجێگەی ئەوەی گوێیان لێ بگرێت، هەستا بەدەستگیرکردنی ژمارەیەك لە کرێکارەکان. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە تەموزی ئەو ساڵەدا لەگاورباخ ڕوداوەکان پەرەبسەنن و پێکدادان دروست ببێت و پۆلیس و هێزەکانی دەوڵەت هەستان بەسەرکوتکردنی کرێکارەکان و لەئەنجامدا(٥)کرێکاریان کوشت و ١٤ کرێکاریشیان بریندار کردو بەوشێوەیە کرێکارەکانیان سەرکوت کرد. ئەم ڕوداوە لەمێژووی باشوری کوردستان و ئێراقدا بەڕوداوی گاورباخی دەناسرێت. دوای ئەم روداوەو چەندین ڕوداوی هاوشێوە، حکومەت لەشاڵاوێکدا سەرکردەکانی حزبی شیوعی (فەهد - حازم - سارم) یان دەستگیر کردو لەساڵی ١٩٤٩ دا هەرسێکیان لە سێدارەدان، کە سکرتێر و دوو سەرکردەی دیاری ئەو حزبەبوون. بەوەش گورزێکیان لەو حزبە وەشاند. بەڵام کاروخەباتی ئەو حزبە لەگەشەکردن نەوەستاو کاریگەریی ڕووی لەزیادبوون بوو، پێویستە ئەوەش بڵێین کە کاریگەریی ئەم حزبە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان، بەتایبەتی جوتیاران ڕووی لەزیادبوون کرد. ڕاپەڕینی جوتیارانی کوردستان، بەتایبەتی جوتیارانی دەشتی هەولێر بەڵگەی ئەوکاریگەرییەن. هەر ئەمەش وایکرد کە لەگۆڕینی حوکمی پادشاییدا ڕۆڵی سەرەکی ببینێت. لەم قۆناخەدا عەزیز محەمەد(٩٤)، صاڵح حەیدەری(٩٥) و جەمال حەیدەریش لەکەسە دیارەکانی شیوعی و چەپ بوون لە کوردستان و ئێراقدا.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٩٠)فەهد: ناوی خۆی (یوسف سەلمان یوسف)ەو لەساڵی ١٩٠١لە خێزانێکی مەسیحی لە بەغداد لەدایکبووە، دواتر خێزانەکەی دوورخراوەتەوە بۆ بەسرە، لەوێ لە قوتابخانەی مەسیحی خوێندوویەتی. لەساڵی ١٩١٦دا وازی لە خوێندن هێناوە. لەم کاتەدا خێزانەکەی دەگوازنەوە بۆ ناسریە، لەوێ لە کارگەیەکدا کاردەکات. ساڵی ١٩٣٤یەکێك بووە لەوانەی ڕۆڵیان لەدامەزراندنی گروپە چەپەکان وحزبی شیوعی دا هەبووە. دواتر چووەتە مۆسکۆو لەساڵی ١٩٣٨دا خوێندن تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ئێراق و ساڵی ١٩٤١ دەبێتە سکرتێری حزبی شیوعی ئێراق. مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٧ لەلایەك حکومەتی ئێراقەوە دەستگیر دەکرێت و لە ١٩٤٩/٢/١٤ دا لەسێدارەی دەدەن. فەهد بیرمەندو نوسەرێکی چەپی بەتوانا بووە لەڕووی ڕێکخستنی و کۆمەڵایەتیشەوە کەسێکی چالاك بووەو ڕۆڵی لەگەشەکردنی چەپگەری و حزبی شیوعیدا لە ئێراق و کوردستاندا زۆربووە.

(٩١)حازم: ناوی خۆی (زەکی محەمەد بەسیمە) لەساڵی ١٩١٣دا لەبەغداد لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٢ دەبێتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی و دواتریش دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لەدوای (فەهد) بەدووەمین و کاریگەرترین کەسایەتی ناوحزبی شیوعی دادەنرێت. لە ١٩٤٩/٢/١٥دا ، واتە ڕۆژێك دوای (فەهد) لەگەڵ (سارم) دا لەسێدارە دەدرێت.

(٩٢) بەهادین نوری: لەساڵی ١٩٢٧ لەگوندی تەکیەی ناوچەی قەرەداخ لە سلێمانی لەدایك دەبێت و یەکێکە لەو کەسایەتیانەی ڕۆڵیان هەبووە لە پەرەپێدانی بیروباوەڕی چەپگەری و حزبی شیوعی لە کوردستانداو لە دوای لەسێدارە دانی (فەهد، حازم و سارم) دەبێتە سکرتێری حزبی شیوعی ئێراق و هەتا ساڵی ١٩٥٣ سکرتێری ئەوحزبە دەبێت.

**گرنگە لێرەدا ئاماژەیەك بۆ راپەڕینی جوتیاران بکەین، کەشێوازێکی نوێی خەباتی کۆمەڵگای کوردستان بوو. هەتا ئەوکاتە زەوی کشتوکاڵی بەدەستی ئاغاو خاوەن موڵکەکانەوە بوو، هەرچەندە حکومەت لەڕێگەی یاسای (ڕێکخستنی مافی زەوی) یەوە کە بەژمارە (٢٩)لە ساڵی ١٩٣٩ دا دەری کرد خواستی ئەو پەیامە بدات بە جوتیاران و کۆمەڵگای ئێراق، کە حکومەت دەخوازێت کێشەی زەوی و زاریان بۆ چارەسەر بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو لیژنانەی حکومەت بۆ ئەو مەبەستە دروستی کردبوو، لایەنگرییان لە ئاغاکان دەکرد، ژمارەیەکی زۆر دۆسیەی جوتیارەکان لەدادگاکانەوە چارەسەر نەبوون. ئەمەش وایکرد ساڵی ١٩٤٩ لە دیبەگە راپەڕینێك دروست بوو. هەر لەو ساڵەدا لەعەربەتی نزیکی سلێمانی راپەڕینێك دروستبوو. حکومەت بەتوندی ڕووبەڕووی جوتیاران بویەوە. کاریگەرترین و درێژترین راپەڕینی جوتیاران ئەوەی دەشتی هەولێربوو کە لەنیسانی ١٩٥٣دا دەستی پێ کردو هەتا مایسی هەمان ساڵ بەردەوام بوو.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٩٣)سەلام عادل : ناوی خۆی (حسێن ئەحمەد) بووە لە ساڵی ١٩٢٣ لە نەجەف لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٤چووەتە ریزی حزبی شیوعیەوە. لەساڵی ١٩٥٤دا بووەتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و ساڵی ١٩٥٥یش بووەتە سکرتێری ئەو حزبە. لەکاتی کودەتای عەبدولسەلام عارفدا لەساڵی ١٩٦٣دا دەگیرێت و لەسێدارە دەدرێت. ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری کردە سەر حزبی شیوعی و لەم ساڵە بەدواوە شیوعی کەوتنە پاشەکشە لە ئێراقدا.

(٩٤)عەزیز محەمەد: لەساڵی ١٩٢٤ لەهەولێر لەدایکبووەو یەکێکە لەوانەی پێشەنگایەتیان کردووە لەبڵاوبوونەوەی فکری چەپ و حزبی شیوعی لە کوردستانداو لەدوای لە سێدارەدانی (سەلام عادل)لەساڵی ١٩٦٣ دا دەبێتە سکرتێری حزبی شیوعی و هەتا ساڵی ١٩٩٤ سکرتێری ئەوحزبە بووە. لە قۆناخی سەرۆکایەتی یاخود سکرتێری (عەزیرمحەمەد)دا ئیتر سکرتێری جێگیر دەبێت و ناگۆڕێت. هەروەها چەندین جیابوونەوەو پارچەبوون لەحزبی شیوعیدا ڕوودەداو هەندێك سیاسەت بەڕێوە دەبەن کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی حزبەکە، وەکو پەیمانی نیشتمانی لەگەڵ حزبی بەعس کە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٣ – ١٩٧٨) بەردەوام بوو.

(٩٥) صالح حەیدەری: لە ١٩٢٢/٥/٩ لەگەڕەکی (عارەبان) لەهەولێر لەدایکبووە، بەشی وێژەیی لە ئامادەیی مەرکەزی هەولێر تەواو دەکات و دەچێتە بەغداد بۆ خوێندن لەکۆلێژی ماف، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سەرەتای چلەکانەوە نەیتوانیوە تەواوی بکات، دواتر لەساڵانی (١٩٦٠ – ١٩٦١) کولێژ تەواو دەکات. بەڕێبەری چەپ و شیوعیەت لەکوردستاندا دەناسرێت و دامەزرێنەرو بەرپرسی یەکەمی حزبی شیوعی لە کوردستانی ئێراق (حزبی شۆڕش) بووە لە ساڵی ١٩٤٥دا، هەروەها کەسی یەکەمی حزبی رزگاری کورد بووە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا دامەزراوە. لەکاتی دروستبوونی (پارتی دیموکراتی کورد)دا نەچۆتە ریزی ئەو حزبەوە، بەڵام دواتر لە ساڵی پەنجاکاندا دەچێتە ناوی و دەبێتە لایەنگری هەمزە عەبدوڵلاو لەناو مەکتەبی سیاسیدا خاوەن رۆڵ دەبێت و رۆژی ١٩٥٩/١٠/٦ لەلایەنی مستەفا بارزانی یەوە لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا و لایەنگرانیدا لە پارتی دەردەکرێن. لە ٢٠٠١/٨/٦ دا بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات.

ئەم راپەڕینە سەرەتا لە گوندی (قازی خانە) نزیکی قوشتەپە دەستی پێ کرد، ئەویش بەهۆی ئەوەوەبوو کە ئاغا مۆڵکانەی زۆر لەجوتیاران وەردەگرێت، جوتیاران داوایان دەکرد کە ئاغا مولّکانەکەی کەم بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێك دەدەن بە بەڕێوەبەری ناحیەی قوشتەپە، بەڵام هیچ وەڵامیان نادەنەوە، هەربۆیە جوتیاران هێرش دەکەنە سەرماڵی ئاغاو خانوو تراکتۆرەکانی ئاغا دەسوتێنن و داوای مافی خۆیان دەکەن. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە جوتیارانی چەندین گوندی ناوچەکانی دزەیی، کەندیناوە، شەمامك، قەراج و بەرانەتی دەست بە ڕاپەڕین بکەن و پشتیوانی داخوازیەکانی گوندی (قازی خانە) بکەن. حکومەتی جەمیل مەدفەعی زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی جەماوەر بویەوەو هێزی بەکارهێنا بۆ سەرکوتکردنیان. (٣١) کەس لەڕاپەڕیوەکان دەگرێت و سزای توندیان بەسەردا دەسەپێنێ. ئەو پارێزەرانەشی خۆیان هەر لەو کاتەدا (١٨٠)جوتیاری قادرکەرەم یاداشتێکیان دایە مەلیك فەیسەڵ کە تازە تاجی پاشایی لەسەرنابوو، تێیدا پشتیوانی داواکانی جوتیارانی دەشتی هەولێریان دەکردو داوایان کرد کەزەوی ئەمیری دابەش بکرێت بەسەر جوتیارانداو مۆڵکانە ببێتە یەك لەسەر بیست. دوای ماوەیەکی کورت جوتیارانی گوندەکانی هۆرێن و شێخان لەناوچەی بەمۆ دەستیان بە ڕاپەڕین کرد، بەڵام حکومەت بەزەبری هێز ئەوانیشی سەرکوت کرد. ئەم راپەڕینانە بوونە بابەتی پەرلەمانی ئەوکاتەی ئێراق و مامۆستا مەسعود محەمەد لە پەرلەمان داکۆکی لە جوتیاران دەکات. هەرچەندە ئەو ڕاپەڕینانە بە تەواوی نەگەیشتنە ئامانجەکانیان، بەڵام جموجوڵێکی گەورەی لەناو جوتیاراندا دروستکردو بیری تێکۆشانی چینایەتی و ڕەتکردنەوەی ستەمی چینایەتی پەرەپێدا و هەرئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دوای چەند ساڵێك کە کۆمار دامەزرا، سیستمی مۆڵکایەتی زەوی وزار گۆڕدراو زۆربەی زەوییەکان گێڕدرانەوە بۆ جوتیاران .

هەرچەندە حزبی شیوعی و پارتی دیموکرات پەیوەندییان پێکەوە هەبوو، هەردووکیان بانگەشەی تێکۆشانیان دەکرد لەدژی ستەم و زۆرداری، بەڵام لەسەر بابەتی نەتەوەو کوردستان تێڕوانینیان جیابوو. شیوعیەکان دەیانخواست پارتیەکان لەژێر سێبەری شیوعیەتدا کاربکەن و لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی نەتەوەیی بوون دەکەن، دەتوانن وەکو بەشێکی حزبی شیوعی کاربکەن. هەرچی پارتی دیموکراتە گەشەکردنی حزبی شیوعی لەکوردستان بە هەڕەشە بۆخۆی دەبینی و پێی خۆش نەبوو حزبی شیوعی گەشەبکات. ئەمەش بووە بابەتی ناکۆکی لەنێوانیاندا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد بووە سکرتێری پارتی ناکۆکیەکان زیاتر بوون، ئەو ناکۆکیانە ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوخۆی پارتی دیموکرات هەبوو، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٥١ەوە ناکۆکی کەوتە نێوان ئیبراهیم ئەحمەدو هەمزەعەبدوڵڵاوە، ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵای بەلایەنگرو نوێنەری شیوعیەکان دەزانی، پێی وابوو کە هەمزە عەبدوڵڵا هەوڵ دەدات کە(پارتی) بکاتە پاشکۆی حزبی شیوعی، هەرچی هەمزە عەبدوڵڵایە پێی وابوو کە ئیبراهیم ئەحمەد لەبن ناوی نەتەوەییدا، خزمەتی ئاغاو شێخ و دەوڵەت دەکات و خزمەت بەکۆمەڵگا ناکات. ئیتر لەلایەك ناکۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی زیادی

دەکرد، لەلایەکی ترەوە ناکۆکی لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا پەرەی دەسەند، چونکە بەشێکی گەلی کورد ئیتر ڕاستەوخۆ شیوعیەتیان بە چارەسەری دەبینی بۆ کێشەکانیان، ئەوانەشی کە پارتی و ڕێبازەکەیان پەسندکردبوو یاخود پەسندیان دەکرد، کەم و زۆر کاریگەریی شیوعی لەسەریان دروست ببوو. ئەمەش بەهۆی گەشەکردنی بیری سۆسیالیستی و شەپۆلەکانی لەجیهانداو ئەو شۆڕش و بەرخۆدانانەی لەو سەردەمەدا لەلایەنی سۆسیالیست و شیوعییەکانەوە لە بەرامبەر هێزە سەرمایەدارو داگیرکەرەکانەوە پەرپا ببوون. شیوعیەکانی سەرەتا بەشێوازێکی سەرنج ڕاکێش کاریان دەکرد، دەچوونە ناوچین و توێژە هەژارەکەوەو بەزمانی ئەوان قسەیان دەکردو پەنچەیان دەخستە سەربرینەکانیان و دەرمانەکانیشیان بە سادەیی نیشان دەدان. ئەم بارودۆخە بووە هۆکاری ئەوەی کە پارتیەکان زۆر بەهەستیاریەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەدا بکەن و هەوڵبدەن پێشی ئەو بارودۆخە بگرن.

## پارتی دیموکراتی کوردستان و قوتابخانەی نوێی سیاسەتی کوردایەتی

وەکو باسمان کرد پارتی دیموکراتی کورد کە دواتر بووە کوردستان، لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەوڵیدا ڕێبازێکی نوێی خەبات پیادە بکات و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەخۆیدا کۆبکاتەوە، بۆ ئەمەش بەپێویستی بینی دەست لەو ڕێبازو شێوازە بەربدات کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵەو پارتە کوردییەکان پەیڕەویان دەکرد. هەرئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە بتوانێت دوای ماوەیەکی کەم بەشی زۆری گروپ و ڕەوتەکان کۆبکاتەوەو ئاڕاستەیان بکات و سەرەڕای ململانێ توندەکەی لەگەڵ شیوعیەکاندا، بەڵام توانی خۆی وەکو نوێنەری گەلی کورد بسەلمێنێ. ئەم ئەنجامە وایکرد کە لەبەشەکانی تری کوردستانیش چاو لەم پارتەو ڕێبازەکەی بکرێت و هەرکەس و گروپێك کە بیانویستایە سیاسەت بکەن، پەنایان بۆ شێوازو ڕێبازەکای پارتی دیموکرات دەبرد. هەربۆیە لەجێگەی خۆیدایە بگوترێت پارتی دیموکرات لەگەڵ خۆیدا قوتابخانەیەکی دروستکردو ڕێبازێکی داهێنا بۆ سیاسەت و کوردایەتی، ئەم ڕێبازو قوتابخانەیە هەتا ئێستاش کاریگەریی لەسەر بەشێکی کۆمەڵگای کوردی هەیە. هەر ئەم قوتابخانەیە مۆرکی خۆی لەسیاسەتی کوردی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا. دیارە هەمووومان دەزانین کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا گەلی کورد بەگشتی و باشوری کوردستان بەتایبەتی قوربانی زۆریانداو بەشی هەرەزۆری گەل لە دەوری پارتی دیموکرات و قوتابخانەکەی کۆبوونەوە، بەڵام ئەو ئەنجامەی کە چاوەڕوان دەکرا بەدەست نەهات و لەباشووردا دووجار ڕووبەڕووی شکستی گەورە بوینەوە. کە لە ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٨٨ دا بوو، لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەمانتوانرا سوود لەو دەرفەتانە وەربگیرێت کە دروستبوون و شۆڕشی گەلانی ئێران نەکرانە بنەماو دەرفەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و سەرەڕای دروست بوونی دەرفەت، هەرپاشەکشە بەشی کورد بوو. ئەمەو لەباکورو ڕۆژئاواش سەرەڕای هەوڵ و کۆشش و پەیوەندیکردنی هەزاران لەگەنجانی کورد بەجوڵانەوەی ئەیلولەوەو دامەزراندنی

پارتـی بەمۆدیلـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـەو دووبەشـەدا، بـەڵام شـتێکی نـوێ نەخولقێنـدرا. ئەمـەش ئـەو ئەرکـە دەخاتـە بەردەمـمان کـە دەبێـت شـیکردنەوەیەك بـۆ ئـەو فوتابخانـەو ڕێبـازە بکەیـن، بزانیـن لـە قوتابخانـەو ڕێبازەکـەدا هەڵـە هەیـە یاخـود لـە جێبەجـێ کردنـدا؟ ئەگـەر کێشـە لـە ڕێبـازو قوتابخانەکـەدا نییـە؟ ئەوابزانیـن کێشـەکانی جێبەجێکـردن چیـەو هەوڵبدەیـن چارەسـەریان بکەیـن. چونکـە کـوردەواری دەڵێـت ئەگـەر جارێـك فریویـان دام خـودا ئەوانـە بگرێـت کـە فریویـان داوم، بـەڵام ئەگـەر بـوو بەدووجـار و سـێ جـار ئـەوا خـودا خـۆم بگرێـت، یاخـود پەندێکـی تـر هەیـە دەڵـێ مرۆڤـی وشـیار دووجـار لەکونێکـەوە مـار پێـوەی نـادات! بـەڵام ئێمـە دەبینیـن زۆرجـار مـار پێـوەی داویـن و هـەر لەهەمـان کونـەوە مارەکـە پێوەمـان دەدا. لەبـەر ئـەوە لێـرەدا تیشـك دەخەمـە سـەر چەنـد تایبەتمەنـدی قوتابخانـەو ڕێبـازی پارتـی:

١ـ وەکـو لەباسـی دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کـورد دا باسـمان کـرد، دامەزرێنەرانـی ئـەم پارتـە، ڕەخنەیـان لـە شـێوازی کاری کۆمەڵـەو پارتەکانـی پێـش خۆیـان دەگـرت و پێیـان وابـوو کـە ئـەو پـارت و کۆمەڵانـە لەنـاو پێکهاتەیەکـی بەرتەسـکدا کاردەکـەن و بەرنامـەو شـێوازی کاریـان گشـتگیر نییـە، هەربۆیـە نەیانتوانیـوەو ناتوانـن سـەرجەم پێکهاتەکانـی کۆمەڵـگا لەخۆیـان کـۆ بکەنـەوەو ڕێکیـان بخـەن و ئەمـەش بووەتـە خاڵـی لاوازی ئـەو پـارت و ڕێکخراوانـە. بێگومـان بەشـی زۆری ئـەو هەڵسـەنگاندن و ڕەخنانـەی دامەزرێنەرانـی پارتـی لەجێگـەی خۆیانـدا بـوون، چونکـە ئەگـەر بـەو شێوە نەبوایـە ئـەوا دەکـرا سـوود لـەو دەرفەتانـە وەربگیرێـت کـە لـە هـەردوو شـەڕی جیهانیـدا دروسـتبوو. بەدڵنیاییـەوە ئەمـە لاوازی پێشـەنگانی کۆمەڵـە و ڕێکخـراوەکان بـوو کـە زیاتـر توێـژی ڕۆشـنبیربوون. هەرچەنـدە زۆربـەی ئـەو ڕۆشـنبیرانە لـە خێزانـی بنەماڵـە نـاسراو و دەوڵەمەندەکانـی کوردسـتان بـوون، بـەڵام لەلایـەك  بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کەسـەردەمی ڕێبەرایەتیکردنـی سـەرۆك خێـڵ، میـر و شـێخەکان نەمـاوەو سـەردەم سـەردەمی ڕێبەرایەتـی خەڵکانـی ڕۆشـنبیرەو پێویسـتە ڕۆشـنبیران پێشـەنگایەتی خەباتـی کوردایەتـی بکـەن، لەلایەکـی تریشـەوە پێداویسـتیەکانی ئـەو پێشـەنگایەتیەیان لەخۆیانـدا بەرجەسـتە نەدەکـردو بەشـی زۆریـان لـە عەقڵیەتـدا چەمکـی خانەدانـی و خێڵایەتیـان تێپـەڕ نەدەکـرد، ئەمـەش وایدەکـرد کاروخەباتیـان سـنورێکی بەرتەسـك تێپـەڕ نـەکات. ئەوانەشـی کـە تاڕادەیـەك خۆیـان لەوچەمکانـە ڕزگار کردبـوو، زۆر نەدەچوونـە نـاو خەڵکـەوەو خۆیـان لەکۆمەڵـگا دوور دەخسـتەوە. کۆمەڵگایـان بەخێڵەکـی و دواکەوتـوو دەزانـی و پێیـان وابـوو کەشـۆڕش تەنیـا بـە توێـژی ڕۆشـنبیر ئەنجـام دەدرێـت کـە ئـەوەش هەڵەیەکـی مـەزن بـوو، چونکـە ڕێـژەی خوێنـدەواری لەهیـچ ناوچەیەکـی کوردسـتاندا ١٪ ی تێپـەڕ نەدەکـرد، بـۆ نمونـە بەپێـی ئـەو بەڵگانـەی بریتانیـەکان پێشکەشـی کۆمەڵـەی گەلانیـان کـردووە؛ لەسـاڵی ١٩٢٥ دا، دانیشـتوانی ویلایەتـی موسـڵ (واتـە شـارەکانی موسـڵ ، کەرکـوك، سـلێمانی، هەولێـر، ئەوکاتـە دهـۆك شـار نەبـووە، قەزابـووەو سـەر بـە موسـڵ بـووە) ٧٨٥،٤٦٨ کـەس بـووە. بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی خوێندنیـش لەسـاڵی ١٩٢١ دا ٣٢ قوتابخانـە لـەو ویلایەتـەدا هەبـوو (٢٣لەموسـڵ ، ٤ لـە کەرکـوك ، ٣لـە سـلێمانی ، ٢ لـە هەولێـر) و ژمـارەی مامۆسـتاو قوتابـی لەویلایەتەکـەدا. ٢٥٣٦ قوتابـی (١٩١٨لـە

موسڵ ، ٣٠١ لە کرکوك ، ٢٧٣ لەسلێمانی ، ٢٢٠ لە هەولێر) و ژمارەی مامۆستاش ١٧٢ (١٢٥ لەموسڵ ، ١٨ لەکەرکوك ، ١٣ لەسلێمانی و ١٦ لە هەولێر) بووە . ئەمەش ئەوەنیشان دەدا کە ڕێژەی مامۆستاو قوتابی ٠,٣٪ یە و خۆ ئەگەر خوێندەوارو ڕۆشنبیری دەرەوەی خوێندنگەکانیشی بخەینەسەر نابێتە دوو هێندە هەتا بڵێین ١٪ی کۆمەڵگای کوردستان خوێندەوارن، کە هەموو دەزانین مەرج نیە هەرچی خوێندەوار بێت ڕۆشنبیریش بێت. ئەم هەڵوێستە وایدەکرد کە ئەو ڕۆشنبیرانە سنووری کاروخەباتی خۆیان بەرتەسك بکەنەوەو نەتوانن خۆیان بگەیەننە هەموو چین و توێژەکان یاخود پێویست نەبینن کەبەو کارە هەستن، ئەمەش بێ هێز و لاوازی دەکردن. لێرەوە دەکرێت بڵێین ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەکانی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد ڕاست بوو. بەڵام ئەوان ئەم بابەتەیان چۆن چارەسەر کرد؟ ئەمە پرسیاری گرنگترە ئایا بەشێوەیەك ئەو دەردەیان دەرمان کرد کە ببێتە چارەسەر یاخود نا؟

ئەوەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد کردیان ئەوەبوو کە بەپێویستیان بینی لەنێوان ڕێبەرایەتی کۆن و نوێدا یەکێتی یەك دروست بکەن، کە دەکرێت وەکو هاوسەرگیرییەکی سیاسیش ناوزەدی بکەین. ئەوان پێیان وابوو کە پێشەنگی نوێ بەتەنیا ناتوانێت ببێتە پێشەنگێکی جەماوەری، بۆیە پێویستیان بەسەرکردەو پێشەنگە کۆمەڵایەتیەکان هەیەو دەتوانن لەڕێگەی ئەوانەوە ببن بە پارتی جەماوەری. هاوکات پێیان وابوو کە پێشەنگی کۆنیش بەتەنیا ئیتر ناتوانێت وەڵامی ئەو قۆناخە بداتەوە، ئەوانیش لە ڕێگەی ڕۆشنبیران و پارتایەتیەوە دەتوانن درێژە بەتەمەنی خۆیان بدەن و ڕۆڵی خۆیان ببینن ئەمە بووە بنەمای ئەو هاوسەرگیریە سیاسیە. هەربۆیە هەستان بەپەیوەندیکردن بەکەسە ناودارەکانەوەو سێ کەسایەتی وەکو مستەفا بارزانی، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودو کاکەزیاد ئاغای کۆیەیان کردە سەرۆك و جێگری یەکەم و جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی. شانبەشانی ئەوە هەستان بەدروستکردنی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و سکرتێر لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی نوێ، ئەوانیش نوێنەر یاخود خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی تێدا بوو، هەمزە عەبدوڵڵاش بووە یەکەم سکرتێری پارتی. ئەوە لە پەیکەر و پەیڕەوی ناوخۆی ئەم پارتەدا دیار بوو، دامەزرێنەرانی ئەم پارتە ویستویانە پەیکەری پارتی وەکو دەوڵەتێکی پاشایی دەستووری دروست بکەن و دەستەی سەرۆکایەتی ڕۆڵی سیمبۆلی ببینن و سکرتێر و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی یان ناوەندی ڕۆڵی حکومەت و کرداری ببینن. هاوکات لەو باوەڕەدا بوون بەم شێوەیە دەتوانن سوود لەتوانای جەماوەری ئەو کەسایەتیانە وەربگرن و بەو شێوەیە ئاڕاستەی بکەن کە خۆیان پێیان باشە. ئەگەر ئەو سەرۆکایەتیە لە پێوەرەکانی پارتی دەربچێت، ئەوا ئەوان دەتوانن ئەو سەرۆکایەتیە بەلاوە بنێن و کاریگەریش لەسەر پارتی دروست نەبێت. هەر بەم تێگەیەش پارتەکەیان بەڕێوەبردو توانیان لەماوەیەکی کەمدا هەنگاو بەرەو جەماوەریبوون بنێن و بوونە پارتیەکی جەماوەری و لە پارتی نوخبە ڕزگاریان بوو.

وەکو دواتر بینیمان، بەم ڕێبازە بوونە پارتێکی جەماوەری، بەڵام نەیانتوانی دۆزی کورد چارەسەر

بکـەن و کێشـەی هەسـتان و ڕاپەڕیـن و تێکشـکان کۆتایـی پـێ بێنـن! هەروەهـا ئـەو کەسـانەی کـە پارتیـان دروسـتکرد دواتـر لـە پارتـی دەرکـران و ئـەو سـەرۆکایەتیەی ئـەوان دەیانخواسـت وەکـو سـمبۆڵ سـوودی لـێ وەربگـرن، باڵـی بەسـەرپارتیدا کێشـاو ئەوەی بـێ ڕۆڵ کرا پێشـەنگە ڕۆشـنبیرەکە بـوو، نـەك پێشـەنگانی خێـڵ و چینـی سـەرەوەی کۆمەڵـگا، ئەمـەش وایکـرد کـە ئیـتر لـە قوتابخانـەی پارتیـدا حـزب بگۆڕدرێـت بـۆ ڕێبازێـك بەدەسـتی سـەرۆك خێڵـەوەو لەڕێگەیـەوە بگەڕێتـەوە نـاو کایـەی سیاسـی و دەرفـەت نـەدات بەنـەوەی نـوێ و بیـری نـوێ کـە پێشـەنگایەتی کۆمەڵـگا بکـەن. واتـە بـەم کارەیـان پێشـەنگایەتی نـەوەی نوێیـان لەگۆڕنـاو پێشـەنگایەتی خەبـات و تێکۆشـانیان دایـە دەسـتی نەوەیـەك کـە سـەردەمی بەسـەرچووەو عەقڵێـك کـە لەگـەڵ سـەردەمدا ناکونجێـت. ئەوەتـا لـە ئەمـڕۆدا ئـەم چەمـك و عەقڵیەتـە بووەتـە ڕێبازێـك و زۆربـەی پارتەکانـی کوردسـتان پەیـڕەوی دەکـەن و بەدەرەتانـی دەبینـن بـۆ ژیانـی خۆیـان. هەرچەنـدە بەشـی زۆری پارتـەکان لـە سـەرەتای دروسـتبوونیاندا هەوڵیاندابێـت کـە جیاوازبـن، بـەڵام ئەمـڕۆ دەبینیـن زۆربـەی پارتـەکان بوونەتـە پارتـی خانەوادەیـەك یاخـود خێـڵ و هـۆز و ناوچەیـەك. ئەوانەشـی کـە تـازە دەخـوازن پارتـی یاخـود جوڵانەوەیەکـی نـوێ دروسـت بکـەن، سـەرەتا پەنـا بـۆ ئـەوە دەبـەن کەهەندێـك کەسـی نـاودار پەیدا بکـەن و ببنـە سـیمبۆڵ بۆیـان و دواتـر پارتەکـە دامەزرێنـن، کەئەمـەش هەمـان ئـەو ڕێبازەیـەو ئەنجامێکـی جیاوازتـر نـادات بـە دەسـتەوە. کەواتـە ئـەو ڕێبـازەی بـۆ جەمـاوەری بـوون گیرایـە بـەر، ڕێبازێکـی هەڵـە بـوو. ڕاسـتە ڕێگایەکـی کـورت و ئاسـان بـوو، بـەڵام ڕاسـت نەبـوو.

ڕەنگـە ئـەو پرسـیارە بکرێـت کـە ئایـا بۆچـی زوو هەسـت بەمـە نەکـرا، یاخـود بۆچـی لەسـەرەتای دامەزراندنـی ئـەو پارتـەدا کێشـەکانی زەق نەبوونـەوە؟ دیـارە وەڵامـی ئـەو پرسـانەش ئاشـکرایە. ئـەم پارتـە لەسـەرەتاوە بـەو مـۆراڵ و هێـزە بەڕێـوە دەچـوو کـە لـە کەسـێتی مسـتەفا بارزانیـدا بەئەفسـانە دەکـرا، بەشـداری لـە کۆمـاری کوردسـتاندا کردبـوو، جەنـەراڵ بـوو، ڕێپێوانێکـی درێـژی کردبـوو، چووبـووە یەکێتـی سـۆڤێت و شـتی لـەم جـۆرە. ئەفسـانەی شـێخ لەتیـف و کاکـە زیـادی کۆیـە زۆر نەبـوون، ئـەوان خۆشـیان وەکـو کارەکتـەر بانگەشـەیەکی وەهایـان نەدەکـرد کـە پارتـی بەڕێـوە ببـەن، لەبەرئـەوە ناکۆکیەکانـی ئـەوان و سـکرتێر و مەکتەبـی سیاسـی هـەم دیـار نەبـوو، هـەم کاریگەریـی نەبـوو. هەرچـی مسـتەفا بارزانیـە لەسـەرەتادا پەیوەنـدی بەڕێکخسـتنەوە نەبـوو هەتـا ناکۆکیـان دەربکەوێـت. لەلایەکـی تـرەوە بەهـۆی ئـەوەی ڕۆڵـی سـکرتێر و مەکتەبـی سیاسـی ڕۆڵـی سـەرەکی بـوو، ناکۆکـی لەنـاو مەکتەبـی سیاسـی و سـەرکردایەتیدا بـووە ناکۆکـی سـەرەکی، بـەڵام کـە مسـتەفا بارزانـی لەیەکێتـی سـۆڤێت گەڕایـەوە، خواسـتی وەکـو سـەرۆکێکی ڕەهـا ڕۆڵـی خـۆی ببینـێ. ئیـتر ئـەو واقیعـە ئاشـکرابوو، یـان دەبـوو ڕۆشـنبیرەکان ڕووبەڕووی ببنـەوە یـان دەبـوو خۆیـان ڕادەسـت بکـەن. نمونـە ژیانیـەکان ئەوەیـان نیشـاندا کـە ئـەو سـەرکردانەی پارتیـان دروسـت کـردووە ئەگـەر بخـوازن ڕووبـەڕووی بارزانیـش ببنـەوە ئیـتر ناتوانـن سـەربکەون و نمونەکانـی هەمـزە عەبدڵـڵا لەسـاڵی ١٩٥٩ و ئیبراهیـم ئەحمـەد و تاڵەبانـی(٩٦) لەسـاڵی ١٩٦٤-١٩٦٦ ئاشـکرابوو. هـۆکاری ئەمـەش بـۆ ئەوچەمـك و تێگـە هەڵەیـە دەگەڕایـەوە کـە لەسـەرەتاوە کاریـان لەسـەردەکرد. دیـارە

**ئەمە بابەتێك نییە وابەستەی کەسایەتی مستەفا بارزانی یاخود هەمزە عەبدڵلا یان ئیبراهیم ئەحمەد بەتەنیا بێت. ئەم بابەتە گوزارە لە تایبەتمەندی دوو توێژی کۆمەڵایەتی دەکەن کە هەریەکەو بەئوسلوبی خۆی دخوازێت سەرۆکایەتی بکات، بەڵام بەهۆی لەباری زەمینە بۆ توێژی سەرۆك خێڵ، ئاغاو چینی سەردەستی کۆمەڵگای کوردی، ئەو توێژە یاخود ئەو چینە گرەوەکە دەبەنەوە. بێگومان ئەگەر ئەو توێژە ڕۆشنبیرە زەحمەتی زیاتر بخستایەتە سەرشانی خۆی و کوردەواری گوتەنی؛ دوور بڕۆیشتنایەو دروست بهاتنیاتەوە، باشتر دەبوو؟ یان لەڕێگەی کورت و ئاسان بگەڕانایە؟ کەئەوە ئەنجامەکەی بوو! بێگومان ئەگەر ڕێگای دووریان هەڵبژادایە باشتر بوو. بەڵام وەکو دەڵێن چینی وردە بۆرژوا بۆخۆی چینێکە زوو گەرم دەبێت و زوو سارد دەبێتەوە، باوەڕی بەخۆی نییە یاخود کەمە، توانای ئارامگرتن کەمە، لەکارەکانیدا پشت بەهێزی خۆی نابەستێ، بەڵکو چاوی لەدەرەوەیەو لەهەلودەرفەتی دەرەکی دەگەڕێت سودی لێ وەربگرێت، تایبەتمەندی ئەم چینە لە کوردستان زەمینەی زیاترە، لەبەر ئەمە پەنایان بۆ ئەوشێوازەی خەبات بردو کردیانە ڕێباز و قوتابخانە.**

**٢ـ بابەتێکی ترکە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین چەمکی خەباتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیە لە ڕێبازی دروستبونی پارتی دیموکرات و شێوازی خەبات و بیرکردنەوەیدا. ئەوەی لە بەرنامەو پڕۆژەکانی زۆربەی پارت و کۆمەڵەکانی کوردستاندا، یاخود لەجوڵانەوە کوردییەکاندا دەبینرا. بەتایبەتی لە حزبی هیوا، کۆمەڵەی خۆیبوون و کومەڵەی ژ.ك کەهەتا کاتی شەڕی دووەمی جیهانی خاوەن کاریگەری بوون و هەرئەوان پەیمانی سێ سنوریان ئیمزاکرد بۆکاری نەتەوەیی، لەسەر بنەمای کوردستانی بوون خەباتیان دەکرد، ئەوەتا خۆیبون خۆی بەرامبەر باکور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات و باشوریش بەرپرسیار دەبینێ کۆمەڵەی (ژ.ك) لەباشوور لق دەکاتەوە. حزبی هیوا هاوکار دەبێت لەدامەزراندنی کۆمەڵەی(ژ.ك) داو لقیش لە رۆژهەڵات و ناوچەی کرماشان دەکاتەوە. واتە ئەو کۆمەڵەو حزبانە دۆزی کوردو کوردستانیان وەکو یەك دۆز سەیرکردووە. ڕەنگە نەیانتوانیبێت خۆیان بگەیەننە هەموو لایەکی کوردستان، بەڵام بەتێگەی کوردستان یەك کوردستانە بیریان دەکردەوەو کاریان دەکرد هەرئەمەش وایکردبوو کە زۆربەی پارت و کۆمەڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم هەتا سەرەتای چلەکان و دووەمین شەڕی جیهانی لەلایەنی ڕۆشنبیرو کەسایەتی ناوچەو بەشە جیاکان دروست بکرێت. بەواتایەکی تر دەکرێت باس لەوە بکەین کە ڕۆشنبیران و کۆمەڵگای کوردی لە عەقڵیەت و هەڵسوکەوتی خۆیاندا**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٩٦)باڵی مەکتەبی سیاسی لە کۆنگرەی کەلاردا ئەم کەسانە بۆسەر کردایەتی هەڵدەبژێرن.»١ـ ئیبراهیم ئەحمەد (سکرتێر) ٢ـ عومەر مستەفا (دەبابە) ٣ـ عەبدولڕەحمان زەبیحی ٤ـ جەلال تاڵەبانی ٥ـ ئەحمەد عەبدوڵلا ٦- محەمەد حاجی تاهیر ٧ـ عەباس حسێن ٨ـ سەعدی دزەیی ٩ـ ئەحمەد دزەیی ١٠ـ محەمەد ئەمین فەرەج ١١ـ کەمال محێدین ١٢ـ حیلمی عەلی شەریف ١٣ـ ڕوشدی عەلی شەریف ١٤ـ عەلی عەسکەری ١٥ـ کەمال فواد ١٦ـ مەلا عەبدوڵلا(مەلا ماتۆڕ) ١٧ـ خالد دلێر بوون.

پارچەکردنـی کوردسـتانیان پەسـند نەکردبـوو، بەڕەواشـیان نەدەزانـی، هەرئەمـەش هۆکاربـوو بۆئـەوەی جوڵانـەوە کوردییـەکان و جەمـاوەری کوردسـتان بەبـێ گوێدانـە سـنوورە دەسـتکردەکان هەڵسـوکەوت بکـەن و لـە پەیوەندیدابـن. بـەڵام ئـەوەی لەدامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کـورددا ڕویـدا پێچەوانـەی ئـەو هەڵوێسـتە بـوو. ئـەوان ئیـتر پارچەبوونـی کوردسـتانیان وەکـو چارەنوسـێك پەسـندکردو لـەو ڕوانگـەوە مۆدێلـی دروسـتکردنی پارتـی پارچەکانیـان داهێنـا. واتـە ئـەو پرۆسـەی پارچەکردنـەی زلهێزەکانـی جیهـان و دەوڵەتانـی ناوچەکـە لـەدوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی بەسـەر کوردسـتانیاندا سـەپاند، هەتـا شـەڕی دووەمـی جیهانـی لـە زهنیـەت و عەقلیەتـی سیاسـی گەلـی کـوردا نەچەسـپابوو. بـەڵام دوای شـەڕی دووەمـی جیهانـی پارتـی دیموکـرات و دامەزرێنەرانـی ئەمەیـان پەسـند کـرد. لـەوەش زیاتـر پارتـی دیموکراتـی کـورد ئیـتر دۆزی کـوردی وەکـو یـەك دۆزی وابەسـتە بەیەکـەوە نەدەبینـی و پێـی وابـوو کـە دۆزی کـورد چـوار دۆزەو هەریەکەیـان وابەسـتەی ئـەو دەوڵەتەیـە کـە تێیـدا دەژیـن و دەکرێـت بەدابـڕاو لـە بەشـەکانی تـر چارەسـەر بکرێـت. ئەمـەش لـە دوولاوە هەڵـە بـوو، یەکـەم ئەوسیاسـەتە وای دەکـرد تاکـی کـورد و پێکهاتەکانـی لەیەکـتری دووربکەونـەوەو ئیـتر هەسـت بـە ئێـش و ئـازاری یەکـتری نەکـەن، یاخـود کەمـتر لەجـاران هەسـتی پـێ بکـەن هەندێـك جاریـش مامەڵـە لەسـەریەکتر بکـەن. لایەنـی دووەمیشـی ئەوەبـوو کـە دەسـت نەخرابـووە سـەر نەخۆشـیەکەو بەباشـی دیاریـان نەکردبـوو، چونکـە زۆربەمـان ئـەوە دەزانیـن کـە کوردسـتان و کـورد لـە ئەنجامـی کۆمەڵێـك پەیـمان و ڕێککەوتنـی جیهانیـەوە دابەشـکراوەو بـێ مـاف کـراوە، ئەمـەش ئـەوە نیشـان دەدات کـە ناکرێـت لـەڕووی سـتراتیژییەوە دۆزی کـورد وەکـو چـوار دۆز سـەیر بکەیـن و پێیـان وابێـت کـە دۆزی کـورد لـە بەشـێکی کوردسـتاندا بەتەنیا چارەسـەر ببێـت. ئـەم چەمکـە لـە ئەمـڕۆدا لـە تێگـەی ئـەو پـارت و گـروپ و کەسـایەتیانەدا دەبینیـن کـە بەتێگـەی کوردسـتانی خۆمـان و کوردسـتانی خۆتـان کاردەکـەن و لـە باشـترین حاڵەتـدا وەکـو دۆسـتێك نـەك وەکـو کوردێـك پشـتیوانی دۆزی کـورد لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان دەکـەن، ئەمـەش بـۆ خـۆی جوڵانـەوەو ڕێکخسـتنەکان لاواز دەکات و هۆکارێکـی تـر سـەرنەکەوتنی ئـەو پـارت و جوڵانەوانـە بـووە کـە بـەم چەمکـە خەباتیـان کـردووە.

٣ـ بابەتێکـی تـر کـە هـۆکاری سـەرنەکەوتنی ئـەم پارتـەو قوتابخانەکەیتـی وابەسـتەی پێناسـەکردنی دۆسـت و دوژمنـە. ئـەم بابەتـە لەتیـۆری ژیـان و سیاسـەتدا بابەتێکـی گرنـگ و چارەنووسـازە. چونکـە ئەگـەر دۆسـت و دوژمـن بەشـێوەیەکی ڕاسـت پێناسـە نەکرێـت، ئـەوا هەڵـەو چەوتـی لـە دەستنیشـانکردنی ئامانجەکانـدا دەردەکەوێـت. ئـەم لایەنـە هەتـا دروسـتبوونی پارتـی دیموکراتـی کـورد لەلایەنـی کۆمەڵـەو ڕێکخراوەکانـەوە بەباشـی دیـاری نەکرابـوو، یاخـود دەتوانین بڵێیـن ناڕوونی لـە سیاسـەتیاندا هەبـوو. بـەڵام لەکەسێتی دامەزرێنەرانـی پارتـی و بەرنامـەی پارتـی دیموکراتـدا ئـەم بابەتـە روونکرایـەوە. بەپێـی بەرنامـەی (پارتـی دیموکراتـی کورد)تەنیـا دەسـەڵاتی ئێـراق دوژمـن و نەیـاری گەلـی کوردبـووە. هەرچـی زلهێـزە جیهانیـەکان و دەوڵەتانـی دراوسـێ و باڵادەسـت لەسـەر

بەشـەکانی تـری کوردسـتانن دۆسـتن و پێویسـتە لـەو ڕوانگەیـەوە سـەیریان بکرێـت، لـەوەش زیاتـر دەکرێـت پشـتیان پـێ ببەسـترێت بـۆ فشـار خسـتنە سەردەسـەڵاتی ئێـراق. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە زلهێزەکانـی جیهـان و دەوڵەتـە هەرێمیـەکان لەبەرامبـەر دابەشـکردنی کوردسـتان و ئـەو سیاسـەتەی لەبەرامبـەر گەلـی کـورددا پەیـڕەو دەکرێـت بەرپرسـیارن و دەیپارێـزن. ئـەو پارتانەشـی بـەم چەمـك وعەقڵییەتـە دروسـتبوون و لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان کاردەکـەن، تەنیـا دەسـەڵاتی ئـەو دەوڵەتـە بەدوژمـن دەبینـن کـە خەباتـی ڕاستەوخۆی تێـدا دەکـەن، ئەوانی تـر بەدۆسـت دەزانـن، هەرئەمانەش بوونەتـە هـۆکار بۆئـەوەی کـە زۆربـەی کات پەیوەندییـەکان و کارو چالاکـی پـارت و لایەنەکوردییەکان کەوتونەتـە خزمەتـی پـڕۆژەو سیاسـەتی ئـەو دەوڵەتانـە، و کـورد بەبـێ ئەنجـام ماوەتـەوە. ئـەو دەوڵەتانـەش هەتـا ئـەو ئاسـتەی بزانـن جوڵانـەوەو پارتـە کوردییـەکان دەکەونـە خزمەتـی سیاسـەتی ئەوانـەوە، ئـەوا هاوکارییـان دەکـەن و کردوویانـە. هەرکاتێـك بزانـن هاوکارییەکانیـان دەبێتـە هـۆی خزمەتـی دۆزی کـوردو چارەسـەری کێشـەکانی، ئـەوا پەیوەنـدی و هاوکارییەکانیـان ڕاوەسـتاندووەو نمونەشـمان لـەم بـوارەدا زۆرە.

٤ـ یەکێکـی تـر لـەو بابەتانـەی کـە زۆرگرنگـە باسـی بکەیـن، هەڵوێسـتی دامەزرێنەرانـی پارتـی بـوو بەرامبـەر بەگـەل و پێکهاتەکانـی کۆمەڵـگا. وەکـو باسـمانکرد پـارت و ڕێکخراوەکانـی پێشـتر بەجـددی کاریـان لەسـەر ئـەم بابەتـە نەکـردو ئەمەبـووە خاڵێکـی لاوازیـان، هەرچـی پارتـی دیموکراتـە هەوڵیـدا کار لەسـەر ئـەم بابەتـە بـکات، کاریشـی لەسـەر کـرد، بـەڵام بەشـێوەیەکی تەندروسـت کاری لەسـەر نەکـرد. پارتـی دیموکـرات هەسـتا بەپشـت بەسـتن بەچینـی سەردەسـت و کەسـانی خـاوەن پێگـەی کۆمەڵـگا، لەڕێگـەی ئەوانـەوە هەوڵیـدا خـۆی بگەیەنێتـە کۆمەڵـگا، ئەمـەش وایکـرد قورسـایی نەداتـە سـەرگەنج و ژن و چیـن و توێـژە زەحمەتکێشـەکان، هەرچەنـدە بـە ڕوکـەش و لـە وتـاردا بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە پشـت بەهێـزی گـەل دەبەسـتن، بـەڵام لەکـرداردا پشـتیان بەچینـی سەردەسـتی کۆمەڵـگاو هێـزی دەرەکـی گـەرم بـوو، ئەمـەش وایدەکـرد کـە چیـن و توێـژە زەحمەتکێشـەکان، ژنـان گەنجـان ببنـە سـوتەمەنی شـەڕو شـۆڕش، بـەڵام ڕۆڵیـان لەبڕیـاردا نەبێـت و سـەرکردایەتی پارتـی پشـتیان پـێ نەبەسـتێت ئەمـەش دەبـووە خاڵـی لاوازی ئـەو پـارت و جوڵانەوەیـە. هـەر ئـەوەش هۆکاربـوو بـۆ شکسـتی جوڵانـەوەی ئەیلـول. ئەوەبـوو جوڵانەوەکـە پشـتیوانی هەمـوو جەمـاوەری هەبـوو، زیاتـر لـە(١٢٠) پێشـمەرگەی فەرمـی و هێنـدەی ئـەوەش خۆبەخشـی هەبـوو، بـەڵام کاتێـك پشـتیوانی ئێـران و ئەمریـکاو هێـزە دەرەکیـەکان بـۆ جوڵانەوەکـە ڕاوەسـتا، سـەرکردایەتی ئـەو جوڵانەوەیـە کۆتایـی بەجوڵانەوەکـە هێنـا. هـەر ئـەم بابەتـە بـووە هـۆکاری قوڵبوونـەوەی کاریگەریـی چینـی سەردەسـت لـە کۆمەڵـگای باشـوری کوردسـتانداو کار لەسـەر گۆڕانـکاری عەقڵیەتـی تـاك و کۆمەڵـگا نەکرێـت و بـە پێچەوانـەوە بپارێزرێـت.
ئـەو تایبەتمەندییانـەی باسـمان کـردن دەکرێـت وەکـو تایبەتمەنـدی و هەڵـەی سـتراتیژی قوتابخانـەی پارتـی دیموکـرات بەنـاو بکرێـت. بەهـۆی ئـەم تایبەتمەندییانـەوە لەبـواری کـرداری و جێبەجـێ

کردنیشـدا هەڵـەی جـۆراو جـۆر ڕوودەدات یاخـۆد ڕویـداوەو ئەمـەش کێشـەکەی قورسـتر کـردووەو ئـەو ئەنجامانـەی لـێ کەوتۆتـەوە کـە دەبینرێـت.

**قۆناخی دووەم: ڕوخاندنی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری ئێراق**

ئـەو گۆڕانکارییانـەی لەجیهانـدا ڕویانـدەدا، لەوێنـەی سـەرکەوتنی شۆڕشـی چیـن، هیندسـتان، پاکسـتان، کۆریـاو ڤێتنـام هەروەهـا گۆڕانکارییـە هەرێمیـەکان لەوێنـەی جوڵانەوەکـەی سـاڵی ١٩٥٢ی جەمـال عەبدولنـاسرو کۆتایهێنـان بەرژێمـی پاشـایەتی میـسر و هەوڵەکانـی محەمـەد موصەدقـی لەسـاڵی ١٩٥٢-١٩٥٣ لـە ئێرانـداو سیاسـەتی بریتانیـاو دەسـەڵاتی حوکمـڕان لـە ئێراقـدا بارودۆخێکـی دروسـتکردبوو کـە لـە سـاڵانی پەنجاکانـدا رۆژانـە حکومـەت و گـەل زیاتـر لەیەکـتری دوور دەکەوتنـەوە. ئـەم بارودۆخـەو گەشـەکردنی خەباتـی چەپگـەری بەپێشـەنگایەتی حزبـی شـیوعی، خەباتـی دیموکراتـی بەپێشـەنگایەتی حزبـی وەتەنـی دیموکراتـی و حزبـی ئیسـتقلال، خەباتـی نەتەوەیـی کـورد بەپێشـەنگایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و خەباتـی نەتەوەیـی عـەرەب بەپێشـەنگایەتی حزبـی بەعـس و ناسریـەکان، هاوکاتـی ئەمـە گەشـەکردنی بیـری سـەربەخۆیی لەنـاو سـوپای ئێراقـدا بەپێشەنگایەتی(ئەفسـەرانی ئازادیخواز)دەرفەتـی گۆڕانکارییـان ڕەخسـاندبوو. ئـەم بارودۆخـە بـووە هـۆی ئـەوەی لـە ١٩٥٧/٣/٩دا حزبـی شـیوعی، حزبـی وەتەنـی دیموکراتـی، حزبـی ئیسـتقلال و حزبـی بەعـس پێکـەوە بەرەیـەك بەنـاوی (جەبهـەی ئیتحـاد وەتەنـی)( بـەرەی یەکێتـی نیشـتمانی)یەوە دروسـت کـرد. هەرچەنـدە پارتـی دیموکـرات نەبـوو بەئەندامـی ئـەو بەرەیـە، بـەڵام پەیوەنـدی و هـاوکاری لەنێوانیانـدا هەبـوو. ئـەم بەرەیـەش پەیوەندییەکـی تونـدو تـۆڵ لەگـەڵ سـوپاو ئەفسـەرانی ئازادیخـوازدا دروسـت دەکات.

ئەفسـەرانی ئازادیخوازیـش بەپێـی بەڵگـەو نـوسراوەکان خۆیـان سـەرەتا لەسـاڵی ١٩٥٦ دا وەکـو گروپێکـی بچـوك دەسـت بەخۆڕێکخسـتن دەکـەن لەنـاو سـوپاداو عەبدولسـلام عـارف دەستپێشـخەر دەبێـت، بـەڵام دوای ماوەیـەك بەرفـراوان دەبـن و عەبدولکەریـم قاسـم کـە ئـەو کاتـە پلـەی سـەربازی زەعیـم (عەمیـد) بـوو، پەیوەندیـان پێـوە دەکات و دەبێتـە بەرپرسـیاری گروپەکـە، چونکـە کەسـێکی چالاکـەو پلـەی سـەربازی لەئەوانـی تـر زیاتـرەو لەنـاو سـوپادا خـاوەن پێگەیەکـی زیاتـرەو بەهـۆی کارەکانیـەوە بەتایبەتـی بەدەمەوەچوونـی خەڵکـی لەکاتـی لافاوەکانـی بەغـداد لەسـاڵی ١٩٥٧دا کاریگەریـی لەسـەر جەماوەریـش هەبـوو. ئـەم ئەفسـەرانە کـە لەساڵی ١٩٥٨ ژمارەیـان دەگاتـە (٢٠٥) ئەفسـەر، لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٥٨دا دەسـتەیەکی بـاڵا بۆخۆیـان دروسـت دەکـەن و بڕیـاری ئـەوە دەدەن کـە سیسـتمی حوکـم بگـۆڕن. دوای ئـەوەی دڵنیـا دەبنـەوە لـە پشـتیوانی پارتـە سیاسـیەکان و بـەرەی یەکێتـی نیشـتمانی، دەسـت دەکەن بەئامـادەکاری. بـۆ ئەمەش جێگۆڕینـی لیـوای عەبدولکەریم قاسـم دەکەنـە دەرفـەت و لەکاتـی جێگۆڕینیـدا کـە نزیکـی بەغدادە، دەسـت بەسـەر کۆشـکی پاشـاو حکومـەت و ڕاگەیاندنـدا دەگـرن و پاشـاو عەبدولیلا ونـوری سـەعید دەکوژن و لەگـەڵ بەیانـی رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ دا کۆتایهاتنـی رژێمـی پاشـایەتی رادەگەیەنـن و دامەزراندنـی کۆمـاری ئێراقیـش بەخەڵکـی

دەگەیەنن.
ئەم هەوڵە لەلایەنی زۆربەی زۆری خەڵکی ئێراقەوە بەگەرمی پێشوازی لێ دەکرێت و دەڕژێنە سەر شەقامەکان و خۆشی خۆیان دەردەبڕن. هاوکات ئەم هەنگاوە لەلایەنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کە لەمیسروسوریا پێکهاتبوو پشتیوانی کرا. لەسەر ئاستی جیهان یەکێتی سۆڤێت دانی پێدانا بەڵام بریتانیا و هاوپەیمانەکانی و دەوڵەتانی ناو پەیمانی سەعدئابادو بەغداد ناڕازی بوون لەم هەنگاوە. بریتانیا هەوڵیدا لەڕێگەی دەستێوەردانی سەربازییەوە کۆتایی بەهەوڵەکە بهێنێت و سیستمی پاشایەتی بگەڕێنێتەوە، بەڵام بەهۆی ناڕەزایی و هەڕەشەی ڕووسیاوە پاشەکشەی کرد لەو هەوڵەی.
لەیەکەم هەنگاودا ئەفسەرانی ئازادیخواز کاریان کرد بۆ دروستکردنی حکومەتێك کەسەرجەم لایەنەکان لە خۆوە بگرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتیان دروستکرد کەلە سێ کەس پێکهاتبوو لەهەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکەی ئێراق پێکهاتبوو، محەمەد نەجیب ڕەبیعی سوننە مەزهەب سەرۆکایەتی دەکرد، محەمەد مەهدی کوبە کە شیعی بوو لەگەڵ خالد نەقشبەندی کە کورد بوو جێگری بوون و ڕۆڵی دەستەی سەرۆکایەتی کۆماریان دەبینی و دەسەڵاتەکانیان تەشریفاتی بوو. حکومەتێکیشیان دروستکرد کە لە(١٣)کەس پێکهاتبوو، عەبدولکەریم قاسم سەرۆکایەتی دەکردو عەبدوسلام عارف جێگری بوو لەگەڵ ناجی تاڵب لە سوپا بوون. دوو وەزیریش کورد بوون کە باباعەلی شێخ مەحمودو دکتۆر محەمەد صاڵح بوون، هەشت وەزیریش نوێنەری بەرەی نیشتمانی بوون. ئەم هەنگاوە لە دەرەوەی عەرەبە شۆڤێنیەکان، سەرجەم پێکهاتەکانی ئێراقی خۆشحاڵ کرد، چونکە هەستیان بەوە دەکرد کەئیتر هاوبەشن لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا. بەڵام عەرەبە شۆڤێنیەکان پێیان وابوو ئەو هەنگاوە ئێراق بەرەو پارچەبوون دەبات، لەبەرئەوە دژی هەنگاوی بەو شێوەیە بوون. عەبدولکەریم قاسم هەر بەوەوە نەوەستاو لە ١٩٥٨/٧/٢٨ دەستوری کاتی ئێراقی ڕاگەیاندو لەماددەی سێیەمی دەستووردا دانی بەوەدا نا کە ئێراق وڵاتی عەرەب و کورد و پێکهاتە کانی ترەو بەم هەنگاوە ئەو تابۆیەی شکاند کە ئێراق تەنیا بە وڵاتی عەرەب دەزانرا. هەر دوای ئەمەش سەرجەم ڕێکخراوەکانی ئازادکرد بۆ کارکردن و مۆڵەتی فەرمی درا بە پارتی دیموکراتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٧ و ڕۆژێك دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤێت، عەبدولکەریم قاسم پێشوازی لە مەلامستەفا بارزانی کردو هاوشێوەی سەرۆکێك ڕێزی لێ گرت و داوای لێ دەکات کە بارەگای سەرەکی لە بەغداد دابنێت، بۆ ئەوەی لە بەڕێوەبردنی وڵات و بڕیاردانیدا ڕاوێژی پێ بکات. عەبدولکریم قاسم و حکومەتەکەی سەرجەم دوورخراوە بارزانییەکانی یەکێتی سۆڤێت و ئەوانەی خوارووی ئێراقیش دەگەڕێننەوە بۆ زێدی خۆیان. هەروەها سەرجەم گیراوانی سیاسی ئێراق و کوردو ئەوانەی زیانمەندبوون ئازادیان دەکات و زیانەکانیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە. مەسعود بارزانی لە پەرتوکی"بارزانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان" دا باس لەوە دەکات کە عەبدولکەریم قاسم زۆر خزمەتی گەلی کوردو بنەماڵەی بارزانی کردووەو ڕێزی لێ گرتوون.

**ئـەم سیاسـەت و هەڵسوکەوتانەی عەبدوکەریم قاسم نارەزایی حزبی بەعس و گروپی ناسریەکان و عەرەبـە شـۆڤێنیەکانی نـاو سـوپای لـێ کەوتـەوە. هاوکاتـی ئەمـە جەمـال عەبدولنـاسر داوای لەئێـراق دەکـرد کەببێتـە ئەندامـی کۆمـاری عەرەبـی یەگگرتـوو. بـەڵام عەبدولکەریـم قاسـم ئامـادە نەبـوو کارێکـی بـەو ڕەنگـە بـکات و لـە نێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوادا دەیخواسـت سـەربەخۆ بمێنێتـەوە. هـەر لـەم ڕوانگەیەشـەوە درشـمی " لاشرقـی، لاغربـی، جمهوریـە ئێراقیـە" واتـە " ئێمـە نـە لەگـەڵ رۆژهەڵاتیـن نـە لەگـەڵ رۆژئاوایـن، کۆمـاری ئێراقـی سـەر بەخۆیـن، ئەمـەش نیگەرانـی جەمـال عەبدولنـاسرو لایەنگرەکانـی لـە ئێـراق کـە عەبدولسـلام عـارف و بەعسـی و ناسریـەکان بـوون، لـێ کەوتـەوە. ئەمـە وایکـرد کـە عەبدولسـلام عـارف لـە ١٩٥٨/١٢/٥ دا هەوڵیـدا کودەتـا بەسـەر عەبدولکەریمـدا بـکات، بـەڵام سـەرنەکەوت. دواتـر لـە ١٩٥٩/٣/٨ دا عەبدولوەهـاب شـەواف(٩٧) کـە بەرپرسـیاری سـەربازی موسـڵ بـوو کودەتایەکـی ئەنجامـدا، بـەڵام ئەویـش سـەرنەکەوت و کودەتاکـەی بەکوشـتنی خـۆی کۆتایـی پێهـات. دوای ئـەم دوو هەوڵـە ڕیـزی ئەفسـەرانی ئازادیخـواز درزی تێکـەوت، بەشـێکیان لایەنگـری عەبدولکەریـم قاسـم بـوون و لایەنگـری هەنگاوەکانـی بـوون، بەشێکیشـیان لایەنگـری عەبدوسـەلام عـارف و ناسریـەکان و بەعسـیەکان بـوون. ئـەم بارودۆخـە وایکـرد کـە نەژادپەرسـتە عەرەبـەکان بەپشـتیوانی میـسرو سـوریا لەهەلێـك بگەڕێـن بـۆ کودەتاکـردن بەسـەر عەبدولکەریمـدا. هەربۆیـە لـە ١٩٥٩/١٠/٧ شـدا بەعسـیەکان هەوڵیانـدا عەبدولکەریـم بکـوژن، بـەڵام برینـدار بـوو. دوای ئـەم هەوڵانـە حکومەتەکـەی عەبدولکەریـم قاسـم بەرتەسـك بویـەوەو ئیـتر بەعسـیەکان و ئەفسـەرە نـەژاد پەرسـتەکان دەرکـران. ئەمـەش وایکـرد کـە عەرەبـە نەژادپەرسـتەکان بەتـەواوی بکەونـە دژایەتیکردنـی حکومـەت. بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کـە کـورد، شـیوعی و لایەنـە دیموکراتـە ئێراقیـەکان لەگـەڵ حکومەتـدا بـوون، لـەو کاتـەدا هەوڵەکانـی ئـەوان بـێ ئەنجـام بـوو.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(٩٧)کودەتـای عەبدولوەهـاب شـەواف: عەقیـد عبدالوەهـاب شـەواف ئەندامـی ڕێکخسـتنی ئەفسـەرانی ئازادیخـواز بـوو. کەسـێکی چـالاك بـوو، لـەدوای شۆڕشـی ١٩٥٨/٧/١٤ بڕیـار درا کـە بکرێتە سـەرۆکی ئەرکانی سـوپا. بـەڵام لەبـەر نارازیبونی عەبدوسـەلام عـارف ڕۆژی دواتـر بڕیارەکـە دەگۆڕدرێـت و دەکرێتـە بەپرسـیاری حامیـەی موسـڵ. شـەواف کەسـێکی نەتەوەپەرسـتی عـەرەب بـوو، هـەر بۆیـە نـارازی بـوو لەهەنگاوەکانـی عەبدولکەریـم و گەشـەکردنی شـیوعیەکان. ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٥ بـە پێشـەنگایەتی حزبـی شـیوعی لـە موسـڵ کۆنگـرەی (لایەنگرانـی ئاشـتی) ئەنجـام دەدرێـت، شـیوعیەکان بـەو کارە هەڵدەسـتن و ئەمـەش زۆربـەی خەڵکـی موسـڵ تـوڕ دەکات، چونکـە شـیوعیەکان لایەنگریـان لـە موسـڵدا کـەم بـوو. ئەمـەش زەمینـەی بـۆ شـەواف دروسـتکرد کـە لـە دژی دەسـەڵاتی عەبدولکەریـم کـە بەپشـتیوانی شـیوعیەکان دەنـاسرا کودەتـا ئەنجـام بـدات. پێشـتر شـەواف پەیوەنـدی لەگـەڵ میـسر و سـوریادا دروسـتکردبوو، پەیمانـی هـاوکاری لـێ وەرگرتبـوون. هەروەهـا پەیوەنـدی لەگـەڵ رفعـەت حاجـی سریـی لـە فەرماندەیـی گشـتی و (نـازم تەبەقچلـی) لـە فەرماندەیـی کەرکـوك دروسـتکردبوو، پەیمانیـان دابـوو کـە پێکـەوە کودەتـا بکـەن، رۆژی ١٩٥٩/٣/٨شـەواف کودەتاکـەی خـۆی ڕاگەیانـد، بـەڵام رفعـەت حاجـی سری و نـازم تەبەقچلـی بەشـداریان نەکـرد، ئەمـە لاوازی کـردو بـۆ ڕۆژی دواتـر شـەواف کـوژراو کودەتاکـە کۆتایـی هـات. دادگای مەهـداوی بڕیـاری لـە سـێدارەدانی بـۆ نـازم تەبەقچلـی و رفعـەت حاجـی سری دەرکـردو دوای ئیمزاکردنـی عەبدولکەریـم هەردووکیـان لـە سـێدارە دران.

ساڵی ١٩٥٨و بەدیاریکراوی لە (٩/٣٠/)دا حکومەت یاسای چاکسازی کشتوکاڵی دەرکردو بەپێی ئەویاسایە، پێویست بوو هەرخاوەن زەویەك لە (١٠٠٠)دۆنم زەوی بەر ئاو و (٢٠٠٠) دۆنم زەوی دێمی زیاتری نەبێت. ئەوەی زیاتری هەبێت پێویستە بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێت، بەشێوەیەك هەرجوتیارەی بەلای کەمەوە (٣٠)دۆنم زەوی بەرئاو و (٦٠)دۆنم زەوی دێمی بەربکەوێت. لەساڵی ١٩٥٩ دا کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە کرا. ئەم بڕیارە جوتیار، سەپان و زەحمەتکێشی زۆر دڵخۆشکرد، بەڵام خاوەن مۆڵکەکانی نیگەران کردو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نارەزایی خاوەن مۆڵك و ئاغاکان ڕووی لەزیادبوون دەکردو پێکدادان لەنێوان خاوەن مۆڵك و جوتیاردا پەرەی دەسەند. هاوکاتی ئەمە لە ١٩٥٨/٧/٢٢بەبڕیاری ژمارە (٩٨٩)هێزێکی جەماوەری چەکدار بەناوی (بەرخۆدانی گەللەری) دامەزراو عەقید تەها بەرواری کرایە فەرماندەی ئەو هێزە، بەڵام ئەو هێزە بەدەستی شیوعیەکانەوە بوو، ڕۆڵێکی سەرکوتکەری بینی لە ئاژاوەی ١٩٥٩/٧/١٤ لەموسڵ و کەرکوك کە بەهۆیەوە شەڕی نێوان کوردو تورکمان دروستبوو و ژمارەیەك لەتورکمان و کورد کوژران. ئەو ڕوداوانە بوونە هۆی ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم ئەو هێزە هەڵوەشێنێتەوەو هەندێك سنوور بۆ شیوعیەکان دابنێت، لەگەڵ ئەمەدا بەهۆی ئەوەی کە عەبدولکەریم ئامادە نەبوو ڕاستەوخۆ لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا جێگەی خۆی بگرێت، یەکێتی سۆڤێتی لەخۆی نیگەران کردو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەساڵی ١٩٦٠ بەدواوە سۆڤێت و حزبی شیوعی وەکو پێشتر پشتیوانی حکومەتەکەی عەبدولکەریم نەکەن.

لەساڵی ١٩٥٩دا عەبدولکەریم قاسم لە پەیمانی بەغداد کشایەوەو ئیمتیازی نەوتی لەکۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا سەندەوەو خستیە ژێردەستی حکومەتەوە ئەمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە بریتانیاو هاوپەیمانە ڕۆژئاواییی و هەرێمیەکانی بکەونە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی عەبدولکەریم قاسم و ڕێگە گرتن لەو هەنگاوانەی کەدەینا. ئەمانەش هەمووی پێکەوە باری عەبدولکەریم و حکومەتەکەیان قورس کردو زەمینەی ئاڵۆزی ناوخۆیی و دەرەکی رووی لەزیاد بوون کرد. ئەم بارودۆخە لەلایەنی هێزە شۆڤێنیزمە عەرەبەکان، خاوەن موڵك و دەرەبەگە کوردو عەرەبەکان و هێزە دەرەکیەکانیشەوە قۆستراوەو ئیتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ و سەرەتای ١٩٦١ دا شەڕی ئاغاکان لە کوردستاندا گەیشتە ئاستێك حکومەت بە بەکارهێنانی هێزهەوڵی سەرکوتکردنیانیدا، ئەو هەوڵانەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشیش لەناوبچن و زیانیان بەربکەوێت. دەرەبەگەکان سوودیان لەم بارودۆخە وەرگرت و هەردەچوو هەوڵیاندەدا ئەو شەڕو پێکدادانە مۆرکێکی کوردایەتی لێ بدەن و لەو سنورە دەری بکەن کە شەڕی ئاغاو دەرەبەگە لەدژی حکومەت و بڕیاری چاکسازی زەوی و زار. بۆ ئەمەش هەوڵیاندەدا سەرنجی پارتی دیموکراتی کوردستان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ئەویش هەڵوێست وەرگرێت و لە حکومەت بکشێتەوەو لایەنگری لە شەڕکەرە کوردەکان بکات، بەڵام پارتی دیموکرات بۆ ماوەیەك هەر لەناو حکومەتدا مایەوەو هەڵوێستی لەدژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم وەرنەگرت. بەپێی ئەو بەڵگانەی (عیسا پەژمان)ی بەرپرسی سەربازی لە باڵوێزخانەی ئێران لە

بەغـداد لەسـاڵانی کۆتایـی پەنجـاکان و سـەرەتای شەسـتەکاندا باسـی دەکات، ئێـران ئـەوی ئەرکـدار کـردووە بـۆ تێکدانـی پەیوەنـدی نێـوان بارزانـی و عەبدولکەریـم قاسـم و خـۆی دەڵێـت لـەو ئەرکـەدا سـەرکەوتم و توانیـم وا لەبارزانـی و پارتـی دیموکـرات بکـەم کەلـە دژی حکومەتـی عەبدولکەریـم هەڵوێسـت وەربگـرن. هـاوکات بەپێـی گێڕانـەوەی مەسـعود بارزانـی، کاتێـك بارزانـی لـە ١٩٦٠/١١/٥ دا دەچێـت بـۆ سـەردانی یەکێتـی شـۆڤێت و هەتـا ١٩٦١/١/١٣ لـەوێ ماوەتـەوە، لەوسـەردانەیدا کـە خرۆشـۆف دەبینـێ، خرۆشـۆف داوا لەبارزانـی دەکات کـە بەرامبـەر عەبدولکەریـم قاسـم هەڵوێسـت وەر بگرێـت، بـەڵام بارزانـی ڕازی نەبـووە. مەسـعودبارزانی دەڵـێ کـە بارزانـی گەڕایـەوە بەغـداد مـاوەی هەفتەیـەك چاوەڕوانـی عەبدولکەریـم قاسـمی کـرد کـە ببینـێ، بـەڵام عەبدولکەریـم چـاوی پێـی نەکـەوت، ئەمـە بارزانـی نارەحـەت کـرد، لەلایەکـی تـرەوە هێرشـەکانی حکومـەت بۆسـەر خەڵکـی بـێ تـاوان وایکـرد کـە دواتـر بارزانـی و پارتـی لـە ١٩٦١/٩/١١دا بڕیاربـدەن لـە دژی حکومەتی عەبدولکەریـم ڕابوەسـتن و پشـتیوانی ئەوشـەڕە بکـەن کـە بەڕێـوە دەچـوو لـە کوردسـتاندا، ئەمـەش لـە ئەدەبیاتـی پارتیـدا ناونـرا بەشۆڕشـی ئەیلـول. مـن لێـرەدا وشـەی جوڵانـەوە بـەکار دەهێنـم نـەك شـۆڕش، ئەمـەش لەبـەر هـۆکاری حزبـی و سیاسـی نـا، بەڵکـو لەبـەر نـاوەڕۆك و تایبەتمەنـدی جوڵانەوەکـە. ئـەم بڕیـارە بـووە خاڵـی یەکلاکـەرەوە بـۆ کۆمـارە تـازە دروسـت بووەکـە، چونکـە عەبدولکەریـم قاسـم ئیـتر بـێ پشـت دەمایـەوە. هـاوکات دەرفەتێـك دەبـوو بـۆ خـۆ کۆکردنـەوەی ئـەو ئەفسـەرانەی نـەژاد پەرسـتبوون و دژی بڕیارەکانـی عەبدولکەریـم قاسـم بـوون، لەگـەڵ حزبـی بەعـس و هاوشـێوەکانی کـە خۆیـان بـە قەومـی دەناسـاند. هەروەهـا دروسـتبوونی شـەڕ لـە نێـوان کـوردو حکومەتـدا زەمینـەی بـۆ دەسـتێوەردانی دەرەکـی خـۆش دەکـردو ئەمـەش ڕویـدا.

دوای ئـەوەی پارتـی بڕیاریـدا لـە دژی حکومەتـی عەبدولکەریـم قاسـم چـەك هەڵگرێـت، عەبدولکەریـم قاسـمیش بنکـەو بارەگاکانـی پارتـی داخسـت و ئیـتر هەمـوو توانـای خـۆی خسـتەگەڕ بـۆ سـەرکوتکردنی پارتـی و جوڵانەوەکـەی. لـەم بارودۆخـەدا، عەبدوسـەلام عـارف و حزبـی بەعـس بەهـاوکاری سـەرجەم هێـزە دەرەکـی و ناوخۆیەکانـی نەیـاری عەبدولکەریـم لـە ١٩٦٣/٢/٨دا کودەتایـان بەسـەر عەبدولکەریـم قاسـمدا کـردو لـە ١٩٦٣/٢/٩ دا عەبدولکەریـم قاسـمیان کوشـت و کۆتاییـان بـەو کۆمـارە هێنـا کـە عەبدولکەریـم قاسـم دەیخواسـت دروسـتی بـکات. ئەمـەش بـووە سـەرەتای ئـەو کۆمـارە میلیتارییـەی کـە دواتـر بەعسـیەکان دروسـتیان کـرد.

کۆمارەکـەی عەبدولکەریـم قاسـم هەتـا ئێسـتا لەئێراقـدا زۆر قسـەی لەسـەر کـراوەو دەکرێـت. بەشـی زۆری ئـەو ئێراقیانـەی لایەنگـری پێکەوەژیانـی گەلـی کـوردو عەرەبـن، ئـەو هەنگاوەی عەبدولکەریـم بـە هەنگاوێکـی بوێرانـە بەنـاو دەکـەن و پێیـان وایـە کـە هەنـگاوی بـەو ڕەنگـە ئێـراق بـەرەو ئارامـی دەبـات، بەپێچەوانـەوە عەرەبـە نەژادپەرسـتەکان پێیـان وابـوو ئـەو هەنگاوانـە ئێـراق بـەرەو نائارامـی دەبـات و شـکۆی عـەرەب کـەم دەکاتـەوە. هەرچـی کـوردە خوێندەنەوەیەکـی وردی بۆکۆمارەکـەی عەبدولکەریـم قاسـم نەکـردووە. سـەرەڕای ئـەوەی زۆربـەی کـورد لەگـەڵ هەنگاوەکان عەبدولکەریم دا بـوون و دروشـمیان بەسـەریدا دەگـوت، بـەڵام لـە ئەنجامیشـدا ڕووبـەڕووی عەبدولکەریـم بونـەوە،

یاخـود شـەڕ لـە نێوانیانـدا دروسـتبوو. ئـەم شـەڕە بۆچـی ڕویـدا؟ بەباشـی شـی نەکراوەتـەوە، ئـەو پرسـیارە نەکـراوە کـە ئەگـەر کـورد شـەڕی نەکردایـەو پێداگیـری لەسـەر چارەسـەرکردنی کێشـەکانی بەڕێـگای دیالـۆك بکردایـە، چارەنوسـی کـوردو کۆمـار بەرەوکـوێ دەڕۆیشـت؟ یاخـود عەبدولکەریـم قاسـم نەیدەتوانـی بەشـێوەیەکی تـر و دوور لـە بەکارهێنانـی چـەك کێشـە ناوخۆییـەکان چارەسـەر بـکات؟ هەربۆیـە بەپێویسـتی دەبینـم بەچاوێکـی بـێ لایەنـی یـەوە هەنگاوەکانـی عەبدولکەریـم قاسـم و هەڵوێسـتی کـورد هەڵبسـەنگێن:

١ـ ئـەو هەنگاوانـەی عەبدولکەریـم قاسـم هاویشـتی لەبـواری دەسـتور، حکومـەت، یاسـای چاکسـازی کشـتوکاڵی خۆماڵـی کردنـی نـەوت و ئـازادی دایـە سـەرجەم گـروپ و ڕێکخـراوو دەزگاکان، بەتایبەتـی دان نانـی بەناسـنامەی کـوردو پێکهاتەکانـی تـری ئێراقـدا، هەنـگاوی جـددی و بوێرانـە بـوون و ئەگـەر سـەربکەوتایە ئێراقێکـی نوێـی دروسـت دەکـردو دەبـووە مۆدێلێکـی نـوێ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و بناخـەی مۆدێلـی دەوڵـەت نەتـەوەی هەڵدەتەکانـدو دەرفەتـی مۆدێلـی ئەڵتەرنابیڤـی دروسـت دەکـرد. ئـەم هەنـگاوە دەبـووە بناخـەی گۆڕانـکاری جـددی لەڕۆژهەڵاتـی ناوینـداو سـوودمەندی سـەرەکی گەلانـی بـن دەسـت دەبـوون، بەتایبەتـی گەلـی کـورد. هەربۆیـە سـەرجەم دەوڵەتانـی جیهانـی بەیەکێتـی سۆڤێتیشـەوە (کەخـۆی بەپاراسـتنی گـەلان دەزانـی)و دەوڵەتـە هەرێمیەکانیـش لـەدژی ئـەو هەنگاوانـەی عەبدولکەریـم قاسـم بوونـو لـە هەوڵـی ئەوەدابـوون ڕێگیـری لـێ بکـەن کـە ئـەو هەنگاوانـە بنێـت. بۆئەمـەش سوودیان لەشـۆڤێنیزمی عەرەبـی وەرگـرت و لەڕێگـەی ئـەو شـۆڤێنیزمەوە هەوڵیانـدا کـە زەمینـەی پرۆژەکـەی عەبدولکەریـم لەنـاو گەلـی عەرەبـدا نەهێڵـن، بـەڵام بەهـۆی کاریگەریـی حزبـی شـیوعی و دیموکراتەکانـەوە لەسـەر گەلـی عـەرەب، لەهەنـگاوی یەکەمـدا سـەرکەوتوو نەبـوون. هەربۆیـە دواترهەوڵیانـدا کـە ناکۆکـی بخەنـە نێـوان کـوردو حکومەتـەوە، هەتـا بتوانـن لـەو ڕێگەیـەوە حکومـەت لاواز بکـەن. ئەمـەش داڕێژەرانـی بەرنامـەو پێکهێنانـی ئێراقـمان بیردەخاتـەوە لەکۆنگـرەی قاهیـرەی سـاڵی (١٩٢١)دا. ئەوەبـوو ئـەوان پێداگیریـان دەکـرد لەسـەر لکاندنـی ویلایەتـی موسـڵ بەئێراقـەوە، جەختیـان لـەوە کردبـووەوە کـە بـەو شـێوەیە دەتوانـن سـوود لـە کوردیـش وەربگـرن بـۆ کۆنترۆڵکردنـی حکومەتـی ئێـراق یـان فشـار خسـتنە سـەری، لـەو کاتانـەی کـە حکومەتـی ئێـراق بەپێـی داخوازییەکانـی ئـەوان هەڵسـوکەوت نـەکات! دیـارە حکومەتـی عەبدولکەریـم بەپێـی داخوازییەکانـی ئـەو هێزانـە هەڵسـوکەوتی نەکـرد، هەربۆیـە بەشـێوەیەکی بابەتـی کاتـی ئەوەبـوو کـە ئـەوان کار لەسـەر کارتـی کـورد بکـەن! هەرئەوەش هۆکاربـووە بـۆ ئـەوەی ئـەو هێزانـە نەیانخواسـتووە و ناخـوازن کـەس بەباشـی باسـی عەبدولکەریـم و پرۆژەکانـی بـکات، هەتـا کـەس چـاوی لـێ نـەکات و دووبـارەی نەکاتـەوە. واتـە لـەڕووی سیسـتمی سیاسـی و هەڵوێسـت بەرامبـەر نەتـەوە وپێکهاتەکانـی ئێـراق، هەنگاوەکانـی حکومەتـی عەبدولکەریم هەنـگاوی گرنـگ و بەباپـەخ بـوون. بـۆ تەواوکردنـی ئـەو هەنگاوانـە هەوڵـی زیاتـر لەلایەنـی عەبـدو لکەریـم قاسـم و کـوردو ئەوانـەی خوازیـاری دیموکراتـی بـوون پێویسـت بـوو .

**٢ـ لەبـواری ئابـووری و کشـتوکاڵ و بوژانـەوەدا، ئـەو هەنگاوانـەی نـای هەنـگاوی گرنـگ بـوون، بـەڵام هێـزە باڵادەسـتەکانی دەرەوەو چینـی سەردەسـتی کـوردو ئێراقـی ئـەو هەنگاوانەیـان بـە زیـان بـۆ خۆیـان بینـی. هـەر بۆیـە ڕووبـەڕووی دەبوونـەوەو دەیانخواسـت پـلان و پرۆژەکانـی زینـدە بەچـاڵ بکـەن، هەتـا بتوانـن بـەردەوام بـن لەسـەر سیاسـەتی خۆیـان.**

**٣ـ ئـەو هەنگاوانـەو کاردانەوەکانـی بارودۆخێکـی نوێـی دروسـتکرد. هەرچەنـدە عەبدولکەریـم سـەرەتا بـاوەڕی بەچەمکـی (عەفـا ئەڵـڵاو عەماسـەلەف) واتـە خـودا لـەو شـتە ببورێـت کـە ڕۆیشـت. یاخـود وەکـو کـوردەواری خۆمـان دەڵێـن بیـدەرە دەسـت خـودا ، یاخـود بـاوەڕی بەچەمکـی (الرحمـە فـوق القانـون) واتـە سـۆزو بەزەیـی لەسـەروو یاسـاوەن، هـەر لـەم ڕوانگەیەشـەوە بـوو کاتێـك عەبدوسـەلام عـارف لـە١٩٥٨/١٢/٥ هەوڵیـدا کودەتـا بەسـەر عەبدولکەریمـدا بـکات و سـەرنەکەوت، عەبدولکەریـم لێـی بـوراو سـزایەکی تونـدی نـەدا. زۆربوونـی نارەزایـی عەرەبـە شـۆڤێنیەکان و هەڵوێسـتە جیاجیـاکان بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە عەبدولکەریـم قاسـم لەڕێگـەی دادگای مەهداوییـەوە (٩٨) هەڵوێسـتی تونـد نیشـان بـدات، ئەمـەش نەیـاری بـۆ عەبدولکەریمـی زۆرتـر دەکـرد. هەروەهـا کاتێـك خـاوەن موڵـك و دەرەبەگـەکان لـە کوردسـتان ڕووبـەڕووی حکومـەت بوونـەوە، عەبدولکەریم قاسـم و سـوپاکەی تونـد ڕووبەڕوویـان بوونـەوەو ئـەوەش دەرهاویشـتەی خراپـی لـێ کەوتـەوە. شـیمانە دەکرێـت کـە باڵـی تونـدڕەوی نـاو سـوپا ئەوکارانەشـیان ئەنجـام دابێـت و خواسـتبێتیان زەمینـەی دابڕانـی کـوردو عەبدولکەریـم لەبـار ببـەن. ئـەوەش وایکـرد کـە وردەوەردە کـورد لـە حکومەتـی عەبدولکەریـم دوور بکەوێتـەوە.**

**٤ـ عەبدولکەریـم قاسـم خاوەنـی پرۆژەیەکـی نمونەیـی بـوو، هەنگاوەکانـی هەنـگاوی پێویسـت بـوون. بـەڵام عەبدولکەریـم پەلـەی کـرد لـە هەنگاوەکانیـدا، ڕەنگـە ئـەو هەنگاوانـەی کەخواسـتی لەدووسـاڵدا جێبەجێیـان بـکات، ئەگـەر لەسـەرخۆو لەمـاوەی (١٠)سـاڵدا کاری بـۆ بکردایـە، ئـەوا ڕەنگـە ڕووبـەڕووی ئەوەنـدە نارەزایـی نەبوایەتـەوە، ئەگـەر ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگیش ببوایەتـەوە، ئـەوا بیتوانیایـە ئەنجامـی بـاش بەدەسـت بهێنـێ. دەکرێـت بیچوێنیـن بە(محمـەد مورسـی) میسـر کـە سـاڵی ٢٠١٢بـووە سـەرۆکی میسـرو لەمـاوەی سـاڵێکدا زۆر یاسـاو بڕیـاری بـە ئاراسـتەی بیروبۆچوونـی ئیخوانەکانـدا دەرکـرد. ئـەوەش بـووە هـۆکاری نارەزایـی تونـدی ناوخـۆو دەرەوەو پـاش سـاڵێك کۆتاییـان بەدەسـەڵاتەکەی هێنـا. لەلایەکـی تـرەوە کاتێـك هەنگاوەکانـی حکومەتـی عەبدولکەریـم ڕووبـەڕووی نارەزایـی بەشـێك لـە کۆمەڵـگا بوویـەوە، عەبدولکەریـم بەئارامـی ڕووبەڕوویـان ببوایەتـەوەو ڕێگـەی بـە قوڵکردنـەوەی ناکۆکیـەکان نەدایـەو پەنـای بـۆ بـەکار هێنانـی توندوتیـژی نەبردایـە، ڕەنگـە ڕێگـەی لـەو چارەنوسـە بگرتایـە.**

---

(٩٨)دادگای مەهـداوی: ئـەم دادگایـە لـە دوای شۆڕشـی ١٩٥٨/٧/١٤ دامـەزرا. عەقیـد فـازڵ عەبـاس مەهـداوی کـە خزمـی عەبدولکەریـم قاسـم بـوو کرایـە بەرپرسـیاری ئـەو داداگایـە. مەهـداوی پێشـتر بەرپرسـی حامیـەی سـەربازی موسـەیب بـوو. لـەم دادگایـەدا تاوانبـار بـە ئاشـکرا دادگایـی دەکـراو ڕاسـتەوخۆ لەتەلەفزیۆنـەوە پەخـش دەکـراو تاوانبـار مافـی خـۆ پاراسـتنی هەبـوو. دوای کودەتاکـەی عەبدوسـەلام عـارف، فـازڵ عەبـاس مەهداویـش کـوژرا.

٥ـ هەڵوێستی کوردیش کە خۆی لە پارتی دیموکراتدا بەرجەستە دەکرد، لەسەرەتادا ئەرێنی بوو، هەوڵیدەدا ئەو هەنگاوانەی کە حکومەت بە پێویستی دەبینی، هاوکاری بکات و هەر ئەمەش زەمینەی ژیان و گوزەرانێکی باشتری بۆ کوردو ئێراق دەڕەخساند. بەڵام پارتییەکان بەرامبەر حزبی شیوعی بەکاردانەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، چونکە لەوسەردەمەدا سەرەکیترین پارتی ئێراقی بوون و دەیانخواست مۆرکی خۆیان لەهەر هەنگاوێك بدەن، رۆژبەرۆژ بە بۆنەی بڕیارو یاسای چاکسازی کشتوکاڵیشەوە لەکوردستاندا کاریگەریان زیادی دەکرد، هەتا کاریگەرییان لەسەر ناوخۆی پارتیش زیادی کردبوو، ئیتر پارتی و بارزانی لەوە دەترسان کە حزبی شیوعی باڵیان بەسەردا بکێشێت و بنە پاشکۆی حزبی شیوعی. هەربۆیە مستەفا بارزانی دوای ساڵێك لە گەڕانەوەی لە ١٩٥٩/١٠/٦دا بەزەبری هێز هەمزەعەبدوڵڵاو صالح حەیدەری و لایەنگرانیان لە مەکتەبی سیاسی دەربکات و بیانوشی بۆ ئەو کارە ئەوەبوو کە ئەو کەسانە لەحزبی شیوعیەوە نزیکن. لە جێگەی هەمزە عەبدوڵڵا سەر لەنوێ ئیبراهیم ئەحمەدیان کردەوە بە سکرتێری پارتی. ئەمە لە کاتێکدابوو کە هەمزە عەبدوڵڵا بناخەداڕێژەری پارتی بوو. ئەم کردەوەی بارزانی وەکو سەرۆکی پارتی هەرچەندە هۆکاریشی هەبوو بێت ، نەرینێکی خراپی دروست کردو ڕەخنەیەکی جدیە بۆ مستەفا بارزانی. چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بڕیاری دەرکردنی سکرتێرو چەند ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەرکرد، هەروەها هێزی بەکار هێنا بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی حزب. ئەم کردەوەیە پێشتر لەناو پارتیدا نمونەی نەبوو. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٥١هەتا ١٩٥٦هەمزە عەبدوڵڵاو ئیبراهیم ئەحمەد ناکۆك بوون بەڵام بەنایان بۆ هێز نەبرد لەدژی یەکتری و کاتێك لەساڵی ١٩٥٣ دا هەمزە عەبدوڵڵایان لە پارتی دەرکرد بەبڕیاری کۆنگرەی سێیەم دەری دەکەن و لەساڵی ١٩٥٦دا بە بڕیاری کۆنگرەی چوارەم دەگەڕێتەوەو یەکدەگرنەوە. بەڵام ئەو کارەی بارزانی و بێ دەنگ بوونی ئیبراهیم ئەحمەدو هاوڕێکانی لە بەرامبەر وەها کردەوەیەك سەرەتای نەریتێکی خراپی داهینا. کە دواتر ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و هاوڕێکانیشیان بوون بە قوربانی ئەو نەریتە. دیارە چەمکی دژە شیوعیەت و ناکۆکی تاکە کەسی نێوان ئیبراهیم ئەحمەدو هەمزە عەبدوڵڵا بوونە هۆکاری بێ دەنگ بوونی ئیبراهیم ئەحمەدو هاوڕێکانی لە بەرامبەر هەڵوێستەکەی بارزانی، نەك شتێکی تر. هەربۆیە هاوشێوەی بارزانی ئیبراهیم ئەحمەد بەشدارە لەو هەڵەو داهێنانی نەریتەدا. لەسەر ئاستی ناوخۆش سەرۆك و بەرپرسانی پارتی بۆ ئەوەی رێگە لە هەژموونی شیوعیەت بگرن، ئەو کارەیان ئەنجامدا، کەنەریتی حزبایەتی بە ئاقارێکی خراپدا بردو هاوشێوەی نەریتی ئاغاو رەعیەتی برد. کە ئاغا دەتوانێت هەر بڕیارێك سەبارەت بە رەعیەتی خۆی بدات و دەرشیان بکات و هێزیش لە بەرامبەریان بەکار بهێنێ.

لەسەرئاستی جەماوەریش ناکۆکیەکانی پارتی لەگەڵ شیوعیداو مەترسی پارتیەکان لەوەی کەشیوعی یەکان زۆری جەماوەری کوردستان بەلای خۆیاندا رابکێشن، وای کردبوو کە مەترسی

بەعسی و قەومیە عەرەبکان نەبینن. ئەوەبوو هێرشی بارزانی بۆ سەر هەمزەعەبدوڵڵاو مەکتەبی سیاسی هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵی بەعسیەکان بۆ تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم. بێگومان ئەو دوو ڕووداوە بە ڕێککەوت لەیەك رۆژدا ڕوویانداوە، بەڵام لەهەردووکیاندا پەیامەکان نزیکی یەکترن. لەوەی پارتیدا هەڵوێستێکی نەتەوەگەری کوردە بەرامبەر چەپگەری کورد، لەوەی دووەمدا هەڵوێستێکی نەوەگەریی عەرەبە بەرامبەر سەرکردەیەکی عەرەب کە بەداکۆکیکار لەگەلان دەناسرێت و لە نەتەوەگەریدا سەرپەڕ گر نییە. لەگەڵ ئەمەدا دۆستایەتی جەمال عەبدولناسر بۆ کوردو ناکۆکیەکانی جەمال عەبدولناسرو عەبدولکەریم قاسم کاریگەریی نەرێنی لەسەر سەرکردایەتی پارتی هەبووە. ئەو باردۆخە وایکردبوو کە سەرکردایەتی پارتی مەترسی سیاسەتەکانی جەمال عەبدولناسرو بەعسیەکان لەسەر ئێراق و کوردستان نەبینێ. بێگومان پێویستبوو رێز لەو هەڵوێستانەی جەمال عەبدولناسر بگیرێت کە داکۆکی لەمافی کورد دەکرد، بەڵام دەبێت ئەولایەنەشی ببینین کە بەهەموو شێوەیەك پشتیوانی بەعسیەکانی دەکرد، کە ئەوانیش دژی هەنگاوە دیموکراتیکانی عەبدولکەریم قاسم بوون. هەروەها ئەوەش ببینین کە جەمال عەبدولناسر پشتیوانی لەسەرجەم ئەو هەوڵانە کرد کەدەدران بۆ کۆتایهێنان بەحکومەتی عەبدولکەریم قاسم و لە لەناوبردنی حکومەتەکەشیدا ڕۆڵی هەبوو. بەڵام سەرکردایەتی کورد هەستی بەوە نەدەکرد کە دژایەتی ئەو حکومەتە بەواتای برینەوە داری ژێر پێی خۆیەتی. سەرکردەکانی پارتی بۆ بێکاریگەرکردنی شیوعیەکان لەناو پارتیدا هەموو ڕێگەیەکیان بەڕەوا بینی و دەرهاویشتەکانیان نەبینی، لەسەر ئاستی کوردستانیش بۆ ئەوەی پێش لەگەشەکردنی شیوعی بگرن، هەموو ڕێگەیەکان بۆ خۆیان بەڕەوابینی، هەربۆیە بەشداریکردنی پارتی لە شەڕدا چەندەی لەدژی سیاسەتی حکومەت بوو یان بۆ داکۆکیکردن لە جەماوەر بوو. لەوە زیاتر بۆ پاراستنی ئەو توێژە بوو کە لەسەرەتای دروستبوونی پارتیەوە پشتی پێ بەسترابوو، کەتوێژی خاوەن زەوی و دەرەبەگ بوو، هەروەها بۆ ڕێگەگرتن بوو لەهەژموونی حزبی شیوعی. هەربۆیە لەکاتی گونجاو دەگەڕا هەتا هەڵوێستی خۆی دیاری بکات، چونکە ئەگەر لەکاتی گونجاودا هەڵوێستی دیاری نەکردایە، ئەوا نەیاندەتوانی بەناوی گەلەوە قسەبکەن و دەبوونە نوێنەری دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان. بەڵام سیاسەتی حکومەت و کاردانەوەکان دەرفەتی بۆ پارتی دروستکرد کە هەڵوێست نیشان بدات و گوێ بە دەرئەنجامەکانی نەدا. ئەو هەڵوێستەش دەرفەتی دایە نەیارانی عەبدولکەریم و لەناویان برد. دیارە ئەگەر بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا نەکردایەو گشتگیرانەتر بابەتەکانیان شی بکردایەتەوە، ئەوا بڕیارێکی بەو شێوەیەیان نەدەدا. ئەوەتا مەسعود بارزانی بۆ خۆی بەناڕاستەوخۆ دان بەو هەڵەیەدا دەنێت و لەباسی جوڵانەوەی ئەیلولدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جوڵانەوەی ئەیلول شۆڕشێکی مەزنە، بەڵام خۆزگەش دەخوازێت کە ئەو جوڵانەوەیە لەدژی عەبدولکەریم قاسم دەستی پێ نەکردایە، هۆکاری ئەو خۆزگەیەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم زۆر خزمەتی کورد و بنەماڵەی بارزانی کردووە. بێگومان ئەگەر عەبدولکەریم زۆرخزمەتی بەکوردو بنەماڵەی ئەوان

کردبێـت، کەڕاستە کردوویەتـی و خزمەتـی ئێراقشـی کـردووە، ئـەوا دژایەتـی عەبدولکەریـم و شـەڕ ڕاگەیانـدن لـە دژی عەبدولکەریـم قاسـم بڕیارێکـی هەڵەبـووەو ڕاسـت نەبـووەو خزمەتـی بـە دۆزی گەلـی کـوردو دیموکراتـی نەکـردووە. خۆئەگـەر ئـەم بڕیـارە ڕاسـت و مـەزن بێـت ئـەوا مەزنیەکـەی و ڕاسـتەیەکەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە دژی عەبدولکەریـم قاسـم هەڵوێسـت وەرگیـراوە ئـەو کاتـە دەبێـت عەبدولکەریـم قاسـم کەسـێکی خـراپ بووبێـت. بـەڵام کۆمەڵـگای کـوردی و ئێراقـی ئاماژە بـۆ باشـی و چاکەکانی دەکـەن. هـەر بـۆ ئەمـە گوتـم دەسـتەواژەی جوڵانـەوە بـەکار دەهێنـم، نـەك شـۆڕش، چونکـە بڕیـاری جوڵانەوەیـەك و بەشـداری شـەڕێك درا کـە تایبەتمەنـدی شـۆڕشـی پێـوە نەبـوو بەپێچەوانـەوە ڕێگـە گرتـن بـوو لەچاکسـازی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی. بێگومـان کـە بـاس لـەوە دەکـەم، بەواتـای نکۆڵیکـردن نیـە لـەو قوربانـی و نەبەردیانـەی دواتـر گەلەکەمـان و پێشـمەرگە لـە بەرەکانـی شـەڕو بەرەنگاربوونـەوەدا ئەنجامیانـدا. بڕیـاری شـەڕبدەن، کـە بتوانـن سـەرنجی جەمـاوەر رابکێشـن و مۆرکـی جەمـاوەری لـە شـەڕەکەو بڕیارەکەیـان بـدەن. هـەر ئەمـەش هـۆکار بـوو بـۆ ئـەوەی کـە بەشـی زۆری گەلەکەمـان بـە درێژایـی جوڵانەوەکـە پشـتیوانیان لەجوڵانەوەکـە کـردو قوربانیانـداو خزمەتیـان کـرد. دیـارە کـەس ناتوانێـت نکۆڵـی لـەو قوربانـی و خزمەتـە بـکات، بـەڵام دەبێـت ئـەوە وامـان لـێ نـەکات کـە جوڵانەوەکـە هەڵنەسـەنگێنین و ڕەخنـە لـە چەوتیەکانـی نەگرین، بەتایبـەت چەوتیـەك کـە سـەرەتایەو بناخـە دروسـت دەکات. گومانـی تێدانیـە هـۆکاری سـەرەکی سـەرنەکەوتنی جوڵانەوەکـەش، لەسـەرەتاکەی و هۆکارەکانـی دەسـتپێکردنکەیدا شـاراوەیە، بـەڵام سـەرکردەکانی پارتـی یـان هەسـتیان پـێ نەدەکـرد، یاخـود نەیاندەویسـت باسـی بکـەن و ڕەخنـە لەخۆیـان بگـرن و هەڵەکەیـان راسـت بکەنـەوەو پێیـان باشـتربووە پـەردە پۆشـی بکـەن، ئـەوەش بـووە هـۆکاری ئـەو کۆتاییـە خەمناکـە، کـە لەسـاڵی ١٩٧٥دا گەلـی کـورد ڕووبـەڕووی بویـەوە.

## سیاسەتی دەوڵەتی ئێراق لە سەردەمی کۆماردا

کۆمـاری ئێـراق وەکـو کرۆنۆلـۆژی هەتـا رۆژگاری ئەمڕۆمـان بەچەنـد سـەردەمێکدا تێپەڕبـووە، قۆناخـی یەکـەم؛ سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم بـووە، کە لـە ١٩٥٨/٧/١٤ هەتـا ١٩٦٣/٢/٨ بـەردەوام بـوو، واتـە چوارسـاڵ و نیـو بـەردەوام بـوو. قۆناخـی دووەم؛ سـەردەمی عەبدوسـەلام عارفـە کـە لـە ١٩٦٣/٢/٨ هەتـا ١٩٦٦/٤/١٤ بـەردەوام دەبێـت. قۆناخـی سـێیەم سـەردەمی عەبدولڕەحـمان عارفـە کـە لـە ١٩٦٦/٤/١٥ هەتـا ١٩٦٨/٧/١٧ بـەردەوام بـوو. قۆناخـی چـوارەم؛ سـەردەمی دەسـەڵاتی حزبـی بەعسـە کـە لـە ١٩٦٨/٧/١٧ دەسـتی پـێ کـردو هەتـا ٢٠٠٣/٤/٩ بـەردەوام بـوو. ئـەم قۆناخـەش سـەرەتا ئەحمـەد حەسـەن بەکرسـەرۆکی ئێـراق بـوو هەتـا ١٩٧٩/٧/١٧، لـە دوای ئـەو بـەروارەوە سـەدام حسـێن بـووە سـەرۆك کۆمـاری ئێـراق. دەتوانیـن بەچەنـد خەسـڵەتێك بـاس لـە جیـاوازی گشـتی یەکانـی رژێمـی کۆمـاری و رژێمـی پاشـایی لـە ئێراقـدا بکەیـن.

١ـ لەسـەردەمی پاشـەیەتیدا، دەوڵەتـی ئێـراق هاوپەیمانـی زلهێـزە جیهانیەکانـی وەکـو بریتانیـاو دەوڵەتانـی دراوسـێی بـوو، لەچەندیـن پەیماننامـەدا ئەنـدام بـوو. بـەم هۆیـەوە سیاسـەتی دەرەکـی

هەتا ئاستێك جێگیربوو. هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە ئێراق بەشێك بوو لە بازاڕی سەرمایەی جیهانی و کۆمپانیاکانی. ئەم هۆکارانە وایدەکرد کە زلهێزە جیهانیەکان و کۆمپانیا سەرمایەدارییەکان لە دژی هەر هەوڵ و جوڵانەوەیەك بن کە سەقامگیری ئێراق تێکبدات و جوڵانەوەی کوردیش قوربانیەکی دەستی ئەو سیاسەتە بوو. بەڵام لەسەردەمی کۆماریدا، زۆربەی کات پەیوەندی دەسەڵاتی ئێراق و زلهێزە جیهانیەکان باش نەبووە، بۆنمونە لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا هەوڵیدا سیاسەتی سەربەخۆ پەیڕەو بکات، عەبدوسەلام عارف و عەبدولڕەحمانی برای کەمێك بەلای بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا چوون بەڵام سیاسەتێکی ناجێگیریان هەبوو. هەرچی سەردەمی حزبی بەعسە لەساڵی حەفتاکاندا زیاتر لە یەکێتی سۆڤێتەوە نزیك بوونەوە، بەڵام دواتر نزیکی رۆژئاوا بوونەوەو ئەوانیش لەسیاسەتدا جێگیر نەبوون هاوکاتی ئەمانە، پەیوەندی دەسەڵاتەکانی کۆماری لەگەڵ هیچ دراوسێییەکدا جێگیرنەبووەو کێشەیان لەگەڵ کوەیت، سعودیە، ئوردون، سوریا، تورکیاو ئێراندا هەبووە. بەواتایەکی تر سەردەمی کۆماری دەتوانین ناوی بنێنین سەردەمی ناجێگیری سیاسەتی دەرەکی، ئەمەش وایکرد کەسەرجەم ئەو هێزانە لە هەلو دەرفەت بگەڕێن بۆ ئەوەی دەست لە ئێراق وەربدەن.

شانبەشانی ئەمە حکومەتە کۆمارییەکانی ئێراق هەنگاویان بەرەو خۆماڵیکردنی نەوت و سامانەکانی ئێراق نا، ئەمەش کۆمپانیا سەرمایەدارە گەورەکانی کردە نەیاری ئێراق و ئەوانیش لە هەلو دەرفەت دەگەڕان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئێراق و سود لە سامانەکانی وەربگرن و لەم پێناوەدا ئەوەی بیانتوانیایە دەیانکرد .

٢ـ لەبواری سیاسی و ئیدارییەوە، لەسەردەمی پاشاییدا ئێراق دەستوری هەمیشەیی هەبوو، ئەو دەستورە هەرچەندە تاڕادەیەك دەسەڵاتێکی زۆی دابوو بە پاشاو ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردو بێکهاتەکانی تری، بە باشی تێداجێگیر نەکرابوو. بەڵام تاڕادەیەك کاری پێ دەکراو بە پێی ئەو دەستورەو یاسای هەڵبژاردن، هەڵبژاردن دەکراو حکومەت دروست دەکراو حکومەت دەگۆڕا. کاری کۆمەڵەو ڕێکخراوو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەیەکدا ڕێگە پێدراو بوو. بەڵام لەسەر دەمی کۆماریدا ، دەستوری هەمیشەیی لە ئێراقدا نەبوو، هەموو دەسەڵاتەکان بە دەستوری کاتی دەچوون بەڕێگەوە، ئەو دەستورەش بێجگەی لە قۆناخی سەرەتایی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم کە تاڕادەیەك کاری بە دەستوور و یاساکردووە، بەڵام دواتر بەهۆی شەڕەوە ئەویش دەستور و یاسای پشتگوێ خستووە. سەرجەم دەسەڵاتەکانی کۆمار لە ئێراقدا کاریان بە دەستورو یاسا نەکردووەو ئەو کەسەو ئەو حزبەی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، جێگەی یاساو دەستوری گرتۆتەوەو بە کەیفی خۆی یاسای داڕێژاوەو بڕیاریداوە. لەکاتی ناچاری و تەنگاویدا نەبوو بێت ڕێگەیان بە پارتی جیاوازو ڕێکخراوی مەدەنی و کاری سەندیکا و راگەیاندنی ئازاد نەداوە. هەڵبژاردنیان ئەنجام نەداوەو ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی بیروبۆجوونی جیاوازیان هەیە یان داوای مافی خۆیان دەکەن، ناچاربن پەنا ببەنە بەر کودەتاو ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداری. هاوکات وشیاری دەستوری و یاسایی یاخود وشیاری پێوەرە ئەخلاقیەکانی

کۆمەڵگا گەشە نەکات ، لە جێگەی ئەمە چەمکی خۆسەپاندن و کاردانەوە گەشەبکات، کەئەمە لە کارە کتەری پارت و ڕێکخستنە ئۆپۆزسیۆنە عەرەب و کوردەکانیشدا ڕەنگی دایەوە. ئەوەبوو حزبی بەعس خۆی بەدەستی عەبدوسەلام عارف چەوسایەوە، بەڵام کەئەوان بوونە دەسەڵات نمونەیەکی جیاوازتریان پێشکەش نەکردو لەڕێگەی توندو تیژی و تیرۆر و توقاندنەوە خواستان هەموو رکەبەرەکانیان لە ناوببەن. پارتی دیموکراتی کوردستانیش بێ بەش نەبوو لەم تایبەتمەندیە و ئەویش پەنای بۆ ئەو ڕێبازە برد بۆ لەناو بردن یاخود لاوازکردنی نەیارەکانی و ئەم کارەکتەرە لە ئێستادا بووەتە بەشێك لەکارەکتەری ئەو پارتانەی لەسەر رێبازی پارتی دروستبوون. هەرئەمەش وایکرد کە هەموو شتێك بکرێتە مافی دەوڵەت و لەو ڕێگەیەوە بکرێتە ماڵ و مافی حزب یاخود کەسی دەسەڵاتدار. هەر بۆیە لەقۆناخی کۆماری ئێراقدا دەزگایەکی ڕاگەیاندنی. یان ڕێکخراوو کۆمەڵەیەك یان پرۆژەیەکی ئابووری و خێرخوازی نابینین کە ئەهلی بێت و کۆمەڵگا بۆخۆی ئەنجامی بدات و بەڕێوەی ببات .

٣ـ لەسەردەمی پاشایەتیدا لەبەرئەوەی پشت بە ئابووری بازاڕ دەبەستراو بازاڕ ئازادکرابوو (بێگومان ئەم سیستمە خزمەتی سەرمایەداری تایبەت دەکات)، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بازاڕی کوردستان زیاتر لە گوندەکاندا بوو، واتە بەرهەمی کۆمەڵگای ئێراق و کوردستان لەگوندەوە بەرهەم دەهات و پیشەسازی پەرەی نەسەندبوو، کۆمەڵگای کوردستان و ئێراق پشتیان بەخۆیان دەبەست و تێری خۆیان بەرهەمیان دەهێنا، بەڵام لەسەردەمی کۆماری و بەتایبەتی لە سەردەمی بەعسدا بەهۆی پشت بەستنی دەوڵەت بەبەرهەمی نەوت و گرنگی نەدانی بە کەرتی کشتوکاڵ و هاوکات سوتاندن و تێکدانی زۆربەی گوندەکانی کوردستان، رۆژبەڕۆژ مرۆڤی ئێراقی، بەتایبەتیش مرۆڤی کورد لەڕەنج دوورخرایەوەو لەبەرهەم داماڵرا، ئەمەش وایکرد کە ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەی دانیشتوانی گوندەکان کەم ببنەوەو دانیشتوانی شارەکان زیاتر ببن و ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگایەکی بەکاربەرو دوور لەداهێنان دروست بکرێت. هاوشانی ئەمە حکومەتی بەعس بۆ ئەوەی سود لەو بێکارانە وەربگرێت، سیستمی جاشایەتی پەرەپێدا، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا فەرهەنگێکی قێزەونی دروستکرد. لێرەدا خشتەیەك دەخەینە بەردەست کە رێژەی گۆڕانکاری دانیشتوانی گوندو شارەکانی باشووری کوردستان نیشاندەدا، لە ساڵی ١٩٢٧ەوە کەیەکەم سەرژمێری فەرمی لە ئێراقدا کراوە هەتا سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧کە دواسەرژمێرەو کوردستانی گرتۆتەوە، چونکە حکومەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٩٧دا سەرژمێرێکی تری ئەنجامدا، بەڵام هەرێمی کوردستانی لەخۆی نەگەرت ؛

| ساڵ | سەرژمێری کوردستان | ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی گوند | ژ.ڕێژەدانیشتوانی شار |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ٦١٣٣٤٧ | ٥٦٢٠٠٠ (٪٩١,٧) | ٥١٠٠٠ (٪٨,٣) |
| ١٩٣٥ | ١٠١٠٩٠٥ | ٨٨٥٠٠٠ (٪٨٧,٥) | ١٢٦٠٠٠(٪١٢,٥) |
| ١٩٤٧ | ١٣٨٣٣٧٨ | ١١٢٧٠٠٠(٪٨١,٥) | ٢٥٦٠٠٠ (٪١٨,٥) |
| ١٩٥٧ | ١٨٢٢٣٩٠ | ١٢٤٦٠٠٠ (٪٦٨,٤) | ٥٧٦٠٠٠ (٪٣١,٦) |
| ١٩٦٥ | ٢٢١٧١٠٩ | ١٢٥٣٠٠٠(٪٥٦,٥) | ٩٤٦٠٠٠ (٪٤٣,٥) |
| ١٩٧٧ | ٣٣٠٣٣١٠ | ١٥١٢٠٠٠(٪٤٥,٨) | ١٧٩١٠٠٠(٪٥٤,٢) |
| ١٩٨٧ | ٤٣٨٦٩٧٠ | ١٢٧٦٠٠٠ (٪٢٩,١) | ٣١١١٠٠٠ (٪٧٠,١) |

ئـەم خشـتەیە ئەوەمـان نیشـاندەدات کـە لەمـاوەی کەمـتر لـە سـی سـاڵی کۆمـاردا نزیکـەی نیـوەی دانیشـتوانی باشـوری کوردسـتان ڕوویـان کردۆتـە شـارەکان و گوندەکانـی خۆیـان بەجێهێـڵاوە، ئیـتر ئەمـە بـە بۆنـەی ئـەو سیاسـەتە ئابـووری و ئیدارییـەوە بێـت کـە حکومـەت پەیـڕەوی کـردووە یـان ڕاسـتەوخۆ بەبۆنـەی کـۆچ پێکـردن و ڕاگواسـتنەوەوە بێـت. خـۆ ئەگـەر سـاڵێکی تـر بژمێریـن، واتـە سـاڵی (١٩٨٨)کـە سـەرجەم گونـدەکان و ژمارەیـەك شـارەدێ و شـارۆچکەش لەلایەنـی حکومەتـی بەعسـەوە خاپورکـران، ئـەوا ژمـارەو ڕێـژەی گوندنشـینان لەباشـوری کوردسـتان بـووە (سـفر٪) و ڕێـژەی دانیشـتوانی شـارەکان بـووە ١٠٠٪ی دانیشـتوان، ئەمـەش هەنگاوێکـی کارەسـاتبار بـوو بـۆ گەلـی کـورد، نـەك تەنیـا لـە بەرئـەوەی ژمارەیەکـی زۆری هاوڵاتیـان کـوژران و دەیـان ئەوەنـدە ئەنفـال کـران، بەڵکـو لەبەرئـەوەی کـە ئیـتر کۆمەڵـگای کوردسـتان بەتـەواوی لـە ڕەنـج و بەرهـەم و خاکـی خـۆی دابڕێنـدراو بەمـەش بـووە نێچیرێکـی ئاسـان بـۆ سیاسـەتەکانی دەوڵـەت.

٤ـ سیاسـەتی حکومەتـی ئێراق لەسـەردەمی پاشایەتیدا بەرامبـەر بەکوردو پێکهاتەکانی تر سیاسـەتێکی نـەرم بـوو. نکۆڵـی لـە مافـە فەرهەنگییـەکان و زمانیـان نەدەکـرا، ڕێگەیـان نـەدەدا لەسـەر بنەمـای ناسـنامەی فەرهەنگـی خۆیـان سیاسـەت بکـەن، بـەڵام ڕاسـتەوخۆ نکۆڵیـان لـێ نەدەکـراو ڕێگەیـان پێـدەدرا کەچالاکـی فەرهەنگـی و ڕاگەیاندنـی ئەنجـام بـدەن و لـە قوتابخانـەی تایبەتـدا خۆیـان فێـری نوسـین و خوێنـدن بەزمانـی خۆیـان بکـەن. بەشـێوەیەکی بەرچـاو کاری بـۆ تواندنـەوەی ئـەو پێکهاتانـە نەدەکـرد. هەرچـی سـەردەمی کۆمارییـە، لـە دەسـتوری کاتـی و یاسـاکاندا دان بەناسـنامەی کـوردو پێکهاتەکانـی تـردا دەنـرا، بـەڵام هـاوکات لـە سـاڵی ١٩٦٣ وە دەسـەڵاتی کەمینەی سـوونەی عەرەب، هەمیشـە هەوڵیـداوە کـوردو شـیعەو پێکهاتەکانـی تـر لـە بۆتـەی خۆیـدا بتوێنێتـەوە، لـەم پێناوەشـدا سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و ڕاگواسـتنیان پەیـڕەو کـردووەو ناسـنامەی ژمارەیەکـی زۆر لـە پێکهاتـەی کـورد لـە وێنـەی ئێزیـدی، کاکەیـی، شـەبەك، هۆزەکانـی گۆیانـی، هۆمـەری، هەسـنی و گەرگـەری و فەیلیەکانیـان گـۆڕی و کردیانـن بەعـەرەب. لەگـەڵ ئەمانەشـدا لەهـەردوو سـەردەمەکەدا دەسـەڵات دەسـتی نەپاراسـتووە لەسـەرکوتکردنی جوڵانـەوە کوردییـەکان. لەکاتـی دانوسـتاندن و ڕێککەوتنـدا دەسـەڵاتی سـەردەمی پاشـایی هیـچ دەسـکەوتێکی سیاسـی و ئیدارییـان بـۆ کـورد پەسـند نەکـردووە، بـەڵام لەسـەردەمی کۆمارییـدا زۆربـەی دەسـەڵاتەکان ئامادەکارییـان نیشـانداوە کـە ناسـنامەی کـورد

پەسـند بکـەن و مافـی ئیـدارەی خۆجێـی یـان ئۆتۆنۆمـی پەسـند بکـەن و دەسـەڵاتی بەعـس لـەم بـوارەدا هەنـگاوی کرداریشـی نـا.

٥ـ لـەڕووی کۆمەڵایەتیـەوە لەسـەردەمی پاشـایەتیدا ڕێـز لەسـتاتۆی هـۆزو پێکهاتـە کۆمەڵایەتیـەکان دەگیـراو بەرنامەیـەك بـۆ هەڵوەشـاندنەوە یاخـود پەراوێزکردنـی ئـەو پێکهاتانـە نەبـوو، بەڵکـو لـە ئەنجومەنـی ئەعیانـدا نوێنـەری ئـەو پێکهاتانـە بەشـداری پرۆسـەی سیاسـیان دەکـرد، لەنـاو ئیـدارەی پارێـزگاو هەرێمەکانیشـدا خـاوەن ڕۆڵ بـوون. لەسـەردەمی کۆمارییـدا، هەرچەنـدە زۆربـەی دەسـەڵاتەکان باسـیان لـەوە کـردووە کـە ئـەوان گرنگـی بـە گۆڕانـگاری کۆمەڵایەتـی دەدەن و دژی دەسـەڵاتی ئاغـاو دەرەبەگـن لـە نـاو کۆمەڵـگادا، بـەڵام لـەڕووی کردارییـەوە بێجگـە لەسـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم کـە هەوڵیـدا هەژموونـی خـاوەن موڵـك و دەرەبەگـەکان کـەم بکاتـەوە، دەسـەڵاتەکانی تـر لـەڕووی کردارییـەوە ئـەو چینەیـان بەخێوکـردووەو ڕۆڵیـان پـێ داون، ئەمـەش بووەتـە هـۆکاری ئـەوەی ئـەو چینـە کاریگەریـی خۆیـان بپارێـزن و دەرفـەت بـۆ پێکهاتـەکان و توێژەکانـی تـری کومەڵـگا کـەم ببێتـەوە.

بەگشـتی ئـەوە چەنـد بابەتێکـی سـەرەکی بـوو ئاماژەمـان پـێ کـرد، لـە ڕێگەیـەوە هەوڵمانـدا تیشـك بخەینـە سـەر ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە ڕوویانـداوە، هەتـا بزانیـن کـە ڕوخاندنـی ڕژێمـی پاشـایی و دەرکردنـی هێـزە دەرەکیـە داگیرکـەرەکان و ڕاگەیاندنـی ڕژێمـی کۆمـاری چـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە. ئایـا تەنیـا بـەو پرۆسـەیە دەکرێـت کێشـەکان چارەسـەر بکەیـن، یـان گۆڕانـکاری ڕیشـەیی پێداویسـتی تریشـی هەیـە؟

## جوڵانەوەی ئەیلول و دەرئەنجامەکانی

ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد کەبڕیـاری شـەڕکردن لـەو قۆناخـەداو بـەو شـێوەیەی کەهەبـوو لـە دژی حکومەتـی عەبدولکەریـم قاسـم لـەڕووی سـتراتیژییەوە هەڵەیەکـی مـەزن بـوو، ڕەنگـە لـەڕووی تاکتیکیـەوە لەپێنـاوی دەسـکەوتی حزبیـدا بـۆ پارتـی دیموکـرات گرنـگ بوبێـت، بـەڵام بـۆ گەلـی کـوردو بـۆ ئێـراق زیانـی هەبـوو، خزمەتـی ئـەو دروشـمەی نەدەکـرد کـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ پارتـی بـەرزی کردبـووەو دەیگـوت دیموکراتـی بـۆ ئێـراق و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان. چونکـە کۆمارێکی تازە لـە ئێراقـدا دروسـت ببـوو، لەناوخـۆی و دەرەوەش نەیـاری ئەو کۆمـارە زۆربوون و زۆربەشـیان لەگەڵ ئـەو بڕیـارو یاسـایانەدا نەبـوون کـە بـە ئاڕاسـتەی ئێراقێکـی دیموکـرات و دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی گەلـی کـورددا دەرچووبـوون. عەبدولکەریم قاسـمیش سـەرەڕای هەڵەکانی و کاردانەوەکانـی، لەپێناوی ئـەو بڕیـارو یاسـایانەدا گەلێـك باجـی دابـوو. بـەڵام وەکـو باسـمانکرد لەبەرئـەوەی ئەتمۆسـفێر(کەش و هەوایەکـی) دژایەتـی حکومەتـی عەبدولکەریـم لـەدەرەوە دروسـتکرابوو، لەناوخـۆش بەهـۆی هێـرش و کاردانەوەکانــی حکومەتــی عەبدولکەریــم و زیانمەندبوونــی ژمارەیــەك لەخەڵکــی ڕەش و ڕووت زەمینــەی کاردانــەوەی جەمــاوەری هەبــوو، پارتــی دیموکراتیــش لەبارودۆخێکــی وەهــادا بڕیاریــدا، توانــی زوو لەنــاو جەمــاوەردا پشــتیوانی پەیــدا بــکات و ببێتــە جوڵانەوەیەکــی جەمــاوەری هــاوکات

جوڵانەوەکـە بـووە جێگـەی سـەرنجی سـەرجەم ئـەو هێزانـەی کـە نەیـاری حکومەتـی عەبدلکەریـم قاسـم بـوون، هـەم پەیوەندیـان لەگەڵیـدا دروسـتکرد، هـەم هـاوکاری جۆراوجۆریـان پێشـکەش کـرد. گـەورە بوونـی جوڵانەوەکـەو قـورس بوونـی شـەڕەکانی، بارودۆخـی حکومەتەکـەی عەبدلکەریـم قاسـمی بـەرەو ئاڵـۆزی بـردو لـە ئەنجامـدا دوای سـاڵێك و چـوار مانـگ لـە شـەڕی کـورد بەرامبـەر بـە حکومەتەکـەی عەبدولکەریـم، عەبدوسـەلام عـارف بەهـاوکاری حزبـی بەعـس و پشـتیوانی میسـرو سـوریا توانـی لـە ١٩٦٣/٢/٨ دا کۆتایـی بەدەسـەڵاتی عەبدولکەریـم قاسـم بهێنـێ و دوای ئـەوەی لـە ١٩٦٣/٢/٩ دا عەبدولکەریـم قاسـمین کوشـت حکومەتێکـی هاوپەیمانیـان دروسـتکرد. عەبدوسـەلام عـارف بـووە سـەرۆك کۆمـارو ئەحمـەد حەسـەن بەکـر وەکـو نوێنـەری بەعسـیەکان بـووە سـەرۆك وەزیـر.

بەپێـی بەڵگـەو بیـرەوەری ژمارەیـەك کەسـایەتی کـە لەنزیکـەوە ئـاگاداری ئـەو کودەتایەبـوون، عەبدوسـەلام عـارف و بەعسـیەکان پێش ئـەوەی هەنگاوەکەیان بنێـن پەیوەندی بە پارتـی دیموکراتەوە دەکـەن و داوایـان لـێ دەکـەن یـان هاوکاریـان بکـەن یاخـود دژیـان ڕانەوەسـتن، لەبەرامبـەر ئـەوەدا پەیمانـی ئـەوە دەدەن بـە پارتـی کـە سـەرکەوتن ئامـادەن داواکانـی بارزانـی وپارتـی جێبەجـێ بکـەن. هەربۆیـە پارتـی دیموکـرات لەکاتـی ئەنجامدانـی کودەتاکـەداو هەتـا سـەرکەوتنی شـەڕی خـۆی ڕادەوەسـتێنێ. بـەڵام دوای سـەرکەوتن و جێگیربوونـی پێگـەی حکومەتـە نوێیەکـە، حکومەتـە هاوبەشـەکەی عەبدوسـەلام و بەعسـیەکان ئامـادە نەبـوون هیـچ یەکێـك لەداواکانـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان پەسـند بکـەن. ئەمـەش بـووە هـۆکاری ئـەوەی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لەنێـوان کـوردو حکومەتـی ئێراقـدا. دوای ڕاوەسـتانی دانوسـتاندنەکان، حکومەتـی ئێـراق لـە هاوینـی ١٩٦٣دا، کـە بـە قەومیـەکان دەنـاسران، هێرشـێکی گەورەیـان کـردە سـەر جەمـاوەری کوردسـتان، بەتایبەتـی لـە پارێـزگای سـلێمانی و ناوچـەی شـارەزووردا کە(زەعیـم صدیـق) سەرپەرشـتی شـاڵاوەکەی دەکـرد، ڕەشـبگیرو کۆکوژییەکـی زۆری لەنـاو جەماوەریشـدا ئەنجـام، کـردەوەی وەهایـان ئەنجامـدا کـە لەبیـر خەڵکـی ئـەو ناوچانـە ناچێتـەوە. ئـەم هەڵوێسـتانە شـەڕو پێکدادانـی گەورەکـردو جەمـاوەری زیاتـر هانـدا بـۆ پەیوەنـدی کـردن بـە جوڵانەوەکـەوەو ئیـتر بەشـی زۆری کریسـتیان، تورکـمان و پێکهاتەکانـی تـری کوردسـتان جوڵانەوەکەیـان وەکـو پشـت بـۆ خۆیـان دەبینـی، بـۆ خـۆ پاراسـتن لـە سـتەمی نـەژاد پەرسـتە عەرەبـەکان. ئـەم بارودۆخـە لەلایـەك کاردانـەوەی جەمـاوەری لەکوردسـتان و باشـووری ئێراقـدا لـێ کەوتـەوە، لەلایەکـی تـرەوە ترسـی لای عەبدوسـەلام عـارف دروسـتکرد بـەوەی کـە ڕەنگـە بەعسـیەکان ئـەو لەدەسـەڵات دوور بخەنـەوەو بەتەنیـا خۆیـان دەسـەڵات بەڕێوەببـەن، هەربۆیـە لەمانگـی ١١ی ١٩٦٣دا عەبدوسـەلام عـارف کودەتایەکـی بەسـەر بەعسـیەکاندا ئەنجامـداو لەدەسـەڵاتی دوورخسـتنەوەو بۆخـۆی بـووە فەرمانـڕەوای ڕەهـای ئێـراق. عەبدوسـەلام عارفیـش دوای سـەرکەوتنی لـە کودەتاکەیـدا، جارێکـی تـر پەیوەنـدی بـە بارزانـی دەکاتـەوەو داوای ئـەوەی لـێ دەکات کـە شـەڕ ڕابوەسـتێنێت و دانوسـتاندن دەسـت پـێ بکەنـەوە. عەبدولسـەلام ئامادەیـی خـۆی نیشـان دەدات بـۆ پێدانـی ئۆتۆنۆمـی بەکـورد. بـۆ ڕازیکردنـی کوردیـش ڕووداوەکانـی هاوینـی سـاڵی

١٩٦٣ و سەرنەکەوتنی دیالۆکەکانی ساڵی ١٩٦٣ی دەخستە ئەستۆی بەعسیەکانەوە، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا جوڵانەوەی کوردی بردە قۆناخێکی ترەوە، کەسەر ئەنجام پارچەبوونی جوڵانەوەکە بوو. جێگەی خۆیەتی کەمێك باسی بارودۆخی ناوخۆیی جوڵانەوەی ئەیلول بکەین، وەکو باسمانکرد شەپۆل شەپۆل جەماوەر لە هەموو پێکهاتەکان پەیوەندی بە جوڵانەوەکەوە دەکەن. بۆ نمونە لەو قۆناخەدا (مارگرێت) و باوکی و برایەکی پەیوەندی بە جوڵانەوەکەوە دەکەن و مارگرێت دەبێتە یەکەم پێشمەرگەی ژن لە سەردەمی نوێدا، هەروەها لە بەشەکانی تری کوردستانەوە بە لێشاو پەیوەندی بە جوڵانەوەکەوە دەکرا. لەسەر ئاستی دەرەوەش وەکو باسمان کرد پەیوەندی و پشتیوانی پەرەیان دەسەند. بەڵام ئەوەی لایەنی نەرێنی بوو، بارودۆخی سەرکردایەتی جوڵانەوەکە بوو. لەلایەك سەرکردایەتی جوڵانەوەکە رۆژبەرۆژ لەیەکتری دەترازان و ناکۆکی لە تێڕوانین و هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی لەلایەك و مستەفا بارزانی لەلایەکی ترەوە ڕووی لەزیادبوون دەکرد. هاوکات کۆی سەرکردایەتی خۆیان بۆ بارودۆخێکی وەها ئامادە نەکردبوو. بارزانی پێی وابوو کە بەهۆی شەڕو پێکدادانەکانی ساڵی ١٩٦٣ە و پێشمەرگەو جەماوەر ماندووبوون و ئەگەر بۆ تاکتیکیش بێت شەڕ ڕابوەستێنن باشە، بۆئەوەی جوڵانەوەکە خۆی کۆبکاتەوە، هەربۆیە لە گەڵ ئەوەدابوو کەڕازی بن بەشەڕ ڕاوەستاندن و دەستپێکردنەوەی دانوستاندن. هەرچی ئیبراهیم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی بوو پێیان وابوو کە عەبدوسەلام عارف نیازی باش نیەو ڕاست ناکات، هەر بۆیە دەخوازێت کات بەدەست بهێنێت و خۆی کۆبکاتەوەو دەسەڵاتەکەی خۆی سەقامگیر بکات، لەبەر ئەوە پێیان باش بوو کەشەڕ بەگوڕتر بکەن هەتا بەهێزی خۆیان سەردەکەون. لەئەنجامدا بارزانی بەبێ گەڕانەوە بۆ سکرتێرو مەکتەبی سیاسی لە ١٩٦٤/٢/١٠ئاگربەست ڕادەگەیەنێت و دەست بەدانوستاندن دەکات. هەرچی مەکتەبی سیاسی بوو ئەم ئاگربەست و دیالۆکەیان ڕەتکردەوەو خواستیان شەڕ بەردەوام بێت و فەرمان دەدەن بە فەرماندەکان کە شەڕ ڕانەگرن، لەبەرامبەردا بارزانی ژمارەیەك فەرماندەی هێزەکان دەگۆڕێت و کەسانی نزیك لە خۆی دەکاتە فەرمانداریان و بەوشێوەیە تەدبیری خۆی وەردەگرێت، لەوانە جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری کە لەمانگی ئاداری ١٩٦٣دا لە فەرماندەیی لادەبرێن هەروەها بارزانی بەردەوامی بەدانوستاندنەکان دەدات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە مانگی نیسانی ١٩٦٤مەکتەبی سیاسی کۆنفرانسێك لە ماوات ئەنجام دەدەن و بڕیاری ڕاوەستاندنی ئەرکی سەرۆکایەتی بارزانی دەدەن، ئەم بڕیارەش بەبێ ئامادەبوونی مستەفا بارزانی دەدرێت. بارزانی ئەو بڕیارە بەناڕەوا دەزانێت و پەسندی ناکات و لە کاری خۆی بەردەوام دەبێت. لەم ماوەیەدا لەڕێگەی کەسانی دڵسۆزەوە هەندێك هەوڵدەدرێت بۆ ئاشتبوونەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگای دیالۆکەوە، بەڵام هەوڵەکان سەرناگرێت و لەئەنجامدا بەبێ ئامادەبوونی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەمانگی تەموزی ١٩٦٤دا بارزانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات ئەنجام دەدات و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کۆن لادەبەن و سەرکردایەتیەکی نوێ هەڵدەبژێرن و بارزانیش دەبێتەوە

بەسەرۆك و دیالۆکی بارزانی و حکومەتیش پەسند دەکرێت، دواش لەسەرکردایەتی کۆن دەکەن کە خۆیان ڕادەستی پارتی بکەن، بەڵام سکرتێرو مەکتەبی سیاسی کۆن ئەو کۆنگرە بەنایاسایی دەزانن و مستەفا بارزانی بەوە تاوانبار دەکەن کە تاکڕەوانە بڕیاردەدات و بەپشتیوانی حکومەتی ئێراق کار دەکات. هەرچی بارزانی و سکرتێر و مەکتەبی سیاسی نوێیە، ئیبراهیم ئەحمەدو هاوڕێکانی بە بەکرێگیراوی ئێران دەزانن و پێیان وایە کە ئەوە ئێرانە فشاریان دەخاتە سەر بۆ ئەوەی بەدیالۆك لەگەڵ حکومەتی ئێراقدا رازی نەبن. دواتر بارزانی هێزێکی مەزن دەنێرێتە سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی لە (ماوات) بۆ ئەوەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆن دەستگیر بکەن، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدو هاوڕێکانی و ژمارەیەك پێشمەرگە کە لەگەڵیاندان دەچنە رۆژهەڵاتی کوردستان و خۆیان ڕادەستی ئێران دەکەن و ئێرانیش لە هەمەدان جێگیریان دەکات. بەمشێوەیە جارێکی تر بارزانی پەنای بۆ هێز برد بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکیەکان و ئەمەش بووە سەرەتای پارچەبوون و قۆناخێکی ناخۆش بۆ جوڵانەوەی کوردی کە دواتر شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوە.

دیالۆکی بارزانی و عەبدوسەلام عارف ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، لەو ماوەیەدا ئێران پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بارزانی هەڵپەساردو قورسایی دایە سەر ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی کەبە جەماعەتی مەکتەبی سساسی دەناسران، بەڵام ئەوان نەیانتوانی هیچ لە هاوکێشەکە بگۆڕن. بارزانی دوای ئەوەی ئەنجامی بەدەست نەهێنا لە دیالۆك، هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا دروست بکاتەوە، ئەوەبوو لە بەهاری ١٩٦٥دا جارێکی تر پەیوەندی نێوان بارزانی و ئێران بەرەو پێشەوە دەچێت. لەم پەیوەندییانەدا بابەتی حزبی دیموکرات و جەماعەتی مەکتەبی سیاسی دەبنە رۆژەڤ و ئێران داوای بێ دەنگکردنی حزبی دیموکرات لە پارتی دیموکرات دەکات. هەرچی بارزانیە داوای گێڕانەوەی جەماعەتی مەکتەبی سیاسی دەکات. هەردوولا لەسەر ئەو بابەتانەو پشتیوانی ئێران بۆ جوڵانەوەکە ڕێکدەکەون.

دوای ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکان بارزانی و ئێران، ئێران داوای لە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی کرد کە یان بگەڕێنەوە لای بارزانی یان لە ئێرانەوە دژی بارزانی سیاسەت نەکەن. لەئەنجامدا ئیبراهیم ئەحمەد بڕیاریدا بچێتە بریتانیاو ئیتر لە گۆڕەپانی گەرمی سیاسەت دوورکەوتەوە. ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش کە " جەلال تاڵەبانی ، عەلی عەسکەری، نوری شاوێش و نوری ئەحمەد تەها " لەدیارترینیان بوون، گەڕانەوە بۆ لای بارزانی و دادوەری پارتی، ئەمەش لەهاوینی ١٩٦٥دابوو. لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ئێراندا بارزانی داوای لە ئەحمەد تۆفیق و حزبی دیموکرات کرد کە چالاکیەکانی خۆیان لە دژی ئێران ڕاوەستێنن و کارێك نەکەن کە زیانی بۆ پەیوەندییەکانی ئێران و جوڵانەوەی ئەیلول هەبێت، لەم نێوەندەدا ئێران لێبوردنی بۆ خەڵکانی سیاسی دەرکرد، لەبەرئەوە بارزانی داوای لە حزبی دیموکرات کرد کەیان لە باشوردا بەبێ دەنگ دانیشن یان بچنەوە ئێران سیاسەت بکەن یاخود باشوور بەجێ بهێڵن. پێشتر باسمان لە ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتەکرد، کە تێیدا حزبی دیموکراتی کوردستان لەچالاکی سەربازی و

سیاسی سڕکراو و جەماعەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانیش چوونەوە ژێربالی سەرۆك.
لە ساڵی ١٩٦٦دا ڕووداوێك ڕوویدا، کە تێیدا جەلال تاڵەبانی کە هەتا ئەو کاتە لە دۆڵە ڕەقەی نزیك ڕانیە دەست بەسەر بوو، بەهاوکاری عەباس ئاغای ئاکۆیی خۆی ڕادەستی حکومەتی ئێراق کرد، ئەم ڕووداوە بووە لێکترازانی دووەم. تاڵەبانی و هاوڕێکانی هۆکاری ئەم هەڵوێستە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە بارزانی لەگەڵ بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ نەبووەو سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گەڕاونەتەوە لای بارزانی و خۆیان ڕادەستی ئەو کردووە، کەچی بارزانی لێبوردنی بۆ هەندێکیان دەرکردووەو بەرپرسیارێتی پێ داون، بەڵام سەبارەت بە جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری لە ژێرەوە هەوڵی کوشتنیانیداوە، هەربۆیە ئەوانیش پەنایان بردۆتە بەر ئێراق و ئەو پەنابردنەشیان لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکی سیاسیدا بووەو حکومەتی ئێراق پەیمانی داوە کە بەشێك لە داواکانی کورد پەسند بکات. هەربۆیە ئەوەی کردوویانە کارێکی ئاسایی بووەو ڕەوایەو لەو ڕوانگەیەوە بانگەوازییان بۆ لایەنگرانی خۆیان کرد کە پەیوەندییان پێوە بکەن و بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی پارتیان بە ناڕەوا داناو لە کەلار لە ٢٢-١٩٦٧/٣/٢٧ کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی باڵی مەکتەب سیاسیەوە ئەنجام دەدەن و ناوی پارتی دەگۆڕن بۆ (پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان)و ئیبراهیم ئەحمەد دەکەنەوە بەسکرتێری پارتی و جەلال تاڵەبانی و ١٥کەسیش بۆ سەرکردایەتی هەڵبژادران. ئیتر ئەم کۆمەڵە بە فەرمی ناویان بووە" پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان " و لە ناوەندە سیاسەکاندا پێیان دەگوتن باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەناو جەماوەریشدا بە جەماعەتی جەلالی دەناسران. بەتێڕوانینی ئەم باڵە، بارزانی بووبوو بە داردەستی ئێران و ئیتر بۆ ئێران کاری دەکردو ئەو بانگەشانەی پێشتر بارزانی بۆ ناوزڕاندنی باڵی مەکتەبی سیاسی کردبووی، ئێستاخۆی بەزیاترەوە بۆ ئێرانی ئەنجام دەدا.
لە بەرامبەردا بارزانی و سەرکردایەتی پارتی جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەوان هیچ بەرنامەیەکیان بۆ کوشتنی جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی نەبووە، بەڵکو دەرفەتی زیاتریان داوە پێیان بۆ ئەوەی زیاتر بەخۆیاندا بچنەوەو هەڵەو کەموکورتیەکانی خۆیان ببینن، ئەوانیش ئەو دەرفەتەیان قۆستۆتەوەو ناپاکیان لە شۆڕش کردووەو خۆیان ڕادەستی حکومەتی ئێراق کردووەو بونەتە جاش و هیچ پاساوێك ناتوانێت پاکیان بکاتەوە. هەربۆیە لە ئەدەبیاتی پارتیدا ئیتر کە باسی ئەو باڵەیان بکردایە، یان دەیانگوت جاشەکانی (٦٦) یان دەیانگوت جەلالیەکان. دوای ئەو ڕووداوە ئیتر هەرچی ئەوانەبوون کەلایەنگری تاڵەبانی و باڵی مەکتەبی سیاسی بوون یاخود لەسیاسەتەکانی بارزانی ناڕازی بوون لە دەوری تاڵەبانی کۆبوونەوەو ساڵانی ١٩٦٦ هەتا ١٩٧٠شەڕی یەکتریان کرد. بۆ ئەم شەڕەش بارزانی هاوکاری لە ئێران، ئەمریکا، ڕوسیاو چەندین دەوڵەتی تر وەردەگرت، تاڵەبانیش پشتی بە حکومەتی ئێراق بەستبوو، لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە گەنج و لاوی کوردستان بوونە قوربانی شەڕی ناوخۆو زۆر هەوڵدرا

بۆ ئەوەی ئەوشەڕە کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵام هەر بەردەوام بوو. ئەم شەڕە لەگەڵ خۆیدا چەندین نەریت و فەرهەنگی خراپی زەق کردەوە. یەکێك لەو نەریتانە ئەوەبوو هەر لایەنەی بۆ ئەوەی پشتی بەرامبەرەکەی بشکێنێت، ڕەوایی بەهەر جۆرە پەیوەندیەك دەدا لەگەڵ دەوڵەتە سەردەستەکانی سەر کوردستاندا. هەرلایەنەو بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا پاساو بۆ پەیوەندیەکانی بێنێتەوەو ڕەوایان پێ بدات، لەبەرامبەردا لایەنی بەرامبەرو کردەوەکانی بە ناڕەوا نیشان بدات و بەناپاکی تۆمەتباری بکات. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاك و کۆمەڵگای کوردستان کرد، چونکە ئیتر پێوانە بۆ شۆڕش و ناپاکی تێکەڵی یەکتر کران. هەرئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە کە هەتا ئێستا ئەم پێوانەیە ڕاست نەکراوەتەووە.
ڕەواییدان بەشەڕی ناوخۆ نەریتێکی تری خراپ بوو کە ئەو قۆناخە لەگەڵ خۆیدا هێنای، هەرچەندە لە ڕابردوودا هەڵەو کەموکورتی هەبوو، بەڵام نەگەیشتبووە ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ ڕەوا ببینرێت. ئەو قۆناخە شەڕی ناوخۆ لەپلەی یەکەمدا جێگیر کراو هەرلایەنەی خۆی بەڕەوا دەزانی و هەوڵی بنبڕ کردنی بەرامبەری دەدا، ئەمەش نەریتێکی خراپی لەگەڵ خۆیدا دروستکرد کە تەشەنەی کرد بۆ بەشەکانی تری کوردستان و هەتا ئێستاش شوێنەواری لە ڕووی زهنی، ڕوحی، دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە هەرماوە.
خاڵێکی تر کە هێندەی ئەوانەی تر کاریگەری نەرێنی هەیە یاخود هەبووە، کارکردن بوو لەسەر پارچەکردنی کۆمەڵگاو ئەویش بە داهێنانی شەڕی بادینان و سۆران، کە هەرلایەنەی بۆ ئەوەی لە سەربنەمای جوگرافی و هەرێمی زەمینەی خۆی زیاتر بکات، کەوتە دژایەتی لایەنی بەرامیەر و تومەت بۆ یەکتر هەڵبەستن. ئەمەش دابڕانێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی لەناو کۆمەڵگادا دروستکردو هەتا ئێستاش کاریگەری نەرێنی هەرماوە. ئەمانەو چەندین دەرهاویشتەی تری کۆمەڵایەتی و دەروونی کە ئەو شەڕانە لەگەڵ خۆیاندا هێنایان و بوونە هۆکاری ئەوەی کە خەڵك ئێش و ئازار و فشارەکانی دەوڵەتی لە بیر بچێتەوەو دەوڵەتیش بە تیۆری سەگی سپی و سەگی ڕەش هەرکامیان بکوژرێن هەرسەگە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکرد.
لەم ماوەیەدا دوو گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی ئێراقدا روویاندا، یەکەمیان مردنی عەبدوسەلام عارف بوو، بەهۆی تەقینەوەی فڕۆکەکەیەوە لەکاتی گەڕانەوەی لە بەسرەوە بۆ بەغداد. دواتر بوونی عەبدولڕەحمانی برای بەسەرۆك کۆماری ئێراق ئەم روداوە لە ١٩٦٦/٤/١٥ دا ڕویدا. گەلی کورد مردنی عەبدوسەلام عارفیان بە خۆشحاڵی پێشوازی کرد، چونکە کەسێکی دەمارگیر بوو، پەیمانی دابوو کە ئەگەر دیالۆکی نێوان ئەو و بارزانی ئەنجام نەگرێت و شەڕ دەست پێ بکاتەوە، ئەوا تێزاب دەکات بەسەر کوردستاندا. عەبدولڕەحمان عارف کەسێکی سەربازی بوو، ئەویش جەنەراڵی سوپا بوو، بەڵام بە بەراورد بە عەبدوسەلامی برای نەرمتر بوو، بەڵام خاوەنی تێگەو پڕۆژەیەکی جیاواز نەبوو هەربۆیە بوونی عەبدولڕەحمان عارف بەسەرۆك کۆمار گۆڕانێکی ڕیشەیی ڕووی نەدا. بەڵام بەهۆی نەرمی و نەبوونی حاکمیەتیەوە دەرفەتی بۆ بەعسیەکان ڕەخسناند وردە وەردە خۆیان ڕێکبخەنەوە. ئەوەبوو لە دوای دووساڵ بەعسیەکان بە

هـاوكاری چەنـد كەسـایەتی نـاو حكومـەت كودەتایەكـی سـپیان ئەنجامـداو عەبروڵڕەحـمان عارفیـان لەسـەرۆكایەتی دوورخسـتەوەو ئەحمـەد حەسـەن بەكـر بـووە یەكـەم سـەرۆك كۆمـاری بەعسـی لـە ١٩٦٨/٧/١٧. جێگـەی ئامـاژە پێكردنـە كەهەتـا ئـەم بـەرواره سـەدام حسـێن كەسـێكی دیـارو خـاوەن پێگـە نەبـوو لەنـاو بەعسـدا، بەهـۆی خزمایەتیـەوە لەگـەڵ ئەحمـەد حەسـەن بەكـر و متمانـەی بەكـر بـە سـەدام، سـەدام دەكاتـە بەرپرسـی ئـەو تیمـەی كـە لەگـەڵ بەكـردا دەبـن بـۆ دەسـت گرتـن بەسـەر كۆشـكی كۆماریـدا و ئیـتر لێـرەوە ئەسـتێرەی سـەدام دەسـت بـە درەوشـانەوە دەكات و لەسـاڵی ١٩٦٩دا دەیكەنـە ئەندامـی سـەركردایەتی حزبـی بەعسـی و لەسـاڵی ١٩٧٠یشـدا دەیكەنـە جێگـری سـەرۆكی ئەنجومەتـی سـەركردایەتی شـۆڕش و بەرپرسـی ئاسایشـی تایبـەت و ئەویـش ئـەو ئەركانـە بـۆ خـۆی دەقۆزێتـەوە و دەبێتـە كەسایەتی دووەم لـە دوای بەكـرەوەو لەسـاڵی ١٩٧٤ بـەدواوە و ئیـتر بەكـرداری دەبێتـە هاوبەشـی سـەرۆك و لـەڕووی جێبـە جـێ كردنـەوە ئـەو ئێـراق بەڕێـوە دەبـات . هەتـا لەسـاڵی ١٩٧٩ دا ئەحمـەد حەسـەن بەكرناچـار دەكات بەفەرمـی دەسـت لەسـەرۆكایەتی ئێـراق بەربـدات و بۆخـۆی دەبێتـە سـەرۆكی ئێـراق.

هاتنـە سـەرحوكمی بەعـس بـووە مێژوویەكـی نـوێ بۆ ئێـراق. چونكـە پەیمانـی زۆریان بەجەمـاوەرداو بڕیاریشـیاندا لاپەڕەیەكـی نـوێ لەگـەڵ كـوردا بكەنـەوە. ئەوەبـوو لـە هەنـگاوی یەكەمـدا داوای دیالـۆك و پەیوەندیـان لـە بارزانـی كـرد. زانكـۆی سـلێمانی كرایـەوە لـە سـاڵی ١٩٦٨، دەهـۆك لـە سـاڵی ١٩٦٩ دا كرایـە پارێـزگا. ئەمانـە بەشـێك بـوون لـەو داوایانـەی كـە كـورد پێشـتر كردبوونـی. زیندانـە سیاسـیەكانی كوردیـان ئـازاد كـرد. ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی كـە دیالـۆك لـە نێـوان بارزانـی و حكومەتـی بەعسـدا دەسـت پـێ بـكات، بـەڵام دوای ماوەیـەك بـێ ئەنجـام بـوو، شـەڕ دەسـتی پێكـردەوە، لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠دا سـەدام حسـێن بـووە نوێنـەری ئەحمـەد حەسـەن بەكـر و ئەمـەش كاریگەریـی لەسـەر ڕەوتـی ڕووداوەكان و درەوشـانەوەی سـەدامیش كـرد، سـەدام حسـێن لەسـەر نـاوی حكومـەت پەیمانـی پەسـندكردنی سـەرجەم داواكانـی كـورد دەداتـە بارزانـی و ئامادەیـی ڕاگەیاندنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ كـورد نیشـان دەدات. لەبەرامبـەردا داوای ئـەوە دەكـەن كـە شـەڕ بۆمـاوەی چـوار سـاڵ ڕابوەسـتێت و لـەو مـاوەدا بـە دانوسـتاندن نـاوەڕۆك و چوارچێـوەی ئۆتۆنۆمـی دیـاری بكـەن. هـاوكات داوا لـە بارزانـی دەكات كـە لەگـەڵ تاڵەبانـی ڕێكبكـەون و ئـەوە دەكەنـە مەرجێـك بـۆ ڕێككەوتنـی خۆیـان. هـۆكاری ئەمـەش دەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەوەی كـە ئەگـەر بارزانـی و تاڵەبانـی ڕێـك نەكـەون، ڕەنگـە تاڵەبانـی سـەنگەر بگۆڕێـت و بچێتـە لای ئێـران و ئـەوەش بـۆ بارزانـی و حكومەتـی ئێراقیـش زیانـی دەبێـت، لەبەرئـەوە پێداگیـری لەسـەر ڕێككەوتنـی هـەردوو لایـان دەكـرد. لـە ئەنجامـدا لـە ١٩٧٠/٣/١١دا بەیاننامـەی ڕێككەوتنـی جوڵانـەوەی كـوردو حكومەتـی ئێـراق بـۆ رای گشـتی لـە یاریـگای (شـەعب) لـە بەغـداد بـە ئامادەبوونـی ئەحمـەد حەسـەن بەكـرو سـەدام حسـێن و د. مەحمـود عوسـمان و ئیدریـس بارزانـی و مەسـعود بارزانـی ڕاگەیەنـدرا. كـە دواتـر بـە بەیانـی ١١ی ئـادار نـاسرا. لـە هاوینـی هەمـان ساڵیشـدا پارتـی دیموكراتـی شۆڕشـگێری كوردسـتان(پارتەكەی تاڵەبانـی) بڕیاریـدا بچێتـەوە ژێـر باڵـی بارزانـی و بارزانیـش ئـەو هەنـگاوەی پەسـند كردو بەو شـێوەیە

پـەردە بەسـەر چـوار سـاڵ شـەڕی ناوخـۆی و دژایەتـی یەکـتردا دادرایـەوەو ئیـتر هەمـوو نیـگاکان لەسـەر ئەوەبـوون کـە ئـەو ڕێککەوتنـەی کـوردو حکومـەت چـی بەرهەمـی لـێ دەکەوێتـەوە. لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە ئێـران زۆر لـەو ڕێککەوتنـە نـاڕازی بـوو، چونکـە پێـی وابـوو ئـەو ڕێککەوتنـە دەبێتـە هـۆکاری بەهێـز بوونـی ئێـراق و کـورد، ئیـتر نـە ئێـراق و نەکـورد پێویسـتیان بـە ئێـران نابێـت و ئەمـەش بـۆ سـتراتیژو سیاسـەتی ئێـران دەبێتـە مەترسـی، هـاوکات ئـەو دەوڵەتانەی کـە هـاوکاری بارزانیـان دەکـرد لەوێنـەی ئەمریـکا، ئەڵمانیـا، یەکێتـی سـۆڤێت، سـعودیە، بریتانیـاو کورێـت نیگـەران بـوون لـەو ڕێککەوتنـەو پێیـان وابـوو سـەرکەوتنی ئـەو ڕێککەوتنـە بەرنامەکانـی ئـەوان سـەبارەت بـە ئێـراق تێـك دەدات و ئـەوان لـە ئێراقـدا مایـە پـوچ دەبـن، هەربۆیـە ئـەو هێزانـە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەو خـۆ لەهەوڵـی پـەك خسـتنی ڕێککەوتنەکـەدا بـوون. بێگومـان ئەمـە لایەنێـك بـوو کەپێویسـت بـوو هـەردوو لایەنـی ڕێککەوتنـە کـە ببینـن و لـە بەرامبەریـدا وشیاربن. ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادار بـووە هـۆی ئـەوەی کـە تاڕادەیـەك ئارامـی ڕوو لـە کوردسـتان بـکات و لەچوارچێـوەی ڕێککەوتنەکـەداو بەشـێوەیەکی سـنوردار هەوڵـدرا ئـەو ناوچانـەی لەکاتـی شـەڕدا زیانیـان بەرکەوتـووە، قەرەبـوو بکرێنـەوەو هەندێـك پـرۆژەی خزمەتگـوزاری بـۆ ناوچـە کوردسـتانیەکان ئەنجامـدرا. دەسـەڵاتی ناوچـە کوردسـتانیەکان لـەڕووی کردارییـەوە هەتـا کەرکـوك کەوتبـووە ژێـر دەسـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە. ئـەم بارودۆخـە لەسـەرەتاوە ئاسـودەیی و بەختـەوەری بـۆ گەلـی کوردسـتان هێنـا، بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی کات نارەزایـی خەڵـك دروسـت دەبـوو، وردەوردە ڕووی لـە زیـاد بوونیـش دەکـرد، هـۆکاری ئەمـەش دوولایەنـە بـوو. لایەنێکـی وابەسـتەی ئەوەبـوو کـە حکومەتـی ئێـراق بـە پێـی پەیمانەکانـی خزمەتـی ئـەو ناوچانـەی نـەدە کـردو ئەمـە نیگەرانـی خەڵکـی دروسـت دەکـرد. لایەنەکـەی تـری وابەسـتەی سیسـتمی ئیـداری و مامەڵـەی بەرپرسـە کوردەکانـی پارتـی دیموکـرات بـوو، کـە بەشـێکی زۆریـان کەوتبوونـە گەندەڵـی و شـڕەخۆری و ئەمـەش جەمـاوەری زیاتـر بێـزار دەکـرد. بێگومـان ئـەم لایەنەیـان لەلایەنـی یەکـەم مەترسـیدارتر بـوو، چونکـە ئەمـە دەبـووە هـۆی بـێ باوەڕبوونـی جەمـاوەر بەجوڵانـەوەی کـوردی و کوردایەتـی، جەمـاوەری لـە جوڵانەوەکـە دوور دەخسـتەوە. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بـۆ فەلسـەفەیەکی هەڵـەی ژیـان و تێکـۆ شـان بکەیـن کـە لـەم سـەردەمەدا دروسـت بـووەو ئەوەشـیان بـە نـاوی بارزانیـەوە کـردووە (ئیـتر نازانرێـت ڕاسـتە یـان نـا؟) ئەویـش ئەوەیـە کـە گوایـە خەڵکـی چەنـد ناوچـە چوونەتـە لای بارزانـی و گلەییـان لـە بەرپرسـی ناوچەکانـی خۆیـان کـردووەو داوایـان کـردووە بیانگـۆڕن، بارزانیـش گوایـە لـەوە ڵامـدا وتویەتـی ئـەو بەرپرسـانە هەتـا ئێسـتا هەندێـك گیرفانیـان بـڕ کـردووەو چاویـان تێـر بـووە، بـۆ ئـەوە کەمێـك ویژدانیـان دەبێـت، خۆئەگـەر هـی نـوێ بخەینـە جێگـەی ئەوانـە، ئـەوا هەتـا ئەوانیـش هەندێـك چاویـان تێـر دەبێـت میللـەت دەڕوتێننـەوە. بـۆ ئەمـە لـە جێگـەی خۆیـان بمێننـەوە باشـترە. بێگومـان ئـەم هەڵوێسـتە هـی بارزانـی بێـت یاخـود نـا بەنـاوی بارزانیـەوە بـڵاو بۆتـەوەو لـە ئێستاشـدا بەشـێکی کۆمەڵـگا بـەم فەلسـەفە چەوتـە کار دەکات، چونکـە چاودێـری و لێپرسـینەوە ناهێڵێـت و ئەمـەش خراپتریـن نەخۆشـیە کـە ڕووبـەڕووی شـۆڕش ببنـەوە.

بێجگە لەمانە ئەو چوار ساڵەی کە دیاری کرابوو بۆ دیالۆك بە شێوەی پچڕپچڕ و جارجار بەردەوام دیالۆك هەبوو. حکومەتی ئێراق بۆ ئەوەی سوود لەم ماوەیە وەربگرێت، لە ساڵی ١٩٧٢ نەوتی خۆماڵی کرد، هاوکات ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت ئەنجامداو دواتر لەساڵی ١٩٧٣شدا هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ حزبی شیوعی دروستکرد. لە ڕێگەی ئەم پەیمان و ڕێککەوتنانەوە، حزبی بەعس پێگەی خۆی لەناوخۆو دەرەوەدا بەهێزکردو سوپاو دام و دەزگاکانی دەوڵەتیشی نوێکردەوەو توانای شەڕی بۆ دابینکردن. بەمشێوەیە ڕۆژبەڕۆژ پێگەی خۆی لەناو دیالۆکدا بەهێز دەکرد.

هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە پشتی بە پەیوەندیە دەرەکیەکانی بەستبوو، وەکو مەسعود بارزانی لە پەرتوکی بارزانی و جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردا دەڵێ؛ "لە دوای ساڵی ١٩٧٢، واتە دوای خۆماڵی کردنی نەوتەوە، هاوکاری دۆستەکان زیاتر بوو"(٩٩). دیارە ئەو دۆستانە خۆیان بە خەمخۆری جوڵانەوەکە لە قەڵەم دەدەن، هەربۆیە هاوکاریەکانیان زیاد دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان دەیانەوێت بەمشێوەیە بارزانی لە نزیکی خۆیانەوە ڕابگرن و بەتەواوی ڕێکنەکەوێت لەگەڵ حکومەتدا، بۆ ئەوەی وەکو کارتێکی فشار لەبەرامبەر حکومەت سوودی لێ وەربگرن. لەلایەکی تریشەوە حکومەت ناچار بکەن سەر بۆ داواکانی ئەو هێزانە دانەوێنێت و پەسندی بکات. بەڵام بارزانی و سەرکردایەتی پارتی ئەو هاوکاریەی کە وەریان دەگرت نایکەنە بنەمایەك بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی، ڕۆژانەیی سەیری دەکەن لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەبردنیشەوە نمونەیەکی جوان نیشانی کۆمەڵگا نادەن و کۆمەڵگاش لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی کاتە سەختەکان پەروەردەو ئامادە ناکەن،

(٩٩) بەپێی ئەو بەڵگانەی مەسعود بارزانی لە پەرتوکی «بارزانی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان» دا بڵاوی کردۆتەوە، ئەم وڵاتانە بەم شێوەیە هاوکاری پارتی دیموکراتیان کردووە.

أ ـ ئێران هەر لەسەرەتای جوڵانەوەکەوە لەبواری دارایی و لۆجستیکیەوە هاوکاری جوڵانەوەکەی کردووە. بەوتەی مەسعود بارزانی ئێران بەپارە کەمتر هاوکاری دەکرد، زیاتر پێداویستیەکانی بۆ دابین کردوون. بڕی هاوکارییەکەی بەپارە دیاری نەکردووەو دەڵێ لە ١٩٧٤/١/١ەوە مانگانە ٢٠ملیۆن تومان (کەئەو کاتە دەیکردە ٦ ملیون دولار) هاوکاری کردووەو دوای ١٩٧٤/٧/١ هاوکارییەکەی کردووە بە دووهێندە، هەتا لە پەیمانی جەزائیردا ئەو هاوکارییەی بڕی.

ب ـ ڕوسیا لە کۆتایی ١٩٦١ەوە هەتا ١٩٦٨ ساڵانە (٣٦٠٠٠٠) دۆلار هاوکاری دەداتە جوڵانەوەکە. ساڵی ١٩٦٩ هەتا ١٩٧٢هاوکارییەکەی کردووە بە(١,٥٠٠,٠٠٠) دۆلار. بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ ئێراقدا ڕێککەوت ئەو هاوکارییەی بڕی.

ج ـ ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٦٩ دا ملیۆنێك مارکی ئەڵمانی هاوکاری دەدات.

د ـ ئەمریکا لە نێوان ١٩٧٣/٣/١ هەتا ١٩٧٥/٣/١، (٦)ملیۆن دۆلار هاوکاری بەپارە پێشکەش کردووەو بە بەهای (١٠) ملیۆن دۆلاریش چەکی بۆ کڕیون.

هـ ـ بریتانیا بەبڕی(٢٥٠,٠٠٠) پاوەنی ئەستەرلینی هاوکاری کردووە.

و ـ ساڵی ١٩٧٤ شای سعودیە (١)ملیۆن دۆلار هاوکاری جوڵانەوەکەی کردووە.

هەتـا پێشــمەرگەکانیان لەســەر ئــەو بنەمایــە ئامــادە ناکــەن، بەڵکــو لەســەر بنەمــای ئارامــی و بەسـەرچوونی کاتـە زەحمەتـەکان ئامـادە دەکـەن، واتـە بـێ پەروایـی و بـێ خەمـی پێـش دەکەوێـت، ئەمانـە دەبنەخاڵـی لاوازی جوڵانەوەکـە. کاتێـك ئـەم هـاوکاری و جـۆرو کاتەکانـی وکاتـی بڕینەکـەی دەبینیـن هەسـت بـەوە دەکرێـت کـە چەنـد لایـەن کاریـان لەسـەر جوڵانـەوەی کـوردی کـردووەو هـەر یەکـەو خواسـتویەتی سـودی لـێ وەربگرێـت و هەرکاتێـك گەیشـتونەتە مەرامـی خۆیـان ئیـتر پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ جوڵانەوەکـەدا بڕیـوە.

لەگـەڵ ئـەوەی هەرلایەنـەی بەگوێـرەی تێگـەی خـۆی مامەڵـەی لەگـەڵ بارودۆخەکـەدا کـرد. بـەڵام چـوار سـاڵ تێپەڕبـوو بەبـێ ئـەوەی هـەردوولا بگەنـە ڕێککەوتنـی کۆتایـی، لایەنـی کـوردی جەختـی لـەوە دەکـردەوە کـە دەبێـت کەرکـوك بکەوێتـە سـنوری دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمیـەوە. هەروەهـا بەرپرسـانی دەسـەڵاتی ئۆتۆنـۆم لەلایەنـی کـوردەکان بـۆ خۆیانـەوە دیـاری بکرێـت و دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەسـتی تـێ وەرنـەدات. هەروەهـا بەپێـی داخـوازی لایەنـی کـوردی دەبـوو بەشـێکی داهاتـی ئابـووری هەرێمـی ئۆتۆنـۆم بـۆ کوردسـتان بێـت و لەگـەڵ ئەمانەشـدا هێـزی پێشـمەرگە بەفەرمـی بناسرێـت و لـە ژێرفەرمانـی دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمـدا بێـت. لـەم چوارچێوەیـەدا تێڕوانینەکانـی خـۆی داڕشـت و بـڵاوی کـردەوەو جەختـی لـەوە کـردەوە کـە بەبـێ ئـەو هەنگاوانـە بەهیـچ جـۆرە ئۆتۆنۆمیـەك ڕازی نابـن. لەبەرامبـەردا حکومەتـی ئێـراق ئامـادە نەبـوو کەرکـوك بخاتـە نـاو سـنوری دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمـەوە، پێـی باشـتر بـوو کـە بەهاوبەشـی بەڕێـوە ببرێـت، بـەڵام ئامادەبـوو هەتـا خانەقیـن و شـەنگال بخاتـە نـاو ئـەو سـنورە ئۆتۆنۆمیـەوە. سـەبارەت بەدیاریکردنـی بەرپرسـانی ئۆتۆنۆمیـش تێڕوانینـی جیـاواز هەبـوو، حکومەتـی ئێـراق پێـی وابـوو دەبێـت سـەرۆکی حکومەتـی ئۆتۆنـۆم و سـەرۆکی دەزگای یاسـادانان لەلایەنـی ناوەنـدەوە ڕەزامەندییـان لەسـەر بدرێـت. واتـە دژی ئـەوە نەبـوون کـە کـوردەکان خۆیـان دیاریـان بکـەن، بـەڵام دەیانخواسـت ڕەزامەنـدی سـەرۆك کۆمـاری ئێراقـی لەسـەر وەربگیرێـت. سـەبارەت بەبـواری ئابـووری و سـەربازی، حکومەتـی ئێـراق ئەوانـەی بەدەسـەڵاتی ناوەنـد دەزانـی و پـێ وابـوو کـە دەبێـت سـەرجەم ئابـووری ئێـراق لەژێـر دەسـتی ناوەنـددا بێـت، ناوەنـد بەپێـی ڕێککەوتـن و بودجەی گشـتی بەشـی هەرێمی ئۆتۆنـۆم دەدات. هەرچـی بابەتـی پێشـمەرگەو هێـزی سـەربازی بـوو، ئـەوان ئامـادە نەبـوون کـە تایبەتمەندییەکـی بـەو شـێوەیە بدەنـە پێشـمەرگە و پێیـان وابـوو کـە دەبێـت سـەرجەم هێـزە چەکدارەکان لـە ژێـر فەرمانـی ناوەنـددا بـن. حکومەتـی ئێراقیـش لـەو چوارچێوەیـەدا تێڕوانینەکانـی خـۆی ڕاگەیانـدو پـرۆژەی خـۆی سـەبارەت بـە ئۆتۆنۆمـی ڕاگەیانـد. ئـەو دوو ڕاگەیاندنـەش لەکاتـی تێپەڕبوونـی چوارسـاڵ بەسـەر دانوسـتاندنەکاندا بـوون و ئاماژەبـوون بـۆ بـێ ئەنجامبوونـی دیالـۆك و دانوسـتاندنەکان. هاوکاتـی ئـەم بارودۆخـە، هـەر لایەنـەو ئـەوی تـری تۆمەتبـار دەکـرد بـەوەی کـە دیالـۆك تێکـدەدەن. مەسـعود بارزانـی بـاس لەچەنـد هەوڵـی تیـرۆر دەکات کەلەوکاتـەدا لەلایەنـی حکومەتـی ئێراقـەوە دراوە(١٠٠). ئەمـەش وایکـرد لـەدوای ئـەو ڕاگەیاندنانـە شـەڕ دروسـت ببێتـەوە.

لە دوای ١٩٧٤/٣/١١ەوە شەڕ لە نێوان حکومەتی ئێراق و لایەنی کوردیدا دەستی پێ کردەوە. حکومەتی ئێراق هەموو جۆرە چەکێکی بەکار هێنا. ئەو بارودۆخەی کە باسمان کرد لەکاتی دیالۆکدا تاڕادەیەك وای لە لایەنی کوردی کردبوو کە لە ڕووی سەربازی، ئابووری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە ئامادەی نەبوو. لەبەرئەوە شارە گەورەکانیان چۆڵ کردو کشانەوە بەرەو ناوچە شاخاویەکان و زانکۆی سلێمانیشیان گواستەوە بۆ قەڵادزە. ئەمە وایکرد کە حکومەتی ئێراق زۆر بە دڕندانە شاری قەڵادزەو زانکۆی سلێمانی لە ١٩٧٤/٤/٢٤ داو چەند ڕۆژ دواتر شاری هەڵەبجەشی بۆمباران بکات و کۆکوژییەکی مەزنی لە هەردوو شارەکە، بەتایبەتی لە قەڵادزەو زانکۆی سلێمانیدا ئەنجامدا. دوای ئەم ڕووداوەش بە چوار ڕۆژ لە بەغداد حکومەتی ئێراق دەست بەڕەشبگیری کورد دەکات و لەیلاقاسم و چوار هاوڕێی کە لەزانکۆ دەیانخوێند دەگیرێن و تۆمەتی هەوڵدان بۆ تەقاندنەوەی فڕۆکەخانەی بەغدادیان دەدرێتە پاڵ و لەسەر ئەو تۆمەتە لە ١٩٧٤/٥/١٢ دا لە سێدارە دەدرێن. لەسێدارەدانی لەیلا قاسم دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چونکە بۆجاری یەکەم بوو لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناویندا کچێك لە سەرکاری سیاسی لە سێدارە بدرێت، ئەم ڕوداوانە شەڕو پێکدادانەکانی زیاترکرد. دیار بوو بارو دۆخەکە لەوە گەورەتر بوو کە حکومەتی ئێراق چاوەڕوانی بوو، حکومەتی ئێراق پێی وابوو کە دەتوانێت لەماوەیەکی کورتدا جوڵانەوەکە سەرکوت بکات و کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵام وەها دەرنەچوو. ئەمەش وای لێ کرد کە هەوڵبدات پەیوەندی بارزانی و جوڵانەوەکە بەدەرەوە ببڕێت، چونکە پێی وابوو هۆکاری سەرەکی مانەوەی جوڵانەوەکە پشتیوانیە دەرەکیەکانە، بەتایبەتی پشتیوانی ئێراق، ئەمریکاو ئیسرائیل، لەو پێناوەشدا حکومەتی ئێراق بەنهێنی کەوتە هەوڵدان بۆ یەکتربینین و ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا، هەتا لە ١٩٧٥/٣/٦ داو لە جەزائیرو بەناوبژیوانی ئەمریکا گەیشتنە ڕێککەوتنێك، کە بەڕێککەوتنی جەزائیر دەناسرێت و لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی ئۆپیك دا لەلایەنی محمد رەزاشای ئێران و سەدام حسێنی جێگری سەرۆکی ئێراقەوە ئیمزاکرا.

دوای ڕێککەوتنەکە، لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١١دا محەمەد ڕەزاشا بانگێشتی مستەفا بارزانی دەکات و ڕێککەوتنەکەیانی پێ رادەگەیەنێت. چاودێران هۆکاری راگەیاندنی ڕێککەوتنەکەلە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١١ دا دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ئێران خۆاستویەتی بەم شێوەیە تۆڵە لەبارزانی و پارتی بکاتەوە.

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٠٠) لەکاتی دیالۆکی ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٤)دا چەند هەوڵێکی تیرۆر ئاشکرا دەبن، لە ١٩٧٠/١٢/٨ دا لە بەغداد هەوڵ بۆ تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی دەدرێت. لە ١٩٧١/٩/٢٩ دا لە حاجی ئۆمەران لە ڕێگەی شاندێکی زانایانی ئاینی ئیسلام کەلە (٩)کەس پێکهاتبوون، هەوڵدەدرێت مەلامستەفای بارزان تیرۆر بکرێت. بەپێی وتەی مەسعود بارزانی لە ١٩٧٢/٧/١٥شدا لە ڕێگەی کەسێك بە ناوی ئیبراهیم گابارییەوە هەوڵدەدرێت بارزانی تیرۆر بکرێت. پارتی ئەم هەوڵانە بەهەوڵی حزبی بەعس لە قەڵەم دەدا، بەڵام حزبی بەعس نکۆڵی لەمانە دەکات و بەدەستی دەرەکی دەزانێت بۆ تێکدانی دیالۆك.

لـەو دیـدارەدا شـای ئێـران بارزانـی ئـاگادار دەکاتـەوە کـە ئـەوان لەگـەڵ ئێراقـدا ڕێککەوتـوون و ئیـتر ناتوانـن هـاوکاری بارزانـی بکـەن هەربۆیـە چەنـد بژاردێـك دەخاتـە بـەردەم بارزانـی، یەکـەم؛ ئەگـەر بـەردەوام دەبـن ئـەوا دەبێـت سـنوری ئێـران بەکارنەهێنـن و پشـت بـە خۆتـان ببەسـتن. دووەم؛ ئەگـەر کۆتایـی بەجوڵانەوەکـە دێنـن ئـەوا ئێـران دەتوانێـت مافـی نیشـتەجێ بـوون بداتـە بارزانـی و ئەوانـەی لەگەڵـی دێـن بۆئێـران. سـێیەم؛ ئەگـەر بخـوازن بچـن بـۆ وڵاتێکـی سـێیەم ئـەوا هاوکاریتـان دەکەیـن. چـوارەم؛ ئەوانەشـی بخـوازن لـە ئێـراق بمێننـەوە ئـەوا ئێـراق سـەلامەتی ژیانیـان مسـۆگەر دەکات.

دیـارە بەپێـی ڕێککەوتنـی جەزائیـر، دەبـوو نـە ئێـران و نـە ئێـراق هـاوکاری ئۆپۆزسـیۆنی لایەنـی بەرامبـەر نەکـەن و لەسـەر ئـەو بنەمـا ئێـراق پەیمانـی دابـوو کـە ئـەو ناوچەسـنوریانەی کێشـەیان لەسـەرە، لەناوچەکانـی حاجـی ئۆمـەران، قەندیـل و باشـوری ئێـراق و ئـاوی (شـەتی عەرەب) لەسـەرە، بیداتـە ئێـران و دەسـت لـە ماوەندارییـان هەڵبگرێـت.

دوای ئـەوەی بارزانـی ئـەو هەواڵـەی بیسـت و هەڵوێسـتی ئێرانیشـی زانـی دەگەڕێتـەوە کوردسـتان و ڕاوێـژ بـە بەرپرسـانی پارتـی دەکات، بەشـێکی زۆری بەرپرسـانی پارتـی لەگـەڵ ئـەوەدان کـە بەپشـتیوانی گـەل بـەردەوام بـن و گرنگـی نـەدەن بـە هـاوکاری ئێـران و ئـەو وڵاتانـەی تـر. بەپێـی چەنـد سـەرچاوەیەك ئـەو کاتـە سـندوقی دارایـی جوڵانەوەکـە (٢٤)ملیـۆن دینـاری ئێراقـی تێدابـووە، کـە نزخـی هـەر دینارێـك لـە سـێ دۆلار زیاتـر بـوو، بەواتـا زیاتـر لـە (٧٥)ملیـۆن دۆلاری ئـەو کاتـە دەکات کـە پارەیەکـی زۆر زۆربـووە. لـەڕووی چـەك و تەقەمەنیـەوە جوڵانەوەکـە خاوەنـی هەمـوو جـۆرە چەکێـك بـوو، تەنیـا فڕۆکـەی نەبـوو، لـەڕووی جەمـاوەرەوە زیاتـر لـە (١٢٠) پێشـمەرگەی فەرمـی و ئەوەنـدەش خـۆ بەخـش و میلیـس هەبـوون کـە ژمارەیـان لـە سـوپای ئێـراق زیاتـر بـوو، هەربۆیـە بەشـێك لـە فەرمانـدار و بەرپرسـان پێیـان وایـە کـە دەکرێـت بەردەوامـی بـە بەرخـۆدان بدرێـت و کۆتایـی بـە جوڵانەوەکـە نەهێنرێـت. بـەڵام دواجـار بارزانـی بڕیـار دەدات بـە کۆتایهێنـان بەجوڵانەوەکـەو ڕاسـپاردەکانی شـای ئێـران دەگەیەنێتـە جاماوەرو پێشـمەرگەو خۆشـی نیشـتەجێبوون لەئێـران هەڵـدە بژێرێـت و دەڵـێ هەرکەسـێك لەگـەڵ ئێمـەدا بێـت ژیانـی بۆ دابیـن دەکرێـت. بارزانی هـۆکاری ئـەم بڕیـارەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە کـە شۆڕشـێکی وەها گـەورە بەبـێ پشـتیوانی دەرەکی ناتوانێـت لەسـەرپێ ڕابوەسـتێت. هەروەهـا پێـی وایـە ئەگـەر بـەردەوام بێـت ئـەوا ڕەنگـە حکومەتـی ئێـراق کۆکـوژی زۆر ئەنجـام بـدات. لەبەرئـەوە باشـتر وایـە کۆتایـی بـە جوڵانەوەکـە بهێنرێـت.

ئەوانـەی لەگـەڵ بڕیارەکـەی بارزانیـدا نەبـوون، ئەوەیـان بـە هەڵەیەکـی کوشـندە لـە قەڵەمـداو پێیـان وابـوو بارزانـی هـەر لـە سـەرەتاوە بەئامانجـی شـۆڕش و سـەرکەوتن دەسـتی بـە جوڵانەوە نەکـردووە، بەڵکـو ئێـران جوڵاندویەتـی و لـە ئێستاشـدا ئێـران کاری پێـی نەمـاوە، بۆیـە پێویسـتە کۆتایـی بـە جوڵانەوەکـە بهێنێـت. ئەمەشـیان نـاو نـا ئاشـبەتاڵ. هەرچـی لایەنگرانـی بارزانـی بـوون، پێیانوابـوو ئـەو بڕیـارە ناچـاری بـووەو قازانجـی لـە زیانـی زیاتـرەو دەکرێـت وەکـو مانۆرێکـی سـەربازی و تاکتیکـی سـەیری بکرێـت و کاتێکـی تـر دەسـت بەجوڵانـەوە بکرێتـەوەو بـەم هەڵوێسـتەش دەڵێـن

نسکۆ یان مانۆڕ و تاکتیك. بەهەرحاڵ بارزانی بەو بڕیارە کۆتایی بەو جوڵانەوە هێنا کە ماوەی (١٤)ساڵ بوو بەردەوام بوو. ئەو جوڵانەوەیەی کە سەرجەم کورد لە هەرچوارلای کوردستان هیوای خۆیان پێوە بەستبووەوە. ئیتر بارزانی لە تێڕوانینی زۆرکەسدا لە سەرۆك و ڕێبەرەوە بووە کەسێکی دۆڕاو و خۆبەدەستەوەدەر. هۆکاری سەرەکی شکستەکەشیان دەخستە ئەستۆی بارزانی. هەرچی بارزانی و لایەنگرانیشی بوون، هۆکاری ئەو بارودۆخەیان دەخستە ئەستۆی ئەو دۆستانەی کەناپاکیان لێ کردوون لەوێنەی ئێران و ئەمریکاو بەتایبەتی کیسنجەر یان بەناپاك لە قەڵەم دەدا. بەم شێوەیە کۆتایی بەو جوڵانەوەیە هات کە هەزاران کەس لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستانەوە خۆیان لە پێناویدا بەخت کرد، زۆربەی زۆری گەلی کوردستان بەپێکهاتە جیا جیاکانیەوە خزمەتیان کردو لە پێناویدا گوندیان خاپور کراو بێ ماڵ و حاڵ بوون، بەهەزاران کەس لە زیندانەکاندا لە پێناویدا بەرخۆدانیان دەکردو ڕووبەڕووی جۆرەها ئەشکەنجەبوونەوە، بەڵام لەناکاو کۆتایی پێ هات. ئەمە کاریگەرییەکی نەرێنی و خراپی لەسەر باری دەروونی و روحی خەڵك کرد. چونکە زۆربەی جەماوەر لەو باوەڕەدا نەبوون لە ماوەیەکی کورتدا ئەو جوڵانەوەیە بەم دەردە بچێت. هەربۆیەزۆر کەسی توشی شۆك کرد.

**جوڵانەوەی ئەیلول و کاردانەوەی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان:**

جوڵانەوەی ئەیلول لەبەرئەوەی ماوەیەکی درێژی خایاندو جوڵانەوەیەك بوو لەهەرچوار لای کوردستان جەماوەر بەشداری تێداکرد، کاریگەریی تەنیا بەباشوری کوردستانەوە سنوردار نەبوو، بەڵکو کاریگەریی کردە سەر بەشەکانی تری کوردستان و هاوشێوەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، چۆن بووە نمونەیەك بۆ پارتەکانی قۆناخی دوای خۆی، جوڵانەوەی ئەیلولیش بووە نمونەیەك بۆ جوڵانەوەی کوردی سەردەمی نوێ. ئەمەش بێگومان بەلایەنە ئەرێنی و نەرێنی یەکانیەوە. هەربۆیە گرنگە بە چەند خاڵێك باس لەو کاریگەرییانەی بکەین؛

١ـ جوڵانەوەی ئەیلول بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، هاوکات جوڵانەوەیەکی بەرفراوان بوو، هەتا ئاستێك بووە هۆی ژیاندنەوەی گیانی نەتەوەیی لەناو کوردستانداو کوردی پارچەکانی لەیەکتری نزیك کردەوە. ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی پارچەکردنی کوردستان. ئەم نزیکبوونەوەش گیانی هاوکاری لەنێوان خەڵکی بەشەکانی کوردستاندا پەرە پێدا. هاوکات کاریگەریی سیاسەتی نکۆڵیکردنی دەوڵەتی تورکیاو سیاسەتەکانی ئێران و سوریاشی کەم کردەوە.

٢ـ گیانی بەرخۆدانی چەکداری لەسەرجەم کوردستاندا زیندووکردەوەو کۆمەڵگای کوردستان و هێزە سیاسیەکانی هاندا بۆ ئەوەی چاو نەترسانە خەبات بکەن و خۆیان بۆ خەباتی چەکداریش ئامادە بکەن.

٣ـ شێوازێکی نوێی خەباتی چەکداری داهێناو کردی بە مۆدێل کە پێی دەگوترێت پێشمەرگایەتی و جیاوازبوو لەو شەڕانەی کە جوڵانەوەکانی ڕابردوو ئەنجامیاندەداو شەڕێکی خێڵەکی بوو.

شەڕی پێشمەرگایەتی شێوەیەکی تایبەتی شەڕی پارتیزانییە کەتێکەڵەیەکە لە شەڕی خێڵایەتی و شەڕی پارتیزانی. لەبەرئەوەی بەپلانی چالاکی و جاربەجار بەگروپی بچوك و چەکی سوکیش شەڕ دەکات، شێوەیەکە لەشەڕی پارتیزانی، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕووی دیسپلین و پێداویستیەکانی پارتیزانیەوە لاوازەو تایبەتمەندی خێڵ و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەسەریدا باڵادەستە، ئەوا لەو بوارەدا لە هێزێکی خێڵەکی دەچێت و ئەمەش بووە فەرهەنگێکی نوێی شەڕ و لە ڕێگەی جوڵانەوەی ئەیلولەوە بڵاو بویەوە.

٤ـ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاریگەریی هەبوو لەناساندنی کوردا. بەتایبەتی ڕۆڵی بەیانی ١١ی ئادار کە بۆ ئەو کاتە دەسکەوتێکی گرنگ بوو، لەڕێگەی ئەو دەسکەوتەوە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە کورد پووچەڵ دەبویەوە.

٥ـ لەبواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان هەبوو، لەو سەردەمەدا ئەدەبیاتی کوردی و کوردایەتی گەشەی کردو ڕاگەیاندنی کوردی گەشەی کرد. هەر لەم قۆناخەدا دەوڵەتی ئێراق ناچار بوو لە ١٩٦٧/١١/١٨ تەلەفزیۆنی کوردی لە کەرکوك دابمەزرێنێت، کە بووە یەکەم تەلەفزیۆنی کوردی لە جیهاندا.

٦ـ کاریگەریی لەسەر ژنان و گەنجان هەبوو لەڕێگای هەردوو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان و ڕێکخراوی ئافرەتانەوە پەرەیان بەڕێکخستن و چالاککردنی گەنجان و ژناندا لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتی لەبواری ڕێکخستنی نهێنی و دابینکردنی پێداویستی جوڵانەوەکەدا ژنان و گەنجان خاوەن ڕۆڵێکی چالاك بوون.

٧ـ لەگەڵ ئەو لایەنە ئەرێنی یانەدا، کۆمەڵێك کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا دروستکرد، کە هەتا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری بەردەوامە:

١ـ هەرچەندە جوڵانەوەکە بەهۆی جەماوەرەوە ببوووە جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی، بەڵام سەرکردایەتی جوڵانەوەکەو ئامانج و بەرنامەی جوڵانەوەکە لەباشووردا قەتیس ببوون و باشووری کوردستانیان کردە ناوەندی خەبات و گرنگیان بە بەشەکانی تری کوردستان نەداو پێیان وابوو کە گرێی کێشەی کورد لە باشووردایەو ئەو گرێیە بکەنەوە، ئیتر کێشەکە چارەسەر دەبێت. کەئەم تێگەیە هەڵە بوو، ئەنجامەکەشی دەرکەوت کە هەڵەیە. ئەم تێگەیە هەتا ئێستا کاریگەریی لەسەر سیاسەتمەداری باشوری کوردستان و ئەوانەی لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەڕۆن لە بەشەکانی تری کوردستانیش هەیە. ئەمەش تێگەیەکی هەڵەیە کە لەڕێگەی جوڵانەوەی ئەیلولەوە بڵاو بۆتەوە.

٢ـ لە پەیوەندی دەرەکیدا فەرهەنگێکی خراپی داهێنا، کە جوڵانەوەکان خۆیان ناچاری هێزی دەرەکی دەبینن و نەیانتوانی هاوسەنگی لە پەیوەندیەکانیاندا دروست بکەن و خۆیان لەفشاری دەرەکی ڕزگاربکەن. وابەستەبوونیان بەدەرەوە کردە جۆرێك لە پەیوەندی و دۆستایەتی. ئەمەش چەمك و عەقڵیەتی وابەستەبوونی بەدەرەوە لەناو جەماوەردا پەرەپێداو عەقڵیەتێکی وەهای پێشخست کە تاکەکان پێیان وابێت کەبەبێ وابەستەبوون بەدەرەوە ناتوانرێت سیاسەت بکرێت.

**لەلایەکی تریشـەوە وابەسـتەبوونی ئەو جوڵانـەوە بەئەمریکا، ئیسرائیـل و هاوپەیمانەکانیـان تابلۆیەکی وەهـای لـەلای جوڵانــەوە ئازادیخوازەکانــی گەلانــی جیهــان دروســتکرد کــە کــوردو جوڵانەوەکــەی ســەر بــە ئیمپریالیزمــن. هــەر ئەمــەش هۆکاربــوو کەپشــتیوانی نەکرێــت.**

**٣ـ شـەڕی ناوخـۆ و یەکلایکردنـەوەی کێشـەو ململانــێ ناوخۆییــەکان لــە ڕێگــەی هێــزەوە بــوون فەرهەنگێکــی جوڵانەوەکــە.**

**٤ـ گرنگـی نـەدان بـەژن لـە بـواری سـەربازییداو دەرفـەت دروسـت نەکـردن بـۆ ژنـان خاڵێکـی لاوازی ئـەو جوڵانەوەیـە بـوو، هەرئەمـەش بـووە هـۆکاری لـە ناوچوونـی مارگرێـت.**

**٥ـ فەرهەنگێکـی دیالـۆك و دانوسـتاندنی داهێنـا، کەفەرهەنگێکـی سـەرکەوتوو نەبـوو، هەرئەمـەش وایکـرد ئـەو وتەیـە ببێتـە بـاو کـە دەگوتـرا ئێمـە لەشـەڕدا سـەردەکەوین و دەسـکەوت بەدەسـت دێنیـن، بـەڵام لـە ئاشـتی و دانوسـتاندندا لەسـەرمێز دەسـکەوتەکان لـە دەسـت دەدەیـن. بێگومـان ئەوانـە ڕاسـتی بـوون بـەڵام بیرلـە هـۆکارەکان نەدەکرایـەوە. ڕۆڵـی فاکتـەرە دەرەکـی و ناوخۆییـەکان بەباشـی شـی نەدەکرانـەوە، هـاوکات جوڵانەوەکـە بـەو چەمکـە کاری کـردووە کەکاتـی شـەڕ شـەڕەو کاتـی دیالـۆك کاتـی ئاشـتی یـەو پێویسـت نـاکات پێشـمەرگە مانـدوو بکرێـت، ئەمـەش دەبـووە خاڵـی لاواز بـۆ جوڵانـەوە کـە.**

**٦ـ بەهـۆی ڕوداوی لەناوبردنـی سـولەیمانی موعینـی، د.شـڤان و سـەعید ئەلچـی یـەوە تابلۆیەکـی دزێـو لـەلای گەلـی کـورد لەبەشـەکانی تـری کوردسـتان سـەبارەت بـە جوڵانـەوەی کـوردی لەباشـوور دروسـت بـوو. هـاوکات بەهـۆی لەناوبردنــی فاخـر مێرگەسـووری(١٠١)و ژمارەیـەك کەسـایەتی سیاسـیەوە، خەڵـك بەگومانـەوە لەئـازادی و دیموکراتیـان دەڕوانـی لـە سـایەی ئـەو جوڵانـەوەدا.**

**٧ـ بەهەرحـاڵ ئـەم جوڵانەوەیـە بـەم تایبەتمەنتـدی و گەلێـك تایبەتمەنـدی تـر کـە هەڵیگرتبـوون، مۆرکـی خـۆی لـە قۆناخێکـی مێـژووی گەلـی کوردسـتانداو بەکـۆی گشـتی چەمکـی نەتەوەگەرایـی سـەرەتایی پێشخسـت و کاریگەریـی ئۆممەتگەرایـی لاوازکـرد. ئـەم چەمکـە چەنـدە گرنـگ بێـت بـۆ پەیوەسـتبوون بەناسـنامەو فەرهەنگـی نەتـەوەوە، ئەوەنـدەش کاریگـەری نەرێنـی هەیـە، چونکـە لەبـن نـاوی کوردایەتیـدا ناوچەگەریـی، هۆزگەرایـی و بنەماڵەگەرایـی پەرەپێـداوە، هەروەهـا چەمکێکـی دروسـتکردووە کـە تاکـی کـورد ئامـادە نەبێـت بـۆ ژیانـی هاوبـەش و دیموکـرات و هەمیشـە بەگومانـەوە سـەیری پێکهاتەکـەی دەوروبـەر دەکات.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٠١)فاخـر مێرگەسـوری ئەندامـی سـەرکردایەتی پارتـی بـوو کـوڕی حەمـەد ئاغـای شـێروانی بـوو، کەسـێکی چەپگـر بـوو، فەرماندەیەکـی بەتوانـا بـوو. لەسـاڵی ١٩٧٣دا بارزانـی ئـەو و باوکـی و ٩ لەبـراو کەسـە نزیکەکانـی دەگرێـت و هـەر (١١) کەسـەکەیان لـەلای خـۆی لـە حاجـی ئۆمـەران دەستبەسـەر دەکات و هەتـا شکسـتی ١٩٧٥ لـە زیندانـدا دەبـن و لەکاتـی شـکانی ١٩٧٥ دا و لـە ١٩٧٥/٣/٢٢ە وە ئـەو کەسـانە دیـار نامێنـن و دواتـر دەگوترێـت لـە ناوبـراون. ئەمـەش دەبێتـە ناکۆکـی لەنێـوان بارزانـی و شـێروانیەکاندا. چاودێـران هـۆکاری ئـەم کردەوەیـە دەگێڕنـەوە بـۆ ئـەوەی کـە گوایـە مەلامستەفا لـەوە ترسـاوە کـە فاخـر لـە ناوچەکـەدا ببێتـە ئەڵتەرناتیـف بـۆ بارزانـی، لەبـەر ئـەوە دەستبەسـەری دەکات و دواتـر بڕیـاری لـە ناوبردنـی دەدات.

لەخـۆی دەترسـێت و بـێ بـاوەڕە بەرامبـەر بەخـۆی. ئەمانــەش کۆمەڵێـك کارەکتـەرن کـە لـە کەسـایەتی تـاك و کۆمەڵـگای ئەمـڕۆی کوردسـتاندا تاڕادەیـەك چەسـپاون و لەئەمـڕۆدا ئاسـتەنگن لەبـەردەم وەرچەرخانـی دیموکراتیانـەی تـاك و کۆمەڵـگای کوردەوارییـدا.

جیـاواز لـە جوڵانـەوەی ئەیلـول، گرنگـە ئامـاژە بـە دەرکەوتنـی چەنـد بۆچـوون و شـەپۆلێك بدەیـن لـەم قۆناخـەدا کـە کوردسـتانی گرتـەوەو بەهۆیـەوە کاریگەریـی هێڵـی کوردایەتـی گەشـەی کـردو چەمکەکانـی ئایینـی و چەپگەرایـی بـەرەو کـزی چـوو.

**١. کاژیک (کۆمەڵەی ئازاد ژیانەوەی یەکێتی کورد):**

ئـەم کۆمەڵەیـە، کۆمەڵەیەکـی نەتەوەیـی کوردبـوو، پێـی وابـوو کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نابێتـە وەڵام بـۆ پرسـە نەتەوەییـەکان. سـەرەتای بیرۆکەکـەی لـە بەغـداد لەسـاڵی ١٩٥٩لـە لایەنـی جەمـال نەبـەزو کامیـل ژیـرەوە سـەر دەردەکات و دواتـر لـە ١٩٥٩/٤/١٤ لەسـلێمانی کۆمەڵێـك کەسێتی کـە باوەڕیـان بـەو بیرۆکەیـە هەیـە کۆدەبنـەوەو بڕیـار لەسـەر دامەزراندنـی کۆمەڵەیـەك بـەو بیرانـە دەدەن و لـە هاوینـی هەمـان ساڵدا بڕیـار لەسـەر نـاوی کۆمەڵەکـە دەدەن و نـاوی دەنێـن کاژیـك و بەرنامـەو پەیـڕەوی بـۆ دەنوسـن. هەروەهـا یەکـەم بڵاوکراوەشـی بەنـاوی (کاژیکنامە)بـڵاو دەکەنـەوە. جەمـال نەبـەز، ئەحمـەد هـەردی، کامیـل ژیـر، عەبدوڵـڵا جەوهـەر، ئیحسـان فـواد، فایـەق عـارف، فەرەیـدون عەلـی ئەمیـن دامەزرێنـەری سـەرەکی کاژیکـن، ئـەم کۆمەڵەیـە هەتـا سـاڵی ١٩٧٥ شـان بەشـانی جوڵانـەوەی ئەیلـول کاری دەکـردو کاریـان لەسـەر پەرەپێدانـی هەسـت و هۆشـیاری نەتەوەیـی کـورد دەکـرد، بـەڵام لـە هەندێـك بابەتـدا زۆر دەڕۆیشـتن و لـە پێنـاوی بەرزکردنـەوەی گەلـی کـورد دا ، گەلـی عەرەبیـان بچـوك دەکـردەوە. بۆنمونـە لەسـەر نـاوی ئـەوان ئـەم وتەیـە بڵاوبوویـەوە کـە دەڵـێ؛ نەعـەرەب ئینسـانە، نـە حوشـتر حەیوانـەو نەخورمـا میوەیـە. بێگومـان ئـەم تێگەیـە هـی ئـەوان بێـت یاخـود نـا، تێگەیەکـی هەڵەیـەو هەتـا ئەمـڕۆ کاریگـەری مـاوە لەسـەر تـاك و کۆمەڵـگای کـورد، ئـەم کۆمەڵەیـە زیاتـر کاریگەریـی لەسـەر ڕۆشـنبیران هەبـوو.

**٢. کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان :**

لەناوەڕاسـتی شەسـتەکاندا باشـوری کوردسـتان کەوتبـووە ژێـر کاریگـەری بیـری چەپگەریـی (مـاوۆ) ی چیـن و شۆڕشـی ڕۆشـنبیری چینـەوە، ئەمـەش بەهـۆی کاریگەریـی شۆڕشـی چیـن لەسـەر جیهـان و کوردسـتان، دووەم بەهـۆی پاشەکشـەی ئـەو چەپگەرییـەی کەحزبـی شـیوعی پێشـەنگایەتی دەکـردو لەژێـر کاریگەریـی یەکێتـی سـۆڤێتدا بـوو. لەکۆتایـی شەسـتەکاندا کاریگەریـی گیڤـاراو جوڵانـەوەی لاوانـی فەڕەنسـاو ئەوروپاشـی چـووە سـەر، ئەمـە بەشـێك لـە گەنجانـی باشـووری هانـدا بـۆ دامەزراندنـی ڕێکخسـتنێکی نـوێ. لـە ئەنجامـدا لـە هاوینـی ١٩٧٠دا (کۆمەڵـەی مارکسـی لینینـی کوردسـتان) بـەو بیرۆکانـە لەدایـك بـوو.

تێڕوانینـی جیاجیـا لەسـەر دامەزراندنـی ئـەم کۆمەڵەیـە هەیـە، هەندێـك پێیـان وایـە ئـەم کۆمەڵەیـە لەهاوینـی سـاڵی ١٩٧٠دا لەسەردەسـتی کۆمەڵێـك گەنجـی ماویـدا دروسـت بـووەو کاریگەریـی جـەلال تاڵەبانـی لەسـەر بـووە. هەندێکـی تـر بـاس لـەوە دەکـەن کـە ڕۆڵـی جـەلال تاڵەبانـی سـەرەکیە

لـه دروسـتبوونیداو تاڵەبانـی یەکـەم سـکرتێری ئـەو کۆمەڵەیـە، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کـە ئـەوان بڕیاریـان دابـوو ئاشـت ببنـەوە لەگـەڵ بارزانیـدا، ئـەوا ڕۆڵـی تاڵەبانـی ئاشـکرا نەکـراوە. بەپێـی بیـرەوەری چەنـد ئەندامێکـی دامەزرێنـەری کۆمەڵەکـە، ئـەو کۆمەڵەیـە یەکـەم جـار لـە ١٩٧٠/٦/١٠ لـە بەغـداد لەلایەنـی جـەلال تاڵەبانـی، شـیهاب شـێخ نـوری(١٠٢)، فازیلـی مەلامەحمـود، فـواد قەرەداخـی، فەرەیـدون عەبدولقـادر، دلێـر صدیـق و ڕەفعـەت مـەلاوە دامـەزراوە. بـەڵام دواتـر بەهـۆی ئـەوەی تاڵەبانـی دەچێتـە گەلاڵـە بـۆلای مـەلا مستەفاو دواتـر دەچێتـە لوبنـان شـیهابی شـێخ نـوری دەبێتـە سـکرتێری کۆمەڵـە. ئـەم کۆمەڵەیـە پێـی وابـوو کـە بەڕێبـازو شـێوازی بارزانـی و پارتـی دیموکـرات دۆزی کـورد چارەسـەر نابێـت. هەربۆیـە لـە بڵاوکـراوەو نوسـینەکانی خۆیانـدا ڕەخنەیـان لەشـێوازی کاری سـەرکردایەتی پارتـی دەگـرت و هەوڵـی دەدا جەمـاوەر بەگشـتی و خوێندەڤـان و لاو بەتایبەتـی بەبیـری چـەپ وشـیار بکاتـەوەو ڕۆڵێکـی بەرچـاو دەبینـێ لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٥ دا. هەرچەنـدە لـەڕووی ڕێکخسـتنیەوە زۆر گەشـەی نەکـردووە، ئەویـش لەبەرئـەوەی کـە خەباتـی نهێنـی دەکات و پارتـی دیموکـرات ڕێگایـان پـێ نـادات بـە ئاشـکرا کاربکـەن، بـەڵام دەسـتەبژێرێکی بـاش کادیـر پێدەگەیەنـێ. نەرمیـن عوسـمان یەکێکـە لـەو ژنـە چالاکانـەی کـە لەنـاو کۆمەڵـەدا ڕۆڵـی هەبـووە. هەرچەنـدە لـە سـاڵانی (١٩٧٣ ـ ١٩٧٤) دا دوو بۆچـوون و مەیـل لەنـاو کۆمەڵـەدا پەیـدا دەبێـت و مەیلێکیـان کوردسـتانی بـوون و ئەوانـی تـر ئێراقچـی، شـیهاب شـێخ نـوری کوردسـتانیەو شاسـوار جـەلال (شـەهید ئـارام)(١٠٣)و فـواد قەرەداخـی و فازیـل مـەلا مەحمـود ئێراقچیـن، بـەڵام ناکۆکیەکانیـان لـە ڕێگـەی گفتوگـۆ و تێڕوانیـن وەرگرتنـی ئەندامانـەوە چارەسـەر دەکـەن. ئـەم کۆمەڵەیـە دوای شـکانی جوڵانـەوەی ئەیلـول بـووە فاکتـەری سـەرەکی دەسـتپێکردنەوەی خەبـات و تێکۆشـان.

بەهـۆی سـەرهەڵدانی ئـەم جوڵانەوانـەوەو هـاوکات ئـەو هاوپەیمانیـەی شـیوعیەکان لەگـەڵ حزبـی بەعـس ئەنجامیانـدا، زەمینـەی حزبـی شـیوعی لەکوردسـتان زۆر ڕووی لـە کـزی کـردو ئیـتر لەسـاڵی حەفتاکانـدا حزبـی شـیوعی وردەوردە سـەردەمی بەسـەر دەچـوو.

### هەستانەوەی دوای شکستی ١٩٧٥:

شکسـتی جوڵانـەوەی ئەیلـول برینێکـی قوڵـی لەناخـی هەمـوو کوردێکـی دڵسـۆزدا دروسـتکرد. ئـەم شکسـتە سیاسـەتمەدارو ڕۆشـنبیرانی گەلـی کـوردی خسـتە بـەردەم بڕیارێکـی چارەنوسـازەوە، یـان دەبـوو کـە هەموویـان بڕیارەکـەی بارزانـی پەسـند بکـەن و خۆیـان بدەنـە دەسـتی قـەدەر، یـان ئەوەتا هەڵوێسـتی جیاوازیـان دەبێـت. حکومەتـی ئێراقیـش خـۆی مـەڵاس دابـوو هەتـا لەوسـاتە مێژووییـەدا گەلـی کـورد ملکـەچ بـکات و بـەرەو ئـەو ئاڕاسـتەیە ببیـات کەخـۆی دەیخواسـت. بـۆ ئەمـەش چەنـد هەنگاوێکـی هاویشـت، لەوانـە؛

١ـ بڕیاریـدا هەرکەسـێك خـۆی ڕادەسـتی حکومـەت بـکات و دەسـت لـەکاری سیاسـی بەربـدات، ئـەوا لێـی دەبورێـت و ژیانـی گەرەنتـی دەکات. هەروەهـا ئەوانەشـی چووبوونـە ڕۆژهـەڵات هەمـان بڕیـار دەیگرتنەوە.

**٢ـ بڕیاریـدا کـە هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی دروسـت بـکات و لـە هەرسێ پارێـزگای هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆك پێکبێـت و ناوەندەکـەی هەولێـر بێـت و بـۆ ئەمـەش کۆمەڵێـك کەسـایەتی کـوردی بانگێشـت کـردو خسـتنیە نـاو ئـەو پرۆژەیـەوە.**

**٣ـ بڕیاریـدا بەچۆڵکردنـی ئـەو گوندانـەی کـە بـەدووری (١٠) کیلۆمەتـر دەکەوتنـە سـنوری باکـورو ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوەو لەبەرامبـەردا بڕێکـی زۆر پـارەی وەکـو قەرەبـوو دا بەگونـد نشـینەکان و بڕیاریـدا لـە نـاو ئـەو ئۆردوگایانـەی کـە بەنـاوی گونـدی سـتراتیژییەوە دروسـت دەبـوون جێگریـان بـکات و ئەمـەی لەمـاوەی دوو سـاڵدا جێبەجـێ کـرد.**

**٤ـ دەستی کرد بە پەرەپێدانی سیستمی جاشایەتی.**

**٥ـ لەژێر ناوی جیاجیادا دەستی کرد بە بەخشینەوەی پارە بەسەر بەشێکی زۆری کۆمەڵگادا.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٠٢)شـەهاب شـێخ نـوری: کەسـێکی چەپگـری چالاکـە لەسـاڵی ١٩٣٢ لـە دایکبـووەو لەناوەڕاسـتی پەنجاکانـدا ئەندامێکـی چالاکـی پارتـی بـووەو لایەنگـری هەمـزە عەبدوڵـڵا بـووەو بەهـۆی دەرکردنـی هەمزەعەبدوڵـڵاوە لـە پارتـی دووردەکەوێتـەوە. جەعفـەر عەبدولواحیـد خەڵکـی کۆیەیـەو لـە سـاڵی ١٩٤٥دا لەدایکبـووە و سـاڵی ١٩٦٤ لایەنگـری تاڵـە بانـی بـووەو لەگەڵـی چووەتـە ئێـران و یەکێکـە لـە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵـەی مارکسـی لینینـی. ئەنـوەر زۆراب خەڵکـی کەرکوکـەو لەسـاڵی ١٩٥٠ دا لەدایکبـووەو بەرپرسـیاری بەغـدادی کۆمەڵـەی مارکسـی لینینـی بـووە. ئـەم سـێ کەسـایەتیە پێشـەنگایەتی بەرخۆدانـی زینـدان دەکـەن و دروشـمی (کـەم بـژی و کـەڵ بـژی) بـەرز دەکەنـەوە، کەدواتـر ئـەم دروشـمە بـوو بـە وێـردی سـەرزمانی هەمـوو نیشـتمانپەروەرێکی کوردسـتان و لەزینـدان، چیـاو شـارو گوندەکانـدا دەیانگوتـەوە. ئەنـوەر زۆراب لـە ١٩٧٥/٩/١ لـە بەغـداد دەسـتگیر دەکرێـت. (شـەهاب، جەعفـەر، فەرەیـدون عەبدولقـادر)، عەمـەر عەلـی و عەلـی محەمـەد قـادر، لـە ١٩٧٥/٩/١٩ لـە چەمپـاراو لـە بانـە لەلایەنـی ئێرانـەوە دەسـتگیر دەکرێـن. ئـەوان دەخـوازن بـە نهێنـی لـە ئێرانـەوە بچـن بـۆ سـوریا بـۆ بینینـی تاڵەبانـی بـۆ ڕێککەوتـن لـە سـەر دروسـتکردنی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان. ئێـران لـە ١٩٧٥/١٢/٣١ ڕادەسـتی ئێراقیـان دەکاتـەوەو لـە ئەبوغرێـب لـە بەغـداد زیندانـی دەکرێـن و لـە ١٩٧٦/٧/١٢بڕیـاری لـە سـێدارەدان بەسـەر (شـەهاب – جەعفـەر – ئەنـوەر ) دا دەسـەپێنرێ و لـە ١٩٧٦/١١/٢١دا لـە سـێدارە دەدرێـن.

(١٠٣)شاسـوار جـەلال (شـەهید ئـارام): لەسـاڵی ١٩٤٧دا لەسـلێمانی لەدایکبـووەو کەسـێکی چەپگـر بـووەو لەناوەڕاسـتی شەسـتەکاندا گەنجێکـی چـالاك بـووەو بـۆ خوێنـدن دەچێتـە یەکێتـی سـۆڤێت و لەسـەرەتای حەفتاکانـدا بەشـداری لەکۆمەڵـەی مارکسـی لینینـی دا دەکات و نوسـەرێکی بەتوانـاو ڕێکخسـتنکارێکی لێهاتـووەو کاریگـەری لەسـەر کایـەی ڕۆشـنبیری و چەپگـەری لەباشـوردا هەیـە. دوای دەسـتگیرکردنی خاڵـە شـەهاب لـە هاوینـی ١٩٧٥ دا ئەرکـی ڕێکخسـتنەوەی کۆمەڵـە دەخاتـە سەرشـانی خـۆی، بەشـێوەکی سروشـتی دەبێتـە سـکرتێری کۆمەڵـەو ڕێکخسـتنەکانی ناوشـار لـە پەرتـەوازە بـوون رزگار دەکات و ڕۆڵـی سـەرەکی هەیـە لـە ئامادەکردنـی مەفـرەزە سـەرەتاییەکان بـۆ چوونـە چیـاو خۆشـی دەچێتـە چیـاو شانبەشـانی کاری ڕێکخسـتنی و سـەربازی ڕۆژنامـەی (ئـاڵای شـۆڕش) دەردەکات. خاوەنـی کۆمەڵێـك نرخاندنـی کەسـایەتی و کۆمەڵایەتـی و شۆڕشـەو لـەڕووی فکریـەوە لەگـەڵ تاڵەبانـی و نەوشـیروان مسـتەفاو ئەوانـەی سەرپەرشـتی (یەکێتـی) دەکـەن ناگونجـێ و پێـی وایـە دەبێـت کۆمەڵـە پێشـەنگایەتی شۆڕشـی نـوێ بـکات. لـە ١٩٧٨/١/٣١دا لـە هێرشـێکی کوتوپـڕدا لەناوچـەی قـەرەداغ شـەهید دەکرێـت. شـەهیدبوونی ئـارام گورزێکـی مـەزن بـوو بـۆ هێڵـی شۆڕشـگێڕی لـە باشـووردا، هەرئەمـەش دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی کـە وردەوردە کۆمەڵـە لەڕێبـازی خـۆی دوور بکەوێتـەوە، هەتـا لەسـاڵی ١٩٨٤ دا بەتـەواوی دەسـت لـە ڕێبـازی خـۆی بـەردەدات.

٦ـ هاوكاتـی ئەمانـە بڕیاریـدا كـە كەسـێك دانەنیشـێ و بـەردەوام بێـت لـەكاری ڕێكخسـتنی، ئـەوا بەتوندتریـن شـێوە سـزا دەدرێـت.
٧ـ لەگـەڵ ئەمانـەدا بەشـێوەیەكی بەرفـراوان دەسـتی بـە جێبەجێكردنـی سیاسـەتی بەعەرەبكـردن و ڕاگواسـتن كـردو ناسـنامەی بەشـێكی كۆمەڵـگای لەبـن نـاوی ڕاسـتكردنەوەی ڕەگەزنامـەدا گـۆڕی و بـە بەرفراوانـی كاری بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەكانـی كەركـوك، خانەقیـن، مەندەلـی، بـەدرە، شـارەبان، شـەنگال و زۆرجێگـەی تركـرد.
واتـە حكومەتـی ئێـراق لەلایەكـەوە لێبوردنـی دەردەكـردو پـارەی دەبەخشـیەوە، لەلایەكـی تریشـەوە هەوڵیـدەدا سیاسـەتەكانی خـۆی لەسـەر گەلـی كـورد جێبەجـێ بـكات. ئـەم بڕیـارو هەڵوێسـتانە بارودۆخەكـەی ئاڵۆزتـر دەكـرد. لـەم ساتە وەختـەدا هەڵوێسـتی جیـاواز لـەوەی بارزانـی نیشـاندران و ئـەو هەوڵوێسـتانە هیوایەكـی دەكـردەوە بـە بـەری مرۆڤـی كـورد دا.
**ئەو ڕێكخراو و پارتانەی ڕۆڵیان لە هەستانەوەدا هەبوو:**
١ـ كۆمەڵـەی ماركسـی لینینـی: ئـەم كۆمەڵەیـە پێشـتر باسـمان لێوەكـرد، بەهۆی ئـەو هەڵوێسـتانەی كە نیشـانیدابوون و بەشـێك لەڕاسـتیەكانی دركاندبـوو، كاریگەریـی لەسـەر جەمـاوەر دروسـت كردبـوو، هەربۆیـە وەكـو ئەركێكـی شۆڕشـگێری لـە ئـاداری ١٩٧٥ داو دوای خـۆ بەدەسـتەوەدانی بارزانـی، ئـەم كۆمەڵەیـە لـە بەیاننامەیەكـدا بەتونـدی ئـەو هەڵوێسـتەی بارزانـی و سـەركردایەتی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتانی ڕەخنەكـردو ڕەدی كـردووە. لـە بەرامبـەردا بانگـی لەكادیـرو ئەندامانـی خـۆی كـرد كـە بەرخـۆدان بكـەن و ڕوحـی بەرخـۆدان لەگەڵـدا بچێنـن و بانگـی لەگـەڵ كـرد كـە بـەدەم بانگـەوازی بارزانیـەوە نەچـن و خۆیـان نـە ڕادەسـتی ئێـران و نـە ڕادەسـتی ئێـراق نەكـەن و چـەك و تەقەمەنیەكانیـان هەڵگـرن بـۆ خۆتاودانـەوەو دەسـتپێكردنی شۆڕشـێكی ڕاسـتەقینە، كـە زەحمەتكێشـان پێشـەنگایەتی بكـەن. بانگـەوازی كۆمەڵـە كاریگـەری زۆری لەسـەر كۆمەڵـگا هەبـوو، ئۆمێدێكـی درویسـت كـرد. هـەر دوای ئـەو ڕاگەیاندنـە دەسـتیان بـە خۆتـاودان كـرد.
٢ـ بەشـێك لەسـەركردەكانی پارتـی دیموكـرات لەوانـە جـەلال تاڵەبانـی، فـواد مەعسـوم، عـادل مـوراد، عەبدولـڕەزاق فەیلـی و چەنـد كەسـایەتی وەكـو نەوشـیروان مسـتەفا، كەمـال فـواد و عومـەر شـێخ مـوس سـەرەتا لـە شـام و دواتـر لـە ئەوروپـا لـە نێـوان ٥/٢٢هەتـا ١٩٧٥/٦/١ دا چەنـد كۆبوونەوەیـەك دەكـەن و بڕیـاردەدەن كـە بەنـاوی "یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان" وەكـو بەرەیەكـی نیشـتمانی كار بكـەن بـۆ كۆكردنـەوەی لایەنـە بەرخـۆدەرە كان بكـەن.
٣ـ ژمارەیـەك كەسـایەتی، لەوێنـە؛ سـەیدا صالـح یوسـفی، عەلـی هـەژار، تاهیـر عەلـی والـی بـەگ و ڕەسـوڵ مامەنـد، مـەلا ناصیـح و ژمارەیەكـی تـر لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٧٦بزوتنـەوەی سۆسیالیسـت (١٠٤)رادەگەیەنـن.
ئـەم سـێ گروپـە ڕۆڵـی سـەرەكی دەبینـن لـە تاودانـەوەی جەمـاوەرداو پێكـەوە ڕێكخراوێكـی بەرەیی دروسـتدەكەن كـە دواتـر بـە یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان نـاسراو سـێ ڕێكخسـتنی لـە خـۆوە دەگـرت، كـە كۆمەڵـە، هێڵـی گشـتی (ئەمانـە ئـەو كەسـانە بـوون كـە سـەربە تاڵەبانـی بـوون و دواتـر

**ڕێکخراوێکی تایبەتیان بە خۆیان دروست کردو بە یەکێتی شۆڕشگێران دەناسراو فواد مەعسوم سکرتێری بوو)، لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیست، ئەم ڕێکخراوە نیوە بەرەییەو ڕێکخستنەکانی پێکەوە کاریان کرد هەتا لە ١٩٧٦/٦/١شەڕی چەکداریان ڕاگەیاند.**

**بێجگە لەم گروپانە لە ١٩٧٦/٥/٢٦داو دوای ساڵێك زیاتر لە شکستی ئاداری ١٩٧٥، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیەکی کاتی(١٠٥) پێکهێناو بڕیاریدا کە دەست بە خەبات بکاتەوە. لەساڵی ١٩٧٧یشدا بەشێك لەوانەی لە سەربیری کاژیك دەڕۆیشتن پارتیەکی نەتەوەییان دامەزراند کە بەپاسۆك ناسرا (پارتی سۆسیالیستی کوردستان)(١٠٦). لەساڵی ١٩٧٩ دا حزبی شیوعی دوای هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیەکەی لەگەڵ بەعسدا بڕیاری دا کە بەشداری بەرەنگاری چەکداری بێت. واتە سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە گەلی کوردی تێیکەوت.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١٠٤)بزوتنەوەی سۆسیالیست : لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا لەلایەنی عەلی هەژار، ڕەسوڵ مامەند، عەلی عەسکەری، تاهیر والی بەگ، خالید سەعید، عەمەر مستەفا، عەدنان موفتی، کاردۆ گەلالی یەوە ڕادە گەیەندرێت و دواتر دکتۆر مەحمود عوسمان دەچێتە پاڵیان. لەگەڵ کۆمەڵەو یەکێتی شۆڕشگێراندا، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان پێکهێنا. دوای کارەساتی هەکاری ساڵی (١٩٧٨)و شەهیدبوونی عەلی عەسکەری و تاهیر والی بەگ و د. خالید سەعید، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەمان و تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفاوە. بەو هۆیەوە لەساڵی ١٩٧٩دا جیادەبنەوە. لە ١٩٨١/٥/١٥ دا حزبی سۆسیالستی کوردستان (حسك) ڕادەگەیەنن و سەیدا صاڵح یوسفی دەکەن بە سکرتێر. بەڵام صاڵح یوسفی لە ١٩٨١/٦/٢٥ دا بە نامەیەکی مینڕێژکراو شەهید دەکرێت و دواتر رەسوڵ مامەند بووە سکرتێری ئەم حزبە. لە ساڵی ١٩٩٢دا لەگەڵ پارتی گەل و (پاسۆك) دا یەکیان گرت و (یەکگرتن) یان دروست کرد، بەڵام دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامی نەگرت، پارچەبوون و رەسوڵ مامەند و عەدنان موفتی و ژمارە یەکیان جوونە ناو یەکێتی و بەشێکیشیان لەگەڵ (پارتی گەل و پاسۆك) جوونە ناو پارتی دیموکرات. دواتر (محەمەدی حاجی مەحمود) لە پارتی جیابویەوەو جارێکی تر حزبی شۆسیالستی دیموکراتی کوردستانی دروستکردەوە.

(١٠٥)قیادە موەقەتە: یاخود سەرکردایەتی کاتی، ڕێکخستنێکی تایبەت نەبوون بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام بەهۆی شکستی ساڵی ١٩٧٥و پەرتەوازەبوونی سەرکردایەتی پارتی و نەخۆش کەوتنی مەلا مستەفای بارزانەوە، سەرکردایەتی شەرعی نەما بوو. لەبەر ئەوە، سەرکردایەتیەکی کاتیان دروستکردو بڕیاریاندا بگەڕێنەوە سەر گۆڕەپانی خەبات. ئەمەش بە(قیادە موەقەتە) ناسرا. بەرپرسەکانیان بریتی بوون لە(سامی عەبدولڕەحمان – کەمال کەرکوکی – جەوهەر نامق – ئازاد بەرواری – کەریم شەنگالی) و ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی دەکردن. هەتا ساڵی ١٩٧٩ پارتیان بەڕێوە برد. لە هاوینی ئەوساڵەداو دوای ئەوەی بارزانی ١٩٧٩/٣/١ کۆچی دوایی کرد، پارتی کۆنگرەی نویەمی خۆی ئەنجامداو دوور لە چاوەڕوانی مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی پارتی. ئەمە لەکاتێکدابوو لە لایەن ئیدریس بارزانی وەکو کوڕی گەورەی بارزانی و خاوەن رۆڵ و ئەزموونی خۆی بۆ ئەم پۆستە ئامادەکردبوو. هاوکات سامی عەبدولڕەحمان پێی وابوو کە ئەو شایستەی سەرۆکایەتی پارتیە. بەڵام بەهۆی هەڵوێستی خانەوادەی بارزانی و شێخی بارزانەوە کە خەزووری مەسعود بارزانی بوو، مەسعورد بارزانی دەبێتە سەرۆك. لەئەنجامی ئەمەدا سامی عەبدولڕەحمان دەست لە پارتی بەردەدات و لە ساڵی ١٩٨١دا پارتی گەل دروست دەکات. ئیدریس بارزانی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەڵام هەتا کۆچی دوایی کرد لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧دا بە کردەیی ئەو پارتی بەڕێوە دەبات.

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ەوە هەتا ساڵی ١٩٧٩ لەڕێگەی خەباتی زیندان، سیاسی و سەربازییەوە بناخەی جوڵانەوەیەکی نوێی داڕێژراو کەوتە سەرپێی خۆی. جوڵانەوەی ئەم جارە وەکو جاری ڕابردوو نەبوو، کەتەنیا یەك پارتی ڕۆڵی تێیدا هەبێت، بەڵکو چەند پارت و ڕێکخراو ڕۆڵیان تێدا بینی و هەریەکەیان دەیویست بە پێی توانای خۆی ڕۆڵی تیدا بینی. دواتر چەند حزبی تر دروستبوون کە هەریەکەو بەپێی توانای خۆیان ڕۆڵیان لەو جوڵانەوەیەدا بینی، ئەوانیش حزبی سوسیالیستی کوردستان (حسك) کە لە (١٩٨١/٥/١٥) دروست بوو. پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان کە بەسەرۆکایەتی سامی عەبدولرەحمان لە پارتی جیا بونەوەو لەساڵی ١٩٨١ دا خۆیان ڕاگەیاند. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە ساڵی (١٩٨٥) بە سەرۆکایەتی قادر عەزیز لە حزبی سۆسیالستی کوردستان جیابوونەوە. ئاڵای شۆڕش(١٠٧) لە ساڵی ١٩٨٥دا خۆی ڕاگەیاند. بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان لە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز سەرۆکایەتی دەکردو لەساڵی ١٩٨٧دا هێزی سەربازیان دروستکردو چوونە چیا. سەرەڕای زۆری ژمارەی حزبەکان، بەڵام زۆربەیان لەو کەس و سەرکردەو فەرماندانە بوون کەپێشتر لەناو پارتی دیموکراتدا خاوەن ڕۆڵ بوون، بێجگە لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی، ئەمەش وایکردبوو کە زۆربەی لایەنەکان لەڕووی فەرهەنگ و تێگەی خەباتەوە نزیکی یەك بوون، چونکە دەرچووی هەمان قوتابخانە بوون. بەڵام ناکۆکی کەسایەتی و کۆنە قین ببوونە هۆکار بۆ ئەوەی دابەش بن بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەك کە پارتی سەرۆکایەتی دەکردو حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی تێدابوو و بە (جود)(١٠٨)دەناسران. بەرەی دووەم بەجوقد(١٠٩)کە یەکێتی سەرپەرشتی دەکردو پارتی گەل و حزبی بەعسی چەپ و حزبی شیوعی لەسەرەتادا تێیدا بوو، بەڵام دواتر کشایەوە. ئەم بارودۆخەو واقیعە ئاماژەبوون بۆ ئەوەی کە شیمانەی خۆ دووبارەکردنەوە هەیە. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، پارتی و ئەوانەی لایەنگری بوون قۆناخی دوای هەستانەوە بەشۆڕشی گوڵان ناودێر دەکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە یەکێتی و هاوپەیمانەکانی ئەم قۆناخە بە(شۆڕشی نوێ) ناودەبەن. ئەوەی خاوەنی کارەکتەری جیاواز و ڕۆڵی تایبەت و سەرەکی بوو لە قۆناخی هەستانەوە دا کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوو. بەڵام بەهۆی شەهیدبوونی شیهاب شێخ نوری سکرتێری کۆمەڵەو بەشێك لەسەرکردەکانی لە ساڵی ١٩٧٦ داو دواتر شەهید بوونی دووەم سکرتێری لەساڵی ١٩٧٨دا کە شاسوار جەلالی ناسراو بەئارام بوو. ئەم کۆمەڵەیە هەم لەڕووی ستراتیژیەوە هەم لەڕووی تاکتیکی و ڕێکخستنیەوە. هاوکات لە ڕووی ستراتیژی شەڕی پارتیزانی و هەڵوێست بەرامبەر گەل و پێکهاتەکانی و هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەتانی دراوسێ و زلهێزە جیهانیەکان و شێوازی دۆستایەتی، خاوەنی تێگەی جیاواز بوو لەوەی کە پێشتر لە جوڵانەوەی ئەیلولدا پەیڕەو دەکراو ئەمەش هیوایەکی زیاتری دەبەخشیە جەماوەرو کاردانەوەشی لەسەر خەبات و تێکۆشانی زیندان و سیاسی و پارتیزانی هەبوو، هەتا سەرەتای ساڵانی (١٩٨٠)، بەڵام بەهۆی ئەو زەبرانەی لێی دراو بەردەوام نەبوونی ڕێبەرایەتی ئەو کۆمەڵەیە لەدوای ساڵی ١٩٧٩ەوە لەسەر هەمان

**ڕێڕەو، بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کۆمەڵەیە نەتوانێت کاریگەریی خۆی بپارێزێت و هێدی هێدی ئەوانیش بوونەوە بە بەشێك لەو کارەکتەرەی کە باڵادەست بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتی و جوڵانەوەی کوردیەتیدا. هەرئەمەش وایکرد ئەو جوڵانەوە نوێیە بە هەمان هەڵەکانی جوڵانەوەی ئەیلولدا بڕواتەوەو ببێتە کۆپیەکی هەمان جوڵانەوە، زیاتر لەوەی کەپشت بەگەل ببەستێت وەکو لەسەرەتادا بانگەشەی بۆ دەکرا، پشت بەهێزی دەرەکی ببەستێت و هەر لەگەڵ نەمانی فاکتەرە دەرەکیەکاندا جوڵانەوەکەش لەساڵی ١٩٨٨دا کۆتایی پێ هات.**

**هەرچەندە ئێران و ئێراق لەساڵی ١٩٧٥دا ڕێککەوتنی جەزائیریان ئەنجامدا، بەڵام دۆستایەتی و ئارامی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە زۆری نەکێشاو دوای دووساڵ لەو ڕێککەوتنە بارودۆخی ئێران بەرەو ئاڵۆزی چوو. لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩شدا گەلانی ئێران کۆتاییان بەسیستمی پاشایەتی هێناو کۆماری ئیسلامیان دروستکرد. ئەمە ترسی خستە دڵی کاربەدەستانی ئێراقەوە چونکە زۆرینەی وڵاتەکە شیعەیەو کاریگەریی ئێرانی لەسەرە، لەوە ترسان کە هەژموونی ئێران باڵ بەسەر ئێراقدا بکێشێت. هەر ئەمە وایکرد کە ناکۆکیەکانیان سەر هەڵبداتەوەو هێزە نێودەڵەتیەکانیش ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەبوو. چوونە سەر تەختی سەرۆك کۆماری سەدام حسێن، لەساڵی ١٩٧٩دا بەشێکی وابەستەی ئەو گۆڕانکارییانە بوون، کە لە هەرێمەکەداو بەتایبەتی لە ئێراندا ڕویاندا بێدەچوو کە ئەحمەد حەسەن بەکر بۆ ئەو هەنگاوانە ئامادە نەبوویێت کە سەدام حسێن بەرامبەر ئێران هاویشتی.**

---

(١٠٦)پاسۆك: پارتی سۆسیالیستی کوردستان لەسەر بیری کاژیك لەساڵی ١٩٧٧دروست بوون و ئازاد مستەفا سەرۆکایەتی دەکردن و عەبدوڵڵا ئاگرین و مولازم کەریم لە کەسە دیارەکانیان بوون. پارتیەکی دەستەبژێر بوون، لە ساڵی ١٩٩٢دا لەگەڵ حزبی سوسیالیست و پارتی گەل یەکیان گرت و دواتر چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

(١٠٧)ئاڵای شۆڕش (ئاش: کۆمەڵێك لە کادیرانی کۆمەڵە کە(مەلابەختیار – عیماد ئەحمەد – پشکۆنەجمەدین) پێشەنگایەتیان دەکردن، دوای تێکچوونی دیالۆکی یەکێتی و ئێراق پێیان وابوو کە یەکێتی لەسەر ڕەوتی خۆی ناڕوات و بارودۆخی ناوخۆی کۆمەڵەش تێکچووە، لەبەرئەوە هەوڵیاندا ڕێکخستنێکی نوێ دروست بکەن و بە تێڕوانینی خۆیان ئەوان هەوڵیان دەدا هێڵی (ئارام) بپارێزن. هەربۆیە ناوی خۆشیان بە ناوی رۆژنامەکەی ئارامەوە نا. بەڵام پێش ئەوەی خۆیان ڕابگەیەنن مەلابەختیار کە کەسی یەکەمیان بوو لەلایەنی یەکێتیەوە دەستگیر کراو نزیکەی چوار ساڵ زیندان کرا لەلای یەکێتی، دوای شکست و ئەنفال ئازادیان کرد. سەرەڕای ئەوە، ئاڵای شۆڕش خۆی ڕاگەیاندو لە ئەورووپاو ناوخۆی کوردستاندا هەندێك چالاکیان نواند. دوای ڕاپەڕین لەگەڵ زەحمەتکێشاندا یەکیان گرت و دواتر چوونەوە ناو یەکێتی.

(١٠٨) بەرەی(جود): لە ١٩٨٠/١١/٢٨ دا لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی و حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا بەناوی (جەبهەی وەتەنی دیموکراتی) ڕاگەیەندراو هەتا ساڵی ١٩٨٦بەردەوام بوو، ئەم بەرەیە لەگەڵ یەکێتی لە شەڕدا بوو.

(١٠٩)(جوقد): واتە(جەبهەی وەتەنی قەومی دیموکراتی) بەرەیەك بوو لەنێوان یەکێتی، شیوعی و بەعسیە چەپەکاندا لە ١٩٨١/١١/١٢دا دروست بوو، بەڵام دواتر حزبی شیوعی لەو بەریە چووە دەرەوە.

**ئەوەبوو دوای ساڵێك لەوەی كە سەدام حسێن بووە سەرۆك كۆماری ئێراق، لە ١٩٨٠/٩/٢٢دا شەڕی لە دژی ئێران ڕاگەیاندو ئەم شەڕە ماوەی هەشت ساڵی خایاندو هەتا ١٩٨٨/٨/٨بەردەوام بوو. بێگومان ئەمە دەرفەت بوو بۆ هێزە كوردییەكانی باشوور و ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی سوود لەم دەرفەتە وەربگرن، بەڵام هیچیان بەشێوەیەكی ستراتیژی سوودیان لێ وەرنەگرت و لەوە زیاتر بوونە بەشێك لەو شەڕە، ئەمەش لە ئەنجامدا بەزیانی كوردو دۆزەكەی شكایەوە. ئەمە یەكێك بوو لەو كارەكتەرانەی كە سەبارەت بە جوڵانەوەی ئەیلول باسمان كردو لەم جوڵانەوەشدا دووبارە بویەوە.**

**بێجگە لەمە فەرهەنگی شەڕی ناوخۆ، كە پێشتر باسمان كرد لەم قۆناخەدا دووبارە بویەوەو بەشێوەیەكی بەرفراوانتر، چونكە ژمارەی پارتەكان زیادیان كردو هاوكات لەڕۆژهەڵات و باكوریش جوڵانەوەی چەكداری دەستی پێكرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەم قۆناخەدا شەڕی ناوخۆ زۆر بەشێوەیەكی قێزەونتر لەوەی سەردەمی جوڵانەوەی ئەیلول ڕووبدات و زیانی زۆر بەگەلەكەمان بگەیەنێت، هەروەها ئەو هەڵەو كەموكورتیانەی لە بواری دانوستاندن و پەیوەندی دەرەكی و دیالۆك لەگەڵ حكومەتی ئێراقدا لەسەردەمی جوڵانەوەی ئەیلول ڕویاندا بوو، لە دانوستاندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەگەڵ حكومەتی ئێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ - ١٩٨٥ دا(١١٠) ئەنجامدران، دووبارەبوونەوەو شتی نوێی نەخرایە سەر. واتە ئەزموون لەڕابردوو وەر نەگیراو ئەمەش وایكرد كە مێژوو خۆی دووبارە بكاتەوە.**

**دیارە كە باس لەو كەموكورتیانە دەكەین، بەو واتایە نایە كەخەبات نەكراوەو قوربانی نەدراوەو زەحمەتی نەبینراوە، پێویستە بەو شێوەیە هەڵنەسەنگێندرێت. بێگومان هەم لەلایەنی خەڵكەوە،**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١١٠)دیالۆكی یەكێتی و حكومەتی بەعس: دوای ئەوەی ئێراق لە شەڕی ئێراندا تەنگەتاوبوو، لەساڵی ١٩٨٣دا لەڕێگەی عەبدولرەحمان قاسملووەوە داوای دیالۆك لەیەكێتی دەكات و یەكێتی بە ئەرێنی وەڵام دەداتەوەو لە مانگی ١١ی ١٩٨٣هەتا ١٩٨٥/١/١٥ دیالۆك بەردەوام دەبێت. لە دیالۆكدا حزبی بەعس ئامادەیی خۆی نیشاندەدا كە داخوازییەكانی یەكێتی پێكبێنێت و لە سەر ئەو بنەما دیالۆك دەستی پێ دەكات. لە دیالۆكدا هەندێك هەنگاو نرا، بەڵام دواتر بێ ئەنجام كۆتایی هات و حزبی بەعس توركیای كردە بیانوو، گوایە توركیا دەستی لە دیالۆكەكە وەرداوەو فشاری خستۆتە سەر ئێراق، بۆ ئەوەی داواكانی یەكێتی جێبەجێ نەكات. ئەمەش بۆ یەكێتی بووە هۆی زیانێكی مەزن و ئیتر دوای ئەوە یەكێتی ڕووی لەلاوازی كرد. هەتا ئەو كاتەی یەكێتی لەگەڵ حكومەتدا دیالۆكی دەست پێ نەكردبوو، كاریگەرترین هێزی سەرگۆڕەپانەكە بوو. بەڵام دوای دیالۆك قورسایی كەم بویەوە. یەكێتی لەو كاتەدا پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا خراپ بوو، نەشیدەتوانی خۆی بگەیەنێتە سوریا، ئەو دیالۆكەی بەباش دەبینی و پێی وابوو ئێراق لاوازەو دەتوانێت كۆمەڵێك دەسكەوتی لێ بسەنێت. بەمەش پێگەی خۆی قایمتر دەكات، ئامانجی یەكێتی لە دیالۆك ئەوەبوو. بەڵام ئەنجام نەگرتنی دیالۆكەكەو ئەو بانگەشەو دژایەتیەی حزبەكانی تر لە بەرامبەری كردیان (چونكە بەتەنیا دیالۆكی دەكرد)و لەكاتی دیالۆكیشدا بێ تەدبیر هەڵسوكەوتی كردو لە ڕێكخستن و هێزی پێشمەرگەی یەكێتی دا بێ سەروبەری بەرەو پێشەوە چوو، كێشەی كۆمەڵە و یەكێتی قوڵ بویەوەو دوای دیالۆك تەقیەوەو ئاڵای شۆڕشی لێ دروست بوو. ئەمانە هەمووی بوونە هۆكاری لاوازبوونی یەكێتی و ئیتر بە هەموو مەرجێكی ئێران ڕازی بوو و لە ساڵی ١٩٨٦پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئێراندا گەشە پێدا.

هـەم پێشـمەرگەو کادیـرو خەڵکـی دڵسـۆزو بەشـێك لەفەرمانـدارو سـەرکردەکانەوە قوربانـی و گیانفیداییەکـی زۆر پێشـکەش کـرا. زۆر سـەرکردەو فەرمانـدەی دڵسـۆز وپێشـمەرگەی ئـازاو خەڵکـی خۆنەویسـت شـەهید بـوون و خزمەتیـان کرد. ئەگـەر ئەوانـە نەبوونایە زیندانـەکان نـە دەبوونە جێگای جۆشـدانی گیانـی شۆڕشـگێری و چیـاکان نەدەبوونـە لانکـەی خەبـات و کوردایەتـی. ئێمـە قسـەمان لەسـەر ئەمانـە نیـە وئەمانـە ئێمەیـان گەیانـدە ئەمـڕۆ. بـەڵام قسـەمان لەسـەرخۆ دووبارەکردنـەوەو گەیشـتنەوەیە بـە هـەرەس، خەمـی ئـەوە دەخۆیـن ئێمە(١٣)سـاڵ خەبـات و خزمەتمـان کـردو خوێنمان ڕشـت و گوندمـان خاپـور بـوون، ماڵـمان ڕووخـا، کیمیایـی کـرا بەسـەرمانداو ئەنفـال کرایـن. ئایـا قەدەرمـان شکسـت بـوو، نەدەکـرا پێـش لەدووبـارە شکسـت بگریـن، ئایـا ئەگـەر خوێندنەوەیەکـی بـاش بـۆ هۆکارەکانـی شکسـت نەکەیـن شـیمانەی سـێ بـارە بوونـەوەو دەبارەبوونـەوەی نیـە؟ ئایـا قسـە کـردن لەسـەر ئەمانـە دەبێـت قەدەغەبێـت ؟ یاخـود پەنـا بـۆ کولاندنـەوەی برینـەکان ببرێـت ؟ یاخـود تەنیـا لـە پێنـاوی تانـەو تەشـەر لەیەکـتری بێـت؟ بێگومـان نەخێـر، دەبێـت قسـەیان لەسـەر بکەیـن و لەپێنـاوی شـیکردنەوەیەکی ڕاسـت و گەشـەپێدانی چارەسـەریدا قسـەیان لەسـەر بکەیـن، ئایا نەدەکـرا پێـش لەکارەسـاتی هـەکاری(١١١)، دەربەدەرکردنـی کـوردە فەیلیـەکان(١١٢) قڕناقـەو پشـت ئاشـان(١١٣)، کۆکـوژی بارزانیـەکان(١١٤)، ئەنفـال و کیمیابـاران(١١٥) یاخـود گەلێـك کارەسـاتی تـر کـە ڕوویانـدا بگریـن؟ بەهەرحـاڵ سـەرەڕای فیـداکاری زۆر و قوربانـی لـە ژمـارە نەهاتـوو سـەرەڕای هەبوونـی دەرفەتـی بابەتـی لەسـەر ئاسـتی ئێـراق و هەرێمەکـەو جیهـان، بـەڵام بەهـۆی نەبوونـی پێشـەنگایەتیەك کـە خاوەنـی سـتراتیژ و تێگەیەکـی نـوێ و ڕاسـت بێـت، بـۆ شـۆڕش، ئـەو جوڵانـەوەی گەلەکەشـمان ئەنجاکەکـەی شکسـت بـوو. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە دروسـتکردنی بـەرەی کوردسـتانی لەسـاڵی ١٩٨٧(١١٦) دا لەلایەنـی هێـزە کوردسـتانیەکانەوە هیوایەکـی لەنـاو جەمـاوەردا دروسـتکرد، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کەئێـران ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـوو لەدروسـتکردنی ئـەو بەرەیـەدا، ئـەوا ئـەو بەرەیـە زیاتـر خزمەتـی ئێرانـی کـرد. ئیـتر لـە دوای سـاڵی ١٩٨٨نـە گوندمـان مایـەوە نـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی و گەلەکەمـان سـەرەڕای پرۆسـەکانی کیمیابـاران و ئەنفـال بەبـێ پاراسـتن و بەرگـری مایـەوەو هاوشـێوەی بەزێکـی لێهـات بیدەیتـە دەسـتی پشـیلە. هەربۆیـە سـەدام حسـێن لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٨٨-١٩٩٠هەوڵیـدا زیاتـر ئـەو گەلـە کۆنـترۆڵ بـکات و ئەوەبـوو لەسـاڵی ١٩٨٩دا شـاری قـەڵادزەی خاپـوور کـردوو خەڵکەکەشـی ڕاگواسـتن بـۆ ناوچەکانـی تـر.

ئـەوەی لـەم قۆناخـەدا کەمێـك جیاوازبێـت، ڕۆڵـی ژنـان و گەنجـان بـوو، کـە بـە بـەراورد بەڕابـردوو، بـەرەو پێشـەوە چـوو. ژمـارەی ژنـان لەنـاو پێشـمەرگەدا، بەتایبەتـی حزبـی شـیوعی و یەکێتـی زیـادی کردبـوو، لەنـاو ڕێکخسـتنە نهێنیەکانیانـدا ژنـان و گەنجـان ڕۆڵـی زۆریـان هەبـوو. بـەڵام دەرفەتـی ئـەوە دروسـت نەکـرا کـە ژنـان و گەنجـان چالاکانەتـر لـە هەمـوو بوارەکانـدا ڕۆڵ ببینـن و ڕۆڵـی سـەرکردایەتی و پێشـمەرگایەتی بەشـێوەیەکی چـالاك ببینـن و زیاتـر ڕۆڵـی لاوەکـی و بـەرەی پاشـەوەیان پێـدرا بـوو.

کۆتایـی سـاڵی هەشـتاکان وسـەرەتای سـاڵی نـەوەدەکان، گەواهـی گۆڕانـکاری جـدی بـوو لـە

**سەرئاستی جیهان، ناوچەکەو کوردستان، لەسەر ئاستی جیهان شەڕی ساردو ململانێی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەپێشەنگایەتی یەکێتی سۆڤێت، و بلۆکی ڕۆژئاوا بە پێشەنگایەتی ئەمریکا لەڕووی دسەڵاتەوە بەرەو یەکلاییبوونەوە دەچوو. ئیتر لەچوارچێوەی پرۆژەکانی گۆرباچۆڤدا (پرۆستەریکا و گلادنۆس)دا، یەکێتی سۆڤێت بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو، بلوکەکەشی لێك دەترزاو لە سەرەتای نەوەدەکاندا ئەمە ڕویدا، ئەوەبوو دیواری بەرلین ڕوخاو هەردوو ئەڵمانیا یەکیان گرتەوە، یەکێتی سۆڤێت و پەیمانی وارشۆ لێك هەڵوەشانەوە، لەسەر ئاستی ناوچەکە شۆڕشی بەردی فەلەستین ڕۆژانە کاریگەریی زیاتر دەبوو، و جێگەی شۆڕشی چەکی دەگرتەوە.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

(١١١)کارەساتی هەکاری: لەبەهاری ساڵی ١٩٧٨دا یەکێتی زیاتر لە (١٠٠٠)پێشمەرگەی خۆی کۆکردەوەو ناردنی بۆ ناوچەی خواکورك و شەمزینان و لەوێوە چوونە هەکاری، لەناوچەی هەکاری باکوری کوردستان قیادەموقەتەی پارتی بە هاوکاری خێڵەکانی ئەو ناوچەو پشتیوانی هێزی دەوڵەتی تورك و ئێراقی هێرش دەکەنە سەریان و زۆربەیان دەکوژن و ژمارەیەکی کەم لەو هێرشە دەربازیان دەبێت و دەگەڕێنەوە، ئەوانی تر یان کوژران یان لەناو بەفردا مردن یاخود کەوتنە دەستی هێزە هێرشکەرەکان و ئەوانیش ژمارەیەکیان بەبڕیاری قیادە موەقەتە دەکوژرێن، وەکو عەلی عەسکەری، د. خالید و تاهیری والی بەگ. بەپێی لێدوان و گێڕانەوەی یەکێتی دەگوترێت ئەو هێزە بۆ ئەوەچوون بۆ ئەو ناوچە هەتا ئەو چەك و یارمەتیانەی لە سوریاوە بۆیان هاتووە وەریبگرن و ڕێگایەکیش بۆ هاتوچۆی خۆیان دروست بکەن. بەپێی لێدوانی قیادەموەقەتە، ئەو هێزە چوون بۆ ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی قیادە موەقەتە لەناو ببەن و لەسەر ئەو بنەما قیادە موەقەتەش خۆی پاراستووە. حزبی سۆسیالیستیش دەڵێت پێویست بوو هێزەکە هەتا خواکورك بچوایەو لەوێ بنکەو بارەگایان دانایە، بەڵام تاڵەبانی و نەوشیروان پلانەکەیان گۆڕیوەو فەرمانیانداوە کە ئەو هێزە بچێتە باکورو خۆشیان نەچوون، ئەمە گومانی لای ئەوان دروست کردووەو پێیان وایە ڕەنگە دەستێك هەبووبێت بۆ پاکتاوکردنی ئەو سەرکردانە کەسەر بە بزوتنەوەی سۆسیالیست بوون. هەر ئەمەش بووە هۆی جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی لە ساڵی ١٩٧٩دا.

(١١٢)ڕەوشی کوردی فەیلی: کوردی فەیلی لە سنوری هەردوو پارێزگای دیالەو واست لە شارەکانی خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسان و زڕباتیە دەژین و بەشێکی زۆریان چوونەتە بەغدادو لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەشی زۆری بازاڕی بەغدادو ئێراق بە دەستی ئەوانەوە بوو، بەڵام بەهۆی ژیانی کۆچەری کە بەشێکیان لەنێوان باشوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتوچۆیان کردووەو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە درێژکراوەی کوردەکانی ناوچەی ئیلام و کرماشانن لەرۆژهەڵات، حکومەتی ئێراق ئامادە نەبوو کە ڕەگەزنامەی ئێراقی بداتە کوردە فەیلیەکان و بە ئێرانی زانیون و ئەمەش وایکردووە لە زۆر مافی ژیان بێ بەشیان بکات. لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا حکومەتی ئێراق دەستی گرت بەسەر ماڵ و سامانی فەیلیەکانداو زۆربەیانی ڕەوانەی رۆژهەڵات کردو لە ئێرانیش وەکو ئێراقی سەیریان دەکرا، ئەمە بووە هۆی بێ بەشی بوونیان لەمافە بنچینەییەکانی ژیان.

(١١٣)کارەساتی پشت ئاشان: لە ساڵانی ١٩٨١ – ١٩٨٢ دا شەڕی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی بەرفراوان بوو. لەو کاتەدا بنکەکانی حزبی شیوعی لەناوچەی قڕناقەو پشتئاشان بوون لە قەندیل، کە سنوری دەسەڵاتی یەکێتی بوو، بەپێی تێڕوانینی یەکێتی، حزبی شیوعی هاوکاری پارتی دەکردو ڕێگەی بۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی بنکەی خۆی لە ناوچەکانی یەکێتیدا فراوان بکات. لەبەرئەوە یەکێتی بڕیار دەدات کە هێرش بکاتەسەر

**شەڕی ئێران ئێراق ڕاوەستابوو و سەدام حسێن خۆی وەکو پاڵەوانی عەرەب ناودێردەکرد. لە ڕێگەی ئەنجومەنی هاوکاری عەرەبی کە (ئێراق -ئوردون -یەمەن -میسر ) ی تێدابوو سەدام حسێن دەیخواست هەنگاو بەرەو یەکێتی وڵاتانی عەرەب بهاوێژێت و لوتکەی وڵاتانی عەرەبی سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ی کردە دەرفەت بۆ ئەم هەنگاوەی. لەگەڵ ئەمانەدا لە لایەکی ترەوە لەسەر قەرزەکانی ناکۆکی لەگەڵ کووەیت و سعودیەدا دروست دەبوو، چونکە ئەو پێی وابوو قەرزاری ئەو دەوڵەتانە نیە، چونکە سەدام حسێن و ئێراق ئەو وڵاتانەیان لە هێرشی فارسەکان پاراستووەو خۆێنیان بەخشیوە ئەگەر سعودیەو قەتەر هەندێك پارەیان دابێت بە ئێراق لەبەرامبەر خوێنی ئێراقیەکاندا هیچ بەهایەکی نیە. بەڵام کووەیت و سعودیە ئەم هەڵوێستەیان پەسند نەدەکردو سووربوون لەسەر داواکردنی قەرزەکانیان ئەمە سەدام حسێنی نیگەران و تورە دەکرد.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

ناوەندی حزبی شیوعی و ڕێگە لەو هەوڵانەی شیوعی پارتی بگرێت، لە ئەنجامدا هێرش دەکەن و زیاتر لە(١٥٠) پێشمەرگەی حزبی شیوعی دەکوژن و ژمارەیەکیشیان لێ دەستگیر دەکەن. ئەو شەڕە نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی کردووە، هەربۆیە حزبی شیوعی نیگەرانە لە نەوشیروان مستەفا. بەپێی تێڕوانینی حزبی شیوعی ئەوانەی یەکێتی دەیلێ ڕاست نیە، بەڵکو هۆکاری هێرشەکانی یەکێتی ئەوەبووە کە ژێربەژێری دیالۆك لە نێوان یەکێتی وحزبی بەعسدا هەبووەو یەکێتی خۆی وەکو نوێنەری سەرجەم خەڵکی کوردستان دیاری دەکردو ئەمەی بۆ ئەوەکردووە کە نیشانی بدات باڵادەستە لە کوردستانداو هەربۆیە لە ١٩٨٣/٥/٢ دا هێرش دەکەنە سەر حزبی شیوعی. ئەوەی جێگەی باسە، لەو کاتەدا شاندێکی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ناوبژیوانیکردن چووبوونە ناوچەکەو لە هەولی ڕاوەستانی شەڕدابوون، لەکاتی گەڕانەوەیان لەلای شیوعیەکان بەدەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی دوانیان (محەمەد قەرەسونگور و ئیبراهیم بیلگین) شەهید دەکرێن.

(١١٤)کۆکوژی بارزانیەکان: دوای شکستی ساڵی ١٩٧٥بەشی زۆری بارزانیەکان لەگەڵ مستەفا بارزانیدا ناچنە ئێران، ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، یەکەم بەشێکیان ناکۆك دەبن لەگەڵ مستەفا بارزانی وەکو شێخ عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەد و شێخ خورشیدی خوشکەزای شێخ ئەحمەد(کوڕی مەریەم) کەبەڕێبەری خورشیدیەکان و جێنشینی شێخ ئەحمەد دەناسرا، هەروەها عوبەیدوڵڵای کوڕە گەورەی بارزانی و لوقمان و سابیری کوڕی کە بیروبۆچونی جیایان هەبوو لە باوکیان. هەندێك لە بارزانیەکانیش ئیتر دەیانخواست بەئارامی بژین، بۆ ئەمە لەباشور دەمێننەوە. حکومەتی ئێراقیش ڕێگایان پێ نادات بچنەوە زێدی خۆیان. ١٥٨٩خێزان لە قوشتەپە، ٥٦٧ خێزان لە هەرێم، ٥٤٦خێزان لە دیاناو ١٤٠خێزان لە قۆرەتوو جێگیر دەکات. بەپێی وتەی عەبدولمسەور بارزانی تەنیا (٥٣)خێزانی بارزانی لەگەڵ مەلا مستەفادا چوونەتە ئێران. حکومەتی ئێراق لە ١٩٨٠/٩/٢٦دا عوبەیدوڵڵای کوڕی بارزانی دەستگیر دەکات و دوای هەفتەیەك لوقمانی برای دەستگیر دەکرێت و بێ سەروشوێن دەکرێن. دوای ئەوەی ئێران بەهاوکاری پارتی دیموکرات لە تەموزی ساڵی ١٩٨٣دا حاجی ئۆمەران دەگرێت، حکومەتی ئێراق لە تۆڵەی ئەوەدا لە ٧/٣١و ١٩٨٣/٨/١دا چوار دەوری نشینگەکانی بارزانیەکان و دەیانبات و شوێنبزریان دەکات. ئەم ڕووداوە دواتر بەئەنفالی بارزانیەکان ناسێندراو بەپێی بەڵگە زیاتر لە (٥٠٠٠)کەس بوون کە بێ سەروشوێن کراون و لە ناویاندا شێخ عوسمان و شێخ خورشیدو سابیری کوڕی مەلامستەفای تێدابوو.

**هاوكاتی ئەمە جوڵانەوەی كوردی لە ڕۆژهەڵات و باشور كپكرابوونەوەو ئیتر هەردوو دەوڵەت لە هەوڵی ئەوەدابوون كە سەری ئەو كێشەیە بنێنەوە، لەم كاتەدابوو ئێران لەبن ناوی دیالۆكدا عەبدولڕەحمان قاسملۆیان لە ڤیەننا تیرۆر كردو ئێراقیش شاری قەڵادزەی خاپور دەكرد و ڕایدەگواست. بەڵام لەباكوری كوردستان و توركیا دۆزی كورد سەر لەنوێ سەری هەڵدەدایەوەو**

(١١٥)شاڵاوەكانی ئەنفال و كیمیابارانی كوردستان: دوای ئەوەی یەكێتی لەگەڵ ئێراندا ڕێككەوت و لەگەڵ حزبەكانی تری كوردستانیشدا ئاشتبویەوە، هاوكاری حزبە كوردییەكان بۆ ئێران پەرەی سەندو لەمانگی (١٩٨٧/١٠/١٠)دا یەكێتی هاوكاری ئێرانی كرد بۆ لێدانی بیرە نەوتیەكانی كەركوك. دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ دا بە هاوكاری ئێران شاربازێر یان گرت. حكومەتی ئێراق ئیتر بەبێ سڵەمینەوە كەوتە هێرش و بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی، ئەوەبوو لە ١٩٨٧/٤/١٥دا ناوچەی سوڕداش و قەرەداخی كیمیاباران كرد، بەڵام ژمارەیەكی كەم كەس بەر كیمیاوی كەوتن. دواتر لە ١٩٨٧/٤/١٦و ١٩٨٧/٥/٢٧دا دۆڵی مەلەكان، شێخ وەسان و بالیسانی كیمیاباران كردو زیاتر لە ٢٠٠ كەس بوونە قوربانی. لە هاوینی هەمان ساڵدا شاری سەردەشت و چەند ناوچەیەكی سەرپێڵ و زەهاوی لە ڕۆژهەڵات كیمیاباران كردو بەسەدان كەس بوونە قوربانی. لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا بەفڕۆكە هەڵەبجەی كیمیاباران كرد كە زیاتر لە (٥٠٠٠)كەس بوونە قوربانی و زیاد لە (١٠٠٠٠)كەسیش بریندار بوون. لە ١٩٨٨/٣/٢٢یشدا بەكاتیۆشا گوندی سێوسێنانی كیمیاباران كرد كە (٦٨)كەس شەهید بوون و زیار لە (١٠٠)كەس بریندار بوون. لەرۆژی ١٩٨٨/٥/٣یشدا هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسكەری كیمیاباران كردو زیاتر لە (١٥٤) كەسی شەهید كردو بەسەدانی بریندار كرد. لەكاتێكدا هەوڵی نێودەوڵەتی هەبوو بۆكۆتاییهێنان بە شەڕی ئێراق ـ ئێران، ئێراق ئەوەی بەدەرفەت زانی و لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٨ دا بەشێكی زۆری هێزەكانی كۆكردەوەو بەپشتیوانی(جاش) بڕیاریدا ناوچەكانی كوردستان لە دەستی پێشمەرگە دەربهێنێت. جێگەی ئاماژە پێكردنە كە لەو كاتەدا زۆربەی گوندەكانی كوردستان لەژێردەستی پێشمەرگەدابوون و بە ناوچەی رزگاركراو دەناسران. حكومەتی ئێراق ئەم هەوڵەی ناونا ئۆپەراسیۆنی ئەنفال. لەم ئۆپەراسیۆنەدا سوپای ئێراق باشوری كوردستانی كردە ٨ ناوچەو لەچوارچێوەی هەشت ئۆپەراسیۆندا لە ٢٢/ شوباتی ١٩٨٨دا لەناوچەی سوڕداش دەستی پێ كردو لەناوچەی بادینان لە ١٩٨٨/٩/٦ دا كۆتایی بە شاڵاوەكەی هێنا. لەم پرۆسەیەدا نزیكەی (٤٠٠٠)گوندی كوردستان خاپوركران و سوتێنران. بەهەزاران كەس شەهیدكران و (١٨٢٠٠٠) كەسیش بێ سەروشوێن كران، كە ئەوانە بە ئەنفالكراوەكان دەناسرێن. لە ئۆپەراسیۆنی سێیەمدا كە لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٨ لە ناوچەی گەرمیان بەڕێوەچوو و هەتا كۆتایی ئەو مانگە بەردەوام بوو، زۆرترین كەس شەهیدبوون و ئەنفال كران و لەڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤دا زۆرترین كەس ئەنفال كرا، هەربۆیە لە ئێستادا گەرمیان وەكو سیمبۆڵی ئەنفال دەبینرێت و رۆژی ١٩٨٨/٤/١٤یش وەكو رۆژی ئەنفال دیاری كراوە. هەتا ئێستا ئێسك و پروسكی چەند هەزار كەسێك دۆزراوەتەوە، بەڵام زۆربەی زۆری ونبووەكان نازانرێت چیان لێ كراوە. بەپێی هەندێك بەڵگە. ژمارەیەك كچی گەنج و منداڵی ئەنفال فرۆشراون بە سەرمایەدارو باڕەكانی وڵاتانی عەرەب.

(١١٦)بەرەی كوردستانی: دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٨٦ دا پەیوەندی یەكێتی و ئێران بەرەو پێشەوەچوو، ئیتر ئێران كەوتە هەوڵدان بۆ ئاشتكردنەوەی یەكێتی و هێزەكانی ترو لەسەر ئەو بنەما لە ١٩٨٦/٥/١٢ دا یەكێتی و پارتی ڕێكدەكەون. لە حوزەیراندا یەكێتی و حزبی شیوعی ڕێكدەكەون و لە ١٩٨٦/١١/٨ تاڵەبانی و ئیدریس بارزانی ڕێككەوتنی كۆتایی دەكەن و دەیكەنە سەرەتا بۆ دروستكردنی بەرەی كوردستانی كە لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧راگەیەندرا. بەرەی كوردستانی بە بەشداری (پارتی دیموكرات، یەكێتی نیشتمانی، حزبی شیوعی، حزبی سۆسیالیست، پاسۆك، پارتی گەل، حزبی زەحمەتكێشان).

جوڵانـەوەی کـوردی بەپێشـەنگایەتی پەکەکـە لەگەشـەکردندا بـوو، ئەمـەش بـۆ زلهێـزە جیهانیـەکان و نوێنـەرە کەیـان لـە ناوچەکـەدا (دەوڵەتـی تورکیـا) هەڕەشـە بـوو. لـەم بارودۆخـەدا ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانـی کـە نزیکـەی نیوسـەدە بـوو لەڕۆژهەڵاتـی ناویندا لاواز بـوون و دەرکـرا بـوون. ئـەم بارودۆخەیـان بەهـەل و دەرفـەت زانـی بـۆ ئـەوەی بـە هەمـوو شـێوەیەك بگەڕێنـەوە بـۆ ناوچەکـە. ئـەو وڵاتانـە هەرچەنـدە خۆیـان سـەدام حسـێن یـان پێگەیانـد بـوو، بـەڵام ئیـتر بەهەڕەشـەیان دەبینـی بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانیـان و لـەوە دەترسـان کەوڵاتانـی عـەرەب سـەر بـۆ داخوازییەکانـی نـەوی بکـەن و یەکێتـی یـەك لـە نێـوان بەشـێك لـە وڵاتـە عەرەبیەکانـدا دروسـت بـکات، ئەمـەش لەلایـەك دەبـووە هەڕەشـە بـۆ سـەر ئیسرائیـل، لەلایەکـی تـرەوە دەسـتی بەسـەر بەشـێکی زۆری سـەرچاوەی وزەی جیهانیـدا دەگـرت و ئەمـەش ئـەو دەوڵەتانـەو کۆمپانیاکانـی زیانمەنـد دەکـرد. هەربۆیـە کەوتنـە قوڵکردنـەوەی ناکۆکیەکانـی نێـوان ئێـراق و کووەیـت و بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ ئێراقیـان هانـدا بـۆ پەسـند نەکردنـی داواکانـی کووەیـت و لەئەنجامـدا رۆژی ١٩٩٠/٨/٢دا لەسـیناریۆیەکدا ئێـراق کووەیتـی داگیـر کـرد. ئەمـەش لەبـن نـاوی ئـەوەی کـە لـە کووەیـت کودەتـا ئەنجامـدراوە و دوای چەنـد رۆژێکیـش کودەتاچیـەکان گوایـە بڕیاریانـدا کووەیـت بخەنـە سـەرئێراق و ئێراقیـش ئەمـەی پەسند کـردو ئیـتر کووەیـت بـووە (١٩) یەمیـن پارێـزگای ئێـراق، ئـەم ڕووداوە رۆژهەڵاتـی ناویـن و جیهانـی هەژانـد.

ئـەم بارودۆخـە ڕێـك ئـەو هەلەبـوو کـە ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانـی چاوەڕوانـی بـوون. چونکـە دەرفەتـی ئەوەیـان بـۆ دروسـت بـوو کـە بەبیانـوی ڕووبەڕووبوونـەوەی سـوپای ئێـراق هێـز بنێـرن بـۆ ناوچەکـەو ڕێگـە لـە پێشـڕەوی زیاتـری ئێـراق بگـرن و لـە کووەیتیـش دەری بکـەن. بـۆ ئەمـەش ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی ئێراقـی ئـاگادار کـردەوە کـە هەرچـی زووە هێزەکانـی لـە کووەیت بکێشـێتەوەو بڕیاریشـیاندا کەئابلۆقـە بخەنـە سـەر ئێـراق و بـۆ دواجـار مۆڵەتـی هەتـا ١٩٩١/١/١٥ درایـە ئێـراق بـۆ کشـانەوەی هێزەکانـی لـە کووەیـت. ئاماژەشـیان بـۆ ئـەوە کرد کـە ئەگەر نەکشـێتەوە ئـەوا بـە زەبـری هێـز دەری دەکـەن. ئـەم بارودۆخـە سـعودیەو وڵاتانـی تـری ترسـاندو هەریەکەیـان لای خۆیانـەوە لـە هەوڵـی ئەوەدابـوون زیاتـرو زووتـر دەسـتی ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانـی ڕاکێشـنە نـاو وڵاتەکانیـان و هەرێمەکـەوە. ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانیـش زۆر لەسـەرخۆ کاریـان دەکـردو دیـار بـوو کـە ئامانجیـان ئەوەبـوو بارودۆخەکـە بـۆ سـەرکەوتنی خۆیـان لـە باربکـەن. ئێراقیـش لەلایـەك لـە هەوڵـی ئەوەدابـوو کـە بابەتەکـە زوو چارەسـەر نەبێـت، هەتـا سـوود لـەکات وەربگرێـت و لـەم پێناوەشـدا هەوڵیـدەدا ڕەوایـی بداتـە کارەکـەی و بەبەڵگـە بیسـەلمێنێ کـە کووەیـت لـە مێـژوودا بەشـێك بـووە لـە ئێـراق. بـۆ ئەمـەش پشـتی بـەو بەڵگانـە دەسـت کـە لەسـەردەمی عوسـمانیەکاندا کووەیـت قەزایـەك بـووە سـەر بەویلایەتـی بـەسرە بـووە. بـەم هەوڵانـە ئێـراق هەندێـك کاتـی قزانـج کـرد. بـەڵام نەیتوانـی جیهـان رازی بـکات و ئەنجومەنـی ئاسـایش سـوور بـوو لەسـەر گـورز وەشـاندن لـە ئێـراق. دەرپەڕاندنـی لەکووەیـت بەزەبـری هێـز.

ئـەم ڕوداوە هەرچەنـدە بـۆ جیهـان شـۆك بـوو، بـەڵام بـۆ کـورد وەکـو بـۆری هەناسـە بـوو، چونکـە

بەهۆی داگیرکردنی کووەیتەوە دۆسیەکەی هەڵدەدرایەوە. ئەو کوردەی کە لەلایەنی رژێمی ئێراقەوە کیمیایی بەسەردا کراو جینۆساید کراو جیهان و وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و هەرێمی چاویان لە بەرامبەر ئەو تاوانانەدا نوقاندو تەنیا ڕەخنەیەکیان لە ئێراق نەگرت، ئەو کوردەی کە ترسی لێ نیشتبوو لە دوای رووخاندنی قەڵادزەوە وردەوردە سەرجەم شارەکانی خاپور بکرێت و بەتەواوی ڕیشەکێش بکرێت، بەشی زۆری کۆمەڵگای کوردستان لە کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکاندا ناچاری نیشتەجێ بوون کرا بوون و ژمارەیەکی زۆر لە گەنج و بەتەمەنی کورد پەلکێشی ناو ڕیزەکانی سوپای ئێراق کرابوون و پارتە کوردیەکانیش لە گۆڕەپانی خەباتدا نەبوون و چووبوونە ئێران و دەرەوە، واتە گەل بەبێ پاراستن بوو، هەرچی پەکەکەشە کە وەکو جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی لەگەشەکردندا بوو، هێشتا نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە بتوانێت باری خەڵکی باشووریش هەڵبگرێت یاخود هیوایەك لەلایان دروست بکات. هەربۆیە لەدوای ڕووداوی کووەیتەوەو ئەو بڕیارانەی کەدژی ئێراق دەردەکران، گەلی کوردی خۆشحاڵ دەکردو چەندە هەڕەشەکان زیادی دەکرد، ئەوەندە تامەزرۆیی گەلی کورد بۆ تۆڵە سەندنەوەی قوربانیەکانیان زیادی دەکردو ڕۆژانە سەربازە کوردەکان ڕیزەکانی سوپای ئێراقیان بەجێ دەهێڵا. بەڵام بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەی کە لەسەر ئێراق دانرابوو، باری گوزەرانی خەڵك بەرەو خراپی دەچوو. لەم کاتەدا جەماوەر زیاتر هەستیان بەکاریگەریی خاپورکردن و سوتاندنی گوندەکانیان و سیاسەتی بێ کارکردنی دەوڵەت کرد. بەڵام ئەمە نەدەبووە ئاستەنگ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت.

ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی لەپێناوی سەرکەوتنی دەستێوەردانەکەیاندا، هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٩٠ەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ هاندان و تەیارکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێراق. بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە پەیوەندی کردن و پەیام ناردن بۆ هێزە کوردییەکان. هێزە کوردییەکانیش کە لەو کاتەدا لەناو بەرەی کوردستانیدا کۆبووبوونەوە ئەمەیان بەدەرفەت زانی بۆ خۆسازدان و دەستیان بەخۆ ئامادەکردن کرد، بۆئەوەی بتوانن ڕۆڵیان هەبێت لەپرۆسەی رزگارکردنی کووەیت و گورز وەشاندن لە ئێراق. ئەوەبوو ئێراق لە کووەیت نەکشایەوەو ئەو کاتەش بۆیان دانابوو کۆتایی هات. بەڵام ڕۆژی دواتر هیچ شتێکی نوێ ڕوی نەدا، ئەمە هەندێك خەڵکی خستە ناو گومانەوەو ئەو پرسیارە دروستبوو کە ئایا ئەمریکاو هاوپەیمانیە سی وسێ دەوڵەتیەکە قسەکانی خۆیان دەبەنە سەر یان پەشیمان بوونەتەوە، بەڵام زۆری نەبرد گومانەکان ڕەوینەوە. لەبەرەبەیانی ١٩٩١/١/١٧دا هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێراق دەستی پێ کرد. ئەمە کوردو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێراقی زیاتر خستە جوڵە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە بەرەی کوردستانی ئامادەکارییەکانی خۆی پەرەپێدەدا، لەناوخۆشدا خولیای جەماوەر بۆ ڕاپەڕین بەرەوژوور هەڵدەکشا. لەم ماوەیەدا، ماوەی دوای دەستپێکردنی بۆردومانی ئاسمانی بۆ سەر ئێراق، دوورکەوتنەوەی کورد لە سوپای ئێراق و گەڕانەوەیان بۆ ناو کوردستان ڕۆژبەڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچوو. هەتا دابڕانی کورد لەسوپای ئێراق گەیشتە ئاستێك کە دەکرا بڵێین ئیتر

سوپای ئێراق کوردی تێدا نەماوە، یاخود زۆر کەم بوەتەوە. ئەم ڕەوشە ئەوەندەی تر خەڵکی خستبووە ناو نا ئارامییەکەوە، نائارامیەك كە پڕە لە خواستی تۆڵەو بێ ئۆقرەیی بۆ لێدانی دوژمن، هاوکات لێوان لێوە لەترسی هەستانەوەی ئەو دوژمنەی کەوەکو گورگ بریندارە، لەوە دەترسان کەهەرچی زووە ئێراق و دەوڵەتە هێرش بەرەكان ڕێککەون و ڕژێمی بەعس جارێکی تر ڕووی سوپاکەی بکاتە کوردستان و هەمووی بکاتە سوتماك. ئەم بارودۆخە ئۆقرەی لە خەڵك بڕیبوو، چاوەڕوانی گۆڕانکاری ڕیشەییان دەکرد.

دوای ئەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیاباندا زیاتر لە مانگێك لەڕێگەی هێزی ئاسمانیەوە لەسوپای ئێراق و دامەزراوەکانیاندا. هێرشی زەمینیشیان دەست پێکرد. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەمینیدا، سوپای ئێراق بەرگەی نەگرت و لەچەند ڕۆژێکدا لەکووەیت دەرپەڕێندرا. شکانەکەی سوپای ئێراق ئەوەندە خراپ بوو، کە بەشێکی زۆری سوپا خۆی ڕادەستی هێزە هاوپەیمانەکان کرد و بەشێکیشی نەیدەزانی چۆن هەڵبێت. شیعەکانی باشووری ئێراق بەچاوی خۆیان شکان و زەلیل بوونی سوپای ئێراقیان دەبینی، ئەمە هانیدان و لە کۆتایی مانگی شوباتی ۱۹۹۱ دا دەستیان بەڕاپەڕین کرد. کە بە ڕاپەڕینی شەعبان پێناسەی دەکەن" چونکە ئەو کاتە مانگی شەعبانی عەرەبی بوو". لە ئەنجامی ڕاپەڕیندا، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بەشێکی زۆری باشووری ئێراقیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە ئەم بارودۆخە زیاتر خەڵکی باشووری کوردستانی هاندا بۆ ڕاپەڕین و لە (٥)ی ئاداری ۱۹۹۱ دا لە شاری ڕانیە ڕاپەڕین دەستی پێکردو ڕانیە لەدامودەزگاکانی حکومەتی بەعس پاککرایەوە. {جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئێوارەی ٤ی ئادار لەچوارقوڕنە بروسکەی ڕاپەڕین لێدرا هەربۆیە چوارقوڕنە شانازی ناونیشان یاخود نازناوی کلیلی دەروازەی ڕاپەڕینی پێ بڕاوەو ڕانیەش نازناوی دەروازەی ڕاپەڕینی پێ بڕاوە}. هەر ڕۆژەی چەند ناوچەیەك لە دامەزراوەکانی حکومەتی بەعس پاك دەکرایەوە، هەتا لە ۷و۱۹۹۱/۳/۸دا سلێمانی پاککرایەوە کە زۆرترین ئەندامی حزبی بەعس و دامەزراوە سەرکوت کەرەکانی لە ناوبران. لەرۆژانی ۳/۱۱ و ۳/۱٤ و ۳/۲۰ شیدا، بە دوای یەکدا شارەکانی هەولێر، دهۆك و کەرکوك ڕزگارکران و ئیتر لە نەورۆزی ساڵی ۱۹۹۱دا گەلی کورد لە باشووردا جەژنی سەرکەوتنیان لە کەرکوك پیرۆزکردو لەو کاتەدا بەشی زۆری گەل و خاکی باشووری کوردستان لە چنگی بەعس رزگار کرا بوون.

### ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ و دەرئەنجامەکانی:

ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱وەکو کەرنەڤاڵێکی گەللەری مەزن بوو کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان بەشدارییان تێداکرد. ڕاپەڕین ئەوەندە کاریگەریی هەبوو کە بەشێکی زۆری جاشەکان و ژمارەیەك موستەشاری جاشەکانیش بەشدارییان تێداکرد. ئەمەش وایکرد زۆرزوو بڵاوببێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و تێرامان بوو ئەم ڕاپەڕینە بە هەمووی مانگێکی نەخایاند، هەم سەرکەوت هەم تێکشکا. ئەوەبوو لە ۱۹۹۱/۳/۲۸دا حکومەتی ئێراق هێرشی پێچەوانەی

کـردە سـەر کەرکـوك و ئـەو شـارەی داگیـر کـردەوەو دواتـر لـە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣١دا هەولێـر و دهۆکی گرتـەوە و ئەمـەش بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە لـە ١٩٩١/٤/١دا کۆڕەوێکـی مـەزن کـە بـە کـۆڕەوی ملیۆنـی دەنـاسرا دەسـتی پـێ کـردو لـە ١٩٩١/٤/٣دا سـلێمانیش کەوتـەوە ژێـر دەسـتی بەعـس و کـۆڕەو مەزنـتر بـوو. ئیـتر جارێکـی تـر بەشـی زۆری خاکـی باشـووری کوردسـتان کەوتـەوە دەسـتی ڕژێمـی بەعس. بـەڵام بەشـی زۆری خەڵـك یـان خۆیـان دابـووە پەنـا ناوچـە چیاییـەکان یاخـود چوونـە ڕۆژهـەڵات و باکـوری کوردسـتان. تێرامـان و سەرسـوڕمانەکە ئەوەبـوو کـە چـۆن و بـە چـی شـێوەیەك حکومەتـی بەعـس توانـی خـۆی کۆبکاتـەوەو هێـرش بکاتـەوە سـەر باشـوری کوردسـتان؟ ئـەو پرسـیارەش لـەلای جەمـاوەر دروسـت ببـوو ئایـا بۆچـی ڕاپەڕیـن زوو شـکا؟ بێگومـان هەڵسـەنگاندنی ئـەو بارودۆخـەو وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارانە گرنگـە، هەربۆیـە لەچەنـد خاڵێکـدا بـاس لـە هـۆکاری زوو گەشـەکردن و سـەرکەوتن و زوو تێکشـکان و پاشەکشـەی ڕاپەڕیـن دەکـەم:

١ ـ ئـەو ڕاپەڕینـە پرۆسـەیەکی خۆکـردی گەلکـرد نەبـوو، ئەمـە بـەو واتایـە ناڵێـم کـە گـەل بەشـدار نەبـوو، وەکـو باسـم کـرد بەشـی زۆری گـەل بەشـدار بـوو، هێـزی گـەل تێیـدا تەقیـەوە. بـەو واتـا دەڵێـم کـە پرۆسـەیەك نەبـوو لـە ئەنجامـی وشـیارییەکی ڕێکخسـتنی و سیاسـیدا لەنـاو پرۆسـەیەکی سروشـتیدا گەشـە بـکات و ڕوو بـدات. بەڵکـو پرۆسـەیەك بـوو لەئەنجامـی دەسـتێوەردانی ئێـراق لـە کووەیـت و هێرشـی ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانـی بـۆ سـەر ئێـراق و نزیکبوونـەوەی ئێراق لـە ڕووخانەوە دروسـتبوو. واتـە پرۆسـەیەك بـوو هیواکانـی لەسـەر هێـرش و دژایەتـی هاوپەیمانـەکان بـۆ ئێـراق هەڵچنـی بـوو ئەمـەش وایکـرد کـە چەنـد گـورزی هاوپەیمانـان بـۆ ئێـراق زیـادی دەکـرد، هیـوای جەمـاوەری ڕاپەڕیـو و ئەوانـەی پێشـەنگایەتی ڕاپەڕینیـان دەکـرد زیاتـر دەبـوو. بـە پێچەوانـەوە هـەر کـە گـورزی هاوپەیمانـان کـەم دەبوویـەوە سـەرکردەکانی ڕاپەڕیـن و گـەل دەکەوتنـە نـاو دوودڵیـەوە.

٢ـ ئەمریـکاو هێـزە هاوپەیمانەکانـی بەگومانـەوە سـەیری ڕاپەڕینـی خەڵکـی کوردسـتان و جەمـاوەری شیعەیان دەکـرد لـە باشـوری ئێراقـدا. لـە دوای ئـەوەی بەشـی زۆری باشـووری ئێـراق کەوتـە دەسـتی شیعەو هەتـا کەرکوکیـش کەوتـە دەسـتی کـوردەوە، هێـزە هاوپەیمانـەکان ترسـی ئەوەیـان هەبـوو سـەدام حسـێن و حزبـی بەعـس بڕوخێـن و بـەو شـێوەیە ئێـراق بکەوێتـە دەسـتی ئێرانـەوە. چونکـە ئـەوان ئـەو ڕاسـتیەیان دەبینـی و دەزانـی کـە ئۆپۆزسـیۆنی شیعەی ئێـراق لەبـن کۆنترۆڵـی ئێراندایـە، ئۆپۆزسـیۆنی کـوردو بـەرەی کوردسـتانیش لـە ژێـر کاریگەریـی ئێراندایـەو بنکـەی سـەرەکییان لەڕۆژهـەڵات و ئێرانـە بێگومـان بـەو کوتـو پڕییـە ئێـراق بکەوتایـە، ئیـتر لەلایـەك بیانـوو بـۆ مانـەوەی هێزەکانـی ئـەوان لەناوچەکـەدا نەدەمـا، هـاوکات ئەڵتەرناتیڤێکـی وەهایـان نەبـوو کـە ڕکەبـەری لایەنەکانـی سـەر بـە ئێـران بـکات و ڕێگـە لـەوە بگـرن کـە ئێـراق نەکەوێتـە ژێـر دەسـتی ئێرانـەوە، هەربۆیـە هێرشـەکانی خۆیـان ڕاوەسـتان و پەیامـی مانەوەیـان بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ دایـە سـەدام حسـێن و دەرگاشـیان لەبەردەمیـدا کـردەوە بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـەکان. چونکـە هاوپەیمانـەکان گوتیـان: ئێمـە نەهاتویـن بـۆ ئـەوەی سـەدام حسـێن بڕوخێنیـن بەڵکـو هاتویـن بـۆ ئـەوەی سـوپای ئێـراق لـە کووەیـت دەربکەیـن. ڕاپەڕینەکانیـش کاری ناوخـۆی ئێراقـەو پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە نیـە.

هـەر دوای ئـەو لێدوانـەش هێـزە زەمینیەکانـی خۆیـان کێشـایەوە بـۆ دەرەوەی سـنووری ئێـراق و چاودێرییـان لەسـەر هێـزی ئاسـمانی ئێـراق لابـرد. ئەمـەش دەرفەتـی دا بـە ڕژێمـی بەعـس بەشـێك لـە هێزەکانـی کۆبکاتـەوەو لەگـەڵ ئـەو هێـزە تایبەتانـەی لیـوای پاراسـتنی کۆمـار و هێـزی موجاهدینـی خەلقـی ئێرانـی کـە پێشـتر ئامادەبـوون بـە پشـتیوانی هێـزە ئاسـمانیەکانی بەکاریـان بهێنـێ بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانـی شـیعەو کـورد. ئەوەبـوو سـەرەتا هێرشـی کـردە سـەر ڕاپەڕینـی شیعەکان و لەماوەیەکـی کورتـداو لەڕێگـەی ئەنجامدانـی کۆکوژییەکـی زۆرەوە شـیعەکانی سـەرکوت کـرد. دوای ئـەوە ڕووی کـردە کوردسـتان و لـە کوردسـتانیش تاڕادەیـەك گەیشـتە ئەنجـام.
٣ ـ لەبەرئـەوەی پێشـەنگانی ڕاپەڕینەکـەو بەشـی زۆری جەمـاوەر چاویـان لەهێـزە دەرەکیـەکان بـوو، کاتێـك ئـەو هەڵوێسـتەیان بینـی لەهێـزە دەرەکیـەکان، هـاوکات خۆکۆکردنـەوەی (ڕژێمـی سـەدام ) یـان بینـی، ئەمـە بـووە هـۆکاری بـێ بـاوەڕی و ورە بەردانـی سـەرکردەکان و ئەمـەش ڕاسـتەوخۆ کاریگەریـی لەسـەر جەمـاوەر هەبـوو. هەربۆیـە ئـەو جەمـاوەرەی کـە هیـوای سـەرکەوتنی خـۆی بەسـتەوە بەڕاپەریـن و دەسـتێوەردانی دەرەکیـەوە، بـێ هیواکـراو ئیـتر تەنیـا تروسـکایی و ڕێـگای ڕزگاری لـە هەڵهاتـن و دوور کەوتنـەوە لـە دەسـەڵاتی بەعسـدا دەبینـی، ئەمـەش مەرگەسـاتێکی تـر بـوو ڕووبـەڕووی ئـەم گەلـە دەبوویـەوە.

### کۆڕەوی کوردستان و دەرئەنجامەکانی

کـۆڕەوی خەڵکـی کوردسـتان کـە پرۆسـەیەکی خۆڕسـك و کاردانەوەیەکـی خۆپارێـزی گەلـی کـورد بـوو، کاریگەرییەکـی زۆری کـردە سـەر ڕای گشـتی جیهـان و دۆزی کـوردی هەنگاوێـك بـردە پێشـەوە. ئـەو دەردە سـەری و مەرگەسـاتانەی کـە گەلـی کـورد بـە بەرچـاوی دونیـاوە ڕووبـەڕووی بویـەوە ئیـتر ببوونـە شـەرمەزاری بـۆ ئـەو دامەزراوانـەی بانگەشـەی مافـی مـرۆڤ و مافـی گەلانیـان دەکـرد. لەلایـەك لەبـن نـاوی پاراسـتنی گەلـی کووەیـت و سـەروەری کووەیتـدا هەمـوو توانایـان خسـتە گـەڕ، بـەڵام لەلایەکـی تـرەوە بـە بەرچـاوی ئـەو دەوڵـەت و دامەزراوانـەوە گەلـی کـورد ڕووبـەڕووی مەرگەسـات دەبوویـەوە، بـەڵام لەژێـر نـاوی کێشـەکە ناوخۆییـە بێدەنـگ بـوون.
دوای چەنـد ڕۆژێـك لـە دەسـتپێکردنی کۆڕەوەکـە، هـەم ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی، هـەم ئێـراق خواسـتیان دۆسـیەی کـۆڕەو بکەنـە بابەتێـك بـۆ ئـەوەی خۆیانـی بـێ بکڕنـەوە. ئەوەبـوو ئێـراق لایەنـە کوردسـتانیەکانی نـاو بـەرەی کوردسـتانی بانگێشـت کـرد بـۆ دیالـۆك و ئامادەیـی خۆی نیشـاندا کـە بەدیالـۆك ئـەو کێشـەیە چارەسـەر بـکات و بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە ئـەو هێـرش ناکاتـە سـەر خەڵکـی مەدەنـی، بانگـی جەمـاوەری کـرد بـۆ ئـەوەی بگەڕێنـەوە. لەبەرامبەریشـدا لەسـەر پێشـنیاری فەرەنسـا، ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی لـە ١٩٩١/٤/٥دا کۆبـووەوەو بڕیـاری (٦٨٨)دا کـە بریتـی بـوو لـە دروسـتکردنی دوو ناوچـەی ئـارام بـۆ خەڵکـی باکـوری ئێـراق (باشـوری کوردسـتان) و باشـوری ئێـراق و ڕێگەنـەدەن بـە فڕینـی فڕۆکەکانـی ڕژێمـی بەعـس لـەو دوو ناوچەیـەدا، هەروەهـا نەتـەوە یەکگرتـوەکان پێویسـت بـوو هەسـتێت بەچاودێـری ئـەو دوو ناوچەیـەو پاراسـتنی خەڵکەکەشـی.

ناوچـەی باکـوری ئێـراق بریتـی بـوو لـەو ناوچانـەی کـە دەکەوتنـە سـەروو هێڵـی پانـی (٣٦) ە وە. هەربۆیـە بەهێڵـی (٣٦) نـاسرا، ناوچـەی باشـوری ئێراقیـش دەکەوتـە باشـووری هێڵـی (٣٢) ەوەو ئەمیـش بـە هێڵـی (٣٢) نـاسرا. هـەر لـەم کاتـەدا سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی داواکـەی (سـەدام حسـێن) یـان پەسـند کـردو چـوون بـۆ بەغـدادو دەسـتیان بـە دیالـۆك کـرد. (ئـەم دیالۆکـەو شـێوازی چوونـی شـاندی بـەرەی کوردسـتانی بـۆ بەغـدادو ماچکردنـی ئەمـلاو ئـەولای سـەدام حسـێن لەلایەنـی ئەندامانـی شـاندی کوردییـەوە ناڕازیبونێکـی زۆری جەمـاوەری دروسـت کـرد) ئـەم دوو بابەتـە هەرچەنـدە برینەکانـی خەڵکـی سـارێژ نەدەکـردو هەمـوو گومانەکانـی نەدەڕەوانـدەوە، بـەڵام زەمینەیەکـی بـۆ گەڕانـەوەی بەشـێك لـە خەڵکـی کوردسـتان خۆشـکرد. ئیـتر وردە وەردە جەمـاوەری کوردسـتان دەسـتیان بـە گەڕانـەوە کـرد بـۆ زێـدی خۆیـان. بـەڵام هەتـا پاییـزی ١٩٩١ بەشـێکی زۆری جەمـاوەر نەگەڕانـەوە، یاخـود بەنیوەیـی گەڕانـەوە، کـە پێیـان دەگـەت دوو بنـە.

بڕیارەکـەی ئەنجومەنـی ئاسـایش و دیالۆکـی نێـوان بـەرەی کوردسـتانی و حکومـەت بارودۆخەکـەی بـەرەو هێوربوونـەوە دەبـرد، بـەڵام جەمـاوەر گومانـی لـە سیاسـەتەکانی رژێمـی بەعـس هەبـوو، هەربۆیـە لەلایـەك داخـوازی خەڵـك و لایەنـە سیاسـیەکان هەبـوو کـە هێڵـی (٣٦)بگۆڕێـت بـۆ (٣٤)، چونکـە لـەڕووی جوگرافیـاوە هـەردوو پارێـزگای دهـۆك و هەولێـر لـە هەرێمـی کوردسـتان و شـاری موسـڵ دەکەوتنـە نـاو سـنوری هێڵـی (٣٦)ە وە، هەرچـی پارێـزگای سـلێمانی، کەرکـوك و گەرمیانـە نەدەکەوتنـە سـنوری ئـەو هێڵـەو ناوچـەی ئارامـەوە، ئەمـەش تـرس و گومانـی لـەلای خەڵکـی ئـەو ناوچانـە دروسـت دەکـردو لـەوە دەترسـان کـە بگەڕێنـەوە سـەر زێـدی خۆیـان و ڕووبـەڕووی هێـرش ببنـەوە. لەلایەکـی تـرەوە جەمـاوەر دەیانخواسـت حزبـی بەعـس هەرچـی زووە سـوپای خـۆی لـە نـاو شـارەکان بکشـێنێتەوەو دان بـە مافەکانـی گەلـی کـورددا بنێـت. هەرچـی حکومەتـی ئێراقـە دەیخواسـت لـە ڕێـگای دیالۆکـەوە کـورد لـە ئێـران و ئەمریـکاو هاوپەیمانـەکان دابـڕێـت و ئـەو زەمینەیـە نـەدات کـە ئـەو هێزانـە سیاسـەت لەسـەر کـورد بکـەن، بـۆ ئەمـە لەلایـەك دەیخواسـت بەردەوامـی بـە دیالـۆك بـدات، لەلایەکـی تـرەوە هەوڵـی دەدا دەسـەڵاتی سیاسـی مەدەنی و سـەربازی خـۆی لەشـارە کوردییەکانـدا بسـەپێنی. لـەم ماوەیـەدا بـەرەی کوردسـتانی بەشـێکی هێزەکانـی خـۆی هێنایـەوە نـاو شـارەکان و بنکـەو بـارەگای خۆیـان دانـاو ئەوانیـش خواسـتیان دیالـۆك بکەنـە دەرفـەت بـۆ خـۆ سـازدانەوەو خۆجێگیـر کردنیـان. ئیـتر وردە وەردە بارودۆخێـك دروسـت دەبـوو کـە لـە باشـووری کوردسـتاندا دوو دەسـەڵاتی تەریـب هەبـوون، بـەڵام لەگـەڵ گەڕانـەوەی زیاتـری جەمـاوەرداو زیاتـر جێگیـر بوونـی پێشـمەرگە لـە شـاوەکاندا و لەلایەکـی تـر یشـەوە دەسـتپێکردنی دانوسـتاندنە کانـی نێـوان ئێـراق و نەتەوەیەکگرتـووەکان سـەبارەت بـە چاودێـری چەکـی کیمیـاوی و داماڵینـی رژێمـی بەعـس لـەو چەکانـەو ناچارکردنـی بەپەسـندکردنی ئارامـی ناوچـەی دژەفڕیـن، ئـەو هاوسـەنگیە بـە سـودی هێـزی پێشـمەرگەو لایەنـی کوردیـدا دەشـکایەوە. ئەوەبـوو لە هـەردوو مانگی تەمـووز و تشرینـی یەکەمـدا دوو ڕاپەڕینـی تـر ئەنجـام دراو لـەو دوو ڕاپەڕینـە سـنوردارەدا هێزەکانی ڕژێـم لەنـاو شـارەکان دەرکـران و ناچارکـران بچنـە دەرەوەی شـارەکان و کاروبـاری ئیداریـش کەوتـە

دەستی بەرەی کوردستانیەوە، ئەمە بووە سەرەتای قۆناخێکی نوێ. چونکە دوای ڕووداوەکانی مانگی (١٠)ی ١٩٩١حکومەتی ئێراق بڕیاریدا بە تەواوی هێزە سەربازی و ئاسایشیەکانی و ئیدی خۆی لەهەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆك و سلێمانی بکشێنێتەوەو ئابڵوقەی خستە سەر هەرسێ پارێزگاکە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بۆشاییەکی ئیداری لەو سێ پرایزگایەدا دروست ببێت. بە واتایەکی تر ئیتر دەسەڵاتی حکومەتی ئێراق لەو ناوچانەدا نەما.

**بارودۆخی جەماوەر لە دوای گەڕانەوە لە کۆچ:**

کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بووە هۆی مەرگەساتێکی مەزن و لە ڕووی گیانی، باری دەروونی و مادییەوە زیانێکی مەزنی لەکۆمەڵگای باشوری کوردستاندا، ئەگەر پێشوازی گەلەکەمان لەڕۆژهەڵاتی کورستان نەبوایەو هاوکارییەکانی گەل نەبوایە، زیانەکانی گەلی باشور چەند قات زیادیان دەکرد، چونکە هەڵوێستی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا هەرچەندە بەفەرمی پێشوازییان لە خەڵك دەکردو بڕیاری هاوکاریکردنیان دابوو، بەڵام لەڕووی کردارییەوە بەجددی بەدەم خەڵکەوە نەدەچون و هاوکار نەدەبوون، ئەو هاوکارییانەشی لەلایەنی دەزگا نێودەوڵەتیەکانەوە دەنێردران بۆ جەماوەر لەئاستی پێداویستی خەڵکدا نەبوون و زۆر کەم بوون. کاتێك کە گەل دەگەڕانەوە، لە باشوریش ڕووبەڕووی ژێرخانێکی داتەپیو دەبوونەوە، چونکە ئێراق ئابڵوقەی لەسەربوو، کوردستانیش سەرجەم گوندەکانی و زەوییە کشتوکاڵیەکانیان سوتێندرابوون و نەچێندرابوون، ئەمەش بارودۆخی ئابووری خەڵکی زۆر قورس کردبوو. بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ماوەیەکی کورت بوو لە ژیانی گوند دابڕابوو، هێشتا تامەزرۆی ژیانی گوندبوون و ئەو بارودۆخەی کە دروست ببوو لەلایەك دەرفەتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی دروست کردبوو، لەلایەکی تریشە ڕەوشێکی ناچاری هەبوو کەخەڵکی هاندەدا بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکان، ئەویش هەبوونی دەرفەتی باشتر لە گوندەکاندا بۆ ژیان بوو. لەو سەردەمەدا ژیانی شار زۆر زەحمەت ببوو، بەڵام لە گوندەکاندا بەهۆی هەبوونی دەرفەتی گشتوکاڵەوە دەرفەتی ژیانی کۆمەڵگا لەبارتر بوو.

لەڕووی سیاسیشەوە ئەو بارودۆخەی کە لە باشوردا دروست بوو، دەرفەتی پەیوەندی و دانوستاندنی لە نێوان گەلی کورد لە باشوورو گەلی کورد لە باکور و ڕۆژهەڵات زیاتر کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی زیاتر بە یەکتری کاریگەربن. لێرەدا گرنگە و پێویستە باس لەوەبکەین کە لەکۆتایی ساڵی هەشتاکانداو دوای ئەوەی هێزی پەکەکە لە باکور گەشەی دەکردو لەبواری خەباتی پارتیزانی و جەماوەرییدا هەنگاوی بەرەوپێشەوە دەناو لەسەرەتای نەوەدەکاندا ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکان لە جزیرە، شڕناخ دەستیان پێکردو گەشەیان دەکرد. ئەم ڕەوشەو ئەو شکستەی جوڵانەوەی کوردی لە باشوری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕووبەڕووی بویەوە، بووە هۆکار بۆئەوەی کە ژمارەیەك لە گەنجانی باشوور ڕوولە پەکەکە بکەن و هەوڵبدەن لە ڕێگەی پەکەکەوە دۆزی گەل چارەسەر بکەن. هاوکاتی ئەمە پەکەکە ڕۆڵێکی ماتۆڕو کۆکەرەوە

ببینێ لە کۆکردنەوەی هێزو لایەنە کوردستانیەکاندا. ئەوەبوو لەسەرەتای ساڵی ١٩٩١و هەتا پاییزی  هەمان ساڵ پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوان پەکەکەو بەرەی کوردستانیدا هەبوو ئەو پەیوەندییەش ببووە ورەو باوەڕی بۆ گەلی باشووری کوردستان و خاڵێکی ئەرێنی بوو لە خەباتی نەتەوەییدا. بەڵام ئەم بارودۆخە زلهێزە جیهانیەکان و هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیای نیگەران کردبوو.{هاوکاتی ئەمە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان بەرەی کوردستانی و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو}. ئەو هێزانە نیگەران بوون لەوەی کە هێزە کوردییەکان پێکەوە هاوکاربن و سوود لەو بارودۆخە وەربگرن و لە بەرژەوەندی خۆیان رووداوەکان ئاڕاستە بکەن. بە پێچەوانەوە گەل دەیەویست ئەو هێزانە هاوکاری یەکتری بکەن و ئەو رەوشە بخەنە خزمەتی هەموو کوردستانەوە لەو سەرو بەندەدا بوو لەناو گەلدا پشتیوانی بۆ خۆپیشاندان و سەرهەڵدانەکانی جزیرە و شەرناخ پەرەی سەندو چالاکی چۆراو جۆر ئەنجام دەدراو دروشمی "ئێمە کوردی باشورین پشتیوانی باکورین " و "باکو رباشور رۆژهەڵات یەك ئامانج و یەك خەبات" بەرزدەکرایەوە . ئەم بارودۆخە هێندە نەیارەکانی زیاتر ترساند.

لە ڕووی ئیدارییەوە ئەو بۆشاییەی لە هاوینەوە دروست دەبوو، لە پاییزدا و دوای ئەوەی رژێم فەرمانگەکانی خۆی کێشایەوە گەیشتە ئاستێك پێویستی بەپڕکردنەوە هەبوو. گەل لێرەدا درەنگ نەکەوت و داوای دەکرد کە پەرچی زووە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و حکومەتی کوردستانی دروست بکرێت، هەرچەندە کات بەرەو پێشەوە دەچوو ئەو داواکارییە زیاتر دەبوو. بارودۆخی ئیداریش ئەوەی دەکردە ناچارییەك، ئەمە وایکرد کە هەڵبژاردن ببێتە بابەتێکی سەرەکی و لایەنەکان باسی لێوەبکەن. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوەبوو کە تورکیاو ئێران بەئاشکرا دژی هەنگاوێکی بەو شێوەیە بوون و هەڵبژاردنیان بەهەڕەشە بۆ سەرئاسایشی خۆیان دەبینی و پێیان وابوو کە کارێکی بەو ڕەنگە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە دەگۆڕێت هەربۆیە فشاریان دەخستە سەر بەرەی کوردستانی و داوایان لە ئەمریکاو فەڕەنسا دەکرد کە ڕێگەی پرۆسەیەکی بەو ڕەنگە نەدەن.

هەرچی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوو، لەهەوڵی ئەوەدابوون کە لە باشووری کوردستاندا زەمینە بۆ خۆیان خۆشبکەن و رەوشێکی وەهابێتە کایەوە کە ئەوان بتوانن باشوور بکەن بە زەمینە بۆ گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی لایەنگری خۆیان بۆ رژێمی بەعس. ئەوە ئاشکرابوو کە ئەو هێزانە ناوچەی ئارامیان بۆ پیادەکردنی سیاسەتی خۆیان دروست کردووە، نەك بۆ پاراستن و سودی کوردە. بەڵام سوودیان لە دۆسیەی مرۆیی گەلی کورد وەرگرت بۆ ئەو هەنگاوەیان. بێگومان ئەو هێزانەش لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافە سیاسیەکانی گەلی کورد دا نەبوون، بەڵام ئەو ڕەوشە بێ ئیدارەییەش لە خزمەتی ئەواندا نەبوو. هەربۆیە بەدوای چارەسەرێکی نیوەچڵدا دەگەڕان. هەر لەم کاتەدا چالاکیە بەرفراوانەکانی جەماوەر ڕویاندا کە ژمارەیەکی زۆر مانیان گرت و خەڵك بە گشتی پشتیوانیان لە داواکانیان دەکردو پێکەوە داوایان دەکرد کە ناوچەی ئارام بەرفراوان بکرێت. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لەم قۆناخەدا، زۆر دەوڵەت

کەوتنە هەوڵدان بۆ خۆگەیاندنە باشوور، بۆ ئەم مەبەستەش سوودیان لە دەزگای خێرخوازو ئەو دەزگایانە وەردەگرت کە لە ژێر ناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا دەهاتنە کوردستانەوە. لەم بوارەدا دەوڵەتانی وەکو قەتەر، سعودیە، ئیمارات، سویدو نەرویژ لە پێشەوە بوون و هەریەکەیان تارادەیەك جێ پێ خۆیان کردەوە. کە دواتر ئەنجامەکانی دەرکەوتن. بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی لەژێر پەردەی ڕێکخراوە خێرخوازەکاندا هاوکاری خێزانی هەژاریان دەکردو هاوتەریبی ئەوە پەرەیان بە چاندنی بیرو باوەری ئیسلامی سیاسی دا.

بەردەوامبونی ئەو بارودۆخە گەلی تورە دەکرد، چونکە ئەو ڕەوشە شیرازەی کۆمەڵگای بەرەو تێکچوون دەبرد، بەرپرسانی بەرەی کوردستانی سەرکەوتوو نەبوون لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگاداو شڕەخۆری و پەرتەوازەیی بڵاودەبویەوە، دەستی دەرەکی زیاد دەبوو، بارودۆخی دارایی خەڵك خراپتر دەبوو، ئەمانە پێویستیان بەچارەسەری بوو. لەو کاتەدا بەشی زۆری گەل ئەو قەناعەتەی لەلادروست ببوو کە ئەگەر هەڵبژادن ئەنجام بدرێت و حکومەت دروست بکرێت ئەوا سەرجەم کێشەکان یەکسەر چارەسەر دەبن، هەر ئەمە وای کردبوو زیاتر جەخت لە ئەنجامدانی هەرچی زووتری هەڵبژاردن بکەنەوە. بەڵام پارتەکانی بەرەی کوردستانی نەیاندەتوانی بەبێ ڕەزامەندی هێزە دەرەکیەکان بڕیار لەسەر پرۆسەیەکی بەو ڕەنگە بدەن. چونکە پێیان وابوو بەتەنیا ناتوانن خۆیان بپارێزن و پێویستیان بەو هێزانە هەیە بۆ پاراستن.

دوای ماوەی چەند مانگێك لەو بگرەو بەردەیە هێزە نێودەوڵەتیەکان ڕازی بوون بەوەی کە بەشێوەیەکی کرداری هێڵی (٣٦) درێژبکەنەوە هەتا ناوچەی گەرمیان و سلێمانی لەخۆبگرێت، بەڵام موسڵ و کەرکوك لە ژێر چاودێری حکومەتی بەعسدا بمێننەوە، واتە بە فەرمی هێڵی (٣٦) نەگۆڕدرا، بەڵام بە کرداری ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکاندا کراو ئیتر هەرسێ پرێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی هەتا سنووری کفری کەوتنە ژێر چاودێری هێزە نێودەوڵەتیەکانەوەو لەلایەنی بنکەی (ئینچەرلیکی)تورکیەوە دەپارێزران. تورکیاو ئێرانیش ئەوەیان پەسند کرد کە لەو هەرێمەدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەڵام بەدوومەرج، یەکەمیان ئەو حکومەتەی لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا دروست دەبێت کاتی بێت و لەکاتی ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی ئێراقدا ئەو حکومەتە هەڵبوەشێتەوە، دووەمیشیان ئەو حکومەتەی دروست دەبێت ڕێگەنەدات پەکەکەو لایەنەکانی رۆژهەلات سنوورەکانی باشوور بۆ شەڕ لە دژی تورکیاو ئێران بەکاربهێنن و ئەو لایەنانە ناچار بکەن کە بێنە باشوورەوەو خەباتی چەکداری خۆیان ڕابوەستێنن و حکومەتی هەرێم کارێك نەکات زیانی بۆ ئەو دوو دەوڵەتە هەبێت. لەگەڵ ئەمەدا ئەمریکاو فەڕەنساش داوایان دەکرد حکومەتی هەرێم ڕێگە بدات کە هەولێر ببێتە ناوەند بۆ کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی، ئەوەی دیاربوو بەرەی کوردستانی، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی ئەو مەرجانەیان پەسند کردو لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاردرا کە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و ئەوەبوو لە ١٩٩٢/٥/١٩دا بۆ جاری یەکەم لە باشووردا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان ئەنجام درا.

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:

لـە بارودۆخێکـی بەوشـێوەیەدا کـە ڕەوشـی ئابـووری خەڵـك زۆر ڕووی لـە خراپـی بـوو، ڕەوشـی سیاسـی و ئیداریـش لەنـاو ئاڵۆزییەکـدا بـوو، بـەو مەرجانـەی کەباسـمان کـرد، بـەرەی کوردسـتانی بڕیاریـدا کـە هەڵبـژاردن ئەنجـام بـدات و یەکـەم جاربڕیـار بـوو کـە لـە ١٩٩٢/٥/١٧پرۆسـەکە بەڕێوەبچێـت، ئـەم بڕیـارە جەمـاوەری توشـی شاگەشـکە کردبوو، ئیـتر ئازارەکانـی لە بیـر دەچوویەوە، ئـەم بڕیـارە کەموکورتیەکانـی تـری شـاردەوە. بـە پێـی ئـەو یاسـایەی کـە بـۆ هەڵبـژاردن ئامادەکـرا، کەسـوود لەیاسـای تورکیـا وەرگیرابـوو، ئـەو پارتـەی ڕێـژەی ٧٪ دەنگەکانـی بەدەسـت نەهێنایـە نەیدەتوانـی بچێتـە پەرلەمانـەوە. بێگومـان ئـەم بەربەسـتە مەرجێکـی زۆر نادیموکراتیانـە بـوو، بـەڵام لەلایـەك لەبـەر خۆشـحاڵ بـوون بـە پرۆسـەکە، لەلایەکیشـەوە لەبـەر ئـەوەی هیـچ لایەنێـك پێشـتر خـۆی لـەم بـوارەدا تاقـی نەکردبـووەوەو هەمـوو لایەنـەکان لەشـەرعیەتی شۆڕشـەوە هاتبـوون و دەیانخواسـت هەنـگاو بـەرەو شـەرعیەتی دیموکراتـی و دەنگـی جەمـاوەر بنێـن، هەمـوو لایەنەکانیـش پێیـان وابـوو کـە دەتوانـن ئـەو بەربەسـتە تێپـەڕ بکـەن، هیـچ لایەنێـك سـەرنجی نەچـووە سـەر ئـەو بەربەسـتە. هـاوکات بـە پێـی یاسـای هەڵبـژاردن، کورسـیەکانی پەرلەمـان (١٠٥)کورسـی بـوو، لەوانـە (١٠٠) کورسـی بـۆ پارتـە کوردییـەکان بـوو، (٥) کورسـیش بـۆ پێکهاتـەی مەسـیحی بـوو. هاوکاتـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان، بڕیاربـوو کـە هەڵبـژاردن بـۆ ڕێبـەری جوڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد بکرێـت. بەمشـێوەیە پرۆسـەکە ڕێکخـراو دەرگای خۆپاڵاوتـن کرایـەوە.

حـەوت لیسـت بەشـداری هەڵبژادنیـان کـرد، کـە دیارترینیـان پارتـی و یەکێتـی بـوو. هـاوکات چـوار کەسـایەتی خۆیـان بـۆ ڕێبەرایەتـی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان پـاڵاوت. هەرچەنـدە بـێ ئەزموونـی هەبـوو، بـەڵام جەمـاوەرو دامـەزراوە پەیوەندیـدارەکان زۆر بەگەرمـی هەوڵیانـدەدا پرۆسـەکە سـەربخەن و ڕێـژەی بەشـدار بـوون لەسـەروچاوەڕوانیەوە بـوو. لەئەنجامـدا تەنیـا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نشـتمانی کوردسـتان و زەحمەتکێشـان توانیـان بەربەسـتەکە تێپـەڕ بکـەن و هەرچـی لیسـتەکانی تـرە لـە خـوار بەربەسـتەکەوە مانـەوە، زۆرتریـن دەنـگ دەنگـی ئیسـلامیەکان بـوو کـە نەگەیشـتە ڕێـژەی ٥٪ی کـۆی دەنگـەکان. هەرچـی دەنگەکانـی پارتـی دیموکراتە ٤٤٪ی تێپـەڕ کردبـوو، دەنگەکانـی لیسـتی سـەوز {یەکێتـی و زەحمەتکێـش} یـش نەگەیشـتبووە ٤٤٪ و کەمـتر بـوو لـەو ڕێژەیـە. بەپێـی یاسـای هەڵبـژاردن دەبـوو دەنگـی لیسـتەکانی تـر دابـەش بکرێـت بەسـەر هەردوولیسـتی بـراوەدا و بەوپـێ یـە ڕێـژەی دەنگەکانـی پارتـی دیموکـرات ٥٠٪ی تێپـەڕ دەکـردو ڕێـژەی لیسـتی سـەوزیش ٤٩٪ی تێپـەڕ دەکـرد. لەبەرئـەوەی پارتـی و یەکێتـی جـاری یەکـەم بـوو بەوشـێوەیە ڕووبـەڕووی یەکـتر دەبوونـەوەو پێشـتریش شـەڕی یەکتریـان کردبـوو یەکێتـی ئـەوەی پەسـند نەدەکـرد کـە پارتـی کورسـیەکانی ببێتـە (٥١) کورسـی بەرامبـەر بـە(٤٩) کورسـی بـۆ یەکێتـی، چونکـە یەکێتـی پێـی وابـوو پارتـی دەنگـی سـاختەی زۆر بەکارهێنـاوە. نمونـەی بـۆ ئـەوە دەهێنایـەوە کـە لـە هەندێـك ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی پارتـی ژمـارەی دەنگـدەر لەوانـە زیاتـر بـوون کـە مافـی دەنگدانیـان هەبـووە، ئەمـە نیگەرانـی و دڵەڕاوکەیەکـی دروسـتکردو لەئەنجامـدا ڕێککەوتـن لەسـەر

ئەوەی کە کورسیەکانی پەرلەمان پەنجا بەپەنجا دابەش بکەن و ئیتر ئەمە بووە مۆدیل. هەرچی هەڵبژاردنی ڕێبەر بوو هیچ کەسێك نیوەی دەنگەکانی زیاتر نەهێنا، بۆئەوە دەبوایە بۆ جاری دووەم هەڵبژاردن لەنێوان دوو کاندیدی یەکەم و دووەمدا ئەنجام بدرایە. لەمەشدا چوار کاندید هەبوو، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی یەکەم و دووەم بوون، مەلاعوسمان عەبدولعەزیز و د. مەحمود عوسمان سێیەم و چوارەم بوون، بەڵام خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان ئەنجام نەدران و مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی هەریەکەیان لە سنوری خۆیاندا، خۆیان بەڕابەر دەزانی و بەو شێوەیە کۆتاییان بە پرۆسەکە هێنا. ئەوەی کە پێویستە لێرەدا سەرنجی لێ بدەین ئەوەبوو کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ساختەکردنی مەرەکەبی هەڵبژاردنەوە، هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدراو لە ١٩٩٢/٥/١٩، واتە دووڕۆژ دواتر لەو وادەیەی کە دیاری کرابوو ئەنجام درا.
لەسەر بنەمای ئەو هەڵبژاردنە، پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی پێکەوە حکومەتیان دروستکردو سەرجەم پۆست و بەرپرسیارێتییەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، سەرۆکی پەرلەمان درایە پارتی و یەکەمجار (جەوهەر نامق سالم) بووە سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەت درایە یەکێتی و فوادمعصوم بووە یەکەم سەرۆك وەزیری حکومەتی هەرێم، ئەوەی جێگەی تێڕامان بوو ئەوەبوو کە هەر وەزیرێك جێگرێکی هەبوو کە خاوەنی هەمان دەسەڵاتەکانی وەزیرەکە بوو. وەزیر لەکام پارت بوایە ئەوا جێگرەکەی لە پارتەکەی بەرامبەری دەبوو. زۆربەی کاتیش هەڵوێستی وەزیر یاخود جێگرەکان پێچەوانەی یەکتر بوون. ئەمەش لەناو کۆمەڵگادا کاردانەوەی نەرێنی هەبوو، دەگوترا کە هەرسەرۆك و وەزیرێك (ڕێگر) ێکیان هەیە. ئەمەش وایدەکرد لەکاربەڕێوەبردندا ببنە ڕێگری یەکتر.

## بارودۆخی کوردستان لەدوای هەڵبژاردن و دروستکردنی حکومەتی هەرێم

دوای هەڵبژاردن لە ١٩٩٢/٥/١٩و دروستکردنی حکومەت لە ١٩٩٢/٧/٤ دا، جەماوەر بەهیوای ئەوەبوون کە ئومێدەکانیان پێکبێت. باری ئیداری و ئابووری و سیاسیان باشتر ببێت و کاریگەریی ئابلۆقەی ئابووری کەم ببێتەوە. وردە وردە گەڕانەوە بۆ گوندەکان و گرنگیدان بە کشتوکاڵ ڕووی لە زیادی کرد. هەروەها بوونی ڕێکخراوە خێرخواز و مەدەنیە ئیسلامیەکان و ئەوروپایی و ڕۆژئاواییەکان ڕوویان لەزیادی کردو هەر ڕێکخراوەی بەشێوەیەك کاری لە سەر کۆمەڵگای کوردستان دەکرد. سەرەتا زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە وەکو خەمخۆری گەل دەبینران، بەڵام دواتر دەرکەوت کە هەر یەکەی ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیەو هاوکات پەیوەندی و هاتۆچۆی نێوان کوردستان و دەرەوە ڕووی لە زیادی کردو ئیتر کۆمەڵگای کوردستان لەڕووی ڕاگەیاندن و زانیارییەوە بەڕووی دەرەوەدا کرایەوە. ئەو قۆناخە تێپەڕبوو کە کۆمەڵگا تەنیا لە ڕاگەیاندن و زمانی حکومەتەوە شت ببیستێت. ڕاگەیاندنی کوردیش بەرەو پێشەوە چوو. لە ساڵی ١٩٩١ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و لەساڵی ١٩٩٢شدا تەلەفزیۆنی کوردستان دامەزران و دواتر حزبەکانی تریش هەنگاوی هاوشێوەیان نا، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە هەنگاوی گرنگبوون لە

بـواری ڕاگەیاندنـی کوردیـدا.
هاوکاتـی ئـەو بارودۆخـە ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانـی هەولێریـان کـردە ناوەنـد بـۆ ئۆپۆزسـیۆنی ئێـراق و کۆنگـرەی ئۆپۆزسـیۆنی ئێراقیـان ئەنجامـداو خواسـتیان لـە هەولێـرەوە ئەڵتەرناتیڤـی ڕژێمـی بەعـس ئامـادە بکـەن. ئەمـەش جموجۆڵـی سیاسـی لەباشـوردا زیاتـر کـردو پەیوەنـدی ڕژێمـی بەعـس و هەرێمـی بـەرەو خراپـتر بـرد. لەگـەڵ ئـەوەدا سـەرنەکەوتنی پارتەکانـی تـر لـە هەڵبژاردنـداو مانەوەیـان لـەدەرەوەی بازنـەی دەسـەڵات بـووە هـۆکاری ئـەوەی کاردانـەوەی جیاجیا ئەنجـام بـدەن. ئەوەبوو(یەکگرتـن) کـە لـە پارتـی گـەل، پاسـۆك و حسـك پێکدەهـات هەڵوەشـایەوەو بەشـی زۆریـان چوونـە نـاو پارتـی دیموکـرات و بەشـی کەمیشـیان چوونـە نـاو یەکێتـی یـەوە. ئـاڵای شـۆڕش لەزەحمەتکێشـان جیابویـەوەو چـووەوە نـاو یەکێتـی، بزوتنـەوەی ئیسـلامی هەنگاوی بـەرەو پەرەپێدانـی چەمکـی جیهـاد بـرد، لەنـاو حزبـی شـیوعیدا مەیلـی کوردسـتانی بـوون گەشـەی کـردو ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی لەسـاڵی ١٩٩٣دا حزبـی شـیوعی کوردسـتان دامەزرێـت و هەندێـك لـەو حزبـە جیابنـەوەو حزبـی شـیوعی باشـوور دامەزرێنـن و دواتر(پارتـی کاری سـەربەخۆی کوردسـتان) دامەزرێنـن. واتـە سـەرەتایەکی نـوێ لـە خەباتـی سیاسـی لـە کوردسـتاندا دەسـتی پـێ دەکـرد. لەلایەك هەندێـك پارتـی کۆتاییـان بەژیانـی سیاسـی خۆیـان دەهێنـا، لەلایەکـی تـرەوە پارتـی و ڕێکخسـتنی سیاسـی نـوێ دروسـت دەبـوون.
هەرچـی حکومەتـی هەرێمـە لەئاسـتی هیـواو داخوازییەکانـی جەمـاوەردا نەبـوو، لـەڕووی ئیدارییەوە لەلایـەك بەهـۆی بـێ ئەزموونـی ئیدارییـەوە، لەلایەکـی تـرەوە بـە هـۆی چاوچنۆکـی بەشـێکی بەرپرسـەکانەوە گەندەڵـی و ناعەدالەتـی ڕووی لەزیادبـوون دەکـردو ڕەوشـی ئیـداری بـەرەو خراپـی دەچـوو. بێگومـان کاریگەریـی سیاسـەتی ئابـووری ڕژێمیـش هەبـوو، کـە پـارەی خـۆی گـۆڕی و (٢٥) دینـاری سـویسری کشـاندەوە، ئەمانـەش بـە نەرێنـی کاریگەرییـان لەسـەر بـازاڕی کوردسـتان کـرد. هەربۆیـە ئاسـتی بژێـوی خەڵـك بـەرەو خراپـی دەچـوو. بارودۆخەکـە بـە ئاقارێکـدا دەچـوو کـە زۆرکـەس گومانـی دەکـردو پێـی وابـوو ئـەو بارودۆخـە بەپـلان و بەرنامـە لەلایەنـی ناوەنـدە جیهانـی و هەرێمیەکانـەوە دەخولقێندرێـت، بۆئـەوەی خەڵـك برسـی بـن و ئیرادەیـان بشـکێ و هەمـوو جـۆرە چارەسـەرییەك بەسـند بکـەن.
لـەم بارودۆخـەدا پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێـم دووبابەتـی تایبەتیـان کـردە بەرنامـەو کاریـان لەسـەرکرد. یەکەمیـان بابەتـی بـێ دەنگکـردن و نیشـتەجێکردنی پەکەکـەو حزبەکانـی ڕۆژهـەڵات بـوو، دووەمیـان پەیوەنـدی هەرێـم و ناوەنـدو چۆنێتـی ڕێکخسـتنی ئـەو پەیوەندییـە هەرچـی تایبـەت بـوو بەبابەتـی یەکەمـەوە ، تاڕادەیـەك بەنهێنـی و بەبـێ دەنگـی بەڕێـوە دەبـرا. بـەڵام بابەتـی دووەم زۆر بـە سـەربەرزییەوە قسـەی لەسـەر دەکـرا. لـە ئەنجامـدا لـە هاوینـی ١٩٩٢ داو دوای ماوەیـەك لەدامەزراندنـی حکومـەت، حزبەکانـی ڕۆژهـەڵات ڕازی کـران بەوەی کـە لە چیاکان و سـنورەکان دوور بکەونـەوە {هەتـا ئـەو کاتـە، بنکـەی سـەرەکی حزبـی دیموکـرات لەقەندیـل بـوو، بنکـەی سـەرەکی کۆمەڵـەش لـە بۆتـێ بوو}لـە جێگـەی ئـەوە لـەو شـوێنەی حکومەتـی هەرێـم بەگونجـاوی دەزانێـت

لەنزیـك شـارەکانەوە جێگەیـان بـۆ دابیـن بـکات و پێداویسـتی ژیانیـان بـۆ دابیـن بـکات. بـەڵام پەکەکـە ئـەو هەڵوێسـتەی پەسـند نەکـردو کارێکـی بـەو ڕەنگـەی بەخزمەتـی گەلـی کـورد بەگشـتی و دەسـکەوتەکانی باشـوور بەتایبەتـی نەدەبینـی و تێڕوانینەکانـی پێچەوانـەی تێڕوانینـی حکومەتـی هەرێـم و پارتـی دیموکـرات و یەکێتـی نیشـتمانی بـوو. پەکەکـە پێـی وابـوو کـە پێویسـتە حکومەتـی هەرێـم ئەگـەر ڕاسـتەوخۆش نەبێـت، ناڕاسـتەوخۆ هەوڵبـدات بـۆ گەشـەکردنی جوڵانـەوەی کـوردی لەبەشـەکانی تـری کوردسـتاندا، جەختـی لـەوە دەکـردەوە کـە بـەو شـێوەیە دەکرێـت دەسـکەوتەکانی باشـوور بپارێزرێـت و مەزنـتر بکرێـت. بـەڵام ئەگـەر پارتەکانـی پارچەکانـی تـر دەسـت لـە خەباتـی چەکـداری بەربـدەن و لـە باشـووردا دابنیشـن و چاوەڕوانـی چارەنـوس بکـەن، ئـەوا خۆیـان ڕۆژبـەڕۆژ لاواز دەبـن و جوڵانـەوەی کـوردی لـە پارچەکانـی تـر لاواز دەبـن و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی جوڵانـەوەو دەسـکەوتەکانی باشـوور بەتەنیـا بمێنێتـەوەو لەکۆتاییـدا ببێتـە پاروویەکـی ئاسـان بـۆ نەیـاران و هەرکاتێـك بیانەوێـت بیخـۆن و لەنـاوی ببـەن.

ئـەم بابەتـە بـووە کێشـە، هەرچـی پارتـی و یەکێتیـە وردەوردە کەوتنـە تۆمەتبارکردنـی پەکەکـە بـەوەی کـە حکومـەت و پەرلەمانـی هەرێـم و دەسـکەوتەکانی باشـوور پەسـند نـاکات و دژایەتـی دەکات. لـە بەرامبـەردا پەکەکـەش هەڵوێسـتی هـەردوو پارتـی دسـەڵاتدارو حکومەتـی هەرێمـی بـە تونـدی ڕەخنـە دەکـردو بـەوە تۆمەتبـاری دەکـردن کـە خزمەتـی بەرنامـەی دەرەکـی دەکـەن و خزمەتـی گەلـی کـورد ناکـەن و دەبێـت دەسـت لـەو سیاسـەتە بەربـدەن. کار گەیشـتە ئـەوەی کـە سێ مانـگ دوای دامەزراندنـی یەکـەم حکومەتـی هەرێـم و لـە ١٩٩٢/١٠/٤ دا بڕیـاری شـەڕ لـە بەرامبـەر پەکەکـە درا. پارتـی و یەکێتـی بڕیاریانـدا کـە بـە زۆر هەڵوێسـتی خۆیـان بەسـەر پەکەکـەدا بسـەپێنن. بـۆ ئەمـەش لەگـەڵ سـوپای تورکیـادا ئۆپەراسـیۆنێکی هاوبەشـیان لـەدژی پەکەکـە ئەنجامـداو نـاوی ئۆپەراسیۆنەکەیان نا(سـەندویچ)، ئەمـەش بـەو واتایـە بـوو کـە هاوشـێوەی سـەندویچ پەکەکـە دەخۆن و لـە نـاوی دەبـەن. لـە باکـورەوە سـوپای تورکیـا هێرشـی دەکـرد، لـە باشوریشـەوە پێشـمەرگەو سـوپای تورکیـا بـە پشـتیوانی هێـزی ئاسـمانی و چەکـی قـورس هێرشـیان دەکـرد، ئـەم دوو قۆڵـەی هێرشـەکە گوزارەیـان دوولای سـەمونی سـەندویچ دەکـردو پەکەکـەش کـە دەکەوتـە نێـون هـەر دوولاوە، گـوزارەی لـە گۆشـتی نـاو سـەمونەکە دەکـرد.

ئـەوەی جێگـەی سـەرنج بـوو ئەوەبـوو کـە پارتـی و یەکێتـی بـۆ ڕازیکردنـی دڵـی خەڵکـی و بەشـداریکردن و پشـتیوانیکردنی شـەڕەکە پەنایـان بـۆ زۆر ڕێبـازو شـێوازی نەگونجـاو بـرد. لەلایەکـەوە هـەر لـە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ دا (فیدراڵـی) یـان ڕاگەیانـدو ئاماژەیـان بـۆ ئەوەکـرد کـە پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێـم لەگـەڵ شـێوازی فیدراڵیدایـە بـۆ ئێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، بێگومـان ئەمـە بـۆ ئـەو کاتـەی کوردسـتان بڕیارێکـی گرنـگ بـوو، چونکـە حکومەتـی ئێـراق هێشـتا ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینەی پەسـند نەکردبـوو. بـەڵام دواتـر دەرکـەوت کـە ئـەو بڕیـارو ڕاگەیاندنـە تەنیا بـۆ سەرمەسـتکردنی جەمـاوەر بـووە، ئەگـەر نـا کاریـان لەسـەر ناوەڕۆکەکـەی نەکـرد. چونکـە ئەگـەر حکومەتـی هەرێـم و پەرلەمانـی هەرێـم سـوربوونایە لەسـەر ئـەو بڕیـارەو جێبەجێکردنـی، ئـەوا

پێویست بوو دەستورێکیش بۆ ئێراقی فدراڵ و دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان دابرێژن و ئامادەی بکەن. هاوکات پێداگیریان دەکردو ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی کە لەهەولێر بوون ناچاریان دەکردن کە پێش ڕوخاندنی رژێمی سەدام، دان بەو سیستم و پەیوەندیەدا بنێن، بەڵام لەهەردوو بوارەکەدا کارێکی جددی نەکرا. شانبەشانی ئەوە پارتی و یەکێتی کەوتنە هەوڵدان بۆ ناو زڕاندنی پەکەکەو بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەك بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تەنیا یەك ڕێگە هەیە بۆ گەیاندنی هاوکاری بە هەرێم، ئەویش دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، بەڵام پەکەکە دایخستووەو ڕێگا نادات کە هاوکاری بگاتە باشوور، بەمەش باشووری کوردستان ڕووبەڕووی سێ ئابلۆقە بووەتەوە. لەلایەکی ترەوە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە پەکەکە دەستی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا تێکەڵ کردووە بۆ دژایەتی دەسکەوتەکانی باشوور. بەوشێوەیە جەماوەریان هاندەداو شەڕی ١٩٩٢ ڕویدا.

### پارتی ئازادی کوردستان و کاریگەری پەکەکە لەسەر باشوور

پارتی کرێکارانی کوردستان هەرچەندە بەبەراورد بە بەشێك لە پارتەکانی تری کوردستان تەمەنێکی کەمتری هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازبوو، بەپێچەوانەی پارتەکانی ترەوە لەگەڵ شنەبای دەرەوەدا نەدەجوڵاو گەشەی نەدەکرد، بەڵکو بۆ خۆی وردەوردە بووە شنەباو هەڵی دەکردو کاریگەریی دروست دەکرد. ئەم واقیعە لەدوای ساڵی ١٩٨٨وە بەڕوونتر دەرکەوت، ئەوەبوو لەگەڵ ڕێککەوتنی ئێران و ئێراق و ڕاوەستاندنی شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا، جوڵانەوەی کوردی لە باشورو ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی شکست و پاشەکشە بوویەوە. هاوکات جوڵانەوە چەپەکان بەرەو پوکانەوە دەچوون. لەگەڵ ئەمانەشدا هەماهەنگی و هاوکاری تورکیاو ئێراقیش ڕوویان لە زیادی کرد، بەڵام پەکەکە گەشەی دەکردو لەئامانجەکانی نزیك دەبویەوە. پەکەکە سنوری باکوری تێپەڕ دەکردو لە ڕۆژئاواو ئەوروپاش دەبووە هێزی کاریگەرو بزوێنەری ئیرادەی نەتەوەیی. لەگەڵ ئەمەدا کاریگەریی لەسەر باشووریش زیادی دەکرد و تاڕادەیەك کاریگەریی دەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش. ئەمەش سەرنجی گەنجان و ڕۆشنبیرانی کوردستانی بەگشتی و باشووریش بەتایبەتی ڕاکێشاو ژمارەیەك گەنجی باشوور لە ئەوروپاو لە باشوورەوە لەساڵانی ١٩٨٧هەتا ساڵی ١٩٩٠ بەشداری ڕیزەکانی پەکەکە بوون. کە دیارترینیان شەهید د. سیروان، شەهید زێرەڤان و شەهید جوتکار بوون، کە دکتۆرسیروان لە ساڵی ١٩٨٧ لە دانیمارکەوە بەشداری پەکەکە دەکات و شەهید زێرەڤان و شەهید جونیاریش لەساڵی ١٩٨٨ داو دوای شکستی جوڵانەوەی کوردی لە باشووردا، لەسەر سنور بەشدار دەبن.

لەو قۆناخەدا ڕێبەرعەبدوڵڵائۆجالان و پەکەکە لەلایەك هەوڵدەدەن پارتی و ڕێکخستنە کوردییەکان لێك نزیك بکەنەوەو هەنگاوێکی هاوشێوەی بەرەی کوردستانی بۆ سەرجەم کوردستان بهاوێژن. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك هەنگاو دەنێن. شانبەشانی ئەمە هاوکاری ئەو گەنج و ڕۆشنبیرانە

دەکەن کە بیرو ڕێبازی پەکەکە بە چارەسەری دەبینن و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئەو ڕێبازەوە خۆیان ڕێکبخەن و خەبات لە باشووری کوردستاندا ئەنجام بدەن. لە ئەنجامی ئەو دووخەباتەدا کاریگەریی پەکەکە ڕووی لەزیادی کرد لە باشووردا و ڕاپەڕینی باکوری کوردستان و گەورەبوونی شەڕی پەکەکەو هاوکاریکردنی بۆ جەماوەر لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشووردا ئەو کاریگەرییانەی زیاتر کرد. هەر بۆیە لەمانگی نیسانی ١٩٩١دا ئەو گەنج و ڕۆشنبیرانە پارتی ئازادی کوردستان (پاك)یان ڕاگەیاندو لەمانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا خۆیان ڕێکخست و ئیتر "پاك" وەکو ڕێکخستنێکی نوێ لە باشووردا خواستی بۆ وەڵامدانەوەی جەماوەر خەبات بکات. ئەم پارتە لەڕووی ڕێبازی فکرو خەباتەوە خۆی بەهاوفکرو هاوخەباتی پەکەکە دەبینی. ئەمەش لەلایەکەوە بە ئەرێنی بۆی دەگەڕایەوە، چونکە هەنگاوەکانی پەکەکەو سەرکەوتنەکانی دەبوونە هاوکار گەشەکردنی ئەم پارتەو ئەوەبوو هاوینی ساڵی ١٩٩١هەتا هاوینی ساڵی ١٩٩٢ ژمارەیەکی بەرچاو خەڵك لەم پارتە کۆببێتەوەو تاڕادەیەکیش ئەم پارتە ڕۆڵ لە گەشەدان بە چالاکی نەتەوەیی و دیموکراتیدا ببینێت. بەڵام هاو ڕێبازی ئەم پارتە لەگەڵ پەکەکەدا لەلایەکی ترەوە بە نەرێنی بەسەریدا دەشکایەوەو ئەمەش لە هاوینی ١٩٩٢بەدواوە دەرکەوت. چونکە هاوشێوەی پەکەکە تۆمەتبار دەکرا بەوەی کە دژی دەسکەوتەکانی باشوورەو بۆ باشوور کار ناکات و خزمەتی پەکەکەو باکور دەکات و بەوشێوەیە هەوڵدرا زەمینەی خەباتی ئەم پارتە لە باشووردا وشك بکرێت. هەر ئەوەش هۆکار بوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەو پارتەو ڕاوەستاندنی کاروچالاکییەکانی. ئەویش هاوکات بوو لەگەڵ هێرشکردنە سەر پەکەکەدا. ئەمەش وایکرد پارتی ئازادی کوردستان گورزی بەرکەوێت و ماوەیەك کارو چالاکییەکانی سنوردار بێت.

شەڕی ساڵی ١٩٩٢ بەهۆی بەرەنگاری گەریلاکانی پەکەکەوە، بەپێشەنگایەتی کەسانی وەکو شەهید بێریتان نەگەیشتە ئامانجی خۆی و ڕاوەستا. ئەم شەڕە ڕووداوێکی قێزەون بوو، پێویستبوو ڕوونەدات، بێگومان دەکرا کە ڕوونەدات. بەڵام دڵسۆزی پارتی و یەکێتی بۆ ئەو پەیمانانەی کە دابویانە ئەو دەوڵەتانە. هاوکات ترسیان لەگەشەکردنی پەکەکەو پاك لەباشووردا، هۆکاری تربوو بۆ ئەم شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەیە. بەڵام بەرخۆدانی پەکەکە ئەوەی نیشاندا کە ئەوە کارێکی ئاسان نیەو ڕەنگە دەسەڵاتی ئەو پارتانە زیندەبەچاڵ بکات. هەربۆیە شەڕیان ڕاوەستاند.

## ڕاوەستانی شەڕ لە بەرامبەر پەکەکەو شەڕی ناوخۆ لە باشووردا

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ پەکەکەدا کۆتایی هات، ئەم بارودۆخە کەمێك ئارامی دا بەجەماوەر. بەڵام ئەو ئارامیە درێژەی نەکێشاو ئەو جموجۆڵە سیاسیەی کەپێشتر باسمان کردو گوتمان لەساڵی ١٩٩٢دا گەشەی کرد، لە ساڵی ١٩٩٣دا زیاتر پەرەی سەند. لەلایەك دەستێوەردانی دەرەکی لە ڕەوشی باشووردا ڕووی لە زیادبوون بوو، لەلایەکی ترەوە دەسەڵات جێگیر و ڕێکو پێك نەبوو و لەناوخۆیاندا ناکۆك بوون. هاوکاتی ئەمانە مەیلی سیاسی نوێ دروست ببوون و گەشەیان دەکرد، ئەمانە لەگەڵ خۆیاندا بارودۆخێکی نوێیان ئافراند.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٣ داو دوای ئەوەی بەشێکی حزبی سۆسیالست کە محەمەدی حاجی مەحمود سەرۆکایەتی دەکرد. جیابوونەوە لەپارتی، ئاڵۆزی و شەڕی لێ کەوتەوەو بۆماوەیەك لە نێوان پارتی دیموکرات و باڵی محەمەدی حاجی مەحموددا شەڕبوو. دواتر بەناو بژیوانی یەکێتی شەڕەکە ڕاوەستاو محەمەدی حاجی مەحمود سەرلەنوێ (حسك)ی دامەزراندەوە، بەڵام ناوی کردە (حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان). ماوەیەکی کورت بەسەر ئەم ئاڵۆزییەدا نەڕۆیشت، شەڕ لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی دا ڕوویداو ئەم شەڕە ماوەیەکی درێژی خایاندو زیانیشی زیاتر بوو، بەڵام ئەم شەڕەیان بەسودی یەکێتی و زیانی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆتایی هات.

هەر لەم قۆناخەدا جوڵانەوەی چەپ و حزبی شیوعی بە دوای چارەسەری و دەرچەیەکدا دەگەڕان، ئەوەبوو حزبی شیوعی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ دا دامەزراو دواتر حزبی شیوعی باشوری کوردستان دامەزرا کە کوردستانی بوونی دەخستە پێش چەپ بوونەوە. هەر ئەم هەوڵانە بوونە هەوێنی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان کە لەساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٥ئومێدێکی لەلای نەتەوەیی و چەپەکان دروستکرد.

ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانیش بەپێشەنگایەتی ڕەئوف ئاکرەیی لەساڵی ١٩٩٢و١٩٩٣ داجوڵەیەکی خستبووە ناو شەقامی کوردی و پەیامی چارەسەری دەدا بەگوێی هاوڵاتیاندا. لەناو جوتیارانیشدا، بەتایبەتی لە دەڤەری پشدەرو بیتوێن و دەشتی هەولێر، جوڵانەوەیەکی جوتیاران گەشەی کردو لەساڵی ١٩٩٣ دا شەڕو پێکدادانی نێوان ئەم جوڵانەوە و ئاغاکان و دەسەڵات لە هەرێمدا دروست بوو. کە دواتر ئەم جوڵانەوەیە لە چوارچێوەی جوڵانەوەیەکی سیاسیدا خۆی ڕێکخست و بەبزوتنەوەی جوتیاران و ڕەنجدەران ناسرا. لەلایەکی ترەوە دوای ئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی گورزی بەرکەت بەشێك لە جوڵانەوەی ئیسلامی سیاسی لەسەرەتای ١٩٩٤ دا خۆی وەکو پارتیەکی میانڕەوی بێ چەك بەناوی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ڕێکخست. هەرچی پارتی ئازادی کوردستانە لەبەرئەوەی ئەویش گورزی بەرکەوتبوو، بۆ ماوەیەك چالاکیەکانی سنوردار بوو، بەڵام هەر بەردەوام بوو لەسەر پەرەدان بە خەباتی نەتەوەیی و لەساڵی ١٩٩٣ زیاتر پەنای بۆ خەباتی ڕاگەیاندنی و هونەری بردو ئەوەبوو لە ڕێگای خەباتی

تیپی هونەری میزۆپۆتامیاوە جوڵەیەکی هونەریان دروستکردو دواتر لە ساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٥دا لە ڕێگەی ناوەندی هونەری میزۆپۆتامیاوە هونەرو فۆلکلۆری نەتەوەیی و ڕەنگاو ڕەنگ گەشەی پێدرا و سەرنجی بەشێکی جەماوەری بەلای خۆیدا ڕاکێشا. لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (وڵات) ەوە کە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بوو، گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی دراو ئەو قاڵبەی شکاند کە ڕاگەیاندنی حزبەکان لەو کاتەدا پەیڕەویان کرد. دەکرێت ڕۆژنامەی (وڵات) بەسەرەتایەکی نوێ لە ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشوردا بەناو بکرێت و هەنگاوێك بوو بۆ پەرەدان بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆو ئەهلی و کاریگەری ئەم ڕۆژنامەیە گەیشتە ئاستێك کە پارێزگاری هەولێر عەبدوڵوهەیمەن بارزانی بە بێ گەڕانەوە بۆ یاساو دادگاو ئاگاداری وەزارەتی ڕۆشنبیری هەستا بەداحستنی و لە بەرامبەردا (شێرکۆ بێکەس) کە وەزیری ڕۆشنبیری بوو دەستی لەکارکێشایەوەو ئەمەی بەتوندی ڕەتکردەوە.
ئەوەی کە گرنگە لێرەدا باسی لێوەبکەین، ئەوەیە کە لەساڵانی ١٩٩٣و ١٩٩٤دا کۆمەڵێك مەیلی جیاجیا لە ناو کۆمەڵگادا گەشەیان دەکرد، بەشێکیان بێزار دەبوون و ڕوویان لە تاڕاوگە دەکردو هەڵهاتنیان بە چارەسەری دەبینی. بەشێکی کۆمەڵگاش خۆیان دابوویە دەستی ڕەحمەت و ویژدانی دەسەڵات و دەستیان بە کڵاوەکەیانەوە گرتبوو کە با نەیبات و بەو فەلسەفەیە دەژیان. بەشێکی کۆمەڵگا ئەو واقیعەی پەسند نەدەکردو گەڕانەوە بۆلای خوداو ئایینیان بە چارەسەر دەزانی و پێیان وابوو ئەو بارودۆخ و دەردەسەریانە بەهۆی حزبە عەلمانیەکانەوەیە. لەگەڵ ئەمانەدا وەکو باسمان کرد بەشێکی چەپەکان و دیموکراتەکان بەدوای چارەسەری تردا دەگەڕان و بەشێك لەو چەپ و دیموکرات و نەتەوەییانە خۆ نزیککردنەوەیان لەپەکەکە بەچارەسەری دەزانی و بەشێکی گەنجانی باشووریش ئیتر لەدەرگای پەکەکەیان دەداو ئەویان بە جێگەی چارەسەری دەبینی. بێجگە لەم مەیلانە، مەیلێکی جیاوازتر لەناو بەشێکی ڕۆشنبیراندا گەشەی کرد، ئەویش لەبن ناوی گفتوگۆی مەعریفت و فەلسەفیدا گەنج و کۆمەڵگایان لەکایەی سیاسی و تێکۆشان و ڕێکخستن دووردەخستەوە، گەشەیان بە چەمکەکانی بونگەرایی و هیچگەرایی و ئەنارشیزم دەداو مرۆڤەکانیان تاك دەکردەوە. ئەمەش بۆخۆی مەترسیەکی مەزنی لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکرد. بێگومان ئەو گروپانە لەبن پەردەی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و حزبەکان و سیاسەتمەداراندا ئەو کارەیان دەکردو بە بۆچوونی خۆیان، ئەوان لە دژی دەسەڵات و کردەوەی حزبەکان بوون. بەڵام کردەوەی ئەو نوخبەیە زۆر خزمەتی بەدەسەڵات دەکرد، چونکە زەمینەی خۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگای دەرەوەی دەسەڵاتیان لاواز دەکردو کۆمەڵگایان پەرتەوازە دەکرد. بێگومان ئەمەش خزمەتی بە کۆمەڵگا نەدەکرد، بەڵکو خزمەتی بە دەسەڵات دەکرد.
لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی لەلایەك ململانێی یەکتریان دەکردو هەر لایەنەی دەیخواست دەسەڵاتی ڕەها لەدەستی خۆیدا کۆبکاتەوە، لەلایەکی ترەوە لە هەوڵی سەرکوتکردنی هەر کەس و ڕێکخراوێکدا بوون کە مەترسی لێ بکەن، ئەوەبوو لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦ دا ژمارەیەك لەو کەسایەتیانە تیرۆرکران کە چالاك بوون و هەوڵی

دروستکردنی ڕێکخستنی ئەڵتەرناتیڤیان دەدا، لەوێنەی صادق عومەر، عەلی شەعبان، هاوڕێ ڕێناس، ڕەئوف ئاکرەیی و محەمەدحەلاق و دکتۆر سیروان.

ئەم بارودۆخە ناوخۆییەو دەستێوەردانە دەرەکیەکان گەیشتنە قۆناخێکی نوێ، ئەو هێزانەی دەیانخواست زەمینەی باشوور بۆخۆیان بەکاربهێنن نیگەران بوون لەو بارودۆخە. پێیان وابوو بارودۆخ بەو شێوەیە بڕوات، ئەوا دەسکەوتەکانی هەرێم دەبنە دەسکەوتی جێگیر. ئەمەش لەلای ئەوان پەسند نەدەکرا. هەربۆیە لەهەوڵی ئەوەدابوون ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی قوڵتر بکەنەوە. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوەبکەین کە هەتا ساڵی ١٩٩٢پارتی و یەکێتی لەناو بەرەی کوردستانیدا وەکویەك نزیکی ئێران بوون و پەیوەندی هەردوولایان لەگەڵ ئێراندا گەرم بوو. بەڵام دوای شەڕی ١٩٩٢ی پارتی و یەکێتی بەرامبەر بە یەکەکە. هەردوولا خۆیان لە تورکیا نزیك کردەوە. یەکێتی لەڕێگای هەوڵدانەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتی لەنێوان تورکیا و پەکەکەدا، کە ئەمەش ئاگربەستی پەکەکەی لێکەوتەوە لە ١٩٩٣/٣/١٧دا. هەرچی پارتی دیموکراتە لە ڕێگەی گەشەدان بە پەیوەندی ئابووری و هاوکاری سەربازییەوە خۆی نزیك دەکردەوە. هەریەکە لە تورکیاو ئێرانیش لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە هەردوو پارتی لە ژێر سێبەری خۆیاندا بهێڵنەوە. لەئەنجامی ئەو بارودۆخەدا لە ١٩٩٤/٥/٢دا شەڕ لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا ڕویدا. ئەمەش دەسکەوتەکان، جوگرافیاو گەلی باشووری پارچەکرد، هەتا زمان و دەستەواژەکانیشی پارچەکرد، ڕەنگ و سروشتی پارچە کرد. ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە زیاتر لە چوار ساڵی خایاندو هەتا لەواشنتۆندا لە ١٩٩٨/٩/١٧ دا ڕێککەوتن ئەنجام دراو کۆتایی بەشەڕ هێندرا. بەڵام دەرهاویشتەکانی دوو حکومەتی و دوو ناوچەیی هەتا ئێستا نەسڕدراوەتەوەو بەڕوخسارو کرداری حکومەت و پەرلەمان و فەرمانگەکانی هەرێمەوە دیارە. دەکرێت بڵێین شەڕی ناوخۆ مۆرکی سەرەکی لە قۆناخی ساڵانی (١٩٩٤ - ٢٠٠٣) داو بەبێ شیکردنەوەو قاڵبونەوە لە هۆکار و ڕاستی ئەو شەڕوململانێیەدا، ناکرێت واقعی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بەباشی شیبکەینەوە، هەربۆیە لێرەدا گرنگی بەو لایەنە دەدەم؛

لە خولی یەکەمی شەڕی ناوخۆدا هەریەکە لەیەکێتی و پارتی لەو ناوچانەی کەبنکەی جەماوەرییان زۆرە لایەنی بەرامبەریان وەدەرنا، یاخود کۆنترۆڵیان کردن. بۆنمونە یەکێتی لە گەرمیان و سلێمانی هەتا شەقڵاوە، چۆمان و ڕەواندوز پارتی وەدەرناو پارتی دیموکراتیش لە پارێزگای دهۆك و مێر گەسور و سۆران یەکێتی دەرپەڕاند. هەرچی هەولێر بوو هەرچەندە یەکێتی زیاتر باڵادەست بوو، بەڵام پارتی توانی لە هەندێك ناوچەدا خۆی بپارێزێت و قەڵای هەولێر یەکێك بوو لەو ناوچانە کە بووە جێگەی شەڕ و پێکدادان و لە ئەنجامدا هەولێر وەکو ناوچەی هاوبەش مایەوە. قەزای هەڵەبجە و هەورامان کەزەمینەی ئیسلامیەکان تێیدا بەهێز بوو، بەهۆی ململانێی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامیەوە، بووە بنکەیەك بۆ ئیسلامیەکان و پارتی. ئەویش وەکو هەرێمێکی تایبەت و سەر بە ئیسلامیەکان مایەوە. بەهۆی پێگەی هەرێمی کوردستانەوە، زۆر لایەن لە هەوڵی ئەوەدابوون کە بەسوودی خۆیان دەست وەربدەنە ئەم

بارودۆخـە. لەلایـەك ئێـران، لـە لایەكـی تـرەوە توركیـا، بـەڵام لـەم خولـەی شـەڕەكاندا نـاو بژیوانـی فەڕەنسـا كاریگەریـی زیاتـری هەبـوو، لـە ئەنجامـی ئـەو ناوبژیوانیـەدا ڕێككەوتنـی پاریـس ئەنجامـدرا. بـەڵام ئـەو ڕێككەوتنـە ڕوناكـی نەبینـی و بەماوەیەكـی كـورت دوای ڕێككەوتنەكـە خولـی دووەمـی شـەڕ دەسـتی پـێ كـردەوە. لـەم خولـەدا یەكێتـی نیشـتمانی، پارتـی دیموكراتـی بـەوە تۆمەتبـار دەكرد كـە بنەمـای ڕێككەوتنەكـەی پێشـێل كـردووەو لەسـەر ڕێككوتنەكـە زانیـاری داوە بـە توركیـاو توركیاش دژی وەهـا ڕێككەوتنێـك بـووەو ئەمـەش وایكـردووە كەپارتـی ئامادەنەبێـت هەنگاو بـۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكـە بنـێ ! ئەمـەش بـووە هـۆكاری خولـی دووەمـی شـەڕ. هەرچـی پارتـی دیموكراتـە، یەكێتـی نیشـتمانی بـەوە تۆمەتبـار دەكـرد كـە یەكێتـی دەخوازێـت ببێتـە تاكـە فەرمانڕەوای باشـوورو بـۆ ئـەم مەبەسـتە هێـرش دەكاتـە سـەر پارتـی، چونكـە پارتـی بـە ئاسـتەنگ دەبینـێ بـۆ خـۆی! بەهـەر حـاڵ لـە ئەنجامـی خولـی دووەمـی شـەڕدا كـە لەپاییـزی سـاڵی ١٩٩٤دا ڕویـدا، یەكێتـی توانـی هەولێـر بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوە. ئیـتر باشـوور بـووە سـێ حكومـەت، حكومەتـی یەكێتـی كـە لـە هەولێـر بـوو، حكومەتـی پارتـی كـە لـە سـەلاحەدین بـوو و پارێـزگای دهـۆك و بەشـێك لـە پارێـزگای هەولێـری لـە خـۆوە دەگـرت، حكومەتـی ئیسـلامی و پارتـی لـە هەڵەبجـە و هەورامـان. ئیـتر ئـەم بارودۆخـە وەهـا مایـەوە هەتـا ١٩٩٦/٨/٣١ كـە پارتـی بـە هـاوكاری حكومەتـی بەعـس هەولێـری لـە دەسـتی یەكێتـی دەرهێنـاو هاوكێشـەی باشـووری گـۆڕی و ئیـتر هەولێـر بـووە پایتەختـی پارتـی و حكومەتـی یەكێتـی پاشەكشـەی كـرد بـۆ سـلێمانی، لەمـاوەی نێـوان پاییـزی ١٩٩٤هەتـا هاوینـی ١٩٩٦دا چەندیـن خولـی شـەڕ و دانوسـتاندن لـە نێـوان هـەردوولادا ئەنجامـدرا، بـەڵام ئەنجامـی ئەوتۆیـان لـێ نەكەوتـەوە، هیـچ لایەكیـان لەڕێگـەی شـەڕەوە نەیاندەتوانـی كێشـەكە یەكلایـی بكەنـەوە، بەئاشـتیش ئامـادەی سـازان و سـازش نەبـوون، ئەمـەش وایدەكـرد بارودۆخەكـە بـەو شـێوەیە بـەردەوام بێـت .
ئـەم شـەڕە سـەرەڕای ئـەوەی قوربانیەكـی زۆری لـێ دەكەوتـەوە، ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ ژێرخانـی ئابووری زیاتـر دەڕوخانـد، چونكـە ژێرخانـی ئابـووری خەڵـك لاواز بـوو، ئابڵوقـەی دونیـاو ڕژێمـی بەعـس هەبـوو، شـەڕیش بەشـێكی زۆری داهـات و هاوكارییەكانـی خەڵكـی بۆخـۆی دەبـرد. ئەمـەش وایكـرد ئارامـی و ئاسایشـی ژیانـی خەڵـك تێكبچێـت و توانـای بژێویشـی زۆركـەم ببێـتەوە. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجیش بـوو هـەردوولا زۆربـەی كات ئاماژەیـان بـۆ ئـەوە دەكـرد كـە بەشـێكی كێشـەكەیان لەسـەر دارایـی هەرێمـە، بەتایبەتـی یەكێتـی بانگەشـەی ئـەوەی دەكـرد كـە گومرگـی ئیبراهـم خەلیـل بڕێكـی زۆرەو بەشـی پێداویسـتیە سـەرەكەیكانی هەرێـم دەكات، بـەڵام پارتـی دیموكـرات بەتەنیـا دەیخـوات، پارتـی دیموكـرات ئـەو تۆمەتانـەی ڕەتدەكـردەوە، بـەڵام لـەدوای شـەڕ پارتـی پێداگـری لـەوە دەكـرد كـە هەتـا یەكێتـی هەولێـر چـۆڵ نـەكات، ئـەوا گومرگـی ئیبراهـم خەلیـل و حاجـی ئۆمـەران بـۆ ناوچەكانـی خـۆی بـەكار دێنـێ. ئـەوەش فشـارێكی لەسـەر یەكێتـی دروسـت دەكـرد، چونكـە ئـەو جوگرافیـاو دانیشـتوانەی لـە ژێردەسـتی یەكێتیـدا بـوو دوو هێنـدەی ئـەوەی پارتـی بـوو، بـەڵام سـەرچاوەی داهاتەكانـی لەوانـەی پارتـی كەمتربـوو، هـەر بۆیـە لەسـاڵانی ١٩٩٥و ١٩٩٦دا بەشـێكی سـەرەكی ململانـێ و دانوسـتاندنەكانی هـەردوو لـە سـەر سـەرچاوەكانی داهـات بـوو.

خاڵێکی تری سەرنج ڕاکێش ئەوەبوو کە دوای خولی دووەمی شەڕ لەکۆتایی ١٩٩٤دا تورکیا لە ئەنقەرە دەستی بەناو بژیوانی کرد، بەڵام مەرجێکی تورکیا ئەوەبوو کە هەردوولا هەڵوێستیان یەك بخەن بۆ کۆنترۆڵکردنی پەکەکە، ئەم مەرجە لەدانوستاندنەکانی دبلن، لەندەن و جێگەکانی تریشدا دووبارەبوونەوە. هەتا بووە خاڵێکی سەرەکی ڕێککەوتنی واشنتۆن. هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کە پەکەکە ڕۆژبەڕۆژ گەشەی دەکردو ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٥دا بۆ یەکەم جار تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردی (med tv) ی دامەزراندو لەناو سەرجەم کوردو کوردستان و دەرەوەدا دەنگی دایەوەو کاریگەریی لەسەر باشووریش هەبوو. هاوکات پەرلەمانی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات دامەزراند کە لە ڕووی دیبلۆماسی و خەباتی سیاسیەوە کاریگەریی زۆر بوو. هەروەها لەسەر ئاستی جەماوەری لە باکورو ڕۆژئاوا زۆر هەنگاوی دەناو لەسەر ئاستی باشوریش گەشەکردنێکی بەرچاو دەبینرا، ئەوەبوو لە باشوردا بەشداری بۆ ناو ڕیزەکانی پەکەکە ڕویان لەزیادی کرد. هەروەها ئەو حزب و گروپە چەپانەی کە خوازیاری چارەسەری بوون، بەشێکیان لە پەکەکە نزیك دەبوونەوە. ئەوەش ترسی لەلای هەردوو هێزی دەسەڵاتدار دروست کردبوو، بەڵام پارتی بەڕوونی ئەم ڕەوشەی دەدرکاند. هەروەها هێزە هەرێمیەکانیشی نیگەران کردبوو. چونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە کاریان بۆ ئەوەدەکرد کە کورد سوود لەو بارودۆخە وەرنەگرێت. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی خواستی ئەوانەوە پەکەکە گەشە بکات، ئەوا ئەگەری هەیە بەرنامەو پلانەکانیان پوچەڵ ببێتەوە، بۆیە نەیاندەخواست لە دەرەوەی ئیرادەی ئەوانەوە هیچ شتێك ڕوو بدات، بەڵام پەکەکە ئەو دیاردەیەبوو کە بەبێ مۆڵەتی ئەوان دەرکەوتبوو، گەشەی دەکرد لە دانوستاندنە سەرەتاییەکاندا ئەوەی دیاربوو پارتی دیموکرات ئەومەرجانەی لاپەسند بوو کە هاوهەڵوێست بن لە بەرامبەر پەکەکە. بەڵام یەکێتی گەرم نەبوو لەگەڵ ئەو داواکارییەدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پێکەوە دژی پەکەکە هەڵوێست نیشان نەدەن هەرچی پارتی دیموکراتە لە ساڵی ١٩٩٥دا داواکانی تورکیای جێبەجێ دەکردو ئەوەبوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو شاراوە هاوکاری ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای کرد بۆ باشور کە لە بەهاری ساڵی ١٩٩٥دا بەناوی (چەلیك ئۆپەراسیۆن) ەوە ئەنجامی دا. دوای ئەمەش فشاری خستە سەر پەکەکەو هەتا لە هاوینی ئەو ساڵەدا شەڕ لەنێوانیاندا دروستبوو. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە شەڕی هاوینی ١٩٩٥لە ڕووی سەربازییەوە پەکەکە دەستی پێ کردو بۆخۆشی چەندین جار لەسەر ئەم بابەتە ڕەخنەی لەخۆی گرتووە، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت کە پارتی دیموکرات بە هەموو شێوەیەك دژایەتی پەکەکەی کردو هانیدا هەتا شەڕ دروست ببێت و لەوەدا سەرکەوتوو بوو، بەهەرحاڵ شەڕی ١٩٩٥لە نێوان پەکەکە و پارتیدا برینی شەڕی ناوخۆی قوڵتر کردەوە. هەرچەندە زۆر درێژی نەکردەوەو لە پاییزی ١٩٩٥دا پەکەکە یەکلایەنە شەڕی ڕاوەستاندو دواتر پارتی دیموکراتیش وەڵامی دایەوە، بەڵام ڕۆڵێکی نەرێنی هەبوو لە تێکەڵکردنی راستی و هەڵەدا، هاوکاتی ئەوەی کە شەڕ لە نێوان پارتی و یەکێتی، پارتی و پەکەکەدا هەبوو، تاڕادەیەك پەیوەندی پەکەکەو یەکێتی ئاسایی بوو، هاوکاری

لەنێوانیانـدا هەبـوو.
بەهــاری ســاڵی ١٩٩٦ لەکاتێکـدا دانوســتاندن لــە نێــوان یەکێتــی و پارتــی لەلایــەك و پەکەکــەو پارتــی لەلایەکــی تــرەوە بەڕێــوە دەچــوو، پەیوەنــدی نێــوان پەکەکــەو پارتــی بــەرەو ئاســایبوونەوە دەچــوو، پەیوەنــدی یەکێتــی و پارتیــش لــە ئاســتێکدا وەســتابوو، هــەردوو دەوڵەتــی تورکیــاو ئێــران ئاســایبوونەوەی ئــەو بارودۆخەیــان بۆخۆیــان بەمەترســی دەبینــی. هــەر دەوڵەتــەش ئیــتر لەهەوڵــی ئەوەدابــوو کــە هاوکێشــەی باشــوور بەتــەواوی بــەلای خۆیــدا ڕابکێشــێت. تورکیــا ئــەوەی دەبینــی کــە بــەو شــێوەیە بەڕێــگای پارتــی کــە لاوازە، سیاســەتەکانی لــە باشــووردا بــۆ ســەرناخرێت، یــان دەبــوو پارتــی بەهێــز ببێــت، یــان پەیوەنــدی لەگــەڵ یەکێتــی بــەرەو پێشــەوە ببــات و یەکێتــی نیشــتمانیش لەفەلەکــی تورکیــادا بســوڕێتەوە. بەمشــێوەیە هــەم باڵادەســت دەبــوو لــە باشــووردا هــەم دەیتوانــی ڕێگــە لەگەشــەکردنی پەکەکــە بگرێــت. هەرچــی ئێرانــە ئــەوەی دەبینــی کــە ناتوانێــت بــەو شــێوەیە بەردەوامــی بەکاریگەریــی خــۆی بــدات لــە باشــووردا، چونکــە لەگــەڵ بەســەرچوونی کاتــدا پارتــی دیموکــرات لــە ئێــران دوور دەکەوتــەوەو نزیکــی تورکیــا دەبــووەوە، یەکێتــی نیشــتمانیش بەتــەواوی خــۆی یەکلایــی نەکردبــووەوە( ئەمــە بەپێــی تێڕوانینــی ئێرانیــەکان) هــەر بۆیــە پێویســت بــوو ئێرانیــش لــە نێــوان یەکێتــی و پارتیــدا خــۆی یەکلایــی بکاتــەوە، ئەگــەر پشــتیوانی پارتــی بــکات، ئــەوا ڕەنگــە یەکێتــی لەدەســت دەربچێــت و ئــەوەش زیانــی بــۆ سیاســەتی ئێــران هەبــوو، خــۆ ئەگــەر یەکێتــی بەبنەمــا بگرێــت، ئــەوا دەبــوو لــە هەڵەبجــە پشــتیوانی پارتــی و ئیســلامیەکان نــەکات. لــەم بارودۆخەدا هــەم ئێــران هــەم تورکیــا چاویــان لــەوە بــوو کــە زیاتــر گرنگــی بــە یەکێتــی بــدەن، تورکیــا بــە ئامانجــی ڕاکێشــانی بــۆلای خــۆی و ســنوردارکردنی پەکەکــە بــوو ئــەو کارەی دەکــرد، ئێرانیــش بــەو ئامانجــەی کــە یەکێتــی بەتــەواوی لــە خــۆی نزیــك بکاتــەوەو ئیــتر لەســەر کارتــی پارتــی سیاســەت نــەکات.
لــەم بارودۆخــەدا یەکێتــی خواســتی ســوود لــە پێگــەی خــۆی و هەڵوێســتی هــەردوولا وەربگرێــت و ســنوری دەســەڵاتی خــۆی بگەیەنێتــە ســنوری باکــوری کوردســتان و تورکیــاو ناوچەکانــی ســۆران و ســیدەکان بگرێــت و ئامانجــی یەکێتــی لــەم کارەی زیاتــر بەرتەســك کردنــەوەی ســنوری جوگرافیــای پارتــی بــوو، هەروەهــا دەســتگرتن بــوو بەســەر دەروازەی ســنوری حاجــی ئۆمــەران و خۆگەیاندنــە ســنوری تورکیــاو کردنــەوەی دەروازەیەکــی ســنوری بــوو لەگــەڵ تورکیــادا، بــەوەش هــەم لــەڕووی ئابــووری هــەم لــە ڕووی سیاســیەوە پێــش پارتــی دەکەوتــەوە. دیاربــوو پەیمانــی لەهــەردوو دەوڵەتیش وەرگرتبــوو کــە لــەو بــوارەدا هــاوکاری بکــەن، بــە مەرجێــك یەکێتــی داواکانــی ئــەوان پێکبێنێــت. ئــەو داوایانــەش زیاتــر کۆنترۆڵکردنــی پارتەکانــی ڕۆژهــەڵات و ســنوردارکردنی خەباتــی پەکەکــە بــوو. لەســەر ئــەو بنەمایــە لەمانگــی حوزیرانــی ســاڵی ١٩٩٦دا یەکێتــی چاوســاغی بــۆ هێزەکانــی ئێــران کــرد هەتــا بێنــە باشــوور و لەبنکەکانــی حزبــی دیموکــرات بــدەن. دیــارە ئــەم هەنــگاوە وەکــو ســەرقوفڵانەی بەرنامەکانیــان بــوو. دواتــر هێرشــەکانی یەکێتــی بــۆ ســەر هێزەکانــی پارتــی دەســتی پێکــرد. لــەم ســەروبەندەدا پارتــی دیموکــرات بەبیانــوی ئــەوەی کــە زانیــاری وەرگرتــووە کــە حســێن ئاغــای ســورچی و ســورچیەکان لــە خەلیفــان و دیانــا خۆیــان ئامــادە دەکــەن بــۆ ئــەوەی هــاوکاری یەکێتــی

بکەن و پارتی لەو ناوچەیە دەربکەن، لەمانگی حوزەیراندا و هاوکاتی هێرشەکانی یەکێتی، پارتی هێرشی کردە سەر گوندی کەڵەکین کە ماڵی حسێن ئاغای لێ بوو، حسێن ئاغاو ژمارەیەك لە کەسوکارو دەست و پێوەندەکانیان کوشتن و بەم شێوەیە هەوڵیاندا ڕێگە لە پلانەکەی یەکێتی بگرن. دواتر و لەمانگی ئابدا کە شەڕ دژوار بوو لەنێوان هەردوولاداو پارسەنگی هێز بەلای یەکێتیدا دەشکایەوە، پارتی دیموکرات لە ١٩٩٦/٨/٣١دا بە هاوکاری ئێراق هێرشی کردەسەر هەولێرو هەولێری لەدەستی یەکێتی دەرهێناو ئەم هەنگاوەی پارتی ورەی یەکێتی بەتەواوی ڕوخاندو لەماوەی (١٠)ڕۆژدا پارتی توانی هێزەکانی یەکێتی لەسەرجەم ناوچەکان دەربکات و لە ١٩٩٦/٩/١٠ ەوە پارتی بووە تاکە فەرمانڕەوای باشووری کوردستان.
ئەم ڕەوشە هاوکێشەکانی هەڵگێڕایەوە، هەرچەندە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی نیگەران بوون لەو هەنگاوەی پارتی، چونکە دەستی حزبی بەعسی گرتبوو و هێنا بویە ناو هەولێرەوە، هەروەها بەشێك لەسەرکردەو بەڵگەکانی ئۆپۆزسیونی ئێراقی لە هەولێر کەوتنە دەستی سوپای ئێراقەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە لەسەر داوای هێزێکی کوردی هاتبوون و زوووگەڕانەوەو (یەکێتی) یش پێشتر سوپای ئێرانی هێنابووە باشوورەوەو سوپای تورکیاش بە چاوساغی پارتی هاتبووە باشوورەوە، هێزە هاوپەیمانەکان هەڵوێستێکی کردەییان نەنواند، ئەمەش بووە دەرفەت بۆ پارتی دیموکرات بۆ سەرکوتکردنی ئەوانەی کە نەیاری بوون.
لەم ماوەیەدا لەبەرئەوەی پەکەکە لەگەڵ هەردوولایەندا پەیوەندی هەبوو، پێش گەورەبوونی ڕووداوەکان دەخوازێت نێوەندکاریان بکات و شەڕ گەورە نەبێت، پەکەکە لەلایەك ترسی لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی یەکێتی هەبوو، کە یەکێتی بەرەو کوێ دەبات؟! لەلایەکی ترەوە ترسی لەکاردانەوەی پارتی هەبوو کەچی هەنگاوێك دەنێت؟! لە ئەنجامیشدا ئەو شتانە ڕوویاندا. دوای ڕودانی ٣١ی ئاب، یەکێتی نیشتمانی بۆ ماوەیەکی زۆر سەرزەنشتی پەکەکەی کرد، لەبەرئەوەی کە پەکەکە ڕاستەوخۆ پشتی یەکێتی نەگرتووەو لە دژی پارتی ڕانەوەستاوە، بناخەی ئەم تێڕوانینەشی لەوەوە بوو کە یەکێتی و پەکەکە دۆستن و (پارتی) چووە دەستی دوژمنی گرتووەو هێناویەتیە سەر کوردستان. بەڵام پەکەکە ئەو داواو هەڵوێستەی بەڕاست نەدەزانی و بێ لایەنی هەڵبژارد، چونکە لە ساڵی ١٩٩٦دا پرۆسەیەکی دانوستاندن لەنێوان پەکەکەو پارتیدا بەڕێوە دەچوو. هەروەها دانوستاندنیش لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەبوو، پەکەکە هەوڵیدەدا ئەو پرۆسەیە بەرەو پێشەوە بچێت و سەربگرێت. واتە پەکەکە پێش ئەوەی شەڕ دروست ببێت و مەزن ببێت هەوڵی نێوەندگیری دەدا. دووەمیش لەبەرئەوەبوو کە یەکێتی دەستپێشخەری کردبوو لەشەڕداو ئەویش دەستی سوپای ئێرانی گرتبوو، هێنابویە کوردستانەوە، واتە شەڕەکە بووە شەڕێکی هەرێمی و نێوان دوو دەوڵەت و یەکێتی و پارتی بووەنە ئامرازی شەڕەکە، هەر بۆیە پەکەکە هەردوو هەڵوێستەکەی بەڕاست نەدەزانی و نەیدەخواست بکەوێتە ناو ئەوشەڕەوە. بە پێچەوانەوە هەوڵیدەدا هەردوولایان لەوشەڕە قێزەونە دەربخات. ئەوەبوو لە ڕێگەی ئەم هەڵوێستەوە پەکەکە فشاری خستە سەر پارتی و ئەسیرەکانی یەکێتی گەڕاندەوە،

کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو فواد مەعصومی تێدابوو. هەر لەسەر ئەو هەڵوێستەشی قوربانی زۆری پێشکەش کرد. ئەوەبوو لە ١٩٩٦/١٠/٤ دا دکتۆر سیروان کە سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بوو، هیوایەکی لەناو گەلی باشووردا دروست دەکرد، نامەردانە شەهیدیان کردو رایانگەیاند کە نەیانزانیوە هەڤاڵن و پێیان وابووە کە پێشمەرگەی (یەکێتی)ین، بەڵام سەرەڕای ئەوە پەکەکە لەپێناوی ئەوەی کە بارودۆخی باشوور زیاتر ئاڵۆز نەبێت و دەرفەتی دەستوەردان کەمبکرێتەوە، دانی بە خۆیدا گرت و ئەو گورزە مەزنەی وەکو ڕوداوێکی بێ قەسد قەبوڵ کرد، بەڵام دواتر دەرکەوت کە کردەوەیەکی بەپلان بووەو ڕوداوێکی خۆرسك نەبووە. بەهەر حاڵ پاش نزیکەی مانگێك لەوەی کەپارتی دەستی بەسەر سەرجەم باشوردا گرت، یەکێتی بەپشتیوانی ئێران هێرشی کردەوە سەر پارتی و پارتی هەتا سنوری دێگەڵە هەڵهات و ئیتر سنوری ئیدارەی هەردوولا گۆڕانکاری بەسەردا هات و پاش ماوەیەك بەناوبژیوانی تورکیاو چاودێری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هێزێکیان بەناوی هێزی ئاشتی پارێز (pmf) لە نێوان هەردوولادا جێگیر کرد. ئەو هێزە تورکیا سەرپەرشتی دەکردو ناوەندی ئەو هێزە هەولێربوو. بەمشێوەیە هەولێر، شەقڵاوە، چۆمان، رەواندوز لە دەستی یەکێتی دەرچوون و کەوتنە دەستی پارتیەوەو پارتی هەم لەڕووی جوگرافیا، هەم دانیشتوان، هەم پێگەی ئابووری و سیاسیەوە بەهێزتر بوو، بە پێچەوانەوە یەکێتی لاواز بوو. هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمیش پەیوەندی یەکێتی و پارتی لەگەڵ ئێران و تورکیادا یەکلاییبویەوە، ئیتر بە تەواوی پارتی کەوتە فەلەکی سیاسەتی تورکیاوە، (یەکێتی) یش کەوتە فەلەکی سیاسەتی ئێرانەوەو ئەم بارودۆخە سەرەڕای ئەوەی جارجار هەندێك هەڵبەزو دابەزی تێدابووبێت، بەڵام هەتا ئێستا بەردەوامە.

### بارودۆخی باشوری کوردستان لە دوای ٣١ی ئاب

ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی شەڕو پێکدادانەکانی هاوینی ١٩٩٦ و ڕوداوەکانی ٣١ی ئاب و هێنانی سوپای ئێراقی لەلایەنی پارتی و سوپای پاسداران لەلایەنی یەکێتیەوە، لەلایەکەوە هەڵهاتن و گەڕانەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی لێکەوتەوە، لەلایەکی ترەوە شڵەژان و بێزارییەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەم ڕەوشە وایکرد کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا لە ئەڵتەرناتیف بگەڕێن و پێیان وابوو کە ئیتر پارتی و یەکێتی دوو ڕووی یەك دراون و نابنە چارەسەری بۆ کێشەکان و تەنیا قوڵتریان دەکەنەوە، لەم ساتەوەختەدا، ئەو کارو خەباتەی کە پێشتر پەکەکە لە باشوورو لە سەرجەم کوردستاندا ئەنجامی دابوو، گەشەیەکی باشی کردبوو، هیوای جەماوەری کوردستانی مەزنتر دەکرد، هەروەها ئەو کاروخەباتەی کە پارتی ئازادی کوردستان لەساڵی ١٩٩١و دواتر یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK) لەساڵی ١٩٩٥ەوە بەڕێوەی بردبوو لەباشووردا، ئەو هیوایەی لەلای بەشێکی زۆری جەماوەری باشوور دروست دەکرد کە ئەم تەڤگەرە ببێتە چارەسەر بۆ برینەکانی خەڵك. هەر ئەمەش وایکرد کە لەهاوینی ١٩٩٦ بە دواوە، بەتایبەتی دوای ئەو ڕووداوانە پۆل پۆل کوڕان و کچانی باشوور ڕوویان لە پەکەکە کردو بەشێکی زۆری

ڕۆشـنبیرو سیاسـەتمەداریش نیـگای خۆیـان خسـتە سـەر پەکەکـەو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان. بەپێـی ئـەو زانیاریانـەی کـە لەلایەنـی پەکەکـەو خەڵکیشـەوە بـاس دەکرێـت، لـە نێـوان مانگـی ئەیلولـی ١٩٩٦ هەتـا نیسـانی ١٩٩٧زیاتـر لـە (١٠٠٠)گەنـج پەیوەندیـان بـە گەریلاوە کـردووەو هاوشـێوەی ئـەوەش پەیوەندیـان بـە ڕێکخسـتنەوە کـردووە. هـەر لەئەنجامـی ئەمـەدا لـە مانگـی ئابـی ١٩٩٦دا گەنجـان لەسـەر ڕێبـازی ڕێبـەر ئۆجـالان لەچوارچێـوەی ڕێکخـراوی یەکێتـی خوێندەڤـان و لاوانـی وڵاتپارێـزی کوردسـتاندا (YXLWK) دا خۆیـان ڕێکدەخـەن و ژنانیـش لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٧دا لـە چـوار چێـوەی یەکێتـی ئـازادی ژنانـی کوردسـتان (YAJK)دا خۆیـان ڕێکدەخـەن. ئـەم ڕەوشـە هاوکاتـی ئـەو هەوڵانەبـوو کـە دەدران بـۆ بەرقەرارکردنـی ئاشـتی لـە ناوخـۆدا، ئەویـش بەپێشـەنگایەتی پەرلەمانـی کوردسـتان لـەدەرەوەی وڵات (PKDW)بـوو، هەوڵـدەدرا کـە ئاشـتییەکی کوردانـە دروسـت بکرێـت و کۆنفرانـس یاخـود کۆنگـرەی نەتەوەیـی ئەنجـام بدرێـت و پەیمانێکـی نەتەوەیـی داڕێژرێـت کـە هەمـوو هێـزەکان لەسـەر سـەکۆیەك کۆبکاتـەوە. بـەڵام هێـزە دەرەکیـەکان، بەتایبەتـی لـەو قۆناخـەدا تورکیـا لـە هەوڵـی ئەوەدابـوو ئاشـتی یـەك لـە تـەوەری بەرژەوەنـدی خۆیدا دروسـت بـکات، واتـە ئاشـتیەك کەخزمەتـی ئـەو بکات، بـۆ ئەم مەبەسـتە لـە هەوڵـی لێکنزیکردنەوەی پارتـی و یەکێتیـدا بـوو لەیەکـتر. لەگـەڵ ئـەوەدا داواشـی لـێ دەکـردن کـە دژی پەکەکـە هەڵوێسـت وەربگـرن. سـەرنجیانی ڕادەکێشـایە سەرگەشـەکردنی پەکەکـەو پەیوەندیکردنـی گەنجانـی باشـوور بـە کوڕوکچانـەوە بەپەکەکـەوە، ئەمـەی وەکـو هەڕەشـە بۆسـەر ئـەوان نیشـان دەدا. پارتـی دیموکـرات و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانیش ئـەو بارودۆخەیـان بەهەڕەشـە بـۆ سـەرخۆیان پێناسـە دەکـرد. ئەمـە وایکـرد کـە بەشـێوەی جیاجیـا هەوڵبـدەن ڕێگـە لـە زیاتـر پەیوەندیکردنـی خەڵـك بـە پەکەکـەوە بگـرن و لـەو پێنـاوەدا ئـەوەی بتوانـن ئەنجامـی بـدەن، ئەنجامیانـدا. تورکیـاش ئـەو بارودۆخـەی قۆسـتەوە. لـە بەهـاری ١٩٩٧دا گەورەتریـن ئۆپەراسـیۆنی بـۆ باشـووری کوردسـتان ئەنجامـداو لـە ١٤/٥/دا بەهـاوکاری ئاشـکراو ڕاسـتەوخۆی پارتـی دیموکـرات هێرشـی کـردە سـەر بنکـەو بارەگاکانـی پەکەکـە، تورکیـاو پارتـی ئەوەیـان لەیەکێتـی چـاوەڕێ دەکـرد کـە لـە ناوچەکانـی خۆیـەوە بەشـداری ئـەو ئۆپەراسـیۆنە بـکات، هەرچەنـدە یەکێتـی پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ پەکەکـەدا کەمکـردەوەو فشـاری ڕێکخسـتنی و سیاسـی دروسـتکرد. بـەڵام ڕاسـتەوخۆ بەشـداری شـەڕی نەکـرد، بەپێچەوانـەوە دوای ئـەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی تورکیـاو پارتـی لـە هەنـگاوی یەکەمـدا شـکان، یەکێتـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پەکەکـەدا پـەرە پێدایـەوە. هەرچـی پارتـی دیموکراتـە تەنیـا بـە بەشـداری سـەربازییانەوە نەوەسـتاو لـە سـنوری دەسـەڵاتی خۆیـداو بەتایبەتـی لـە هەولێـردا لـە ١٩٩٧/٥/١٦دا هێرشـێکی بەرفراوانـی کـردە سـەر ئـەو بنکـەو بارەگایانـەی کـە هـی ئـەو ڕێکخسـتن و دامـەزراوە مەدەنیانـە بـوون کـە نزیـك بـوون لـە فکـر و ڕێبـازی پەکەکـەوە و زیاتـر لـە (٩٠)چالاکـی سیاسـی ، مەدەنـی و ڕۆژنامـەوان و کەسـی برینـدار یـان شـەهیدو بـێ سەروشـوێنکرد.

سـەرەڕای ئـەو هێـرش و ئۆپەراسـیۆنانە، بـەڵام کاریگـەری پەکەکـە ڕووی لـە زیـادی دەکـردو پەیوەندیکـردن کەمـی نەکـرد. ئەمـە بـووە فشـارێکی جەمـاوەری و هەرێمـی بـۆ سـەر یەکێتـی

نیشـتمانی و هاوپەیمانەکانــی کــە حزبەکانــی (سۆسیالیســت، زەحمەتکێشــان، دیموکراســیخوازان، پارێـزگاران) بـوون بچنـە بـەرەی پەکەکـەوەو لـەدژی پارتـی دیموکـرات و سـوپای تورکیـا لەناوچـەی باڵەکایەتـی شـەڕ بکـەن و ماوەیـەك ئـەم هاوخەباتـی یـە بـەردەوام بـوو، بـەڵام دوای ئـەوەی سـوپای تورکیــا بەتونــدی هێرشــی کردەســەر ئــەو بەرەیــە، ئــەو پارتانــە لــە بەرەکانــی شــەڕ کشــانەوە، کەوتنــەوە دانوســتاندن لەگــەڵ پارتــی دیموکراتــدا. شانبەشــانی ئەمــە هێــرش و ئۆپەراســیۆنەکانی تورکیـاو پارتـی دیموکـرات بۆسـەر هێزەکانـی پەکەکـە بـەردەوام بـوو. لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە لەهاوینـی ١٩٩٨دا شانبەشـانی هەوڵدانـی ئەمریـکا بـۆ ڕێککەوتـن لـە نێـوان پارتـی و یەکێتیـدا، نەتـەوە یەکگرتـووەکان بڕیاریـدا کـە بڕیـاری ٩٨٦ کـە بەبڕیـاری نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراك دەنـاسرا، جێبەجـێ بـکات و لـە ١٣٪ ی بـڕی خۆراکەکـە ڕاستەخۆ ڕادەستی پارتـی و یەکێتـی بـکات و ئـەم بڕیارەشـیان لـەو پێنـاوەدا دا هەتـا بتوانـن زەمینـەی گەشـەکردنی پەکەکـە کـەم بکەنـەوەو پارتـی و یەکێتـی هەژموونیـان زیـاد بکاتـەوە. چونکـە پێیـان وابـوو نزمبوونـەوەی ئاسـتی بژێـوی و گرانـی و نەبوونـی کار هـۆکاری سـەرەکین بـۆ کۆچکردنـی گەنجـان و پەیوندیکردنـی گەنجـان بـە پەکەکـەو هێـزە ئیسـلامیەکانەوە. هاوکاتـی ئـەو هەنگاوانـەی کـە بۆنزیککردنـەوەی پارتـی و یەکێتـی دەنـران، لەسەرئاسـتی ئەوروپـاو ڕۆژئـاوا داوا لـە پەکەکـە کـرا کـە هەوڵبـدات بـە ئاشـتی کێشـەکانی خـۆی لەگـەڵ تورکیـادا چارەسـەر بـکات. پەکەکـەش بـۆ نیشـاندانی نیازباشـی لـە ١٩٩٨/٩/١دا ئاگربەسـتی لەگـەڵ تورکیـادا بـۆ جـاری سـێیەم ڕاگەیانـد. بـەڵام لەجێگـەی ئـەوەی تورکیـا وەڵامـی ئاگربەسـتەکەی پەکەکـە بداتـەوە، هێـزە ئەوروپـی و ڕۆژئاواییەکانیـش کار بۆئـەوە بکـەن لـە ڕێگـەی دیالۆکـەوە کێشـەکە چارەسـەر ببێـت، بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ هـاوکاری تورکیایـان کـردو لەبـن نـاوی کارکـردن بـۆ ئاشـتیدا بانگێشـتی ڕێبـەر عەبدوڵلائـۆج ئالانیـان کـرد بـۆ ئەوروپـاو لەوێـش پەسـندیان نەکـرد، بـە پێچەوانـەوە لـە چوارچێـوەی پلانێکـدا لـە ١٩٩٩/٢/١٥لـە نایرۆبـی پایتەختـی کینیـا دەسـتگیر کـراو ڕادەسـتی تورکیایـان کـردەوە، کـە پەکەکـە بـۆ ئـەم پلانـە دەڵـێ پیلانگێـڕی نێـو دەوڵەتـی.

دیـارە لێـرەدا قسـە لەسـەر باشـووری کوردسـتان دەکەیـن، ئـەو ڕوداوەو دەسـتگیرکردنی ڕێبـەر عەبدوڵلائۆجـالان کاردانــەوە و کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســەر باشــووری کوردســتان هەبــوو. کاریگەرییەکانـی لـە چەنـد بوارێکـدا بـوو؛ هەتـا ئـەو کاتـە پەکەکـە وەکـو ئەڵتەرناتیفێکـی پارتـی و یەکێتـی لەلایەنـی گەلـی باشـوورەوە سـەیری دەکـراو بەشـێکی زۆری گـەل بـەو ئۆمێدەبـوون کـە پەکەکـە ببێتـە فریادڕەسـیان، بـەڵام دەسـتگیرکردنی ڕێبـەر عەبدوڵلائۆجـالان لەلایـەك بەشـی زۆی ئەو جەمـاوەرەی توشـی شـۆك کـرد، لەلایەکـی تـرەوە ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە هیوا بـڕاو بـن بەوەی کـە پەکەکـە دەتوانێـت ببێتـە فریادڕەسـی گـەل. هاوکاتـی ئـەم ڕووداوانـە لـە ١٩٩٨/٩/١٧پەیمانـی واشـنتۆن لـە نێـوان یەکێتـی و پارتـی لەلایەنـی تاڵەبانـی و بارزانیـەوە بەناوبژیوانـی مادلیـن ئۆلبرایتـی وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا ئیمـزا کـرا. کـە خاڵـی شەشـی پەیمانەکەیـان هـاو هەڵوێسـتیان بـوو بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پەکەکـە. بەمـەش قۆناخێکـی نـوێ لـە باشـووری کوردسـتان دەسـتی پێکـرد.

ئەویش قۆناخی بانگەشە کردن بۆ ناشیرین کردن و دێواندنی پەکەکە بوو. کە کارگەیشتە ئەوەی لە ئەیلولی ساڵی "٢٠٠٠دا" یەکێتی هێرش بکاتە سەر پەکەکەو شەڕێکی تر بەرۆکی گەل بگرێت. ئەم شەڕە سەرەڕای ئەوەی کورتخایەن بوو، بەڵام کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر کۆمەڵگای کوردستان.

لەم قۆناخەدا بەهۆی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراکەوە، تاڕادەیەك ئاستی بژێوی جەماوەر بەرەو باشی چوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی کۆچ بۆ دەرەوە کرد، ڕاوەستانی شەڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی دا بارودۆخی بەرەو ئارامی برد، بەڵام بەندەکانی پەیمانی واشنتۆن کەبریتی بوون لەیەکخستنەوەی حکومەت و کاراکردنی پەرلەمان و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو ئابووری کوردستان، جێبەجێ نەبوون. کۆبوونەوە هەفتانەیی و دووبارە بووەکانی نێوان هەردوولا کۆمەڵگای بێزار دەکرد، ئەم بارودۆخی دوو ئیدارەییە بەکرداری هەتا ساڵی ٢٠٠٥ بەردەوام بوو. بەفەرمیش هەردوو ئیدارە لە هەرێمدا هەبوو، ئەوەی تەنیا دڵی جەماوەری خۆش دەکرد ئەوەبوو لە دوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە شەڕی ناوخۆ ڕاوەستاو ئیتر نە لەسەر ئاستی هەرێم و نە لەبەرامبەر پەکەکە شەڕ ڕووی نەدا.

## ڕووداوی ١١ی ئەیلول و کاریگەریی لەسەر کوردستان

١١ی ئەیلولی (٢٠٠١) ئەو ڕووژەیە کە بووە مێژوو، ڕێڕەوی مێژووی سیاسیشی گۆڕی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین هەبوو. ئەمریکا هەر لە دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلول، ئەفغانستان و ئێراقی وەکو تاوانبارو پاڵپشتیکەری ئەو هێرشانە نیشاندا. ئەمریکا بڕیاری دا کە سزای ئەو دەسەڵاتانە بدات و دەستیکرد بە ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر ئەو دوو دەوڵەتەو بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەکەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتانەی کۆ دەکردەوەو تاوی دەدان، لەلایەکی تریشەوە لەڕێگەی پرۆژەی ئیسلامی نەرمەوە بەمۆدێلی ئاکەپە لە تورکیا خواستی مۆدێلێکی سیاسی نوێ کەببێتە ئەڵتەرناتیڤی هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکان، چەپ و نەتەوەگەراکانی رۆژهەڵاتی ناوین و بەو شێوەیەش رۆژهەڵاتێکی ناوینی نوێ دروست بکەن، کە بە رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە ناویان دەنا. لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەدا لە نەورۆزی ٢٠٠٣دا هێرشیان کردە سەر ئێراق، هەتا لەڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩دا ڕژێمی بەعس ڕوخاو سەردەمی دوای رژێمی بەعس دەستی پێ کرد. هەرچەندە لەسەرەتاوە کەشو هەوایەکی وەهایان دروستکرد کە گوایە ئێراق دەبێتە نمونە بۆ رۆژهەڵاتی ناوین، بەڵام لە ئێستادا دوازدە ساڵ زیاتر بەسەر پرۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسدا تێپەڕ بووە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ ڕەوشی ئێراق بەرەو خراپتر دەچێت.

ڕەوشی هەرێمی کوردستانیش لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ە وە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی دا، بەشێوەیەکی فەرمی پەرلەمان کاراکرایەوە، حکومەتی هەرێم بوو بەیەك ئیدارەو حکومەت، بەڵام هەتا ئێستا سیماکانی دوو ئیدارەیی لە واقیعدا دەبینرێت و نەتوانراوە دامەزراوەکان

بکرێنە دامەزراوەی نیشتمانی و نەتەوەیی.
دیارە لەم قۆناخەدا هەندێك پارتی و جوڵانەوە هەوڵیاندا کە ئاڕاستەی ڕوداوەکان بەرەو چارەسەری ئاڕاستە بکەن، بۆنمونە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەڕووی سیاسیەوە لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢ هەتا ٢٠٠٩ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینی وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی نەتەوەیی و دیموکراتی، لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواوەش بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی ڕۆڵیان دەرکەوتە پێش. لەڕووی ڕاگەیاندن و گەشەکردنی خەباتی ڕێکخراوەکانی مەدەنی و کاری سەندیکاییەوە پەراوێزێك بۆ تێکۆشان دروست بوو، ژمارەیەك دەزگای ڕاگەیاندن و ڕێکخراو هەوڵیانداوە ئەسپی خۆیان لەم بوارەدا تاوبدەن، بەڵام ناتوانین بڵێین نمونەیەکی سەرکەوتوو پێشکەشکراوە. هێشتا لەبواری بەڕێوەبردن و بە دامەزراوە بووندا هەنگاوەکانی سەرەتامان تێپەڕ نەکردووە. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لەلایەك کێشەی زۆری لەگەڵ حکومەتی ئێراقدا هەیە، بەڵام ئاسۆی چارەسەری ڕوون نیەو لایەنە باڵادەستەکان خاوەن ستراتیژیەکی ڕوون نین بۆ چارەسەری. لە ناوخۆشدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کۆمەڵایەتی بووینەتەوە کە ڕۆژانە لە ناوەوە کۆمەڵگا لاواز و بێ هێز دەکات. سەرەڕای ناڕازیبوونی بەشێکی زۆری جەماوەر لەم بارودۆخە، بەڵام هێشتا ئەو ناڕازیبوونە نەگەیشتونەتە ئاستێك کە ببێتە ئیرادەی چارەسەری.

## بارودۆخی کۆمەڵگای باشووری کوردستان لە ئێستادا

بەهۆی ئەوەی لەسەدەی بیستەمدا باشووری کوردستان لەلایەك بووە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی ململانێیەکانی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان، لەلایەکی تریشەوە بووە ناوەندی جوڵانەوەی کوردی، کۆمەڵگاو تاکی باشوور بوونەتە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی کە جیایە لە بەشەکانی تری کوردستان. نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەری ئێراق بەڕاستەوخۆیی لە باشووردا لەساڵی ١٩٩١ەوە کە نزیکەی (٢٥)ساڵ تێپەڕ دەبێت و هەبوونی ئیدارەی کوردی ئەو تایبەتمەندییانەی زیاتر کردووەو دەسەڵاتی کوردی و حزبە باڵادەستەکان لە هەوڵی زیاتر زەقکردنەوەی جیاوازییەکاندان.
بێگومان ئەو تێکۆشان و قوربانیانەی لەسەدەی ڕابردوودا لەباشووردا بەڕێوە چووەو دراوە، جێگەی شانازییەو گەل مافی خۆیەتی کەشانازی پێوە بکات، هەروەها گەل مافی خۆیەتی داوای ژیانێکی ئاسوودە بکات لەسێبەری ئیدارەی کوردیدا. بەڵام دەبێت ئەو بابەتانە بەرەو ئەوەمان نەبات کە خۆمان دابڕین لەگەلەکەمان لە بەشەکانی تری کوردستان و خەبات و تێکۆشانی ئەوان بەهەند وەرنەگرین، هەروەکو زۆربەی کات بەرپرسە سیاسی و ئیدارییەکانی پارتە باڵادەستەکان وەها هەڵسوکەوت دەکەن و هەڵوێست نیشان دەدەن. چونکە هەڵوێستی بەو شێوەیە لەلایەکەوە ڕاست نیە، لەلایەکی تریشەوە وەها دەکات کە خۆمان بەرامبەردۆزی نەتەوەکەمان لەبەشەکانی تر بەرپرسیار نەبینین و ئەمەش لە کۆتاییدا خۆمان لاواز دەکات و

دەسکەوتەکانی شۆڕش لەبار دەبات، واتە پێویستە دەسکەوتەکانمان بکەینە بنەماو پشتیوان بۆ تێکۆشانی گەلەکەمان لە بەشەکانی تری کوردستان، کە ئەمە بۆخۆی ڕاستەوانە دەسکەوتەکانی باشووریش بەهێزو جێگیر دەکات.
لایەنی دووەم کە باسمان کرد هەستکردنە بەو قۆناخەی کە تێکۆشانی گەلەکەمان لە باشووردا تێیدا دەژی. لێرەدا دەبێت نەکەوینە ناو هەڵەوە، یان کەس بە هەڵەدا نەبەین، پێویستە هەست بەوە بکەین کە قۆناخێکمان بڕیوە لە تێکۆشانی نەتەوەیی لە باشووردا، کە ئەمەیان زۆرجار بەرپرسان یاخود نوسەرو ڕۆشنبیران باسی لێوە دەکەن. بەڵام بەشی زۆریان دەرئەنجامی هەڵە لەم هەڵسەنگاندنە دەردەخەن و پێیان وایە ئیتر دۆزی نەتەوەیی کورد لە باشوور بەتەواوی چارەسەر بووەو هیچ کێشەیەکمان نەماوەو پێویستە تەنیا بە خەباتی دیموکراتی و ئیداری هەرێمەوە خەریك بین. هەر لەم گۆشەنیگایەوە زۆرجار خەباتی بەشەکانی تری کوردستانیش هەڵدەسەنگێنن. بێگومان ئەم دەرئەنجامە هەڵەیەو نە باشوور کێشە نەتەوەییەکەی بەتەواوی چارەسەر بووە، هەتا دەست لە خەباتی بەرەنگاری و پاراستن بەربدەین، هێرشەکانی داعش باشترین نمونە بوو. نە دەتوانین لە ڕوانگەی باشوورەوە قۆناخی تێکۆشانی بەشەکانی تری کوردستان هەڵسەنگێنین. بە پێچەوانەوە هەندێك پێیان وایە کە هەرێمی کوردستان مادام کێشەی نەتەوەیی بە تەواوی چارەسەر نەبووە (لای ئەوان وایە کە هەرێمی کوردستان بووە دەوڵەتە کێشەکانی چارەسەردەبێت) ئەوا پێویستە لەوە زیاتر چاوەڕوانیمان نەبێت و حکومەتێکی نا سەربەخۆ هەر ئەوەندەی پێ دەکرێت. بێگومان ئەوەش چەمکی زۆربەی دەسەلاتدارانە، ئەمەش تێگەو بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە لەلایەك چارەسەری هەموو کێشەکان دەبەستێتەوە بە دەوڵەتەوە، بەڵام هیچ کارێك ناکات بۆ دروستکردنی ژێرخان و بناخەی ئەو دەوڵەتەی کەباسی دەکەن، تەنیا پێیان وایە بەپشت بەشتن بە هێزی دەرەوە، پێشکەشکردنی سامانی ژێرزەوی کوردستان بەهێزە دەرەکیەکان دەتوانن دەوڵەت دروست بکەن و کێشەکان چارەسەربکەن، ئەوەش ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانەی کردووینەتەوە کە تێیدا دەژین. لەلایەکی ترەوە، ئەوانەی خاوەنی ئەم تێزەن هیچ گرنگی بە خەباتی دیموکراتی و گەشەپێدانی وڵات، کۆمەڵگا نادەن و خۆیان بەرامبەری بەرپرسیار نابینن. دیارە لەناخی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگادا هەست بە پێداویستی بەردەوامی هەردوو خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتی دەکرێت، بەڵام ئەم هەستە نەبووە بە ئیرادەیەکی ڕێکخراو تۆکمەو لەبەرامبەر تێگەکانی تردا لاوازەو پێویستە گەشەی پێ بدرێت و بکرێتە ئیرادە.
هاوکاتی ئەمانە، لەباشووری کوردستاندا بەهۆی هەبوونی سامانی ژێرزەویەوە لەلایەك و ئەو سیاسەتانەی ڕژێمەکانی ئێراق و دەسەڵاتی کوردیش بەردەوامی پێدا، کۆمەڵگا لە ڕەنج و کار دووردەخرێتەوەو گوندەکان چۆڵ کران، لە ئێستادا ڕێژەی ٩٥٪ زیاتری کۆمەڵگا لە شارەکاندا دەژین، ٩٠٪ی دەستی کار فەرمانبەری و کارکردنە لەدامەزراوە حکومی و حزبیەکاندا، ئەمەش لەلایەك کۆمەڵگا بێ بەرهەم و تەمبەڵ دەکات، کەئەمە گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر هەر


کۆمەڵگایـەك چونکـە کەسـی بـێ بەرهـەم بـێ ئیـرادەو دەسـتەمۆ دەبێـت و بـەو شـێوەیە لەناوخـۆدا دەسـتەمۆی دەسـەڵات و موچـە دەبـن. بەگشـتیش دەسـتەمۆی هێـزە دەرەکیـەکان دەبیـن و ناچاریـن ئـەو چارەنوسـەی بۆمـان دیـاری دەکـەن پەسـندمان بێـت کـە ئەمـەش قومـارە بـە خەبـات و خۆینـی شـەهیدانەوە.

لـە ڕووی ڕۆشـنبیری و پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و فۆرمـی کۆمەڵایەتیـەوە، گۆڕانکارییەکـی چەندایەتـی ڕویـداوە، ئەوەتـا لـە ئێسـتادا ڕێژەیەکـی زۆری کۆمەڵگاخوێنـدەوارەو بـە هـەزاران خـاوەن بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی باڵامـان هەیـە. بـەڵام گۆڕانـکاری چۆنایەتـی هاوتەریـب یـان ڕاسـتەوانە نیـە لەگـەڵ ئـەو گۆڕانـە چەندایەتیـەدا. عەقڵیەتـی بەشـی زۆری خـاوەن بڕوانامـەکان و خوێنـدەوار و نوسـەر و سیاسـەتمەدار و سـەرمایەدارەکانمان یـان عەقڵیەتـی چاخەکانـی ناوینـە، یـان موتوربەیەکـە لـە نێـوان لیبراڵیزمـی ڕۆژئـاواو عەقڵیەتـی چاخەکانـی ناویـن، بـاس لـە نەتـەوە دەکـەن، بـەڵام لـە کـرداردا خێـزان و بنەماڵـە تێپـەڕ ناکـەن! بـاس لـە ئـازادی و دیموکراتـی دەکـەن، بـەڵام ئـەوە بـۆ دەرەوە دەخـوازن و ئازادییـەك کـە دەسـەڵات و سـنورەکانی ئـەوان کـەم بکاتـەوە لـە گەڵیـدا نیـن و دژی دەوەسـتنەوە! ئەمانـەو سـەدان نمونـە کەدەتوانیـن لـەم بوارانـەدا باسـیان بکەیـن. بـاس لەکوردایەتـی و کوردبـوون دەکـەن، بـەڵام بـە هەمـوو شـێوەیەك خۆیـان لـە ڕاسـتی و ڕابـردووی کـورد دادەبـڕن و دەخـوازن بـبن بـە ئـەوی تـر و ڕۆژئـاواو نەتـەوە سەردەسـتەکان بۆخۆیـان دەکەنـە نمونـە. بێگومـان ئەگـەر لـەم چەمکانـە خۆمـان ڕزگارنەکەیـن، ئـەوا دەبینـە نامۆتریـن کۆمەڵـگا بـە خۆمـان و ئـەوەی داگیرکـەران بەسـەدان سـاڵ پێیـان نەکـراوە، ئـەوا لـە سـایەی ئیـدارەی کـوردی و حکومەتـی کوردییـدا خۆمـان خۆبەخشـانە ئەنجامـی دەدەیـن. ئەمـەش گەورەتریـن نەهامەتیـە کـە گەلێـك ڕووبـە ڕووی ببێتـەوە.

خاڵێکـی تـر کـە لەئێسـتادا دەگوزەرێـت ئەوەیـە کـە پێکهاتـە کۆمەڵایەتیەکانـی لەوێنـەی بنەماڵـە، تیـرە، خێـڵ و هـۆز وەکـو فۆرمـی کۆمەڵایەتـی بەردەوامـی بەهەبوونـی خۆیـان دەدەن، هەرچەنـدە لـە هەندێـك قۆناخـدا دژایەتیـش کرابـن، بـەڵام توانیویانـە خۆیـان بپارێـزن. وەکـو باسـمان لـە چەمکـی گەردوونـی و مێژوویـی ڕێبـەر عەبدوڵلائـۆج ئالانـدا ئـەم پێکهاتانـە وەکـو فۆرمـی کۆمەڵایەتـی و کۆمەڵـگای دیموکـرات دەبیندرێـن. بـەڵام لـە ئێسـتادا پێویسـتیان بەڕیفـۆرم و فراوانکـردن هەیـە، چونکـە بەهـۆی ئەوهۆکارانـەی لـە مێـژوودا باسـمان کـرد، ئـەم پێکهاتانـە لـەڕووی فۆرمەوە تەسـکن و نابنـە وەڵام بـۆ ئـەم قۆناخـەو لـە ڕووی کاراکتەریشـەوە بـە تایبەتمەندییەکانـی شارسـتانی دەسـەڵات و دەوڵـەت کاریگەربـوون و بەشـێکی تایبەتمەندییـە دیموکراتیەکانیـان لـە دەسـتداوەو تایبەتمەندیەکانـی فۆرمـی دەسـەڵات پـڕی کردوونەتـەوە. لەئێسـتادا بەشـی زۆری ئـەو پێکهاتانـە بەهـۆی دەسـتێوەردانی دەسـەڵاتی کوردییـەوە، لـەڕووی فـۆرم و نـاوەوە تاڕادەیـەك خۆیـان پاراسـتوووە، بـەڵام لەناوەڕۆکـدا سـەربەخۆیی خۆیـان لـە دەسـتداوە، چونکـە زۆربەیـان لەڕێگـەی موچـەو دەرماڵـەوە بەسـتراونەتەوە بەدەسـەڵاتەوە. لەلایەکـی تـرەوە بەهـۆی تەوژمـی پـارەو چەمکەکانـی سـەرمایەدارییەوە لەتایبەتمەندییەکانـی خۆیـان دوور دەکەونـەوە، ئەمـەش کۆڕانـکاری نەرێنیـن و پێویسـتە کار لەسـەر

ڕاستکردنەوەی ئەو فۆرمانە بکرێت و ڕیفۆرمگەلێکیان لەناودا ئەنجام بدەین کە بکەوێتە خزمەت دروستکردنی فۆرمێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری فراوانترەوە کە فۆرمی نەتەوەی دیموکراتی کوردەو لەوێوە هەنگاونان بۆ فۆرمی نەتەوەی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان.

هەرچی فۆرمی دەسەڵاتدارییە لەباشووری کوردستاندا لە هەوڵی خۆ گەیاندنە فۆرمی دەوڵەت نەتەوەدایە، ئەم زهنیەتە تاڕادەیەکی زۆر خزێندراوەتە ناو مێشکی کۆمەڵگاوە، بەڵام چۆن فۆرمی کۆمەڵگا بە چەمکەکانی دەسەڵات مۆتوربە کراون. فۆرمی دەسەڵاتی هەرێمیش بە چەمك و فۆمی خێڵ و هۆز موتوربە کراون. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و کۆمەڵگا لەباشووردا لەناو قەیرانی هەمەلایەنەدا بژین و سەرەڕای دەرفەتی زۆر، بەڵام لە بواری ژیان، هونەر، فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و بوارەکانی تری ژیاندا خوڵقکاری زۆر کەمەو مۆراڵی تاك و کۆمەڵگا ڕووی لەدابەزینە.



# دەرئەنجام

بەشێوەیەکی گشتی لەهەندێک شوێندا بەپەلەش بێت باسمان لەمێژووی کوردو کوردستان کرد. ڕەنگە لەڕووی زانیارییەوە زۆرشتی نوێمان نەخستبێتە سەر ئەو زانیاری و بەڵگانەی کە پێشتر لەسەر کوردو کوردستان بڵاو کراونەتەوە، بەڵام لەڕووی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی مێژوووەوە هەوڵمدا شتێکی نوێ بێت و لەو باوەڕەدام کە لەم بوارەدا ئەم پەرتوکە دەتوانێت خزمەتێك بە پەرتوکخانەو دیرۆکی کورد بکات. دەکرێت بڵێین کە خزمەت بە زانستی مێژووش دەکات و دەتوانێت تێگەیەك دروست بکات بۆ تێپەڕکردنی بەشێك لەو قەیران و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەئەمڕۆدا بەهۆی چەمکی دەوڵەت نەتەوەو ماتریالیزمی مێژووییەوە دروست بوون و کۆمەڵگاکان و زانستیشیان گیرۆدە کردووە، ئەویش لەچەند خاڵێکدا کۆدەکەمەوە.

**یەکەم**: بەو پێیەی کە لە تیۆری ڕێبەر عەبدوڵلائۆجالان بۆ مێژوودا باسمان کردو گوتمان؛ مێژووی نوسراو، مێژووی دەسەڵاتدارو سەرکەوتووەکانە، ئەو مێژووەش گوزارە لە هەموو مێژووی گەردوون و مرۆڤایەتی ناکات. کوردیش بەهۆی ئەوەی گەلێك بووە زیاتر لە دەرەوەی شارستانیەتی دەسەڵات ژیاوەو سروشتیانە فۆرمی ژیانی خۆی پەرەپێداوە، ئەوا لە مێژوودا کەمتر باس لە کوردو ئەو فۆرمەی ژیانی کورد کراوە. هەندێك جار کە باسیش کراوە ئەوا بەشێوەیەکی نەرێنی باسی ئەو فۆرمانە کراوەو کوردیش کەنوێنەرایەتی ئەو فۆرمانە دەکات، کەوتۆتە بەر تانەو تەشەر. بۆنمونە زۆرجار گوتراوە کە کۆمەڵگای دەرەوەی شار کۆمەڵگایەکی دواکەوتووەو کوردیش بەهۆی گوندنشینی و شاخ نشینیەوە بەدواکەوتویی ماوەتەوە، ئێمەی کوردیش هەتا ڕادەیەك ئەمەمان پەسند کردووە، هەروەها زۆرجار ژیانی خێڵ و هۆزو کۆچەری وەکو ژیانێکی دواکەوتوو وێناکراوە. ئێمەی کوردیش کە بەشێکی زۆری ژیانی کۆمەڵگاکەمان بەوشێوەیە بووە، هەستمان بە کەموکورتی و خۆ کەم بینین کردووە. لەلایەك هەوڵماندراوە دەست لە ژیانی گوندوچیاکان بەربدەین و واز لە ژیانی کۆچەری بهێنین و ژیانی نیشتەجێ لە شارەکان هەڵبژێرین. هەروەها بەشێکی زۆرمان شەرم لەوە بکات کە سەر بە خێڵێك یان هۆزێك بێت و باسی بکات. لەلایەکی ترەوە ئەو ژیانە وەکو مێژوو نەبینین، ئەمەش گەورەترین بەهەڵەدا چوون و نکۆڵیکردنە لە خۆمان و لە مێژووەکەمان، کە بناخەیەکی سەرەکی مێژووی مرۆڤایەتیە .

کاتێك لەدیدگای ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆج ئالانەوە سەیری مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی کورد دەکەین، دەبینین مێژووی کۆمەڵگا دوو قۆناخی بڕیوەو لە هەنگاوناندایە بۆ قۆناخی سێیەم. ئەو دوو قۆناخەش کە بڕیویەتی قۆناخی کۆمەڵگای سروشتی و قۆناخی کۆمەڵگای پلەداری و چینایەتییە. قۆناخی یەکەم کە کۆمەڵگای سروشتیە، وەکو باسمان کردو بەنمونە ئاماژەمان پێدا، دوو شۆڕشی مەزن تێیدا ڕوویداوەو درێژترین قۆناخی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە، ئەو دوو شۆڕشەش، شۆڕشی بەکۆمەڵگابوون و شۆڕشی کشتوکاڵ و گوند بووە. ئەم دوو شۆڕشە لە کوردستانداو لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا ڕویانداوەو هەتا ئەمڕۆش ناوەڕۆکی ژیانی کۆمەڵگا دەپارێزن. ئایا ئەو مێژووە جێگەی ئەوە نیە ئێمەی کورد شانازی پێوە بکەین؟ ئایا مرۆڤایەتی

لەهەنـگاوی کۆمەڵگابـوون و شۆڕشـی کشـتوکاڵدا قـەرزاری ئێمـە نیـە؟ ئایـا ئەگـەر کۆمەڵـگای شـارو دەسـەڵات ناخـوازن دان بـەم ڕاسـتیەدا بنێـن، ئێمـە بۆچـی خۆمـان لێـی ڕادەکەیـن؟ ئەمـە بەشـێکی ئـەو ڕاسـتیەی مێـژووی ئێمـەو کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـە کەپێویسـتە پـەردەی لەسـەر لاببەیـن. لێـرەدا هەوڵـمـداوە کەمێـك تیشـکی بخەمـە سـەر. وەکـو دەردەکەوێـت لـەم قۆناخـەی ژیانـی کۆمەڵـگادا فۆرمـی کۆمەڵـگا تاکـە فۆرمـە کـە هەیـە، لـەو قۆناخـەدا فۆرمـی دەسـەڵات بوونـی نیـە. پەیوەنـدی نێـوان تاکەکانـی کۆمەڵـگاو فۆرمـی کۆمەڵـگاو ناسنامەکانشـیان لەسـەر بنەمـای چینایەتـی نیـەو ئـەو فۆرمانـەی کـە گـوزارە لـەم ناسـنامانە دەکـەن، قـلان، تیـرەو خێڵـە. ئایـا ئەگـەر ئـەم فۆرمانـە لەسـەر بنەمـای چینایەتـی و چەوسـاندنەوە دروسـت نەبووبـن و گـوزارە لـە ناسـنامەی کۆمەڵایەتیبوونـی مرۆڤـەکان و کۆمەڵگابکـەن، بۆچـی ئـەم فۆرمانـە شـورەیی بـن و ئەوەنـدە دژایەتـی بکرێـت؟ بێگومـان کەبـاس لەمـە دەکەیـن بـەو واتایـە ناڵێیـن کـە ئێمـە فۆرمـی تیـرە، خێـڵ و هـۆز لەئەمـڕۆدا وەکـو خۆی پەسـند بکەیـن و پێـمان وابێـت کـە هیـچ کەموکورتیـان نیـە، بەدڵنیاییـەوە وا ناڵێیـن، چونکـە ئـەو تیرە، خێـڵ و هۆزانـەی ئەمـڕۆ هـەن، وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد لەلایەکـەوە لـەزۆر بـواردا کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری کۆمەڵـگای شـارو چینایەتیـەوەو لـە ناوەڕۆکـی خۆیـان دوور کەوتونەتـەوە، لەلایەکـی تریشـەوە بەهـۆی داخراویانـەوە ڕێگـرن لـەوەی کۆمەڵـگا فۆرمـی فراوانـتر دروسـت بـکات. پێویسـتە هـەردوو بوارەکـە تێبەڕبکـەن، هەروەکـو چـۆن تیـرەکان کـراوە بـوون بـۆ بەکگرتـن لەگـەڵ یەکـدا بۆدروسـتبوونی خێـڵ و خێڵـەکان یەکیـان گرتـووەو هۆزیـان دروسـتکردووە، پێویسـتە لـە ئەمڕۆشـدا هۆزەکانـی کوردسـتان کـراوە بـن بـۆ دروسـتکردنی فۆرمێکـی فراوانـتر کـە نەتەوەیـە. لەلایەکـی ترەوە دەبێـت پێوەرەکانـی ئـەو فۆرمانـە ڕەچـاو بکرێنـەوەو بەپێـی پێوانـە کۆمەڵایەتـی و دیموکراتیـەکان ڕێکبخرێنـەوە. واتـە دەبێـت ئێمـەی کـورد زۆر گرنگـی بدەیـن بـەم مێـژووە، چونکـە ئەمـە هـەم بـۆ کـورد هـەم بـۆ کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی بابەتێکـی ژیانـی یـەو بەبـێ گرنگیـدان بـەم بابەتانـە، ناتوانیـن مێـژوو و کۆمەڵـگا لـەو لادانـە ڕزگار بکەیـن کـە ڕووبـەڕووی بۆتـەوە. هـەر ئەمەشـە وای لـە ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجـالان کـردووە کەدەڵـێ: مێـژوو لـەڕۆژگاری ئەمـڕۆدا شـاراوەیەو ئێمـەش لـە مێـژوودا شـاراوەین.

**دووەم:** کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی لەقۆناخـی دووەمیـدا کەکۆمەڵـگای شـارودەوڵەت دەسـت پـێ دەکات و مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی (٥٠٠٠)سـاڵ پێـش ئێسـتا، دەبێتـە خاوەنـی دوو فـۆرم، کـە ڕێبـەر ئۆجـالان بـەدوو ڕووبـار ناودێـری دەکات. ڕووبـاری ژیـاری کۆمەڵـگا، کـە گـوزارە لـە بەردەامـی شـێوە ژیانـی کۆمەڵـگای سروشـتی دەکات. ڕووبـاری دووەمیـش ڕووبـاری شارسـتانیەتی دەوڵەتـە کـە گـوزارە لـە شـێوەی ژیانـی کۆمەڵـگای شـار و دەوڵـەت دەکات. لـەم قۆناخـەدا شارسـتانیەتی دەوڵـەت باڵادەسـت بـووەو هەوڵیـداوە کـە ژیـاری کۆمەڵـگای سروشـتی لەنـاو ببـات و پێوانەکانـی بگۆڕێـت. بـەڵام ئـەم مێـژووە ئەوەمـان بـۆ دەسـەلمێنی کـە هەرچەنـدە دەوڵـەت و شارسـتانیەکەی هەوڵیانـداوە، بـەڵام بـە تـەواوی سـەرکەوتوو نەبـوون لـە لەناوبردنـی ژیـاری کۆمەڵـگاو پێوەرەکانـی ئـەو ژیـارەدا.

لـەو قۆناخەشـدا باسـمان لـەو بەرخۆدانانـە کـرد کـە کۆمەڵـگای کـورد وەکـو نوێنـەری کۆمەڵـگای سروشـتی لەبەرامبـەر دڕندەیـی دەسـەڵات و دەوڵـەت بەڕێـوەی دەبـات. لێرەشـدا ئاماژەمـان بـەدوو بابـەت کـرد، یەکـەم؛ کۆمەڵـگای کـورد هەوڵیـداوە فۆرمەکانـی خـۆی بپارێزێـت، کـە ئەمـەش داخراوی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوەو ئـەو داخراوییـەی ئەمـڕۆ لـە کۆمەڵـگای کـوردو تیـرەو خێڵەکانیـدا دەبینرێـت بەشـێکی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بەرخۆدانـە. واتـە هەوڵیـداوە خـۆی لـەدەرەوەی سیسـتمی دەوڵـەت بهێڵێتـەوەو لـەدەرەوەی سیسـتمی دەوڵـەت سیسـتمی خـۆی دەپارێزێـت، کەئەمـە ڕێبـەر ئۆجـالان بـە کۆمەڵـگای دەرەوەی دەوڵـەت و کۆمەڵـگای دیموکـرات بەنـاوی دەکات. دووەم؛ بەشـێك لـە سـەرکردەو خێـڵ و هـۆزە کـوردەکان بەشـداریان لە فۆرمی دەسـەڵاتدا کـردووەو هەندێکیـان لەبۆتەی ئـەو فـۆرم و دەسـەڵاتانەدا تواونەتـەوەو بوونەتـە ئەویـتر. ئەگـەر لـەڕووی زمانـەوە نەگـۆڕا بـن ئـەوا لـەڕووی تایبەتمەنـدی و فەرهەنگـی ژیانـەوە گـۆڕاون، کـە ئەمـەش لـە هەندێـك جێگـەدا وەکـو ناپاکـی بەنـاو کـراوە، لـە باشـترین حاڵەتەکانـدا بـە کـوردی نیشـتەجێ و دەسـتەمۆ ناوبـراون، ئێزیدییـەکان بـۆ ئـەو کوردانـە دەڵێـن بوسـوڵمان یـان کـورد، لای ئـەوان کـورد ئەوانـەن کـە بوونەتـە موسـوڵمان هەربۆیـە بەشـێکی ئێزیدیـەکان خۆیـان بەکـورد نازانـن و دەڵێـن ئێمـە ئێزیدیـن یـان کورمانجیـن. لـە زۆر ناوچـەی تـر بـەو کوردانـەی کەنیشـتەجێ بـوون بەنـاوی شـوێنەکەیانەوە بانـگ کـراون و ئەوانـی تـر بەکورمانـج بەناوکـراون. لـە بەشـێکی باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ئـەو کوردانـەی نیشـتەجێ بـوون پێیـان گوتـوون گـۆران و ئەوانـەی ژیانـی کۆچەریـان پاراسـتووە بـە خۆیـان گوتـووە کـوردو لـەلای گۆرانـەکان، کـوردەکان پاشـکەوتوون، لـەلای کوردەکانیـش گـۆران لـە راسـتی خۆیـان دوور کەوتونەتـەوەو بەمشـێوەیە سـەیری یەکتریـان کـردووە. ئـەوەی کـە لێرەشـدا بینیـمان ئەوەیـە کـە کۆمەڵـگای کـوردو ئـەو بەشەشـی کـە تێکەڵـی فۆرمـی دەسـەڵات بـوون، بەشـێکیان لەهەوڵـی ئەوەدابـوون کـە فۆرمـی دەسـەڵات لەگـەڵ فۆرمـی کۆمەڵـگادا بگونجێنـن و لـەو قۆناخانـەدا کـە کـورد لەنـاو فۆرمەکانـی دەسـەڵاتدا رۆڵیـان هەبـووە، چینایەتـی و کۆیلـە کـردن و چەوسـاندنەوە کەمـتر بـووە. ئـەم ڕاسـتیەش لـە مۆدیلـی (مانـا) ،(مـاد)، (مـادی نەترۆپاتیـن) و دەسـەڵاتی کـوردە دەیلەمیـەکان و ئەبوبیـەکان لەسـەردەمی خەلافەتـی عەباسـی و دەسـەڵاتە هەرێمیەکانـی کـورد لـە سـەدەکانی هەشـتەم هەتـا سـەدەی نۆزدەیـەم. هەروەهـا کەریـم خانـی زەنـدو زەندییـەکان لـە ئێرانـدا لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا بـە زەقـی بەرچـاو دەکـەون ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە بەشـێکی کـورد هەوڵیانـداوە لەنـاو سیسـتمەوە سیسـتم بگـۆڕن. بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە مێـژوو ناسـانی تـر زۆر گرنگیـان بـەم بابەتانـە نـەداوە، هەتـا هەندێـك وەکـو لایەنێکـی نەرێنـی باسـیان کـردووە. بـەڵام ئێمـەی کوردیـش بـۆ خۆمـان گرنگیـمان بـەو مێـژووە نـەداوەو تەنیـا بـەوە کۆتایـمان پـێ هێنـاوە کـە کـورد نەبـووە بەخاوەنـی دەوڵەتـی خـۆی و خزمەتـی خەڵکـی تـری کـردووە، کەئەمـەش دەرئەنجامێکـی هەڵەیـەو سـەرچاوە کەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاش لێکۆڵینـەوە نەکـردن و نەناسـینی راسـتی ئـەو مێـژووە.

راستی بابەتەکە ئەوەیە کە مێژووی (٥٠٠٠)ساڵی ڕابردوو هەتا (٢٠٠)ساڵ پێش ئێستا، مێژوویەکە ململانێی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا مۆرکی خۆی لێ داوەو لەو قۆناخەدا دەوڵەتەکان مۆرکی ئەتنیکی و نەتەوەییان نەبووە، بەڵکو مۆرکی خانەدان و ئایین و مەزهەبیان هەبووە. ئەوەی لەم مێژووەدا بینیمان گەلی کورد لەبەرخۆدان بەرامبەر چەمکەکانی دەوڵەتدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، هەندێك قۆناخیش لەناو دەوڵەتدا جێگەی گرتووە، لەو قۆناخانەشدا بەتەواوی ئاوێتەی تایبەتمەندیەکانی دەوڵەت نەبووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکەی. ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە سەرچاوەی ئەو وتەیەی کە لە سەدەی بیستەمدا بڵاو کرایەوە گوایە"ئەگەر کورد ببێت بەدەوڵەت ئەوا دونیا تێك دەچێت!"، بێگومان ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندەیان بڵاوکردۆتەوە هەستیان بەوە کردووە کە تایبەتمەندی کورد لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتی چەوسێنەردا ناگونجێت، ئەگەر کورد دەوڵەتی بکەوێتە دەست، ئەوا سیستمێك دروست دەکات کە دونیای چینایەتی و دەوڵەتگەری تێپەڕ بکات و کۆمەڵگایەکی بێ چین بونیاد دەنێت. ئەمەش بۆ دەسەڵاتداران بەواتای کۆتایی دونیایە، چونکە ئیتر ناتوانن لە سەر ڕەنجی خەڵکی بژین. هەربۆیە گرنگە کە ئێمە لێکۆڵینەوە لەمێژوو دەکەین. بەتەنیا لە ڕوانگەی دەوڵەت یاخود دەوڵەتی نەتەوەوە سەیری مێژوو نەکەین، بەڵکو لە هەموو بوارێکی ژیاندا کۆمەڵگا بگرینە دەست و بەو شێوەیە باس لە مێژوو بکەین، ئەو کاتە دەتوانین ڕاستی خۆمان و کۆمەڵگاکانی تریش بناسین.

**سێیەم**: ئەو مێژووەی کە باسمان کرد، تەنیا لەڕوانگەی فۆرمەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتەوە سەیریان بکەین ناگەینە ئەنجامێکی ڕاست. باوەڕمەندی و ئایین و فکر ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە شێوەگرتنی کۆمەڵگاکاندا. لەم بوارەشدا ئەگەر سەیری کۆمەڵگا بەگشتی و کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی بکەین، ئەوا دەبینین هەر لە کۆمەڵگای سروشتیەوە هەتا قۆناخی پلەداری و دەوڵەت، باوەڕداران، بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد خاوەنی ڕۆڵی دیارو بەرچاوبوون و کاریگەرییان لەسەر مێژوو و کۆمەڵگا بەجێ هێڵاوە. زەردەشت، جابانی کوردی باڵولی مایی، سان سەهاك، شێخ سەفیەدین، پیرشالیار، پیرسوڵتان عەبداڵ، بابە یادگار، دایە تەورێزی هەورامی، خاتودایراك، جەلالەخانم، بابەتاهیری عۆریان (هەمەدانی) و مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەو کەسایەتیانەن کە کاریگەرییان هەتا ئەمڕۆ لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و ناوچەکەو بەشێکی جیهان هەیەو لەسەر ئەم خاکەو لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا پەروەردە بوون. لە کەسێتی ئەمانەداو بیرو باوەڕەکەشیاندا قوڵبینەوە، هەست بەوە دەکەین کە لایەنگری کۆمەڵگان و هەوڵیانداوە کە لە ڕێگەی بیرو باوەڕەکەیانەوە کۆمەڵگا ڕێکبخەن و ئایین و باوەڕیش لە دەسەڵات دووربخەنەوەو بیپارێزن. واتە هەوڵەکانیان دوولایەنە بووە، لەلایەك هەوڵیانداوە کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵات بپارێزن، لەلایەکی تریشەوە خواستویانە ئایین لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بپارێزن، هەر ئەمەش وایکردووە کە تەریقەت و ئەو مەزهەب و باوەڕییانەی لە دەرەوەی ئایین و مەزهەبی دەسەڵاتن، لەناو

کۆمەڵگای کوردستاندا بەشێوەیەکەی بەرفراوان بڵاو ببنەوە.
چوارەم: مێژووی کۆمەڵگا بەگشتی و کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی وەها وێنا کراوە کە پیاو بەتەنیا دروستیکردووە، ئەمەش چەمکێکی پیاوسالارانەیەو تایبەتە بەدەسەڵات و لە سەردەمی پلەداری و دەوڵەتەوە پەرەی پێدراوە. بەڵام ڕاستی کۆمەڵگا بەگشتی و کۆمەڵگای کورد بەتایبەتی ئەو تێڕوانینە پوچەڵ دەکاتەوە، ئەوەتا ئەم مێژووە بۆمان دەسەلمێنێ کە لە قۆناخی یەکەمی ژیانی مرۆڤایەتیدا ژن ڕۆڵی سەرەکی و پێشەنگی هەبووەو ئەم ڕاستیەش لە کوردستاندا گوزەراوەو شوێنەوارەکانی خوداوەندە ئینانا، ئانا هیتا، کیبەلەو ستار ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن.
هاوکات ئەو ڕاستیەی کەژنی کورد لە ناو کۆمەڵگادا لەسەردەمی پلەداریدا لەسەری ژیاوەو ڕۆڵی بینیوەو لە ئێستاشدا ئەوە دەبینین کە سەرەڕای هێرشەکانی سیستمی دەسەڵات، بەڵام کۆمەڵگای کوردستان تایبەتمەندی ژنی بەتەواوی لەدەست نەداوەو ژنی کوردیش تایبەتمەندی دایکایەتی و سروشتی هەتا ڕادەیەك پاراستووە، جێگەو پێگەی ژن لە ئایینی زەرەدەشتی، یارسانی (عەلەوی ، عەلی ئیلاهی، ئەهلی حەق، کاکەیی)، ئێزیدی و تەریقەتی نەقشبەندی ڕۆڵی لە ناوخێڵ و هۆزی کورددا، رۆڵی لە تێکۆشانی و ڕووبەڕووبونەوەکاندا، ڕۆڵی ژن لە بواری مێژوو و ئەدەب و هونەری کوردیدا کە ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەرەو بە تەواوی تێکنەشکاوە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا. واتە دەکرێت بڵێین مادام کۆمەڵگای کورد نوێنەرایەتی کۆمەڵگای سروشتی دەکات و کۆمەڵگای سروشتیش خاوەنی تایبەتمەندی ژنە، ئەوا لە ناوەڕۆکدا ئەوەی بووەتە هێزی بەرەنگار بوونەوەی کۆمەڵگای کورد، تایبەتمەندییەکانی دایك (ژن)ە، بەڵکو لە ڕووکاردا هێندەی پیاو دەرنەکەوتبێتە پێش، ئەمەش وابەستەی کاراکتەری ململانێیەکان بووە، کە هێزی جەستە ڕۆڵی نمایشکارانەی بینیوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەوەی هاندەری پیاوانیش بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و سیستمی داگیرکاری، تایبەتمەندییەکانی ژن و دایك بووە. ئەمەش لایەنێکی ترە کە پێویستە ئێمە هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بەدوادا چوونی بۆ بکەین.

**پێنجەم**: بابەتێکی تر کە کۆمەڵگابوون پێش دەخات، هونەر، فەرهەنگ و وێژەیە. بەڵگە شوێنەوارییەکان و ئەو بەرهەمانەی لە ڕێگەی دەماودەمەوە یاخود لە ڕێگەی پاراستنی فەرهەنگەوە پێشینانمان گەیاندوویانە بەئێمە، هێندە زۆرن کە مرۆڤایەتی دەتوانێت هەتاهەیە پشتی پێ ببەستێت. هەرچەندە لەئەمڕۆشدا دەگوترێت زمانی هونەرو مۆسیقا جیهانیە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی دەوڵەت نەتەوەوە کار لەسەر قۆرخکردنی ئەم بوارانەی ژیان دەکرێت بۆ ئەو نەتەوانەی کە خاوەن دەوڵەتن. بەڵام لە دونیای کۆندا لەبەرئەوەی دەوڵەتی نەتەوە نەبووە، هونەرو فەرهەنگ و وێژەو نوسین زیاتر ئازادو گشتگیر بووەو بەهۆی بەناویەکداچوونی ئەتنێکە جیاوازەکانەوە ئەو بوارانەی ژیان زۆر لەناو یەکدابوون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر کردووە. واتە هونەری کوردی یان مۆسیقاو ئەدەبیاتی کوردی هەم کاریگەریی لەسەر هونەر،

مۆسیقاو ئەدەبیاتی فارسی، عەرەب، ئازەری، تورك كردووە، هەم پێیان كاریگەربووە. ئەمەش وەكو دیاردەیەكی ئاسایی سەیركراوە. لەسەردەمی پێش زاینیشدا هەتا كاتی ئەشكانیەكان، زمانی نوسینەوە ئارامی بووە. كوردیش بەو زمانە شتی نوسیوە، لەسەردەمی پارتە ئەشكانیەكان بەدواوەش زمانی نوسین پەهلەوی بووە، كوردیش بەو زمانە یاداشتی كردووە. لە دوای هاتنی ئیسلامەوە عەرەبی بووەتە زمانی نوسین، بەشی زۆری ڕۆشنبیر، مێژوونوس و نوسەرانی كوردیش بە عەرەبی نوسیویانە، لە ئێستاشدا بەشێكی نوسەرانی ئێمە بە توركی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی یان ڕووسی دەنوسن و پێیان وایە بەو شێوەیە نوسینەكەیان زیاتر دەگاتە جێگەی خۆی.

لە هەزارەی دووەمی زایینیەوە نوسینی كوردی لەڕێگەی ئاینی یارسانی و ئێزیدییەوە سەرهەڵدەداو لەسەردەمی مەلای جزیری و فەقێی تەیران و ئەحمەدی خانێ بەدواوە ئیتر نوسینی كوردی گەشە دەكات. ئەگەر بەراوردێك بكەین لەنێوان گەشەی نوسینی كوردی و گەشەكردنی زمانی نوسین لە ئەڵمانیاو فەڕەنسا و بریتانیادا، ئەوا دەبینین گەشەی زمانی كوردی هاوسەردەمی گەشەی ئەو زمانانەیەو بگرە پێش ئەوانیشە. چونكە نوسین لەلای ئەوانیش هەتا ڕێفۆرمەكانی مارتن لۆسەر كە لە نێوان سەدەی پازدەو شازدەدا ژیاوە دەستی پێ كردووە، هەر بە لاتینی بووەو زمانی نەتەوەكان بەكار نەهاتووە بۆ نوسین. نوسینی كوردیش لەلای ئێمەش لە سەدەكانی (١٢و ١٣ە وە دەستی پێ كردووە لەسەدەی (١٥) لەسەردەمی مەلا ئەحمەدی جزیریدا قەڵەمبازێكی مەزن دەداو لەسەردەمی ئەحمەدی خانێ(١٦٥٠- ١٧٠٦) لە كورمانجی ژووروودا، بێسارانی (١٦٤١- ١٧٠٢) و مەرلەوی (١٦٠٦- ١٨٨٢) لە هەورامیدا و نالی(١٧٩٧- ١٨٥٥)، سالم (١٨٠٠- ١٨٦٦)و كوردی (١٨٠٩- ١٨٤٩) لە زاراوەی كورمانجی ژێریندا گەیشتنە لوتكە. هەر لەو سەردەمانەدا مەقام، لاوك، حەیران، سیاچەمانە، هۆرە، بەیت، دەنگبێژی و هۆزانڤانی و چیرۆكە میللیەكان لە پەرەسەندندا بوون. دەنگبێژ و هۆزانڤان و گۆرانیبێژ و حەیران بێژ و مەقام بێژی كوردو تەنبورڤان و بلورژەن و كەمانچە ژەنی كورد خاوەن پێگەو ڕۆڵ بوون و هەتا ئێستاش پێگەی خۆیان پاراستووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسەدەی نۆزدەیەم و بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا چەمك و مۆدیلی دوڵەت نەتەوە باڵادەست بوو، مێژووش لەسەر بنەمای دەوڵەت نەتەوە نوسرایەوەو باسی لێوە كرا، بچوك كرایەوە یان مەزن كرا. كوردیش لەبەر ئەوەی نەبووە خاوەنی دەوڵەت نەتەوە، نەك مێژووەكەی یاخود بەرهەمەكانی بچوككرانەوە، بەڵكو نكۆڵیان لێ كرا، یاخود كرانە بەرهەمی نەتەوەو دەوڵەتە سەردەستەكان، ئەمەش وای لە نەوەی ئەم سەردەمە كرد كە وابزانێت ئێمەی كورد هیچ بەرهەمێكمان نیە لەمێژوودا، بەڵام بەهۆی قوڵی ڕەگوڕیشەی ئەو بەرهەمە كوردیانەوە دەبینین هەتا ئەمڕۆ لە ناو كۆمەڵگادا دەژین و كۆمەڵگا دەژیێنن. ئەمەش بوارێكی تری ژیان و مێژووە كە پێویستە خوێندنەوەی نوێی بۆ بكەین و ڕێگە نەدەین كە كەس بێ ڕێزی بەرامبەر ئەو مێژووەو ڕاستیەكامنان بكات.

**شەشەم:** بەهـۆی چەمکـی دەوڵـەت نەتـەوەوە لەلایـەك و ئۆریانتیالیـزم لەلایەكـی تـرەوە بەشـێكی زۆری نوسـەرو سیاسـیەكانی كوردسـتان زۆر بەبچوكـی سـەیری كۆمەڵـگای كـوردی دەكـەن و لێـرەوە زۆر بەبچوكـی بـاس لـە خێـڵ، لادێ (گونـد) و شـاخ دەكـەن، هـاوكات زۆر پەسـنی شـارو دەوڵـەت و ڕۆژئـاوا دەدەن، هاوكاتـی ئەمانـەش بـاس لـە پێویسـتی گۆڕانـكاری دەكـەن و ڕۆژئـاواو شـارەكانی سیسـتەمی دەوڵـەت نەتـەوەی ڕۆژئـاواش وەكـو نمونـە بـۆ گـۆڕانـكاری نیشـانی كۆمەڵـگا دەدەن. لـەم نوسـینەدا هەوڵمـداوە سـەرنج ڕاكێشـمە سـەر ئـەم بابەتـەو ئـەو تێگانـە، وەكـو دەریـش كەوتـووە ئـەو تێگانــە ناتوانــن كۆڕانــگاری بكــەن و باشــترنییان ناتوانــن لــە هەرباكــۆس و ئەنكیــدۆ زیاتــر بـۆ كۆمەڵـگای كـوردی بكـەن، كـە خواسـتیان بـە پشـتیوانی دەرەكـی و لـە سـەر بنەمـای مۆدیلـی دەرەكـی، كۆمەڵـگای كوردسـتان بگـۆڕن. دەبێـت ئـەو كەسـانە خۆیـان بگەیەننـە ئـەو قەناعەتـەی وەكـو پێشـینان دەڵێـن: گیـا لەسـەر بنجـی خـۆی دەڕوێـت. یـان: ڕێـوی لەكونـی خـۆی هەڵگەڕێتـەوە گـەڕ دەبێـت. ئێمـەش دەتوانیـن بـە پشـت بەسـتن بـە بنجەكـەی خۆمـان هەڵكشـێین و گۆڕانـكاری ئەنجـام بدەیـن. كۆمەڵگایـەك كـە هـەزاران سـاڵە بەشـێكی زۆری تایبەتمەندیەكانـی خـۆی پاراسـتووە، بەبەرخۆدانـی خـۆی لەسـەدەی بیستەمیشـدا مەزنتریـن قارەمانـی لـە بەرامبـەر پێوەرەكانـی دەوڵـەت نەتـەوەدا نیشـانداو ئامـادە نەبـوو ببێتـە خۆراكـی ئـەو مۆدیلـەی دەسـەڵات. بێگومـان لـە سـەدەی بیسـت و یەكەمـدا نـەك تەنیـا بەرەنـگاری دەبێتـەوە، بەڵكـو ئیـتر مۆدیلـی خۆشـی بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكان پەرەپێـدەداو چـۆن لـە كۆمەڵـگای سروشـتیدا پێشـەنگ بـووە، لـەم قۆناخەشـدا كـە ڕێبـەر عەبدوڵڵائۆجـالان بـە كۆمەڵـگای دیموكـرات ناودێـری دەكات، كۆمەڵـگای كـوردو كوردسـتان جارێكـی تـر ڕۆڵـی پێشـەنگی بەدەسـتدێننەوە.

دیـارە دەرفەتـی سیاسـی، كۆمەڵایەتـی و ئیـداری كوردسـتان، ناوچەكـەو جیهـان بـۆ قەڵەمبازێكـی وەهـا گونجـاوە. ئەمـڕۆ لـە ڕێگـەی بیروبۆچوونەكانـی ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجالانـەوە كـوردو تەڤگـەڕی ئازادیخـوازی گەلـی كـورد بەشـی هـەرەزۆری بـۆ هەنگاوێكـی بـەو شـێوەیە ئامـادەن. ئـەوەی جێگـەی نیگەرانیـەو پێویسـتە سـەرنجی بـۆ ڕابكێشـین ئەوەیـە كـە هێزەكانـی شارستانی دەوڵـەت لـە ڕێگـەی ختوكەدانـی هەسـتی میللیگەرایـی كوردییـەوە لەهەوڵـی ئـەوەدان تـازە بەتـازە كـورد بەنـاوی دروسـتكردنی دەوڵەتـەوە خەریـك بكـەن، ئەمـە لەكاتێكدایـە كـە مۆدیلـی دەوڵەتـی یـەك نەتـەوە لەسـەر ئاسـتی دونیـادا مایەپـوچ بـووەو ئەوانـەی دایانهێنـا بـۆ خۆیـان لـە هەوڵـی تێپەڕكردنـی ئـەو مۆدیلـەدان. بـەڵام ئـەو هێزانـە هەوڵـی ئـەوەش دەدەن كـە دەستپێشـخەری لـە دەسـتی خۆیانـدا بمێنێتـەوەو هیـچ كـەس و كۆمەڵێكـی تـر دەستپێشـخەری نەكـەن و نەبنـە پێشـەنگی گۆڕانـكاری. ئەوڕاسـتیەش دەبینــن كــە ڕەوشــی بابەتــی كوردســتان و ئــەو مۆدیلــەی ڕێبــەر عەبدوڵڵائۆجــالان پێشـنیاری كـردووە دەرفەتـی سـەركەوتنی هەیـەو ئەگـەر سـەریش بكەوێـت ئـەوا ئـەوان پێیـان وایـە دونیاكەیـان تێكدەچێـت! هــەر ئەمــەش هــۆكارە بــۆ دەســتگیركردن و گۆشــەگیركردن و هەوڵــدان بــۆ مەحكومكردنــی. كاتێــك دەبینــن بەتەنیــا بەدەســتگیركردنی نەتوانــرا خــۆی و پرۆژەكــەی بــێ

کاریگـەر بکرێـت، لـە ئێسـتادا بـاس لـە هەبوونـی دەرفـەت بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی کـوردی لـە باشـوردا دەکـەن. بێگومـان ئەمـە زۆرجیـاوازی لـەوە نیـە کـە لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا هەندێك ڕۆشـنبیرانی کوردیـان هانـدەدا بـۆ پاراسـتنی خەلافـەت کـە کاتـی بەسـەر دەچـوو.

لەکۆتاییـدا دەمەوێـت ئـەوە بڵێـم کـە ئـەم هەوڵـەم سـەرتایەکە بـۆ خوێندنەوەیەکـی نـوێ و جیاوازتـر بـۆ مێـژووی کـوردو کوردسـتان. لـەم هەوڵـەدا پشـتم بەتێڕوانیـن و تێزەکانـی ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجـالان بەسـتووە، ئـەم هەوڵەشـم لـەو ڕوانگەیـەوە نییـە کـە وەکـو کەسـێك سیاسـەتی پەکەکـە یـان (عەبدوڵـڵا ئۆجـالان)م لاپەسـندە، بەڵکـو لـەو ڕوانگەیەوەیـە کـە عەبدوڵڵائۆجـالان وەکـو کـەس خاوەنـی تێـز و خوێندنەوەیەکـی نوێیـە بـۆ مێـژوو بەگشـتی و مێـژووی کـورد و کوردسـتان بەتایبەتـی، بێگومـان ئەگـەر بەڕێـزی کـورد نەبوایـە، ئـەوا لـە ئێسـتادا تێزەکانـی ببونـە سـەرچاوە بـۆ سـەرجەم زانکـۆ و پەیمانگاکانـی جیهـان. زانکـۆ، پەیمانـگاو ئەکادیمـی و ڕۆشـنبیرانی ئێمـەش لـە هەمـوو نوسـین و بوارێکـدا وەکـو سـەرچاوە ئاماژەیـان پـێ دەدا، بـەڵام لـە بـەر ئـەوەی کـوردەو کوردیـش نکۆڵیلێکـراوەو ناسـنامەکەی پەسـند ناکرێـت، ئـەوا تێزەکانـی عەبدوڵـڵا ئۆجالانیـش بیسـەری کەمـە. بەداخـەوە بەشـێکی ڕۆشـنبیرو ئەکادیمیەکانـی کوردسـتانیش تەنیـا لـە ڕوانگـەی حزبیـەوە سـەیری بەڕێـزی دەکـەن و پێیـان شـەرمە وەکـو سـەرجاوەیەك سـوود لـە بیـرو بۆچوونەکانـی وەربگـرن، یـان ئەگـەر سوودیشـی لـێ وەربگـرن، ئـەوا ئامـاژەی پـێ ناکـەن. بەهیـوام ئـەم هەنـگاوەی مـن ببێتـە بەشـدارییەکی بـاش بـۆ ناسـاندنی تێزەکانـی ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجـالان و لـەو ڕێگەیـەوە ببێتـە یارمەتیـدەر بـۆ خۆیدنەوەیەکـی بەرفـراوان و زیاتـر نزیکـی ڕاسـتی بـۆ مێـژووی کـوردو کوردسـتان.

٢٥ ی گەلاوێژی ٢٧١٥ ی کوردی
١٦ی ئەیلول ی ٢٠١٥ی زاینی عیسایی



ئەم هەوڵەم سەرەتایەکە بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ و جیاوازتر بۆ مێژووی کوردو کوردستان. لەم هەوڵەدا پشتم بەتێڕوانین و تێزەکانی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان بەستووە، ئەم هەوڵەشم لەو ڕوانگەیەوە نییە کە وەك و کەسێك سیاسەتی پەکەکە یان (عەبدوڵڵا ئۆجالان)م لاپەسندە، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوەیە کە عەبدوڵڵا ئۆجالان وەکو کەس خاوەنی تێز و خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ مێژوو بەگشتی و مێژووی کورد و کوردستان بەتایبەتی، بێگومان ئەگەر بەڕێزی کورد نەبوایە، ئەوا لە ئێستادا تێزەکانی ببوونە سەرچاوە بۆ سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکانی جیهان. زانکۆ، پەیمانگاو ئەکادیمی و ڕۆشنبیرانی ئێمەش لە هەموو نوسین و بوارێکدا وەکو سەرچاوە ئاماژەیان پێ دەدا، بەڵام لە بەر ئەوەی کوردەو کوردیش نکۆڵیلێکراوەو ناسنامەکەی پەسند ناکرێت، ئەوا تێزەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالانیش بیسەری کەمە. بەداخەوە بەشێکی ڕۆشنبیرو ئەکادیمیەکانی کوردستانیش تەنیا لە ڕوانگەی حزبیەوە سەیری بەڕێزی دەکەن و پێیان شەرمە وەکو سەرچاوەیەك سوود لە بیرو بۆچوونەکانی وەربگرن، یان ئەگەر سوودیشی لێ وەربگرن، ئەوا ئاماژەی پێ ناکەن. بەهیوام ئەم هەنگاوەی من ببێتە بەشدارییەکی باش بۆ ناساندنی تێزەکانی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان و لەو ڕێگەیەوە ببێتە یارمەتیدەر بۆ خۆیدنەوەیەکی بەرفراوان و زیاتر نزیکی ڕاستی بۆ مێژووی کوردو کوردستان.

٢٥ ی گەلاوێژی ٢٧١٥ی کوردی
١٦ی ئەیلولی ٢٠١٥ی زایینی عیسایی

Cover Design: Goran Pêncwênî